مێژووی ناودارانی کورد

مێژووی ناودارانی کورد

عارفان، زانایان، وێژەوانان، شاعیران

بەرگی دووهەم

نووسینی: **بابە شێخی مەردۆخڕۆخانی**
وەرگێڕانی: **ماجدی مەردۆخڕۆحانی**

١٣٨٩ ک.ھ. (٢٠١١ ز.)

فهرستنویسی

سرشناسه : مردوخ روحانی، محمدماجد، ۱۳۳۷ -

عنوان و نام پدیدآور : تاریخ مشاهیر کرد ـ جلد دوم (مێژووی ناودارانی کورد ـ بەرگی دووهەم)

مشخصات نشر : سنندج: محمدماجد مردوخ روحانی، ۱۳۸۹.

مشخصات ظاهری : ۲ج. شابک: : دوره:۹۷۸-۹۶۴-۰۴-۶۳۱۸-۵ ؛: ج.۱:۹۷۸-۹۶۴-۰۴-۶۳۱۶-۱ ؛ :ج.۲ :۹۷۸-۹۶۴-۰۴-۶۳۱۷-۸

وضعیت فهرست نویسی : فیپا / یادداشت : کردی . / موضوع : مشاهیر -- ایران-- کردستان -- سرگذشتنامه

رده بندی کنگره : DSR۲۰۴۷ /ر۴۲۵م۹ ۱۳۸۹ / رده بندی دیویی : ۹۵۵/۴۲۰۹۲۲ / شماره کتابشناسی ملی : ۷۰۴۵۶۱۲

ناسنامە

مێژووی ناودارانی کورد (بەرگی دووهەم)

بابەشێخی مەردۆخ ڕۆحانی

وەرگێڕ: ماجدی مەردۆخڕۆحانی

پیتچنی و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان: وریا دیوانی

ڕووبەرگ: حەمیدڕەزا زەڕی

چاپی یەکەم: ۱۳۸۹ ک.ه. (۲۰۱۱ ز.)

تیراژ: ۳۰۰۰ بەرگ

مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە.

ناونامە

ئـ

ئازادیی کەلهوڕی ٧٢٢
ئاغا عینایەتی هیدایەتی ٧٨٦
ئاغا موحەممەدی سنەیی (خواجە) ٤٠٥
ئاغە (عەبدوڵای موفتی) ٩٣٧
ئاغە بابا (بابا ئەحمەدی شەهیدی) ٨٨٧
ئاغە بەها (مەلا مەهدی دووهەمی سنەیی) ٤٧٦
ئاغەڕەشە (سەید موحەممەد ڕەشید) ٧٩١
ئامانوڵای فەرهەنگ ٤٩٢
ئاوات (سەید کامیلی زمبیل) ٩٥٠
مەلا ئاوارە ٨٣١
ئاهی سلێمانی ٥٣١
ئایەتوڵڵا (شێخ موحەممەدی مەردۆخ) ٨٤٨
ئایشە عیسمەت تەیموور ٥٣٧
ئایشەی تورجانی ٥٨٧
ئایشەی جەزەری ١٣٤
ئولفەتی سنەیی ٤٢٣
ئوممەموحەممەدی هەکاری ١٠٩
ئەمیر ئەبدالخانی بدلیسی ٢٠٠
ئەبولئەکرادی سائیغ ٦
ئەبولئەمانەت (شێخ جوبرەئیلی کوردی) ١١١
ئەبولبەرەکات (ئیبنولموستەوفی ئەربیلی) ٨٣
ئەبولبەشائیر (ئیسحاقی خەلاتی) ٧٠
ئەبولبەقای سنەیی (مەزهەرولئیسلام) ٦٤٠
ئەبولبەها (شێخ موحەممەد بەهائەدینی نەقشبەندی) ٤٣٦
میرزا ئەبولبەها مەلیکولکەلامی (سالار موئەیید) ٧٤٤
قازی ئەبولحەسەن (عەبدوللەتیفی شارەزووری) ٧١
ئەبولحەسەن (عەلائەدین عەلی جزیری) ١٢٧
ئەبولحەسەن (موحەممەدی خاوەرانی) ٥٦
ئەبولحەسەن عەلی (ئیبنوشارەزووری) ٤٥
ئەبولحەسەن عەلی (موتەهەری دینەوەری) ٤٥
ئەبولحەسەن عەلی ئامیدی ٣٥
ئەبولحەسەن عەلی جزیری ٩
ئەبولحەسەن عەلی عیزوددین ٧٧
(ئیبنوئەسیر ، مێژووزانی جزیری)

ئەبولحەسەن عەلی قەرمەسینی ٢٢
ئەبولحەسەن عەلی لەوكەری ٢٥
ئەبولحەسەن عیسا (مەجدەدینی ماردینی) ١١٤
ئەبولحەسەنی شارەزووری (قازی بەهائەدین) ٤٤
شێخ ئەبولحەسەنی كوردۆیە ٦٩
شێخ ئەبولحەسەنی مەردۆخی ٢٥٥
شێخولیسلام ئەبولحەسەنی هەكاری ٣٨
ئەبولخەیر موحەممەدی جەزەری ١٣٤
ئەبولعەباس (ئەحمەدی دینەوەری) ٢٠
ئەبولعەباس (خدری ئەربیلی) ٥٥
ئەبولعەباس (خدری جزیری) ٦٠
ئەبولعەباس (وەجیهی كوردی) ٦٤
ئەبولعەباس سەلاحەدین (ئەحمەدی ئەربیلی) ٧٨
ئەبولعەبباسی قەرامانی دمشقی ١٧٧
شێخ ئەبولعیرفان (بورهانەدینی شارەزووری) ٢١٣
ئەبولفەتح موحەممەدی جزیری ١٢٧
ئەبولفەتح نەسروڵڵا زیائەدین (ئیبنوئەسیری وێژەوان) ٨٢
ئەبولفەزائیل (عەبدوڕڕەحیمی زەنجانی) ٥٤
ئەبولفەزائیل (قاسمی شارەزووری) ٦٥
ئەبولفەزائیل سالاری ئەربیلی (شێخ كەمالەدین) ٩٨
قازی ئەبولفەزائیلی ئامیدی ٧٠
شێخ ئەبولفەزل (عەبدولعەزیزی ئوشنەوی) ٤٨
ئەبولفەزل (قازی موحەممەدی خەلاتی) ٩٩
ئەبولفەزل (موحەممەد ئەفەندی دەفتەری بدلیسی) ١٦٥
ئەبولفەزل موحەممەدی ئەرمەوی ٤٧
ئەبولفەزلی ئەربیلی شافیعی ٦٧
ئەبولفیدای ئەییوبی ١١٢
ئەبولقاسم (عەبدوڵڵای شارەزووری) ٥٨
ئەبولقاسم سەلاحەدین (عەبدوڕڕەحمانی شارەزووری) ٧٣
ئەبولقاسم عیزوددین (نەسری ئەربیلی) ٧٤
ئەبولقاسمی دینەوەری (یۆسف گەچی) ٢٧
ئەبولمەحاسین (قازی بەهائەدین یۆسف) ٨٠
ئەبولمەحاسین (موحەممەدی شارەزووری) ٥٨
ئەبولمەعالی بەدرەدین (ئیبنوخەتیب) ١١٦
ئەبولمەكاریم (فەخرەدینی چارپردی) ١١٤
ئەبولمەواهیب (شێخ مەحموودی خەڵوەتی) ٢٦٠
ئەبولوەفا (شێخ عەبدوڕڕەحمانی نەقشبەندی) ٤١٧
ئەبولوەفا (شێخ موحەممەد) ٥٨٨

ئەبولوەفا موعتەمەدی ٨٤١
شێخ ئەبولوەفای کوردی (تاجولعارفین) ٤٣
ئەبونەجیب (زیائەدینی سوورەبەردی) ٥٤
ئەبووئەحمەد (قاسمی شارەزووری) ٣٨
ئەبووئەحمەدی شارەزووری ٤٤
ئەبووئیسحاق ئیبراهیمی قەرمسینی ١٩
ئەبووبەسیر، مەیموونی گاوانی ٢
ئەبووبەکر ئەحمەد (زەڕڕابی دینەوەری) ١٧
ئەبووبەکر ئەحمەدی جەزەری ١٣٤
ئەبووبەکر ئەفەندی (مەلا گچکە) ٦٩١
عەللامە ئەبووبەکر ئەفەندی (یەکەم) ٣٣٣
ئەبووبەکر حوسەینی ئەرمەوی ١٩
ئەبووبەکر داودی دینەوەری ٢٠
ئەبووبەکر عەبدوڵڵای ئەبهەری (ئیبنوتاهیر) ١٧
ئەبووبەکر موحەممەد (بورهانی دینەوەری) ٢٢
ئەبووبەکر موحەممەد (قاری دینەوەری) ٣٠
ئەبووبەکر موحەممەد (موقری دینەوەری) ٢٨
ئەبووبەکر موحەممەدی ئەرمەوی ٤٥
ئەبووبەکر موحەممەدی شارەزووری (قازیولخافیقەین) ٤٦
ئەبووبەکری ئامێدی ١٨٧
مەلا ئەبووبەکری پیر ڕوستەمی ٣٤٥
شێخ ئەبووبەکری تەختی مەردۆخی ٢٢١
مەلا ئەبووبەکری حەریری (مەلا جامی) ٢٠٦
شێخ ئەبووبەکری دووریسانی ٢٧٨
مەلا ئەبووبەکری سۆرانی ١٨٩
ئەبووبەکری شارانی شارەزووری ١٤
قازی ئەبووبەکری شبلی ٩١
ئەبووبەکری کەسائی دینەوەری ١٥
شێخ ئەبووبەکری گلاڵی(گراڵی) ٣٨٠
مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی ١٧٢
شێخ ئەبووبەکری هەرشمی ٥٥٤
ئەبووتاهیر (ئیبراهیمی جزیری شافیعی) ٥٩
شێخ ئەبووتاهیر موحەممەدی گۆرانی ٢٣١
ئەبووتاهیر یەحیای شارەزووری (قازی تاجودین) ٥١
شێخ ئەبووتاهیری بدلیسی ١٣٧
شێخ ئەبووتاهیری کوردی سۆفی ٤٣
ئەبووتەییب (موحەممەدی گۆرانی) ٢٤٠
ئەبووجەعفەر (موحەممەدی سوورەبەردی) ٤٥
ئەبووجەعفەر ئەحمەدی دینەوەری ١٧
ئەبووجەعفەری شارەزووری ١١
ئەبووحامید (عیمادەدین موحەممەد) ٦٩
ئەبووحامید موحەممەد (قازی مەحیەدین) ٦٢
ئەبووحەفس عومەری دینەوەری ١٨

(حافیزی قەرمسینی)
ئەبووحەفس مەجدەدین (عومەری هەکاری) ٨٢
ئەبووحەنیفەی دینەوەری ١٢
ئەبوورەزا (سەعیدی شارەزووری) ٦٥
ئەبووسالەح (شوعەیبی ئازربایجانی) ٣٥
شێخولیسلام ئەبووسوعوود موحەممەد، موفتی ئامێدی ١٦٤
شێخ ئەبووسوعوودی بادینی ٨٦
ئەبووسوعوودی حەلەبی ١٩٣
ئەبووسولەیمان، یۆنسی کاتیب ٥
ئەبووسەعادات (بەهائەدین ئەسعەدی سنجاری) ٧٥
ئەبووسەعادەت مبارەک مەجدەدین (ئیبنوئەسیری موحەدیس) ٦٨
ئەبووسەعدی دینەوەری ٢٨
ئەبووسەعید (موحەممەدی گاوانی) (جاوانی) ٥٣
مەولانا شێخ ئەبووسەعیدی کورد ١٦٢
ئەبووسەناء (قازی سیراجەدین مەحموود) ١٠٣
ئەبووشەرەف (یەحیا گاوانی) ٧٣
قازی ئەبووعەبدوڵلا (تاجەدینی سنجاری) ١٢١
ئەبووعەبدوڵلا (حوسەینی شارەزووری) ٥١
ئەبووعەبدوڵلا (حەسەنی شارەزووری) ١٠٤
ئەبووعەبدوڵلا (شەمسەدین موحەممەدی بازلی) ١٤٩
ئەبووعەبدوڵلا (شەمسەدین موحەممەدی جزیری) ١٠٨
ئەبووعەبدوڵلا (کەمالەدینی خەلاتی) ٩٠
ئەبووعەبدوڵلا (موحەممەدی دینەوەری) ٢٣
ئەبووعەبدوڵلا (مەجدەدین موحەممەدی ئەربیلی) ١٠٦
ئەبووعەبدوڵلا ئەحمەد (کەمالی ئەربیلی) ٩٣
ئەبووعەبدوڵلا موحەممەد (قازی بەدرەدین) ١١٩
ئەبووعەبدوڵلای بابوونی ٢٣
ئەبووعەبدوڵلای شەمس (ئیبنولکوردی) ١٣٣
شێخولیسلام ئەبووعەبدوڵلای مەروانی ٣٥
قازی ئەبووعەلی (حەسەنی شارەزووری) ٥٥
ئەبووعەلی (حەسەنی گۆرانی) ٢٧
ئەبووعەلی ئەحمەد (دەقاقی کوردی) ٢٠
ئەبووعەلی ئەحمەدی کوردی ١٢
ئەبووعەلی ئەحمەدی نەحوی دینەوەری ١٣
ئەبووعەلی ئیسماعیل (قالی مەلازگردی) ٢١
ئەبووعەلی حەسەن (شاتانی دیاربەکری) ٥٩
ئەبووعەلی حەسەنی بندەنیجی ٢٩
ئەبوومەنسوور (قازی سەدرەدینی جزیری) ٩٦

ئەبوومەنسوور (مزەفەری شارەزووری) ٤٦
ئەبوومزەفەر (فەرزی شارەزووری) ٥١
ئەبوومحەممەد (جەعفەری دینەوەری) ٢٣
ئەبوومحەممەد (زیائەددین عیسای هەکاری) ٦٢
ئەبوومحەممەد (عەبدوڵڵای شارەزووری) ٤١
شێخ ئەبوومحەممەد (ماجیدی کوردی) ٧٠
ئەبوومحەممەد جەعفەری کوردان ١١
ئەبوومحەممەد عەبدوڵڵای زۆزانی ٢٩
ئەبوونەسر (ئەحمەدی دینەوەری) ٣٠
شێخ ئەبوونەسر (ئەحمەدی دینەوەری موقری) ٤١
ئەبوونەسر (ئەحمەدی سەلیکی مەلازکوردی) ٣٠
ئەبوونەسر ئەحمەدی فەلاس ٢٥
ئەبوونەسر موحەممەد (ئیبنولکوردی) ٩
ئەبوویۆسف (یەعقووبی لوغەوی) ٣٦
ئەبوویەحیا (شێخ زەکەریای مەردۆخی) ٢٣٣
ئەبوویەحیا مەهدی کوردی (بڵری) ٦
شێخ ئەحمەد (ئەسوەدی دینەوەری) ٢٠
شێخ ئەحمەد (مەلای جزیری) ١٩٤
ئەحمەد ئەبووزەرعە (ئیبنولعیراقی) ١٢٨
ئەحمەد ئەفەندی (دوڕڕی) ٢١١
شێخ ئەحمەد ئەفەندی گۆرانی ٤٤٣
ئەحمەد بەگ (حەمدی ساحیبقەران) ٦٦٦
ئەحمەد بەگی کۆماسی (خاڵۆی کۆماسی) ٤٣١
ئەحمەد تەیموور پاشا ٦٣٠
ئەحمەد خولووس ئەفەندی ٥٣٢
ئەحمەد شەوقی ٦٤٦
ئەحمەد موختار بەگ ٦٥٥
ئەحمەدی ئامێدی (موخلیس) ٨٣٩
ئەحمەدی ئەربیلی (ئەبولعەباس سەلاحەدین) ٧٨
مەلا ئەحمەدی باتی هەکاری ١٣٧
شێخ ئەحمەدی بەخش ٤٠٨
شێخ ئەحمەدی بستی ٢٧٧
ئەحمەدی پریسی ٤٦٧
مەلا ئەحمەدی تورجانیزادە (تورجانی) ٨٨٨
شێخ ئەحمەدی حەریری عوسالی ١٨٨
ئەحمەدی حەناتی کوردی ١٠
سەید ئەحمەدی خانەقا ٧٦٧
شێخ ئەحمەدی خانی ٢١٨
ئەحمەدی خەتاتی سوورەبەردی (شێخزادە) ١٠٩
شێخ ئەحمەدی خەتیب ٣٣٢
میرزا ئەحمەدی داواشی ٨٨٦
مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی ٢٧٣
حاجی مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی ٥٢٨
مەلا ئەحمەدی دوەیسە ٦١٢
ئەحمەدی دینەوەری (ئەبولعەباس) ٢٠
ئەحمەدی دینەوەری (ئەبوونەسر) ٣٠

شێخ ئەحمەدی دینەوەری موقری (ئەبوونەسر) ٤١
ئەحمەدی دینەوەری حەنبەلی ٤٤
مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی ٦٥٤
مەلا ئەحمەدی ڕەببانی (مەلا لاسوور) ٦٦٤
ئەمیر ئەحمەدی زەنگەنە ٢٣٢
شێخ ئەحمەدی زیائەدینی ٨٣٧
مەلا ئەحمەدی سۆرانی ٢٠٢
سەید ئەحمەدی سەردار ٣٦٢
ئەحمەدی سەلیکی مەلازکوردی (ئەبوونەسر) ٣٠
شێخ ئەحمەدی شارەزووری ٢٦٠
ئەحمەدی شارەزووری (عیمادەدین) ٦٤
ئەحمەدی شارەزووری (قازی مەحیەددین) ٥٧
مەلا ئەحمەدی شەهید (فانی) ٥٨٤
سەید ئەحمەدی شێخ ئەحمەدی ٧٣٤
ئەحمەدی عەباسی حەسکەفی ١٤٣
شێخ ئەحمەدی عەللامە، تەختەوی مەردۆخی ٢٢٧
مەلا ئەحمەدی فەوزی ٧٠٠
شێخ ئەحمەدی کاشتەری ١٢٠
مەولانا ئەحمەدی کەمانگەر ٣٢٠
مەلا ئەحمەدی کلاشی ٥١٢
ئەحمەدی کواشی (ئیمام موەفەقەدین) ١٠١
ئەحمەدی کوردان ١٤
سەید ئەحمەدی کوردستانی ٣٣٤
ئەحمەدی کۆر ٢٧٥
مەولانا ئەحمەدی گۆرانی (شەهابەدین ئەبولعەباسی شارەزووری) ١٤١
مەلا ئەحمەدی موجەلی ١٨٥
مەلا ئەحمەدی موحیی ٧١٩
شێخ ئەحمەدی موختار ٧٧٤
مەلا ئەحمەدی موفتی چاومار ٤٢٣
شێخ ئەحمەدی مەردۆخی (دووەم) ٢٥١
ئەحمەدی مەروانی دینەوەری ١٩
مەلا ئەحمەدی نۆدشی دووەم (حاجی مامۆسا) ٤٧١
مەلا ئەحمەدی نۆدشی یەکەم (حاجی مامۆسا) ٣٦٩
مەلا ئەحمەدی نەسیرولئیسلام (مەلاباشی) ٥١٦
شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی ٩٥٠
سەید ئەحمەدی نەقیبی سلێمانی ٥٥٨
حاجی سەید ئەحمەدی وەلی ٦٧٤
شێخ ئەحمەدی وەلی ٤٨٥

ئەحمەدی هەکاری (شەهابەدین ئەبووسەعید) ١١٧
ئەختەری کۆیی (ئەمین ئاغا) ٤٧٨
ئەدەب (عەبدوڵڵا بەگی میسباحدیوان) ٥٧٦
ئەدیبی زەندی (مەلا ڕەسووڵ) ٦٤٤
ئەدیبی سنەیی (میرزا ئیسماعیلی سەدرولکوتتاب) ٥١٤
ئەسەدەدین سولەیمانی هەزبانی مووسکی ١١٧
ئەسەدوڵڵا خانی زەنگەنەی کرماشانی ٦٠١
ئەسەدوڵڵاخانی کوردستانی ٧٤٥
میرزا ئەسەدوڵای قادرمەرزی ٤٨٦
ئەسعەد ئەفەندی حەیدەری (عەللامە سەدرەدین) ٣١٨
عەللامە ئەسعەد ئەفەندی خێلانی ٦٤١
ئەسعەدزادە (عەبدوڕڕەحیم فائیز ئەفەندی) ٢٢٩
شێخ ئەسعەدی شارەزووری ٦٣٠
خاتوو ئەسمای هەکاری ١١٩
ئەسوەدی دینەوەری (شێخ ئەحمەد) ٢٠
ئەسیرەدینی ئەومانی ٩٣
ئەسیری سنەیی ٣٥٩
ئەسیری کەرکووکی (شێخ عەبدولخالیق) ٧٥٩
ئەسیمی سنەیی ٣٥٠
سەرهەنگ ئەڵماسخانی کەنووڵەیی ٢٣٨
ئەفسەر (میرزا عەلیئەکبەری وەقایعنیگار) ٥١٩
ئەفسەری سنەیی ٣٥٧
ئەکبەری سنەیی ٣٨٢
شێخ ئەلیاسی گۆرانی ٢٣٠
ئەمانوڵڵا بەگ (نەزیری) ٢٩١
خاتوو ئەممەتوڵڵای هەکاری ١٣٧
ئەمیر بەختیار (قوتبەدینی ئوشنەوی) ٧١
ئەمیر بەگ (جەمالی عیراقی) ١٥٦
ئەمیر شاهیی چەلەبی ١٥٥
ئەمیر کوردی (مورتەزا بەگ) ٢٢٤
ئەمیرولکوتتاب (میرزا عەبدولحەمیدی شەرقی مەلیکولکەلامی) ٧٤٦
ئەمیرولکورد (شێخ ئیسمایلی شیروانی) ٤٢٥
ئەمین ئاغا (ئەختەری کۆیی) ٤٧٨
ئەمین زەکیبەگ ٧٤٢
ئەمین فەیزی بەگ ٦٠٨
ئەمینوسسادات (سەید سەعدەدین) ٥٨٣
ئەمینەدین (عەلی ئەربیلی) ٩٧
ئەمینی بەتحایی ٧٧٨
شێخ ئەمینی خاڵ ٦٣٧
مەلا ئەمینی موفتی سلێمانی ٥٠٩
ئەنوەری مائی ٨١٢

ئەوڕەحمان بەگی ساحیبقەران (سالم) ٤١٩
میرزا ئیبراهیم (دانشوەری سنەیی) ٨٤٦
مەلا ئیبراهیمی بیارێ ٣٢٩
ئیبراهیمی جزیری (ئەبووتاهیر) ٥٩
سەید ئیبراهیمی حوسەینی سنەیی ٥١٨
ئیبراهیمی حەسکەفی (ئیبنولمەلا) ١٨٣
ئیبراهیمی حەیدەری ماوەرانی ٢٣٣
مەلا ئیبراهیمی شێخولیسلام ٥٨٢
شێخ ئیبراهیمی هەورامانی ١٩١
عەللامە ئیبنوئادەم (واجیم) ٣٤٤
ئیبنوئەسیر، موحەددیسی جزیری (ئەبووسەعادەت) ٦٨
ئیبنوئەسیر، مێژووزانی جزیری (ئەبولحەسەن) ٧٧
ئیبنوئەسیر، وێژەوانی جزیری(ئەبولفەتح) ٨٢
ئیبنوبەرزان (مەحموودی ئسکلیبی) ١٦٥
ئیبنوتاجەدین (عەلی سنجاری) ٢٢٣
ئیبنوتاهیر (ئەبووبەکر عەبدوڵلای دینەوەری) ١٧
ئیبنوخەتیبی هەولێری (ئەبولمەعالی بەدرەدین) ١١٦
ئیبنوخەلیکان (قازی شەمسەدین ئەحمەد) ١٠٢
ئیبنوڕەسوول (مەلا موحەممەدی سابلاغی) ٣٢٥
ئیبنوزەهیری ئەربیلی (مەجدەدین موحەممەد) ١٠٠
ئیبنوسوننی دینەوەری ٢٢
ئیبنوسەدەقە (زەینەدین عەبدوڕڕەحیم) ١٤٤
ئیبنوسەففاری ماردینی ٩٢
ئیبنوسەلاحی شارەزووری (شێخ تەقییەدین ئەبووعەمر) ٨٧
ئیبنوسیووفی حەسکەفی (بەدرەدین حوسەین) ١٤٩
ئیبنوشارەزووری (ئەبولحەسەن عەلی) ٤٥
ئیبنوعیسای هەکاری ١١٦
ئیبنوفەخری ئەربیلی (ئەمیربەهائەدین عەلی) ١٠٥
ئیبنوقوتەیبەی دینەوەری ١٠
ئیبنوقەسساب (زەینەدین ئەبووهورەیرە) ١٥٤
ئیبنوکەدخودا گەرمیانی ١٥٤
ئیبنولئەکفانی (شەمسەدینی سنجاری) ١١٥
ئیبنولئەوانی (جوبراییلشوجاعی ئەربیلی) ٩١
ئیبنولبەرزی جزیری ٥٢
ئیبنولجەزەری (شەمسەدین موحەممەدی ئەبولخەیر) ١٣٠
ئیبنولحاج (مەلا موحەممەدی ٢٦٣

هەزارمێردی)
ئیبنولحاجیب (جەمالەدین ئەبووعەمری ٨٨
عوسمان)
ئیبنولخازینی دینەوەری ٤٢
ئیبنولخەببازی ئەربیلی (شەمسەدین ٨٦
ئەبولعەباس)
ئیبنولخەتیب (شێخ عیمادی هەکاری) ١١٢
ئیبنولخەیات (شێخ موحەممەدی قەرەداغی) ٤١٣
ئیبنولعیراقی (ئەحمەد ئەبووزەرعە) ١٢٨
ئیبنولقەرەداغی (شێخ عومەر) ٦٦٤
ئیبنولکوردی (ئەبووعەبدوڵڵای شەمس) ١٣٣
ئیبنولکوردی (ئەبوونەسر موحەممەد) ٩
ئیبنولموستەوفی ئەربیلی(ئەبولبەرەکات) ٨٣
ئیبنولموللا (ئیبراهیمی حەسکەفی) ١٨٣
ئیبنولموللا (شەمسەدین موحەممەدی ١٧١
حەسکەفی)
ئیبنولوالی (بورهانەدینی موقەددەسی) ١٥٩
ئیبنوموسهیری ئامیدی ٤٦
ئیبنومیهرانی دینەوەری ٢٤
ئیبنووەهب (شێخ عەلی سنجاری) ٤٣
ئیبنویوونس (شەرەفەدین ئەبولفەزل ٧٦
ئەحمەدی ئەربیلی)
مەولانا ئیدریس (کەمالەدین حەکیمی ١٥٠
بدلیسی)
ئیسحاقزادە (نوورموحەممەد ئەفەندی) ٢٣٠
ئیسحاقی خەلاتی (ئەبولبەشائیر) ٧٠
ئیسماعیل ئەفەندی (فامی دیاربەکری) ٢١٧
ئیسماعیل پاشای بابان ٦٠٥
ئیسماعیل حەققی بەگی بابان ٥٧٣
سەید ئیسماعیلی ئامیدی ٢٢٢
شێخ ئیسماعیلی بەرزنجی ٣٤٤
میرزا ئیسماعیلی سەدرولکوتتاب ٥١٤
(ئەدیبی سنەیی)
شێخ ئیسماعیلی شیروانی ٣٨٧
مەولانا شێخ ئیسماعیلی شیروانی ٤٢٥
(ئەمیرولکورد)
شێخ ئیسماعیلی قازانقایی ٢١٦
شێخ ئیسماعیلی لۆنی کاکۆزەکەریایی ٦٣٢
ئیسماعیلی مووسڵی (شەرەفەدین) ٧٧
شێخ ئیسماعیلی مەجزووب ٥٩٣
شێخ ئیسمایلی مەردۆخی کاشتەری ٥٣٢
شێخ ئیسماعیلی هەزارمێردی ٢٧٩
شێخ ئیسماعیلی هەنارانی ٣١٨
ئیفتیخار دەفتەر (میرزا ئیسماعیلی زەبیح) ٧٥٨
ئیفتیخار سوڵتان (عەبدوڵڵای ناهید) ٧٢١
ئیفتیخارشەریعە (قازی عەبدولفەتاح) ٥٩١

ئیلاهی‌بەگ ١٥١
مەولانا ئیلیاسی کەبیری سەردەشتی ١٥٥
ئیمام موفەقەدین (ئەحمەدی کواشی) ١٠١

ب

باباتاهیری عوریان ٣١
شێخ بابارەسوولی بەرزنجی ٧٠٤
سەید بابارەسوولی کەبیری بەرزەنجی ١٩٢
بابەشێخی قەرەداغی ٥٥١
بابەشێخی مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا) ٩٣٩
شێخ بابەعەلی تەکیەیی ٦٧٩
مەلا باقری بالک ٨٤٤
مەلا باقری شێخولیسلام ٥٤٥
باکی سەقزی ٥٢٨
سەید بایەزیدی خانەگایی ٣٩٠
بورهانەدینی حەمدی ٩٣٤
بورهانەدینی شارەزووری (شێخ ئەبولعیرفان) ٢١٣
بورهانەدینی موقەددەسی (ئیبنولوالی) ١٥٩
بورهانی دینەوەری (ئەبووبەکر موحەممەد) ٢٢
شێخ بورهانی کوردی ١٣٥
بولبول (شێخ حەسەنی سازانی) ٥١٠
بەدرەدین حوسەین (ئیبنوسیووفی حەسکەفی) ١٤٩
بەدرەدین حەسەنی ئەربیلی ١١٢
بەدرەدین موحەممەد (سیبتی ماردینی) ١٤٧
بەدرەدینی وانی ٢٢٢
قازی بەدرەدینی هەکاری (ئەبووعەبدوڵلا موحەممەد) ١١٩
بەدیع‌مودیری (میرزا عەبدولباقی) ٨٠٦
بەدیعوززەمانی (عەبدولحەمیدی میهی) ٨٦١
بەسسامی کورد ١٣
بەسیری (خەلیل فەخری‌زادە) ٢٤٦
قازی بەهائەدین (ئەبولحەسەنی شارەزووری) ٤٤
بەهائەدین (شێخ موحەممەدی نەقشبەندی) ٤٣٦
بەهائەدین ئەسعەدی سنجاری (ئەبووسەعادات) ٧٥
ئەمیر بەهائەدین عەلی (ئیبنوفەخر) ١٠٥
قازی بەهائەدین یۆسفی شەددادی (ئەبولمەحاسین) ٨٠
مەلا بەهائەدینی شادمان ٨٩٥
سەید بەهائەدینی قورەیشی (شەمس) ٧٣٠
بەهایی (مەلا عەبدوسسەمەدی جوانڕۆیی) ٥٤٠

عەللامە بەیتووشی (مەلا عەبدوڵڵا) 283
بیداری کرماشانی (موحەممەد حوسەینی جەلیلی) 871
بێخود (مەلا مەحموودی سلێمانی) 781
بێسارانی 177
بێکەس (فایق) 706

پ

پەرتەو بەگی هەکاری 332
پەرتەوی سنەیی 327
مەلا پەرێشانی دینەوەری 124
پیرئەلیاسی دەرسیمی 417
پیرحەسەنی (مەلا مەحموود) 298
پیرخدری شاهۆ (زەهیرەدین) 71
پیرشالیاری دووەمی هەورامی 54
پیرشالیاری هەورامانی (یەکەم) 2
پیرمیکایلی جاف 114
پیرووز (دوکتور سەعید خان) 697
پیرەباب (مەلا عەبدوڵڵا) 497
پیرەمێرد (حاجی تەفیق بەگ) 753

ت

شێخولیسلام تاجەدین (موحەممەدی ئوشنەهی) 82
تاجەدین عەبدولغەفار (شەمسولئەئیمە) 53
شێخ تاجەدینی ئەرمەوی 86
تاجەدینی سنجاری حەنەفی (قازی ئەبووعەبدوڵڵا) 121
شێخ تاجەدینی سنجاوی 107
شێخ تاجەدینی شنۆیی 295
مەولانا تاجەدینی کوردی (خەیرەدین پاشا) 117
تاجولعارفین (شەمسەدین حەسەن) 88
تاجولعارفین (شێخ ئەبولوەفای کوردی) 43
تاجی کوردی 141
تالیبی بەرسووی 218
تاماسبقولی خانی کەلهوڕ (وەحدەتی کرماشانی) 501
شێخ تاهای بالیسانی 608
سەید تاهای کەبیر 293
شێخ تاهای مایی 600
شێخ تاهای مەردۆخی 453
سەید تاهای نەهری شەمزینانی 408
تاهیر بەگی جاف 584
تاهیر فوئادی کەرکووکی 624
شێخ تاهیری مایی 583

تورجانی (مەلا ئەحمەدی تورجانی‌زادە) ٨٨٨
تەقیەدین ئەبولقاسم (عوبەیدی ئەسعەردی) ١٠٦
شێخ تەقییەدین ئەبووعەمری عوسمان (ئیبنوسەلاح) ٨٧
تەمکین (کەریم کووهساری) ٨٧٢
تەنزی دیاربەکری (موعینەدین یەحیا) ٥٠
تەوفێق وەردی ٨٥٧

ج

جابیری کوردی ١٠
شێخ جاگیری کوردی ٦٠
سەید مەلا جامی چۆڕی ٢١٥
مەلا جرجیسی ئەربیلی ٢٧٣
جگەرخوێن (شێخ مووسا) ٩٢٠
جوبرەئیلشوجاعی ئەربیلی (ئیبنولئەوانی) ٩١
شێخ جوبرەئیلی کوردی (ئەبولئەمانەت) ١١١
جونوونی (میرزا حەسەنی کەنۆش) ٥٠٣
خاتوو جوەیرییەی هەکاری ١١٩
جەزبی نارنجی ١٧٥
مەولا جەعفەری ئامێدی ١٦٢
شێخ جەعفەری ئەمین‌شەرع ٦٤٤
سەید جەعفەری دووەمی بەرزنجی ٥١٩
جەعفەری دینەوەری (ئەبوومحەممەد) ٢٣
جەلادەت بەدرخان ٧٦٥
جەلالەدین عومەری کوردی ١٢٣
مەلا جەلالەدینی خورماڵی ٢٩٢
شێخ جەلالی قەرەداغی ٦٣٤
شێخ جەلالی نەقشبەندی (دەهشەت) ٧٧٦
جەلی‌زادەی کۆیی (مەلا موحەممەد ئەفەندی) ٧٠٣
جەلیسی دینەوەری نەحوی ٣٩
شێخولیسلام جەمالەدین ئەبولحەسەنی حەمیدی ٩٢
جەمالەدین ئەبولمەحاسین (یۆسفی گۆرانی) ١١٨
جەمالەدین ئەبووعەمری عوسمان (ئیبنولحاجیب) ٨٨
جەمالەدین ئیسحاقی قەرامانی (حاجی خەلیفە) ١٥٢
جەمالەدین عەبدوڵلای گۆرانی شافیعی ١٤٢
شێخ جەمالەدین یۆسفی حەسکەفی ١٣٩
جەمالەدین یۆسفی کوردی ١٤١

جەمالەدینی کودوانی ١٤٤

شێخ جەمالەدینی لوڕ ٩٦

شێخ جەمالەدینی مەردۆخی (دووەم) ٣٥١

شێخ جەمالەدینی مەردۆخی (یەکەم) ٢٤٣

جەمالی عیراقی (ئەمیربەگ) ١٥٦

جەمالیکوردی شارەزووری ١٤٠

جەمیل (شێخ موحەممەد جەمیلی زیائەدینی) ٩١٣

جەمیل سیدقی زەهاوی ٦٥٨

جەوەدت ٤٠٠

جەوهەری (سەعید دیوان) ٧٨٩

خاتوو جەهانئارا ٥٠٧

ح

حاتەم بەگی کوردستانی ١٨٠

حاجی خەلیفە (جەمالەدین ئیسحاقی قەرامانی) ١٥٢

حاجی قادری کۆیی ٥٠٤

حاجی مامۆسا (مەلا ئەحمەدی نۆدشی دووەم) ٤٧١

حاجی مامۆسا (مەلا ئەحمەدی نۆدشی یەکەم) ٣٦٩

حاجی مامۆستا (مەلا عەبدوڕڕحمانی تاهیری) ٩٣٣

حافی سمێرانی ٤٧٣

حافیدی قزڵجی (مەلا موحەممەد سەعید) ٨١٣

حافیز موحەممەدی ئاماسیەیی ٦٦٨

حافیزی عیراقی ڕازنانی میهرانی ١٢٤

(زەینەدین ئەبولفەزل عەبدوڕڕەحیم)

حافیزی قەرمسینی (ئەبووحەفس عومەری دینەوەری) ١٨

حافیزی مەهابادی (مەلا غەفووری دەباغی) ٩٥٧

مەلا حامیدی ئالیجانی ٤٦٩

مەلا حامیدی بێسارانی (کاتیبولئەسرار) ٤٣٩

حامیدی پاڵۆیی دیاربەکری ٢٣٤

حاوی سنەیی ٣٦٠

قازی حوججەتوددین (عەبدولقاهیری شارەزووری) ٥٦

حوزنی موکوریانی ٧٤١

مەولانا حوسامەدین عەلی بدلیسی ١٤٧

حوسامەدینی خۆیی (موزەفەری) ١٠٥

شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی ٦٧٥

حوسەین حوزنی موکوریانی ٧٤١

حوسەینی بوشنەوی ٢٤

مەلا حوسەینی پسکەندی ٧٤٢

مەلا حوسەینی تورجانی ٥٩١

حوسەینی جزیری (جەزەری) ١٨٣

سەید حوسەینی خەلاتی ٧٢
مەلا حوسەینی سەبری پشدەری ٥٣٧
حوسەینی شارەزووری (ئەبووعەبدوڵلا) ٥١
حوسەینی عەونی ٥٨٤
حوسەینی مالیکی دیاربەکری ١٦٠
شێخ حوسەینی نەقیبی بەرزنجی ٤٢٥
شێخ حوسەینی هەزارکانیانی ٤٧٠
شێخ حەبیبوڵلای خواشت (حوسامی) ٨٦٩
شێخ حەبیبوڵلای کاشتەری ٦٨٢
سەید حەبیبوڵلای نەعلەینی ٨١٧
حەبیبی ئاموزگار (میرزا جەناب) ٦٧٢
میرزا حەبیبی سنەیی ٥٤٩
حەریق (مەلا ساڵەح) ٥٥٨
شێخ حەسەنی ئامێدی ١٨٩
مەلا حەسەنی بامەڕنی ٦٦٩
حەسەنی بانەیی ٢٣٢
شێخ حەسەنی بەرزنجی ٢٩١
شێخ حەسەنی بەرزنجی قەرەچیوار ٥٤٨
سەید حەسەنی چۆڕی ٥٤٦
مەلا حەسەنی خەتات ٦٧٣
شێخ حەسەنی خووشابی ٢٧٨
مەلا حەسەنی دزڵی مەردۆخی (هیجری) ٧٢٣
مەولا حەسەنی زێباری ١٩٤
شێخ حەسەنی سازانی (بولبول) ٥١٠
شێخ حەسەنی سنەیی ٣٣٥
شێخ حەسەنی سۆرانی نوورەدینی ٢٠٧
حەسەنی شارەزووری (ئەبووعەبدوڵلا) ١٠٤
حەسەنی شارەزووری (قازی ئەبووعەلی) ٥٥
شێخ حەسەنی شارەزووری ٥٣٧
شێخ حەسەنی قەرەداغی ٥٠٧
شێخ حەسەنی قووزانی ٤٣٨
میرزا حەسەنی کەنۆش (جونوونی) ٥٠٣
حەسەنی گۆرانی (ئەبووعەلی) ٢٧
شێخ حەسەنی گڵەزەردە ٢٤٦
شێخ حەسەنی مەولاناوا ٢٤١
مەلا حەسەنی مووسڵی بەزاز ٤٩٩
حەسرەتی سنەیی ٣٢٤
حەفسەی کوردی ٦
حەلیمزادە (قودسی ئەفەندی) ٢٩٠
شێخ حەمەباقری سنەیی ٥٨٠
شێخ حەمەدەمینی نەقشبەندی ٥٧٩
حەمدی (ئەحمەد بەگی ساحیبقەران) ٦٦٦
حەمدی (مەلا بورهانەدین) ٩٣٤
حەمدی سلێمانی (مەلا حەمدوون) ٥٨٩

شێخ حەمزەی قەرەباغی ٤٧٥
شێخ حەیدەری تەوێڵێ ٦٥٥
حەیدەری چەلەبی دیاربەکری ١٧٦
(شوهرەتی ئامیدی)
حەیدەری سنەیی ٣٩٧
مەلا حەیدەری فەهیم ٨٩٧
عەللامە حەیدەری ماوەرانی (دووەم) ٢٢٤
عەللامە حەیدەری ماوەرانی (یەکەم)، ١٨٦
حریری
حەیدەریی مەهابادی (سالار سەعید) ٧٧٢
حەیرانعەلیشای مایدەشتی ٥٤٤
خاتوو حەیرانی دونبوڵی ٣٣٩
حەیرانی سنەیی ٤٥٣
حەیرەت سەجادی (سەید موحەممەد ٨٠٨
باقری ڕوکنولئیسلام)
حیکمەت ئەفەندی (عەلی) ٦١٩

خ

خاڵۆی کۆماسی (ئەحمەد بەگی کۆماسی) ٤٣١
خاکی (مەلا موحەممەدی سلێمانی) ٥٤٢
حاجی مەلا خالیدی موفتی ٨٨٣
خالیسی تاڵەبانی (شێخ موحەممەد) ٦١٢
خالیسی تاڵەبانی کەرکووکی ٣٩٩
خانای قوبادی (خانا پاشا) ٢٤٧
خانی (شێخ ئەحمەد) ٢١٨
خدری ئەربیلی (ئەبولعەباس) ٥٥
مەولانا خدری بەبەی خێزانی بدلیسی ١٧٠
خدری جزیری (ئەبولعەباس) ٦٠
مەلا خدری ڕوواری ٢٧٢
شێخ خدری کوردی ٩٩
شێخ خدری میرانی ١٠٠
خواجە (ئاغا موحەممەدی سنەیی) ٤٠٥
خواجە سادقی ئەردەڵانی ٢٣٦
خاتوو خوەرشیدی مەریوانی ٦٠٦
خوەرشینما داواشی ٨٢٢
خوڕڕەمووەزیری، میرزا فەتحوڵا ٢٩٦
خوسرەوی سنەیی ٢٣١
خەستەی خانەگایی (شێخ عەبدولکەریم) ٤٠١
خەستەی سۆرانی ٢٨٠
شێخ خەلیلی ئەسعەردی ٣٥٢
میرزا خەلیلی کوردستانی ٣٨٣
خەیاڵی ئامیدی ٤٧٧
خەیاڵی کۆنەپۆشی مەریوانی ١٥٧
خەیرەدین پاشا (مەولانا تاجەدین) ١١٧
خەیرەدینی بدلیسی ١٤٣

د

داخی (شێخ عەبدوڵڵا) ٤٠٣
دامادی وانی ٢١٠
دانشوەری سنەیی (میرزا ئیبراهیم) ٨٤٦
داوەریی سنەیی (مستەفا بەگ) ٣١٨
دوڕڕی (ئەحمەد ئەفەندی) ٢١١
دەبیر مەخسووس (هوشیار) ٨٧٥
دەقاقی کوردی (ئەبووعەلی ئەحمەد) ٢٠
دەهەشەتی سەقزی (شێخ جەلالی نەقشبەندی) ٧٧٦

ڕ

ڕابیتی بستی ٣٥٥
ڕاجی (عەبدوڵڵا بەگی مونشی) ٢٥٦
ڕاسم دیاربەکری ٣٥٦
ڕاویی گەڕووسی ٣٣٨
ڕوستەم حەیدەر ٦٧٥
ڕوکنەدین (شێخ عەبدوڕڕەحمانی کاکۆزەکەریایی) ١٤٤
ڕوکنەدین ئەبولقاسمی سنجاری ٨٦
ڕوکنولئیسلام (سەید موحەممەد باقری حیرەتسەجادی) ٨٠٨

ڕەئفەت ئەفەندی سلێمانی ٤١٨
ڕەئیسولعولەما (مەلا عەولای جەلیزادە) ٥٥٢
حاجی ڕەحمانئاغا موهتەدی ٨٢٥
مەلا ڕەحمانی جەلی کۆیی ٢٨٢
شێخ ڕەحمانی زەوقی ٦٨٩
مەلا ڕەحمەتی گوڵ ٥٩٢
ڕەزا ئامیدی ٣٩١
شێخ ڕەزا تاڵەبانی ٥٦٠
ڕەزا ناسرموستەوفی ٨٢٩
شێخ ڕەزای کاکۆزەکەریایی (موعینەدین) ١٦٧
میرزا ڕەزای کەلهوڕ (میرزا موحەممەد ڕەزای خەتتات) ٤٩٧
شێخ ڕەزای لۆنی ٤٩٩
شێخ ڕەزی ئەربیلی ٥٨
مەولانا ڕەسوول (زەکی ئەفەندی سۆرانی) ١٩٧
مەلا ڕەسوولی ئەدیب ٦٤٤
مەلا ڕەسوولی دێلێژەیی ٦٠٢
مەلا ڕەسوولی مەنفی بەیتووشی ٦٠٧
ڕەشک (مەولانا عەبدوڵڵای بدلیسی) ١٨٣
مەلا ڕەشید بەگی بابان ٦٩٧
ڕەشید سوڵتان (غولامڕەزا خانی ڕەشیدیاسەمی) ٧٦٠

ڕەشیدەدین ئیسماعیلی کوردی ١٢٠
ڕەشیدیاسەمی (غولامڕەزا خان، ڕەشیدسولتان) ٧٦٠
ڕەفیق حیلمی سلێمانی ٨٠٤
ڕەمزی سلێمانی ٨٣٨
ڕەونەق (میرزا عەبدوللا) ٤١١

ز

زاری سەقزی ٨٩١
زەبوونی زەنگەنەیی ٢٨١
زەبیح (میرزا ئیسماعیلی ئیفتیخار دەفتەر) ٧٥٨
زەڕڕابی دینەوەری (ئەبووبەکر ئەحمەد) ١٧
شێخ زەکەریا کەمالەدینی کاکۆزەکەریایی ١٢٦
شێخ زەکەریا موهاجیری خالیدی ١٣٣
شێخ زەکەریای تەختی مەردۆخی (ئەبوویەحیا) ٢٣٣
زەکی ئەفەندی سۆرانی (مەولانا ڕەسوول) ١٩٧
سەید زەکی شێخولیسلام ٢٩٢
زەنگەنەی کرماشانی (ئەسەدوللا خان) ٦٠١
زەهیرولئیسلام (سەید موحەممەدی قاری) ٦٢٩
زەهیرەدین (پیرخدری شاهۆ) ٧١
قازی زەهیرەدین (موبارەکی شارەزووری) ٦٤
شێخ زەینولعابدین (نازیری بستی) ٣٢٢
عەللامە زەینولعابدین جەعفەری بەرزەنجی ٢٥٠
زەینەبی ئەسعەردییە ١٠٧
زەینەدین ئەبولفەزل عەبدوڕڕەحیم (حافیزی عیراقی) ١٢٤
زەینەدین ئەبووهورەیرە (ئیبنوقەسساب) ١٥٤
شێخ زەینەدین عەبدوڕڕەحمانی ئامێدی ١٤٣
زەینەدین عەبدوڕڕەحمانی خەتیب ١٢٨
زەینەدین عەبدوڕڕەحمانی شارەزووری ١٤٠
زەینەدین عەبدوڕڕەحیم (ئیبنوسەدەقە) ١٤٤
زەینەدینی ئامێدی ١٠٨
زەینەدینی کوردی بەلاتی ١٨٥
زیائەددین عیسای هەکاری (ئەبوموحەممەد) ٦٢
شێخ زیائەدین (شێخ عومەری نەقشبەندی) ٥٢٥
قازی زیائەدین ئەبووعەمر (عوسمانی هەزبانی مارانی) ٦٧
زیائەدینی حەیدەری هەولێری ٤٨٣
زیائەدینی سوورەبەردی (ئەبونەجیب) ٥٤
زیبونیسائ (زیوەری گەڕووسی) ٢٣٤
شێخ زینەدینی سوورەبەردی ٢٦٩
زیوەری سلێمانی (مەلا عەبدوللا) ٧٣٧

زیوەری گەڕووسی (زیبوننیساء) ٢٣٤

س

سائیغی دینەوەری ١٨
ساحیبەسوڵتانی دونبوڵی ٣٤٠
سادق موحەممەدی سەقزی ٢٠٢
مەلا سادقی نگڵی ٨٢٣
مەولانا سادقی نیەری ٧٥٢
سارم سوڵتانی ئەردەڵان (سەیفوڵلا خان) ٦٣٦
مەلا ساڵەح (حەریق) ٥٥٨
ساڵەح (موحەممەد ساڵەحی وەکیل) ٨٩٣
ساڵەح ئەفەندی (فەیزی وانی) ٢٢٣
ساڵەح زەکیبەگی ساحیبقەران ٧٠٨
ساڵەح قەفتان ٨٣١
ساڵەحی سنەیی ٢٧١
مەلا ساڵەحی سەقزی ٣٨١
مەلا ساڵەحی کۆزەپانکەیی ٨٤٦
سافی جەزەری ١٤٠
سافی هێرانی (کاک مستەفا) ٦٩٣
سالار سەعید (میرزا عەلی خانی حەیدەری) ٧٧٢
سالار موئەیید (میرزا ئەبولبەها مەلیکولکەلامی) ٧٤٤
سالم (ئەوڕەحمان بەگی ساحیبقەران) ٤١٩
سالم (شێخ موحەممەد سەلیم) ٥٩٨
سانی (کاک عەبدوڵلا) ٥٤٦
سدیق دەفتەر (مەهدی فەرەهپوور) ٧٩٩
دوکتور سدیق موفتیزادە (مەحزوون) ٩١٧
شێخ سدیقی ئەربیلی ١٠١
سلێمانخانی کەمانگەر ٨٥٨
مەلا سلێمانی خدری کەرکووکی ٣٥٧
سوارە (ئێلخانیزادە) ٨٥٠
سورەییا ئەربیلی (ئەحمەد ئەبووبەکر) ٥٥١
سوڵتانیی کرماشانی ٤٨٣
عەللامە سولەیمانی هەورامی ٢٢٥
مەولانا شێخ سونعوڵلای کۆزەکنانی ١٥٢
سووزی غەیبی ١١٠
شێخ سوێدی سنجاری ٤٨
سەبری ماردینی (عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی) ٦٤٥
سەبری نەعیمی ٦٥١
سەحرایی ٨٣٩
عەللامە سەدرەدین (ئەسعەد ئەفەندی حەیدەری) ٣١٨
قازی سەدرەدین ئەبولقاسم (عەبدولمەلیکی مارانی) ٦٨

ئیمام سەدرەدین مەحموودی ئوشنوهی ٩٢
قازی سەدرەدینی جزیری (ئەبوومەنسوور) ٩٦
سەدرولعولەما (شێخ موحەممەد جەسیم) ٤٨١
سەدرولعولەما (مەلا عەزیزی موفتی) ٦٥١
سەدیدەدین ئەعوەری کرمانج ٤٩
سەرییەی دیاربەکری ٤١٧
سەعدولا ئەفەندی سۆرانی ٣٢٧
سەید سەعدەدینی حوسەینی (ئەمینوسسادات) ٥٨٣
دوکتور سەعید خانی کوردستانی (پیروون) ٦٩٧
سەعید دیوان (جەوهەری) ٧٨٩
شێخ سەعیدی دۆلاش ٣٦٢
سەعیدی شارەزووری (ئەبووڕەزا) ٦٥
مەلا سەعیدی کابان ٨١٠
مەلا سەعیدی موفتی سوەیلی ٦٠٧
شێخ سەعیدی نۆرسی (بەدیعوززەمان) ٧٨٧
مەلا سەلاحەدینی پاوە ٦١٦
قازی سەلاحەدینی گۆرانی حەلەبی ١٩٠
شێخ سەلام سلێمانی ٨٠١
سەلمانی (میرزا عەبدوڵڵای فیکری) ٧٦٥
خاتوو سەلمای جەزەری ١٣٢
میرزا سەلیمی کوردستانی ٢٧٩
سەید سەمەدی بەرزنجی ٢٨٢
شێخ سەمیعی بەرزنجی چناری ٦٠٤
سەیددەوڵە (سەید قیداری هاشمی) ٧١٠
سەیدی هەورامی (دووەم) ٣٧٠
سەیدی هەورامی (یەکەم) ١٥٧
ئیمام سەیفوددین ئەبولحەسەن (عەلی ئامیدی) ٧٩
سەیفوڵا خانی ئەردەڵان (سارم سوڵتان) ٦٣٦
سەیفوڵا ئەڵڵایارخانی ٨٤٣
سەیفولقوزات (میرزا حەسەنی موکری) ٧١٩
سیبتی ماردینی (بەدرەدین موحەممەد) ١٤٧
سیبغەتوڵا ئەفەندی، حەیدەری ماوەرانی ٢٥٢
سیتتە فاتمەی خالیدی ٤٢٢
سیتتە لوبابەی کوردی ٥
خاتوو سیتتەی گۆرانی ١٤٥
سیدقی زەهاوی (جەمیل سیدقی) ٦٥٨
سیدقی ماردینی ٥٣١
سیراجەدین (شێخ عوسمانی نەقشبەندی) ٤١٥
قازی سیراجەدین مەحموودی ئەرمەوی (ئەبووسەناء) ١٠٣
سیڕڕی سنەیی ٢٧١

ش

شاتانی دیاربەکری (ئەبووعەلی حەسەن) ٥٩

شاحوسەینوەلی سوورەبەردی ١٣٩
مەولانا شاحوسەینی بدلیسی ١٦٧
شاکی سنەیی ٣٣٢
شامی (شامورادی موشتاق) ٨٩٧
شاهۆ بیارەیی ٨٤١
شایقی سەقزی ٣٦٨
شایقی لوڕستانی ٢٩١
شوعەیبی ئازربایجانی (قازی ئەبووسالّەح) ٣٥
شێخ شوکروڵای خەتیب ٦٤٣
میرزا شوکروڵای دیناروەند ٣٥٢
میرزا شوکروڵای سنەیی (فەخرولکوتتاب) ٦١٠
شێخ شوکروڵای شەهباز ٥٤١
شوکری بدلیسی ١٦٧
شوکری فەزلی ٦٢٠
شوهرەتی ئامیدی (حەیدەری چەلەبی دیاربەکری) ١٧٦
شێخ شەبابەدین (عومەری شارەزووری) ٧٧
شەرقی (میرزا عەبدولحەمیدی ئەمیرولکوتتاب، مەلیکولکەلامی) ٧٤٦
شەرەفەدین (ئەمیر عیسای هەکاری) ٩٧
شەرەفەدین (ئیسماعیلی مووسڵی) ٧٧
شەرەفەدین (موحەممەدی ئەربیلی) ٨١
شەرەفەدین ئەبولفەزل ئەحمەد (ئیبنویوونس) ٧٦
شەرەفەدین ئەبووڕووح (عیسا حەیدەری) ٢٥٦
شەرەفەدین موحەممەدی جزیری ٧٦
شێخ شەرەفەدینی کوردی ٩٧
ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی ١٧١
شەریعەتمەداری سنەیی (شێخ موحەممەد ئەمین) ٦٢٦
شەریف خانی جۆڵەمێرگی ٢٣٩
مەلا شەریفی قازی ٢٧٦
شەفیعی بۆکانی (مەلا عیسامەدین) ٧٧٥
میرزا شەفیعی جامەڕێزی ٣٣٦
میرزا شەفیعی کولیایی ٢٦٥
شەکیبی کوردستانی (میرزا فەزلولا) ٨٠٥
شەمس (سەید بەهائەدینی قورەیشی) ٧٣٠
شەمسەدین (موحەممەدی کوردی حەلەبی) ١٣٢
شێخ شەمسەدین (وەلی مەردۆخی) ١٦٦
شەمسەدین ئەبولحەسەن (عەلی شارەزووری) ٩٩
شەمسەدین ئەبولعەباس (ئیبنولخەببازی ئەربیلی) ٨٦

شەمسەدین ئەبول‌لوتفی حەسکەفی ١٣٥
قازی شەمسەدین ئەحمەد (ئیبنوخەلیکان) ١٠٢
شەمسەدین حەسەن (تاجولعارفین) ٨٨
عەللامە شەمسەدین موحەممەدی ئەبولخەیر (ئیبنولجەزەری) ١٣٠
شەمسەدین موحەممەدی بازلی (ئەبووعەبدوڵلا) ١٤٩
شەمسەدین موحەممەدی جزیری (ئەبووعەبدوڵلا) ١٠٨
شەمسەدین موحەممەدی جزیری شافیعی ٩٨
شەمسەدین موحەممەدی حەسکەفی (ئیبنولمولا) ١٧١
عەللامە شەمسەدین موحەممەدی شارەزووری ١٠٤
مەولانا شەمسەدین موحەممەدی شیرانشی ١٧٦
قازی شەمسەدین موحەممەدی گۆرانی ١٠٨
شێخ شەمسەدینی بورهانی (شێخی بورهان) ٥٦٨
شێخ شەمسەدینی حوسەینی لۆنی ٦٢٨
مەلا شەمسەدینی ڕواری ٣٨٠
شەمسەدینی سنجاری (ئیبنولئەکفانی) ١١٥
شێخ شەمسەدینی کەسنەزانی ٦١٣
شێخ شەمسەدینی مەردۆخی (دووەم) ٢١٧
شەمسولئەئیممە (تاجەدین عەبدولغەفار) ٥٣
شەمسولئەئیممە (موحەممەد عەبدوسەتتاری ئامێدی) ٨٧
شەمسی کوردی ١٤٥
شەهابەدین ئەبولعەباسی شارەزووری (مەولانا ئەحمەدی گۆرانی) ١٤١
شەهابەدین ئەبولفوتووح یەحیا سوورەبەردی (شێخی ئیشراق) ٦٣
شەهابەدین ئەبووحەفس (عومەری سوورەبەردی) ٨٠
شەهابەدین ئەبووسەعید (ئەحمەدی هەکاری) ١١٧
شەهابەدین ئەحمەدی خەلوەتی قوسەیری ١٥٦
شەهابەدین ئەحمەدی گۆرانی ١٢٤
شەهابەدین موحەممەدی خەلیکانی ٧٣
مەلا شەهابەدینی حەسکەفی ١٦٦
شێخ شەهابی کاکۆزەکەریایی ٢٠٣
شەهدەی دینەوەری (فەخروننیساء) ٥٨
شەیخولقوراء (مبارەکی شارەزووری) ٤٨
شەیدای سنەیی (میرزا عەبدولباقی) ٣١٩
شێخ ئاغەبرا (شێخ موحەممەد وەسیمی خەتات) ٦٣٢

شێخ ئیمامی مەردۆخی دژنی ٣٥٤
شێخ ڕەزای تاڵەبانی کەرکووکی ٥٦٠
شێخ عەلی ئەفەندی شارەزووری ٢٤٧
شێخزادە (ئەحمەدی خەتات) ١٠٩
شێخزادە (فیدایی لاجانی) ١٥٦
شێخی ئیشراق (شەهابەدین ئەبولفوتووح یەحیا سوورەبەردی) ٦٣
شێخی بورهان (شێخ یۆسف شەمسەدین) ٥٦٨
شێخی مەککی (شێخ موحەممەد موزەفەری بەرزنجی) ١٥٤
شێخی موهاجیر (عەللامە شێخ عەبدولقادر) ٤٧٩
شیوا (بابەشێخی مەردۆخ ڕۆحانی) ٩٣٩

ع

عارف (شێخ مەحموودی کوردستانی) ٤٧٦
عارف سائیب ٥٩١
مەلا عارفی بالکی ٥٧٤
شێخ عارفی شەهبازی ٦٢٩
عارفی عەرشی ٧٥٩
سەید عارفی لۆنی ٦٨٢
عارفی یۆسفزەمانی ٨٩٦
عاسیمی سنەیی (شێخ عەبدولعەزیز) ٥٢٢
عاشق (حاجی شێخ موحەممەدی حوسامی) ٨٢٧
عاکیف (مستەفا ئەفەندی وانی) ٤٣٨
عالی سنەیی (میرزا موحەممەد حوسەین) ٣٠١
عوبەیدی ئەسعەردی (تەقیەدین ئەبولقاسم) ١٠٦
عوبەیدیللا ئەفەندی حەیدەری ٢٩٩
عوسمان ئەسعەد ئەفەندی سوورکی ٣٥٤
شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی ٤١٥
عوسمان عەبدولمەلیکی کوردی ١١٣
شێخ عوسمانی جەزەری ١٤٤
عوسمانی حەمیدی کوردی ٧٦
شێخ عوسمانی دیاربەکری ٤٣٧
مەلا عوسمانی کانیکەوەیی ٤٨٥
قازی عوسمانی هەزبانی مارانی (زیائەدین ئەبووعەمر) ٦٧
عومەر ئەفەندی ئەربیلی ٤٩٥
عومەر ئەفەندی خێلانی ٣٩٦
عومەر ئەفەندی دیاربەکری ٢٠٣
عومەر ئەفەندی شارەزووری ٢٣٣
عومەر ئەفەندی عادڵجەوازی ١٩٩
شێخ عومەر وەجدی ٨٠٣
شێخ عومەری بەبانی بانیاسی ١٣٦

عومەری خەلیکانی ئەربیلی ٧٠
عومەری سووورەبەردی (شەهابەدین ئەبووحەفس) ٨٠
عومەری شارەزووری (شێخ شەبابەدین) ٧٧
عومەری قادری ١٨١
شێخ عومەری قەرەداغی (ئیبنولقەرەداغی) ٦٦٤
عومەری کوردیی شافیعی ١٤١
شێخ عومەری نەقشبەندی (شێخ زیائەدین) ٥٢٥
عومەری وەرانی مووسڵی ٧٤
عومەری هەکاری (ئەبووحەفس مەجدەدین) ٨٢
مەلا عەباسی شێخولیسلام ٣٦٨
عەبدالانی شارەزووری ٢٤٥
عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی (سەبری ماردینی) ٦٤٥
عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی دیاربەکری ١٩٩
شێخ عەبدوڕڕەحمان، موفتی ئامێدی ١٩١
عەبدوڕڕەحمانی ئامیدی ٢٥٥
شێخ عەبدوڕڕەحمانی ئەسعەردی ٥٣٦
عەبدوڕڕەحمانی بانەیی ٢٦٢
مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی ٥٢٩
مەلا عەبدوڕڕەحمانی تاهیری (حاجی مامۆسا) ٩٣٣
شێخ عەبدوڕڕەحمانی جانەوەرە ٤٦٥
مەلا عەبدوڕڕەحمانی ڕۆژبەیانی ٣٨٠
عەبدوڕڕەحمانی سۆرانی دیاربەکری ٢٠٠
عەبدوڕڕەحمانی شارەزووری ١٩٨
عەبدوڕڕەحمانی شارەزووری (ئەبولقاسم سەلاحەدین) ٧٣
عەبدوڕڕەحمانی قەرەداغی (شێخ موحەممەد) ٥٩٠
شێخ عەبدوڕڕەحمانی کاکۆزەکەریایی (ڕوکنەدین) ١٤٤
شێخ عەبدوڕڕەحمانی مەردۆخی ٥٠٢
شێخ عەبدوڕڕەحمانی مەولاناوایی ٤٨٢
شێخ عەبدوڕڕەحمانی نەقشبەندی (ئەبولوەفا) ٤١٧
عەللامە عەبدوڕڕەحیمی بارزانی ١٢٤
مەولانا عەبدوڕڕەحیمی بدلیسی ١١٣
عەبدوڕڕەحیمی زەنجانی (ئەبولفەزائیل) ٥٤
عەبدوڕڕەحیمی کەوواء ١٥٩
مەلا عەبدوڕڕەحیمی مەعدوومی (مەولەوی تاوەگۆزی) ٤٤٥
مەلا عەبدوڕڕەزاقی سنەیی ٥٤٨
عەبدوسسەلامی ماردینی حەنەفی ٣٥٣
سەید عەبدوسەمەدی موورادی تووداری ٢١٤
مەلا عەبدوسسەمەدی جوانرۆیی (بەهایی) ٥٤١
شێخ عەبدوسسەمەدی کاشتەری ٢٩٩

سەید عەبدوسسەمیعی بانەیی ٤٨٦
میرزا عەبدولباقی (بەدیعمودیری) ٨٠٦
میرزا عەبدولباقی (شەیدا) ٣١٩
شێخ عەبدولحەمید (عیرفان) ٥٨٥
عەبدولحەمیدی بەدیعوززەمانی (میهی) ٨٦١
عەبدولحەمیدی مودەڕڕیسی خەرپووتی ٥٤٠
عەبدولحەیی کوردی ١٨٢
مەولانا عەبدولخەللاقی خێزانی ١٦٠
شێخ عەبدولعەزیز (عاسیمی سنەیی) ٥٢٢
مەلا عەبدولعەزیز (مەفتوون) ٣٢٦
عەبدولعەزیزی ئوشنەوی (شێخ ئەبولفەزل) ٤٨
مەلا عەبدولعەزیزی دەرەتفێ ٦٠٠
سەید عەبدولعەزیزی شێخولئیسلام ٦٧١
مەلا عەبدولعەزیزی موفتی سلێمانی (فەوزی) ٧٣٩
مەلا عەبدولعەزیمی حەسەناوایی ٦٧٨
مەولانا عەبدولعەزیمی موجتەهید ٧٣٩
شێخ عەبدولغەفاری دووەمی مەردۆخی ١٨٣
شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی ٣٤٣
عەللامە شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی ١٥٣
عەبدولغەفوور ئەفەندی ئامیدی ٢٥٢
شێخ عەبدولغەفووری کاشتەری ٣٨٥
عەبدولغەنی ئەفەندی زەهاوی ٥٤٣
قازی عەبدولفەتاح (ئیفتیخار شەریعە) ٥٩١
قازی عەبدولفەتاحی سابلاغی ٤٩٦
عەللامە شێخ عەبدولقادر (شێخی موهاجیر) ٤٧٩
عەبدولقادر ئەفەندی عەونی ٦١١
میرزا عەبدولقادری پاوە ٥٦٩
مەلا عەبدولقادری جاف ٥٥٤
شێخ عەبدولقادری حەلەبی ١٤٣
شێخ عەبدولقادیری شەمزینی ٣٣٥
عەبدولقادری عیمادی ٢٩١
عەبدولقادری قادری، عەبدالانی ٢٤٧
مەلا عەبدولقادری کانیکەوە ٦٠٢
شێخ عەبدولقادری کەمانگەر ٦٥٣
عەبدولقادری هەمەوەند (فەقێ قادر) ٤٩٢
عەبدولقاهیری شارەزووری (قازی حوججەتوددین) ٥٦
شێخ عەبدولکەریم (خەستە) ٤٠١
مەلا عەبدولکەریمی چۆڕی ١٩١
مەلا عەبدولکەریمی خالیدی ٢٠٩
شێخ عەبدولکەریمی خانەشووری ٦٩١

مەلا عەبدولکەریمی سنەیی ٥٩٢
شێخ عەبدولکەریمی مەردۆخی ٢٥٣
شێخ عەبدولکەریمی مەردۆخی ٥٣٤
شێخ عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ٢٧٩
شێخ عەبدولکەریمی وەلیانی ٤٠٦
شێخ عەبدوڵڵا (داخی) ٤٠٣
مەلا عەبدوڵڵا (عەللامە بەیتووشی) ٢٨٣
عەبدوڵڵا ئەفەندی (مودەڕڕیسی کوردی) ١٩٩
عەبدوڵڵا ئەفەندی عەبدی ١٦١
عەبدوڵڵا ئیبنوبەیرەم ١٣٦
عەبدوڵڵا بەگی جافی میکایلی ٥١٧
عەبدوڵڵا بەگی مونشی (ڕاجی) ٢٥٦
عەبدوڵڵا بەگی میسباح‌دیوان (ئەدەبی موکوریانی) ٥٧٦
عەبدوڵڵا بەگی هەورامی ٧٠٩
عەبدوڵڵای «الم»ی ئەربیلی ٢٤٠
شێخ عەبدوڵڵای ئەبدال ١٧٠
عەبدوڵڵای ئەربیلی (مەجدەدین ئەبوومحەممەد) ١٠٠
مەولانا عەبدوڵڵای بدلیسی (ڕەشک) ١٨٣
مەلا عەبدوڵڵای بریفکانی ٢٧٧
عەبدوڵڵای بوزەینی کوردیی شافیعی ١٥٩
مەلا عەبدوڵڵای بەیتواتی ٦٩٣
مەلا عەبدوڵڵای بێڵەواری ٢٥٩
مەلا عەبدوڵڵای پەسوێ ٦٧٢
مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب ٤٩٧
عەللامە مەلا عەبدوڵڵای تایی ٣٨٨
مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی (موفتی) ٧٦٦
مەلا عەبدوڵڵای جەلی‌زادە (ڕەئیسولعولەما) ٥٥٢
مەلا عەبدوڵڵای جەلی کۆیی ٣٢٦
میرزا عەبدوڵڵای خەتاتی مونشی ٤٤٣
شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی ٣٣٦
شێخ عەبدوڵڵای دێوانە ٣٣١
مەلا عەبدوڵڵای ڕەش ٣٢٩
شێخ عەبدوڵڵای ڕیتکی ٢٣٨
عەبدوڵڵای زێباری ٢٢٣
شێخ عەبدوڵڵای سنجاری ١١٥
عەبدوڵڵای شارەزووری (ئەبولقاسم) ٥٨
عەبدوڵڵای شارەزووری (ئەبوومحەممەد) ٤١
شێخ عەبدوڵڵای شەهبازی ٧٣٣
مەلا عەبدوڵڵای عەبابەیلێ ٦٧٢
مەلا عەبدوڵڵای عولوانی شافیعی ١٧١
مەلا عەبدوڵڵای عیرفان ٦٠٠
شێخ عەبدوڵڵای فەیزی ٦٢٠
میرزا عەبدوڵڵای فیکری (سەلمانی) ٧٦٥
مەلا عەبدوڵڵای قازی ١٦٠

شێخ عەبدوڵڵای کەمانگەری ماسانی ٥٣١
مەولانا عەبدوڵڵای ماوەرانی ٢٢٦
شێخ عەبدوڵڵای مرادوەیسی ٥٠٣
مەلا عەبدوڵڵای مودەڕڕیس گورجی ٩٢٢
سەید عەبدوڵڵای مودەڕڕیسی چۆڕی ٤٨٣
مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشی ٦١٣
عەبدوڵڵای موفتی (ئاغە) ٩٣٧
شێخ عەبدوڵڵای نێزڵ ٧٧٧
مەلا عەبدوڵڵای نارنجی باشماخی ٦٢٩
مەلا عەبدوڵڵای وڵزی ٦٨١
میرزا عەبدوڵڵای وەزیری (عەوام) ٢٩٣
شێخ عەبدوڵڵای هەزارکانیانی مەردۆخی ٦٤٢
شێخ عەبدوڵڵای هەکاری ١٥٥
عەبدولـەتیفی شارەزووری (قازی ئەبولحەسەن) ٧١
مەلا عەبدولـەتیفی قازی ١٨٨
عەبدولـەتیفی گۆرانی حەنەفی ٢٦٧
میرزا عەبدولمەجیدی مەلیکولکەلام (مەجدی) ٦٢١
مەلا عەبدولمەجیدی نیەری ٥٨٣
عەبدولمەلیکی مارانی هەزبانی (قازی سەدرەدین ئەبولقاسم) ٦٨
شێخ عەبدولموئمینی سنەیی (دووەم) ٢٧٨
شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی (یەکەم) ٢٢٤
عەبدولموحسینی گۆرانی ١٨٧
میرزا عەبدولموحەممەدی کرماشانی (مەخزەن) ٤٠٥
عەبدولوەهابی ئامیدی ٢٦٧
شێخ عەبدولوەهابی مەردۆخی ٥١٦
شێخ عەبدولوەهابی نایب ٥١٨
عەبدولوەهابی نیوانی کوردی ١٣٦
شێخ عەبدۆی قوسەیری خەڵوەتی ١٥٥
شێخ عەدی (ئادی) هەکاری ٥٢
مەلا عەزیزی پریسی ٦٨٠
شێخ عەزیزی جانەوەرە ٤٦٥
شێخ عەزیزی مەردۆخی تەختە ٥٧٤
عەلائەدین تەبیبی ئەربیلی ١٤٩
سەید عەلائەدین سەجادی ٩٢١
عەلائەدین عەلی جزیری (ئەبولحەسەن) ١٢٧
عەلائەدین عەلی خەلاتی حەنەفی ١١٧
عەلائەدین عەلی گۆرانی ١٣٩
عەلائەدینی کوردی ٩٠
شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی ٧٧٢
عەلای حەسکەفی ٢٠٨
عەلی ئامیدی (ئیمام سەیفودین ٧٩

ئەبولحەسەن)
عەلی ئامیدی ٢٤٠
عەلی ئامێدی شامی ٢١٨
عەلی ئەربیلی (ئەمینەدین) ٩٧
عەلی ئەرجیشی ٧٠
عەلی ئەفەندی ٢٦٣
مەلا عەلی ئەفەندی حوسامی کەرکووکی ٥٨٢
عەلی بەدیهی شارەزووری ٢٢
سەید عەلی بەرزنجی ٢٥٣
شێخ عەلی تاڵەبانی ٥٧٥
عەلی تەرمووکی ٢٨
عەلی جزیری ٦١
شێخ عەلی حوسامەدین ٦٧٥
عەلی حەریری ٣٦
عەلی حەزووری ئامیدی ٢٧٧
عەلی حیکمەت ئەفەندی ٦١٩
سەید عەلی خانەگایی ٣٩٠
حاجی شێخ عەلی سنەیی ٥٤٠
شێخ عەلی سنجاری (ئیبنووەهب) ٤٣
عەلی سنجاری (ئیبنوتاجەدین) ٢٢٣
مەلا عەلی سەببار ٨٨١
عەلی سەیدۆ گۆرانی ٨٠٤
عـــەلی شـــارەزووری (شەمـــسەدین ٩٩
ئەبولحەسەن)
عەلی شەرابییە ١٤٣
سەید عەلی شەهید ١٤٨
عەللامە مەلا عەلی قزڵجی ٤٣٥
شێخ عەلی کورد ٨٩
عەلی کەمال باپیرئاغای سلێمانی ٨٤٣
مەلا عەلی گۆرانی ٢١٠
قازی میرزا عەلی مەهابادی ٦٣٧
عەلینەقی ئازادی (والە) ٦٤٨
عەممار یاسری بدلیسی ٦١
عەوام (میرزا عەبدوڵڵای وەزیری) ٢٩٣
عەونی سیورکی (موحەممەد عەلی) ٧٦٧
عەیشی سنەیی ٥٦٥
عیرفان (مەلا عەبدوڵڵا) ٦٠٠
عیرفانی (سەرهەنگ غوڵامحوسەین) ٨٢٨
عیرفانی سنەیی (شێخ عەبدولحەمید) ٥٨٥
عیززەت موحەممەد ئەفەندی وانی ٢١٧
عیززەدین حەسەنی ئەربیلی ٩٣
مەلا عیسا جوانڕۆیی ٣٣٣
عیسا حەیدەری (شەرەفەدین ئەبووڕووح) ٢٥٦
مەلا عیسامەدین (شەفێعی) ٧٧٥
مەلا عیسامەدینی ماجیدی ٧٣٥
عیسای بوولەوی کوردی ٢٢٤

عیسای جەزەری ١٢٣
عیسای خۆشناوی ٢٦٩
ئەمیر عیسای هەکاری (شەرەفەدین) ٩٧
عیمادەدین (ئەحمەدی شارەزووری) ٦٤
عیمادەدین عەبدولغەنی عومەری جزیری ١٤٥
عیمادەدین موحەممەدی ئەربیلی (ئەبووحامید) ٦٩
عیمادەدینی ئامێدی (عیمادی) ٢٠١
شێخ عیمادەدینی هەکاری (ئیبنولخەتیب) ١١٢
شێخ عیمادی مەردۆخی ٩٦٢

غ

غوباری ئامیدی (قاسم ئەفەندی) ١٨٥
غولامرەزا خانی ئەرکەوازی ٣٣٤
غەریبی دونبولی ٣٩٨
مەلا غەفووری دەباغی (حافیزی مەهابادی) ٩٥٧
غەمناک (موحەممەد ئاغای زەنگەنە) ٢٦٧
غەمناکی دووەم ٥٠٦
غەیاسەدینی نەقشبەندی ٧٠٥
غیرەتی کرماشانی (سەید عەبدولکەریم) ٧٧٩

ف

فائیز ئەفەندی (ئەسعەدزادە) ٢٢٩
فائیز ئەفەندی بەرزنجی ٥٩٣
فاتمەی جەزەری ١٣٤
فاتمەی گۆرانی ١٣٩
فاتمەی هەکاری ١١٦
فازیلی کاکۆزەکەریایی (شێخ موحەممەد سادق) ١٣٥
فامی دیاربەکری (ئیسماعیل ئەفەندی) ٢١٧
فانی سنەیی (مەلا ئەحمەدی شەهید) ٥٨٤
فایق بێکەس ٧٠٦
فایق زیوەر ٧٦٨
شێخ فەتاحی ئاکرەیی ٤١٥
سەید فەتاحی جەبباری کەرکووکی ٤٢٨
مەلا فەتحولای ئامیدی ٣٢٤
مەلا فەتحولای ئەسعەردی ٥٣٧
میرزا فەتحولای سنەیی (فەتحی) ٣٤٠
فەتحی (میرزا فەتحولا) ٣٤٠
فەخرەدینی چارپردی (ئەبولمەکاریم) ١١٤
فەخرەدینی خەلاتی (مەولانا مەحیەدین) ١٠١
فەخرولکوتتاب (میرزا شوکرولا) ٦١٠
فەخرونیساء (شەهدەی دینەوەری) ٥٨
فەخریزادە (خەلیل بەسیری) ٢٤٦

فەرزی شارەزووری (ئەبوومزەفەر) ٥١

فەرەجوڵڵای زەکی مەریوانی ٦٣٩

فەریق حاجی مستەفا ٦٧٠

فەسیح ئەفەندی حەیدەری ٤٣٨

فەقێ تایران، مەلا موحەممەد ١٩٨

فەقێ ڕەشید (موحەممەد ڕەشیدی هەمەوەندی) ٨٤٧

فەقێ قادر (عەبدولقادیری هەمەوەند) ٤٩٢

فەوزەدین ئەبووبەکری ئەربیلی ١٠٠

فەوزی (مەلا ئەحمەد) ٧٠٠

فەوزی(مەلا عەبدولعەزیزی موفتی سلێمانی) ٧٣٩

فەهیمی سنجاوی ٦٧٨

مەلا فەیزوڵای غەریب ٧٣٥

مەلا فەیزوڵای مورادی ٩٢٣

فەیزی وانی (ساڵەح ئەفەندی) ٢٢٣

دوکتور فوئادی فێسچیزادە ٦٢٦

فیدائی لاجانی (شێخزادە) ١٥٦

فیرووزشای کوردی سنجاری ٣٦

فیکری کوردستانی ٤٩٥

ق

میرزا قادری تەوێڵێ ٧٥١

قاری دینەوەری (ئەبووبەکر موحەممەد) ٣٠

قازی تاجودین (ئەبوویەحیا) ٥١

قازی کاشتەری (مەلا موحەممەد ئەمین) ٤٩٥

قازیولخافیقەین (ئەبووبەکر موحەممەدی شارەزووری) ٤٦

قاسم ئەفەندی (غوباری ئامیدی) ١٨٥

قاسم ئەمین ٥٥٢

مەلا قاسمی پایگلان ٣٢٢

قاسمی شارەزووری (ئەبولفەزائیل) ٦٥

قاسمی شارەزووری (ئەبووئەحمەد) ٣٨

مەلا قاسمی کوردی ١٨٩

مەلا قاسمی گۆرانی شارەزووری ١٩٣

مەلا قاسمی گۆرانی کوردی ٢٠١

قاسمی مودەڕڕیس قازی ١٩٠

قالی مەلازگردی (ئەبووعەلی ئیسماعیل) ٢١

قانیع ٨١٩

قوتبەدینی ئوشنەوی (ئەمیر بەختیار) ٧١

قودسی ئەفەندی (حەلیمزادە) ٢٩٠

قەدریجان ٨٤٥

قەناتی کوردۆ ٩٢٣

قەوامەدینی کاکی ١١٦

سەید قیداری هاشمی (سەیددەوڵە) ٧١٠

ک

کاتیبولئەسرار (مەلا حامیدی بێسارانی) ٤٣٩

کاردۆخی نەقشبەندی (شێخ موحەممەد ئەمین) ٨٩٤
کاک ئەحمەدی شێخ (سلێمانی) ٤٨٠
کاک عەبدوڵڵا (سانی) ٥٤٦
کاک مستەفا (سافی) ٦٩٣
کاکە حەمە (ناری) ٧١١
کامبوزیا (ئەمیر تەوەکولی کوردی زەعفەرانلوو) ٨٤٧
دوکتور کامران بەدرخان ٨٧٧
کامی ئامیدی ٢٦٩
کبریت ئەحمەر (شێخ مەعرووف نۆدێیی) ٣٤٦
کورد خواجە ٣٨٨
کوردعەلی (موحەممەد بەگ) ٧٦٨
کەربەلایی عەلی خان (میرزا خانی) ٦٨٠
کەلهوڕی کرماشانی ٤٠٠
قازی کەمالەددین (موحەممەدی شارەزووری) ٥٦
شێخ کەمالەدین (ئەبولفەزائیل سالاری ئەربیلی) ٩٨
کەمالەدین ئەبولفەتح (مووسای ئەربیلی) ٨٥
کەمالەدین حەکیمی بدلیسی (مەولانا ئیدریس) ١٥٠
کەمالەدین عەبدولقادری ئەربیلی ٥١٠
کەمالەدینی ئازەربایجانی ١٠٤
کەمالەدینی خەلاتی (ئەبووعەبدوڵڵا) ٩٠
کەمالی ئەربیلی (ئەبووعەبدوڵڵا ئەحمەد) ٩٣
کەوسەری سەقزی (قازی مەلا موحەممەد کەریم) ٥٧٢
کەوکەبی نەقشبەندی (شێخ نەجمەدین) ٦٠٤
کەیفی کوردستانی ٤٧٦

گ

گاوانی ئەسحابە ١
گوویای کرماشانی ٨١٢
گۆران (عەبدوڵڵا بەگ) ٧٩٢
گیوی موکوریانی ٨٧٦

ل

مەلا لوتفوڵای شێخولیسلام ٥١٤
لوتفی ئەفەندی ٣٦٠
شێخ لەتیفی قازی قەرەداغی ٦٢٨
لەشکری سۆرانی ٢٢٣

م

ماجیدی کوردی (شێخ ئەبوومومحەممەد) ٧٠
مەلا مارفی کۆکەیی ٧١٨
ماهشەرەف خانم (مەستوورەی کوردستانی) ٣٦٢
مبارەکی شارەزووری موقری (شەیخولقوراء) ٤٨
مرادخانی بایەزیدی ٢٥٣
مزەفەری شارەزووری (ئەبوومەنسوور) ٤٦
مستەفا ئەفەندی (موشتاق) ٣٢٨
مستەفا ئەفەندی وانی (عاکیف) ٤٣٨
سەید مستەفا بەرزنجی ٤٧١
مستەفا بەگ (داوەری سنەیی) ٣١٨
مستەفا بەگی کوردی ٣٧٥
مەلا مستەفا چەمیاڵەیی ٣٩١
شێخ مستەفا خۆشناوی ٢٢١
مەلا مستەفا شێخولئیسلام ٢٤١
مەلا مستەفا عاسیم ئەفەندی ئەسعەردی ٥٣٦
مستەفا گۆرانی ٢٦٣
مستەفا مەزهەری سلێمانی ٧٣٦
شێخ مستەفای تەختی مەردۆخی ١٨٨
شێخ مستەفای قەرەداغی ٨٤٠
شێخ مستەفای موفتی هەڵەبجە ٦٧٠
شێخ موئمینی مەردۆخی (سێهەم) ٥٠٤
موبارەکی شارەزووری (قازی زەهیرەدین) ٦٤
موتەهەری دینەوەری (ئەبولحەسەن عەلی) ٤٥
موەففەقەدینی ئەربیلی ٦١
موجریمی دینەوەری (حاجی نیعمەتوڵڵا) ٦٠٢
موجیرەدینی ئەسعەردی ١٠٤
موحاسیبی خەلاتی (نەجمەدین ئەیووب) ٩٠
شێخ موحەممەد (خالیسی تاڵەبانی) ٦١٢
شێخ موحەممەد (عەبدورڕەحمانی قەرەداغی) ٥٩٠
حاجی شێخ موحەممەد (موعتەمیدولئیسلام) ٥٥١
موحەممەد ئاغای زەنگەنە (غەمناک) ٢٦٧
مەلا موحەممەد ئەفەندی (جەلیزادە) ٧٠٣
موحەممەد ئەفەندی ئامێدی ٢٢٩
مەولا موحەممەد ئەفەندی ئامێدی (مەیلی) ١٦١
موحەممەد ئەفەندی خوشابی (وانی ئەفەندی) ٢١٠
موحەممەد ئەفەندی دەفتەری (ئەبولفەزل) ١٦٥
موحەممەد ئەفەندی شارەزووری ١٢١
شێخ موحەممەد ئەمین (شەریعەتمەداری سنەیی) ٦٢٦
مەلا موحەممەد ئەمین (قازی کاشتەری) ٤٩٥

شێخ موحەممەد ئەمین (کاردۆخی نەقشبەندی) ٨٩٤
موحەممەد ئەمین ئەفەندی زەندی ٥٠٠
موحەممەد ئەمینی سوورەبەردی ٥٣٥
شێخ موحەممەد ئەمینی قورەیشی ٦٧٣
شێخ موحەممەد ئەمینی کانیمشکانی (نەوید) ٧٠٢
موحەممەد بەگ (کوردعەلی) ٧٦٨
شێخ موحەممەد بەهائەدینی نەقشبەندی (ئەبو لبەها) ٤٣٦
شێخ موحەممەد تاهای شیروانی ٦٣٥
شێخ موحەممەد تاهیری هەولێری ٧٥٢
موحەممەد تەیموور بەگ ٦٠٦
شێخ موحەممەد جەسیمی مەردۆخی (سەدرولعولەما) ٤٨١
شێخ موحەممەد جەسیمی مەردۆخی (یەکەم) ٢٢٧
شێخ موحەممەد جەمیلی زیائەدینی (جەمیل) ٩١٣
موحەممەد جەوادی سیاپۆش ٣٢٠
مەلا موحەممەد حەسەنی تورجانی ٥٦٧
میرزا موحەممەد حوسەین (عالی) ٣٠١
سەید موحەممەد ڕەئووفی سائیب ٧٠٢
میرزا موحەممەد ڕەزای خەتتات (میرزا ڕەزای کەلهوڕ) ٤٩٧
موحەممەد ڕەسوولی شیرازی ٩٥٦
موحەممەد ڕەشید پاشای زەهاوی ٥٦٥
موحەممەد ڕەشیدی خالیدی (موفتیزادە) ٨١٤
سەید موحەممەد ڕەشیدی قورەیشی (ئاغە ڕەشە) ٧٩١
موحەممەد ڕەشیدی هەمەوەندی (فەقێ ڕەشید) ٨٤٧
میرزا موحەممەد ڕەفیعی لەشکر نویس (یەمین لەشکر) ٥٧٣
شێخ موحەممەد سادق (فازیلی کاکۆزەکەریایی) ١٣٥
مەلا موحەممەد سادقی ئیمامەت ٧٢٣
سەید موحەممەد سادقی سەفاخانە ٤٠٨
شێخ موحەممەد سادقی نەقشبەندی ٧٣٢
موحەممەد ساڵەحی وەکیل (ساڵەح) ٨٩٣
حاجی موحەممەد سدیقی سنەیی ٣٣٥
موحەممەد سەعید پاشای ئامیدی ٤٩٧
سەید موحەممەد سەعیدی حوسەینی کوچکچەرمگی ٤٠٦
مەلا موحەممەد سەعیدی دێلێژەیی ٧٣٣

مەلا موحەممەد سەعیدی زەهاوی ٦١١
مەلا موحەممەد سەعیدی عوبەیدی ٦٢٨
مەلا موحەممەد سەعیدی فازیل ٦٦٩
شێخ موحەممەد سەعیدی مەردۆخی ٢٩٣
شێخ موحەممەد سەلیم (سالم) ٥٩٨
شێخ موحەممەد سەلیمی ئەردەڵانی ٢٥٨
سەید موحەممەد شەریفی بەرزنجی ٢٢٩
مەلا موحەممەد شەریفی سدیقی گۆرانی شاهۆیی ٢٠٦
مەلا موحەممەد شەریفی کوردستانی ٢٥١
موحەممەد شەمسەدینی موقەددەسی ١٢٦
موحەممەد عەبدوسسەتتاری ئامێدی (شەمسولئەئیمە) ٨٧
موحەممەد عەبدوڵڵای دینەوەری ١٣
شێخ موحەممەد عەلی تاڵەبانی ٦٥٢
موحەممەد عەلی عەونی (عەونی سیورکی) ٧٦٧
شێخ موحەممەد غەریبی بەرزنجی ٨٣٠
موحەممەد فەهمی ٤٢٥
شێخ موحەممەد قەسیمی مەردۆخی ٢٩٤
سەید موحەممەد کامیلی ئیمامی زەمبیلی (ئاوات) ٩٥٠
قازی مەلا موحەممەد کەریمی سەقزی (کەوسەر) ٥٧٢
موحەممەد کورد ئەفەندی شارەزووری ٢٠٧
موحەممەد ماجیدی کوردی ٦٣٣
شێخ موحەممەد موزەفەری بەرزنجی (شێخی مەککی) ١٥٤
شێخ موحەممەد نەسیمی مەردوخی ٥٢٩
شێخ موحەممەد وەسیمی خەتات (شێخ ئاغەبرا) ٦٣٢
شێخ موحەممەد وەسیمی مەردۆخی (دووەم) ٣٩٦
شێخ موحەممەد وەسیمی مەردۆخی (یەکەم) ٢٤٣
شێخ موحەممەدی ئایەتوننەبی ٦٤٩
شێخ موحەممەدی ئەبولوەفا ٥٨٨
موحەممەدی ئەربیلی (شەرەفەدین) ٨١
موحەممەدی ئەسعەردی (نوورەدین ئەبووبەکر) ٩١
شێخ موحەممەدی ئەسکەندەری ٣٣١
موحەممەدی ئوشنەهی (شێخولیسلام تاجەدین) ٨٢
مەلا موحەممەدی باڵخی (مەحوی) ٥٥٥
مەلا موحەممەدی باڵەقوڵوو ٦٦٨
مەلا موحەممەدی بانەیی ٣٥٦
شێخ موحەممەدی بەرزنجی ٥٤٥

شێخ موحەممەدی بەرزنجی (مەحیەدین) ٢٦٠
سەید موحەممەدی بەرزنجی شارەزووری ٢١٥
مەولانا موحەممەدی بەرقەلعی بدلیسی ١٢١
مەلا موحەممەدی بەرلووتی ٦٥٣
مەلا موحەممەدی بورهان (میهری) ٧٨٧
مەلا موحەممەدی پێنجوێنی ٦٥٨
موحەممەدی جزیری ١١٤
مەلا موحەممەدی چڕستانی ٨١٠
مەلا موحەممەدی چەلەبی ٢٠٠
موحەممەدی حەسکەفی ١٤٩
سەید موحەممەدی حەکیم ٦٣٨
موحەممەدی حەلەبی گۆرانی ١٨١
شێخ موحەممەدی خاڵ ٩٥٣
سەید موحەممەدی خانەگایی ٥٥٠
موحەممەدی خاوەرانی (ئەبولحەسەن) ٥٦
مەلا موحەممەدی خەتێ ٣٢٣
قازی موحەممەدی خەلاتی (ئەبولفەزل) ٩٩
مەلا موحەممەدی دێلێژەیی ٢٤٥
موحەممەدی دینەوەری (ئەبوعەبدوڵڵا) ٢٣
میرزا موحەممەدی ڕازنووس ٣٩٥
مەولانا موحەممەدی زەرقی سۆفی بدلیسی ١٧١
مەلا موحەممەدی سابڵاغی (ئیبنوڕەسوول) ٣٢٥
مەلا موحەممەدی سلێمانی (خاکی) ٥٤٢
موحەممەدی سنجاری ١١٠
موحەممەدی سوورەبەردی (ئەبووجەعفەر) ٤٥
شێخ موحەممەدی سۆرانی ٢٩٢
مەلا موحەممەدی سۆرانی ٢٠٨
مەلا موحەممەدی سۆرانی وانی ٢٠٩
شێخ موحەممەدی سەلماسی ٥٧
شێخ موحەممەدی شارەزووری ٢١٠
موحەممەدی شارەزووری (ئەبولمەحاسین) ٥٨
موحەممەدی شارەزووری (قازی کەمالەددین) ٥٦
موحەممەدی شوانکارە ١١٩
مەلا موحەممەدی عوبەیدی ٨٩١
موحەممەدی عیمادی ٢٤١
موحەممەدی فوزوولی ١٥٤
مەلا موحەممەدی فەیز (موفتی زەهاوی) ٤٨٨
شێخ موحەممەدی فیراقی ٤١٣
شێخ موحەممەدی قاری ٢٥١
سەید موحەممەدی قاری ٦٢٩

(زەهیرولئیسلام)
مەلا موحەممەدی قزڵجی (تورجانیزادە) ٨١١
مەولا موحەممەدی قەرامانی ١٨١
شێخ موحەممەدی قەرەداغی ٤١٣
(ئیبنولخەیات)
مەلا موحەممەدی کلوولانی ٢٣٠
مەلا موحەممەدی کوانەدۆڵی ٥٣٤
شێخ موحەممەدی کوردی ٢٥٩
موحەممەدی کوردی حەلەبی (شەمسەدین) ١٣٢
شێخ موحەممەدی کوردی، سائیموددەهر ١٧٦
موحەممەدی گاوانی (ئەبووسەعید) ٥٣
موحەممەدی گۆرانی (ئەبووتەبیب) ٢٤٠
موحەممەدی ماردینی ١٣٧
مەلا موحەممەدی مودەڕڕیسگورجی ٧٥٧
مەلا موحەممەدی مودەڕڕیسی نیەری ٥٧٩
مەلا موحەممەدی مەولانا ٦٢٧
مەلا موحەممەدی مینبەری نییەری ٤٢٦
شێخ موحەممەدی نەجمی ٥٨٨
مەولا موحەممەدی وانی (وانقولی) ١٦٩
مەلا موحەممەدی هەزارمێردی ٢٦٣
(ئیبنولحاج)
موحیب مستەفا ئەفەندی دیاربەکری ٣٦٠
موخلیس (ئەحمەدی ئامێدی) ٨٣٩
مودەڕڕیسی کوردی (عەبدوڵلا ئەفەندی) ١٩٩
مورتەزا بەگ (ئەمیرکوردی) ٢٢٤
موزەفەری (حوسامەدینی خۆیی) ١٠٥
موزەفەری قەرمسینی ١٨
موسافیر (شێخ موقیم) ٢٧٠
موسەننیفی جەوهەری ٣٨٥
موشتاق (مستەفا ئەفەندی) ٣٢٨
موشفیقی زەنگەنە ٢٩٥
موعتەمیدولئیسلامی سنەیی (حاجی ٥٥١
شێخ موحەممەد)
موعینەدین (شێخ ڕەزای کاکۆزەکەریایی) ١٦٧
موعینەدین یەحیا (تەنزی دیاربەکری) ٥٠
شێخ موعینەدینی کاشتەری ٢٧٤
موفتی (مەلا عەبدوڵلای توتنچی) ٧٦٦
موفتی (مەولانا مەحموود) ٨٠٦
موفتی زەهاوی (مەلا موحەممەدی فەیز) ٤٨٨
موفتی سەقزی (مەلا عەبدولعەزیزی ٦٥١
سەدرولعولەما)
موقری دینەوەری (ئەبووبەکر موحەممەد) ٢٨
شێخ موقیم (موسافیر) ٢٧٠
مەولانا مووسا بدلیسی ١٧١
شێخ مووسا زوولی ماردینی ٦٥
مووسا کاتیبی بەغدایی ٦

مووسای ئەربیلی (کەمالەدین ئەبولفەتح) ٨٥
مووسای لالایی ١٥٣
شێخ مەتەری بازرانی کوردی ٤٩
مەجدەتی سنەیی ٦٨١
مەجدەدین ئەبوومحەممەد (عەبدوڵڵای ئەربیلی) ١٠٠
مەجـدەدین موحەممـەد (ئیبنـوزەهیری ئەربیلی) ١٠٠
مەجـدەدین موحەممـەدی ئـەربیلی (ئەبووعەبدوڵڵا) ١٠٦
مەجدەدین نیشابی ئەربیلی ٩
مەجدەدینی ماردینی (ئەبولحەسەن عیسا) ١١٤
شێخ مەجدەدینی مەردۆخی ٢٣٩
مەجدی (میرزا عەبدولمەجیدی مەلیکولکەلام) ٦٢١
شێخ مەجزووبی نەقشبەندی ٤١٨
مەجیدی سنەیی ٣٥١
مەحاکی فونوونی ٤٣٤
مەحرووم ٤٦٤
مەحزوون (دوکتور سدیق موفتیزادە) ٩١٧
شێخ مەحموود ئەفەندی حەمزەوی خالیدی ٥٣٦
مەحموود پاشا خانی کەلهوڕ ٣٧٤
مەحموودی ئسکلیبی (ئیبنوبەرزان) ١٦٥
مەلا مەحموودی بایەزیدی ٤٥٩
مەلا مەحموودی پیرحەسەنی ٢٩٨
مەلا مەحموودی جوانڕۆیی ٧٠٩
شێخ مەحموودی خەنسی ٥١٦
مەلا مەحموودی دشە ٤١٠
مەولانا مەحموودی زێباری ٢٠٨
شێخ مەحموودی ساحیب ٤١٤
شێخ مەحموودی شووریجەی بەرزنجی ٥٠٩
مەحموودی شیروانی سۆفی ١٤٨
میرزا مەحموودی قازی موکری ٢٥٨
شێخ مەحموودی کاشتەری ٣٢٨
شێخ مەحموودی کاکۆزەکەریایی ٥٤٧
شێخ مەحموودی کوردستانی (عارف) ٤٧٦
شـێخ مـەحموودی کـوردی خەڵـوەتی (ئەبولمواهیب) ٢٦٠
شێخ مەحموودی کوردی مووسڵی ٢٢١
مەلا مەحموودی گۆرانی ٢٠٥
مەلا مەحموودی مەزناوێ ٦٥٣
مەلا مەحموودی موفتی ئامێدی ٢٧٠
مەولانا مەحموودی موفتی ٨٠٦
شێخ مەحموودی نەقیب ٣٩٧
مەحوی (مەلا موحەممەدی باڵخی) ٥٥٥

قازی مەحیەددین (ئەحمەدی شارەزووری) ٥٧
قازی مەحیەدین (ئەبووحامید موحەممەدی شارەزووری) ٦٢
مەحیەدین (شێخ موحەممەدی بەرزنجی) ٢٦٠
شێخ مەحیەدین ئەبووبەکری ئەییووبی ٢١٧
شێخ مەحیەدین موحەممەدی ئیسکلیبی ١٤٨
مەحیەدینی خەلاتی ١٣٠
شێخ مەحیەدینی قزلبلاخی ٥٨٠
مەولا مەحیەدینی کوردی عەجەمی ١٥١
قازی مەحیەدینی گۆرانی ١٦٥
مەخزەن (میرزا عەبدولموحەممەدی کرماشانی) ٤٠٥
مەردۆخ (شێخ موحەممەد، ئایەتوڵلا) ٨٤٨
مەزهەرولئیسلام (ئەبولبەقا) ٦٤٠
سەید مەزهەری عەلەوی ٨٧٨
مەستوورەی کوردستانی (ماهشەرەف خانم) ٣٦٢
مەستی ئەفەندی ٥٦٠
شێخ مەسعوودی دژنی مەردۆخی ٦٤١
مەعدوومی (مەولەوی تاوەگۆزی) ٤٤٥
مەعرووفی ڕەسسافی ٧١٥
مەعرووفی سلێمانی (میرزا مارف) ٧٨٥
شێخ مەعرووفی نۆدێیی (کبریت ئەحمەر) ٣٤٦
شێخ مەعرووفی نێرگسەجاڕ ٥٧٥
مەفتوونی بانەیی (مەلا عەبدولعەزیز) ٣٢٦
مەقسوود ئەفەندی ٦١٠
مەلا باشی سدێقی (مەلا ئەحمەدی نەسیرولئیسلام) ٥١٦
مەلا جامی (مەلا ئەبووبەکری کوردی حەریری) ٢٠٦
مەلا حەمدوون (حەمدی سلێمانی) ٥٨٩
مەلا خدر (نالی) ٣٩١
مەلازادەی کوردی ٢٠٥
مەلا گچکە (ئەبووبەکر ئەفەندی) ٦٩١
مەلا لاسوور (مەلا ئەحمەدی ڕەببانی) ٦٦٤
مەلای جزیری (شێخ ئەحمەد) ١٩٤
مەمشادی دینەوەری ١٥
مەنووچیهری کەولیوەند ٢٣٩
مەولانا (مەلا موحەممەد) ٦٢٧
مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزووری ٣٠٢
مەولانا مەحیەدین (فەخرەدینی خەلاتی) ١٠١
مەولانا موحەممەدی گوشایش ١٣٨
مەولەوی تاوەگۆزی (مەلا عەبدوڕڕەحیمی مەعدوومی) ٤٤٥
مەهجووری کوردستانی ٤٤٢
مەلا مەهدی دووهەمی سنەیی (ئاغە بەها) ٤٧٦

مەلا مەهدی شێخولئیسلام (یەکەم) ٣٠٠
مەهدی فەرەهپوور (سدیق دەفتەر) ٧٩٩
مەیلی (مەولا موحەممەد ئەفەندی ئامێدی) ١٦١
میرزا جەنابی کوردستانی (حەبیبی ئامووزگار) ٦٧٢
میرزا شەفیعی پاوەیی ٣٤١
میرزا عەبدوڵڵای سنەیی (ڕەونەق) ٤١١
میرزا عەلیئەکبەر (ئەفسەری وەقایعنیگار) ٥١٩
میرزا مارف (مەعرووفی سلێمانی) ٧٨٥
میرزاخانیی کەلانتەری (کەربەلایی عەلی خان) ٦٨٠
میرزادەی عیشقی ٦١٧
مەولانا میرموحەممەدی مەردۆخ ١٢٠
میهری (مەلا موحەممەدی بورهان) ٧٨٧
میهری موزووری ٤٥٢
میهی (عەبدولحەمیدی بەدیعوززەمانی) ٨٦١

ن

نابی ڕەهاوی (یۆسف ئەفەندی) ٢٢٢
ناجیمی شارەزووری ٥٧٥
ناری (کاکە حەمە) ٧١١
نازیری بستی (شێخ زەینولعابدین) ٣٢٢
ناسرەدین ئەبولفەزلی هەزبانی ١٣٥
ناسرنیزام (میرزا نیعمەتوڵڵای موستەوفی) ٨١٠
ناسری ئازادپوور ٨٠٩
نافیع یونسی ئەربیلی ٨١٩
نالی (مەلا خدر) ٣٩١
نامی کەلهوڕی ٢٧٠
ناهیدی سەقزی (ئیفتیخار سوڵتان) ٧٢١
نۆرسی کەرکووکی ٢٤٦
نەجمەدین ئەیووب (موحاسیبی خەلاتی) ٩٠
نەجمەدین حەسەنی هەزبانی ١٠٩
نەجمەدین مەلای سلێمانی ٨١٨
قازی نەجمەدینی شارەزووری ٥٥
شێخ نەجمەدینی کەوکەب ٦٠٤
شێخ نەجمەدینی مەردۆخی ٦١٦
نەجمی (شێخ موحەممەد) ٥٨٨
شێخ نەجیبی قەرەداغی ٦٤٣
مەلا نەزیری تەوێڵێ ٤٣٥
نەزیری زەنگەنە (ئەمانوڵڵا بەگ) ٢٩١
نەزیفی ئامیدی ٣٢٩
نەسروڵڵای دوینی ٤٧
نەسری ئەربیلی (ئەبولقاسم عیزوددین) ٧٤
میرزا نەسیبی کرماشانی ٣٥٦

نەعیمی خەرپووتی ٤٣٩
نەفعی ١٨٧
نەوید (شێخ موحەممەد ئەمینی کانیمشکانی) ٧٠٢
نەهانی کۆیی ٦٥٤
نوورەدین ئەبووبەکر (موحەممەدی ئەسعەردی) ٩١
نوورەدین حەمزەی قەرامانی ١٣٨
شێخ نوورەدینی بریفکانی ٤١٩
شێخ نوورەدینی شیروانی ٦٩٠
نوورموحەممەد ئەفەندی (ئیسحاقزادە) ٢٣٠
شێخ نووری سلێمانی ٧٩٨
مەلا نووشای گوڵباخی ٣٣٠
نیزامەدین عەبدولمەلیکی دەربەندی شافیعی ١٢٨
مەلا نیزامەدینی جەلالی ٨٨٠
شێخ نیزامی غیاسی ٨٢٦
حاجی نیعمەتوڵلای جیحوونئابادی (موجریمی دینەوەری) ٦٠٢
میرزا نیعمەتوڵلای موستەوفی (ناسرنیزام) ٨١٠
شێخ نیعمەتولای کاکۆزەکەریایی (دووەم) ٢٥٤
شێخ نیعمەتولای کاکۆزەکەریایی (یەکەم) ١٢٩
شێخ نیعمەتولای هەزارکانیانی ٥٨٤

و

واجیم (عەللامە ئیبنوئادەم) ٣٤٤
والەی کەلهوڕی (عەلینەقی ئازادی) ٦٤٨
وانقولی (مەولا موحەممەدی وانی) ١٦٩
وانی ئەفەندی (موحەممەد ئەفەندی خوشابی) ٢١٠
وەجدی (موحەممەد عەلی جەواهیری) ٨٢٥
وەجدی (میرزا سەمەدی سەقزی) ٦٦٥
وەجهی سنجاری ١٥٣
وەجهی کوردستانی ٢٠٣
سەید وەجیەی هاشمی ٨٦٩
وەجیهی کوردی (ئەبولعەباس) ٦٤
وەحدەتی کرماشانی (تاماسبقولی خانی کەلهوڕ) ٥٠١
وەحشەتی کوردستانی ٦٣٥
شێخ وەرامی حیللی ٩٠
وەفایی مەهابادی ٥٢٢
وەقایعنیگار (میرزا عەلیئەکبەری ئەفسەر) ٥١٩
مەلا وەلەدخانی گۆران ٢٣٤
وەلی دێوانە ٤٦٢

شێخ وەلی زێباری ئامیدی ١٦٣
وەلی مەردۆخی (شێخ شەمسەدین) ١٦٦
وەهبی کەرکووکی ٦٧٩
وەهمی کوردستانی ٢٠٨
وەهمی کوردستانی (تاماسبقولی خان) ٥٨٢

ه

هائیم سلێمانی ٥٣٤
هەژار (عەبدورڕەحمانی شەرەفکەندی) ٩٦٤
هێمن (سەید موحەممەد ئەمینی شێخولیسلامی) ٩٢٥
هوشیاری سنەیی (دەبیر مەخسووس) ٨٧٥
هومایی ١٤٥
هیجری (مەلا حەسەنی دزڵی) ٧٢٣
میرزا هیدایەتی سنەیی ٣٦٩
مەلا هیدایەتی شێخولیسلام ٤٧٨
یۆسف (کوڕی حەسەن)ی کوردی ١٢٣

ی

یۆسف (کوڕی یەعقووب)ی کوردی ١٣٥
یۆسف ئەفەندی (نابی) ٢٢٢
یۆسف زیائەددین ئەفەندی ئەسعەردی ٥٣٥
یۆسف گەچی (ئەبولقاسمی دینەوەری) ٢٧
یۆسفی ئامیدی ٢٢١
یۆسفی ئەسەم، سۆرانی شافیعی ١٧٠
یۆسفی خدری موسڵی ٣٠١
یۆسفی سدیقی، شاهۆیی گۆرانی ١٦٩
شێخ یۆسفی سنەیی ٤٢٩
یۆسفی شوکری خەرپووتی ٤٢٧
یۆسفی گۆرانی (جەمالەدین ئەبولمەحاسین) ١١٨
شێخ یۆسفی گۆرانی عەجەمی ١١٨
شێخ یۆسفی نایب ٢٥٨
یۆنس دڵداری کۆیی ٧٤٨
مەولانا یەحیا عیمادی موزووری ٣٤٩
یەحیا گاوانی (ئەبووشەرەف) ٧٣
یەحیا وانی ٢١٧
شێخ یەحیای مەعریفەت ٦٣٣
مەلا یەعقووبی قازی ١٩٨
یەعقووبی قەرامانی ١٣٢
یەعقووبی لوغەوی (ئەبوویۆسف) ٣٦
سەید یەعقووبی مایدەشتی ٤٦٠
یەمین لەشکر (میرزا موحەممەد ڕەفیعی لەشکر نویس) ٥٧٣
یولماز گونەی ٩١٤
یومنی ئەفەندی ٤٢٣

چەرخی چاردەھەم

مەولەوی تاوەگۆزی

عارفی هێژا، هەستیاری زانا و شاعیری دڵئاگا، سەید عەبدوڕڕەحیم، نازناو «مەعدوومی» و ناسراو بە «مەولەوی کورد»، کوڕی مەلا سەعید و لە پشتی سەید مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی، ساڵی ١٢٢١ ک. م. لە گوندی «سەرشاتە»، لە عەشیرەی تاوەگۆزی سەر بە جوانڕۆ هاتە دنیا.

هێشتا منداڵ بوو، بابی بەماڵەوە چوو بۆ ئابادی «بیژاو»ی لای هەڵەبجە و مەولەوی لەوێ وانە سەرەتاییەکانی خوێند. پاشان بۆ شوێنگرتنی دەرس و دەور، کەوتە گەڕان بە قوتابخانەکانی کوردستاندا و ماوەیەک لە پاوە و سەرەتێک لە «چۆڕ»ی مەریوان و هێندێک لە سنە خوێندی و دوای ئەوە چووە بانە و لەوێوە سلێمانی و جوانڕۆ و قوتابخانەکانی هەورامان و لە هەر شوێنێک ماوەیەک مایەوە و شتێک فێر بوو. ئەوجار گەڕایەوە بۆ سنە و لە مزگەوتی «دارُالإحسان»دا چەلێک ڕیازی و هەیئەتی خوێند و دوای ئەوە چووە سلێمانی و لای مەلاوڕەحمانی نۆدشی ئیجازەی وەرگرت. کە بوو بە مامۆستا، لە گوندی «چوڕسانە»ی لای هەڵەبجە گیرسایەوە و دەرسگوتنەوەی دەسپێکرد. دواجار لە هەلێکدا چوو بۆ «تەوێڵێ» و گەیشتە خزمەتی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی و کەوتە ڕیزی ڕێپێوانی تەریقەتەوە و پاش ماوەیەک سەیر و سولووک، گەڕاوە زێدی خۆی (سەرشاتە) و تا کۆتایی ژیان لەوێدا مایەوە.

مەولەوی زاتێکی پیرۆزە بووە کە ناوی ئێستاش، هەم لە باری زانست و هەم لە بواری ئاکاری بەرزەوە ناوازەیە؛ لە شیعری کوردی هەورامیدا ئوستادی بێقسەیە و چەمکی عیرفانی و فەلسەفی و ئەویندارانەی، لەوپەڕی جوانی و ناسکی و ڕەوانیدا، وا بە شبهاندن و هێمای دڵبزوێن و سەرنجڕاکێشەوە خەملاندووە، سەری خوێنەری تێدا سوور دەمێنێ؛ بەڵام بەرهەمە عەرەبی و فارسییەکانی، لەو ڕادەدا نین و بە بۆنەی بایەخدانی لە ڕادەبەدەری بە توێکڵ و لەبز ـ بەتایبەت جیناس ـ گرێوگۆڵیان زۆرە و ڕەق و دژوارن و هێندە بە دڵەوە نانیشن.

مامۆستا لە ژیانیدا، تووشی وتەنگ و چەڵەمە و سەخڵەتی زۆر بووە؛ گڕ بەربۆتە ماڵی و ئاور، کتێبخانە و

تەنانەت دیوانەکەی سووتاندووە، هاوسەری یەکجار خۆشەویستی (خاتوو عەنبەر) مردووە؛ کە چەند شێعری بەسۆزی بۆ گوتووە و لە سەرینەی هەمووان، حەوت ساڵی دوایی ژیانی کوێر بووە. دیارە ئەم ڕووداوە بۆ مامۆستایەکی وەکوو ئەو کە هەمیشە سەری لە ناو کتێبان و خەریک خوێندنەوە و نووسین بووە، زۆر دڵتەزێن بووە و لە شیعرەکانیشیدا، چەند شوێنان لەو بێچاوییە ناڵاندوویە.

سەرەنجام لە ساڵی ۱۳۰۰ ک. م. کاتێ کە خێڵ بۆ هەوار چوون و مەولەویش لەسەر پشتی ئەسپێکەوە لەگەڵیان بووە و خەریک بوون لە بوارێکی چڕ و بەردەڵان و تەنگەبەر بپەڕنەوە، چڵی دارێک پێیدا دەدا و لە ئەسپەکەیەوە دەیخا و گەزەنێکی زۆر دەبینێ و سەرەنجام پاش چەند ڕۆژ، مەلی ڕۆحی هەڵدەفڕێ و جەستەی خەستەی بەجێدێڵێ.

بەرهەمەکانی مەولەوی:

١. «*الفَواتح*»، هۆنراوەیەکی فارسییە لەمەڕ بڕوای ئیسلامییەوە، بریتی لە ٥٢٧ بەیت

٢. «*الفَضیلة*» هەڵبەستێکی ۲۰۰۰ بەیتی عەرەبییە، ئەویش باسی بڕوا و بناغەی دینە، ساڵی ۱۳۹۲ ک. م. لە بەغدا چاپ کراوە

٣. هۆنراوەیەک بە ناوی «*العَقیدةُالمَرضیّة*»، بە کوردی، لە کەلام و بڕوادا؛ کە لەگەڵ هۆنراوەی «*الفواتح*»، لە بەرگێکدا، ساڵی ۱۳۵۲ ک. م. لە قاهیرە چاپ کراون

٤. دیوانی شیعر، کە ساڵی ۱۳۸۰ ک. م. لە بەغدا چاپ بوو

٥. نامیلکەیەک لەمەڕ بنەمای تەریقەتی نەقشبەندیوە

چەند بەیت لە بڕوای بە عەرەبی:

فَکُـلُّ مـا تُبْـصرُهُ، وَ تَـسمَعُ وَ کُـلُّ مـا فـی وهْـم علْـم یَقـعُ
وَ کُـلُّ خـاطر جَـری ببالکـا فَرُبَّنـا عَلـی خـلاف ذلکـا
جَـلَّ الَّـذی کَـلَّ نُهـی صُـفاته فـی ذاتـه و فـی عُـلا صـفاته
مـا وَصَـلَ الأزَلُ لابْتـداهُ وَ مـا انتَهـی الاَبَـدُ لأنْتهـاهُ
لا صُـبحَ لا یَـوْمَ لَدیـه لامَـسا وَ لَـمْ یَکُـنْ حـینٌ فنـاهُ لامـسا
وَ کـان آنَ کـانَ «کـانَ» لَیـسا ثَـوی بحَیْـثُ لَـیْسَ «حَیْـثُ» أیْـسا
مَتـی «مَتـی» حَتّـی أتـی عَلَیْـه مـنْ أیْـنَ «أیْـن» یَنْتَمـی الیـه
هَـلْ سـاعدٌ یَـصلُهُ فـی کُـمٍّ «کَـمْ» وَ کَیْفَ «لا کَیْف» معَ الکیف یُضَمّ

ئەمەش چەند نموونە شیعری کوردی گۆرانی مەلەوی:

یـاران! هامـەدران! ئەرمەنـدەن هۆشـم سـەدایێ وەشـەن مـەیۆ نـە گۆشـم
چمـان زیـڵەی زەنـگ زەواری مـەیۆ دەنـگ قافـڵەکـەی وەهـاری مـەیۆ

ئامان قافڵەچی، دادەن دەخلیم   بەنەکدار خەم خەیلی زەلیلم
نەڕای تیجارەت ئەمیر وەلی   تۆ مایەی ڕەواج عەبباس و عەلی
ساتێ قافڵەکەت، ساکن نە سەیر بۆ   یەک عەرزێ دیرم، ئۆغرت خەیر بۆ
گیج زرێوار هەرسم مەوج وەردەن   سارای مەریوان تەمام هەر کەردەن
بازش هەناسەم سوب وەنەش دەرۆ   یەخ‌کەرۆ، قەتار ئاسان بویەرۆ
ئەمجار وە سووزەن موژەی جۆش‌وەردەم   سەر نووک قەڵەم ئاخ سۆراخ کەردەم
وە بەند دووباد مەینەت جگەر   بوورازە تاتای جوالان یەکسەر
قەیاسەی قایش پۆسەکەی جەستەم   حەڵقەی چەڵەمەی پێشەی شکستەم
ڕەگ تەن‌تاڵێ تاڵ وەردەی سێوەنگ   بفەرمان یاران، باران بدان تەنگ
وزان نە گەردەن بەرز پێشاهەنگ   بشۆ بدۆ دەنگ فەرسەنگ وە فەرسەنگ
مەدەد یا عەلی پەی سەفەر کەر مەیل   مەنزڵ وە مەنزڵ تا مەنزڵگەی لەیل
بەڵام هەر خاکێ جەو ئاسانەکەن   گەرد سفتەی گیان هەراسانەکەن
ڕەحمەت بۆ وادەی وستەی بارەکەت   نەبۆ وە پاشێل پای قەتارەکەت
جە زێڵەی ئەو زەنگ چون خەبەرداران   مەیۆ مەشناسۆش، شای وەفاداران
مەپرسۆ ئازیز پڕ وەفا و بەینەت   کۆن توجارباشی سەرقافڵەی مەینەت
واچە: مەر نەدیت نەونەمام بێ‌گەرد   جێگە پارچەی گیان پایەنازت کەرد
یاد پایەناز سەودای سەرش بێ   مامەڵەی پارچەی گیانێ و تەرش بێ
بەڵام جە تەئسیر جۆش بۆتەی دڵ   دەمەی هەناسەی دەروون پڕچڵ
سیم قاڵ هەرس شەوان بێداریش   ئەشرەفی پاکتاو ڕەنگ ڕوخساریش
ڕووکەش بی وە هوون کفت گوڵناری   وە مس مەنمانا جە لای بازاڕی
بازاڕش کەساس، ڕای بەندەرش بەند   کەس نمەواچۆ سەرمایەش وەچەند
وە بازاڕاندا وە زایەڵەی گەرم   مەگێلا و مەوات وە بانگ بێ‌شەرم
مایەم نارەوا، دەروونم تەنگەن   قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن

ئەم شیعرەی لە جوابی دۆستێکیدا نووسیوە کە گوڵە وەنەوشەی بۆ ناردووە:

شەفای ئێش زام مەینەتان سەخت   زیای دیدەی دڵ «مەعدوومی» بەدبەخت
دەستەی وەنەوشەی پەل دێزت یاوا   بۆش بۆی وەفای لەیل نەدەماخ ساوا
گەرد دەرد ڕێش دەروون بەردەوە   عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە
سەودای وەنەوشەی پەلدێز باخان   هەوای گولالان سەرکاوان، زاخان

پەی کەسێ خاسەن ئەوەڵ دەردش بۆ
ئیبتدای خێزیای دوود سەردش بۆ
کەرۆ مەشق عەشق وێنەی منالان
گا سەیر سارا، گا بۆی گولالان
نەک چون من سەرعی سادار هەردە
لافاو دەردان، دڵوێران کەردە
کوورەی عەشق دڵ هەی یەند جۆش وەردەن
گولالەم چون وێم فەرامۆش کەردەن

یەکێ لە گەورە مەشایخان داوای تەزبێحێکی لە مەولەوی کردووە؛ ئەویش ئەم شیعرەی دەگەڵ تەزبێحەکە، بۆی ناردووە:

جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جە گەرد
فەرمات پەی تەزبیح ها ڕەوانەم کەرد
پەرێ تۆ خاسەن هەر شام تا سەحەر
هەر ژمارەی وەسڵ بالای دڵبەر کەر
نەک چون من وزوو وە هوونـاو وەستە
خەم سیواک، نمای مەینەتان بەستە
نیشتەی گۆشەی تار نماخانەی دەرد
ڕوو نە پای میحراب هەناسان سەرد
وەی وزوو و نما و وەی سیواکەوە
جەی گۆشەی میحراو مزگی پاکەوە
دانەی مەرجانی هەرس مەهجووری
هۆنیای تای کرژ ڕشتەکەی دووری
پەی ژمارەی زکر کزەی ئێش و نێش
کافییەن دیدەم تەزبیحم پەی چێش

مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ دۆستێکی نووسیوە، داخ و دەردی خۆی لە کوێر بوونی چاوانی دەربڕیوە.

بینایی دیدەم تۆ وە سلامەت
دیدەنی دیدار کەوت ئەو قیامەت
ئەر بینش نییەن، هەی ئاواتوازم!
باز هەر تەسکینەن، گۆش وە ئاوازم
وە دڵدا تەفسیڵ زەلیلی ویەرد
چێش جە ئەوەڵدا ئاخرش ئاوەرد
باز بێتاقەتیم نە ڕووی پەردەوە
دەرگای گوزەرگای چەند فەرد کەردەوە
هۆرێزا و پێچوەرد دووی کوورەی دەروون
ئاو ئاوەرد، بەڵ هوون، نەدیدەی گەردوون
ڕێزا جە سەردا، بڵێسەم کەم بی
ئەسباب تەحریری ئەی چەند فەرد جەم بی
باز چێش بۆ، یاران دەروون پڕداخەن
ئەغیاران دەماخ دڵ وە پەرداخەن
سەرد بیەن گەرمی شەوق هامفەردان
گەرمەن سەردی زەوق جەرگەی هامدەردان
ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وە گڵ
چۆڵ بیەن چەمەن جە سۆزەی بوڵبوڵ
نیگای ئیلتفات گۆشەی چەم کەمەن
ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن
حەڵقەی خەفیەی زکر ناڵەی هەزار ڕەنگ
چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵتەنگ
مەشیۆ جە گرد لا زاری و شیوەن بۆ
جە کام لا؟ لای دۆس، کام دۆس؟ وێنەی تۆ
کەی؟ ئیستە، پەی کێ؟ پەی دیدەی «مەعدووم»
چێش بیەن؟ بیەن جە دیدە مەحرووم
یانێ های ڕاسەن، یا قسەی ناسەن
دیارەن کەردەی چەپگەرد هەر پاسەن

ئەم شیعرەشی بۆ دۆستێکی ناردووە و یادی ماوەیەکی کردووە کە پێشتر لەگەڵی بۆ کەژوانی و ڕاو چووە. مامۆستا مەلا کەریم لە پەراوێزی لاپەڕەی ٥٠٧ دیوانەکەی مەولەویدا، کە خۆی پێدا چووە و لە بەغدا چاپی کردووە، دەفەرمویٚ بۆ شێخ یۆسفی نۆسمەیی نووسیوە. بەڵام لە چەند جونگدا، ئەحمەد بەگی کۆماسییان ناو بردووە و وێدەچیٚ ئەم قسە ڕاست بیٚ؛ لەبەر ئەوەی هەر لە بەیتی سەرەتادا، بە «خاڵۆکەم» ناوی دۆستەکەی دەبا؛ کە خاڵۆی کۆماسی یان ئەحمەد بەگە:

هانا های ویەرد، هانا های ویەرد   خاڵۆکەم! زمسان هانا های ویەرد
وەهار هەوای بەرد جە سەرزەمین بەرد   تۆمەی گوڵاڵان وە جۆی وەرد ئاوەرد
سۆزەی با وە خەت نەونەهاڵان دا   سەدای مەڵای حاڵ دڵ مەلالان دا
سوب شنەی نەسیم دەس جەویٚ وەردا   بۆی وەرکەمەر شەند وە وەرکەمەردا
چون دوو نە دەروون پەری خاوێران   تەم جەم بی نە ڕووی یاوان تاوێران
سەفای سەیرانگای سارا و سەر هەردان   مەناڵۆ پەی بەزم جەرگەی هامفەردان
من خو دوور جە تۆ چون مەردە مەردە   هەر هام نە خەیاڵ ساڵ ویەردە
ئەساسەی نەچیر ماوەردم پەرێت   وێت تەیار مەکەرد، چون کیٚ؟ هەرچون وێت
مەوینای ڕەزن مادەنی و کانی   مانی وە سەنعەت سەلیقەی «مانی»
سوب نە جاسووسگەی ملە و سەربەرزان   چون سۆمای خورشید شەوق مەکەرد هەرزان
مەشانای وە پێڵ لوولەی دوور مەنزڵ   مووسەوی سەرتەڵ کارخانەی مووسڵ
خارا و خانان تاق، قوول و لوول وەردە   چون نیگای دڵبەر هەزارە کەردە
دروستی و هەڵمەت قەزا و خەیاڵ تەور   نار و ناڵە و دوو ڕەعد و بەرق و هەور
وەش دەماخ دڵشاد بەو شکڵ و شێوە   پێوە وە جەستەی سەد سەودا پێوە
خاوخاو پەی نەچیر چەم وە نیگاوە   تەک مەداین وە لای کۆی ئاتەشگاوە
من مات و بیٚدەنگ بیٚسەدا و ناڵە   یەکیٚ بیم چون سەنگ قوللەی قەرزاڵە
تۆ کەڵ‌گەل، گەل‌گەل، وە چەم مەکەردی   پاریز وە پای ڕێز ئەستەم مەبەردی
مەگرتی شنۆی هەناسەت بیٚدەنگ   دوو حاچەی چەتاڵ مەنیای نە ڕووی سەنگ
مشت گرت و دیا و ئیشارەی ماشەک   تەقها و پێکیا و کلافەی کەڵیەک
هەر لا هۆش مەدای گۆش وە سەداوە   هەر سەنگیٚ پەی وێش دەنگی مەداوە
بازە پڕتاو کۆ چون تەل مەوەرد   هەر بەرد بی نەو هەڕد مەهەڕد وێنەی گەرد
دمای ئید دڵ کەرد جە نەچیر حاشا   هەر سات مەکەردم نەوعیٚ تەماشا
لەرزەی سەد تەرزەی سەوزەی دیاران   خەندەی شکۆفەی نەمامان داران

شـــنیای هــەلالان وە گۆشـــەی نـــووردا پەخش بی چین-چین وە ڕووی چنووردا
شادی و وەشی و عەیش، چـەم و خـەم جـەم بی چێوێ جە لامان کەم بی هـەر خـەم بی
ئیـــسە وە ئەڵـــماس دووری دڵ کـــاوام مـــەلال بـــەدحـــاڵ «ئـــەردەلان» مـــاوام
نــە ئــەو ســەفا و ســەیر نــە تــۆ دیــاری ســـا بـــۆ بـــسانە و زام نـــەبۆ کـــاری

ئەم شیعرەشی بۆ دۆستێکی تری بەناوی شێخ عەزیزی جانەوەرە نووسیوە؛ کە بۆ بانە ڕۆیوە:

ئـــازیز! دیـــارەن، وادەی لوامـــەن ئـــەلوەدای ئـــاخر ئـــەوە و نامامـــەن
دەوڵــەتەکەی وەســڵ پــا نــە زەواڵــەن جـاریٚوتـەر دیـدەن بـالات مەحاڵـەن
ســـا دڵـــم وەش کـــەر وە ئیلتفاتـــیٚ بدیـــە وە لاوە، بوینـــووت ســـاتیٚ
بـــا بـــەیۆ شـــنۆی شـــیرین ڕازەکـــەت گـــۆش دەرۆ لادیٚ مەینـــەت گازەکـــەت
ئـــاخر ســـەفەرەن، ڕا خـــەیلیٚ دوورەن مـــەنزڵ بـــیٚ پایـــان تۆشـــە زەروورەن
دینت تۆشەی چەم، مـەیلت تۆشـەی دڵ ڕازت تۆشـەی گـۆش مـەنزڵ وە مـەنزڵ
کـیٚ زانـو چـۆن بـۆ ئـەی دنیـای بـادی؟ بـــا بـــەیۆ نەبـــەین گـــەردەنازادی
مـن شـەویٚ ناڵـەم جـۆش ئـاوەردە بـۆ سـەگ ئاسـتانەکەت بێـدار کـەردە بـۆ
یـا ناسـتەبـۆ سـەیل دیـدەم نـەفەسـیٚ نەسـیم گـەرد پـات بـەرۆ پـەی کەسـیٚ
جـــەمینت زەحمـــەت نیگـــام کێـــشابۆ کـــەف پـــات وە خـــار مـــوژەم ئێـــشابۆ
یـــا کـــەردەبۆ دڵ دێوانـــەی دڵـــتەنگ وەخـت نیـشانەی دڵان پـەی خـەدەنگ
پەلەپـەل پـەی زەوق زامـیٚ وە تـیرت ئـازار دابـوو تـای زولـف زەنجـیرت
یـاخۆ تـۆ دابـۆت وە دڵ مـەزەی مـەرگ تـیر خـەدەنگت دابـۆ نـە تـۆی جـەرگ
یـــا مـــەردەبۆت دڵ دێوانـــەی دڵـــگیر جـە تیرئەنـدازی کـەردەبۆت تەقـسیر
یـــا نـــەدابۆت تـــۆز گـــەرد پالاکـــەت پەریٚ سورمەی چـەم سفتەی بالاکـەت
تـۆ بۆیـەر جـە مـن، مـن زوو ویـەردم هیممـەت بـۆ، هـاژار مـەحروومی وەردم
چەپ گەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد وە زاهـیر «بانـە»ش وە بەهانـە کـەرد
تـــا فەلـــەک لێمـــان وە بەهانـــە بـــۆ ئـەر سـەد بانـە بـۆ، بـاز شـوکرانە بـۆ
ئـەر فرسـەتش دا پـەی دڵ خـەمینت عـومریٚ دووبـارەن جـاریۆتـەر دینـت
وەر ناســتش، ئــازیز! تــۆ وە ســلامەت دیـدەن ئـەو دیـدار کەوتـەن قیامـەت

سکاڵا

ئەی گرد مەوجوودیٚ جە تـۆ گـرت مایـە مـەوجوود هـەر تـۆنی، ماسـەوا سـایە
پەنهان بی تەنها وەحدەتت مـەوج وەرد پـەی شناسـایی زوهووریـوەت کـەرد

به وێت جەی عاڵەم بێ‌بەقای ناسووت   ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت،
بە سەدجیلوەی تەر بێ‌چوون و چەنی   شناسایی تۆم نمەبۆ هەنی
سەروەشم، بەی وەسف جەمالیتەوە   بازهەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە
ئەر هەر بەو عادەت سەروەش نیگاران   پەی فەنای یەکسەر خاتر پڕخاران
چار نییەن جە دەس جیلوە نەکەردەن   بسمیللا ئەو تیخ، ئەو کەچی گەردەن
یا گێوتەر نییەن داد وێم کەروون   جە دەس تۆ بێدار وە لای کێ بەروون
واوەیلام بێ‌حەد، زاریم بی‌شۆمەن   جە لای تۆ فەریاد جە دەس تۆمەن

بەهارانە

وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران،   نم‌کەوت نە دیدەش چون شەوبیداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەلالان   سایە بەستەوە خەمەی گوڵالان
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ   مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ
چون دێوانەی شۆر ئازیز نە سەردا   شەتاو سەر هۆرگرت وە دەشت و دەردا
تووڵانی چون هیجر خاتر پڕدەردان   ڕەوان وێنەی وەسڵ گەردەن بێ‌گەردان
های جە شنۆی وەش ڕۆحئەفزای کاوان   ئای جە شاخەی تاف ساف سەراوان
نەک چون تاف چەم پڕ ئەسرین چەرخ   باریکەلا چەرخ، هەی ئافەرین چەرخ
چەنی جە هەستی وێت تەواساییت   چەنی جۆش عشق مەجنوون‌ئاساییت
بدیە چون هۆردان وە نام و نەنگدا   بێ‌پەروا مەدۆ وە ڕووی سەنگدا
های ساقی هەڵای سەرمایەی خامی   نمەدۆم وە دەس ڕای نیکنامی
باوەرە وەش ـ وەش سادەی هەی پەی کەی   تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی
مەوجش بنچینەم بدۆ وەهەمدا   هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەمدا

* * *

دڵە چەند مەستیت جەم بی نەسەردا؟   چەندت کار ئاروت وستە و ڕۆی فەردا؟
شەرتێوەم نییەن جە بێ‌شەرتی تۆ   ڕووسیای تۆبەی سەد فەردا نەبۆ
نەکەفتی ئەورا پەی حەق‌پەرەستی   تابی وە هەمتای مەستی پای سستی
پیری حەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن   پەی دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن
سەروەخت ئەدای ئەمانەتمەن   نەشر سیاهەی خەیانەتمەن
موغەننی تەنخوای من وە سەدایێ   وەی چەند فەردەوە هۆردەر نەوایێ
یاڕەببی نەی شەو تاریکەی فانی   هەر تو وە کەردەی بەدێم مەزانی

ئـای سـوبح مەحـشەر سـەرئەفکەندە وێم شەرمەندەی حـوزوور خـودا و بەنـدە وێم
بە ڕەحمەکەی وێت فـەرد تـەنیای تـاک بەشـق مەشـق عەشـق دڵـپاکان پـاک
بـــەو فەســـڵ فـــیراق خـــاتر پـــڕخاران بـــەو دیـــای دمـــای یـــەکتری یـــاران
ئـەر سـەد تـاوانم جـە حـەد ئـەو دەرەن دەفتـــەرم جـــە ڕووی وێم ســـیاتەرەن
تـــو بۆیـــەر جـــە مـــن جـــە پـــڕ ئینـــسافی مـــن ڕووزەردی وێم کافییـــەن کـــافی

دیوانی مەولـەوی، چـاپی بەغـدا، ١٣٨٠ ک. م. *العقیـدةُ المرضـیة*، چاپی قاهیرە. *مشاهیر الکُرد*، ب٢، ل٢٣. چەند جونگی دەسنووس.

میهری موزووری

موحەممەد سەعیدی میهری، کوڕی مەلا عەبدوڕڕەحمان و کوڕەزای عەللامە مەلا یەحیای ئامێـدی (عمادی) موزووری، ساڵی ١٢١٠ ک. م. لە ئامێد هاتـە دنیـا و ساڵـی ١٣٠٠ هـەر لـەوێ، لـە دنیـا دەرچوو.

میهری مرۆیەکی هێژا بووە و بە زبانی کوردی کرمـانجی و فارسـی شـیعری گوتـووە و چـەن کتێبیـشی نووسیوە.

لە شیعرێکیدا غەزەلێکی حافیزی تەخمیس کردووە:

عشقاتەیە دیسا کوو دەدڵ بەستییە بونیاد ئەڤ عومرە مەبووری وە نەبوو بین ژ غەم ئازاد
لەو هەر سەحەر و شام مەکەین نالە و فـەریاد «پیرانە سرم عشق جوانی بـە سـر افتـاد»
«وان راز کە در دل بنهفتم بە در اُفتاد»

تالع د ئەزەلدا مـە سـیە بـووی ژ تەقـدیر قەت فایدە ناکـەن ژمـەرا چـارە و تـەدبیر
زوڵفاتە بە هەیبەت لەسەرا بەسـتییە زەنجـیر «از راە نظـر مُـرغ دلـم گـشت هـواگیـر»
«ای دیدە نگە کُن کە بە دامِ کە در افتـاد»

ساقی ژ لەتافەت بە مەدا وەعدە و میقـات دڵ ساکنی مەیخانەیە شـەیدایی بـوت و لات
دەرسامەوەسان دامە دوهـی پـیری خـەرابات «بس تجربەکـردیم در ایـن دار مکافـات»
«با دُردکشان هـر کـە در افتـاد ور افتـاد»

«میهری» ژ مە تەدریس و فەتاوا نەکەرن سوود عەکسا ڕوخی ساقی بودە نیڤ کاسەی زومڕود
خالا لەبی لەعلی تە مەکرد دانەیی مەقـسوود «حافظ کە سر زلف بتـان دستخوشـش بـود»
«بس طُرفە حریفی‌است کِش اکنون بە سرافتاد»

ئەمەش غەزەلێکی میهری:

جانا چە سەما بەستییە زولفاتـە بـە هەیهـەی
دیسا بە مە بەخشی ژ کەرامت قەدەحی مەی

خوەش بەسـتییە عیـشرەت ل تەماشـاگەهی ڕوخـسار
گەه نەشرە لسەر سەفحەیی سیمین وگەهی تـەی

ئەیڕۆ نەتەنی دڵ مـە دەبەنداتـە ئەسـیرە
پا بەستەیی زولفاتە نە هەر شاە و دوسەد کەی

جان مایە بە لەب دەرد و غەمان جۆشە لـە سـینە
ئولفەت ژ سەری لوتفی تۆ میزان بەمە ناکـەی

ئاهەنگی وسالاتە ل من خۆش کریە جـان
من سینە موهەبیایە تـژی چـەنگ و دەف و نـەی

ڕوخسەت بدە ئیرو ژ تـەرەحوم بکـەن ئیحـسان
ئەڤ کوهنە برینین مە ژ غەمزین تەدەڤین کـەی

«میهری» مەکە بەحسی سەرری زوڵفان تەمـەعی
ئەڤ قسسە دریژن بە سەرئەنجام تۆ نابەی

گۆڤاری *هەتاو*، ١٩٥٥ ز. س٢، ژ٤، ل٩.

شێخ تاها مەردۆخی

شێخ موحەممەد تاها، کـوڕی شـێخ ئەحمـەد، کـوڕی شـێخ موحەممـەد قەسـیمی مـەردۆخی سـنەیی، نیشتەجێی بەغدا و ناسراو بە «سنەیی‌زادە»، پیاوێکی زانا بووە و لە بەغدا دەرسی گوتـووە و ماوەیـەکیش لـە مووسڵ دادوەری کردووە.

لە کتێبەکانی: کتێبێک لە «*علم الحَدیث*»، کتێبێک لە ڕەدی خـاچپەرسـتیدا، «*هُـدی النّـاظرین فـی شـرحِ القسمِ الثانی من التّهذیب*»، «*رسالة فی وجوهِ النّظمِ و اعتباراتهِ*».

زا و مەرگی شێخ موحەممەد تاها، ساڵی ١٢٣١ و ١٣٠٠ ک. م. ڕوویداوە.

ایضاحُ المَکنوُن، ب٢، ل٧٢٤. *هدیّةُ العارفین*، ب١، ل٤٣٣.

حەیرانی سنەیی

شێخ موحەممەدی «فخرُالعُلَمـا»، نازناو «حەیران»، کوڕی شێخ ئیمامەدین، کوڕی شـێخ موحەممـەد، کـوڕی شێخ موحەممەد جەسیم، کوڕی شێخ مەحموود، کوڕی شێخ ئەحمەدی عەللامەی تەختی مەردۆخی، لـە زانایان و وێژەوانانی گەورەی دواییەکانی چەرخی سێزدەیە کە لە زمان و وێژەی عەرەب و فارسدا، نـاوازەی شاران و بۆ وتاردان و نووسین، بە شیعر و پەخشانی عەرەبی و فارسی و کوردی، هەڵکەوتەی ڕۆژگاران بوو.

شێخ ئیمامەدینی بابیشی پیاوێکی زانا و لە گوتنی شیعری کوردیدا زۆر بە دەسەڵات بووە؛ کە لـە ئـاوایی «دژن»ی ناوچەی بێڵەواردا ژیاوە.

حەیران، هەر لەو گوندە هاتۆتە دنیا و لە قوتابخانەکانی کوردستان خوێندوویە و لە زۆربـەی زانـستەکاندا، شارەزاییەکی تەواوی دەسکەوتووە و ئەوجار بە ماڵەوە چۆتە شاری سـنە و سـەرەنجام شـەوی دووشـەمبە، پێنجەمی ڕەبیعی‌ئەوەڵی ساڵی ١٣٠٠ ک. م. لەو شارە دنیای بەجێ‌هێشتووە.

شێخ موحەممەدی حەیران مامۆستایەکی پایەبەرزە کە زیاد لە پلە و پایەی زانستی، شیعر و پەخشانی زۆر سەرکەوتووە و لە وردبینی و دەمپاراوی و ڕەوانبێژیدا کەموێنەیە. هیدایەت لە ژینامەی «*مَجمَع الفُصحا*»دا، لە بارەی حەیرانەوە وا ئێژێ:

«شیخ محمّد فَخرُالعُلَما، خلف شیخ امام‌الدّین، از فضلا و شعرا و اُدبا و موَحّدان از مُعاصرین است و اگر خدمتش روزی نیفتاده، از تذکره‌ای که میرزا عبدالله رونق جمع کرده، کمال تمجید و نهایت تجرید وی مُبرهن می گردد. در نظم و نثر تازی و پارسی و حکمت الهی و طبیعی ماهر است. منظومه‌ای دارد به نام *مُرشِدالعُشّاق*، که در آن تحقیقات فاظلانه نموده است...»

واتا: شێخ موحەممەدی فەخرولعولەما، جێگری شێخ ئیمامەدین، لە شاعیران و وێژەوانان و خواناسانی هێژای هاوچەرخە کە ئەگەرچی خزمەتی نەگەیشتووم، بەڵام بە ژینامەکەیدا کە میرزا عەبدوڵڵای ڕەونەق کۆی کردۆتەوە، ئەوپەڕی پایەبەرزی و تاقانەیی وی دەردەکەوێ. لە شیعر و پەخشانی عەرەبی و فارسی، حیکمەتی خوایی و سروشتیدا شارەزایە. هۆنراوەیەکی هەیە بە ناوی «*مُرشِدالعُشّاق*»، کە تێدا کرۆکاشی هێژایانەی کردووە...

چەند نموونە لە شیعری فارسی حەیران:

کُشت زخم روزگارم چون نزارم — چون نزارم کُشت زخم روزگارم
گوئیم کز کف زمام صبر مگسل — گر به کف باشد عنان اختیارم
بختم از در گر برآید بار دیگر — بار دیگر افتدت بر در گذارم
با هنر گفتم بیا و بخت من بین — بخت بدبین کامد و من شرمسارم
کاش طالع را هنر بودی مداری — یا هنر را کس ندانستی مَدارم
جویبارم در کنار و تشنه مُردم — تشنه مردم، جویبار اندر کنارم
تا به کی در سینه سوز جانگدازم — تا به کی در پرده راز آشکارم
تا به کی دیروزم از امروز بهتر — تا به کی امسال ناخوشتر ز پارم
یا بنه پایی و خار از دل درآور — یا بده دستی و پای از گل برآرم

دوو بەند لە تەرجیع‌بەندێک:

بس که مُستغرق خیال توأم — بیخود از لذت وصال توأم
ای تو مولی و بنده‌ی تو جهان — اَحمدی کُن که من بلال توأم
تشنه لب جان سپردم ارچه مُدام — بر لب چشمه‌ی زلال توأم
پای دارم که بُردی از دستم — دست گیرم که پایمال توأم
عاقلی را به نیم جو نَخَرم — من که دیوانه‌ی جمال توأم

خواجگــان در صــف نعــال مَنَنــد — تــا مــن انــدر صــف نعــال تــواَم
دام نفکنـــده پـــای‌بنـــد تـــواَم — دانـــه ناچیـــده بـــسته‌بـــال تـــواَم
دلبـران گُـو کـه عـشوه نفروشـند — زانکــه مــن بیــدل از دلال تــواَم
فــارغ از قیــل و قــال شــاه و گــدا — ســر پُــر از شــور، از خیــال تــواَم
گر ضلال است مستی از می ناب — ســاقیا مــن در ایــن ضــلال تــواَم
حَسب حالی ز دوست می گوید: — مُطـرب ایـن نغمـه از مقـال تـواَم
کـای جهـان جلوه‌گـاه قـدرت تـو — هــر دو عــالم گــواه وحــدت تــو

ایـن همـه نقـش تـست مـی‌دانـم
لیـــک دَر معنـــی تـــو حیـــرانم

بـــاز در پـــرده داســتان تـــا کـــی — ســوختم، ســرّ جــان نهــان تــاکی
همه سر بـر خطیم و جان بـر کـف — جــور و بیــداد و امتحــان تــا کــی
از تـو یـک جلـوه و زمـا صد جان — نـرخ کـالای جـان، گـران تـا کـی
بگذر از عـار و ننگ و نـام و نـشان — مانــده در نــام و در نــشان تــا کــی
از کمنـــد زمانـــه بیـــرون شـــو — دسـت و پـا بـسته‌ی زمـان تـا کـی
هفتـه و روز و سـال و مـاه گذشـت — پنـد پیـران شـنو، جـوان تـا کـی
پیـــشرو بـــاش و تیزگـــام بـــه راه — مانـــده دنبـــال کـــاروان تـــا کـــی
جام خـود گیـر و جـای خـالی کـن — زحمـت بَـزم مـی کَـشان تـا کـی
دَر بهـــاران گُلـــی بچـــین و بـــرو — تکیـه بـر موسـم خـزان تـا کـی
گـاه مـست سـرور و گـاه غُـرور — گـه چنـین و گهـی چنـان تـا کـی
پنبـه از گـوش جـان نکـو بـردار — غافـل از فهـم ایـن بیـان تـا کـی
کـی جهـان جلوه‌گـاه قـدرت تـو — هــر دو عــالم گــواه وحــت تــو

ایـن همـه نقـش تُـست مـی‌دانـم
لیـــک در معنـــی تـــو حیـــرانم

از جفاهـــای یـــار جُـــز بـــر یـــار — ناکـسم گـر بـه کـس بَـرَم زنهـار
بگرفـــت از ســـپهر زنگـــاری — بـــاز آیینـــه‌ی دلـــم زنگـــار
چـون کـنم آرزوی روی کـسی؟ — کـــارزو را نـــداده ره بـــه کنـــار
ای تـــو را آســـتان مـــدار جهـــان — وی تـــو را آســـتین جهـــان مـــدار
دســت مــا را بــر آســتان بــستند — دســتی از آســتین غیــب بــرآر

بیخـود از بـاده مـی‌دویـدم دوش — تـا بـه دیـرم دراوفتـاد گـذار
پیـر دَیـر از درون صـلا در داد — کای تو ناخوانده، سر بـه خانـه درآر
سـر درون بُـردم از در و دیـدم — خلـوتی خـاص و خـالی از اَغیـار
یـار در جلـوه بـا هـزار شـؤون — گـاه بـا سُـبْحه، گـاه بـا زُنّـار
نقـشها مختلـف، سـیاه و سـفید — جمعهـا مؤتلـف، مـشیر و مُـشار
معنـی انـدر مقـام خـود یکتـا — صـورت انـدر لبـاس خـویش هـزار
من به حیرت چه خلوت است و چه جمع — من به دهشت چه وحدت و چه شمار
ناگهم بـی‌حروف و صـوت، شـنید — گـوش جـان، ایـن ترانـه از لـب تـار
کـای جهـان جلـوه‌گـاه قـدرت تـو — هـر دو عـالم گـواه وحـدت تـو

ایـن همـه نقـش تُـست مـی‌دانـم
لیـک در معنـی تـو حیـرانم

چوارینه‌یه‌ک به جیناسی ته‌واوه‌وه:

در عـشق تـو ای نگـار انـدر نـارم — در نـار همـی‌سـوزم و دم در نـارم
تـا دسـت بـه گـردن تـو انـدر نـارم — آغـشته بـه خـون چـو دانـه انـدر نـارم

* * *

بـر لبـت لـب نرسـد تـا بـه لـبم جـان نرسـد — بـیم آن اسـت کـه ایـنم برسـد وان نرسـد
گر به پایت نرسد زُلف نه از کـوتهی اسـت — سر این رشـته دراز اسـت و بـه پایـان نرسـد

وێنه‌یه‌ک له په‌خشانی فارسی حه‌یران؛ به‌شێ له نامه‌یه‌ک کـه بـۆ شـێخ یۆسـف، موده‌ڕڕیـسی سـنه‌یی نووسیوه:

«جناب شیخ مُدرّس که یوسف‌بن یعقوب است و مطلوب و محبوب این منسوب، نمی‌دانم از چاه محراب و مسجد که برآمد شاه کدام مِصر، یا ماه کدام قَصر شد، یا اِخوان خُوّان در حدیث «یَرْتع و یَلعب» است یا با عزیزان بُلدان از جَور اخوان در مهرب، قاضی راستانش برده یا گرگ داستانش خودره، ریزه‌خوار خوان کریم ابن‌الکریم است، یا از دوده‌ی عَلامه‌ی قَسیم؟ آیا اَصحاب صفا به وعده وفا می‌نمایند، یا همچو ابنای دهر و اَخلّای شهر، راه جفا پویند و شیوه‌ی بی‌مهری جویند؟ هرکجا هست خدایا به منش بازرسان؛ که با سرکار امین در غمِ او نشسته‌ایم و به انتظار، چشم به راه بسته‌ایم. والسّلام.»

له شیعره عه‌ره‌بییه‌کانی حه‌یران، هۆنراوه‌یه‌ک له به‌حری ڕه‌جه‌زدا ماوه‌تـه‌وه کـه بـاس لـه حیکمـه‌ت و بناغه‌ی دین ده‌کا و له بنه‌مادا په‌خشانێکی شێخ ئه‌حمه‌دی ئه‌حسایی، پێشه‌وای جه‌ماعه‌تی شێخییانه. ئه‌وا چه‌ند به‌یتی سه‌ره‌تای:

وَ بَعْـــدُ فالخـــائضُ فـــی التَّـــدْوین «مُحَمَّـــدٌ نجـــلُ إمـــام الـــدّین»،
یَقُـــــولُ إنَّ هـــــذه مُبَـــشّرَه ضَـــمَّنتُها الكَواكـــب المُنَشـــرَه
أنوارُهـــا تَفـــوُقُ نُـــور بـــدْر إشْـــراقُها یُعطـــی انْـــشراحَ صَـــدر
تَلْعَـــبُ بالـــشَّمس لـــدی الإشْـــراق لعـــبَ الـــصَّبا بـــالورد والأوراق
وَ هـــذه الفوائـــدُ الَّتـــی بهـــا یَظْهَـــرُ نُورُالْحـــقّ مـــنْ مغربهـــا
دقـــایق أتـــی بهـــا بـــدارا قُطْـــبٌ عَلیْـــه كُـــلُّ فَـــضْل دارا
مَنْبـــعُ أســـرار التُّقـــی فـــی المـــذهب مـــشرق انـــوار الهُـــدی مـــنْ مغـــرب
عُقْـــدَةُ أهـــل الحَـــقّ حلَّـــت بیَـــده شـــمسٌ تُـــزیحُ الیـــومَ ظُلْمـــات غـــده
بـــدرُ الظَّـــلام، مَبْـــدَءُ الأضـــواء صـــدر الكـــرام «احمـــدُ الإحـــسائی»
لا زالـــت النُّفـــوسُ منْـــهُ كاملـــه وَ بَركاتُـــــهُ عَلینـــــا شـــــامله
نظـــمٌ لنَشْـــر مَتْنهـــا عیانـــاً مُوشَّـــحٌ بـــشرحها أحیانـــاً
یَـــسهُلُ حفْظُـــهُ عَلَـــی الطُّـــلاب فهـــا یَقـــولُ أوَّلَ الكتـــاب

حەیران لە سەرەتای لاوی و کاتی خوێندن لە سنەدا، دڵی ئەچێتە سەر کچی هاوسایەکی خاچپەرستیان و ئەمیش وردە- وردە ئەنیشێتە دڵی کچەکەوە. ماوەیەک ڕادەبرێ و ئەو دوو ئەویندارە هـەژارە، لـە ترسی تانەی دۆست و دژمن، ناوێرن تەنانەت ساتێکیش بووە، پێکەوە دانیشن و هێندێک بـە دیـداری یـەک بحەسێنەوە. وای لێ دێ لە تاوی گڕی بەتینی ئەو خۆشەویستییە، حەیران نەخۆش دەکـەوێ و ئەکەوێتـە ناو جێ و لەوەش دەکەون کە جاروبار، لە دووریکەوە چاوێکیان بە یەک دەکەوت. حەیران لەو حاڵـەدا و بـە ناچاری، بۆ دامرکاندنی کوڵی دەروون، دەست بۆ قەڵەم دەبا و بۆ یەکەم جار، بەزبانی کوردی گـۆرانی -کـە زمانی دڵی بووە- شیعر دەڵێ. بەڵام، وەک دیارە، لە کاتی هۆنینەوەی ئەم شیعرانەدا وا نوقمی بیری پـڕ لـە ناسۆری خۆی بووە، تەواو ئاگای لە دنیا بڕاوە و قسەی وای بۆ هاتووە، تـاکپەرستان بـۆنی کفـر و شـەریک دانان بۆ خوایان لێ بیستووە؛ هەرچەند بۆخۆی لە کۆتاییدا، بەرپەرچی خۆی داوەتەوە و تۆبەی کردووە.

شیعری گۆرانی سەردەمی هەرزەکاری حەیران، کە لە دڵیەوە دەرهاتووە، بـە دڵـەوە دەنیـشێ و لەسـەر خوێنەر کارتێکەرییەکی تایبەتی هەیە. ئەوا بەشێکی:

ئـــازیزم! بەســـتەن، ئـــازیزم! بەســـتەن جـــەو ســـاوە نـــەرات زوننـــارم بەســـتەن
شیشەی نام و نـەنگ تـەقوام شکەسـتەن ئـەعزام وە بـادەی مـەیل تـۆ مەسـتەن
ئـــەزانم ســـەدای ســـەودای باڵاتـــەن قەدقامـــەتم زکـــر خـــاڵ ئاڵاتـــەن
تـــاوە زوڵـــف و ڕووی تـــۆ تەماشـــامەن ئـەدای نمـای فـەرز سـوبح و عیـشامەن
سەججادەم وهون زامت ڕەنـگ کـەردەن سوجدەم وە میحراو ئەبرووی تـۆ بـەردەن

ئەدای زەکاتم نسار ڕۆحەن وە خاکپای تۆ هەزار فوتۆحەن
ڕۆچێم تەرک زەوق کامگارییەن ئیفتارم وە زووخ زام کارییەن
حەججم، تەوافم، ئەر شەون، ئەر ڕۆن هەوای گەشت و گێل ئاسانەکەی تۆن
تەبل ڕسواییم نە هەر جا ژنیان نامەی بەدناویم پەی گرد کەس ونیان
پەردەی ئابڕووم سەدجار دڕیاوە تاسم نە بازاڕ عالەم زڕیاوە
هونم جە قازی، جە حاکم، جە شێخ واجب مەزانان بڕێزان وە تێخ
ئازیز سا وە ڕەغم قەول خاس و عام جە داخ تانەی مەردم ئەییام
شەرت بۆ کامین شەرت؟ شەرت هەرجاران شەرت عاشقان، جان فدای یاران
تا زەڕڕەی جە تەن مانۆم نەفەسێ گۆش نەدەم وە حەرف واتەی هیچ‌کەسێ
ئی مەیل، ئی مۆبەت، ئی شۆرش دڵ هەر ڕۆ فێشتر کەم تا وە سەرای گڵ
ئەر عالەمتەمام وەنەم بیان جەم بەند بەند ئەعزام جیا کەن جە هەم
ڕەگ‌ڕەگ بپێکان وە قەنارەوە ئاوێزانم کەن وە سێدارەوە
جاڕ بدەن وە ناو کووچەی شاراندا وە عیبرەتم کەن وە بازاڕاندا
شەرت بۆ هەرساعەت، مەیلت زیاد کەم خاترم وە عشق باڵای تۆ شاد کەم
تەرک وەفا وە بەین جن و بەشەر کەم وە یاد باڵای تۆ ڕوو وە مەحشەر کەم
قیبلەم، کەعبەکەم، ئیمانم، دینم عومرم، زندەگیم، ژیانم، ژینم
مەلایک شێوەی حۆری سرشتم ئارەزووی دونیا و قیامەت گشتم
بێ‌باکی وەسەن، غوروور کافییەن جی دما جەورت بێ‌ئینسافییەن
قوربان تۆ بە عشق ئەووەڵ جارینت بەشق سۆز عشق گەرم پارینت
بزان جانفدام، ئیمتحان، تا کەی وێنەی من عاشق سەرگەردان تاکەی
عاشق جە ڕای دۆس مەیلش گیانی بۆ حەیفەن دۆس مەیلش وە زوانی بۆ
عەرز حاڵ وێم وە لات ئاوەردەن دەرد جە حەکیمان چون پەنهان کەردەن
حەیفەن جوانێ سەد حەسرەت نە دڵ ئارەزووش ڕێزۆ نە سای سەرای گڵ
جە زووخ زامت ڕەنگ گیرۆ کەفەن تویچ جوانی سەد ئارەزووت هەن
من خۆ ئیختیار بەرشی نەدەستم سا عالەم زانۆ سەنەم پەرەستم
وە بادەی مەیلت مەست ئەلەستم دونیا مەزانۆ سەنەم پەرەستم
سەر حەڵقە نشین بەزم مەیخانە تەرسا پەرەستم، کلیسا یانەم
سەرنوشت وێم بۆت‌پەرەستم کەرد ساقی وە مەی عشق ناگا مەستم کرد

مــن بەدسرشــتم ســا چــارەم چێــشەن	خــۆ سرشــت گــشت وە دەســت وێــشەن

ئەمەش نموونەیەک لە پەخشانی عەرەبی حەیران کە بە بۆنــەی لــە دنیــا چــوونی مامۆســتا و زانایــەکی گەورەوە، وەکوو سەرخۆشی، بۆ کەس و کاری نووسیوە:

بَیْنا أنا فی مرصد منَ الخُمُول، أتَرَصَّدُ النُّزول، نُزولَ البَشیر، بانْجلاء قَمَر مُنیر، أتَقَلَّـبُ فـی الأوصـار، طـوراً إلَـی الإدْبار، تارَةً حَوْلَ الرَّجاء طائفاً، و أخْری منْ نُزول البَلاء خائفاً، إذْ أظْلَمَ الدَّهرُ عَلی غفْلَـة مـنَ الأهـل، وَ أنـدَكَّت الجبالُ فَخَرَّتْ عَلی السَّهل، انْتَثَرَت[1] الکَواکبُ مَدَّ النَّظَر، وَ سُدلَتْ أستارُ الغَیاهب وَ انْضَمَّتْ عَلـی عـشاوَة البَـصر، فَما دَرَیْتُ ما هذه العَلامَةُ؟ هَل قامَت القیامَةُ؟ أمْ سامَتْ زَلْزَلَةُ السّاعَة فناءَ ذَوی المجد وَ الکَرامَة؟ فَتَرَقَّبْتُ الساعی، وَ استهمْتُ فَإذا النّاعی، وَ لَمّا أنْ جاءَ البَشیرُ بَشَّرَنی بالعذاب، وَ ألقی إلَـیَّ الکتـاب، فَـشَخصَ فـی الـسّاعَـة البـصرُ، حَیْثُ نَظَرَ فیه وَ أبْصَرَ، إنَّ شَمْسَ الفضائل تَوارتْ بالحجاب، وَ کتابَ النّـاطق سَـکَتَ عَـن الخطـاب، وَ أنَّ مُفَـرّقَ الجماعَة، هَجَمَ علی صاحب ألْویَة البَلاغَة و الیَراعَة، فَرَجَعَ إلـی مـولاهُ، وَ أجـابَ داعیـهُ اذْ نـاداهُ، وَ الَّـذی غَیَّـب شَمْسَهُ، وَ هَذَّبَ رَمْسَهُ، فَفَضَّلَ تَرحالَهُ عَلی إقامَته، و جعَلَ الجَدَثَ خَیْرَ مَنْزل لجوهَر قامَتـه، لَـسْتُ اُحـبُّ الحَیـوةَ بَعْدَهُ، و لا أبْغی الزَّمانَ نَحْسَهُ و سَعْدَهُ، وَ لم یبقَ لی بمَرْعی الدَّهر وَسیلة إلَی الإنتجاع، سـوَی الاسـترْجاع، غَیْـرَ اَنَّ ثَباتَ مَرکز دوائر آلفُتُوَّة و المُروَّة، و محرَز حَظائر الرّسالَة، أعنی حَضرَتَکَمُ االعَلّیة یُسَلّینا، فَـلا زالَ قائمـاً بالقـسط وَ العدل فینا، وَ ماداً ظلالَ عنایته عَلینا ما بقینا، وَ لَمّا تَعَسَّرَ تَشَرُّفُ شفاهنا بلَثم سُدَّتکُمْ العَلیة، الَّذی کانَ فی هذه النّـائبَة عَلینا کَأداء الفَریضة، تَرَکْنا حُسْنَ الأدَب، وَ عَملْنا سوءَهُ بتحریر هذه العَریضة، وَ المَرْجُـوُّ مـنْ کَـرامَـة أخْلاقکُـمُ الصَّفح الجَمیل، فاصفحْ عَن الغافلین، وَ أعرضْ عَن الجاهلین، وَ منْهُمُ الحَقیرُ المُسْتَکین، مُحمّدُ بْنُ امام الدّین.

ئەم چوار بەیتە کوردییەش هی حەیرانە:

پەنجــەرەی ئــەیوان شــەرقیش وەســەردا	ڕۆیــــیٚ جــــە ناگــــاه ســــوبح ســــەحەردا
خێــــزا واوەیــــلای گــــرۆی مــــوجرمین	هەوادا پەردەی ڕووی سەفحەی جــەمین
وەک نــــوون ئایــــەی «وَ مــــا یَــــسْطُرُون»	دوو قەوس مشکین سیمای ســەرنگوون
هــــا وە قــــەزاجۆی ڕۆی ئەلەســــتەوە	کچــــە وە بــــالا دیــــدەی مەســــتەوە

حدیقەی امانُ اللّهی، رونق، ل١٥٣–١٨٧. *مجمعُ الفُصحا*، هــدایت، ب٢، ل١٠٢. چەنــد جــونگی دەســنووس.

مەلا مەحموودی بایەزیدی

زانایەکی توێژەر و ڕۆشنبیر، خەڵکی «بایەزیــد»، لــە کوردســتانی بــاکوورە کــە دەوری ساڵــی ١٧٩٧ ز. لــە

---

١. ئاماژە بە ئایەتی دووهەمی سوورەتی ئینفیتارە (و إذا الکواکب إنْتَثَرَت: کاتێکیش ئەستێران وەرین). واتا ڕۆژی جزیا.

دایکبووە. مەلا مەحموود، بێجگە زمانی خۆی، عەرەبی و ترکی و فارسیشی زانیوە و وازێکی زۆری لە قورئان و تەفسیر و فیقهـ بووە؛ ماوەیەک لە بایەزید دەرسی گوتۆتەوە و بەرنوێژی و ڕێنوێنی خەڵکەکەی کردووە؛ بەرهەمێکی زۆر لە شیعری شاعیرانی فارس و عەرەب و ترکی کردۆتە کوردی و هەروەها لە مەڕ نووسین و کۆکردنەوەی ڕێزمان و مێژووی کوردەوە، خزمەتکی زۆری کردووە.

ئەلیکساندر ژابا، کوردشناسی ڕووس ـ کە ماوەی ٢٣ ساڵ کونسوولی ڕووس لە شاری ئەرزڕوومی عوسمانی بووە ـ لەگەڵ مەلا مەحموود ئاشنایەتی و دۆستایەتییەکی تەواوی دامەزراندووە و لە زانیاری مامۆستا سەبارەت بە زبان و مێژووی کورد، زووری بەهرە بردووە و بە یارمەتی ئەو توانیویە ژمارێکی بەرچاو لە دەسنووسە نایابەکانی کوردی، بۆ مووزەی ئاسیایی شاری سەنپترزبوورگ کۆ بکاتەوە.

مەلا مەحموود هەرچێکی لەمەڕ کورد و کوردستانەوە نووسیبوو، لە ساڵەکانی ١٨٥٨ و ١٨٥٩ ز. کۆی کردنەوە و ژابا ئەوانەشی نارد بۆ ڕووسیا و ئێستاکە هەموویان، هەر بە خەتی نووسەرەکەی، لە سەنپترزبوورگدا هەڵگیراون.

مەلا مەحموود، زۆرێک لەمەڕ چیرۆک و مەتەڵۆک و ڕاز و حیکایەتە فولکولورییەکانی کوردیش کۆڵیوەتەوە و سەردەمێک سەرجەمی کارەکانی لە پێشدەستی ژابا ڕاناوە و ئەویش کردوونیە فەڕانسی و ساڵی ١٨٦٠ ز. لە چاپی داون.

ئیتر لە کارەکانی بایەزیدی، کتێبی داب و دەستوور و ڕێ و ڕەسمی کوردانە بە ناوی: «*عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادیە*»، کە م، ب، ڕودینکۆ، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، دەقی کوردی و وەرگێڕاوە ڕووسییەکەی، بە پێشەکییەکەوە، بۆ ناساندنی مەلا مەحموود و کار و بەرهەمەکانی، کردە کتێبێک و ساڵی ١٩٦٣ ز. لە مۆسکۆ چاپی کرد.

مەلا مەحموودی بایەزیدی تا سەرەتاکانی چەرخی چاردەی کۆچی ژیاوە.

مێژوو، دوکتور کەمال مەزهەر، ل١٢٦-١٣١. پێشەکی *شەرەفنامەی بدلیسی*، وەرگێڕاوەی مامۆستا هەژار، چاپی دووەم، ل١٦٨ و ١٦٩.

سەید یەعقووبی مایدەشتی

کوڕی سەید وەیس، خەڵکی گوندی قومشەی ناوچەی مایدەشتی کرماشانە کە ساڵی ١٢٢٨ ک. م. لە دایک بووە و ساڵی ١٣٠١، یان بە قسەیەک ١٣٣٤ لە دنیا چووە.

سەید یاقوو پیاوێکی هێژا بووە و زبان و وێژەی کوردی و فارسی باش زانیوە و شیعری جوانی هۆنیوەتەوە و چەند هۆنراوە، چیرۆک و حیکایەتی، بە نازناوی «سەید»، لە خۆوە بەجێهێشتووە. ساڵی ١٢٥٠ ک. م. بۆتە نووسەر و هاودەمی حەمەحەسەن خانی کەلهوڕ و تا ژیاوە لای بەرنەداوە.

دوو نموونە شیعری سەید:

زاهیــد! حەرامــەن. زاهیـد! حەرامــەن
زاهیــد! زنـــدەگی وە تـــۆ حەرامـــەن

نەشـــۆرت وەســـەر نـــەپات وەدامـــەن
نە هەرگیز مـەجلس عـشقت مەقامـەن

مەســـجد نـــشینی، دوور لـــە باســـانی
بێخـەوەر ژە ئـێش مـەزەی خاسـانی

تەماشـــای ئـــەبرۆی خـــەم نەکـــەردەنی
ژەو خەمـە، قامـەت چـەم نەکـەردەنی

ســـەیر نەکـــەردەنی گۆنـــای گولـــناری
ئاگـــا نیـــت ژە ســـۆز دەرد دڵـــداری

ژەرای دەرد عەشق گومـڕاهیت نییـەن
ســـوراحی وەدەس ســـوراحیت نییـــەن

ئـــەمینت نەدیـــەن وە تـــار شـــەوە
زیـــرەش مـــەوەرۆ دڵ وە غـــەشـــەوە

ئـــــازار و ئاهـــــەنگ قەتارەشـــــەوە
ســـڵێمان وەو ســـۆز کەمانچەشـــەوە

پەنجەی سەیمامـێ، تریکـەی تـەمور
نەغمەش دڵ مەکەی وە لانەی زەنبوور

ناڵـــەی موتربـــان نەکـــەردنی گـــۆش
مـــەردەی یـــەکڕۆژە بکـــەی فـــەرامۆش

خوسووس چەقوانـەی ڕەقـس ڕەزایـی
نـــە ڕەقـــس فارســـی، ڕەقس کـــەزایی

هـــەرگیز نەنـــشتی زاهیـــد! وە لاشـــان
نامـــان نـــە گۆشـــت دەنـــگ هەلاشـــان

ئەگـــەر بنیـــشی بژنـــەوی وە گـــۆش
حەقپەرەستی وێت مەکەی فـەرامۆش

ئەرتۆ وێنەی من، ئەی گشت ئەساسـان
تەماشـــا کـــەردی، نـــەویت هەراســـان،

لــە ئــەو بــەزمگاە هەراســان نــەویت،
سەر سوجوود بەردەی خاڵخاسان نـەویت،

ئەوســـا مـــەزانم حـــەقپەرەســـتەنی
لـــە حـــەقپەرەســـتان بالادەســـتەنی

هەرچەن تۆ شۆرت لە مـن بێـشتەرەن
تـــۆ بێـــشتەر جـــەرگت ڕێـــش نـــشتەرەن

سەوگەند وە تاق حـوجرەی دڵـتەنگت
وەو پـــێچ دەســـتار خاڵـــی ژرەنگـــت

ڕای ڕیوی و ئەنجیر[1] کەردەنی وە پێش
ئاغە تـۆ گـورگی، هـای لـە جەڵـد مـێش

ئێمە تـۆ وە یـەک مەکـەیم مەلامـەت
فـــەردا وەعـــدەمان ئـــەوڕۆی قیامـــەت

تـــۆ وە قَـــدْ قامَـــت زیکـــر نمـــازان
مـــن قـــەد و قامـــەت کەمـــەن درازان

هـــەرکام مـــەتامان مـــەگیریم وە دەس
ســـککەی قەڵـــبمان مـــەبۆ موشـــەخەس

ئیمـــڕۆ ڕاە تـــۆ دەرس ئیمانـــەن
فـــەردا مـــەزانۆ حـــەق وکێمانـــەن

فـــەردا مـــەزانۆ ئـــەو کـــەس شـــاهیدەن
حـــەق وە «ســـەی یـاقۆ» یـا وە زاهیـدەن

* * *

---

١. هێمایە بۆ ئەو مەتەڵۆکە دەڵێ: «ڕێوی دەستی بە هەنجیر نەدەگەیشت، ئەیگوت ترشە!».

شۆرێ وە سەرم کەوتیە لەم مەستی دوو چاوە
ڕوخسار تۆ وەک مانگە و زوڵفت وەکوو عەقرەو
ئەم خاڵ و خەتی دڵبەرە یا لەیل و نەهارە
چاوان نگارم وە سپاهی موژە ماچان
ماچان کە غەزاڵان چەرنی شۆرە زەمینە
دڵبەر! لە غەمت سەییدی بیچارە سەری شەو
«سەیید» وە کەلام غەیرخەتی ئەبرووی دڵبەر

هیچ جێگە نەنیشم مەگەر ئەو جێگە شەراوە
هەرچەن کە قەمەر عەقرەوە، ڕازیم وە قەزاوە
یا هەورە ڕەشەی پەردەکەشی بان هەتاوە
ئەی لەشکەری خۆنرێژ ئەمە وەقت چەپاوە؟
پەس ئاهوی من چێشە کە لەم جێگە ڕماوە؟
خونرێژییە لەم دیدە هەتا سوبح دەماوە
مەیلم نە وە مزگت نە وە مێراو و کتاوە

دیوان *کُلّیات غیرت کرمانشاهی*، ل٥٥٣.
تذکرەی شُعرای کرمانشاه، ل ٥٩.

وەلی دێوانە

وەلی یان وەلید، مەشهوور بە «دێوانە»، کوڕی کوێخا موحەممەد (حەمە سوور)، لە خێڵی کەماڵەی جافی نیشتەجێی هەورامانە کە لە چەرخی سێزدە[1]، تا سەرەتاکانی چەرخی چاردە ژیاوە و لە عەشرەتەکەی خۆی، کچێکی «شەمسە» ناو کە «شەم»یان پێ گوتووە، دڵی بردووە و هەرچێکی کردووە و کراندووە، پێ نەگەیشتووە و لە سۆزی عەشقی شەم ـوەک مەجنوون ـ داویەتە کێوان و بێسەروسامان و سەرگەردان، لە دەشت و هەردان و بنبەردان، ڕۆژ و شەوی بەسەردا چووە و بەو بۆنەوە دێوانەیان پێ گوتووە و زۆربەی شیعرەکانیشی ـکە بە سۆرانی و گۆرانین ـ باسی ئەو دڵدارییە بێ ئاکامە و نالەبارییەکانی ژیانییەتی.

ئەمەش چەند شیعری وەلی دێوانە:

یاران! لە جەرگم، یاران! لە جەرگم
بەو تیری موژە ئاکامی مەرگم
هەروا بە خوێنی زامی جەرگەوە
بەڵام وەسیەتم ئەمە بێ لاتان
تەنها قەبرەکەم لە ڕێ خێڵان بێ
کیلێکی بەرز بێ وەقەد باڵای شەم
تاقێکی وێنەی تاق ئەبرووی ئەم

تیری شەم ئیمشەو درا لە جەرگم
شەهیدەم کەفەن مەکەن بە بەرگم
بمخەنە ژێر خاک خوێن وە بەرگەوە
هەرچەند کەوتوومە دوور لە وڵاتان
نزیک هەوارگەی عەرعەر باڵان بێ
لە ژوور سەرم بێ، بێ زیاد و کەم
کە سوجدەگاهی ڕۆحم بێ بە شەو

[1]. لە کتێبی «*مێژووی ئەدەبی کوردی*»دا، ژیانی وەلی، نێوان ساڵانی ١٨٢٦ تا ١٨٨١ ز. نووسراوە؛ بەڵام سابیر ڕازی سلێمانیەیی، لە پێشەکی وەرگێڕاوەی شیعرەکانی بەسۆرانیدا، ساڵی لەدایکبوونی ئەم شاعیرەی ١١٨٠ ک. م. نووسیوە.

بنووسن بە خوێن جەرگی سەرکردووم   کە من بە تیری دەسی شەم مردووم
چونکە ئەو شەمی تاتاری چینە   لە دەشت بێزاوە، جەبەڵنشینە
بەڵکوو هەڵکەوێ لە ڕێگوزارێ   ڕێ بخاتە سەر قەبرەکەم جارێ
بزانێ کوشتەی دەسی خۆیەتی   لە خاکدا مەیلی ڕەنگ و بۆیەتی
جوابی سوئالی قەبریشم وایە   دیاری مەحشەرم شۆری لەیلایە

* * *

دڵ وە داخەوە، دڵ وە داخەوە   ئیمشەو خەریک بی دڵ وە داخەوە
جە داخ ئەو شەم شەو چراخەوە   تا ئاما بادێ جە ئێلاخەوە
بادێ چون نەسیم ڕەوزەی ڕزوانی   قووەبەخش ڕۆح نەوع ئینسانی
نەسیمێ نەفەس مەسیحئاسایێ   تەسکینبەخش زام دڵشناسایێ
هەم شارەزای ڕای شای جەمجەمین بی   دۆس پەروەران خاتر خەمین بی
شەمیمێ جە عەتر زولف شەم ئەو شەو   دانە ڕووی دەماخ پەروانەی بێخەو
پرسام ئەی نەسیم سوبخێز سارا   ڕۆحئەفزا و وەشبۆ چون موشک سارا
دەوندەی تێژباڵ سارا سەیرانی   ڕەهنمای ڕەهبەر ڕاگەی حەیرانی
یە چۆنت زانا من ئیمشەو مات بیم   پەروانەی پەشێو حەبس زوڵمات بیم
کێ شەمیم عەتر شەم نمانا پێت   ئی بۆ ئاوردەی، نەسیم! کێ داپێت

* * *

قیبلەم! مەردەنم، قیبلەم! مەردەنم   ئامانت فەرزەن، وادەی مەردەنم
نە حالات وەخت وەسیەتکەردەنم   نە ئاکام سەخت گیانسپەردەنم
وەسیەتم ئێدەن شای شەمڕوخساران   بی وە باڵینم چون بەینەت داران
بێخەوف و ئەندیش جە کەس نەکەی شەرم   هۆردارە پەردەی جەماڵت بە نەرم
نەپۆشی جەمین شەمس خاوەری   بۆ وە زانوودا چون حوور و پەری
بنیشە وە بان باڵینم وە ناز   بوانە سوورەی یاسین وە ئاواز
زوان بە ڕێزەی شەکەر ڕازەوە   دەنگ و سەدای خاس وەشئاوازەوە
جەمین وە عەرەق وەشگولاوەوە   گۆنا و ئەگریجەی زولف خاوەوە
جەو عەرەق نە دەور گۆنای مەهپارە   جە سەر بتکیۆ بگنۆم وەچارە
گۆشم وە سەدای ڕێزەی ڕازت بۆ   بەو سوورەی شەریف وەشئاوازت بۆ
ئەر سەدجار قابز سزا مەدۆ پێم   هەنی نیم وە تەنگ گیانکێشان وێم

ئەگــــەر بـــەو تـــەوره بکێـــشۆ گیـــانم
بـــــیللا بەرمەشـــــۆ ئاســـــان ڕەوانم
هـــای چ وەش مـــەبۆ ئـــاخر زنـــدەگیم
نـــە خاکپـــای تـــۆ بکـــەردام تەســـلیم
ئەگــــەر وە تـــەحقیق ســـەدکۆ گونامـــەن
ئیـشەڵڵا بەهەشـت هەشـتەمین جامـەن

مامۆستا مەولەوی تاوەگۆزی لە شیعرێکیدا، تاکە بەیتێکی وەلی دێوانەی بە شادە، ئاوا هێناوەتەوە:

گا مەویەرد نەســەر هـوون چەمـەی چـەم
تـەکرار مەکـەرد فـەرد دێوانەکـەی شـەم
«ســـەیر ســـەربەرزان، ئێـــڵاخان کـــەردی
ئەی‌شەم‌حەیفت‌کەردمن‌جـەیـادبـەردی»

مشاهیرالکُرد، ب٢، ل ٢٢٠. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، ل٥٤. *دیوانی مەولەوی*، پێدا چوونەوەی مەلا کـەریم. چەنـد گۆڤـاری کـوردی.

مەحرووم

وەک دیارە، شاعیرێکی هەورامی بێژی هاوچەرخی مەولەوی مەعدوومی بـووە و تـا سـەرەتاکانی چـەرخی چاردە ژیاوە. مەحرووم جارێک چۆتە پیری دوو بەیتە شیعری خانای قوبادییەوە و بۆ مەولەوی نـاردووە، ڕای خۆی لەسەری بنووسێ. مەولەویش بە چەند بەیتێک جوابی داوەتەوە. لێـرەدا یـەک بـە یـەک، ئـەو سـێ شیعرە ئەخوێنینەوە:

دوو بەیتەکەی خانای قوبادی:

بـــەرق ســـەیف نـــاز ئەبرووخـــەمینان
عەکس دانـەی خـاڵ خوەرشـیدجەمینان
ئـــەر بگنـــۆ وە کـــۆی قـــوللە قەرزاڵـــە
مەکـەرۆش وە بـوول سـفتەی سەدساڵـە

بە پیریەو چوونی مەحرووم:

بـــەرق برقـــەی نـــاز عیـــشوەفرۆشان
چەخماخـەی لەنجـەی تـەڵا نەگۆشـان
بزیـــسکەی نیگـــای دیـــدەشـــابازان
بریقـــەی غـــەمزەی شـــەکەرین ڕازان
ئەر بگنۆ وە سەنگ جای تەجـەللای نـوور
مەکەرۆش وە گەرد سورمەی کـۆی تـوور
مەعدووم! ڕاس خانا سـووزان عەشـق بی
کەی وێنەی «مەحرووم» عەشقش مەشـق بی؟

جواب و بیروڕای مەلەوی:

نـــەوباوەی خـــەیاڵ، مـــەحرووم دانـــا!
ڕەدیـــــف لـــــەتیف زەریـــــف خانـــــا
یـــاوا وەی دیـــدە کـــەمبینـــام ســـاوا
جـە نـەو بینـایی پـەی دیـدەم یـاوا
پەیـــڕەوی خانـــات یادئـــاوەردە بـــێ
ئەو ئەسڵ و وێت فەرع حەساو کەردە بـێ
لاکـــین زادەی تـــەبع بـــۆ عەنبـــەرینت
دەس ڕێسەکەی فیکـر بیکـر شـیرینت
پەســـەندیدەی فـــام عـــەقڵ دانـــا بـــێ
خاستەر جـە خـەیاڵ خاسـەی خانـا بـێ

زیـــادە پـــەی فـــەرع وەســـەر ئەســـڵدا   خاسەی واتەی تۆن جـەی سـەر فەسـڵدا

دیوانی مەولەوی، پێدا چوونەوەی مەلا کەریم، ل ٤٦٠.

شێخ عەزیزی جانەوەرە

کوڕی شێخ موحەممەد، کوڕی شێخ مەحموود، لە مەشایخی «بست» و تۆرەمەی عـارفی بـەناوبانگ، شـێخ حەسەنی مەولاناوایە کە لە گوندی «جانەوەرە» لە ناوچەی کەلاتـەرزان (نێـوان سـنە و مـەریوان)دا ژیـاوە و مرۆیەکی هێژا و شاعیرێکی زانا و خۆش‌خەت بووە.

شێخ عەزیز و مامۆستا مەولەوی تاوەگۆزی، هەر لە هەرەتی لاوەتی و کاتی خوێندن لـە سـنەدا، پێکـەوە دۆستایەتییان هەبووە و مەلەوی زۆرجاران بە نامەو چامە بیری کردۆتەوە؛ بۆ وێنە لەم شیعرەدا:

نامەکـــەت یـــاوا، کۆســـم کەوتـــەوە   دڵـــــەی ئـــاهرین دا وە نەوتـــــەوە
تاکــەی تــۆ بــەو زام، مــن وەی دەردەوە   تــۆ بــەو کــاوەوە مــن بــەی هــەردەوە
تەشـریف بـاوەرە، جەرگـەمان جـەم بـۆ   بەڵ وەی جەم، خەمێ جە لامان کەم بـۆ

کۆچی دوایی شێخ عەزیز لە سەرەتاکانی چەرخی چاردەی کۆچی- مانگیدا ڕوویداوە.

یادی مەردان، ب٢، ل ٤٠٣ و ٤٠٤.

شێخ عەبدوڕڕەحمانی جانەوەرە

کوڕی شێخ موحەممەد و برای شێخ عەزیزە کە ئێستا باسی کرا. ئەمیش شاعیرێکی وێژەوان بووە و نازناوی «ڕەحمان»ی هەڵبژاردووە و سەرەتای چەرخی چواردەی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

ڕەحمان بە لاوی، دڵی لە کچێکی جاف چووە بە ناوی «ئامان» و خەریک بووە بچێتـە خوازبێنییـەوە. لـە ناکاو زەلانی مەرگ هەڵیکردووە و یارە تازەلاوەکـەی لەگـەڵ خـۆی بـردووە. ئـەم ڕووداوە کـارێکی زۆری کردۆتە سەر دڵ و هەستی شاعیرانەی شێخ ئەوڕەحمانەوە و زۆربەی شیعرەکانی لەم بارەوەیە:

دیدەم دیسان چـەرخ چەواشـەی بـەدخۆ   ســازان فێـلێ پـەی دووری مـن و تـۆ
ئـەم جـار وە تـاقێق دووری تـۆ سـەردان   منت وینەی قەیس کەردەن سـەرگەردان
هـەنی مـن وە کـێ خـاتر کـەرۆ شـاد   وە بۆنـــەی کێـــوە غـــەم بـــدەم وە بـــاد
حەیفـەن ڕاز نـەرم کـێ نەگۆشـم بـۆ؟   شـــەوان دەســـت کـــێ نـــە ئاغۆشـــم بـــۆ
ســـابا بناڵـــووم مـــن وەی زامـــەوە   وەی زام کـــــاری بـــــێدەوامـــــەوە
پـــاڵ بـــدەم وە ئـــێش زام ســـەختەوە   وەی زام کـــاری شـــوومی بەختـــەوە
شەڵـلای ڕۆی ئـەزەڵ دیـدەم کـۆر بیـا   دیـدەم! تـا دیـدە دیـدەی تـۆ نـەدیا

نـــەوینام وە چـــەم لادێ خـــاڵ تـــۆ
نەبۆســـام ســـەرخەد، لیمـــوی کـــاڵ تـــۆ

نـــەگێلام چـــەنیت شـــەوان کـــەرۆم ڕاز
ســـەرم جـــە ســـەودات نـــەبیان ســـەرئەفراز

چون وەی تەور تەقدیر کـەردش حەواڵـە
هـــەنی دیـــدەنی بـــالآت مەحاڵـــە

ئـــازاد کـــەر گـــەردەن، ئـــاخر لوامـــەن
کـــۆچ نـــەوەدڵ ئـــەوە و نامامـــەن

مـــن خوداحـــافیز، تـــۆیش بنـــیش وەشـــاد
داخ بەردم وە گڵ، منـیش چـون فـەرهاد

ئەم پارچەهەڵبەستەی بە هۆی گەڕانەوەی هۆزی «ئامان» لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان گوتووە:

دیسان سەر هەردان جە نـۆ گرتـەن تـەم
ســـوپای گـــوڵاڵان ڕێزیـــان وەهـــەم

شـــنۆی بـــای پـــاییز وەیـــشوومەی ســـزا
وەڵـــگ درەختـــان بـــێ‌وادە ڕێـــزا

بی وە گـــەردەلوول کـــەللەی کـــڵاوان
ماتـــەم بی‌ســـەدای هـــاژەی وەفـــراوان

گەرمیش کەم‌کەردەن، سەردەن سەرهەردان
وەک سەردی مۆبەت شای گەردەن‌زەردان

کۆچ کەرد سیاماڵ، چـۆڵ بی وەرزاخـان
پەشـــێو کـــەرد زینـــەت زەووق ئێلاخـــان

ســـەبزی چەمـــەنان تەبـــدیل بی وە زەرد
لـــە بـــەرزان ڕەزان ڕێـــزان هـــەردەوهـــەرد

ڕەم ـ ڕەم ئـاهوان، کـەڵ گـەل گەلـەخان
مـــەیل کـــەردەن ئەوزێـــد خـــاک‌گـــەرمیان

دیـــدە مەســـتەکەی جـــەیران‌ئاســـاکە
ســـەر دەلیلەکـــەی حـــەرەم جیاکـــە

هێمـــای چـــون ئـــێلاخ هانـــە پەرداخـــدا
بـــۆی پـــاییز نـــەدان بـــۆش وە دەمـــاخ دا

شەماڵ شەوگەرد! پەیک خوەش‌خەبـەر!
بۆیـــەر وە یانـــەی ئـــازیز دڵـــبەر

مەپەرســـۆ جـــە ڕووی گـــەرمی مەیلـــەوە
چۆنـــەن حـــاڵ قـــەیس وێـــڵ دوجەیلـــەوە

واچـــە: ســـەراپاش ســـووزان نەفتـــەن
هەردە و هەردەشـــەن، ســـاتێ نەســـرەفتەن

یەنـــد خـــەیاڵ تـــۆش هانـــە دەروونـــدا
کەفتەن وە ڕووی ئێش سەخت مەجنووندا

جـــە زایفـــی وێـــش هـــەردەم مـــەدا پـــێچ
شنۆی بای هیجـران وەنـەش مـەدا گـێچ

گـــێج مـــەدا و مـــەوات وەدەم دەردەوە
وە ســـۆز تەئـــسیر ئـــەم چەنـــد فـــەردەوە:

فیـــدات بـــام ئـــازیز! شـــۆخ شـــیرین‌ڕەنـــگ
چەم‌سیای، بووم زەرد، باڵا چون خـەدەنگ

ڕەم ـ ڕەم ئـــاهوان چەمـــەڕای ڕاتـــەن
ئینتـــزار وە دیـــن گـــەردەکـــەی پاتـــەن

لەم شیعرەشدا بۆ ئامان شینگێڕی کردووە:

فەڵەک پەی شوومی تاڵـەی سـیای مـن
جۆش دا وە کوورەی ئیزای ئـەعزای مـن

پـەی بـەخت و تاڵـەی وە بـەد سرشـتەم
سەنگ دا نە ڕووی جام بەخت بەرگەشتەم

کـــۆس‌کـــۆس نـــۆم جـــە نـــۆ ژنیـــاوە
بـــارووت نـــە ڕووی زام تـــازەم شـــنیاوە

تـــاو گـــەرمی مـــەیل پـــەنهانی یـــاران
سەرد بی چـون سـەردی بـەرف مـەزاران

خوسووس قیبلەکەی ڕشتەی دوو دیـدەم ئەرواحەکـەی تـەن مەینـەتکەشـیدەم
دەوای ئـێش ڕێـش دڵـەی ڕەنجـوورم مەڵـهەم نـە ڕووی زام سـفتەی ناسـوورم
تاقەتدەر وە جیسم خەستەی خەمکێشم تـــەفریح خـــاتر وە خـــەمان ڕێـــشم
دڵـــسۆز نـــازکێش، جـــای نیازەکـــەم بـــاعیس شـــادی، زەوق ســـازەکـــەم
ناگـــا بی وە تـــیر قـــەزای بەختـــەوە وە بـــەدی دیـــدەی ســـزای ســـەختەوە
پێکیـــــا وە پـــــەیکان نادیـــــاریوە پێچیـــــا وە کـــــاڵای ئازیـــــەتباریوە

یادی مەردان، ب٢، ل ٤٠٤ تا٤١٠.

ئەحمەدی پریسی

زانای هێژا و شاعیری دڵئاگا، ئەحمەدی پریسی، لە هۆزی میکاییلی جاف و خێڵی «نەورووڵی»، لـە گونـدی «پریس»ی لای هەڵەبجەدا ژیاوە. بابی (خوسرەو چاوش)، لە کارگێڕانی ئەرتەشی عوسمانی بووە. ئەحمـەد لە سەرەتای لاوی و هەرزەکاریدا، چۆتە خزمەتی پیری تەریقەت، شێخ سیراجەدین و بە بۆنـەی لێهـاتوویی سرشتی و سەیر و سولووکی بێوچانەوە، لە ماوەیەکی کەمدا زۆر سەرکەوتووە و بواری فەنای تێپەڕانـدووە و جێگای بەرزی ویلایەتی دەسکەوتووە. ئەحمەد کە تازە چۆتە ناو تەریقەتەوە، هێندە شۆر و حاڵی هـەبووە و جەزبەی لێ هاتووە، «مەجزووب»یشیان پێ گوتووە. مەولەوی لە بەیتێکدا وای پەسنداوە:

بـــڕیا وە بـــاڵای کـــاڵای ڕەئیـــسی «رجـــالُ‌الغَیـــب»ە ئەحمـــەد پریـــسی

چەند شیعری ئەحمەدی پریسی:

عەرزە داشت بەندەی دڵ وە خەم خـارت سـەوداییم کـەردەن تاسـەی دیـدارت
زەڵم و تانجەڕۆی دیدەی پـڕ جـە هـوون بیەن ڕەشکئەفزای فـورات و جـەیحوون
یانێهـای دیـدەم یەنـد زۆر ئـاوەردەن ڕای قوفە و کەشتی و جیسرش بەند کـەردەن
جە قەڵوەزی هـوون شـەهیدان یەکـسەر بێجـا کوشـتەی تیـغ نـیمنیگـای دڵـبەر
سـارای شـارەزوور ئینـە چـەن بەینـەن وێنـەی کـەلوەلای ئیمـامحوسـەینەن
ڕای ئامـا و لـوای قاسـید بەنـد بییـەن پەوکـە نامـەمان ئاموشـۆش نییـەن

بەشێ لە چوارپارەیەک:

ئەوسا تا چەپگەرد ڕاست مەگـەرد کـەم‌ـکەم ڕان وە بـان ڕان مەنیـشتن وە هـەم
ئیـسە هـەروەختێ تاسـەی تۆمانـەن وە سـەودای نامـە ئـاموشـۆمانەن

* * *

هەرچـەنی شـاهین نـیمنگـاش پـڕتاو بەست پەری دڵـەی تـۆی دەروون کـەواو

یانـــێ چـــەرخیا ئـــەولام ئـــەو هـــەتام وانـــام کەلیمـــەی «نیعمـــەل‌ئینقـــیلاو»

* * *

هـــیچ چینـــە وەشـــتر نییـــەن لـــە ئافـــاق وە فوتوای جومهوور مەعشەرەی عوشـشاق
پەی کەسێ وە عیـشق دڵ سـەودایی بـۆ دۆس نـــە بەهانـــەی خودنمـــایی بـــۆ

* * *

ئەلعەجەب دیدەم عـەجیب‌تـەر چێـشەن چەن‌ساڵەن وە تـیر عیـشقت دڵ ڕێـشەن
قرچە و چۆقەی جەرگ سەنگ نەبەر تـاوان هێمـــای پزیـــسکەش وە تـــۆ نـــەیاوان

* * *

بینـــایی دیـــدەم! ئـــەر بـــشنەوان گـــوڵ گـــەنج‌ئاسـا تەشـریف بـەردەنی وە گـڵ
پـــای وێ مەکێـــشۆ جـــە دامانـــشان نمـــــەبۆ هـــــەوەس بەرامانـــــشان

ئەم شیعرەی بۆ دۆستی هاوتەریقەتی، شێخ عەبدوڵلای داخی، کە شاعیر و وێژەوانێکی هەستناسک بووە، نووسیوە:

سـەیید بەنـدەی دڵ وە خـەم خەسـتە عەبدوڵـلا وە ئـەمر حـەق کەمەربەسـتە
دانەی خەزانـەی «لا رَیْـب» نـەجێ پـاک مـەمنوون خـەلات فـاخیرەی «لَـولاک»
ڕەشحەی بەحر نوور چەشمەی سـەفاڕێز گوڵ‌غونچەی وەش‌بۆی ڕەوزەی عەترئامێز
خـەتتات سـەرمەشـق عـیش نـەوهاڵان داخ دڵ خاڵـــخاڵ خـــەیاڵ خـــاڵان
نە سەر تەختانچەی تەن نەچەمەی چـەم تەوحیـد سـەراییش مـەیۆ سـۆفی خـەم
نـــەوپاییز هیجـــر وە وەیـــشوومەی دەرد وەڵـگ سـوەیل ڕەنـگ شـادیم بـەرئاورد
ئـەر ئـەدەب جـە یـاد تـۆ نەکـەردە بی سفتەی تەن شەماڵ سـەدجار بـەردە بی
ئـــەوڕۆ دەفتـــەردار ڕای «مـــافی‌العَـــدَم» خامـەی سەرنویـشت دانـەڕۆی ڕەقـەم
هەر کاڵای جـە لاش وە مـن سـپەردەن لیقاشان جە عیشق مـن پەیـدا کـەردەن
هـــاڵان نـــەووەهار لوتفـــت پێـــوارەن جەو بێ‌غونچـەی عەشـق مـن نادیـارەن
ئەرامەندەی بـەخت بەنـدەی دڵ ئـەوگار چ خاک وە سەرکەم، وەچێش کەم مەدار؟

داخی لە وەرامدا شیعرێکی دوور و درێژی هۆنیوەتەوە؛ کە ئاوا دەسپێدەکا:

سەرمەست بـادەی بەخـشندەی تـەوفێق مەجزووب جەزبەی مەعـشۆقەی حـەقێق
ڕسوای سووق زوهد شەحنەی شەهر عەشـق جورعە نوش بەزم زومرەی مەینەت مەشق
دێوانـــەی حـــەیران وادەی مـــەحروومی سەرگەشتەی پای کوی نەجد مەعدوومی
ســـەوار نەیجـــەی بـــالووڵ دانـــا دێوانـــەی وە عـــیلم حەقیقـــەت زانـــا

شـــکار چـــەنگاڵ ســـاحیب جەناحـــەین
گیرۆدەی کەمەند سـەمیی «ذیالنّـورَین»

ســـــەردار ســـــەردار، حـــەللاج ســـــانی
گۆیـــای «اَنَـــا الحـــق»، پـــیر ســـوبحانی

جوببەی تـەن خاڵـی نەماسـیوای حـەق
هوەیـــدا مـــەملو جـــە زات موتلـــەق

نیشتەی ڕووی مەسنەد شای نەقشبەندان
جای مەلجـە و ئومێـد ئیقبـاڵ بوڵـەندان

نامـەی پـڕ جـە ڕەمـز عـیلم حەقیقـەت
ئینشا کەردەی نووک خامـەی تەریقـەت

زیـــا دا وە عـــەین بـــێ‌تـــۆ بـــێ‌نـــوورم
شـــیفادا وە ئـــێش دڵـــەی ڕەنجـــوورم

حاڵی بین یـەک‌یـەک گلـەیی کـەردەت
زەن ســـــەردمەیلی وە یـــاران بـــەردەت

وە مەرگت دڵ یەند جە مـەیلت کەیلـەن
زەڕڕەی زینـدەگیم ئـەربۆ، بـەو مەیلـەن

مـن گـیرۆدەی چـای گونـای هـارووتیم
وەتـــەن نـــەماوای ســـوفلای ناســـووتیم

تەرسوون ئەر خامەی وەخەم شەق وەردەم
تەحریرکـەرۆ ڕاز مـەخفی تـۆی پـەردەم

ناپـــاکیم هەریەنـــد نەحـــەد ئـــەودەر بـــۆ
پـەی سـەفای خـاتر پاکـان کـەدەر بـۆ

سـابۆ بەشـق شـای نەقـشبەندان گـشت
نەفەس چون شمشیر میسری نەبرشت

نـالات جـە داوەر پـەی حـاڵ مـن بـۆ
لالا پـــەی ئـــەحواڵ مـــەلان مـــن بـــۆ

بەل ئەی حاڵ تەبدیل وە حـاڵ خـاس بـۆ
شیشەی دڵ نە زەنگ عیسیان خەلاس بۆ

«داخی»م دڵ وە زەنگ عیـسیان خاڵخاڵـم
موحـــەوەل وە لوتـــف تـــەحوێل حاڵـــم

ئەحمەدی پریسی لە سەرەتای چەرخی چاردەی کۆچیدا لە دنیا چووە.

یادی مەردان، ب٢، ل ٤١٦ تا٤١٨ و ٤٨٨ تا ٤٩٧.

مەلا حامیدی ئالیجانی

لە شاعیرانی کوردی کۆتایی چەرخی سێزدە و سەرەتاکانی چـەرخی چـاردەی کۆچییـە کـە بـە کـوردی گۆرانی شیعری هۆنیوەتەوە و دیوانێکی لێ بەجێ‌ماوە.

مەلا حامید مرۆیەکی زانا و وێژەوان و هەستیارێکی دەم پاراو و خۆش‌زمان بووە. ئەم چەند شـیعرە، هی ئەوە:

ســاقی! هەرتاکــەی؟ ســاقی! هەرتاکــەی؟
ســـەبرم ســـا وەســـەن هـــەنی هەرتاکـــەی؟

دەروێش! کەف لە دەف، نەیچی! دەر لـە نـەی
مەترســـن لـــەوەی، بابـــەی جـــام مـــەی

هـا وەختـەن تۆمـار عـومرم کـەران تـەی
هـــەرچی بادابـــاد، هـــا دێـــرەن ســـادەی

ســـاقی! بـــاوەرە شـــەراب گـــوڵ‌ڕەنـــگ
بنۆشـم پـەی دەفـع خـەم دڵـەی تـەنگ

ســـاقی! بـــاوەرە شـــەراب گـــوڵـــگـــوڵ
بنۆشـــــین پـــــەرێ دەفـــــع دەرد دڵ

ســـــاقی! بـــاوەره بـــادەی خولاســـــه
نۆشـــینی پـــەرێ دەفـــع غـــەم خاســـه

ســـــاقی! بـــــاوەره بـــــاده و پیاڵـــــه
تـــا لـــێم مـــالووم بـــۆ کـــامی حەڵاڵـــه

ســـاقی بـــدەر پـــێم پیاڵـــەی پـــڕ مـــەی
بە عیش ئەو کەس، کەس نییـەن وەک خـوەی

ســـــاقی! بـــــاوەره شـــــەراو بیغـــــەش
وەک قەنـد مـەزەی خـوەش، سـوور بـێ وەک

ســـــاقی! بـــــاوەر بـــــادەی جامەکـــــه
بـــــه عیـــــشق بـــــاڵای نەونەمامەکـــــه

ســـــاقی! بـــــاوەره بـــــاده هەســـــەکه
بـدەر پـێم بـه عـیش دیـده مەسـەکه

ســـــاقی! بـــــاوەره، خـــــوەش‌شـــــەراوەکه
بـــــه شـــــەوق بـــــاڵای پەلکەخاوەکـــــه

«حامیـــد»، قرچیـــا لـــه نـــاو تاوەکـــه
بـــــاوەر بادەیـــــێ وەک وەفراوەکـــــه

* * *

بـــه تەعنـــه پەرســـا پـــیر مەیخانـــه
ئایـــا مـــەزانی مـــەعنای پەروانـــه؟

بـــــواتم: یانـــــێ پـــــەروا نـــــەدارۆ
ســـەد بـــسۆز وه نـــار، ئـــەرواح بـــسپارۆ

واتـــش: ئافـــەرین، مەعلوومـــەن مەســـی
لـــه ئـــەهل مەســـتان بـــادەی هەوەســـی

وات: وا دیـــاره، کـــەمئـــیخلاس بـــووگی
واتم: نه وەک تـۆ، کـەس‌نـەناس بـووگی

* * *

ســـەوزه، چاوەکـــەم! ســـەوزه، چاوەکـــەم!
ســـەوزەی دیـدەمـەس! نـوور چاوەکـەم!

یـــار پەلکەشـــۆڕ، زوڵـــف لەولاوەکـــەم!
عـــومرم عـــەزیزم، خـــورد و خاوەکـــەم!

عەبـــد دوڕ نـــەگۆش بـــەر دەرماڵـــەکەم
ســـــەناخوانەکەی تـــــەن زوخاڵـــــەکەم

«حامیـــد» ئـــەوا مـــرد لـــه دەرماڵـــەکەت
وێش کەرد و سەرگەرد نوختە و خاڵەکەت

* * *

چـــــراخ وەنـــــەردم، چـــــراخ وەنـــــەردم
فەڵـــەک نـــەرد بـــەد شـــانا وه نـــەردم

وەک فـــەرهاد جـــەفای بـــێ‌حاسـل بـــەردم
وەک نەوفەل شـەرەنگ هیجرانـت وەردم

وەک مەجنوون چەن‌وەخت چۆڵگەردی کـەردم
وەک یـەخبەنـد سـەرد، هەناسـەسـەردم

دیوانی دەسنووسی حامید ئالیجانی، *ڕۆژنامەی کردستان*، تاران.

شێخ حوسەینی هەزارکانیانی

حاجی شێخ حوسەینی مەردۆخی، کوڕی شێخ حەسەن، کوڕی شێخ موحەممەد عـارف، لـه پـشتی شـێخ عەبدولغەفاری یەکەم، مرۆیەکی زانا، لەخواترس، دڵاوا و میوان‌دۆست بووه که گەوره و پچووک ڕێزیـان لـێ گرتووه و له بیستەکانی چەرخی چاردەدا له دنیا دەرچووه.

شێخ حوسەین شیعریشی گوتووە و لەگەڵ شاعیری بەناوبانگ مەلـەوی مەعدوومیـدا، جاروبـار شـیعریان گۆڕیوەتەوە. بەداخەوە شیعری شێخ حوسەینم دەس نەکەوت؛ بەڵام ئەم سـێ بەیتـەی مەولـەوی، جـوابی شیعرێکی ئەوە:

هەوای «سەرساراڵ» خوسووس وەتەن بـۆ ئـەرچی سـەفای ڕۆح، ڕاحـەتی تـەن بـۆ

بــەڵام دووری تــۆ یەنــد زۆر ئــاوەردەن دەردی وە دەروون هامــدەردان بــەردەن

وە هــەرجا تەشــریف تــۆ ئەرزانییــەن هــەر دیــدە پــەی تــۆ «هــەزارکانیان»

«هەزارکانیان»ی زێدی شێخ حوسەین، گوندێکی ناوچەی «ساراڵ»ی سەر بە دیواندەرەیە. مەولەوی دەڵـێ: ڕاستە هەوای سەر ساراڵی ژێگەی تۆ، هۆی ڕاحەتی ڕۆح و سانەوەی گیانە؛ بـەڵام دووری تـۆ هێنـدەی زۆر هێناوە و دەردی بە دۆستانت داوە، هەرکوێ بچی، هەموو چاوێک بۆ تۆ هەزاکانیانە!

حاجی شێخ حوسەین باوکی خوا لێ خۆشبوو شێخ عەبدوڵڵای هەزارکانیانییە؛ کە پیاوکی مەزن بـووە و لـە شوێنی خویدا باسی دەکەین.

دیوانی مەولەوی، ل٥٤٩. جونگێکی دەسنووس.

سەید مستەفا بەرزنجی

کوڕی سەید بابارەسوول، لە سەیدەکانی بەرزنجەیە کە ساڵی ١٢٣٥ لەدایکبووە و ساڵـی ١٣٠٢ ک. م. لـە دنیا چووە.

سەید مستەفا ماوەیەک لە خزمەتی عەللامە موحەممەدی فەیزی زەهاوی، مـوفتی بەغـدا خوێندوویـە و ئیجازەی لێ وەرگرتووە و پاشان دەرس گوتنەوە و فتوادانی دەسپێکردووە؛ پیاوێکی زانـا و شـاعیرێکی توانـا بووە و بەرهەمی ـ لە شیعر و پەخشان ـ لێ بەجێماوە. ئەم بەیتە هی ئەوە:

قَــــرَأتُ کتــــابَ الکائنــــات فَإنَّــــهُ سُــــطُورٌ بتَوحيــــد إلالَــــه تُهَلّــــلُ

نزیک لەم مانایە کە سەعدی دەفەرموێ:

بــرگ درختــان ســبز در نظــر هوشــیار هــر وَرَقَــش دفتریسـت معرفـت کردگــار

واتا:

گەڵای داران لە بـەرچاوی مرۆڤـی ورد و وشـیارا بە وێنەی دەفتەرێکە هەر پەڕێکی بۆ خوداناسی

تاریخ سُلیمانیّه، ل٢٨٨.

حاجی مامۆسای نۆدشی

حاجی مەلا ئەحمەد، مەشهوور بە «حاجی مامۆسا»، کوڕی مەلا عەبـدوڕڕەحمان، کـوڕی مـەلا ئەحمـەدی

موفتی سلێمانی، لە زانایانی شارەزا و شەرعزانانی کەموێنە و پێشەوایانی ئایینی و مامۆستایانی پایەبەرز بووە کە ساڵی ١٢٢٨ ک. م. لە گوندی «نۆدشە»ی هەورامان هاتۆتە دنیاوە.[١]

مەلا ئەحمەد کە خوێندنی تەواو کردووە، ماوەیەک لە سلێمانی ماوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە نۆدشە و لەوێ فەقێ ڕاگرتووە و دەرسی گوتوتەوە و خەڵکی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردووە؛ دوایی و بە پیری، چۆتە سنە و لە مزگەوت و مەدرەسەی مەولانادا بە زۆرێک لە زانایان بەهرەی گەیاندووە.

حاجی مامۆسا، زیاد لە باری زانستی، عارفێکی گەورە و خەلیفە و موجازی شێخ عوسمان سیراجەدین بووە کە لە سەرەتای سەفەرەمانگی ساڵی ١٣٠٢ ک. م. لە شاری سنە، دنیای بەجێهێشتووە و لە «تەپ شەرەفول‌مولک»دا[٢] نێژراوە.

حاجی مامۆسا شیعریشی گوتووە و نازناوی «فانی» بووە. ئەم چەند بەیتە، پاژێک لە غەزەلێکی عیرفانی ئەوە:

ساقیا! مَی ده و بر باد ده این ما و منی را — مُطربا! نَی زن و بردار حجاب بدنی را
تن نی و ناله نوا، نَی‌زن من نیست به جز — گوش جان می‌شنود ناله، بهل گوش تَنی را
ناله از بس که لطیف است، به گوشت نرسد هیچ — گوش جان می‌شنود ناله، بهل گوش تَنی را
کَنده دندان وصال، آن که ز هجرش مَزَه جوید — کرده تقلید در این بحث «اُویس قرنی» را
«فانیا»! عود به مَی کن که بود عَوْد احمد — ساقیا! می ده و بر باد ده این ماه و مَنی را

پێڕای قەسیدەیەک، بەم شێوە پەسنی مورشیدەکەی خۆی داوە:

قطع راه هفتخوان و قتل این دیو سپید — از «سراج‌الدّین» طَلَب، پیر تهمتن همت است

چەند شیعری کوردی گۆرانی لە فانی:

وادەی پاییزەن، وارانی وەشتەن — کەژ و کۆ مەزەی نەوسوەیل چەشتەن
باز وە سۆ ئامای کۆنەداخانەن — فەسڵ تەمگیری کۆهـ و زاخانەن
هەر لا سەیل هوون نەسەر چەمەی چەم — گڵپەی نار دڵ، ناڵەی کوورەی دەم
پڕ کەردەن شەتاو ناوانی گەردوون — سوچنای شەخەڵ ژیای دونیای دوون
تەم غەم نەسەر سەر کڵاوەی دڵ — چەترەن چون گیسووی جەمین پەڕەی گوڵ
سەفحەی گۆنای زەرد ڕەنگ جە خەزان بەر — باڵا خەم کاڵان نە ڕەزان بەتەر
سەردی هەناسەی ئێلاخەکەی دڵ — وتەی سیاکار بەختم جە سەر چڵ
دەروێش دڵریش، ناڵەی بێ‌ئەسەر — ئەسەر وەبەرعەکس یاوا وە دڵبەر

---

١. ئەم لەتە بەیتە، شادەمێژووی لەدایکبوونی، بە حیسابی ئەبجەدە: «بوَد اَحمَد خَلَفِ اَمجَد عبدُالرّحمن»؛ کە دەکاتە ١٢٢٨.

٢. گردێکی نێزیک لە عیمارەتی خەسراوایە لە سنەدا، کە بۆتە زیارەتان و «تەپ شێخ حەمەباقر»یشی پێ ئێژن.

لازم کــەردەن لــێم فەســڵەکەی پــاییز دوور وســتەی وەهــار وەســڵەکەی ئــازیز
قیبلــەم! هەرکەســێ چــون مــن ماتەمــەن وەهـــارش پـــاییز، پـــاییزش خەمـــەن

* * *

کـــوورەی دڵ دیـــسان جۆشـــش وەردەوە کـەمــکـەم بێهۆشــی هۆشــش بــەردەوە
ئەسرین هەم تاف بەست وە ڕووی ڕوومەدا تفــڵئاســا مـــەدۆ وێـــش وە بوومـــەدا
بـــەختم ســـیاپۆش، یەخـــە یارشـــەن شـــەرارەی ناڵـــەم شـــوم ستارەشـــەن
لەرزەی دڵ جـە شـەوق پێکـانی پـەیکان ئامـــاج ئامـــانجش جـــارێ نـــەپێکان
زاهــیر هــەم فەڵــەک کەڵــەک بەســتەبۆ دیـــسان دڵ وە تـــیر دووری خەســـتە بــۆ
دووری ئــەو دڵــبەر جــە گیــان سرشــتە دیــدە وە ســورمەی بــەخت مــن ڕەشــتە
قامــەت ســەروناز چەمــەی نــوور ئــاودا نگــاش دیــدەی عەشــق نیــدای وە خــاودا
گیسوو دڵەی شێت لێش کەردەن تەئسیر پەی پای گیانفیـدات بییــەن وە زەنجــیر
یـــاخۆ مـــەزاقش یـــەکی وجـــوودەن ڕەمــزش ئــەو مــەقام فــەنا و شــوهوودەن

* * *

چەنــدە پــێم واتی: هــای دڵــەی غافــل حـــەق حـــەقیقی، ئیزافـــەی باتـــل
پەردەی ئەو جـەمال موتلـەق جـە ئیـتلاق ئاوێنـــەی مـــەعکووس میرئـــاتی ئافـــاق
بوو بە بـای مـوراد نەشـئەی سـافی مـەی بــە یــاری مــەللاح ســۆز ناڵــەی نــەی
کەشـتی غـەرق کـەوتن نـە گێجـاو وەی یاونــە وە ســاحیل ئــی بــەحر بــێپــەی
بـا کـەرۆش کۆتـا گـڵپەی کـوورەی دڵ شـــەرارەی ســـەبوون چۆڵـــەکەی مـــەنزڵ
تـــۆ بەتـــەر دامـــان عـــسیانت تـــەڕ بی وێنـــەی بەدبـــەختان ئـــاخرت شـــەڕ بی
هـــیچ نـــەبیت وە تـــەنگ دمـــارۆی فـــەردا دەی تـــا مـــەتاوی بـــدە وە ســـەر دا

یادی مەردان. چەند جونگی دەسنووس.

حافی سمێرانی

حاجی شێخ موحەممەد، نازناو «حافی»، کوڕی ڕۆسەم بەگی مەشهوور بـە ئـەمیر ئاخورباشـی، کـوڕی بـارام بەگ، کوڕی میرزا بەگ، کوڕی حاجی موحەممەد ئاغا، ئەمیرئاخوڕی خوسرەو خـانی گـەورەی ئـەردەڵان، ساڵی ١٢٤١ ک. م. لە شاری سنە هاتۆتە دنیا و دوایی بە بۆنەی نیشتەجێ بوونی لە گونـدی «سمێـران»ی لای باشووری سنە، ناوی سمێرانی پێ بڕاوە.

شێخی سمێرانی دوای خوێنـدنی سـەرەتایی لـە قوتابخانـە، چۆتـە کـۆڕی فەقێیانـەوە و چەنـد ساڵـی

خوێندووە و پاشان لێبڕاوە لە تەریقەتیش بێ بەش نەبێ؛ وەک خۆی لە کتێبی «*معدن النور*»دا دەڵێ: «لە سەردەمی منداڵی و کاڵیدا -کە پاژێک لەم پەرتووکە داندرابوو- دڵ هاتە سەر ئەو بڕیارە کە بیکەمە دیارییەک و بیبەمە دەرگانەی دەروێشێکی بارەگای خاوێنی خودای تاکی پاکەوە. لەو کاتەدا شێخی پایەبەرز و خاوەن شکۆ، کە لە مەیدانی ئەزموونی ئەزموونا، گۆی عیبادەتی بە گۆچانی مل‌کەچی، لە دەستی نەفسی ملهوڕ ڕفاندبوو؛ پلە و پایەکانی لاهووت و جەبەرووتی، لەم دنیا ناسووتییەدا، بە خۆ و خدەی مەلەکووتی پشتەسەر نابوو، لە ئابادییەکی ئەم وڵاتە -کە «کاشتەر»ی ناوە- نیشتەجێ بوو.

کامە شێخ؟ ئەو پیری ژیری بەمشوور ڕێبەر و گەورەی هەموو، «عەبدولغەفوور»

پێشەکی کتێبەکەم هەڵگرت و وەک دیارییەک پێشکەشی ئەو بارگایەم کرد. دوای خوێندنی، ئاوڕێکی لێ دامەوە؛ وەک بێژی چرای داکوژاوی تین لێ بڕاوی تیشک نەماوی گیانمیان لە چرادانی سینگمدا، بە پرشنگی ڕێنوێنی خۆی هەڵکردەوە؛ وەها کە ئەوی بۆی بەئاوات بووم، بوو بە داهاتم. مێزەری بەودمی خۆی کردە کراسێک و سەرشانی ئەم بێ نیشانەی بەو خەڵاتە شایانە ڕازاندەوە؛ تا وردە-وردە لە پیتی دڵدانەوەی هاودەنگانی ئەو زاتە، بێزم لە لاڕێ هاتەوە و وازم هاتەسەر لانشینی دەروێشان و هەژاران و هەموو ساڵێ جارێکیش بۆ زیارەتی بەردەستانی ئەو پیرە گڵکۆپیرۆزە دەڕۆیشتم و تۆزی تاریکی و تەریکی و بێ‌خەبەریم لە سەر ڕووپەڕی هزر و بیری خۆ دەسڕییەوە؛ تا سەرەنجام ساڵی ١٢٧٠ ک. م. جەنابی شێخ، جامی بێ خڵت و خاوێنی خودایی بە زاردا کرد و بوون و مانەوەی هەتاهەتایی بۆ دنیای‌تر برد. سڵاو و ڕەحمەتی بێبڕانەوەی خودای تاک لە گیانی پاکی.»[1]

شێخی سمێرانی تا ئەو ماوە لە موریدانی تایبەتی شێخ غەفوور بووە و لە ودمی لانشینی ئەو عارفە گەورە، بەهرەی بردووە. دوای کۆچی دوایی ئەو زاتە، بەرەو ڕۆژاوای کوردستان چووە و خزمەتی سەرقافڵەی عارفان، شێخ عوسمان سیراجەدینی گڵکۆ پیرۆز گەیشتووە و ماوەیەکیش هاودەنگی خانەقای ئەوی کردووە و وەک خۆی دەڵێ، لەوێ بە فەنای نەفس گەیشتووە:

نَفْس ما را شیخ ما برباد داد ای دوصد رحمت بر آن اُستاد

واتا:

نەفسی ئێمە، شێخی ئێمە دایەبا هەی هەزار ڕەحمەت لە ئەو وەستایە با

خوا لێ خۆشبوو شێخی سمێرانی زانا و عارفێکی گەورە و هەناسەگەرم بووە و لە لای مورشیدەکەیەوە، پلە و پایەیەکی تایبەتی بۆ ڕەچاو کراوە و چەند کتێبی وەک: «*بارقات السّرور*» و «*معدن النور*» و ... لە بارەی داب و دەستووری تەریقەت و کەرامەتی مورشیدەکەیەوە نووسیوە.

---

١. دەقی ئەم نووسراوە بە فارسی، لە لاپەڕەی ٣٨٥، باسی شێخ غەفووردا هاتووە. م.

حافی شیعریشی گوتووە و ئەوا دوو غەزەل لە شیعرەکانی:

بَعد صدسال ز مرگ ار بـه مَزارم بخرامی — خاك بشکافم و بـر خیزمَت از بهر غلامی
نقد طاعات چهل‌ساله قبول ار شده باشد — پیشکش بهر نثار رَهَت آرم بـه تمامی
بهر بوسیدن خاك دَرَت ار راه بیابم — سَر عزّت به فَلَكِ سایم از این عُلو مقامی
یارب آن شاهد شیرین اَدَب شوخ دلارام — چه بود آید و جویا شود از من کـه چـه نامی؟
گفتم: ای یار پریچهره، من از هجر تو مردم — خنده زد، گفت: بلی، مُردی و افسوس کـه خامی
مـی‌دَمَد رایحـه‌ی پیرهن یوسف مطلوب — شَـمّ یعقوب بباید، تـو کـه معلول زُکامی
عاشقان را رُخ زرد و دل پُرسوز و گداز است — حکمت عشق چه دانـی؟ تـو کـه در قید کلامی
مـی‌وَزَد نفخـه‌ی مشك از اَثَر طره‌ی لیلی — حال مجنون اَگـرت نیست نـه شایان مقامی
«حافی» از دست دهد جُرعه‌ای از باده‌ی وصلش — وارَهـی از محَن پیری و نایافتـه‌کـامی

* * *

یادت بـه خیر بادا ای وقت نوجوانی — بنگر چـه بَـر مـن آورد پیریّ و ناتوانی
هجران و عشق جانان با هم چو عهد بَستند — ما را بـه وادی غم کردند جاودانی
آر ای صبا بـه مجنون بویی ز زُلف لیلی — تا یك دمش ز غَمها با لُطف وارهانی
قَومی نیند آگاه ز اسرار و رمز این راه — در عشق و شورش ما دارند، بد گمانی
حَلّاج را شنیدی چون دستها بریدند — کردی رُخ خود از خون گلگون و اَرغوانی
تا ناقصان غافل، بیگانه زین مسائل — از زردروئی او نارند بد مَظانی
چون نیستی ز تردید، همرنگ اهل توحید — خوش باش تا به تقلید خود را در آن کَشانی
شاید به یك تَجَلّی عکس جمال معشوق — روزی تو را چو برقی دریابد و بدانی
ای «حافی» پریشان! در راه وصل جانان — گر راحت است و گر رنج، می کُوش تا توانی

معدن النّور. چەند بەیازی دەسنووس.

شێخ حەمزەی قەرەباغی

لە وێژەوانان و شاعیرانی کوردی باکووری کوردستانە کە ساڵی ١٣٠٣ ک. م. ئەمری خوای بەجێ هێناوە و لە گەڕەکی بایەزیدپاشای ئەستەمبووڵدا نێژراوە.

شێخ حەمزە دیوانی شیعر و چەند کتێبیشی هەیە کە هێندێکیان ترکی، بەشێکیان عەرەبی و بڕێکیش فارسین.

مشاهیر الکُرد، امین زَکی بیگ.

مەلا مەهدی سنەیی (دووهەم)

مەلا موحەممەد مەهدی دووەم، ناسراو بە «ئاغە بەها»، کوڕی مەلا ئەحمەد، پیاوێکی زانا بووە و وەکوو بابی، لە شاری سنەدا پلەی شێخولیسلامی دراوەتێ و سەرەنجام ساڵی ١٣٠٣ ک. م. لە دنیا دەرچووە.

تاریخ مەردوخ.

کەیفی کوردستانی

فەتحوڵای کەیفی، شاعیرێکی خەڵکی جوانڕۆیە کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستان خوێندوویە و بەتایبەت لە شاری کۆیە خوێندنی تەواو کردووە و لەگەڵ حاجی قادری کۆیی دۆستایەتییەکی زۆری هەبووە و هاوڕێی ئەو، بۆ ڕواندز و ئەستەمبوڵ چووە.

کەیفی ساڵی ١٣٠٣ ک. م. لە تەمەنی ٧٠ ساڵاندا کۆچی دوایی کردووە.

غەزەلێکی کوردی کەیفی:

ئەم دڵڕەقی بێڕەحمە فەرەنگیکی تەواوە — عەینی شەڕە، جێفتنەیە، قوربان بڵێ چاوە
قەوسی بە سپەر کردووە، گرتوویەتە دەستی — سەد خەنجەری خونڕیز و دووسەد تیری سواوە
زەنجیری عەداڵەت نییە ئەم زاڵمە، زوڵفە — هەرچەندە بنێ بەندە بە ڕووی عەرشی خوداوە
ئەو سلسلە وا موشکی خوتەن نێوی براوە — پڕ پێچ و شکەن، خەمبەخەم و حەڵقەکراوە
لەولاوە کە لەولاوە بە ئەم لاوە کشاوە — یا یاسەمەنی خاوە بە ڕووی ڕۆژ دراوە
یا دووکەڵی جەستەی منە ئەو شەمعە سووتاوە — یا هەوری سیەهتاوە کە مانیع لە هەتاوە
دامێ کە لە ڕووی دانەیی خاڵت تەنراوە — زەنجیرە لە بان ساحیلی ئەو ڕووتە نراوە
هەی هەی غەڵەتم وت ئەمە زوڵمەت، ئەمە ئاوە — بەم زوڵمەتە، بەم ئاوە، حەیاتم خەڵەتاوە
دڵ تینووە، سووتاوە، بە بێتاقەت و تاوە — ڕێگەم بە سەر ئاوە کە دەچم ڕێم بەسەراوە
ئەو لەعلی لەب و جامی شەرابە کە تۆ دیبووت — بۆ «کەیفی»یە ئاخر کە خودا بۆ ئەوی ناوە

مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٥٤٣. بەیازێکی دەسنووس.

عارفی کوردستانی

شێخ مەحموود، نازناو «عارف»، پیاوێکی زانا، شاعیر، خۆشخەت و لە سۆفیانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە کە تا سەرەتاکانی چەرخی سێزدە ژیاوە.

وەک شێخ موحەممەدی خاڵ، لە گۆڤاری «*کۆڕی زانیاری کورد*»دا نووسیویە، لە کتێبخانەکەی دیوانێکی عارف، بە خەتێکی جوان هەیە کە سەرەتا هێندێک وشەی تایبەتی سۆفیگەری، پەخشانێک، پەسندی

عارف و وێژەوانی بەناوبانگ، مەلا حامید (کاتبُ‌الاسرار)، نووسەری «*ریاضُ المشتاقین*»، چەند قەسیدە لە پەسنی دوایینی پێغەمبەران (د)، قەسیدەیەک باسی زنجیرەی ڕێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی، چەند قەسیدە پەسنی دوو مورشیدی پایەبەرزی ئەو تەریقە (شێخ سیراجەدین و شێخ بەهائەدین) و قەسیدەیەکی تر باسی ئەو سەفەرە کە ساڵی ١٢٩١ ک. م. هاوڕێ شێخ موحەممەد بەهائەدین بووە و بۆ حیجاز چووە و پاشان دیوانەکە دەسپێدەکا کە بریتی لە ٦٨٥٠ بەیتی فارسییە.

لەم دواییانە دیوانێکی چاپی ئەم شاعیرەم دەسکەوت کە خوالێخۆشبوو حاجی مەحموودی موحەممەدی (حەکاک) بە خەتی خۆی نووسیبوویەوە و ساڵی ١٣٤٧ ک. ه.)١٩٦٨ ز.) لە چاپی دابوو. لێرەدا چەند نموونەی لێ دەخوێنینەوە:

هیچ سالکْ ز پس پرده خبردار نشد | تا چو منصور سزاوار سر دار نشد
هیچ صورت ز پس پرده نیامد بیرون | پیش رخسار تو چون نقش به دیوار نشد
کی به اجمال پریشانی دلها داند | آن که تفصیل بدان زلف گرفتار نشد
زان جهت درد دل خویش نگفتم با او | که چنان محو شدم فرصت گفتار نشد
آن که در عهد اَزَل دید دو چشم مَستش | تا ابد مست شد و هیچ خبردار نشد
آن که یکْ جام می تلخ نَزَد در دل شب | همچو «عارف» به حَرَم، مَحرم اسرار نشد

* * *

افسوس که دلبستەی نامیم هنوز | در بند رضای خاص و عامیم هنوز
تا پاکْ شود آینەی قلب ز زنگ | ما منتظر جُرعەی جامیم هنوز

* * *

ای درگه رحمتت به روی همه باز | وی عشق تو اندر دل هر صاحب راز
هر چند گناه من ز حَد افزون است | بنواز به عفو خویشم ای بندەنواز

دیوانی عارف. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد.

خەیاڵی ئامیدی

ئەحمەدی خەیاڵی، کوڕی شێخ موحەممەد شەعبان، لەو شاعیرە کوردانەیە کە زۆرتر بە ترکی شیعری گوتووە و دیوانێکیشی لێ بەجێماوە.

زا و مەرگی خەیاڵی، ساڵانی ١٢٦٦ و ١٣٠٤ ک. م. نووسراوە.

هدیّةُ العارفین، ب١، ل١٩٠.

مەلا هیدایەتی شێخولیسلام

کوڕی مەلا عەباس، لە بنەماڵەی شێخولیسلامەکانی سنە، مرۆیەکی هێژا و مێژوونووسێکی زانا و دادوەرێکی درووستکار بووە کە ماوەیەکیش شێخولیسلامی شاری سنەی لە ئەستۆ گرتووە و ساڵی ١٣٠٤ ک. م. لە دنیا چووە.

مەلا هیدایەت کتێبێکی لەمەڕ مێژووی ئیسلامەوە نووسیبوو کە نوسخەی لێ نەماوە.

تاریخ مردوخ.

ئەختەری کۆیی

ئەمین ئاغا، کوڕی حاجی بەکر ئاغا، نازناو «ئەختەر»، ساڵی ١٢٥٥ ک. م. لە شاری کۆیە هاتە دنیا و هەر لەوێ لای مەلا ئیسماعیل ناوێک، ڕەشخوێنی قورئان و وانە سەراەتاییەکان فێر بوو. کە بووە دوازدەساڵی، لەگەڵ ئەسعەد ئاغای برای چووە بەغدا و لە خزمەتی مەلا تاهای دیمەلانی شوێنی خوێندنەکەی گرت؛ بەڵام پاش دووـسێ ساڵ، لەبەر مەرگی بابی، گەڕاوە کۆیە و بەسەر ماڵ و بنەماڵەدا ڕاگەیشت.

ئەمین ئاغا پیاوێکی دارا و لەگەڵ ئەوەدا دەهندە و جوامێر بووە. بە دەستی کراوە و دڵی نەرمەوە، زۆری خزمەت بە شاعیران و زانایان و وێژەوانان کردووە و شارۆچکەی کۆیە، بە بۆنەی ئەختەرەوە، گیان و تینێکی تایبەتی تێ کەوتووە؛ وەک شاعیرێک گوتوویە:

ئەی موحەممەد! ئەی ئەمینوددەولە! ئەمڕۆ خاکی کۆ جەننەتێکە، کەوتە دۆزەخ هەرچی لێ دوورکەوتەوە

ئەمین ئاغا زەوقی شیعری بووە و لە میرمنداڵییەوە جاروبارە شیعری گوتووە. لە ڕاستیدا ئەوینی ڕابیعە ناوێک، زۆری کار تێ‌کردووە و هەستی شاعیرانەی بزواندووە؛ بەتایبەت کە زۆری حەول‌داوە ڕابیعە بخوازێ و بۆی نەلواوە و ئەو مێردی بە پیاوێکی‌تر کردووە و ئەمیش تا ماوە، بەو ئەوینەوە سووتاوە و بۆ دامرکاندنی کوڵی دڵی جاروبار شیعرێکی داناوە. بەڵام دیوانەکەی کۆ نەکراوەتەوە و شیعرەکانی پەرژ و بڵاوە.

ئەختەر لەگەڵ شاعیرانی وەک نالی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەیفیدا، نامە و شیعر گۆڕینەوی هەبووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٠٥ ک. م. لە کۆیە ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە و لە زیارەتانی «بەفری قەندیان»دا نێژراوە.

چەند شیعری ئەختەر:

ئەمان ساقی! دڵی شەیدا لە جەوری دیدە غەمگینە لە نەشئەی چاوەکەی مەستت پیاڵە پڕکە، بۆم بینە

فدای چاوی سیاهت بم، کە هۆشم بوو ئەویشم چوو بە تاراجی نیگاهت چوو، ئەگەر عەقڵە و ئەگەر دینە

لە هیجری قامەتی سەروت وەکوو قومری بە ڕۆژ و شەو لە باغی زندەگی پیشەم هەمیشە ئاهـ و ناڵینە

ئەگەر مەقسوودەکەت مەرگی منە، فەرمان دە تا بمرم وەکوو لالە هەموو ئەعزام بە خوێنی دیدە ڕەنگینە

گوڵم! سووچم چ بوو؟ دوو چاوەکەت بێ ڕەحم و مروەت بوون دەخیلت بم عینایەت کە، کە «ئەختەر» زار و میسکینە

* * *

دەخیلت بم لە عوشاقت مەڕەنجە دڵ و دینم فیدای ئەو لار و لەنجە
هەتا وەک شیری دایکت لێت حەڵاڵ بێ حەنایی کە بە خوێن ئەو دەست و پەنجە

* * *

مەکەن لۆمەم لە ڕسوایی ڕەفێقان کە عەقڵ و عاشقی لێکتر جیایە
سەر و ماڵم لەبەر تۆ چاوی چاوم مەڵێ ئەوساکە «ئەختەر» بێوەفایە

* * *

تەشەکوور واجبە بۆ من کە من بمرم بە زەخمی تۆ بە شەرتێ کفنەکەم بدرووی بە تای زولفی پەرێشانت
دڵم مەشکێنە چونکی مەعدەنی دەردی غەمی تۆیە فیدای شەرت و وەفات بم چی بەسەرهات مەیلی جارانت؟

گۆڤاری *هیوا*، بەغدا، ١٩٨٥ ز. س١، ژ٩، ل٨٦.

شێخی موهاجیر

عەللامە شێخ عەبدولقادیری موهاجیر، کوڕی حاجی شێخ موحەممەد سەعیدی تەختی مەردۆخی، ساڵی ١٢١١ ک. م. لە سنە لە دایک بووە و کە بای باڵی داوە، خوێندنی دەسپێکردووە و لە خزمەتی بابی زانا و مامۆستایانی تردا، ساڵانێکی زۆر خوێندوویە، تا تەواو پێگەیشتووە و ئیجازەی وەرگرتووە و دوای کۆچی دوایی بابی، جێ ئەوی گرتۆتەوە و لە مەدرەسەی «دارُالاحسان»ی سنەدا دەرسی گوتۆتەوە.

شێخی موهاجیر لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٢٧١ ک. م. بە هۆی شڵەژاوی بارودۆخی ئێران و بەتایبەت بشێوەی میرنشینی ئەردەڵانەوە، لە سنە باری کردووە و ڕووی لە سلێمانی ناوە و لە لایەن هەموو چینێکی ئەوشارە، بەتایبەت زانایان و مەلایانەوە، پێشوازی لێ کراوە و زۆری ڕێز لێ گیراوە.

میری سلێمانی هەڵدەگرێ و نامەیەک بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی دەنووسێ و بە پوخت و پاراوی، شێخی موهاجیر و بنەماڵەی پایەبەرزی دەناسێنێ و یەکێ بەرگێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی بۆ دەنێرێ و ڕادەگەیەنێ کە ئەوا ئەو زاتە پیرۆزە، تەشریفی هێناوە و لە سلێمانیدایە؛ چۆن دەفەرمووی، وا بکەم.

بە هەڵکەوت ئەو نامە و کتێبانە، لەگەڵ خەبەری دڵگەشێنی سەرکەوتنی لەشکری عوسمانی لە خاکی ڕووسیادا، پێکەوە دەگەنە ئاسانە و سوڵتان ئەو سەرکەوتنە، لە ودمی هاتنی شێخی موهاجیر بۆ خاکی عوسمانی دەزانێ و نامەیەکی وا بۆ شێخ دەنووسێ: «بعدَ المُقَدمة السَّلامُ عَليكُم، قَدْ ظَهَرَ فَضْلُكُمْ منْ أثَركُمْ، وَ نَحنُ تَفاءَلْنا بيَوْمِ قُدُومكُمْ المُصادف ليوم دُخُول عَساكرنا المَنصُورة بَلدة سواستبول، فَها خَصَّصْنا لكم شَهْريَّةً تَكْفى مَعيشَتَكُمْ، وَ إنْ لَمْ تَكْفِ فَاكْتُبُوا لَنا بَعْدَ فَراغِنا منْ غَوائِلِ الحربِ وَ لا تَنْسَوْنا منَ الدُّعاء، وَ السَّلام.».

شێخی موهاجیر لە کەلام و فەلسەفە و حیکمەتدا، بلیمەتێکی بێ هاوتا و لە زانستەکانی تری بـاوی ئـەو ڕۆژگارە، مامۆستایەکی کەموێنە بووە. لە سلێمانی، تا بـۆی کـراوە، دەرسـیداوە، کتـێبی دانـاوە، پـەراوێزی نووسیوە و ڕێگای زانستی بڕیوە، سەرەنجام ساڵی ١٣٠٥ ک. م. لە تەمەنی ٩٤ ساڵـیدا، لـەو شـارە ئـەمری خوای بەجێهێناوە و لە زیارەتانی «گردیسەیوان» نێژراوە.

بەرهەمەکانی شێخی موهاجیر: پەراوێز لەسەر«*شرح عقاید عضُدیّه*»، «*شرحُ رسالة الزّوراء*»، «*کشفُ الغطاء*» لەمەڕ زات و سیفاتی خوای تواناوە، پەراوێز بۆ «*تعلیقات لاری*». بەڵام لـە هـەموو کتێبـەکانی بـەناوبانگ‌تـر، شەرحێکە لەسەر «*تَذهیبُ الکلام*»ی تەفتازانی، بەناوی «*تقریبُ المَرام*». ئـەم کتێبـە هـەر لـە دەورانی ژیـانی خۆیدا، بوو بە یەک لە کتێبە دەرسییەکانی حیکمەت و کەلام لە هەموو کوردەواریدا و ئێستاش لە زۆربـەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا، جێی سەرنجی مامۆستایان و قوتابییانە.

«*تقریبُ المَرام*» بە پەراوێزەکانیەوە، کە شێخ وەسیم، برای شێخی موهاجیر بـۆی دانـاوە و «*وَسیمّیه*» یـان «*مُحاکمات*»ی ناو لێ ناوە، ساڵی ١٣٠٣ ک. م. لە قاهیرە چاپ کراوە.

شێخی موهاجیر، زیاد لە پلە و پایەی بەرزی زانستی، مرۆڤێکی خوداناسی لە خوا ترس بووە و بەشـێ لـە کاتی شەو و ڕۆژی بە نوێژ و عیبادەت ڕابواردووە.

شـیاوی باسـە دوای کـۆچی شـێخی موهـاجیر لـە شـاری سـنە، ماوەیـەک شـێخ وەسـیمی بـرای دەرس‌گوتنەوەی مەدرەسەی «دارُالإحسان»ی لە ئەستۆ بووە.

پێشەکی *تقریبُ المرام*، قـاهیرە، ١٣٠٣ ک. م. *الاعلام*، ب٤، ل١٦٩. *ایضاح المکنون*. *تاریخ سُلیمانیّه*، ل٢٧٢. *هدیّةُ العارفین*، ب١، ل٦٠٥. *عُلَماونا فی خدمةالعلمِ والدّین*، ل٣٠٦ و ٣٠٧.

کاک ئەحمەدی شێخ

پیری پارسا، سەید کاک ئەحمەدی شێخ، کوڕی عارفی زانا شێخ موحەممەد مەعرووفی نۆدێیی بـەرزنجی، ساڵی ١٢٠٨ لە سلێمانی لەدایکبووە و ١٣٠٥ ک. م. هەر لەو شارە دنیای بەجێهێشتووە.

کاک ئەحمەدی شێخ لە عارفانی پایەبەرز و ئەولیای بەناوبانگـە کـە لـە بـەڕێوەبردنی داب و دەسـتووری پێغەمبەری مەزندا (د) هێندە تێکۆشەر و پێداگر بووە، تەنانەت تاقە سوننەتێکیشی لەبیر نەکردووە؛ پیـاوێکی خاکی، خواناس و لەخـواترس، ڕۆژان بـەڕۆژوو، شـەوان شـەونوێژ خـوێن، دەهنـدە، میهرەبـان، ڕووخـۆش، خۆش‌سەروزمان و تەنانەت نزاگیراو بووە. خوێندنی لای بابی و مامۆستایانی تری سلێمانی و ئەوناوچە تەواو کردووە و پاشان لە خزمەتی بابی پایەبەرزیدا، تەریقەتی قادری وەرگرتووە.

باسی چاکەی کاک ئەحمەد زۆرە و لە سەرووی هەموانەوە، مرۆدۆستی و خۆ تەرخان کردنی بۆ خزمـەت

بە خەڵکە. ئەگەر ناحەقی‌لێکراوێک هانای بۆ بردووە، تا ئەو ڕادە دەستی چووە، پشتی گرتووە و دادی ساندووە. وەک دەڵێن لە تاقە ڕۆژێکدا چەند جاران چۆتە لای پارێزگەری سلێمانی، تا داخوازی داماوێکی سەلماندووە.

لە کاک ئەحمەدی شێخ، چەند کتێب سەبارەت بە تەفسیر و حەدیس و فیقهـ بەجێ‌ماوە؛ بەڵام زۆربەی نامیلکەکانی ئەپەرژێتە سەر داب و دەستووری ئایینی و دۆعا و مۆچیاری. بۆ وێنە چەند بەرهەمی فارسی هەیە بریتی لە ١٢ بەش، باسی هاندان بۆ چاکە و بەرگری لە خراپە و ئیشی موسوڵمانەتی؛ کە کوڕەزای ناوداری شێخ مەحموودی نەمر، کۆی کردنەوە و ساڵی ١٣٥٥ ک. م. لە سێ بەرگدا لە نەجەف، لەچاپی‌دان. دیسان لە بەرهەمەکانی، شەرحێکە لەسەر هۆنراوەی «*سُلَّمُ‌الوصوُل*»ی بابی لە ئوسوولدا و هەروەها پەراوێزێکە بۆ «*کمال شرح شافیەی صرف*» و کتێبی «*رغبةُ‌الطّالبین*» لە مەڕ هێژایی زانست و زانایان.

پێشەکی *مکتوبات بَرزَنجی*. *تاریخ سُلیمانیّه*، ل٢٢٤. *ذیل کشفُ الظُّنون* ب١، ل٥٧٥. *مشاهیر الکُرد*، ب٢، ل١١٩.

شێخ جەسیمی مەردۆخی

کوڕی حاجی شێخ موحەممەد سەعید و برای شێخ عەبدولقادیری موهاجیر، کە «*صَدرُالعُلَما*» و «**حُجةُ‌الاسلام**»یشیان پێ گوتووە، لە زانا بلیمەتەکانی بنەماڵەی مەردۆخییە و جیا لە پلەی بەرزی زانستی و پایەی هێژای عیرفانی، وتاربێژ و قسەزانێکی یەکجار دەم‌پاراو و گفت‌جوان بووە؛ چەند جاران بۆ تاران چووە و لەگەڵ مەلا گەورەکانی شیعەدا، کێشە و وتوویژی زانستی و ئایینی کردووە.

شێخ جەسیم نامیلکە و پەراوێزی لەسەر کتێبانی تر زۆر نووسیوە و هەروەها هێندێک کتێبی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە. قەڵەمێکی بەهێزی بووە، بەتایبەت بۆ پەخشانی فارسی و جاروبارەش شیعری گوتووە.

لە شیعرەکانی:

به دور خرمن حُسنش به بوی دانه‌ی خالش — بیا که مورچه‌ای بهتر از سُلیمانی است
کشید باز شه غم، عَلَم به کشور هستی — زنید کوس که هان نوبت پریشانی است
به خارهای مَلامت به تیغ‌های مشقت — ز دوست ناله نمودن نه شأن انسانی است

* * *

جام دل لبریز صَهبای غم است — کَشتی تن غرق بحر ماتم است
خیره از ادراک حُسنت چشم عقل — در مدیحت صد چو سَحبان اَبکم است

ئەمەش نموونەیەک لە پەخشانی فارسی شێخ جەسیم، کە بەشێ لە نامەیەکە لە سەری پیری و بە

دەستێکی لەرزۆک، بۆ شێخ ئیسمایلی کاشتەری نووسیوە:

«جان فدای مشربِ عالی... قَدَمت به روی چشم دل، پای خیال و یادآوری بر مردمکِ‌دیده، مَن و انصراف از مبدأ، حاشا و کَلّا. من اگر به صورت مُنْحَرِفم، معنیً باز به صوب موطن مُنصرفم. رَحِمَ الله مَنْ قال: گم نخواهد کرد رهرو راه را. نی‌نی، من خاک پای نیکان و کمینه‌ی ارادت‌کیش بستگانم. جزای‌خیر بادت، لطف فرمودی. آری ساحتِ خیال چه‌قدر وسیع است، مجال عَمَل صد برابر تنگ و پای اقدام بر تثبیت اُمور لنگ. فقیر این وضع این چنین، ز عشق تا به صبوری هزار فرسنگ است، شاید باید زیستن؟ دور از وجود شریف، ناشاد باید زیستن. این من و خجلتم و آن شما و رأفتتان؛ خدای از آن بکاهد و بر این بیفزاید. رعشه‌ی دست مانع است و الّا در مدیحت داد معنی دادمی.

فقیر بی‌بضاعت اگر حُسنی دارم، همین انتساب به آن جناب و سلسله‌ی بَنی اعمام اکرام آن‌جناب است. اگر قاصرم، از بستگان آن دودمانم. به شرط حیات و فراهم‌بودن اسباب، نمی‌شود خود را شرمنده و خَجِل دارم. جَوارح و مَشاعِر در ما خلقت هِی لاجله انْ شاءالله صرف خواهد شدن. میلم کشانید به خط خود زحمت دادم که شکست حالی مُخْتَفی نماند. جَسیمم عِوض نشده‌ام، وَ السَّلامُ علیکُمْ و رَحْمَةالله.»

شێخ موحەممەد جەسیم لە ٢١ی زیحەجەی ساڵی ١٣٠٥ ک. م. لە شاری سنە، دنیای بەجێ‌هێشتووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من.*

شێخ عەبدوڕڕەحمانی مەولاناوایی

لە تۆرەمەی عارفی بەناوبانگ، شێخ حەسەنی مەولاناوایە کە دەوری ساڵانی ١٢٥٠ ک. م. لەدایک‌بووە و ١٣٠٦ لە دنیا چووە.

ڕەحمان تازەلاوێکی هەرزەکار بووە، کچێکی خێڵی حەمیدی جاف، دڵی بردووە و هەستی شاعیری بزواندووە. شیعرەکانی ناسک و دڵبزوێنن و زۆربەیان باسی ئەو ئەوینە ئاورینەیە. بۆ وێنە:

دیدەم ئەر پرسی چۆنەن ئێلاخان — ئاخان ئاخانەن، زاخان جە داخان
ئەو شەوق، ئەو زینەت، ئەو شێوە تۆ دیت — ئەو هەرد، ئەو هەڵەت، ئەوسا پێوە بیت
ئیسە جە دووریت پۆشان سیاسەنگ — هاژەی قەڵوەزان، ماتەمەن، بێ‌دەنگ
ئەو تاتای چنوور، ئەو دەستەی شەوبۆ — تۆ مەدیت نە هەرد «بنەسوورە» کۆ
ئەو ئەرخەوانان لێو شەتاوان — ئەو تەوق سەوڵان نە پای گوڵاوان
ئیستە نە ئەو بۆ نە ئەو شێوە و ڕەنگ — نە ئەو شادی و زەوق، نە ئەو سەدا و دەنگ
دڵ‌تەنگەن جە داخ دووری دیدەی تۆ — ویەرد مەنزڵگای «دەرەی تەنگە» کۆ
«کەس‌نەزان» هەر سەیل ئەسرین مەڕێزان — تاف وە فراوان، وەهاران بێزان

«کەللـــەبا» وە بـــای هەناســـان ســـەرد
کەللەش چون کەللەی من بیەن وە گـەرد
«مێرەش» ڕەش پۆشەن، «سـاتیار» ئازیـەت بـار
«قوجە» شینـشەن، «بـەردەڕەش» ئـەوگار
«سەرواڵە» نە چەم ڕەوان کـەردەن سـەیل
هەردان، هەڵەتان، کـاوان کـەردەن کـەیل
«تۆراخ تەپ» دووریـت تـەم وەنـەش بـارەن
«توشـــکەبـــار» غـــەمبار، دایم زگـــارەن
وەی تـــەور هـــەواران، کـــلاوان، کـــاوان
چـون مـن ناڵەشـان وە گـەردوون یـاوان
هــەر هــەردێ کــە تــۆ مــەگێڵای تێـدا
ئێـــستە بایـــەقوش مـــــەوانۆ پێـــدا
ئێـــستە هـــامن چـــون جـــود هـــەواران
دەور مـەدەم جـە دەور مـاوای هـەرجاران

جونگێکی دەسنووس.

زیائەدینی حەیدەری

لە بنەماڵەی حەیدەرییەکان و کوڕی عەبدوڵڵای حەیدەری هەولێرییە. مرۆڤێکی زانا و قازی شاری هەولێر بووە و ساڵی ١٣٠٧ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشتووە.

کتێبی «*غایةُ المرام فی شرحِ بُرأةالامام*» لە نووسراوەکانیەتی.

ایضاحُ المَکنون، ب٢، ل١٤١. *هدیّةُ العارفین*، ب١، ل٣٤٢.

سەید عەبدوڵڵای چۆڕی

سەید عەبدوڵڵای مودەڕڕیسی چۆڕی، زانایەک لە سـەیدەکانی چـۆڕی لای مـەریوان بـووە کـە ژیـانی بـە دەرس‌گوتنەوە و بەهرە گەیاندن ڕابواردووە. لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا بۆ شاری سنە چووە و لە مزگـەوت و مەدرەسەی نەسیردیوانی ئەوشارە، درێژەی بە ئیشی خۆی داوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٠٧ ک. م. هەر لە سنە ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

سوڵتانیی کرماشانی

حوسەینقولی خانی سولتانی، کوڕی مـستەفاقولی خـانی دیـوان‌بـەیگی، کـوڕی حـاجی شـەهباز خـانی کەلهوڕی[1] کرماشانی، ساڵی ١٢٥٠ ک. م. لە کرماشان هاتۆتە دنیا و حەوت سـاڵان خوێنـدنی سـەرەتایی

١. تایفەی کەلهوڕ بەشێکی گەورە لە کوردانن کە کەسایەتی مـەزن و هێـزای زۆریـان لـێ هەڵـکەوتووە. لـە بەشـی دووهەمی ئەم کتێبەدا، باسیان دەکەین. خێڵی «حاجی‌زادگان» لقێک لە هۆزی کەلهوڕە.

دەسپێکردووە و پاشان لە قوتابخانەدا، عەرەبی و مێژوو و جوگارفی و دیوانی شاعیرانی عەرەب و فارسی لای مامۆستایانی ئەو سەردەمەوە خوێندووە و بە هۆی تێکۆشانی زۆر و زەینی تیژەوە، لە ماوەیەکی کەمدا لە باری وێژەوانی و خەتخۆشی و شیعر هۆنین و پەخشان نووسیندا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووە.

شیاوی باسە یەک لە مامۆستایانی شیعر و وێژەی سوڵتانی، میرزا حاجی موحەممەد، نازناو «بیدل» بووە.

سوڵتانی دیوانێکی بریتی لە دەوری چلهەزار بەیت شیعری عەرەبی و فارسی، لە قەسیدە و غەزەل و مەسنەوی هەبووە و هەروەها هێندێک کتێبیشی نووسیوە؛ وەکوو: «*نجاتُ الثّقلَین*»، «*شکّرستان*»، «*باغستان*»، بە شێوەی «*گُلستان*»ی سەعدی، «*گنج باد آور*»، «*عَروض و قَوافی*» و «*تذکرەی شُعرای مُعاصر*».

ئەم مامۆستایە زەینێکی تیژی هەبووە و شیعرێکی زۆری، لە عەرەبی و فارسی، لەبەر کردووە. زۆربەی کاتی بە خوێندنەوە و تۆژینەوە ڕابواردووە و بەم بۆنەوە نەیپەرژاوەتە سەر کاری ڕامیاری و پیشەی باوانییەوە و هەر وازی لە کتێب و خوێندن و نووسین بووە. سەفەرێک بۆ ئەسفەهان چووە و دوای ماوەیەک مانەوە و وتوویژ لەگەڵ مامۆستایانی ئەو شارە، سەرێکی تارانی داوە و لەوێش هەر هاودەنگیی و ئاموشۆی زانایان و شاعیرانی کردووە.

مامۆستا حوسەینقولی خانی سوڵتانی سەرەنجام ساڵی ١٣٠٧ ک. م. لە تەمەنی ٥٧ ساڵاندا کۆچی دوایی کردووە.

چەند نموونە لە شیعرەکانی:

گر غرض نقش تو در پردەی تقدیر نبود — گل آدم بە خدا قابل تخمیر نبود
کیمیای دل من عشق تو گردید آن روز — کە نشان هیچ ز سیم و زر و اکسیر نبود
کاروان دلی از شهر برون هیچ نرفت — کە نوای جَرَسش نالەی شبگیر نبود
ز بلندی بە تو ای قصر عدالت نرسد — یا کە در نالەی ما این همە تأثیر نبود
تا نگشت ابرو و مُژگان تو خونریز دلی — سپر تیغ نگشت و هدف تیر نبود
عادت غمزەی چشم تو شکاراندازی است — وَر نە صید دل ما قابل نخجیر نبود
عشق بر گردن کس طوق ارادت ننهاد — تا بە دستش ز سر زلف تو زنجیر نبود
بە خط و خال تو گفتم نسپارم دل خویش — چە کنم چارەی تقدیر بە تدبیر نبود
خضر از نقش لَبت زندە و جاوید بماند — وَر نە در آب بَقا این همە تأثیر نبود
غم هجران تو ای تازەجوان پیرش کرد — وَر نە «سلطانی» از این پیش چنین پیر نبود

* * *

بە چَمَن بار دگر رُست عَقیق یَمَنا — چو رُخ تُرک من از شاخ برآید سَمَنا
بر گُلش بلبل شیدا بە سجود آمد باز — آنچنان کاید در پیش صَنَم، بَرْهَمَنا
رُخ خورشید درخشندە ز تاریک سحاب — چون نگین جَم و مانند دل اهرمَنا

سُرمە در چشم کشد بار دگر نرگسَکا
مُشک بر زُلف زند بار دگر نَسترنا

اَبر بارندە گُهر بارد هر دم گویی
کە فرود آید از آن قُرطەی درّ عَدَنا

گرنە مانند کلیسا شدە گُلزار ز چیست؟
کە چکاوک شدە خُنیاگر و ناقوس زَنا

گُل صدپارە بە زندان چمن دانی چیست؟
یوسفی کش بدریدند بە بر پیرهَنا

شاخ گر کان جواهر نە، چرا هر دم از آن
گاه پیروزە همی‌روید و گە بَهْرمنا

همە زنگار دهد سبزە بە کوە و چَمَنا
همە شنگرف دهد لالە بە دشت و دَمنا

گر بە شنگرف و بە زنگار فتد حاجت خلق
گو بیا و ببر این هر دو بە خروار و منا

مَجمَعُ‌الفُصَحاء، ب٢، ل١٥٢. *تذکرەی شُعرای کرمانشاە*، ل٥٤.

شێخ ئەحمەدی وەلی

شێخ ئەحمەد شەمسەدین، کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی، لە عارف و سۆفییە ناودارەکانە کە ساڵی ١٢٦٦ ک. م. لە گوندی «تەوێڵێ» لە دایک بووە و ٢٥ی سەفەری ساڵی ١٣٠٧ ک. م. بە مەرگێکی ناکاو، لە دنیا چووە.

ئەحمەد هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە و کاتی خوێندن، لاوێکی بەعیبادەت و لەخواترس و ڕیازەتکێش بووە و خۆی تەیاری وەرگرتنی تەریقەت و سەیر و سولووک کردووە و سەرەنجام لە ژێر چاوەدێری بابی پایەبەرزیدا، چۆتە ناو جەرگەی سۆفیانەوە و یەک لە دووی یەک لە پلەکانی تەریقەت سەرکەوتووە و تا سەرترین پلە ڕۆیشتووە و بە «شێخ ئەحمەدی وەلی» ناوی دەرکردووە.

سراجُ‌الطالبین، ل١٦١. *الفضیلة*.

مەلا عوسمانی کانیکەوەیی

کوڕی حاجی مەلا ئیسمایل، کوڕی مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا فازیل، ساڵی ١٢٢١ ک. م. لە گەڕەکی «دەرەگەزێن»ی[1] سلێمانی هاتۆتە دنیا و خوێندنی لەو شارە و شارانی دەور و بەردا تەواو کردووە. پاشان

١. **دەرگەزێن**: ناوچەیەکە لە هەمەدانەدا. زەمانی شاسوڵتانحوسەینی سەفەوی (١١٠٥- ١١٣٥ ک. م.) بە هۆی بشێوەی ئێران و شەڕی ناوخۆی میرانی کرماشان و هەمەدانەوە، تایفەی قادری -کە نیشتەجێی ناوچەی دەرگەزێنی هەمەدان بوون - لێبڕاون بەرەو ڕۆژاوا بارکەن. ئەم کۆچ و بارە، ساڵی ١١٢٠ ک. م. ڕوویداوە و کۆچەران بوون بە دوو دەستەوە: دەستەیەکیان لە شاری سنە دابەزیون و دەستەیەکیش تا سلێمانی ڕۆیون و لەوێ گەڕەکێکیان بە ناوی خۆیانەوە کردۆتەوە و ناوی بووە بە «گەڕەکی دەرگەزێن». باب و کاڵی مەلا عوسمان لەو کۆچەرانە بوون. دەڵێن باوەگەورەی ئەم خێڵە، بابا تاهیری هەمەدانییە.

چۆتە خزمەتی پیری تەریقەتی نەقشبەندی، شێخ سیراجەدین و ماوەیەک لە سووچی خانەقای تەوێڵێدا سەیر و سولووکی کردووە تا بە مرازی گەیشتووە و لە مورشیدەکەی، ئیجازەی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە سلێمانی و پێڕای بەجێهێنانی داب و دەستووری تەریقەت و ڕێنوێنی خەڵک، ئەرکی وەرگرتنی فەقێ و دەرس گوتنەوەشی لە ئەستۆ گرتووە.

مەلا عوسمان مرۆیەکی پارسا، لەخواترس، بە بەشی خۆ ڕازی و دوورەپەرێز لە خەڵک بووە و ئاوڕێکی وای لە ماڵ و سامانی دنیا نەداوەتەوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٠٧ ک. م. بەرەو لای پەروەرندەی گەڕاوەتەوە.

لە مەلا عوسمان دیوانێک شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی و هەروەها کتێبێک بەناوی «*جَوهرةُ العرفان*» لەمەڕ سۆفیگەرییەوە، بە زبانی عەرەبی بەجێ ماوە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ٣٨٠ و ٣٨١.

عەبدوسسەمیعی بانەیی

حاجی سەید عەبدوسسەمیع، کوڕی سەید سولەیمان، کوڕی سەید ئیبراهیم، کوڕی سەید ئەحمەد، لە تۆرەمەی سەیدەکانی بەرزنجەیە کە ساڵی ١٢٦٤ ک. م. لە ناوچەی «سیوەیل»، لە ڕۆژاوای کوردستان هاتۆتە دنیا و پاش تەواوکردنی دەرس و دەور، ڕووی لە ڕۆژهەڵات ناوە و لە گوندی «حەمزەڵان»ی ناوچەی «دەشتەتاڵ»ی بانە گیرساوە و لەوێ خەریکی دەرس‌دانەوە و بەرنوێژی خزمەتی دینی بووە و ژنی خواستووە. ساڵی ١٢٩٥ ک. م. چۆتە ئابادی «ئەنجینەی ئیبراهیم» و ساڵی ١٣٠٢، ئەوێشی بەجێهێشتووە و لە دێی «بنەخوێ» یۆنس خانی بانە دامەزراوە. ساڵی ١٣٠٧ ک. م. سەفەری حیجازی کردووە و پاش بەجێهێنانی حەج و زیارەتی مەدینەی پیرۆز، هێشتا نەگەیشتۆتەوە جەددە، دنیای بەجێهێشتووە.

خوا لێ خۆشبوو عەبدوسسەمیع پیاوێکی عارف و هێژا بووە و لە تەریقەتدا، سەری بە قوتبی تەریقەت، مورشیدی پایەبەرزی قادری، کاک ئەحمەدی شێخ سپاردووە.

لەم مامۆستایە هۆنراوەیەک بە کوردی، لە عەقایددا و کتێبێک بە پەخشانی فارسی، لەمەڕ مارە و تەڵاق و قوربانییەوە بەجێماوە.

ئێستاش لە پشتی ئەو بەڕێزە، مامۆستایانێکی پارسا و هێژا، لە بانە و سەقز و دێهاتی دەوروبەریدا دەژین.

یادداشتەکانی نووسەر.

میرزا ئەسەدوڵای قادرمەرزی

ناسراو بە «میرزا ئەسەدوڵا خان»، کوڕی میرزا مەهدی خان، پیاوێکی گفتخۆش و دەمپاراو بووە و زۆری حەز بە شیعر و وێژەی کوردی کردووە و لەگەڵ هێندێک لە شاعیرانی کوردی هاوچەرخیدا، شیعریان

گۆڕیوەتەوە.

میرزا ئەسەدوڵا هەڵبەستی «*باد و باران*»ی میرزا شەفیعی کولیایی نووسیوەتەوە و بە چاولێکەری ئەو، مەسنەوی «*هەرزەکەلام*»ی هۆنیوەتەوە.

مامۆستا موحەممەد سەعیدی مەجیدی، سەرجەمی شیعرەکانی میرزای لە کتێبێکدا بە ناوی «*گوڵزاری ئەسەدوڵا خان*» کۆ کردۆتەوە کە بریتییە لە «*هەرزەکەلام*» یان «*زۆسان و شەماڵ*»، «*سوڵتان جومجومە*»، «*ئیسمایل‌نامە*» و «*شینی شێخ عوسمانی تەوێڵێ*».

ئەوا چەند بەیت لە سەرەتای هۆنراوەی *زۆسان و شەماڵ*:

هان وە تەنگەوە، هان وە تەنگەوە — فەڵەک! بەندەگان هان وە تەنگەوە
گشت جە نادانی شین وە نەنگەوە — پاڵدان وە پاڵشت سیای سەنگەوە
ئەلوەدای شیوەن چەنی سەختی ساڵ — کەس نەمەند، جە ڕەنگ زمان کەردەن لاڵ
جای بە ناو مەلجەء، هەنی نییەن کەس — غەیر جە زاتی تۆ، قەدیمی ئەقدەس!
بەندەت گونابار، سەربارەن عیسیان — پەی وێش جەمکەردەن بیسەهوو نسیان
جە شەرمەساری، ڕای ڕجاش بەندەن — شەیتان وە چەن ڕەنگ دام نەڕاش تەندەن
تەئسیر نەمەندەن جە کەرەمی نەفس — مەر لوتفی وێت بۆ ئەی کەس بێ‌کەس!
ئەڵبەت یا ڕەویەی ئاخر زەمانەن — قەتع مەقبووڵی دۆعای پاکانەن
وەی تەور زمستان زۆرئازمای زوور — جە خورشید سەندەن جیلوەی شەوق نوور
یەک ڕۆژەن جە بورج حەمەل ویەردەن — یەک نیشانەی خەیر زاهیر نەکەردەن
کەروێشک و ڕێوی، وەحشی و فەقیرحاڵ — وێڵ وێڵ مەگێلان دڵسوختەی زوخاڵ
کەو و کەڵکێفی قەڵوەزان یاتاخ — کەفتەن وە پادەشت دڵ چون سیاداخ
نە قەتارەی قاز چون هەردەجاران — نە سەوت عەندەلیب مەیۆ نەداران
نە قەمەر مەندەن بە جەلای جەمین — نە خورشید مەدۆ شۆڵەی تاو و تین
نە شەتاو مەندەن پەرێ مورغاوی — نە کۆ دیارەن پەی مورغ کاوی
یاران! یاوەران! کێ مەندەن وە هوش؟ — کێ دیەن وە چەم، یا شنەفتە گۆش؟
کێ واچۆ ساڵێ چێ وەتەر بییەن؟ — زەلالەت زوڵمەش نەحەد بەرشیەن
کەس جە وەرینان تەقریر نەکەردەن — نمەبۆ ناوێ تا وەرۆی مەردەن

جارێک دەنگخۆشی بەناوبانگی کورد، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ـکە لە دۆستانی میرزا بووەـ دەعوەتی لێ دەکا بۆ سنە بڕوا و ماوەیەک میوانی بێ. میرزا، وەک سەید دەڵێ، بڕوبیانوو دێنێتەوە. سەید عەلی ئەسغەر ئەم شیعرەی بۆ دەنێرێ:

مـــیرزا کافییـــەن! مـــیرزا کافییـــەن! عـــورز و بەهانـــەت بـــێئینـــسافییەن
جـــەم جەمـــەن، ڕاســـتی دڵ ئینتـــزارەن زۆســـان تـــەواوەن، وادەی بـــەهارەن
پـــەی ئامـــات مـــیرزا! ڕۆژشماریمـــەن جـــە دووریـــت بـــیللا بـــێقەراریمـــەن
ئەڵـــبەت مـــەواچی ســـنە ئیلاخـــەن بـــەلام گوڵـــستان، بێـــسان و باخـــەن

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

بـــاقی وەســـسەلام، ڕەفێـــق دنیـــام بـــۆ هـــاتنی تـــۆ ئیتـــر دڵـــنیام

ئەمەش وەرامی میرزا:

ئوستاد فەرەحبەخش! ئەولادەی ڕەسووڵ! ســەیید ســەروەر! نیــایش مــەقبووڵ
نامــەی موبــارەک نیــام نــە ڕووی چــەم ئیــستقبالّم کــەرد، چــەنی چــەن قــەدەم
فــەرەح وســت جــە نــاو دڵ خــەمبارم ســـارێزش کـــەردەن ئـــێش و ئـــازارم
ئومێـــدم ئێـــدەن جـــە لای لامـــەکان شـــادم بکـــەری بـــە داری جینـــان
ئومێـــدم بـــە تـــۆ، دانـــا و تـــەوانا! ڕەجـــام هانایـــە، ســـەدهەزار هانـــا

تا ئێژێ:

هـــا ئامـــام وەلات، ڕەفێـــق دیـــنم بـــاقی وەســـسەلام ئێـــدەن یـــەقینم

میرزا ئەسەدوڵا ساڵی ١٣٠٧ ک. م. پاش ٦٣ ساڵ ژیان، لە زێدەکەی خۆیا ماڵاوایی لە دنیا کردووە.

کتێبی دەسنووسی *گوڵزاری ئەسەدوڵا خان*،
ئامادەکردنی موحەممەد سەعیدی مەجیدی.

موفتی زەهاوی

عەللامەی تاقانە، مەلا موحەممەد، نازناو «فەیز»، کوڕی مەلا ئەحمەد، کوڕی حەسەن بەگ، کـوڕی ڕوسـتەم بەگ، کوڕی کەیخوسرەو بەگ، کوڕی ئەمیر بابا سولەیمان، لە عەشـیرەتی بابـان، ساڵـی ١٢٠٨ ک. م. لـە سلێمانی هاتە دنیا و ١٣٠٨[1]، پاش سەد ساڵ ژیانی پڕپیت، لە بەغدا دنیای بەجێهێشت.

عەللامە زەهاوی ماوەی ٨٠ ساڵان دەرسی گوتووە و ٣٨ ساڵ مـوفتی بەغـدا بـووە و لـە هـەموو زانـستە ئیسلامییەکاندا، تا پلەیەکی بەرز سەرکەوتووە.

بابی مەلا موحەممەد، خەڵکی سلێمانی و دایکی لە مەردمی زەهاو[2] بووە و بەو بۆنەوە ماوەیەک بە ماڵەوە

---

١. ڕستەی «غابَ نَجْمُ المَعالِم»، بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣٠٨، کە ساڵی لە دنیا چوونی زەهاوییە.
٢. **زەهاو**: ناوچەیەکی کوردە لە نێوان «هورین» و «شێخان» و «قەسر»دا.

لە زەهاو ژیاون، بە زەهاوی ناوی دەرکردووە.

موحەممەد سەرەتا لای بابییەوە خوێندنی دەسپێکرد و دوایی، چەند ساڵ لە خزمەتی شێخ موحەممەد مەعرووفی نۆدێیی، بەیان و مەعانی و عەرووز فێر بوو. ئیمجا چوو بۆ هەڵەبجە و ماوەیەک لای شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی خوێندی و جا ڕووی‌کردە سنە و لە کۆڕی دەرسی عەللامە شێخ موحەممەد قەسیمی مەردۆخی (گەورە)، حیکمەت و کەلام و ڕیازی وەرگرت و لەوێشەوە چووە سابلاغ (مەهاباد) و لای زانای بەناوبانگ، مەلا موحەممەد، ناسراو بە «ئیبنو ڕەسووڵ»، ڕیازی و هەیئەتی خوێند.

مەلا موحەممەد دوای تەواو کردنی دەرس و دەور، گەڕاوە سلێمانی و هێندێکی کەم لە مزگەوتی شێخ باباعەلی دەرسی گوتەوە و پاشان چووە کەرکووک و ماوەیەکی زۆر لەو شارە درێژەی بە کاری خۆی دا.

زەهاوی لە نێوان ساڵانی١٢٥٧ تا ١٢٦٠ ک. م. کۆچی کرد بۆ بەغدا و ساڵی ١٢٦٦، پێڕای پیشەی دەرس‌گوتنەوە، سەرپەرشتی کۆڕی مامۆستایانی بەغدای پێ سپێردرا و ساڵی ١٢٧٠ ک. م. بە شێوەی ڕەسمی، بوو بە موفتی بەغدا و تا دوارۆژی ژیانی لەو مەقامەدا مایەوە.

عەبدولباقی عومەری، شاعیری بەناوبانگی عیراقی، بۆ شاباش و پەسن‌دانی زەهاوی کە بۆتە موفتی بەغدا، ئەم دوو بەیتەی گوتووە:

قَـدْ قِیلَ لِی إذ رُحْتَ أَنْشِدْ عِنْدَ مَا ... شَاهَدْتَ دِینَ مُحَمَّدٍ یَتَجَدَّدُ
فِی مَذْهَبِ النُّعمانِ بِالزَّوراءِ قَدْ ... أَفْتَی الإمامُ الشَّافعیُّ مُحَمَّدُ

واتا: بە منیان گوت: کاتێ چوویە بەغدا و دیتت کە دینی موحەممەد (د) گوڕ و گەشەیەکی تازەی پەیدا کردووە، قەسیدەیەک دانە و بێژە: وا ئیمام موحەممەد ئیدریسی شافیعییە کە لە بەغدا لەسەر کورسی فتوا دانیشتووە و لە مەزهەبی ئەبووحەنیفەدا فتوا دەدا.

شاعیر لەم دوو بەیتەدا ئاماژە بەوە دەکا کە فەقیهێکی شافیعی (زەهاوی)، لەبەر شارەزایی لە هەموو مەزهەبەکاندا، بۆتە ئیمامی حەنەفییەکانیش لە بەغدا.

شیاوی باسە زەهاوی پاش ماوەیەک، بۆخۆشی چۆتە سەر مەزهەبی ئەبووحەنیفەوە.

موفتی زەهاوی زۆر زیرەک و هێژا بووە و خودا بیرێکی یەکجار بەهێزی پێ‌داوە؛ بە شێوەیەک کە هەرچێکی خوێندووتەوە، دەسبەجێ لەبەری‌کردووە. زیاد لە پایەی بەرزی زانستی، لە زبان و وێژەی عارەب و فارسدا، دەسەڵاتێکی تایبەتی هەبووە و بۆ قسەزانی و دەمپاراوی و شیعر هۆنین و پەخشان نووسین و هەروەها قسەملانێ، کەس تۆزی نەشکاندووە. زۆرێک لە زانایانی لەزەبری سوننە یان شیعە، کە چوونەتە مەیدانی کێشە و بەربەرەکانێ ئەدەبی و زانستی مامۆستاوە، هێندەی نەخایاندووە، داریان لە دەس داکەوتووە و دۆڕاوییانە و لەو هەموو هێزی بەڵگەهێنانەوە و زەبری زبانە، سەریان سووڕ ماوە. بۆخۆی لەم بارەوە، لە شوکرانەبژێریدا گوتوویە:

فکـــری دقیـــقٌ فـــی العلـــوم لأنّـــهُ دارَت عَلَیـــه رَحـــی الجـــدال ســـنینا

واتا: له زیره‌كی و وردی و زانیاریدا، خاوه‌ن پله‌یه‌كی به‌رزم؛ چونكوو زۆر ساڵان هزر و بیری مـن لـه ژێـر ته‌وژمی به‌رده‌ئاشی وت‌وویژ و قسه به‌زۆران‌دانی زانستی و ئایینیدا، بارهاتووه.

مـوفتی زه‌هـاوی پیـاوێكی پارێزكـار، لـه‌خـواترس، خێرومه‌نـد، مرۆدۆسـت و غه‌ریبـدار بـووه و ئـه‌وه‌ی ده‌سی‌كه‌وتووه، زۆرتری به هه‌ژاراندا بڵاوكردۆته‌وه. له پشته‌سه‌ر گـوتن خـۆی پاراسـتووه و قـه‌ت خراپـه‌ی كه‌سێكی نه‌گوتووه. فـه‌قێ و قوتابییـه‌كی زۆر لـه كـۆڕی ده‌رسـیدا پێگه‌یـشتوون و زانایـانێكی گـه‌وره لـه به‌رده‌ستیدا هه‌ڵكه‌وتوون. كه‌سانی وه‌ك: شێخ عه‌بدوڕڕه‌حمانی قه‌ره‌داغی، مه‌لا عه‌بدوڵڵای پیره‌باب، مه‌لا عه‌لی قزڵجی تورجانی، مـه‌لا موحه‌ممـه‌دی كوانه‌دۆڵـی، سـه‌ید عه‌بـدوڕڕه‌حمانی نـه‌قیبی به‌غـدا، شـێخ عه‌بدولوه‌هابی نایب، شێخ حه‌سه‌نی قه‌ره‌داغی و شاعیری به‌ناوبانگ، مه‌لا موحه‌ممه‌دی مه‌حوی، ئیجازه‌یان لێ وه‌رگرتووه.

زه‌هاوی منداڵانێكی هێژاشی بارهێناوه. یه‌ك له كۆڕه‌كانی، فه‌یله‌سووف و شـاعیری بـه‌ناوبانگ، جـه‌میل سیدقی زه‌هاوییه كه له شوێنی خۆیدا باسی ده‌كه‌ین.

ئه‌گه‌رچی موفتی زه‌هاوی به بۆنه‌ی كـاری زۆری ئـایینی و زانـستی و سـه‌ردانی بـێ‌پـسانی خه‌ڵـكه‌وه، كاتێكی وای بۆ نه‌ماوه‌ته‌وه شیعر بێژێ، به‌و حاڵه‌ش جاروبار به‌یتێك، قه‌تعه‌یـه‌ك یـان غـه‌زه‌لێكی جـوان و ناسكی هۆنیوه‌ته‌وه؛ كه كۆ نه‌كراونه‌ته‌وه و به په‌رژ و بڵاوی ماونه‌ته‌وه. لێره‌دا هێندێكیان ده‌خه‌ینه به‌رچاو:

فارسی:

رسید اینـك غـرور مـردم نـاكس بـدانجایی كه بیند خویش را هـر خَـرمَگس از عُجب، عَنقـایی

گمارد خویش را هـر ذرّه‌ی نـاچیز، خورشـیدی شمارد خویش را هـر قطـره‌ی بی‌قـدر، دریـایی

هزاران در جهان جالوت هست و نیست داوودی فراوان بر زمین فرعون هـست و نیـست موسـایی

همه گم كرده راهیم و نباشـد در جهـان خـضری همه كُـور و كَـر و لالـیم و پیـدا نیـست عیـسایی

هـــزاران آزر بُتگـــر عیاننـــد و خَلیلـــی نیـــست بـود چـون نَیْنَـوا هـر شـهر و نبـود ابـن‌مَتّـایی[1]

از ایـن اوضـاع نـاهموار بـی‌هَنجـار مـی‌ترسـم خوشا می‌یافتم «فیضی» در این گنبد دگـر جـایی

* * *

در فكر شَرحه شرحه دلا همچـو شـانه بـاش آسـان نمـی‌تـوان سـر زلـف سُـخن گرفـت

* * *

خـوش آنكـه جـان و رَه بـسپاریم و بـسپریم یعنـی كـه عاریـت بگـذاریم و بگـذریم

---

١. **ابن‌مَتّی**: واتا حه‌زره‌تی یۆنس (د) كه ناوی بابی مه‌تتا بووه.

مـــا را مُیَـــسَّر ار نـــشود دیـــدن نگـــار لَـوحی ز صـورتش بنگـاریم و بنگـریم

* * *

دلا عهدی است چون بلبل در این گُلزار می‌نـالم گه از بی‌مهری گُل، که ز جور خار مـی‌نـالم
میـان نالـه‌ی مـا نیـست چنـدان فـرق ای بلبـل تو بر رُخسار گُل، من بر گُل رخسار مـی‌نـالم

عەرەبی:

بـــانَ لـــی فـــیٱلْمـــرْآت شـــیخٌ کَبیـــر عـــاشَ حَتّـــی تَعَـــرَّفَ الأحـــوالا
قُلْـــتُ: کَـــمْ عـــشْتَ؟ قـــالَ: تـــسْعینَ عامـــاً قُلْـــتُ مـــاذا فَعَلْـــتَ فیهـــا؟ فَقـــالا:
أکَـــــلات دفعتهـــــا فَـــــضُلات وَ شُـــــرُوباً أرقْتُهـــــا أبْـــــوالا
وَ ثِیابـــــاً لَبِـــــسْتُها فـــــاخرات جُـــــدُداً، قَـــــدْ نَزعتُهـــــا أســـــمالاً

* * *

اُضَـیفَ الـدُّجی مَعْنـیً إلـی لیـل شَـعْره فَطـالَ فَلَـولا ذاکَ مـا خُـصَّ بـالجَرِّ
و حاجِبُـــهُ نُـــونُ الوقـــایَـــة مـــا وَقـــت علـی شـرطها فعْـلَ الجُفُـون مـنَ الکَـسْر

* * *

یـــا رَبّ حـــارَتْ فـــی ثَنـــاکَ عُقُـــولُ مـــاذا عَـــسی فیـــکَ العُقُـــولُ تَقُـــولُ
إنَّ الوُجُـــودَ ثَنـــی عَلیـــك بأسْـــره فَثَنـــاءُ أهْـــل الفَـــضْل فیـــکَ فُـــضُولُ

وێنەیەک لە پەخشانی عەرەبی زەهاوی کـە پەسـندێکە بـۆ قەسـیدەیەکی شـاعیری نـاوداری عـیراق، عەبدولباقی عومری و تێدا چەند ئایەتی قورئانی، وەکو شایەت هێناوەتەوە:

«... اللّهُ أکبرُ، أنْظُروا اُدَباءَ الأمصار، وَ اعْتَبرُوا یا أولی الأبصار، هَلْ قامَت القیامةُ أمْ کَشفَها لَنا فی الـدُّنیا عَلی وَجْه الکَرامَة، شَیخُ الشُّعَراء السَّری، حضرةُ عبدالباقی اَفندی العُمری، مَتَّعَنا اللّهُ ببَقائه، و عـادَ عَلینـا مـنْ بَرَکات إنْشاده وَ إنْشاءه فَإنَّهُ أطْلعَ هذه القصیدة فَإذا الشَّمسُ کُوِّرَتْ، وَ أبدَعَ مَعانیها المَصیدة فإذَا الوُحُوشُ حُشرَت، وَ نَظَمَ کَلمَها فإذا الکَواکبُ اَنْتَثرَت، و وقر البحر الخَفیف بها فَإذا البحارُ سُجّرتْ، تُتْلی رقیقَـةُ الألفاظ، علی قاسیَة القُلُوب الغلاظ، فإذا الجبالُ سُیِّرَتْ، یَسْمَعُها الأولیاءُ وَ الاعداءُ فاذا الجَنَّة اُزْلفَـت، و إذا الجحیمُ سُعِّرَتْ، ثُمَّ خَمَّسَها فَجُمعَ الشَّمسُ وَ القَمَر وَ قَرَنَ ـ للّه درُّهُ ـ بَیْنَ الدَّراری وَ الدُّرر، انَّ هذه لَکَـرامَـةٌ اُوثرَ بها لا سحرٌ یُؤْثَر»

بەرهەمەکانی زەهاوی:

١. نامیلکەیەک لەمەڕ جەبر و ئیعتیزالەوە و لێکدانەوەیان لەگەڵ بیر و بۆچوونی سوننەدا.

٢. وەرگێڕانی نووسراوەکانی ئیمامی ڕەببانی (شێخ ئەحمەدی فاروقی سەرهیندی) لە فارسییەوە بۆ عارەبی.

لە موفتی زەهاوییان پرسیوە: بەم هەموو زانستەوە، چۆنە کتێبێکـی واتـان نەنووسـیوە؟ بـە هاتـە جـوابی

داوەتەوە:

عــــاق تدریـــــسی عـــــن التَّـــــالیف لکـــــن ٭ مــــا أنــــا مـــــنْ فَــــضل ربّــــی مُتأسّــــف
مـــــــنْ تَلامیــــــــذیَ أَلَّفــــــــتُ کتابــــــــاً ٭ کُـــلُّ سَـــطر منْـــهُ فـــی العلْـــم مُؤلَّـــف

یانی: ئەگەر دەرس‌گوتنەوە بوو بە هۆی ئەوە دەرفەتێکم بۆ نووسین نەمێنێتەوە، خەم ناخۆم و چاکەی خودا سەبارەت بە خۆم بە کەم نازانم. ئەمن لە ژیانمدا قوتابییانێکم بارهێناوە کە هەرکام بەرامبەر بە کتێبێکی وان کە هەر دێڕێکیان زانستێکە.

جارێک والی بەغدا، ساعەتێکی زێڕ پێشکەشی موفتی زەهاوی دەکا. چەند کەسێکی کۆڕەکە ـ لەبەر ئێرەیی ـ بە تەوس و توانجەوە هەڵدەدەن: ساعەتی زێڕ و موفتی! زەهاوی دەسبەجێ جواب دەداتەوە:

زُلْـــزَلَهُم ســـاعَـــــةٌ أُوتیتُهـــا ٭ زَلْـزَلَـةُ الـسَّاعَـة شـیءٌ عَظـیم

کە دێنە دەرەوە، کرێکارێک بە بارەدارێکەوە لە سەر شان، دێتە ڕێگایان. بانگی دەکا و ساعەتەکەی دەداتێ. ئەمجار ڕوو دەکاتە هاوڕێیانی و ئێژێ: ئەگەر دیارییەکەی والیم بەسەریدا نەداوە، بۆ ئەوە نەبوو بیکەمە دەستم؛ نەمویست بەخۆدا بشکێتەوە.

مفتی زَهاوی، شیخ مُحمّد خال، بغداد، ١٣٧٣ ک. م. *البیتوشی. تاریخ سُلیمانیه*، ل٢٥١. گۆڤاری *یادگار*، تاران، س٣، ژ٩، گولانی ١٣٢٦ ک.ه. ل٦٤ تا ٦٨.

ئامانوڵای فەرهەنگ

ئامانوڵای فەرهەنگ، لە خێڵی کوردی بیگوەند، خەڵکی ناوچەی کولیایی لای کرماشان، پیاوێکی وێژەوان و شاعیرێکی خۆش‌سەروزمان بووە و ساڵی ١٣٠٨ ک. م. لە دنیا دەرچووە.

ئەم بەیتە هی ئەوە:

مـن ز جفـای رقیـب، خـون‌جگـر و بـی‌طبیـب ٭ درد مرا چاره نیست، دارو و درد از خداست

گلزار ادب، تهران، ل١٠٠.

عەبدولقادیری هەمەوەند

مەشهوور بە «فەقێ قادر»، کوڕی کوێخا ڕەسووڵ، کوڕی جوامێر، کوڕی یادگار، لە خێڵی هەمەوەند، ساڵی ١٢٤٧ ک. م. لە ناوچەی بازیانی کوردستان هاتە دنیا و ساڵی ١٣٠٥، پاش پێنج ساڵ و نیو زیندان لە کەرکووک و دووساڵ لە مووسڵ یان بەغدا، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، لەگەڵ خێڵەکەی، بۆ شاری بینغازی لیبی تارێنرا و ساڵی ١٣٠٨ ک. م. هەر لەوێ دنیای بەجێ‌هێشت.

قادر لە قوتابخانە دینییەکاندا خوێندوویە و مرۆیەکی بەئیمان، حەق‌بێژ و دروستکار بووە و زۆر جاران

گازندەی لە زۆربێژی و ناحەقیکاری دەسەڵاتداران کردووە و بەم بۆنەوە ساڵانێکی زۆر لە زیندان خراوە یان بۆ دوورەوڵاتان تارێنراوە.

فەقێ قادر مرید و دەروێشی عارفی پایەبەرز کاک ئەحمەدی شێخ بووە و لە شیعرەکانیدا زۆر جاران پەسنی داوە.

لەم شاعیرە ساڵی ١٩٨٠ ز. دیوانێک بە تێکۆشانی زانای بەڕێز، مامۆستا مەلا کەریمی بیارە لە چاپ درا کە بریتییە لە حەوت بەش: ١.هێژایی مرۆ ٢.پەندی زانایان ٣. بڕوای ئیسلامی ٤. میعراجنامە ٥. پەسن‌نامە ٦. جەبری و ئەشعەری ٧. جونگ‌نامەی بەهار و زستان.

شیاوی باسە فەقێ قادر نازناوی خۆی، جار-جار «فەقێ» و جاروبار «دەروێش» نووسیوە.

ئەمەش چەند شیعری فەقێ دەروێش !:

موغەننی! سازێ، موغەننی! سازێ نەڕووی ئیلتفات دەس‌دەر نەسازێ
جەی بەزم وە ئاهەنگ سادەی ئاوازێ جە نەزم حیجاز بکەر ئاغازێ
دڵەی خەمبارم خەیلێوەن خەجڵ تەئسیر دەنگت ئەسەر کۆ نە دڵ
فدات بام ساقی ها زومرەی عوششاق داریم ئیحتیاج پەی تەکلیف شاق
کەچ‌کەر عەرەقچین، زولفەین بەلاوکەر عەینەین مەستت هەم سورمەساوکەر
پڕکەر پیاڵە، بنما جەماڵت وە حەنا ڕەنگ‌کەر پەنجەی شمشاڵت
با نەشئەی بادە نە ڕای حەقیق بۆ ڕەنگش چون لەبان لەعلت عەقێق بۆ
موترب! سا بەرزکەر نەوایێ هەنی «لا یَعْقَلْ» کەر دڵ نەی دونیای دەنی
خامۆش کەر کوورەی فیکر و خەیاڵم ڕەوشەن کەر مینای زیهن زەلاڵم
با گوش نە سەدای ئاوازەخوان بۆ نەشیب و فەراز جە لام یەکسان بۆ
یەک‌ڕەنگ بام نەی مەی، مەدهۆش بام نەی دەنگ مەنقووش بام چون نەقش نەققاش نە ڕووی سەنگ
بفەرما «فەقی» بەسەن ئەی ناڵە بنۆشە نەی بەزم سەر و پیاڵە
بەڵکم نە هیممەت ئینعام دڵبەر شادبام وە حوزوور شای هومایوون‌فەڕ

* * *

نامەکەی ئازیز، ڕافیع یاوەنا تەئسیرش کوورەی دڵم تاوەنا
جەرگ زوخاڵی کەرد، دەروونم وە تەم تاسەی دیدارت تازە بی دەم‌دەم
خەیاڵم هەریەند جە لات بەستەن کۆ وەختەن فانی بام جە خەیاڵ تۆ
ئەمما مەندەنان نەی حاڵە حەیران هەرگا مەیلت بۆ، دڵ مەبۆ گران
ئەر سەرد بێ مەیلت، سەرد مەبۆ ئاهم بە یەخ مەمانۆ سفتەی سیاهم
بەلام مەیلت بۆ، تا مەندەن نەفەس بەس نییەن بە مەیل تۆ مەبۆن قەقنەس

«فەقی» دڵ ها شەوق تەئسیر نامە   ئەسەر کەرد نەشئەی «یَوْمُ القیامَە»

* * *

عید قوربانەن، نەزاریم قوربان!   قوربانی بە غەیر یەک ڕۆح ڕەوان
ئەر قەبوولتەن مەگیر بەهانە   چون یاران نیسار وێم کەم ڕەوانە
ئەوا بەن خەیلێ ئەرکەری قیساس   بەڵ جە کوورەی نار فیرقەت بام خەلاس
تاکەی دڵ بە خار میحنەتان ئێشۆ   قامەت تاکەی بار خەجڵەتان کێشۆ
قوربان! «فەقی» دڵ تەفرەقەن خەیلێ   یا قوربانیش کەر، یا پێش‌دەر مەیلێ

* * *

ئاهووی تەتاران! ئاهووی تەتاران!   دەلیلەی سەررەم، ئاهووی تەتاران
لەیلای عەرەبوار، شای وەفاداران   وەفات مەجنوون وست نە پای کۆساران
بۆ زەرڕەی نە عیشق مەجنوون بکەر مەیل   باوەر بە خاتر وەفاداری لەیل
بنما جەماڵت ئاهووی سەر ڕوەیل   قەیس کەر بە مەجنوون سەرهەردەی دوجەیل
جەلادەر تورڕەی توغرای شاماران   وەفات مەجنوون وست نەپای کۆساران
دانگێ شەو مانۆ کەژاوە کەر بار   وەرنە کۆچ ناقە ناق کەر جە قەتار
پەی دیدەنی قەیس سادەی جان‌نیسار   ڕوو نە جەبەل کەر بێ‌سەبر و مەدار
وەش‌دەماخش کەر وە بۆی ڕەش‌ماران   وەفات مەجنوون وست نە پای کۆساران
قامەت وە قەبای زەڕنگارەوە   هەر های نە خەیاڵ کارزارەوە
ڕوو وەش بەو ساتێ وە لای یارەوە   جەهد قەیست بۆ نە پێوارەوە
بنیش چەنی قەیس نە سای مەغاران   وەفات مەجنوون وست نە پای کۆساران
نە توی شەبستان مەسقەڵ‌دەر جەبین   گوش‌دەر وە ناڵەی قەیس دڵ‌حەزین
بگیر نە ئاغۆش جێش مەکەر نەفرین   ماوەر بەیانە ئەغنام مسکین
بکەر غەمخواری شای دڵ‌ئەفگاران   وەفات مەجنوون وست نە پای کۆساران
چل‌چەنگ وە گیسووی تازە شوورەوە   قەیس بەیۆ جە نەجد بەڕیەی دوورەوە
کاسەی پڕ نە «ماءُ الطّهور»ەوە   بدەر بە دەستش وە سوورەوورەوە
تەسکین‌دەر وە دەرد دڵەی هەزاران   وەفات مەجنوون وست نەپای کۆساران
یاشا هەر شەخسێ وەی تەور دڵدار بۆ   شیرین شێوە بۆ، لەیلێ ڕەفتار بۆ
مەحفووز گەزەند دیدەی بەدکار بۆ   چون لەیل وەرین هەر پایدار بۆ
هەر مانۆ بە شاد پەی دەردەداران   وەفات مەجنوون وست نە پای کۆساران

پێشەکی و دیوانی چاپی شاعیر. جونگێکی دەسنووس.

قازی کاشتەری

مەلا موحەممەد ئەمین، لە مامۆستایانی هێژای سەردەمی خۆی بووە کە لە گونـدی «کاشـتەر»ی ناوچـەی بێڵەوار، دەرسی گوتۆتەوە و دادوەری کردووە. بابی ڕەحمەتیم ـکە پوورزایشی بووـ سەرەتا ماوەیـەک لای ئەو خوێندبووی و زۆر جار باسی پارێزکاری و دروستکاری و هەروەها شارەزایی لە فیقهدا دەکرد.

ئەم مامۆستایە ساڵی ١٣٠٩ ک. م. لە کاشتەر کۆچی دوایی کردووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

عومەر ئەفەندی ئەربیلی

عەللامە عومەر ئەفەندی کوڕی ئەبووبەکر ئەفەندی، لـە زانایـانی هەڵـبژاردەی سـەردەمی خـۆی بـووە کـە خوێندنی لای عومەر ئەفەندی خێلانی تەواو کردووە و پاشان لە مزگەوتی جامیعەی قەڵای هـەولێردا ـکـە باوکیشی مامۆستای ئەوێ بووەـ دەرس‌گوتنەوەی دەسپێکردووە.

عومەر ئەفەندی پیاوێکی دارا بووە و خەرجی قوتابخانە و قوتابییانی وەئەستۆ گرتـووە. یـەک لـە زانایـانی موجازی کۆڕی دەرسی مامۆستا، مەلا عەبدوڵڵای دشییە؛ کە لە جێی خۆیدا باسی ئەویش دەکەین.

کۆچی یەکجاری عومەر ئەفەندی ساڵی ١٣٠٩ ک. م. ڕوویداوە.

بیرەوەرییەکانی نووسەر.

فیکری کوردستانی

لە شاعیرە ڕەوانبێژ و هێژاکانی کۆتایی چەرخی سێزدە و سەرەتای چەرخی چاردەی کۆچی بـووە کـە بـە زبانی سۆرانی شیعری گوتووە و لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

شیعری ئەون:

چەمەن چۆڵ بوو لە ئارادا نەما گوڵ شین نەکەم چی‌بکەم؟
لیباسی ئیرسی مەجنوونی بەبەر خۆما نەکەم چـی‌بکـەم؟
لـــە کەللەمدایـــە ســـەودای ســـونبولی زوڵـــفی پەرێـــشانی
بە یادی عەشقی ئەو مەشقی پەرێشانی نەکەم چی‌بکـەم؟
ئەگەر ئەو شۆخە بێتە سـەر فرۆشـی مـاچی لێـوی خـۆی
لە بازاری مەحەبەتـدا بـە ڕۆح سـەودا نەکـەم چـی‌بکـەم؟

مەتاڵای خەتتی تۆ سەعبە لەبەر شـەمعی ڕوخـت قوربـان
هەموو شەو تا سبەینێ زیهنی تیژم کول نەکەم چیبکەم؟
ئەوەنـد تەشـنەلەبـە دڵ بـۆ شـەرابی غـەمزەیی سـاقی
بە دەریای عیلمەوە گەر ڕوو لە مەیخانە نەکەم چیبکـەم؟
کە جیلوەی دا لەسەر سەفحەی گوڵی ڕووت شەبنەمی ئەسرین
لە سەرچاوەی دڵم تۆفانی خوێن جاری نەکەم چیبکـەم؟
شەرابی وەسڵی تو زەحمەت دەچێتە سەر لەبی «فیکری»
بە ئابی وەسفی حوسنت لێوی وشکم تەڕ نەکەم چیبکەم؟

* * *

خوێن لە چاوانم خورۆشاوە و فەوارەی بەستووە — جارێ نابێ بێتە سەر ئەم حەوز و جۆگـە و کانییـە
چاوەکـانی کاڵـە، لێـوی ئاڵـە، خاڵـی ماوییـە — کاکە تۆخوا پێبڵێ: بۆ پەنجەکەی خوێناوییـە
ناڵەناڵی «فیکری»یە وا خەڵقی خـستە زەلزەلـە — یا نە خۆ حەشری گونەهکارە، وەهـا هاوارییـە

جونگێکی دەسنووس.

قازی عەبدولفەتاحی سابڵاغی

پیاوێکی زانا و وێژەوان لە بنەماڵەی قازییەکانی سابڵاغی مـوکری (مـەهاباد) بـووە کـە سـەری بردۆتـە نـاو سیاسەت و میرمەزنی نواندووە و بەو بۆنەوە گیراوە و ماوەیەک لە تاران، لە زیندان خراوە. کاتی زیندان، ئـەم شیعرەی بۆ ئەتابەکی ئەعزەم نووسیوە:

کمـانابـرو گمـان بـردی کـه مـن سام نریمـانم — کشیدی زیر زنجیرم، مکان دادی به زنـدانم
نَیم یوسف، مرا جـا دادی انـدر گوشـهٔ زنـدان — و یا یعقوب، مأوی باشد اندر بیت‌الاحـزانم
حدیث أکرمُوالضیف از نظرهـا محـو شـد گویـا — اگر من عاصیم، آخر به اهـل شـهر مهمـانم
مَـنم آن بلبـل شـیدا، کـه جـایم بـود گُلـشنها — کنون چون جُغدها جا داده‌ای در کُنج ویـرانم
ز نوک خامه‌ام می‌ریخـت دائـم لُؤلُـؤ و مرجـان — کنون خون می‌چکد هـر صبح و شـام از نـوک مژگـانم
اگـر چنـدی بُـدم سـالک میـان نـاجی و هالـک — ستمها دیده بودم بـر کـسان و ایـل و اَقـرانم
اگر با حبس من سامان پذیرد کار این کشور — ندارم شکوه‌ای من، جان فدای خاک ایرانم
نبود اندر سرم هرگز هـوای سرکشی، آخـر — چرا ماندن به کُنج حبس همچون سعد سـلمانم
اگـر خـود اشـتباهی کـرده‌ام از راه ناچـاری — بفرما چاره‌ای کُـن درد را، مـن خـود پـشیمانم

دەڵێن قازی فەتاح پاش ماوەیەک بەو مەرجە لـە تـاران دەرنەکـەوێ، بـەردراوە و سـەرەنجام لـە کۆتـایی

دەکانی چەرخی چواردە، لەو شارەدا بەشی لە دنیا بڕاوە.[١]

بیرەوەرییەکانی نووسەر.

مەلا عەوڵای پیرەباب

لە زانایانی پایەبەرز و مامۆستایانی بەناوبانگی خەڵکی ئوتەمیشی لای مەهابادە کە پاش دوایی هاتنی دەرس و دەور و وەرگرتنی ئیجازە لە کەسانی وەک مەلا موحەممەد ئەفەندی (خەتێ) و موفتی زەهاوی، گەڕاوەتەوە سابلاغ و تا کۆتایی ژیان لە مەدرەسەی «هەباساغا»دا کاری دەرس‌گوتنەوە بە قوتابیان و ڕێنوێنی خەڵک بووە.

پیرەباب زیاد لە زانستی ئاسایی مەلایان، هندیسە و جەبر و بەگشتی بیرکاری (ڕیازی) زۆر باش زانیوە و مامۆستایەکی کەموێنەی ئەو ڕۆژگارە لەم زانستانەدا بووە و تەنانەت زانایانی هاوچەرخی، گیروگرفتیان لای ئەو بردووە.

مەلا عەوڵا نووسراوەی زۆری ـ لە کتێب و نامیلکە و پەراوێز ـ لەمەڕ زانستە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە؛ وەک: پەراوێز بۆ «*جواد*»، شەرحی «*خُلاصَةُ الحساب*»، پەیوەست بۆ «*فرائض تُحفه*» لە فیقهـدا، پەراوێز بۆ «*اُصول اُقلیدُس*»، پەیوەست لەسەر «*شرح اُسطُرلاب بیرجندی*» و کتێبێک لەمەڕ هەیئەت و هندیسەوە.

کۆچی دوایی ئەم مامۆستایە ١٣٠٩ و ١٣١٨ ک. م. نووسراوە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٤٦. *سالنامەی فرهنگ مهاباد*.

موحەممەد سەعید پاشا

کوڕی سلێمان (نەزیف)ی ئامیدی (دیاربەکری)، ویژەوانێک بووە مێژووزان لە باکووری کوردستان بە نازناوی «سەعید»، کە لە ماردین و چەند پارێزگای تر، پارێزگاری کردووە.

زا و مەرگی سەعید پاشا، ساڵانی ١٢٤٨ ک. م. لە دیاربەکر و ١٣٠٩ لە ماردین نووسراوە.

لە کتێبەکانی: «*تبصرةُالانسان*» بە ترکی، «*خُلاصَةُ المَنطق*»، «*مِراةُ الصّحّه*»، «*مِـراةُ العِبَـر فـی التّـاریخ*» لـە چـوار بەرگدا و «*میزانُ الاَدَب*».

هدیّةُ العارفین، ب٢، ل٣٩٢.

میرزا ڕەزای کەلهوڕ

میرزا موحەممەد ڕەزا خەتتات، کوڕی موحەممەد ڕەحیم بەگی سەردەستە سواری کەلهوڕی کرماشان، لە

---

١. بەپێی فەرمایشی مامۆستا هەژار، قازی فەتاح لە یەکەم شەڕی جیهانی (١٩١٣-١٩١٨ ز.) لە مەهاباد شهید بووە.

ناودارانی خۆشنووسی و هونەرمەندانی گەورەی شێوەی نەستەعلیق بووە کە ساڵی ١٢٤٥ ک. م. هاتۆتە دنیا و سەرەتای لاوی، بەدەم خوێندنەوە، سواری و تیرەنازیش فێربووە و کاروباری عەشایەریشی دەسپێکردووە و جاروباریش بە بۆنەی زەوق و لێهاتوویەوە، دەستێکی بۆ قەڵەم بردووە و مەشقێکی کردووە.

میرزا کە لە خۆیدا دیوە ببێتە خۆشنووسێکی گەورە، پێشەکی لای میرزا موحەممەدی خۆش‌نڤیسی خانساری، شاگردی ئاقا موحەممەد مەهدی تارانی، لە هۆنەرمەندانی بەناوبانگی خەت، مەشق دەکا و پاشان خەتی مامۆستایانی پێشوو، بەتایبەت میرعیماد، ئەکاتە سەرمەشقی خۆی و بۆ دەست‌خستنی ئەو وێنە دەسنووسانە، چەند سەفەر بۆ قەزوێن و ئەسفەهان دەڕوا و مەشقێکی زۆر لەڕووی سەردەرکی حەمامێکی قەزوێن و کەتیبەی میرفندرسکی ئەسفەهان دەکا؛ کە ئەو دووە لە باشترین نموونە خەتەکانی میرعیمادی قەزوێنین.

میرزا ڕەزا دوای ئەوە لەم هونەرەدا دەبێتە مامۆستای هەرەبەرز و بێ‌قسەی زەمانی خۆی و ناوبانگی بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە، بە فەرمانی ناسرەدین شای قاجار (١٢٤٦-١٣١٣ ک. م.)، لە مەزرینگەی «*انطباعات*»، لە بەردەستی موحەممەد حەسەن‌خانی سەیفوددەولەیا دادەمەزرێ.

میرزا ڕەزا پیاوێکی خاوەن هەست، پاکداوێن، دڵپاک و میوانڕاگر بووە و هێندەش گوێی بۆ دنیا و ماڵ و سامانی دنیا شل نەکردووە. یەکجار کەیفی بە هونەرەکەی هاتووە و قەت لە نووسیندا ئاگای لە ماندوویی نەبووە. شاگردانێکی هەڵکەوتە وەکوو: حاجی مەهدی مازندەرانی، ئاقا مورتەزا نەجم‌ئابادی، میرزا عەبدوڵڵا خانی موستەوفی گورگانی و هەروەها میرزا زەینولعابدینی شەریفی قەزوێنی، ناسراو بە «*مَلكُ‌الخَطّاطين*» و سەید موحەممەدی «*صدرُالکُتّاب*»ی بارهێناوە.

ئەوی لە شوێنی دەست و پەنجەی هونەرمەندی کەلهوڕ ماوەتەوە، بێجگە لەوانەی لای دۆستانی داناوە و بە دیاری پێیانی داوە، هێندێک ڕۆژنامە و کتێبی چاپین کە بە نیازی خۆی یان لەسەر داخوازی کەسانی تر نووسیونی و لە تاران بە چاپی بەردینەی ئەو سەردەمە لە چاپ دراون و بریەتین لە:

١. بەشێک لە ڕۆژنامەی «*شَرَف*».
٢. دوازدە ژمارە لە ڕۆژنامەی «*اُردوی هُمایونی*».
٣. سەفەرنامەی دووهەمی ناسرەدین شا بۆ خوراسان.
٤. کتێبی «*مَخزنُ الانشاء*»، کە هەڵبژاردەیەکە لە نووسراوەی هێندێک لە هونەرمەندان.
٥. کتێبی «*فيضُ الدُّموع*»، نووسراوەی میرزا ئیبراهیمی تارانی، کە ساڵی ١٢٨٦ لە تاراندا چاپ کراوە.
٦. «*مُنتَخَبُ السُّلطان*»،هەڵبژاردەی ناسرەدین‌شا لە شیعری حافظ و سەعدی، بە خەتی میرزا.
٧. چەند بەش لە «*سفرنامەی کربلا*»ی ناسرەدین شا.
٨. «*نَصايح المُلوک*».
٩. «*مُناجات خواجه عبدالله انصاری*»

١٠. بەشێک لە «*کُلّیّات قاآنی*».

ژیانی میرزا لە مانگێ تمەنێکی شاگردەکانی و سێ-چوار تمەن حەقی چاپ بەڕێوە چووە و مانگانە سەرجەم پازدە تا هەژدە تمەنی داهات هەبووە.

میرزا زەوقی شیعریشی بووە و جاروبار شیعری گوتووە.

ئەم هونەرمەندە گەورە، سەرەنجام لە وەباکەی ساڵی ١٣١٠ ک. م. تاراندا، تووش بووە و ڕۆژی هەینی، ٢٥ی موحەڕڕەمە مانگی ئەوساڵە، لە ٦٥ساڵاندا، ئەمری خوای بەجێهێناوە و لە زیارەتانی حەسەنابادی تاراندا نێژراوە.

گۆڤاری *یادگار*، تهران، س١، ژ٧، آذر ١٣٢٣ک. ه.

شێخ ڕەزای لۆنی

حاجی شێخ ڕەزای حوسەینی، کوڕی شێخ موحەممەدی ئەسکەندەری، لە سەیدە پایەبەرزەکانی «لۆن» لە ناوچەی بێڵەوارە کە دوای کۆچی دوایی بابی، جێگای گرتۆتەوە و بۆتە گەورەی خێڵ و بە خۆوخدەی باش و ئاکاری بەرزی، خزمەتێکی زۆری بە خێڵەکەی کردووە و لە سەردەمی ئەودا، سەیدەکانی لۆن، ئاسایش و هێمنایەتییەکی تەواویان هەبووە.

شێخ ڕەزا پیاوێکی زانا، پارێزکار، جوامێر، میوانخۆشەویس، پشوودرێژ و مەزن بووە و بۆ جێبەجێ کردنی کاری خەڵک و تەکیەداری، ناوی دەرکردووە و هەروەها لە لۆندا قوتابخانەی ئایینی دامەزراندووە و توانیویە زۆرێک پەرە بە خوێندن و زانست بدا.

حاجی شێخ ڕەزا پیاوێکی عارف بووە و زۆربەی کاتی بە عیبادەت و ڕیازەت ڕابواردووە و سەرەنجام ساڵی ١٣١٠ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە و لە سەرقەبرانی لۆنیان ناشتووە.

تاریخچەی سادات لۆن.

مەلا حەسەنی بەزاز

پیاوێکی وێژەوان، هێژا و پارسا لە کوردانی شاری مووسڵە کە لە ناوەڕاستەکانی چەرخی ١٩ی زایینیدا ناوبانگی دەرکردووە و دەوری ساڵانی ١٣١٠ و ١٣١١ ک. م. لە دنیا دەرچووە.

دیوانی شیعرە عەرەبییەکانی مەلا حەسەن ساڵی ١٣٠٥ ک. م. بە تێکۆشانی یەک لە شاگردانی بەناوی موحەممەد شەیسی جەوانمەردی مووسڵی ـ بە چەن شیعری خۆیشی لە پاشەرۆکیدا ـ لە قاهیرەدا چاپ کرا.

بەپێی ئەوە کە مەلا حەسەن لە شیعرەکانیدا زۆر باسی سۆفیگەری کردووە و پەسنی خاوەن تەریقەتەکانی داوە، وێدەچێ بۆخۆشی ئەهلی تەریقەت بووبێ.

دوو نموونە لە شیعری مەلا حەسەنی بەزاز:

ئەم دوو بەیتەی لە خۆشەویستی خودای تاکی توانا و ئاکارچاکیدا نووسیوە:

لـئن لـم یکـن فـی الـصالحات مثـوبـة وَ لَـیْسَ علَـی العـصْیان منْـهُ عقـابُ،
لَطاعَتُـــهُ عنْـــدی نَعـــیمٌ وَجَنَّـــةٌ وَ عـــصْیانُهُ قَبـــلَ العَـــذاب، عَـــذابُ

واتا: ئەگەر کاری باش و خراپ، پاداش و جزیاشی نەبێ، هەر بەڕێوەبردنی فەرمانی خوا بۆ من بەهەشتە و لەڕێ لادانی ئێش و ئازارە.

ئەم قەتعەشی بە هۆی بارینی بەفر سۆڵەی سەرمای ساڵی ١٢٢٧لە مووسڵدا هۆنیوەتەوە:

تَجَلّـی عَلَیْنـا عـارضٌ غَیْـرُ مـاطر وَ لکنَّـهُ بـالثَّلج عَـمَّ نَواحیـا
فَأصـبَحَت الخَـضْراءُ بَیْـضاء قَـدْ زَهَـت وَ عـادَتْ رُباهـا و البطـاحُ کَواسـیها
و کَـمْ بَـسْطَتْ منْـهُ یَـدُ البَـرْد وَ الـشِّتا بـساطاً عَلـی وَجْـه البَـسیطَة باهیـا
وَ کَـمْ جَبَـل راس یَقُـولُ: مُفـاخراً أَلَـم تَنْظُـرُوا قَـدْ عَمَّـمَ الـثَّلجُ راسـیا
فَقُلـتُ بـه إذْکـانَ شـاذاً وُقُوعُـهُ لیَـذْکُرَهُ مـنْ بَعْـدُ مَـنْ کـانَ باقیـا
غَمـامٌ بکـانون بَـدایا مُؤَرّخـاً «حَبـا مـصْرنا بَـرْداً مـنَ الـثَّلج زاهیـا»[١]

واتا: هەورێک سێبەری خستە سەرمان کە بارانی پێ نـەبوو؛ بـەفرێکی دابارانـد، هـەموو وڵاتی داگـرت. هەرکوێ سەوزەڵانییەک هەبوو، سپی هەڵگەڕا. هەموو دەشت و دۆڵ و بەرز و نزم، بوو بـە ژێـری بـەفرەوە. دەڵێی شاخە بەرزەکان بە فیزێکەوە ئێژن: نابینن چۆناوچۆن سەرما، سەرمانی مێزەر پێچاوە؟!

ئەمن کە شتێکی وا دەگمەنم بینی، بەیتێکم دانا کە داهاتوان مێژووی لەبیر نەکەن. لـە مـانگی کانوونـدا هەورێک هەڵسا و بە شارەکەمان دیارییەک لە بەفری سپی و بریقەداری دا.

آدابُ العربیّة فی القرن التّاسع عشر، بیروت، ١٩٢٤ ز. ل١٠٥.

موحەممەد ئەمین ئەفەندی

لە عەشیرەی زەندی ناوچەی کفری (سەلاحییە)ی سەر بە مەڵبەندی کەرکووکە و ساڵی ١٢٢٦ ک. م. لـە بەغدا هاتۆتە دنیاوە. پێشەکی لای باوکی خوێندوویە و پاشان لە کـۆڕی دەرس و دەوری مامۆسـتایانی ئـەو سەردەمەی بەغدا، ئەوپەڕی بەهرەی بردووە و ئیجازەی وەرگرتووە. ماوەیەک جێگری قـازی بەغـدا بـووە و هێندێکی پێ نـەچووە کراوەتـە مـوفتی بەغـدا؛ بـەڵام لـەم مەقامەشـدا زۆر نەماوەتـەوە و بـە دەسـتووری نامیقپاشای والی، جێ خۆی داوەتە زانای بەناوبانگ، موحەممەد ئەفەنـدی فـەیزی زەهـاوی و خـۆی بۆتـە

---

١. ئەم لەتە بەیتە بە حیسابی ئەبجەد ئەبێتە ١٢٢٧، بەرامبەر بە ساڵی هاتنی ئەو بەفرە لە مووسڵدا.

نوێنــەری عــیراق لــە پەرلــەمانی نایبــەکانی دەوڵــەتی عوسمانیــدا و چۆتــە ئەســتەمبووڵ. کــە سوڵــتان عەبدولحەمید (١٢٩٣- ١٣٢٦ ک. م.) دەرکی ئەو پەرلەمانەی داخستووە، بۆتە ئەنـدامی کـۆڕی نوێنـەرانی دەوڵەتی و تا دوا کاتی ژیان (ساڵی ١٣١١ ک. م.) ئەو کارەی هەبووە.

موحەممەد ئەمین ئەفەندی شەرعزانێکی ئاگا و زانایـەکی وریـا و سـەردەرچوو لـە کاروبـاری ڕامیـاری و کۆمەڵایەتی و قانووندا بووە. ماڵ و سامانێکی بەرچاوی دەسکەوتووە و زۆرتر بۆ خەڵکی خـەرج کـردووە. بـۆ وێنە، مزگەوتێکی جوانی لە بەغدا کردۆتەوە کە بە جـامیعی «کـەیها»[1] ناسـراوە و چەنـد پارچـە زەوی‌وزاری وەقفی کردووە. بێجگە زمانی کوردی، عەرەبی و ترکی و فارسیشی باش زانیـوە و هێنـدێک نووسراوەشـی بەم چەند زمانە هەیە؛ وەک کتێبێکی گەورەی مێژوویی کە بۆخۆی لە بەغدا، بە چاپی بەردینە لەچاپی‌داوە.

لـە زارۆزێچـی ئـەم مامۆسـتایە، ئێـستاش کەسـانێکی هەڵـکەوتە و ناسـراو، لـە ئەسـتەمبووڵ و بەغـدا، کاربەدەستن و بە «کەیها»یان دەناسن.[2]

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل١٤١.

وەحدەتی کرماشانی

تاماسبقولی خان، کوڕی ڕۆسەم خان، ناسراو بە «وەحدەت»، لە خانەکانی هۆزی کـەلهوڕی کرماشـانە کـە ساڵی ١٢٤١ ک. م. لەو شارە لە دایک بووە و کە پێگەیشتووە، سەرف و نەحو و مەنتیق و کەلام و مەعانی و بەیانی لە قوتابخانەی حاجی شەهبازخان خوێندووە و ئەوجار ڕێگای عیرفـان و سـۆفیگەری گرتۆتـەبـەر و ماوەیەک سەری بە میرزا حەسەنی کرمانی سپاردووە. پاش گەڕانەوە لە سەفەری عەتـەبات، بـۆ هەمـەدان چووە و خزمەتی ئاخووند مەلا وەلیولا ـکە شوێنگری حوسەین‌عەلیشا بووەـ گەیشتووە و چەند سـاڵ لـەوێ بە سەیر و سولووکەوە خەریکی شۆردنەوەی ژەنگی دڵ بووە و کە مورشیدەکەی کۆچی یەکجاری کـردووە، بەرەو تاران چووە و لەوێ ماوەی ٣٠ ساڵان لە مزگەوتی ئاغا مەحموودی کرماشانی، ڕاهێنـانی خوازیـارانی وەئەستۆ گرتووە و سەرەنجام ساڵی ١٣١١ ک. م. گیانی جیهانی بەجێ‌هێشتووە و لەشی لـە سـەرقەبرانی ئیبنوبابوەیهـ جێی گرتووە.

وەحدەت شاعیرێکی باشە و زۆربەی شیعرەکانی بە شێوەی غەزەلن و باسی خاوێن‌کردنـەوەی نـەفس و خۆشەویستی خودایە. ئەوا دوو نموونە لە شیعرەکانی:

آتـش عـشقم بـسوخت خرقـەی طاعـات را　　　سـیل جنـون در رُبـود رخـت عبـادات را

---

١. **کەیها**: وشەیەکی ترکییە، بە مانای نوێنەر.

٢. «کَیها» وشەیەکی ترکیە؛ واتا بریکار، وەکیل.

مسألەی عشق نیست در خور شرح و بیان
به که به یک سو نهند لفظ و عبارات را

دامن خلوت ز دست کَی دهد آن کُو که یافت
در دل شبهای تار ذَوق مُناجات را

هر نَفَسم چنگ و نی از تو پیامی دهد
پَی نَبَرد هر کسی رَمز و اشارات را

جای دهید امشبم، مسجدیان! تا سَحَر
مَستم و گُم کردەام راه خرابات را

دوش تَفَرج کُنان خوش ز حَرَم تا به دیر
رفتم و کردم تمام سیر مقامات را

غیر خیالات نیست عالم و ما کردەایم
از دم پیر مُغان رفع خیالات را

خاکنشینان عشق بی‌مَدَد جبرئیل
هر نَفَسی می‌کنند سَیر سماوات را

در سر بازار عشق کَس نَخَرد ای عزیز
از تو به یک جَو هزار کشف و کرامات را

«وَحدت» از این پس مَده دامن رندان ز دست
صَرف خَرابات کُن، جملەی اوقات را

* * *

زاهد خودپرست کُو تا که ز خود رَهانَمش
دُرد شراب بیخودی در خُم هُو چَشانَمش

گر نَفَسم به او رسد، در نَفَسی به یک نَفَس
تا سَر کُوی مَی کَشان، موی کَشان کَشانَمَش

زُهدفُروش خودنما ترک ریا نمی‌کند
هر چه فسون دمیدمش، هر چه فسانه خوانَمَش

هر چه به جز خیال او قصد حَریم دل کند
دَر نَگشایمش به رُو، از دَر دل برانَمَش

گر شَبَکی خُوش از کَرَم دوست دَرآید از دَرَم
سر کُنَمَش نثار ره، جان به قَدم فشانَمَش

تذکرەی شُعَرای کرمانشاه، ل١٤٢. سالنامەی نادر، س١٣٣٨ک. ه.

شێخ عەبدوڕڕەحمانی مەردۆخی

کوڕی شێخ جەمالەدینی دووەمی مەردۆخی سنەیی، زانایەکی دەمپاراو، خۆشقسە، کۆڕرازێن و لە کێشەدا هەڵکەوتە ناوی لێ براوە و ئەگەرچی دادوەری کردووە، زۆرتر وازی لە دوورەپەرێزی و عیبادەت بووە و ساڵی ١٣١٢ ک. م. پاش ٦٥ ساڵ ژیان، بە بێمنداڵ لە دنیا چووە.

شێخ جاروبارە شیعریشی گوتووە و ئەم غەزەلە هی ئەوە:

فرنگی‌زاده یارا دلبری سیمین‌عذارستی
دُو اَبرو تیغ و مژگان تیر و خود آهو شعارستی

مُسلمان‌روی و کافرموی و عنبربوی و آتش‌خو
غَضنْفروار و عاشق‌خوار ودل‌آزار یارستی

تو ملک عشق را بانی، به خوبی یوسف ثانی
رُخَت خجلت ده مانی، سلیمان اقتدارستی

سَمای حُسن را ماهی، به شهر دلبری شاهی
غلط گفتم، نه چون ماهی، تو ماه تاجدارستی

حبیب وصل و هجرانی، طبیب درد و درمانی
به حکمتهای یونانی، تو اکنون پردەدارستی

یَمینم آب رنجوری، یَسارم باد مهجوری
به سر شد خاکم از دُوری، به جانم همچو نارستی

غُـــلام دلبـــر جانانـــه و مینـــای صـــهبایم | مَرا با دانش بی‌سود و بی‌حاصل چه کارستی

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ عەبدوڵڵای مرادوەیسی

لە سەیدەکانی «تاوەگۆز» و خزمی شاعیر و وێژەوانی بەناوبانگ، مەلا عەبدوڕڕەحیمی مەعدوومی (مەولـەوی کورد)، پیاوێکی پارێزکار، جوامێر و لێهاتوو بووە و تەریقەی نەقشبەندی لە پیری تەریقەت، شـێخ عوسمـان سیراجەدین لە تەوێڵێ وەرگرتووە و کە ئەو پایەبەرزە عەمری خـوای کـردووە، مریـدی شـێخ بەهائـەدین و شێخ زیائەدین بووە.

شێخ عەبدوڵڵا لە گوندی «کیوەڕێ» ژیاوە و ساڵانێکی زۆر لەوێدا خەریکی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری خەڵک و دەرس‌گوتنەوەی قوتابیانی ئەو ناوچە بووە و لە شمێران و تاوەگۆزدا، خەڵکێکی زۆر سەریان پێ سـپاردووە و لە ئاکامدا، ساڵی ١٣١٢ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە و لە زیارەتانی «کڵاوسوور»دا نێژراوە.

یادی مەردان، ب٢، ل ٤٩٨.

جونوونی

میرزا حەسەن، نازناو «جونوونی» و ناسراو بـە «حەسـەن کـەنۆش»، لـە تایفـەی «دەلـو» کـە لقێکـی هـۆزی زەنگەنەیە، لە دەورانی دەسەڵاتی موحەممەد پاشای جاف (مەرگ ١٣٠٨ ک. م.)دا ژیاوە و لە شـیعرەکانیدا زۆری بە چاکە باس دەکا.

لە جونوونی هێندێک شیعری جوان و ڕەوان بەجێ‌ماوە کە زۆرتر سۆفیانەیە؛ ئەوا نموونەیەکی:

دڵـــە! هۆشـــت بـــۆ، دڵـــە! هوشـــت بـــۆ | دنیـــا مەویـــەرۆ دڵـــە! هۆشـــت بـــۆ
غافـــل مەنیـــشۆ، هـــۆش و گۆشـــت بـــۆ | بەڵـــکەم خـــواوەن خەتاپۆشـــت بـــۆ
هـــەتا مـــەتاوی بلاڵـــە پـــەی وێـــت | بەڵـــکەم خـــواوەن ڕەحـــم کـــەرۆ پێـــت
بناڵـــــــە وەزار، بلاڵـــــــە و جـــــــەخت | بترسە نە جای مـەئوای سـەنگ سـەخت
نـــە یـــار نـــە یـــاوەر ســـوودێ نـــەدارۆ | ئـــاهیر چـــون سـێلاو وەنـەش مـەوارۆ
ئـەوجار چـێش کـەردەن لـەو جاگـە تەنگـدا | ئەوسـا وە ناچـار سـەرمەین وە سـەنگدا
بـــۆ وە لوتـــف وێـــش بوەخـــشێ «حەســـەن» | بەدی «جونـوونی» تبـدیل کـا ئەحـسەن

زا و مەرگی میرزا حەسەنی جونوونی ساڵی ١٢٦٠ و ١٣١٤ ک. م. ڕووی‌داوە.

تاریخ سُلیمانیّە، ل٢٥٤. گۆڤاری *دەنگی گیتی تازە*، س٣، ژ١٠، ل ٢١١ و ٢١٢.

شێخ موئمینی مەردۆخی (سێهەم)

کوڕی شێخ جەمالەدینی مەردۆخی، ساڵی ١٢٤١ لە سنە هاتۆتە دنیا و بەرەبەیانی هەینی، ١٩ی ڕەجەبە مانگی ساڵی ١٣١٤ ک. م. لە دنیا دەرچووە.

شێخ عەبدولموئمین پیاوێکی زانا و وتاربێژێکی قسەزان و بەتوانا بووە و زانستە ڕیازییەکانی یەکجار باش زانیوە و ماوەی ٥٢ ساڵان بەرنوێژی جومعەی شاری سنە بووە. هەروەها کتێبێک بە ناوی «*رَدُّ النّصاری*» لێوە بەجێماوە.

تاریخ مردوخ.

حاجی قادری کۆیی

هەستیاری نەتەوەیی، حاجی قادر، کوڕی مەلا ئەحمەد، لە هۆزی زەنگەنە، ساڵی ١٢٣٧ ک. م. لە گوندی «گۆڕقەرەج»ی سەر بە شاری کۆیە، هاتۆتە دنیا و منداڵێک بووە، بابی عەمری خوای کردووە و دایکی لەبەر هەژاری و بە ناچاری، کۆچی کردۆتە کۆیە؛ بەشکوو لەوێ کار بکا و ژیانیان بەڕێوە بچێ.

قادر لە کۆیە دەچێتە قوتابخانەوە و دوای خوێندنی سەرەتایی، دەبێتە فەقێ لە مزگەوتێک و شان لە خوێندنی ئایینی شل ئەکا و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی، دەچێتە ناوچەی خۆشناوەتی و لەوێشەوە ماوەی چەن ساڵان، زۆر گوند و شار و شارۆچکەی کوردستان، وەک: هەولێر و سلێمانی و سەردەشت و سابلاخی موکری (مەهاباد) و شنۆ دەگەڕێ و لە قوتابخانەکانیاندا دەخوێنێ و لە ئاکامدا ئیجازە وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە کۆیە.

یەک لە دۆستانی نزیک و هاوحوجرەی حاجی قادر، مەلا عەبدوڵڵای جەلی کۆیی و یەکێکی تر «کەیفی» شاعیری جوانڕۆیی بووە کە بۆ شوێنگرتنی خوێندنەکەی، چۆتە کۆیە و حاجی دیوە و بەو بۆنەوە کە هەردوو شاعیر و ڕوانگەشیان لێک نزیک بووە، زۆر زوو بوونەتە دۆستی گیانی‌گیانی و پاش ماوەیەک کە کەیفی لەبەر بەرهەڵستی خانەکانی کۆیە، ناچار بووە بەدزییەوە ئەوێ بەجێبێڵێ و بچێ بۆ هەولێر، حاجیش ـ کە لەگەڵ خێڵی سۆفییان هەڵی‌نەکردووە و ژماریشیان لە کۆیە کەم نەبووە ـ وای بە باش زانیوە بە شوێنیدا بڕوا و لە هەولێر یەکیان گردۆتەوە. دوای ماوەیەک پێکەوە چوونەتە ڕواندز و لەوێش هێندە سەریان نەکردووە و ساڵی ١٨٥٤ ز. ڕێی ئەستەمبووڵیان گردۆتە بەر. کەیفی لەوێ حقۆق دەخوێنێ و حاجی دوای ئاشنا بوون لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانیان، دەبێتە مامۆستای منداڵانی بەدرخان پاشا.

حاجی قادر هەستێکی بەتین و ئەوینێکی ئاورینی بۆ زێد و نیشتمان و زمان و نەتەوەکەی هەبووە و بەتایبەت کە بەدرخانییەکانی ناسیوە، ئەم ئاورە لە دەروونیدا، ڕۆژ لە دووی ڕۆژ زیاتر بڵێسەی ساندووە و بەهێزتر بووە. کاتی دەسەڵاتداری ملهوڕانەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، بۆتە ئەندامی کوڕی

ئازادیخوازانی کورد و تا دواکاتی ژیانی، بۆ پەرە دان بە بیری ئازادیخوازی و هاندانی لاوان بۆ خەبات لە ڕێـی ئازادی و سەربەخۆیی و دەرچوون لە ژێر بـاری گـرانی ژێردەسـتی و بـێ دەسـەڵاتی، زۆری حـەول‌داوە و شیعری ئاورین و هەستبزوێنی زۆری داناوە.

شیاوی باسە ناوبانگی حاجی قادر و پلە و پایەی بەرزی لە نـاو شـاعیرانی کـورددا، زیـاتر لەبـەر هەسـتی نەتەوایەتی و کارکردنی لەسەر هـزر و بـیری گـەلی کـورد و بـەتایبـەت لاوانـەوەیـە تـا بڕسـتی ویژەیـی شیعرەکانی.

سەرجەمی ئەشعاری حاجی، لای ئەمیر عەبدوڕڕەززاق بەگی بەدرخانی بووە و کاتێ کە ئەمیر لـە شـاری مووسڵدا بەدەستی جەیشی عوسمانلی گیراوە و شەهید کراوە وماڵی بە تاڵان براوە، دیوانەکـەی حـاجیش لەو تاڵان و ماڵانەدا لەناو چووە. دوایی لەم‌لاو و لەولا، هێندێک لەو شیعرانە کـۆ کراونەتـەوە و ساڵـی ١٢٤٤ ک. م. لە بەغدا چاپ کراون.

حاجی قادر قەت ژنی نەخواستووە و بە سەڵتی ژیاوە[1] و سەرەنجام ساڵـی ١٣١٢ یـان ١٣١٤ ک. م. لـە تەمەنی ٧٧ ساڵاندا، لە شاری ئەستەمبووڵ، بە یەکجاری دەستی لە دنیا بەرداوە.

حاجی قادر ئەگەرچی بۆخۆشی نازناوی «حاجی» هەڵبژاردووە، بەڵام حەجی نەکردووە. وێـدەچێ لـەبـەر ئەوە لە مانگی زیحەجەدا هاتۆتە دنیا و وەک پێشوو لە کوردەواریدا باو بووە، بۆ مبـارەکی «حـاجی»یـان پـێ گوتووە.

چەند شیعری حاجی قادری کۆیی:

ئەی بێ‌نەزیر و هەمتا! هەر تۆی کە بەرقەراری
بـێ دار و بـێ دیـاری، بێـدار و پایـەداری
بۆ باغی مەردی بـاغی، سـەرمایەکەی خـەزانی
بۆ مەزرەعەی فەقیران، سـەرمایەکەی بـەهاری
جەبباری بێ‌فوتووری، سـولتانی بـێ‌قوسـووری
ڕەززاقی مار و مووری، ئاودێری دێمـەکاری
فەیرووزە تەختی گەردوون مەسنووعی نەقشی تۆیە
یـاقووت و لـەعلی ڕۆژە، ئەسـتێرەکان دوراری
جێی و مەکانی تۆیە، بـێ‌جێـی و بـێ‌مـەکانی
لەیل و نەهاری تۆیـە بـێ‌لـەیل و بـێ‌نـەهاری
هەر ئەمری تۆ مـەدارە، بـۆ کـار و بـاری عالـەم
هەچەندە بێ‌وەزیر و بـێ‌سـەدر و بـێ‌موشـاری
سەحرانەوەردی شەوقت خورشید و ماهی تابان
دوو جارییەن شەو و ڕۆژ بێ‌مەحمیل و عیماری
مەعلوومە بۆچی «حاجی» مەدحت دەکا بە کـوردی
تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری

پاژێکی شیعرێکی ئامۆژگاری

هەتا وەک ئاگری ژێـر کـان لەگـەڵ یـەک
ئەگەر تۆفان بێ لەشـکرتان بـە پووشـەک

1. خۆی دەڵێ: «هەر منم ئێستە وارسی عیسا بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و ماوا»

لـە گـوێ گـا نوسـتوون بۆیـێ کـە ڕیـوی
لەسەر ئێوە وەهـا شـێلگیرە وەک سـەگ
سـەلاحی ئێـوە ئێـستاکە سـیلاحە
تەماعی گەورەیی بێچەک نەکـەن نـەک

بۆ ئەوانەی بایەخ بە زمانی زگماکی خۆیان نادەن و پێی قسە ناکەن

ئەگـەر کوردێـک قـسەی بـابی نـەزانی
موحەقـەق دایکـی حیـزە و بـابی زانی
وەرە بـا بـۆت بکـەم باسـێ نیهـانی
تەفـەننـون خۆشـە گـەر چـاکی بـزانی
«صـلاحالـدّین» و «نُورالـدّین»ی کـوردی
عـەزیزانی جزیـر و مـووش و وانی
«مهلـهل»، «اردشـیر» و «دَیـسم»ی شـێر
«قوبـاد» و «بـازومیر»ی ئـەردەڵانی
ئەمانـە پاکیـان کـوردن نهایـەت
لەبـەر بـێدەفتـەری ون بـوون و فـانی
کتێـب و دەفتـەر و تـاریخ و کاغـەز
بـە کـوردی گـەر بنووسـرایێ زمـانی
مـەلا و پـیر و شـێخ و پادشـامان
هـەتا مەحـشەر دەمـا نـاو و نیـشانی

بەشێک لە غەزەلێکی حاجی

که هەستا قامەتی بـەرزی لـە فـەرقی تـا وەکـوو ئـەرزی
پەریـشان زولفـی سـەد تـەرزی بەیەکـدا دارژاو و لـەرزی
حەیای چوو چەتری تاوس، بارەگاکەی شەعشەعەی ڕۆژێش
کەمەندی توهمەتن، زنجیری داود، گورزی گوودەرزی
هەڵێدا زولفی چەوگانی کـورەی خورشـیدی دا بـەر شـەق
لەوێدا چەند مەلایەک بوون سـەمایان کـرد لـەسـەر ئـەرزی
موریدان مەست و سەرخۆشن لە نەشئەی بـادەیی دەسـتی
مەلایەک جوملە بێهوشن بە نـازی چـاوی پـڕڕەمزی
مـورادی مـن، موریـدی خالیـسە، خەییاتییـە کـاری
پەری ڕەنگ، ماهروو، ئاهوو نیگاهە، «حاجییـە» تـەرزی

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەغدا، ١٩٤١ ز. *مێـژووی ئـەدەبی کـوردی*، ل٣٠٩ تـا ٣٢٨. *مشاهیرالکُرد*، ب٢، ل ١٠٠ و ١١١.

غەمناکی دووەم

دوو کەس لە شاعیرانی کوردی زەنگەنە، بە نـاوی «غـەمناک»ەوە ناسـراون: یەکـەم موحەممـەد ئاغا یـان غەمناکی گەورەیە کـە سـەرەتا نازنـاوی «زەبـوونی» و پاشـان «غـەمناک»ی هەڵـبژاردووە و پێـشتر باسـی ئەویشمان کرد.

غەمناکی دووەم کە خەڵکی گوندی «قەیتوول»ی سـەر بـە هـۆزی زەنگەنـەی لای کەرکووکـە و ساڵـی ١٣١٤ک. م. پاش ٧٥ ساڵ ژیان لە دنیا چـووە، لەگـەڵ مـەلا فـەتاحی جـەبباری شـاعیردا، دۆسـتایەتی و ئامۆشۆی هەبووە و ئەم چەند بەیتە بەشێ لە پارچە هەڵبەستێکە بۆ ئەوی نووسیووە:

فەتتاح فتنەی لەیل، فەتتاح فتنـەی لـەیل
فـەتتاح مـەفتوون فتنـەی بـاڵای لـەیل
فەتتاح عەین لەیل، مەسـت وە سـورمە کـەیل
تۆش کەردەن وەک قـەیس پـەی هـەردەی دوجـەیل

لـە عیـشوەی شـیرین ئـەو حـۆری‌شـێوە فامـــت لێویـــان بـــەدتر بیـــت لێـــوە

حـــەقت وە دەســـەن فـــەتتاح فـــەهیم وارس جاگـــەی ئەرەســـتووی حـــەکیم

هامـــدەرد بـــەهرام نمـــەدپۆش چـــین فـــەرهاد کۆکـــەن دێوانـــەی شـــیرین

مـــەواچان چـــەنی ئـــەو لـــەیل پـــڕ مـــەیل ســـەد تانـــە مـــەدۆ لـــە زولـــەیخا و لـــەیل

گۆڤاری *دەنگی گیتی تازە*، س٣، ژ١٣ و ١٤.

شێخ حەسەنی قەرەداغی

شێخ حەسەن، کوڕی شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی شـێخ عوسمـان، کـوڕی شـێخ لـەتیفی گـەورەی مـەردۆخی قەرەداغی، لە بنەماڵەی زانیاریدا بارهات و لە هـەموو زانـستەکانی ئـەو سـەردەمەدا شـارەزاییەکی تـەواوی دەسکەوت و سەرەنجام ڕۆی بۆ بەغدا و لە خزمەتی مەلا موحەممەدی فەیز (مـوفتی زەهـاوی) ئیجـازەی وەرگرت و ئەوجار گەڕاوە قەرەداغ و دەرس‌گوتنەوە و ڕاهێنانی فەقێیانی دەسـپێکرد. چەنـد سـاڵ لـەوەدوا ڕۆیەوە بۆ بەغدا و چۆناوچۆن بوو، حەولی دا بڕواتە کفری. هـەر واشـی لـێ هـات و بەشـێوەیەکی ڕەسمـی ناردرایە ئەوشارە و دەرس‌گوتنەوە لە قوتابخانەیەکی کفری پێ سپێردرا و تا دواساڵـی ژیـان (١٣١٥ ک. م.) لەو شارە ئەو کارەی لە ئەستۆ بوو.

هێندێک کتێب و نووسراوەش لە شێخ حەسەن بەجێ‌ماوە.

عُلَماونا فی خدمة‌العلم و الدّین، ل١٦٥.

جەهان‌ئارا

خاتوونێکی هێژا و وێژەوان، جوان و لەبەردڵان، کچی مەلا نەشئەتی پاوەیی بـووە کـە سـەرەتا مێـردی بـە عەلی‌ئەکبەرخانی شەرەفولمولکی ئەردەڵان کـردووە و دوایـی کـە نێوانیـان تێکچـووە، لـێ جیـا بۆتـەوە و حەبیبەڵا خانی جافی بۆ هاوسەری هەڵبژاردووە.

ساڵی زا و مەرگی جەهان‌ئارا خانم نەنووسراوە؛ بەڵام شک لەوەدا نییە کە تا بیستەکانی چەرخی چاردەی کۆچی ژیاوە. ئەمەش تەڵبژێرێک لە شیعرەکانی کە بۆ مێردی هەوەڵی نووسیوە:

قیبلـــەم دەمـــاخم، قیبلـــەم دەمـــاخم نەمەنـــدەن، نییـــەن بـــەرزی دەمـــاخم

دوور جـە تـۆ پـەردەی دەروون داخ‌داخـم زەنجـــیر تەقـــدیر کـــەردەن یاســـاخم

کەم‌کـەم کـەردەن کـەم سـۆمای چـراخم پـــەژموردەن غونچـــەی گوڵاڵـــەی بـــاخم

پەرگەنـــدەن کـــڵاف خەیاتـــەی دێـــزم نمینـــەن نـــەرگس شـــەهلای خونـــڕێزم

زەردەن گـــوڵ‌وەرەق گۆنـــای گوڵـــنارم کەساســـەن توحفـــەی مایـــەی بـــازاڕم

لێڵەن ئایەنەی جام جەمینم قولاخین کالای بالای خەمینم
نارەواجەن لاڵ دورج یەمانیم بێقوربەن گەوهەر نوقڵ نهانیم
ئازیزم یە گشت مەینەتباری تۆن تانەی ئەغیاران گشت سەرکۆنەی تۆن
ئەرێ بێخەبەر بێباک جە ئەحواڵ! ئەرێ تیرئەنداز وە ڕووی دانەی لاڵ!
تاکەی تۆ چەنی بەختم ناسازی؟ تاکەی های نە شۆن ڕای بەدمەجازی؟
تاکەی بنۆشۆ زووخ زام جەرگ تاکەی بواچۆ ئەی خودا سا مەرگ
تاکەی ئەسرینم ئاوپاش خاک بۆ تاکەی هەناسەم پەخش ئەفلاک بۆ
تاکەی بواچان وە دەشت و دەردا تافتەی ڕسواییش کێشان وەسەردا
تۆخوا زەلیلی و زگاری تا چەند توخوا خەمینی و خەمباری تا چەند
وەسوەسەی دەروون نیمەشەو تا کەی جەنگ چەم تا سوبح چەنی خەو تا کەی
خوداوەند ئامان وەسەن دەردسەر یا نەجات یا مەرگ یا وەسڵ دڵبەر
ئیتر نەمەندەن تەوانای تانە جەی فێشتر عەزاب پەنەم مەنمانە
جە خەزانەی غەیب تۆ چێش مەبۆ کەم پەروانە شاد بۆ، شاد وە شۆڵەی شەم
بوڵبوڵ نەکێشۆ هەنی جەفای خار بێخەوف بگێلۆ پەی وێش نە گوڵزار
بارێ ئازیزم! شای تیرئەندازان سەردار سپای گەردەنفەرازان
دەروونم جە عەشق بالات قەقنەس بی ڕۆحم چەنی ڕۆح پاکت پەیوەس بی
تا بە ڕۆی مەردەن یەکلا و یەکدینم بزانە گیانم! گیان شیرینم
زندگی و مەرگم ئاما و لوای تۆن حەواسم جەسەر تەفرەقەی ڕای تۆن
ماوام گەرمەسێر وەگەر ئێلاخەن دەماخم وە بۆی هەوای تۆ چاخەن
تۆنی ئازیزم، تۆنی غەمخوارم هەر تۆنی یاگەی گشت کەسوکارم
من پەی تۆ وێم کەرد مەحبووس شاران مەحرووم جە سەیران بەرز کۆساران
پەی تو دەروونم پڕ نێش خارەن سەد کۆ چون شاهۆ خەم و نەمبارەن
من بادەی حەسرەت هیجرانت وەردم جەفات پەی من بی سەفات پەی مەردم
جەی وەر کێ بییەن یار دڵدارت؟ دیسان هەر ئەوەن شەفای ئازارت
خەدەنگ غەمزەی کام مەهروو بەردت؟ هەم بشۆ وە لاش پەی دەوای دەردت
جە یانەی خاڵی ئێمەت چ کارەن؟ دنیا گشت پەی تۆ مینا بازاڕەن
قیبلەم حەیفت کەرد جە من ویەردی خەیاڵێ وەی تەور نە دڵ ئاوەردی
من جە عومر وێم نەی دنیای فانی پام نەنیان وە بان ڕاگەی نادانی

چـــەتر ناموســـم جەســـەر ئەفراشـــتەن
پـــەردەی عیـــسمەتم هـــەر نگاداشـــتەن

بەرز مەکەر جـە لام سـەدای نـام و نـەنگ
شیشەی مەعسوومیم مەدەر وە ڕووی سەنگ

نـــە خـــودا بـــەردار، نـــە بەنـــدە ڕازی
نـــە فتـــوای شـــەرعەن، نـــە حـــوکم قـــازی

فدات بام پـەی چـێش پەشـیمانیت بـەرد
چەند سەوگەندت وەرد، چەند جار عەهدت کـەرد

ئـــەر بـــەیۆ جـــەلات ســـاتێ وە ساڵـــێ
وە بـــێ ڕەزای مـــن نەکـــەی خەیاڵـــێ

ئەر باخەن، ئەر مولک، ئەر گەنجەن، ئـەر مـاڵ
دەخڵش هەر بـە تـۆن داری کەمـەر لاڵ

خـــاترت جـــەم بـــۆ دڵ مـــەدەی وە دڵ
پـەی تـۆ ڕازیـان ئـی باغچـەی پـڕ گـوڵ

یاداشتەکانی نووسەر. *حدیقەی سولتانی*، ل ١٧٩.

شێخ مەحموودی شووریجە

کوڕی شـێخ عەبدولعـەزیز، کـوڕی شـێخ مەحیـەدین، کـوڕی شـێخ حەسـەنی «گـڵەزەردە»، لـە گونـدی «ونەلەکە»ی ناوچەی «قەرەحەسەن»ی سەر بە شاری کەرکووک هاتۆتە دنیا و کـە پێگەیـشتووە، خوێنـدنی لای مەلا موحەممەدی قەرەکـەیی و مامۆسـتایانی تـر کۆتـایی پـێ هێنـاوە و دواجـار چۆتـە نێـو خێـڵی تەریقەتەوە و ماوەیەک لە خزمەتی عارفی بەناوبانگ، کاک ئەحمەدی سـلێمانی و سـەردەمێک لای شـێخ حوسەینی قازی بەرزنجی، تەریقەتی قادری وەرگرتـووە و بـە سـەیر و سـولووکەوە خـەریک بـووە و دوای وەرگرتنی ئیجازەی خەلافەت، خزمەتی زانستی و ئایینی دەسپێکردووە.

شێخ مەحموود مرۆڤێکی هێژا، کتێبخوێن و خزمەتگوزاری خەڵـک بـووە و لـە شـووریجە بـە یاریکـاری هەموانی، مزگەوت و تەکیەیەکی بنیات ناوە و سەرەنجام ساڵی ١٣١٥ ک. م. سەری یەکجاری ناوەتەوە.

لە کتێبەکانی:

١. «*الاشرفیّة فی أنساب السّادةُ البرزنجیّە*»

٢. «*تُحفَةُالاحباب*»، مۆچیاری

٣. تەفسیری چەند جزمی قورئانی پیرۆز بە فارسی

٤. «*عقاید اسلامی*»

٥.هۆنراوەیەکی فارسی لەمەڕ ناودارانی تەریقەتی قادرییەوە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٥٥٨ و ٥٥٩.

مەلا ئەمینی موفتی سلێمانی

حاجی مەلا ئەمین، کوڕی مەلا ئەحمەدی چاوماری دێلێژەیی، مرۆیەکی زانا و هێژا، سـەردەرچووی بـواری

ڕامیاری، دوای کۆچی دوایی بابی، جێگای گرتۆتەوە و ساڵی ١٣٠٨ ک. م. بۆتە موفتی و لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بە بۆنەی ئاکارچاکی و مرۆدۆستی و جووڵانەوەی پەسند لەگەڵ خەڵکدا، زیاد لەوە مەداڵی مەجیدی پێ دراوە، ڕێزی تایبەتیشی لێ گیراوە.

مەلا ئەمین ساڵی ١٣١٥ ک. م. بەشی لە دنیا بڕاوە و هێندێک نووسراوەشی لێ بەجێماوە.

پێشەکی *دیوانی مەلا مەحموودی دێلێژەیی*.

کەمالەدین عەبدولقادر

کوڕی مەحیەدینی سدیقی هەولێری قادری، لە زانایان و هێژایانی شاری هەولێر و شاگردانی شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی کەرکووکی بووە کە ساڵی ١٣١٥ ک. م. لە شاری ئورفەی تورکیادا لە دنیا چووە.

مامۆستا کەمالەدین ژیانی بە دەرس‌گوتنەوە و تۆژینەوە و نووسینەوە ڕابواردووە و ئەم کتێبانەی لێ بەجێماوە؛ کە بەشێکیان چاپ بوون:

١. *حُجَّةُالذاكرين*

٢. *تَفْريجُ‌الخاطر*

٣. *اَلطَّريقَةُ الرَّحمانيّه*

٤. *مرآتُ الشُّهود فی بَيان وَحدَة الوُجود*

٥. *حَديقَةُ الازهار فی الحِكَم وَ الاسرار*

٦. *آدابُ المُريدين وَ نَجاتُ المُستَرشِدين*

٧. *شرحُ اللَّمعَات فخرالدّين عراقی*

هدِيّةُ العارفين، ب١، ل٦٠٥. *مشاهير الكُرد*، ب٢، ل٣٢.

بولبول

شێخ حەسەنی سازانی، نازناو «بولبول»، شاعیرێکی توانا و هاوچەرخی مەولەوی تاوەگۆزی بووە کە دڵی لە کچێکی چووە؛ بەڵام لەڕووی هەڵنەهاتووە بچێتە خوازبێنییەوە؛ تا سەرەنجام کچەکە داواکارێکی تری بۆ هاتووە و مەولەوی لێی مارە کردووە. بولبول کە بەم کارەساتەی زانیوە، تەواو تێکچووە و بە ئازراوی و دڵئێشاوی هەڵیگرتووە و شیعرێکی سەرانسەر گلە و گازندە و تووک و نفرینی بۆ مەولەوی ناردووە؛ کە ئەوا چەند بەیتی:

نیشانەی ناوک نیگای نازاران یانێ سەردەفتەر سیای خەمباران

وە غەلەت مەشهوور حاڵزان دەردان پەی وێت وەرپاکەر هەناسەی سەردان

نەتیجەی قیاس قەزیەی قەزای تۆ   تەدبیر چەند دڵ پەی نارەزای تۆ
بزیسکەی ناسوور دەرد جەستەی من   کزەی کولیای زام تۆژاربەستەی من
گەردەلوول گێج هەناسان سەرد   دوور نییەن وزۆت نە سەد گێج و دەرد
فەڵەک وەکوورەی مۆرەی ساختەی دەرد   پەی تەفرەقەی وەسڵ بشانۆ یەک نەرد
وزووت نە گێجاو مەینەتان خەم   ڕۆی شادی، ڕووی وەسڵ نەوینی وە چەم
تا ئاوخانەی دڵ نە کەللە سەربۆ   ئانە شیرینەن، ئەوەڵ چەمەر بۆ
پەی گەرمی کوورەی مەیل دەرۆنت   هەناسەی سەردم ئاما ئەو شۆنت

مەولەویش وای جواب داوەتەوە:

چیشەن پەشیویم؟ ماتەمی دڵەن   یا کزەی ئامای نامەی بوڵبوڵەن؟
شاهید دانای گردین ئەحواڵان   وەسەن پەی ڕاسی عەرزەی مەلاڵان
ئێش هامفەردم ئێش وێم زانان   دەرد هامدەردم دەرد وێم زانان
بەڵام تۆ قەزا و بێ‌تەدبیری وێت   کەردەن پێت ئانا هەرچی کەردەن پێت
کەی تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد   هانات کەرد ئەو من، من بێ‌مەیلیم کەرد
تا تەئسیری بۆ پەرێ شەوناڵەت   یا پەی هەناسەی سوب دوعا و لاڵەت
گۆیا جە لاویت دەروونت ئێشان   بەد دوعاییت کەرد تەسدێعت کێشان
من ڕۆی مامەڵەی گردین خاس و کەس   جەو ڕاسەبازاڕ شارەکەی ئەڵەس
جە سەر دوکانچەی شای سەر توجاران   هۆرگرتم کاڵای بەڵای نازاران
نامان نە گۆشت مەی فەردەکەی من   فەرد وەش مەزموون بێ‌گەردەکەی من
ئەر هەر سات دەردێ دەردێ‌وتەر چەنی   بەیۆ ماچۆ ئاخ پەی دەردێ هەنی
یە کێوەن جە لام شادی و ڕەنجووری   کەیفی و بێ‌کەیفی، نزیکی و دووری
مەر چون تۆ هەڵوای مەحەببەت خامێ   قەبای عەشق دڵ پشت ناتەمامێ
وەشی و ناوەشی تەفاوت زانۆ   مەلێ نەزانۆ، هەر پەلێ شانۆ
سا هەر دوعاکەر با چەرخ چەپگەرد   تا تاقەتش هەن هەر بشانۆ نەرد
من وزۆ ئەو دەرد ئەو نەو سەردی مەیل   ئەو ئەو قەبایل، من ئەوکۆی دوجەیل
خسوسەن، بوڵبوڵ جەلای زامداران   دووری خاستەرەن نە وەسڵ یاران
پەوکە خۆ گرتەی بەڵا و کۆسەنان   نزیکی بێزار، دووری دۆسەنان
نە کۆی نزیکی شادی وە بادم   نە دەورەی دووری وەیادش شادم

دیسانەکە بولبول لە جوابدا شیعرێکی هۆنیوەتەوە و بۆی ناردووە، کە ئەوا چەند بەیتی:

سەرشار سەرخوەش مەیخانەی ئەلەست وەنەشئەی مینای دەس ساقی مەست
پابەستە وە سەید سەییاد مەعنی فاریغ نە سوورەت فیرقەی «لایَعنی»

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

ئەر بێوەفایی وەر بێمەیلیت کەرد جە بەدبەختی من، هەرچی بی ویەرد
ئەمما حەیف بولبول جە ویێت هەراس کەرد پەی تەنیا گوڵێ ویێت کەسنەناس کرد

یادی مەردان، ب٢، ل٤١٨ و ٤١٩. *دیوانی مەولەوی*.

مەلا ئەحمەدی کلاشی

مرۆیەکی هێژای خاوەن زانیاری لە کارو باری دەفتەر و دیوان و شاعیرێکی وردبین بووە کە دەمێک لە دیوانی میرانی ئەردەڵانی، بەتایبەت عەلیئەکبەرخانی شەرەفولمولکدا کاری کردووە و دەستی چووە و تا سەرەتاکانی چەرخی چارە ژیاوە.

بابەتی هۆنراوەیەکی مەلا ئەحمەد ئامۆژگارییە؛ کە ئەوا بەشێکی:

دڵە گوش بدەر، دڵە گوش بدەر لادێ وە قەولم خاس خاس گوش بدەر
وەسوەسە و خەیاڵ نە خاتر بەرکەر تاوا چون پەریت یەکیەک دەردسەر
با وجوود ویێت خاستر مەزانی چێشت کەردەن چێش نەی دونیای فانی
ڕاسەن جە ئەزەڵ یاگەی ڕۆحەنی دەروازەی سروور، ڕای فتۆحەنی
زاهیر جای خالس دین و ئیمانی خەیر! شەریک بەزم نەفس و شەیتانی
جە وەخت تفلی هیچ نەبی ئاخت نەبیم من دڵتەنگ بەرزی دەماخت
پات نیا نە ساڵ سن بالغی دڵە کەمکەم تۆ وە من بیت یاغی
جە ڕەفیقی ڕۆح مەیلت سەرد کەرد سوجدە وە خاک پای دێو نەفست بەرد
نەفس ئەممارە حوکم میری بەرد شەیتانیچ فەرمان وەزیری ئاوەرد
دڵە تۆیچ نامەی نادانی وەندی بۆ ویێت تەعلیقەی میرزایی سەندی
دڵە چەند تۆڕ دام نە ڕاکەی تەندی چەند تۆم خەیاڵ پڕ و پووچ شەندی
شەیتان دا سەرمەشق دڵە تۆیچ وانات منیچ کەردم مەشق فەرد تەقسیرات
دڵە شای ئیمان ماتەن نە شەشدەر فڕ و فێڵ وەهمت بەستەن ڕای گوزەر
دوو سەردار ڕوخ سەخت ماتڵەن نە مەیدانەدا بێ شا خەجڵەن
دڵە گاهێ مەیل خوەراسانت بی ئیرادەی سەفەر ڕای ئاسانت بی
قاسد خەیاڵ گیتی نەوەردت شاتر ئەندێشەی ڕووی دونیا گەردت

«طُرفةُالعین»ێ مەبین ڕەوانە / پەری ماخولیای دەور زەمانە
چەسپان‌تەر نە بەرق، بزیسکەی ڕووی هەور / عەرسەی سەرزەمین دەور مەدان وە دەور
ساتێ وە سەد لەون مەگێڵۆ جە ڕەنگ / هەی دڵ وە سەنگ بای، هەم وە نەقش سەنگ
یاغی بیت جە ڕای خوداشناسی / جە فەرموودەی حەق تەمام بیت عاسی
ئەندێشەت نەبی جە دین ئیسلام / لادای جە ڕای شەرع شای «خیرُالانام»
نە تەنخوای گوڵبانگ «اللّهُاکبر» / دای نە مەقامات چڵ‌چەنگ دڵبەر
دڵە کام بەد بی نەکەردت، کەردت / دڵە کام بەد بی نەوەردت، وەردت
چێشت بی حاسڵ چێشت بی دەسگیر / جە نافەرمانیت هیچ نەکەرد تەقسیر
بزانە دونیا فانییەن فانی / ویەرد هەرچێت کەرد نە ڕووی نادانی
خوداوەند غەففار هەم ڕەحمەت‌پیشەن / «وَ لا تَقْنَطوا» فەرموودەی ویشەن
«تُبْتُ اِلَی الله تَوْبَةَ النَّصُوح» / بوانە دایم هەر شام و سەبووح
بناڵە وە سۆز نەی دونیای بادی / «تُقْبَلُ التَّوبَة مِنَ العِبادِ»
پا بنیەر نە ڕای ڕاسی و قەناعەت / ویر بدەر وە زیکر، خولووس تاعەت
ڕازی بەر وە ئەمر قەزا و قەدەر / ئاخێز کەر ئاخێز وادەی سوب سەحەر
جە «ماسویاللّه» قەتع ڕەجات کەر / پەنا وە دەرگای تای بێ‌هەمتا بەر
سەکەرات مەوت باوەر وە نەزەر / سوئال و جەواب نەکیر و مونکەر
دڵە یاگەکەت خەیلێ دڵتەنگەن / سەرینت خاکەن پاینت سەنگەن
وە بەرزی باڵات خاک وەنەت بارەن / نە جای نازباڵشت سای سەنگ خارەن
کاسەی دەماغت مەبۆ خاک‌ئەنداز / ئەعزات مەڕیزۆ وێنەی مارانگاز

مەلا ئەحمەدی کلاشی لەگەڵ کەیفی جوانڕۆییدا ـکە لە ئەستەمبووڵ ژیاوەـ دۆستایەتی هەبووە و جاروبارەش پێکەوە شیعریان گۆڕیوەتەوە. ئەم چەند بەیتەی لە وەرامی نامەیەکی کەیفیدا نووسیوە:

کەیفی نامەکەی ڕەشحەی شەکەرڕێز / چاپار یاوەناش وە شار تەبرێز
بۆسام سەراسەر، موتالەعەم کەرد / پەیاپەی کێشام هەناسان سەرد
دڵ وێنەی قەقنەس شوعلەی ئایرخێز / نە تەبرێزەدا ڕێزە بی وە ڕێز
بڵێسەم بەرز بی جە هیجران تۆ / ئایر دا تەمام سەحرا و کەش و کۆ
ئەر دەریای موحیت بگیرۆ بوخار / ئەگەر ئەسەمووڵ بسۆچۆ وە نار
ئەگەر توورومپای ئەسەمووڵ نەدۆش / ئاوپاشیم کەران نمەبۆ خامۆش
تۆ نەفت‌ڕێزی کەر وە دۆعا و سلام / بازە «کلاشی» بسۆچۆ تەمام

حدیقەی سولتانی، ل ٦١. یاداشتەکانی نووسەر.

ئەدیبی سنەیی

میرزا ئیسمایل «صَدرُالکُتّاب»، مەشهوور بە «ئاغە» و نازناو «ئەدیب»، کوڕی ئەڵاویردی سوڵتان، کوڕی میرزا ئیسمایلی دارۆغە، لە بنەماڵەی وەزیرییەکانی سنە، خۆشنووسێکی گەورەی شێوە خەتی نەسخ و نەستەعلیق و هەروەها وێژەوان و شاعیر و نووسەر بووە کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣١٠ تا ١٣١٥ ک. م. کۆچی دوایی کردووە.

چەند شیعری ئەدیب:

قَسَم به چشم تو تا چشم من جمال تو دید — ندید خواب به خواب و همه خیال تو دید
ربودی از نظری صبر و تاب و هوش مرا — به جُرم آنکه چرا چشم من جمال تو دید
شکست روزه به ماه صیام و عید انگاشت — «ادیب» واله چو ابروی چون هلال تو دید
اسیر و رام تو شد مرغ دل ز نادانی — ندید دام دو گیسوت و دانه خال تو دید
ندانم این دل وحشی چگونه کردی صید — ز یک نگاه که آن چشم چون غزال تو دید
ز دل مپرس که چون برگزیدت ای دلبر — ز دیده پرس که آن عشوه و دلال تو دید
یکی است دل که ز یک تیر چشم مست تو خَست — یکی است جان که صد آسیب گوشمال تو دید
نه کس به مهر و وفا در جهان نظیر من است — نه کس به حُسن و صفا در بُتان مثال تو دید
تو را «ادیب» ز روی صفا از آن بگزید — که نقش خویش در آیینەی جمال تو دید

چوارینە:

افسوس که مدح اشقیا کردم بس — با اهل ریا، روی و ریا کردم بس
از روی و ریا چو تافتم روی کنون — رو بر در ربّ کبریا کردم بس

بۆ دۆستێکی کە لە زەماوەنێکدا پای هاتۆتە لادا:

چون نوبت عیش در سرای تو رسید — نوبت به کف گره گُشای تو رسید
گر در دل من خیال تو پا ننهاد — درد دل من چرا به پای تو رسید

بیرەوەری و یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا لوتفوڵای شێخولیسلام

کوڕی مەلا فەتحوڵای قازی، کوڕی مەلا موحەممەد ئیبراهیم، کوڕی مەلا حوسەینی قازی، ناسراوترین و بەدەسەڵاتترین کەس لە بنەماڵەی قازیانی سنەیە کە جیا لە پلە و پایەی بەرزی لە زانست و دادوەریدا، لە باری

کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئایینیشەوە وا بووە کە میران و حاکمانی کوردستان، گوێڕایەڵی بوون و دەسەڵات و مەزنایەتی ئەو پیاوە تا ڕادەیەک گەیشتووە کە شای قاجار، لابردن و دانانی میرانی ناوچەکەی بەو سپاردووە.

مەلا لوتفوڵا ماڵ و سامانێکی زۆری هەبووە و بۆ دەهەندەیی و جوامێریش کەس تۆزی نەشکاندووە. هونەری ناسیوە و بایەخی بە هونەرمەندان داوە. چەند جار سەفەری تاران و ئەسفەهانی کردووە و لە سەفەرێکیدا، چەند وەستاکار و میعماری ئەسفەهانی لەگەڵ خۆی بۆ سنە هێناوە و داویە ماڵێکی ڕازاوەیان بە شێوازی ئەو ڕۆژگارە بۆ کردۆتەوە. ئەو ماڵە ئێستاش ماوە و ئەنتیکەخانەی شاری سنەیە.

ئەم پیاوە هێژایە هەروەها وێژەوان و زاناپەروەریش بووە و زۆری حەز لە کتێب کردووە و لە کتێبخانەکەیدا کتێبی زۆر نایابی دەسنووسی کۆ کردۆتەوە. لەو سەردەمە دوو کتێبخانەی گەورە لە سنە هەبووە: کتێبخانەی والییەکانی ئەردەڵان و هی مەلا لوتفوڵای شێخولیسلام؛ کە بەداخەوە هەکیان لە تێپەڕی ئەوساڵانەدا، چەند جاران کەوتنە بەر تاڵان و هیچیان لێ نەمان.

مەلا لوتفوڵا خەتیشی تا ڕادەیەک جوان بووە و دەفتەرێکی داناوە، هەرکوێ شیعر یان ڕستەیەک ـ عەرەبی یان فارسی ـ سەرنجی ڕاکێشاوە، لەو دەفتەرەدا نووسیویەتەوە و جاروباریش داویە خۆشنووسەکان بۆیان نووسیوە. کەشکۆڵێکی ئەو خوالێخۆشبووەم لای یەک لە خانەکانی سنە چاوپێکەوت کە بەشێکی خەتی خۆی و بەشێکی تری شوێنی قەڵەمی وێژەوانی زانا، میرزا عەبدوڵڵای کوڕی میرزا جافری مونشی کوردستانییە و پتر لە کۆتایی هەرکام لە شیعر یان پەخشانەکاندا، مێژووی نووسینەوەکەشی نووسراوە؛ بە شێوەیەک کە ئەم ساڵانەی (کۆچی ـ مانگی)م بەرچاو کەوت: ١٢٧٠، ١٢٧١، ١٢٩٠، ١٢٩٢، ١٢٩٤، ١٢٩٧، ١٣٠٥ و ١٣٠٩. لە لاپەڕەی ١٦٥ تا ١٧٩ی کەشکۆڵەکە، خەتی میرزا عەبدوڵڵایە کە ساڵی ١٢٩٠ ک. م. نووسیویە و وەک دیارە، لەو ساڵەدا مەلا لوتفوڵا هێشتا نەبۆتە شێخولیسلام و «ئەمینولئیسلام»یان پێ گوتووە. ئەوی ساڵی ٢٩٤، لە کرماشان و ساڵی ١٣٠٥ لە ئیسفەهان نوسراوەتەوە، خەتی مەلا لوتفوڵا خۆیە.

شێخولیسلام زەوقی شیعریشی هەبووە و جار-جار شیعری گوتووە. ئەوا دوو غەزەل لەو کەشکۆڵە:

شوخیت کُن ای دوست کە اغیار ندانند — کاین مردم آماده در اینجا دگرانند

تنها نە من از عشق تو رسوای جهانم — تنها بە جهان بیش بدیدیم چنانند

لیلی کە شده شهره، ز مجنون صفتی بود — عُشاق تو لیکن ز مشاهیر جهانند

ساقی بده آن باده، زمان می گذرد زود — و اینها کە تو بینی همە ز ابنای زمانند

خوبان بە جفا اهل محبت بگذارند — آنان کە بە ما فاتحه خوانند، کیانند؟

* * *

خراب و شیفته و بیخود و فتاده و مستم — نە مَست آب رَزَم، بلکە مست روز الستم

چه بیخودیست نـدانم گرفتـه در سـرم امـروز / جز اینکه دوست نهاده است جام بـاده بـه دستم
جـزات خیــر بــود ســاقی خجــستهشــمایل / ز رنج گردش گیتی به جُرعـه‌ای ز تـو رسـتم
صراحی و خم و جام و پیاله جمله دُرسـت اسـت / صــدای آنچــه شــنیدید، توبــه بــود شکــستم
می و نگار و بهار و گل است و گوشـه‌ی گلـشن / هــزار توبــه در ایــن روزهــا شکــستم و بــستم
خیال روز و شبم اینکـه ره بـه سـوی تـو یـابم / خوشـا کـه عاقبـت اینـك بـر آسـتانه نشـستم
هــزار سلــسله در زنــدگی بیــست مــرا پــای / به غیر مهر تو هـر عقـده بـود، جملـه گسـستم
مــرا تخلــصی ار نیــست هــیچ مطلــب نیــست / تــوام بــه هرچــه بنــامی، سپاسـگوی تـو هـستم

خوا لێ خۆشبوو مەلا لوتفوڵا، ساڵی ١٢٥١ ک. م. لەدایکبـووە و ڕسـتەی «غفـر لـهُ= ١٣١٥»، مێـژووی کۆچی یەکجاری ئەوە.

کەشکۆڵی دەسنووسی مەلا لوتفوڵا. چەند جونگی دەسنووس.

شێخ عەبدولوەهابی مەردۆخی

شێخ ئەولوەهاو، کوڕی شێخ جەمالەدینی دووەم، پیـاوێکی پارێزکـار، بـەئاکار، چـاوتێر و هـەروەها زانـا، لـە بنەماڵەی مەردۆخی شاری سنە بووە کە ساڵی ١٢٤٤ ک. م. هاتۆتە دنیا و ١٣١٦ کۆچی یەکجاری کـردووە و هێندێک نووسراوەشی لە خۆوە بەجێهێشتووە.

تاریخچه‌ی خاندان مردوخ.

شێخ مەحموودی خەنسی[1]

زانایەکی پارسا و عارفێکی ئاگا لە مەشایخی نەقشبەندی بووە کە لە باکووری کوردسـتان ژیـاوە و لـە بـاری ئایینییەوە قسەی لە ناو خەڵکدا زۆر چووە و مەردمێکی لە ئەژمار بەدەر سەریان پێ سپاردووە و سـەرەنجام ساڵی ١٣١٦ ک. م. کۆچی یەکجاری کردووە.

شێخ مەحموود بابی شێخ سەعیدی نەقشبەندییە، کە لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا باسی دەکەین.

قاهیرە. *مشاهیر الکُرد*، ب٢، ل١٨٤.

مەلاباشی سدێقی

«نَصیرُالاسلام» مەلا ئەحمەدی، مەشهوور بە «مەلاباشی»، کەڵـەپیاوێکی بـواری زانـست و هێزایـی خەڵـکی

---

١. **خەنس**: شارۆچکەیەکە لە باکووری زریای وان، لە کوردستانی باکوور.

جوانڕۆیە کە چۆتە سنە و زۆر ساڵان لەو شارە دەرسی گوتۆتەوە و داوەری کردووە و ساڵی ١٣١٦ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە.

مەلاباشی لە بنەماڵەیەکە ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر حەزرەتی ئەبووبەکری سدیق (س) خەلیفەی یەکەم و بەو بۆنەوە «سدیقی»یان پێ دەڵێن.

مەلاباشی خەتی نەسخی جوان نووسیوە و زۆر کتێبی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە؛ کە زیاتریان هەیئەت و ڕیازین؛ کە خۆی شارەزاییەکی تەواوی تێیاندا هەبووە.

یاداشتەکانی نووسەر.

عەبدوڵڵا بەگی جاف

کوڕی حەسەن بەگ، سەربە عەشرەتی جاف و بەرەی میکایلی و لە ئامۆزایانی مەولانا خالیدی شارەزوورییە کە لە هەڵەبجە ژیاوە و ساڵی ١٣١٦ ک. م. هەر لەوێ، بەشی لە دنیا بڕاوە.

عەبدوڵڵا بەگ ئەگەرچی زۆری نەخوێندووە، شیعرەکانی لە باری بیری ناسک و هەستی شاعیرانەوە، بەرز و سەرنجڕاکێشن؛ بە گۆرانی و سۆرانی شیعری گوتووە و لە گاڵتە و گازندەدا دەستێکی باڵای هەبووە. مەولەوی تاوەگۆزی زۆری خۆشویستووە و زۆرجار پەسنی هەستی شاعیرانەی داوە.

وەک «*تاریخ سلیمانیه*» دەڵێ، بۆ بەڕێوەچوونی ژیان، کشت و کاڵ و کرێکاری کردووە و داهاتی زۆر هندک بووە و یەکجار بە کزی و ناتەواوی ڕایبواردووە.

دوو نموونە شیعری عەبدوڵڵا بەگ:

جێـــران هـــەردە! جێـــران هـــەردە! وەڵـــەدەی خـــەتا، وەتـــەن گـــومکـــەردە
دەلیـــل ڕەمکـــێش غـــەزالان چـــین سـەییاد سـەر کـۆی سـەربەرزان نـشین
موشـک نـاف لـە عـەتر مایـەی عـەتاران دەمـــاغ لـــە هـــەوای بـــەرزە دیـــاران
ســـتارەی زوحـــەل، فیتنـــەی زەمانـــە جـــەللاد خوێنـــڕێژ خـــوێش و بێگانـــە
دڵـــەی عاشـــقان قیمـــەی کـــەبابکـــەر چـای بیـژەن نـە جـای ئەفراسـیاب کـەر
کوشـەندەی خوسـرەو، شـیرۆ بەدناوکـەر بـێخ و بنچینـــەی هـــورمز تـــەواو کـــەر
تـــۆ خـــوا ئـــازیز! زولفـــان عەنبـــەرین گـوێ بـدە وە حـەرف بەنـدەی کەمتـەرین
بـا سـەدبار مەعـشۆق بـانووی شـیرین بـێ خاسـە جـەللادی پڕخەشـم و قـین بـێ،
بـــاڵا بنوێنـــە بـــە تەرتیبـــەوە بـــە خەنـــدەی لـــەعلی ســـەرەندیبەوە
بنوێنـــە مینـــای جـــەمینت یـــەکدەم بـە وێنـەی جـام جـەهانـنمـای جـەم
بـۆ پەروانەکـەی شـەیدای شـەوق شـەم ڕووت دەرخە لە تۆی عەرەقچین کەمکەم

بە جیلوەی چاوت شۆخی دیدەمەست | ڕازیم بە حوکمی ڕۆژەکەی ئەلەست
با ماچ کەم خاڵت بە حیجابەوە | وەک بەردی گۆشەی بنای کابەوە
بنۆشم شەربەت لە لێوت بێ خەم | فەرزە دەم تەڕ کا حەججاج وە زەمزەم

گلە و گازندە لە بەرگی گاڵتەدا:

ئەوە نان نەبوو تۆ دات وە بەنە | وە هەوڵ قۆڵ و وە زۆری چەنە
سی ساڵ لەسەر یەک ڕەمەزانم گرت | لە ماڵی خوەما ئیفتارم نەکرد
عومرم وە سەر چوو بە پەنجا گەیی | سایەی ماڵ خوەم بە تێری نەدی
وە ناکەس ئەدەیماینی موحەننەک | وە منت ئەدا کلاشێکی چەک
ژێرم خاک ئەکەی سەرم سەنگ ئەکەی | ئەمن دەنگ ناکەم ئەتۆ دەنگ ئەکەی؟!

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٤٨. *تاریخ سُلیمانیّه*، ل٢٧٢.

شێخ عەبدولوەهابی نایب

شێخ وەهاو پیاوێکی هێژا بووە کە لە سەرەتای چەرخی چاردەدا ژیاوە و خوێندنی لە بەغدا لای مەلا موحەممەدی فەیز (موفتی زەهاوی) تەواو کردووە و ماوەیەک دەرسی گوتووە و دوایی پیشەی داوەری لە ئەستۆ گرتووە.

لە کتێبەکانی:

«*هدایةُالوصوُل لِبیان اَلفرق بَینَ النَّبی وَ الرُّسُل*» کە موفتی زەهاوی پەسندێکی لە سەر نووسیوە و لە بەغدا چاپ کراوە.

مُفتی زَهاوی. بَغداد.

سەید ئیبراهیمی حوسەینی

کوڕی سەید ئیسماعیل، کوڕی سەید عەبدولعەزیز، کوڕی سەید عەبدوڵڵا، لە سەیدە بەرزنجییەکانە کە ساڵی ١٢٥٣ ک. م. لە سنە هاتۆتە دنیا و کە پێگەیشتووە، بۆ خوێندن سنەی بەجێ‌هێشتووە و ماوەیەک لە دێهاتەکانی کوردستان و هێندێک لە سلێمانی و کەرکووک خوێندوویە. لە کەرکووکدا، پێڕای خوێندن، لای شێخ عەبدوڕڕەحمانی خالسی تاڵەبانی، چۆتە نێو تەریقەتی قادرییەوە و سەیر و سولووکی کردووە. پاشان بۆ میسر چووە و ماوەیەک لەوێ شوێن دەرس و دەوری گرتووە. بە شوێن ئەوەدا ڕووی لە خاکی حیجاز ناوە و فەرزی حەجی بەجێ‌هێناوە.

حاجی سەید ئیبراهیم لە مەدینەی پیرۆز، خزمەتی یەکێک لە شێخە بەناوبانگەکانی تەریقەتی

نەقشبەندی، بە ناوی شائەحمەدی سەعید (١٢١٧–١٢٧٧ ک. م.) گەیشتووە و ئەو تەریقەشی وەرگرتووە و پاش دوو ساڵان بەرەو زێدی خۆی (سنە) گەڕاوەتەوە.

شێخ موحەممەد مەزهەر، کوڕی شائەحمەدی سەعید، مورشیدی سید ئیبراهیم لە کتێبی «*مناقب أحمَدیّه و مَقامات سَعیدیّه*»دا ـکە ساڵی ١٢٧٧ ک. م. لە دیهلی چاپ بووە ـ لە بارەی حاجی سەید ئیبراهیمەوە وای نووسیوە: «حاج سیّد ابراهیم کُردی، از خُلفای شاه احمَد سعید، صاحب حالات بُلند و مقامات ارجمند، کثیرالزَّعَقات و الشَّهَقات، شدیدالمَحَبّة لِاستاذه، در ولایت کُبری از اجازَت و خلافَت مُعَزَّز بودند.»

ئەم عارفە بەرزە کە دەگەڕێتەوە بۆ سنە، لە پەناماڵەکەیدا خانەقایەک دادەنێ و کۆڕی ئیرشاد دادەمەزرێنێ. خەڵکیش کە بە پاکی و ممبارەکی ئەو دەزانن، لە هەموو لایەکەوە ڕوو لە خانەقاکەی دەنێن و تەریقەتی لێ وەردەگرن.

حاجی سەید ئیبراهیمی حوسەینی سنەیی، سەرەنجام ساڵی ١٣١٦ ک. م. لە ٦٣ ساڵاندا، ئەمری خوای بەجێهێناوە و لە حوجرەیەکی خانەقاکەیدا نێژراوە.

مناقِب أحمَدیّه و مَقامات سَعیدیّه، ل٣١٨.

سەید جەعفەری دووەمی بەرزنجی

کوڕی سەید ئیسمایل، کوڕی سەید زەینولعابدین، کوڕی سەید موحەممەدی بەرزنجی، زانایەک لە بنەماڵەی بەرزنجە و نەتەوەی سەید جەعفەری یەکەمی کوڕی سەید حەسەنە کە لە مەدینەی پیرۆزدا ژیاوە و موفتی شافیعی بووە و هەر لەوێ ساڵی ١٣١٧ ک. م. لە دنیا چووە.

لە بەرهەمەکانی: پەراوێز بۆ کتێبی «*الکوکبُ الأنور عَلی عِقدِ الجوهَر*»، نووسراوەی سەید جەعفەری یەکەم و «*تاجُ الابتهاج فی الاسراء و المِعراج*».

هـدیّـةُ العـارفین، ب١، ل٢٥٦ و ٢٥٧.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الـدّین، ل١٣٦.

ئەفسەر

میرزا عەلیئەکبەر، نازناو «ئەفسەر»، ناسراو بە «وەقایع نیگار»، کەسناو «صادقُ‌المُلک»، کوڕی میرزا عەبدوڵڵای مونشیباشی (ڕەونەق)، لە وێژەوانان و شاعیران و مونشییانی بەناوبانگی سەردەمی خۆیە کە ماوەیەک ئینشابەندی خانەکانی ئەردەڵانی بووە و چەلێک ئەم کارەی بۆ سەیفەدین خانی تیلەکۆیی کردووە.

بە داخەوە بێژگە ئەو چەند شیعرە لێرەدا هاتووە، شتێکی تر لە شیعری ئەفسەری وەقایعنیگارم

دەس‌نەکەوت؛ بەڵام هەر ئەم کەمەش دەردەخا کە چەند شاعیری چاک بووە. هەروەها کتێبێک بە ناوی «*حدیقەی ناصری*» نووسیوە؛ کە ئەویش دەس‌ناکەوێ.[١]

لە کاتێکدا کە عەبدولحوسەین خانی ئەمیرتۆمان (سالارُالمُلک) بۆ حوکوومەتی کوردستان ناوی لێ براوە، وێژەوان و شاعیری بەناوبانگی ئێرانی، میرزا سادقی فەراهانی، نازناو «ئەمیری» و ناسراو بە «ادیبُالمَمالک»، قەسیدەیەکی بە ناوی گازندە و شکات و وەکی گەپ و گاڵتە بۆ دەنووسێ و تێدا زۆرێک جنێو بە ئەفسەر دەدا کە بۆچی ناوی «صادقُالمُلک»ی لە ناوی من (صادق) دزیوە؟! ئەفسەریش کە ئەم دەنگوباسەی پێ دەگا و شیعرەکە دەبینێ، جوابێکی خۆی‌ئاسایی، هەر لەسەر ئەو کێش و سەروایە، پێ دەداتەوە؛ کە ئەوا لە پێشدا شیعرەکەی ئەدیبولمەمالیک:

خدایگانا! ازدستبرد چرخ دغل — سه سال نام من از نامه‌ی جهان گُم شد
چو از صحیفه‌ی ایام محو شد نامم — دلم چو دیده ز اندیشه پُر تلاطم شد
برای یافتن وی به دست باد صبا — کتابتم به خُراسان و ساوه و قم شد
نشان نیافتم از وی به هیچ شهر و دیار — شرار آهم از این رو به چرخ هشتم شد
سپس شنیدم کش برده خواجه «افسر کُرد» — بدان مثابه که خود نیز در توهم شد
گرفته نام مرا از برای خویش لقب — وزین شرف به همه خلق در تقدم شد
دلم بسوخت از این درد و دود از او برخاست — چنانکه دیدی آتش به خُشک هیزم شد
غَمین شدم که چرا کرم پیله افعی گشت — سُتُه بُدم که چرا عنکبوت کژدم شد
چگونه خود را صادق کند خطاب کسی — که او مُکذّب نصب امیر در خم شد
هرآنکه بشنید این قصه در تحیّر ماند — هر آنکه بر خواند این نکته در تَبَسُّم شد
نبشتمش که خدا را به خویش نام مرا — مَبند، زآنکه نخواهد شعیر گندم شد
پلنگ باید سیّاح کوه سَهلان گشت — نَهنگ باید مَسّاح بَحر قُلْزُم شد
ز نام نیکان کس نیک نام می‌نشود — بایدت پی نیکان گرفت و مردم شد
به عجز و لابه‌ام آن سنگدل نبشخود ایچ — بلی به برّه کجا گرگ را ترحّم شد
جواب من همه از خامه‌اش سکوت آمد — سلام من همه در حضرتش علیکم شد
چو بود جایش در آسان میر اَجَل، — کمینه نیز در آنجا پی تظلّم شد
خدایگانا! بهر خدا اگر روزی — به چرخ کاخ تو هم سلک عقد اَنجُم شد

١. ئەم کتێبە کە ئەفسەر لەسەر داخوازی میرزا ئیبراهیم‌خانی نیزامودەوڵە، میری ئەو سەردەمەی کوردستان نووسیویە، ٣٣٦ لاپەڕەی دەسنووسە لە چوار بەشدا و لە کتێبخانەی بریتانیا، لە شاری لەندەن، بە ژمارەی OR-١٤١٠٨ ڕادەگیرێ.

بگیــر نــام رَهــی را از او و بــاز فرســت | که مر تو را به هزاران چو وی تحکُّم شد
وگـر بـه محـضر شـرعم روان کنـی گـویم: | ز کرّگـی خَـرَک لنـگ بنـده بـی‌دُم شـد
وگر به من ندهد گوش هوش خواهد دید | که عنقریب دو گُوشش جریمەی دُم شد
پـی مُطایبـه ایـن طُرفـه چامـه بـر بـستم | اگـر چـه بـر صـفت تـسخر و تهکُّـم شـد

ئەمەش وەرامی ئەفسەر:

«امیـری» آنکـه ز خـود غـرق در تـوهم شـد | ز نـام و شـهرت مـن سـخت در تلاطُـم شـد
بـــدون ســـابقه بـــر مُقتـــضای طبـــع پلیـــد | بـه نیش هجو گزیـده مَـرا چـو کـژدُم شد
فُـــسای گنـــد پراکنـــد و شـــامه را آزرد، | ادیــب مملکــت مــا چــو در تکلُّــم شــد
نـــدانم از چـــه ز مـــن بـــی‌دلیـــل رنجیـــده | بــه نــزد والــی عــالی، پَــی تَظَلُّــم شــد
میـان جامعـه گـر بنـده صـادقُ المُلْکَـم | ز صدق شُهرتم این‌سان ز شاه و مـردم شد
ولـی بـه کـودکی ار گـشت نـام او صـادق | کنون ز کذب و سَفَه صادقی از او گـم شد
ایـا ادیـب امیـری! کـه صیت خُـوی بَـدَت | بـه اصـفهان و فراهـان و سـاوه و قُـم شـد
ز یـــاوه‌گـــویی تـــو در تَعَجُّـــبم کـــاخر | هـر آنکـه حـرف تـو بـشنید در تبسم شد
نوشـتەی تـو همـه ناسـزا و نفـرین بـود | بـه نـزد اهـل خـرَد تـسخر و تهکُّـم شـد
مـرا تحیُّـر ازایـن اسـت نـام و شـهرت مـن | تُـو را چگونـه چنـین موجـب تـألُّم شــد
چنـان ز شــهرت نیکـوی مــن برآشــفتی | کـه نالـەی نَفَـسَت تـا بـه چـرخ هـشتم شد
مَراسـت عـار ز همنـامی کـسی چـون تـو | تـو مـدّعی کـه مـرا موجـب تقـدُّم شـد
غُــرور بُــرد ز یــاد تــو شــیوەی مــردی | خوشا کسی پی نیکـان گرفـت و مـردم شد
بـه مـن کـلام و سـلامی تـو کـی فرسـتادی | نوشـتەای کـه جـواب مَنَـتْ عَلَـیکُم شـد
تُو را ز بی‌خَرَدی خُود دُمی است غُصه مَخُور | ز کُرّگی خَرَت ار لنگ گشت و بی‌دُم شد
جـواب بـی‌اَدَبـان گـر چـه هـست بـی‌اَدَبـی | ولـــی مـــرا اَدَب از مکتـــب اَب و اُم شـــد
سُخن بـس اسـت نـرنجم ز هـرزه‌گـویی تـو | مـــرا بـــه پاسـخ تـــو عـــار از تَـــشاتم شـــد
ز ضـعف نفـس بـود آنچـه گفتـەای، ز آنـرو | نرنجـد «اَفْسَر» و بهـر تـو در تـرحُّم شـد

ئەم بەیتەی لەسەر دابی «إخراج» و «إدخال»، بۆ لابـردنی فـەرهاد مـیرزا (مُعتَمدُالدَّولـه) لـە حوکوومـەتی کوردستان و دانانی تەهماسب میرزا (مویدُالدَّوله) له جێگایدا، پێڕای قەسیدەیەک گوتووە:

از تخـــت جـــلال رفـــت فرهـــاد | طهماسـب بـه جـای وی مکـان یافـت

بە حیسابی ئەبجەد، تخت جلال=١٤٦٤، فرهاد=٢٩٠، طهماسب=١١٧.

ساڵی لابردنی فەرهاد و دانانی تەهماسب: ١٢٩١= ١١٧+١١٧٤ =٢٩٠-١٤٦٤

ئەم بەیتەشی بۆ مێژووی دروستکردنی قەڵای «لەشکرئاباد»، لە ساڵی ١٢٨٩ ک. م. داناوە:

نوشـت خامـەای افـسر بـە سـال تـاریخش «بـسعی معتمدالدولـە قلعـە شـد آبـاد»

جونگێکی دەسنووس. *دیوان ادیبُ‌المَمالک فَراهانی*، ل١٨٤.

عاسیمی سنەیی

شێخ عەبدولعەزیزی عاسیم، پیاوێکی وێژەوان و زانای خەڵکی سنە بووە کە پاش تەواو کردنی خوێندن، بـۆ بەغدا چووە و ماوەیەک لە خزمەتی عەللامە موفتی زەهاوی بەهرەی بردووە و ئیجازەی لێ وەرگرتووە و لـە ئاکامدا هەر لەوێ دانیشتووە.

حاجی میرزا ئەحمەدی دیوانبەیگی شیرازی، نووسەری ژینامەی «*حدیقةُالشُعرا*»، کـە سالـی ١٢٩٧ ک. م. بۆ زیارەتی عەتەبات چووە بۆ عیراق، لە بەغدا شێخ عاسیمی دیوە و باسی مەلا موحەممەد فەیز (مـوفتی زەهاوی) و جەمیل سیدقی زەهاوی (کوڕی) بیستووە و بەنیازی چاوپێکەوتنیان بووە؛ بەڵام دەستی نەداوە و هێندێک لە بەرهەمەکانیانی لە عاسیم سەندووە و لە ژینامەکەیدا هێناویە.

گۆڤاری *یادگار*، تاران، س٣، ژ٩، ل٦٤. جونگێکی دەسنووس.

وەفایی

حاجی میرزا عەبدورڕەحیم، کوڕی مەلا غەفوور، کوڕی نەسروڵا، لە بنەماڵەی مەلا جـامی، ساڵـی ١٢٦٤ ک. م. لە شاری سابڵاغ (مەهابادی ئێستا) لە دایک بووە و هەر لەوێ خوێندوویە و پـاش فێربـوونی وانـە سەرەتاییەکان، لە خزمەتی مامۆستایانی هێژای مزگەوتی سووردا درێژەی بە خوێندن داوە و موجاز بووە.

لە تەمەنی بیستساڵاندا، بەنیازی دیتنی ئەستەمبووڵ، لـە مـەهاباد دەرکـەوتووە؛ بـەڵام کـە گەیـشتۆتە «نەهرییە» و چاوی بە شێخ عوبەیدیللای نەهری کەوتووە، لەوێ ماوەتەوە و چۆتە نێو تەریقەتی نەقـشبەندی و دوای ساڵێک کە شێخەکەی لە حەج هاتۆتەوە، گەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد و ژنی خواستووە.

دوو جار بۆ حەج چووە و جاری دووهەم، ساڵی ١٣١٨ ک. م.[١] هـاوڕێ کەسـانی وەک: شـێخ سـەعیدی بەرزنجی (بابی شێخ مەحموود)، پیرەمێرد و سەید ئەحمەدی خانەقا (کـەرکووکی) بـووە و لـە گەڕانـەوەدا عەمری خوای کردووە.

وەفایی مرۆیەکی بێدەمار و پارێزکار، ڕووگەش و خۆشسـەروزمان و مرۆدۆسـت بـووە؛ تـا بـۆی کرابـێ گۆشتی نەخواردووە و زۆری حەز لە گوڵ و گوڵزار و دەر و دەشت و لانزار و بەگـشتی، سروشـت کـردووە.

١. هێندێکیش ساڵی ١٣٢٠ و هێندێکی تر ١٣٣٤ یان نووسیوە.

بێژگە زبانی کوردی، فارسی و عەرەبی و ترکیشی زانیوە و زیاتر بە کوردی شیعری گوتووە و شیعرەکانی باشترین بەڵگەن بۆ نیشاندانی پلەی بەرزی شاعیری و هەستیاری دانەرەکەی.

چەند شیعری وەفایی:

تاییکی ڕیشەیی دڵ بە نووکی غەمزە دادا   دەستێکی بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا
نافەی گوڵی عەیان بوو، عەتری بە دەم سەبادا   باریک و لووس و ناسک دوو زولفی خاوی بادا
وەک شاخی گوڵ بەلادا، شیرین تەشی‌دەڕێسێ

کە کەوتە چەرخ و گەردش تەشی بە دەستی ڕەنگین   هەودای لە لێو و دەمدا خورشیدی سینە نەسرین
سەمای بە ذوذَنَب دا کَفُ‌ٱلخُضیب شیرین   گرتی خەتی مەدارات شەفەق بە عیقدی پەروین
سیحرێکە بۆ دڵ و دین، شیرین تەشی دەڕێسێ

نووکی تەشی بە گەردش قوتبێکە چەرخی پێوە   مەجەررە بوو بە داوی کە چەرخی کەوتە نێوە
وەک زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زێوە   ئەستێرە ماهی داگرت سابت کرا بە پێوە
ئارەق بە ڕوو بەڕێوە، شیرین تەشی دەڕێسێ

کە دەستی برد و هێنا بە دولبەری بە تادا   بە چەرخی خست و گێڕای بە ڕانی سافیدا دا
عەیان بوو پەنجەیی ڕۆژ بە خەتی ئیستوادا   بە سوبحی سادق ئەنگووت ذَنَب لە نێو سەمادا
حیرەت لە ماسیوادا، شیرین تەشی‌دەڕێسێ

پەردەی کراسی لاچوو پشکووت بە هەر دوو لێوان   گوڵ و شەکەر دەباری لە کووچەباخی سێوان
زولفی ڕژانە کولمی وەدەرکەوت لە نێوان   شەمس و قەمەر هەڵاتن دوێنێ بە نوێژی شێوان
وەفایی کەوتە کێوان، شیرین تەشی دەڕێسێ

بۆنی غەزاڵی چینی لە نافەدا عەیانە   دەڵێی لە نیوەشەودا سپیدەیی بەیانە
دەمی گوڵ و لەبی گوڵ دوو مەمکی قووتی گیانە   لە باخی یاسەمیندا، شکۆفەیی گوڵانە
بەهاری بێ‌خەزانە، شیرین تەشی دەڕێسێ

کە کەوتە چەرخ و گەردش تەشی بە ڕانی لووسی   دەکەوتە پایبووسی دوو زولفی ئابنووسی
ذَنَب لە مانگەشەودا دەهاتە چاپلووسی   لە بان بەیازی گەردەن بە خەتتی خۆشی نووسی
مەهتابە پایبووسی، شیرین تەشی دەڕێسێ

شیفای جەراحەتی دڵ تەشی نەبوو کە ڕستی   شاپەری خاوی خۆی بوو پەڕیوە بوو لە مەستی
هەتیوی کەللەشەق بوو بە داوی حیلە بەستی   لە تاوی هات‌وچوویدا بە لێوی خونچە گەستی
بە ڕۆح و دڵ، بە قەستی، شیرین تەشی دەڕێسێ

بە خەندە زولفی لادا لەسەر عیزار و زاری   کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوشە باری

دوگمەی کراسی بەربوو بزووت هەوای بەهاری
سەلای لە عاشقان دا باخی گوڵ و هەناری
دونیا بە ئینتزاری، شیرین تەشی دەڕێسێ
مەکەن مەنعی «وەفایی» کە خاو و دڵ بڵاوە
بە داوودڵ دڵی خوەی بە داوی زولفی داوە
سەرێکە مەستی نازی دڵێکە بۆی نەماوە
دڵم حەقی بە دەستە فتوای سەرم دراوە
کە ئەم غەزاڵەچاوە، شیرین تەشی دەڕێسێ

* * *

لەو ڕۆژە کە دوور کەوتووە سایەت لەسەری من
سووتاوە لە تاوت هەموو گیان و جگەری من
جەرگم هەموو لەتلەت بوو بە سێڵاوی سروشکم
چپکەم کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من
دەیفەرموو: لەسەر خاکی دەری خۆی کە منی کوشت،
جەننەت بەسە بۆ خوێنی شەهیدی نەزەری من
قەت وا دەبێ خاکی دەری تۆ تاجی سەرم بێ؟
ئەو دەوڵەتە بۆ من نییە ئەی خاک بەسەری من
زولفت کە وەکوو شامی غەریبانە، لەوێدا
حاڵی چییە داخۆ دڵەکەی دەربەدەری من
وەک بولبولی شەیدا بە هەزار نەغمە دەناڵم
جارێ گوڵەکەم! گوێ بدە ناڵەی سەحەری من
دیم هاتە عەیادەت دەمی پڕ خەندە بوو یەعنی
ڕۆح و دڵی بیمارە، دەوای گوڵشەکەری من
بێنوورە دڵم هێندە لەسەریەک مەشکێنە
ڕوو وابکە شەوقێکی بداتە فەنەری من
خوەش بەو دەمە ساقی لە دەری مەیکەدە فەرمووی
ئەو جامە لە من بگرە «وەفایی» بەسەری من

* * *

لەبەر نازی چاوبازان خورد و خەوم زووخاوە
بە تیری تیرئەندازان جبکەم جەرگم بڕاوە
هاتم بۆ دانەی خاڵت، تووشی داوی زولفت بووم
تەیرێکی نابەڵەد بووم، نەمزانی دانە و داوە
تۆخوا دڵم مەشکێنە، با بزانم: ڕووت وابێنە
ڕووتە یا گوڵ هەنارە، لێوتە یا شەکری خاوە؟
بەس عومری من بە بادە ڕووت بێنە زوڵفت لادە
دڵ بۆیە نامورادە بەو شەوە ڕۆژ گیراوە
بە دەردی بێدەرمانی کەوتوومە سەرگەردانی
بە جوابی «لَنْ تَرانی» جبکەم جەرگم سووتاوە
با شەو بڕوا سەحەر بێ، باغی گوڵان وەبەر بێ
گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ کافر ئیسلامی ناوە
لەبەر چاوت نەمزانی بێباغەوان گوڵچینم
مەست بووم هوشم لێ نەبوو دەمم بۆ ڕووت هێناوە
لە سایەی چاوەکانت بوومە ڕەندی خەرابات
لە لای پیری مەیخانە خەرقەم لە گرۆی مەی ناوە
شێت و شەیدا و سەحرایی دەگریم هەروەک «وەفایی»
جبکەم لە دڵی سەودایی پەریان دەستیان لێداوە

* * *

چەمەن یەکبارە خامۆشە خرۆشی بولبولان با بێ
دڵ ئەورۆ مات و مەدهۆشە خودا فەسڵی گوڵان بابێ
ئەگەر مەیلت لەسەرمانە چ حاجەت ئاوی حەیوانە
لە لەعلی لێوی جانانە حەیاتی جاویدان بابێ

نەماوە حاڵەتی ژینم لە دەس چــوو ڕۆحــی شــیرینم
ڕەفێقان بێن بکەن شینم سەدای گریە و فوغان بابێ
ئەسیری تاری گێسووتم هیلاکــی چــاوی جــادووتم
شەهیدی تێغی ئەبرووتم، دەسا عیسای زەمان بابـێ
لە باغان سەیری گوڵزارە لە هەرجێ عاشقی زارە
خودا ئەو ئاهوو ڕەفتارە، وەکوو سـەروی ڕەوان بابـێ
وەفایی گەرچی شێواوی، لە عیشقی یارێ سـووتاوی
بڵێ: موتریب هەتاماوی، سـەدای چـەنگ و چوغـان بابـێ

لە شیعرە فارسییەکانی:

ای بــه مــصر ســودایت صــد عزیــز قربــانی
رحــم کُــن، بــه یــادآور حــال پیــر کنعــانی
دل ز حــسرت رویــت روز و شــب همــی‌نالــد
نغمـــه‌ی حَـــزین دارد عنـــدلیب زنـــدانی
عــیش هــر دو عــالم را حاضــرم فــدا ســازم
بوســـه‌ای اگـــر یـــابم زان لَبـــان رُمّـــانی
در خَــم دو گیــسویت، لــب قــرین لــب بــودن
لـــذّتی دگـــر دارد جمـــع در پریـــشانی
زُلــف گیرمــت گــویی: راه کُفــر مــی‌جــویی
روی بوسمت گــویی: نیــست ایــن مــسلمانی
زان لَبـــان تمنـــایی دارم و نمـــی گـــویم
مــذهب «وفــایی» نیــست کــشف راز پنهــانی

* * *

شنیدم با وفـایی لطـف کـردی، یـاد فرمـودی
ز شاهی کم مَبادت، بنده‌ای را شاد فرمـودی
دلم بشکستی اما مخزن عشق خـودت کـردی
جَزاکَ‌الله خـرابش کـردی و آبـاد فرمـودی
پس از عمری نگاهی کردی و کُشتی «وفـایی» را
کَرَم کردی که ایـن پابـسته را آزاد فرمـودی

* * *

گُل گفت بـه بلبـل کـه بـه مـا یـک دلـه‌بـاش
جانبــاز و پُــر از نیــاز و بــا حوصــله بــاش
هنگــام ســحر اگــر بــه یــک خنــده‌ی مــن
اشکال تو حَـل نگـشت، پـس در گلـه بـاش

* * *

ای بنـــده «وفـــایی»! ســـر و گـــردن مَفـــراز
چـــون بـــی‌اَدبـــان بـــر زَبـــَر خـــاک مَنـــاز
در هــر قَــدَمی کــه پــای بــر خــاک نَهــی
دارا و ســـکندری اســـت خوابیـــده بـــه نـــاز

دیوانی وەفایی. گۆڤاری گەلاوێژ.

شێخ عومەر «زیائەدین»

عارفی پایەبەرز، شێخ عومەر زیائەدینی نەقشبەندی، کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدین، لە ئەولیای بێ‌قسە و شێخانی جێ‌بڕوایە کە شەوی دووشەمبە، ٢٦ی جیمادی‌یەکەمی ساڵی ١٢٥٥ ک. م. لە تەوێـڵێ هاتۆتـە دنیا و پاش ٦٣ ساڵ ژیان، ساڵی ١٣١٨ لە دنیا دەرچووە.

زیائەدین دوای تێپەڕ کردنی ساڵانی کرچوکاڵی و منداڵی، خوێندنی دەسـپێکرد و بـە هـۆی لێهـاتوویی

سرشتی و تێکۆشان و پێداگرییەوە، دوای چەندێک، لە فارسی و عەرەبیدا چاوی کرایەوە و لە زانستە دینییەکان سەری دەرکرد و ئەوجار بە فەرمانی بابی خاوەن ڕێزی (شێخ سیراجەدین)، چووە ڕیزی سۆفییانەوە و هەر لەو تەمەنی لاوی و هەرزەکارییەیدا، بە سەیر و سولووکەوە بارهات و بە چاوەدێری باوکی و کاکی (شێخ بەهائەدین)، لە ماوەیەکی کەمدا دوایین پلەکانی تەریقەتی نەقشبەندی تێپەڕ کرد.

بە کۆچی دوایی شێخ سیراجەدین، شێخ عومەر ڕۆیە بیارێ و لەوێ خانەقایەک بۆ مریدان و مەدرەسەیەک بۆ قوتابیانی پێکهێنا و خۆی خانەقاکەی گەڕاند و چەند مامۆستای هێژای بۆ دەرس‌گوتنەوە و جێبەجێ کردنی کار و ئەرکی فەقێیان دامەزراند و بەم جۆرە لە ماوەیەکی کەمدا، بیارێ بوو بە یەکێ لە شوێنە گەورە و گرینگەکانی زانست و تەریقەت لە کوردەواریدا.

شێخ عومەر زیائەدین زاتێکی ممبارەک بووە و کەشف و کەرامەتی زۆریان لێ گێڕاوەتەوە. خەڵکێکی زۆر لە ژێر چاوەدێری ئەودا بارهاتوون و بەهرەمەند بوون و گەلێک سەرلێ‌شێواو و ژیان دۆڕاو، بە پێی هەناسەی گەرمییەوە، بووژانەوە و بەرەو ڕاستەڕێ گەڕانەوە. لە عەرەبی نووسیندا زۆر شارەزا بووە و فارسیشی باش نووسیوە. شیعریشی گوتووە و نازناوی «فەوزی» هەڵبژاردووە و هێندێک شیعری کوردی و فارسی لێ بەجێ‌ماوە. لەگەڵ خوالێ‌خۆشبوو حاجی شێخ ئیسمایلی کاشتەری ـ باپیری نووسەر ـ دا، بە فارسی و عەرەبی نامەیان گۆڕیوەتەوە کە بڕێکیانم لا هەیە و یەک بە یەکیان پیشاندەری قەوەتی قەڵەمی نووسەریەتی.

ئەمەش چەند شیعری کوردی ڕەوانشاد فەوزی:

کولاهی سیحەتم ناوێ کە عیللەت تاجی زیللەتمە
کەوای عیززەت لەبەر ناکەم کە قیللەت بەرگی ڕەحمەتمە
عەیادەت بۆکەسێ چاکە گرفتاری تەبیعەت بێ
کە من مەفتوونی جانانم چ باکی دەرد و عیللەتمە
ئەگەر دڵبەر بلاوێنێ هەموو دەرد و بەلا خۆشە
لەگەڵ مەیل و ڕەزای جانان چ باکی سوقم و سیحەتمە؟
کە دیم خوون جارییە ئەمڕۆ لە جەرگ و دڵ وەکوو سەیلاب
وتم ئەم شاهدە بەس بۆ حیساباتی قیامەتمە
قەزای ئەو هەرچی بووبێ من ڕەزام گەر خوشە یا تەڵخە
لەگەڵ مەیل و ئێرادەی حەق جەهەننەم عەینی جەننەتمە
قوسوورم زۆرە، کارم سەختە، دەردم کارییە «فەوزی»
ئەوا تەنها ئومێد و مەخلەسم عیشق و مەحەبەتمە

* * *

فەقیهی مەدرەسی تەوحیدم ئەمڕۆ   فەریدی دایرەی تەفریدم ئەمڕۆ
ڕەزا نابم کە ئەغیار بێنە مەجلیس   بە چەوگانی قەزا تەبعیدم ئەمڕۆ
لە تەنزیها نییە هیچکەس ڕەفێقم   چرای کاروانەڕێی تەحمیدم ئەمڕۆ
عەلایق دەردی بێدەرمانە «فەوزی»   ڕەئیسی عەسکەری تەجریدم ئەمڕۆ

* * *

قیبلە! وەردەنم، قیبلە! وەردەنم   جەوساوە ژارا و دووریت وەردەنم
چەنی دڵ و گیان شەرتێ کەردەنم   مەیل نەدۆ وە کەس تا ڕۆی مەردەنم
دڵ یەند مەینەتان موسیبەت کڕیان   تای تاماڵ، ئازیز جە دەستش بڕیان
پای سەبرش هاڵا شکەست ئاوەردەن   پەوکە شەو تا ڕۆ ویردش ئی فەردەن:
فەڵەک داخ وە دڵ جەستەمدا بەردی   ژاراو دووری ئازیز پێم وەردی

* * *

قیبلەم! ها بەردم، قیبلەم ها بەردم   داغ دووری تۆ وە گڵکۆ بەردم
وەمەیل تۆوە ڕوو وە چوڵ کەردم   ژار دووری و دەرد هیجران گشت وەردم
یانێ ئازیزم عەشق تۆم نەسەر   وە عەشق تۆوە ها شیم وە مەحشەر
تۆخوا بە وەفا و مەیل وەرینت   بنمانە جارجار وە من جەمینت
بنمانە قامەت وەی زامەت وەردە   پەری ئەو قامەت داخ وەگڵ بەردە
تاجەو ڕۆ دەم دەم وە بێ مدارا   «قَدْ قامَت» واچوون هەرسات نەو سارا
چونکە زیکر تۆن مایەی حەیاتم   وەشی و شادی و شەوق مایەی نیشاتم
جەو مەماتەدا با تۆم جەیاد بۆ   جەو عالەمەدا دڵ وەتۆ شاد بۆ

* * *

وەشا نازارێ لاونا دڵان   جە وەخت خەزان، جە فەسڵ گوڵان
دڵان وەشیشان جە ئازارانەن   وەشڕەنگی گوڵان نمەو وارانەن
ئەو وەشی و ئەورەنگ، ئێد ناڵەی سەحەر   گرد بان وە فدای نیمنگای دڵبەر

شیعرێکی فارسی فەوزی:

خرقه را در گرو مهر تو دادن اولی   جان شیرین به ره عشق نهادن اولی
گو به رویم همه درهای جهان بسته شود   که به رویم در لُطف تو گشادن اولی
عزّت و منزلت و مَجد نجویم هرگز   همچو خاشاک به راه تو فُتادن اولی
ثروت و قدرت و هستی ندهد فائده‌ای   همه را دادن و عشق تو ستادن اولی

گــر نــه مقــصود شناســایی خــالق باشــد «فوزیــا» از شــکم مــام نَــزادن اولــی

یاداشتەکانی نووسەر. *یادی مەردان*، ب٢، ل ١٦٦ تا ١٦٨.

باکی

سۆفی باسەفا و شاعیری شەیدا، مەلا مەحموود، نازناو «باکی»، خەڵـکی گونـدی «خوڕخـوڕە»ی لای سـەقز، مرۆیەکی هێژا و پارسا لە مریدانی شـێخ عومـەر زیائـەدینی نەقـشبەندی بـووە کـە بـە ئیـشی کەنـەکاری (حَکّاکی) ژیانی بەڕێوە بردووە.

زا و مەرگی مەلا مەحموودی باکی ساڵانی ١٢٥٢ و ١٣١٨ ک. م. ڕوویداوە.

ئەم غەزەلەی بۆ مورشیدەکەی نووسیوە:

ای بـــلای دل صـــاحبنظران بالایـــت آتـش خــرمن ســودازدگان ســیمایت
قُوت جـان طرفـه نگـاهی ز دو چـشم سیهت قُــوَّت دل سُــخنی زان لــب شــکرخایت
عــیش جَنَّــت ثَمَــری از شَــجر دیــدارت تــاب دوزخ شَــرَری از غــم جانفرسـایت
مـست و مخمـور سـر از خـاک لحـد بـردارد هـر کـه لَـب تـر کنـد از چاشـنی صـهبایت
گــر ز شــوریدەدلان شــور قیامـت خــواهی جلوه ده طلعـت جـانبخش جهـان آرایـت
نازنینـــا بـــە ســـراپردەی عـــزت بـــاز آی کُور آن چشم کـه خـالی ز تـو بینـد جایـت
دیـــدەی خـــاکنـــشینان ســـر کویـــت را باز روشن کـن از آن سُـرمەی خـاک پایـت
مــا بــه دام تــو گرفتــار و تــو از مــا بیــزار تــو ز مــا فــارغ و مــا شــیفته و شــیدایت
جـان بـه لـب آمـده پروانـەی دلـسوخته را شـمع جـان! تـا بـه کـی آخـر نبـود پروایـت
ذرّەایَم بـــه هـــوای رخ تـــو ســـر گردان والـەی حُـسن «ضـیا»، غمـزدەی سـودایت
نظــری بــر مــن بیچــارەی مــسکین فرمــا مـــن فـــدای نظـــر و منظـــر مهرافزایـــت
بـاکی از «بـاکی» دلتنـگ و پریـشانت نیـست ســـــرورم! آه ز بیبـــــاکی و اســـــتغنایت

یادی مەردان، ب٢، ل ٥٦٩. جونگێکی دەسنووس.

مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی

خەڵکی گوندی «دێلێژە»ی سەر بە ناوچەی قەرەداغە کە ساڵی ١٢٥٠ یان ١٢٥٢ ک. م. لـەدایـکبـووە و لـە شاری سلێمانی، لای مامۆستایانی ناوداری ئەوێ چەند ساڵ خوێندوویە و پاشـان چۆتـە بەغـدا و لـە کـۆڕی دەرسی عەللامە موفتی زەهاوی بەهرەی بردووە و ئیجازەی وەرگرتووە و ئەوجار ڕووی لە ئەستەمبووڵ ناوە و لەوێ سەرەتا دادوەریی «شاربازێڕ» و بە دوویدا چەند شوێنی تری پـێ سـپێراوە؛ بـەڵام سـەرەنجام دەس لـە

داوەری بەردەدا و دەگەڕێتەوە بـۆ سـلێمانی و دەرس‌گوتنـەوە دەسـپێدەکا و دەیپـەردەژێ چەنـد کتـێبی بایەخداریش بنووسێ؛ کتێبانی وەک: نامیلکەیەک سەبارەت بە خودای تاکی تواناوە و هەروەها زنجیرەیـەک بە ناوی «*الفَتاوی*».

حاجی مەلا ئەحمەد الّی ١٣١٨ ک. م. لە شاری سلێمانی ئەمری خوای بـەجێ‌هێنـاوە و لـە زیارەتـانی «گردی شێخ محیەدین» نێژراوە.

مُفتی زَهاوی، ل ٣٠. *تاریخ سُلیمانیّه*.

مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی

عەللامەی توێژەر و مامۆستای پایەبەرز، مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجـوێنی، کـوڕی مـەلا موحەممـەد و لـە تۆرەمەی شێخ نوورەدینی بریفکانی، ساڵی ١٢٤٤ ک. م. لە پێنجـوێن هاتـە جەهانـەوە و کـە پێگەیـشت، خوێندنی دەسپێکرد و زۆربـەی شـارەکانی کوردسـتانی ڕۆژاوای بـە هیـوا و خۆشـی گەیـشتنە خزمـەتی مامۆستایانی زانا و فێر بوون، داپاوە و زۆری سەخڵەتی کێشا و لە ئاکامدا گەیـشتە تورجـان و ماوەیـەک لـە بەردەستی ئوستادی پایەبەرز، مەلا عەلی قزڵجی تورجانی خوێندی و ئیجازەی لێ وەرگرت.

مەلاوڕەحمان پاش کۆتایی هاتنی خوێندنەکەی، گەڕاوە پێنجوێن و ماوەی ٤٠ سـاڵ دەرسـی‌گوتـەوە و زۆرێک فەقێ و قوتابی پێگەیاند. ماوەیەکیش کۆچی کرد بۆ سلێمانی و لە مەدرەسەی مزگـەوتی گـەورەدا دەرسی گوت؛ بەڵام دوایی گەڕاوە پێنجوێن و لەوێ ساڵی ١٣١٨ یان ١٩ ک. م. کۆچی یەکجاری کرد.

لە کتێبەکانی: پەراوێز لەسەر «*گَلَنبوی بُرهان*» لە مەنتیقدا، کە ساڵـی ١٣٤٧ ک. م. لـە میـسر چـاپ کـرا و هەروەها پەراوێز بۆ «*آدابُ‌البَحْث*»، کە ئەویش لە میسر، ساڵی ١٣٥٣ لە چاپ درا.

پێشەکی *گَلَنبوی بُرهان*. *تاریخ سُلیمانیّه*، ل ٢٦٢. *مشاهیر الکُرد*، ب٢، ل١٢.

شێخ موحەممەد نەسیمی مەردوخی

کوڕی حاجی شێخ موحەممەد سەعید، کـوڕی شـێخ ئەحمـەدی عەللامـە، لـە زانایـانی هێـژا و پارسـای بنەماڵەی مەردۆخییە کە ژیانی بە خوێندنەوە و تۆژینەوە و دەرس‌گوتنەوە تێپەڕ کردووە و ساڵی ١٢٧١ ک. م. دەگەڵ برای پایەبەرزی (شێخی موهاجیر)دا، لە سنە کۆچی کردووە بۆ شـارەزوور چـووە و ساڵـی ١٣١٩ ک. م. لە «گوڵ‌عەنبەر»ی ئەو ناوچەدا دنیای بەجێ‌هێشتووە.

شێخ نەسیم شاعیر و وێژەوانیش بووە و شیعری گۆرانی زۆر ڕەوان و جوانی لێ بەجێ ماوە؛ یەکیان:

جـــەژن یارانـــەن، جـــەژن یارانـــەن ئـــارۆ ســـەبا ڕۆی جـــەژن یارانـــەن

وادەی شـــادی و زەووق هەردەجارانـــەن وەشـــی و بەشـــارەت گـــرۆی یارانـــەن

گلەی گوزەشتەی هەمقەتارانەن گەردن‌ئازادی خاتردارانەن
فەسل ئاموشۆی شەکەر ڕازانەن دەس نە مل کەردەی ئاوات وازانەن
ئارایش کەردەی تیپ خاسانەن نەزم نەزاکەت شیرین‌یاسانەن
تەرتیب مەدان خاڵ سونع ڕەببانی مەکێشان وەچەم سورمەی سوبحانی
بۆی عەتر و عەبیر هەم موشک شاران گولاو پاشییەن نەبەین یاران
سەرتاپای وێشان زەڕبەفت مەپوشان دەسته بە دەستە، جوق‌جوق مەخرۆشان
جوق‌جوق مەوینان و بانانەوە یەکایەک خوێشان مەوانانەوە
شەققەی ماچ و مووچ، دەم لە ناو دەم کەردەن ئازادی مەوازان جە هەم
جەو دما پەی زەوق ئامای عید نۆ ڕوو مەنیان پەی دەشت، سارا و کەژ و کۆ
نیمێ وە سارا، نیمێ سای داران بەعزێ مەشان سای بەرزەچناران
دەستەی خاتر تەنگ سیا مەپۆشان مەشان وە ماوای شار خامۆشان
شیوەن مەکەران بێ‌ئەندازەوە بۆ مەنیان وە بۆی گڵکۆی تازەوە
بەعزێ هەم تەناف مەرخوز شاران مەوەزان نەڕووی شاخ چناران
پا مەنیان تەناف مەیان وە پەرواز هات‌وچوو مەکەن وە سەد غەمزە و ناز
هەر ساڵ بەی وێنە شادی تەمامەن عەود عید نۆ پەرێ گشت عامەن
غەیر جە من و تۆ خاتر مەینەت‌بار دوور کەفتەی وەتەن نەیاران پێوار
نە خوێش نە دڵسۆز نە دۆس جاران غەریب و بێ‌کەس، دوورکەفتەی شاران
نەدەنگ هاودەم، نە ڕەنگ دڵسۆز نەکەس هەن واچۆ جەژن نۆت پیرۆز
تەنخوای شادی و جەژن خدێمان شینەن ڕەفێقمان غەمەن، یارمان گرینەن
دەربەدەر کەفتەی شاران نە شاران مەحرووم و مەهجوور جە ڕووی گشت یاران
نەجای ئومیدەن، نە فەریادڕەسەن نە کەس مەواچۆ ئینە چ‌کەسەن؟
مەکەرۆن خەیاڵ وەشی ڕۆزگار فێشتەر کۆی ئەلەم وەنەم مەبۆ بار
هەرکەس غەریبەن خاتر پڕ دەردەن دەرد غەریبی عەجایب دەردەن
ئێش دووری دۆس فەراوان سەختەن یاران بزاندێ غەریب بەدبەختەن
خوسووس پەرێ من جە حەد ویەردەن غەریب پێم ماچان تا وەڕووی مەردەن
یە «نەسیم» واتەن ئاوارەی شاران کەس وەشی دونیاش تا سەر مەویاران

عُلَماونا فی خدمة العلم و الدّین، ل٦٠٦. چەند جونگی دەسنووس.

ئاهی

ساڵح ئەفەندی، نازناو «ئاهی»، خەڵکی شاری سلێمانی، لـە شـاعیرانی ئـاخر و ئـۆخری چـەرخی سـێزدە و سەرەتاکانی چەرخی چاردەیە کە زۆرتر لە کۆیە ژیاوە و زیاد لە شـاعیری، پیـاوێکی زانـاش بـووە. ئـەم دوو غەزەلە هی ئەوە:

خودا هەڵناگرێ چاوم ئەمەنـدە شـێت و شـەیدا بم / لە مابەینی خەلایقدا وەهـا مـەهتووک و ڕیـسوا بم
گەلێ دەفعە ئەڵێم بـێم دڵ بگـۆڕم خـوەم لـەوی لادەم / لە دووریدا خەریک دەردم بەڵام وا چاکـە یەکـڕا بم
چ ئینسافێکە ئەی نەی‌قامەت و غونچە دەهـان و شـۆخ؟ / وەکوو بولبوڵ هەمیشە هەر بەهاوار و بـە غـەوغا بم
هەتا کەی سا زەقوومی محنەتی دووریـت بچێـژم مـن؟ / بە شێتی وێڵ و سەرگەردانی دەشت و کێو و سـەحرا بم
دەبێ «ئاهی» لە جـەژنی وەسـڵی دڵـبەردا بـە قوربـانی / قەدی باریک و لێوی ئاڵ و چـاوی مەسـت و شـەهلا بم

* * *

نوکتەی دەمی مەخفی لە فەلاتوونی خەیاڵە / سیرڕێکە بە سەد فەلسەفە ئیزاحـی مەحاڵـە
پەروانە سیفەت دڵ بە چرای عاریزی پاکـت / سـەرباختە و سـووختە و بـێ‌پـەڕ و باڵــە
سەرمەست و برینداری مـوژە و چـاوی خومـارە / ماتـەم زەدە و شـیفتەیی پەرچـەم و خاڵـە
«ئاهی»! کە غوڵام و خەدەمی حـەزرەتی یـاری / ناڵێ بخەرە گوێتەوە وەک حەڵـقە لـە ناڵـە

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفێق حیلمی. *تاریخ سُلیمانیّە*، ل ١٦٠.

سیدقی ماردینی

یۆسف سیدقی، کوڕی عومەر شەوقی، مامۆستایەکی فیقهی حەنەفی خەڵکی ماردین بووە کـە پـاش تـەواو کردنی دەرس و دەور، چووە بۆ ئەستەمبووڵ و بۆتە قازی عەسکەر و ئەندامی کۆڕی لێکۆڵینەوەی شەرعی.

لە کتێبەکانی: «*مَحاسِن الحُسام*»، «*مِعراج المُعْتَمر و الحاج*» و «*مَسیرُالموحّدین الی احیاء عُلُوم الدّین*».

مامۆستا یۆسف سیدقی ساڵی ١٣١٩ ک. م. کۆچی دوایی کردووە.

الاعلام، زرکلی، ب٩، ل ٣١٠. *هدیّهُ العارفین*، ب٢، ل ٥٧١. *ایضاحُ المَکنوُن*، ب٢، ل ٤٤٠.

شێخ عەبدوڵڵای کەمانگەر

کوڕی مەولانا ئەحمەدی کەمانگەر، لە شێخە گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندییە کە لای بابییەوە تەریقەتی وەرگرتووە و لەگەڵ وردەکارییەکانیدا ئاشنا بووە و پاشان، ساڵانێکی زۆر لـە گونـدی «ماسـان»ی لای سـنە، ئیرشادی کردووە.

حاجی شێخ عەبدوڵلا مرۆیەکی پارسا و عارفێکی دڵئاگا و شارەزا لە قۆناخەکانی سەیر و سولووک بووە. بابی ڕەحمەتیم لە ساڵانی ١٣٠٧ و ١٣٠٨ ک. م. لە قوتابخانەی ئایینی ماساندا خوێندوویە و لەو سەردەمە شێخ عەبدوڵلا لەوێ ئیرشادی کردووە. زۆر جاران باسی کەرامەت و پایەبەرزی ئەو زاتەی دەگێڕاوە.

کۆچی دوایی شێخ، ساڵی ١٣١٩ ک. م. لە ماسان ڕوویداوە. ئەم چەند بەیتە بەشێک لەو قەسیدەیەکە بابم لە شینیدا دایناوە:

قُطب سامان‌رسان ز ماسان شد نَوحه بر اهل عالم آسان شد

رخت بَربَست سوی عالم غیب چون ز صحن جهان هراسان شد

بر کاتی شد از کف این ملک کز کف دهلی و خراسان شد

هاتفی خواند بهر تاریخش «کهف ماسان به جای خاسان شد»[1]

یاداشتەکانی نووسەر.

ئەحمەد خولووس ئەفەندی

کوڕی شێخ ئیسمایلی شیروانی، لە زانایان و وێژەوانانی سەرەتای چەرخی چاردەیە کە کاروباری زۆرتر، دادوەری لە شارە ترکەکاندا بووە و هاوکات دەرسیشی گوتووە و کتێبیشی نووسیوە و سەرەنجام لە کۆتایی بیستەکانی چەرخی چاردەی کۆچیدا بەشی لە دنیا بڕاوە و لە شاری ئاماسیەدا نێژراوە.

ذیل کشف‌الظنون.

شێخ ئیسمایلی کاشتەری

کوڕی شێخ موحەممەد، کوڕی «شیخ‌الشیوخ» عەبدولغەفووری کاشتەری، عارفێکی زانا لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانی کاشتەرە کە بە ساوایی باوکی لە دنیا چووە و باپیری گەورەی کردووە. لەو سەردەمەدا گوندی کاشتەر خاوەن قوتابخانە و قوتابی و فەقێ بووە و شێخ غەفوور دەرس و دەوری کوڕەزاکەی لە ژێر چاوەدێری خۆیدا، بە قوتابیانی موستەعید سپاردووە؛ تا تەواو پێگەیشتووە و لە هەموو باریکەوە لێهاتوویی خۆی دەرخستووە.

پلە و پایەی هێژایی و زانستیی شێخ ئیسماعیل تا ڕادەیەک بووە کە زانایانی هاوماڵی لە بەرامبەر هێزی هزر و قەوەتی قەڵەمیدا ورەیان بەرداوە. لە باری نووسین بە فارسی و عەرەبی و هەروەها دەمپاراوی و قسەزانییەوە کەس تۆزی نەشکاندووە. لەگەڵ ئەوانەدا، بالای بەرز و ناوچاوی ڕوون و نوورانی و خۆ و خدەی پەسندی، بۆتە هۆی ئەوە هەموو چینی خەڵک، ڕێزیان لێ گرتووە. مەردمی چەوسێنراو و بەش خوراو، کە

---

١. بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣١٩.

ناویان بیستبێ، ڕوویان لـە دەرکـی ماڵـی نـاوە و بـە بۆنـەی کەسـایەتی بـەرز و بڕشـتی قـسەیەوە، داوای یارمەتییان لێ کردووە؛ بەتایبەت بۆ ڕزگاری لە ستەمی حاکمان و پیاوانی حوکمەت، زۆر جاران پەنایان پـێ بردووە.

حاجی شێخ ئیسمایل لە کونجی خانەقادا، سۆفییەکی بـێ گـەرد و لـە گۆشـەی مزگەوتـدا، دینـدارێکی بێخەوش و لە کۆڕی وێژەوانان و زانایاندا، وتاربێژێکی لەزەبر بووە و لە سـەرینەی ئەمانـە، بـۆ سـوارچاکی و تیرهاوێژی، گرۆی لە هەموان بردۆتەوە. لە تەریقەت و سەیر و سولووکیشدا دەستی بووە و سەری بە عارفی پایەبەرز، شێخ موحەممەد بەهائەدینی عوسمانی سپاردووە.

ئەوی لە شیعر و پەخشان لێی ماوەتەوە، چەند چوارینەی فارسی و شینـنامەیەکە لە تەمەنی ٢٤ سـاڵاندا بۆ کۆچی یەکجاری باپیری گوتوویە:

در خـدمت خلـق بـاش و بـا یـزدان بـاش — هـم بنـدەی ایـن و هـم پنـاه آن بـاش
ز آمیـزش اهـل زور و زر یکـسو بـاش — و آزار دچـار درد را درمـان بـاش

* * *

از گـردش روزگـار آزرده مبـاش — غمگـین منـشین چنـین و افـسرده مبـاش
خـواهی مُـردن، کنـون کـه هـستی زنـده — پژمـرده و ژولیـده و دلمـرده مبـاش

* * *

کـشتی شـکته بـر لـب دریـا نشـستەام — جـا مانـدەام ز قافلـه و ز پـا نشـستەام
گـر ناخـدا برفـت، خـدایا بـه حـال زار — افتـاده بـر درت بـه تمنـا نشـستەام

* * *

أرَی فـی فُـؤادی لَـوْعَـةً وَغَرامـا — غَرامـاً سَـقانی أزْمَـةً وَسَـقاما
وَأوْرَثَنـی حُزنـاً حَکی حُـزْنَ یُوسُـفا — إذا لَبْثُـهُ فـی الـسّجْن کـانَ مُـداما
وَحَمَّلَنـی إصْـراً مَتـی مـا حَملتُـهُ — عَلـی الأرض ضَـجَّتْ دکَّـةً و انْفـصاما
فمـا حـالُ فـرع بـاتَ أصـلُهُ یابـسا — وَنـال عَلـی قَـصّ الجنـاح سـماما
و مـا بـالُ طَیـر قُـصَّ جُـلُّ جَناحـه — و حـازَ عَلـی قـصّ الجنـاح سـماما
بحالَیْهمـا حاشـا هُمـا مـنْ کَـآبَتی — فَقَـدْ فـاتَنی مَـنْ کـانَ فینـا قوامـا
هُـوَ الوالـدُ البـرُّ العطُـوف المُمَجَّـدُ — وَمَـن کـانَ فـی التّقْـوی أمامـاً هُمامـا
هُـوَ الوالـدُ المولُـودُ مـنْ صُـلْب ماجـد — وَکـانَ لآبـائی الْکـرام ختامـا
بآبائـه الغُـرّ اقْتـدی فَاهْتـدی بهـمْ — أُنـاسٌ تَـریهُمْ سُـجّداً و قیامـاً
لَقَـدْ سَـلَفُوا طُـرّاً بفَـضل وَخَلَّفُـوا — فَـضائلَ لا تُحْـصی وَمَـرّوا کرامـاً

وَ قــــامَ بـــــأمرالله حینـــــاً وَ إنَّــــهُ کمــا کـــانَ قَوّامـــاً عَلَیـــه اســـتقاماً
فیــا غـــافرَ الـــذَّنب ارْضَ عَنــهُ و أرضــه وَ بَلِّغْـــهُ فـــی دار الـــسّلام، ســـلاما
و آمنْـــهُ مـــنْ أهْـــوال زلْـــزال ســاعـــة بهـــا النّـــاسُ طُـــراً یَنْظُـــرونَ هیامـــا
و یـــا ربَّنـــا احْـــشُرْهُ مَـعَ الـصّحب آمنـاً مُـــسَوّی لَـــهُ أعْلَـــی الجنـــان مقامـــا
زد اثنَـــیْن وَ احْـــسبْ عـــامَ تـــاریخ مَوْتـــه «یُـــری رَمْـــسُهُ لِلْمُتَّقـــینَ إمامـــاً»

یاداشتەکانی نووسەر.

هائیم

میرزا عەبدوڕڕەحیم، خەڵکی سلێمانی، لە شیعر و وێژەدا خاوەن ناو بووە و نازناوی «هائیم»ی هەڵـبژاردووە و ساڵی ١٣٢٠ ک. م. کۆچی دوایی کردووە.

یادی ئەدیبان، ل٦٦.

شێخ عەبدولکەریمی مەردۆخی

کوڕی شێخ عەبدولقادیری موهاجیر، لە زانایان و مامۆستایانی سەرەتای چەرخی چاردەی کۆچی‌ـ‌مانگییـە کە لە هەڕەتی لاوەتیدا، هاوڕێ بابی پایەبەرز و مامی زانای (شێخ موحەممەد وەسیم)، ساڵـی ١٢٧١ک. م. لە سنەوە بۆ سلێمانی کۆچی کردووە و پاش کۆچی یەکجاری بـابی لـە ١٣٠٥دا، جێـی ئـەوی گرتۆتـەوە و لەوپەڕی ڕێز و وەجدا ژیاوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٢٠ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

لە شێخ عەبدولکەریم کوڕێک بە ناوی شێخ عەبدوللەتیف بەجێ‌ماوە کە پـاش بـابی ماوەیـەک خـەریکی سەعاتسازی بووە و سەرەتێک ددانسازی کردووە و لەم پیشەدا وەستایەکی باشی لێ دەرچووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٣١٩.

یـــادی مـــەردان، ب٢، ل ٣٩٩ و ٤٠٢.

مەلا موحەممەدی کوانەدۆڵی

زانای ئاگا، مەلا موحەممەد، خەڵکی گوندی «کوانەدۆڵ»ی سەربە پێنجوێن، ساڵی ١٢٧٠ ک. م. لـە دایـک بووە و خوێندنی لە ڕۆژاوای کوردستاندا تەواو کردووە و چۆتە بەغدا و لە مەلا موحەممەدی فەیزی زەهـاوی ئیجازەی وەرگرتووە. پاشان بە دەرس‌گوتنەوە، لە خانەقین دامەزراوە و دەوری ساڵەکانی ١٣٢٠ ک. م. بـە یەکجاری دەستی لە دنیا بەرداوە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٥٢٩.

موحەممەد ئەمینی سوورەبەردی

کوڕی عەبدوڕڕەحمان، کوڕی موحەممەد موحسین، کوڕی موحەممەد ساڵەحی سوورەبەردی، مێژووزانێکی بەناوبانگە کە نیشتەجێی بەغدا بووە و ساڵی ١٣٢٠ ک. م. لەو شارە دنیای بەجێ‌هێشتووە.

ئەم مامۆستایە دوای خوێندن، ماوەیەک دەرسی‌گوتووە و سەردەمێک بۆتە ئەندامی دادگەی تۆژینەوە (مَحکمەی استیناف) لە بەغدا و هێندێکیش شارەداری سامەرا و چەن شاری تر بووە.

لە کتێبەکانی: «*تاریخ بغداد*»، کە وەکوو پاشکۆیەک بۆ مێژووەکەی باپیرەگەورەی، موحەممەد ساڵەحی سوورەبەردی، وتاربێژی «دارُالسّلام»، واتا بەغدای نووسیوە. هەروەها زنجیرە وتارێکی ویژەیی و دیوانی شیعر.

الاعلام، زرکلی، ب٦، ل٢٦٩.

یۆسف زیائەددینی ئەسعەردی

یۆسف زیائەدین ئەفەندی، کوڕی شێخ حوسەینی ئەسعەردی، لە زانایانی ناسراوی سەرەتای چەرخی چاردەیە کە لە قوتابخانەی شاری ئەسعەرددا دەرسی‌گوتۆتەوە و چەند بەرهەمێکی لێ بەجێ‌ماوە؛ یەکیان پەسندێکە بە شیعری عەرەبی لەسەر کتێبی «*الهدیّۀُ الحَمیدیّۀُ فی اللُّغۀُ الکُردیّۀ*»[1]، کە ئەوا سێ بەیتی:

احلی کتاب فی لغی الاکراد قد — جَمعَ الجمیعَ و قَدْ سَماتَرْتیبا
وَ حَوی الاصولَ الغُرَّ غیرَ مُغادر — فی الکَشف افْراداً وَ لا ترْکیبا
مُذْتَمّ إمْلاءُ الهَدیَّۀ ارّخت — «أمْلَی الکتابَ بنُ الخلیل اَدیبا»

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٢٢٦.

---

١. ئەم کتێبە یۆسف زیائەدین پاشا خالیدی موقەددەسی، کوڕی حاجی محەممەد، کوڕی عەلی نووسیویە؛ کە ساڵی ١٢٥٨ ک. م. لە قودس هاتۆتە دنیاوە و ساڵی ١٣٢٤، هەر لەوی دەستی لە جیهان براوە. بابی پیاوێکی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتی عوسمانی و حاکمی ئەرزڕووم بووە و یۆسفیش چەند مەقامی بەرزی دەفتەری و دیوانی پێ دراوە و لەبەر زانینی ترکی و فارسی و تەنانەت کوردی، زۆرتر بۆ وڵاتە غەیرە عەرەبەکانیان ناردووە و ماوەیەکیش لە قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەرسی گوتووە.

یۆسف زیائەدین پاشا کاتی هەبوونی لە بدلیس فێری کوردی بووە و دواجار کە دیتوویە کتێبێکی باش لەمەڕ ڕێزمان و وشەی کوردییەوە نەنووسراوە، خۆی بۆ نووسینی ئەو کتێبە چاکی لێ هەڵمالیوە و «*الهدیّۀُ الحَمیدیّۀُ فی اللُّغۀُ الکُردیّـۀ*»ی ناو ناوە و لە چاپیشی داوە.

الاعلام، زرکلی، ب٩، ل٣١٠.

شێخ مەحموودی خالیدی

شێخ مەحموود ئەفەندی حەمزەوی خالیدی، پوورزای زیائەدین ئەفەندی، لە زانایان و ویژەوانانی چەرخی چاردە و مامۆستای قوتابخانەی «جامع‌ُالکبیر»ی شاری ئەسعەرد بووە کە چەند کتێبیشی نووسیوە و هێندێکیان چاپ کراون.

ئەم دوو بەیتە لە قەتعەیەکە بۆ پەسندی کتێبی «*الهدیّةُ الحَمیدیّةُ فی الُّلغةُ الکُردیّة*» نووسیویە:

عوفیت من موجبات السوء و الکمد — وَعشْتَ یا ابْنَ کرام النّاس بالرَّغَد

أذْقُمْتَ تَنْشُرُ أنوار المَعارف بَعْ — دبَسْطکَ العَدْلَ فی الأطْراف وَ البَلَد

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل١٨٥.

شێخ عەبدورڕەحمانی ئەسعەردی

شێخ ڕەحمانی، کوڕی مەلا حوسەین، کوڕی مستەفا، زانایەکی ئایینی و شاعیر و ویژەوانی شاری ئەسعەرد بووە کە ژیانی بە خوێندن و دەرس‌گوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک تێپەڕ کردووە و جاروبارە شیعریشی گوتووە و تا کۆتایی بیستەکانی چەرخی چاردەی کۆچی ژیاوە.

ئەم چوار بەیتە لە قەسیدەیەکە بۆ پەسندی کتێبی «*الهدیّةُ الحَمیدیّةُ فی الُّلغةُ الکُردیّة*» هۆنیویەتەوە:

وَ غَدَتْ مَآثرُهُ الحمیدة تُکْتَبُ — عَنْ سَیِّد سَبَقَ الکرامَ سَلیلا

أعنی ضیاءالدّین یُوسُفَ مَنْ غَدا — بقُدُومه عَنّا العنا مَقْفُولا

شَمْسُ بأرْض القُدْس شیمَ ضیاوُها — فَتَنَوَّرت منْها البقاعُ شُمُولا

حقٌّ عَلَیْنا شَرْحُ مَتْن ثَنائه — فی کُلّ یَوْم بُکْرَةً وَ أصیلا

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل١٤.

مەلا مستەفا عاسیم ئەفەندی

مەلا مستەفا عاسیم ئەفەندی ئەسعەردی لە زانایان و ویژەوانانی چەرخی چاردە و مامۆستای مەدرەسەی ساڵەحییەی شاری ئەسعەرد بووە کە ئەم سێ بەیتەی بۆ پەسندی کتێبی «*الهدیّةُ الحَمیدیّةُ فی الُّلغةُ الکُردیّة*» داناوە:

یَروی لُغی الأکراد، یَکشفُ سرَّها — بَدیع نَظْم للْقَواعد ماهد

وَ الکُلُّ یَشْکُر فی الحَقیقَة هَمَّهُ — لسَلیل سَیف الله حَضْرَة خالد

یُوسُف ضیاءالدین باشا الشَّهم مَنْ — وَرثَ المَفاخر ما جداً عَنْ ماجد

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل١٩٣.

مەلا فەتحوڵای ئەسعەردی

مەلا فەتحوڵا زانا و ویژەوانێکی چەرخی چواردەی کۆچی و مامۆستایەک بووە کە تا کۆتایی ژیـانی دەرسـی گوتۆتەوە و فەقێ و قوتابییانی بارهێناوە. ئەمیش بۆ کتێبی «*الهدیّةُ الحَمیدیّةُ فی اللُّغةُ الکُردیّة*» شـیعرێکی هۆنیوەتەوە؛ بەڵام بە کوردی کرمانجی کە ئەوا دوو بەیتی:

ژ حـەیوانات خـودی ئیـشقیوە چیکـرد نـەوعی ئینـسانی
کـودایی عەقـڵەکی کـامڵ ژووی تـێ عـیلم و عیرفـانی
مەعارف ڕۆژبەڕۆژ زیدە دەبن حـەتتا لـە نـاف کـوردان
دەکەین تەئلیف حەمی کەس تێدەمێنن شاش و حەیرانی

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل١٠٣ و ١٠٤.

شێخ حەسەنی شارەزووری

مرۆیەکی هێژا بووە کە پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، زێدی خۆی بەجێهێشتووە و شاری حەلـەبی بـۆ تێدا ژیان هەڵبژاردووە و لە قوتابخانەی ئەحمەدییەی ئەو شارە دەرسی گوتووە.

لە کتێبەکانی: «*المُوجَز*»، لە نەحو، «*سُلَّمُ المُرتَقی*»، لە مەنتیق و «*الأمانی*»، لە مەعانی و بەیاندا.

هدیّةالعارفین.

مەلا حوسەینی سەبری

خەڵکی پشدەر و لە مامۆستایان و توێژەرانی بەناوبانگی بەغدا بووە کە پـاش تـەواو کـردنی دەرس و دەور و وەرگرتنی ئیجازە لە خزمەتی عەللامە موفتی زەهاوی، لەو شارە گیرساوەتەوە و لە قوتابخانەی ئەعزەمییەدا بۆ دەرس‌گوتنەوە دامەزراوە و سەرەنجام لە بیستەکانی چەرخی چواردەدا ئەمری خوای بەجێهێناوە.

لە کتێبەکانی: شەرحێک بۆ کتێبی «*تشریحُ الأفلاک*»ی بەهائەدینی عامیلی و یەکێ ـ دوو نووسـراوەی تـر لەمەڕ هەیئەت و ڕیازییەوە.

حاجی شێخ عەبدولحەمیدی عیرفانی کانی‌مشکانی، سنەیی، لە شـاگردانی موجـازی مـەلا حوسـەینی پشدەری بووە.

مُفتی زهاوی، ل٣١.

ئایشە عیسمەت تەیموور

کچی ئیسماعیل ڕوشدی پاشا، کوڕی موحەممەد تەیموور کاشـف و سەرباشـقەی بزووتنـەوەی زانـستی و

وێژەیی ژنانی میسرە کە ساڵی ١٢٥٦ ک. م. لە دایک بووە.

باپیری ئایشە (موحەممەد تەیموور کاشف)، کوڕی ئیسماعیل، کوڕی عەلی، لە کوردانی «قەرەجۆلان»ی باکووری مووسڵ بووە کە سەرەتای چەرخی سێزدە بۆ قاهیرە چووە و بە هۆی هێژایی و لێهاتوویی و هەروەها زانینی زمانی ترکی و عەرەبی، موحەممەد عەلی پاشا وەریگرتووە و حاواندوویەتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا بووە بە یەک لە میرە جێبڕواکانی.[1]

ئایشە عیسمەت تەیموور هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە شیعر و زبان و وێژە کردووە و بابی کە بەمەی زانیوە، بۆ ڕاهێنانی، حەولێکی باشی داوە و تەنانەت مامۆستای سەرماڵی بۆ گرتووە، زبانی عەرەبی و فارسی و ترکی پێ فێر بکا. دواجار ئایشە بۆخۆی لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا بەشداری دەکرد و گوێی بۆ قسە و باسی مامۆستایان ڕادەگرت؛ تا لە بواری زبان و وێژەوانیدا گەیشتە ڕادەیەک، بە دەگمەن ژنێکی تر گەیشتبێ؛ شیعری تەڕ و پاراو، پەخشانی جوان و ڕازاوە و زبانی بێ گت و گرێ و ڕەوان ببوو.

ئایشە ساڵی ١٢٧١ ک. م. مێردی کردە موحەممەد تەوفیق بەگی کوڕی مەحموود بەگی ئەستەمبووڵی و ڕەگەڵیدا چووە ئەو شارە و ئەرکی ماڵ و منداڵ کەوتە سەر شانی و ماوەیەک، تەواو لە شیعر و کتێبان دوور کەوتەوە؛ تا وردە-وردە تەوحیدەی کچی پێگەیشت و توانی بەشێ لە کارو باری ماڵ بگرێتە ئەستۆ و دایکی جاروبار بتوانێ هێندێک بخوێنێتەوە و بنووسێ.

ساڵی ١٢٨٩ ک. م. بابی و ١٢٩٢ شووەکەی عەمری خوایان کرد و ئایشە ناعیلاج گەڕاوە قاهیرە و ئەمجار هەموو کاتی تەرخانی خوێندنەوە و فێر بوون کرد و بە هۆی هێژایی و پشتگری و پشوودرێژی، گەیشتە ئەوپەڕی پوختی و زانایی و تەواو هەڵیدا.

ساڵی ١٢٩٤ ک. م. تەوحیدەی کچی -کە ئەو کاتە لاوێکی هەژدە ساڵان بوو- لە ناکاو پەپوولەی گیانی هەڵفڕی و داخی جەرگ سووتانی بۆ دایکی داخداری بەجێهێشت و زامی تازەی بەسەر کۆنەبرینانددا خستەوە. شاعیری دڵناسکی وڵاتی نیل، حەوت ساڵان ئازیەتباری ئەم کچەی بوو. لەم ماوەدا بە هۆی ئەو خەم و پەژارەوە، شیعری وای گوتووە لەوپەڕی جوانی و هەستبزوێنیدا؛ کە لە باری وێژەییشەوە، هەرکام شاکارێکن.

ئەم خاتوونە بە سێ زبانی عەرەبی و ترکی و فارسی شیعری گوتووە و قەسیدەی زۆری لەمەڕ هاندانی ژنان بۆ فێر بوون و ڕاهاتنیان لەگەڵ ڕۆژگاری نوێدا داناوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١. «*دیوان اشعار*» فارسی و ترکی، کە جارێک لە ئەستەمبووڵ و جارێکیش لە بەغدا چاپ کراوە.

---

١. بۆ زانینێکی زیاتر سەبارەت بە تەیموور کاشف، بڕوانە بۆ بەشی دووهەمی ئەم کتێبە، باسی خوونکاران و ماڵەمیران.

٢. «*حليةُالطَّراز*»، دیوانی شیعری عەرەبی، کە چەند جار لە قاهیرە چاپ کراوەتەوە.

٣. «*نتايجُ الاحوال و الاقوال و افعال*»، بریتی لە هێندێک حەکایەت و کورتە چیرۆکە بۆ ڕێنوێنی و ئامۆژگاری.

٤. «*مرأتُ التَّأمُّل فى الأُمور*»، کتێبێکە باسی بەهرە و ئاکامی ئاکاری بەرز و ڕەوشتی جوان دەکا.

ئایشە عیسمەت تەیموور سەرەنجام ساڵی ١٣٢٠ ک. م. لە قاهیرە دنیای بەجێهێشت.

چەند پارچە لە شیعرەکانی:

بيد العَفاف أصونُ عزَّ حجابي   و بعصْمَتي أسْموُ عَلى أتْرابي
وَ بفكْرَة وَقّادَة وَ قَريحَة   نَقّادَة قَدْ كُمّلَت آدابي
ما ضَرَّني أدَبي و حُسنُ تَعَلُّمي   إلّا بكَوْني زَهْرَةَ الألْباب
ما عاقَني خَجَلي عَن العَلْيا وَ لا   سَدْلُ الخمار بلمّتي وَ نقابي،
عَنْ طيّ مضْمار الرّهان إذا اشْتَكتْ   صَعب السّباق مَطامحُ الرُّكاب
فَجَعَلْتُ مرآتي جَبينَ دَفاتري   وَ جَعَلْتُ منْ نَقْش المداد خضابي
بَلْ صَوْلَتي في راحَتي و تَفَرُّسي   في حُسْن ما أسْعى لخَيْر مَآب

* * *

طافت بشهر الصوم كاسات الردى   سَحَراً وَ أكْوابُ الدُّمُوع تَدُورُ
وَ مَضَى الَّذى أهوى وَ جَرَّعَني الأسى   وَ غَدَتْ بقَلْبي جَذْوَةٌ و سَعيرُ
ناهيكَ ما فَعَلَتْ بماء حُشاشَتي   نارٌ لَها بَينَ الضُّلوع زَفيرُ
إنّي ألفْتُ الحُزْنَ حَتّى أنّني   لَوْغابَ عَنّي،ساءَني التَّأخيرُ
قَدْكُنْتُ لا أرْضى التّباعُدَ بُرْهَةً   كَيْفَ التَّصَبُّرُ وَ البعادُ دُهُورُ
أبْكيكَ حَتّى نَلْتَقي في جَنَّة   برياض خُلد زَيَّنَتْها الحُورُ
هذَا النَّعيم به ألأ حبَّةُ تَلْتَقي   لا عَيْشَ إلاّ عيشُهُ المَبْرُورُ
و الله لا أسْلُو التّلاوَةَ وَ الدُّعا   ما غَرَّدَتْ فَوْقَ الغصُون طُيُورُ

* * *

يا بُغْيَةَ الصَّبِّ رفْقاً بالفُؤاد فَقَدْ   أشجاهُ ما بكَ منْ تيه وَ منْ مَيَل
بالصَّد ألهَبْتَ قَلْباً أنْتَ ساكنُهُ   هَلّا عَطَفْتَ عَلى سُكْناكَ يا أمَلي
قابَلْتُ طَيْفَكَ لَيْلاً كَيْ أعانقَهُ   وَ قُمْتُ ألْثمُ ثَغراً شيبَ بالعَسَل
فَأغْمَضَ الطَّرْفَ عَنّي مُعْرضاً وَ نَأى   بجانب التيه، مُذْوَلّي عَلى عَجَل
فَمُهْجَتي أُحْرقَتْ منْ حَرِّ ما وَجَدَتْ   وَ مُقْلَتي أُغْرقَتْ في دَمْعهَا الهَطل

آداب اللغـةالعربیّـه، ب٤، ل٢١٤.*تـاریخ مـصر*، جـواهرکلام. *الاعـلام*، زرکلی، ب٤، ل٥. *الاداب العربیّه*. گۆڤاری *ماد*، ١٣٢٤ ک. هـ. ژ٢، ل١٨.

عەبدولحەمیدی مودەڕڕیس

کوڕی حاجی عومەری نەعیمی، کوڕی ئەحمەد، زانایەکی خەڵکی خەرپووتە کە ساڵی ١٢٤٥ ک. م. هاتۆتە جیهان و ساڵی ١٣٢٠ لە دنیا دەرچووە و ژیانی خەریک خویندنەوە و تۆژینەوە و نووسین بووە.

لە کتێبەکانی:

١. *بُغْیَةُ القاصد فی جَواب الاسْئَلَة الوارِدَة منْ آمد*

٢. *السّمط العَبقَری فی شرحِ العقْد الجوهَری لِمولاٰنا خالد الشهرزوری النقشبندی*

٣. *البُرهانُ المُنَوَّر فی تَحْریمِ الصُّوَر وَ اقْتناء المُصَوَّر*

هدیّةُالعارفین، ب١، ل٥٠٧. *ایضاحُ المَکنوُن*، ب١، ل١٠٧ و ١٨٠ و ١٨٩.

شێخ عەلی سنەیی

حاجی شێخ عەلی، کوڕی گەورەی عارفی ناودار، حاجی شێخ شوکرولای سنەیی، پیاوێکی هێژا، پارسا و ئەهلی تەریقەت بووە؛ خەتی فارسی و عەرەبی زۆر جوان نووسیوە و ساڵی ١٣٢٠ ک. م. بە لاوی و ناکاو، لە سنە کۆچی دوایی کردووە.

خاطرات و یادداشت‌های نویسنده.

بەهایی

مەلا عەبدوسسەمەد، نازناو «بەهایی»، خەڵکی جوانرۆ، مرۆیەکی هێژا بووە و بە عەرەبی و کوردی شیعری گوتووە.

ئەم چەند بەیتە عەرەبییە، پاژێکی قەسیدەیەکە ساڵی ١٣٢١ ک. م. هۆنیویەتەوە:

بانَتْ حُمَیْرا وَ دَمْعی الیومَ مدْرارُ   وَ القَلْبُ مُلتَهبٌ وَ الرُّوحُ طَیّارُ
بانَتْ وَ نارُ الهَوی فی القَلْب تَشْتَعلُ   وَ العَقلُ فی خَبَل وَ الجسمُ مُنْهارُ
عَلیَّ منْ محَن لَمْ یَستَطعْ أحَدٌ   بحَمْلها لا وَ لا فُلْكٌ وَ أقمارُ
أدْمی حَشایَ وَ أضْنانی و أدْنَفَنی   هَوی حَدیثة عهد هجرُهَا النّارُ
وَ کُلَّما عاهَدَتْ بالوَصْل قَدْ غَدَرَتْ   لا غَرْوَ، إنَّ حَدیثَ العَهْد غَدّارُ
یا وَیْلَتا قَدْ تَناءَتْ وَهْیَ هاجرَةٌ   وَ عَنْ وُصُول ثَراهَا الطَّیفُ قَصارُ
وَ ما خَلَتْ عنْ انین یَوْمَ هجرتها   وَ اللهُ یعلَمُ، آصالُ وَ أسْحارُ

أضْـــحَتْ حُمَيْـــرا بـــأرْض لا يُبَلِّغُهـــا مِنِّـــى حـــديثَ جَـــوى الهجْـــران، دَيّـــارُ

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ شوکروڵای شەهباز

عارفێکی پارێزکار و دڵوشیار بووە کە دوای ئەوە لە سەردەمی لاویدا، ماوەیەکی بە هـەرزەکاری ڕابـردووە و هەنگاوی بە هەڵە هەڵگردووە، ویستی خودای تاکی توانا، هەستی مرۆڤایەتی لە ناخیدا ڕادەتڵەکاندووە و لـە خەوی بێخەبەری هەڵیستاندووە و لە نەکاوێک لێبـڕاوە بگەڕێتـەوە سـەر ڕاسـتەڕێ و قـەرەبووی ڕابـردوو بکاتەوە و ئەوەی کەوتۆتەسەری، بیداتەوە و دەست لە دنیادۆستی و هەلپەرستی هەڵـگرێ و واز لـە وازوازی بوون بێنێ؛ خوداپەرستی بکاتە پیشە و فەرمانی ئەو بەجێبێنێ.[1] بەم مەبەستەوە، نیوەشەوێک سـەری خـۆ هەڵدەگرێ و یار و شار بەجێدێـڵێ و بـەرەو دەرگانـەی شـێخی ڕاسـتەقینەی تەریقـەت، سـیراجەدینی گڵکۆپیرۆز پەلدەبێ و هەر لە یەکەم دیداردا، دڵ لە پێناوی ئەوینی ئـەو مورشـیدە دادەنـێ و سـەری پـێ دەسپێرێ و بە موو چییە، لە مۆچیارییەکانی لانادا و چەنای چەن ساڵ، بەبێ وچـان عیبـادەت و ڕیـازەت و سەیر و سولووک و خزمەتگوزاری میوانـانی خانـەقا دەکـا؛ تـا وردە ــوردە بـەرچاوی ڕوون دەبێتـەوە و لـە پلەکانی تەریقەت، یەک لە دوو یەک، سەردەکەوێ و بە مەنزڵگەی فەنا و بەقای تەواو دەگا. ئەوجا شـێخی پایەبەرز، کەوای دەروێشانی لەبەردەکا و ئیجازەی دەدا بگەڕێتەوە زێدی خۆی، خەڵک ڕێنوێنی بکـا و داب و دەستووری تەریقەتیان نیشان بدا.

شێخ شوکروڵا کە دەگاتەوە سنە، لە پەنای مزگەوتی «هاجەرەخاتوون»دا، خانەقایـەک دادەنـێ و ئیرشـاد دەکا و لە ماوەیەکی کەمدا باسی کەرامەت و پیت و پیرۆزی هەناسەی، لە شار و دێ دەنـگدەداتـەوە و لـە هەموو لایەکەوە خەڵکی تینووی تامەزرۆ، ڕوو لە خانەقاکەی دەکەن و دەستە ـدەسـتە لەبەردەسـتی تۆبـە دەکەن.

---

١. دەگێڕنەوە: درنگانی شەوێکی سارد بووە، ڕەشەمەست لە مەیخانە دەرکەوتووە، بچێتەوە بۆ ماڵ؛ لـە پـەنای پاسـارێک دەڵێک دەبینێ تەرەکیوە و چەند تووتکی خستۆتەوە؛ لە سەرمان و برسـان دەچۆقێنـەوە و خەریکـە ڕەقهەڵـگەڕێن. ئـەو دیمەنە دەبینێ، مەستی لە سەری دەپەڕێ. باڵتەکەی بەسەریاندا دەدا و بە هەڵەداوان خۆی دەگەینێتە بەر ماڵ ودووکانی سەروپێ فرۆشێک؛ وەخەبەری دێنێ و هەرچی پارەی دەوێ، پێی دەدا و بەو نیوەشەوە، قابلەمەیەک سەروپێ، پێـی گـەرم دەکاتەوە و بۆ دەڵـەکەی دەبـا. دەڵ کـە هێنـدێک دەخـوا، گـەرمدەبێتـەوە و دوای تاوێـک، شـیر دەزێتـە گوانـەکانی و تووتکەکانیش گیانیان تێدەکەوێتەوە. دەڵەکە لەم کاتەدا سەر هەڵدێنێ و بە چاوێکی پڕ لە پێزانین، تەمەشایەکی شوکروڵا دەکا. ئەو نیگایە چی تێدا بووە و لەو تاریکانەدا، پرشنگی لە کوێوە هێناوە، نازانین؛ بەڵام بەتـەواوی دڵ و دەروونی شـوکروڵا ڕوون دەکاتەوە؛ بە شێوەیەک کە ئەمجار ئەگەر ئاوڕێک لە خۆی و دەوروبەری دەداتەوە، دەبینێ هەیهوو ...

خوالیخۆشبوو شێخ شوکروڵا بێجگە مەقامی بەرزی عیرفانی، مرۆیەکی پشوودرێژ، بیرورد، ژیر و بەبیر، یەکجار زیرەک و خۆشەویست بووە و خەڵک، لە هەموو چینێک لە کاروبارییاندا پرسیان پێ کردووە و دڵیان بە ڕێنوێنییەکانی داوە.

نازناوی شێخ، «شەهباز» بووە و بەو بۆنەوە بنەماڵەکەی ئێستاش بە «شەهبازی» بەناوبانگن.

حاجی شێخ شوکروڵا سەرەنجام ڕۆژی یەکشەمە، حەوتی مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٣٢١ ک. م. لە شاری سنە ئەمری خوای بەجێ هێناوە و لە حوجرەیەکی خانەقاکەیدا نێژراوە.

تاریخچەی خاندان نقشبندیّە. بیرەوەرییەکانی نووسەر.

مەلا موحەممەدی خاکی

لە مامۆستایانی خەڵکی گوندی «ئەحمەدبڕنە»ی لای هەڵەبجەیە کە ساڵی ١٢٦١ ک. م. لەدایکبووە و پاش ماوەیەک خوێندن لە ڕۆژاوای کوردستان، بەتایبەت سلێمانی، ڕووی لە ڕۆژهەڵات ناوە و لە شاری سنەدا گیرساوەتەوە و چەند ساڵێک لەوێ خوێندوویە و ئیجازەی وەرگرتووە. ئەمجار گەڕاوەتەوە سلێمانی و تا کۆتایی ژیانی، لەوێ ماوەتەوە و بە خوێندنەوە و دەرس‌گوتنەوە ڕایبواردووە و ساڵی ١٣٢٢ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشتووە.

مەلا موحەممەد مرۆیەکی هێژا، خاکەسار و بێ دەعیە و دەمار، پارێزکار و سەر بە تەریقەی نەقشبەندی و لە دەرس‌گوتنەوەدا زۆر بەدەسەڵات بووە. بە کوردی سۆرانی و فارسی شیعری گوتووە و نازناوی «خاکی» هەڵبژاردووە.

لە شیعرە کوردییەکانی، قەسیدەیەکە لە پەسنی پێغەمبەر(د) و بنەماڵە و یارانیدا. ئەم قەسیدە ١٥٦ بەیتە و ئەمەش بەیتی سەرەتاکەی:

بیارێنێ خودا بارانی هەرچی فەیز و ئیحسانە لەسەر ئەو باعیسی خەلقە و گوزیدەی جەمعی ئەکوانە

لە ناو فەقێیاندا باو بووە، ڕۆژانی وچان و هەواخۆشی، لە دەرەوەی شار و ئابادی، ماوەیەکیان بە گەڕان و گەمەوە ڕابواردووە. مەلا موحەممەد، کە لە باری زیرەکی و پارێزکارییەوە جیاواز بووە، جارێک لە گەمەی «کەوشەک»دا دەیدۆڕێنێ و باقی قوتابییان تیزی پێ دەکەن و تانەی لێ دەدەن کە بە تەنیا خوێندن و سۆفییەتی حیساب نییە. بەتایبەت یەکێکیان کە سەید ئەحمەدی نەقیبی ناو بووە، ئەم دوو بەیتەی پێدا دەڵێ:

ئەگەر دەروێش، ئەگەر سۆفی لە تەکیە و خانەقادا بێ گەدا بێ، یا خۆ پاشا بێ، خەلیفە، یاخۆ وەستا بێ
لە عەرسەی کەوشەکا جێ‌ما، وەکوو دابە، ئەبێ دابێ دەبێ سەرحیز و مل‌کز بێ، دەبێ داماو و ڕسوا بێ

خاکی بەم غەزەلە جوابی داوەتەوە:

کەسێ پاش کەوت ئەگەر فەرزەن خەڵاتی شای لەبەردا بێ / وە یا فێس و عەمامەی شێخولیسلامی لەسەر نابێ
دەبێ پشتی کەمانی بێ وەکوو گۆ سمتی هەڵ نابێ / بەڵێ پشتم شکا، بابێ کەسێ مابێ بەسەرما بێ
بەجێمان باعسی بەدنامییە حەتتا لە یاریدا / کەسێ مەقبووڵ و ماقووڵە کە چابوکدەست و ئازابێ
لە مەیدانی عیبادەتدا بەجێما هەرکەسێ بێشەک / بە دایم چاو بەرەو ژێرە، دەبێ مەهتووک و ڕسوا بێ
بەجێماویش لە «کەوشەک»دا ڕەفیقان! هەر دەبێ دابێ / قیاس ڕۆشن دەلیلێکە دەبێ ئەحکامی موجرا بێ
ئەمە مەعلوومە لای هەرکەس چ نادان و چ دانایێ / کە دابوون کاریناداننە، کەسی دانا بێ، دا، نابێ
فیداتان بم وەرن یاران لەمەولا ڕوو لە مەولا بێ / دەروون عاجز لە دونیا بێ، لە مالا یەعنی دڵ لا بێ
چ خوشە تەرکی خەو هەر شەو، هەموو چاوت لە خۆدا بێ / نەسیمی نیسبەتت بۆبێ، وەکوو شەوبۆ لە شەودا بێ
کەسی «کەوشەک» بکا «خاکی» موحەللەق باز و ئازا بێ / بە سورعەت هەر وەکوو بابێ، بە هیممەت میسلی با با بێ
حەریفێ دوێ لە چایخانە دڵی مەعموور و ئاوا بێ / بە تەجنیس بازی دەیفەرموو جەزای چاکە دەبێ چا بێ

شعر و ادبیّات کُردی، رفیق حلمی، جزء یکُم. تاریخ سُلیمانیّه، ل ٢٨١.

عەبدولغەنی زەهاوی

کوڕی مەلا موحەممەدی فەیزی زەهاوی و کاکی جەمیل سیدقی، شاعیری بەناوبانگە کە ساڵی ١٢٧٧ ک. م. لە بەغدا هاتۆتە دنیا و پیاوێکی هێژا و ویژەوان و شاعیر بووە و زبان و وێژەی عەرەبی و فارسی چاک زانیوە. جەمیل سیدقی ئەوی لە شیعردا، بەقەوەتتر لە خۆی داناوە.

عەبدولغەنی ئەفەندی ساڵی ١٣٢٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و جەمیل سیدقی برای، لە شینیدا، قەسیدەیەکی گەورەی نووسیوە؛ کە ئەمە بەشێکیە:

تَضَمَّنَ منكَ القبر لو يعلم القبر / أديباً بَكاهُ النّاسُ وَ العِلْمُ وَ الشِّعْرُ
وَقَفْتُ على قَبْرٍ طَوى أقْرَبَ الورى / إلَيَّ وَ دَمعُ الحُزْنِ مِنْ أعْيُنِي نَثْرُ
فَيا قَبْرُ أنْتَ اليومَ أكْرَمُ بُقْعَةٍ / مِنَ الأرض ذات العَرض فيها انطوى حُرُّ
لَعَمْري قَد اجْتَثَّتْ يَدُ المَوْت دَوْحَةً / تَسامَتْ إلى العَلْياء أغصانُهَا الخُضْرُ
لَقَدْ ماتَ مَنْ قَدْ ماتَ عِزّي لِمَوْتِه / وَ ماتَ عَزائي و السَّكينةُ و الصَّبْرُ
أعَبْدَ الغنيّ! اسْمعْ، إذا كُنْتَ سامعاً / نداءَ أخٍ قَدْ نابَهُ بَعْدَكَ الضُّرُّ
بنَفسيَ يا عَبْدَالغَنيّ وَ أسْرَتي / وَفاؤُكَ و الحُسْنى، عَفافُكَ و الطُّهْرُ
يَعِزُّ علينا اَنْ يُلِمَّ بِكَ الرَّدى / و يَذْبُلَ ذاكَ الزَّهرُ وَ الورقُ النَّضْرُ
رَحَلْتَ عَنِ الدُّنيا و خَلَّفْتَ للأسى / أخاً لَكَ حُلْوُ العَيْشَ في فمه مُرُّ
وَ ما كانَ مِنْكَ العُمْرُ قَدْ بَلَغَ المدى / و لكنَّما الأيّامُ شيمَتُها الغَدْرُ

يَقُولُونَ: صَبْراً يا جميل! عَلَى الَّذى | أصابَكَ مِنْ رُزْءٍ وَ أَنّى لِىَ الصَّبْرُ
وَ كُنّا غُصُونا أنتَ زَهرةُ روْضِها | وَ كُنّا نُجُوماً أنتَ فى بَيْنِها البَدرُ

دیوان جمیل صدقی، ل١٦٦. *تاریخ سُلیمانیّه*، ل٢٥٦.

حەیرانعەلیشای مایدەشتی

سەید موحەممەد ساڵح، حەیرانعەلی شانیعمەتوڵایی، لە سەیدە حەسەنییەکانی لەدایکبووی ساڵی ١٢٥٠ک. م. ناوچەی مایدەشتی کرماشانە؛ کە قەڵەندەرێکی شەیدا و پێشەوای تەریقەتی نیعمەتوڵایی کرماشان بووە و زۆرێک لە ناوداران و گەورەپیاوانی ئەو ناوانە، مرید و خۆسپاردووی بوون.

حەیرانعەلیشا پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، بۆ کاشان ڕۆیوە و ماوەیەک لە خزمەتی حاجی شێخ موحەممەد حەسەنی کاشانی، ناسراو بە «عەبدعەلیشا»دا بەهرەی بردووە و گەڕاوەتەوە کرماشان. هێندێک دواتر بۆ مەشهەد چووە و لەوێش یەکێکی‌تر لە شێخانی ئەم تەریقە، بە ناوی مونەووەرعەلیشای بینیوە. ئەوجار ڕووی لە عەتەبات ناوە و کە گەڕاوەتەوە بۆ کرماشان، ماوەی ٣٠ ساڵ لەو شارە سەرپەرشتی و خزمەتی دەروێشان و مریدانی کردووە و سەرەنجام لە ١٣ی جیمادی‌سانی ساڵی ١٣٢٣ ک. م. (١٢٨٤ ک. ه. (لە کرماشان کۆچی یەکجاری کردووە.

حەیرانعەلیشا دۆخێکی ڕۆحی تایبەت و نائاسایی هەبووە و هێندێک کەرامەتیشیان لێ گێڕاوەتەوە. شیعریشی گوتووە و زۆر شیعری دڵبزوێنی کوردی و فارسی لێ بەجێ‌ماوە و بەشێک لە شیعرە کوردییە عیرفانییەکانی چاپ کراوە. هۆنراوەیەکی عیرفانیش بە فارسی، بە ناوی «*کَنزُالعرفان*»ی لێ ماوەتەوە.

حەیرانعەلیشا لە شیعری فارسیدا نازناوی «حَیران» و بۆ شیعری کوردی «سەی‌ساڵح»ی نووسیوە.

خوالێخۆشبوو غیرەت، شاعیری هێژا و ناوداری کرماشانی، لە بارەیەوە گوتوویە:

این جمله اسیران که پریشان تواند | لب‌تشنەی سرچشمەی حَیوان تواَند
ای دیدەی عاشقان بە کویت شب و روز | حَیران کەای؟ کە جملە حیران تواَند

دوو شیعری کوردی حەیرانعەلیشا:

هەمسەران! سینەم، هەمسەران! سینەم | گەنجوور گەنج ناس لە سەدر سینەم
جەواهیر کۆکۆ ها لە خەزینەم | دەفن کەرد قادر نەتۆی دەفینەم
کۆی توور قەلبم ئاتەش‌ئەفرۆزەن | ڕۆشن وێنەی نار لەیل نەورۆزەن
دورج دەهانم گەوهەرئەفشانەن | تیغ زوانم ئاتەش‌فشانەن

* * *

هەریە بەس لە حەق فەرد تەنیای پاک | عەقڵ کول واتا: وَ ما عَرَفْناک

جـــەوابش ئامـــا لـــە یـــەزدان پـــاک
لَـــوْلاکَ لَمـــا خَلَقْـــتُ الافْـــلاک

لـــە دەرگـــای داوەر مەکـــەم گـــەدایی
لـــە بـــەنـــدەگی دەم کـــووس خـــودایی

قـودرەتنمـای بـین لـە مـەه تـا مـاهی
گـەداییش مەکـەن لـە عـەین شـاهی

غافـــل مەنیـــشن! ئـــەو بـــارن وەیـــاد
هەر کەس وەخەیاڵ وێش کەردەن دڵشاد

من لـە مـن نییـەن هـەرچی هـەن ئـەوەن
لـە ڕۆژ ڕەوشـەن کـێ مـاچۆن شـەوەن؟

گـــۆش دڵ بـــدەر وە ڕێـــزەی ڕازم
عاڵـەم پـڕ کـەردەن نەشـئەی ئـاوازم

خـــودایی خـــودا نێـــژی کوهنـــە و نـــۆ
ئەشـیا زاکـیرەن گـشت وە زیکـر هـۆ

بـەو تـا بنیـشیم، وە بـێ قیـل و قـال
کَالمَیِّـــت بَـــیْنَ یَـــدَی الغَـــسّال

«سـەی ساڵـەح»! لـە پـای سایەی نهاڵـی
بـــەو تـــا بکـــەیمن شـــوکر وساڵـــی

ئەمەش شیعرێکی فارسی:

مـا همـه دُرْدکـشان، سـاقی صـهبای همـیم
سَرخوش از جام مَی و مَست ز مینـای هَمیم

ایـن همـه مُغْبَچگـان لُـولی شـیرین حرکـات
خـادم پیـر مُغـان، عاشـق سـودای همـیم

چونکـه جَمعـیم ز تفریـق گذشـتیم همـه
دست بر دست هم و خاک کف پای همیم

طعنـه بـر مـا مـزن ای شـیخ تـو از روی ریـا
همـه درمـان هـم و جملـه مـسیحای همیم

مـا مُناجـاتی و چـون اهـل خرابـات، خـراب
پاکبـــازان ره دلبـــر یکتـــای همـــیم

مـا بـه هـر مجلـس و محفـل بـر اربـاب وفـا
صاحب نطق و بیان، طـوطی گویـای همیم

بـر سـر بـزم طریقـت ز ره صـدق و صـفا
همـه مجنـون هَمـیم و همـه لَـیلای همـیم

نعـرەی یـارب مـا مـی گـذرد از ملکـوت
چونکه در گلشن جـان بلبـل شـیدای هَمیم

تـا نهـادم سـر خـود را بـه ره پیـر طریـق
من و «حیران» ز وفا طالـب و جویـای هَمیم

تذکرەی شُعرای کرمانشاه، ل ٤٠-٤٢. *دیوان غیرت*، ل ٣١ و ٣٢.

مەلا باقری شێخولیسلام

حاجی مەلا باقر، کوڕی مەلا ئەحمەدی شێخولیسلام، لە پیـاوانی زانـا و تێگەیـشتووی بنەماڵـەی مـیرانی سنەیە کە ماوەیەک شێخولیسلامی کوردستان بووە و ساڵی ١٣٢٣ ک. م. لە دنیا چووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ موحەممەدی بەرزنجی

کوڕی شێخ عەلی،کوڕی بابارەسوول، لە سەیدەکانی بەرزنجە، پیاوێکی زانا بـووە و بێجگـە زمـانی کـوردی،

فارسی و عەرەبی و ترکیشی چاک زانیوە.

شێخ موحەممەد خوێندنی لە سلێمانیدا تەواو کردووە و پاشان ساڵی ١٣٠٠ ک. م. بۆ ئەستەمبووڵ چووە و ماوەیەک لەودوا گەڕاوەتەوە سلێمانی و بۆتە موفتی ئەوشارە.

زا و مەرگی شێخ موحەممەد ساڵی ١٢٦٩ و ١٣٢٤ ک. م. ڕووی‌داوە.

تاریخ سُلیمانیّه، ل٢٨٥.

سانی

کاک عەبدوڵا، کوڕی عەلی، نازناو «ثانی»، بابی کاک مستەفای سافی [١]، شاعیرێکی خاوەن زەوق بووە و هێندێک شیعری بە کوردی سۆرانی لێ بەجێ‌ماوە کە بڕێکیان پێڕای دیوانی سافی، لە کتێبێکدا چاپ کراوە.

سانی تا کۆتایی سییەکانی چەرخی چاردە ژیاوە.

غەزەلێکی کاک عەوڵای سانی:

دڵیشم چوو، گوڵیشم چوو، کە یاری گوڵعوزارم چوو
نەما عەیشم لەگەڵ شادی، بە تاراجی نگارم چوو
بەهاران فەسڵ گوڵ‌داییّ، سەدای بولبول لە هەرلایێ
گرینم دەنگی سەمتوورە، کە غونچەی لالەزارم چوو
چ پاشایی، چ دەرویشی، غەمی عەشقت ئەگەر نۆشی
هەمیشە مەست و مەدهۆشی، کە دۆستی غەمگوسارم چوو
زەعیف و زەردی پاییزم، لە زستان یار گوتی زیزم
بە تەن بیمار و دڵ‌زیزم، کە هاوین هات، بەهارم چوو
بە داخی دەردی هیجرانی، بە تیری تیژی موژگانی
وەهای کردوومە بریانی، ئەوا ڕۆحی ڕەوانم چوو
گوتم: «سانی» لەبەر چی وا گرفتار و پەرێشانی؟
گوتی: بێچارە بووم، هەستیم لەدەس چوو تا کە یارم چوو

وەرگیراو لە *دیوانی سافی*.

سەید حەسەنی چۆڕی

حاجی سەید حەسەن، کوڕی سەید عەبدولقادیر، کوڕی سەید ئیبراهیم، کوڕی سەید عەبدوڕڕەحمان، لە پشتی زانای بەناوبانگ، مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕییە کە بۆخۆشی مرۆیەکی زانا و بەرزەمژ و بێ‌نیاز بووە و لە گوندی «چۆڕ» فەقێ ڕاگرتووە و دەرسی گوتووە و سەردەمێکیش شێخولیسلامی مەریوان بووە.

چۆڕی خوێندنی لای عەللامە مەلا عەلی قزلجی تورجانی تەواو کردووە؛ بەڵام ماوەیەکیش لە مەدرەسەی مەلاوڕەحمانی پێنجوێنی خوێندوویە.

---

١. لە داهاتوودا باسی ئەویش دەکەین.

زۆرێک پەراوێز و پەیوەست لەم مامۆستا زانایە بەجێماوە کە هێندێکیان بریتین لە: پەراوێز لەسەر:

١. «*تذهیبُ المنطق*»

٢. «*جلال منطق*»

٣. «*تصریف*» مەلا عەلی شنۆ

٤. «*گُلَنبوی بُرهان*»

٥. «*عَبدولحکیم شرح شَمسیّه*»

٦. هۆنراوەی «*فَریدە*» لە نەحودا

٧. «*سَعدُالله*» لە نەحودا

٨. پەیوەست بۆ «*تَفسیر بیضاوی*» تا سوورەتی قیامەت.

٩. «*الرِّسالَةُ الکلامیّة*».

چۆڕی ساڵی ١٣٠٥، هاوڕێ لەگەڵ شێخ ئەحمەد شەمسەدین، کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدین بۆ حەج چووە و لەوسەفەرەدا تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەد وەرگرتووە.

ئەم مامۆستایە پاش عومرێک دەرس گوتنەوە و تۆژینەوە و نووسین، سەرەنجام ساڵی ١٣٢٢ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە. خوالێخۆشبوو مەلیکولکەلامی مەجدی بۆ لاواندنەوەی قەسیدەیەکی داناوە کە ئەوا چەند بەیتی:

ستوده سید فاضل «حَسَن» کە در دانش ندیده است چو او دیدەی زمین و زَمَن

مهی کە بود ز هفتاد و اند سال فزون همیشه کار وی احیای علم و شرع و سُنن

شد از دیار فنا شادمان بە دار بقا بدان صفت کە غریبی رود بە سوی وطن

نوشت از پی سال وفات او «مجدی» «بسوی دار بقا شد روان، روان حَسَن»[1]

عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین، ل١٦٥ و ١٦٦. *یادی مەردان*، ب٢، ل ٥١٣ تا ٥١٦.

شێخ مەحموودی کاکۆزەکەریایی

زانایەکی پارسا، کوڕی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ یەعقووب، لە بنەماڵەی شێخانی کاکۆزەکەریا بووە کە پاش هەڵوەدا بوونێکی زۆر لە وڵاتی غەریب و خوێندن لای مامۆستایانی ناسراوی ئەو سەردەمە، سەرەنجام چۆتە قوتابخانەی تورجان و خزمەتی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی گەیشتووە و ئیجازەی لێ وەرگرتووە و لە گوندی «لۆن سادات»ی ناوچەی بێڵەوار دانیشتووە و لە مەدرەسەکەیدا دەرسی گوتووە.

---

١. بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣٢٢.

شێخ مەحموود جیا لە باری زانستی، عارفێکی پایەبەرز بووە و بۆ پارێزکاری و عیبادەت و بەڕێوەبردنی سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەر(د)، ناوی دەرکردووە و بێ‌شک یەک لە ئەولیای بێ‌قسەی نیوەی یەکەمی چەرخی چواردەیە.

بابی ڕەحمەتیم، کاتی خوێندنی لە لۆندا ، ماوەیەک لە کۆڕی دەرسی شێخ مەحموود بەهرەی بردبوو. هەموو جارێک باسی ئاکاری بەرز و بێ‌نیازی ئەو کەڵەپیاوەی دەکرد و کەراماتێکی لێ دەگێڕاوە کە بە چاوی خۆی دیتبووی.

شێخ چەند ساڵی کۆتایی ژیانی باری کرد بۆ شاری سنە و تا سەر، لە قوتابخانەی مزگەوتی «ئاحەیبەلا»ی ئەو شارەدا دەرسی‌گوتەوە. کۆچی دوایی ئەو پیاوە مەزنە، ڕۆژی پێنج شەممە ٢٩ی شابانی ساڵی ١٣٢٤ ک. م. لە شاری سنە ڕووی‌داوە و لە زیارەتانی «پیرغەریب»ی ئەوسادا، نێژراوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

مەلا عبدوڕەزاقی سنەیی

کوڕی مەلا ئەحمەدی «ئولفەت»، لە بنەماڵەی ماڵەگەورەکانی سنە و پیاوێکی زانا و بەئاکار بووە کە ساڵی ١٣١٥ ک. م. شێخولیسلامی سنەی لە ئەستۆ گرتووە.

ساڵی ١٣٢٤ بۆ تاران دەچێ و لەوێ نەخۆش‌دەکەوێ و دنیا بەجێ‌دێڵێ. تەرمەکەی دێننەوە سنە و بە ڕێز و شکۆی زۆرەوە دەینێژن.

لە کتێبی خاطرات و یادداشت‌های من.

شێخ حەسەنی بەرزنجی

کوڕی شێخ عەبدولکەریم، کوڕی شێخ قادر، کوڕی شێخ حەسەن، لە پشتی شێخ ئیسماعیلی قازانقای و تۆرەمەی ساداتی بەرزنجی و لە پێشەوایانی تەریقەی قادرییە کە ساڵی ١٢٦٤ ک. م. لە کەرکووک هاتە دنیا و لە گوندی «قەرەچیوار»ی لای ڕۆژهەڵاتی کەرکووک گەورە بوو. حەوت ساڵان بابی عەمری خوای کرد و کەس و کاری بۆ خوێندن ناردیانە سلێمانی و ئەویش لەوێ بە هەموو توانییەوە لەو کارەدا تێکۆشا و پاش ئەوەی بوو بە مامۆستایەکی زانا، گەڕاوە کەرکووک و لە مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی ئیجازەی وەرگرت.

ساڵی ١٢٨٩ ک. م. جارێکی‌تر چوو بۆ سلێمانی و ئەم جار بۆ وەرگرتنی تەریقەتی قادری، گەیشتە خزمەتی عارفی پایەبەرز کاک ئەحمەدی شێخ و دوای ماوەیەک سەیر و سولووک و وەرگرتنی ئیجازە، چووە گوندی «قادرکەرەم»؛ بەڵام دوای ماوەیەک، بەبۆنەی زۆر بوونەوەی جەماوەری هات‌وچووکەری

ئەوێ ـکە بۆ بەهرەمەند بوون و وەرگرتنی تەریقەت ئەهاتن ـ ناعیلاج گەڕاوە کەرکووک و لە گەڕەکی «ئەخی حوسەین» تەکیە و خانەقایەکی دانا و تا کۆتایی ژیانی (ساڵی ١٣٢٤ ک. م.) خەڵکی ئیرشاد کرد و یارمەتی مریدانی دا.

خوالێخۆشبوو شێخ حوسەین دەروێشێکی بێنیاز و دڵئاگا بووە و بە زبانی عەرەبی و فارسی و کوردی شیعری گوتووە. ئەوا غەزەلێکی فارسی لەو عارفە:

خوشا کسی که نجوید جز از رضایت دوست — چنان کند که بود مورد عنایت دوست
به عُمر خویش نخواهد به جز محبت حق — که این جهان همه هیچ است جز محبت دوست
مباش غَرّه به تقوای خویش زاهد چون — ز گمرهی نَرَهاند مگر هدایت دوست
نسیم مرحمتی گر وَزَد به گُلشن دل — نهال عشق شود سبز از مَوَدَّت دوست
ز مرگ بیم ندارد هر آنکه عشق گزید — که هست زندەی باقی شهید حضرت دوست
گرفته آینەی دل غبار، یار کجاست؟ — که زنگ دل بزداید جلای طلعت دوست
مرا ز پای درآورد درد عصیان، کو؟ — دوای شافی این درد، غیر رحمت دوست
عظام جسم رمیمم دوباره جان گیرد — به تربتم اگر افتد گذار نسبت دوست
هر آنکه عارف و اهل طریق گشت «حسن» — جز از وصال نخواهد، به حقّ عزّت دوست

مشاهیر الکُرد، ب٢.

میرزا حەبیبی سنەیی

میرزا حەبیب، کوڕی حاجی بەگەی سنەیی، دابینکاری میرانی ئەوکاتەی شاری سنە، پیاوێکی دەسپاک، دروستکار و جێبڕوای خەڵک بووە کە دەوری ٧٠ ساڵ ژیاوە و ساڵی ١٣٢٥ ک. م. ڕووی لە جیهانێکیتر ناوە.

میرزا بە ڕێگای عیرفانیشدا چووە و مریدی حاجی شێخ شوکروڵای سنەیی نەقشبەندی بووە و هەروەها شیعریشی گوتووە و نازناوی «حەبیب»ی هەڵبژاردووە و دیوانێکی لێ بەجێماوە و شیعرەکانی زۆرتر پەسنی مورشیدەکەی و باسی پایەبەرزی و کەراماتی ئەوە.

دوو غەزەلی فارسی حەبیب:

آیا بود شبی که لب همچو شکرش — بوسم به کام خویش و نشینم برابرش
کس صورتی چنان نکشیده است در جهان — جُز حَق چُنو، کجاست کسی را مُصَوَّرش؟
محراب ابروان بنما تا امام شهر — دل بر کَنَد ز مسجد و محراب و منبرش
بردار شام زُلف تو از صبح جبهەات — تا بشنود ز جان، مَلَک الله اکبرش

راه عبور نیست در آن کوی بسکه خلق 	صف بسته‌اند بهر ملاقات بر درش
سرو سهی است قامت رعنای دلکشش 	روح مُجسم است سراپای پیکرش
دل می‌بَرَد ز عارف و عامی چو بگذرد 	با آن جمال و چهره‌ی بی‌زیب و زیورش
از باختر بر آمده و کرده تابناک 	سَهْل و جَبَل دو عارض چون مهر خاورش
گو مهرپروری کند و مهتری کُند 	هستند چون «حَبیب» بسی خلق کهترش

* * *

منصورصفت دیدن جانان مَزه دارد 	دار و رَسن و ساحت میدان مَزَه دارد
جمعیت خلق و هَدف تیر ملامت 	در خون خود افتادن و غلطان مَزَه دارد
چون شمع جگرسوخته در محضر معشوق 	افروختن و سوختن جان مَزَه دارد
دلداری و دیوانگی و دامن صحرا 	آوارگی کوه و بیابان مَزَه دارد
لاقیدی و بیحالی و سرگردانی 	سرمستی و مخموری مستان مَزَه دارد
گر لذت دیدار «حبیب» ندهد دست 	آشفتگی و حسرت هجران مَزَه دارد

دیوانی دەسنووسی حەبیب.

سەید موحەممەدی خانەگایی

کوڕی سەید عەبدولکەریمی خەستە[١]، خەڵکی گوندی «خانەگا»ی باشووری پاوە، کە تا دەوری سییەکانی چەرخی چاردە ژیاوە، وەک بابی زەوقی شیعری هەبووە و بە کوردی شیعری گوتووە؛ ئەم دو شیعرە هی ئەوە:

شیرین مەنمانا، شیرین مەنمانا 	جەمین وێنەی جام، شیرین مەنمانا
پرشەی نە ڕووی فەرق ئافتاب شانا 	ماهتاب ئایەتی «اَحْسَنت» وانا
چونکە ستاران وەی سیپرە زانا 	شی نە جامەی مەحو خەجاڵەت سانا
حۆرییان جە عەرش مەکەرۆن هانا 	هانا وەی شەوقە نییەن تەوانا
وەسفش دڵ جە دەس واسیف مەسانا 	مەر وەسف شیرین مەحبووب خانا
بیللا ئەر فەرهاد پەنەش مەزانا 	تێشە نە ڕووی تاش ئەڵحەد مەشانا
ئەر هەنی مەجنوون نامەش مەوانا 	دوبارە نە خاک مەکەرۆش هانا
دڵ وەزام سەخت جگەر نەزانا 	وە سیاسەنگ بۆ وێش پێش مەزانا

---

١. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٤٠١.

تــیرێ وەی دەســتوور نــە جــەرگم شــانا   شەهیدش کەردەن هەی قەیس هەی هانا!

* * *

ئەحیانــەن یــاران ئەگــەر مــن مــەردم   ئیحیــای وێرانــەی مــەزاران کــەردم

ڕاســەن مــن وارس قــەیس دوجــەیلم   عالّــەم بزانــۆ مــن کوشــتەی لــەیلم

وەســیەت بــۆ یــاران، جەرگــەی دلّــداران   هەی گــورۆی خەفــەت، دەروون پــڕخاران

یــاران، یــاوەران، ئــازیزان، خوێــشان   ئــەورۆ مــەوەرام وەســەر مــەزاران

«اَلْقَــــبرُ حَــــقٌّ» پــــەریم نــــەوانان   هــوونم جــە دیــدەی لــەیلی بــسانان

چەند بەیازی دەسنووس.

سورەییا ئەربیلی

ئەحمەد، کـوڕی ئەبووبـەکر، کـوڕی عەبـدولقادری هـەولێری، نازنـاو «ثُرَیّـا»، پیـاوێکی هێـژا بـووە کـە لـە ئەستەمبوولدا ژیاوە و سەرکەشی قوتابخانەکانی ئەوێ کردووە و ساڵی ١٣٢٥ ک. م. لە دنیا چووە.

لە کتێبەکانی: «*نظمُ الاسماءِ الحُسنی*» و «*سانحاتُ الرَّحمن فی مَسألَة خَلقِ الأکوان*».

الاعلام، ب١، ل١٠١. *ایضاحُ المَکنُوُن* ب٢، ل٢. *هدیَّةُ العارفین*، ب١، ل١٩٥.

موعتەمیدولئیسلامی سنەیی

حاجی شێخ موحەممەد، ناسراو بە «مُعتَمدالإسلام»، کوڕی شێخ عەبدولکەریم، کوڕی شێخ ئەحمەد، کـوڕی شێخ موحەممەد قاسمی کانیمشکانی، لە مامۆستایانی زانا و هێژای شاری سنەیە کە ژیانی بە خۆشـناوی و خزمەت بە خەڵک و زانایان ڕابواردووە و لە وێژەوانی و نوویـسکاریدا شـارەزاییەکی باشـی هـەبووە و دەوری ساڵی ١٣٢٥ ک. م. کۆچی یەکجاری کردووە.

لە کتێبی خاطرات و یادداشت‌های من.

بابەشێخی قەرەداغی

کوڕی شێخ ساڵەح، کوڕی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ قادر، کوڕی شـێخ عوسمـان، کـوڕی شـێخ لـەتیفی گەورە، خوێندنی لە قوتابخانەکانی قەرەداغدا تەواو کردووە و ئەوجار ماوەیەک لە گونـدی «شـیوی قـازی» و دوایی لە «بیسەمل» دانیشتووە و لەگەڵ دەرس‌گوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک، بە کشت‌وکاڵەوە خەریک بـووە و بە کار، ژیانی بەڕێوە بردووە و ساڵی ١٣٢٥ ک. م. لە تافی لاویدا، دنیای بەجێ‌هێشتووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ١١٥.

قاسم ئەمین

قاسم بەگ، کوڕی موحەممەدئەمین بەگ، زانایەکی وریا و ڕۆشنبیر، نووسەرێکی هێژا و تێگەیشتوو، سەردەرچوو لە فەلسەفە و قانوون و زانستی کۆمەڵگا بووە؛ کە ساڵی ١٢٧٩ ک. م. هاتۆتە دنیا و ١٣٢٦ لە دنیا دەرچووە.

بابی لە میرانی خەڵکی سلێمانی بووە کە هەر لە سەرەتای لاوییەوە، بە فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی، وەکوو بارمتە، لە ئەستەمبووڵ گلدراوەتەوە و لەوێ چۆتە ناو ئەرتەشەوە و سەردەمی سەڵتەنەتی ئیسماعیل پاشای خەدیوی میسر، وەکوو زابیتی لەشکر، لە میسردا خزمەتی کردووە.

قاسم لە ئەسکەندەرییە خوێندوویە و پاشان بۆ قاهیرە ڕۆیوە و خوێندنی باڵای لەوێ شوێن گرتووە و ئەوجار چووە بۆ فەڕانسە و لەوێ دوکتۆری مافی وەرگرتەوە و ساڵی ١٢٩٩ گەڕاوەتەوە قاهیرە و بووە بە بریکار و دوای ماوەیەک کردوویانە بە ڕاوێژکاری دادگەی پێداچوونەوە (استیناف).

قاسم ئەمین لە نوێخوازانی میسر بووە کە لەمەڕ پێشکەوتنی وڵاتە ئیسلامییەکان و مافی ژنەوە زۆر وتاری نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا بڵاوی کردۆتەوە. بە ئاوات بووە خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش بگەنە ڕادەیەک وەکوو ڕۆژاواییان خاوەنی ژین و ژیانی خۆیان بن. پاش تێفکرینێکی زۆر، بەم ئاکامە گەیشتووە کە پێویستە پێشتر بنەماڵەکان بەخودا بێنەوە و بەند داوی نەزانی و کۆنەپەرستی لە دەست و پێی خۆیان بکەنەوە. بەتایبەت بۆ ڕزگاری ژنان زۆری حەول داوە و پڕۆپاگەندێکی زۆری کردووە، بەر بە دیاردەی چەندهاوسەری و تەڵاقی بێخۆ بگیرێ.

قاسم بنیاتی کارێکی گەورەی دانا؛ بەڵام ئەجەلی بێواده، چیتر مەودای پێ نەدا و لە تەمەنی ٤٧ ساڵاندا، هەودای ژیانی پسا.

لە کتێبەکانی: «*تحریر المرآة*»، «*المرآة الحدیثة*»، «*کلمات قاسم ئەمین*» و ...

تراجُم مشاهیر الشرق، ب١، ل ٤٢٠-٤٢٤. *الاعلام*، ب٦، ل١٩. *تاریخ آداب اللغةُ العَرَبّیة*، ب٤، ل٢٧١.

مەلا عەبدوڵای جەلیزادە

حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی کۆیی، ناسراو بە «رئیسُ العُلما»، کوڕی حاجی مەلا ئەسعەد، کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای دووەمی جەلی، کوڕی مەلاوڕەحمان، کوڕی مەلا عەبدوڵڵای یەکەم، کوڕی مەلا موحەممەد (مەلازادە)، لە زانایانی هێژا و هەڵکەوتەی شاری کۆیە بووە کە نێوان ساڵانی ١٢٥٠-١٢٦٠ هاتۆتە دنیا و کە پێگەیشتووە، خوێندنی لای بابییەوە دەسپێکردووە و پاشان خزمەتی مامۆستایانی گەورەی وەک عەللامە مەلا موحەممەدی خەتێ گەیشتووە و شارەزای هەموو زانستە ئایینییەکانی ئەو سەردەمە

بووە. دوای ئەوە تا باوکی ماوە، لە خزمەتیدا، بەڕێوەبردنی قوتابخانە و قوتابییانی لە ئەستۆ گرتووە و کە ئەو لە دنیا چووە، بۆخۆی دەرسی گوتۆتەوە.

مەلا عەولا ساڵی ١٢٩٢ ک. م. سەفەرێکی بەغدای کردووە و موفتی زەهاوی (مەلا موحەممەدی فەیز) زۆری ڕێز لێ گرتووە و بەخێری هێناوە و زۆرێک لە زانایان و وێژەوانانی ئەوشارە ناسیویانە.

ساڵی ١٣٠٩ ک. م. لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ وت وویژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و لابردنی ناکۆکی نێوانیان، بۆ سابلاخ (مەهاباد) چووە و لەگەڵ نوێنەرانی ئێرانیدا دانیشتووە و ڕاسپێرییەکەی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کردووە و گەڕاوەتەوە و ڕێزی لێ گیراوە.

مەلا عەبدوڵلا جگە لە جێگەی بەرزی زانستی و دینی، شاعیریش بووە و نازناوی «جەلی» بۆخۆی داناوە و هێندێک شیعری کوردی و فارسی لێ بەجیماوە؛ ئەوا دوو نموونە:

عمر عزیز رفت به غفلت زهی زیان — کامی ندیده بار گنه بُرده زین جهان
خار ستم به پای خلیده، نچیده گُل — جز رنج نیست قسمت از این باغ و بوستان
رَزاق رزق بخشد، پس تن چرا نَهی — در زیر بار منت دونان برای نان
گر عارفی چر عَمَل جاهلان کنی — ور جاهلی نشسته چرا جای عارفان
چون مال ظلّ زائل و اقبال لابقاست — دل را به حق گُذار و گُذر کن از این و آن
دامان عزم بر کَمَر همت استوار — دیوانەوار خود به دیار عُمَر[1] رسان
سر را فرو نیار «جلی» بهر نان به کس — از حق طَلَب اعانه، هُو الحیُّ مُسْتَعان

دوو بەیت لە جەلی بە کوردی سۆرانی:

کە بێریێ هاتە ناو مێگەل، سەراسەر قرمزی پۆشی — مەلا ئیدراکی چوو، شێخیش تەریق، عارف نەما هۆشی
حەبیب دیتی ڕەقیب وستاوە، چارۆکەی بەسەردا دا — گوتم: هەوری سیا هات، شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی

حاجی مەلا هاوچەرخی شاعیری بەناوبانگ شێخ ڕەزای تاڵەبانییە و پێکەوە ئاموشۆ و نامەگۆڕینەوەی دۆستانەیان هەبووە. شێخ ڕەزا هەم بە کوردی و هەم بە فارسی، باسی مەلای کردووە:

حاجی عبدالله لە ئادەم فیلترە — با وجوودی ڕوتبەیی پێغەمبەری
ئەو بە سەد شەیطان لە کۆیێ دەرنەچوو — ئەم بە یەک شەیتان لە جەننەت دەرپەڕی

* * *

عیب در ذات تو ای کان کرم معدوم است — مگر این عیب که لحم عُلما مسموم است
شعر من از همه سو در همه کشور ساری — علم تو در همه جا بر همه کس معلوم است

---

١. نیازی شێخ عومەر زیائەدینی نەقشبەندییە.

مـی‌رود شـعر مـن و علـم جهـانگیر شـما — هر دو بی‌فایده تا جای اقامت روم است
نامـه بنـویس بـه هـر نـوع دلـت مـی‌خواهـد — همه سحر است، اگر نثر و اگر منظوم است

ئەم مامۆستایە لە ساڵی ١٣١٨ ک. م. دەرس‌گوتنەوە و وتاردانی قوتابخانەی کۆیەی بـۆ کورەکـەی دانـا و بۆخـۆی ساڵی ١٣٢٦ سەری یەکجاری نایەوە.

یادی مەردان، ب٢، ل ٥٣٩ و ٥٤٠. *عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین*، ل ٣٥١-٣٥٤. گۆڤاری *گەلاوێژ*. کتێبی دەسنووسی *ریاض المُشتاقین*.

شێخ ئەبووبەکری هەرشمی

زانای پارسا، غەیاسەدین ئەبووبەکر، کوڕی مەولانا موحەممەد، لە گوندی «هەرشم»ی لای هەولێر هاتە دنیـا و لە خزمەت بابیدا ڕاهات و خوێندی. پاش ماوەیەک قوتابخانەکانی تـریش ڕۆی و شـوێنی خوێندنەکـەی گرت تا بوو بە مەلایەکی تەواو و دەرسی‌گوتەوە. سەرەتێک سەفەرێکی بۆ تەوێڵێ کرد و داب و دەسـتووری تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخی پایەبەرز، سیراجەددین وەرگرت و بە سـەیر و سـولووکەوە خـەریک بـوو. پاشان گەڕاوە هەولێر و لەگەڵ دەرس‌گوتنەوە و ڕاهێنـانی قوتابییـان، ئیرشـادی خەڵـک و بانگهێـشتن بـۆ تەریقەتی دەسپێکرد.

شێخ ئەبووبەکر وازێکی زۆری لە دەرس گوتنەوەی قورئانی پیرۆز، بەتایبـەت تەفـسیری «*بیضاوی*» هەبووە و قوتابیانی مەجبوور کردووە لەگەڵ وانەکانی تـردا، حـەوتوویێک لای کـەم دوو جـار دەرسـی تەفسیر بخوێنن.

ئەم مامۆستایە سەرەنجام ساڵی ١٣٢٦ ک. م. لە شاری هەولێر کۆچی یەکجاری کردووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ٣٢-٣٣. یەک ـ دوو سەرچاوەی تر.

مەلا عەبدولقادری جاف

کوڕی مەلا عەبدولموئمین، لە فەقێیانی موجازی کۆڕی دەرسی مەلا عەبدوڕڕەحمانی پێنجوێنی بووە کـە پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، ماوەیەک لە گوندی «بیارە»، لە ئاڵقەی مریدانی شـێخ عومـەر زیائـەدینی نەقشبەندیدا تەریقەتی وەرگرتووە و ئەوجار سەرەتێک لە گوندی «چرچە قەڵا» و سەردەمێک لە «پـریس» و سەرەنجام لە «قەرزاوا» (سەعدییەی ئێستا)دا دامەزراوە و دەرسی داوە و خەڵکی لەگەڵ ئامۆژەکانی ئایینـدا ڕاهێناوە و بەهاری ساڵی ١٣٢٦ ک. م. هەر لەوێ، ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

مەلا ئەولقادر لە مەنتیق و حیکمەت و کەلامـدا مامۆسـتایەکی کـەموێنـە بـووە و لـە بـواری نووسـین و خەت‌خۆشیدا ناوی‌دەرکردووە و جار وبارەش شیعری گوتووە. ئەم چەند بەیتە لە پارچـە هەڵبەسـتێکە، بـۆ

دۆستێکی چادرنشینی خۆی هۆنیوەتەوە و پیـڕای گلـە و گازنـدە لـە حـاڵ و باڵـی خـۆی، نـاوی هـەموو کەرستەی ورد و درشتی ڕەشماڵی هێناوە:

فیراقی تـۆ لـە «هـەردەی» دڵ دەس و دەم هەڵـیدا «ڕەشدەواری» مەینـەت و غـەم
بـــە «گروێـــسی» ســـیاتاری پـــەژارەم بە «مـیخ»ی مەحکـەمی ناڵـە و شـەرارەم
«چلە»ی فرمێـسکی «قولـف»ی چاوەکـانم «چەڵەم» قامەت خەمیدەی وەک کـەمانم
بە «کۆمـاج»ی «هـەسوون»ی بـێدەمـاخم بە «تێلا» و «چیخ»ی «ئەسپەپیچ»ی ئـاخم
«سگ» و «کوچیل» و «سەردرز»ی هەناسـم بە سـەیلی «دوودەمـی» خـوونینی تاسـەم
لە «بـەرماڵ» و لـە «پـشمـاڵ» تاڵـە حاڵـم دەناڵـــێنم، دەڵـــێم وێرانـــە ماڵـــم

یادی مەردان، ب٢، ل٥٢٦.

مەحوی

عارفی هەستیار، حاجی مەلا موحەممەد، نازناو «مەحوی»، کوڕی شێخ عوسمان، عارفێکی زانا و شـاعیرێکی توانا بووە کە ساڵی ١٢٥٣ ک. م. لە «باڵخ»ی سەر بە سلێمانی هاتۆتە دنیا و کە پێگەیشتووە، لای بابی ـکە مریدی شێخ سیراجەدین بووەـ خوێندوویە و تەریقەتی وەرگرتووە؛ پاشان ماوەیک لـە سـابلاغ (مـەهابادی ئێستا)، لای مەلا عەولای پیرەباب و هێندێ لە بەغدا لە کۆڕی دەرسی عەللامە موحەممەد ئەفەندی فـەیز (موفتی زەهاوی) خوێندوویە و ئیجازەی وەرگرتووە. پاشان سەفەرێک بۆ حیجاز چووە و لـە گەڕانـەوەدا لـە ئەستەمبووڵ لایداوە و دوایی گەڕاوەتەوە سلێمانی و لەوێ تەکیە و خانەقایەکیان بۆ کردۆتەوە و باقی ژیـانی بە ئیرشاد و دەرسگوتنەوە داوەتە سەر و لەوپەڕی وەج و ڕێزدا ژیاوە.

ماوەی ژیانی مەحوی ٧٥ ساڵ نووسراوە و سەرەنجام ڕۆژی جومعە، پێنجەمی مـانگی ڕەمـەزانی ساڵـی ١٣٢٧ لە سلێمانی ئەمری خوای بەجێهێناوە و لە تەکیەکەی خۆیدا نێژراوە.

مامۆستا مەحوی، زیاد لە کوردی، شارەزاییەکی تەوای بەسەر زبان و وێژەی عەرەب و ترک و فارسدا بووە و شیعرێکی زۆری کوردی و هێندێک بە زمانەکانی تری لێ بەجێماوە. شیعرەکوردییەکانی یەکجار جـوان و ناسک و ڕەوانن و شاندەری دڵی ئەویندار و بیری وردی شاعیرن. دیوانی شیعری کوردی مەحوی، ساڵی ١٣٤١ ک. م. لە پەخشانگای سلێمانی چاپ کرا.

چەند غەزەلی کوردی مەحوی:

وەک بولبوڵ ئەو دڵە بە گوڵی ڕووی کە ڕوو دەکـا پەروانەیـە زیـارەتی شـەمع ئـارەزوو دەکـا
من وەسڵی ئەو بەرابەری جەننەت دەگرم و ئـەو دۆزەخ بە ئاهی سینەیی من ڕووبەڕوو دەکا
گەر عاشقی لە خوێنی جگەر قومدە، دەم مـەدە مـەیخوارە خامکـارە هـەتا هـا و هـوو دەکـا

دونیا بە حیلە مەیلی بە ئەبنای ئەگەر دەبوو ئەم دایە ڕێزبارە بە فەرزەنـدی شـوو دەکـا
تا عەکسی جیلوە دەرنەکەوێ، نەک لـە چاکییـە ئەو شۆخە چاکی سینەیی «مـەحوی» ڕوفـوو دەکـا

* * *

بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم چـی بکـەم؟
بە شەمعێکی وەها چارەی شەوێکی وا نەکەم چی بکـەم؟
لەگەڵ دەستی مەلا ڕێک ناکـەوێ زوننـاری زولفـی یـار
وەکوو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چی بکەم؟
لە ڕێی ئەو شۆخدا خۆم کـردە خـاک و پێـی نـەنا پێمـا
دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم چی بکـەم؟
دەمێکە شـاری پڕشـۆری مەحەببـەت مـات و خامۆشـە
بە قانوونی تەجەننون شۆرشێ ئینشا نەکـەم چـی بکـەم؟
لە چاوا، نم نـەما بـۆ گریـە نۆبـەی سـوجدە بـەر دەریـە
سیاساڵـم نـەبارە، نـوێژی ئیستـسقا نەکـەم چـی بکـەم؟
لەسـەر تـۆم دوژمنـە دونیـا قەزییـەم «مـانعُ‌الجمـع»ە
کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دونیـا نەکـەم چـی بکـەم؟
بەجـێ‌مـاوم لـە یـاران، نابـەجێ مـاوم ئەجـەل زوو بـێ
بە مردن لەم قوسووری ژینە ئیستعفا نەکەم چـی بکـەم؟
ئەوا لەیلێ! بە ڕۆژی حەشر ئـەدا وادە دەڵـێ «مـەحوی»
هەتا قامی قیامـەت ئاهــ و واوەیـلا نەکـەم چـی بکـەم؟

* * *

لە دەوری خەستەخانەی عیشقی ئەو سـەوزەی کەواشـینە لەسەر هەر خەستەیێ یا خوێندنی یا شینە یـا سـینە
شەهیدی غەمزەیە بەعـزێ، سـەقیمی عیشوەیە جـەمعێ دیـارە سەرنویـشتی ئـەهلی دڵ یـا شـینە یـا سـینە
بەسەر دڵدا لە قاپی فەیزەوە دێ نەشئە پەی‌دەرپـەی چ غەمزەی دیدە مەخمووری کە ئەمشەو کون دەکا سینە؟
هەناسـەم دا بـە ناڵـەی عـەرزی حاڵـم کـەم کـە تاسـاوە لە خوێنا وا دڵ و جەرگم لە خوێنی کەیلـە تـا سـینە
لە عالەمدا عەلامەت سـوبحی حەشـر ئـەم شـەو بـەیانی‌دا خودا عـالـم لـە چـاکی ئـەو غەزاڵـە دەردەخـا سـینە
مـەلا تـەلقینی «مـەحوی» دانـەدا، «حَبْـلُ‌المَتـینی» ئـەو لـە جێگـەی زیـڵەزیـڵی، ڕەئفـەتی تاهـا و یاسـینە

* * *

ئەو ئەگەر بێ یا نەبێ من داد و بیدادێ دەکـەم گوێ بداتێ یـا نـەداتێ ئـاه و فـەریادێ دەکـەم

حەققی ئیخلاسە بەجێهێنانی ئادابی خولووس
پێ بزانێ یا نەزانێ من بە دڵ دادێ دەکەم

بیستوونی عیشقی شیرینە ئەوا هاتۆتە پێش
گەر لە حەق بێم یا نەیێم تەقلیدی فەرهادێ دەکەم

ئاوی تێغی وەقفی هەر تشنەلەبێ کە من نەبم
کارگەی بێ یا نەبێ لەم زاڵمە دادێ دەکەم

دەرسی عیشقم هەر لە لای پەروانە یا بوڵبوڵ بووە
بیگەمێ یا نەیگەمێ هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم

کوشتنی ئەسفەندیاری نەفسە بەستەی مەیلی پیر
گەر مەدەد کا یا نەکا لەو شاهە ئیمدادێ دەکەم

بەم نزیکانە لەبەرمە «مەحویا» ڕێگایکی دوور
بێتە دەستم یا نەیێ من کۆششی زادێ دەکەم

* * *

ئەسیر و قەیدی سەیدی کەید و شەیدی نەفسی ئەممارەم
لە دەس ئەم مارە بەدکارە سیاچارەم، چییە چارەم؟

لە هەفتا تێپەڕیم و حەفتەیێ بۆ دین و بۆ دونیا
بە کاری خۆم و کاری کەس نەهاتم وەی چ بێکارەم

چ خوەش وەختێ بوو ئەو وەختم لە گۆشەی بێکەسیدا بووم
وەکوو هایم لە دەشتی ناکەسیدا ئێستە ئاوارەم

بە ناخون سوورەتی یارم لە سەفحەی سینە نووسیوە
لە حەشرا وەختی نەشری نامەکردن منم و سیپارەم

لە جیبمدا ئەگەر یەک پارە شک نابەم چ پەروامە
خودا گەر قابیلی دیبم هەتا سەر جیبی سەدپارەم

نە شەیتان و نە دەوران و نە خزمانم بە من ناکەن
ئەوەی نەفسی خەسیسم «مەحویا» کردوویە دەربارەم

* * *

پەروانە! سووتنم وەرە بڕواکە، من نەمام
پەروانە! ئیترم نییە پەروا، کە من نەمام

ئەو نەونەمامە کەی بەری میهر و وەفا دەدا؟
بۆ من، لە دەستی جەور و جەفادا کە من نەمام

بازاڕی دەرد و کونجی غەم و میحنەت و ئەلەم
بێڕەونەق و نیشات و سەفا ما کە من نەمام

«مەحوی» کە غەمیە مەردمی غەمپەروەرێ نییە
غەم مایەوە بە بێکەس و ماوا کە من نەمام

* * *

دونیا تیاترۆیە مەوەستە تیا بڕۆ
کێ مایەوە تیا کە نەبووبێ تیا تڕۆ

ڕووتورش و ڕووخوەشە لە ڕوێکا لە یەکدەما
قەهری درۆیە، میهری درۆ، هەردو هەر درۆ

* * *

ئەهلی عیبرەت ماوە گەر بێ سەیری ناسرشا بکات
دوو لە دووسی کەم شەهی کرد و کشێکی ڕێ نەهات
هاتی وا سەیری نەهاتی کەن کە سەد تیپی سەوار
پاسەبانی بوون لە ناو بەستا، پیادێ کردی مات

دوو چوارینەی فارسی مەحوی:

آن باد کە چادر از سرت بیرون کرد
صدها چو من شیفتەات مجنون کرد
گویی کە ز اشتیاق دیدارت باد
دیوانە شد و حملەی بی‌قانون کرد

* * *

بزدای ز دل محبت دنیا را
مفروش بە نعمت جهان، عُقبی را
ز اینجا بە کف آر توشەی آخرتت
فردا ندهند رایگان آنجا را

دیوانی مەحوی. گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٣٦-٣٩. *مشاهیر الکُرد*، ب٢، ل١٦٢.

سەید ئەحمەدی نەقیب

کوڕی سەید حوسەینی قازی، کوڕی سەید ئەحمەدی نەقیبە کە ساڵی ١٢٧٦ لە سلێمانی هاتۆتە دنیا.

سەید ئەحمەد پیاوێکی زانا بووە و هێندێک کتێب و نووسراوەی لێ بەجێماوە و بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە. دوای کۆچی دوایی باوکی، گەورەیی ئاغا و ساداتی سلێمانی پێ گەیشتووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٢٧ ک. م. بۆ حەج چووە و هەر لەوێ دنیای بەجێهێشتووە.

تاریخ سُلیمانیّە، ل ٢٣٩.

حەریق

مەلا ساڵەح، نازناو «حەریق»، کوڕی مەلا نەسروڵا، ساڵی ١٢٧١ ک. م. لە گوندی «زیویە»ی ناوچەی «سووورداش»ی سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. بابی خەڵکی ئابادی «کاشتەر»ی ناوچەی بێڵەوار بووە کە دوای خوێندن، چۆتە زیویە و لەوێ ژنی خواستووە و گیرساوەتەوە.

حەریق سەرەتا لای بابی خوێندوویە و پاشان ماوەیەک لە قەرەداغ و هێندێک لە پێنجوێن و بیارە و سلێمانی شوێنی دەرس و دەورەکەی گرتووە و ئەوجار چۆتە سابڵاغ و لەوێ ئیجازەی وەرگرتووە و لەوێوە خزمەتی شێخ یۆسف شەمسەدینی بورهان گەیشتووە و چۆتە نێو تەریقەتی نەقشبەندیوە و دوای سەرەتێک سەیر و سولووک، گەڕاوەتەوە سابڵاغ و ژنی خواستووە و لە قوتابخانەیەکی ئەوشارەدا دەرسی گوتۆتەوە و سەرەنجام لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٦ یان ١٣٢٧ ک. م. کاتێ کە ٥٦ ساڵی تەمەن بووە، ژیانی کۆتایی هاتووە.

حەریق لە شاعیرانی خۆش‌زەوق و دەمپاراوی کوردە کە بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە و زۆربەی شیعرەکانی

غەزەل و ئەویندارى و سەرانسەر وردەکارى شاعیرانەیە. دیوانەکەی ساڵی ١٩٣٨ ز. لە بەغدا چاپ کراوە.

چەند شیعری حەریق:

عاشقی سەروی قەدت قـومری‌سـیفەت زاری ئـەکا
ڕووی گوڵی تۆ بولبولی دڵ فێری غەمخواری ئـەکا

خوەت وەکوو سوڵتان و چـاوت حـاکم و ئەبرووتـە شـیر
تیری موژگانت وەزیرە مەشـقی خونخـواری دەکـا

کەوتە نێـو زوڵـماتی زولفانـت دڵـی ئەسـکەندەرم
خزری زیندەی ماچی لێوت، کـەی دێ ڕزگـاری ئـەکا؟

من بە میـزانی تەبیعـەت گەوهـەر ئەفرۆشـێ دڵـم
وا لـە سـایەی زوڵـفی تـۆدا کەسـبی عـەتاری ئـەکا

مورغی دڵ برژا لەبـەر قرچـەی هـەتاوی فیرقـەتت
تا بەکـەی داوی سـەری زوڵـفت گرفتـاری ئـەکا؟

مەستی بادەی چاوی ئەوم و پـێم ئەڵـێ مەسـتی مەیـە
سەیر کەن بوختانی ناحەق چۆن بـە لـەب جـاری ئـەکا

بێرە مەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆت لنگ‌دە «حەریق»
تا بزانم کێ بە شـیعرت سـوحبەت و یـاری ئـەکا؟

* * *

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خـوەی نوانـد
نەک نمەک‌گیربم بە مەرگی تۆ قەسەم هـیچ نـەم‌دوانـد

گـوڵ بـە تـۆزی پێتـەوە لاف و گـەزافی لـێ ئـەدا
خوا شوکر سـۆزی نەسـیمت هـات ئەویـشی لـێ سـتاند

نشتەری موژگانی تۆ هاتۆتـە سـەر سـەفحەی دڵـم
هەر خەتێ بوو غەیری خەتتی سەبزی تۆ پـاکی کرانـد

لەشکەری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا دەکا
حەیرەتم ماوە کە چۆن ئـەو دڵـبەرە دڵـمی ڕفانـد؟

بـۆ گوڵـی ڕووت هـاتم و پەرچـەم ئـەبینم بۆیـە وا
ماهی نەورۆزم وەکوو ماهی موحەڕڕەم خوەی نوانـد

تۆ لە ئەووەڵ گـۆی وەفـات هێنایـە نێـو مەیدانـەوە
ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سـەد وەعـدەی شـکاند

تۆ خودا قەت غیرەتە بۆ تـۆ ئـەرێ سـەروی ڕەوان؟
گوڵ بە بێ‌تۆ وا لە باغا خێـوەتی خـۆێ لـێ چەقانـد

با وجوود ئینساف بـدەم چاکـە گوڵـیش موشـتاقتە
هەر لە شـەوقی تۆیـە سـەرپۆش و گریبـانی درانـد

* * *

بەڵەک بو کێو و سەحرا وەک دەڵەک خوەی دزیەوە زستان
زەیستان چون بەری خست ئیتیفاقە هێزی پێ مـا بـێ

خـەڵاتی شـاهی نـەورۆزی ئیـشارەی ئاتـەش‌ئـەفرۆزی
نەسیم هێنای بە دڵسۆزی کە سـۆزی کـەس جـەفای نابـێ

ڕەئیسی هـەورە، تـۆپچی ڕەعـد، تـۆپ بـەرق و نیـزام‌بـاران
سەبا پێـشڕەو، تەلیعـە تەرزەیـە، فەڕڕاشـی ڕێ بـا بـێ

نەفەس دەم، دیدە پڕ ئاب و سەماوەر سینە، جەرگ ئاتـەش
کەلامم قەندە، گەر ساقی لەگەڵ من ئارەزووی چـا بـێ

* * *

له خەرمانی ئەمەڵ مێرووی عەمەڵ جەزبی نەکرد دانێ
تەریدەی نەفس و شەیتان قافڵەی تاعاتی غارەت کرد
تەرازووی تاعەتت لەنگە، هەتاکەی ئەمسەر ئەوسەرتە
مسی بێ‌تاعەتی ڕووکەش، مەلەک سەڕڕافی ئەعمالە
ئەوا بەردی ئەجەڵ هاتوو لە شووشەی عومریدا، سادەی
حەیات خۆ چوو لە نێو جامەی حەیاتی عاریەت بێ‌عار!

لە زەیقەتخانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانێ
ئەگەر جاسووسی ئیمانی نەبێ دەرناچێ ئینسانێ
بە پارسەنگی حەیا دەس هەڵبڕە، بنواڕە میزانێ
موحەسسیل نەقدی قەڵب و نارەوا نابات بە دیوانێ
بە قوربانی پیاڵەی چاوەکەت بم تێکە فنجانێ
ئەوا داوای ئەکەن چی‌بکەم «حەریق» ڕێگەی ڕەجا کوانی؟

مجموعەی شعر و ادبیات کُردی، بەشی یەکەم. *تاریخ سُلیمانیە*، ل۲۵۹. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، ل۳۸٦-۳۹۹.

مەستی ئەفەندی

ڕەسوول مەستی ئەفەندی، زانایەکی خەڵکی ناوچەی شارەزوورە کە ساڵی ۱۲۲۹ ک. م. هاتە دنیا و ماوەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی شار و بازێڕانی کوردەواریدا خوێندی و سەرەنجام پاش وەرگرتنی ئیجازە لە مەلا موحەممەدی خەتێ، بۆ ئەستەمبووڵ ڕۆی و لەوێ چووە نێو مەدرەسەی فەرمییەوە و لە زانستە نوێیەکانیش سەری دەرهێنا و تەنانەت کتێبێکی لە بابەتی فیزیکدا نووسی کە مامۆستایانی ئەو بوارە پەسندیان کرد و لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە خەلاتی بەرکەوت و سپاسی لێ کرا. ئەوجار بووە کارگێڕی دەوڵەت و سەردەمێک لە مەدرەسەکانی مووسڵ و کەرکووک و قاهیرەدا دەرسی گوتەوە. دوای ئەوە گەڕاوە ئەستەمبووڵ و بۆ سەرپەرشتی مەعاریفی شاری وان، چوو بۆ ئەو شارە و پاش چەند ساڵ، دیسانەکە گەڕاوە میسر و زبانی فەڕانسە چاک فێر بوو. ئەوجار چوو بۆ ئورووپا و ساڵێک مایەوە و لەوێوە گەڕایەوە ئەستەمبووڵ و سەرەنجام ساڵی ۱۳۲۷ ک. م. کۆچی یەکجاری کرد.

لە کتێبەکانی: *«الادراک لِتشریحِ الافلاک»*، *« اِثبات واجب‌الوجود»*، *«حوادث عَناصر»*، *«بوومەلەرزە و ڕێگای بەرگری لە خەسارەکانی»* و *«فیزیکی نوێ»*؛ کە بەشێ لەو کتێبانە چاپ کراون.

تاریخ سُلیمانیە، ل۲۵۰.

شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزای تاڵەبانی[1] کەرکووکی، کوڕی حاجی شێخ عەبدوڕڕەحمانی «خالص»، لە هۆزی زەنگەنەی

۱. **تاڵەبان** گوندێکی لای چەمچەماڵە کە خێڵی هەمەوەند لەوێ دەژین و مەلا مەحموودی زەنگەنە، باپیرەگەورەی شێخ ڕەزا، نیشتەجێی ئەوێ بووە.

کەرکووک،ساڵی ١٢٥٤ ک. م. لە گوندی «قۆخ»ی ناوچەی چەمچەماڵ هاتۆتە دنیا. سەرەتا لە کـەرکووک، لای سەید موحەممەد بلاغی کەرکووکی و حاجی سەعید ئەفەندی حیلمیزادەوە خوێندوویە و دوای ئـەوە ماوەیەک لە کۆیە و هەندێک لە سلێمانی شوێنی خوێندن و قوتابخانەی گرتووە و دوای تەوا کردنی دەرس و دەور، بۆ حیجاز چووە و لە گەڕانەوەدا گەیشتۆتە ئەستەمبووڵ و لـەو شـارە ترکییـەکی بـاش فێـر بـووە و لەگەڵ نامیق کەمال، شاعیری بەناوبانگی ترکدا، بۆتە دۆست و دەگەڵی ئاموشۆی هەبووە.

شێخ ڕەزا زۆری سەفەر و سەیر و سیاحەت کردووە و ماوەی پازدە ساڵان بە وڵاتانی ترکیا و میسر و شام و ئێـران و عیراقدا گەڕاوە و بێجگە کوردی و ترکی، لە عەرەبی و فارسیشدا تەوای کردووە و بەو چوار زبانە شیعری گوتووە.

دیوانی شێخ ڕەزا دەبێتە سێ بەشەوە: بەشێکی موناجات و سکاڵا و پەسنی خودا و پێغەمبەر و ئەولیا و گەورەپیاوانی ئایینی و پیرانی پارێزکارە؛ کە هەموو، لە غەزەل و قەسیدە و قەتعـەی، بەڕاسـتی شـیعری یەکجار بەرز و بەقەوتن. بەشیتر، پێداهەڵگوتن و هاتنەباڵای شا و میر و بەگلەر و دەوڵەمەندانە؛ کە خـوا هەڵناگرێ لەگەڵ ناوچۆڵیدا، لە باری شیعریشەوە ـ لەچاو شیعرەکانی تـری ـ هێنـدێک کـز و لاوازن.[1] بەشی سێهەم و زیاتر بەش لە دیوانی شێخڕەزا، کە هۆی شۆرەت و ناسراوی تـا ئـەمڕادەشـی هـەر ئـەم بەشەیە، گەپ و گاڵتە و تەنانەت جنێو و قسەی سووکە بە هەرکی و هەرچی هاتۆتـە بـەر ڕێ و کـەیفی نەیگرتووە. تەنانەت لە هێندێکدا، پەردەی شەرم بەتەواوی وەلا دراوە و هێچی تێدا نەماوەتەوە. خوێنەری ئەو شیعرانە، بێشک دەبێ کە شاعیرەکەی کابرایەکی هەرزەکاری شەو و ڕۆژ خەریکی لاتی و ئەلواتی و بێمبالاتی بووە و لە هیچ شتێ کۆی نەکردۆتەوە؛ کەچی ئەوی ڕاست بێ و ئەوانـەی لـێ نزیـک بـوون و لەگەڵیدا ژیاون، گیڕاویانەتەوە و نووسیویانە، بە پێچەوانە، شێخ ڕەزا پیاوێکی دەروێشی پارێزکار و ئـەهلی تەریقەت بووە و لە بەڕێوەبردنی دەستووری شەرع و بەجێهێنانی ئـەرکی دینیـی سەرشـانیدا، یـەکجار پێداگری کردووە!

بەکورتی زۆربەی شیعری شێخ ڕەزا، بە کوردی و عەرەبی و فارسی و ترکی، لەوپەڕی قەوەت و جـوانی و ڕەوانیدایە و لە گش بارێکەوە، بە وردەکارییە وێژەییەکان ڕازاوەتەوە. هەموو جۆرە شیعرێک، وەکوو قەسـیدە و غەزەل و چوارینە و قەتعەی، بە کاکڵ و مانای جۆراوجۆرەوە، وا وەستایانە هۆنیوەتەوە، سەری تێـدا سـووڕ دەمێنێ. بەتایبەت بۆ دانانی شیعری گاڵتە و تیز و تانە و فڕ کردن، گرێوی لە جەریری عەرەب و سـووزەنی سەمەرقەندی و عوبەیدی زاکانی بردۆتەوە.

---

١. با پێش ڕەخنەگرتن لە شێخ ڕەزای بلیمەت، بیرێ لە خۆمان بکەینەوە: بەڕاستی ئێمە وەکوو میللـەتێک چۆنـە کـە هونەرمەندێکی ئاوا پایەبەرزمان، بۆ بزنێکی گەڕ یان تەنانەت مریـشکێ، ناچـار بـێ قەسـیدەیەک بـە بـاڵای ئاغایـەکی تێنەگەیشتوودا بهۆنێتەوە ؟

شێخ ڕەزا ساڵی ١٣١٨ ک. م. کەرکووکی بەجێهێشتووە و لە بەغدا نیشتەجێ بووە و ساڵی ١٩١٠ ز. (١٣٣٨ک. م.) هەر لەوێ کۆچی یەکجاری کردووە و لە پەنا مەرقەدی شای ئەولیا، شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە ناخی ئاخدا نووستووە.

دیوانی شێخ ڕەزا چەند جاران چاپ کراوەتەوە؛ بەڵام بەداخەوە، هەموو جارە ناتەواو و پەرژ و بڵاو پڕ هەڵە و پەڵە![1]

شێخ پێشتر «لامیع» و دوایی هەر ناوی «ڕەزا»ی بۆ نازناوی شیعری خۆی هەڵبژاردووە. ئێستا با چاوێک لە چەند شیعری ئەم شاعیرە گەورە بکەین:

سەرەتا دوو بەیتی عەرەبی:

لا أُبـــالي و إن امــــرتَ بقتلـــي   أنّــا راض بمـــا عَلَيْــه رضـــاكا
لجَميـــع الـــوَرى بَقـــاكَ مُفيـــدٌ   أسْـــألُ اللهَ اَنْ يُـــديم بَقاكـــا

چەند شیعری فارسی شێخ ڕەزا

یەکەم بەیتێک بە جیناسی تاممەوە لە دوو وشەدا:

شکافی که بینی در ایوان **کسرا**   دهانیست گوید بقا نیست **کس را**

غەزەلێکی سکاڵا:

ای ریزه‌خوار خوان نوالت مه و ماهی   جُودت چو وجودت اَبد و نامُتناهی
بر نامه‌ی اعمال سیاهم قَلَم عَفو   بر کش که بدل شد به سفیدیم، سیاهی
بیرون شدن از ساحت ملك تو محال است   هر جا که روم عبد توام خواه نخواهی
از عَفو و عُقُوبت نبود سود و زیانت   این هر دو به نزد تو مساوی است، الَهی!
بودم من اگر بنده‌ای از خواجه گریزان   باز آمدم ای بندگیت دولت شاهی
این دیده‌ی گریانم و این سینه‌ی سوزان   بر صدق سُخن می‌دهدم هر دو گواهی
صدگونه امید است «رضا» را به تو، هر چند   سر تا قدمش غرق گناه است و مناهی

بەندێکی پارچە هەڵبەستێک لە پەسنی پێغەمبەردا (د):

ای جهان‌آفرین ثناگویت   وی دو عالم مُعطر از بویت
ساکنان سرادق ملَکوت   همه قُربان یك سر مویت
گُل ز خونین‌دلان رُخسارت   سرو مایل به قَدّ دلجویت
لاله در راغ داغدار رُخت   نافه دلریش خال هندویت

---

١. لەم دواییانە خوا لێ خۆشبوو مامۆستا شوکور مستەفا، چاپێکی لەو دیوانە دەرهێنا کە هەرچەندە هەڵەی پیتچنی، بەتایبەت لە شیعرە فارسییەکانیدا زۆرە، بەڵام دیسان باشترە.

نسخەی کاینات و هرچه در اوست
شرح رَمزی ز مُصحَف رویت

عرش کمتر بهای مُشت گلی
که بر او آرمیده پهلویت

سُرمه مفتون چشم ما زاغت
شَبَه از هندوان گیسویت

عارضت وَالضُّحی، خَطت وَاللیل
قُلْ هُوالله حرْز بازویت

قاب قوسین را نمی‌دانم
جز کمانهای هر دو ابرویت

روز و شب جبرئیل در پرواز
بی سر و پا همی دود سویت

روضه‌خوانی کنم به روضەی تو
همچو درویش بر سر کویت

کَز سراپردەی مقدس ذات
بر سراپای انورت صلوات

قەسیدەیەک بۆ پەسنی قوتبی تەریقەت، شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی:

نه سر از مطلع گیلان به در آرد ماهی
نه عَلَم بر کشد از سمت بُخارا شاهی

نه ز کاشانه به بازار اَناالحق گویان
مَست و سرخوش گذرد پیر فَنافی‌اللهی

نه به دامن چَکَد از دیدەی گریان اَشکی
نه به کیوان جَهَد از سینەی سوزان آهی

نه ز رندان صَبُوحی‌زدەی بزم اَلَسْت
هایهویی، طَرَبی، خندەی قاهاقاهی

زیر این گُنبد فیروزه نیابی امروز
پَی به حق برده، ز اَسرار خدا آگاهی

اوحدی احمد جامی و جُنید و معروف
بایزیدی، حَسَنی، خواجەی عُبَیْداللهی

کرده هر مُلْحدکی جامەی تقوی در بر
که مَنَم قُطب زمان، تا به کف آرد جاهی

قُرب یزدان نَتَوان جُست به هر اهرمنی
دست بیعَت نتوان داد به هر گمراهی

بود هر جا در فیضی همه را قُفل زدند
التجا کار خرَد نیست به هر درگاهی

فَیض خواهی ز مُریدان حسام‌الدین شو
آنکه پیش کَرَمش کُوه کَم است از کاهی

چون نشنید ز پی ختم به خلوت، گویی
خَیمه بر وادی وَحْدت زده شاهنشاهی

آنکه با یک نظرش دست دهد سالک را
قُرب صدسال عبادت به سلوک ماهی

چه غم از رَهزنی نفس گرت بدرقه اوست
پنجه با شیر علی چون بزند روباهی

آرد از همت او دامن مقصود به کف
دست از دامن مقصود، چو من کوتاهی

حاسدی گر کُند انکار کمالش چه عَجَب
یُوسفی ار فکند دست حَسَد در چاهی

ای مَتاع دو جهان جایزەی یک نگهت
خواهم از چشم «رضا» عطف نگاهی گاهی

از ثَنا زود عنان بازکشیدم که نداشت
در خور طبع روان قافیه جولانگاهی

به وجودت که بُود تَعْبیه از جوهر جُود
نَرسد رنجی و عارض نشود اکراهی

بۆ ئەتکی حاجی ئەولغەنی ناوێکی چکووسی تارانی داینـاوە کـە گوایـە ویستوویە بـە خێری خۆی،

دەساویک سازکا:

حـــاج عبـــدالغنی خلایـــی ســـاخت — تـــا بگوینـــد ذکـــر او از پـــس!

بهـــر تـــاریخ آن «رضـــا» گفتـــا: — توشـــەی آخـــرت همیـــنش بـــس

دوو غەزەلی کوردی:

ڕۆژێ نەبوو ئەم دڵبەرە بێڕەحمـە وەفـا کـا — جارێ نەبوو ئەم کافرە شـەرمێ لـە خـودا کـا

حـەیرانن ئـەتبا لـە عـەلاجی مـەرەزی مـن — لوقمانی ویساڵت مەگـەر ئـەم دەردە دەوا کـا

کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کـرد — سەرما بە هـەتیو، بـا بـە دەواری شـڕی ناکـا

دیوانەیە شەخسێ کە لە غەیری لەبلی لـەعلی — وەک شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بـەقا کـا

تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی هجری وەکـوو شـەمع — نەزدیکە منیش واریـدی سـەحرایی فـەنا کـا

لـەم ڕێگەیـە تەقـدیری ئـەزەڵ وا بـوو کـە ئێمـە — پاماڵی جەفا بین و ڕەقیب سـەیر و سـەفا کـا

ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ دەکـەم بـەزڵ و نیساری — کامی دڵی من گەر لە لـەبی لـەعلی ڕەوا کـا

ســەردانێ لــە ڕێ عیــشق، «ڕەزا» لازمــە عاشــق، — بۆ یـار سـەر و ماڵـی سـپەر تـیری قـەزا کـا

* * *

دەمکوژێ حوکمە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب — وەرە سا بەشقی خودا دەس لـە یەقـەم بـەردە تـەبیب

تاڵیعم نەحـسە دەترسـم کـە بـە ئـازاری فـیراق — بمرم و ڕۆژێ نەبێ دەوڵەتی وەسڵم بـە نـەسـیب

چاوی فـەتتانی تـۆ کـاری هـەموو جادووگەرییـە — کە بە یەک عیشوە ئەدا عابدی سەد ساڵە فـەریب

تا لە تۆ دوورە دڵی غەمزەدە ئـەی ڕاحـەتی جـان — مەشرق و مەغربە مابەینی لەگەڵ سەبر و شەکیب

بێفەراز نابێ نەشیب، ئـەم قـسە تەحقیقـە وەلـێ — من لە ڕێی عشقی تۆ نەمدی بە خودا غـەیری نەشـیب

شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بـە زوڵـفت بکـەوێ — خەرقە و سوبحە و سەججادە بە زوننار و سـەلیب

تاقـەتی تـاق بـووە بێچـارە لـە ژێـر بـاری فـیراق — بکە ڕەحمێ بە «ڕەزا» چاکە تەرەححوم بە غەریب

دووبەیتییەک بە سەنعەتی ئیهامەوە:

تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی شێخ ساڵـەح — بۆ دەکەی سەرزەنشی مـن کـە «ڕەزا» هـەجاوە

غایەتی بەندە جنێوم بە دوو ـ سێ کەس دابـێ — تۆ هـەتـا ئێـستە بـەقوربان بـە هـەزارت داوە!

هێندێک بێپەردەتر:

«شێخڕەزا» پیر بووە ڕووی مەجلیـسی یـارانی نییـە — تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییـە

دەسبەگۆچان دەگەڕێ ئێستە لەبەر زەعفـی وجـوود — مەترەقە سـەرزلەکەی قـووەتی جـارانی نییـە!

دیسان هەڵدراوەتر:

هـەر واقـەواقـی دڵـمە بـە دەسـتی فیراقـەوە — وەک ڕێویێ کە هەردوو گونی بـێ بـە فاقـەوە

ئیمان لە تەوقیسەرمەوە وەک واشە دەرپەڕی
سمتی کە دەرپەڕانـد و سـەری نـا بـە تاقـەوە
موتریب لە عەشقی یاری عیراقی بەحەسـرەتم
بۆم هەستە وردە ـ وردە لە پـەردەی عیراقـەوە

دیسان ... !

دیـوانی شـێخ ڕەزا، چـاپی بەغـدا، ١٩٤٦ ز. *شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی*، د. موکـەڕڕەم موکوریانی، چاپی ئاراس، ٢٠٠١، *دیوانی شـێخ ڕەزا*، شـوکور مـستەفا، چـاپی ئـاراس، ٢٠٠١، *دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی*، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شێخ موحەممـەدی خـاڵ و ئومێـد ئاشـنا، ئـاراس، ٢٠٠٣، *مێـژووی ئـەدەبی کـوردی*، ل ٣٤١ تـا ٣٦٢.

موحەممەد ڕەشید پاشا

موحەممەد ڕەشید پاشای زەهاوی، کوڕی مەلا موحەممەدی فەیز (موفتی زەهاوی)، ویژەوانێکـی وشـیار و نووسەرێکی وردبینە کە لە هێندێک شار و باژێڕی عیراق و سـووریادا نایـب بـووە و پاشـان بۆتـە ئەنـدامی دادگەی پێداچوونەوە (استیناف)ی بەغدا و سەرەنجام لە کەربەلادا بۆتە بریکار.

زا و مەرگی ڕەشید پاشا سالانی ١٢٦٤ و ١٣٢٧ ک. م. ڕوویداوە.

ڕەشید کاکی جەمیل سیدقی زەهاوی شاعیری بەناوبانگە و جەمیل لە شینیدا قەسیدەیەکی گوتووە کـە وا دەسپێدەکا:

يــا ضــريحاً فيــه الرَّشــيدُ يَنــامُ
مُطْمَئِنّــا، مِنّــى عَلَيْــكَ الــسَّلامُ
أكْبَــرَتْ لَيْلَــةَ الرشــيد اللَّيــالى
وَ مَــضَتْ فــى إكبارهــا الأيّــام

تا دەڵێ:

ألمنايــا يَرْمِينَنــا كُــلَّ يَــوم
بــسهام فَــلا تطــيشُ الــسَّهامُ
هَـدَّ رُكـنَ البيت الزَّهـاوى خَطْـبٌ
جَلَــلٌ جــاءَهُمْ وَرُزْءٌ جُــسامُ
أكلْــةٌ لا تَــسُوغُ ثُــمَّ شَــكاةٌ
ثُـمَّ داءٌ فـى الجـوف ثُـمَّ حمـام
جئـتُ صُـبحاً أسـائلُ القبـرَ عنـه
وَ عَلَــى القَبــر هَيْبَــةٌ وَ احْتــشامُ
أيُّهــا القبرُ كيــف فيــك رشــيدٌ
أشَــديدٌ كــذا عَلَيْــه الــسَّقامُ؟
لا تكُـنْ فـى وجـه الرَّشـيد عَبُوسـاً
فَهْــوَ فــى وَجْــه ضَــيْفه بَــسّامُ

تاريخ سُليمانيّه، ل٢٥٦. *ديوان صدقى زَهاوى*، ل١٥٩.

عەیشی سنەیی

میرزا ئەحمەد، نازناو «عەیشی» و کەسناو «سُلطانُالشُعَرا»، شاعیرێکی سەوداسەری دڵسووتاوی گفـتجـوان

بووە کە هەر بە لاوی سەری ناوەتەوە. شیعری زۆری گوتووە و خۆی کردوونیە حەوت بەشەوە و هەر بەشێکی ناوێکی لێ ناوە: ١. «*جَنّةُالنیاء*»، ٢. «*جَنّةُالعُلَماء*»، ٣. «*جَنّةُالعُرفاء*»، ٤. «*جَنّةُالاشراف*»، ٥. «*جَنّةُالامَراء*»، ٦. «*جَنّةُالعاشقین*» و ٧. «*جَنّةُالخَواتین*».

ئەمن لەو حەوت دەفتەرە، تەنیا «جَنّةُالعاشقین»م دەسکەوت؛ کە زۆربەی باسی ئەویینداری خۆیە و «*گُلستان ابراهیم*»یشی پێ گوتووە. ساڵی تەواوکردنی ئەم هۆنراوەی ١٣٢٨ ک. م. نووسیوە؛ کە هەر لەو ساڵەدا لە دنیا چووە.

ئەمەش شیعرێکی عەیشی، تەخمیسی قەسیدەیەکی سەعدی:

مطلع دیوان ز نَعت خالق یکتا از رَقَم کلك گشت زینت طُغرا
گُفت به دیباچه اسم حق کنم انشا «اَوّل دفتر به نام ایزد دانا»
«صانع و پروردگار و حیّ توانا»

تا که به تقدیر شد اراده چو توأم کَنز خَفی را جلی نمود به یکدم
ساخت ز یك امر کُنْ فَکانْش فراهم «اکبر و اعظم خدای عالَم و آدم»
«صورت خوب آفرید و سیرت زیبا»

بنده اگر خود عراقی است و حجازی هندی اگر هست یا ز مردم رازی
رزق فرستد که رازقی است نه بازی «از در بخشندگی و بندەنوازی»
«مُرغ هوا را نصیب ماهی دریا»

مرد غَنی گر به مال از همه شد بیش هست اگر بینوا ز فقر جگر ریش
رزق کسی را ز قسمتش نَدهد بیش «قسمت خود می‌خورند منعم و درویش»
«روزی خود می‌بَرند پَشه و عنقا»

داده از آب مَعین حیات به هر حَی زر دهد از خاك و گُل ز خار دهد وَی
از صدف آرد گهر، ربیع پس از دی «جانور از نطفه می‌کند، شکر از نَی»
«برگ تر از چوب خشك و چشمه ز خارا»

فرع فراوان کند اصیل‌تر از اصل میوه ز چوب آورد، رُطب دهد از نخل
قَز دهد از کرمکی و خاره کند لعل «شربت نوش آفرید از مگس نحل»
«نَخل تناور کند ز دانەی خرما»

خلق اگر خود مخالفند و موافق بنده اگر کاذب است یا همه صادق
هست ز گنج نَوال بر همه مُنْفق «از همگان بی‌نیاز و بر همه مشفق»
از همه عالم نهان و بر همه پیدا»

مُـرغ خـرد کَـی رسـد بـه اوج کمـالش — عقـل بـشر را نـه ره بـه عـرش جلالـش
برتـر از آن اسـت و هـم کـرده خیـالش — «پرتـــو نـــور سُـــرادقات جمـــالش»
«از عَظمـــت مـــاورای فکـــرت دانـــا»

ذکـــر وَرا ماســـوی نکـــرده فرامـــوش — جمله به جوش و خروش و یکسره خاموش
چشم و سر و بینی و لـب و دهـن و گـوش — «خود نـه زبـان در دهـان عـارف مـدهوش»
«حَمد و ثنـا مـی کنـد، کـه مـوی بـر اعـضا»

قـــادری و واحـــد وعلـــیم و مُقَـــدّر — مـــر قَلَـــم تُـــست بـــر میـــاه مُـــصَوّر
شـمس و قمـر را تـویی مُـدیر و مُـدَوّر — «بـــار خـــدایا مُهَیْمنـــی و مـــدَبّر»
«وز همـــه عیبـــی مُنزّهـــی و مُبَـــرّی»

ای تو مُعَرّی ز مـرگ و خـوردن و خفـتن — چون تـو خبیری، چه چیـز از تـو نهُفـتن؟
مـــا کـــه نـــدانیم دُر نعـــت تـــو ســـفتن — «مـــا نتـــوانیم حـــقّ حمـــد تـــو گفـــتن»
«بـــا همـــه کَرّوبیـــان عـــالَم بـــالا»

«عَیْشی» شَیدا بـه سر نگفتـه، عَلَـن گفـت — با دوصد افغان بـه سـان مـرغ چمـن گفـت
وصف وَی از روی جهل، نی ز فطن گفت — «سعدی از آنجا که فهم اوست سُخن گفت»
«ورنـه کمـالات وهـم کَـی رسـد آنجـا»

چوارینە:

امـــروز میـــان دلبـــران تـــاق تـــویی — شاهنـــشه شـــاهدان آفـــاق تـــویی
مـــسموم ز زهـــر هجـــر دیـــدار مـــنم — زنهـــار بیـــا بیـــا کـــه تریـــاق تـــویی

* * *

در هجر توام جـای چه بغـداد و چـه بلـخ — بی وصل توام آب چه شیرین و چـه تلـخ
تـا کـی بـه امیـد غُـرَّه‌ی مـاه رُخـت — هـر مـاه کـه آیـد رسـد از غُـره بـه سَلخ

جَنّةُالعاشقین، عەیشی.

مەلا موحەممەد حەسەنی تورجانی

مەلا موحەممەد حەسەن، کوڕی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی (تورجانی)، پیاوێکی زانا بووە کە ژیـانی زۆرتـر بە خوێندنەوە و دەرس‌گوتنەوە و نووسین تێپەڕ کردووە و لە نووسراوەکانی شەرحێکە بـۆ «*فـرائض*»ی بـابی نووسیویە.

مەلا حەسەن ساڵی ١٢٧٥ ک. م. لە تورجان هاتۆتە دنیا و ١٣٢٨ هەر لەوێ لە دنیا چووە.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخی بورهان

شێخ یۆسف، ناسراو بە شەمسەدین، ساڵی ١٢٤٥ یان ١٢٤٦ ک. م. لە گوندی «ماوەت»ی ناوچەی «شـارباژێڕ» هاتە دنیا. بابی یۆسف جووتیار بوو؛ بـەو بۆنـەوە ئـەویش هـەر لـە منداڵـییەوە، وەکـوو بـاقی، لـە کاروبـاری کشتوکاڵدا، بەردەستیی باوکی دەکرد؛ وەها کە بـە لاوی، جووتیـارێکی تـەواو لێـزان و سـەردەرچووی لـێ دەرهاتبوو. بەڵام کە پێگەییشت، زیرەکی و لێهاتوویی لە ڕادەبەدەری، بەرەو خوێندن و فێربوونی هاندا و چووە نێو کۆڕی فەقێیانەوە و زانستێکی باشی دەسکەوت. پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، بۆ ئابادی «تەوێڵێ» ڕۆی و بوو بە مریدی قوتبی تەریقەت، شێخ عوسمانی نەقشبەندی و پێڕای بەڕێوەبردنی داب و دەستووری تەریقە، ماوەیەک ئاوکێشی و خاوێنکردنەوەی خانەقای گرتە ئەستۆی خـۆی؛ تـا وردە ـــوردە بـەرچاوی کرایـەوە و گەیشتە پلەی سەرووی عیرفانیی و بوو بە خەلیفە و بـە وەرگـرتنی ئیجـازە و بـە فـەرمانی مورشـید، بـەرەو موکوریان بووەوە و لە گوندی «بورهان»، نێوان مەهاباد و بۆکان، خانەقایەکی دامەزراند و ڕێنـوێنی و ئیرشـادی خەڵک و ڕاسپاردنیان بە چاکە و پرینگاندنەوەیان لە خراپەی دەسپێکرد.

شێخ یۆسف زانایەکی ئاکارچاک و عارفێکی دڵـپاک بـووە؛ خـۆی لـە دووڕەنگـی و مـەرایی و کەشـف و کەرامەت نواندن، بواردووە و قەت پووڵ و پارەی مرید و مەنسووبی هەڵنەگرتووە. بۆخۆی چاکی بـەلادا داوە و لە سەر مەزرا کاری کردووە و ئارەقی ڕشتووە و خەڵکەکەش کە ئەمـەیان دیـوە، بـە دەمیـەوە هـاتوون و یارمەتییان داوە. لە مالکانی دێ، زەوینی بە ئیجارە گرتووە و بە کاری بێوچانی خۆی و مـەردمی ئابـادی و مریدان، خەرجی خانەقا و میوانانی دەرهێناوە و بەم شێوە و بە کردەوە، هەموانی تێگەیاندووە کە کار بکـەن و چاوویان تەنیا لە کەرەمی خوا و کاری خۆیان بێ؛ تەنبەڵی و تەوەزەلی وەلا نێن و بزانن «دەسـتی مانـدوو لەسەر زگی تێرە».

بەم شێوە، پاش ماوەیەک لە بەرهەمی کشت و کاڵ، پارەیەکی باش کۆ بۆتـەوە و شـێخ توانیویـە گونـدی «شەرەفکەند» بسێنێ و لە شـوێنێکی پـەنای ئـەوێ، بـە نـاوی «سـۆلاوکان» ، خانەقایـەک بکاتـەوە و دوای ماوەیەکی تر، ئابادی «ئاتابلاغی»ش بکڕێ و بیکاتە مەوقووفەی خانەقا.

خۆ و خدەی بەرزی شێخ، بووە بە هۆی ڕووتێکـردنی خەڵـکێکی زۆر لـە خانـەقا بـۆ ئیرشـاد و تەنانـەت زۆرێک لە زانایان و مامۆستایانی پایەبەرزی موکری و شکاک، هاتوونەتە ڕیزی مریدانی شـێخەوە؛ کەسـانی وەک: سەید موحەممەد سەعیدی کولیجی، مەلا موحەممەد وەسیم، مەشـهوور بـە «مـەلای گورۆمـەری»، مەلا سیراجەدینی شکاک، مەلا ئەحمەدی یاراڵـی، سـەید ڕەشـید، مـەلا موحەممـەد سـادقی مرزینـگ، میسباحدیوان، سەیفولقوزاتی موکری، حەیدەری مەهابادی (سالار سەعید) و ...

ئەو کۆما خەڵکەی لە خانەقادا کۆ دەبوونەوە، بە ڕۆژ سەرقاڵی جووتیاری و شەوان خەریکی نوێژ و قورئان خوێندن و زیکر و فیکر و خەتم داب و دەستووری تەریقەت بوون و بەم جۆرە، کار و عیبادەتیان پێکەوە بووە.

شێخ یۆسف ئەگەرچی ئەولادی هێژای هەبووە، هەموو جارێ ڕایگەیاندووە و پێداگری لەسەر کردووە کە شێخیەتی بە کەلەپوور ناچێ و پاش من کەس لە زاروزێچم بۆی نییە ببێتە شێخ و مریدانم نابێ کەسیان بە شێخ بزانن. جا بەو بۆنەوە دوای خۆی، لە بنەماڵەکەی، شێخیەتی درێژەی پەیدا نەکردووە؛ بەڵام تا ئەم دواییانە، خانەقا هەر بەردەوام بووە و لە بەرهەمی مەوقووفەجاتی، داماوان و زیارەتکەران، خزمەت کراون.

شێخ یۆسف ساڵی ١٣٢٨[١] ک. م. ڕووی لە دنیا وەرگێڕا و لە سەر گردێکی نێزیک لە خانەقا نێژرا. گڵکۆی ئێستاش لای خەڵک پیرۆزە و زیارەتگەی مریدانییە.

وەرگیراو لە یادداشتی مامۆستا هەژار. *یادی مەردان*، ب٢، ل٥٠٣ و ٥٠٤.

میرزا عەبدولقادری پاوە

کوڕی کوێخا موحەممەد، ساڵی ١٢٦٦ ک. م. لە پاوە هاتۆتە دنیا و دوای خوێندنی وانە سەرەتاییەکان لە زێدی خۆی، بۆ «کاشتەر» چووە؛ کە لەو سەردەمەدا خاوەن قوتابخانەی دینی بووە و لەوێ شوێنی خوێندنەکەی گرتووە.

لە پاشکۆی «*ڕۆژنامەی کوردستان*»ی ساڵی ١٣٤٠ ک. هـ.)١٩٦١ ز.) چاپی تاراندا، هەڵبەستێکی میرزا، بە ناوی «*کولە و عاینەمەل*» چاپ کراوە. نووسەری پێشەکی بۆ هەڵبەستەکە دەڵێ: میرزا لە کاشتەر، لە خزمەتی عارفی پایەبەرز شێخ غەفووردا خوێندوویە. ئەم گوتە لە دوو بارەوە لە ڕاست ناچێ؛ یەکەم ئەوەی کە شێخ غەفوور ساڵی ١٢٧٠ ک. م. لە دنیا دەرچووە. ئەو کاتە میرزا ئەولقادر پێنج ـ شەش ساڵان بووە. دووهەم، شێخ غەفوور بۆخۆی قەت نەیپەرژاوەتە سەر دەرس گوتنەوە و لە سەردەمی ئەودا، کەسانی تر ئەستۆگری ئەم کارە بوون؛ مامۆستایانی وەک مەلا مستەفای چەمیاڵەیی و مەلا فەتحوڵای پاوەیی و ... ئەوی ڕاست بێ کاتی خوێندنی میرزا لە کاشتەر، شێخ ئیسمایلی کوڕەزای شێخ غەفوور مەدرەسە و خانەقای ئەوێ گەڕاندووە و وەک باسیمان کرد، وێژەوانێکی گەورە و شاعیرێکی باش بووە و دوور نییە میرزا ئەولقادر بەشێک لە دەرسەکانی لای ئەو خوێندبێ.

هەرچۆنێک بێ، میرزا پاش خوێندن، گەڕاوەتەوە پاوە و تا تەمەنی ٤٦ ساڵان لەوێ ماوەتەوە و ئەوجار دوو ساڵ ئینشابەندیی موحەممەد بەگی جوانڕۆی کردووە و لە ٥٣ ساڵاندا، بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی پاوە و جوانڕۆ، گەڕاوەتەوە کاشتەر و ماوەیەک لەوێ دانیشتووە و کە پاوە هێمن بۆتەوە، دیسان گەڕاوەتەوە ئەوێ؛

---

١. ئەم ڕستەی قورئانە: «واجْعَلْهُ رَبّ رَضيّاً»، بە حیسابی ئەبجەد، سالی کۆچی دوایی شێخی بورهانە.

بەڵام هێندەی پێ نەچووە، بۆ هەتاهەتای ژیانی، کۆچی کردۆتە کرماشان و لەو شارە گیرساوەتەوە.

میرزا ئەولقادر لە کرماشان، لەگەڵ شاعیری بەناوبانگ و عارفی سەرپەتی، سەید ساڵەحی حەیرانعەلیشادا باری ئاشنایەتی و ئام وشۆ دادەڕێژێ و لە خزمەتیدا بەهرەیەکی باش دەبا.

سروشتی جوان و ڕازاوەی هەورامان، بەتایبەت دیمەنی دڵبزوێنی شاهۆ، هەر لە سەرەتای لاوی و هەرزەکاری میرزاوە، دڵ و دەروونی ـکە بەشێکی خوا داویشی هەبووە ـ بزواندووە و سەرەنجام بە کار و تێکۆشانی بەردەوام، شاعیرێکی توانا، خۆشزەوق، وردبین و ناسکخەیاڵی لێ بەرهەم هێناوە.

میرزا کە نازناوی «قادر» بووە، شیعری زۆری گوتووە؛ بەداخەوە بەشێکی لەناو چووە و بەشێکیشی کە ماوەتەوە، هەروا پرژ و بڵاوە. ئەم شاعیرە بێژگە غەزەل، چەند هۆنراوەی تری داناوە کە هەرکام باسێکی سەربەخۆیە و لە زبان و وێژەی کوردیدا یەک بە یەک وەکوو شاکارێک دێنە ئەژمار؛ داستانی «*کولە و عاینەمەل*» یان بەسەرهاتی «*چنار و هەوڵی*» یا باسی «*ئاسمان و زەوی*».

میرزا ئەولقادر سەرەنجامساڵی ١٣٢٨ ک. م. لە تەمەنی ٦٢ ساڵاندا، لە شاری کرماشان کۆچی یەکجاری کردووە.

چەند شیعری میرزا:

ئیمشەو قیبلەکەم لە من کەفتەن دوور — دوور بۆ لە دیدەش، دیدەم بیەن کوور
ئیمشەو نازارم لە من پێوارە — عەقل و فام من بیەن ئاوارە
ئیمشەو ئازیزم، دونیا و دینەکەم — مەحبووب شیرین مەهـ جەبینەکەم،
باڵای زەریفش لێم نادیارەن — کوورەی دەروونم چون کوورەی نارەن
ئیمشەو مەواچی عەزاداریمەن — جە داخ دڵبەر، دەرد کاریمەن
ئیمشەو شەو نییەن، داخ دەیجوورەن — جە دووری باڵات دیدەم بێنوورەن
کاشکای نەکەردام ئی ئاشنایی — وەی تەور نەچەشتام مەزەی جیایی
کاش وەرۆی ئەزەل تۆ نەدیام وەچەم — تاوەیتەور قەرین نەبیام چەنی خەم
یاخوا کەس بادەی هیجران نەنۆشۆ — جەرگش وە ئایر حرمان نەجۆشۆ

* * *

هاوار جە «هاوار»، هاوار چێش کەرۆن؟ — هاوار هاوارم وەلای کێ بەرۆن؟
هاوار هامسەران! هاوارم بێهۆن — هاوار جە «هاوار»، هاوار پرسم کۆن؟
هاوار، مەتەرسۆن جە ڕووی نەدامەت — «هاوار» بی زێدم تا ڕۆی قیامەت
هاوار، مەتەرسۆن «هاوار» بۆ وە جێم — چون گۆر غەریب کەس نەزانۆ پێم
پێم بۆ وە حەسرەت دیدار یاران — هاوارم بگنۆ وەسەر مەزاران

مەگــەر هــەم خالــۆم شــای نامــداران ئێـل بـەگی بلـووک خـێڵ خانـەداران
بپۆشـــۆ وە تـــەن خـــەڵات خانـــان بنیـــشۆ وە شـــاد لـــە بـــەرزەبانـــان
گـا عـەزم سـەیران «خانـەگا» و «پـاوە» گا سەرسـەختانان «سـەردەرە» و «شـاوە»
گـا نـە سـەفای ڕای هـەرد «بیـدمیر» جار-جار نە ڕووی لوتـف بـاوەرۆم نـەویـر
وەر نـە تـا مەحـشەر نـە هاوارەنـان ئـاوارەی وەتـەن: یـار و دیارەنـان
«قـادر» تـا ئەبـەد هـەر نـە هـاوارەن ئـاوارەی وەتـەن، یـار و دیـارەن

* * *

من هەر تۆم هەنی نـەک واچـی تـۆم بـۆ تـۆم بـۆ چـەنی عـام نییـەن چـەنی تـۆ
تـۆ تۆتـۆی دەروون بگێـڵە پێـشدا ئەر تۆ تۆیێ دیـت غـەیر جـە تـۆ تێـشدا
تۆخـوا وێـتئاسـا بـاوەرەش وەبـەر وە مـەودای ئـەبرووت پارەپـارەش کـەر

سکاڵای سەرەتای هۆنراوەی «کوله و عاینەمەل»:

یاکـەریم حـەق، یاکـەریم حـەق! یـا فـەرد بێچـوون، یاکـەریم حـەق!
یـا بینـای بێبـاک، مـەوجوود موتـڵەق یا سازندەی چەرخ بـێ سـتوون مەولـەق
یا ئاگا جە دەنگ پەنجـەی پـای پەخـشە نـەزاد و نـەمـر، جـە کـەس نـە لەخـشە
یاتـای بـێهـەمتا قـەدیم ئەقـدەس سیوای تـۆ هـیچکـەس نییـەن بـاڵادەس
یـا ڕەونـەقنمـای گـوڵان شـەوبۆ یـا زەبـانئـامۆز دەیرییـان کـۆ
یا بـێ خەنـدە و شـین، نـەزا و نەمـەردە یـا «عـالم العِلْـم» تەحـسیڵ نەکـەردە
یـا بـێ مـەئوا و زێـد بی یـار و ڕەفێـق یا بیمیسل و ڕەنگ، دانـای بـە تـەحقیق
یا سـازندەی قـەلب بنیـادەم جـە خـاک یـا عـیش دەر وە دڵ مۆمنـان پـاک
یا «مالِک المُلک» سـەمای سـەر بیـسات جە دەس «مەلـەخ» پێمـانـدەی نـەجات
مەعلوومـەن بـێتـۆ پەشـێوەن حاڵـم یـە جـەور «مەلـەخ»، یـە جـەفای زاڵـم

چەند بەیتی کۆتایی ئەم هەڵبەستە:

گشت وەدەست تـۆن دانـای کـول حـاڵ «مەلەخ» پـەی مـەردم کـەردی وە زەواڵ
«ئاینەمـەلت» کـەرد وە زەواڵ ئـەو ڕۆی ڕۆشـن کـەردی لـێش تاریکەشـەو
ئومێـدم وە تـۆن کـەرەم فـراوان گۆشەی لوتف تۆ پەی گشتکەس یـاوان
مـەعلووم هـەر زوڵـمێ زەواڵـێ دارۆ هـەر تـۆز و گـەردێ شەماڵـێ دارۆ
هەر شادی و زەوقێ شینێش هانـە شـۆن تـەنیای بـێزەواڵ، زات پـاک تـۆن
سـیوای زات وێـت شاهـ بـێزەواڵ نە شۆر، نە شـیرین، نـە تـرش و نـە تـاڵ

یەکـــسەر فانییـــەن ویرانـــەن ماڵـــش
هەرکەس کە سێوەت کـەرد وە زەواڵـش

ئافەریـدەی جیـنس ئەشـیا گـرد تـۆنی
نـە هـەرجا هـەنی، نمـەز جـە کـۆنی

ئەر سەد هەم عاسی، هەم گونام بێ‌شـۆن
«قـادر» ئومێـــدش وە ئـــەلتاف تـــۆن

ڕۆژنامەی کوردستان، تاران، ١٣٣٥ ک. ه. پێـشەکی هـۆنراوەی *کوله و عاینەمەل*، پاشکۆی *ڕۆژنامەی کوردستان*، ١٣٤٠ ک. ه.

کەوسەری سەقزی

قازی مەلا موحەممەد کەریمی سەقزی، نازناو «کەوسـەر»، جێگـری مـەلا مـستەفای قـازی، کـوڕی مـەلا موحەممەد سەلیم، کوڕی مەلا شەریفی قازی، ساڵی ١٢٦٥ ک. م. لە سەقز هاتە دنیا و خوێندنی لای مەلا موحەممەد، مامۆستای مزگەوتی جومعەی سـەقز و مـەلا عەبدوسـسەلامی بانـە تـەواو کـرد. لـەو نێوانـە، ماوەیەک لە بۆکان لای مەلا موحەممەد شەریف، دوو ساڵ لە وەتەمیش لە خزمەتی مەلا عەولای پیرەباب و دوو ساڵ لە تورجان، لە کۆڕی دەرسی مەلا عەلی قزڵجی (تورجانی) بەهرەی بـرد و پـاش خوێنـدن، لـە سەقز دادوەری دەسپێکرد و ماوەیەکیش دەرسی گوتەوە و سـەرەنجام لـە ١٢ی جیمـادیئـاخری سـاڵـی ١٣٢٨ ک. م. پاش ٦٣ساڵ، لە سەقز دنیای بەجێ‌هێشت.

کەوسەر لە مریدانی شێخ عومەر زیائەدین و سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بووە؛ خەتی جوان نووسـیوە و دیوانێکی لێ بەجێ ماوە؛ کە ئەوا دوو غەزەلی:

ای آنکـه در حجـاب تَقَـدُّس نهـان تـویی
بر هـر صـحیفەای ز صـحایف عیـان تـویی

تنهـا تـویی خـدای زمـین و زمـان همـه
بخشندەی روان تـویی و جـانستان تـویی

از ماسـوای تـو سـخن آخـر بـود هـدر
ذاتی کە لایق است بـە مـدح و بیـان تـویی

در بوسـتان عـشق تـو، از رهـزن هـوس
جان را چە غم کە حافظ آن بوستان تـویی

مـا را کـە میهمـان و غـریبیم در جهـان
فکر وطن کجاست کە خـود میزبـان تـویی

تـو واجـبُ‌الوُجـود و شـریک تـو مُمْتَنـع
مـا مُمْکنـیم و خـالق امکانیـان تـویی

وقـتِ‌نَـوال، بـاد صـبا را تـویی معـین
گـاه غَـضَب دلیـل سُـمُوم خَـزان تـویی

مـاییم کـاروانی بـیزاد و نَـو سَـفَر
توفیـق دە کـە رهبـر ایـن کـاروان تـویی

* * *

تـا دیـدەی مـن دیـدە گـزین یـار بیـارە
گـشتە اسـت دلـم عاشـق رُخـسار بیـارە

هر چنـد بـە تـن دورم از آن جای مُبارک
لـیکن شـدە جـان بلبـل گُلـزار بیـارە

در دیدەی من هست بس ارزندەتـر از لَعل
خاشـاک و خـس کوچـە و بـازار بیـارە

باشد پی ارباب صفا در طلب دوست / بهتر ز گل باغ جنان، خار بیاره
از پنجەی شیران عَرین باك ندارد / روباه نَظَر کردەی اَبرار بیاره
آه این چه نسیمی است نوازشگر جانها / کاید همەدم از در و دیوار بیاره
صوفی شده در رقص که آیینەی دل را / داده است جَلا نسبت عطار بیاره
آید به تَمَنی، مَلَك ار خیمەی تَعلیم / بر پا کند آن رهبر غمخوار بیاره
«کوثر» شود آبی که بر آن نیك بتابد / عکسی ز رخ پیر مددکار بیاره

وەرگیراو لە یاداشتی مامۆستا نافیع مەزهەر.

ئیسماعیل حەققی بەگ

کوڕی مستەفا زیهنی پاشا، لە کەڵەپیاوانی بنەماڵەی بابان و یەک لە ئەندامانی کۆمەڵی «اتحاد و ترقّی»، حوقۆقزانێکی هێژا و نووسەرێکی توانا و بیرمەندە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا، ماوەیەک وەزیری مەعاریف و دەورەیەک لە پارلەمان نوێنەری عیراق بووە.

لە کتێبەکانی: «*حقوق اساسی*» و «*عراق مَکتوبلری*»

حەققی ساڵی ١٣٢٩ ک. م. لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە و شاعیری بەناوبانگی کورد، جەمیل سیدقی زەهاوی، لە شینیدا شیعرێکی داناوە کە ئەوا چەند بەیتی:

جاءَت الصُّحُفُ حاملات نَعِيّاً / أكْبَرَتْهُ الأسْماعُ في بَغْداد
فَبَكَتْ في بَغْدادَ «حَقّي» عُيُونٌ / كانَ حَقّي مِنْها مَكانَ السَّواد
كانَ منـدُوبَها و كانَتْ تُباهي / بِرَجاحاتِه جَميعَ البلاد
فَبَكَيْنا شَبابَهُ وَبَكَيْنا / جَلَداً فيه راسِخَ الأوْتاد
رَقْدَةٌ في مَلْحُودَة سَبَقَتْها / وَقَفاتٌ لَهُ بِصَدْرِ النّادي
ماتَ في مَيْعَة الشّباب إذالعَزْ / مُ صَديقٌ، إذالزَّمانُ مُعادي
قَدْ لَبِسْنا ثَوْبَ الحداد عَلَيْه / أنا وَ العِلْمُ وَ الحجي وَ بلادي

مشاهیر الکُرد، امین زَکی بیگ.

یەمین لەشکر

میرزا موحەممەد ڕەفیعی یەمین لەشکر (لەشکر نووس)، کوڕی میرزا ئیسمایلی موشریف[١]، کوڕی میرزا

١. بەرپرسی ئابوورەمەنی لەشکری کوردستان بووە کە ساڵی ١٣٠٦ ک. م. مردووە.

موحەممەد ڕەفیعی موشریف، لە وێژەوانان و خۆشنووسانی بەناوبانگی کوردستان بووە کە پێڕای کاری زۆر و سەرقاڵی لە ئەرتەش، وەکوو نووسەر و تەداروکاتچی ئەو سەردەمە، دەستی لە نووسین و تەمرین بەرنەداوە و بە تێکۆشانی بێ وچان، لە خۆشنووسیدا، گەیشتۆتە ڕادەی ئوستادی و هێندێک مەشق و وێنەختەی زۆر جوانی لێ بەجێماوە.

میرزا ڕەفیع بابی خوا لێ خۆشبوو عەبدولعەزیزی یەمین لەشکرە کە مرۆیەکی هێژا و پارسا و ئەهلی تەریق بوو؛ خەتیشی جوان دەنووسی. لەم بنەماڵە، کە بە «موشریفی» دەناسرێن، لە ڕابردوو تا ئێستا، کەسانی هەڵکەوتە زۆر بارهاتوون کە بۆ پارێزکاری و خزمەت بە کۆمەڵگا، بەناوبانگن.

میرزا موحەممەد ڕەفیعی یەمین لەشکر ساڵی ١٣٢٩ ک. م. لە دنیا چووە.

نگرشی کوتاه بر خوشنویسی در کردستان، چاپ ١٣٦٢ ک. هـ. ل٢١. یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا عارفی بالکی

کوڕی مەلا عەبدوسسەمەد، دەوری ساڵی ١٢٩٠ ک. م. لە گوندی «بالک»ی لای مەریوان لەدایکبووە و خوێندنی لای باوکیەوە دەسپێکردووە و پاشان چۆتە نێو جەرگەی فەقێیانەوە و زۆرێک قوتابخانەی ئایینی، بۆ فێربوونی زانست گەڕاوە و سەرەنجام ئیجازەی وەرگرتووە. پاشان لە ئابادی «دوورۆ» لە ڕۆژهەڵاتی مەریوان، لای شێخ عەلادینی عوسمانی نەقشبەندی گیرساوەتەوە و پاش وەرگرتنی تەریقەت، بەرنوێژی و کاروباری خەتم و خانەقای گرتۆتە ئەستۆ.

لە دوای یەکەم شەڕی جیهانی، لە قوتابخانەی دوورۆ دەرسیشی گوتۆتەوە و تا ساڵی لە دنیا چوونی (١٣٣٠ ک. م.) ئەو کارەشی هەبووە.

مەلا عارف مرۆیەکی زانا و پارێزکار و بێ دەعیە و دەمار بووە؛ خەتی جوان نووسیوە و قورئانی بە دەنگێکی خۆش خوێندووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین، ل٢٥٨.

شێخ عەزیزی مەردۆخی

لە شێخانی مەردۆخی نیشتەجێی گوندی «تەختە» و لە مریدانی شێخ زیائەدینی عوسمانی نەقشبەندی، پیاوێکی وێژەوان و لە شیعردا خاوەن زەوق بووە و دەوری ساڵی ١٣٣٠ ک. م. کۆچی دوایی کردووە.

ئەم چەند بەیتە بەشێکی قەسیدەیەکە بە باڵای مورشیدەکەیدا گوتووە:

نسیم آستان حضرت دلدار می‌آید　　　سخن تا کی نهان دارم که بوی یار می‌آید

به هر گلشن که گُل چینم بـه هـر وادی کـه بنشینم
نـسیم بامـدادی بـا شـمیم یـار مـی‌آیـد

من دیوانه‌ی صحرانـشین، مـدهوش و سرمـستم
ز بوی موی و روی وی کزین کُهسار مـی‌آیـد

ز فیض حضرت قُطبُ‌الیقین، پـور سـراج‌الـدّین
مـرا از مبـدأ فَیّـاض حـق، اَنـوار مـی‌آیـد

به هر جا بگذرم، هر گوشه‌ای منزل کـنم آنجـا
نـسیم نـسبت یـار از در و دیـوار مـی‌آیـد

«عزیزا» چون نباشم شاد؟ کاینک مژده آوردنـد
مــرا بهــر ورود آســتانش بــار مـــی‌آیــد

چەند جونگی دەسنووس. *یادی مەردان*، ب۲، ل۵٦۱.

شێخ عەلی تاڵەبانی

حاجی شێخ عەلی، کوڕی حاجی شێخ ئـەوڕەحمانی تاڵـەبانی، لـە شـێخانی عـارفی تەریقـەتی قـادری و زانایەکی گەورەی تەفسیر و حەدیس بووە کە ساڵی ۱۳۳۰ ک. م. پاش ۷۰ ساڵ، دنیای بەجێ‌هێشتووە.

خوا لێ خۆشبوو شێخ عەلی بێجگە قورئان، هەموو حەدیسی «*صحیح بُخاری*» لەبەر بووە و زۆرتر دەرسـی حەدیسی گوتووە.

چەند جونگی دەسنووس. پێشەکی *دیوانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی*.

ناجیمی[1] شارەزووری

ئەوڕەحمان ناجیم، کوڕی عەبدوڵلا، لـە قوتابخانـەکانی کوردەواریـدا خوێندوویـە و دوایـی چۆتـە بەغـدا و ماوەیەک لە کـۆڕی دەرسـی مـوفتی زەهـاوی بـەهرەی بـردووە و ئیجـازەی لـێ وەرگرتـووە. پاشـان بـۆ ئەستەمبووڵ چووە و لە وەزارەتی معاریفی ئەویدا، وەکوو بازڕەسی چاپەمەنی دامـەزراوە. ماوەیـەک لـەودوا گواستوویەتەوە وەزارەتی داد و تا کۆتایی ژیان لە دادگەکانی ئەستەمبووڵدا دادوەری کردووە.

ناجیم پیاوێکی زانا بووە و هێندێک کتێبی لێ بەجێ ماوە؛ بۆ نموونـە: «*مَجموعَـةُ الآثـار فـی المَشـورات و الاشعار*» و «*هدیَةُ الاُمَم و یَنبوعُ الاداب و الحِکَم*»، لە چەند بەرگدا کە بەرگی یەکەمی لە بەیرووت چاپ کراوە.

سەردەمی ژیانی ناجیم، نیوەی هەوەڵی چەرخی چاردە بووە.

ایضاحُ المَکنوُن، ب۲، ل٤٣٨. *هدیّةُ العارفین*، ب۱، ل۵٥۹.

شێخ مەعرووفی نێرگسەجاڕ

کوڕی شێخەوڕەحمان، کوڕی شێخ قادر، لە پشتی عارفی بەناوبانگ، شـێخ ئـەبولوەفا (تاجولعـارفین)، ساڵـی

---

۱. **ناجِم**: واتا پیتۆڵ و هەڵکەوتە. (نَجَمَ فی بیروت شاعرٌ: اذا نَبغَ)

۱۲۸۰ ک. م. له گوندی «نێرگسەجاڕ» هاتۆتە دنیاوە و کە پێگەییشتووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێ دەسپێکردووە و ئەوجار چۆتە هەڵەبجە و بە فەقێتی خوێندوویە و ماوەیەک ڕووی لە ڕۆژهەڵات ناوە و لە گوندی «دەوڵەتاوا»ی لای ڕوانسەر، شوێنی خوێندنەکەی گرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە هەڵەبجە و لە خزمەتی شێخ مەحموودی موفتی، کوڕی شێخ عەبدوڵلای خەرپانیدا گەیاندوویەتە ئاخر و ئیجازەی وەرگرتووە.

شێخ مەعرووف کە خوێندنی تەواو کردووە، لەسەر فەرمانی شێخ مەحموود، لە هەڵەبجە دەمێنێتەوە و لە قوتابخانەکەیدا دەرس دەڵێتەوە و کچەکەشی دەخوازێ. لەم ماوەدا سەفەرێکی «بیارە» دەکا و لە خزمەتی شێخ زیائەدیندا دەچێتە نێو تەریقەتی نەقشبەندییەوە. پاش دە ساڵ ژنەکەی عەمری خوا دەکا و شێخ مەعرووف لەوپەڕی پەرۆشیدا، هەڵەبجە بەجێ‌دێڵێ و دەگەڕێتەوە نێرگسەجاڕ و سەرەنجام کۆچ ئەکاتە ئابادی «ئەحمەد بەرەندە» و تا کۆتایی ژیان لەوێ بە دەرس‌گوتنەوە و ئیرشادی خەڵکەوە خەریک دەبێ.

شێخ مەعرووف مرۆیەکی خێرومەند و پارێزکار بووە و بۆ حاواندنەوەی هەتیوان و منداڵانی بێ کەس‌وکار، زۆری کۆشاوە و تاقمێکی زۆریانی بارهێناوە و پێگەیاندووە. نانی بەلاشی نەخواردووە و هەرکوێ ڕۆیوە، زەوینێکی بە ئیجارە گرتووە و تێدا کشت‌وکاڵی کردووە و بە ڕەنجی شانی خۆی ژیاوە و سەرەنجام ساڵی ۱۳۳۱ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

یادی مەردان، ب۲، ل ۵۳۲–۵۳۸.

ئەدەب

عەبدوڵڵا بەگی کەسناو «میسباح دیوان» و نازناو «ئەدەب»، کوڕی ئەحمەد بەگ، کوڕی ئیبرایم بەگ، کوڕی ڕۆسەم بەگ، کوڕی سەیفەدین، لە بنەماڵەی بابامیری موکوریانی، ساڵی ۱۲۷۷ ک. م. لە گوندی «ئەرمەنی بلاغ»ی نێوان بۆکان و میاندواو هاتۆتە دنیا.

ئەدەب ماوەیەک لە سابڵاغ (مەهابادی ئێستا) دەخوێنێ و پاشان بابی مامۆستایەکی زانا بانگ دەکا کە لە ماڵدا بە ئەو عەلی بەگی برای ـ کە پاشان بە ناوی سالار سەعیدی حەیدەری دەیانناسی ـ دەرس بێژێتەوە. دوای ئەوەش بە فەرمانی باوکی بۆ درێژەدان بە دەرس و خوێندن، دەچێتە تاران و لەوێش یەکێ ــ دوو ساڵ دەخوێنێ.

ئەدەب ئەگەرچی سەرجەم زۆری نەخوێندووە، بەڵام بە هۆی زەوق و زیرەکی زۆر و هەروەها بیری تیژەوە، زبان و وێژەی فارسی باش فێر بووە؛ لە نیگارکێشی و بیرکاری و مووسیقادا، شارەزایی پەیدا کردووە و هێندێک کتێبیشی نووسیوە.

میسباحی ئەدەب ئەویندارى کچێکی نوسرەت ناو بووە و زۆربەی شیعرەکانی، باسی ئەم خۆشەویستی و عاشق‌بوونەیە و ئەگەرچی دوایی بە مرازی گەیشتووە و نوسرەتی خواستووە، بەڵام تا ئاخر هەر

خۆشی‌ویستووە و بە بەژن و بالا و چاو و برۆیدا هەڵیگوتووە.

ئەدەب لە کۆتایی ژیانیدا تووشی شەپلە بووە و بۆ دەرمان بردوویانەتە ڕووسیا ؛ بەڵام ئیفاقەی نـەکردووە و ماوەیەک لەودوا (ساڵی ١٣٣١ ک. م.) لە دنیا چووە.

دیوانی ئـەدەب ، لـە یەکـەم شـەڕی جیهـانی (١٩١٤-١٩١٨)، کاتـێ لەشـکری ڕووس چوونـەتـە نـاو مەهابادەوە، لەناو چووە و دوایی لەم لا و لەو لا، هێندێکی کۆ کراوەتەوە و ساڵـی ١٩٣٩ ز. لـە بەغـدا چـاپ کراوە.

چەند نموونە لە شیعری ئەدەب:

گوتم: با کەم بناڵێنم، نەڵێم دەردم بـە کـەس چاکـە
گوتی: ناڵینی جار-جارت لە دوور بێ وەک جەرەس چاکە

گوتم: مـورغی ڕەوانی مـن ڕەوانـە لـەو تەنـە بـێ‌تـۆ
گوتی: ئەو مورغە بێ‌باڵە لە لای من بێ‌قەفەس چاکـە

گوتم: مەنعم دەکا زولفت لە پابەندی لەبی شـەهدت
گوتی: شەهدی دەهانی من بە بێ نێشی مەگـەس چاکـە

گوتم: دیلی دوو هیندووتم هەتا مەستی خەیاڵی تـۆم
گوتی: مەستی خەراباتی لە نێو بەندی عەسەس چاکە

گوتم: بۆ گوڵبونی قەددت خەیاڵی گوڵ‌چنیـنم کـرد
گوتی: بێ‌سەروی ئازادم گوڵستان بۆ هـەرەس چاکـە

گوتم: میهری بوتان تاکـەی، خەیاڵـم عوزلەتـە جانـا
گوتی: عیشقی پەریڕوویان هـەتا ئاخرنەفـەس چاکـە

گوتم: بۆچ ڕێم نییە جارێ بە گوڵزارت گوڵی نەورەس
گوتی: گوڵزاری گوڵ‌خێزم «ئەدەب»! بـێ‌خـار و خـەس چاکـە

* * *

نـامرێ هەرکـەس کـە یـارێکی وەفـاداری هەیـە
هەر سەحەرەگاهان سەبووحی جامی سەرشـاری هەیـە

هەرکەسێ عومری لەگەڵ شـەککەرلەبێکا ڕانـەبورد
ئەلحەق ئەو شەخسە عەجەب ڕەنجێکی دوشواری هەیە

زیللـەتی دونیـا ئـەوە یـارێکی غـەمخوارت نـەبێ
بەختی بێدار ئەو کەسە دڵداری غـەمخواری هەیـە

هەرکەسێ وەسڵی دەوێ تاقەت ئەبێ بێنێ بە غەم
گوڵچنین ناچارییە هـەر زەحمـەتی خـاری هەیـە

موددەعی فەخری بە گەنجی گەوهەرە و مـن گـەنجی تـەبع
پیاوی دانا تێدەگا کـێ گـەنجی زەخـاری هەیـە

دەفتەری فەزڵ و هونەر باوی نـەما لـەم عەسـرەدا
فــازڵ ئـەو نادانەیـە ئەمـرۆ کـە دینـاری هەیـە

با نەکا قیمەت «ئەدەب» لەم عەهدەدا کالای هونەر
هەر چلۆنێ بێت مەتاعی تۆ خەریداری هەیە

* * *

گەر مەتڵەعە بۆ ماهی موقەننەع چەهی نەخشەب
ماهی مە تولۆعی لە چەهی غەبغەبە هەر شەب

گوڵزاری جەماڵە موتەشەککیل بە دو سونبول
یا بەدری درەخشندە لە مابەینی دوو عەقرەب

ئەی سەروی چەمانی قەمەری نووری قەمەر ڕوو!
ئەی غونچە دەهانی شەکەری نوتقی شەکەرلەب!

تاکەی بە جەفا ئێمە خەتاکار و گونەهبار؟
تاکەی بە ستەم ئێمە گرفتار و موعەززەب؟

گەر لوتفە هەتاکەی لەگەڵ ئەغیارە خیتابت؟
وەر قەهرە هەتاکەی منی بێچارە موخاتەب؟

سەد حەیف کە بۆ دەردی دڵی من دەمی وەسڵت
فرسەت کەم و شەو کورتە و تووڵانییە مەتڵەب

گەر بادە فەرەحبەخشە بە یادی لەبی تۆیە
نەشئەی چییە بێ‌شەهدی لەبت جامی لەباڵەب

گەر لەو مەیە، گەر مەنعە، ئەگەر کوفرە، گەر ئیسلام
گەر تابیعی قانوونە، ئەگەر خارجی مەزهەب

تاجانی لە تەندایە «ئەدەب» تۆ دەپەرەستێ
زوونناری ملم زولفی خەمت، قیبلەمە غەبغەب

* * *

نیگارانی دیاری مە شەکەرلەب گوڵعوزارانن
هەموو تورکی کەمانداران هەموو عەنقا شکارانن
دزی دڵ ئافەتی جانن شکەستی دین و ئیمانن
نە بەستەی عەهد و پەیمانن نە خەستەی جان‌سپارانن
قەدەحدار و مەی‌ئاشامن دڵازار و دڵارامن
دەمێ وەحشی، دەمێ ڕامن، چ ئاهوو جیلوەدارانن؟
هەموو سیمین بناگۆشن هەموو ماهی زەڕی‌پۆشن
دەمێ نێش و دەمێ نووشن چە جادووگەر نیگارانن؟
هەموو غیلمان‌بەچەن سادە، پەری‌نەسڵن، پەری‌زادە
بە خەندە نەشئەیی بادە، بە غەمزە مەیگوسارانن
بە قامەت نەخلەکەی توورن، بە تەلعەت کۆمەڵەی نوورن
بە سوورەت هەر وەکوو حوورن بە ئەبروو جان‌شکارانن
بە دوو لەب جووتی گوڵنارن، بە غەبغەب سێوی خونسارن
بە گیسوو دوو سیامارن، بە چاو ئەفسوونی مارانن
بە باڵا سەروی ئازادن، بە گیسوو دامی سەییادن
لە سەیدی دڵ چ ئوستادن، چ ماهیر جان‌شکارانن

«ئەدەب» چیبکا لە یـارانی لـە جەرگـەی نـازدارانی؟
دەمێ خونخواری بێباک و دەمێ غـەمخواری جـارانن

دیوانی ئەدەب، چاپی بەغدا، ١٩٣٩ ز.

مەلا موحەممەدی نیەری

مەلا موحەممەدی مودەڕڕیس، کوڕی مەولانا عەبدولمەجیدی مودەڕڕیسی نیەری، پیاوێکی هێژا بووە کـە پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، هاوڕێ بابی لە مزگەوتی دارۆغەی سنەدا دەرسی گوتووە؛ بـەڵام مـەرگی ناکاو مۆڵەتی نەداوە و لە حەوتی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٣٣٢ ک. م. (ساڵێک پێش بابی) لە دنیا چووە.

لەم مامۆستایە چەند کتێب لە کەلام و مەنتیقدا بەجێماوە کە شاندەری ئەوپەڕی زانایی و زیرەکی نووسەرەکەیە.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ حەمەدەمینی نەقشبەندی

کوڕی شێخ فەتحولا، زانایەکی خەڵکی هەولێرە کە خوێندنی لە زێدی خۆیدا تەواو کرد و پاشان تەریقـەتی نەقشبەندی لە قوتبی عارفان، شێخ عومەر زیائەدین وەرگرت. ئەوجار بۆ حیجاز ڕۆیی و لە شاری مەدینـەی پیرۆز، ماوەی دە ساڵان دانیشت و لە مەدرەسەیەکی ئەوێدا دەرسی گوتەوە. دوای ئـەوە ڕێگـای قـاهیرەی گرتە پێش و لە «رَواقُالاکـراد[١]»ی زانستگای ئەزهەردا، وەکوو قوتابییەک خوێندن و تۆژینەوەی دەسـپێکرد و هێندەی پێ نەچوو، بوو بە سەرپەرشتی ئەوێ و ئەمجار شانی لە دەرسگوتنەوە و نووسـین شـل کـرد و زۆرێک کتێبی نووسی وهەروەها بەشێک لە کتێبە فارسییەکانی ئیمام غەزالی کـردە عـەرەبی و سـەرجەم ١٢ نووسراوە و وەرگێڕاوەی لە قاهیرەدا چاپ کران کە بەشێکیان بریتین لە:

١. *تَنویرُ القلوب* در تصوف
٢. *هدایَةالطّالبین لَاحْکام الدّین* در فقه
٣. *ارْشادُ المُحْتاج الی حُقُوق اْلازواج*
٤. *فتح اْلمَسالک فی ایضاحِ اْلمَناسِک*
٥. *العُهُودُ الوَثیقَة*
٦. *دیوانُ الخُطَب*

---

١. **رواقْالاکراد الایوبیّە**: بەشێک لە زانستگای «الأزهَر»ی قاهیرەیە کە لە سەردەمی ئەییووبیانەوە، تایبەتی بۆ مامۆستایان و قوتابیانی کورد دانراوە.

٧. *سَعادَةُ المُبتَدئین*

شێخ حەمەدەمین پیاوێکی پیرۆز بووە و زانایان و وێژەوانانی میسری زۆریان ڕێز لێ گرتووە و سەرەنجام لە ١٢ی ڕەبیعولئەوەڵی ساڵی ١٣٣٢ ک. م. لە قاهیرە ئەمری خوای بەجێهێناوە و لە سەرقەبرانی «قرافە»دا نێژراوە.

الاعلام، ب٦، ل٢٦٩. *المُعْجَم لأعلام الشرق و الغرب*، ل٤٣٥. *ذیل کشف الظّنون*، ب٢، ل١٣١.

شێخ مەحیەدینی قزڵباڵخی

لە شێخانی «خوڕخوڕە»ی لای سەقزە کە بۆ شوێنگرتنی دەرس و دەور، چۆتە بیارە و ماوەیەک لەوێ خوێندوویە و ئیجازەی گرتووە؛ پاشان لای شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ زیائەدین، تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە و ئەوجار لە هەڵەبجە، دەرسی گوتۆتەوە و بەرنوێژی کردووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٣٢ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە.

شێخ مەحیەدین پیاوێکی وێژەوان بووە و شیعریشی گوتووە و نازناوی «موحی» هەڵبژاردووە. ئەم چەند بەیتە بەشێکی قەسیدەیەکە بۆ پەسنی مورشیدەکەی گوتوویە:

ای آرزوی عاشق مسکین لقای تو بادا روان بندەی مسکین فدای تو
میخواهم از خدا کە بجویم رضای تو چون در رضای تُست رضای خدای تو
انوار مُرشدان دگر مُقْتَبس بود از کوکب سراج گرامی نیای تو
خاك است اگر وجود کثیفم، طلا شود از فیض پرتو نظر کیمیای تو
فرقم بە تاج شاهی عالم همیرسد باشد چو زیر سایەی بال همای تو
از رشك مَعنْ زائدە پیچد بە خود چو مار گر بشنود چو حاتم طایی سخای تو
«مُحیی» چەسان ستایش ذات تو را کند؟ از اَبکمی چو او کە نیاید ثنای تو

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ حەمەباقری سنەیی

حاجی شێخ موحەممەد باقر، کەسناو غەیاسەدین، جێگری یۆسف بەگ، کوڕی موحەممەد شەریف بەگ، لە تۆرەمەی کەیها ساڵەح، گەورەی یەکێ لە عەشیرەکانی کوردستانی باکوور بووە کە هۆزەکەی هەڵگرتووە و لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەرچووە و لە ناوچەی «هەوەتوو»ی سەر بە دیواندەرە و «قەرەتوورە» و «مەریوان»، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرساونەتەوە.

حەمەباقر لە سەرەتای گەنجی و ھەرزەکاریدا ـ وەک بـاوی لاوانـە ـ کـاتی بـە سـواری و تیرھـاویژی و ڕاو و کەژوانی ڕابواردووە و ھێندە گوێی بۆ خوێندن و زانین شل نەکردووە. بەڵام بابی یەکجار بەئارەزوو بووە کوڕەکەی بخوێنێ و سەوادی ھەبێ. سەرەنجام مل بە داخوازی باوکی دەدا و بە نابەدڵی، خوێنـدنی وانـە سـەرەتاییەکان دەسپێدەکا و تا ڕادەیەکیش فیقھ و ئوسوول فێر دەبێ؛ تا شەوێک خەونێک دەبینێ و لـە ژێـر کارتێکـەری ئـەو خەوەدا، لێ دەبڕێ دەست لە ھەموو شتێک بەر بدا و پشت لەو شێوە ژیانە پێی ڕاھاتووە بکا و وەکـوو فەقێیـەک بکەوێتە سەفەر و گەڕان بە قوتابخانەکاندا و بەم خەیاڵەوە، نیوەشەوێک بەبێ خەبەر و ڕاوێژ لەگەڵ ماڵەوە، ھاوڕێ قوتابییەک لە شار دەردەکەوێ و ڕوو لە ڕۆژاوا دەنێ. پاش چەند ڕۆژ بـەڕێوە چـوون، دەگەنـە گونـدی تەوێـڵێ، مەکۆی ئیرشادی شێخ عوسمان سیراجەدین (د). حەمە باقر بە ھەواڵەکەی ئێژێ: ئێستا کە لێرەین، بۆ نـەچین چاومان بەو شێخە بکەوێ وا ئەو ھەموو باسی چاکەی دەکەن؟ دوور نییە بۆ سەرکەوتنمان لـە خوێندنـدا، داوای یارمەتیشی لێ بکەین. بەم جۆرە دوو کەسی دەگەنە خزمەتی شێخ و پـاش دەسمـاچ کـردن و داوای دۆعـای بەخێر، ھەڵدەستن بڕۆن، حەمە باقر دەبینێ جووڵەی لێ بڕاوە و ناتوانێ ببزوێ! ناعیلاج بە ھاوڕێیەکـەی دەڵـێ: ئەتۆ بڕۆ؛ من لێرە ماومەتەوە. نیو سەعاتێک تێپەڕ دەکا و ئەو ھەروا وەک چێو ڕاوەستاوە. تا شـێخ بـانگی دەکـا و فەرمانی پێ دەدا دانیشێ و دوای دڵدانەوەیەکی زۆر، لەپڕ وای چاو تێدەبڕێ، دەبوورێتەوە و وەکـوو مردوویـەک درێژ دەبێ. ئەمجار شێخ دەستوور دەدا بیبەنە نێو خانەقاوە و کە ھاتەوە سەر خۆی، پێ‌ڕابگەن.

حەمە باقر بەم جۆرە ئەچێتە ناو ڕیزی مریدانەوە و یەک لە خەلیفە گەورەکانی خانەقا، فێری داب و دەستووری زیکر و فیکری تەریقەتی دەکا و لەو ڕۆژەوە ماوەی سی ساڵ، لە ژێر چاوەدێری مورشیدی پایەبەرزیدا، خەریکی عیبادەت و سەیر و سولووک و سەرپەرشتی کـارو بـاری خانـەقا دەبـێ و دەگاتـە ڕادەیـەک، شـێخ کەڵپۆسـی دەروێشی پێ خەڵات دەکا و ئیجازەی ئیرشادی پێ دەدا. ئەوجار ئەگەڕێتەوە بۆ شاری سنە و لە پەنا مزگـەوتی گەڕەکی «جەننەت»دا، خانەقا و تەکیەیەک دەکاتەوە و ئەپەرژێتە سەر ڕێنوێنی و ئیرشادی خەڵک.

ئەو مزگەوت و خانەقایە، لەو کاتەوە ناوی دەبێتە خانەقای حاجی شێخ حەمە باقر و ئێستاش ھەر وای پێ ئێژن.

ھێندەی پێ ناچێ لە ھەمو لایەکەوە، خەڵکێکی زۆر بۆ تۆبە و ئیرشـاد، ڕوو دەکەنـە خانـەقا و لـە ودمـی ھەناسەی گەرمی ئەوەوە، پیت و بەرەکەتیان دەس دەکەوێ.

خوا لێ خۆشبوو حاجی شێخ حەمە باقر، لە ١١ی ڕەبیعولئەوەڵی ساڵـی ١٣٣٢ ک. م. دنیـای بـێ بـەقا بەجێ دێڵێ و خەڵکێکی زۆر تەرمەکـەی بـەو پـەڕی ڕێـز و حورمەتـەوە بـەڕێ دەکـەن و لـە زیارەتـانی «سەرتەپ»[1]ی خەسراوادا دەینێژن.[2]

---

١. ئەو گردە ئێستا «**تەپ شێ حەمە باقر**» و «**تەپ شەرەفولمولک**»یشی پێ ئێژن.

٢. دواجار لەسەر گڵکۆی شێخ، گۆمبەزێکیان کردەوە.

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

وەهمی کوردستانی

شاعیر و ویژەوانێکی خەڵکی مەریوانە کە لە کۆتایی پەنجاکانی چەرخی چواردەدا ژیاوە و مریدی شێخ نەجمەدین، کەوکەبی عوسمانی نەقشبەندی بووە.

وەهمی بە کوردی سۆرانی و فارسی شیعری گوتووە و ئەم چەند بەیتە، بەشێکی غەزەلێکە لە جونگێکدا، کە بە ناوی ئەوەوە نووسراوە:

ئەرێ هەی قیبلەکەی دینم، ئەتۆ بڕوانە بتبینم — کە من مردم بکەی شینم، کە شینی تۆیە یاسینم
مەکە ئیزهاری بێزاری هەتا ساتێ بە بێ زاری — ببێ ئیمکانی تەسکینی دڵی بیمار و غەمگینم
چناری قەددی تۆم دی وا سوروشکم چاوەکم بووبوو — بە جۆباری چناری چەم کە شایەد بێتە تەسکینم
تەماشای چەند شیرینە دەڵێی جەیرانە بیبینە — سەراپا ئافەتی دینە کەوا بردی دڵ و دینم
مەداری فەخرە بۆ «وەهمی» وەکوو سەعوە بەڵێ دائیم — گرفتار چەنگی بازم من، ئەسیری نازی شاهینم

وەرگیراو لە جونگە دەسنووسەکان.

مەلا عەلی ئەفەندی

زانای هێژا و سۆفی پارسا، شێخ مەلا عەلی ئەفەندی حوسامی کەرکووکی، کوڕی زانای پایەبەرز، مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی، مەشهوور بە «گچکەمەلا»، لە مامۆستایان و پیاوماقووڵانی شاری هەولێر و خەلیفەکانی شێخ موحەممەد بەهائەدینی نەقشبەندی و جێگری بەڕێزی (شێخ عەلی حوسامەدین) بووە کە دوایی لە کەرکووکدا ژیاوە.

مەلا عەلی لەمەڕ سۆفیگەری و تەریقەتەوە، هێندێک کتێب و نووسراوەی هەیە؛ یەکیان کتێبێکە بە ناوی: *«سراجُ‌الطالبین»*، بە زبانی فارسی، لە پەسنی شێخ حوسامەدیندا، کە ساڵی ١٣١٥ ک. م. نووسیویە و لە ١٣٢٢دا لە کەرکووک چاپ کراوە.

مەلا عەلی بە کوردی سۆرانی و فارسی شیعری گوتووە.

پێشەکی *سراجُ‌الطالبین*.

مەلا ئیبراهیمی شێخولیسلام

کوڕی مەلا مستەفا، کوڕی مەلا لوتفوڵای شێخولیسلام، پیاوێکی هێژا لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی شاری سنە و دوایین شێخولیسلامی ئەم زنجیرەیە کە ساڵی ١٣٢٤ ک. م. ئەم پلەیەی پێ دراوە و تا کاتی مەرگ

(١٣٣٢) لەگەڵی بووە.

تاریخ مردوخ.

ئەمینوسسادات

سەید سەعدەدین، ناسراو بە «*اَمینُ السّادات*»، کوڕی سەید موحەممەد سەعید، کوڕی سەید مەهدی، کوڕی سەید ڕەحمەت، کوڕی سەید سەعدی، لە پشتی سەید شێخ ئەحمەدی وەلی (باوە شێخ ئەحمەد) و لە ساداتی حوسەینی «باینچۆ»یە کە لە گوندی «کوچک چەرمگ» ژیاوە و پیاوێکی پارێزکار بووە و ساڵانێکی زۆر، ڕۆژووی دوازدەمانگەی نەفەوتاوە و لە شەونوێژ و عیبادەتی تردا، کیشاویەتەوە سەر باب و کاڵی چاک و پاکی و لەگەڵ ئەوەدا دەسەڵات و ماڵ و سامانێکی زۆر و زەبەندی هەبووە و بۆ میوانداری و دڵاوایی جێی حاتەمی تایی گرتووە.

سەید سەعدەدین زۆر جاران بۆ تاران ڕۆیوە و لەگەڵ پیاوانی ئایینی و دەوڵەتی و ناسراوانی پاتەختدا چاوپێکەوتن و وتوویژی بووە و لە هەموو شوێنێ زۆر ڕێزی لێ گیراوە.

ئەو خوا لێ خۆشبووە سەرەنجام ڕۆژی دووشەمبە ٢٢ی زیحەجەی ساڵی ١٣٣٣ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە و لە گوندی «کوچک چەرمگ»دا نێژراوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من.*

مەلا عەبدولمەجیدی نیەری

عەللامە مەلا عەبدولمەجیدی مودەڕڕیس، خەڵکی ئابادی «نیەر» لە ناوچەی ژاوەرۆیە کە زانایەکی شارەزا بووە و پاش تەواوکردنی دەرس و دەور، لە مزگەوتی دارۆغەی شاری سنەدا ساڵانێکی زۆر دەرسی گوتۆە و حەوتوویەک دوو جاریش کۆڕی مۆچیاری داناوە.

مەلا عەبدولمەجید مرۆیەکی زۆر پارێزکار و بەوەج بووە بە باڵایەکی بەرز و ڕیشێکی سپی و جوانەوە کە سام و شکۆی زۆرتر کردۆتەوە. خەڵک زۆریان ڕێز لێ گرتووە و لە ڕێنوێنییەکانی بەموو لایان نەداوە.

ئەم مامۆستا بەڕێزە، ساڵی ١٣٣٣ ک. م. لە شاری سنەدا ڕووی لە جیهانی‌تر ناوە و لە زیارەتانی «تایلە»دا نێژراوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من.*

شێخ تاهیری مائی

کوڕی مەلا ڕەحمان و برای بچووکی شێخ تاها، لە پیاوانی زانست و ویژەوانی و ئاشنا بە زبان عەرەبی و فارسی بووە کە لە گوندی «مایی» سەر بە ناوچەی بادینان لە باکووری کوردستاندا ژیاوە و ساڵی ١٣٣٣ ک.

م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

شێخ تاهیر شیعر و نووسراوەی بە کوردی و فارسی و عەرەبی زۆر بووە کە زۆربەی پاش مەرگی، لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٤٣دا، فەوتاوە و کەمیان ماوەتەوە؛ یەکیان کتێبێکە بە ناوی «*مِرئاةُالطُّلاّب*»، لە مەڕ داب و دەستووری وتوویژەوە.

الاکراد فی بهدینان، ل ٢١٠.

حوسەینی عەونی

کوڕی عەبدوڵڵا، کوڕی موحەممەد، کوڕی ئەحمەد، زانایەکی هێژایە کە باپیرانی لە کوردستاندا سەودایان کردووە و بابی بۆ بەغدا چووە و حوسەین لەوێ لەدایکبووە و پاش دەرس و دەور، لە نەجەف دادوەری کردووە و ساڵی ١٣٣٤ ک. م. لە ئەعزەمییەی بەغدا دنیای بەجێ‌هێشتووە.

حوسەین عەونی بە عەرەبی و ترکی و فارسی، هێندێک نامیلکەی نووسیوە و چەند کتێبیشی بە عەرەبی لە مەنتیق و مەعانی و بەیان و نەحودا داناوە کە هێندێکیان چاپ کراون.

الاعلام، زرکلی، ب٢، ل٢٧٣.

شێخ نیعمەتوڵای هەزارکانیانی

کوڕی شێخ عەبدولکەریم، لە شێخانی مەردۆخی لقی هەزاکانیانە کە ساڵی ١٢٥٩ ک. م. لەوێ هاتۆتە دنیا. خوێندنی لای بابی دەسپێکردووە و پاشان ماوەیەک لە قوتابخانەکانی سنەدا خوێندوویە و ساڵێکیش لە خزمەتی زانای پایەبەرز، شێخ عەبدولقادری موهاجیر بەهرەی بردووە و ئیجازەی وەرگرتووە. ئەوجار کەوتۆتە گەشت و گەڕان، سلێمانی و ئەستەمبووڵی بینیوە و لە گەڕانەوەدا چۆتە هەولێر و لەوێ گیرساوەتەوە و تا کۆتایی ژیانی (١٣٣٤ ک. م.) لەو شارەدا دەرسی گوتۆتەوە.

شێخ نیعمەتولا پیاوێکی هێژا و بەدین بووە و شەرح و پەراوێزێکی زۆری بۆ کتێبانی دەرسی مەنتیق و ئاداب و عەقاید داناوە و چەند کتێبیشی لە مەڕ هەیئەت و نەحو و سەرفەوە نووسیوە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٢١٦.

فانی سنەیی

مەلا ئەحمەدی شەهید، کوڕی مەلا عەبدولکەریم، لاوێکی هێژا و لێهاتوو بووە کە پاش تەواو کردنی خوێندنی ئایینی، دەرس‌گوتنەوە بە فەقێیانی دەسپێکردووە؛ بەڵام پاش ساڵێک و دوان، یەکەم شەڕی جیهانگر قەوماوە و لەشکری ڕووس هێرشی هێناوەتە سەر ئێران، بەتایبەت کوردستان و تاڵان و ماڵانێکی

تەواوی کردووە. خەڵکی شار و دێهاتیش کە دیویانە دەوڵەت و ئەرتەش هیچ نییە تا شتێک بکا، وەخۆ کەوتوون و بە هەرچی دەسیان کەوتبێ، بۆ جەهادی دژی داگیرکەر، چوونەتە پێشوازیانەوە. یەک لەو دەیان شەڕە، لە ملەی «ئاریز»، لە چەند فرسەقی ڕۆژاوای شاری سنەوە، ڕوویداوە و زۆرێک لە مەلایان و قوتابییەکانیان تێدا بەشدارییان کردووە. مەلا ئەحمەدیش یەک لەو مامۆستا خەباتکارانە بووە کە لە ناوقەدی کێوەکەدا، وەبەر گوللەی دژمن کەوتووە و شەهید بووە (ساڵی ١٣٣٤ ک. م.).

مەلا ئەحمەد شیعریشی گوتووە و بۆ خۆی نازناوی «فانی» داناوە. ئەم غەزەلە هی ئەوە:

تا عطر دو گیسوی تو در انجمن افتاد	صد نقص به بازار گُل اندر چمن افتاد
چون قامت زیبای تو را سرو چمن دید	پایش به گل اندر شد و حیران چو من افتاد
گویید به عطار دگر مُشكِ نساید	كز عطر دهن، مُشكِ خُتن بی‌ثَمن افتاد
جانا تو ببین محفل عشاق و نگه كُن	تا چند كس از حسرت تو بی‌كفن افتاد
مستور نماند كه توی قاتل جمعی	این راز به هر محفل و در هر دهن افتاد
«فانی» كه در این دار فنا گشت از اول	با حلقه‌ی موی تو چنین در محَن افتاد

یاداشتەکانی نووسەر.

عیرفانی سنەیی

زانای تاقانە، حاجی شێخ عەبدولحەمید، نازناو «عیرفان»، کوڕی شێخ عەبدولکەریم، کوڕی شێخ ئەحمەد، لە شێخانی بنەماڵەی بەناوبانگی کانیمشکانی قوسەیرانییە کە لە ١٠ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٧٣ ک. م. لە شاری سنەدا هاتۆتە دنیا و خوێندنی سەرەتایی لای بابی و کاکی (حاجی شێخ موحەممەدی موعتەمەد ئیسلام) دەسپێکردووە؛ ئەوجار بۆ درێژەدانی دەرس و دەور، سنەی بەجێهێشتووە و ماوەیەک لە پێنجوێن، خزمەتی مەلاڕەحمانی پێنجوێنی گەیوە و بەهرەی بردووە و پاشان بۆ بەغدا چووە و چەند ساڵ لای مامۆستایانی ئەو شارە خوێندوویە و ساڵی ١٣٠٥ ک. م. لە دەستی عەللامە حوسەین سەبری، مامۆستای «ئەعزەمییە» ئیجازەی وەرگرتووە. بە شوێن ئەوەدا بۆ حیجاز ڕۆیوە و لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٣٠٦ گەڕاوەتەوە سنە و زیاتر لە ٢٥ ساڵان لە مزگەوت و قوتابخانەی «ڕەشی قەڵابەگی» ئەو شارەدا دەرسی گوتووە و بەرنوێژی کردووە.

خوا لێ خۆشبوو حاجی شێخ عەبدولحەمید، فەقیهێکی هێژا و کەموێنە، وێژەوانێکی کۆڕڕازێن و خۆش‌قسە و دەم پاراو و شاعیر و نووسەرێکی وردبین و خاوەن زەوق بووە کە شیعر و پەخشانی عەرەبی زۆر جوان و ڕەوان نووسیوە و بە کوردی و فارسیش شیعری گوتووە. سەردەمی لاوی، جاروبار سواریی کردووە و دەستی بۆ تفەنگ بردووە و لەم بوارەشدا لێهاتوو بووە. چەند جار خزمەتی شێخ عەلی

حوسامەدین گەیشتووە و لە مریدانی هاتۆتە ئەژمار. کتێب و نووسراوە و پەراوێزی زۆری داناوە کە بەداخەوە زۆربەی فەوتاوە و زۆر کەمی ماوە.

عیرفان لە سەردەمی شەری یەکەمی جیهانی و کاتی هێرشی تاونەتاوی ڕووسان بۆ سەر شاری سنە، بارئەکات بۆ گوندی «ڕەزاو» لە هەورامان؛ بەڵام هێندەی پێ ناچێ نەخۆش دەکەوێ و ڕۆژی پێنجشەمبە ٢٦ی شابانی ساڵی ١٣٣٤ ک. م. کۆچ و باری بەرەو دنیای هەتاهەتایی دەگوێزێتەوە.

ئەمەش چەند شیعری عیرفان:

ای ساخته ز مهر دل انور آینه — دیده در او هر آنچه درآید در آینه
در فکرتت بود صور عقل و حس عیان — مانا که فکرت تو بود دیگر آینه
آیینه گر مثال نماید بدیع نیست — عین وجود راست دلت مظهر آینه
آیینه را مدیح چه گویی که اوفتاد — از عکس مهر طبع تو پشت سر آینه
کی دیدەای برابر هر بدگهر شود — صافی ضمیر خویش چو بدگوهر آینه
در پای همت تو کمین پایه آسمان — در پیش فکرت تو کهین چاکر آینه
چون آفتاب طبع تو تابد، فتد ز برق — آتش به خرمن رخ مەمنظر آینه
اشراقیان اگر به ضمیرت نظر کنند — منکر شوند سادەی صورتگر آینه
اعمال زشت غیر نبینی به چشم از آن — کاخلاق نیک خود بودت بهتر آینه

لە شەڕی نێوان شێخ مەحموودی نەمر و عرووساندا، شێخ دەستێکی باشیان لێ دەگوێزێتەوە و شکستێکی تەواویان بەسەردا دێنێ. عیرفان بەم بۆنەوە قەسیدەیەکی گەورەی، دەوری ٧٥ بەیت هۆنیوەتەوە؛ کە ئەم چەند بەیتەی لێ دەخوێنینەوە:

حَبَّذا فَیْلَقٌ وَ حَبَّ اللّواءُ — حِزْبُ حَقٍّ یَهابُهُ الأعداءُ
رایة کالْعقاب یَخْفقُ مِنْ هزَّ — تِه النَّسْرُ فی السَّما و السَّماءُ
فَیْلَقٌ کاللُّیوث یَوْمَ نزال — أسْدُ غاب فَرِیُسهَا الرُّوساءُ
رُجَّتِ الاَرْضُ مِنْ سُیُول خُیُول — ضاقَ عَنْها الفَلا وَ ضاقَ الفَضاءُ
رَکْبُ خَیْل یَوْمَ اللّقاء «أشدّا — ءُ عَلَی الکُفْر بَیْنَهم رُحَماءُ»
خَیْلُ رَکْب بَرُّوا و کَرّوا و جَرّوا — فتْیَةٌ فی الوغی لَهُمْ بَأساءُ
یا لَقَوم سَلُّوا السُّیُوفَ فَمنْهُم — سُعداءٌ وَ مِنهُمْ شُهَداءُ
جاهَدوا الإنجلیزَ و الرُّوسَ حتّی — مِنْ دماهُمْ قَدْ سالَت البَطحاءُ
تَرکوهُمْ قَتْلی وَ جَرْحی وَ طَرْحی — وَ قَناسیلهم لَهُمْ اُسَراءُ
اَو قَدوالنّارَ فی فَیالق عُبّا — دالصَّلیب کَأنَّها سَیْناءُ

يـا لَهـا مـنْ كَتيبــة قادَهَــا القَــرْ   مُ الّــذى اسْتَأْنَـسَتْ بــه الأحْيــاءُ
قَـرْمٌ اجـدادُهُ شُـمُوسُ سَـمَا الفَـضْـ   ــل وَ كُـلُّ الـورى لَهُـمْ حرْبـاءُ
فَـرْعُ سَـعْد نَمـا مـنْ أصْـل سَـعيد   طـابَ مـنْ طيـب أصْـله الـسُّعَداءُ
هُـوَ «مَحمـودٌ» إذ صُـنُوفُ البَرايـا   حَمدَتْــهُ لاســيَّما الْكُمَــلاءُ
وَرثَ المجَـدَ وَ المكـارمَ و الـسّو   دَدَ و الْجُــودَ و الْعــدى شُــهَداءُ
سـاسَ أمْـرَ الْمُجاهـدينَ معَ الـرّو   س النّحُـوس الـذى اعْتَـراهُ الـبلاءُ
قُـرءَتْ مـنْ حُـسامه سُـورةُ الْفَتـ   ــح وَ قَـدْ جَـوَّدَت بهَـا القُـرّاءُ
تُليَــتْ مــنْ لوائــه آيَــةُ النَّــصـ   ــر وَ قَـد أفْـصَحَتْ بهَـا الْخُطَبـاءُ

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

يــا هُمامــاً إلَيْــه شُــدَّ الرّحــالُ   وَ نَوَتْـــهُ الْقَوافـــلُ الـــشَّعْثاءُ
لَـمْ تَـزَلْ ناصـراً لـدين النبـىّ الْـ   ـمُـصطَفى وَ المَـوْلى لَـكَ الْوَقّـاءُ
دُمْـتَ بـالعزّ مـابقى اللّيْـلُ تَغْـشى   و عقيـب الـدُّجى تجَلّـى الـضيّاءُ
عــش عَزيــزاً يَفُــزْ بــكَ الْفُقَــراءُ   دُمْ كَريمــاً يَفُــزْ بــكَ الــضُّعَفاءُ
وَ اغْنم الْمَدْحَ إنَّ فـى مَـدْح «عرْفا   نــكَ» بــالحَقّ تاهَــت العُرَفــاءُ

جارێک دۆستێکی بە سەرو چاو و گەردنی بریندارەوە دەچێتە لای. عیرفـان هـۆی برینـدار بـوونی لـێ دەپرسێ، جواب دەداتەوە: ژنەکەم ـ کە ناوی «ساحیبە» بووە ـ لێی‌داوم و دەری‌کردووم! ئەمیش دەسبەجێ ئەم دوو بەیتەی پێدا دەڵێ:

يـا ضَـرْبَـة مـنْ ذات لَطْـم غَـدَتْ   كـــاتبَــــة وَ لَيْـــسَت الكاتبَـــه
قَـــدْ رَسَـــمَتْ بعارضَـــىْ بَعْلهـــا   هــذا جَــزا عَبْــد عَـصى صـاحبَه

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

ئایشەی تورجانی

خاتوونێکی زانا و هێژا، کچی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی (تورجانی) بووە کـە لـە خزمـەتی بابیـدا ئەوپـەڕی بەهرەی بردووە و لە هەموو زانستە باوەکانی دەورانی خۆیدا، شارەزاییەکی تەواوی دەسکەوتووە و ئیجـازەی وەرگرتووە و پاش ئەوە تا دواکاتی ژیانی، بە چینی ژنان و هەروەها کوڕانی خزم و کەس و کـاری، دەرسـی گوتووە و ڕایانی هێناوە.

ئایشە خاتوونی تورجانی، خاوەن هـۆش و بیرێکـی تیـژ و زەیـن و زەوقێکـی بەقـەوەت بـووە و بـەهۆی تێکۆشانی بەردەوامیەوە، گەیشتۆتە ڕادەیەک، کەم مامۆستا توانیویە کێشەی لەگەڵدا بکا. تەنانـەت براکـانی

(مەلا حوسەین و مەلا حەسەن) کە هەکیان لە پیاوانی هێژا و خاوەن زانست بووگن، لە زیرەکی و بڕشت و زانیاریدا، ئەویان لە خۆ سەرتر دیوە.

ئەم خاتوونە لە نیوەی یەکەمی چەرخی چاردەدا ژیاوە.

جونگێکی بنەماڵەی تورجانی.

نەجمی

شێخ موحەممەد، کوڕی شێخ نەجمەدین، کوڕی شێخ عومەر زیائەدین، لە ئابادی بیارە هاتۆتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی تەواو کردووە و ساڵی ١٣٣٥ ک. م. لە تافی لاویدا، دنیای بەجێ‌هێشتووە.

شێخ موحەممەد مرۆیەکی هێژا و خاوەن زانست و تێگەیشتوو بووە و شیعریشی گوتووە و نازناوی «نەجمی» هەڵبژاردووە؛ ئەم غەزەلە هی ئەوە:

چو آن مَه دلبری دیگر نباشد — وگر باشد مرا دلبر نباشد
کُنم قربان وی این جان ناچیز — مرا جز این هوس در سر نباشد
از اینجا رفت و من افتادەام زار — چو مرغم حیف بال و پر نباشد
نباید زندگانی گفت عمری — کە یار نازنین در بر نباشد
گرفتارم بە دردی سخت و جانکاه — کَسَم جُز لُطف حق یاور نباشد
تحمّل چون کنم این رنج هجران — گرم فریادرس داور نباشد
مرا گنجی است از فقر و قناعت — چە باک است ار زر و زیور نباشد
جز آن پیر بزرگم دستگیری — در این ویرانە بیوم و بر نباشد
امیدم گوشەی چشمی است از وی — کە غیر از وی مرا سرور نباشد
تو خود جانا مرا گە مهتری کُن — چو «نجمی» جانفدا کهتر نباشد

یادی مەردان، ب٢، ل ٢٨٥. جونگێکی دەسنووس.

شێخ موحەممەدی ئەبولوەفا

عەللامە شێخ موحەممەدی ئەبولوەفا، لە کوردانی ساباڵاغ (مەهابادی ئێستا)، زانایەکی هێژا و دیندار بووە کە بۆ خوێندن و فێر بوون، تا قاهیرە چووە و لە «رَواقُ‌الاکراد[1]»ی ئەزهەردا، وەکوو قوتابی دامەزراوە و ساڵی ١٣٠٤ ک. م. بۆخۆی ئەو شوێنەی سەرپەرشتی کردووە و تا دوارۆژی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٣٥ ک. م. کە لە

١. **رواقُ الأكرادُ الايوبيّه:** بەشێک لە زانستگای ئەزهەری قاهیرە کە لە سەردەمی ئەیوبییەکانەوە بۆ کورد تایبەت کرا.

دنیا چووە، ئەم مەقامەی هەبووە.

شێخ موحەممەد، بەو بۆنەوە کە لە سلێمانی خوێندوویە و ماوەیەک لەو شارە ژیاوە، بە «سلێمانیەیی» ناوبانگی دەرکردووە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٢١.

حەمدی سلێمانی

مەلا حەمدوون، نازناو «حەمدی»، شاعیرێکی توانا و دەمپاراو، لە چاو بێبەش، بەڵام خاوەن بیرێکی تیژ بووە و قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە و بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە.

مەلا حەمدوون لە کۆتایی ژیانیدا سەفەرێکی ئەستەمبووڵ دەکا و فێری ترکیش دەبێ و هەر لەوێ، ساڵی ١٣٣٥ ک. م. لە تەمەنی ٦٥ ساڵاندا، سەر دەنێتەوە.

ئەم شیعرە بەشێک لە قەسیدەیەکی دوور و درێژە کە سەبارەت بە یەکەم شەڕی جیهانی گوتوویە:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە دونیا شڵەژاوە — هەرکەس بە جەخارێ جگەری قیمە کراوە
دونیا پڕی ئاشووبە، خەلایق بە عومومی — ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی جونبوشی ئاوە
وەک تەرزە ئەبارێ بە هەموو دەم ئەسەف و غەم — هەوری غەزەب و قەهری خودا توند و بەتاوە
ئەو وەزعە کە ناوی بە «سەفەربەر» ئەبەن ئەمڕۆ — فەرمانی بە خوێن ڕشتنی ئەم عالەمە داوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەرکەس بە سیاقێ — کەوتووتە کەشاکەش بە قومادەی ئومەراوە
جەندەرمە ئەسووڕێتەوە وەک واشەیی برسی — بۆ لاشەیی میللەت بە فڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرەکەر و قاتر و یابوو — حوشتر سەقەت و شەل بووە، گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نییە حەتتا لە بەهارا — ترسی هەیە نەک بیخەنە ژێر باری قەزاوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر — ئەم عەرسەیی ئافاقە ئەڵێی حەڵقەیی داوە
نیک و بەدی ئەم عالەمی ئیسلامە بەجارێ — کەوتوونەتە ژێر حەڵقەیی زەنجیری بەڵاوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و موسیبەت — مێشوولە مەجالی نییە بفڕێ بە هەواوە
ئەم زاڵمی سەفاکی سەفەربەر لکە ئەمڕۆ — نامەی فەرەحی داوە بە دەم بادی سەباوە
دەشت و جەبەل و شیو و جەزیرەی هەموو دونیا — گوڵ-گوڵ بووە سەر پاکی بە خوێنی شوهەداوە
تەییارە بە ئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم — جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەزی باوە
باڵۆنی هەڵۆشێوە لەگەڵ دێتە بزووتن — عالەم لە نەزەریایە، دەڵێی پۆری خوراوە
ئەم جووتە بەلازادەیی باڵندەیە ئەمڕۆ — سەییارەیە، سەییالەیی بەرقی بەهەواوە
بەرق و غەزەبی دانە و نارنجەک و بومبا — ئاگر ئەپژێنێ بە زەمیندا لە سەماوە

لەو ڕۆژەوە دونیا هەیە تا ئەم دەمە بێ‌شەک
مەغلووبەیی بەم غایەتە نەبووە و نەکراوە
بنچینەیی دەرکەوتووە ئاساری شەریعەت
یەک‌سەر هەرەسی بردووە تانێکی نەماوە
ئەم دینە لە پێشا وەکوو زەمزەم بوو بە ڕوونی
هیچ غەششی نەبوو ئێستە دەڵێی لێڵی قوڕاوە
یارەببی لەبەر خاتری پەیغەمبەرەکەی خۆت
ڕەحمێ بکە بەم کۆمەڵی ئیسلامە کە ماوە
لەت ـ لەت بووە بەم چەکوشە سەعاتی دڵی عالەم
ڕەققاس و جەر و زەمبەرەک و چەرخی سواوە
«حەمدی» دڵی یەخسیری فەرەنگی غەمە
بەربوونی بە بەربوونی گرۆی بەسرە و فاوە

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل۲۳- ۲٦.

شێخ عەبدوڕڕەحمانی قەرەداغی

شێخ ئەبوو موحەممەد، عەبدوڕڕەحمان، کوڕی شێخ موحەممەدی «ابنُ‌الخیّاط»، ساڵی ۱۲۵۳ ک. م. لە قەرەداغی سەر بە سلێمانی لەدایک‌بووە و زۆرتر لای بابی خوێندوویە. لە تەمەنی ۲۱ ساڵاندا بۆ بەغدا چووە و لەوێ ماوەیەک لە خزمەتی عەللامە موحەممەد ئەفەندی فەیز (موفتی زەهاوی) خوێندوویە و ئیجازەی وەرگرتووە. ساڵی ۱۲۷٦ ک. م. دەگەڕێتەوە قەرەداغ و هێندێک لەودوا بۆ گوندی «تەوێڵێ» دەچێ و لە بەردەستی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندیدا، تۆبە دەکا و دەچێتە نێو تەریقەتەوە و بە فەرمانی مورشید، سەرەتێک دەمێنێتەوە تا بەشی خۆی وەردەگرێ؛ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی. ساڵی ۱۲۹۹ ک. م. بۆ کەرکووک دەڕوا و لەو شارە چوار ساڵ دەمێنێتەوە و دەرس‌دەڵێتەوە. ساڵی ۱۳۰۳، لەسەر داخوازی والی بەغدا، کەرکووک بەجێ‌دێڵێ و لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ و تا کۆتایی ژیان (۱۳۳۵ ک. م.) لەوێ بە نووسین و دەرس‌گوتنەوەوە خەریک دەبێ و زۆرێک لە مامۆستایانی هێژا، لە کۆڕی دەرسی ئیجازە وەردەگرن.

شێخەوڕڕەحمان کتێبی زۆری نووسیوە کە هێندێکیان بریتین لە:

١. «*دقایقُ‌الحقایق*»، لە نەحودا
٢. «*الایقاظ*»، شەرحی نامیلکەی «*وضع‌الفاظ*»
٣. «*مواهبُ‌الرَّحمن*»، لە بەیاندا
٤. «*مُلَخَّصُ الاقوال*»، لەمەڕ کێشەی خەلقی کردەوە و کارەوە
٥.«*اَسنی المَطالب*»، لە باسی زانستی واجیبدا
٦. «*تُحفةُاللَّبیب*»، لە مەنتیقدا
٧. «*تبیان*»، باسی ناسخ و مەنسووخ لە قورئاندا
٨. «*اَلأَجوبَةُ البَهیّة*»
٩. «*اَلتَحقیقُ العالی*»، شەرحی قەسیدەی «*اَمالی*»، لە کەلامدا

١٠. «*مَنهَجُ‌الوصول*»، لە ئوسوولی فیقهـدا

١١. «*تنبیه‌الاصدقاء*»، باسی «تقلید» و «اجتهاد» و «استفتاء» و «افتاء». ئـەم کتێبـە لـە ساڵـی ١٣١٦ ک. م. نووسراوە و ساڵی ١٣٣٠، لە سەردەمی ژیانی نووسەریدا، چاپ کراوە.

پێشەکی *تنبیه‌الاصدقاء*. *تاریخ سُلَیمانیّه*، ل٢٦٢.

الاعلام، ب٤، ل١١٠. *مشاهیر الکُرد*، ب٢، ل١١ و ١٢.

قازی عەبدولفەتاح

ناسراو بە «افتخارُالشَّریعه»، کوڕی مەلا موحەممەد ڕەزا، خەڵکی گوندی «پاڵنگان» لە ناوچـەی ژاوەڕۆیـە کـە پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، بۆ بەغدا چووە و ماوەیەک لە خزمەتی مەلا موحەممـەد سـەعید، کـوڕی عەبدولقادری نەقشبەندی، مامۆستای مەدرەسەی ئەعزەمییە بەهرەی بردووە و ئیجازەی وەرگرتووە و ساڵی ١٣٠٠ ک. م. کۆچی کردۆتە شاری سنە.

قازی فەتاح پیاوێکی هێژا بووە و چەند ساڵان دادوەری کردووە؛ بە خەتی جوانی خۆی، زۆرێـک کتـێبی نووسیوەتەوە و سەرەنجام لە ٢٥ی زیقەعدەی ساڵی ١٣٣٥ ک. م. لە ئابادی ماسـان، لـە باشـووری شـاری سنە، دنیای بەجێ‌هێشتووە و هەر لەوێیان ناشتووە.

یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا حوسەینی تورجانی

مەلا موحەممەد حوسەین، کوڕی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، لە مامۆستایانی هێـژا و ناسـراوی ڕۆژگاری خۆی بووە کە خوێندنی لای بابیەوە تەواو کردووە و ئەوجار دەرس‌گوتنەوەی دەسپێکردووە.

مەلا حوسەین چەند کتێبیـشی نووسـیوە؛ یەکـەم: «*مُصطلحات علمُ‌الحدیث*»، دووهـەم: لـە نـەحو و سێهەمین لە حیکمەت و خواناسیدا.

زا و مەرگی ئەم مامۆستایە، ساڵانی ١٢٧٨ و ١٣٣٥ ک. م. ڕووی‌داوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

عارف سائیب

کوڕی مەلا قادر، ساڵی ١٣٠٧ ک. م. لە شاری سلێمانی هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێنـدی. پاشـان گەیـشتە هەولێر و وەکوو قوتابی لە فێرگەی ڕاهێنانی دادوەران ڕاگیرا و لە ئەزموونەکەیدا سەرکەوت و کرا بە قازی لە شاربازێڕدا. دوایی چەند ئیشی تریشی کرد؛ ساڵـی ١٣٣٤ بـووە ئینـشابەندی تایبـەتی شـێخ مـەحموودی

مەلیک و ساڵێک لەودوا (١٣٣٥) لە گوندی «قەرەچنار» شەهید کرا.

عارف سائیب نووسەرێکی زیرەک و بیرمەند و شاعیرێکی خۆش زەوق و دەم پاراو بووە؛ دیوانێک لە شیعرەکانی کۆ بۆتەوە کە دوای شەهید بوونی لەناو چووە. لەم سێ بەیتەدا باسی حاڵی شڕی خۆی دەکا کە چۆن لە دەستی جەندرمەی ترک، گەیشتۆتە گیانی:

کافر بەزەوی دێتەوە بەم حاڵە پەشێوە   وا دەربەدەر و قوڕبەسەر و تووشی بەلا خۆم
بۆ شاری سولەیمانیە فەریاد و فوغانم   دایم لە خەیاڵ و غەم و تەبدیلی هەوا خۆم
کەوتوومەتە ناو تاقمی جەندەرمە خوا مەرگ   دوچاری هەزار دەردیسەر و قەهر و سزا خۆم

تاریخ سُلیمانیّە، ل ٢٦١. *شیعر و ئەدەبیاتی کوردی*، ڕەفیق حیلمی.

مەلا ڕەحمەتی گوڵ

مەلا ڕەحمەتوڵلا، کوڕی ئەحمەد، کوڕی مستەفا، لە هۆزی گوڵ، نیشتەجێی ئابادی «قەرەبلاغ»ی لای کەرکووک، مرۆیەکی هێژا و تێگەیشتوو بووە و زیاد لە زمانی خۆی، بە عەرەبی و ترکی و فارسیش شیعری گوتووە و زۆربەی شیعرەکانی ناڵە و زاڵە لە دەستی ناحەقیکاری کاربەدەستانی عوسمانی و لێقەوماوی و داماوی گەلە بەستەزمانە بێ دەرەتانەکەی بووە.

مەلا ڕەحمەت ساڵی ١٣٣٦ ک. م. هەر لە زێدی خۆی، کۆچی دوایی کردووە.

گۆڤاری *دەنگی گیتی تازە*، س٣، ژ١٩، ل ٤٠٦.

مەلا عەبدولکەریمی سنەیی

حاجی مەلا عەبدولکەریم لە پشتی مەلا عەباسی کوڕی مەولانا گوشایشی مەردۆخی و لە پیاوە ناسراوەکانی شاری سنەیە کە ماوەیەک بۆ خوێندن، بەرەو غوربەت چووە و دوای وەرگرتنی ئیجازە، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و لە مزگەوتی فاروقی، ساڵانێکی زۆر دەرسی گوتۆتەوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٣٦ ک. م. لە دنیا چووە.

خوا لێ خۆشبوو مەلا عەبدولکەریم، خۆشنووسێکی لەزەبر بووە و زۆرێک کتێبی بە خەتی نەسخ و نەستەعلیق نووسیوەتەوە. بۆخۆشی دوو کتێبی داناوە:

١. دەورەیەک فیقهـ و ئەحکامی ئیسلامی، بە گوێرەی ڕێبازی ئیمام شافیعی، بە زبانی فارسی

٢. نامیلکەیەک لە قەرائەت و تەجویددا

مامۆستا سێ کوڕی هێژای بووە: مەلا عەلی شەکیبا، مامۆستای قوتابخانەی فاروقی، مەلا حەسەنی شەکیبا، سەرپەرشتی پەروەردەی کوردستان و هەمەدان و کرماشان و مەلا حەسەنی شەکیبا، کە ماوەیەک مامۆستای مەدرەسە بوو؛ دواجار کتێبفرۆشییەکی باشی لە سنە دانا.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ ئیسمایلی مەجزووب

حاجی شێخ ئیسمایل، کوڕی شێخ شەهابەدین، کوڕی شێخ موحەممەد ئەمین، لە تۆرەمەی حاجی شێخ مستەفای تەختە، عارفێکی زانا بووە کە لە سنەدا ژیاوە و لای پیری تەریقەت، حاجی شێخ حەمە باقری غەیاسی تۆبەی کردووە و ساڵانێکی زۆری بە زیکر و فیکر و عیبادەت و ڕاهێنانی مریدان ڕایبواردووە و تا ڕادەیەک نوقمی عیرفانەکەی بووە و حاڵی لێ هاتووە کە «مەجزووب»یان پێ گوتووە.

کۆچی یەکجاری ئەو ڕەحمەتییە، دەوری ساڵی ١٣٣٦ ک. م. ڕوویداوە.

تاریخچەی خاندان مردوخ.

فائیز ئەفەندی بەرزنجی

سەید ئەحمەد ناسراو بە فائیز ئەفەندی، کوڕی سەید مەحموود، کوڕی سەید ئەحمەد، کوڕی «عبدُالصَّمد فضل‌الدّین»، کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیی سەعدانی، ساڵی ١٢٥٨ ک. م. هاتۆتە دنیا و خوێندنی لای عەللامە مەلا ئەحمەدی نۆدشی و سەید مستەفا بەرزنجی و ئەحمەد ئەفەندی پیر حوسەینی (موفتی سلێمانی) تەواو کردووە و بەدوویدا چەند کاری، لە دەرس‌گوتنەوە تا دادوەری، لە شارانی کۆیە، کووت، کەربەلا و مووسڵ و ... لە ئەستۆ گرتووە و دوایین پیشەی ئەندامەتی کۆڕی گەورەی پەروەردە لە ئەستەمبووڵ بووە و هەر بەم ئیشەوە، ساڵی ١٣٣٦ ک. م. لە دنیا چووە.

فائیز ئەفەندی نووسەرێکی زانا و وێژەوان بووە و زۆرێک کتێبی نووسیوە؛ کە هێندێکیان بریتین لە:

١. «*روضةُالازهار فی شَرح غایةُالاختصار*»، لە فیقهدا، بە فارسی.

٢. «*خلاصةُالعَقیده*»، لە ئوسوولی دیندا، بە عەرەبی

٣. «*إرشادُ العباد الی صَحیح الاعتقاد*»

٤. «*أنْفَس الفوائد*»، لە کەلامدا

٥. «*خیرُالاَثر*»، لە پەسنی پێغەمبەردا (د)

٦. «*اَلسَّیفُ المَسلوُل*»، لەمەڕ باب و کاڵی پێغەمبەرەوە (د)

٧. «*تُحفَةُالاخوان*»، لە مەعانی و بەیاندا

٨. «*اَلبدرُالکامل*»، باسی بەکارچوون و لق لێبوونەوەی وشە

٩. «*اَلحَمیدیّه*»، لە سەرف و نەحودا، بە ترکی

١٠. «*اَلدُّرُّ المنطوم فی ایضاحِ ما یَشتَملُ عَلی سَبْعَةِ عُلُوم*»

١١. «*زُبدَةُ الامال*»، لەمەر بنەماڵەی پێغەمبەری مەزن (د)

١٢. «*السّحرُ الحلال فی تعریفات العُلوم*»، کە لە ئەستەمبووڵ چاپ کراوە
١٣. «*کُنزُاللّسین*»، کە بریەتی لە ١١ خشتەیە و هەر خشتەیەک لە مەرِ زانستێکەوە

هـدیّـةالعـارفین، ب١، ل١٩٣. *الاعـلام*، ب١، ل١٨٣.
تاریخ سُلیمانیّە، ل٢٣٦. *ایضاحُ المَکنون*، ب١ ل١٣٥ و ١٣٦.

تاهیر بەگ

کوڕی عوسمان پاشا[١]، کوڕی موحەممەد پاشا، کوڕی کەیخوسرەو بەگی جاف[٢]، ساڵی ١٢٩٥ ک. م. لە شاری هەڵەبجە هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی فارسی و عەرەبی دەسپێکرد و لەودوا بۆ شوێنگرتنی دەرس و دەوری ئایینی و ئەدەبی، ماوەیەکی لە کەرکووک و سلێمانی تێپەڕ کرد.

تاهیر بەگ لە ویژەوانیدا زەوق و لێهاتوویەکی بێدادی بووە و هەر لە سەرەتای لاوییەوە، شیعری شاعیرانی کورد و فارسی زۆر خۆێندووە و بۆخۆشی شیعری گوتووە. دواییش کە بۆتە فەرمانداری هەڵەبجە، هەر دەستی لە خوێندن بەرنەداوە و کۆڕی شاعیران و وێژەوانانی هاوچەرخی خۆی تەرک نەکردووە. جارو بارەش شیعرێکی گوتووە و نازناوی «تاهیر»ی بۆخۆی داناوە. بێجگە زبانی کوردی، شارەزای عەرەبی و فارسی و ترکی و ئینگلیسیش بووە و نەختێک فەڕانسەشی زانیوە. شیعری زۆری بە سێ زبانی کوردی (سۆرانی و گۆرانی)، فارسی و ترکی گوتووە کە زۆربەیان فەوتاون و تەنیا دیوانێکی چکۆلەلێ ماوەتەوە کە جارێک ساڵی ١٣٥٥ ک. م. لە بەغدا و جارێکی تر ساڵی ١٣٥٧ لە سلێمانی چاپ کراوە.

تاهیر بەگ سەرەنجام ساڵی ١٣٣٧ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە و لە گوندی «عەبابەیلێ»، نیو فرسەقی شاری سلێمانییان ناشتووە.

چەند شیعری تاهیر بەگ:

قوربانی ڕوخت بم کە شکستی بە قەمەر دا — حەیرانی لەبت بم کە ڕەواجی بە شەکەر دا
هەر لەحزە ئەدەی وەعدەیی وەسڵ و نییە ئەسڵی — کارت وەکوو دونیایە هەر ئەمڕۆیە بە فەردا
مەقسوودی لەسەرکوشتنی عوشـشاقی زەعیفە — وەختێ کە دەکا خەنجەری تێژی بە کەمەردا
هەرچەند دەکەم سەعی لەبەر خوێنی سوروشکم — خاکێ نییە بیکەم بە هەوەس گاهێ بەسەردا

---

١. دایکی تاهیر بەگ، عادڵە خاتوون، کچی قادر بەگی ساحیبقەران، لە ژنانی هێژای دەورانی خۆی بووە و ماوەیەک لە شاری سنەدا ژیاوە و تاهیر بەگ زۆر جاران بۆ چاوپێکەوتنی دایکی، سەری لە سنە داوە و بەو بۆنەوە زبانی فارسی فێر بووە و شیعری فارسی باشتر ناسیووە.

٢. عەشرەتی جاف لە تایفە گەورەکانی کوردە کە پێشتر کۆچەر بوون و بوونەتە دوو دەستەوە: جافی مورادی لە ڕۆژاوا و جافی جوانرۆ لە ڕۆژهەلات.

ناحەق نییە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحەممول
سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا
دڵ ڕۆیشتووە قوربان! لە وجوودم بە خەیاڵت
دایم لە سەفەردایە ئەگەرچی لە حەزەردا
مەیلت هەیە «تاهیر» کە بپرسی لە برینم؟
بڕوانە کە ئەم شۆخە چ تیری لە جگەردا!

* * *

فدای ڕوخساری ئاڵت بم دەڵێی خورشیدی تابانە
بەلاگەردانی بالآت بم دەڵێی شمشادی بوستانە
لە سایەی تیغی ئەبرووی تۆ لە ڕۆژی حەشردا جانا!
بِحَمْدِاللّه حیسابی من لەگەڵ جەمعی شەهیدانە
لە ئاهم گەر بسووتێ ئاسمان باوەڕ بکەن ئەمشەو
ئیتر یاران چە باکم من لە سەردی فەسڵی زستانە
کە زوڵفی عارزی پۆشی، وتم: یا ڕەب چ سحرێکە؟
لە لایەک زوڵمەتی کوفرە لە لایێ نووری ئیمانە
دەبێ کاول بێ موڵکی دڵ بە تاراجی سپاهی غەم
هەتا شاهەنشەهی عشقت لەوێدا میسلی سوڵتانە
بە دەس بادی سەبا چونکە پەشێوا نەزمی زولفانت
منی چارە سیا بۆیە هەموو نەزمم پەرێشانە
مەکەن تیماری زەخمی جەرگی «تاهیر» ئەی تەبیب ئاخر
بزانن تا لە حەشرا ئەو شەهیدی تیری موژگانە

* * *

موقەددەر گەر نەبێ ئاخر لە میهری مەهـ ڕووخانم چی
لە ناڵەناڵی نیوەی شەو لە ئاهی بەربەیانم چی
نیشانەی ئیفتخاری من لە سینەم داغی هیجرانە
بڕو ئەی ناسحی موشفق لە ڕوتبە یا نیشانم چی
لە بازاری مەحەببەت موشتەری هەر نەوعە جنسێکم
بەسە من هەر خەریدارم لە سوود یاخۆ زیانم چی
غەرەز وابوو موقابیل کەم لەگەڵ گوڵ، ڕەنگی ڕوخسارت
وەگەرنە بێ قەدی سەروت لە سەیری گوڵستانم چی
کە من میحرابی ئەبرووی تۆ هەمیشە سوجدەگاهم بێ
ئیتر وەک زاهدی خودبین لە میعادی جنانم چی
شەوم وەک ڕۆژی ڕووناکە لە شوعلەی ڕوومەتی ئاڵت
لە سەیری شەوقی سەییارە و لە ماهی ئاسمانم چی
بە نەیرەنگی فەڵەک جانا لە دڵما دەرنەچوو میهرت
کە من یەکڕەنگ و یەکنەوعم لە تەبدیلی زەمانم چی
وتم: بێ ئالەتی کوشتن مەکە تۆ قەسدی جانی من
وتی: من خاوەنی غەمزەم لە شمشێر و کەمانم چی
بە من قەت نادرێ تەفسیری ئایاتی سەری کوڵمت
مەحاڵە «تاهیرا» شەرحی، لە تەفسیر و بەیانم چی

* * *

تا بە کەی قوربان بناڵم من بە ئێش و دەردەوە
دەس بە ئەژنۆ، قوڕ بەسەر، دایم بە ڕەنگی زەردەوە
ڕۆژی ئەووەڵ بوو کە زانیم من ئەبێ دێوانە بم
عاشقی تۆم، نەوعی مەجنوون وا بە کێو و هەردەوە
مەرحەمەت کە زوو بڕۆ قاسید بڵێ دەردی دڵم
نازی پاپۆشت ئەکێشم من بە تۆز و گەردەوە
هەر وەکوو قەوس و قەزەح با دەس لە گەردەن دانشین
تۆ بە سوخمەی ئاڵ و سوور و من بە ڕەنگی زەردەوە
یەکنەفەس چاکی نەهێنا کەعبەتەینی بەختەکەم
شەش‌دەرم گیراوە داماوم بە دەستی نەردەوە
ئیلتماسی «تاهیر»ی بێچارە قەت سوودی نییە
تۆ کە دایم شەڕفرۆشی بەو دڵەی وەک بەردەوە

دونیا که هەموو لـەحزە بـە مەعـشوقی کەسێکە　　بنـوارە کـە چـەن قەحبـە؟ چ کۆنەتەرەسـێکە!
عالەم هەموو وەک تەیرە، تەمەع دانە، ئەمـەل داو　　سـەییادە ئەجـەل، ساحەتی دونیـا قەفەسـێکە
لەم حوجرەیی شەش گوشە کە ڕێ مەعبەری عامە　　یارەب چییە؟ هەرکەس بـە هـەواو و هەوەسێکە
سـەد قافـڵە ڕابـورد و ئـەتۆ غافـڵی ئـەی دڵ!　　گوێ بگرە لە هەر لایـێ کـە نالـەی جەرەسێکە
شادی و غەم و ئەندوهـ چییە؟ هەر زەحمەت و ڕەنجـە　　ئیقباڵ و زەواڵیش بە خودا هـەر نەفـەسێکە
«تـاهیر» مەبـە ئـازوردە، زەمـان عـادەتی جـەورە　　دونیـا کـە هـەموو ڕۆژێ ژنی بولهەوەسێکە

* * *

یـــاران! فـــەرهادم، یـــاران فـــەرهادم　　جانـــشین خـــاس قـــەوم فـــەرهادم
ئـــەورۆ کـــە فـــەرهاد پۆشـــانۆ کەفـــەن　　ئـــەرواش کـــەرد فـــدای شـــیرین ئەرمـــەن
پەرسـا نـام یـەک یـەک دەروون پـڕدەردان　　هـــەردەگێلانان، هەناســـەســـەردان
وەیـــس و ڕامـــین و مـــەجنوون غـــەمبار　　یـەکسـەر تەعـداد کـەرد ئـەو ڕۆژ شـومار
وات کـێ بـۆ لایـق پـەی مـەقام مـن؟　　گـوم نـەبو تـا حەشـر سـەودای نـام مـن
مـن کـەرد گوزیـدە پـەی وارسـی وێـش　　سـپەردش وە مـن کـالای ئـێش و نـێش
شـێتی و مەدهوشـی و وێـڵی سـەرکێوان　　عـــەزاب دووری دەرد بـــێدەرمـــان
بـێخـورد و خـاوی، سـەودای ئیـشتیاق　　ئـــاگری هیجـــران، زووخـــاوی فـــیراق
نویـسا نـە دەفتـەر وە هـوون زامـان　　یەک یەک پەرێ مـن هـەرچێ پـێش ئامـان
وات: یـا سەرمەشـقەن پـەی تـۆ بـزانی　　ئیـسمت مەشـهوور بـۆ فـەرهاد سـانی!
یـاران فـەرهاد مـەرد وە ناکامـەوە　　پـەری ئـاخ و داخ مـن هـەر مامـەوە
شـەرت بـۆ چـون فـەرهاد شـێت دەروە دەر　　وێم کـەم وە سـەرگەرد خـالان دڵـبەر
بـەڵ وێنـەی فـەرهاد دێوانـەی شـیرین　　خەلاس بم جـە دەس ئـی دونیـای نـەنگین
یـە «تـاهیر» واتـەن، دەروون پـڕ جـە غـەم　　زامـش جـە زامـان فـەرهاد نییـەن کـەم

* * *

شەماڵ! یـار نـەدیت؟ شـەماڵ یـار نـەدیت؟　　وەختـێ تـۆ ئامـای، دیـدەم یـار نـەدیت؟
ئـەو دیـدەی سـەیوان پـڕخومار نـەدیت؟　　ئـەو تـوڕڕەی چـین چـین سیامار نـەدیت؟
دڵـدار دڵـبەر سـتەمکار نـەدیت؟　　ئـاهووی خوتـەنی خـوەش ڕەفتـار نـەدیت؟
ئـەو پەنجـەی قرمـز حـەنایی نـەدیت؟　　ئـەو نـوور دیـدەی بینـایی نـەدیت؟
سـینەی سـیم بـەور پـەروەرش نـەدیت؟　　غونچەی نەشکوفتەی بێ گـەردش نـەدیت؟
نـەدیت تـۆ بـەیۆ بـە عـشوە و نـازێ　　بپەرسـو ئـەحواڵ مـن لـە ڕێـوازێ؟

تـەحقێق بـۆ شـەماڵ ئـەو شـۆخ شـەنگە
نـە دیـدەی شـاباز ئـەو دڵ چـون سـەنگە

هیچ نییەن وە تـەنگ مەینـەت بەردەکـەش
بێقەیدەن نە حـاڵ خەسـتەی دەردەکـەش

وەی لــە هەرکەسـێ بـێوەفـا و مەیلــەن
دەروون وە بــادەی بــێمــەیلی کەیلــەن

بــە وێنــەی «تــاهیر» هــەر دەردەدار بــۆ
دیــــدەی مــــەخموورش دایم بیمــــار بــــۆ

ئەم غەزەلە، «تاهیربەگ» و «ناری» پێکەوە هۆنیویانە تەوە:

بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین
بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مـەزەی کـردین
ترازا بەندی سـوخمەی ئاڵـی گوڵـناری بـە ئـاهی مـن
کەچی دەستی لەسەر دانا لە سـەیری بـاخی بـەی کـردین
بە هەوری پەرچـەم و ئـەبرۆی، ڕوخ و زوڵـفی کـە داپۆشـی
لە شەوقی ڕوئیەتی بـەدر و هـلالی یـەکشـەوەی کـردین
ئەگـەرچی کوشـتمی خـۆ قـابِض‌الارواحـی موژگـانی
بە قانوونی مەسیحایی لە خەندەی لێوی حەی کـردین
عەلاجی دەردی دڵ «ناری» لە «تاهیربەگ» تەمەنناکـە
بەڵێ ئەمڕۆ گوڵ‌ئەندامێ بە تیرێ جەرگی پەی کردین

دوو غەزەلی فارسی:

گلبــرگ تَنـا! بُرقـع نیلـی ز سـر انـداز
آتـش بـه مـن سـوختەی دربـدر انـداز

بنمـای بـه عـشّاق دو چـشمان سـیاهت
صد تیر ز یک غمزه به جان و جگـر انداز

بـر رغـم حسودان صنما! خیـز چـو ساقی
گُلفـام مـی کُهنـه تـو در جـام زر انـداز

بــردار حجــاب سـیه از روی لطیفــت
صد ولُولَه در زُهـره و شـمس و قمـر انداز

امــروز علــی‌الــرغم رقیبــان مَکُـنَم دور
این جـور و جفـا را تـو بـه روز دگـر انداز

کـس نیـست سـتاند ز بُتـان داد دل تـو
«طـاهر» تـو شـکایت بـه بـردادگـر انـداز

* * *

ز سـتمهای تـو دل هـیچ مُکـدّر نکـنم
خـاک پـای تـو بـه صـد گـنج برابـر نکـنم

من کە محراب دو ابروت بود سجده‌گهـم
قبلـه‌گـاه دل خـود مـسجد و منبـر نکـنم

گفتـه بـودم کـه بـده بوسـه‌ای از قنـد لبـت
چو نـدادی دگـر ای دوسـت مکـرّر نکـنم

من دگر میـل بـدان دیـدەی نـرگس نـدهم
تکیـه بـر وعـدەی آن دلبـر کـافر نکـنم

هیچ شب نیست که تـا صبح مـن از درد فراق
سینه را ز آتـش غـم کـورەی مَجْمَر نکـنم

اگرم بخت شود یار از این پس «طاهر»! تکیه جز بر کرم حضرت داور نکنم

دیوانی تاهیربەگ، سلێمانی، ١٣٥٥. *گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم*، عەلی کەمال، ل ٣٠- ٣٢.

سالم

عارفی بێنیاز، شێخ موحەممەد سەلیم، نازناو «سالم»، کوڕی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ عەبدولکەریم، کوڕی شێخ عەبدولغەفار، لە پشتی شێخ ئەحمەدی عەللامەی مەردۆخی، ساڵی ١٢٧٤ ک. م. لە گوندی «تەختە»ی لای شاری سنە، هاتە دنیا و کە پێگەییشت، فارسی و عەرەبییەکی سەرەتایی لای بابی خوێند و ئەو عەمری خوای کرد، ماوەیەک لە سنە لە خزمەتی شێخ موحەممەدی «فَخرُالعُلَما»ی مەردۆخی دژنی، ئەدەبیاتی ناسی و ئەوجار چووە سابڵاغ (مەهاباد) و سەردەمێک لە خزمەتی مەلا عەوڵای پیرەباب بەهرەی برد و لەوێوە گەیشتە سلێمانی و لە ساڵە دواییەکانی ژیانی شێخ عەبدولقادری موهاجیردا، چەند دەرسی ئوسوول و کەلامی بەلاوە خوێند و پاشان ڕۆی بۆ بیارە و لە مەلا عەبدولقادری بیارێ، ئیجازەی وەرگرت.

سالم کە لە دەرس‌ودەور بۆوە، لە خزمەتی شێخ عومەر زیائەدینندا تۆبەی کرد و چووە ناو ڕیزی مریدانییەوە و ماوەیەکی بە سەیر و سولووکەوە ڕابوارد و دوای وەرگرتنی ئیجازەی ئیرشاد، گەڕاوە سنە و باقی ژیانی بە دەرس‌گوتنەوە و ئیرشادی خەڵک تێپەڕ کرد و سەرەنجام ساڵی ١٣٣٧ ک. م. لە تەمەنی ٦٣ ساڵاندا، ئەمری خوای بەجێ هێنا. گڵکۆی ئەو ڕەحمەتییە لە زیارەتانی شێخانی سنەدایە.

سالم خاوەن زبانێکی پاراو لە شیعردایە و بە کوردی و فارسی و جاروبار عەرەبیش شیعری گوتووە و شیعرەکانی زۆرتر عیرفانین. هەروەها لەسەر زۆرێک کتێبی دەرسیی فەقێیان، پەراوێزی نووسیوە.

ئەوا چەند شیعری سالم:

تەم و خەم و هەم، جەم بەستەن وە هەم گرتەن گرداگرد ڕووی چەرخ نۆهەم
نەمەز یە چێشەن چ نێش و ئێشەن؟ دوود هەناسەی کێهە دڵڕێشەن؟
نەمەز بەزم عەیش نۆش عاشقان شێویان و دێویان دەرد وامقان
یاخۆ نە خوسووف بەدر دوو هەفتەن زوڵفش نە سەفحەی جەمین ئاشوفتەن
وە شنۆی ڕازت دڵەی دۆسانت دۆسان ڕاسان پالابۆسانت
وەش‌کەر، مەدهۆش کەر، جە گرد عەلایق بێعەلاقە کەر جە گشت خەلایق
حەیفەن، مێمانەن بێتۆ بێناز بۆ بێنەشئەی بادەی دۆس، مەینەت‌گاز بۆ
هەوریزە دەورێ دەور وە پیاڵە جوان کەر وە مەی پیر سەدساڵە
ماه مونەووەر! وەخت تولۆعەن پەرێ تۆ غورووب عەیب و مەمنۆعەن

وەختێ کە قەمەر ئاشکارا بۆ　　سوهەیل مەحاڵەن جلۆەش یارا بۆ
غەیر جە تۆم نییەن «دیّارُالبشر»　　قەسەم بە «روضە»ی پاک پەیغەمبەر(د)

لە شیعرە فارسییەکانی:

ای عالم و آگە ز فعال من جاهل　　هستم ز عبادت کسل و غافل و کاهل
در بندگی نفس و هوی مُسْرِع و چابک　　در کسب معاصی و گنە عامل و شاغل
از مشرع شرع نبوی کام نَشُد تَر　　اما ز سرم تا بە قدم غرق رذایل
نە دین و نە دنیا و نە عُقبی، همگی شد　　پامال خیال تبە و فکرت باطل
شد وقت نفیسم همە در غفلت عصیان　　شد عمر عزیزم بە عبث ضایع و باطل
نە درس و نە تعلیم و نە ذکر و نە تصوف　　نە کسب معانی نە مبانی نە جداول
نە شاغل تحقیق ز اسفار فنونم　　نە راغب افکار رسائل نە مسائل
نە مانع دعوی و نە ناقض نە معارض　　نە مایل تحریر دعاوی نە دلایل
نە ناقل و نە مُنتقل و مثبت و نافی　　نە مدعیم من نە مُحاکم نە مُجادل
نە شایق آداب و نە منقول و نە معقول　　نە میل اصول و نە فروع و نە محافل
نە شاعر و نە کاتب و نە فلسفەبافم　　نە قوّت تألیف، نە تصنیف رسائل
دانند مرا پُرهنران عاصی عامی　　خوانند مرا بیبَصَران عالم عامل
افسوس کە اینانم هرگز نشناسند　　خود نیک شناسم کە نشد هیچم حاصل
با این همە نومید نیم از کرم حق　　نومید نگردد ز کرم بندەی سائل
«لا حَوْلَ وَ لا قُوَّة إلا بک یارب»　　احوال مرا نیک کن از رحمت شامل
با کاملەی قدرت تو «کُنْ فَیَکُون» است　　امر مُتَعَسّر چە بە عاجل بە آجل
اصلاح تو اَی «سالم» عاصی بود آسان　　گر نیمنگاهی فکند مرشد کامل

لە قەسیدەیەکی عەرەبی، بۆ پەسنی مورشیدەکەی، شێخ عومەر زیائەدین:

زَهَقَ الباطلُ و الحقُّ ظَهَر　　عن «ضیاء» وجْە مَوْلانا «عُمَر»
قَدْ بَدا کَالبَدْر منْ بُرْج السَّنا　　فی سَموات المَعالی وَ الخَطَر
أصْبَحَتْ تَتْلُو لسانُ الحال لە　　دَنَت السّاعَة وَانْشَقَّ القَمر

تا دەڵێ:

قَلْ لمَنْ لَمْ یُدْرکوا وَ اسْتَکبَرُوا　　بِئْسَت الشّیمَةُ، کَلّا وَ القَمر
ساءَ ما کُنْتُم زَعَمْتُمْ أنَّەُ　　قَدْ نَجَوْتُمْ عَنْەُ، کَلّا لا وزر

لە کۆتاییدا ئێژێ:

رَبَّنـــا قَلْبــاً «ســـليماً» هَـــبْ لَنــا راســـخاً فــی حُــبّ مولانـــا عُمَـــر

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٣٠٦ و ٣٠٧. یاداشتەکانی نووسەر.

عیرفان

مەلا عەبدوڵا، کوڕی مەلا ڕەسووڵ، پیاوێکی زانا و شاعیرێکی ناسراو بە «عیرفان»، لە شاگردانی مەلاوڕەحمانی پێنجوێنییە کە ئیجازەی لێ وەرگرتووە و لە زبان و وێژە و ڕێزیدا، شارەزاییەکی تەواوی هەبووە و زیاد لە کوردی و عەرەبی، فارسی و ترکیشی زانیوە و ژیانی زۆرتر بە دەرس‌گوتنەوە تێپەڕ کردووە.

وەک مامۆستا خاڵ لە *گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد*دا دەڵێ، هێندێک نووسراوەشی لێ بەجێ‌ماوە؛ وەکوو: نامیلکەیەک لەمەڕ «رُبع مُجَیَّب» و یەکی تر لە بارەی «اُسطُرلاب»ەوە، کە تورکی بووگن کردوونی بە عەرەبی.

زا و مەرگی عیرفان، ساڵانی ١٢٧٦ و ١٣٣٧ ک. م. ڕوویداوە.

تاریخ سُلیمانیّه، ل٢٧١. *گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد*، بەغدا، س١٩٧٣ ز. ل٦٨٩.

مەلا عەبدولعەزیزی دەرەتفێ

کوڕی سلێمان و خەڵکی گوندی «هەرگێنە»ی لای شارۆچکەی پێنجوێنە کە ساڵی ١٢٨٠ ک. م. لەدایکبووە و لای عەللامە مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنی، خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی وەرگرتووە. ئەوجار بۆتە مەلای ئاوایی «دەرەتفێ» لای مەریوان و لەوێ دەرسی گوتۆتەوە و بەرنوێژی و ڕێنوێنی خەڵکەکەی کردووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٣٧ ک. م. لە دنیا چووە.

حاجی مەلا عەزیز پیاوێکی هێژا و توێژەر و خۆش‌سەروزمان بووە و بۆ پیاوچاکی و پارێزکاری ناوی‌دەرکردووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ٢٩٨.

شێخ تاها مایی

زانای هێژا، شێخ تاها، کوڕی مەلاوڕەحمانی قازی، ساڵی ١٢٥٩ ک. م. لە گوندی «مایی» ناوچەی بادینان هاتۆتە سەر دنیا و لە ژێر چاوەدێری بابیدا ڕاهاتووە و وانە سەرەتاییەکان فێر بووە. ئەوجار ماوەیەک لای مامی (قاسمی زەریر) خوێندوویە و کە بای‌باڵی‌داوە، چۆتە گوندی «ئوترووش» و لە قوتابخانەی شێخ عەبدولهادی یەحیەوی، کوڕی عەللامە مەلا یەحیا مزووری، شوێنی خوێندنەکەی گرتووە. دوای ئەوە بۆ مووسڵ ڕۆیوە و لە خزمەتی عەللامە عەبدوڵڵای عومەری ـ سەرۆک زانایانی مووسڵ ـ فەقێتی کردووە و کە ئیجازەی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێدی خۆی. زۆری نەخایاندووە دڵی چۆتەوە سەر عیرفان و بۆتە مریدی

شێخ موحەممەدی بامەڕنی و شوێنگریی تەریقەتی نەقشبەندییەی هەڵبژاردووە.

شێخ تاها زیاد لە پلە و پایەی زانستی و عیرفانی، شاعیر و وێژەوانیش بووە و بە کوردی و فارسی و عەرەبی شیعری گوتووە و هێندێک نووسراوەشی لێوە بەجێماوە؛ دوویان «*قلائدُالفَرائد*» و «*منهاجُ الوصول*»یان ناوە.

لە شیعرە عەرەبییەکانی شێخ تاها، قەسیدەیەکی گەورەیە لە پەسنی پێغەمبەری ئیسلامدا (د)، کە ئەمە بەیتێکیە:

لا تَعْجَبَنَّ لِمَنْ أسری بِه الله   مِن قابَ قَوْسَین أوْ أدْناهُ أدْناهُ

شیعرە کوردییەکانی مامۆستا ـ کە بە کرمانجین ـ ناسکی و جوانییەکی تایبەتیان هەیە؛ ئەوا دوو بەیتی:

مە دەرزیکەک هەبوو ئەمما چە دەرزی؟   نەبوو ئاسن ژەوی ڕەنگی ئو تەرزی

کەسی جارەک وەرارەک پێ دورووبا   دبوو بێ خیری خۆ خەییات و تەرزی

بەداخەوە زۆربەی شیعر و نووسراوەکانی ئەم شاعیرە زانایە، ساڵی ١٣٤٣ ک. م. لە هێرشی چەکدارانی ئینگلیسی بۆ باکووری کوردستان، سووتان و لەناو چوون.

شێخ تاها ساڵی ١٣٣٧ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە.

الاکراد فی بهدینان، ل٢٠٨ و ٢٠٩.

زەنگەنەی کرماشانی

ئەسەدوڵڵا خان، کوڕی حوسەینقولی خانی زەنگەنە، شاعیرێکی کوردی کەلهوڕی فارسیبێژە کە لە ١٣ی ڕەجەبی ساڵی ١٢٦٤ هاتە دنیا و ٢٧ی ڕەمەزانی ١٣٣٨ ک. م. لە کرماشان، دنیای بەجێهێشت.

ئەسەدوڵڵای زەنگەنە لە خزمەتی حاجی شێخ موحەممەد حوسەینی کرماشانی، ناسراو بە «عەبدعەلیشا» بەهرەی برد و ئیجازەی وەرگرت و بەم بۆنەوە نازناوی «عەبدعەلی» بۆ خۆی هەڵبژارد.

غەزەلێکی زەنگەنە:

وَقت آن شد که دَر خلوت دل باز کنیم   دست در گردن آن دلبر طَنّاز کنیم

ساغر و شیشەی مَی را بە میان بنشانیم   مطربان فلکی را همە آواز کنیم

با بُتی، سیم‌تنی، لالەرُخی در خلوت   مجلس خالی از اوهام جهان ساز کنیم

سالکان را ز نظر پردەی غفلت بدریم   با خبرشان هم از انجام هم آغاز کنیم

چشم دل را بگشاییم و تماشای رُخش   با بُت خویش در راز نهان باز کنیم

تا رسد ساغر می از نظر «عبدعلی»   بر سر مُلك و مَلَك از عظمت ناز کنیم

تذکرەی شُعرای کرمانشاه، پەراوێزی ل١٤٥.

مەلا عەبدولقادری کانیکەوە

زانای پایەبەرز، مەلا ئەولقادری مودەڕڕیس، کوڕی مەلاوڕەحمان، کوڕی مەلا یۆسف، ساڵی ١٢٨٠ ک. م.[١] لە گوندی «کانیکەوە»ی ناوچەی بازیان لە کوردستانی باشوور هاتە دنیا و کە پێگەیشت، بۆ خوێندن، شار و دێیەکی زۆر گەڕا و زانیارییەکی باشی دەسکەوت. ئەمجار ماوەیەک لە پێنجوێن، لە خزمەتی مەلاوڕەحمانی پێنجوێنی بەهرەی برد و پاشان خزمەتی عەللامە حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی گەیشت و ئیجازەی لێ وەرگرت.

مەلا ئەولقادر پاش وەرگرتنی ئیجازە، سەرەتێک لە گوندی «کوچکچەرمگ»ی حسەینئاوا فەقێی ڕاگرت و هێندێک لەودوا شێخ عومەر زیائەدین، بۆ «بیارە»ی بانگ کرد کە لە قوتابخانەکەی ئەوێدا دەرسبێژێتەوە. مەلا ئەولقادر ئەم داوەتەی وەرگرت و ساڵی ١٣٠٢ ک. م. ڕۆی بۆ ئەوێ و تا دواکاتی ژیانی (١٣٣٨ ک. م.) دەرسگوتن و فەقێ ڕاهێنانی لە مزگەوت و مەدرەسەی بیارەدا لە ئەستۆ بوو. پێڕای ئەوەش بۆخۆی چووە جەرگەی مریدانی شێخەوە و تەنانەت ئیجازەشی لێ وەرگرت.

مەلا ئەولقادر مامۆستایەکی یەکجار سەرکەوتوو بووە و زۆرێک لە زانایانی ئەم دواییانەی کورد، لە کۆڕی دەرسی ئەو دەرهاتوون و ئیجازەیان لە دەستی ئەو ساندووە. هەروەها زیاد لە پلە و پایەی زانستی، لە باری پارێزکاریشەوە یەکجار بەرچاو بووە و هاوچەرخەکانی وەکوو عارف و وەلییەکی شەرعی ناویان لێ بردووە.

پێشەکی *دیوانی مەلا حەسەنی شاهۆ*، چاپی بەغدا.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٣٠٧ و ٣٠٨.

مەلا ڕەسوولی دێلێژەیی

کوڕی مەلا شەریف، ساڵی ١٢٨٠ ک. م. لە گوندی «دێلێژە» لەدایکبووە و کە خۆی ناسیوە، بۆ خوێندن خزمەتی زۆر مامۆستا گەیشتووە و کە بۆتە مەلا، چۆتە «بیارە» لە خزمەتی شێخ نەجمەدینی عوسمانی نەقشبەندیدا تۆبەی کردووە و ماوەیەک بە سەیر و سولووکەوە خەریک بووە و پاشان لە سلێمانی گیرساوەتەوە و بەرنوێژی و مۆچیاری خەڵکی کردووە و ساڵی ١٣٣٨ ک. م. لە دنیا چووە.

حاجی مەلا ڕەسوول شاعیریش بووە و بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە و بۆ خۆی نازناوی «فەوزی» هەڵبژاردووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ٢٠٩.

موجریمی دینەوەری

حاجی نیعمەتوڵا جەیحوونئابادی موکری، کوڕی میرزا بەهرام، نازناو «مُجرِم»، یەکێ لە پێشوایانی

---

١. هێندێک ساڵی لەدایکبوونیان ١٢٧٢ ک. م. نووسیوە.

ئـەهلی‌حـەق[1] و سەرسـپاردووی بنەماڵـەی شاحەیاسـی موکرییـە کـەساڵـی ١٢٨٨ ک. م. لـە گونـدی «جەیحوون‌ئاباد»ی ناوچەی دینەوەری کرماشان هاتە دنیا و خوێندنی لە دینەوەر و کرماشـان تـەواو کـرد و ساڵی ١٣١٨ گەڕایەوە زێدی خۆی و دانیشتە پای ڕیازەت و گۆشەنشینی و پێڕای سەفەرێک بۆ لالەش، بـە نیازی زیارەت، کوردانی کاکەیی ناسی و سەرەنجام ساڵی ١٣٣٨ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشت.

موجریم کتێبێکی بە شیعر هۆنیوەتەوە، بە نـاوی«*شاهنامەی حَقیقَت*»، بـریتی لـە ژینامـەی پێـشەوایانی ئەهلی‌حەق و داب و دەستووری ئایینی ئەو خێڵە، لە ١١١١٦ بەیتدا. ئەم کتێبە لە لایەن بەشـی ئێرانناسـی ئەنستیتۆی ئێران و فەڕانسەوە، بە پێداچوونەوەی دوکتور موحەممـەدی مـوکری، ساڵـی ١٣٤٥ ک. هـ. لـە تاران چاپ کرا. ئەوا چەند بەیت لەو کتێبە:

تـو اسـلام چـون دانـه بـادام دان شکـسته شـود چـون بـه دور زمـان،
بـرون آیـد آن مغـز انـدر دلـش بـود انـدر آن مغـز حـق منـزلش
کـه آن مغـز دیـن حقیقـت بـود همـان پوسـت جـام شـریعت بـود
شـده حـق بـه بطـن شـریعت نهـان شـریعت چـو دُرّی است در بحـر و کـان
چـو بیـرون شـدی دُر ز بحـر یقـین شـود سُـفته آن دُر ز آیـین دیـن
یکـی گـوهر از بطـن آن دُرّ پـاک بـرون مـی‌شـود منجلـی زان مغـاک
حقیقـت بـود آن گُهـر از هـدف کـه گـوهر ز دُر بـود و دُرّ از صـدف
صـدف هـست اسـلام در هـر مـصاف بـود از ازل تـا ابـد پـاک و صـاف

ئەم شاعیرە عارفە، دیوانێکیشی بە زبانی کوردی گۆرانی هەیە؛ ئەمەش چەند بەیتی بە ناوی «تەڵقین»:

فلان‌کەس مەردەن، فلان‌کەس مـەردەن یاشـا ئەمانـەن فـلان‌کـەس مـەردەن
گـەر گوناکـارەن، ئـەر کـردار کـەردەن وە دیـن یـاری حەسـرەتش بـەردەن
پـەنا وە دەرگـای سوڵـتان ئـاوەردەن خیانـەت وە دیـن یـاری نەکـەردەن
یاشـا! قـەبووڵ کـەر لالـە و ڕەجامـان بـوگزەر جـە تەقـسیر جـورم و گونامـان
ڕۆح فـلان کـەس وە فـانی ویـەرد وە بـار گونـا ڕووش وە عوقبـا کـەرد

---

١. ناوی سەرەکییان، «**یارسان**» و «**تایفەسان**»ە. یارسان کورت‌کراوەی «یارستان» و وەک خۆیان ئێژن، واتا یارانی حـەق. لە کتێب و گوتەی جێ‌بڕوایان، دەفتەری «سەرەنجام» یان «پردیوەر»ە کە سوڵتان سحاک (ئیسحاق) بە کوردی گـۆرانی نووسیویە. سوڵتان سحاک یان سهاک، نازناو «سـاحیب‌کـەرەم»، وەک دەڵـێن، لـە چـەرخی حەوتـەمی کۆچیـدا، لـە بەرزنجەی شارەزوور هاتۆتە دنیاوە و بابی شێخ عیسا و دایکی ئیراک خاتوون،کەسناو «ڕەمزبار» بووە. پاش مردنی شـێخ عیسا، سوڵتان ئیسحاق لە بەرزنجەوە بۆ ناوچەی «شێخان» لە هەورامان چووە و لەوێ ماوەتـەوە؛ تەمـەنی لـە سـەتیش تێپەڕیوە و بە دانەری ڕێبازی یارسانی دەزانن.

یـا حـەق نەسـازی نگـوون عـەزابش هـەرچی بپرسـۆن ئێـدەن جـەوابش
ئەوەڵـش یـارەن، ئـاخرش یـارەن پـیرش بنیـامین، شـاخاوندگارەن

سرسپُردگان، چاپی تەورێز، ساڵی ١٣٤٩ ک. ھ.

شێخ سەمیعی بەرزنجی

کوڕی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ عەلی، کوڕی شـێخ فازیـل، کـوڕی شـێخ نیزامـەدین، خەڵـکی گونـدی «چنارە»ی لای ھەڵەبجەیە و ساڵی ١٢٦٢ ک. م. لـە دایـک بـووە و دوای فێربـوونی وانـە سـەرەتاییەکان، ماوەیەک لای مەلا عەوڵای کۆیە و سەرەتێک لە کـۆڕی دەرسـی مـەلا ئـەولقادری کـانیکـەوە لـە بیـارە خوێندوویە و پاشان بۆ ھەولێر ڕۆیـوە و ھەیئـەت و ئەستێرەناسـی لـە خزمـەتی مامۆسـتای ئـەم زانسـتە، مەلائەفەندی خوێندووە و ئیجازەی وەرگرتووە.

شێخ سەمیع ساڵی ١٣١٥ کۆچی کردووە بۆ شاری حەلـەب و تـا کۆتـایی ژیـان (١٣٣٨ ک. م.) لـەوێ ماوەتەوە و خەریکی دەرس‌دان و فەقێ ڕاھێنان بووە؛ زۆریش ناوبـانگی دەرکـردووە و پـاش کـۆچی دوایـی شێخ حەسەنی مودەڕڕیسی کورد، دەرس‌گوتنەوە لە قوتابخانەی ئەحمەددییەی حەلەب ـکـە تایبـەت بـە زانایانی کورد بووە ـ بەو دراوە و کەسانی وەک حـاجی موحەممـەدی ڕاغیـب ئەفەنـدی «طبّاخ»، خـاوەنی کتێبی «*اعلام النُّبلاء*»، لایەوە خوێندوویانە.

مشاھیر الكُرد، ب٢، ل٢٦.

کەوکەبی نەقشبەندی

عارفی پایەبەرز، شێخ نەجمەدین، کوڕی شێخ عومەر زیائەدینی عوسمانی نەقشبەندی، ھەر لـە سـەرەتای منداڵییەوە لە خزمەتی مامی (شێخ موحەممەد بەھائەدین)دا، لەگـەڵ داب و دەسـتووری تەریقـەت ئاشـنا بووە و دوای ئەوەش لە ژێر چاوەدێری بابیدا، سـەیر و سـولووکی دەسـپێکردووە و پلـەـپلـە لـە پلـەکانی تەریقەت سەرکەوتووە. لە پاڵ ئەوەش لە خوێندنی زانستەکاندا نوکوولی نەکردووە و تـا ڕادەیـەکی بـەرچاو سەرف و نەحو و فیقھ و تەفسیر فێر بووە.

شێخ نەجمەدین دوای کۆچی دوایی باوکی، لە گوندی «بیـارە»، کـاری ئیرشـاد و بـەڕێوەبردنی خانـەقا و ڕاھێنانی مریدانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە و تا کۆتایی ژیانی، ساتێکیش لە ئیرشـاد و ڕێنـوێنی خەڵـک و تەڵقینی داب و دەستووری تەریقەت، دەستی بەرنەداوە و بۆخۆشی، لەگەڵ مریدان و ڕێپێوان، ھەمیشە لـە کۆڕی خەتم و زیکر و فیکر و نوێژی جومعە و جەماعەتەکاندا، بەشداری کردووە. یـەکجـار خاکەسـار و بـێ دەعیە و دەمار و دەروێش ئاسا و نەوس‌کوژ و ڕووخۆش بووە و لەم بارەوە ناوی دەرکردووە. کەسانێ کـە لـە

نزیکەوە ناسیویانە و دەگەڵیدا ژیاون، لەمەڕ بەرزی ئاکار و کەسایەتی هەڵکەوتە و تەنانەت کەشف و کەرامەتییەوە، داستانی زۆر دەگێڕنەوە.

شێخ نەجمەدین زەوقی شیعریشی هەبووە و نازناوی «کەوکەب»ی بۆ شیعری خۆی داناوە و هێندێک شیعری عارفانەی لێ بەجێماوە؛ کە ئەوا دوو نموونەی:

به راهش صرف کردم نقد ایام جوانی را — که شاید در جوار دوست یابم زندگانی را
من اینجا شادمانی را نمی‌خواهم، نمی‌خواهم — به جُزد اندر کنار وی نجویم شادمانی را
در این دنیا نخواهم کامرانی را بدان امید — که آنجا با عزیزانت بیابم کامرانی را
خدایا این حیات فانی از من گیر و رحمی کُن — به لطف خود نصیبم کن حیات جاودانی را
به اوج آسمان جا دارد ار سایم کلاه فخر — که باشم بندەی ناچیز مر فاروق ثانی را

* * *

بی‌حالیم از دست دل زار و زبون است — گه عاشق و گه خسته و گه مست جنون است
از داغ فراق رخ دلدار جفا جو — هر ساعتم از چشم، روان چشمەی خون است
عشقت ز کفم رشتەی تدبیر برون کرد — دل بسته به تقدیر و ندانیم که چون است
ما سالك راهیم، در این راه خدایا! — نا امنی و بیراهه و اشکال فزون است
مرغ دل «کوکب» ز غم حملەی صیاد — فریاد و فغانش ز فلك رفته برون است

زا و مەرگی شێخ ساڵانی ١٢٨٠ و ١٣٣٧ یان ١٣٣٨ ک. م. ڕوویداوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

ئیسماعیل پاشای بابان

کوڕی موحەممەد ئەمین ئەفەندی، کوڕی ئەمیر سەلیم، لە زانایانی چەرخی چاردە، پیاوێکی مێژووزان و توێژەر و کتێبخوێن بووە لە بنەماڵەی بەناوبانگی بابان کە سێ کتێبی بایەخداری لێ بەجێماوە:

١. «*ایضاحُ المَکنوُن*»، وەکوو پەراوێزی «*کَشفُ الظّنوُن*»، کە لە ساڵی ١٢٩٦ تا ١٣٢٠ ک. م. بە دەستییەوە بووە و یەکەم جار ساڵی ١٣٦٤ ک. م. لە ئەستەمبووڵ چاپ کراوە

٢. «*هدیّةُ العارفین*»، لەمەڕ ناوی نووسەرانەوە، لە ٢ بەرگدا، کە ئەویش ساڵی ١٣٦٤ ک. م. چاپ بووە

٣.«*آثارُ المُصنّفین*»، لە ٢ بەرگدا.

الاعلام، ب١، ل٣٢٥. پێشەکی بەرگی یەکەمی *کشف الظّنون*، چاپی ئوفسێتی تاران، ١٣٨٧ ک. م.

موحەممەد تەیموور بەگ

کوڕی ئەحمەد تەیموور پاشا، کوڕی ئیسماعیل پاشا[١]، نووسەرێکی هێژا ، شاعیرێکی توانا و داستان‌نووسێکی یەکجار بەجەوهەر بووە کە لە میسردا ژیاوە و پاش قۆناخی دواناوەندی، سەرەتا بۆ برلەن لە ئەڵمانیا دەڕوا، بەشکوو بژیشکی بخوێنێ، بەڵام هەرچۆنێک بووە، دوای هێندێک چۆتە فەڕانسە و حقوقی خوێندووە و دوای سێ ساڵ گەڕاوەتەوە میسر و وازی چۆتە سەر داستان نووسین و لەم بوارەدا هەڵیداوە و چەند کاری وەک پێشەکی ئامادە کردووە کە بۆخۆی نووسەر و شانۆگێڕی بووە. بەداخەوە ئەجەلی بێ وادە مەودای نەداوە و لە تەمەنی ٣٠ ساڵاندا، قەباڵەی ژیانی هەڵپێچاوە و کارەکانی ناتەواو ماوە.

لە بەرهەمەکانی:

١. «*و میص الرّوح*»، بریەتی لە سەرجەمێکی شیعر و پەخشانی

٢. «*حیاتنا التّمثیلّیه*»

٣. «*المَسرَحُ المصری*»

شیعری ئەوە:

لَیْلَةٌ کُلُّها عَناءٌ وَ هَمٌّ — وَ شَقاءٌ وَ القَلبُ منْها مُعَذَّب
ذُقْتُ فیها المُصابَ کَأساً دهاقا — ضاعَ رُشْدی فیها وَ لَمْ أَلْقَ مَهْرَب
فَفُؤادی منْ ناره یَتَلَظّی — وَ دُمُوعی منَ المَحاجر تُسْکَب
قَدْ دَعَوْنی فَتَی القریض وَ حَسبی — منْهُ فی القَلب جَمْرَةٌ تَتَلَهَّب
ما نَظَمْتُ القَریضَ أبْغی نَوالاً — منْ کبیر، وَ لا اُحاول مَکْسبْ
بَلْ أقُولُ الأشعار کَیَمْا اُناجی — کُلِّ حُرٍّ منْ بُؤسه یَتَعَذَّبْ
ذاکَ رَأیی فیما اُسَمّیه شعْراً — وَ لکُلٍّ فی الشّعْر رأیٌ و مَذْهَب

الآدابُ العَرَبّیه، چاپی بەیرووت، ب٣، ل٩٧. *الاعلام*، ب٦، ل٢٤٧.

خاتوو خوەرشیدی مەریوانی

کچی شێخ مەعرووفی کەلووس و دایکی شاعیری بەناوبانگ قانیعی مەریوانی و لە سەیدەکانی «تەراتەوەن»ە کە منداڵ بووە، باوکی لەبەر ناعیلاجی، لە مەریوانەوە کۆچی کردووە بۆ سنە و خوەرشی لە ماڵی ژنە ماقووڵێکی ئەردەڵانیدا نیشتەجێ بووە و ئەو خاتوونە پێی خوێندووە و تا ڕادەیەک گەیشتووە کە شارەزاییەکی باشی لە زبان و وێژەی فارسیدا پەیدا کردووە و تا ئەندازەیەکیش سەرف و نەحو و بەیان و

---

١. باسی ڕیشە و ڕەتەوەی ئەم بنەماڵە و زاروزێچیان، لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا.

مەنتیق و زبانی عەرەبی فێر بووە.

خاتوو خوەرشی کتێبێکی بە فارسی لەمەڕ داب و دەستووری ماڵداری و بەخێو کردن و بارهێنانی منداڵ، هەر لە کۆرپەییەوە تا پێدەگا نووسیوە و دیوانی شیعرێکیشی هەیە کە هیچیان چاپ نەکراون. ئەم خاتوونە لە هونەری تەونەوانی و کاری فەرش بەتایبەت نەخش و نیگار کێشان و بەرهەمهێنانی ڕەنگی جۆراوجۆر بۆ قاڵیدا، ناوبانگی دەرکردووە و نەخشەکانی ئێستاش بە ناوی «خورشیدی» لە کوردستاندا مەشهوورن.

ئەم خاتوونە هونەرمەندە، تا چلەکانی چەرخی چواردەی کۆچی ژیاوە.

ئەمەش شیعرێکی کوردی سۆرانی خاتوو خوەرشید کە بۆ مۆچیاری «عادڵە»ی کچی هۆنیویەتەوە:

کچم! ڕۆڵەی کزۆڵەی بوردەباریم چرای ڕووناکی بێدەستی و هەژاریم
کچم! پارچەی نەژاکاوی زەمانەم نەتیجەی ئیهتمامی خوێندەواریم
وەرە گوێ ڕاگرە بۆ پەندی دایکت فەرەحبەخشی دەروونی بێقەراریم
نەخوەی هەرگیز فەریبی سادەڕوویان نەبیتە هۆی زیادی شین و زاریم
کچم! هۆشی حەیا و ناموسی خۆت بێ نەکەیت کارێ زیاد کەی دەردی کاریم
کچم! هۆشیاری خۆت بە تاکوو مردن وەکوو من بە زرەنگی و هۆشیاریم
کچم! وەڵلا هەموو داخی کچانە نەخۆشین و کزەی بێئیختیاریم
نە تەنها وەسیەتم بۆ تۆیە ڕۆڵە هەواداری کچانی کوردەواریم

گوڵاڵەی مەریوان، بەشی ١، ل ٧٠. *دەشتی گەرمیان*، بەشی ٥.

مەلا ڕەسوولی مەنفی

کوڕی مەلا مەحموود ناوێک بووە خەڵکی «بەیتووش» کە پاش دوایی هاتنی خوێندنی، چۆتە کۆیە و ڕەسوول لەوێ هاتۆتە سەر ئەم دنیایە و ئەویش دەرسی مەلایەتی خوێندووە و کە تەواوی کردووە، شانی لە دەرس‌گوتنەوە و فەقێ ڕاگرتن شل کردووە و بە هۆی تێکۆشان و لێهاتوویی زۆرەوە، ناوی دەرکردووە و هەموو خۆشیانویستووە.

مەلا ڕەسوول زەوقی شیعریشی هەبووە و نازناوی «مەنفی» بۆ خۆی داناوە و هەروەها هێندێک نووسراوەشی لێ بەجێماوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٠ ک. م. ڕووی لە شاری خامۆشان ناوە.

ڕۆژمێری چیا، ساڵی ١٣٦٤ ک. ه.

مەلا سەعیدی موفتی

ساڵی ١٢٩٥ ک. م. لە گوندی «سوویل»ی سەر بە سلێمانی هاتۆتە دنیا. پیاوێکی زانا بووە و لای مەلا

ڕەحمانی پێنجوێنی دەرسی خوێندووە و ئیجازەی وەرگرتووە و ماوەیەکیش موفتی ناوچەی کفری بووە و ساڵی ١٣٤٠ ک. م. کۆچی یەکجاری کردووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ٢٢٥.

شێخ تاهای بالیسانی

شێخ مەلا تاها، کوڕی شێخ عەلی، خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە هەولێرە. خوێندنی لای باوکییەوە دەسپێکردووە و پاشان بۆ هەولێر چووە و لای مامۆستایانی ئەو شارە خوێندوویە و ئیجازەی وەرگرتووە و ئەمجارە گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و دەرسی گوتۆتەوە و بەرنوێژی جەماعەتی کردووە.

کە بابی لە دنیا چووە (١٣٢٦ ک. م.)، چۆتە بیارە و بۆتە مریدی شێخ نەجمەدینی نەقشبەندی و سولووکی دەسپێکردووە و پێگەیشتووە. بە کۆچی یەکجاری شێخ نەجمەدین، دیسان گەڕاوەتەوە بیارە و ئەمجار دەستی ئیرادەتی داوەتە دەستی شێخ عەلادینی جێگری شێخی ڕەحمەتییەوە و لەسەر دەستووری شێخی تازە، قوتابخانەی بیارەی گەڕاندووە؛ بەڵام زۆر تاقەتی نەهێناوە و پاش ماوەیەک بەجێیهێشتووە و گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و بە کشتوکاڵەوە خۆی خەریک کردووە.

شێخ تاها مرۆیەکی زانا، دیندار، پارێزکار و خەڵکدۆست بووە و زۆری بەهرە بە فەقێ و خەڵکی ئاسایی گەیاندووە؛ بە ڕەنجی شانی خۆی ژیاوە و قەت بۆ خزمەتی ئایینی، دەستی بۆ کەس دانەکێشاوە. هەروەها بۆ میوانداری و خزمەت بە هەژاران و داماوان، نوکوولی نەکردووە.

شێخ لە گوندی بالیسان خانوویەکی بۆ خۆی و خێزانەکەی کردۆتەوە؛ شەوەناوێک بەسەریدا ڕووخاوە و کوشتوویە (١٣٤٠ ک. م.).

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ٢٥٢.

ئەمین فەیزی بەگ

ئەفسەرێکی زانا و ویژەزانی خەڵکی سلێمانییە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانلیدا، سەردەمێک سەرپەرشتی مەکتەبی چەکداری بەغدا و ماوەیەکیش لە سلێمانی کارگێڕی کردووە و دواجار تا پلەی سەرلەشکری گەیشتووە و ساڵی ١٣٢٦ ک. م. وەنیشتە بووە.

ئەمین فەیزی کە کار و ئەرکی چەکداری لە کۆڵ کەوتووە، زۆرتری کاتی بە گەشت و گەڕان و خوێندن و نووسینەوە خەریک بووە. ماوەیەک بۆ ئورووپا چووە و دواجار لە ئەستەمبووڵ گیرساوەتەوە. لە وانەی ڕیازی و سروشیتدا چاک سەریدەرچووە و کتێبێکی لەم دوو بابەتە، بە ترکی نووسیوە، بەناوی «*اجمالی نتایج*». ئەڵبەت کتێبی تریشی هەیە؛ وەکوو: «*تفرقة الریاضیّة فی قواعد الجبر*» و «*هوای نَسیمی*» و هەروەها دیوانی

شیعر بە ناوی «*شُعاعات*».

ئەمین فەیزی هێندێک پێش مەرگی، کتێبێکی بە ناوی «*انجُمن ادیان*»، لە ئەستەمبووڵدا چاپ کردووە کە ئەمن نەمدیوە؛ بەڵام وەک دەڵێن ناوی بەشێک لە شاعیرانی کورد و بەرهەمەکانیانی تێدا کۆ کردۆتەوە. بۆخۆشی شاعیرێکی باش بووە و لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی کەرکووکیدا نامە و شیعرگۆڕینەوەیان هەبووە. شێخ ڕەزا لە وەرامی شیعرێکیدا وای بۆ نووسیوە:

ز نُطفەی قَلَمت در مشیمەی قرطاس — نتیجەهاست بە قیمت گرانتر از الماس
صَحیفە مُعجز پیر است بسکە چون مریم — بە بر گرفتە موالید عیسوی انفاس
هزار سال بمانی کە این عجب نبود — بشر نیند مگر خضر زندە و الیاس؟

کاتێکیش کە ئەمین فەیزی، بەرگێک لە کتێبی «*هوای نَسیمی*»، پاش چاپ، بە دیاری، بۆ شێخ ڕەزا دەنێرێ، شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ دەنووسێ و بۆ یەمەنی بەڕێ دەکا؛ کە فەیزی ئەو دەم لەوێ بووە:

اَلا ای هنرمند یار قدیمی — توی خسروان را سزای ندیمی
ز حکمت بپرداختی نامەای را — کە دادی در آن نامە داد حکیمی
«هوای نسیمی» از آن گشتە نامش — کە جان پروراند هوای نسیمی
بە دانش تو را هیچ همتا ندیدم — مگر جوهر فرد و دُرّ یتیمی
تو خواهی سفر در «یمن» دورتر کُن — اَمین فَضیا در دل من مُقیمی

دیسان شێخ ڕەزا بۆی هۆنیوەتەوە:

تا بە ضرب‌المثل همی گویند — کە دُعا از برای آمین است
خاطرش شاد باد امین فیضی — ز آنکە دریای دانش و دین است

بەداخەوە لە شیعری ئەمین فەیزی، ئەم سێ بەیتە زیاترم دەس نەکەوت:

گەر ڕەفیقت یاری سادق بێ چ باکی ڕێگەتە؟ — گەر کەسێ بەدخۆ لەگەڵتا بێ جەهەننەم جێگەتە

* * *

کە جەیشی غەم هوجوومی کرد، نیزامی عومری من تێک‌چوو
ئیتر مومکن نییە ئاسایشی حاڵی پەرێشانم
بینای بورجی بەدەن ڕووخا بە گوللەی حادسات ئەمڕۆ
نەما قوەت لە ئەژنۆما، بڕا پشتم، شکا شانم

کۆچی یەکجاری ئەمین فەیزی، دەوری ساڵی ١٣٤٠ ک. م. ڕوویداوە.

تاریخ سُلیمانیّە، ل٢٤٣. *شعر و ادبیّات کُردی*، *رفیق حلمی*.

میرزا شوکروڵای سنەیی

ناسراو بە «فَخرُالکُتّاب»[١]، کوڕی میرزا عەبدوڵڵای خەتات، لە پیاوانی زانا و هێژای نیوەی یەکەمی چەرخی چاردەیە کە شیعری ڕەوان و پەخشانی جوان و خەتی خۆش بووە. بەداخەوە لە نووسراوەکانی تەنیا کتێبێکم دەس کەوت بە ناوی «*تحفەی ناصرّیە*». ئەم کتێبە باس لە مێژووی میران و ڕووداوانی کوردستان دەکا و تا ساڵی ١٣١٩ ک. م. سەردەمی دەسەڵاتداری «ناصرالمُلک»ی قەرەگوزلوو هاتووە و لە پێشەکیشدا، کورتەیەک باسی دۆخی جوگرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا.

میرزا شوکروڵا کتێبەکەی بەناوی «ناصرالمُلک»ەوە، ناوناوە؛ کە بۆخۆشی دەڵێ خەیرێکی لێ نەدیوە و پێچەوانەی ڕاستی، باسی مرۆڤایەتی و چاکەی دەگەڵ خەڵکی کردووە! جا کە کتێب تەواو دەبێ، بەرگێکی دەگەڵ خۆی بۆ تاران دەبا و پێشکەشی ناسرەدین شای قاجاڕی دەکا؛ بەشکوو خەڵاتێکی دەسکەوێ و مەقامێکی بدرێتێ.

هاتنە دنیای«فَخرُالکُتّاب»، وەک خۆی لەو کتێبەدا نووسیویە، ساڵی ١٢٧٥ ک. م. ڕووی داوە و سەرەتی لاوی، دابینکار و ئینشابەندی سلێمان خانی «شَرَفُالمُلک» بووە و دواجار بۆ تاران چووە و خزمەتی بە میرزا عەلی ئەسغەر خانی ئەتابەک کردووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٠ ک. م. مردووە.

ئەمەش دوو نموونە لە شیعری:

ای ذات تو بر کل ممالک مالک — وی راهروان راه عشقت سالک
من حمد تو از کلام تو می‌جویم — اَنتَ اَلباقی و کُلُّ شیء هالک

* * *

دیگر هوای کار، من از سر بە در کنم — تا کی ستیزه با فلک بدسیَر کنم
تا کی کنم تملق بیجا بە این و آن — تا چند عُمر صرف بە بُوک و مگر کنم
من پایمال غصه شدم، دوست زنده باد — از مُلک او جلا بە بلاد دگر کنم
دستی بە دست اهل و عیال شکسته بال — دست دگر برآرم و خاکی بە سر کنم
چون از کلام خویش ندیدم اثر کنون — این شعر خواجه آرم و ختم سمر کنم
«باید شدن بە میکده گریان و دادخواه — کز دست غم علاج دل آنجا مگر کنم»

تُحفەی ناصرّیە. جونگێکی دەسنووس.

مەقسوود ئەفەندی

زانایەکی هەڵکەوتەی تەفسیر و ئوسوول بووە کە ماوەیەکی زۆر لە تورکیادا ژیاوە و دوایی بەرەو شام چووە و

---

١. دەبێتە بابی میرزا عەبدولمەجیدی «مَجدُالمَمالک» و باپیری زانای پایەبەرز، مامۆستا عەبدولحەمیدی میهی «بدیعُ‌الزَّمانی».

هەر لەوێ دنیای بەجێ‌هێشتووە.

لە کتێبەکانی:

١. «*شرحُ الشّافیە*» ٢. «*شرح کلمة التّوحید*» ٣. پەراوێز لەسەر تەفسیری «*بیضاوی*».

مەقسوود ئەفەندی تا ناوەڕاستەکانی چەرخی چاردە ژیاوە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٢٠٣.

موحەممەد سەعیدی زەهاوی

مەلا موحەممەد سەعید ئەفەندی موفتی[1]، کوڕی مەلا موحەممەدی فەیز (موفتی زەهاوی)، ساڵی ١٢٦٨ ک. م. هاتە دنیا و خوێندنی لە بەغدا، لای بابی پایەبەرز و زانایانی تری ئەو شارە تەواو کرد و کە باوکی دنیای بەجێ‌هێشت، جێی گرتەوە و بوو بە موفتی بەغدا. دوای هەڵپێچانی دەوڵەتی عوسمانی و سەربەخۆیی عیراق، سەرپەرشتی گشتی ئەوقافی ئەو وڵاتەی پێ سپێرا و تا دوایی ژیان (١٣٤١ ک. م.) لەسەر ئەو ئیشە بوو.

موحەممەد سەعیدی موفتی زەهاوی بێجگە پلەی بەرزی زانستی، لە باری پارێزکاری و درووستکاری و خەڵکدۆستییەوە بەناوبانگ بووە.

ژینامەی *مُفتی فیض زَهاوی*. *عُلَماونا فی خدمة العلمِ و الدّین*.

عەبدولقادری عەونی

حاجی عەبدولقادر ئەفەندی عەونی[2]، کوڕی موحەممەد عەلی ئاغا، شەرعزانێکی ئاگا و شارەزا لە هەموو زانستە عەقلی و نەقڵییەکاندا بووە و بۆ ڕاستبێژی و گفت‌جوانی و بە ڕاشکاوی قسە کردن، هاوتای کەمتر هەڵکەوتووە و هەموو چینێکی خەڵک ڕێزیان لێ گرتووە.

ساڵی ١٢٦٥ ک. م. لە شاری «سیورک»، لە باکووری کوردستان هاتۆتە دنیا و ماوەی پەنجا ساڵ لە مەدرەسەی فەیزییەی ئەوێ دەرسی گوتووە و جارو بار وتاری داوە و زۆرتر بە زبانی خۆی (کوردی کرمانجی) قسەی کردووە؛ ئەگەرچی ترکی و فارسیشی باش زانیوە. چەند جار لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، کاری دادوەری و پلەی موفتیگەری پێی پێشنیار کراوە؛ بەڵام نەیپەژێراوە و بایەخی پێ نەداوە. پاش ئەوەی کە قوتابخانە ئایینییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کەوتوونەتە بەر بەرنامەی

---

١. باوکی زانای ناوداری بەغدا، ئەمجەد زەهاوییە.

٢. دەبێتە بابی مامۆستا موحەممەد عەلی عەونی، کە لە جێی خویدا باسی دەکەین.

ڕەسمییەوە، وەکوو سەرۆکی کۆڕی مامۆستایانی شاری «چرمۆک»، سێ ساڵ خزمەتی کردووە و پاش ئەو ماوە، گەڕاوەتەوە سیورک.

حاجی عەبدولقادر ڕێبازی ئەبووحەنیفەی پەیڕەوی کردووە و لە تەریقەتدا، بە ڕێگای نەقشبەندیدا چووە و لە ناو و ناوبانگ، خۆی پاراستووە و لە هەموو باریکەوە وەلییەکی شەرعی بووە.

کۆچی دوایی ئەم مامۆستا پایەبەرزە، ساڵی ١٣٤١ ک. م. ڕوویداوە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٣١ و ٣٢. *الاعلام*، ب٥.

خالیسی تاڵەبانی

شێخ موحەممەد، نازناو «خالص»، کوڕی شاعیری بەناوبانگ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مرۆیەکی بەڕێز و شاعیرێکی هێژا بووە کە بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە. بەداخەوە لە شیعرەکانی، بێژگە شینێ کە ساڵی ١٣٢٦ ک. م. بە بۆنەی شەهید بوونی شێخ سەعیدی بەرزنجی (کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ و بابی شێخ مەحموودی نەمر) هۆنیویەتەوە، شتێکی ترم دەس نەکەوت. ئەوا چەند بەیت لەو قەسیدە:

جهان بی‌مروّت را کجا با کس صفا باشد؟ مکن باور که گردون را به جُز جور و جفا باشد
نه گردون را به کام بنده‌ای بوده است گردانی نـه زال چـرخ را در دیـده آزرم و حیـا باشـد
گهی با ابـن‌مُلْجَـم، شـیر یـزدان را زنـد نـاوک گهی همدست شمر اندر مصاف کربلا باشد
سر آن نوجوان را چون برید آن مرد دون‌همت؟ که می‌دانست رویش بوسه گاه مصطفی باشد
سری کز عرش برتـر، بسترش آغوش پیغمبر (ص) به خاك انداختن پیش یزید این کی روا باشد؟
گذشتم ار چه شـایان گذشـتن نیست کـردارش پس از آن ماجرا، آخر چـرا ایـن مـاجرا باشـد؟
«سعید» آن پور کاك‌احمد، حفید شیخ برزنجی به ناحق کشته و در خون خود غلطان چرا باشـد؟
به قتلش تـازه کـردی ای فلك زخـم دل حیـدر خدا زیر و زبر سازد تو را، کان خـون‌بهـا باشـد
بسی را کُشتی از پاکـان دیـن ز آغـاز تـا فرجـام تو را آخر نباید گـاه شـرمی از خـدا باشـد؟
بریزان اشک حسرت «خالصا» از دیـدگان هـردم کـه آل فخـر عـالم را ولا انـدر بـلا باشـد

زا و مەرگی شێخ موحەممەد، ساڵانی ١٢٩٠ و ١٣٤١ ک. م. ڕوویداوە.

گۆڤاری *کۆڕی زانیاری کورد*. پێشەکی *دیوانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی*.

مەلا ئەحمەدی دوەیسە

عارفی ناوازە و هێژا، مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا فەتحوڵا، خەڵکی گوندی «دوەیسە»ی لای سنە، مرۆیەکی پارێزکار و پیرۆز و بێ‌نیاز بووە کە برێک کەرامەتیشیان لێ گێڕاوەتەوە.

مەلا ئەحمەد ماوەیەکی زۆر لە ئاوایی «کوچکچەرمگ»، لە قوتابخانەی سەیدی پایەبەرز، سەعدەدینی «أمینُ السّادات»دا، دەرسی گوتووە و بەرنوێژی کردووە و سەرەنجام ڕۆژی شەممەی ٢٢ی ڕەجەبەمانگی ساڵی ١٣٤١ ک. م. لە دنیا چووە.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ شەمسەدینی کەسنەزانی

کوڕی شێخ فەزڵوڵا، کوڕی شێخ شەریف، لە پشتی مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی مەریوانی، پیاوێکی زانا و پارسا، خەڵکی گوندی «کەسنەزان»ی سەر بە سەقز بووە کە دوای تەواو کردنی دەرس و دەور، بۆ بیارە چووە و لای قوتبی عارفان، شێخ عۆمەر زیائەدین، تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە و ماوەیەک لەوێ خەریکی فێربوون و بەڕێوەبردنی داب و دەستووری ئەم تەریقە بووە و کاتێ کە مورشیدەکەی ئیجازەی ئیرشادی پێ داوە، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و باقی ژیانی بە عیبادەت و خزمەت بە خەڵک داوەتە سەر و ساڵی ١٣٤٢ ک. م. لە گوندی «هەرشەل» لە باشووری کوردستان، کۆچی یەکجاری کردووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٢٣٤.

مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشی

عەللامە مەلا عەبدوڵڵا، کوڕی مەلا مەحموودی دشی، ساڵی ١٢٧٣ ک. م. لە ئاوایی «دشە»ی هەورامان هاتۆتە دنیا. هەشتساڵان بووە، بابی عەمری خوای کردووە و تا تەمەنی پازدەساڵانیش، لەبەر بێکەسی، ئاوڕی لە خوێندن نەداوەتەوە. لەو کاتەدا شێخ موحەممەد بەهائەدینی عوسمانی نەقشبەندی، لە هەمبەر ئەوەوە کە بۆخۆی قوتابی مەلا مەحموود بووە و مەلا مەحموودیش مرید و موجازی باوکی پایەبەرزی (شێخ سیراجەدین)، سەرپەرشتی و ڕاهێنانی ئەگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەینێرێتە شاری سنە و پێی دەخوێنێ.

عەبدوڵڵا لە سنەدا ماوەیەک فەقێتی دەکا و پاشان دەچێ بۆ ئاوایی «نۆدشە» لە هەورامان، خزمەتی عەللامەی بەناوبانگی ئەو سەردەمە، حاجی مەلا ئەحمەد و دوای ئەوەش لەسەر ئیزنی شێخ بەهائەدین، ڕێی هەولێر ئەگرێتە بەر و لای مامۆستای پایەبەرز، عومەر ئەفەندی، شوێنی خوێندنەکەی دەگرێ و سەرەنجام ساڵی ١٢٩٩ ک. م. ئیجازە وەردەگرێ.

مەلا عەبدوڵڵا سەرەتا لە گوندی «گولپ»، سەرەتێک دەرس ئەڵێتەوە؛ بەڵام بەهۆی گیر و گرفتی بنەماڵەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ دشە و لەوێ بە هەموو توانەوە، دەرسگوتنەوە و ڕاهێنانی قوتابییان دەسپێدەکا.

ساڵی ١٣١٣ بە سەفەر بۆ سنە دەڕوا و گەورەپیاوانی شار، کە بە ڕادەی زانایی تێگەیشتوویی دەزانن، لێی داوا دەکەن بمێنێتەوە و هەموو جۆرە پێداویستییەکیشی بۆ دابین دەکەن. ئەویش داوەتی خەڵکەکە

قبووڵ دەکا و دەبێتە مامۆستای مزگەوتی «پیرعومەر».

ساڵی ١٣٢٥ بۆ تاران ئەچێ و لەگەڵ زۆرێک لە زانایان و پیاوماقووڵانی پاتەختدا ئاشنا دەبێ و لە زۆربەی دانیشتنەکاندا، بە زمانێکی پاراو و گفتێکی جوان و ڕەوان، پێڕای قسە و باسی زانستی و ئایینی، لای زانایانی پاتەخت، پلە و پایەی بەرز و ڕادەی هێژایی خۆی ڕادەنێ و هەر لەو سەفەرەیدا، سەرناوی موفتی پێ دەدرێ.

مەلا عەبدوڵڵای موفتی کە دەگەڕێتەوە سنە، لە مەدرەسەی «دارُالاحسان»دا دەرس گوتنەوە دەسپێدەکاتەوە و تا کۆتایی ژیان، دەس لە پەرەپێدانی زانست و ڕێنوێنی خەڵک بەرنادا و سەرەنجام لە شەوی سێشەمبە، ٢٥ی ڕەبیعولئاخری ساڵی ١٣٤٢، لە شاری سنە دەس لە ژیانی دنیا بەردەدا و تەرمەکەی، لە سەر شانی خەڵک و لەوپەڕی ڕێزدا بەڕێ دەکرێ و لە سەر زیارەتانی «تەپ شێخ حەمە سادق» دەنێژرێ.

ئەم مامۆستایە لە هەموو زانستێکی باودا، تاقانەی ڕۆژگاری خۆی بووە. بە زیرەکییەکی لە ڕادە بەدەر و بیرێکی یەکجار تیژ و گفت و زمانێکی زۆر ڕەوان و پاراو، لە وتوویژ و کێشەدا، کەس لەگەڵی دەری نەبردووە؛ لەگەڵ ئەوەش لەوپەڕی خاکەساری و پاکی و پارێزکاری و میواندۆستیدا ژیاوە و هێندی بیر لە ماڵ و سامانی دنیا نەکردۆتەوە. قەڵەمی، بە شیعر و پەخشان، زۆر جوان بووە و کتێب و نامیلکەیەکی زۆری نووسیوە کە لە ئاڵوگۆڕی شار و دێدا، بەشێکی فەوتاوە و ئەوی ماوە بریتییە لە:

١.کتێبێکی فارسی بە ناوی «*فرایض و مواریث*»

٢. کتێبێک لە نەحودا بە ناوی «*اَکبریّه*»

٣. نامیلکەیەکی عەرەبی، سەلماندنی پێغەمبەریی دوایین ناردراوی خودا (د)، بە هێنانەوەی بەڵگەی ئەقڵی

٤. نامیلکەیەک لە کەلام و عەقایدا

٥. «*عەقیدە*»، هۆنراوەیەکە بە زبانی کوردی هەورامی؛ کە ئەوا بەشێکی:

هەرچی مەوجوود بۆ، ئەزەڵ تا ئەبەد — جە خەیر و جە شەڕ، جە نیک و جە بەد
خوا جە کەردەوەی ئیختیاری بۆ — خوا هەر وە قودرەت زات باری بۆ
گرد جە ڕۆی ئەزەڵ حەق مەعلووم کەردەن — یەکسەر وە ڕشتەی تەحریر ئاوەردەن
وەر جە کاینات قەڵەم بی مەئموور — جە «لَوْحُ‌المحفظ» کەردەنش مەستوور
بێ قەزا و قەدەر، بێ تەقدیر حەق — مەتاوۆ نەسیم بجمنۆ وەرەق
نەواچی وەختێ گرد وە تەقدیر بۆ — مەشیۆ ئیختیار بەستەی زەنجیر بۆ
تەکلیف و عەبدی فاییدەش نییەن — هەرچێوە کەرۆ موقەددەر بییەن
چونکە جوابت پێسە مەداوە — زەمانە نییەن وە لای خوداوە
ئەزەڵ تا ئەبەد مەعلووم بییەن لێش — کاینات یەکسەر هەرکام نە جای وێش

جـــەمێعش زانـــان، جـــەلاش ویـــەردەن   جـە دمـای زانـان، تەقـدیرش کـەردەن
عـــیلمش موحیتـــەن، یـــوەن ڕوودادی   نە جەبرەن پەی وێش نـە پـەی عیبـادی
مـــەزانۆ هەرکـــەس فیکـــرش مەجمۆعـــەن   عـــیلم تابعـــەن، عەمـــەڵ مەتبۆعـــەن
زەمـــان مـــەتبۆع ئـــەر ســـەد لاحیـــق بـــۆ   واجبـەن بِالـذّات هـەر ئـەو سـابیق بـۆ
ئینـــە کافییـــەن پـــەی ئـــەهل و فـــامی   شـەرحت گەرەکـەن، عـیلم و کـەلامی

بەشێک لە قەسیدەیەکی فارسی کە لە جوابی دۆستێکیدا نووسیویە:

چە نکهتی است معطر در این ستودە سحر   کە شد دماغ ز عطرش بری ز رنج و کدر
زدود زنـگ ملامـت ز صـفحەی خـاطر   ربـود گـرد کسالت ز جسم ایـن احقـر
مگـر نـسیم صـبا بـود و امـر لیلـی شـد   کـە کـرد بـر سـر مجنـون دلفگـار گـذر
و یـا بـە مـژدەی شـیرین، بـە دیـدن فرهـاد   بـە بیـستونش فرسـتاد خـسرو خـاور
بلـی بـە پرسـش ایـن بنـدەی ارادتمنـد   زبـان گـشادە بـە لطـف آن مـە بلنـداختر
سپهر مجد و جلالت، قرین حشمت و جاه   انیس جود و سماحت، الیـف فـضل و هنـر
عَدوی ظلم و ستم، دوستدار عـدل و کـرم   ظهیر حُکم و حکم، همرکاب فـتح و ظفـر
شبی چو صبح سعادت بـە خواب شـد چـشمم   زهـی منـام کـە صـدرە ز یَقظَـتم بهتـر
ز خـاک پـای تـوام تـاج فخـر بـر سر بـود   ز گـرد راە تـوام دیـدە گـشت روشـنتر
نظر بە روی توام همچو شمس و حربا بـود   فـدای بـدر جمالـت کتـان تـن یکـسر
گهی بە لطف و مودّت، گهی بـە قهـر و عتـاب   خطـاب عالیـت از بنـدە بـرد هـوش و خبـر
چـو دیـدە بـاز گـشودم، نیـافتم رویـت   فرو دویـد ز چـشمم، ز غـصە خـون جگـر
در ایـن ملامـت و افـسوس نـاگهم قاصـد   چو جان بە جسم درآیـد، نمـود روی از در
پـس از سـتایش و اکـرام رُقعـەات خوانـدم   نـە رُقعـە بلکـە یکـی دُرج پـر ز دُرّ و گُهـر
از اینکـە شـفقت و الطـاف کـردەای اظهـار   وز آنکـە بـود گلایـە در آن بـسی مـضمر
نثـار آنـتْ نمـودم بـە صـدق جـان و جنـان   ز شرم اینْت عرض گشت جرْم قلب و جگـر

دوو بەیتی عەرەبی، سکالایەک پێڕای ئاماژە بە خاڵێکی فیقهی:

یـارَبِّ أعْـضاءَ الوضُـوء عَتَقْتها   منْ فَضْلكَ الوافی وَ أنْتَ الواقی
وَ الْعتقُ یَسریْ فی الفَتی یا ذالْغنی   فَامْنُنْ عَلَی الفانی بعتْق الباقی

ئەم مامۆستا بەرزە، سەرەنجام شەوی سێشەمبە ٢٥ی مانگی ڕەبیعولئاخری ساڵی ١٣٤٢ ک. م. لە شاری سنە، دنیای بەجێ هێشت. خەڵکی شار بەوپەڕی ڕێزەوە، تا زیارەتانی «تەپ شێخ حەمە سادق» بەڕێیان کرد و لەوێیان ناشت.

ئەم چەند بەیتە لە قەسیدەیەکە، خوا لێ خۆشبوو شێخ حەیبەڵای کاشتەری لە شینیدا گوتوویە:

ای مُفتی اسلام به خاک ار خُفتی — غم نیست که منزل به فلک بگرفتی
ای کاش که زندگی نماندی کس را — روزی که تو ترک زندگانی گفتی
صد رشته ز معرفت گرفتیم به کف — از بس که گُهرهای حقیقت سُفتی
بس غنچه ز مشکلات علمی هر صبح — از ناشئەی نسیم تو بشکفتی
چون خواجەی بیهقی به مأخَذ قائل — هر مسأله را که شافعی بنهفتی
اَفسوس که شد خاربُن جهل ستَبر — رفت آنکه خس و خار جهالت رُفْتی
غم نیست اگر تو ترک ما کردی، چون — زی ایزد بی‌نیاز رفتی، مُفتی!

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ نەجمەدینی مەردۆخی

کوڕی شێخ جەلالەدین، کوڕی شێخ موحەممەد وەسیمی دووەم، زانایەک لە بنەماڵەی مەردۆخییە کە پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، زیاد لە دەرس‌گوتنەوە، لە داوەری شەرعیشدا، جێ بڕوای هەمووان بووە و چەند نامیلکەی بریتی لە فتوا و باسی فیقهی لێ بەجێ ماوە.

شێخ نەجمەدینی «**حُجةُالاسلام**» لە ٩ی مانگی جیمادی‌سانی ساڵی ١٣٤٢ ک. م. لە دنیا چووە.

تاریخچەی خاندان مردوخ.

مەلا سەلاحەدینی پاوە

کوڕی حاجی عەوەز، عارفێکی بێ‌نیاز بووە شوێنگری تەریقەتی نەقشبەندی و لە مریدانی شێخ عومەر زیائەدینی بیارێ کە ساڵی ١٣٤٢ ک. م. لە دنیا چووە.

خوا لێ خۆشبوو سەید بەهائەدینی شەمسی قورەیشی بۆ شینی مەلا سەلاح شیعرێکی درێژی هۆنیوەتەوە کە ئەمە تەڵبژێرێکیە:

سەر کەرد نە دیدەم سێڵاو هۆنین — سفیدی نامە جە هوون بێ‌ڕەنگین
سەودا وە جەرگم تاسێم بەردەوە — زام کۆنە و نۆم تازە کەردەوە
حەسرەتا پەری مەولانای دینم — شای «اَشرفُ‌الحاج»، «صلاح‌الدّین»م
شارەزای شارای تەریقەت — هومای هەوای ئەوج سەمای حەقیقەت
ڕەوشەنی خەڵوەت ڕیازەت‌کێشان — نوور بینایی دیدەی دەروێشان
جە سەر ملەی کۆی فەنا ویەردە — مەنزڵ وە تاقچەی ڕەزای حەق بەردە

چەم وە سورمەی نوور لەقای حەق ڕەشتە | دڵ مـەزەی چەشـنی عبـادەت چەشـتە
هەڵمەت پەی هیممەت مەعریفەت بەردە | سەحرای ناهـەموار عیرفـان تـەی کـەردە
موتیـــع فـــەرمان ســـاحیبان شـــەرع | دارای قەناعـــەت ئـــەهل تـــەقوا و وەرع
بەڵـــەد وە ئـــەوزاع عالـــەم تەقـــدیس | دانـــا وە ڕەویـــەی تـــەعلیم و تـــەدریس
تەشـــریفش بـــەردەن پـــەی «دارُالبقـــا» | چۆڵ کەردەن حـوجرە و مزگـی و خانـەقا
یـــاران، یـــاوەران، قـــەومان و خوێـــشان | بـدان وەســـەدا هـــەرکام پـــەی وێـــشان
پـــاوەیی جـــە پـــاوە یانـــەش نـــەمانۆ | بایـــەقوش نـــە دەور یانـــەش بوانـــۆ
بـــای فـــەنای پـــاییز جـــە باخـــان خێـــزۆ | گـــەڵای نـــەمامان بـــێ‌وادە ڕێـــزۆ
ســـەدای شـــەتاوان بـــا هـــەر نـــەجنیۆ | ئـــاو جـــە ســـەر ســـەراو هەوڵـــی نـــەکنیۆ
نەسـیم نەویـەرۆ بـا جـە سـەر بـەرزان | نـــەدۆ نـــە دەمـــاغ ڕایحـــەی تـــەرزان
ئـــێلاخ‌نـــشینان وەفـــراو نـــەنۆشـــان | تۆخـــدا بـــا ســـیپاڵ ماتـــەم بپۆشـــان
شەرت بـۆ تـا مەحـشەر، نـەبۆ وە تـەزویر | بـەر نەشـۆ «حـاجی‌سـەلاح»م جـە ویـر
جەی دونیای بێ‌سوود پەی وێش خاسش کـەرد | تەشریف وە جەننەت سەرای ئەبـەد بـەرد
هـــەزار و سێـــسەد، چـــل و دوو تـــەمام | ئیحرام بەسـت حـاجی پـەی «دارُالـسّلام»

حدیقەی سُلطانی، ل ١٣٧ تا ١٤٠.

میرزادەی عیشقی

سـەید موحەممـەد ڕەزا مـیرزادەی عیـشقی، کـوڕی حـاجی سـەید ئـەبولقاسمی کوردسـتانی، لـە ١٢ی جیمادیئاخری ساڵی ١٣١٢ ک. م. (١٨٩٣ ز.) لە شـاری هەمـەدان هاتـە دنیـا و هـەر بـە منداڵـی چـووە مەکتەبخانە و پاشان لە مەدرەسەی ئالیانس، فارسـی و فەڕانـسەی خوێنـد و پـێش وەگـرتنی بڕوانامـە، لـە تیجارەتخانەی بازرگانێکی فەڕانسی، وەکوو وەرگێڕ دامەزرا و لە ماوەیەکی کەمدا فەڕانسەیەکی باش فێر بـوو. لەم ماوەدا جارێک لەگەڵ دەستەیەکی ئاڵمانی، سەفرێکی بۆ کوردستان ـ زێدی باب و کاڵی خۆی ـ کرد

سەرەتای یەکەم شەڕی جەهانی (١٩١٤ـ ١٩١٨ ز.) لە هەمـەدان بـوو؛ لـەو سـەردەمە، دەفتـەرێک لـە شیعرەکانی بە ناوی *«نامەی عشقی»* بڵاو کردەوە. کە شەڕ هەڵگرسا، بـە پـشتیوانی لـە عوسمـانی و وێـڕای هەزارانی تر، لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە، ڕێ ئەستەمبووڵی گرتە بەر و چەند ساڵـێک لـەوێ مایـەوە و لـە لقـی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفە لە دارولفونوونی بابی عالیدا، وەکوو گـوێگر بەشـداری کـرد و هـەروەها ساڵی ١٣٣٦ ک. م. *«نوروزنامە»*ی هۆنییەوە و هەر لەوێ لە چاپیدا.

کە باری شەڕ گۆڕا و ئیمپراتووری عوسمانی شـکا، عیـشقی گەڕایـەوە هەمـەدان و پاشـان ڕێـی تـارانی

گرتەبەر و چەند ساڵی ئاخری ژیانی لەوێ ڕابرد. لەو سەردەمە، گولۆڵەی حوکمەتی قاجارپیش کەوتبووە لێژی و مەترسی سەرهەڵدانی ڕژیمێکی ملهوڕی تر، بە دەستی ڕەزاخانی سەردار سپە، هەست پێ دەکرا. عیشقی جاروبار، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پاتەختدا، دژی ئەم ڕەوتە، شیعر و وتاری بڵاو دەکردەوە؛ شیعری *«کفن سیاه»* و *«ایده آل مرد دهقان»*، هی ئەم کاتەیە. ماوەیەکیش خۆی ڕۆژنامەی *«قرن بیستُم»*ی بڵاو کردەوە؛ بەڵام بە حەڤدە ژمارە کۆتایی هات.

میرزادەی عیشقی لاوێکی ئازا و بەجەرگ، شاعیرێکی بەهەست و نیشتمانپەروەر و نووسەرێکی ڕۆشنبیر و خاوەن شەرەف بووە کە دیتنی بارودۆخی نالەبار و خەڵکی داماو و هەژار، گڕی تێبەرداوە و بەم بۆنەوە، شیعر و نووسراوەی یەکجار ئاورین بووە و قەڵەمی بە ڕاشکاوی و بێ کۆکردنەوە، کەسی هەڵنەبواردووە و بەتایبەت وەکوو تیرێک لە جەرگی ڕەزاخان و نۆکەرانی هەڵچەقیوە. زۆربەی شیعرەکانی باسی وەتەن و میللەت و قسەی خوێن ڕشتن و تۆڵەکردنەوەیە؛ هەروەک ناوی شیعرێکی *«عید خون»* ناوە. وتارەکانیشی لە تاران و هەمەداندا، هەر وا بوون و بۆنی خوێنی لێ دەهاتن.

کاتێ کە سەردار سپە و سەرەکوەزیر لێ بڕان قاڵی قاجار ببڕنەوە، عیشقی جارێکی تر ڕۆژنامەی *«قرن بیستُم»*ی لە چاپداوە و زۆر توند بەرهەڵستیان وێستاوە؛ بەڵام هەر ئەوە و هەر ئەو ژمارە بوو. لە بەرەبەیانی ١٢ی تیر مانگی ساڵی ١٣٠٣ ک. ﻫ.)١٩٦٤ ز.) دوو کەس چوونە سەری و لە ماڵەکەی خۆیدا وەبەر گوللەیان دا و لای نیوەڕۆی ئەوڕۆژە، لە نەخۆشخانەدا، گیانی پاکی، لەشی ئازراوی بەجێ هێشت. دۆستان و لاگرانی، تەرمەکەیان بە چاوی تەڕەوە بردە مزگەوتی سپەهسالار و بەیانی ئەو ڕۆژە، لەسەر دەست و شانی خەڵکێکی زۆرەوە ، تا زیارەتانی «ئیبنوبابویە» بەڕێ کرا و لەوێ نێژرا.

چەند شیعری عیشقی:

صد افغان خویش را بی‌خانه دیدن   خود اندر خانەی بیگانه دیدن
سپس بیگانەی بی‌خانمان را   به جای خویش صاحبخانه دیدن

* * *

مکش که بیهده این نقش می کشی نقاش   که خون بگریی، اگر پی بری به احوالم
چه حاجت است پس از من بماند این تمثال   فلک چه کرد به من، تا کُند به تمثالم

* * *

من ای پیری! جوانی را نخواهم   بمیرم زندگانی را نخواهم
چو نام نیک باشد زندگی چیست   چو باقی هست فانی را نخواهم

* * *

خاکم به سر ز غُصه به سر خاك اگر کنم   خاك وطن چو رفت، چه خاکی بەسر کنم

آوخ کُـلاه نیـست وطـن تـا کـه از سـرم / برداشــتند، فکــر کُلاهــی دگــر کــنم
مرد آن بود که این کُلَهش بر سـر است و مـن / نـامردم ار کـه بـی‌کُلـه آنـی بـه سـر کـنم
زیــر و زبــر اگــر نکنــی خــاک خـصم را / ای چرخ زیـر و روی تـو، زیـر و زبـر کـنم
جـایی اسـت آرزوم، اگـر مـن بـه آن رسـم / از روی نعـش لـشکر دشـمن گـذر کـنم
بـد هـر چـه مـی‌کنـی بکـن ای دشـمن قـوی / مـن نیـز اگـر قـوی شـوم از تـو بتـر کـنم
مـن آن نـیم بـه مـرگ طبیعـی شـوم هـلاک / وین کاسه خون به بستر راحـت هـدر کـنم
معشوق عشقی ای وطـن ای مهـد عـشق پـاک / وی آنکه ذکر عشق تو شام و سـحر کـنم،
عشقت نه سرسری است که از سـر بـه در شـود / مهرت نه عارضی است که جای دگر کـنم
«عـشق تــو در وجــودم و مهــر تــو در دلــم / با شیر انـدرون شـد و بـا جـان بـه در کـنم»

* * *

در هفـت آسـمانم الا یـک سـتاره نیـست / نـامی ز مـن بـه پرسـنل ایـن اداره نیـست
بــی‌اعتنــا بــه هیــأت کابینــه‌ی فلــک / گردیـده‌ام کـه پـارتیم یـک سـتاره نیـست
بیچــاره نیــستم مــن و در فکــر چــاره‌ام / بیچاره آن کسی است که در فکر چاره نیست
مــن طفــل انقلابــم و جــز در دهــان مــن / پـستان خـون دایـه‌ی ایـن گـاهواره نیـست
احـوال مـن نمـوده دل سـنگ خـاره نـرم / آخـر دل تـو سـنگ‌تـر از سـنگ خـاره نیـست
من عاشقم گواه من این قلب چاک چـاک / در دسـت مـن جـز ایـن سند پـاره‌پـاره نیـست

* * *

هزار بار مرا مرگ بـه از ایـن سـختی اسـت / برای مردم بدبخت، مرگ خوشبختی است
گذشت عمر به جـان‌کنـدن ای خـدا مـردم / ز دست این همه جان کندن، این چه جان‌سختی است
رسید جان به لبم، هر چه دست و پـا کـردم / بـرون نـشد، دگـر ایـن مُنتهـای بـدبختی اسـت
رجـال مـا همـه دزدنـد و دزد بـدنام اسـت / که دزد گردنه بـدنام و دزد، پـاتختی اسـت
بمیــر «عــشقی» ار آســایش آرزو داری / که هر که مُرد شد آسوده، زنده در سختی است

پێشەکی و دەقی *کُلّیات مصوَّر عشقی*، چاپی تاران.

عەلی حیکمەت ئەفەندی

لە مامۆستایانی زانای دەورانی خـۆی بـووە لـە تـیرەی «سیامەنـسوور»ی لای کـەرکووک، کـوڕی حـاجی

عەبدولوەهاب، کوڕی ئیسماعیل، کوڕی مەحیەدین، کە ساڵی ١٢٦٠ ک. م. لە کەرکووک هاتۆتە دنیا[١] و هەر لەوێ خوێندنی دەسپێکردووە و دوایی بۆ کۆیە چووە و لای زانای بەڕێز، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، ماوەیەکی تر خوێندوویە و ئیجازەی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە کەرکووک.

حیکمەت لە مەنتیق و فەلسەفە و کەلام و ڕیازی و تەنانەت سروشت و جوگرافی و میژوودا مامۆستا بووە و بە بۆنەی شارەزایی لە حیکمەت و فەلسەفەدا، ناوی «حیکمەت»ی پێ دراوە.

عەلی حیکمەت لە کەرکووک سەرەتێک لە مزگەوتی حاجی ئەحمەد ئاغا و چەلێک لە خانەقای سەید ئەحمەد و ماوەیەک لە مەدرەسەی مەیدان، قوتابییانی بارهێناوە و لە ماوەی ژیانیدا سەرجەم، دەوری حەفتا فەقێی پێگەیاندووە و ئیجازە داوە.

لە نووسراوەکانی: پەراوێز بۆ: *«شرح مطالع»*، *«شرح مواقف»*، *«شرح تجرید»*ی شێخی تووسی و *«فناری منطق»*.

ئەم مامۆستایە جگە لە کوردی، فارسی و عەرەبی، ترکیشی زانیوە و جار ــ جار شیعریشی گوتووە و سەردەمێکیش دادوەری کردووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٣ یان ١٣٤٨ ک. م. لە شاری کەکووک دنیای بەجێهێشتووە.

گۆڤاری *دەنگی گیتی تازە*، س١٩٤٥ ز. ل٤١ و ٤٢. ل٤٠٣. *عُلَماونا فی خدمة‌العلمِ و الدّین*، ل٤٠٣.

شێخ عەبدوڵڵای فەیزی

خەڵکی ناوچەی مووش، لە باکووری کوردستان، لە نیوەی یەکەمی چەرخی چاردە لە ئەستەمبووڵدا ژیاوە و پیاوێکی زانا، وێژەوان و شاعیر بووە و بە کوردی کرمانجی و عەرەبی شیعری گوتووە.

فەیزی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بووە و بە شەو و ڕۆژ، بەشێک دەرسی گوتووە و کتێبانی خوێندۆتەوە و بەشێکیش عیبادەتی کردووە و داب و دەستووری تەریقەتی بەجێهێناوە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٤٨.

شوکری فەزلی

زانا و وێژەوانێکی کوردی نێشتەجێی بەغدا بووە کە زیاد لە کوردی و عەرەبی، فارسی و ترکیشی باش زانیوە و چۆتە نێو کاری دەوڵەتییەوە و بۆ چەند ڕۆژنامەی عیراق وتاری نووسیوە و ساڵی ١٣٤١ ک. م. بۆتە سەرپەرشتی نووسینگەی سەرەکوەزیریی عیراق و تا دوایین ساڵی ژیان (١٣٤٤)، ئەو کارەی لە

---

١. نووسەری کتێبی *«عُلَماونا فی خدمة‌العلمِ و الدّین»*، دەوری ساڵی ١٢٧٥ی نووسیوە.

ئەستۆ بووە.

لە کتێبەکانی: ١. *«تاریخ عراق از ادوار باستانی تا قرن چهاردهم»* ٢. *«مکتبة‌الفضلی»*، لە زانستە جۆراوجۆرەکاندا.

شوکری شیعریشی گوتووە و هێندێک شیعری عەرەبی و فارسی و ترکی و کردی لێ بەجێماوە.

الاعلام، ب٣، ل ٢٥١.

مەجدی «مَلِکُ‌الکلام»

میرزا عەبدولمەجید، نازناو «مەجدی» و کەسناو «مَلِکُ‌الکلام»، کوڕی میرزا کەریم، کوڕی میرزا ڕەجەب، کوڕی شێخە بەگ، لە زنجیرەی بەناوبانگی «امیر اختیارالدینی»یە کە هەر لەمێژەوە تا ساڵی ١٣٠٩ ک. م. حوکمەتی بانەیان بەدەستەوە بووە.

مەجدی لە ئەستێرە درەوشانەکانی ئاسمانی زانست و وێژەوانییە کە ساڵی ١٢٦٨ ک. م. لە شاری سەقز هاتە دنیا و هەر لەوێش خوێندی و بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی سرشتییەوە، لە ماوەیەکی کەمدا، ناوی و ناوبانگی شیعر و پەخشانی، هەموو کۆڕێکی وێژەوانی ئەودەورانەی وڵاتەکەی گرتەبەر.

عەبدولمەجید تازەلاو بوو، بابی عەمری خوای کرد. هێندێک لەودوا بۆ خوێندن، کەوتە گەڕان بە شارانی ئێراندا و سنە و کرماشان و هەمەدان و تەبریز و تاران و ئەسفەهانی بینی و لە هەرکام لەو شارانە، خزمەتی زانایان و وێژەوانایان گەیشت. پاش ماوەیەک ئەمجار بە ماڵەوە چوو بۆ سنە و بوو بە مونشی حاجی «ظفرُالمُلک»ی ئەردەڵان. ساڵی ١٣٠٦ ک. م. حەجی کرد و کە گەڕاوە، سەپەرشتی نووسینگەی حوکمەتی گرتە ئەستۆ. ئەم کارەی لە دەورانی دەسەڵاتی حەسەنعەلی خان «امیرنظام»ی گەڕووسی، ساڵی ١٣٠٩ و هەروەها ئەولقاسم خان «ناصرالمُلک»ی قەرەگوزلوودا هەر هەبوو. لەم ساڵانەدا لە لایەن دەوڵەتەوە، خەڵات کرا و کەسناوی «مَلِکُ‌الکلام»ی پێ درا.

«مَلِکُ‌الکلام» دەوری ساڵی ١٣٣٠ ک. م. بەو نیازە کە منداڵانی لە شوێنێکی گەورەتردا گەشە بکەن و دنیا باشتر بناسن، کۆچی کرد بۆ تاران و دەیویست لەوێوە بۆ ئورووپا بچێ، کە یەکەم شەڕی جیهانی قەوما و تازە لە تاران مایەوە. بۆخۆی پێڕای قەسیدەیەک، هۆی ئەم کۆچ و بارەی باس کردووە:

مرا دوازده طفلند زیرک و دانا   که هر یکی به مثل یوسفند و من یعقوب
به سوی قاهره و لندنم بباید شد   برای تربیت کودکان زروی وجوب

واتا: ئەمن دوازدە منداڵی زیرەک و زانام هەیە؛ هەرکام بۆم وەکوو یۆسفێک و من یەعقووبیان. بۆ ڕاهێنانیان ناچارم ڕوو لە قاهیرە و لەندن بکەم.

لە تاراندا، تا دوامین ڕۆژەکانی ژیانی، بە خوێندن و تۆژینەوە و کڕوکاش و نووسین و بەهرەگەیاندنی

ڕابوارد. ئەوی تەنیا لە شیعر لێی بەجیٚماوە، پتر لە سەدهەزار بەیتە؛ کە بەداخەوە تەنیا دەفتەرێکی گچکەی لیٚ چاپ کراوە. دیوانی مەجدی پڕە لە بابەتی جۆراوجۆری ویژەییٚ، کۆمەڵگایی، میژوویی، زانستی و تەنانەت گەپ و گاڵتە کە بە هەموو شیوەیەکی وەک: قەسیدە و غەزەل (عیشقی و عیرفانی) و مەسنەوی و تەرجیع و چوارینە، بەرگی شیعری دەبەر کردووە.

بەرهەمە پەخشانەکانی بریتین لە: «سفرنامەی حجاز»، «مقّالات»، «مُنشآت»، نامیلکەی جۆراوجۆری خواناسی و تاکەپەرستی و عیرفان و مۆچیاری و لێکۆڵینەوەی ژیرانەیە.

شاعیرێک لە باسیدا گوتوویە:

گنج پنهانی بود دیوان مَجدی، لاجرم تا نگردد آشکارا کس نمی‌داند که چیست
نیست پیغمبر ولی از همّت روح‌القُدُس نظم و نثرش در فصاحت تالی نصِّ جلی است

واتا: دیوانی مەجدی، گەنجینەیەکی شاراوەیە و تا دەرنەکەویٚ، کەس چوزانیٚ چی تیدایە. ڕاستە پیغەمبەر نییە، بەڵام لە هیممەتی جوبراییل، شیعر و پەخشانی شوینگری دەقی قورئانە.

«مَلکُ‌الکلام» پیڕای ئەوە کە بیٚ شک یەک لە پیتۆڵانی بواری ویژە و زانستی چەرخی ڕابردوو بووە، لە باری خەڵک‌دۆستی و خیرخوازی و ئاکاری بەرز و کردەوەی شیاو و ڕووی خۆشیشەوە، هەڵکەوتووی ناو زانایان و مامۆستایانی ئەوسەردەمە هاتۆتە ئەژمار.

حەسەن‌عەلی خان «امیرنظام»ی گەڕووسی ـ کە خۆیشی پیاوێکی ویژەوان و زانای بە هەموو مانا بووە ـ لەمەر مامۆستا مەجدییەوە، ئاوای گوتووە: «ایالت کردستان به مثل شما مُنشی و ادیب دانشمندی، بر ایالات دیگر شرف دارد».

واتا: ولاتی کوردستان بە مونشییەکی ویژەوان و زانا وەک ئیوەوە، لە باقی ولاتان سەرە.

ڕەحمەتی موحەممەد حوسەین خانی فورووغی «ذکاءالمُلک»، لە جوابی نامەیەکیدا نووسیویە: «آیات بیّنات فضل و هنر، یعنی غُرَر دُر رُخامەی مُشکین آمەی حکمت‌اَثَر را نامه نبود؛ شفای بیمار بود و معجزه و کرامَت نمود. جواب آنچنان مکتوب، به همان سیاقِ بدیع و اُسلوب مرغوب، کار حضرت فیل است و صاحب و صابی در این پهنه میدان، مقهور و ذلیل. ما سپر انداختیم و تسلیم شدیم؛ از روی حقیقت نه از راه فروتنی ...».

بە کورتی یانی: ئەو نامەی تۆ نووسیوتە، هیند جوان و ڕازاوە و بەقەوەتە، جوابی بۆ من نادریتەوە!

جاریک «اَدیبُ‌الممالک»ی فەراهانی لە ئەسپ ئەکەویٚ و دەستی دەشکیٚ. مەجدی ئەم دوو بەیتەی بۆ دەنیریٚ:

چون یافت سپهر دون بر آزار تو دست هم دست تو را شکست و هم روی تو خَست
بر بَست در عیش به روی من از آنک نه دست تو را، دل مرا هم بشکست

«اَدیبُ‌الممالك» لە جوابیدا نامەیەک دەنووسێ؛ کە ئەمە دوو ڕستەی: «قول دادەام جواب شعر جنابعالی را بدهم هرچند در این میدان فَرَسی خَشبی و قَمَری نَخْشبی است. واقعاً از مجارات و استقبال ابیات جنابعالی استعفا دادم که: لَمْ یُدْرِكِ الظّائعُ شَأوَ الضَّلیع».

بە کورتی یانی: بڕیارم داوە جوابی شیعرەکەتان بدەمەوە؛ بەڵام چاری کەڵەگەت بە لاواز ناکرێ.

«مَلِكُ‌الکلام»ی مەجدی سەرەنجام ڕۆژی سێشەمبە، ٢٦ی زیقەعدەی ١٣٤٤ ک. م. (١٩٢٦ ز.)، لە تەمەنی ٧٥ ساڵاندا، دنیای بەجێهێشت و لە زیارەتانی «آب‌انبار قاسم خان»ی تاراندا نێژرا.

چەند نموونە لە شیعری مەجدی:

کوردی سۆرانی:

لە دوولا زوڵفی لەو لاوە لە سەروی قامەت ئالاوە
خەم و پێچی هەموو داوە، چ لەم‌لاوە چ لەولاوە

موژەی وەک نێشی پەیکانە، هەمیشە کاری پێکانە
دڵی هەر خوێش و بێگانە بە ئەم پەیکانە، پێکاوە

لە جەوری غەمزەکانی تۆ کە بێچارەکوژە و جادوو
چ خوێنێ بوو، چە جەرگێ بوو کە نەڕژاوە و نەبرژاوە

سەبا بێنێ ئەگەر بێنێ لە زوڵفت دین و دڵ دێنێ
وەلیکن کەی دڵ و دینێ لەبۆ عوششاقی تۆ ماوە؟

نە یاقووتە کە دەیبینی لە نێوی کان بە ڕەنگینی
لە ڕەشکی لێوی تۆ خوێنی دڵی کانە کە گرساوە

لە داوی توڕڕەیی پەرچەم دڵی ئاشوفتە ناکا ڕەم
کە ئازادی لە قەیدی غەم خودا لەم داوە پێداوە

وەرە بەڵکەم نەجاتم دەی لە مەوجی قوڵزمی بێ‌پەی
لە «مەجدی» غافڵی تاکەی؟ کە بێ‌تۆ غەرقی گێژاوە

غەزەلێکی فارسی:

چو ذات پاك تو را عقل در نیافت کماهی
تو را چه داند؟ چون من جَهول ساهی و لاهی

زهی که سیر خرد در سرادقات جلالت
نموّ موی بود در فضای نامتناهی

فضای نامتناهی کجا و موی ضعیفی
که غایتش دو سه گز در دمیدن است و تباهی

همه تو بینم، وین طُرفه کز منی تو نهفته
ندانمت که از این غیبت و حضور چه خواهی؟

ندید ماهی ز اب محیط هیچ نشانی
نبیند ار چه جز آب محیط دیده‌ی ماهی

چه قطره‌ای است که بر قدرت تو نیست دلیلی
چه ذرّه‌ای است که بر ذات تو نداده گواهی

زبان حاجتم از عجز بسته است و ندانم
جز اینکه گویمت از روی اضطراب، الهی!

زبان حال من از تو کند سؤال که یارب!
حَلال ده چو مَرا بازداشتی ز مناهی

کسان به جاه و حشم فخر می کنند و لیکن
اسیر حُکم تو «مجدی» به فضل تُست مباهی

چوارینە:

ای گشته دم مسیح وقف دهنت
از جان فرشته آفریدند تنت

از غایت ناز کی خَراشد بدنت
سازند اگر ز بوی گل پیرهنت

ای بَس که به خون تپیدم از دیدەی خویش | نادیده کس آنچه دیدم از دیدەی خویش
چون شمع شب فراقت از سر تا پای | بگداختم و چکیدم از دیدەی خویش

* * *

ای رفته به سیر برگ‌ریزان رزان | جان از لب تو به حسرت انگشت‌گزان
هرگز نشنیدیم و ندیدیم، رود | غیر از تو بهاری به تماشای خزان

* * *

ای زُلف تو چون مشک تتاری، تاری | چون جان و خرد ز عیب و عاری، عاری
اندر دل من که مزرع مهر و وفاست | از ناوک غمزه رخم کاری، کاری

دیوان مَجدی، چاپی تاران، گۆڤاری *ماد*، چاپی تاران، ١٣٢٤ ک. هـ. ژ١ و ٢.

تاهیر فوئاد

شێخ تاهیر، نازناو «فوئاد»، کوڕی شێخ لەتیفی بەیدری، لە زنجیرە سەیدەکانی بەرزنجە، ساڵی ١٣١٠ ک. م. لە شاری کەرکووک هاتە دنیا و کە پێگەیشت، لای شێخ موحەممەدی بەیدری و عەلی حیکمەت ئەفەندی سیامەنسووری خوێندی؛ بەڵام لە نیوەچڵی خوێندندا، یەکەم شەڕی دنیاگر قەوما و تاهیریش وەکوو زۆر لاوی تر، ناردرا بۆ شەڕ و دوای ساڵێک دووری لە نیشتمان، گەڕاوە کەرکووک و تا کۆتایی شەڕ، لە گوندەکانی سەید ئەحمەدی خانەقادا ژیانی بردەسەر و ساڵی ١٣٤١ ک. م. ژنی خواست.

تاهیر فوئاد مرۆیەکی خۆش‌زەوق، ئەدەب‌دۆست و تێکەڵی خەڵک بووە و لە ماڵەکەیدا لە کەرکووک، ژوورێکی وەکوو کتێبخانە، بۆ شاعیران و نووسەران تەرخان کردووە و هەموو ڕۆژێ ئەو خێڵە تێدا کۆ بوونەتەوە و قسە و باسی جۆراوجۆریان کردووە و کەسێ شیعر یان نووسراوەیەکی تازەی بووبێ، بۆ باقی خوێندووتەوە.

فوئاد زیاد لە کوردی و عەرەبی، فارسی و ترکیشی زانیوە و بەم دوو زبانەش شیعری گوتووە. بەشێکی دیوانەکەی، مامۆستای هێژا، گیوی موکوریانی، ساڵی ١٣٨٩ ک. م. لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر، چاپی کرد.

وەک مامۆستا گیو لە لاپەڕەی ٧٩ی دیوانەکەی تاهیر فوئاددا دەڵێ، کاتی چاپی ئەو کتێبە، واتا ساڵی ١٣٨٩ ک. م. ٤٥ ساڵ بووە کە شاعیرەکەی لە دنیا چووە. بەم حیسابە تاهیر فوئاد دەبێ ساڵی ١٣٤٤ ک. م. مردبێ؛ کە تەمەنی دەوری ٣٥ ساڵ بووە و بە جوانی ژیانی کۆتایی هاتووە.

تاهیر فوئاد بە بۆنەی هەڵبوونی ئاوری یەکەم شەڕی جیهانییەوە، قەسیدەیەکی دوورودرێژی گوتووە کە ئەوا چەند بەیتی:

وەهـ وەهـ! لەم ئاگرەی کە لە دونیا کرایەوە   ئەم داوی فتنەیە کە بۆ عالەم نرایەوە
دەرگای ڕاحەت و تەرەب و ئەمن داخرا   ئاشووب و دەرد و حادسە دەرگەی کرایەوە
سەمتووری بەزمی عشرەتی یاران لە نەغمە کەوت   مەجلس بەتاڵ و سوحبەتی یاران بڕایەوە
ئەو مەنزەرەی سەفا و سورووەرەی کە دیتمان   وەک پەردەیی تەیاترۆ زوو دادڕایەوە
هەر عەیش و نۆش و شادی و دڵخۆشییێ کە بوو   بەم میحنەت و فەلاکەت و دەردە درایەوە
لاڵ بم کە نەقشی شێوەیی میهر و وەفا «فوئاد»   وەک ناوی تۆ لە سینەیی عالەم سڕایەوە

ئاوێنەی حەقیقەت:

وەرە ئەی دڵ هەتا شەمعی حەواست پەرتەوی ماوە   بە غەفڵەت فەیزی هۆشت دامەنێ فرسەت کە یەکتاوە
ئەگەر فیعلەت لە مەیدانا نییە قەوڵەت لە کارا بێ   عەمەڵ گەر غەیرمومکن بوو، نەزەر ڕێگەی نەبەسراوە
لە بەزمی زندەگیدا مفتە گوفتار و تەماشایی   زمان تا بەندی نەپساوە، چرای دیدە نەکوژراوە
لە خوار و ژووری ئەم دونیایە دققەت کە بزانی تا   زەمین بۆ وا زکی داوە، فەڵەک بۆ پشتی کۆماوە؟
لە کونجی عالەمی تەجرید و تەوحیدا تەئەممول کە   لە بۆچی جوزء و کول تەعبیری دوو تۆیە کە یەکداوە
بە دوربینی خیرەد سەیرێکی ئەجرامی سەماوی کە   بزانە دەستی سونعی حەق چ تەرتیبێکی داناوە
بە ئیمعانی نەزەر ئەوزاعی ئەم جیرمانە بڕوانە   کە خوا هەر یەک بە حکمەت قودرەتێکی خاسی پێداوە
فەزایی ئەم جیهانە وا بە تاڵی تێ مەگە هەرچی،   لە عەرسەی کایناتایە بە بێهوودە نەخوڵقاوە
لە تەختی خاکەوە تا سەتحی ئەفلاک هەرچی تێدایە   هەموو فەردێ وەزیفە و ڕێگەیەکی پێ سپێراوە
موعەمایێکە ئەم کەونە کە هەر نوقتەی تەماشا کەی   لە هەر جوزئێکیا سیڕڕی هەزاران نوکتە شاراوە
هەتا لێ ورد ئەبی ئەرواحە تا دەڕوانی ئەجسامە   نە کەس ئەنواعی زانیوە، نە ئەقسامی ژمێراوە
نە حەدد و عەددی مەعلوومە، نە ئاغاز و نە ئەنجامی   گەلێ ئەهلی فنوون بەم داخەوە هەروا سەری ناوە
حەکیمانێ کە وا شەمسی زوکا تیمسالی حیسیانە   لە کەشفا غەیری حەیرەت زەڕڕەیەکیان بۆ نەبینراوە
کەوابێ لافی دانایی گەزافە، جەهلە بۆ ئێمە   کە خالیق هەر مەگەر بۆخۆی بزانێ چی بینا ناوە
بەنیئادەم کە پایەی عەقڵ و نوتقی پێ بەخشراوە   بە لوتفی سوورەت و حوسنی تەبیعەت هەڵبژێراوە

* * *

بە خودبینی وەها ئەسپی غورووری خوت مەکە پڕتاو   کە ئەم مەیدانە زۆر سواری وەکوو تۆ تاوی لێداوە
مەکێشە ڕەنجی خۆڕایی لەگەڵ ئەم کەیدی دنیایە   عەبەس تەعمیری سەربانی مەکە، دیواری ڕووخاوە
لە یەک لاوە زیاعی وەخت و لایێ بێسوباتی عومر   لە هەر دوو لایەوە هەریەک برینێکە دەمی داوە
قەناعەت موشکڵە و حرسیش دەوای نایێ چییە تەدبیر؟   هەموو ئەربابی عەقڵ و فەن سەری لەم کارە شێواوە
بە چاکی بێ و خەراپی زندەگی دەڕواتە سەر ئەمما   جەفایی تەعنەیی لائیم لە ئینسان ئیشی تێکداوە

ئەگەر قانع بە هیچی پێت ئەڵێن بێکارەیە و دوونە
بەڵا زۆر و بەدەن بێ‌تاقەت و ژینیش وەها ناسک
ئەگەر سەعییش لە کەسبا کەی دەڵێن دینی بە لا ناوە
دڵی سەرگەشتە چی بکا لەم هەموو دەردە کە ئاڵاوە

دیوانی *تاهیر فوئاد*، چاپی هەولێر، ١٩٦٩ ز.

شەریعەتمەداری سنەیی

شێخ موحەممەد ئەمین، کەسناو «شەریعەتمەدار»، کوڕی حاجی شێخ موحەممەدی «حافی» سمێرانی ـ کە لە پێشتر باسیمان کرد ـ پیاوێکی زانا بووە، لە گوندی «سمێران» لە باشووری سنە هاتۆتە دنیا و پاشان بۆ سنە کۆچی کردووە و لە مزگەوتێک کە دوایی بە ناوی خۆیەوە ناسراوە، دەرسی‌داوە و دەوری ساڵی ١٣٤٥ ک. م. لە دنیا چووە.

ڕەحمەتی شەریعەتمەدار پیاوێکی عارفی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە. ساڵی ١٣٠٢ سەفەرێکی بۆ تاران کردووە و چۆن بووە، تا ساڵی ١٣٠٦ لەوێ ماوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە سنە. لەو ماوەدا کە لە تاران بووە، کتێبێک بە ناوی «ریاضُ‌المَعصومین»ی لەمەڕ شان و شکۆی ئیمامان و یارانی پێغەمبەرەوە (د) نووسیوە. شێخ جگە لەم کتێبە، لە باسی فیقهـ و بڕواشدا نووسراوەی هەیە.

یاداشتەکانی نووسەر.

فوئاد فێسچی‌زادە

شەهیدی ڕێبازی ئازادی ، دوکتور فوئاد، کوڕی حوسەین‌بەگی فێسچی‌زادە، خەڵکی دیاربەکر، یەک لە هەزارانێکە وا بۆ ئازادی زمان و بیر و قەڵەم تێکۆشا و بەرامبەر بە دەزگای ملهوڕ و دژ بە ئینسانی عوسمانی ڕاوەستا و گیانی لە پێناوی ئامانجە بەرزەکەیدا دانا.

دوکتور فوئاد پیاوێکی زانا بوو کە حوقوقی خوێندبوو؛ زۆر جوانی دەنووسی و بۆ ڕزگاری گەلەکەی لە ژێر باری نالەباری ناحەقی و زۆربێژی، لە ناو و دەرەوەی وڵاتدا، زۆری حەول دا و سەرەنجام لە ساڵی ١٣٤٥ ک. م. (١٩٢٦ ز.)، بە دەستی داگیرکەرانی نیشتمانەکەی، بە سێدارە شەهید کرا.

مامۆستا قانیع، شاعیری بەناوبانگ، لەم بارەوە ئێژێ:

ئەی دوکتور فوئاد! ئەی شێری نەمر!
هەتا قیامەت بۆ کورد کەڵک‌گر
نەمردووی، نامری، نەخشی دڵمانی
ئێمە بولبولین تۆ هەم گوڵمانی
سەرتەقەکێشی، نیشتمان‌پەروەری
لاوی دلێری، کانی جەوهەری
هەرچەند کە ئێستە لاشەت پەنهانە
زەخیرە و مێژووی بو ئەم زەمانە
قارەمانی گەل! شێری ڕۆی مەیدان!
ئاخر لەسەرچی وا تۆیان خنکان؟

بۆیـــێ وا تۆیـــان هەڵکێـــشا بـــە دار
کـە هەوڵـت ئـەدا بـۆ چـینی هـەژار

کۆشـــشت ئـــەکرد لـــە دەورەی دەوران
ئـەتوت ئـازاد بـن گـەلی بـێدەسـتان

سـووچت ئـەوە بـوو کـە ئـەتوت کـوردم
کوردی بـە نـامووس بـە دەسـت و بـردم

سووچت ئەوە بـوو فـەرمووت نیـشتمانیم
بیـــشمخنکێنن، هـــەر کوردســـانیم

سووچت ئەوە بـوو دوژمـن هـۆز نـەبووی
سووچت ئەوە بوو جاسووس کۆز نـەبووی

ئـاخر بـۆ کـوژرای؟ هەسـێرەی کـوردان
چـــرای ڕوونـــاکی هەناســـەســـەردان

تۆ هەرگیز نامری هـەر لـە پـێش چـاوی
لـــە مێژووماننـــا خـــاوەنی نـــاوی

تـۆهـەرگیز نـامری قوربـانی کـوردان!
ڕوونـــاکی دڵـــی وێـــڵی بـــنبـــەردان

تـــۆ هـــەرگیز نـــامری لاوی نیـــشتمانی
لـــە دڵ دەرنـــاچی تـــۆ بـــە ئاســـانی

ڕۆحـت بێـدار بـێ کـە گـەل هۆشـیارن
ئێـسته چـاو بـازن، چـاک خوێنـدەوارن

تـــازه بـــە پـــاره ناخـــڵەتێن بـــۆ کـــەس
ڕێگـای ڕزگـاری بـەر نـادەن لـە دەس

وەهـــا نـــەزانی کـــە ئێـــستەش کاســـن
دوژمـــنی خوەیـــان زۆر بـــاش ئەناســـن

چ لادێ، چ شـار، خـەریک هـاتوچـوون
خـــەریک وەرگـــرتن حـــەیا و ئابـــڕوون

کچـــان دەسئـــەگرن بـــە دەس برایـــان
ئەســـــووڕێنەوە لـــــە دووی هیوایـــــان

دەڵێن کاتێ کە دوکتوریان بۆ پای سێدارە دەبرد، بۆ دوایین جار داوایان لێ کرد لـە کـورد بـوونی خـۆی حاشا بکا. ئەو لە وەرامدا، بە دەنگی بەرز شیعرێکی ترکی خوێندەوە کـە دەڵـێ: «کـێ دەتوانـێ بەهەشـتی کوردستان لە بەرچاوی من بخا؟ ئەو ئاو و خاکە، میراتی باب و کاڵی منە. بە هەموو گیانەوە تێدەکۆشـم لـە داگیرکەرانی بستێنمەوە».

هێشتا شیعرەکەی تەواو نەکردبوو، ژێری پێیان کێشاوە.

بەندی چوارەمی *دیوانی قانیع* (*شاخی هەورامان*)، چاپی بەغدا، ل ٨٧ و ٨٨. یاداشـتەکانی نووسـەر.

مەلا موحەممەدی مەولانا

کوڕی مەلا عارف، کوڕی عەللامە حاجی ئەحمەدی نۆدشی، مەشهوور بە «حـاجی مامۆسـا» و لـە زانایـان و مامۆستایانی ناوداری شاری سنە بووە کە لە قسەزانی و ڕاستبێژی و زەبری زماندا، نـاوی‌دەرکـردووە. دوای کۆچی دوایی بابی، تا بووە (ساڵی ١٣٥٤)، لە مزگەوتێکدا کە بە ناوی ئەو بنەماڵەوە، مزگەوتی «مەولانا»ی پێ دەڵێن، دەرسی گوتۆتەوە.

لە کتێبەکانی: «*تُحفَةُ الابرار فی حُرمةِالتَّربی بزیِّ الکُفّار*».

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ شەمسەدینی حوسەینی

کوڕی عارفی پایەبەرز، حاجی شێخ ڕەزا، لە سەیدە ڕەسەنەکانی گوندی «لۆن سادات»ی ناوچەی بێلەوار، مرۆیەکی بێنیاز و هێژا، ئاکار بەرز و بەرزەمژ بووە و ساڵی ١٣١٠ ک. م. دوای کۆچی دوایی بابی، سەرۆکیی سادات و بەڕێوەبردنی مزگەوت و قوتابخانەی لۆنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و سەبارەت بە بارودۆخی قوتابخانە و فەقێیان، جەخت و بەختێکی زۆری کردووە؛ بە شێوەیەک کە لە دەورانی ئەودا، ژماری قوتابییان گەیشتۆتە دەوری ١٢٠ کەس.

شێخ شەمسەدین شوێنگری تەریقەتی نەقشبەندی و ئەهلی سەیر و سولووک بووە و هەموو چینێکی خەڵک ڕێز و حورمەتێکی تایبەتیان لێ گرتووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٦ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە.

تاریخچەی سادات لۆن.

مەلا موحەممەد سەعیدی عوبەیدی

مەلا موحەممەد سەعید، کوڕی ئەحمەد، کوڕی فەتاح، ساڵی ١٣٠٠ ک. م. لە ئاوایی «عەبابەیلێ» هاتە دنیا و کە پێگەییشت و خوێندنەوە و نووسین و وانە سەرەتاییەکان فێر بوو، ماوەیەک لە هەڵەبجە خوێندی و ئەوجار چوو بۆ کەرکووک و دوو ساڵ لە خزمەتی عەلی حیکمەت ئەفەندی، مەنتیق و ڕیازی خوێند و پاشان ڕووی لە بیارە کرد و لە کۆڕی دەرسی مامۆستای پایەبەرز، مەلا قادری کانیکەوەیی، ماوەیەک بەهرەی برد و سەرەنجام ئیجازەی لێ وەرگرت. بە شوێن ئەوەدا گەڕاوە زێدی خۆی و تا دواساڵی ژیان (١٣٤٦ ک. م.) دەرسیگوتەوە و قوتابییەکی زۆر لە بەردەستیدا پێگەییشتن؛ یەک لەوانە، زانای بەڕێز، مەلا کەریمی مودەڕڕیس، مامۆستای ئێستای ئەعزەمییەی بەغدایە کە لە ساڵانی ١٣٣٩ و ١٣٤١ک. م. لە خزمەتی بەهرەی بردووە.

مەلا موحەممەد سەعیدی عوبەیدی مرۆیەکی خاکەسار و بێ دەمار، گۆشەگر و بێنیاز، سۆفی مەشرەب و خاوەن ئاکاری بەرز بووە کە کاسبی کردووە و بەوە ژیاوە.

عُلَماونا فی خدمة العلمِ و الدّین، ل ٥٥٠ و ٥٥١.

شێخ لەتیفی قازی

کوڕی شێخ موحەممەد، کوڕی شێخ لەتیفی سێهەم، کوڕی شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی شێخ عوسمان، کوڕی شێخ لەتیفی دووهەم (کەبیر)، کوڕی شێخ مەعروف، کوڕی شێخ لەتیفی ئەوەڵ، لە شێخانی مەردۆخی قەرەداغە کە

دەوری ساڵانی ١٢٩٠ ک. م. لە هەڵەبجە هاتۆتە دنیا و پاش ماوەیەک خوێندن لای بابی، چۆتە بیارە لە خزمەتی مەلا قادری کانی‌کەوەیی ئیجازەی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە هەڵەبجە و دوای ئەوە باوکی کۆچی یەکجاری کردووە، دەرس‌گوتنەوە لە قوتابخانەکەیدا وە ئەستۆ گرتووە و کە ئاگری یەکەم شەڕی دنیاگر دامرکاوە، دادوەری دیوانی شەرعی هەڵەبجەشی پێ سپێراوە و سەرەنجام لە ساڵی ١٣٤٦ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

شێخ لەتیف مرۆیەکی هێژا، خۆپارێز و بێ‌نیاز بووە و هێندێک نووسراوەشی لێ بەجێ‌ماوە.

عُلَماونا فی خدمة العلمِ و الدّین، ل ٣٦٧.

شێخ عارفی شەهبازی

حاجی شێخ عارف، جێگری خوا لێ خۆشبوو حاجی شێخ شوکروڵای سنەیی، پیاوێکی عارف و هێژا بووە کە لە سێبەری بابی ئاکاربەرزیدا ڕاهاتووە و هەر لە سەرەتای لاوی و تافی هەرزەکارییەوە، لەگەڵ ڕێڕەوان و مریدانی خانەقای باوکیدا دانیشتووە و ئاودەنگ بووە و دواجار خزمەتی قوتبی تەریقەت، شێخ عەلی حوسامەدینی گڵکۆ پیرۆز چووە و سەری پێ سپاردووە و پاش ماوەیەکی درێژخایەن ڕیازەت‌کێشان و سولووک‌کردن، بە مەقامی ئیرشاد گەیشتووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٧ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشتووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

سەید موحەممەدی قاری

سەید موحەممەد، کەسناو «ظهیرُالاسلام»، پیاوێکی هێژا و پارسا و شەرعزانێکی دڵپاک بووە کە ساڵانێکی زۆر لە شاری سنە بە پێی شەرعی ئیمام ئەبووحەنیفە (د) دادوەری کردووە و بەو بۆنەوە کە هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە، «سەیدی قاری»یان پێ گوتووە.

ڕەحمەتی زەهیر، مرۆیەکی پاڵەوان و وەرزشکار بووە و لە زۆرەبانێ و مێڵ‌گێڕان و وەزنە هەڵگرتندا، ناوبانگی دەرکردووە و لەمەڕ زۆری شان باهۆیەوە، داستانی زۆریان گێڕاوەتەوە و تا ساڵە دواییەکانی ژیانیشی وەرزشەکەی دانەناوە و سەرەنجام پاش عومرێکی درێژ، دەوری ساڵی ١٣٤٧ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

بنەماڵەی «ظهیراعظمی»، زاروزێچی ئەون.

یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا عەبدوڵڵای نارنجی

پارێزکارێکی زانا بووە کە هەر لە سەرەتای خوێندنەوە، بە پارسایی و دڵپاکی و ئاکارچاکییەوە ناسراوە و لەگەڵ خوا

لێ خۆشبوو مەلا عەبدوڵلای دشی (موفتی)، لە خۆش و ناخۆش و سارد و گەرمدا، یار و ئاریکاری یەک بوون. مەلا عەولای نارنجی پاش وەرگرتنی ئیجازە، دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی «لەیلاخ» لە ڕۆژهەڵاتی سنە و لە گوندی «باشماخ» دادەمەزرێ و باقی ژیانی بە دەرس گوتنەوە و بەرنوێژی و ڕێنوێنی خەڵک، بە ڕاسپاردن بۆ چاکە و پرینگاندنەوە لە خراپە، تێپەڕ دەکا و دەوری ساڵانی ١٣٤٧ ک. م. بەرەو خێر و بێری هەتاهەتایی دەڕوا.

دوورەپەرێزی و نەوس کوژی مەلا عەبدوڵلا تا ڕادەیەک بووە، سەر سفرەی کەس دانەنیشتووە و ئەگەر بۆ سەفەرێک یان ماڵی دۆستێکی چووبێ، لە تۆشەبەرەکەیدا هێندێک وردەنانی بووە؛ لەوەی خواردووە. تا هێزێکی تێدا ماوە، کاری کردووە و بژیوی خۆی ژن و منداڵی دەرهێناوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ ئەسعەدی شارەزووری

شێخ موحەممەد ئەسعەدی نەقشبەندی، کوڕی شێخ مەحموود ساحیب و برازای مەولانا خالیدی شارەزووری «ذی‌الجَناحَین»، پیاوێکی زانا و عافێکی پایەبەرز بووە و هێندێک نووسراوەی بایەخداری لەمەڕ سۆفییەتی و سۆفیگەرییەوە لێ بەجێ‌ماوە؛ کە بریتین لە:

١. *الجَواهرُ الُمکنونَة*
٢. *نورُ الهدایَة وَ العرفان*
٣. *الفُیوضاتُ الخالدیَّة*
٤. *جمعُ القَلائد وَ مَجمع الشَّوارد فی فَرائد مَوْلانا خالد*
٥. *بُغیَةُ الُواجد فی مَکتوبات حَضرَة مَوْلانا خالد*

شێخ موحەممەد ئەسعەد لە خانەقای سوڵتان سلێمان خان، لە «مروج‌الاخضر»ی دمەشقدا وتاری داوە و خەڵکی ئامۆژگاری کردووە.

زا و مەرگی شێخ ئەسعەد ساڵانی ١٢٧١ و ١٣٤٧ ک. م.[1] لە دمشق ڕوویداوە.

الاعلام، ب١، ل٢٩٤. *کشف‌الظّنون*، ب١، ل٣٩٧. *بَغیَةُالواجد*، چاپی دمشق.

ئەحمەد تەیموور پاشا

کوڕی ئیسماعیل پاشا[2] (ڕوشدی تەیموور)، کوڕی موحەممەد، بە ڕەگەز کورد، لە زانایان و وێژەوانانی

---

١. لە کتێبی *عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین*، ل٥٠٥، بە هەڵە ساڵی لەدایکبوون، چۆتە جێی ساڵی لە دنیا چوون.
٢. ژینامەی ئیسماعیل ڕوشدی پاشا و چۆنیەتی کۆچی ئەو بنەماڵە بۆ میسر، لە بەشی دووهەمدا باسی کراوە.

بەناوبانگ و مێژوزانانی پایەبەرز و ئەندامی کۆڕی زانیاری عەرەبییە؛ کـە بـە شـێوەی ڕۆژاواییـان کرۆکاشـی زانستی کردووە و هەموو بەرهەمێکی، لای خاوەن بیروڕایان، جێی متمانەی تەواوە و جگە لەوە کە لە مێژوو نووسیدا، مامۆستای بێ‌قسەی چەرخی ڕابردوو دێتە ئەژمار، لە بواری شیعر و ئەدەبیشدا، خاوەن لێهاتوویی و شارەزاییەکی تەواو بووە.

ئەحمەد تەیموور ساڵی ١٢٨٨ ک. م. لە قاهیرە هاتە دنیا و سێ‌مانگان بوو، بـابی عـەمری خـوای کـرد و خۆشکی زانای (عایشە تەیموور) بەخێوکردن و ڕاهێنانی گرتە ئەستۆی خۆی و لەم بارەوە زۆری حەولدا.

ئەحمەد وانە سەرەتاییەکانی لە مەدرەسەی فەڕانسی و زبان و وێژەی، لای زانایانی ئەو سەردەمە خوێنـد و کە پێگەییشت، شارەزاییەکی باشی لە زانستە گشتییەکاندا دەسکەوتبوو. ٢٩ ساڵان بـوو ژنەکـەی دنیـای بەجێ‌هێشت و ئەو چیتر ژنی نەخواست؛ نەوەک باوەژن بێتە سەر منداڵەکانی.

بابی ئەحمەد تەیموور، کتێبخانەیەکی هەبووە و ئەحمەد کە بۆتە خـاوەن پلـە و پایەیـەکی زانـستی، بـۆ ڕێک‌وپێک کردن و پەرەپێدانی، تێکۆشیوە و بەتایبەت لە ساڵی ١٣١٩ ک. م. بەولاوە، بەردەوام کتێبی لـێ زیاد کردووە؛ بە شێوەیەک کە کاتی مەرگی، ژماری کتێبەکانی ـکە «الخَزانةُ التَیموریّە»ی پێ گـوتراوە ـــ بـە هەژدەهەزار بەرگ گەیشتووە و زۆربەی زۆری، دەقی دەسنووسی بەنرخ و نایابی کتێبان بووە، کە ئەحمـەد تیموور بۆ زۆرێکیان پێشەکی و پەراوێزی داناوە؛ پێڕستی دەرهێناوە؛ لەمەڕ نووسەری کتێب و بابەتەکەیـەوە لێکۆڵیوەتەوە و گوتاری زانایانەی بۆ نووسیوە. ئەم کتێبخانە یەکجار گرانباییە، پاش مـەرگی ـــ بەرامبـەر بـە وەسیەتی خۆی ـ بە کتێبخانەی نەتەوەیی میسر دراوە و ئێستا، لـە شـوێنێکی تایبـەت، بـە نـاوی خۆیـەوە ڕادەگیرێ.

ئەحمەد تەیموور پاشا، پیاوێکی دڵپاک و دڵاوا و خاکەسار بووە؛ قەت خوێندنەوە و تۆژینـەوە و نووسـین، ماندووی نەکردووە؛ تا ئەو کاتە کە چۆرتمێکی‌تری هاتە سەر ڕێ و یەک لە کـوڕانی بـە نـاوی موحەممـەد، جوانەمەرگ بوو. ئەو کارەساتە زۆری شڵەژاند و تووشی سەکتەی کرد و سەرەنجام دڵی لـە لێـدان خـست (ساڵی ١٣٤٨ ک. م.).

کتێب و بەرهەمەکانی ئەحمەد تەیموور:

١. *التَّصْویرُ عند العَرب*
٢. *نَظْرَةٌ تاریخیة فی حُدُوث المَذاهِب الأربعه*
٣. *تصحیحُ لِسان العَرَب*
٤. *تصحیحُ القاموس اُلمُحیط*
٥. *اَبوالعَلاء المَعَرّی وَ عَقیدَتُهُ*
٦. *الیَزیدیَّةُ وَ مَنْشَأ نحلتهم*

٧. *ضبطُ الأَعْلام*
٨. *قَبْرُ السُّیوطی*
٩. *اَعْیانُ القَرْن الرّابع عَشَر*
١٠. *الآثارُ النَّبویّه*
١١. *تَراجم المُهَنْدسین العَرَب*
١٢. *التَّذْکرَةُ التَّیموریّه*
١٣. *قامُوسُ الکَلمات العامیَّه*
١٤. *ذَیْلُ طَبَقات الأطبّاء*
١٥. *ذَیل تاریخ الجَبْرتی*
١٦. *مُعْجَمُ الفَوائد*
١٧. *الألْقابُ و الرُّتَب*
١٨. *نقدُ القسْم التّاریخیّ منْ معارف فَرید وجْدی*
١٩. *البَرقیّات للرّسالَة وَ المقالَه*
٢٠. *فهرسُ لخزانَة الأدَب للْبَغدادی*
٢١. *الالفاظُ العامیَّةُ المصریَّة*
٢٢. *اوهامُ شُعَراء العَرَب فی المَعانی*
٢٣. *تاریخُ الأسْرَة التَّیموریَّة*

تاریخ آداب اللغة العَرَبّیه، ب٤، ل١٠٦. گوڤاری *یادگار*، س٣، ژ٣، ل٣١. گوڤاری *ماد*، س ١٣٢٤، ژ٢، ل٢٨. *الاعلام*، ب١، ل٥٩.

شێخ موحەممەد وەسیمی خەتات

شێخ موحەممەد وەسیم، مەشهوور بە «شێخ ئاغەبرا»، کوڕی شـێخ جـەلال، لـە پـشتی عەللامـە حـاجی شـێخ موحەممەد سەعیدی تەختی، پیاوێکی هێژا و زانا بووە و هەموو جۆرە خەتێکی، لە نەسخ و نەستەعلیق و سولس، جوان و وەستایانە نووسیوە و لە خۆشنووسانی سەردەمی خۆی هاتۆتە ئەژمار و ساڵی ١٣٤٨ ک. م. لە دنیا چووە.
تاریخچەی خاندان مردوخ.

شێخ ئیسماعیلی کاکۆزەکەریایی

شێخ ئیسمایلی لۆنی، لەدایکبووی دەوری ساڵی ١٣٠١ ک. م. کوڕی پارێزکاری هێژا، شـێخ مـەحموودی

کاکۆزەکەریایی، لە قوتابخانەکانی کوردەواری خوێندوویە و کە تەواوی کردووە، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و تا دواساڵی ژیانی (١٣٤٨ ک. م.)، لە مەدرەسەی دینی ئەوێدا دەرسی‌گوتۆتەوە و فەقێی ڕاهێناوە.
شێخ ئیسمایل مرۆیەکی یەکجار زیرەک و وریا و خاوەنی ئاکاری بەرز بووە و کاتێکی لە دەرسدان بۆ مابێتەوە، بە عیبادەت و خوێندنەوەی ڕابواردووە و جاروباریش کشتوکاڵی کردووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

موحەممەد ماجیدی کوردی

کوڕی موحەممەد ساڵەح، کوڕی شێخ فەیزوڵای کوردی مەککی، سەرەتای چەرخی سێزدە، باپیری لە کوردستانەوە کۆچی کردووە بۆ مەکەی پیرۆز و ماجید لەو شارە هاتۆتە دنیا و دوای ئەوە بای‌باڵی‌داوە، خوێندنی دەسپێکردووە و بە هۆی بیری تیژ و زیرەکی و تێکۆشانی زۆرەوە، لە ماوەیەکی کەمدا خوێندنی تەواو کردووە.

موحەممەد ماجید هەر لە سەرەتای خوێندنەوە، وازێکی زۆری لە کتێب و کتێبخانە بووە و لەو سەردەمەوە کتێبی کۆ کردۆتەوە و دوایی بە خەرجی خۆی پەخشانگایەکی دامەزراندووە و کاری لەچاپ‌دان و بڵاوکردنەوەی کتێبانی کردۆتە پیشەی خۆی و کتێبخانەیەکی گەورەی لە مەککەدا داناوە.
دوای ئەوە پاشایەتی حیجاز کەوتۆتە دەستی ئالی سوعوود، بووە بە نوێنەری خەڵک و چۆتە ئەنجومەنی شووراوە. ماوەیەک لەودوا نوێنەری مەزرینگەی مەعاریفی پێ سپێراوە و دوای ئەوەش سەرپەرشتی ئەوقافیان پێ داوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٩ ک. م. دەستی لە دنیا بڕاوە.
لە کتێبەکانی: «*کَنزُالعُمّال*»، «*مُعْجَمُ‌التَّخامیس*» و «*المُنْتَجّاتُ‌الماجِدیّه*».

الاعلام، ب٧، ل٣٢٨.

شێخ یەحیای مەعریفەت

حاجی شێخ یەحیای مەعریفەت، کەسناو «اعتضادُالاسلام»، کوڕی شێخ عەبدولحەمید، لەدایک‌بووی ساڵی ١٢٩٠ ک. م. و لە زنجیرە شێخانی مەردۆخی، پیاوێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو، بیرمەندێکی زۆر ورد و وریا و بلیمەتێکی قەڵەم پاراو و خۆش‌خەت بوو کە بێژگە زانستە ئایینی و ویژەییەکان، ڕیازی و حیساباتیشی دەزانی و لە ئەستێرەناسی و ئوستورلابیشدا سەری چاک دەردەچوو.

خوا لێ خۆشبوو مەعریفەت، بۆ کرانەوەی چاو و گوێی خەڵک و بەرهەڵستی ملهوران و ناحەقیکاران و پشتیوانی لە مەشرووتە و ئازادیخوازان، بە دانانی ڕۆژنامە و نووسین و بڵاوکردنەوەی گوتاران، زۆری حەول دا. مەدرەسەیەکیشی لەسەر دابی نوێ، بە ناوی «مەعریفەت» دانا؛ کە بە هۆی دژایەتی هێندێک

کۆنەپەرستەوە، پاش ماوەیەک داخرا. ساڵی ١٢٩٩ ک. م. بوو بە سەرۆکی مەعاریفی کوردستان و ماوەیەکیش سەرپەرشتی مەعاریفی ڕۆژاوای ئێرانی پێ سپێردرا.

ئەم مامۆستایە چەند کتێب و نووسراوەشی هەیە؛ یەکیان دەورەیەکی فێرکاری دینی، بۆ قوتابییانی کوردستانە؛ بە ناوی «*شَرعیّات*»، کە چەند ساڵان لەسەریەک چاپ دەکرایەوە. ئیتر، کتێبێکە لەمەڕ سۆفیگەرییەوە، بە ناوی «*خَیطُ‌الشَّبحات*».

دیسان لە کارە باش و بایەخدارەکانی، کۆکردنەوە و هەڵەبژاری دیوانی مەستوورەی ئەردەڵانە؛ کە جاری یەکەم، ساڵی ١٣٠٤ ک. م. لە تاراندا چاپی کرد.

ئەمن تەنیا جارێک چاوم بەو زاتە کەوت؛ ساڵی ١٣٤٧ ک. م. بوو، لە قوتابخانە دەمخوێند. هاتبوو بۆ ماڵمان، باوکم ئیجازەنامەیەکی فوتوای بۆ بنووسێ. لەبیرمە بابم کتێبێک لە تەنیشتی بوو، هەڵیگرت و کردیەوە، کاغەزێکی لێ دەرهێنا و گوتی: وەک بڕیارم دابوو، پێش هاتنتان ئەوەم نووسیوە. باش بوو بۆخۆشتان هاتن. فەرموو بیخوێنەوە! گرتی و بە دەنگێکی بەرز خوێندیەوە و سپاسی کرد. لە بەیانیدا، بەرگێک لە دیوانەکەی مەستوورەی، بە ناوی منەوە ناردبوو.

مەعریفەت ساڵی ١٣٥٠ ک. م. (١٩٣١ ز.) لە شاری هەمەدان، دنیای بێ بەقای بەجێ‌هێشت و تەرمەکەی لەوپەڕی ڕێزدا بەڕێ‌کرایەوە بۆ سنە و لە بارەگای بنەماڵەی خۆیاندا نێژرا.

غەزەلێکی ڕەحمەتی یەحیای مەعریفەت، پێڕای هێندێک زاراوەی ئەستێرەناسی:

سیەروزم ز هجر ای صبح وصل یار تنویری	ز روز تیرەی خود خستەام ای شام تأخیری
دل اندر عُقدەی بعد و رقیب اندر میان حائل	رُخ دلبر گرفته اوج حُسن از چرخ تدویری
به خواب اندر قمر با ذوذنب دیدم شده طالع	رُخ و دنبالەی چشمت کند زین خواب تعبیری
چه نیکو شد قرین، بدر جمال و زهرەی خالت	ولی بختم ندید از این قران سعد تأثیری
دو زلفت همچو مار و نار و عقرب خویش بنماید	به هر صورت ز اوضاع شب هجر است تفسیری
ز زخم غمزه در دلها هزاران نقش بنمودی	که اقلیدس نداند کرد از این اشکال تحریری
سواد تار مویت گشته در کوی ذَقَن ظاهر	ز تَدویرات موهومی بر افلاک است تصویری

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ جەلالی قەرەداغی

کوڕی شێخ لەتیف، کوڕی شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی شێخ عوسمان، کوڕی شێخ لەتیفی گەورە، دەوری ساڵی ١٢٩٥ ک. م. هاتە دنیا و لە قوتابخانەکەی بابی لە قەرەداغدا خوێندی و ڕاهات و پلە‌پلە سەرکەوت و ئیجازەی وەرگرت. پاشان بوو بە ئیمام و مامۆستای مزگەوتێکی سلێمانی.

شێخ جەلال مرۆیەکی هێژا، دوورەپەرێز، ئاکاربەرز و جێگری بەجێگەی باب و کاڵی بووە و لە هەر کۆڕێکدا دانیشتووە، دانیشتوانی ئامۆژگاری کردووە. عەللامە شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی ـکە خزمی نێزیکی بووەـ مامەی پێ گوتووە و بە هەر بۆنەیەکەوە، بۆ لای چووە و لە هاونشینی و هاودەنگی ئەو، دڵی کراوەتەوە و بەهرەی بردووە.

مامۆستا شێخ جەلال ساڵی ١٣٥٠ ک. م. ماڵاوایی دنیای بێ بنیای کردووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل١٣٩ و ١٤٠.

وەحشەتی کوردستانی

فەرەجوڵای وەحشەت شاعیرێکی هێژای خەڵکی لای سنە بووە کە بە زاراوەی سۆرانی شیعری گوتووە و دەوری ساڵەکانی ١٣٥٠ ک. م. مردووە.

ئەم غەزەلە هی ئەوە:

چاوەکەت فەتتانە تۆ تەعلیمی دەستانی مەکە — فێری مەشقی شیری ئەبروو، تیری موژگانی مەکە
نووری ڕوخسارت کە جەبری کوفری زوڵفی کردووی — زوڵفەکەی لێ لا مەدە، ئەمجار لە ئیمانی مەکە
حاجەتی شانەی نییە، تەرتیبی زوڵفت تێکمەدە — دەس بزیوە ئەم قەلە فێری گوڵستانی مەکە
دڵ کە پەروەردەی ویساڵە دەردی دووری پێمەدە — تابی ئەم بارەی نییە غەمباری هیجرانی مەکە
ئەی ڕەفێق بیستوومە یار تەدبیری قەتڵی کردووم — لێگەڕێ با بمکوژێ توخوا پەشیمانی مەکە
گەر بڵێن «وەحشەت» لە هیجرت خوێندەگریێ ئەو دەڵێ: — فێڵە دەیکا لێگەڕێ، قەت گوێ لە گریانی مەکە

لە جونگێکی دەسنووس.

شێخ موحەممەد تاهای شیروانی

شێخ موحەممەد تاها، کوڕی عارفی دڵوشیار، شێخ ئیسمایل، کوڕی حەسەن بەگی شیروانی، ساڵی ١٢٥٠ ک. م. لە شاری هەولێر هاتە دنیا و هەر لەوێ بایباڵیدا و خوێندنی دەسپێکرد و دوای فێربوونی وانە سەرەتاییەکان و هێندێک فارسی و عەرەبی، چووە قوتابخانە دینییەکانەوە و لە کۆڕی دەرسی مامۆستایانی وەک: مەلا موحەممەد و مەلا ئەحمەد و مەلا ڕەسوولی هەولێر و هەروەها مەلا موحەممەد ئەمینی «قەلاسنجی» بەهرەی برد. ئەوجار ماوەیەک لە سلێمانی لە خزمەتی مورشیدی پایەبەرزی قادری، کاک ئەحمەدی شێخ (بەرزنجی)، تەریقەتی قادری وەرگرت و بەشوێنیدا چووە «تەوێڵێ» و لای گەورەی تەریقەی نەقشبەندی (شێخ موحەممەد بەهائەدین) و ماوەیەک داب و دەستووری مرید و ڕێپێو فێر بوو. سەفەرێکیش بۆ بارزان ڕۆی و لە شێخانی ئەوێ بەهرەی برد و پاشان گەڕاوە زێدی خۆی و لەوێوە چووە

بەغدا و لای مامۆستایانی ئەوێش، ماوەیەک خوێندی و ئیجازەی گرت.

شێخ تاها دوای تەواو کردنی دەرس و دەور، لە بەغدا مایەوە و باقی ژیانی بە خوێندنەوە و دەرس‌گوتنەوە و نووسین و ڕێنوێنی خەڵک ڕابرد و سەرەنجام لە ڕۆژی سێهەمی مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٣٥٠ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشت و لە سەرقەبرانی شەهیدان، لە پەنا «کرخ»یان ناشت.

شاعیران و زانایانی هاوچەرخی، شینێکی زۆریان بۆ گێڕا؛ یەکیان قەسیدەیەکی عەرەبییە، هی شێخ مەحموود ئەفەندی کە ئاوا دەسپێدەکا:

أَنورَ الدّین یا مَن قَدْ تَجَلّی بأرْدیَةِ المعارف وَ الکمال
شَقیقُکَ فی جنان الخُلْد «طه» غَدا لله ضَیْفاً ذی الجَلال

یەکی تر، شین‌نامەیەکی زانای هێژا، حاجی موحەممەد ڕەشید ئەفەندییە بەم دەسپێکەوە:

لَعَمْرُکَ ما شخصٌ منَ الهَمّ خالیاً فَمِنْ اَیْنَ تَصْفُو للانام اللّیالیا

لە کتێبانی، *«شرح اصول النّحو»*یان ناو بردووە.

لباب الالباب، موحەممەد ساڵح سوورەبەردی.

سارم سوڵتانی ئەردەڵان

سەیفوڵڵا خانی ئەردەڵان (سارم سوڵتان)، کوڕی حەبیبەڵا خان، کوڕی عەباسقولی خانی سەرتیپ، کوڕی ئامانوڵا خانی والی ئەردەڵان، ساڵی ١٢٤٥ ک. هـ. (١٨٦٦ ز.) لە سنە هاتە دنیا و لەوێ و چەن شوێنیتر خوێندی و پاشان چووە نێو ئەرتەشەوە و تا پلەی سەرهەنگی سەرکەوت و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٠ ک. م. (١٩٣١ ز.)، لە تەمەنی ٦٥ ساڵاندا، لە تاران کۆچی یەکجاری کرد.

سارم خان وازێکی زۆری لە شیعر و وێژە بوو. زۆربەی کاتی وچانی، بە خوێندنەوەی دیوانی شاعیران و کتێبە وێژەییەکان ڕادەبرد و لە هێندێک کۆڕی ئەدەبیشدا بەشداری دەکرد و بۆخۆشی شیعری دەگوت و نازناوی «سارم» بوو. ئەم غەزەلە هی ئەوە:

دلم از حلقەی گیسوی تو وا نتوان کرد پای دیوانە ز زنجیر رها نتوان کرد
گفتمش مُشک ختا بر سر گیسوی زدی گفت خاموش کە تشبیە خطا نتوان کرد
خواستم دل بنهم در سر زُلفش دیدم بسکە دل بر سر هم ریختە، جا نتوان کرد
در وجودی بە ودیعت بود ار یک جو جود چیست کام دل سائل کە روا نتوان کرد
ذرّەای نور هدایت بودت گر در دل نیک دانی کە طلب جز ز خدا نتوان کرد
گر بپرسند ز من حد نکوکاری چیست گویم آنست بە تحقیق کە تا نتوان کرد
قسمتم روز ازل کرد قضا خون جگر چون کنم چارە کە تغییر قضا نتوان کرد

هست «صارم» ز تو نومید، که حافظ فرمود: «تکیه بـر عهـد تـو و بـاد صبا نتـوان کـرد»

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ ئەمینی خاڵ

حاجی شێخ ئەمین، کوڕی شێخ موحەممەد، کوڕی شێخ ئیسمایل، کوڕی شێخ مـستەفا، لـە پـشتی مـەلا ئەبووبەکری موسەنیفی چۆڕی، زانایەکی هەڵکەوتە و عارفێکی بێ‌نیازی خەڵکی سلێمانییە، کە ساڵی ١٢٥٩ یان ١٢٦٠ ک. م. لە دایـک بـووە و خوێنـدنی لای بابییـەوە دەسـپێکردووە و لـە کـۆڕی دەرسـی شـێخ عەبدولقادری موهاجیر بە ئەنجامی گەیاندووە و پاشان خزمەتی شێخ موحەممەد بەهائـەدینی نەقـشبەندی گەیشتووە و تەریقەتی لێ وەرگرتووە و ماوەیەکیش بە سەیر و سولووکەوە ڕایبواردووە.

شێخ ئەمین مرۆیەکی پارێزکار و خزمەتگوزاری خەڵک بووە؛ زبان و وێژەی کوردی و عـەرەبی و فارسـی باش زانیوە و بۆخۆشی جاروبارە شیعری گوتووە. لە شاری سلێمانی، هەم دەرسـی داوە و هـەمیش تۆبـەی داداوە و خەڵکی ئیرشاد کردووە. لە کۆڕ و دیداری سەرزلان و دنیادۆستان خوەی پاراستووە و زۆرتر لەگـەڵ زانایان و قوتابییـان و خـەڵـکی ئاسـایی دانیـشتووە و سـەرەنجام ساڵـی ١٣٥٠ ک. م. (١٩٣١ ز.)، دنیـای بێ‌بنیای بەجێ‌هێشتووە و لە زیارەتانی «گردی‌سەیوان»ی سلێمانییان ناشتووە.

زانا و توێژەری بەڕێز، مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ، نەوەی حاجی شێخ ئەمینە.

تاریخ سُلیمانیّه، ل ٢٣١. *یادی مەردان*، ل ٥٠٩ و ٥١٠.

قازی میرزا عەلی مەهابادی

کوڕی قازی میرزا قاسم، کوڕی میرزا مەحموود، لە بنەماڵەی قازییەکانی سابلاغە کە دەوری سێ چـەرخ، کوڕ لەدووی باب، دادوەرییان کردووە و بۆ زانست و هێژایی و پایەبەرزی، ناویان دەرکردووە.

قازی میرزا عەلی لە مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٢٧٩ ک. م. لە شـاری سـاوجبولاغی مـوکری (مـەهاباد) هاتە دنیا و هەر لەوێش خوێندنی تەواو کرد و لە خزمەتی مەلا عەولای پیرەباب ئیجـازەی گـرت و پاشـان دەرس‌گوتنەوە و دادوەری دەسپێکرد و ماوەی چل ساڵان بە هەموو شێوەیەک خزمەتی کرد.

قازی شوێنگری تەریقەتی نەقشبەندی و مریدی شێخی بورهان بوو. چەند کتێبی نووسیبوو کـە لەگـەڵ باقی کتێبەکانی کتێبخانەکەیدا، لە یەکەم شەڕی جەهانی و کاتی هەڵمەتی ڕووسان، سووتان و لـەناوچوون و تەنیا شەرحێکی قەسیدەی «بانَت سُعاد» لەو وەیشوومە ڕزگاری هات.

قازی عەلی مرۆیەکی ئاگا و داوەرێکی دڵاوا و وتاربێژ و نووسـەرێکی توانـا بـوو؛ دەرکـی ماڵـی هەمیـشە بەڕووی خەڵکدا کرابۆوەوە و لە ڕێی ئازادی و ڕزگاری میللەتەکەیدا، زۆری گەزەن لێ‌کەوت و زیانی بـینی و

تەنانەت چەند جاران کەلەپچە کرا و لە زیندان خرا و سەرەنجام پاش ٧٢ ساڵان ژیانی پڕپیت، ساڵی ١٣٥٠ ک. م. لە مەهاباد ئەمری خوای بەجێهێنا و هەر لەوێ نێژرا.

شەهیدانی نەمر، قازی موحەممەد و میرزا قاسمی سەدری قازی، کوڕی قازی عەلین.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٨٦. ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی مەهاباد، س١، ژ٧.

سەید موحەممەدی حەکیم

بژیشکی پایەبەرز و بلیمەت، سەید موحەممەدی ئەلیاسی، مەشهوور بە حەکیم، کەسناو «اَشرَفُ‌الحُکَما»، کوڕی سەید خدر، لە بنەماڵەی سەید ڕەحمەتی «باینچۆ»یە کە ساڵی ١٢٥٢ ک. هـ.)١٨٧٣ ز.) هاتە دنیا و کە پێگەییشت، چوو بۆ هەورامان و لەوێ خوێندنی تەواو کرد. پاشان چووە ناو ڕیزی مریدانی پیری پارسا، شێخ زیائەدینەوە.

باب و باپیرانی سەید موحەممەد، زۆربەیان دەستی بژیشکییان هەبووە و ئەم لێهاتوویيە لە ناویاندا وەک کەلەپوور هاتووە. بەتایبەت سەید موحەممەد، هەر لە سەرەتای لاوییەوە، وازێکی زۆری لەسەر ئەو کارە بووە و هەر لەو سەردەمەوە، نەخۆشانی بە شێوازی تایبەتی خۆی دەرمان کردووە و لە ناو هەموو بژیشکان و برینگەراندا هەڵکەوتووە.

وەک دەیگێڕنەوە و هێندێک بەڵگەی لێ بەجێماویشی دەیسەلمێنن، سەید موحەممەد، هەر نەخۆشێکی دیوە، بە نەخۆشییەکەی زانیوە و زۆر نەخۆشینی گرانی بە هۆی زانستی بەربلاوی لەمەڕ دەرمانی جۆراوجۆر، بەتایبەت گوڵ و گیاوە، لە ماوەیەکی کورتدا، دەرمان کردووە. هەروەها بۆ برینگەری و شکستەبەندی، وێنەی کەمتر هەڵکەوتووە. زۆر جاران، ئێسکی خراپ شکاوی، بە لێزانییەکی سەیر و سەمەرە، خستۆتەوە جێ، یان بێژین ناوەتەوە سەر یەک و خۆشی کردۆتەوە.

دەیگێڕنەوە جارێک خاوەن دەسەڵاتێکی بە لەش کەڵەگەت، ئێسکی ڕانی لە کاسیلکەی دەرچووە و لە حەکیمانی تاران هیچیان هیچی پێ نەکراوە و ئەویش زۆر حاڵی شڕ بووە. بەهەڵکەوت خزمێکی نەخۆشەکە دێتەوە بیری ماوەیەک وا لە کوردستان بووە، باسی حەکیمێکی پیتۆڵیان دەکرد بە ناوی سەید موحەممەد. هەرچۆنێک بووە، دەیهێننە سەری نەخۆش.

سەید موحەممەد کە دەیبینێ، تێدەگا خستنەوە جێی ئێسکی لەشێکی وا پڕ ماسوولکە و پتەو، پێویستی بە هێزێکی یەکجار زۆر و لەسەرخۆیە. چ بکا؟ فەرمان دەدا گامێشێک دێنن، خوێیەکی زۆر، بە ئالفێکی وشکەوە دەدەنە دەرخواردی. بۆ بەیانی نەخۆشەکە بە شێوەیەکی تایبەت لە سەر پشتی گاکە دادەنێ و هەردوو پێی لە ژێر زگیەوە، بەو شێوە بۆخۆی زانیویە، توند دەبەستێ. ئەوجار دەفرێکی گەورە پڕ لە ئاو دەکەن و لە پێش گامێشی تینووی دادەنێن. گا هەر ئاو دەخواتەوە و هەر ورگی وردە ـــ وردە گەورە

دەبێتەوە. لە ناکاو تەقەیەک دەکا و ئێسک ئەچێتەوە جێ!

ناوبانگی سەید موحەممەدی حەکیم دەگاتە ڕادەیەک کە ساڵی ١٣١٠ ک. هـ.)١٩٣١ ز.) لەسەر داخوازی هەموو مامۆستایانی گەورەی شاری سنە، حوکمەت کەسناوی «اَشرفُ‌الحُکَماء» و ئیجازەی فەرمی هەموو جۆرە نشتەرگەری و شکستەبەندی دەداتێ.[1]

لە باری ئاکاریشەوە، سەید موحەممەد پیاوێکی دیندار، مەردمدۆست و خزمەتگوزار بووە و زۆربەی کات و ساتی ژیانی، بۆ دەرمانی نەخۆشان و لەش‌بەباران تەرخان کردووە و بێ ئەوەی کاری بە کەسایەتی و پلە و پایەی نەخۆشەکەوە بووبێ، خزمەتی بێ دریخی بە مرۆ مانا، لە هەر چین و بە هەر ئایینێک، لا گرینگ بووە و بەس.

ئەم پیاوە پیرۆزە، لە دنیا چوونیشی داستانێکی جێی تێڕامانە. تا ئەم دواییانە، لە کوردستان و بەتایبەت شاری سنەدا، دوو پیشە پاوانی جوو بوو؛ یەکەم بژیشکی و دووهەم زێڕینگەری. تەنانەت وایان لێ کردبوو، زۆرێک لە موسوڵمانان پێیان عەیب بوو زێڕ بفرۆشن یان بژیشکی بخوێنن!

بەم بار و دۆخەوە، دیارە هەڵکەوتنی کەسێکی وەک سەید موحەممەدی حەکیم، تا چ ڕادەیەک لای چینی جوولەکە گران و شکانی ئەو پاوانەیان چەند پێ ناخۆش بووە. سەید ساڵی ١٣١٤ ک. هـ.)١٩٣٥ ز.) بەو حاڵە کە تەمەنی ٦٣ ساڵ بووە و وەک دەڵێن، تا ئەو کاتە ئاگای نەخۆشی نەزانیوە؛ لەپڕ هاتۆتە لادا و گیانی پاکی، لەشی بەجێ هێشتووە. ئاخۆ دەرمانخواردیان کردبێ؟

حوکمی دەوڵەتی بە مۆری شارەوانی (نەزمییە) وشایەتی کۆمەڵی زانایان، ساڵی ١٣١٠ ک. هـ. یاداشتی سەید جافر و سەید عابدی ئەلیاسی. یاداشتی نووسەر.

فەرەجوڵڵای زەکی

کوڕی کەیخودا ڕەحیمی مەریوانی، دەوری ساڵی ١٣٠٠ ک. م. هاتۆتە دنیاوە. پیاوێکی هێژا و لێهاتوو بووە و خوێندنی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەسپێکردووە و پاشان بۆ درێژەپێدانی، ڕووی لە وڵاتانی عەرەب ناوە و سەرەنجام لە میسردا گیرساوە و تا دوا کاتی تەمەنی (ساڵی ١٣٥٠ یان ١٣٥١ ک. م.) لەوێ ژیاوە.

زەکی لە قاهیرە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی و هەروەها خزمەتێکی زانستی، کەوتۆتە بیری لەچاپدانی هێندێک کتێبی پێویست و نایاب و بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە، بە یارمەتی تاقمێک لە خوێندکاران و کتێبدوستان، بەشدارگەیەکی داناوە و خۆی سەرپەرشتی گرتۆتە ئەستۆ. بەم جۆرە توانیویە ماشێنێکی چاپ بسێنێ و لە قاهیرەدا، چاپخانەیەک بە ناوی «مطبعە کُردستان» دانێ و بە یارمەتی هاوکارانی کوردی، وەکوو شێخ مەحیەدینی کانیمشکانی،

---

١. ئەمن بۆخۆم ئەو حوکمەم دیوە کە لە پەراوێزیدا، یەک بەیەک زانایانی ناسراوی ئەو سەردەمە، پەسندیان کردووە و شایەتییان لەسەر داوە و مۆری خۆیان پێدا ناوە.

چەند کتێبی بایەخدار چاپ بکا؛ کتێبانی وەک: *«شروح تَلخیص»*، لە ٤ بەرگدا، *«شروح شَمسّیه»*، *«شروح عقاید»*، *«المُحاکمات فی ماجری بین عُلَماء مصر و العراق من استعارات»*، *«تاریخ شرفنامه»* و ...

یاداشتەکانی نووسەر.

ئەبولبەقای سنەیی

حاجی مەزهەری ئەبولبەقا، کەسناو «مظهرُالاسلام»، کوڕی حاجی شێخ موحەممەدی «مُعتمدُالاسلام»ی سنەیی، کانیمشکانی، ساڵی ١٢٩٩ ک. م. لە شاری سنە چاوی لە ڕووی دنیا هەڵێنا و لە پەنای بابی هێژا و مامی زانایدا (حاجی شێخ عەبدولحەمیدی عرفان) ــ کە هەردوویان لە موجتەهیدە گەورەکانی ئەو سەردەمە بوون ـ بارهات و زانستە باوەکانی ئەو دەورانەی، لە قوتابخانەی ئەو دوو پایەبەرزەدا خوێند.

حاجی مەزهەر، هەر لە کاتی فەقێتیوە تێگەیشتبوو کە بۆ قەرەبووی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەی، پێش هەموو شتێک ئاڵوگۆڕێکی فەرهەنگی (کولتووری) و دامەزراندنی مەدرەسەی وا پێویستە کە تێدا زانستی نوێ فێری قوتابی بکرێ؛ بەڵام ئەو بە تەنیا هێچی پێ نەدەکرا. نە هێندەی پوڵ و پارە هەبوو، نەش دواکەوتوویی و بێئاگایی خەڵکەکە، ڕێگای کاری وای پێ دەدا. ناچار ئەم ڕا و تەگبیرە، وەکوو ئاواتێک، هەروا لە دڵی خۆیدا مایەوە؛ هەتا ساڵی ١٣٢٣ ک. م. کە «سالارُالدَّوله» بوو بە حاکمی کوردستان و وتاربێژ و ئازادیخوازی بەناوبانگ، میرزا نەسروڵای «ملکُالمُتکلّمین» لەگەڵی هات و حاجی مەزهەر ـ کە بیر و بۆچوونی ئەوی زۆر پەسند بوو ـ لەگەڵی بووە دۆست و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، داوای یارمەتی لێ کرد. ئەو خوا لێ خۆشبووەش، بەو هەموو خەڵکدۆستی و خێرخوازییەوە کە بووی، بۆ کاری وا سەری دەخورا. لای حاکمەوە هێندە لەسەری ڕۆیشت، تا بەرایی دانانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی شەش کەلاسەی لێ ساند. سەرەنجام مەدرەسە دانرا و ناوی بوو بە «سالارییە» و مەزهەریش کرا بە سەرپەرشتی. بەم جۆرە ئارەزووی چەنای چەن ساڵەی هاتە دین و خەڵکیش لەم کارە باشە پێشوازییان کرد و منداڵەکانیان بۆ خوێندن و فێر بوون، ناردە ئەوێ. بەڵام کە «جلالُالدّوله» بوو بە حاکم، هێندێک بیروشکی کۆنەپەرستی لێ ڕاست بوونەوە و مەدرەسە داخرا.

دوای بەسەرچوونی دەورانی ملهوڕی قاجار و ڕاگەیاندنی مەشرووتە لە ئێران و دامەزرانی دام و دەزگای کارگێڕی دەوڵەت بە داب و دەستووری تازەوە، مەزهەر چووە نێو مەزرینگەی ماڵییە؛ بەڵام هەر خولیای دانانەوەی مەدرەسەکەی و خوێندنی منداڵە هاوشارییەکانی بوو. سەرەنجام بە یارمەتی تاقمێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، کەسانی وەک: حاجی «فتحُالمُلک»ی ئەردەڵان، حاجی شێخ یەحیای مەعریفەت، سارمسوڵتانی ئەردەڵان و میرزا حەبیبی ئەسفەهانی«انتخابُالمُلک» ـ کە ئەو کاتە سەرۆکی گومروکی کوردستان بووە ـ دیسانەکە مەدرەسە ڕێخرایەوە.

مەزهەری ڕەحمەتی، نەک هەر لەم خزمەتە گەورەدا، بە شێلگیری و خـەباتێکی بـێوچـان سـەرکەوت، بەڵکوو لەو کاتە کە دوژمنانی ئازادی و مەشرووتە و دەستە و بەستەی ئاغا و دەرەبەگ، بە هەموو شێوەیەک تێدەکۆشان نەهێڵن مەشرووتە سەربگرێ، بە هاوقۆڵی ئازادیخوازانی وەک: حـاجی شـێخ ئیـبرایم و سـالار ئەشرەفی کەمانگەر، بەرهەڵستیان بوونەوە و بۆ ڕۆشن کردنەوەی خەڵک، ڕۆژنامەیەک بە نـاوی «تمـدُّن»ی دەرهێنا. شیاوی باسە لەبەر نەبوونی ئامرازی چاپ لە کوردستاندا، ئەو ڕۆژنامـە، بـە شـێوەی چـاپی مـۆمی نوسخەی لێ زیاد دەکرد و لە ترسی نەیاران، پەنامەکی بڵاو دەکرایەوە.

لە کتێبەکانی: *«السَّیفُ المَسلوُل عَلی شانی ابنِ البَتول»*، *«حدیقـةُالورد»*، شەرحی *«لامیـةُالکُـرد»*[1]، بـە عـەرەبی، کتێبی *«جُغرافیا»*، بە فارسی بۆ منـدالانی پـۆلی سـەرەتایی، *«خَشفُ الاسـرار»*، ڕەدی *«کَـشفُ الاسـرار»*، بـە فارسی، دیوانی شیعر، بریتی لە قەسیدە و غەزەل.

مەزهەر ساڵی ١٢٩٨ ک. هـ. (١٩١٩ ز.)، بەماڵەوە چوو بۆ تاران و لـە مەزرینگـەکانی وەزارەتی داراییـدا، چەند پلەی بەرزی پێ درا و دوایـی لـە سالـی ١٣٥٠ ک. م. (١٩٣١ز.)، لـە ژێـر عەمـەلێکی نـشتەرگەریدا دەرنەهات و دنیای بەجێهێشت.

ڕۆژنامەی *شگرف*، تاران، س ١٣٣١ ک. هـ. یاداشتەکانی نووسەر.

ئەسعەد ئەفەندی خێلانی

کوڕی حاجی عومەر ئەفەندی، لە عەشیرەتی خێلانی لای ڕواندز، زانا و مامۆستایەکی ناودارە کە زۆر سـالان لە شاری ڕواندزدا دەرسی گوتووە و دادوەری کردووە.

ئەسعەد ئەفەندی لە مریدان و خەلیفەگەورەکانی پیری تەریقـەت، شـێخ عـەلی حوسـامەدین بـووە و لـە پارێزکاری و عیبادەت و بەڕێوەبردنی فەرمانی خوادا، یەکجار شێلگێری کردووە و تا ساڵی ١٣٥٠ ک. م. ژیاوە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٤١٤.

شێخ مەسعوودی دژنی

کوڕی شێخ ئیسمایل، کوڕی شێخ ئیمامی مەردۆخی، سالـی ١٢٧٥ ک. م. لـە گونـدی «دژن»ی ناوچـەی ژاوەرۆ هاتە دنیا و خوێندنی لە شاری سنە تەواو کـرد و ماوەیـەک لـە خزمـەتی مـامی، وێـژەوان و زانـای پایەبەرز، شێخ موحەممەدی«فخرُ العُلَما» (حەیران)، بەهرەی برد و ئیجازەی وەگرت.

شێخ مەسعوود مرۆیەکی هێژا و پارسا، خێرخواز و خۆش سەروزمان، ئاکاربەرز و خاکەسـار بـووە؛ خـەتی

---

١. قەسیدەیەکی عەرەبییە هی ڕەحمەتی حاجی شێخ عەبدولحەمیدی عیرفانی سنەیی؛ لە ڕیزی *«لامیةُالعرب»* و *«لامیةُالعَجَم»*دا.

نەسخ و نەستەعلیقی جوان نووسیوە و بەشێکی باشی لە بیروهۆشدا پێ گەیشتووە و سەرەنجام ساڵی ۱۳۵۰ ک. م. لە زێدی خۆیدا، دنیای بەجێ‌هێشتووە.

تاریخچەی خاندان مردوخ.

شێخ عەبدوڵای هەزارکانیانی

کوڕی شێخ حوسەین، کوڕی شێخ حەسەن، کوڕی شێخ موحەممەد عارف، لە پشتی شێخ شەمسەدینی وەلی مەردۆخی، خەڵکی گوندی «هەزارکانیان»ی ناوچەی «ساراڵ»، باڵایەکی بەرز و سەروسیمایەکی پێکەوتووی هەبووە؛ جوان و گونجاو قسەی کردووە و قسەکانی زۆر بە دڵەوە نیشتووە.

شێخ عەبدوڵڵا بژیشکێکی خاوەن بەش و لە بژیشکی کۆن و نوێدا سەردەرچوو بوو. قانوونی بووعەلی سینا و چەند کتێبی مێژوویی تری لەم بارەوە خوێندبوو. پاش تەواوکردنی دەرس و دەور، ماوەیەک لە بەردەستی دوکتور سەعیدخان (پیرووز) ـ کە لە ئەمریکا و ئورووپا خوێندبووی ـ کاری کرد و لەم بابەتیشەوە زۆرێک شت فێر بوو. لە گیاناسیشدا سەری چاک دەردەچوو؛ زۆرتر نەخۆشانی بە گیا دەرمان دەرکرد. کتێبێکیشی لەمەڕ هێندێک گیای دەگمەنی نەناسراو و تایبەتمەندی هەرکامێکیان و هەروەها بڕێک نەخۆشی و شێوەی دەرمان و بەرگری لەو نەخۆشییانەوە نووسی؛ کە پاش لە دنیا چوونی، کەس نەیزانی لای کێ کەوت و چی لێهات!

شێخ عەبدوڵڵا هەموو ساڵێک جارێک و دوان، لەسەر داخوازی خەڵک، سەری شاری سنەی دەدا و نەخۆشانی دەرمان دەکرد. لە یەک لەو سەفەرانەدا، نەخۆش کەوت و ماوەیەک کەوتە سەر جێ و سەرەنجام لە ڕۆژی شەشەمی مانگی شەوالی ساڵی ۱۳۵۱ ک. م. گیانی پاکی دنیای بەجێ‌هێشت و لە سەر گردێک لە ڕۆژاوای شاری سنە، بە ناوی «تەپ شێخ حەمە سادق» ئەسپەردەیان کرد.

ئەمن ئەو دوایین سەفەرەی دێتەوە بیرم؛ ئەگەرچی منداڵێکی دە ــ دوازدەساڵە بووم. لە هاوسایەتی ئێمەوە، لە حوجرەیەکی مزگەوتی شەریعەتمەداردا مەنزڵی کردبوو؛ خزمێکی خۆیشی، بۆ جێبەجێ‌کردنی کاروبار و خزمەتی میوانان، لەگەڵ خۆی هێنابوو. بابی ڕەحمەتیم گەلێک خۆشی‌دەویست؛ زۆرجار بۆ سەردانی دەڕۆیشت و پێکەوە دەهاتنەوە ماڵ. ئەو کاتە ئەمن تازە خوێندنی سەرفم دەسپێکردبوو. بە میهرەبانییەوە ڕیشەی وشەیەکی لێم پرسی؛ کە هێشتا ئەو وشەیەم لەبیر ماوە. بە هەڵکەوت درووستم جواب داوە و ئەویش لاواندمیەوە و دۆعای خێری بۆ کردم.

خوا لێ خۆشبوو شێخ عەبدوڵڵا زەوقی شیعریشی هەبوو؛ کە بەداخەوە تەنیا ئەم چەند بەیتەم لە غەزەلێک دەسکەوت:

بکش خنجر بزن بر سینەی من مبادا دیگری در دل نشیند

دریغـــم آیـــد انـــدر خانـــەی تـــو / کـــسی دیگـــر در آن مـــسکن گزینـــد
ز چـــشم خـــویش بیـــزارم چـــو بیـــنم / اگـــر خواهـــد کـــسی غیـــر از تـــو بینـــد
نـــدارم تـــاب آن بیـــنم کـــسی را / کـــە زان گُلـــبن گلـــی از بوســـە چینـــد
تعـــالیاللە از آن صـــورتگر پـــاک / چـــە زیبـــا نقـــشها مـــیآفرینـــد؟

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ شوکروڵای خەتیب

ئیمامی جومعە و وتاربێژی سنە، کوڕی شێخ عەبدولوەهابی مەردۆخی، مرۆیەکی هێژا، بەڕێز، دڵپاک، میهرەبان و دڵاوا بوو. لە ڕۆژهەڵاتی باشووری شاری سنەوە، باخ و مەزرایەکی هەبوو، بە ناوی «وێڵە»؛ ساڵێ چەن جار، مامۆستایان و پیاو ماقووڵان و خەڵکی تری بۆ ئەوێ بانگ دەکرد و چەند ڕۆژان، لە بەرەبەیانەوە تا درنگان، خزمەتی دەکردن.

لە وەیشوومەی یەکەم شەڕی دنیاگردا (١٩١٤ــ ١٩١٨ ز.)، کە قات و قڕی کەوتۆتە وڵات و هەزاران کەس لە خەڵکی ڕەش و ڕووتی شاری سنە و دەور و بەر، لە برسان و نەخۆشیان، بەلادا هاتوون، ئەو خوا لێ خۆشبووە، بێژگە ئەوەی بە سەروماڵەوە بۆ یارمەتی لێقەوماوان تێکۆشاوە، بۆخۆی چاکی لێ بەلادا کردووە و تەرمی مردوانی پاش شۆردن و کفن‌کردن، ناشتووە؛ بەشکوو باقی خەڵکیش چاوی لێ ببرن و لەم کارە گرینگە نەسڵەمێنەوە.

لە کارەکانی تری ئەو ڕەحمەتییە، ڕاگرتنی دوو ـ سێ فەقێ لە مزگەوتی ئیمام، لە نێزیکی ماڵی خۆیان، بە خەرجی خۆێ بوو؛ کە هەرچی بیتوانیبا، دەرسیشی پێیان دەگوتەوە.

زا و مەرگی شێخ شوکروڵا، ساڵانی ١٢٨٤ و ١٣٥١ ک. م. ڕووی‌داوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ نەجیبی قەرەداغی

کوڕی شێخ لەتیف، کوڕی شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی شێخ عوسمان، کوڕی شێخ لەتیفی گەورە، دەوری ساڵی ١٢٨٣ ک. م. هاتۆتە دنیا و لە قوتابخانەکانی عێراق خوێندوویە و لە دەستی مامی پایەبەرزی، شێخ حەسەنی قەرەداغی، ئیجازەی وەرگرتووە.

شێخ نەجیب پاش تەواوکردنی دەرس و دەور، لە قەرەداغ دەرسی گوتۆتەوە و لە زانایان و مامۆستایانی هەڵکەوتەی سەردەمی خۆی بووە و زۆر جاران زانای بەناوبانگ، شێخ عومەری قەرەداغی باسی پلەی بەرزی زانست و هێژایی ئەوی کردووە.

ئەو ڕەحمەتییە ساڵی ١٣٥١ ک. م. دنیای بەجێهێشتووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین، ل٦٠٣.

شێخ جەعفەری ئەمینشەرع

«حُجّةُالاسلام» شێخ موحەممەد جەعفەری «امینُالشَّرع»، کوڕی شێخ جەلال، کوڕی شێخ موحەممەد وەسیمی دووهەم، لە زانایانی هەڵکەوتەی بنەماڵەی مەردۆخییە کە بەهۆی دوورەپەرێزی و پارێزکاری و ڕاست و درووستییەوە، خەڵکەکە زۆریان خۆشویستووە و ڕێزیان لێ گرتووە.

شێخ پێڕای دەرس‌گوتنەوە، داوەری شەرعیشی لە ئەستۆ بووە و سەرەنجام لە ٢٢ی جیمادی‌سانی ساڵی ١٣٥١ ک. م. لە سنە، کۆچی یەکجاری کردووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

ئەدیبی زەندی

مەلا ڕەسوولی ئەدیب، کوڕی مەلا سادق، کوڕی خەلیفە ڕەحمانی زەندی، ساڵی ١٢٩١ ک. م. لە گوندی «شاوەڵی» هاتە دنیا و لە قوتابیانی وەفایی، شاعیر و وێژەوانی بەناوبانگی مەهابادییە.

ئەدیب مرۆیەکی دەم پاراو، دڵپاک، بەوەج، دڵاوا و میواندۆست بووە؛ بێجگە لە شاعیری و وێژەوانی و خەتخۆشی، لە بژیشکی کۆنیش سەریدەرچووە و هەروەها نەجاری و ئاشەوانیشی چاک زانیوە. بە کوردی و فارسی و عەرەبی، شیعری هەیە و لە هەولێر دیوانێکی لێ چاپ کراوە.

مەرگی ئەدیب، ١٢ی جیمادی‌ئەوەڵی ساڵی ١٣٥١ ک. م. لە شاری شنۆ ڕوویداوە.

دوو نموونە لە شیعرەکانی:

ڕوت شەمسی تەمووزە هەموو پڕ تابش و تاوە ئەگریجەیی چین‌ـچینە لە ڕووت پەخش و بڵاوە
حەیرانی دەمت بم بە مەسەل شووشە گوڵاوە قوربانی دوو زولفت کە دەڵێی سونبولی خاوە
مەیلت ئەوە چەن ڕۆژە لەسەر وەعدە نەماوە

ڕۆژێ نییە مەستانە کە عەهدێ نەشکێنی وەک کاهڕوبا ئەو دڵی مسکین نەڕفێنی
وەک قەوس و قەزەح ساتێ بە ڕەنگێ نەنوێنی بێ‌گیان، بەدەنی خەستە جگەر! بۆچی دەمێنی
وەک شووشەیی ناسک دڵی بێچارە شکاوە

پێم فەرمووگوناهم چییە ئەی سەروی دڵارام چیدی مەکە دڵڕەنجە ئەسیری منی ناکام
کوا تاقەتی ئەو جەورە هەموو تاب و توانام ئەبرۆوی کەچت حاڵی دەمی مەرگی نیشان‌دام
تەهدیدی سەری تیری موژانت بەعەلاوە

ئــاوارە و بەدبــەخت مەگــەر وامقــی عــەزرام لەومەم چ دەکەن کوشتە و سەرگەشتەیی لـەیلام
غەرقی غەم و سەوداسەر و ئاشوفتە و شـەیدام بۆ دانەیی خاڵت بە فەریب چووم دڵی کێـشام
سەرتاسەری دەوری قەمەرت دانــە و داوە
سێوی چەنەکەت ئاوی حەیات و چەهــی زەمـزەم ئەی گیانی عەزیزم بە فیدای ئەو سـەر و پەرچـەم
ئەورۆ کە دەڵێم خاکی هەموو دەر وەســەرم کـەم پرسیم: چییە دەرمانی برینی دڵــی پڕخـەم؟
فەرمووی کە دەوای سەختە «ئەدیب» کـاری تـەواوە

* * *

چاوەکەت مەستە بە ناحەق فێری مەیخانەی مــەکـە
لێگەڕێ مەخمووری بەزمی دوردی پەیمانەی مەکـە
زولفی سازاوت دەسا تـەرتیب و چـینی تێـکمـەدە
حەیفە تووشی جەوری ڕیـش و کێـشی لەرزانــەی مەکـە
پەرچــەمت جــێ ئاشــیانەی بوڵبوڵــی تــەبعی منــە
چونکە کێشکچی شەوە، تۆ مــەنعی هێلانــەی مەکـە
گەردەنم پێ خۆشە حەڵقەی تای تەنافی زوڵفەکەت
چاوەکـەم ئیتـر حەواڵــەی تــەوق و زۆلانــەی مەکـە
دڵ بــە مــەیلی خــوەی دەمێکــە عاشــقی بالاکەتــە
تۆخودا مایـل بــە غــەیری خــۆت و بێگانــەی مەکـە
هەر لە ئەوەڵ تۆ دڵت بـردووم بــە نــازی چاوەکــەت
تازە فێـری ڕاهـ و ڕەسمــی تــەبعی پەروانــەی مەکـە
عاشقی خونچــەی دەمــت تاکــەی دەبــێ ئـاوارە بــێ
مــەحرەمی ڕازە حەواڵــەی چــۆڵ و وێرانــەی مەکـە
خۆت دەزانی وەک «ئەدیب» کەس بەندەگی پــێ نــاکرێ
وا بە ڕسوایی لـە نـاو ئـەم خەلقـە ئەفسانەی مەکـە

دیوانی ئەدیب، چاپی هەولێر.

سەبری ماردینی

عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی سەبری، کوڕی ئەبووبەکر، کوڕی عومەر، ساڵی ١٢٩٢ ک. م. لە ماردین هاتە دنیـا و لای مامی (مەلا تاهای مشکینی) و چەند کەسێکی تر لە مامۆستایانی مـاردین، خوێنـدنی تـەواو کـرد و

پاشان چووە نێو دام و دەزگای دەوڵەتەوە و وەکوو دوایـین ئـیش، بـووە بازرەسـی دیـوانی بـاڵای سـزا لـە ئەستەمبووڵدا و سەرەنجام ساڵی ١٣٥١ ک. م. لە زێدی خۆی کۆچی یەکجاری کرد.

سەبری مرۆیەکی بەئیمان، درووستکار، دڵپاک و خزمەتگوزاری خەڵک بووە و بێژگـە کـوردی، فارسـی و عەرەبی و ترکیشی باش زانیوە و بەم چەند زبانە کتێبیشی نووسیوە. ئەو بابی زانای هەڵکەوتە، شێخ عومـەر وەجدی، سەرپەرشتی «رواقُالاکراد»ی ئەزهەری میسرە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل١٦.

ئەحمەد شەوقی

ئەحمەد شەوقی بەگ، کوڕی عەلی بەگ، کوڕی ئەحمەد، لە شاعیرانی بەناوبانگی چەرخی چاردەی میسرە کە «امیرُالشُّعراء»یان پێ گوتووە. زا و مەرگی ئەو، ساڵانی ١٢٨٥ و ١٣٥١ ک. م. لە شاری قـاهیرە ڕوویداوە؛ بەڵام شک لە کورد بوونیدا نییە. وەک خۆی دەڵێ:

سـمِعْتُ بـأُذْنی مـنْ اَبـی وَ هُـوَ قائـلٌ منَ الکُرد أصْلی، جئـتُ فـی العُـرب ناشـئا

شەوقی لە قاهیرە خوێندنی دەسپێکرد؛ سەرەتا لەسەر شێوازی کـۆن و لـە مەکتەبخانـەدا و دواجـار لـە مەدرەسەی نوێکار، پۆلی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کرد و چووە کالیجی حوقۆق و دوو سالیش هەر لـەوێ، وەرگێڕانی خوێند. ئەوجار لە ساڵی ١٨٨٧ ز. تەوفیق پاشا (خەدیوی میسر) ناردی بۆ فەڕانسە و لەوێ چـوار ساڵی تر حوقۆق و زبان و وێژەی فەڕانسەی خوێندەوە و ساڵی ١٨٩١ ز. گەڕاوە میسر و لە دەفتەری خەدیو عەباس حیلمی پاشادا بوو بە ئینشابەندی تایبەتی زبانی فەڕانسە.

کاتی یەکەم شەڕی جەهانی -کە دەوڵەتی بریتانی خەدیوی دەرکرد ــ شەوقیـشی بـۆ سـپانیا وەدەرنـا (١٩١٥ ز.) بەڵام کە شەڕ کۆتایی هات (١٩١٩ ز.)، گەڕاوە میسر و بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ڕیش‌سـپییان (شیوخ) و تا دواکاتی ژیان، لەو مەقامەدا مایەوە.

شەوقی لە گەورە شاعیرانی میسرە کە لە هەموو شێوە شیعرێکدا، وەکوو: پەسـن و غـەزەل و قەسـیدە و شین و ڕاوە و چوارینە و ... گاڵەی پێ کردووە. لە شیعری شەوقیدا قەت گـت و گرێیـەک بـەدی نـاکرێ؛ وشە هێندە بەجێ و ڕستە ئەوەندە ڕەوان و مانا تا ئەو ڕادە تەڕ وتازەیە، خوێنـەر حـەیرانی دەبـێ. شـیعری سەرانسەر ژیانی خۆیە و ئەوی دیویە و بە دەور و بەریدا ڕوویداوە، سەرۆدەری بۆ دانانی شیعر بووە. شیعری شەوقی لە هەموو دنیای بەربڵاوی عەرەبدا دەنگیداوەتەوە و لای هەموو عەرەبێکی خوێندەوارەوە، ناسـراوە. شەوقی هاوتا و هامپلەی موتەنەببی، شاعیری ناوداری عەرەب دانراوە و شیعری عەرەب -کە ڕووی لە کـزی و داهێزاوی نابوو- بە سەرهەڵدانی ئەو، دیسانەکە گەشایەوە. ئەحمەد شەوقی بە شێوەیەکی ڕازاوە، چیرۆکی شانۆیی لە شیعردا خونجاندووە و گرۆی لەوانی پێش ئەو دەستیان بۆ ئەم کارە بردبوو، بردۆتەوە.

ئەم هونەرمەندە گەورە، لە سونگەی هونەرەکەیەوە، ماڵ و سامانێکی باشی پێگەیشتووە و شوکور بە تێر و تەسەلی ڕایبواردووە.

لە کتێبەکانی:

١.«الشَّوقيّات»، کە دیوانی شیعرەکانییە لە چوار بەرگدا

٢. *اسْواقُ الذَّهَب*

٣. *دُوَلُ العرب و عُظَماءُ الاِسلام*

٤. *مجنون ليلى*

٥. *مصْرع كليوپاترا*

٦. *اَميرَةُ الأنْدلس*

٧. *فتحُ مصْر*

٨. *على بيگ كبير*

٩. *السِّتّ هُدى*

١٠. *عَذْراءَ الهِنْد*

١١. *رواية آخر الفَراعنه*

١٢. *رواية الآس*

و چەند حیکایەتی تر.

نووسەران و شاعیرانێکی زۆر لە بارەی ئەحمەد شەوقییەوە، وتاریان داوە و نامیلکەیان نووسیوە؛ کەسانی وەکوو: ئەمیر شەکیب ئەرسەلان، عەبباس مەحموود عەقاد، ئانتوان جەمیل، مەحموود حامید شەوکەت و عومەر فەڕڕوخ. کوڕەکەشی (حوسەین شەوقی)، مەقالەیەکی دوور و درێژی بە ناوی *«اَبی شَوقی»* نووسیوە.

ئەمەش چەند نموونە لە شیعری شەوقی:

وُلِــدَ الهُــدى، فَالكائنــاتُ ضـياءُ   وَ فَــمُ الزَّمــان تبَـسُّمٌ وَ ثَنــاءُ

الـرّوحُ وَ الْمَــلأُ الْمَلائــكُ حَوْلَــهُ   للـــدّين وَ الـــدُّنْيا بــه بُـــشَراءُ

وَ العَـرشُ يَزْهُـو وَ الحَظيـرَةُ تَزْدَهـى   وَ الْمُنتَهــى وَ الــسّدرَةُ العَــصْماءُ

و حَـديقَـةُ الفُرْقـان ضـاحكَـةُ الرُّبـا   بالتَّرْجُمــان شَــذيَّـــةٌ، غَنّــاءُ

وَ الـوحْىُ يَقْطُـرُ سَلْـسَلاً مـنْ سَلْـسَل   وَ اللَّــوحُ و القَلَــمُ البَــديعُ رُواءُ

نُظمَـتْ أسامى الرُّسْـل فَهْـىَ صَـحيفَةٌ   فــى اللَّــوح، وَ اسْـمُ مُحَمَّـد طُغْـراءُ

اسْـمُ الجَـلالَــة فـى بَـديع حُرُوفـه   ألــفٌ هُنالــكَ وَ اسْــمُ طــه البــاءُ

* * *

خَدَعوها بقَولِهمْ حَسْناءُ   وَ الغَوانى يَغُرُّهُنَّ الثَّناءُ
أتُراها تَناسَت اسْمِيَ لَمّا   كَثُرَت فى غَرامها الأسْماءُ
إنْ رَأتْنى، تَميلُ عَنّى كَأنْ لَمْ   تَكُ بَيْنى وَ بَيْنها أشياءُ
نَظْرَةٌ، فابْتِسامَةٌ، فَسلامٌ   فَكَلامٌ، فَمَوعدٌ، فَلقاءُ
فَفِراقٌ يَكُونُ فيه دَواءٌ   أوْ فِراقٌ يَكُون عَنْهُ الدّاءُ
يَوْمَ كُنّا ـوَ لا تَسَلْ: كَيْفَ كُنّا؟   نَتَهادى مِنَ الْهَوى ما نَشاءُ
وَ عَلَينا مِنَ العَفاف رَقيبٌ   تَعَبتْ فى مراسه الْأهْواءُ
جاذَبَتْنى ثَوْبِى العَصِىّ وَ قالَتْ   أنْتُم النّاسُ أيُّها الشُّعَراءُ
فَاتَّقُوالله فى قُلُوب العَذارى   فالعَذارى قُلُوبُهنَّ هَواءُ

* * *

لامَ فيكُمْ عذولُهُ وَ أطالا   كَمْ إلى كَمْ يُعالجُ العُذّالا؟
كُلَّ يوم لَهُمْ أحاديثُ لَوْم   بَدَأتْ راحَةً، وَعادَتْ مَلالا
بَعَثَتْ ذكرُكُمْ، فَجاءَتْ خفافاً   وَ اقْتَضَتْ هَجْرُكُم، فَراحَتْ ثقالا
أيُّها المُنْكرُ الغَرامَ عَلَيْنا   حَسْبُكَ اللهُ، قَدْ جَحَدْتَ الجَمالا
آيَةُ الحُسْن لِلْقُلوب تَجَلَّتْ   كَيْفَ لا تَعْشقُ العُيُونُ امتثالا؟
لكَ نُصْحى وَ ما عَلَيْكَ جدالى   آفَةُ النُّصْح أنْ يَكونَ جدالا
وهب الرُّشد أنَّنى أنَا أسْلُو   ما مِن العَقْل أنْ تَرومَ محالا

الاعلام، ب ١، ل ١٣٣. *عُصُورُالادب العَرَبی*، ل ١٣٦. *تاريخ ادبيّات عرب*، تورجانیزاده، ل ٣٠٤. *تاريخ سُليمانيّه*، ل٢٥٦. گۆڤاری *ماد*، س١٣٢٤ ک. هـ. ژ٢، ل٢٨.

والەی کەلهوڕی

عەلینەقی ئازادی، نازناو «واله»، کوڕی ئاغاخان، لە هۆزی کەلهوڕ، ساڵی ١٣٠٠ ک. م. هاتۆتە دنیاوە؛ مرۆیەکی لەبار و زیرەک و تێگەیشتوو بووە، لە زبان و وێژە و مێژوو سەری دەرچووە، بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە و پەخشانیشی جوان نووسیوە. لە سەرتای لاویدا، بۆتە ئینشابەند و دابینکاری جوامێرخانی «ضرغامُ‌الدَّوله» و بابی (داودخانی ئەمیر ئەعزەم). کتێبێکی لەمەڕ مێژووی کەلهوڕەوە هۆنیوەتەوە، دەوری یازدەهەزار بەیتە؛ ئێشتاش چاپ نەکراوە! دوایی بەماڵەوە چۆتە ناوچەی قەسرشیرین و لە گوندێکی ئەوێ، بە ناوی «شوهانەگمره» گیرسایەوەتەوە.

لە ژمارەیەکی گۆڤاری کوردی «*گەلاوێژ*»دا، نازناوی ئەم شاعیرە «لاله» و ناوی بابیشی «ئاغەشوان» نووسراوە

و دوو بەیتی فارسیشی بەناویەوە هێناوە؛ ئەڵبەت پڕ لە هەڵە!:

بشنو از کلکم چه سان دم می‌زنند   رشحه‌اش بر نار دل دم می‌زنند
گوید آن دستی که زد با تیشه‌ام   جان نبرد از پیشه و اندیشه‌ام

قەتعەیەکی کوردی:

لە تەقدیری فەڵەک ڕۆژێک ڕویم بۆ «قەسر»، سا چەم دی؟
شەکەت هەم ماندوو و برسی، نەمێنم، قاتڵی خوەم دی
شنەفتم ئەو مەکانە بەزمی خەسرەو عەیشی شیرینە
سروودی باربود، دەنگی نەکیسا، سەوتی مەریەم دی

بەداخەوە باقی ئەم شیعرە وا شێوابوو، بۆ نووسین نەدەبوو.

واله وێدەچێ ساڵی ١٣٦٧ ک. م. لە دنیا چووبێ.

ڕۆژنامەی *خورنشین*، چاپی تاران. گۆڤاری *گەلاوێژ*، چاپی بەغدا.

شێخ موحەممەدی ئایەتوننەبی

حاجی شێخ موحەممەد، کوڕی شێخ عەبدولکەریم، کوڕی شێخ موحەممەدی نەقشبەندی، ناسراو بە «آیةُ‌النّبی»، شاعیرێکی زانا و عارفێکی هێژا، مرید و موجازی شێخ بەهائەدینی نەقشبەندی بووە و چەند کتێبی نووسیوە؛ یەکیان بە ناوی *«گُلشَن معرفت»*، لە شەش بەرگدا، بریتی لە زۆر باسی فیقهی، وێژەیی، مێژوویی و عیرفانییە. ئیتر بە ناوی *«گنجینە»*، هەر لەسەر شێوازی پێشووە؛ بەڵام زۆرێک شیعری کوردی و عارەبی و فارسی خۆیشی تێدا هێناوە.

چەند شیعری شێخ موحەممەد:

یاحەی! سپەردم، یاحەی! سپەردم   دونیا و دین وێم بە تۆ سپەردم
هەرتا کە تاوام، تاوان کەردم   ئانە عەفو تۆ، ئینە ڕووی زەردم
ئەر مەلاوەنیم، وەر مەتاوەنیم   مەقسوود هەر ئێدەن بە وێت یاوەنیم
وەرنە من تابیم مەینەتی دڵڕێش   تۆمێم نەکێلان دڵ وەش کەرۆ پێش
مووی سیام نە پای عسیان سفید کەرد   ڕاگەی ڕاس‌خاسان ها جە یادم بەرد
سیاهەی ئەعماڵ بەدیم تەمامەن   خوا سا مەرگێ ڕزگاریم کامەن
ئارۆ عەداڵەت حوکمت بۆ فەردا   مەشێو من کام خاک کەرۆن وەسەردا؟
یارەب من بەندەی پەسەندیدەی تۆم   هەرچی هەم ئاخر ئافەریدەی تۆم
تۆ کەردی ئیجاد جە عەدەم ماوا   تا کە «خَلَقْتُ الخلْقَ» فەرماوا

ئەرچی تاعەتم هیچ ناما جە دەس ... «وَ لا تقنَطُوا»ت ئومیدم هەن بەس
تۆ ساحیب ئیحسان من دەروێش ڕێش ... ئیحسان ئەو خاسەن پەرێ ئەهل وێش
ساخۆ ئەر ئەهلەن، وەگەر نائەهلەن ... هەردوو جە لای تۆ موساوی و سەهلەن
بەو بدیە وە ڕووی بێئیختاریم ... وە ڕەنگ پەشێو خەجاڵەتباریم
«فانظُر بعین اللطف إلینا ... کُن لَنا ولا تکُنْ عَلینا»

* * *

کاکە یەکتاکەی جەرگەی مەفاخر ... سەرلێشێویاکەی زەمانەی ئاخر
بۆچ هەوەسیاگی خاوی غەفڵەتی؟ ... تاکەی خەواڵووی خاو خەجڵەتی؟
ئەڵبەت نیشانەی ئاخرزەمانە ... کە بەختی زەمان هەر لە نەمانە
ناشوکری نەوێ لە گشت جێ و ماوا ... خوەر لە ئەنبیا و وەلی بوو ئاوا
بەرەکەت لاچوو، دین کەوتە کوربەت ... ئیسلام و ئیمان کەوتەن نە غوربەت
هاوار لەم ڕۆژە لە گرفتاری ... فەریاد لە کەردەی ڕێ بەدکرداری
دەسبەکار نییە، تا دڵ بەکار بێ ... دڵ بێدار نییە تا دۆس دیار بێ
نازانم چێیە بێڕەحمی یارە؟ ... یا بەدئیقباڵی خۆمە دڵتارە؟
ئەڵبەت کە مەحرووم نەزەرگای پیرم ... خوەم خەتابارم، ساحیب تەقسیرم
خەتای کەس نییە هەر خەتای خوەمە ... نەتیجەی ئیخلاس خدمەتم کەمە

لە پێنج باڵێکی فارسی:

ای دوست بیا روی تمنا به خدا کُن ... آسوده شو از خلق و ره کبر رها کن
در راه طَلَب ترک همه روی و ریا کن ... پروانه‌صفت نقد دل و جان به فدا کن
تا شمع دلت باد درخشنده چو اختر
افسوس بر این عُمر گرانمایه کماهی ... بگذشت به بی‌حاصلی و رنج و تباهی
وامانده‌ای اندر پس دیوار مناهی ... در دفتر اعمال به جز نقش سیاهی
چیزی دگرت نیست برای صف محشر
امشب من و دل هر دو گرفتار فراقیم ... تا صبح گرفتار دو صد بند نفاقیم
آزرده ز چپگردی این سبع طباقیم ... گه در یمن و گه به بیابان عراقیم
ای باد سحر! مژده‌ی وصلی به من آور

زا و مەرگی شێخ موحەممەد، ساڵانی ١٢٦٢ و ٢١ی زیحەجەی ١٣٥١ ک. م. ڕوویداوە.

یاداشتەکانی نووسەر، بە ڕوانین بۆ: *گُلشَن*

معرفت و گنجینـه، دوو کتێبی خاوەن ژینامەکە.

موفتی سەقزی

مەلا عەبدولعەزیز، کەسناو «صـدرُالعُلما»، ساڵی ١٢٩٦ ک. م. (١٨٧٧ ز.) لە سەقز هاتۆتە دنیا. بابی (حـاجی شێخ شوکروڵا) مرۆیەکی پارێزکار بووە و میعماری کردووە.

عەبدولعەزیز دوای خوێندنێکی سەرەتایی، چوو بۆ «بیارە» و لـە خزمـەتی زانـای نـاوازەی ئـەو دەورانـە، مـەلا عەبدولقادری مودەڕڕیسدا سەردەمێک بەهرەی برد و سەرەنجام ئیجـازەی وەرگـرت. ئـەوجا بـەرەو ڕۆژهـەڵات گەڕایەوە و بوو بە مامۆستای گوندی «یەنگی‌کەند». چەند ساڵ لـەودوا چـووەوە بـۆ زێـدی خـۆی (سـەقز) و لـە مزگەوتی پیرغەزالی دامەزرا و بە بۆنەی لێوەشاوی خۆیەوە، لـە ماوەیـەکی کەمـدا نـاوی داکـەوت و کەسـناوی «صدرُالعُلما»یان پێ دا.

ساڵی ١٣٣٨ ک. م. بوو بە سەرپەرشتی مەعارف و ئەوقافی سـەقز و پێـڕای ئـەوە، داوەری مەحکەمـەی شەرعیشی پێ سپێرا و لەم کاتەوە، ناوی «موفتی» پێ بڕا.

موفتی سەقزی مرۆیەکی خاوەن ڕێز، لە دۆستیدا پێداگر و لە کاروباراندا زۆر بەبڕشت بوو.

ئەم مامۆستایە سەرەنجام ساڵی ١٣٥٢ ک. م. لە تاراندا دڵی لەکارکەوت و تەرمەکـەیان لـە سـەرقەبرانی «ئاب‌ئەنباری قاسم‌خان»دا ناشت.

بلاڤۆکی وەرزیی فرهنگ سقز، ساڵی ١٣٣٨ ک. ه . یاداشتەکانی نووسەر.

سەبری نەعیمی

شێخ مەحیەدین، کوڕی شێخ موحەممەد نەعیم، کوڕی شێخ موحەممەد نەسیمی «نـەوەڕە»، کـوڕی شـێخ شەمسەدین، لە شێخانی کـانی‌مـشکان[1]، زانایـەکی بـەئیمان و تـوێژەر بـووە کـە لـە سـنە و مەدرەسـەی «دارُالاحسان» خوێنـدنی دەسـپێکردووە. ساڵـی ١٣١٢ ک. م. بـە شـوێنی زانیاریـدا، شـار و وڵاتی خـۆی بەجێ‌هێشتووە و تا ساڵی ١٣١٦ لە «تەرسووس»ی سەر بە ناوچەی «ئەتنە» لە تورکیادا ماوەتەوە.

ساڵی ١٣٢٠ ک. م. جارێکی تر کەوتۆتە گەڕان و ئەمجار ڕووی لە خاکی عارەبان ناوە و سـەرەنجام لە قاهیرەدا گیرساوەتەوە و لە زانستگای ئەزهەر، وەکوو قوتابی، خوێندنی دەسپێکردووە. پاش چەنـد ساڵ، لێبڕاوە کتێب و نووسراوەکانی ئیمام موحەممەدی غەزاڵی و ئیمام فەخری ڕازی، کە تا ئەو کاتە چاپ نەکراون، لە چاپ بدا و بۆ ئەم مەبەستە کتێبخانە گەورە و ناسراوەکانی قـاهیرە، ئەسـتەمبووڵ و

---

١. **کانی‌مشکان**: گوندێکە لە ڕۆژاوای باشووری شاری سنەوە، باب و کاڵی شێخانی قوسەیرانی خەڵکی وێن.

قوونییه له تورکیا، دمشق و حه‌له‌ب له سووریا و «خَزانةُالکُتُب»ی جامیعی زه‌یتوونییه له تـوونس و ... ده‌پشکنیَ.

سه‌بری له‌م نیوانه‌دا سه‌ریکی زیدی خوی (سنه) ده‌دا؛ به‌و نیـازه لـه نووسـراوه‌کانی ماموسـتایانی زانـای هاوولاتیشی، ئه‌وی ده‌ستی بکه‌ویَ، بو چاپ له قاهیره‌دا، له‌گه‌ڵ خوی بیبا.

له‌و کتیبانه که به تیکوشانی ئه‌و چاپ کراون، *«الاربعین فی اُصول الدّین»* و *«معیارُالعلم»*ی ئیمام غه‌زالییـه، که یه‌که‌میانی دوو جار، ساڵی ١٣٢٨ و ١٣٣٤ ک. م. له چاپ داوه.

سه‌بری له «رواقُالاکراد»ی ئه‌زهه‌ردا بووه و زوربه‌ی سات و کاتی به خویندنه‌وه و توژینه‌وه تیپه‌ڕ کردووه. چه‌ند که‌سیکی وه‌کوو شیخ قادری کوردی و شیخ حه‌سه‌نی نـه‌عیمی، بـو کـاری چـاپ و بلاوکردنـه‌وه‌ی کتیبان، یارمه‌تییان داوه.[1] ئه‌و کتیبانه زورتریان لـه په‌خـشانگای «کُردسـتان العلمیّـه»ی قـاهیره‌دا ـ کـه هـی فه‌ره‌جولای زه‌کی کوردی بووه ـ له چاپ ده‌رچووه.

دیسان له‌و کتیبه بایه‌خدارانه وا سه‌بری بو یه‌که‌م جـار لـه ساڵـی ١٣٥٢ ک. م. چـاپی کـرد، هـونراوه‌ی «العَقیدةُالمَرضـیّه»ی ماموستای زانا و شاعیری توانای کورد، مـه‌لا عه‌بـدوڕڕه‌حیمی مه‌عـدوومی تاوه‌گوزییـه، مه‌شهوور به «مه‌وله‌وی کورد».

زه‌که‌ریا مه‌حیه‌دین، له ئه‌فسه‌ر و پیاوه پایه‌به‌رزه‌کانی میسر له زه‌مانی جه‌مال عه‌بدولناسردا، کوڕی ئـه‌م شیخ مه‌حیه‌دینه‌یه.

وه‌رگیراو له توی په‌راویز و پاشه‌روکی *العَقیدةُالمَرضیّه*، نووسراوه‌ی سـه‌بری و پیـشه‌کی ماموسـتاهه‌ژار له‌سـه‌ر وه‌رگیـراوی *شـه‌ره‌فنامه‌ی بدلیـسی*.

شیخ موحه‌ممه‌د عه‌لی تاڵه‌بانی

شـیخ موحه‌ممـه‌د عـه‌لی کـه‌رکووکی، کـوڕی حـاجی شـیخ عـه‌لی ئه‌فه‌نـدی، کـوڕی شـیخ عه‌بدوڕڕه‌حمانی خالیسی، ساڵی ١٢٧٣ ک. م. له که‌رکووک هاته دنیا و له ژیر چـاوه‌دیری بـابی ئاکاربه‌رزیدا بارهات و ماوه‌یه‌ک به خویندنی سه‌رف و نـه‌حو و عه‌قایـد و فیقهـه‌وه خـه‌ریک بـوو. پاشان وازی چووه سه‌ر فیربوونی داب و ده‌ستووری ته‌ریقـه‌ی قـادری و دوای ماوه‌یـه‌ک سـه‌یر و سولووک، جیَ باوکی گرته‌وه.

شیخ موحه‌ممه‌د عه‌لی ده‌رویشیکی خاکه‌سار، جوامیر، دلاوا و پاریزکار بووه و ساڵی ١٣٥٢ ک. م. له دنیا چووه و کوڕه‌که‌ی (شیخ جه‌میل) جیی گرتووه.

---

١. وه‌ک نووسراوه، سه‌بری بو چاپی شه‌ره‌فنامه، هاوکاری فه‌ره‌جولا زه‌کی و عه‌ونی کردووه.

عُلَماونا فی خدمة‌العلم و الدّین، ل ٥٥٢.

مەلا موحەممەدی بەرلووتی

«بەرلووت» گوندێکی سەر بە ناوچەی «کەلار» لە باشووری کوردستانە. مەلا موحەممەد لەوێ هاتە دنیا و کە پێگەیشت، تێدا خوێندنی دەسپێکرد و وانە سەرەتاییەکان فێر بوو. پاشان ڕێی شار و بازێڕانی کوردستانی گرتە بەر و چەند ساڵان فەقێتی کرد و سەرەنجام لە بیارە، لای مەلا قادری کانیکەوەیی ئیجازەی وەرگرت. هەر کە دەرس و دەوری کۆتایی هات، گەیشتە خزمەتی شێخ عومەر زیائەدینی نەقشبەندی و تۆبەی کرد و سەری پێ سپارد. دوای ئەوە گەڕاوە زێدی خۆی و دەرس‌گوتنەوە و ئیرشادی دەسپێکرد و بەهرەیەکی زۆری بە خەڵک گەیاند.

مەلا موحەممەد پیاوێکی پارێزکار و پیرۆز بووە و بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی، کشتوکاڵی کردووە و چەندسەر حەیوانی ڕاگرتووە و بە نانی مەلایەتی نەژیاوە. بەو حاڵەش هەمیشە ئامادەی دەرس‌گوتنەوە و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی خەڵک بووە و بەشێ لە کاتیشی، بە عیبادەت و بەڕێوەبردنی داب و دەستووری تەریقەت تێپەڕ کردووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٣ ک. م. لە دنیا چووە.

عُلَماونا فی خدمة‌العلم و الدّین، ل ٥٦١.

مەلا مەحموودی مەزناوێ

«مەزناوێ» گوندێکی لای کەرکووکە، عەشرەتێک بە ناوی «شێخبزینی و شوان»ی تێدا دەژین.

مەلا مەحموود ساڵی ١٢٧٥ ک. م. لەوێ هاتە دنیا و لە «پشدەر» خوێندنی دەسپێکرد و کە هێندێک سەوادی کرایەوە، چوو بۆ سلێمانی و ماوەیەک لە قوتابخانەکانی ئەوێدا خوێندی و دواجار چووە خزمەتی شێخ عەبدولقادیری موهاجیر و ساڵێک بەهرەی برد و پاشان ئیجازەی وەرگرت.

مەلا مەحموود بە بۆنەی خزمایەتی لەگەڵ شێخ عەلی ئەفەندی خالیسی کەرکووکیدا، دوای وەرگرتنی ئیجازە، چوو بۆ کەرکووک و لە مزگەوتێکی ئەوێدا دەرس‌گوتنەوەی دەسپێکرد و دوایی لە ساڵی ١٣٥٣ ک. م. کۆچی یەکجاری کرد.

عُلَماونا فی خدمة‌العلم و الدّین، ل ٥٦٠. یەک ـ دوو سەرچاوەی تر.

شێخ عەبدولقادری کەمانگەر

حاجی شێخ عەبدولقادری مەولانایی کەمانگەر، کوڕی حاجی شێخ عەبدوڵلای ماسانی، کوڕی مەولانا ئەحمەدی «کۆڵەسارە»، عارفێکی ئاگا و خێرومەند، خێرخواز و میهرەبان و میواندۆست بوو کە تەریقەتی

نەقشبەندییەی لە بابی وەرگرت و تا کۆتایی ژیان، لە «ماسان»دا، بە ئیرشاد و ڕاهێنانی مریدان و ڕێنوێنی خەڵکەوە دەپەرژا و ساڵی ١٣٥٣ ک. م. ڕووی لە دنیای‌تر نا. شێخ قادر ٨٢ ساڵی عومر کرد. ئەم چەند بەیتە، بابم لە شینیدا دایناوە:

مسند آرای مقام جدّ و باب پاک‌طینت، مرشد و الانصاب
عکس روی خواجگان نقشبند نقش حال دودەی تحت‌القُباب
یادگار حزب نیکوسیرتان بادەبخش جستجویان شراب
شیخ عبدالقادر آن روشن ضمیر عارف دریادل و عالی‌جناب

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

الغَرَض در سنّ هشتاد و دو سال رُخ کشید آن آفتاب اندر نقاب
گفت هاتف مژده «کای اصحاب دین! پیر ماسان را ارَم باشد مآب»[١]

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

نەهانی کۆیی

شێخ مەحیەدینی نەهانی، کوڕی شێخ عەبدولکەریم، شاعیرێکی هێژا بووە، نازناوی «نەهانی» کە ساڵی ١٢٨٢ ک. م. لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە، ساڵی ١٣٤١ چۆتە هەڵەبجە و ١٣٥٣ ک. م. لەوێ لە دنیا دەرچووە.

ڕۆژژمێری چیا، ساڵی ١٣٦٥ ک. هـ.

مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی

کوڕی بەکر ئاغای بەیرەقدار، شەرعزانێکی هێژا و زانایەکی کارا بووە، لە گوندی «فەرۆخان»دا ژیاوە و لەوێ ـکە خاوەن بەشیش بووە ـ دەرسی گوتووە.

پاش ئەوەی مەلیک مەحموودی بەرزنجی، لە ساڵی ١٣٤١ ک. م. لە بەند و تەبعیدی بریتانیا ڕزگاری هات و لە هیندووستان گەڕاوە، مەلا ئەحمەدی بانگ کردە سلێمانی، دەرس‌گوتنەوەی مەدرەسەی گەورەی ئەوێی پێ سپارد و کردیە موفتی؛ بەڵام لەبەر شێواوی و دانەمەزراوی بارودۆخی سلێمانی، دوای دوو ساڵ، ناعیلاج چووە ئاوایی «باداوا».

ساڵی ١٣٤٥ ک. م. حیکمەت ئەفەندی، زانا و مامۆستای بەناوبانگی کەرکووک، کۆچی یەکجاری کرد و لە مەلا ئەحمەدیان داوا کرد بچێتە ئەوێ و قوتابخانەکەی حیکمەت بەڕێوە ببا. کەچی لەوێش زۆری

١. بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣٥٣.

نەخایاند، هێندێکی لێ ڕاستەوە بوون و ئەویش ناچار کەرکووکی بەجێ‌هێشت و دیسان گەڕاوە باداوا.

ساڵی ١٣٤٩ ک. م. بە یەکجاری گەڕاوە فەرۆخان و لەوێ دەرس‌گوتنەوە و خزمەتی دینی دەسپێکرد و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٣ ک. م. لە بشێوەیەکدا شەهید کرا.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ حەیدەری تەوێڵێ

کوڕی شێخ عەلی، ساڵی ١٢٦٥ ک. م. هاتۆتە دنیا و خوێندوویە و ئیجازەی وەرگرتووە و پاشان گەڕاوەتەوە «تەوێڵێ» و مەلایەتی کردووە و دوایی، ساڵی ١٣٥٣ ک. م. لە بیارە دنیای بەجێ‌هێشتووە.

شێخ حەیدەر قەت ژنی نەخواستووە و دەستی لە کەس دانەکێشاوە و بە ڕەنجی شانی خۆی ژیاوە و مریدی قوتبی عارفان، شێخ موحەممەد بەهائەدین بووە. دوای ئەویش، لە خزمەتی شێخ عومەر زیائەدین، تۆبەی تازە کردۆتەوە. کات و ساتی زۆرتر بە عیبادەت و دەرس‌گوتنەوە ڕابواردووە و بە خەتی جوانەوە، زۆر کتێبانی نووسیوەتەوە و لە هەموو باریکەوە، مرۆیەکی پارسا و بێ‌نیاز بووە.

عُلَماونا فی خدمة‌العلم و الدّین، ل ١٨١.

ئەحمەد موختار بەگ

کوڕی عوسمان پاشا[١] و برای تاهیر بەگی جاف، ساڵی ١٣١٦[٢] ک. م. لە شاری هەڵەبجە هاتە دنیا و کە پێگەییشت، چووە مەکتەبخانەی ئەودەم بۆ خوێندن و بە هۆی لێهاتوویی سرشتیی و زەوقی خواییەوە، لە ماوەیەکی کەمدا بەشێکی زۆر لە زانستی مامۆستایانی خۆی دەسکەوت و بە خۆێندنەوەی زۆر کتێبی وێژەیی و دیوانی شاعیران، چاوی بە تەواوی لە زمان و شیعردا کرایەوە و هەروەها بێژگە کوردی، عەرەبی و فارسی و ترکی و ئینگلیسیش فێر بوو.

ئەحمەد موختار، شیعری کوردی زۆر ناسک و جوانی داناوە و جاروبارە بە فارسیش شیعری گوتووە. لە باری ئاکاریشەوە، بۆ جوامێری و خەڵک‌دۆستی و خۆش‌سەروزمانی، ناوی دەرکردووە. ساڵی ١٣٤٢ ک. م. بوو بە جێگری سەرۆکی هەڵەبجە و ١٣٤٤، وەکوو نوێنەر، چووە پارلەمانی عیراق. ئەم کەسایەتییە پایەبەرزە، سەرەنجام لە ساڵی ١٣٥٣ ک. م. کەوتە بەر گوللەی ناکەسێکی بەکرێ‌گیراو و شەهید بوو. خەڵکێکی زۆر، تەرمەکەیان بردەوە «عەبابەیلێ» و لەوێ ناشتیان.

---

١. دایکی ئەحمەد بەگ، عادڵە خاتوونی ساحیبقەران، لە شێرەژنانی هێژای دەورانی خۆی بووە.

٢. بە هەڵکەوت، سارستەی «احمد مختار بگ»، بە حیسابی ئەبجەد، بەرامبەرە بە ١٣١٦، ساڵی لەدایک‌بوونی.

چەند غەزەلی کوردی ئەحمەد بەگی جاف:

گڕپە و گڕەی تەنوورە بڵێسەی هەناوەکەم
سیروان و تاجەڕۆیە خوڕەی ئاوی چاوەکەم
شێواوی زوڵفی خاوی کەسێکم منی هەژار
بۆیە پەشێوە ئێستەکە بیری بڵاوەکەم
ڕۆژێ بە پێکەنینەوە، یار پێی وتم وەرە
بۆ پاسی نیوەشەو، سەگی قول هەڵکراوەکەم
ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە کە سوورن لە دەشت و کێو
ئاویان دراوە گشتی بە خوێنە ڕژاوەکەم
تۆبی و خودا دەسا وەرە ئەی نووری چاوەکەم
سارێژ کە زامی لەتلەتی جەرگە بڕاوەکەم
باوەڕ مەکەن ببن بە عەرەب کوردی شارەزوور
بێترس ئەڵێم، لە ڕاسی دڕاوە کڵاوەکەم
ئەی گیانەکەم بە چاوی ڕەشت سوێند ئەخوەم کە من
بۆ دینی چاوی تۆیە کە هەر چاوەچاو ئەکەم

* * *

بە بەردی فیرقەتت شیشەی دڵی ئاوارە مەشکێنە
لە ناو زومرەی ڕەقیبان عاشقی بێچارە مەشکێنە
ئەگەر ڕۆح و دڵ و ئیمان تەڵەبکا بیدەرێ عاشق!
کە تفل و خوردساڵە قەت دڵی ئەو یارە مەشکێنە
دەخیلم ئەی نەسیمی سوبحگاهی، مەسکەنی دڵمە
پەرێشانی مەکە تۆ زوڵفی ئەو نازدارە مەشکێنە
کە من پەروانەیی شەمعی سەری دوو کوڵمی تۆم جانا
دڵی «ئەحمەد» بە فیتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە

* * *

لە خەو هەڵسن، درەنگە، میللەتی کورد! خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم
بە گورجێ قەتعی کەن ئەو ڕێگە دوورە وا لەبەرتانە
بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تێغی دوژمنتان
هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سپەرتانە
بە خۆڕایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاکە مەحبووبە
کە تۆزی وەک جەواهیر سورمە و کوحلی بەسەرتانە
بە بێقەدریی بەسەریا ڕامەبوورن، حورمەتی بگرن
گوڵاڵەسوورەی ئەم سەحرایە، خوێناوی جگەرتانە
دمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە
لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نەوبەی زەفەرتانە
زبانی حاڵی «ئەحمەد» هەر ئەڵێ وریا بن، ئەی میللەت
بزانن بەردی ئەم شاخانە، ئەڵماس و گوهەرتانە

که دڵبەر خوەی نواند، خوەرشیدی خاوەر زوو فەراری کـرد
خەجاڵەت ما و بە زەردی عەزمی پشتی کۆهـساری کـرد
بە سـۆزی سـینە نـاڵانی لـە فەسـڵی پـایزا بوڵـبوڵ
کەرۆیـە نـاو گوڵـستان و خەیاڵـی نەوبـەهاری کـرد
خودا ڕۆژی ئەزەل ئەو بەژن و باڵایەی کـە تەسـویر کـرد
لە شەوقی ئەو بوو، خەلقی عەرعەر و سەرو و چناری کـرد
وتی: میسکی خەتا، بۆ من خەتایـە، لافی بۆنخۆشـی
کە هات و بۆنی عەتری پەرچەمی شێواوی یاری کرد
ڕەقیب وەختێ کە دی یـار میهرەبانـە دەرحـەقی عاشـق
تەقی کرد وەک سەگ و تۆپی لە داخـا ئینتیحـاری کـرد
لە حەسرەت لێوی لەیلا بوو کە مـەجنوون شـێت و ڕسـوا بـوو
بە جارێ کەوتە کێو و دەشت و سـەحرا، تـەرکی شـاری کـرد
کە بیستی موژدەیی تەشریفی تۆ، عاشق لە خۆشـیدا
گیـانی مـابوو تـەنها وو ئەویـشی زوو نیـساری کـرد
بژی ئەو شاهی حوسنە وا لە ڕووی لوتـف و کـەرەمکـاری
کەوا یادێکی حاڵـی «ئەحمـەد»ی ڕووت و هـەژاری کـرد

* * *

دێتە گوێم دەنگێ بە سۆز و شـیوەن و گریانـەوە
نالـەیی دڵـمە لـە داخـی خـاکی کوردسـتانەوە
ئیسمی وجدان و عەداڵەت بێ موسەممایە و درۆ
بـۆ سیاسـەت ئـەم قـسە کەوتۆتـە سـەر لێوانـەوە
ئەم قەراری عوسبە وا خەڵکی ئەڵێن بۆ کورد ئـەبێ
هەر قسەی ڕووتـە و قـسەش ناچێتـە نـاو گیرفانـەوە
ئەمرۆ با وا بـێ بـەڵام ڕۆژێ ئـەبێ ئـەوڵادی کـورد
دێنـەوە مەیـدان بـە عـیلم و سـەنعەت و عیرفانـەوە
نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکـەن ئـەم میللەتـە
هەر لە کرماشان هەتا ورمـێ و سـنە و بۆکانـەوە
ڕێکئەخەن وەزعییەتی وان و جزیـرە سەربەسـەر
عەقرە و زاخۆ ئەبەستن ڕێـک بـە قـەد بۆتانـەوە
خانەقین و مەندەلی، خاکی لوروستان یەکبەیەک
وەک وەسا ئەدروون بە باڵای مەنتیقەی بابانـەوە
بەچکـەشـێرانی عـەشـایر بوقـڕانی دوژمنـان
هەر وەکوو ڕۆستەم ئەکەونـە هـاتن و جۆڵانـەوە
پاش قڕانی موددەعی دەست پێئەکەن تەعمیری موڵک
ڕێگـەیی ئاسـن ئەچێتـە شـاخی هەورامانـەوە

ادبیّات و شعر کوردی، رفیق حلمی. *تاریخ سُلیمانیّە*، ل٢٤٢. *گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم*، ل٥– ٨.

گۆڤاری *ماد*، چاپی تاران. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، ل ٥٠٠.

مەلا موحەممەدی پێنجوێنی

کوڕی سەعید، خەڵکی پێنجوێن، ساڵی ١٢٨٧ ک. م. هاتۆتە دنیا و بەو بۆنەوە دایکی، خوشکی عەللامە مەلاوڕەحمانی پێنجوێنی بووە، ناوی «خوشکەزا»ی بەسەردا بڕاوە.

موحەممەد دوای ئەوە پێگەییشت و وانە سەرەتاییەکان فێر بوو، بۆ خوێندن کەوتە گەڕان؛ ماوەیەک لە تورجان و مەهاباد و پاشان گەڕاوە پێنجوێن و سەرەتێک لای خاڵی خوێندی و ئیجازەی وەرگرت. ئەوجار لە گوندێکی لای مەریوان و سەردەمێک لە «نسارە»ی سەر بە پێنجوێن، دەرسی گوتەوە و وردە وردە ناوی‌دەرکرد و بوو بە قازی پێنجوێن.

مەلا موحەممەد پیاوێکی زانای هەمیشە خەریکی خوێندنەوە و تۆژینەوە بووە و قورئانی پیرۆزی لە چەند بەرگدا کردۆتە کوردی و «*تەزکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان*»ی ناو لێ ناوە. پاش سەربەخۆیی عیراق و هاتنە ئارای بارودۆخی نوێ، ئەم هەر وەج و ڕێزی خۆی هەبووە و دادوەری کردووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٤ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشتووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلم والدّین، ل٥٣٨.

سیدقی زەهاوی

جەمیل سیدقی، شاعیر و بیرمەندی گەورەی عیراق، چوارشەمبە، دوایین ڕۆژی مانگی زیحەججەی ساڵی ١٢٧٩ ک. م. لە بەغدا هاتە دنیا. بابی (مەلا موحەممەدی فەیزی زەهاوی) موفتی گەورەی عیراق، لە هۆزی ناوداری بابانن.

وەک لە باسی مەلا موحەممەدی فەیزدا گوتمان، وشەی «زەهاوی» بەو بۆنەوە بۆتە کەسناو بۆ ئەم بنەماڵەیە کە باپیری جەمیل (بابی مەلا موحەممەدی فەیز) ـکە موحەممەدبەگی ناو بووە ـ لە سلێمانیوە دەڕوا بۆ ناوچەی «زەهاو»ی لای کرماشان و ماوەی دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و لەو خێڵە ژن دەخوازێ و موحەممەد لەو ژنەیە. ئەم بنەماڵە کە دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، شۆرەتیان دەبێتە «زەهاوی».

جەمیل زانستە حوجرەییەکانی لە خزمەت باوکی و چەند مامۆستای تری بەغدادا، خوێند و زۆرێک لە وانە نوێیەکانیشی، بە خوێندنەوەی کتێبی عەرەبی و ترکی و هەروەها لە خزمەتی زانایاندا فێربوو. شیعر هۆنینەوەشی سەرەتا بە زبانی فارسی دەسپێکرد و دواجار شیعری عەرەبیشی دانا و لە زۆرێک ڕۆژنامە و گۆڤاری ولاتە عەرەبییەکان، وەک: عیراق و شام و لوبنان و هەروەها تورکیا، پێڕای وتارەکانی، بلاو بوونەوە.

جەمیل ئەم بەیتەی ١٥ساڵان گوتووە؛ کاتێ کە تازە دەستی بۆ شیعرگوتن بە عەرەبی بردووە:

أمـا آنَ أنْ نَـأبى عَلَـى الـوطَنِ الْعـارا   فَنَرْكَـبَ أخْطـاراً و نَقْـضىَ أوْطـارا

جەمیل سیدقی یەکەم کەسێکە لە عیراقدا کە باسی مافی ژنانی هێنایە ئاراوە و بەرهەڵستی ملـهوڕیی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی بوو. ساڵی ١٣٠٣ ک. م. لە سەردەمی لاوی (تەمەنی ٢٤ ساڵاندا)، بووە ئەندامی کۆڕی مەعاریفی بەغدا. بە شـوێن ئـەوەدا کرایـە سەرپەرشـتی چاپەمـەنی دەوڵـەتی و بەرپرسـی ڕۆژنامەی ڕەسمی«الزّوراء». ٣٠ ساڵان بوو ژنێکی ترکی لە بنەماڵـەیەکی ئابڕوومەنـد خواسـت و ئەگـەرچی منداڵی لێ نەبوو، بەڵام ـ وەک خۆی دەڵێ ـ باشترین دۆستی دەورانی پیری و زورهانی ئـەو بـووە. ساڵـی ١٣١٦ لێبڕا بچێتە ئەستەمبووڵ. لەپێشدا چووە قاهیرە و کەڵەپیاوانی وێژەوانی و ڕامیاری میـسری بـینی و دوای ماوەیەک گەیشتە ئاستانە (پاتەختی عوسمانی) و لەوێ بە ئەندامەتی گرۆی چاکسازی، بۆ وتاربێژی و ڕێنوێنی، ناردرایە یەمەن و ماوەی نۆ مانگ لەو وڵاتە ماوە. لە گەڕانەوە بۆ ئەستەمبووڵ، لەگەڵ ئازادیخوازانی ترکدا پێوەندی گرت و چووە ناو کۆمەڵی دژ بە زۆرەملی و لەپەستا شێعر و قەسیدەی بە ناوی هەڵبەستەوە، دا بە ڕۆژنامە و گۆڤارە میسرییەکان. لە ئاکامدا پێیان زانی و ناردیانەوە عیراق.

کە مەشرووتە ڕاگەیەنرا، سیدقی گەڕاوە ئەسـتەمبووڵ و کرایـە مامۆسـتای فەلـسەفە و ئـادابی عـەرەبی زانـستگای ئاسـتانە. دوای ساڵـێک گـەڕاوە بەغـدا و لـە زانکـۆی حوقوقـدا، قـانوونی شارسـتانییەتی، بـە دەرس گوتەوە. لەم ماوەدا، دیسانەکە بوو بە نوێنەر لە کۆڕی هەڵبژێردراوان لە پاتەختی عوسمانلیدا. جەمیل سیدقی ئەم جارە بە ڕاشکاوی باسی لە مافی میللەتی عەرەب هێنایە پێش و زۆری خزمەت پێیان کرد.[1]

دوای یەکەم شەڕی دنیاگر و دەسەڵاتداری بریتانیا بەسـەر عیراقـدا، ماوەیـەک وەکـوو ئەنـدام و دواجـار سەرۆک، لە کۆڕی معاریف و زانستەکاندا، قانوونی بە ترکی نووسراوی، کردە عەرەبی.

کە فەیسەڵ بوو بە شا لە عیراقدا، سیدقی چوو بۆ میسر و لەوێوە سووریا و ئـەمجار لوبنـانیش گـەڕا. لـەو سەفەرانەیدا، دەگەیشتە هەرکوێ، بۆ ڕێزلێنانی، لە لایەن زانایان و وێژەوانانەوە، کۆبوونەوەیان ڕێکدەخـست و داوایان لێ دەکرد قسەیان بۆ بکا. شیعرەکانیشی، یەک لە دوو یـەک، لـە چاپەمـەنی ئـەو وڵاتانـە، چـاپ دەکران. بە دامەزرانی مەشـرووتە لـە عیراقـدا، سـیدقی گـەڕاوە زێـدی خـۆی و بـوو بـە ئەنـدامی کـۆڕی ریش‌سپییان (شیوخ) و ماوەی چوار ساڵ ئەم پۆستەی هەبوو.

جەمیل سیدقی زەهاوی عومری هـەموو لـە خـەبات و گێرەوکێـشەدا تێپـەڕ کـرد و هەمیـشە ئـازراوی ناحەقیکاری دەسەڵاتداران و چەوساوەیی هەژاران بوو. زۆر جاران تەبعیدیان کرد و لە ئەسـتەمبووڵ چەنـد جار گیرا و لە زیندان توند کـرا؛ بـەڵام دڵـی بـەتین و سـەری نەترسـی، بـەم شـتانە سـارد نـەدەبۆوەوە و دانەدەنەوی. لە هەر دەرفەتێکـدا، ئـەچووە نێـو خەڵـکەوە و بـە هەڵـدانی گەندەڵـییەکانی دام و دەزگـای

١. کوردێکی وا نەترس و پیتۆڵ بێ؛ بەڵام هاوار بۆ مافی عەرەب بکەی! دیارە ئەوانیش گەلێک پێزانن! و.

دەسەڵاتداری، وشیاری دەکردنەوە. لە بارەی خۆیەوە دەڵێ: «کە منداڵ بووم، بەهۆی کارە نائاساییەکانمەوە، بە شێتیان دەرکردم؛ بە لاوی، لاساری لاژگیان پێ گوتم؛ پیر بووم، بوومە نەترسی گوێنەدەر و ئێستە بە زورهانی، لەدین لادەرم پێ ئێژن؛ بۆچی؟ لەبەر ئەوە بیر وڕای خۆم بە ڕاشکاوی دەردەخەم و قەت لە کەس کۆم نەکردۆتەوە.»

هەرچۆنێک بێ، جەمیل سیدقی یەک لە ئەستێرە درەوشانەکانی ئاسمانی شیعر و وێژەی عەرەبە و جێی خۆیە کە «امیرُالشُّعَرا»ی دەورانی خۆی پێ بگوترێ. ئەڵبەت ئەو بێجگە لەمەش، فیلەسووف و بیرمەندێکی پایەبەرزە. ئەوی لەمەڕ مردن و ژیانی دوای مەرگ و کێشەی خولقان و زۆر باس و گرفتی تری مرۆ لە چەرخی بیستەمی زایینیدا، هێناویەتە ئاراوە، هەموو جێی تێڕامانە.

لە بەرهەمەکانی جەمیل سیدقیدا، جاروبار شتی دژبەیەک و ناتەبا دێنە پێش چاو. جارێک لە خودا و ڕۆژی پەسڵان و ... دڕدۆنگە و جارێکی تر، عارفێکە ئاو لێڵ ناکا! بۆ وێنە لەم شیعرانەدا، کە هەستی خۆی کردۆتە داوەر، دەڵێ:

و لَیس یُبالی میّتُ فی حَفیرة	بأنَّ ضریحاً فیه قَدْ نامَ، ضَیِّقُ
وَ سائلَة هَلْ بَعْدَ أنْ یَعْبَثُ الْبلی	بأجْسامنا، نَحْیی وَ نَرْنُو و نَنْطقُ
فَقُلتُ مُجیباً إنَّنی لَسْتُ واثقاً	بغَیْر الَّذی حسّی لَهُ یَتَحَقَّقُ
وَ هَیْهاتَ لاتُرْجی الْحیاةُ لمَیِّت	إلیْه البلی فی قَبْره یَتَطَرَّقُ

کەچی لە لایەکی ترەوە، کە هێندێک هێور بۆتەوە و کوڵی دڵی دامرکاوە، پێڕای سکالایەک لەگەڵ ئافرێنەریدا، ئێژێ:

إلیْکَ إلَهی! فی بکاء أُجیدُهُ	قَصیداً إذا ما نابَنی الخطْبُ أضْرَعُ
إلیكَ بداجی اللَّیل فی الْبحر إنْ طَغی،	إلَیْكَ إذا ما ریعَ قَلْبیَ أفْزعُ
قَرَأتُ اسْمَكَ المحمودَ فی اللَّیل وَ الضُّحی	إذَ الشَّمسُ تَسْتَخْفی، اذَا الشَّمس تَطْلعُ
فَأیْقنْتُ أنَّ الْكوْنَ بالله قائم	وَ آمَنْتُ أنَّ الله للكوْن مُبدعُ
وَ أنَّكَ مَعْنی وَ الخَلیقَةُ لَفْظَةُ	وَ أنَّكَ حُسْنٌ وَ الطَّبیعَةُ بُرْقَعُ

لە جێژنێکی مەولوودی پێغەمبەر(د) لە ئەعزەمییەی بەغدادا، داوای لێ دەکەن بەشداری بکا و شیعرێکیش بخوێنێتەوە. ئەویش قەسیدەیەک ئامادە دەکا و دەیخوێنێتەوە؛ کە ئەمە دوو بەیتی:

قالُوا امتَدحْ خَیرالبریَّة أحْمَدا	بقَصیدة تَشْدُو برفْعَة شانه
فَأجَبْتُهُمْ ماذا أقُولُ بمَدْح مَنْ	أثْنی عَلَیْه اللهُ فی قُرْآنه

ئەم شیعرانە بۆمان دەردەخەن کە جەمیل سیدقی ـ پێچەوانەی بۆچوونی هێندێک ـ بڕوای بە خوا و ڕۆژی سەڵا و پێغەمبەر و قورئان بووە و ئەگەر جارـ جار، وەکی حەکیم عومەرخەیام یان ئەبولعەلای

مەعەرِّی یا تەنانەت مەنسووری هەلاج، زۆر پرسیاری هەڵنەهێنراوی داهێناوە، پرتە و بۆڵە یان گازندەیەکی کردووە، تاوێک بووە؛ هاتووە و چووە و لە قووڵایی بیر و بڕوایدا، ڕەنگی نەداوەتەوە.

وەک لە ژینامەی موفتی زەهاوی، بابی جەمیل سیدقیدا گوتمان، حاجی میرزا ئەحمەدی دیوانبەیگی شیرازی، نووسەری ژینامەی «*حدیقةالشُعرا*»، ساڵی ١٢٩٧ ک. م. بۆ زیارەتی عەتەبات چووە بۆ عیراق و لە بەغدا شێخ عاسیمی سنەیی دیوە و باسی ئەم باوک و کوڕە پیتۆڵەی بیستووە و بەنیازی چاوپێکەوتنیان بووە؛ بەڵام دەستی نەداوە و هێندێک لە بەرهەمەکانیانی لە عاسیم سەندووە و لە ژینامەکەیدا هێناویە. ئەو کاتە جەمیل، دەوری ٢٠ ساڵی بووە؛ ئەم دوو شیعرە فارسییەی کە ١٧ ساڵان دایناوە، عاسیم بە دیوان بەیگی داوە:

عاشق یکتا نمی‌باشی الا ای دل چرا؟ — می‌شوی هر لحظه بر معشوقه‌ای مایل چرا؟
می کنی از امر ایزد، خویش غافل تا به کی — دوری از حق می کنی، گیری ره باطل چرا؟
گر نداند مُرغ چون میرد، رَهَد از هر غمی — آن قدرها رقصد از شادی چو شد بسمل چرا؟
در درون تست مطلوب تو ای مجنون زار — بهر لیلی می‌روی اندر پی محمل چرا؟
جاهلان را هر که هم‌صحبت شود جاهل شود — می‌شوی بر اهل دنیا «صدقیا» مایل چرا؟

* * *

بی‌رقیب اندر جهان دلدار کو؟ — اندر این گُلشن گُل بی‌خار کو؟
گر فکند از رُخ نقاب آن آفتاب — دیده‌ها را طاقت دیدار کو؟

سیدقی زەهاوی ساڵ و نیوێک پێش کۆچی یەکجاری، واتا مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣١٣ ک. ه.)١٩٣٤ ز.)، لە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە، هاوڕێ لەگەڵ شاعیری گەورەی تری ئەوێ «احمَد حامِد الصرّاف»[1]، چوو بۆ تاران و لە جێژنی هەزارەمین ساڵی لەدایک بوونی فیردەوسیدا بەشداری کرد و شیعرێکی خوێندەوە کە هەر لەسەر کێشی «*شاهنامە*»ی فیردەوسی هۆنیویەتەوە؛ ئەوا چەند بەیتی:

به فردوسی از من سلامی برید — پس از عرض حرمت پیامی برید
که ای شاعر خفته در زیر خاک — نهان از نظر دور از جان پاک
سر از خاک بردار وانگه ببین — چه شوری است بهرت به روی زمین
فرو ریخت اعجاز از خامه‌ات — بیفزود از آن قدر شهنامه‌ات
جهانی برای تو جمع آمده — برای ثنای تو جمع آمده
ز هر مملکت صد صدا می‌رسد — ز هر سر نوایی جدا می‌رسد

---

١. وەک مامۆستا هەژار لە پێشەکی خەیامەکەیدا دەفەرموێ، ئەویش کوردە! و.

چو پر شد ز شعرت زمین و زمان — ستودند نام تو در هر زبان

هزار است در قبر خود خفته‌ای — ولی زنده است آنچه تو گفته‌ای

شیعری جەمیل سیدقی، زۆرتر عەرەبین و چاپ کراون؛ بەڵام شیعری فارسی، کەم و کوردی، دەگمەنە. دیوانەکانی بریەتین لە: ١. *الکلامُ المَنظوُم* ٢. *اللُّباب* ٣. *دیوان الزَّهاوی*

کتێبەکانی:

١. *الکائنات*، لە فەلسەفەدا

٢. *الجاذبِیَّةَ و تعلیُلها* لە زانستی سروشتدا

٣. *الدَّفعُ العام و الظواهر الطَّبیعیَّة و الفلکیة* ـ لە هەیئەتدا

٤. *العابُ الداما*

٥. *الفجر الصّادق فی اثبات الخوارق*

٦. *المُجْملُ ممَا أری*

٧. *خَطَراتُ الفَلْسَفَة*

٨. *رسالَةٌ فی النّور*

٩. *رسالَةُ فی البصر*

١٠. *الخطُّ الجدید*

١١. *رسالَةُالحمام*

١٢. *لیلی و سمیر*

١٣. حکمت *اسلامیه درس لری* (بە تورکی)

١٤. وەرگێڕاوی چوارینەکانی خەییام بە عەرەبی

١٥. *عیونُ الشّعر*

١٦. *رسالَةُ الخیل و سباقُها*

١٧. *مُحاضَرَةٌ فی الشّعر*

جەمیل سیدقی زەهاوی، لە کۆتایی ژیانیدا نەخۆش کەوت و سەرەنجام لە ٢٩ی زیقەعدەی ساڵی ١٣٥٤ ک. م. (١٩٣٦ ز.)، دنیای بەجێهێشت و لە زیارەتانی ئەعزەمییەی بەغدایان ناشت.

شاعیری گەورەی ئێران، مامۆستا موحەممەد تەقی بەهار (مَلِکُ‌الشُّعراء)، لە شینیدا، تەرکیب‌بەندێکی نۆ بەندی هۆنیوەتەوە، کە ئەوا سێ بەشی:

دجله‌ی بغداد بر مرگ زهاوی خون گریست — نی خطا گفتم که شرق از نیل تا سیحون گریست

اشک‌ریزان شد عراق از ماتم فرزند خویش — همچو یونان کز غم هجران افلاطون گریست

زین بـلای عـام یعنـی مـرگ سـلطان سـخن
مردم شهری به شهر و بدو در هامون گریست

از غـم شـعر روانـش فکـر از گـردش فتـاد
در فراق طبع پاکش لفظ بر مضمون گریست

زد گریبان چاک، نظم و ریخت بر سر خـاک، نثر
از غم او هر یکی موزون و ناموزون گریست

دوش بـر خـاک مـزارش خیمـه زد ابـر بهـار
خواست تا در هجرش از چشم «بهار» افزون گریـست

خنـده‌ای دنـدان‌نمـا زد بـرق و گفتـا کـای حسود
قطره کمتر زن، تو آب‌افشانی و او خون‌گریـست

* * *

شد زهاوی خسته و زین دهر پرغوغـا گذشـت
دست‌افشان پای‌کوبان از سـر دنیـا گذشـت

بود عمری سرگران از زحمت غوغای دهر
زین سبب پیرانه‌سر زین دهر پرغوغا گذشت

برگ امیدش ز دلها چون شقایق زود ریخت
لیک داغش لاله‌سان، کی خواهد از دلها گذشت

عالَمی فضل و ادب را برد بـا خـود زیـر خـاک
گرچه از این خاکدان خود یکـه و تنهـا گذشـت

تلخکـامی‌هـا کـشید از دهـر لـیکن در سـخن
کام گیتی کـرد شـیرین پـس بـه استغنا گذشـت

در بـر کیهـان اعظـم کیـست انـسان ضـعیف
کش توان گفتن که شد فرتوت یـا بُرنـا گذشـت

عمر اگر یک روز اگر صدسال، می‌بایست مرد
نیکبخـت آنـک از جهـان آزاده و دانـا گذشـت

* * *

روح صدقی در جنان شاد است گویی نیست هست
جاودان از محنت آزاد است گـویی نیـست هـست

در بهشت خاطر و گلخانه‌ی افکار خـویش
همنشین با سرو و شمشاد است گویی نیـست هـست

روح شـاعر غیـر زیبـایی نجویـد در جهـان
خاصه آن کو پیر استاد است گویی نیست هـست

هرکه زیبایی بجوید غرقه در زیبـایی اسـت
زانکه خود زیبا ز بنیاد است گویی نیـست هـست

روح چـون زیبـا بـود او را خـدا جویـا بـود
این حدیثم از نبی یاد است گویی نیست هـست

نیست مشکل گر به حق واصل شود روح جمیل
گر جز این گوییم بیداد است گـویی نیـست هـست

غرق غفران باد روحش ویـن دعـا را بـی‌خـلاف
جبرئیل آمین فرستاد است گـویی نیـست هـست

چەند شیعری عەرەبی:

لَقَـدْ کُنْـتُ فـی دَرْب بیغـدادَ ماشـیا
و بغْـــدادُ فیهـــا لِلْمُـــشاة درُوُبُ

فصادَفْتُ شَیْخاً قَد حَنی الـدَّهرُ ظَهْرهُ
لـهُ فـی الـصّراط المـستقیم دبیـبُ

عَلَیْـــه ثیـــاب رثَّـــةٌ غَیْـــرَ أنَّـــهُ
نظـافٌ فَلَـمْ تَـدنَس لَهُـنَّ جُیُـوبُ

یـــسیرُ الهُوَیْنـــا و الجمـــاهیرُ خَلْفَـــهُ
یَـــسُبُّونَهُ، و الـــشَّیخُ لَـــیْسَ یُجیـــبُ

لَـهُ وَقْفَـــة یَقـوی بهـا ثُـمَّ شَـــهْقَةٌ
تَکـادُ لَهـا نفْـسُ الـشَّفیق تَـذُوبُ

تَـدُلُّ غُـضُونٌ فـی وسـیع جبینـه
عَلـی أنَّـهُ بَـیْنَ الـشُّیُوخ کَئیـبُ

فَساءَلْتُ مَنْ هذا، فَقال: مُجاوبٌ هُو «الحقُ» جاءَ اليَومَ فَهو غريبُ
و قلتُ لهُ: إنا غريبان ههُنا و كُلُّ غريب لْلغريب نَسيبُ
فجئت إليه ناصراً و مُؤاذراً و دمعي لإشفاقي عليه صبيبُ

* * *

قَد أتاني طيف لَيْلى لِيْلَةً بَعْدَ صَدٍّ و الدُّجى مُعْتكرُ
فتعا تبْنا على طول النَّوى و كلانا حالفٌ مُعتذرُ
و بكيْنا ساعَةً كاملَةً بعُيُون دَمْعُها يَنْهمر
وَتَعانَقْنا و في أحْشائنا لَوْعَةٌ نيرانُها تَسْتَعرُ
قَبَّلَتني مثلَما قَبَّلْتُها وَ هُناكَ النَّجْمُ عَيْنٌ تَنْظُرُ
و تحادثَنا إلى ان طَلعَ الـ صبحُ وَ انجابَ الدُّجى يَنْحَسرُ
فَمضَى الطَّيْفُ و ولّى هارباً وَ هو لا يلْوى و لا يَنْتَظرُ

الزَّهاوی (دراسات و نصوص)، بیروت ١٩٦٦ ز. *الاعلام*، ب٢، ل١٣٢. *تاریخ ادبیّات عرب*، تُرجانی‌زاده، ل ٣١٠. *دیوان زَهاوی*، میسر، ١٣٤٣ ک. م. *تاریخ سُلیمانیّه*، ل٢٥٣. گۆڤاری *یادگار*، س٣، ژ٩، ل٦٤– ٦٨ و س٥، ژ١ و٢.

مەلا ئەحمەدی ڕەببانی

مەشهوور بە «مەلا لاسوور»، کوڕی مەلا خوسرەو، ساڵی ١٢٨٥ ک. م. لە گوندی «پیریۆنس» هاتە دنیا؛ لە زانایان و مامۆستایانی ناوداری ناوچەی موکوریانە کە لە کەلام و حیکمەت و مەنتیقدا شارەزاییەکی ئەوتۆی هەبووە و بەسەر کتێبانی ئەم زانستانەدا، هێندێک پەراوێزی بایەخداری نووسیوە.

مەلا ئەحمەد پاش فێربوونی وانە سەرەتاییەکان، ماوەی چوار ساڵ لە مەدرەسەی تورجان، لای مەلا موحەممەد حەسەنی قزڵجی خوێندوویە و پاشان ماوەیەکیش لە خزمەتی مەلا موحەممەد حەسەنی بورهانی بەهرەی بردووە و ئیجازەی وەرگرتووە. ئەوجار لە گوندی «خۆش‌قشلاخ» و «مەرخوز»ی لای سەقز، دەرسی گوتۆتەوە و دوایی، پاش ٧٠ ساڵ ژیان، ساڵی ١٣٥٥ ک. م. ئەمری خوای بەجی‌هێناوە هەر لە مەرخوز نێژراوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ عومەری قەرەداغی

مامۆستای وریا و زانای هێژا، شێخ عومەری قەرەداغی مەردۆخی، مەشهوور بە «ابنُ‌القَرَداغی»، کوڕی عارفی زانا، شێخ موحەممەد ئەمینی غەفاری، کوڕی شێخ مەعرووف، کوڕی شێخ عومەر، کوڕی شێخ لەتیفی گەورە، ساڵی ١٣٠٣

ک. م. لە شاری سلێمانی هاتە دنیا و کە پێگەییشت، لای بابی خوێندنی دەسپێکرد و پاشان لە مامۆستایانی تری سلێمانی بەهرەی برد و دوایی هاتە خزمەتی مامی (شێخ نەجیبی قەرەداغی) ماوەیەک خوێندی و ئیجازەی وەرگرت. بەشوێن ئەوەدا بە هاوقۆڵی شێخ مەعرووفی برای، لە قوتابخانەی باوانییاندا، دەرس گوتنەوەیان دەسپێکرد و هەر ئاوری یەکەم شەڕی جیهانی کوژایەوە (ساڵی ١٣٣٨ ک. م.)، خانەقای پێشووی مەولانا خالیدیان لە شاری سلێمانی ـ کە لە ڕووخابووـ ئاوەدان کردەوە و شێخ عومەر دەرس گوتنەوەی تێدا گرتە ئەستۆ.

شێخ عومەر ئەگەرچی عومرێکی زۆری نەکردووە و ساڵی ١٣٥٥ ک. م.[1] کاتێ کە ٥٣ ساڵی بووە، دنیای بەجێهێشتووە، بەڵام یەکجار مامۆستایەکی سەرکەوتوو بووە و زۆرێک لە خەرمانی زانستی، بەشیان بردووە و ئیجازەیان لێ وەرگرتووە. هەروەها بەرهەمی نووسراوەشی بەرچاوە و هێندێک شەرح و پەراوێزی بایەخداری لێ بەجیماوە کە برێکیشیان لەچاپدراوە؛ وەکوو: پەراوێز لەسەر: *«جمع الجوامع»*، *«تذهيب الكلام»*، *«تشريح الافلاك»* و *«اشكال التاسيس»*ی شێخ بەهایی، *«گلنبوی بُرهان»*، *«آداب گلنبوی»*، *«تصريف»*ی مەلا عەلی شنۆ، *«فَريده»*ی شێخی تووسی لە نەحودا. ئەمجار شەرحی: *«مَقولات عَشر»* و هۆنراوەی *«فرائض قزلجی»*. دوو کتێبی: *«رُبع مُجيّب و مُقنّطرات»*، شەرح و دەق لە *«فرائض، مواريث»* و ...

عُلَماونا في خدمة العلم و الدّين، ل٤١٥. *تاريخ سُليمانيّه*، ل٢٧٧. *الاعلام*، ب٥، ل١٩٩.

وەجدی سەقزی

میرزا سەمەد، نازناو «وەجدی»، برای گچکەی زانا و شاعیری بەناوبانگ، مەجدی «مَلكُ‌الكلام» ، شاعیرێکی هێژا و گفت جوان بووە و تا ناوەڕاستەکانی چەرخی چواردە ژیاوە.

وەجدی ماوەیەک وڵاتی خۆی بەجێهێشتووە و بە شارانی عیراق و تورکیە، بەتایبەت شاری ئەستەمبوولدا گەڕاوە و ئەوجار گەڕاوەتەوە سەقز و تا کۆتایی ژیانی، لەوێ ژیاوە.

ئەم چەند بەیتە، بەشێکی قەسیدەیەکە بۆ کاکی (مەجدی) نووسیوە:

از حال خود چه شرح دهم کاتش محن — چون شمع کرد در تن من استخوان مُذاب

بی‌آنکه هیچ معصیتی سر زند ز من، — بی‌آنکه هیچ سیّئه‌ای سازم ارتکاب

پیوسته از خدای شدم مورد غضب — دایم ز کردگار شدم مهبط عقاب

هرگز نگشتم از فلك ایمن که همچو طفل — در خویشتن به لحظه بدیدم صد انقلاب

گر پرسیم کنون که چه سانی ز فرط ضعف — نتوانمت ز دل به زبان برکشم جواب

---

١. لە کتێبی *«یادی مەردان»*، ل٤١٧. ساڵی ١٣٥٣ ک. م. نووسراوە.

پـــیش آمـــده مـــرا ســـفر ملـــك نیـــستی	ناچـــار عَنقریـــب نَهَـــم پـــای در رکـــاب
بـــر روی مـــوج حادثـــه زد خیمـــه هـــستیم	تا دم زنم به سر شـودم عُمـر چـون حُـباب
دیگـــر روا مـــدار کـــزین بـــیش در ســـقز	گردم همی محل شـماتت ز شـیخ و شـاب

یاداشتەکانی نووسەر. چەند جونگی دەسنووس.

حەمدی ساحیبقەران[1]

ئەحمەد بەگ، نازناو «حەمدی»، کوڕی فەتاح بەگ، کوڕی حاجی ئیبرایم بـەگ، کـوڕی مـەحموود بـەگ، کـوڕی ئەحمەد بەگی گەورە (ساحیبقەران)، ساڵی ١٢٩٥ ک. م. لە سلێمانی هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی دەسپێکرد.

حەمدی زبانی فارسیشی زانیوە و جاروبار بەم زبانە شیعری داناوە؛ بەڵام زۆربەی شیعرەکانی بـە کـوردی سۆرانین. جارێک دیوانی شیعرەکانی لە سووتمانێکدا سووتا و لەسەرڕا دیوانی پێکنایەوە.

ئەحمەد بەگ ماوەیەک سەپەرشـتی گـومرک و دوای ئـەوە، بەرپرسـی شـارەداریی لـە ئەسـتۆ بـووە و سەردەمێک هاوڕێیی شێخ مەحموودی بەرزنجی کردووە. ئەو لەگەڵ مستەفا بەگی «کوردی» و ئەوڕەحمان بەگی «سالم»دا لە بنەماڵەیەکن.

حەمدی ساحیبقەران شاعیرێکی بەرزەمژ، نەترس و قسەخۆش بووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٥ ک. م. لە سلێمانی کۆچی یەکجاری کردووە.

چەند نموونە شیعری حەمدی:

سوبح پێناکەنێ، تا بێنەوایێ شـەو بـە دڵ نـەگری	گوڵێ ناپشکوێ تـا بولبـولی سـوبحی بـە کـوڵ نـەگری
بەری نابێ درەختی باغی عالەم تا هەموو وەک‌یەک	بە یەک سۆز و بە یەک شۆر و بەیەک دەم چڵ‌بەچڵ نـەگری

* * *

١. بنەماڵەی ساحیبقەران، لە ئەحمەد بەگی گەورەوە دەسپێدەکا؛ کە یەک لە ١٢ سوارەی بەناوبانگی مەریوانە. وەک دەڵێن لە سوارکاری و تیرهاوێژی و دلێریدا، هاوتای هەڵنەکەوتووە و بەم بۆنەوە «صاحبقران»یان پێ گوتووە؛ واتا سەرکەوتووی خاوەنی نگین. یەک لە کوڕانی ئەحمەد بەگ، مەحموود بەگی ناو بووە کە بۆ خاکی بابان چووە و سەرپەرشتی چەکـدارانی حـاکمی بابانی کردووە. پێنج کوڕی هەبووە: ئەمین بەگ، حەمید بەگ، مستەفا بەگ، داود بەگ و ئیبرایم بەگ. ئەمین بۆ ئەستەمبووڵ چووە و دوای هێندێک بۆ حیجازیان ناردووە و لە مەککە مردووە. حەمید چۆتە سنە و لەو شارە دانیشتووە. کوڕێکی بووە، قادر بەگی ناو بووە، بابی عادڵەخاتوونی ژنی عوسمان پاشای جاف، دایکی شاعیری بەناوبانگ، مستەفا بەگی کوردی؛ کە باسـیمان کردووە. داود بەگ چۆتە مەککە و لەگەڵ ئەمین‌بەگی برایدا ژیاوە و هەر لەوێ سەری‌ناوەتەوە و دوو کوڕی لـێ بـەجێ‌مـاوە: عوسمان و حوسەین. حاجی عوسمان بەگ دوو کوڕی بووە: ساڵح و داود. ئیبرایم بەگ لە سـلێماندا ژیـاوە و کـوڕێکی لـێ بەجێ‌ماوە، بە ناوی فەتاح بەگ؛ بابی ئەحمەد بەگی ساحیبقەران، نازناو «حەمدی» کە ئەوا دەکەین.

نازی گەردوون بۆ ئەکێشم ئەو بە ڕۆژی ڕووتـەوە
من بە ماهی نەخشەبێکی شوعلەوەر وەک ڕووتەوە

بەر دەخا ئاهووی خوتەن بۆ نافەیێکی موشـکبوو
عەنبەری سارا فرۆشـم مـن بـە سـایەی مووتـەوە

تاقی ئەبرووتم موراده ڕووو بە قیبلەم بـۆ نـوێژ
ئەهلی قیبلە چی بەسەر میحرابی تـاق و جووتـەوە

تا قیامت من منەتباری خەمی هیجرانی تۆم
ئەو ئەخۆم و عامیانە نـیم بـە تـەنگی قووتـەوە

بۆ گەدایی کۆیی جانان سـەلتەنەت هـەر مردنـە
گەر خودا ڕەحمی لە دڵ نیٚ، بیٚ لەتەک تابووتـەوە

عیشقی شیرینت ببیٚ عاشق! لەگـەڵ ئـەم وەسـفەدا
کووهـکەندێکی چ حـەققت تـۆ بەسـەر بازووتـەوە

دڵبەرت ڕۆیی، ڕەقیبت کەوتە دووی، خاکـت بەسـەر
«حەمدی» بنواڕە! سەگێکە وا بـە دووی ئاهووتـەوە

* * *

خوزگە ئەمزانی بەسەرمانا فەڵەک بۆچ ناز ئـەکا؟
حیفزی ئادابی قەواعید بۆچ بە ئەمـری شـاز ئـەکا؟

تیٚنەگەیوە ئێمە ئەیزانین موسەببیب هـەر ئـەوە
حوشترە قەززاز، مریشکە هێلکە هەروەک قاز ئـەکا

شینە شاهۆیە لە ئەوجی کەهکەشـاندا وەک شـەهـێن
بۆ شکاری قورسی مانگ و جیرمی ڕۆژ پەرواز ئـەکا

ساقی کوێرە، کاسە کەل، بادە نەسیبی شـێت و شـەل
مـوتربی ناسـازە تـاری بـەزمی عالـەم سـاز ئـەکا

جاهیل و کـەمفـام دایم گەیوەتـە وەسـڵی نیگـار
ماچی سەر کوڵمی لەتیفی هەر بـە جووتـە و گـاز ئـەکا

کەر لە کویٚ کەوتوو، لە کویٚ کوندە دڕاوە سەیری کەن؟
ئاشـەوان دانی نییـە، بەردئاشـەکەی بـیراز ئـەکا

تەبعی «حەمدی» دەستگاهێکە بـە میعمـاری غـەزەل
نەوبەری هاوعەسـرەکانی ئەلبـسەی مومتـاز ئـەکا

* * *

ئەحواڵی ئـەم زەمانـە لـە کایـەی منـاڵ ئـەچیٚ
دونیایـەکی چ پووچـە لـە زەرفی بـەتاڵ ئـەچیٚ

لەم باغە هەردەمـە کـە دەگـا مێوەیـیٚ ئەڵـێی:
ئـەم کۆنـە گومبـەزە لـە دوکـانی بـەقاڵ ئـەچیٚ

نەقس و کەماڵی ئەهلی جیهان موعتەبـەر نییـە
هەر دوو موحەققەقە کە بە دەسـتی زەواڵ ئـەچیٚ

ئیقباڵ و شوومی تـابیعی عـیلم و جـەهل نییـە
ڕێکەوتـە، بـازە ئەمـڕۆ، سـبەینیٚ لـە داڵ ئـەچیٚ

بـازاری دەهـرە قیمـەتی ئەشـیا بـە جێگەیـە
مێشیٚ لە ڕووی نیگاریٚ بنیـشیٚ لـە خـاڵ ئـەچیٚ

هەر ناڵە، وا لـە بـورجی جـەلالا وەکـوو هـیلال
هەر ماهە، وا لـە کـونجی مـەلالا لـە نـاڵ ئـەچیٚ

بەو عومرەوە کە بوویەتی «نـۆح»یـش وتوویـەتی
دونیا لـە ڕیحلـەتا لـە خـەوی بیٚخـەیاڵ ئـەچیٚ

زۆرتـر لـە بێنـەوا، بـە مـەنافیع ئـەگا غـەنی
ئەم تا ببـیٚ تەنـەززول ئـەکا، ئـەو بـە بـاڵ ئـەچیٚ

تـاریخ سُـلیمانیّە، ل ٢٤١. *گوڵدەسـتەی شـوعەرای هاوعەسرم*، ل١٩. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، ل٤٣٦.

حافیز موحەممەدی ئاماسیەیی

حافیز موحەممەد سەباتەدین، خەڵکی ئاماسیە، ساڵی ١٣٠٩ ک. م. لە بنەماڵەی «شەکیوی» هاتۆتە دنیا و خوێندنی لە کوردستانی باکوور و باشوور دوایی هێناوە و زیاد لە کوردی، بە فارسی و عەرەبی و ترکی شیعری گوتووە و لە شێستەکانی چەرخی چاردەی کۆچیدا، کۆچی دوایی کردووە. دیوانی شیعرێکی لێ بەجێ ماوە و ئەمە وێنەی شیعری:

به هرجا رو کنی یا جلوه‌ات در اهتزاز آری میان دلبران تنها تویی صد امتیاز آری
اگر من بندەم تو خسرو خوبان، چه خواهد شد؟ چو محمود ار گهی ای دوست! یادی از اَیاز آری
کشیدم رنج آزارت، چشیدم زهر نازت را از این پس از تو می‌خواهم که ناز آری، نیازاری
تو را گاهی جفا گر بود، دنبالش وفایی بود کنونم انتظار آن است آن رفتار باز آری

گۆڤاری گەلاوێژ. چەند جونگی دەسنووس.

مەلا موحەممەدی باڵەقۆڵوو

حاجی مەلا موحەممەد، مەشهوور بە «حاجی خەلیفە»، کوڕی مەلا سەعید، لە ٢٧ی ڕەبیعولئەوەڵی ساڵی١٢٧٣ ک. م. هاتۆتە دنیا و دوای خوێندنێکی سەرەتایی بە لای بابیەوە، بۆ سلێمانی چووە و لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە و پاشان چۆتە سنە و ئیجازەی وەرگرتووە. ئەوجار گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و ساڵانێکی زۆر مامۆستای گوندی «باڵەقۆڵوو» و «جامبلاغ» و چەند شوێنی تربووە. لەوەپاش چۆتە مەهاباد و لە خانەقای نەهری، تا کۆتایی ژیان (٢٧ی ڕەمەزانی ١٣٥٦ ک. م)، دەرسی گوتۆتەوە و خزمەتی ئایینی کردووە.

حاجی مەلا موحەممەد مرۆیەکی هێژا و پارسا، ڕەوشت جوان و گفت ڕەوان و لە مریدانی سەید عەبدولقادری گەیلانیزادە بووە. سێ جار حەجی کردووە و لەمەڕ ئەو سەفەرانەوە، کتێبێکی نووسیوە. شیعریشی گوتووە و نارناوی «بەها»ی هەڵبژاردووە. ئەم غەزەلە هی ئەوە:

نگاری مەهوەشی زیبا نیقابی شەرمی لاداوە
لە شووری عاشقان ئەمڕۆ دەڵێی مەحشەر هەڵستاوە
بە غەمزەی چاوی مەستی ساحری سەیدی دڵی وا کرد
وەکوو بیژەن لە چای ئەفراسیابی مەینەتا ماوە
لە جیلوەی قامەتی سەروت خەجاڵەت سەروی جۆبارە
لەبەر غونچەی دەمت ئەی جان فدات بێ، غونچە داماوە
لەبەر موشکی دوگیسووت بای سەبا وا عەنبەرئامێزە
لە بازاڕی خوتەندا موشکی ئەزفەر بێڕەواج ماوە

مەگــەر مــاری زوحاکــە، قاتــڵی خەڵــکە سیازوڵــفت؟
وەیا ڕەشماری گەنجە، دەوری گەنجی ڕوومــەتی داوە
وە یا هەوری ڕەشە بەو ڕەنگە پۆشی ماهی ڕوخسارت؟
شەوی دەیجوورە، یا زولفــە کــە ڕۆژی ڕووتی پۆشــاوە؟
مەگەر گوڵباخییە ڕووت وا کــە ســوور و نــاز و پــڕئاوە؟
کە هەرکەس دێ وەکوو بولبول دەبێ شەیدا هەتا مــاوە
پەری یــاخۆ فرشــتەی وا لــەتیف و دڵــبەر و شــۆخی؟
وەها لەو حوسنی شیرینت خــەلایق گــشت عەجــەب مــاوە
بلــۆرە گــەردەنت یــا کەهــرەبا یــا شووشــە یــا زێــڕە
لــەتیــف و زەرد و ســاف و دڵــبەرە، پــڕتاب و پــڕئاوە
بەدەن گوڵباخ، لیباس گوێنــار، چ شــیرین ئیتتفاقێکــە
عەجەب مەششاتەیێ بەو گوڵبونە ئــەو بــەرگی پۆشــاوە
«بەها» ڕۆحی فیدای دووچاوی جادووی مەستی غــەممازت
بە غەمزە سەد وەکوو هــارووت و مــارووتی فریــب داوە

ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی تاران، س ١٣٣٦ ک. هـ.

مەلا حەسەنی بامەڕنی

کوڕی مەلا ئەحمەدی بابەک، ساڵی ١٢٨٤ ک. م. لە گوندی «بامەڕنی»سەر بە ناوچەی بادینان هاتۆتە دنیــا و ساڵی ١٣٥٦، هەر لەوێ لە دنیا چووە. باپیرانی ڕەتەوەی خۆیان دەبەنەوە سەر حەزرەتی ئەبووبــەکر (د) و لە نێوانیاندا زۆر کەسانی هێژا هەڵکەوتوون.

حەسەن لە ژێر چاوەدێری باوکیدا، بارهات و خوێندنی لە بامــەڕنی دەســپێکرد و لــە چەنــد شــوێنیتــر شوێنی گرت و سەرەنجام ئیجازەی وەرگرت و ئەمجا گەڕاوە زێدی خۆی و شانی لە خوێندنەوەی کتــێبی وێژەیی و دیوانی شاعیران شل کرد و بۆخۆشی شیعری گوت.

وەک نووسیویانە، شیعری مەلا حەسەن، بە کرمانجی و لەوپەڕی جوانی و ڕەوانیدان.

الاکراد فی بهدینان، ل ٢١٠ و ٢١١.

مەلا موحەممەد سەعیدی فازیل

مەلا موحەممەد سەعید، خەڵکی دێهاتی «دەربەند»ی لای دیواندەرە، پیاوێکی بەڕاستی هێژا بووە؛ بەتایبەت

زبان و ویژەی فارسی چاک زانیوە و لە دیوانی شاعیرانی وەک فیردەوسی و سەنایی و عەتتار و نیزامی و کەلیم باش سەری دەرچووە.

مەلا سەعید پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، باری کردووە بۆ شار و لە سنە نیشتەجێ بووە و پێڕای بەجێهێنانی ئەرکی دینی خۆی لە مەحکەمەیەکی شەرعیدا، کات و ساتێکیشی بۆ خوێندنی دەقە ویژەییەکانی زبانی فارسی، تەرخان کردووە و بە نەختە داهاتەکەیەوە ساچاوە و بە سەربەرزی ژیاوە و دواییش لە پاییزی ساڵی ١٣٥٦ ک. م. ئەمری خوای بەجێ هێناوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

فەریق حاجی مستەفا

یەک لە ئەفسەرانی کوردی لەشکری ترکان بووە کە دوای هەڵوەشانەوەی عوسمانی و سەربەخۆیی عیراق، لە ئەرتەشدا، تا پلەی سەرتیپی (جنراڵی) چووە و کار و پۆستی زۆر و گرینگی لە ئەستۆ گرتووە.

فەریق حاجی مستەفا پاشا، پیاوێکی زانا بووە؛ ساڵی ١٩٢٢ ز. مافی لەچاپدانی حەوتەنامەیەک بە ناوی «*بانگی کوردستان*»ی وەرگرتووە؛ کە وانەی ویژەیی و زانستی، بە زبانی کوردی تێدا نووسیوە و تا چواردە ژمارەی لە سلێماندا دەرخستووە و ساڵی ١٩٢٥ ز. سێ ژمارەی تری لێ بڵاو کردۆتەوە و ئەوجار داخراوە.

زاو و مەرگی حاجی مستەفا پاشا، ساڵانی ١٨٦٨ز. و ١٩٣٦ ز. بەرامبەر بە ١٢٨٦ ک. م. و ١٣٥٦ ک. م. ڕوویداوە.

میژووی ئەدەبی کوردی، ل ٥٥٠ و٥٥٣.

شێخ مستەفای هەڵەبجە

شێخ مستەفای موفتی هەڵەبجە، کوڕی شێخ مەحموود، کوڕی عەللامە شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی، ساڵی ١٢٩٥ ک. م. لە هەڵەبجە هاتە دنیا و لای بابی خوێندنی دەسپێکرد و پێش ئەوەی تەواوی بکا (١٣١٩ ک. م.)، بابی ئەمری خوای بەجێهێنا. ناچار چوو بۆ بیارە و لە خزمەتی مەلا عەبدولقادری مودەڕڕیس، دەرسەکەی تەواو کرد و ئیجازەی وەرگرت. ئەوجار گەڕاوە هەڵەبجە و جێی بابی گرتەوە، بەرنوێژی و وتاربێژی و دەرس‌گوتنەوەی دەسپێکرد.

شێخ مستەفا مرۆیەکی زانا، میوان‌خۆشەویست و خزمەتگوزاری چینی مامۆستا و زانا بووە و لەماڵیدا هێژایان بەردەوام کۆڕیان گرتووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٥٦٧ و ٥٦٨.

سەید عەبدولعەزیزی شێخولئیسلام

حاجی سەید عەبدولعەزیز، کوڕی سەید عەبدولمەجید «ناظِمُ‌السّادات»، کوڕی سەید عەبدوڕڕەحمان، کوڕی سەید عەبدوڕڕەحیم، کوڕی سەید مەحموود، کوڕی سەید زەکی شێخولیسلام، لە زانایانی بەناوبانگی سنەیە کە لای عەللامە مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشی، خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی وەرگرتووە. ئەوجار لە مزگەوت و مەدرەسەی «وەزیر»ی شاری سنە، بەرنوێژی کردووە و دەرسی گوتۆتەوە و پاش ماوەیەک بووە بە جێگری شێخولیسلامی ئەو کاتە و سەرەنجام ساڵی ١٣٣٨ ک. م. پایەی شێخولیسلامی پێ دراوە.

ڕەحمەتی سەید عەبدولعەزیز، پیاوێکی ئاگا و بەشەرەف، لەسەرخۆ و بێ‌نیاز بووە؛ زبان و وێژەی فارس و عارەبی باش زانیوە. جاروبارە شیعری گوتووە و پەخشانی فارسیشی جوان نووسیوە. ئەگەرچی ئیشی شێخولیسلامی و دادوەری، کاتێکی زۆری بۆ نەهێشتۆتەوە، بەو حاڵەش تا کۆتایی ژیانی دەرس‌گوتنەوەی نەفەوتاندووە و زۆرتر لە ماڵەوە بە دەرس و دەوری فەقێیاندا ڕاگەیشتووە.

حەسسانی کوڕی سابیت، ئەسحابەی مەشهوور، دوو بەیتی لە پەسنی پێغەمبەردا (د)، گوتووە؛ ئێژێ:

وَ أحسَنُ منکَ لَمْ ترقَطُّ عَیْنی — وَ أجملُ منکَ لَمْ تَلدِ النّساءُ
خُلقْتَ مُبَرّاً مِنْ کُلِّ عیب — کَأنَّکَ قَدْ خُلقْتَ کَما تشاءُ

سەید عەبدولعەزیز وای کردۆتە فارسی:

زهی طلعت حضرت فخر عالم — که بسته است از نور راه تماشا
چنان در نکویی فزون است، گویی — که خود خالق و آفریده کماشا

ئەو خوا لێ خۆشبووە، وشەی «خُلَقْتَ»، لە باڵی ئاخری شیعرەکەی حەسسانی، «خَلَقْتَ» خوێندووتەوە و بەو شێوەش وەریگێڕاوە و نووسیویە: ئەگەر وابێ، جوان‌تر و ڕەوان‌ترە.

جارێک لەمەڕ حەرام یان حەڵاڵ بوونی گوێ‌گرتن بۆ گرامافۆن، بەم ڕستە لە بابی ڕەحمەتیم پرسیاری کردبوو: «أری تَری الکرامافون کَأصْله فی جنْسه وَ فَصله و السَّلامُ علیکم و علی من لدیکُم.»

زا و مەرگی مامۆستا ساڵانی ١٢٨١ و ١٣٥٧ ک. م. لە سنە ڕووی‌داوە.

ئەم شیعرە بابم بۆ شینی دایناوە:

یا لَحبر حَلاّل أَلْف رُمُوز — بدیع مِنَ الکَلام الوجیز
خَیْر أخیار زُمرةِ آلاذْکیاء — جَوْهر الفَضْل خالص الإبریز
شیخ الاسلام غُصْن دَوْح الرّسالَه — الحَسیب النَّسیب «عبدالعَزیز»
خَلَسَتهُ یَدُالمنیَّة منا — قَصْدَ صَوْن لَهُ بحرْز حَریز
مدْفن الآل مَهْبط النُّور مأوی — اَهْل بَیْت فازُوا بأوْفی تَمیز
أسفا مِنْ فراقه أَلْفَ أَلْف — إذ ذَوی عُودُ غُصْنه الْمهزُوز

قَـــدْ تَرَکْـــتَ العُیُـــونَ ذاتَ دُمُـــوعٍ ... ســـیِّدی و الـــصُّدُورَ ذاتَ أَزِیـــزٍ
ذَهَـــبَ الـــرُّوحُ و الهنـــا و الـــسُّکونُ ... یَـــوْمَ تَـــشْیِیعِ نَعْـــشِکَ المجْنُـــوزِ
هـــاتِفٌ قـــالَ: اذ حَلَلْـــتَ ثَراکـــا ... «جَنَّـــةَ الخُلْـــدِ حَـــلَّ عَبْـــدالعَزِیز»[1]

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

مەلا عەبدوڵڵای پەسوێ

حاجی مەلا عەبدوڵڵا، خەڵکی گوندی «پەسوێ» لە ناوچەی لاجان، زانایەکی شارەزای حیکمەت و کەلام و مەنتیق و ڕیازی و عارفێکی یەکجار پارێزکار بووە کە تا بۆی لوابێ، شەونوێژی نەفەوتاندووە و کە لە دەرس گوتنەوە بۆتەوە، زۆربەی کاتی بە عیبادەت و زیکر و فیکر و بەجێ‌هێنانی داب و دەستووری تەریقەت ڕابواردووە.

مەلا عەوڵا پاش خوێندن، لای شێخ عومەر زیائەدینەوە تۆبەی کردووە و تەریقەتی نەقشبەندی لێ وەرگرتووە. دوای ئەوە لەسەر داخوازی حاجی ئێلخانی، ماوەیەک لە بۆکان و دوایی تا دواکاتی ژیانی، لە تورجان دەرسی داوە و فەقێ لە هەموو لاوە، بۆ بەهرەگرتن لە کۆڕی دەرسیدا، ڕوویان لەوێ ناوە.

یادی مەردان، ب۲، ل۵۲۲ و ۵۲۳.

میرزا جەنابی کوردستانی

حەبیبوڵای ئاموزگار، مەشهوور بە میرزا جەنابی کوردستانی، لەدایکبووی ساڵی ۱۳۰۰ ک. م. یەک لە خۆشنووسانی هێژا و خاکەسار و بێ دەماری شاری سنە بوو کە عومری بە فێرکاری خۆشنووسی تێپەڕ کرد و ساڵی ۱۳۵۷ ک. م. بە نەخۆشی و هەژاری مرد.

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*. *نگرشی بر خوشنویسی در کردستان*، ل ۱٦.

مەلا عەبدوڵڵای عەبابەیلێ

کوڕی شێخ قادر، ساڵی ۱۲۹۵ ک. م. لە گوندی «عەبابەیلێ» هاتە دنیا و کە پێگەییشت، خوێندنی دەسپێکرد و بە زۆرێک شار و دێی کوردستاندا گەڕا و لە کۆڕی دەرسی زۆر مامۆستایان بەهرەی برد و سەرەنجام لە مەدرەسەی «بیارێ»، پاش وەرگرتنی ئیجازە، چووە نێو ڕیزی مریدانی قوتبی عارفان، شێخ عومەری زیائەدینەوە.

مەلا عەوڵا پیاوێکی هێژا، دوورەپەرێز، نەوس‌کوژ و خەریکی زیکر و فیکر و عیبادەت بووە و لە کەشف و

---

۱. بە حیسابی ئەبجەد ئەبێتە ۱۳۷۵.

کەراماتی زۆریان لێ گێڕاوەتەوە. بێژگە دەرس گوتنەوە، فتوایشی داوە و تا دوا کاتی ژیـانی (سالـی ١٣٥٧ ک. م.) بۆ پەرە دان بە دینداری و ئاشنا کردنی خەڵک لەگـەڵ بنـەمای ئایینـدا کۆشـیویە. هێنـدێک کتێـب و نووسراوەشی هەبووە؛ یەکیان کتێبێکە لە «وضع»دا، بە ناوی «وضع محمّدی»، کە بۆ منداڵێکی خۆی نووسیوە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٣٥٩ و ٣٦٠.

شێخ موحەممەد ئەمینی قورەیشی

سەیدی پارێزکار و عارفی بێ‌دەمار، شێخ موحەممەد ئەمینی قورەیشی، کـوڕی خـوا لـێ خۆشـبوو سـەید فەتحوڵا، لە پشتی باوە شێخ ئەحمەدی «باینچۆ»، ساڵی ١٢٦١ ک. هـ. لـە گونـدی «کەوڵـە»، نێـوان سـنە و دیواندەرە، هاتە دنیا. هێشتا سی ساڵی تەواو نەکردبوو، بە دووی یەکدا، هاوسەر و تاقە منداڵـەکەی سـەری یەکجارییان نایەوە و بەجێیان‌هێشت. ئەم کارەساتە جەرگبڕە، زۆری داگەڕاند و هەموو دنیای لە لا بێ بایەخ کرد و بە یەکجاری پشتی‌تێکرد و ڕووی کردە دەرگانەی تاقانە و کەوتە بیری بەجێ‌هێنانی فـەرمانی ئـەو و بەم جۆرە، حاڵ‌وباڵی گۆڕا و چووە ناو دنیایەکی دیکەوە.

شێخ حەمەدەمین ئەگەرچی تا ڕادەیەک دەوڵەمەند بوو، بەڵام ژیانێکی سـاکاری هەڵـبژاردبوو؛ زۆربـەی داهاتی بۆ داماوان و لێقەوماوان خەرج دەکرد. پارێزگـاری گەیانـدبووە ڕادەیـەک، ماڵـی کـەس نـەدەچوو؛ بشچووبا، سەری سفرەیان دانەدەنیشت. ئەگەر سـەفەرێک ئەکەوتـە بـەری، تۆشـەبەرەیەک نـانی وشـکی هەڵدەگرت و تا دەگەڕاوە، بەوە دەژیا. بەڵام بە و هەمووانەوە، قەت دوورەپەرێزی نەدەکرد و لـە ڕێنـوێنی و ئامۆژگاری خەڵک، خۆی نـەدەبوارد. دیـارە تەکیـە و خانەقاشـی دانەمەزرانـد و ماڵـی خـۆی و مزگـەوتی گوندەکە، شوێنی ڕاگرتنی میوانان و ئیرشادیان بوو.

ساڵی لە دنیا چوونی ئەم پیرە پیاوچاکەیان، ١٣١٧ ک. هـ. نووسیوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا حەسەنی خەتات

کوڕی مەلا ڕەزا، کوڕی مەلا فەزلوڵا، سەردەمی لاوی، هاوکاتی یەکەم شەڕی جەهانی، لە دێیەوە هاتە سنە و پێڕای درێژەدان بـە خوێنـدن، بـە هـۆی وازی زۆری لـە خـەت و خۆشنووسـی، لای مامۆسـتایانی ئـەم هونەرەوە، مەشقی کرد و بە تێکۆشانی زۆر و لێهاتوویی سرشتی، بووە یـەکێک لـە خۆشنووسـانی دەورانی خۆی؛ بەتایبەت لە خەتی سولس و توغرا نووسی و قەتعەدا یەکجار هەڵیدا.

لە کارەکانی مەلا حەسەن، هێندێک سەرمەشق و قەتعە، لە بڕێک ماڵی سنەدا ماوەتـەوە کـە شـاندەری

پلەی بەرزی هۆنەری ئەو مامۆستا هونەرمەندەیە.[١]

مەلا حەسەن سالانی ئاخری ژیانی، بە تاقی تەنێ، لە سووچی مزگەوتاندا خەتاتی دەکرد و هەر لەوێش ڕۆژیدەکردەوە و زۆرتر بە فرۆشتنی کارەکانی، ژیانی دەبردەسەر و سەرەنجام سالی ١٣٥٨ ک. م. سەرینایەوە و لە ژیانی سەر ئەم جیهانە پێنەزانە ڕزگاری هات.

دەڵێن باب و کاڵی مەلا حەسەن لە بنەماڵەی بەناوبانگی شێخولیسلامەکانی شاری سنە بووگن کە چۆن بووە، لە شار باریان کردووە و چوونەتە گوندی «نۆدشە» لە هەورامان و حەسەن لەوێ لە دایک بووە.

نگرشی کوتاه بر خوشنویسی در کردستان،

چاپ ١٣٦٢ ک. ه. ل١٤. یاداشتەکانی نووسەر.

سەید ئەحمەدی وەلی

زانیاری بەئاکار، حاجی سەید ئەحمەدی سەجادی، مەشهوور بە «وەلی»، کوڕی سەید موحەممەد سادق، کوڕی سەید سەعدەدین، کوڕی سەید مەجید، لە سەیدە حوسەینییەکانی گوندی «کەلجێ»، ڕۆژی یەکشەمە، ١٤ی سەفەرە مانگی سالی ١٢٩٢ ک. م. لە سنە هاتە دنیا و لای مامۆستایانی ئەو شارە خوێندی و پاش ماوەیەک، لە خزمەتی عەللامەی پایەبەرز، مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشی، ئیجازەی وەرگرت. دواجاریش چوو بۆ بیارە و لە بەردەستی شێخ عومەر زیائەدیندا تۆبەی کرد و ئەوجار گەڕاوە بۆ سنە.

سەید ئەحمەد هەر لە سەرەتای لاوی و سەردەمی خوێندنەوە، مرۆیەکی پارێزکار و زۆر خەریکی عیبادەت بووە و بە «وەلی» ناویدەرکردووە. لە مزگەوتی «میرزا فەرەجوڵا»ی سنەدا، بۆ بەرنوێژی دامەزرابوو؛ جار ـ جاریش دوو فەقێی لە حوجرەیەکدا ڕادەگرت و دەرسی پێیان دەگوت؛ بەڵام زۆرتری کات و ساتی بە عیبادەتەوە ڕادەبوارد. هەموو شەوێ بۆ شەونوێژ هەڵدەستا و تا کازیۆەی بەیان خەریکی زیکر و فیکر دەبوو. دوای نوێژی بەیانی، قورئانی دەخوێند و تا چاشتێکی دێر، بە ڕاز و نیاز لەگەڵ خوای خۆیدا ڕایدەبرد. هەروەها زۆربەی ڕۆژان بەڕۆژوو دەبوو.

خەڵکەکە زۆریان خۆش دەویست و بڕوایان پێ هەبوو؛ بەو بۆنەوە هەموو جۆرێک خزمەتیان دەکرد. ئەویش درنگانی شەو، بە کووچە و کۆلاناندا دەگەڕا و ئەوی بۆیان هێنابوو، بە ماڵە هەژاراندا بڵاوی دەکردەوە و ئەگەر تۆزێکی بۆ خۆی و ژن و منداڵی هەڵبگرتایە.

حاجی سەید ئەحمەدی وەلی سالی ١٣٥٨ ک. م. سەفەرێکی هەورامانی کرد؛ بە ڕێگادا نەخۆش کەوت

١. لەم دواییانەدا، وێنەگری هونەرمەند، کاک سدیقی مونەققی، بە حەول و تێکۆشانێکی چەند ساڵە، ژمارێکی بەرچاو لە کارە بایەخدارەکانی مەلا حەسەنی دۆزییەوە و کۆی کردنەوە و بۆتە دەفتەرێکی نایاب. بزانین کەی بۆی دەست بدا چاپی بکا؟!

و لە گوندی «نجیٚ»، سەربە ناوچەی ژاوەرۆ، ئەمری خوای بەجیٚهێنا و هەر لەوێیان ناشت.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

ڕوستەم حەیدەر

موحەممەد ڕوستەم، کوڕی عەلی حەیدەر، ساڵی ١٣٠٦ ک. م. لە بنەماڵەیەکی کوردی کۆچەر، لە شاری «بەعلبەک»، هاتە دنیا و کە پێگەییشت، لە دمشق خوێندی. پاشان چوو بۆ ئاسانە (ئەستەمبووڵ) و لە مەدرەسەی «مەلەکییە»، شوێنی دەرسەکەی گرت. ئەوجار گەیشتە ئورووپا و لە زانستگای «سووربون»ی شاری پاریس، لە ڕشتەی زانستە ڕامیارییەکاندا، خوێندنی بە ئاکام گەیاند و لە دانانی کۆڕی «**العَربیّة الفتاة**»دا بەشداری کرد. پاش ئەوە گەڕاوە سووریا و دوای هێندێک لە قوتابخانەی «سوڵتانییە»ی بەیرووت، بوو بە مامۆستا و لەوێوە ناردرایە «سەلاحییە»ی قودس. وانە دەرسییەکانی لەم دوو خۆندنگەیە، لە کتێبێکدا بە ناوی «*مێژووی کۆن، مێژووی ئیسلام، چەرخە ناوەندییەکان و سەرەتای مێژووی نویٚ*»، کۆ کردەوە.

لە بڕانەوەی یەکەم شەری جیهانیدا، پەنامەکی چووە پاڵ ئەمیر فەیسەل کوڕی حوسەینەوە. ماوەیەک لەودوا، چوو بۆ ئورووپا و وەکوو نوێنەری حیجاز، لە کونفڕانسی «ویرسای»دا بەشداری کرد و لە پاریسدا مایەوە. ساڵی ١٩٢١ ز. کاتیٚ کە فەیسەل لە سەر تەختی عیراق دانیشت، ڕوستەم حەیدەیری کردە دەبیر و سەرپەرشتی دەفتەری تایبەتی خۆی. هێندێک لەودوا بوو بە وەزیر موختار لە ئێراندا و پاشان (ساڵی ١٩٣٤ ز.)، کرایە وەزیری دارایی عیراق. سەردەمی سەڵتەنەتی مەلیک غازی (ساڵی ١٩٣٧ ز.)، ئەندامی ئەنجومەنی باڵا بوو. بە شوێن ئەوەدا، جارێکی تر وەزارەتی دارایی پیٚ سپێرا و لەم پۆستەدا بوو کە ئەفسەرێکی دەرکراوی عەرەب، بەناوی حوسەین فەوزی، لێیدا و کوشتی (ساڵی ١٣٥٨ ک. م.).

ڕوستەم حەیدەر لە پێشقەراولانی ڕامیاری عیراقی سەربەخۆ بوو. فەڕانسەو عەرەبی و ترکی و ئینگلیسی باش دەزانی. کتێبێکی بە زبانی فەڕانسە، بە ناوی «*موحەممەد عەلی لە سووریا*» نووسی کە وەکوو بڕوانامە، دای بە زانستگای سووربون.

لە سەرەتای پاشایەتی پەهلەوی لە ئێراندا، نوێنەری تایبەتی بەغدا لە تاران بوو. لەو سەردەمە، بۆ دامەزرانی پێوەندییەکی دۆستانە نێوان دوو وڵاتدا، زۆری حەول دا.

الاعلام، ب٦، ل٣٦٠. گۆڤاری *ماد*، س١٣٢٤ ک. ه. ژ٢، ل٢٧.

شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی

دوایین ئاڵقە لە زنجیرەی پیرانی پارسا، قوتبی تەریقەت، شێخ عەلی حوسامەدینی عوسمانی نەقشبەندی، کوڕی ڕێزداری شێخ موحەممەد بەهائەدین و نەوەی شێخ عوسمان سیراجەدین، ساڵی ١٢٧٨ ک. م. لە

شارۆچکەی «تەوێڵێ» هاتە دنیا. پێنج-شەش ساڵان بوو، باپیری عەمری خوای کرد و تازە ببووە بیست، بابیشی لە دنیا چوو. لەو کاتەوە ئیرشادی تەریقەت و تەکیەداری کەوتە سەر شانی و تا کاتی کۆچی داویی، ماوەی ٦٠ ساڵی تەواو، ئەم کارەی لە ئەستۆ بوو.

ئەو زاتە لە سێ شوێن خانەقای هەبووە و بەپێی وەرزی ساڵ، ماوەیەک لە «تەوێڵێ»، سەرەتێ لە «خوڵمار» و هێندێک لە «باغەکۆن» دانیشتووە و خانەقایشی، دوازدە مانگی خوا، لە مریدان و زیارەتکاران، جمەی هاتووە.

شێخی پایەبەرزی ئێمە، حوسامەدین، زاتێکی ممبارەک بوو. لە زانستی ئایینی بەشی خۆی دەسکەوتبوو؛ بایەخێکی زۆری بە هاودەنگی زانایان و مامۆستایان دەدا و لێیانی دەخوازی، لە لای ئەو، بۆ وتووێژ و کێشەی دینی و زانستی -بە تایبەت تەفسیر و حەدیس- کۆڕ بگرن. سام و شکۆیەکی خودایی هەبوو؛ ئەگەر قسەی دەسپێدەکرد، هەموان -لە بژاردە و ڕەمەکی- وسەیان لێ دەبڕا و بە هەموو گیان، گوێیان دەگرت.

شێخ لەگەڵ هەرکەسێک بەرامبەر بە ڕادەی خۆی دەجووڵاوە. کاتێ کە ڕووی قسەی لە مامۆستایەک دەکرد، باقی تێنەدەگەییشتن. عارفێکی بەمشوور بوو. بەو هەموو بەرزی و دەسەڵاتەوە، هەم هەژارانی ئەحاواندەوە و هەم بە دەوڵەمەنداندا ڕادەگەییشت؛ با لەسەر زامی ئەوان مەڵهەمێک دانێ و پێش بە لووتبەرزی و دەماری ئەمان بگرێ و بۆ هەردوو لا، ڕێشاندەر و بەرەو ڕێبازی ڕزگاری، ڕێنوێن بێ.

گەورەترین کەرامەتی حوسامەدین، کەسایەتی بەرز و پشوودرێژی و لەسەرخۆیی و دەمپاراوی لە ڕادە بەدەری بوو. خزمەت بە خەڵک و خێرخوازییەکەی، تەنیا باری تەریقەت و ئیرشادی نەدەگرتەوە؛ ئەوی پەنای پێ ببردایە، ناهمێ نەدەگەڕاوە.

مەنزڵگەی نزیک لە سنووری سێ دەوڵەتی ئێران و عیراق و تورکیا بوو. بە وردبینی و دوورنواڕی تایبەتی خۆی، وای دەسووڕاند، دەسەڵاتدارانی هەرسێک لا، ئەوپەڕی ڕێزیان لێ دەگرت و کاربەدەستان -لە مەزرینگەیی و چەکدار- بۆ ئاسانکاری لە داخوازی هەرکەسێکی ئەو بیناردایە، هەموو حەولی خۆیان دەدا.

لە مەکتەبی پیرۆزی ئەودا، پیاوانێکی زۆر بەهرەیان برد و پلە و پایەیان بەرز بووەوە؛ لەوانە دوو کەسایەتی بەرچاوی ئەو سەردەمە، خوا لێ خۆشبوان: شێخ حەبیبوڵای مودەڕڕیسی کاشتەری و ئەسعەد ئەفەندی خێلانی (ڕواندزی) بوون.

چەند کەسی تر لە خەلیفە ناودارەکانی، کە بەشێکی زۆر لە ژیانیان بە سەیر و سولووک یان خزمەت بە خەڵکی خانەقا و دەزگای ئیرشادی مورشیدەکەیان تێپەڕ کرد، یان ڕاسپێراوی ئیرشاد لە شوێنانی تر بوون، بریتین لە خوا لێ خۆشبوان: حاجی شێخ عەبدوڵڵای شەهبازی، سەید تاهای حوسەینی لۆنی، حاجی شێخ عەلی ئەوێهەنگی، مەلا موحەممەد سادقی ئەوێهەنگی، شێخ عارفی شەهبازی، سەید عەلی نوێنی، عەللامە حاجی شێخ عەبدولحەمیدی مودەڕڕیسی سنەیی (کانیمشکانی)، سەید سابیری سەڵواتاوایی،

سەید عەبدوڕڕەحیمی هەیبەتولایی، سەید عەبدولـلای حەزرەتی، سەید ئەحمەدی هۆیەیی، شێخ موحەممەدی دادانە، مەلا موحەممەد ڕەشیدی مودەڕڕیسی مەریوانی، سەید بەهائەدینی کێلانە، شێخ عەبدولقادری سیویە، شێخ حەبیبولای حوسامی خواشتی و میرزا عەبدوڵلای کاتبی سنەیی.

کۆچی دوایی ئەو پایەبەرزە، مانگی زیحەجەی ساڵی ١٣٥٨ ک. م. (زستانی ساڵی ١٩٣٩ ز.) لە باخەکۆن ڕوویدا و هەر لەوێ نێژرا.

شێخ، هاوینی برێ ساڵان، بۆ چاوپێکەوتنی مرید و مەنسووب، ئەهاتە هاوینەهەوارێکی لای ڕۆژهەڵات، بە ناوی «کراویەدۆڵ» و دووـ سێ مانگ دەمایەوە. شوێنێکی کوێستان و خۆش بوو. بەم جۆرە خەڵکی ئەم دیویش دەرفەتیان دەبوو، بە بێ دەردیسەری، خزمەتی بگەن. ئەمنی هەژار، دوو جار لەو شوێنە، ئەو بەشەم بە نسیب بوو. جاری هەوەڵ منداڵ بووم؛ بەڵام جاری دووهەم، هاوینی ئەو ساڵە بوو کە زستانەکەی، شێخ دەستی لە ژیان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا. لەو سەفەرەدا ئەمن بە چاوی خۆم کەشف و کەراماتێکم لەو مەزنەوە بینی کە زۆر کاری‌تێکردم و بڕوایەکی تەواوم پێ پەیدا کرد.

ئەم پارچە شیعرە بەشێکی قەسیدەیەکە، بۆ کۆچی یەکجاری ئەو زاتەم داناوە:

دردا از این عزای محَنزای جانگزا — یعنی وفات قُطب جهان پیر پارسا
شیخ الشیوخ عارف آزادەی هُمام — سلطان دین، نظام زمین، آیت خدا
فرزانە آیتی ز مکاتیب نقشبند — برجسته رهبری ز دبستان اصفیا
یعنی «حُسام ملت و دین»، شمع انجمن — تنها نمونەای ز نیاکان اتقیا
سَبّاح بحر معرفت آفریدگار — بر کشتی طریقت نقشیّە ناخدا
پور «بها»، نوادەی پاک «سراج‌دین» — شمع هُدی، حبیب خدا، کوه اعتلا
بگزیدە مُلْهَمی کە بە قرن اخیر بود — فرخندە پیر محرم دربار کبریا
خلقی ز یُمن همّت انفاس پاک او — با ذات حق شدند بە کام دل آشنا
عُمر شریف وی ز ثَمانین گذشت و بود — افزون ز شصت سال بر این خلق مقتدا
افشاند از غبار علایق دو آستین — مردانە زد بە نفس فریبندە پشت پا

* * *

یا سیدی تو رفتی و ما را گذاشتی — با داغ مرگ خویش قرین دوصد بلا
امروز از وفات تو ای مرشد مُراد — در ماتمند جملە مریدان بی‌ریا
هم صوفیان بە سان پدرمردە غمزدە — هم مخلصان بە درد فراق تو مبتلا
ما راست در عزای تو ای شیخ مستطاب — جان‌خستە، دل‌شکستە، زبان‌بستە، تن دوتا
گر ما ز محضر تو بە ظاهر شدیم دور — خود شادمان گزیدە مکان نزد مصطفی

مــشمول رحمــت و کــرم ذات ایــزدی بــا جر گـــه‌ی مقـــدس اقطـــاب اولیـــا
یـــارب بلنـــددار مقامـــات آن بـــزر گ وز مـا بــه خیــر، خــدمت او را بــده جــزا
یـــارب همـــاره همـــت وی بـــاد دســـتگیر مـــا را بـــه تنگنـــای جهـــان پـــر از عَنـــا

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

مەلا عەبدولعەزیمی حەسەناوایی

زانایەکی تەمەن درێژ بوو کە لە گوندی «حەسەناوا»، لە باشووری شاری سنەدا دەژیا و ساڵانێکی زۆر، لەگەڵ دەرس‌گوتنەوە و بەرنوێژی، پارچە زەوینێکی بە کرێ گرتبوو، تا ئەو ڕۆژەی دەیتوانی، کشت‌وکاڵی دەکرد و بە داهاتەکەی دەژیا.

ئەمن تازە خوێندنم دەسپێکردبوو، گەیشتمە خزمەتی. پیـاوێکی پارێزکـار و پـیرۆز هاتـە پـێش چـاوم. تەمەنی لە نەوەدیشی تێپەڕاندبوو؛ بەو حاڵەش دەستی لە خوێندنەوە و دەرس‌گوتنەوە بەرنەدابوو؛ تەنانـەت چەند فەقێ لە خزمەتیدا بوون و دەیانخوێند. کتێبە دەرسییەکانی یەک بە یەک، لە هەوەڵەوە تا دواخر، بـە خەتی خۆی نووسیبوەوە و ڕایگرتبوو. جاروبارە بە کوردی و فارسی شیعری دەگوت.

ئەو پیاوە پیرۆزە سەرەنجام ساڵی ١٣٥٩ ک. م.ماڵاوایی یەکجاری لە دنیا کرد.

ڕەحمەتی مەلاولەزیم لە قوتابیانی موجازی عەللامە مەلا عەلی تورجانی بوو.

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

فەهیمی سنجاوی

ژینامەی ئەم شاعیرە، دۆستی زانام، مامۆستا سەید تاهیری سەیدزادەی هاشمی، لە کرماشانەوە، بۆ نووسین لەم کتێبەدا بۆی ناردم؛ کە ئەوا دەیبینین:

خوا لێ خۆشبوو مـیرزا فـەتحوڵای فـەهیم، شـاعیرێکی تێگەیـشتوو، بـیر تیـژ، زیـرەک، خـۆش زەوق، قسەخۆش و گاڵتەبێژ بووە کە ساڵی ١٣١٥ ک. م. لە گوندی «زالواو»ی ناوچەی سنجاوی، سەر بە کرماشان هاتۆتە دنیا. هەر بە منداڵی هاوڵەی تووش بووە و چاوی لێ ساندووە؛ بەڵام وەک خۆی دەڵێ:

اگرچـــه مـــرا در جهـــان رنـــج داد بـــه پـاداش طبعـی ســخن‌سـنج داد

هۆشی لە ڕادە بەدەر و لێهاتوویی یەکجار زۆری زەینی، بۆی قەرەبووی کردۆتەوە.

هێندێک پاش کوێر بوون، دایک و باوکیشی ماڵاوایی یەکجارییان لە دنیا کردووە و بەجێیان‌هێشتووە. لەو کاتەوە یەک لە سەرۆک عەشیرەتانی خێرومەندی سـنجاوی، بـە نـاوی خـودامروەت خـان، سەرپەرشـتی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و زۆری لەگەڵ خەریک بووە، هێندێک داسـتان و چیرۆکـی کـوردی و فارسـی پـێ

لەبەر کردووە. بەم جۆرە سەرەتا *«امیر ارسلان»* و *«اسکندرنامە»* و برێ کتـێبی لـەم بابەتـە لەبـەر دەکـا و بـە شوێنیدا دەپەرژێتە سەر *«شاهنامە»* و چەند کتێبی‌تری لەو چەشنە. هەروەها لە کتێبە کوردییەکان، چەنـد کتێبی ئەویندارى و پاڵەوانی وەکوو: *«شیرین و فەرهاد»*ی مەلا وەڵەد خانی گۆران، *«حەوت لەشکری»* مەلا ئەڵماسی کنۆڵەیی، *«خوسرەو و شیرین»*ی خانای قوبـادی و ئـی‌تـریش. ئـەمجار زەوقـی شـیعری خـۆی گوڵ‌دەکا و چەند دەفتـەری شـیعر، بـە کـوردی ئەهۆنێتـەوە؛ یەکـەمیان هەڵبەسـتێکە لەمـەڕ چێرۆکـە پاڵەوانییەکانی خێڵی سنجاوی، بریتی لە ١٢ هەزار بەیت. پاش ئەم کارە گەورە، شیعری فارسیش ئێژێ.

فەهیم لە ساڵی ١٣٥٩ ک. م. (١٩٤٠ ز.) لە زێدەکەی خۆیدا، چاوی لە دنیا پۆشی و بەرگی مەرگی پۆشی.

ئەوا بەشێک لە سەرەتای داستانی پێکدادانی چەکدارانی دەوڵەت و هەورامییەکان؛ کە ساڵی ١٣١٠ ک. ه.)١٩٣١ ز.) هۆنیویەتەوە.

نخـستین بـه نـام خداونـد پـاک — خداوند پروین و بهـرام و خـاک
خداونـد جـان و جهـان و سـپهر — خداوند صاحب فرّ و قهـر و مهـر
اگـر چـه مـرا در جهـان رنـج داد — به پاداش، طبعـی سـخن‌سـنج داد
«دری را به حکمت ببندد خُدای — به درهـای دیگـر شـود رهنمـای»
گنـاهم بـبخش ای شـه دادگـر — ز چـون و چـرا گفتـنم درگـذر
در این داستان هوش‌بخشم تـوی — فکندم چو این مهـره نقـشم تـوی
مـن ایـن نغزبـازی بـه پایـان بـرم — ز شـاه جهـان گـنج شـایان بـرم
چـه گنجـی بـود بهتـر از داد او — حرام است بـاده کـه بـی یـاد او
بده سـاقی آن آب آتـش بـه مـن — به گـردون بـرآرم درفـش سـخن
ز رزم‌آوران و زنـــــــام‌آوران — بـسنجم، بگـویم: یکـی داسـتان

یاداشتی مامۆستا سەید تاهیری هاشمی.

وەهبی کەرکووکی

مەلا فەتاح، نازناو «وەهبی»، پیاوێکی هێژا بووە و شیعری چاکی گوتووە. ساڵی ١٢٩٦ لە کـەرکووک هاتۆتـە دنیا و ١٣٥٩ ک. م. لە مووسڵ لە دنیا چووە.

یادی ئەدیبان، ل٤٤.

شێخ بابەعەلی تەکیەیی

کوڕی شێخ عەلی مەلا، مرۆیەکی هێژا و بەدین بووە کە ساڵی ١٢٧٥ ک. م. لە گونـدی «تەکیـە»ی لای

قەرەداغ هاتۆتە دنیا و خوێندنی زانستی و ئایینی، لە سلێمانی و چەند شوێنی تر تەواو کردووە و ساڵێکیش لە هەولێر لە خزمەتی عەللامەی دەوران، حاجی عومەر ئەفەندی بەهرەی بردووە و ئیجازەی لێ وەرگرتووە. پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی و تا کۆتایی ژیان دەرسی گوتۆتەوە و زۆرێکی بەهرە گەیاندووە و ئیجازە داوە.

شێخ بابە عەلی زانایەکی پارسا و بە زیکر و فیکر و وەک دەڵێن، خاوەن کەرامەت بووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٩ ک. م. لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین، ل١١٣.

مەلا عەزیزی پریسی

زانای پایەبەرز، مەلا عەبدولعەزیز، کوڕی موحەممەد، لە عەشرەتی «هوورحەسەن»، خەڵکی باژێڕی «سەید سادق»ی ناوچەی شارەزوور، ساڵی ١٣٠٣ هاتە دنیا و لە هەڵەبجە و عەبابەیلێ خوێندی و لە بیارە تەواوی کرد و ئیجازەی گرت. پاشان چووە ڕیزی مریدانی شێخ نەجمەدین کەوکەبی عوسمانی نەقشبەندی و ماوەیەکی تر، لە خانەقای بیارە، خەریکی فێربوونی داب و دەستووری تەریقەت بوو؛ ئەوجار چووە گوندی «پریس» و تا دوایی، لەوێ دەرسی‌گوتەوە و بەرنوێژی کرد.

مەلا عەزیز مرۆیەکی عارف و پارسا بووە و خەڵک، لە هەموو چینێ، ڕێزیان لێ‌گرتووە و ساڵی ١٣٦٠ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشتووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین، ل٢٩٩.

میرزاخانیی کەلاتەری

کەربەلایی عەلی خان، ناسراو بە میرزاخانی، کوڕی نیعمەتوڵا خان، لە بنەماڵەی موکری، لە گوندێکی سەر بە «هەرسین»ی کرماشان هاتۆتە دنیا و مرۆیەکی دارا و لەگەڵ ئەوەدا بەئیمان بووە و پووڵ و پارەی بۆ یارمەتی هەژاران و داماوان و خزمەتی میوانان و غەریبان خەرج کردووە.

میرزاخانی وازێکی زۆری لە زبان و وێژەی‌کوردی و فارسی بووە و هێندێکیش عەرەبی زانیوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٠ ک. م. لە تەمەنی ٦٠ ساڵان، ئەمری خوای بەجێ‌هانیوە.

حامیدی تەوەکول‌مەلایری لە شینیدا گوتوویە:

شب شنبه چهار از ماه شوال	به سال یکهزار و سیصد و شصت
علی خان بن نعمت‌خان مکری	از این دنیای فانی رخت بربست
چو از خاصان درگاه خدا بود	به خاصان خدا در خُلد پیوست

شیعرێکی کوردی میرزاخان:

موفارقـەت سـەخت، موفارقـەت سـەخت / دەرد نییەن وێنـەی موفارقـەت سـەخت
هیجران ئەو یـار تـازە بەربەسـت ڕەخـت / مەخسووس پەی کەسێ هەرچون من بەدبەخت
وە تــەوفێق حــەق وە ڕەنــج گیــانی / وە دەســت ئــاوەردم دۆس ڕۆحــانی
ژ دیــدار ئــەو موددەتــێ بــێم شــاد / ئـاخر دەس تەقـدیر شـادیم دان وە بـاد
هــەی هـاوار ژەی بـەخت دڵـگیریمەوە / ژەی غــەریب کەفتــەی ئەســیریمەوە
ئاتــەش گــیر بیــەن دڵــەی پــڕ دەردم / ڕووبەرنــــەمارۆ ڕوخـــسارەی زەردم
بــوینم ســوورەت عــەزیز بــەرادەر / تەلعــــەت زیبــــای والا کلاتــــەر
خدمــەتش مــەبۆ پــەریم مویەســـەر / دیدەن ئەو دیدار کەفت وە ڕۆی مەحشەر
فــەرموودەی شــەریف شـاهـ مەردانــەن / فـــیراق دۆســـان بـــار گرانـــەن
بــەی تــەورە دادەن مــەدار دونیــا / «خـــالقُ الأشـــیا»، حـــەکیم دانـــا
دونیـا جـای ڕەحمـت فـیراق و دەردەن / کەسێ نەی دونیا دڵ خوەش نەکـەردەن
مـن هـەنی پـیرێ ئوفتـادەی شکەسـت / عـومرم ڕەسـیدەن تـا وە سـاڵ شەسـت
دۆس عـــەزیزێ ئامـــا وە دەســـتم / لوتـــف و کـــەرەمش بی وە پابەســـتم
ناگـەهان تەقـدیر ئـەو لـە دەس سـەندم / کـــەرد وە قەیـــد غـــەم گرفتـــار بەنـــدم
وە هـــەر حاڵـــەتێ خـــودا یـــارش بـــۆ / دوعـــای ئـــەهل دڵ نگەهـــدارش بـــۆ

حدیقەی سُلطانی، ل٢٣٢. یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا عەبدوڵڵای وڵزی

حاجی مەلا عەبدوڵڵا، خەڵکی گوندی «وڵز»، دەوری ساڵی ١٢٨٥ ک. م. لەدایکبووە و دوای تـەواوکردنی دەرس و دەور و وەرگـرتنی ئیجـازە لـە بیـارە، لای شـێخ عومـەر زیائـەدین تۆبـەی کـردووە و تەریقـەتی نەقشبەندی وەرگرتووە. ئەمجارە کۆچ و باری بەرەو موکوریان پێکـناوە و لـەوێ دەرسـیداوە و خزمـەتی ئایینی بەجێهێناوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٠ ک. م. بە یەکجاری دەستی لە دنیا بەرداوە.

مەلا عەولا لە هەموو زانستەکان ، بەتایبەت ریازی و ئەستێرەناسیدا شارەزا و بۆخۆشی پیـاوێکی چـاک و پاک و پارسا و خەریکی زیکر و فیکر بووە.

عُلَماونا فی خدمة العلم و الدّین، ل٣٥٨.

مەجدەتی سنەیی

عـەبدولمەجیـدی فـەڕڕەهـی، کەسـناو «مَجدُالمَمالِک» و نازنـاو «مَجدَت»، کـوڕی مـیرزا شـوکروڵای

«فَخرُالکُتّاب»ی سنەیی و بابی عەبدولحەمیدی میهی «بدیعُالزَّمانی»، ماوەیەکی زۆر لە سنە، ئینشابەندیی میرزا یۆسفی موشیردیوانی کردووە و دوای ئەوە دامەزراوە و لە چەند شاردا، سەرپەرشتی تۆمارگە (ثبت احوال) بووە و دوایی چۆتە تاران و دەوری ساڵی ١٣٦٠ ک. م. لە دنیا دەرچووە.

مەجدەت شاعیر و نووسەرێکی مێژووزان و وێژەوان و خەتجوان بووە و کتێبێکی لەمەڕ مێژووی کوردستانەوە نووسیوە کە تا ئێستا ڕووناکی نەبینیوە.

ئەم ئامۆژگارییە، هۆنراوەی ئەوە:

اگر سعادت و اقبال جاودان خواهی / نَصیحتی کُنمت نیک بشنو ای فرزند!
به جز به فضل خداوند اعتماد مکن / به هیچ چیز، بُرندت اگر چه بند از بند
چو اعتماد نمودی به فضل بارخدای / به روی خویش در کسب و سعی نیز مبند
به غیر خویش مکن اعتماد و پست مباش / کز اعتماد به نفس است قدر مرد بلند
ز دسترنج خود ار جامه از پلاس کنی / نکوتر است که پوشی ز دست غیر پرند
به کارنیک گرای و ثبات ورز در آن / که کار نیک کند مرد را سعادتمند
همیشه پند، تو از کار دیگران بر گیر / نه آنکه دیگری از کار تو بگیرد پند
هر آنچه را نپسندی ز دیگران بر خویش / برای دیگری آن را ز خویشتن مپسند
ز دور چرخ، جفا گر رسد مشو غمگین / وگر زمانه به کامت شود مشو خرسند
هوای سروری اندر سرت اگر باشد / به سوی خلق نکو مردوار تا ز سمند
به گوش هوش نیوش این نصایح «مجدت» / که کام روح از آن پُر شود ز شکّر و قند

یاداشتەکانی نووسەر.

سەید عارفی لۆنی

عارفێکی زانا و سەیدێکی پارسا لە بنەماڵەی لۆن ساداتە کە دەوری ساڵانی ١٣٦٠ ک. م. پاش ٧٠ ساڵ، ڕووی کردە بارەگای خودا و دەستی لە ژیان بەردا.

سەید عارف مرۆیەکی بەڕێز، بەرزەمژ، دڵفراوان، نووسەر و خەت جوان بوو. ماوەیەکی درێژخایەن لە گوندی «لۆن»، جگە لە دەرس گوتنەوە و دادوەری شەرعی، بەرنوێژی و ئیمامەتی جومعەشی دەکرد.

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ حەبیبوڵڵای کاشتەری

زانای دڵئاگای پارسای هێژا، شێخ حەبیبوڵڵای مودەڕڕیسی ڕۆحانی «ئەبوومسلیم»، کوڕی حاجی شێخ

ئیسماعیل، کوڕی شێخ موحەممەد، کوڕی شێخ عەبدولغەفووری کاشتەری، بابی نووسەری هەژاری ئەم ڕووپەڕانە، ساڵی ١٢٧٨ ک. م. لە گوندی «کاشتەر»ی ناوچەی بێڵەوار هاتۆتە دنیا و کە بای‌باڵی‌داوە، لە مەدرەسەی گوندەکەدا ـکە ئەودەم بەرقەرار بووە ـ خوێندنی دەسپێکردووە و لە ژێر چاوەدێری بابی پایەبەرزیدا، قۆناغە سەرەتاییەکانی وەرگرتووە. ئەوجار ـ وەکوو دابی فەقێیانی ئەو ڕۆژگارە بووە ـ زێدی خۆی بەجێ‌هێشتووە و لە دێیەکی ناوچەکە، بەناوی «لۆن سادات»، چۆتە خزمەتی عارفی هێژا، شێخ مەحموودی کاکۆزەکەریایی و پاش دوو ساڵ گەیشتۆتە ئاوایی «ماسان» و لەوێش ماوەیەک خوێندوویە. ساڵی ١٣٠٨ ک. م. بە فەرمانی بابی، بۆ سنە ڕۆیوە و لە مزگەوتی دارۆغە، خزمەتی عەللامە عەبدولمەجیدی مودەڕڕیسی نیەری گەیشتووە و لە ماوەی سێ ساڵێکدا کە لەوێ بووە، بێژگە دەرسی مامۆستا، هەرکوێ کتێبێکی باشی بینیوە، بە ئەمانەت وەریگرتووە و خوێندوویە و وەک خۆی دەیگوت، زۆربەی زانیاری مێژوویی و وێژەیی کە هەیبوو، هی خوێندنی شەوانەی ئەو سێ ساڵە بووە.

بە کورتی لە تەمەنی ٢٣ ساڵاندا ئیجازە وەردەگرێ و بەشوێنیدا کچی مامۆستاکەی دەخوازێ و دەگەڕێتەوە بۆ کاشتەر.

لەو سەردەمە، بەو بۆنەوە کە باوکی هێشتا ماوە و چەند برای گەورەتری هەبووە، بە ئارخەیانی شان ئەداتە ژێر کاروباری مەدرەسەی کاشتەر و ئەپەرژێتە سەر فەقێ ڕاگرتن و دەرس‌گوتنەوە و گوڕ و گەشەیەکی تازە بەو خوێندنگە دەدا. لە دوای ئەوە، بەو نیازە کە وەک باب و کاڵی، لە باری عیرفانیشەوە زانیارییەکی دەسکەوێ، لەسەر بەرایی بابی، ڕوو لە «بیارە» دەکا و خزمەتی قوتبی عارفان، شێخ عومەر زیائەدین دەگا و ماوەیەک لە بارەگایدا بەهرە دەبا. پاشان بۆ «باغەکۆن»، ناوەندی ئیرشادی حەزرەتی حوسامەدین دەڕوا. لەوێ دوای چەند ڕۆژێک، لە ناخیدا هەست بە گۆڕانێکی نائاسایی دەکا؛ بە شێوەیەک کە بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، ئەکەوێتە ژێر نیگای سیحراوی شێخەوە و ئەبێتە مریدی و تەریقەتی نەقشبەندی لێ وەردەگرێ. پاش دوو مانگ سەیر و سولووک، لەسەر ئیجازەی شێخ، ئەگەڕێتەوە بۆ کاشتەر و وەک پێشوو ئەچێتەوە سەر دەرس‌گوتنەوەکەی؛ بەڵام ئەمجار بە وردی، هەموو فەرمان و ڕاسپێرییەکانی شێخ حوسامەدین ئەگرێتە گوێ؛ تا پاش ساڵێک، ئیجازەی خەلافەتی پێ دەدا و کەڵپۆسی دەروێشی خەڵات دەکا.

شیاوی باسە ئەمیش وەکوو باب و باپیرانی، لە ئیرشاد کردن و تۆبە دادان و تەریقەت نیشاندان بە خەڵک، خۆی بواردووە و ئەوەی بە باشتر زانیوە لە ڕێگای دەرس‌دانەوە و ناساندنی دینی ڕاستەقینە بە خەڵک، خزمەت بکا.

ساڵی ١٣٢٠ ک. م. بابی کۆچی یەکجاری دەکا و هەموو کار و ئەرکی میوانداری و جوابدانەوە بە خەڵک و زۆر گیر و گرفتی تر، ئەکەوێتە سەر شانی و دەرفەتی خوێندن و دەرس‌گوتنەوەی بۆ

ناهێڵێتەوە. بەو بۆنەوە چار لەوەدا دەبینێ، لەوێ بار بکا و بچێتە شوێنێ بتوانێ بخوێنێ و بنووسێ و دەرس بێژێتەوە و لە ژیانی بەرهەمێکی باشتری دەس بکەوێ. لەسەر ئەو بیر و بڕوایە، بڕیار دەدا بچێ بۆ سنە و بەم جۆرە ساڵی ١٣٤٤ ک. م. بە ماڵەوە ڕادەگوێزێتە ئەو شارە و لە قوتابخانەی «عەبدوڵڵا بەگ»، وەکوو مامۆستا دادەمەزرێ. لەو مەدرەسەدا هەمیشە دوو حوجرە تایبەت بە فەقێ بووە و لە هەرکام لە حوجرەکاندا، چوار قوتابی خوێندوویانە.

ئەو ڕەحمەتییە، لە هەرچوار وەرزی ساڵدا، هەموو ڕۆژێک سەر لە بەیانی ـ ئەگەرچی مەدرەسە بە ماڵەوە دوور بوو ـ بە پێیان دەڕۆی و دەرسی دەگوتەوە و دوای نوێژی نیوەڕۆ دەهاتەوە. بڕێ ڕۆژیش قوتابییان، دوای نیوەڕۆ ئەهاتنە ماڵ و لەو زانستانە کە شارەزای بوو، وەکوو: تەفسیر و حەدیس و زبان و وێژەی عەرەب، لای دەیانخوێند.

لە ماوەیەکدا کە بابم نیشتەجێی سنە بوو، تاقمێکی زۆر لە ئاڵقەی دەرسی بەهرەیان برد و ئیجازەیان وەرگرت؛ مامۆستایانی وەک: مەلا حامیدی شاهینی، عەبدولحەمیدی بەدیعوززەمانی (میهی)، مەلا بەهای شادمان، مەلا حەیدەری ئەوێهەنگی، مەلا شێخ حەسەنی تاڵشی، مەلا نەجمەدینی تەجەرەیی، شێخ موحەممەد قەسیمی مەردۆخی و ...

خوا لێ خۆشبوو شێخی ڕۆحانی، بیرێکی تیژی هەبوو؛ ئەوجار کتێبخوێندنەوەش ماندووی نەدەکرد. لە ئەدەبیات، نەخوازە زبان و وێژەی عەرەبدا، مامۆستای بێقسەی ڕۆژگاری خۆی بوو؛ فیقهـ و تەفسیر و سونەتیشی چاک دەزانی. بەتایبەت حەدیسی سیحاحی زۆرتر بە بەڵگەوە، لەبەر بوو. بنەماڵەی بەڕێز و یارانی پایەبەرزی پێغەمبەری مەزن(د) و تابیعین و گەورەپیاوانی زانستی و دینی، یەک بە یەک، باش دەناسین و هەموو باسە ئاکاری و ئایینییەکانی ژیانی هەرکامیانی دەزانی. ئەگەر دەچووە نێو کۆڕێکەوە، گشت تامەزرۆی بیستنی قسەکانی دەبوون و هەر دەمی دەکردەوە، بە گفتی جوان و گوتەی ڕەوان و دڵبزوێن، ڕۆح و گیانی دانیشتوان و گوێگرانی دەگەشاندەوە. زۆربەی ڕۆژانی سێشەمبە و جومعە، لە بەیانییەوە، بۆ چاوپێکەوتنی میوانان، لە ماڵ دادەنیشت و خەڵک ـ لە خوێندەوار و ڕەمەکی ـ دەهاتن و ئەو بە دەنگێکی بەرز و لەسەرخۆ، باسێکی دینی و مێژوویی دەسپێدەکرد.

هەموو شەو بۆ شەونوێژ هەڵدەستا و هێندێک پێش نوێژی بەیانیش، دیسان لە خەو ڕادەبوو؛ دوای دوو ڕەکات نوێژی فەرز و مەسنوونات و تەعقیبات، ماوەیەک ڕوو لە قیبلە، خەریکی ڕاز و نیاز دەبوو. کە ڕەنگی ئاسمان دەگۆڕا، خوێندنەوەی قورئانی بە دەنگێکی نەرم و خۆش، دەسپێدەکرد.

زۆرتر یادی خودای لە دڵدا بوو. زۆر جاران کاتی تەنیایی، لەبەر خۆیەوە شیعرێکی مۆرە دەکرد و فرمێسک بە چاوانیدا دەهاتە خوار. بالایەکی بەرز، سەر و سیمایەکی نوورانی، ڕیشێکی سپی و جوان؛ بەڵام لەشێکی یەکجار لاوازی هەبوو. لەم دواییانەدا زۆر کەمهێز ببو؛ ئەگەرچی قەت نەیناڵاند و نەینواند. تا

ئاخری ژیان بەبێ چاویلکە، ڕێزترین خەتی دەنووسی و دەخوێندەوە. خەتی نەسخ و نەستەعلیقی جوان دەنووسی و زۆربەی کتێبە دەرسییەکانی بە خەتی خۆی نووسیبووەوە. بە فارسی و عەرەبی جاروبارەش کوردی شیعری دەگوت و شیعرەکانی لەگەڵ ڕەوانیدا، پتەون.

لە ماڵ و سامانی دنیا، شتێکی وای نەبوو؛ تا مابوو نەیتوانی خانوویەک بسێنێ؛ لەگەڵ ئەوەدا، ماڵی هەمیشە پڕ لە میوانی دوور و نزیک و هەمەجۆرە بوو.

مامۆستا ڕۆحانی سەرەنجام شەوی یەکشەمبە، عەرەفەی جێژنی قوربانی ساڵی ١٣٦٠ ک. م. بەرامبەر بە حەوتەمی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٠ ک. ﻫ.)١٩٤١ ز.)، دەستی لە ژیان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا. ڕۆژی جێژن، لەوپەڕی ڕێزدا، بەڕێ کرا و لە سەر گردی زیارەتانی «شێخان» نێژرا.

لە بەرهەمەکانی:

شێخی ڕۆحانی لە کتێب و نامیلکە و شیعر، بەرهەمی زۆری هەبوو کە فرەیەکیان کەوتبوە دەستی ئەم و ئەوو. دوای لە دنیا چوونی، حەولێکی بێوچانم دا کۆیان بکەمەوە و نوسخەیان لێ بگرم. هێندێکیان ئێستەش دەستم نەکەوتنەوە... ئەوانەی کە ئێستا لە لای منن، بریتین لە:

١. «*شرحُ الصَّدر فی التَّوسُّل باهل البَدر*»، هۆنراوەیەکی عەرەبییە، ١٢٠ بەیت، بریەتی لە سکاڵا و ناوی یەک بە یەکی ئەسحابەی بەدر و دەسەوداوێن بوونیان

٢. «*النَّظمُ الاسْنی فی التَّوسُّل بأسماءِ اللهِ الحُسنی*»، هەڵبەستێکی عەرەبی ٥٩ بەیتییە، بریتی لە سکاڵا و دەستەوداوێن بوون بە تاکەتاکەی نێوانی خودا

٣. «*نظمُ شمایل النَّبی*»، مەسنەوییەکی بریتی لە ٥٠٦ بەیتە، هەڵگوتن و هەڵدانی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەری مەزن (د)

٤. «*اسماعیل نامه*»، هۆنراوەیەک بە فارسی، باسی قوربانی کردنی حەزرەتی ئیسماعیل

٥. «*غایةُ السّول فی نظم سیرةِ الرَّسول*»، هۆنراوەیەک بریەتی لە ٦٣٠ بیت، باسی ژیانی پێغەمبەر (د)، لە هاتنە دنیاوە تا کۆچی دوایی، بە عەرەبی

٦. «*بدرنامه*»، هەڵبەستێک بە فارسی، لەمەڕ غەزوەی بەدرەوە، ١٤٥٠ بەیت

٧. نامیلکەیەکی فارسی، لە بارەی چۆنیەتی ڕابیتە، لە داب و نەریتی نەقشبەندییەدا

٨. «*باکورةُ النحو*»، مەسنەوییەکی بە عەرەبی، ١٩٢ بەیت لە نەحودا

٩. «*نُخبَةُ الادَب*»، مەسنەوییەک لە بەدیع و جوانکاری شیعریدا، ٨١٠ بەیتی عەرەبی

١٠. «*نظمُ الادَب*»، مەسنەوییەک بە عەرەبی لە داب و دەستووری وتوویژدا

١١. «*تخمیس قصیده بُرده، شیخ بوصیری*»

١٢. «*تشطیر قصیده بُرده، شیخ بوصیری*»

١٣. *«تشطیر قصیده مضریّه، شیخ بوصیری»*

١٤. *«حدیقةُالفوائد»*، هۆنراوەیەکە لە بەحری ڕەجەزدا، باسی *«حروف مُفرَدات»*ی زبانی عەرەبی

١٥. نامیلکەیەک بە فارسی لەمەڕ هاتنە دنیای حەزرەتی موحەممەدەوە (د)

١٦. مەسنەوییەکی عەرەبی لەمەڕ ناردنی پێغەمبەر (د) و غەزوەکانی

١٧. سەرجەمی فتواکانی

١٨. خوتبە عەرەبییەکان

١٩. دیوانی شیعر

٢٠. سەرجەمی ئیجازەنامە، نامیلکە و نووسراوەکانی

چەند شیعری ئەو خوا لێ خۆشبووە:

اهـوال مـرگ و فتنـەی قبـر و غـم سؤال — هنگامـەی قیامـت و بـازار بازخواسـت

اظهارنامـەی عمـل و ورطـەی صـراط — در دوزخ اوفتادن خلق از چپ و ز راست

افـسوس در مـزاج تـو بـاری اثـر نکـرد — وز غلفـت و غـشاوَەی تـو ذرّەای نکاسـت

از هـول سـوء خاتمـه و کـار آخـرت — بگداخت سنگ خاره و از کوه ناله خاست

در حیرتم «حبیب» کز ایـن هـول جانگـداز — چونت جگر دولخت نگشت و دلت به جاست

در روز رسـتخیز امیـدی اگـر بـود — تنهـا شـفاعت و کـرم ذات مـصطفاست

* * *

هـان ای اجـل بیـا ببـر ایـن جـان خـسته را — برهـان ز جـور حادثـه جـسم شکـسته را

هـر روز از تـو پیـک و پیـامی همـیرسـد — تهدیـد مـی کنـد تـن از هـم گسـسته را

موی سفید و سستی اعصاب و پشت کُوژ — بـستند شـاهراه حـواس خجـسته را

چون جسم کاست جان به ضرورت بـه در رود — دام شکـسته گـشت سـبب مـرغ رسـته را

زینسان کـه کاسـتم نبـری ترسـم از اجـل — زین نخل‌بن، نـصیب نـه خرمـا نـه هـسته را

فرتـوت گـشتەام مـن و تـو دیـر مـی کنـی — مُشکل رسی بـه بـسْمل از حَبس جَسته را

* * *

ای وصـف تـو لا یُـسْألُ عَمّـا یَفْعَـل — میـدان خـدائیت اَبـد همچـو ازل

داد از سـتم پهلـوی کـافر کیش — غـارت‌کـن مـال و دولـت و علـم و عمـل

خـاموش کـن مـشعلەی چـاردە قـرن — دسـتور دە خـلاف وحـی منـزل

برداشـت حجـاب از رخ و دسـتار ز سـر — کاویـد دل امثـل ثُـمّ الأمْثـل

خـون همـه ایتـام و محـاجیر مکیـد — بربـود زر و سـیم و سـواد و صـیقَل

جوری است نه چون جور غلام ثَقَفی | دوری است نه دور پُور دخت بجْدل
عصری است در او ادیب فرزانه، کئیب | منظوم در او مختل و سالم معتل
دلها همه مجروح و جگرها بریان | بدعت همه مستعمل و سنت مهمل
معبد همه ویران و مفاسق آباد | مسجد همه معبر شد و طاعت مختل
از بستن راه حج نباشد کس را | پروا که شده است استطاعت منحل
بسته است ره چون و چرا بر عالم | خواهد که بود همچو خدا لا یُسْأل
دجال نگر منازعت میورزد | با عزّت و کبریای حق عَزَّوجل
لا حَوْل وَ لا قُوّة الّا بالله | و الأمرُ الیه انْ قَضی او أمْهَل
یارب همه بندگانت افسرده دلند | چون مُرغ فتادهاند اندر بسمل
از زندگی خویش به جان آمدهاند | تا کی بود این مُشکل ما لاینحل
وقت است خدایا که فرو اندازی | این جرگەی ظلم را به درک اسفل
یارب مدهش مهلت و درهم شکنش | زان سان که شکست شرع شاه مُرْسل
ای عزت حق به دفع ظالم بشتاب | وی حفظ خدا به سوی مظلوم اعجل

* * *

یا رسولَ الهدی جُعلتُ فداکا | لَیْسَ لی مَنْ به ألوذُ سواکا
قَدْ أتَیتُ الذُّنُوب حَتّی بدالی | أنَّنی نلْتُ شقْوَةً و هلاکا
و اتَّبعتُ الهَوی و أسْرَفْتُ فیه | وَنَسیتُ الْهُدی بتَرْك هَواکا
واقترفتُ الْحجابَ للْقَلْب حَتّی | حُرم الاتِّعاظَ وَ الإدراکا
فَإذا کانَ فی القیامة نُودی | مَنْ أشَرُّ الْوَری، لقُمْتُ هُناکا
لَیْسَ لی قُرْبَةُ بها أسْتَقیلُ | ما تعاطیتُ منْ خلاف رضاکا
غَیْرَ أنّی امرُؤٌ کثیرُ الغرام | هائم البال مولعٌ بهواکا
خالطَتْ منّی العظامَ وَ لَحْماً | و عُرُوقاً مَحَبَّتی إیاکا
أنْتَ یا سَیّدی أحَبُّ الأنام | وأعَزُّ عَلَیَّ ممَّنْ سواکا
لَیْسَ و الله فی الْوری لی حَمیمٌ | اَوْ خَلیلٌ مَحَبَّةً ساواکا
فإذا ما یُنشَرُ الامْلاكُ | صُحُفَ الْمُسْلمین تَحْتَ لواکا
فَقَدُوا فی صَحیفَتی و کتابی | طاعةً أو بضاعَةً غَیْرَ تاکا

ئەم چوارینەی لە پشت بەرگی «*صَحیح بُخاری*»دا نووسیوە:

افسوس که نادیده رخت جان دادم | با حسرت دل سر به لحد بنهادم

لیـک از کلماتـت گهـری چنـد بـه‌جـان   انــــدوختم و از ایــــن غنیمـــت شـــادم

ئه‌م دوو به‌یته‌ش هی ئه‌وه‌:

سیرم از زنـدگی و زحمـت دهـر   بـــــــا دل زار تمنـــــــا دارم

بـــه هـــواداری اولاد رســـول   رو بــه صــحرای عــدم بگــذارم

ئه‌مه‌ش نموونه‌یه‌ک له‌ په‌خشانی عاره‌بی شێخی ڕۆحانی، که‌ بۆ پێشه‌کی «*شرح‌الصّدر فی التّوسّل بأهل البَدر*» نووسیویه‌:

بسمِ‌الله و الحمْدُ لله و الصّلوةُ و السّلام علی سیّدنا محمد رسول الله و علی آله و أصحابه الَّذینَ جاهَدُوا و اجْتهدوا فی الله. و بعْدُ فَقَد دهمنی همٌّ لا طاقَة لی بتحملِ کربِه، و زاحمنـی خَـوْفٌ مـنْ أذی ظَـالمٍ لا قَـدْرةَ لـی بحربـه فَاشْتدَّت الحالُ و صعُبَتْ، و ضاقتْ عَلَیَّ الأرضُ بما رحُبت، فَقَصَدْتُ إلی نَظْمِ أسماء اصحاب بـدْر، و التّوسـلِ بهم فی تفْریج الشّدَّة و شرح الصّدر، و قدْ سبق منّی نَظْمٌ آخرُ جلیلٌ لها منْ بحر الطَّویلِ، و أحببتُ نظمها الآنَ منْ بَحْرِ الخَفیف، تَفؤُّلاً بالتَّخفیف، فجاء بحمدالله نظماً رائقاً فائقا، و لکیدا لباغین إنْ شاءالله تعالی حاجباً و عائقا، و لعنایة الله تعالی جالباً و سائقا، صدَّقَ الله تعالی بِفَضله الْعمیم فالی، و آمَنَ بِمَنِّـه العظیـمِ روعـی و أحْسَنَ حـالی، و خَفَّفَ أَثْقالی، و کَشَفَ أهوالی، و عَمَّ بنوالی، و بِالخَیْرِ نوی لی...»

ئه‌م قه‌سیده‌، زانای وێژه‌وان، خوا لێ خۆشبوو سه‌ید موحه‌ممه‌د باقری حیره‌ت «رُکنُ‌الاسلام»، لـه‌ شـینیدا دایناوه‌ و تێدا جوانکاری «توشیح[۱]»ی به‌ڕێوه‌ بردووه‌:

گشت چون ماتمزده گریان زمین و آسمان   در عزای رحلت شیخ‌الـشیوخ انـس و جـان

شیخ عیسی دم «حبیب‌الله روحانی» کـه بـود   در کمـال زهـد و تقـوی همـسر روحانیـان

تـار بـادا چـشم انجـم تـا نبینـد بعـد شـیخ   شیخی انـدر زمـره‌ی اقطـاب و اوتـاد جهـان

رهــروان کعبــه‌ی مقــصود را خیرالــدّلیل   رهزنــان وادی دیــن را ســنان جــان‌ســتان

وه کــه آن روح مُجــسم را نبــد بالاتفــاق   در شریعت، در طریقت، در حقیقت شبه و مـان

حــافظ عهــد الــست و ســاقی بــزم بلــی   بلکه مـست دائمـی از جـام امـر کـن فکـان

آن یگانــه نایــب نُــواب پیغمبــر کــه بــود   ختم بروی حلم و عدل و شرم و علم بـی‌کـران

نام او چون نام حق حرز روان شیخ و شـاب   ذکر او چـون ذکـر حـق ورد زبـان عارفـان

یاد حق مضمر بود در یاد او، زیرا که هست   مــضمر انــدر یــاد او آرام دل، قــوت روان

حُسن خَلق و خُلق بیش از حد آن شـیخ جلیـل   می‌دهد بر متنهای فـضل حـق بـا وی نـشان

۱. له‌ چوونه‌ پاڵ یه‌کی یه‌که‌م پیتی هه‌رکام له‌ به‌یته‌کان، باڵی ئاخری پارچه‌هه‌ڵبه‌سته‌که‌ دروست ده‌بێ که‌ باڵی شـاده‌ مێژوویه‌ و لێره‌دا «گشت روحانی حیبب‌الله امام قدسیان»ه‌ و به‌ حیسابی ئه‌بجه‌د ئه‌بێته‌ ۱۳٦۰ ک. م. ئه‌م جوانکارییـه‌ لـه‌ به‌دیعدا، «ته‌وشیح»ی پێ ده‌ڵێن.

بی‌حضور او محاضر چون دل دور از سرور بی‌شهود او مشاهد چون تن خالی ز جان
یاد ایادمی که بودم در جوار لطف او با نشاط انباز و با عیش و طرب همداستان
بر سماط فضل او بودم کهینه ریزه‌خوار بر کلام معجزآسایش کمینه ترجمان
اللهالله ای همای عُلْو علیُّون علم از چه رو پرواز کردی ناگهان از آشیان
لاف هستی کز هما دور است، وی را نیست عار ز آشیان مختصر خاصه که باشد زاستخوان
هر سبب کانجا به وهم آید مسلم نیست جز جلوه‌ی جَلَّ شأنه عنْ تفاسیر البیان
آری آری جلوه‌ی حق است کاهل‌الله را باز دارد از خیال ما سوی‌الحق جاودان
مرگ را صدها گزیند بر حیات آن‌کس که او کرده‌ی خود را چنان بیند، دم رفتن شیان
آفرین بر «شیخ روحانی» که فرمود ابتیاع جلوه‌ی حق را به بذل نفس و جان و خان و مان
ماند از بی‌مایگی از حج جسمانی و لیک از پی تکمیل قدر و جاه آن صدر زمان،
قائد توفیق شام حج اکبر، پیر را گشت رهبر تا به کام دوست با بخت جوان،
در جوار خاص مکه حجةالاسلام را شد به جان حاضر به سان کعبه‌ی مُحرم نشان
سال حج جان شیخ از حرفهای اوّلی زین موشّح نظم می‌گردد مریدان را عیان
یارب از فضلت بر اخلافش به رحمت کن نظر ویژه «باباشیخ» بهتر شاخ بیخ دودمان
از پی تاریخ سال رحلتش تازین سپس شمسی و هجری نگردد مشتبه بر همگنان،
نک به هجری سال فوتش خامه‌ی «حیرت» نوشت «گشت روحانی حبیب‌الله امام قدسیان»

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ ڕەحمانی زەوقی

کوڕی ئەحمەد، کوڕی موحەممەد، خەڵکی بدلیس، ساڵی ١٢٧٧ ک. م. هاتە دنیا و لە زێدی خۆی و باقی شارەکانی دەور و بەر خوێندی و پاشان چوو بۆ میسر و لە «جامعُ‌الازهر»ی قاهیرە، دەرس و دەوری تەواو کرد. لە مانگی ڕەبیعول‌ئەوەڵی ساڵی ١٣١٣ ک. م. بوو بە مامۆستای «رواقُ‌الاکراد»ی ئەو زانستگایە و ساڵی ١٣٣٥ کە شێخ مستەفای سلێمانی، لە دنیا چوو، ئەم بوو بە سەرپەرشتی ئەوێ و تا کاتی کۆچی یەکجاری (زیقەعدەی ١٣٦٠ ک. م.) ئەو مەقامەی هەبوو.

شێخ ڕەحمان پیاوێکی پاک و پارێزکار، خاکەسار و یەکجار زانا بووە و بە هۆی لێهاتوویی و گونجاوی و تێگەیشتوویەوە، شێخ موحەممەدی عەبدوهـ، موفتی میسر، پێشنوێژی مزگەوتی ڕەواقی عەبباسیشی پێ سپاردووە.

مشاهیر الکُرد، ب٢، ل٢٠ و ٢١.

شێخ نوورەدینی شیروانی

شێخ نوورەدین ئەفەندی، کوڕی شێخ ئیسماعیلی شیروانی، کوڕی شێخ حەسەن بەگ، ساڵی ١٢٨٣ ک. م. لە هەولێر هاتە دنیا و دوای تێپەڕکردنی سەردەمی ساوایی، بۆ قوتابخانە ڕۆیی و دوای ئەوەش بوو بە فەقێ و کاتێ کە کاکی پایەبەرزی (شێخ تاها ئەفەندی) بوو بە مامۆستا لە کەربەلا، ئەمیش ڕەگەڵی کەوت و لە خزمەتی زانایان و مامۆستایانی ئەوێ، وەکوو میرزا باقری یەزدی بەهرەی برد. هەروەها پێڕای خوێندنی دینی و ئەدەبی، ماوەیەکیش لە دوو بژیشکی بەناوبانگی ئەو زەمانە: نیزامەدین بەگ و تەفێق بەگی سۆفی، ئەو زانستە فێر بوو. کە لە کەربەلا گەڕاوە ـ لە هەولێر و بەغدا ـ خوێندنی درێژە پێدا و تەواوی کرد و ئیجازەی وەرگرت.

نوورەدین ئەوجار خزمەتی فەرمی دەسپێکرد و لە چەند شوێنان، وەکوو مامۆستا و کارگێڕ و سەرۆک، دامەزرا؛ بۆ وێنە: مامۆستایی لە مەدرەسەی ڕەشیدییەی بەغدا و بەسرە، کارگێڕی نەخۆشخانەی «غُربا» و وانەی مامۆستایانی کەرکووک و بەغدا و گوتنەوەی دەرسی فەلسەفە و پەروەردە و ئاکار لەوێدا، بوونە ئەندام لە ئەنجومەنی مەعاریفی بەغدا و سەرۆکی زانکۆی ئەعزەمییەی بەغدا، بۆ ماوەی شەش ساڵ. دوای ئەوە، لەسەر داخوازی خۆی، کاری ڕەسمی نایە لاوە و باقی ژیانی بە نووسین و دەرس‌گوتنەوە لە قوتابخانەی دینی ئۆزبەکییە و وتاردان لە مزگەوتی حاجی ئەمین لە پەنای کەرخی بەغدادا تێپەڕ کرد.

شێخ نوورەدین پیاوێکی زانا، پارسا، درووستکار و مەردمدۆست بووە و زۆر بەرهەمی نووسراوەی لێ بەجێماوە.

لە کتێبە چاپکراوەکانی:

١. *خلاصة تاريخ الاسلام*

٢. *الفلسفة العليمة و الفلسفة الاخلاقية*

٣. *حقيقة الحقايق*، فی ماوراءُالطبيعه

۴. *المنطق القديم و المنطق الجديد*

۵. *الفلسفة العليا*

۶. *زبدة الهندسة*

٧. *تاريخ التربية*

بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی:

١. *قانون المناظره*

٢. *آدابُ البحث*

٣. *البعثُ بعدالموت*

۴. *علم‌الخلاف*

٥. *تاريخ القرون الاولى*

٦. *مختصر تاريخ بيزانس القسطنطنيه*، بە زمانی تركی

٧. *السنوحات الالهيه فی شرح احوال السلسلة النقشبنديه* و هی تريش.

كۆچی دوایی شێخ نوورەدین، دەوری ساڵی ١٣٦٠ ك. م. ڕوویداوە.

لُب الالباب، سوورەبەردی.

ئەبووبەكر ئەفەندی (مەلا گچكە)

عەللامە ئەبووبەكر ئەفەندی هەولێری دووهەم، كوڕی حاجی عومەر ئەفەندی، كوڕی مەلا ئەبووبەكری یەكەم، كوڕی مەلا عوسمان، لە پیاوە بوودە و ناسراوەكانی هەولێر بووە كە لە زانستە عەقلییەكان، بەتایبەت هەیئەت و ڕیازیدا، شارەزاییەكی تەواوی دەسكەوتووە و قوتابیان پاش تەواوكردنی دەرس و دەور، تەنانەت لە ڕێگای دووریشەوە، خۆیان گەیاندۆتە كۆڕی دەرسی، بەشكوو لەو دەریای پڕ گەوهەری زانستە، بەشێكیان بەركەوێ.

مەلا ئەبووبەكر بەو بۆنەوە كە هاوناوی باپیری بووە، «مەلا گچكە»یان پێ گوتووە و بۆخۆی لە گوندی «باداوا»، لە شەش كیلۆمیتری هەولێر دانیشتووە و هەموو ڕۆژێك بۆ دەرس‌گوتنەوە، چۆتە مزگەوت و مەدرەسەی قەڵا و گەڕاوەتەوە.

مەلا گچكە پیاوی دین و دنیا بووە و ماڵ و سامانێكی زۆری پێ گەیوە و هەموو خەرجی قوتابی و مەدرەسە و مامۆستایانی، لە گیرفانی خۆی داوە. هەروەها لە گوندە دراوسییەكانی «باداوا»یشدا، بە خەرجی خۆی، قوتابخانەی داناوە و لە هەموویاندا مامۆستا و قوتابی، بێ كەم و كووڕی و بە ئارخەیانی ژیاون.

عەللامە ئەبووبەكر ئەفەندی مرۆیەكی زۆر لەسەرخۆ، بەمشوور و جێ ڕێز و متمانەی خەڵك و دەوڵەت بووە؛ لەوپەڕی سەربەرزی و دەسەڵات و ئابڕوومەندیدا ژیاوە و دەركی میوانخانەی ماڵی، قەت دانەخراوە. هەركەسێ كەلی كارێكی لێ خستووە، تا لە دەستی هاتبێ، بۆی جێبەجێ كردووە و داخوازی بێ‌ئەنوایانی تا پێی كرابێ، بەجێ‌هێناوە.

ئەم زانا خێرومەندە سەرەنجام ساڵی ١٣٦١ ك. م. دەستی لە ژیان بەرداوە و ڕووی لە دەرگانەی ڕەحمەتی خودا ناوە.

عُلَماونا فی خدمة العلم و الدّین، ل٣٥٨. یەك ـ دوو سەرچاوەی تر.

شێخ عەبدولكەریمی خانەشووری

كوڕی سەید ئەحمەد، كوڕی سەید موحەممەد، كوڕی سەید عەبدوڕڕەحیم، دەوری ساڵی ١٣٠٣ ك. م. لە گوندی «خانەشۆر»ی ناوچەی باباجانی هاتە دنیا و هەر لە زێدی خۆی خوێندنی سەرەتایێ دەسپێكرد.

پاشان ڕووی لە ناوچەی شارەزوور نا و لە دێی «ئەحمەد بەرەندە»، لای شێخ مەعرووفی نێرگسەجاڕەوە ماوەیک مایەوە. لە پاش ئەوە ڕۆی بۆ هەڵەبجە و لەگەڵ شێخ بابارەسوولی بیدنی بەرزنجەییدا ـکە ئەوکاتە ئەویش فەقێ بووـ یەکیان ناسی. ئەم دووە وا بوون بە دۆستی یەکتر، لەوە بەولاوە تا فەقێ بوون لێک نەبڕان و پێکەوە بۆ «پریس» و شوێنانی تر، وەکوو سلێمانی و بیارە چوون و خوێندنیان تەواو کرد.

ساڵی ١٣٣١ ک. م. شێخ مەعرووفی نێرگسەجاڕ، مامۆستای «ئەحمەد بەرەندە» عەمری خوا دەکا. لەسەر داخوازی خەڵکەکە و پشتیوانی شێخ نەجمەدینی نەقشبەندی، شێخ عەبدولکەریم بۆ ئەو شوێنە دەڕوا و تا دواکاتی ژیان (ساڵی ١٣٦١ ک. م.) لەوێ دەمێنێتەوە.

شێخ عەبدولکەریم مرۆیەکی سۆفیئاسای دڵاوای خێرخوازی خەڵک بووە. جارو بارە، بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە و ئەم دوو شیعرە هی ئەون:

وەرە ئەی دڵ وەکوو پەروانە باڵی عیشق پەیداکە
بە دەوری شەمعی شەرعی ئەنوەرا سەدسۆز بەرپاکە
لە تەعنەی شێتەکانی وەک حوبارای ڕێگە لێ‌گومبوو
مەڕەنجە و بێ بە یەک شوعلە هەموویان تەفر و توونا کە
تەرەفداری شەریعەت شێرە وەک سیددیق و فاروقە
لە حێزەفێڵی ڕێوی بوولەهەب یا جەهل بێباکە
ئەگەر باوڕ بە من ناکەی وەرە تۆزێ بە چاوی دڵ
تەماشای حوسنی ئیقدامی مودیری «وارماوا» کە
دەسا ئەی ئەهلی فەزڵ و مەعریفەت هەردەم بە سۆزی دڵ
تەمەننای نەسرەت و تەوفیقی ئەم زاتە بکەن چاکە
قوبووڵی کەی بە لوتفی خۆت خودایا ئەم تەمەننایە
بە حەققی ئەو کەسەی فەرمووتە پێی «لولاک لولاک»

ئەم شیعرەی بۆ شینی مستەفا خانی قوبادی، کە ساڵی ١٣٢٧ ک. م. لە شەڕ لەگەڵ قەڵخانیاندا شەهید بووە، گوتووە:

این چه غوغایی است می‌خیزد ز ارکان جهان — شور محشر شد هویدا در زمین و آسمان
داغدار و سوگوار این مصیبت مرد و زن — واله و سرگشته‌ی این ماجرا پیرو و جوان
از تنور دیده شد بسط زمین طوفان اشک — سرخ شد از جوش سیل خون دل هفت‌آسمان
شد پریشان خاطر مجموع اعیان زمین — گرد حسرت بر جبین بنشست ارکان زمان
کاکل زیبارُخان بریده از تیغ جفا — سنبل زلف بتان پژمرده از باد خزان

زانکه آن میر نکوسیرت به ناحق شد شهید وز دم تیغ عدو غلطید در خون ناگهان
در مصاف کافران مانند شاه کربلا جان به جانان داد و از دنیای فانی شد نهان
«مصطفی‌خان قبادی» رادمرد پاک‌دین مرغ روحش شد طفیل مصطفی اندر جنان
از وفاتش سبعه‌ی سیاره بی‌تاب و توان وز عزایش چشمه‌ی چشم ثوابت خون‌چکان
«فانیا» کوتاه کن آه و فغان زیرا کنون او بود آسوده‌خاطر در نعیم جاودان
خاصه‌ی دست قضا بر لوح خاطر زد رقم رمز سالش: «خیمه زد بر مأمن دارالامان»[1]

یادی مەردان، ب٢، ل٦١٨– ٦٢٨. جونگێکی دەسنووس.

مەلا عەبدوڵڵای بەیتواتی

کوڕی مەلا موحەممەد ئەمین، زانایەکی خەڵکی هەولێرە کە لە قوتابخانەی حاجی قادری ئەو شارە دەرسی داوە و ساڵی ١٣٦١ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

مەلا موحەممەد ئەمینی بابیشی پیاوێکی زانا و هێژا بووە و ماوەیەک پێکەوە لەو مەدرەسە دەرسیان‌گوتۆتەوە.

لە نوسراوەکانی مەلا عەبدوڵڵا، کتێبێکە بە ناوی *«المحنَۃُ الوهَبّیە»*، شەرحی نامیلکەی *«الارادۃُ الجُزئّیە»*ی مەولانا خالیدی شارەزووری. ئەم کتێبە ساڵی ١٣٤٧ ک. م. چاپ کراوە و لەو ساڵە، مەلا موحەممەد ئەمینی باببیشی لەسەر دنیا بووە.

پێشەکی *المحنَۃُ الوهَبّیە*.

سافی هێرانی

حاجی شێخ مستەفا، نازناو «سافی»، ناسراو بە «کاک مستەفا»، کوڕی مەلا عەبدوڵا، کوڕی شێخ عەلی کە بە حەوت پشت دەگاتەوە بە شێخ سلێمانی میری سۆران، ساڵی ١٢٩٤ ک. م. لە گوندی «هێران» هاتۆتە دنیا. پێشەکی لای بابی خوێندن و نووسینی دەسپێکردووە و ئەوجار شارانی هەولێر و ڕواندز و کۆیەی بینیوە و لە قوتابخانەکانیاندا خوێندوویە و سەردەمێک ڕووی لە ناوچەی لاجان ناوە و لەوێش حەولی خوێندنی داوە و سەرەنجام لە زانستە دینییەکان و زبان و وێژەی عەرەبدا گەیشتۆتە مرازی خۆی.

بابی سافی (مەلا عەبدوڵڵا) ـ وەک لە شوێنی خۆیدا باسیمان کرد ـ شاعیر بووە و ئەمیش زەوقی شیعری لەوەوە پێ گەیشتووە. بەتایبەت کە خۆشەویستی «زیبا»ی هاوسەری، لە لایەکەوە و وازی زۆری بە

---

١. ئەم ڕستە بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٣٢٧.

سروشت و دیمەنە دڵبزوێنەکانی «هێران» و «نازەنین»، لە لایەکی ترەوە، یەکیان گرتووە و لە ماوەیەکی کەمدا، شاعیرێکی باشی لێ بەرهەم هاتووە.

سافی تا ماوەیەک کە باوکی ماوە، خەریکی گەشت و گەڕان و ڕابواردن و ئەویندارى بووە و کە باوکی لە دنیا چووە، لەسەر ڕێوشوێنی باوانی، ژیانی دەروێشانەی هەڵبژاردووە و چۆتە نێو تەریقەتی قادرییەوە.

سافی مرۆیەکی حەسانی و دڵناسک بووە؛ هەرکوێ دەنگێکی خۆشی بیستبێ، فرمێسکی بە چاودا هاتووە. بە زمانی کوردی و فارسی و ترکی شیعری داناوە و دیوانە چکۆلەیەکی بە پێشەکی مامۆستا عەلائەدینی سەجادییەوە، ساڵی ۱۹۵۳ ز. لە بەغدا چاپ کراوە.

شێخ مستەفای سافی سەرەنجام ساڵی ۱۳٦۱ ک. م. دوای ماوەیەک نەخۆشی، لە گوندی «هێران» دنیای بەجێهێشتووە و هەر لەوێیان ناشتووە.

شیاوی باسە، هەر وەک سافی خاتوو زیبای خۆش ویستووە، خاتوونیش ئەویندارى مێردەکەی بووە و لەگەڵ دڵیدا گەڕاوە و کە کۆچی یەکجاری کردووە، زۆری تاو نەهێناوە و مەودایەکی کەم بەشوێنیدا، دەستی لە ژیان بەرداوە و لە پەنای ئەودا نێژراوە.

چەند شیعری سافی:

جانا! لە فیراقی تۆ پەشێواوە دڵی من   پەروانەیی شەمعی تۆوە، سووتاوە دڵی من
سەرتا بە قەدەم غەرقەیی خوێناوە دڵی من   وەحشیسیفەتە بەستەیی نێو داوە دڵی من

* *

دڵ ئەلبسەیی خوێنی هەموو دەم کە لە بەردا   دەیزانی فەلەک کینەیی وی مابوو لەسەردا
چەند عاشقی کوشتوون و خوێنی بە هەدەردا   لەم تالیعی بەرگەشتەیە چون ماوە دڵی من؟

* *

دایم کە لە دەست جەوری زەمانە بە جەفایە   پەیوستە بە جەور و ئەلەم و دەرد و بەلایە
بۆ عاشقی بێچارەیە ئەم عادەتە وایە   بۆیە کە لە گۆشەی غەمەدا ماوە دڵی من

* *

تابووری بەلا وا لە دولا هاتەوە یاران   بۆ قەتڵی سەری عاشق و مسکین و هەژاران
مەعلوومە کە دەرناچێ لەبەر تیری سواران   چەند دەفعە لە دەم قازەخیان داوە دڵی من

* *

سەرقافڵەچی! دەستی منت دامەنە قوربان   ماژۆ بە عەجەل مەحمەلی لەیلی بە هەموو ئان
مەجنوونسفەتان مانەوە لەم ڕێگە پەرێشان   بێچارە لە یارانی بەجێماوە دڵی من

* *

دایم لـە هـەوای قامـەتی تـۆ حاڵـی پەشـێوە
هـەردەم لـە فیراقـی تـوە وا کـەوتووە جێـوە
ئەم قورپەسەرە ڕۆحی گەییشتە سـەری لێـوە
دەرمـانی بکـە تـاکوو نەفـەوتاوە دڵـی مـن

* *

ئەی بادی سەبا! قاسـیدی جانـانی روحئـەفزا
نامەی غەم و دەرد و ئەلەمم تـۆ بـەرە بەغـدا
تا چەند لە ئەو میحنەتەدا بـێسـەگی دەرگـا
مووددەیکە وەکوو «سافی» کـە شـێواوە دڵـی مـن

* * *

ئەی پەرتەوی ڕەنگت بە مەسـەل عـەینی چرایـە
وەی حەلقەیی زولفت شەبەهی دامـی بەڵایـە
کردووتە نیشانەی سەری موژگانی خەدەنگت
بۆیە دڵەکەم بـێکەسـە، لـەم گۆشـە خزایـە
سەوداسەری تۆم، مەمخەرە زیندانی جـودایی
حەیفە کە دەخەی بەندە لە ئەو چاهی بەڵایـە
بێیار و دەلیل پا مەنێ ڕێی عەشـقی جوانـان
چەند سەر لەسەر ئەم ڕێگە لە سـێدارە درایـە
پەروای نییە ئەسڵەن لەقسەی زاهیدی خودبین
مەعلوومـە حـەیای عاشـقی بێچـارە ڕژایـە
گیراوی سـەری زوڵـفی تـۆ تـا مردنـە قوربـان
چۆن باوەڕە حەپسی تۆ لە ئەم قەیدە ڕەهایـە
خوێنم بـڕژێ سـوورەتی نـاوی تـۆ دەکێـشێ
تا نـەمکوژی نـازانی کـە «سـافی» بـەوەفایـە

* * *

لە تـاوی چاوەکـەی مەسـتت دووچـاوم پـڕ لـە خوێنـاوە
حەنایی پەنجەکەی دەستت بە خوێنم ڕەنگی هێناوە
ئەوی دەردی فیراق پێ کـردوم ئەسـڵا بـەیان نابـێ
لـە نێـو ئیـسلامدا نـەبوە، لـە لای کـافر نەقـەوماوە
هـەتا مـردن بناڵـێنم لـە غـەم تەسـکینی دڵ نایـە
لە سۆزی فیرقەتی جانان وەهـا مـەفتوون و شـێواوە
دەوای وەسڵی نەبێ ئەسڵا شفای دەردی دڵـم نابـێ
لە ڕێ ڕەببا عیلاجم کەن، نەفەس تاکوو لـە سـنگ مـاوە
بڵێسەی ئاوری دووریت وەها جیسمی منی سـووتاند
بە دایم دووکەڵـی ئـاهم دەچێتـە عەرشـی ئـەعلاوە
لە بەدبەختیمە بۆیە لەیلەکەم بێمەیلە دەرحەق مـن
سەبەب توولی شەوی هیجرانە، تالع هەر لە خەو ماوە
لە «سافی» گەر دەپرسن بـۆچی وا پەژموردەیـە ئیـستە؟
لە خزمەت یاری دوورە بۆیە وا غەم دەوری لـێ داوە!

من و دڵ، پارچە هەڵبەستێکی پێنج باڵە کە سێ باڵی هەوەڵی هەر بەندێک هی سافی، باڵی چوار، لە تاهیر بەگ و پێنجەم، شیعری نالییە:

من و دڵ ئەمڕۆ ئەو شۆخە لە خوشی یەکبەدەی کردین — لە جامی لەعلی سەر خۆش و، موقیمی مەیکەدەی کردین
هەتا مەحشەر خومار و مەستی ناز و نەشئەکەی کردین — بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی، مەستی مەی کردین
بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین

بە ئەو یارە بڵێن یاران! چییە سووچ و گوناهی من؟ — نەسیم ئەنگوت و شەو ڕۆیی چەمەن والا بو ماهی من
چە قەوماوە؟ مەگەر قوربان کەوا بەستووتە ڕاهی من — ترازا بەندی سوخمەی ئالی گوڵناری بە ئاهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا، لە سەیری باخی بەی کردین

لەبۆ یەک مەرحەبایێ چوومە لای یارم بە سەرخوشی — نقابی خستە ڕوخسار و بە جارێ کەوتە خامۆشی
کە وام دی ڕۆیی ئارامی دڵ و سەبر و فەرامۆشی — بە هەوری پەرچەم و زوڵفی ڕوخ و ئەبرووی کە داپۆشی
لە شەوقی ڕوئیەتی بەدری هیلالی یەکشەوەی کردین

ڕەفیقانم! کەسێ عاشق نەبێ لەم سیڕڕە نازانی — لە لایێ یار حەیاتبەخش و لە لایێ قابزی جانی
لە هەر دوو لاوە تەسلیمم بڵێن دەستم بە دامانی — ئەگەرچی گوشتمی خۆ «قابضُ الأرواح»ی موژگانی
بە قانوونی مەسیحایی بە خەندەی لێوی حەی کردین

لەبەر خوێنڕێژی عوششاقان نیگارم گەرچی بێباکە — وەلێ ئەی دڵ! لە ڕووی ئوممیدەوە جارێ تەماشا کە
مەلێ «سافی» زەمان ئاخر بوو کەس ئیمدادی کەس ناکا — دەوای دەردی دڵی «نالی» لە «تاهیربەگ» تەمەننا کە
بەڵێ ئیمڕۆ گوڵەندامێ بە تیرێ جەرگی پەی کردین

پێشوازی لە غەزەلێکی بەناوبانگی حافیز، بە سەرەتای:

«چندانکە گفتیم غم با طبیبان — درمان نکردند مسکین غریبان»

وەرنە تەماشا دوست و ئەحیببان — ئەو بێڕەحمیەی دیم لە موحیببان — خەبەری دەردم چەندان تەبیبان
دەرمانیان نەکرد زامی غەریبان

بولبول کە دایم بە شین و زارە — حەقیە کە غونچەی لە دەست ئەغیارە — ئەو گوڵ هەموو دەم هەر لە لای خارە
بو شەرم ناکا لە عەندەلیبان؟!

بۆیە لە لای یار من هاوارم کرد — ڕازی دڵی خۆم پاک ئیزهارم کرد — دەردەکەی پەنهان عەرزی یارم کرد
چونکی ون نابێ دەرد لە تەبیبان

خوایە شادی بێ، بەس بێ غەمگینی — بۆ دڵی موشتاق هەر تۆی موعینی — یارەب ئەو جارەش بیکەی ببینی
چاوی موحیببان ڕوویی حەبیبان

قوربان با بەس بێ ئەوقاتی فەسڵت | لە ڕێگەی خودا بەوکانی ئەسڵت | ئەی شاهی خووبان لە خوانی وەسڵت
تاکەی هەر من بم لە بێنەسیبان؟!

ئەی دڵ! لەم شۆرە قەت نابووی شەیدا | گەر مەیلت کردبا وەلایی بەغدا | **«سافی»ش وەک «حافظ» کەی دەبوو ڕیسوا**
ئەگەر گوێ دابا پەندی ئەدیبان

دیوانی سافی، چاپی بەغدا، س ١٩٥٣.

مەلا ڕەشید بەگی بابان

کوڕی فەتاح بەگ، لە بنەماڵەی میرانی بابان، ساڵی ١٣٠٠ ک. م. لە سلێمانی هاتە دنیا و خوێندنی لە قوتابخانەکانی ئەوێوە دەسپێکرد و سەرەنجام لە پێنجوێن، لای عەللامەی دەوران، مەلا ڕەحمانی پێنجوێنی ماوەیەک خوێندی و ئیجازەی وەرگرت. دوای ئەوە گەڕاوە زێدی خۆی و لە قوتابخانەی شێخسەلامی ئەوشارە، بوو بە مامۆستا.

مەلا ڕەشید دوای یەکەم شەڕی جەهانی، چوو بۆ ئەستەمبووڵ و تا کۆتایی ژیان (١٣٦٢ ک. م.) لە قوتابخانە و مەدرەسەکانی ئەوێدا دەرسی گوتەوە.

لە کتێبەکانی: شەرحی *«منظومةُ الفَریده»*، نووسراوی شێخ جەلالەدینی سیوتی، لە نەحودا، شەرحی *«احادیث صُحاح بُخاری و مُسلم»*، بە ناوی *«اِقترانُ النَّیِّرین فی مَجْمَعِ البَحریت»*، کە چاپ کراوە.

عُلَماونا فی خدمةِالعلمِ و الدّین، ل٢٠٧ و ٢٠٨.

دوکتور سەعیدخانی کوردستانی

کوڕی مەلا ڕەسووڵ، نازناو «پیرووز»، لە بژیشکانی زانا و یەکجار پسپۆڕ و بەناوبانگی نیوەی یەکەمی چەرخی چواردەیە کە ساڵی ١٢٤٢ ک. م. لە سنە هاتۆتە دنیاوە. بابی پیاوێکی خوێندەوار بووە کە لە سەرەتای چەرخی سێزدەدا، لە لای سنووری تورکیاوە بەرەو باشوور هاتووە؛ ماوەیەک لە مەریوان و پاشان لە سنە گیرساوەتەوە و لەو شارە، پێشنوێژی کردووە و قوتابخانەیەکی گەڕاندووە.

سەعید ـکە یەکجار زیرەک و لێهاتوو بووەـ لە ژێر چاوەدێری بابیدا، بە واز و پشتگرییەکی زۆرەوە خوێندن دەسپێدەکا؛ بەڵام هێشتا سێزدە ساڵی تەواو نەکردووە، سێبەری بابی لە سەر نامێنێ و ناعیلاج دەبێ پێڕای خوێندن، کارێک بدۆزێتەوە و ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکا. هەرچۆنێک بووە بە ڕێنوێنی و یارمەتی دۆستانی باوکی، چەندماڵێک پەیدا دەبن کە لە پێناو دەرس‌گوتنەوە بە منداڵانیان، پارەیەکی کەمی بدەنێ.

ساڵی ١٢٨٥ ک. م. کەشەیەکی یووحەننا ناو، لە شاری «ورمێ»وە دەگاتە سنە و لە کلیسای ئەو شارە

دادەمەزرێ. یووحەننا زبانی فارسییەکی وای نەزانیوە و شوێنی کەسێک گەڕاوە فێری فارسی بکا؛ سەعیدی پێ دەناسێنن؛ کە لەم کاتەدا، لە قوتابخانەیەک دەرسی مەلایەتی خوێندووە و مەلا سەعیدیان پێ گوتووە.

ئەم ئاشنایەتییە بەتەواوی چارەنووس و تەنانەت ئایینی سەعید دەگۆڕێ و بەرە و بوارێکی ڕەچاونەکراوی دەبا.

کەشە یووحەننا دوای ماوەیەک، سەعیدی یەکجار خۆش ویستووە و لەگەڵی زۆر دۆستانە جووڵاوەتەوە. هێندێک کتێبی پێ دەدا بیانخوێنێ و بیر و بۆچوونی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. ئەم کتێبانە، ئایینی خاچپەرستییان بانگەشە کردووە و سەعید کە لاوێکی هەژار و بێئەزموون بووە، لە لایەکەوە میهرەبانی و یارمەتی لەبن‌نەهاتووی یووحەننا و لە لایەکی ترەوە، خوێندنەوەی کتێبانی وا جوان و ڕازاوە و باسی دواکەوتوویی موسوڵمانان، وردە ـ وردە بەرەو هۆگری دینی مەسیحی دەبا و نیاز بە خوێندنەوەی ئینجیل، حەزێکی زۆری بۆ فێر بوونی زمانی سوریانی تێدا بەدیدێنێ.

ساڵی ١٢٦٠ ک. هـ.)١٨٨١ ز.) یەک لە میسیۆنیرانی کلیسا، لە هەمەدان، بە ناوی جیمز هاکس ـ کە مامۆستای زبانی فارسیش بووە ـ لە دنیا دەچێ و لە سەعید داوا دەکەن کە بچێ بۆ ئەوشارە و بە جێی ئەو، دەرسی زبانی فارسی بێژێتەوە. سەعید قەبووڵ دەکا و نیوەشەوێک سنە بەجێدێڵێ و دەگاتە هەمەدان. لەوێ پاش ماوەیەک، دینی مەسیح وەردەگرێ و هەروەها ئینگلیسییەکی باشیش فێر دەبێ و وەکوو بەردەست و وەرگێڕی دوکتور ئەلیکساندر، کار دەستپێدەکا و وردە‌ـوردە وازی ئەچێتە سەر بژیشکی و بڕیار دەدا هەرچۆنێک بووە، فێری ئەو زانستە ببێ.

سەعید پاش ماوەیەک ئەچێ بۆ تاران و میسیۆنیرانی ئەوشارە، زۆر بە گەرمی دەوری دەگرن و هێندەی ڕێز لێ دەنێن، بە تەواوی لەسەر دۆستان و ئایینی تازە، دڵگەرمی دەکەن.

بەهاری ساڵی ١٢٦٦ ک. هـ.)١٩٠٧ ز.) دوکتور ئەلیکساندر لەگەڵ خۆی ئەیباتەوە بۆ هەمەدان و پاش ساڵێک دەستی ئەنێتە نێو دەستی «ڕیبکا»ی کچی کەشە سیمۆن. داهاتوو دەریخست کە ڕیبکا چەند بۆ سەعید، هاوسەرێکی دڵسۆز و بەئەمەگ بووە و چۆن تا دواکاتی ژیانی، لەگەڵی بە خۆشەویستییەوە هەڵیکردووە.

سەعید بە ڕاهێنان و لە ژێر چاوەدێری ئەلیکساندردا، کەم ـ کەم فێری بژیشکی دەبێ و سەردانی نەخۆش دەکا و هاوکات، کتێبانی کۆن و نوێ لەمەڕ ئەو زانستەوە دەخوێنێ و تا ڕادەیەک چاوی تێدا دەکرێتەوە.

ساڵی ١٢٧٠ (١٨٩١ ز.) سەفەرێک بۆ شاری ورمێ دەکا و کە دەگەڕێتەوە هەمەدان، دەبینێ ئەلیکساندر خۆی وەنیشتە کردووە و دەستی لە کار کێشاوە و دەرکی دەرمانخانە داخراوە. لەسەر داخوازی خەڵک، ڕەزا دەدا کە تا هاتنی دوکتورێکی تر لە ئەمریکاوە، دەرمانی نەخۆشان و گەڕاندنی دەرمانخانە بگرێتە ئەستۆی خۆی و بە تێکۆشانێکی لە ڕادەبەدەر، شان ئەداتە ژێر هەموو کار و ئەرکی نەخۆش بینین و

دەرمان درووستکردن و تەنانەت پەرستاری و کێشک کێشان و سەردانی شەوانەی نەخۆشان.

ساڵی ١٢٧٢ (١٨٩٣ ز.) دوکتور هاڵمز لە ئەمریکاوە دەگاتە هەمەدان و سەعید کە لەم کاتەدا دوکتور سەعیدیان پێ گوتووە و ١٢ ساڵ بووە کە لەوپەڕی دروستکاریدا، وەکوو مامۆستای زبانی فارسی، بەردەستیی دوکتور و سەرەنجام دوکتور، خزمەتی کردووە، لە میسیۆنیری دەس‌دەکێشێ و هێندێک پارە لە دۆستانی قەرز دەکا و دەچێ بۆ وڵاتی سوێد و ڕۆژی نوهەمی مانگی حەوتی ساڵی ١٨٩٣ ز. دەگاتە ستوکهۆڵم و پاش لادانێکی کورت، دەڕواتە شاری لەندەن لە بریتانیا.

دوکتور سەعید ماوەی دوو ساڵ لە لەندەن، لەگەڵ بژیشکێکی ناسراوی ئەوێ، بەناوی دوکتور وارن، کار دەکا و ئەو دوکتورە بۆ خوێندنی باڵا، یارمەتییەکی باشی دەدا و سەرەنجام دوکتور سەعید، دەورەی پسپۆڕی لەشکاوی و فیزیۆلوژی لە زانستگای «کوک»ی لەندن تێپەڕ دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێک لە کاتی ڕۆژ، دەرمان‌سازی و میکرۆب‌ناسی دەخوێنێ و بەوەندەشەوە ناوەستێ و پسپۆڕی بژیشکی چاویش وەردەگرێ و لە کۆتاییدا ئەچێتە نەخۆشخانەی «سەن‌جۆرج» و پسپۆڕی لە نەخۆشییەکی تایبەتی وڵاتانی گەرمەسێریش دەستێنێ و پاش دووساڵ و نیو، ساڵی ١٢٧٤ ک. ه.)١٨٩٥ ز.) دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و لە هەمەدان، لەگەڵ بنەماڵەکەی یەک دەگرنەوە و سەردان و دەرمانی نەخۆشان، دەسپێدەکاتەوە.

بەهاری ساڵی ١٢٨١ (١٩٠٢ ز.)، جارێکی تر دەچێ بۆ بریتانیا و دەبێتە ئەندامی «پولی‌کلینیک»ی لەندەن و لەسەرڕا ئەکەوێتەوە خوێندنی تاقم ناسی و میکرۆب ناسی و نوێ کردنەوەی زانستی بژیشکی چاو. هەروەها ئەو هەلەی بۆ دەرەخسێ کە بە هۆی دۆستی لەمێژینەیەوە (دوکتور پاتریک)، چاوی بە دوکتور هانس، دۆزەرەوەی باسیلی خۆرە بکەوێ و هێندێک زانیاری لەمەڕ ئەو نەخۆشییە تووش و حەستەمەوە دەسکەوێ. ئەم سەفەرەشی، ساڵێکی خایاندووە.

دوکتور سەعید خان ساڵی ١٢٨٤ ک. م. (١٩٠٥ ز.) لە هەمەدانەوە کۆچ ئەکا بۆ تاران و تا ساڵی ١٢٩١ (ماوەی حەوت ساڵ) دەمێنێتەوە. لەو ساڵانەدا، نەخۆشان لە هەموو لایەکەوە، ڕوویان لە مەحکەمە و ماڵی کردووە و دا و دەرمانی خۆیان وەرگرتووە. پاشان لەسەر داوای «وکیل‌ُالمُلک»ی کوردستانی و سەید نەجمەدینی «هەمرۆڵە»، لە دوای سی ساڵان دووری لە نیشتمان، ئەگەڕێتەوە بۆ شاری سنە. چەند ڕۆژێکیش ئەچێ بۆ گوندی هەمرۆڵە و لەوێوە بە داخوازی سانانی هەورامان، سەفەرێکی ئەو ناوچە دەکا و لەوپەڕی میهرەبانی و دڵفرەوانیدا، بەبێ ئەوەی شتێ لە کەسێ گڵ‌بداتەوە، پێیاندا ڕادەگا و نەخۆشیان دەرمان دەکا. دوکتور سەعید لەو سەفەرەیدا دوو مانگ و نیوی پێ‌چووە و ئەوجار گەڕاوەتەوە.

لە کوودەتاکەی ساڵی ١٢٩٩ ک. ه.)١٩٢٠ ز.)، ماڵی دوکتور لە تاران بووە و لەگەڵ ئەو هەموو بشێوە و ئاژاوە و بێ‌قانوونییەدا، بەو بۆنەوە کە هەموو چینێک خۆشیان‌ویستووە و ڕێزیان‌لێ‌گرتووە، گەزنێکی لێ نەکەوتووە.

هاوینی ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦ ز.)، لە وەرامی بانگێشتنی خەڵکدا، جارێکی تر ئەچێتەوە بۆ سنە و سەردەمێک لە ناو هاوشارییەکانیدا، سەرقاڵی سەردان و دەرمانیان دەبێ.

دوکتور سەعید خان هاوینی ساڵی ١٣١٦ (١٩٣٧ ز.) دیسان دەگەڕێتەوە هەمەدان. لەو بەینانەدا، ڕۆژێک دوو چەکداری شارەوانی دەچنە سەری، دەیگرن و دەیبەن. دوایی دەردەکەوێ کە هۆی ئەو گرتنە، دۆزینەوەی چەند نامەیەکی دۆستانە بووە کە بۆ سەرۆکێکی عەشایری کوردستانی نووسیوە. دوکتور پێیان ڕادەگەیەنێ کە: ئەمن قەت کارم بە سیاسەتەوە نەبووە و نابێ؛ بەڵام خەڵکی کوردستان ـ کە هاونەژادی منن ـ بۆ دەرمانیان دێن بۆ لام و ئەمن وەکوو بژیشکێک لەسەرمە ئەوی لە دەستم دێ، بیکەم. دیارە ئەوانیش بە نامە یان هەر شێوەیەکی تر بووە، خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕن و منیش دەبێ جوابیان بۆ بنووسمەوە.

هەرچۆنێک بووە، دوکتوریان سێ مانگ و نۆ ڕۆژ لە زیندان ڕاگرتووە و کە ئازادیان کردووە، چیتر نەچۆتەوە مەتەب و بە نیازی خوێندنەوە و کتێب نووسین، لە ماڵ دانیشتووە؛ بەڵام نەخۆشان ڕێگای ماڵیشیان دۆزیوەتەوە و ئەویش تا پێی‌کراوە، دەستی بەڕووی کەسەوە نەناوە و بۆ دەرمانیان تێکۆشاوە.

ساڵی ١٣١٨ ک. ه.)١٩٣٩ ز.)، هاوسەری خۆشەویستی (ڕیبکا)، ماڵاوایی یەکجاری لێ دەکا. ئەم ڕووداوە بۆ دوکتور سەعید، بە تەمەنی زۆر و لەشی نەخۆشەوە، یەکجار گران بووە و تەواو پەکی پێ خستووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٦١ ک. م. (١٩٤٢ ز.) لە ماڵی خۆی لە هەمەداندا، دنیای بەجێ‌هێشتووە.

دوکتور سەعید خان خاوەن ڕۆحێکی بەرز و دڵێکی بەرفراوان و یەکجار میهرەبان بووە. بۆ یارمەتی هەژاران و داماوان، قەت خۆی نەگووشاوە و دریغی نەکردووە. لەگەڵ هاو زمانان و هاو شارییەکانیدا، بە کوردییەکی پوخت و بێ‌گرێ و لەوپەڕی هاودڵی و یەکڕەنگیدا، قسەی کردووە و جووڵاوەتەوە. یەکجار زەین تیژ و بیر قووڵ و خاوەن هەست بووە و قسەی کەسی تا ورد نەکردبێتەوە و ڕاستییەکەی بۆی دەرنەکەوتبێ، وەرنەگرتووە. بۆ خوێندنەوەی ئینجیل و سەرلێ‌دەرکردنی، زبانی عیبری باش فێر بووە. عەرەبیشی زانیوە و جاروبار شیعریشی داناوە و نازناوی «پیرووز»ی هەڵبژاردووە. کتێبە شیعرێکی بە زبانی کوردی هەورامی، بە ناوی «نزانی» هۆنیوەتەوە؛ کە ساڵی ١٣٠٩ ک. ه.)١٩٣٠ ز.) لە چاپی داوە.

طیب محبوب، وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: ج. رسولی، دکتر آلن، چاپی تاران.

مەلا ئەحمەدی فەوزی

مەلا ئەحمەد، کوڕی حاجی عەلی، نازناو «فەوزی»، لە هەڵەبجە هاتۆتە دنیا و دوایی بەرەو موکوریان چووە و لە گوندی «کولیجە»ی سەر بە مەهاباد، قوتابخانەیەکی گەڕاندووە.

شاعیری بەناوبانگی کورد، مامۆستا هێمن، لە سەرەتای لاوییەوە، لە کولیجە لای مامۆستا فەوزی خوێندوویە و زۆری لێ بەهرە بردووە و وەک لە پێشەکی «*تاریک و ڕوون*»دا ئێژێ:

«دەبێ بڵێم من دەسکردی فەوزیم. ئەو هەڵیوەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە ... ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێبەش و چارەڕەش و زۆرلێکراوە و دەبێ ڕۆڵەکانی لە پێناوی ڕزگارکردنیدا، فیداکاری بکەن ... ئەو فێری کردم چۆن بنووسم و چۆن شیعر بڵێم ... ئەو حاڵی کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو و دەوڵەمەندە ... کەم وابوو لەسەر کتێب دەرسم پێ بڵێ؛ دوڕ و گەوهەری نایابی لە دەریای قووڵ و بێبنی زانستی خۆی دەردێنان ... بەڕاستی مامۆستا و شاگرد نەبوین، پیر و مورید بووین. من تا ڕادەی پەرەستین، ئەوم خۆش دەویست ...

فەوزی بە بڕوای من، یەکێکە لە گەورەپیاوانی مێژووی کوردستان ... پێشەوا قازیموحەممەدی شەهید، شانازی بەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە.

فەوزی زانایەکی گەورە، ئەدیبێکی کەموێنە، کوردێکی پاک و بێباک بوو؛ بەڵام شاعیرێکی باش نەبوو. بیرێکی تیژ و وردی هەبوو؛ ئەمما تەبعەکەی ئەوەندە ڕەوان نەبوو بتوانێ بیخاتە ناو چوارچێوەی شیعری عەرووزییەوە؛ ئەودەمیش شیعری سپی نەببووە باو ... مامۆستا غەزەلێکی حافزی تەخمیس کردبوو کە لە ناو شیعرەکانیدا پەسندم کردبوو. ئەوەش بەندێک لەو تەخمیسەیە کە بە بڕوای من وەستایانەیە:

گهی شوی ز امیران پادشه محسوب
گهی وزیر و به درگاه پادشه محبوب
گهی شوی به سر دار ناگهان مصلوب

به چشم عقل در این رهگذار پُر آشوب
جهان و کار جهان بی ثبات و بی محل است»

مامۆستا هێمن، ساڵی کۆچی دوایی فەوزی ١٣٢٢ ک. ه./ ١٣٦٢ ک. م. (١٩٤٣ ز.) گوتووە؛ کەچی خاوەنی *مێژووی ئەدەبی کوردی*، ساڵی ١٩٢٣ ز. (١٣٤٣ ک. م.) نووسیوە و گوتەی مامۆستا هێمن لە ڕاست نزیکترە.

ئەمەش غەزەلێکی کوردی فەوزی کە لە شینی مەلا قادری جاف، کوڕی مەلا موئمیندا ـ کە ساڵی ١٣٢٦ ک. م. لە دنیا چووە ـ گوتوویە:

دیده از هجر دوست شد بی‌نور — جان و تن از وفات او رنجور
گاه در بحر اشک غرقه به خون — گه ز فریاد و ناله دل پر شور
حسرت و آه در دل افزون شد — که عدو شد ز مردنش مسرور
در بیابان هجر او دائم — می کنم ناله با دل مکسور
آنکه او بهر مغلقات علوم — حیدری بود در جهان مشهور

ولَــــد حیـــدر و حبیـــب الـــه | مُتَّقـــی همچـــو قاســـم و طیفـــور
هـــاتفی در وفـــات او ناگـــاه | قـــالَ تـــاریخُ مَوتِـــه «مَغفـــور»[1]

پێـشەکی *تاریک و ڕوون*، دیـوانی هـێمن. میـژووی *ئەدەبی کوردی*، ل ٥٤٩. *یادی مەردان*، ب٢، ل٥٢٦.

سەید موحەممەد ڕەئووفی سائیب

سەید موحەممەد ڕەئووفی سائیبی حوسەینی، کوڕی سەید عەبدوڵڵا، کـوڕی حـاجی شـێخ موحەممـەد، کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی حوسەینی، لە گوندی «لۆن سادات»ی ناوچەی بێڵەوار هاتـە دنیـا و هـەر لـە سەردەمی تازە لاوییەوە خوێندنی دەسپێکرد و زبانی فارسی و عەرەبی و زانستە دینییەکان باش فێـر بـوو. ئەوجار دەوری ساڵی ١٣١٠ ک. هـ.)١٩٣١ ز.)، لە شاری سنەدا ئیجازەی وەرگرت و گەڕاوە زێدی خـۆی و ژنی خواست و هێندێک لەودوا بوو بە مامۆستای گوندی «ئەلەک»ی لای کامیاران.

سەید موحەممەد ڕەئووف لەو گوندە جار و بار فەقێشی ڕادەگرت؛ بەڵام هەڤـیازی گـەورەی ئـەو مامۆسـتایە، پارێزکاری و دینداری و لەگەڵ هەژاریدا، بێنیازی بوو. شەوان کەمتر دەنووست و بـە عیبـادەت و خوێندنـەوەی تەفسیر و حەدیس و فیقهی ڕۆژ دەکردەوە. بۆ بەجێهێنانی سوننەتی پێغەمبـەر (د)، زۆری تێدەکۆشـا. کـەمتر قسەی دەکرد و زۆرتر خەریکی زیکر و فیکر و قورئان خوێندن دەبوو. ئەگەر ناوی پیرۆزی پێغەمبەر (د) ببردرایە، ڕەنگی دەگۆڕا و لە حاڵی ئاسایی دەردەچوو؛ لەڕاستیدا فەنا فی ڕەسوول بوو. بە ژیانێکی نەمر و نەژی ڕایبوارد و بە نەخۆشی کۆتایی هات و دەوری ساڵی ١٣٦٢ ک. م. بەر ڕەحمەتی خودا کەوت.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

موحەممەد ئەمینی کانیمشکانی (نەوید)

شێخ موحەممەد ئـەمین لـە شـێخانی کانیمـشکان، مامۆسـتایەکی هێـژا و پارسـا و دەمپـاراو، باڵابـەرز و کەڵەگەت، بەڕیشێکی سپی و پڕەوە، ساڵی ١٣٦٢ ک. م. لە شاری سنە کۆچی یەکجاری کرد.

ئەمن، وەک لەبیرم بێ، دوو جار چاوم بەو خوالێخۆشبووە کـەوت. یەکـەم جـار سـاڵـی ١٣١٩ ک. هـ. (١٩٤٠ ز.) بوو کە بۆ دیتنی بابم هاتبوو. جاری دووهەم لە میوانییەکدا بوو کە شێخ شوکروڵای ڕەحمـەتی، ئیمام جومعە و وتاربێژی ئەودەمی شاری سنە، هەموو زانایان، مامۆستایان و فەقێیانی بـۆ بـاخی «وێـڵە» لـە ڕۆژهەڵاتی باشووری شار، بانگێشتن کردبوو؛ شێخ موحەممەد ئەمینیش هاتبوو، ژمارێک لـە قوتابییـانی لـە

---

١. بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣٢٦ ک. م.

پالێک، بە دەوری خۆدا کۆ کردبۆوە و لە بارەی هێندێک وشەی تایبەتەوە کە لە یارییەکی باوی فەقێیاندا دەگوترێنەوە، بە تام و لامەوە قسەی دەکرد و داستانێکی لەو بارەوە دەگێڕاوە. داخەکەم ئێستا هێچم لەو قسانە لەبیر نەماوە؛ بەڵام وەک لەودوا بیستم، کتێبێکی لەمەڕ یارییە ڕەواکانەوە نووسیوە و تێیدا یەک بە یەک کایەکانی ناساندووە و بەوردی، چۆناوچۆنی داب و دەستووری هەرکامیانی شی کردۆتەوە.

خوا لێ خۆشبوو شێخ موحەممەد ئەمین لە قوتابخانە و مزگەوتی «ڕەشی قەڵابەگی»دا دەرسی دەگوتەوە و ڕیازی و هەیئەتی زۆر باش دەزانی.

بیرەوەرییەکانی نووسەر.

جەلیزادەی کۆیی

مەلا موحەممەد ئەفەندی، کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی، زانایەکی تۆژەر لە بنەماڵەی جەلیزادە، ساڵی ١٢٩٧ ک. م. لە شاری کۆیە هاتە دنیا و لە ژێر چاوەدێری بابیدا ڕاهات و خوێندی. هێشتا هەژدە ساڵان بوو، بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی سرشتی و حەولدانی بێوچانەوە، هەموو خوێندنی باوی ئەو سەردەمانەی تەواو کرد و ئیجازەی وەرگرت و پێڕای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و نووسین، دەرس گوتنەوەشی دەسپێکرد.

مەلا موحەممەد، دوای کۆچی دوایی بابی (١٣٢٦ ک. م.)[١]، کەسناوی «رئیس العُلماء»ی پێ درا و ساڵی ١٣٣٩ بوو بە قازی کۆیە و پاشان چووە نێو کۆڕی دانەرانی دەستووری عیراقەوە. دوای ئەوەش چەند جاران وەکوو نوێنەر، کرایە ئەندامی پارلەمانی بەغدا؛ بەڵام ساڵی ١٣٤٧ ک. م. لە هەموو کارێکی ڕەسمی دەستی کێشا و کات و ساتی خۆی بۆ تۆژینەوە و دەرس گوتن، تەرخان کرد.

موحەممەد ئەفەندی مرۆیەکی شاعیر و وێژەوان بووە و زۆربەی شیعرەکانی ئامۆژگاری و بانگەوازە بۆ پێکەوبوون و لەبەرچاو ڕاگرتنی مافی هەموانی.

لە کتێبەکانی:

١. *المعقول فی علم الاصول*

٢. *القائد فی علم العقاید*

٣. *أبهی المآرب فی إثبات الواجب*

٤. *کَشْفُ الأَستارُ فی مَسْأَلَة الاخْتیار*

٥. *الاله و الطَّبیعَةُ و اَلعَقْلُ و النُّبوَّةُ و المعْجزاتُ و الکرامات*

٦. *اَلمَشاهد عَلَی طِراز المَواقِف وَ اَلمقاصد*

---

١. *الاعلام* ساڵی ١٢٩٨ ک. م. نووسیوە.

٧. *اَلْحَدْسُ سُلَّمُ الارْتِقاء*

٨. *غایتی و أملی فی عِلْمی و عَمَلی*

٩. نامیلکەی *«حقیقت اسلام»*

١٠. نامیلکەی *«حقیقت ایمان»*

١١. *خرابُ العالَم*

١٢. عەقیدەی ئیسلامی بە زمانی کوردی

١٣. دیوانی شیعر ی کوردی

١٤. داستانی کوردی «خەون و کەرامەت»

١٥. فڕیفڕی، قەلفڕی

مامۆستا هەروەها هێندێک کتێبی لە ئوسوول و مەنتیق و حیکمەت و ئەدەبیاتدا نووسیوە کە زۆربەیان لەچاپ دەرچووە.

ئەم زانا هێژایە، ساڵی ١٣٦٢ ک. م. لە شاری کۆیە، گیانی پاکی بە خودای تاک ئەسپارد.

عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین، ل٥٣٤. *الاعلام*، زرکلی، ب٧، ل١٢٤.

شێخ باباڕەسوولی بەرزنجی

زانای پایەبەرز، شێخ باباڕەسوول، کوڕی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ سەمەد، کوڕی شێخ سلێمانی بەرزنجی، ساڵی ١٣٠٣ لە گوندی «بیدن»ی لای سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی لە زێدی خۆی و هەڵەبجە و قزڵڕوبات و سلێمانی بووە و لە بیارە تەواوی کردووە و لای مەلا قادری مودەڕڕیسی بیارەیی، ئیجازەی وەرگرتووە. پاشان شێخ نەجمەدینی کەوکەبی عوسمانی تۆبەی داداوە و چۆتە نێو تەریقەتی نەقشبەندییەوە. تا ساڵی ١٣٣٧ ک. م. کە مورشیدەکەی کۆچی یەکجاری کردووە، لە سووچی خانەقای بیارەدا خەریکی سیر و سولووک بووە و جاروبارەش دەرسی گوتووە.

ساڵی ١٣٣٨ ک. م. مەلا قادریش دنیا بەجێدێڵێ و مورشیدی ئەو سەردەمەی بیارێ (شێخ عەلائەدین)، بۆ دەرس گوتنەوە لە مەدرەسەکەیدا، بانگی دەکا؛ بەڵام دوو ساڵی زیاتر نامێنێتەوە و چەند ساڵێک دەبێتە مامۆستای قوتابخانەی «سۆڵە» و چەند شوێنی تر و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٦ ئەڕواتە مەدرەسەی «عەبابەیلێ» و تا دواکاتی ژیان (١٣٦٢ ک. م.)، لەوێ ئەرکی دینی و زانستیی خۆی جێبەجێ دەکا و بەهرەی بە کەسانێکی زۆر دەگا.

شێخ باباڕەسوول زانایەکی هەڵکەوتە و گۆشەنشینێکی خاوەن حاڵ و جەزبە بووە و بە فارسی و جار ـ جار کوردیش شیعری گوتووە و نازناوی «مەلوول» و «بابا»ی هەڵبژاردووە. وەک مەلا کەریم دەفەرموێ، هێندێک

نووسراوەشی لێ بەجێ ماوە.

ئەوا دوو غەزەلی کوردی و فارسی بابا:

ناتیقەی حاڵی وەتەن، دەرسی وەتەن تەقریر ئەکا / کاتبی دڵ حەرفەکانی یەک‌بەیەک تەحریر ئەکا
گفت‌وگۆیێکی خوەش و پڕمەغزە دایم دێتە گوێم / وا ئەزانم هاتیفێکی غەیبییە تەفسیر ئەکا
پێم ئەڵێ بۆ غەم ئەخۆی، سوڵتانی سەیاسی وەتەن / هەر بە قانوونی مەحەببەت دوژمنی تەسخیر ئەکا
عاقیبەت میعماری فیکری ئیتتفاقی قەومی کورد / «دارُالإحسان»ی بیلادی کوردەکان تەعمیر ئەکا
سیلسیلەی کاکۆڵی ئاڵۆزاوی مەحبووبی وەتەن / وابزانە زووبەزوو وا عاشقی زەنجیر ئەکا
خزمەتی خاکی وەتەن، فەرزێکی عەینە بۆ هەموو / داخڵی ئەم حوکمەیە، کێ فەرقی جوان و پیر ئەکا
زوڵمەتی جەهل ئەرچی زۆری سەندووە باکت نەبێ / نووری عیلمی عالمێکە، عالەمێ تەنویر ئەکا
هەرکەسێ فیکری مەزاری باوک و باپیری هەبێ / بۆ بەقای ئیعزازی خاکی خۆی چلۆن تەقسیر ئەکا؟
پیاوی دانا دائیمەن نەفعی عوموومی مەتڵەبە / جاهیلی ناپیاوە هەر بۆ نەفعی خۆی تەدبیر ئەکا
لووتی وەرچەرخان لە شووشەی پڕ گوڵاوی شیعری من / مونیکری ئاساری کوردی بۆنی پیاز و سیر ئەکا
کەعبە کەچنابێ بە کوردی بەحسی کوردوستان ئەکەم / پێ بڵێن واعیز بە تورکی بۆچی من تەکفیر ئەکا

* * *

من گوی بلادیدەی چوگان فراقم / حیران و سراسیمەی میدان فراقم
از حال من شیفتە جانا خبرت نیست / عهدیست کە در گوشەی زندان فراقم
تو فارغ و آسودە و سرمست وصالی / من ساکن ویرانەی کنعان فراقم
تو ساقی بزم حضر یار، ولی من / دُردی‌کش میخانەی هجران فراقم
از یوسف خود دورم و محروم عزیزا / ماتم‌زدەی کلبەی احزان فراقم
عمری است گرفتارم و رنجور و پریشان / سودازدە و بی سر و سامان فراقم
پروانەی بی‌بال و پرم از اثر هجر / شبهاست کە من شمع شبستان فراقم
می‌نالم و این سوز نهان می‌کنم اظهار / دل سوختەی آتش سوزان فراقم
از نام و نشانم خبر ار هست و گر نیست / «بابا»ی جفادیدەی حرمان فراقم

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل١١٦ تا ١٢٠. *یادی مەردان*، ب٢، ل ٥٩١ تا ٦١٧.

غەیاسەدینی نەقشبەندی

کوڕی گەورەی شێخ بەهائەدینی ئامێدی و لەدایک‌بووی ساڵی ١٣٠٧ ک. م. ها لە ڕیزی پیاوە

ناسراوەکانی بواری زانیاری و ڕامیاری لە کوردستاندا کە شارەزای زۆربەی زانستەکان بووە و ئیجازەی لە دەستی مامۆستای بەناوبانگ، شوکری ئەفەندی، موفتی ئامێدی ساندووە.

غەیاسەدین شاعیر و وێژەوانیش بووە و بایەخێکی زۆری بە زمان و نەتەوەی خۆی داوە و چەند دەورە لە پارلەمانی عیراقدا، لە لایەن خەڵکی باکوورەوە، وەک نوێنەر هەڵبژێردراوە و هەر لەو سەردەمەدا، ساڵی ١٣٦٣ ک. م. لە بەغدا، ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە.

الاکراد فی بهدینان، ل ٢١١.

فایق بێکەس

کوڕی عەبدوڵلا بەگ، خەڵکی سلێمانی، ساڵی ١٣٢٠ ک. م. هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی دەسپێکرد و لە یانەی زانستی (دارُالعُلوُم) بەغداوە سەری دەرهێنا و عەرەبییەکی چاک فێر بوو؛ هێندێکیش لە ئینگلیسیدا چاوی کرایەوە. ئەوجار دامەزرا و لە چەند شوێنانی وەکوو سلێمانی و «حیللە» دەرسی‌گوتەوە.

بێکەس هەر بە منداڵی هەتیو کەوتووە و دایک و باوکی مردووە. بۆخۆشی هاوڵەی لێ کەوتووە و چاوێکی کوێر کردووە. دواجاریش کە پێگەیشتووە، لەبەر ڕاستبێژی و کۆنەکردنەوە لە کەس و هەروەها هێندێک لاقەیدی، زۆرێک گیر و گرفت و چەوتی و چەڵەمەی تووش هاتووە و بەو بۆنەوە کە مرۆیەکی گوێنەدەر و سەرپەتی بووە، لە کەس و کاری خۆیشی خەیر و خۆشییەکی نەدیوە و ناچار پشتی لە هەموان کردووە و وێدەچێ بەو بۆنەوە نازناوی «بێکەس»ی بۆ خۆی داناوە.

شیعری بێکەس زۆرتر ڕەخنەیە لە درۆ و دووڕەنگی، ئاماژەیە بە کەم و کووڕی و گەندەڵی کۆمەڵگا و باسی نیشتمانی. ئەم شاعیرە هەموو شێوە شیعرێکی هۆنیوەتەوە و لەم بارەوە، خاوەن زەوق و لێهاتوویەکی باش بووە.

بێکەس ساڵی ١٣٦٣ ک. م. لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو شارەیان ناشتووە.

چەند شیعری فایق بێکەس:

ئەی مانگ! من و تۆ هەر دوو هاودەردین
هەر دوو گرفتار یەک ئاهی سەردین

تۆ وێڵ و ڕەنگ‌زەرد بە ئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بە شارانەوە

دەخیلتم ئەی مانگ! قیبلەی دڵداران
دەرمانی دەردی دڵی بیماران

شەوێکە ئەمشەو بگەرە فریام
بێ یار و هاودەم عاجز و تەنیام

دڵزار و بێزار خەیلێ غەمگینم
گیرۆدەی داوی لەیل شیرینم

دڵبەندی عەشقی ئەو بەڵەک‌چاوەم
شێت و شەیدای ئەو ئەگریجە خاوەم

لەو ساوە ئەوم کەوتوتە خەیاڵ
گریانە پیشەم، بوومە کۆی زوخاڵ

ئەی مانگ! تۆ شوعلەی عەشقی پیرۆزی
تۆ نەشئەبەخشی دڵی بەسۆزی

قەسـەمت ئـەدەم بـە عەشـق و جـوانی
بـــە نەســـیمەکەی بـــەری بـــەیانی
بەسـەرهاتی خـۆت بـۆ مـن بـەیان کـە
دەردی گـــرانم نـــەختێ ئاســـان کـــە
دوچـــاری چـــی بـــووی وا پەشـــێواوی؟
لەبـــەرچی پەســـت و مـــات و دامـــاوی؟
پـێم بـڵێ توخـوا چـەن جوانانـت دی؟
چەن جووتە یـاری دەس لـەملانـت دی؟
چـــەن کـــۆڕی بـــەزمی عاشـــقانت دی؟
چەن قەوم و میللەت، چەن شـارانت دی؟
چـــەن کفـــنی ئاڵـــی شـــەهیدانت دی؟
چـــەن بـــێکەســـانی پەرێـــشانت دی؟
چـــەن دەربـــەدەر و مـــاڵویرانـــت دی؟
چـــەن چـاوی ســووری بـــەگریانت دی؟
ئەی مانگ! ئەونده سەیری دونیـات کـرد
ســـەیری نفـاق و زوڵـــم و ڕیـــات کـــرد
تـــاوا بـــەم ڕەنگـــە کـــاری لـــێ کـــردی
ڕەنـــگ و شـــوعووری بـــەجارێ بـــردی

* * *

ئەی وەتەن! مەفتوونی تۆم و شێوەتم بـیر کەوتـەوە
وەختی بەدبەختی و ئەسارەت پێ بە بەندی کۆتـەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تـێنەگـەی
حەپس و تێهەڵدان و زللەت تۆی لە بـیر بردۆتـەوە
بـەو خوایـەی بـێشـەریک و لامـەکان و واحیـدە
عـەشـقی تـۆ جـۆرێ لـە دڵـما ئـاگری کردۆتـەوە
ئـاگرێکی وا هـــەزار ســاڵ ئـاوی بڕژێنیتـــە ســـەر
قەت گـڕ و کـڵپە و بڵێسەی تـا ئەبـەد نەکوژێتـەوە
باسی مەحزوونی و کەساسی خوەت نەکەی تۆخوا وەتەن
چونکـە بـەو باســە بـرین و زامەکـــەم ئەکولێتـــەوە
ماتـەمینی تابەکـەی؟ دەی پێکەنـە و سـەر هەڵـبڕە
موفتەخـــەر بـــە، شـــوهرەتت وا عالـــەمی گرتۆتـــەوە
نەگبـــەتی لاچـــوو، ســـەعادەت بۆتـــە پـــشتیوانی تـــۆ
کەوکەبی بەخت و فریـشتەت بـەرزە ئەدرەوشـێنەوە
گـەرچی بەینێکـە زەلیـل و دیلـی دەسـتی زاڵـمی
نەوبـــەتی شـــادیتە، ئـــەمجا ناحـــەزت لێـــکبێتـــەوە
بەسیە تەعنـەم لـێ مـەدە هـەر ڕۆڵـەکەی جـارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتاکوو دەست و پێم ئەکرێتـەوە

شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوشمنت پەتکەم، وەکوو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە

پرسیار و وەرام:

تۆ چیت؟ من گوردم، نەتەوەی کوردم — خۆ ترسنۆک نی؟ نەخەیر، نەبەردم
چی تۆی زەبوون کرد؟ دوو دڵی و نیفاق — چون ڕزگار ئەبی؟ هەر بە ئیتفاق
بڵێ چیت دەوێ؟ بەرزی وەتەنم — بەخۆڕایی؟ نا! بە گیان و تەنم
کوا چەکت چییە؟ سەودای ولاتم — ئەی پشتیوانت؟ عەزم و سوباتم
چیت لەبارایە؟ خۆ بەختکردن — بۆچی؟ لە ڕێگەی میللەتا مردن
ڕاستت پێ بڵێم؟ فەرموو، گوێم لێتە — بەواتەم ئەکەی؟ سەرم لەڕێتە
بە ڕاستی و پاکی هەوڵ و تێکۆشین — لە کورتی و کینە و درۆ چاوپۆشین
ئەمانەت نەبێ، کارت زۆر لەقە — بەشت هەمیشە سۆکیە و شەقە

* * *

دڵێ لە خۆیا دایم تەڕ نەبێ — سەرخۆشی بادەی ڕووی دڵبەر نەبێ
مەفتوونی باڵای قەد عەرعەر نەبێ — لە ڕاز دڵداری باخەبەر نەبێ
سا، خوا ئەو دڵە دایم پەستی کەی
دڵێ هێلانەی عەشقی یار نەبێ — بە تیری نازی بریندار نەبێ
کوشتەی ئەو دیدەی پڕخومار نەبێ — بە جامی شەراب نەشەبار نەبێ
سا، خوا ئەو دڵە دایم پەستی کەی

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی.

ساڵح زەکی بەگی ساحیبقەران

کوڕی عوسمان بەگ، کوڕی داود بەگ، کوڕی عومەر بەگ، کوڕی ئەحمەد بەگی گەورە، لە بنەماڵەی بەناوبانگی ساحیبقەران و پیاوە ویژەوان و ڕامیارەکانی کوردستانە کە چەند مەقامی بەرزی لە عیراقدا بە دەستەوە بووە و زۆر خزمەتی بەنرخی سیاسی و ئەدەبی بە کورد و کوردستان کردووە.

ساڵح زەکی بەگ کتێبێکی لەمەڕ بارودۆخی مێژوویی و جوگرافیایی کوردستانەوە، بە کوردی و عەرەبی و ترکی، لە ساڵی ١٣٤٤ ک. م. بڵاو کردۆتەوە و دوایی ساڵی ١٣٦٣ ک. م. سەری یەکجاری ناوەتەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ.

مەلا مەحموودی جوانڕۆیی

ساڵی ١٣٠٠ ک. م. هاتۆتە دنیا و دوای بەسەرچوونی سەردەمی منداڵی، خوێندنی دەسپێکردووە و لە زۆر قوتابخانەی کوردستاندا خوێندوویە و سەرەنجام ساڵی ١٣٣٠ ک. م. لە شاری کەرکووک، لای عەللامە عەلی حیکمەت ئەفەندی ئیجازەی وەرگرتووە. ئەوجار گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵات و لە گوندی «بالک»ی لای مەریوان، ماوەی ١١ ساڵ دەرسی‌گوتۆتەوە و لە پاش ئەوە، چۆن بووە، لە بالک باری کردووە و چۆتە گوندی «دەرەتفێ» و تا دواکاتی ژیان (١٣٦٣ ک. م.) لەوێ ماوەتەوە و خزمەتی کردووە.

مەلا مەحموود مرۆیەکی زانا، نووسەر، لە زبان و وێژەی فارسیدا سەردەرچوو، خۆشنووس، شارەزای ڕیازی و ئەستێرەناسی بووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٥٦٣.

عەبدوڵڵا بەگی هەورامی

کوڕی موحەممەد شەفیع بەگ، لە خانانی عەشرەتی حەسەن‌سانی هەورامانی تەخت، شاعیرێکی باش بووە و شیعری کوردی هەورامی، جوان گوتووە.

ساڵی ١٣٥٠ ک. م. (١٩٣١ ز.) بە فەرمانی ڕەزا شا، زۆرێک لە کەڵەپیاوانی کوردستان و گەورەی هۆزە کوردەکان، گیران و لە شارانی تاران و ئەسفەهان و دامغان و سمنان و ... لە بەندیخانە خران. عەبدوڵڵا بەگیش یەک لەو بەندییانە بوو کە لە زیندانی شاروانی ئەسفەهان، ماوەی دەساڵان توند کرابوو. زۆربەی شیعرەکانی لەو ساڵانەدا داناوە؛ یەکیان:

یاران، هامسەران! ئیمشەو خاوێ دیم   جە زیندان سەخت عەجەو خاوێ دیم
ئازادی وەتەن، هەوارانم دیم   ئێلاخانی چۆڵ، کۆسالانم دیم
وەنەوشەی وەشبۆ چنوور هەردان   ئاما نە خاوم، پەی دەوای دەردان
چەنی هامسەران نشستە بیم شاد   بە کەیف و ئاهەنگ غەم مەدام وە باد
گۆش وە سەدای ساز، چەم وە نگاوە   جە قاوەخانەی کەمالاواوە
لێو بە پیاڵەی عەقێق‌ڕەنگەوە   گاهێ پڕ بە شەوق، گا بە خەندەوە
جەی عەیش و نشات، جەی خەوی بەتاڵ   زیندانم ئەسڵەن نامان وە خەیاڵ
هەر پاسەم زانان، وێم شەهریارم   چەرخی کەجکردار نەدان ئازارم
پاسەم مەزانا شای خاوەن بەختم   نەزانام مەزڵووم زیندان سەختم

لە کۆتاییدا ئێژێ:

یاڕەب! هەرکەسێ ئەوڕۆش نەهات بۆ   زام زەدەی تەقدیر جە ڕۆوی بسات بۆ

کەشـتی نگیـشنش هـەر سـەرنگوونەن نـە گێجـاوی گـێج ڕوودی جەیحوونـەن
مـۆرەی ئیقبالـش دوو شـەش نـاوەردەن چـەنی بەدبـەختی مامەڵـەش کـەردەن
خــــورد و خـــــوەراکش ژاراوی زەردەن خـاوی شـیرینش هـەر ئـێش و دەردەن
یاڕەب! بـە حاجـەت ڕەسـوولی حـەبیب خــاکی غــەریبیم نەکـــەری نەســـیب

عەبدوڵلا بەگ ساڵی ١٣٦٣ ک. م. لە تەمەنی ٦٧ ساڵاندا، گیانی لە زیندانی لەشی دەرچووە.

پیرشالیار، ل ٥٧- ٥٩.

سەید قیداری هاشمی

ناسـراو بـە «سـیدُالدَّوله»، کـوڕی سـەید عەبـدولقادر، کـوڕی سـەید ڕەسـووڵ، لـە بنەماڵـەی سـەیدە ناودارەکانی«سۆڵە»ی سەر بە ساداتی بەرزنجەیـە کـە ساڵـی١٣٠٠ ک. م. لـە گونـدی «دەوڵـەتاوا»ی لای ڕوانسەر هاتۆتە دنیا و ١٣٦٣، هەر لەوێ لە دنیا چووە.

کەسانی ئەم بنەماڵە، ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەرباشقەی زانـست و عیرفـان و ڕێبەری تەریقەتی قادری بوون.

«سیدُالدَّوله» پیاوێکی باڵابەرز و پێکەوتوو، شاعیر و وێژەوان، دەمپـاراو و قـسەجـوان بـووە و بـۆ وردبـینی وتاربێژی، هاوتای کەمتر هەڵکەوتووە. بێژگـە سەرقاڵـی ئیرشـاد، لـە کاروبـاری کۆمەڵایـەتی و ڕامیاریـشدا سەریدەرچووە و تا پێی کرابێ، بەدەم خەڵکەوە بووە و بۆ خزمەتیان نوکوولی نەکردووە.

ساڵـی ١٣١٠ ک. ھ.)١٩٣١ ز)، لەبـەر ناسـراوی و وەج و ڕێـزی لـە لای خەڵـک، لەگـەڵ سـەرۆکی عەشیرەتاندا گیراوە و خراوەتە زیندانی شارەوانی ئەسفەهان و تا شۆرشی خەرمانانی ١٣٢٠ (١٩٤١ ز.)، لـە بەندا سەری کردووە.

سەید پاش خەلەستن لە بەند و گەڕانەوە بۆ کوردستان، دوورەپەرێزی گرتۆتەبەر و تـا ئـاخری ژیـان، لـە گوندی «دەوڵەتاوا»، بە تەکیەداری و بەڕێوەبردنی میوانان و ڕێبوارانەوە ڕایبواردووە.

شاعیری توانا، سەید تاهیری سەیدزادەی هاشمی ـکە ئێستا ماڵی لە کرماشـانە ــ کـوڕی ئـەو خـوا لـێ خۆشبووەیە.

ئەمەش قەسیدەیەکی ڕەحمەتی «سیدُالدَّوله» کە لە زینـدانی ئەسـفەهان، بـۆ پەسـن و دەسـتەوداوێنی پێغەمبەر (د) دایناوە:

کی توان وصف جمال تو نمودن، کی بەجـا؟ حسن روی تو کجـا، فهـم مـن اخـرس کجـا
وصف آن مو چون توانم، ایـزدش «واللیـل» گفـت مدح آن رو کی بدانم، گفته ایزد «والـضُّحی»
تـو بـە زیبـایی و خـوبی فـرد و فخـر عـالمی گر کنم با هر چە تشبیە تو خبط اسـت و خطـا

بـدر بـر بـام فلـك دعـوی همتـایی نمـود — غیرت سرپنجه‌ی حسن تو بنمودش دو تا
یافت گر تشریف نعل سم یکرانت هلال — تا قیامت نور از آن می کرد خورشید استضا
گر نبودی نور تو در جسم و جان بوالبشر — چون فرشته سجده می کردند او را در سما؟
«رحمةللعالمینی» و «شفیعُ المُذنبین» — جز در امید تو نبود محل التجا
عاصی گم کرده راه و مذنب برگشته بخت — دارد امید شفاعت از تو و عفو از خدا
یا «رسول‌الله»! غریبم، بی کس و رنجور و پیر — دردمند و زار و زندانی، پریشان و گدا
رنج من رنجی است آن را کس نمی‌داند علاج — درد من دردی است کانرا کس نمی‌فهمد دوا
نی ز تن خارج شود تب لحظه‌ای در روز و شب — نی ز دل غم می‌شود کم ذره‌ای صبح و مَسا
نی ز سوزش سینه‌ام فارغ شود یک‌ثانیه — نی ز ریزش دیده‌ام از اشک و خون گردد رها
نی ز آه آتشین ساکت نشینم لمحه‌ای — نی پذیرد محنت و رنجوری من انتها
در پریشانی چو زلف مهوشان آشفته‌ام — در سیه‌روزی چو بخت عاشقان بی‌نوا
هر قدر زشت و تبهکار و پلیدم، سیدی! — عترتم، عترت ندارد مَلجأی جز «مصطفی»
حق کریم‌العفو باشد، تو شفیع مذنبین — «قَیْدر» بدبخت تا کی باد در قید بلا؟
باد صلوات و سلام از ذُوالجَلال مُستَعان — بر تو و بر آل اطهار تو تا روز جزا

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

ناری

مەلا موحەممەد، مەشهوور بە «کاکە حەمە»، نازناو «ناری»، کوڕی مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا ڕەحمان، ساڵی ١٢٩١ ک. م. لە گوندی «کێکن»ی سەر بە ناوچەی «شلێر و ناوخوان» هاتە دنیا. کە هێندێک بە خۆدا هات و بابی وانە سەرەتاییەکانی فێر کرد، بۆ خوێندنی زیاتر، بە زۆرێک لە قوتابخانەکانی سێ پارچەی کوردستاندا گەڕا و چەند شار و شارۆچکەی وەکوو سنە و سلێمانی و بانە و مەهاباد و وان و هەولێری بینی و سەرەنجام لە ڕواندز گەیشتە خزمەتی عەللامە ئەسعەدی خێلانی و پاش ماوەیەک خوێندن و بەهرە بردن، ئیجازەی لە دەستی وەرگرت و گەڕاوە مەریوان و لە زێدی خۆی (کێکن)، جێی بابی ـ کە عەمری خوای کردبوو ـ گرتەوە و پاش سێ ساڵ، ژنیشی خواست.

ساڵی١٣٢٥ ک. م. لەسەر داخوازی حوسەین بەگ، خاوەنی گوندی «بێلوو»ی مەریوان، بە ماڵەوە چوو بۆ ئەوێ و تا ئاخر لەوێ مایەوە و دەرسی گوتەوە.

ناری وێژەوانێکی هێژا و شاعیرێکی توانایە کە شیعری لەگەڵ ناسکی و مانای ورد و تازەدا، سەرانسەر بە وردەکاری شاعیرانەوە خەملاوە و لەوپەڕی جوانی و ڕەوانیدایە. بۆخۆی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و لە

مریدانی شێخ حوسامەدین بووە و لەگەڵ هەژاری و نەداریدا، بەرزەخۆیی و بێنیازی گرتۆتەبەر و بە ئاکاری پەسند و ڕێوڕەوشتی ڕندەوە ژیاوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٣ ک. م. لە بێلوو، دەستی لە ژیانی دنیا بەرداوە.

چەند شیعری ناری:

نەفەس سەمتوورە، سینەم ساز و دڵ نەی حکایەتخوانی دووری تۆن پەیاپەی
بە زیکری تۆ وەکوو سۆفی هەمیشە مەقاماتی «فنافی‌اللّه» ئەکەم تەی
چ شیرینە لەگەڵ شەهدی حوزوورا لە تۆ خەندە و لە من ئاوازی ئۆخەی
ئەگەر سایەی سەری تۆ بێ بە تاجم چ موحتاجم بە تاج و ئەفسەری کەی
غەزەل قەت نابڕێ هەرگیز بە باڵات ئەزانم بۆ کەوا مایل بە تاقەی
هەواپەیماییی ئەوجی فیراقت بە تەییارەی سەبووری کەی دەبێ تەی؟
لە مەیخانەی خەیاڵی شەوقی تۆدا بە نەشئەی یادی تۆ دڵ مەستە بێمەی
لە وشکی وا نەمامی باخی نەزمم بە پووشی ڕیشی سۆفی بوو شکۆفەی
بەسەرچوو دوور لە تۆ باخی خەیاڵات نە بوونی ما نە بۆنی ما نە غونچەی

* * *

چاوەکەم! بۆیێ بە دایم کار و پیشەم زارییە حاکمی چاوت لەگەڵ من مایلی غەددارییە
شۆڕش و ناڵینی کەس بێوەجهـ و بێعیللەت نییە ئاهی من فەریادی بولبول، ئێشی بێغەمخوارییە
من هەر ئەو ڕۆژە دەسم شۆری لە ڕۆحی خومم کە دیم حەزرەتی خونخواری ئەبرۆت مەشرەبی خونخوارییە
گەر دەپرسی بۆچی بێ نەشئە و مەلوول و عاجزی؟ ڕوومەتی زەردم عەزیزم! شاهیدی بێیارییە
کەم بە خەندە بێبەلام و حەیفە تانەم لێمەدە لێمگەڕێ تۆ بی و خوا ئەم جارە دەردم کارییە
دڵ لە شامی پەرچەمی ڕووتا بە دایم بێخەوە چونکە کێشکچی بە شەودا عادەتی بێدارییە
حیکمەتی پڕمەسئەلەی کولمت لە بۆ کێ حەل دەبێ هەر سەحیفە سەد ئیشارە و ڕەمزی تێدا جارییە
خاڵی ڕوخسارت «هدایەت»بەخشە شەرحی زوڵفەکەت «قازی»ئاسا حاشیەی ئەگریجەکانت «لاری»یە
ڕووت وەکوو ئاتەش، موژەت وەک شیشە، ئەبرۆت قیمەکێش میروەحەت زولف و کەبابت جەرگی پارەی «ناری»یە

* * *

موددەتێکە من گورفتارم بە دەس سەوداتەوە بووم بە داوی چینی زولف و پەرچەمی تاتاتەوە
گەر دەپرسی حاڵی پەروانەی دڵم دوور بێ لە ڕووت وا لە سۆزشدا لە سایەی شەو چرای گۆناتەوە
مێشی ڕۆحم نافڕێ بەس باوەشێنی کە بە ناز چونکە پابەندە بە شەهدی ڕوومەتی زیباتەوە
مەنعی قووللابی موژەت ناکەم لە ڕاکێشانی دڵ چون ئەسیری زولفی خاوی خۆیەتی، ئەیباتەوە

وا سەرم دانا بە عەزمی بەردەبازی ڕێگەکەت
مەرهەمی دەردی سەری من وا بە گەردی پاتەوە

ئاهی چاوت موڵکی سەبر و تاقەتی بردم بە زۆر
موسحەفی ڕووی تۆ بە گژیا چێ ئەگەر نەمداتەوە

چاوی خوێنخواری بە خوێنم فێرە وەک لێوی بە مەی
لێگەڕێن ئێوە و خودا، ئەو شۆخە با بیخواتەوە

شین و واوەیلایە، ئاساری قیامەت هەڵدەسێ
گوڵبەدەن ئەمڕۆ ڕووە و مەشریق ئەگەر لار کاتەوە

لەبشەکەر! فەرموو بە زوڵفت باوەشێنی بەسبکا
میشی ڕۆحم گەر بنیشێتەو بە قەندی چاتەوە

خەتتی دەرسی عیشقی «ناری» وەک ڕوقوومی خاڵەکەت
وا بە لەوحی گەردەنی بێگەردی وەک میناتەوە

* * *

سوورەتی «یس» کە وەسفی حەزرەتی ئەولا ئەکا
ئەهلی دڵ مایل بە جیلوەی سوورەتی «طه» ئەکا

ئاسمان وەک موشتەری هەردەم بە میزانی وەفا
کەسبی هەر شاهی بە یادی دەوڵەتی ئەسرا ئەکا

گەر تەسەوور کا مەسیحی تەختی عەرشی ئەعزەمی
تا ئەبەد تەرمی بەیانی ڕەفعەتی عیسا ئەکا

نووری عەشقی کەوتە سەر تووری دڵی مووسا مەگەر
وا لە سەر سینەی بە شەوقی دڵ یەدی بەیزا ئەکا

خاکی بەر دەرگاهی قەسری گەر بەسەردا کا کەسێ
تا ئەبەد نەفرەت لە تاجی قەیسەر و دارا ئەکا

بۆ خەلیلان گەر نەسیمی گوڵشەنی لوتفت ببێ
ناری نەمروودی بە سەحنەی «جنّةُالماوی» ئەکا

تاقی کەسرا بۆ بە بەرقی نووری حوسنی شەق نەبێ؟
سەیلی حوکمی ناری فارس زایل و ڕیسوا ئەکا

نەرگسی مەستی سیاهت عەینی «ما زاغ البصر»
شەمعی بێسایەی وجوودت شەرحی «کرّمنا» ئەکا

ئادەمی خاکی، بەسەر زومرەی مەلەکدا بێ گومان
تۆی سەبەب، نازش بە ڕوتبەی «عَلَّم الاسما» ئەکا

کاشفی «واللیل»ە تورڕەی پەرچەمی شەبڕەنگی تۆ
ئافتابی تەلعەتت تەفسیری «والضُّحی» ئەکا

ئایەتی میعراجی پایەی قابقەوسەینت عەجەب
وەسفی ئیعزازت لە تەختی نازی «أوأدنی» ئەکا

عەکسی ئەلفی قامەت و ئەبرووتە گەر «ن والقلم»
سیدقی مەزموونی کەلامت کەشفی «ما أوحی» ئەکا

با وجوودی پەرتەوی میهری جەمالی ئەنوەرت
کێ خەیاڵی قەسری خولد و سایەیی تووبا ئەکا؟

سەلسەبیلی لوتفی تۆ بێشک لە عەرسەی مەحشەرا
تەشنەلەب فارغ لە بادەی جامی «أ عطَینا» ئەکا

چی لە دەوڵەت کا ئەسیری بەندی عەشقی ئەحمەدی
عەشقی مەحموودی بە عاشق کەسبی ئیستیغنا ئەکا

«ناریا» وەسفی جەمالی حەزرەتی «خَیْرُ البَشَر»
کەی بە سەد دەفتەر هەتا مەحشەر بەشەر ئینشا ئەکا

بۆ پەسنی شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی گوتوویە:

بە مەولا گەر لەمەولا دڵ بە قوربانت نەبێ نابێ
بە دڵ گەر دڵ موتێع و بەندە فەرمانت نەبێ نابێ

کەسێ مەقسوودی کەسبی دەوڵەتی قوربی حەقیقەت بێ
غوڵامێ بۆ غوڵامانی غوڵامانت نەبێ نابێ

ڕەواجی نەقدی بێسککەی وجوودی کەس لە عالەمدا
هەتا مەقبوولی سەڕڕافانی دەربانت نەبێ نابێ
زوهووری نووری تووری مەعریفەت بۆ چاوی بێنوورم
بە تۆزی سورمەڕەنگی خاکی دامانت نەبێ نابێ
فەلەک مەشهوورە لا فی ئیقتیداری ڕەفعەتی ئەمما
وجوودی بۆ سەریری سەتحی ئەیوانت نەبێ نابێ
سەرم سەمتوورە سینەم نەی، سوراحی دیدە ئەشکم مەی
مەزەی مەی با نەویدی نەی لە دیوانت نەبێ نابێ
لە بۆ گوڵ شۆری بوڵبوڵ شۆرشی تووتی لە بۆ شەککەر
لە شەوقی لەعلی لێوی شەککەرئەفشانت نەبێ نابێ
بە لالەی مەعریفەت تەعمیری قەتعەی «باغەکۆن»ی دڵ
هەتا میعماری بەستی فەیزی ئیحسانت نەبێ نابێ
لە ڕۆژی کەشمەکەشدا «ناریا» هەرگیز نەجاتی دڵ
«حسام‌الدین» کەفیلی باری عیسیانت نەبێ نابێ

یەک لە کوڕانی ناری، لەو کاتە خەریکی خوێندن دەبێ، نامەیەک بۆ بابی دەنووسێ و لێی داوا دەکا چەند شیعرێک لە شیعرەکانی خۆی بۆ بنێرێ. ناری بەم غەزەلە جوابی نامەکەی دەداتەوە:

تالب کە هەموو لەحزە خەریداری غەزەڵ بێ
زەحمەت، بە خودا مەیلی لەسەر عیلم و عەمەل بێ
تالب ئەوەیە، تالبی دیوانی خودا بێ
تالب ئەوەیە غەرقی خەیالاتی ئەزەل بێ
فەرزەندی مەلا، ڕۆڵە! ئەبێ سەرفی حەیاتی
بۆ دیققەتی «بیضاوی» و تەفسیری «جَمَل» بێ
بێجیلوەیە، تەسبیحی کەف و جەزبەیی سۆفی
تا فیکری مەی و دەنگی نەی و سازی ئەمەل بێ
گەر شوربی دەوا، عاقبەتی نەفعی نەبێ هیچ
لای خەستە وەکوو زەهرە، ئەگەر عەینی عەسەل بێ
ئەفسووسە ببێ مورغی هوما فەرعی بە قالاو
زۆر موشکیلە گەر بازی سپی، فەرعی بە قەل بێ
گەر دووری، ئەتۆ! وارسی ئادابی پدەر بە
نەزدیکە پدەر یار و هەمئاغۆشی ئەجەل بێ

ئەمەش نموونەیەک لە پەخشانی ناری کە بە شێوازی «بحر طویل»ی فارسی دایناوە و بۆ شێخ باباعەلی، کوڕی شێخ مەحموودی نەمری نووسیوە؛ کە لەو کاتە لە قاهیرە خوێندوویە:

«ئەی قیبلەیی ئەربابی وەفا! شەمعی شەبستانی سەفا! ڕەونەقی دیوانی ئەدیبانی لەبیبانی دەبستانی هونەرپەروەر و ئەهلی عورەفا! تاجی وجووهی شورەفا! سەدری عوموومی نوقەبا! فەخری جەمیعی نوجەبا! لالەیی گوڵزاری عەلی! گوڵبونی باغ و چەمەنی تاقمی ئەقتاب و وەلی! کانی گوهەر! نووری بەسەر!

ئەفسەری سەر! کەوکەبی فەرخوندەسیەر! تاکوو لەسەر دەورەیی ئەم چەرخە ببێت و بگەڕێ شەمس و قەمەر! جیسمی ڕەئووفت بە ئەلەم عاجز و ئەفسوردە نەبێ؛ زاتی لەتیفت بە هەم و میحنەت و غەم، هەمدەم و پەژموردە نەبێ. بۆ منی بێبەرگ و نەوا، یەعنێ بە قانوونی وەفا، ویردی زەبانم ئەمەیە، زیکری جەنانم ئەمەیە: مەزهەری ئەلتافی خودا بی؛ لە حەوادیس بەری و بێغەم و بێدەرد و بەلا بی؛ لە هەموو مەحفیل و مەجلیس، فەرەحئەنگیزی دڵی ئەهلی دڵ و عوقدەگوشا بی. بە دڵ ئاسوودە لە ناز و لە گریشمە و نەزەری دڵبەری شیرین کەمەر و سیمبەر و جیلوەگەر و شۆخ و زوڵەیخا سیفەتی میسری و تورکانی خەتا بی. بە خەتا پەنجەیی تەرسابەچە یا موغبەچەیێ ـ وەک جگەری من ـ بە دەمی، جامەیی تۆ پارە نەکا؛ تۆ بە غوڵامی قەدی وەک عەرعەر و دوو نەرگسی جادووگەر و فەتتان و جەفاپێشە و خوونخوارە نەکا. بینە سەر بەحسی گلە و عیللەتی بێمەرحەمەتی. یەعنێ دەلیلم ئەمەیە: شێوە خەتی ئەحسەنی تۆ، نیسبەتی پیراهەنی تۆ، مەتڵەبی عوششاقە نەبوو؛ گەنجی دڵی یارە نەبوو؛ ئافەتی ئەغیارە نەبوو؛ کونجی هەواخاهە نەبوو؛ ڕەنجشی بەدخاهە نەبوو. مەخفی و پوشیدە نەبێ، چاکە لە ڕووتا کە ئەگەر ڕووتە وە یا تاقی دوو ئەبرووتە، وەکوو کەعبە وەهایە. بە سەری تۆ، دڵەکەی من بە مەسەل قیبلەنمایە؛ لە هەموو بەخشش و جوودی قەڵەمت قانع و ڕازی بە سلاوێک و دوعایە.»

مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٤٥٥. چەند جونگی دەسنووس.

مەعرووفی ڕەسسافی

کوڕی عەبدولغەنی، کوڕی مەحموود، لە هۆزی کوردی جەبباری باشووری کەرکووک، ساڵی ١٢٩٤ ک. م. لە بەغدا هاتە دنیا. هێشتا منداڵ بوو، بابی عەمری خوای کرد و ئەوجار دایکی گرتیە ژێر باڵی خۆی و بە پایەوە دانیشت و بۆ ڕاهێنانی، ئەوی شیاو بوو کردی.

مەعرووف ماوەیەک لە مەکتەبی «رصّافە»ی بەغدا و سەرەتێک لە قوتابخانەی «عَسکريّە» خوێندی. پاشان لای مەحموود شوکری ئالووسی ـکە لە زانا هەرەگەورەکانی ئەو سەردەمەی بەغدا بوو ـ بەهرەی برد و لە ماوەیەکی کەمدا، شارەزاییەکی تەواوی لە زبان و وێژەی عەربدا پەیدا کرد و پاشان لە مەدرەسەیەکی بەغدا بوو بە مامۆستا و هێندێک لەودوا لە «الاعدادالملکیّە»دا دەرسی گوتەوە.

ڕەسسافی ساڵی ١٣٢٧ ک. م. چوو بۆ ئەستەمبووڵ و لە قوتابخانەی «ملکیّە»دا دەرس‌گوتنەوەی دەسپێکرد و هەر لەوێ گوڤاری «جریدةُالعرب»ی دەرهێنا. ساڵی ١٣٣١ بوو بە نوێنەری شاری «منتفک»ی عیراق و هەر شەڕی دنیاگر دامرکا، لە ئەستەمبووڵەوە چوو بۆ فەلەستین و لە خوێندنگەی بالای شاری قودس، زمان و وێژەی عەرەبی، بە دەرس‌گوتەوە. کە عیراق لە عوسمانی جوێ بۆوە، گەڕاوە زێدی خۆی و بوو بە بازرەسی فێرگەی بەرزی زبانی عەرەبی؛ بەلام خۆشی لەو کارە نەدەهات؛ بەجێیهێشت و ڕۆژنامەیەک بەناوی

«الامل»ی دەرکرد؛ کە ئەویش دوای ماوەیەک بەر بە بڵاوکردنەوەی گیرا. ناعیلاج بۆ سەرەتێک بەغدای بەجێهێشت و ڕۆیە ئەستەمبووڵ و لە گەڕانەوەدا (ساڵی ١٩٣٠ ز.) کرایە ئەندامی ڕاوێژگەی نووسینی بڕیارنامەی نێوان دەوڵەتی بریتانیا و عیراق و بەدووی ئەوەدا، ساڵی ١٩٣٧ ز. بوو بە نوێنەری پارلەمانی عیراق و پاشانیش پۆست و پایەی بەرزی زانستی و ڕامیاری جۆراوجۆری دەسکەوت و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٥ یان ١٣٦٦ ک. م. لە بەغدا، بۆ هەمیشە دەستی لە دنیا و هەموو شان و شکۆیەکی بەردا.

مەعرووفی ڕەسسافی هەر لە سەردەمی خوێندندا، ئاوڕێکی لە شیعر و شاعیریش داوەتەوە و وردە وردە تێیدا هەڵکەوتووە. جوانترین شیعرەکانی، پێش ڕژانی دەوڵەتی عوسمانی، لەمەڕ یەکگرتن و سەرهەڵدان دژی ملهوڕی و دیکتاتوری داناوە و لە دەورانی کوودەتای ڕەشید عالی گەیلانی، لە بەغدا (سەرەتاکانی دووەم شەڕی جیهانی)، هەڵبەستە شۆڕشگێڕانەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە و لە وتاربێژانی ئەو کاتە ئەهاتە ئەژمار.

ڕەسسافی زانایەکی ڕۆشنبیر و شاعیرێکی توانا و لە سەرووی ئەمانەوە، پیاوێکی ئازادیخواز و خەباتگێڕ بووە و لەگەڵ جەمیل سیدقی زەهاوی ـ شاعیری تری کورد ـ هەرکام لە ڕێبازێکەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی هزر و بیری خەڵک تێکۆشیون.

مەعرووف هەمیشە هەژار و بێئەنوا بووە و کاتێ کە لە دنیا چووە، بێژگە بەڕەشرەیەک، هیچی بەجێ نەهێشتووە.

لە کتێبەکانی:

١. *آراءُ أبی العلاء المعَرّی*

٢. *المحاضرات فی الأدب العربی*، لە دوو بەشدا

٣. *نفحُ الطّیب فی الخطابَة و الخطیب*

۴. *حلّ اللّغر المُقَدّس* ـ لە مەڕ ژیانی پێغەمبەرەوە (د)

۵. *کتاب الآلة و الادوات*

۶. *دفعُ الهُجْنَة*

٧. *الرّسائل و التّعْلیقات*

٨. *الأناشید المدْرسیّة*

٩. دیوانی شیعر

بۆ بەڕێ کردن و ناشتنی تەرمەکەی، خەڵکێکی زۆر لە کەڵەپیاوانی زانستی و ڕامیاری بەغدا، بەشدار بوون و لەگەڵ ڕێز و پێزانییەکی شیاوی کەسایەتی ئەودا، بە خوێندنەوەی گوتار و شینگێڕی زۆرەوە، لە پەنای دۆست و هاوزمانی بەناوبانگی، خوا لێ خۆشبوو جەمیل سیدقی زەهاویدا ئەسپەردەیان کرد.

چەند شیعری ڕەسسافی:

عاهَدْتُ نَفْسیَ و الأیّامُ شاهدَةٌ   اَنْ لا أقرَّ علی جَور السَّلاطین

وَ لا أصادق كَذّاباً و لَوْ مَلكاً و لا أخالطَ إخْوان الشّياطين

* * *

أشربْتُ حُبَّ بلاد ما نَشأتُ بها إلّا لأدْفَع عَنْها كُلَّ عُدْوان
أخْلَصتُ حبّى لها حتّى نسيتُ به نَفْسى وَ أهْلى وَ أحْبابى و خلاّنى
يا موطناً لسْتُ منْهُ فى مُوادعَة عشْ بعدَ موتىَ عيشَ الوداع الهانى
إنْ سَرَّك الدَّهْرُ يوْماً سرَّنى و اذا آذاك بالْمُعجزات الدَّهْرُ آذانى
آلَيتُ مُنْذُ بَلَغْتُ الحُلْمَ فى وطَنى أن لا أقابلَ نَعْماءَ بكُفْران
وَ أنْ أكُونَ لَهُ عَوْناً أُوازرُه بالنَّصر، أوَّلَ أنْصار وَ أعْوان

* * *

هى الأخْلاقُ تَنْبُتُ كَالنّبات إذا سُقيتْ بماء المكْرُمات
تَقُومُ اذا تعَهَّدَها الْمُرَبّى عَلى ساق الْفَضيلة مثمرات
وَ أخلاقُ الْوليد تُقاسُ حُسْناً بأخْلاق النّساءالْوالدات
وَلَمْ أرَ لِلْخلائق منْ مَحَلٍّ يُهَذِّبُها كحضْن الأمَّهات
فَحضْنُ الأمّ مَدْرَسَةٌ تَسامَتْ بتَرْبية البَنينَ أو البَنات
وَ لَيْسَ رَبيبُ عالية المَزايا كَمثْل رَبيب سافلَة الصّفات
وَ لَيسَ النَّبْتُ يَنْبُتُ فى جنان كَمثْل النَّبْت يَنْبُتُ فى الفلاة
فَياصَدْر الْفَتاة رحبت صَدْراً فأنت مَقَرُّ اَسْنَى الْعاطفات
نراك إذا ضَمَمْت الطّفلَ لَوْحاً يَفُوق جَميعَ ألْواح الحياة
لأخْلاق الصَّبىّ بك انْعكاسٌ كَما انْعكَسَ الخيالُ عَلَى المراة
و ما ضَرَبانُ قَلْبك غَيْر دَرس لتَلْقين الْخصال الْفاضلات
فَكَيفَ نظُنُّ بالأبناء خَيْراً إذا نَشأوا بحضْن الجاهلات
وَ هَلْ يُرْجى لأطفال كمالٌ إذا ارْتَضَعوا ثُدىَّ الناقصات
ألَمْ نر فى الْحسان الغيد قَبْلاً أوانس كاتبات شاعرات
وَ قَدْ كانَتْ نساءُ القَوم قدْماً يَرُحنَ الى الْحُروب معَ الْغُزاة
يَكُنَّ لَهُم على الأعْداء عَوناً وَ يَضْمُدْنَ الجُرُوحَ الدّاميات
وَ كَمْ منْهُنَّ مَنْ اُسرتْ و ذاقَتْ عَذابَ الهُون فى أسْر العدات
فَماذا الْيَوْمَ ضَرَّ لَو الْتفتنا إلى أسْلافنا بَعْضَ التفات
فَهُمْ سارُوا بنَهج هُدىً و سرْنا بمنْهاج التَّفرق و الشَّتات

الاعلام، زرکلی، ب٨ ل١٨٤. *عصورالادبالعربی*، کاظمی.

مەلا مارفی کۆکەیی

مەلا مەعرووف ناسراو بە «مەلا مارف»، کوڕی ئیبراهیم، مەشهوور بە «پەڕپلاو»، کوڕی عەبدولقادر، کوڕی عەبدولعەزیز، خەڵکی گوندی «کۆکە»ی لای بۆکان، ساڵی ١٢٩١ ک. م. (١٨٧٤ ز.) لە گوندی «حاجیخۆش»ی لای مەهاباد هاتۆتە دنیاوە. بە منداڵی دەردی هەتیوی چێشتووە و دوایی بەرەو ڕۆژاوا ڕۆیشتووە و ماوەی دوو ساڵ و نیو لە سلێمانی خوێندوویە و ساڵی (١٨٩٠ ز.) گەڕاوەتەوە و هێندێک لەگەڵ برایانیدا لە ئاوایی «کۆکە» دانیشتووە و پاشان گەیشتۆتە تورجان و لای مەلا ساڵەحی قزلجی خوێندنی تەواو کردووە. بە شوێن ئەوەدا ماوەیەک لە «زەنبیل» و سەرەتێک لە «دەروێشان» مەلایەتی کردووە و ساڵی ١٣٠٣ ک. ه.)١٩٢٤ ز.) کۆچی کردووە بۆ مەهاباد و لە مزگەوتێکی ئەوشارە، بەرنوێژی کردووە و دەرسی گوتووە و سەرەنجام ١٩ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٦٤ ک. م. (١٩٤٥ ز.) هەر لەوێ، دنیای بەجێهێشتووە.

مەلا مارف مرۆیەکی کەمدەست و بەلەنگاز بووە و لەگەڵ ژیانی ناتەواو و پەرێشانیدا ساچاوە و وەک دەڵێن ٤٠ ساڵان، سەرباری دەردان، کوێریش بووە؛ بەو حاڵەش بە کوردی و فارسی و عەرەبی شیعری گوتووە. ساڵی ٤٠ و ٤١ی هەتاوی (١٩٦٢ ز.) شیعرە کوردی و فارسییەکانی لە مەهاباد چاپ کرا؛ بەڵام بەداخەوە سەرانسەر هەڵە و پەڵە!

ئەوا دوو ـ سێ نموونە لە شیعری مەلا مارفی کۆکەیی:

غەزەلێکی کوردی:

سۆفی وەرە! هەنگامی گوڵ و فەسڵی بەهارە
وەقتی تەرەب و عەیش و مەی و گەشت و گوزارە

پیشە و عەمەلت حیلە و تەزویر و ڕیایە
تۆ بەشقی خودا پێم بڵێ ئەم کارە چ کارە؟

تێفیکرە، تەماشاکە لە کووچە و لە خیابان
سۆزی نەیە، نەشئەی مەیە، ئاوازەیی تارە

ڕای خستووە فەرڕاشی سەبا فەرشی زومورڕود
وەک ئەتلەسی یەکڕەنگە بە بێ گەرد و غوبارە

دەرژێنێ لە ئاوپاشی فەلەک ئاوی موقەتتەر
سەققایی ڕەبیعی بە قەتارە و بە مەتارە

سەرتیپی بەهاری لە گوڵ و لالەیی ڕەنگین
چەن تیپی لەسان دا، لە پیادە و لە سەوارە

موستەحفیز و نەوبەت چییە بۆ باغ و گوڵستان
کەبکی دەری و بولبول و قومری و قەنارە

سۆسەن بە زمانێکی تەڕ و تازە خەریکە
بۆ مەدح و سەنای سانیعی ئەم نەقش و نیگارە

سەحرایە لەبەر عەتری گوڵ و لالە و سونبول
وەک دەشتی خەتا و خوتەن و موڵکی تەتارە

شاعیر! وەرە تۆ بەشقی خودا ڕوو لە چەمەن کەین
سوحبەت لەگەڵ ئەم عالەمە، هەر دەرد و چەغارە

بەشێ لە قەسیدەیەکی فارسی:

مــــشو مکـــــدر و آزرده از نیامـــــدنم
اســیر قیــد بــلا و مــصیبت و محــنم

قـضا بـه دام قـدر بسته دست قـدرت مـن
کـه دامـن تـو بگیـرم، بـه پـات سـر فکـنم

بیــا ببیــن بــه هــوای گــل گلــستانت
گهی چو قمری و گـاهی چـو بلبـل چمـنم

گمــان مبــر ز خیــال تــو فــارغم یــارا
ببــین کــه خــار فراقــت دریــده پیــرهنم

اگــر نظــر کنــد آن ســرور ستودەسیر
ز راه لطــف بــه عمــق قریحــه و ســخنم،

یقـین کنـد کـه بـه یـاد جمـال شیرینش
بــه بیــستون محبــت نظیــر کــوهکنم

ز لــوح حافظــه بیــرون نمــی‌شــود نامــت
وداع تــا نکنــد تــن ز جــان و جــان ز تــنم

وەک لە بڕێک شیعریدا دەردەکەوێ، مەلا مارف لە مریدانی شێخ عەلی حوسامەدینی نەقشبەندی بووە:

خواهی رسی به مطلب دنیا و دیـن «ادب»
رو خــاک آســتانەی پــور بهــا نَــسَب

نایـب منـاب فخـر عجـم، سـرور عـرب
یعنی حسام ملت و دیـن شـاه خـوش‌لقب

دیوانی مەلا مارفی کۆکەیی، چاپی مەهاباد، ۱۳٤۱ ک. ه .

مەلا ئەحمەدی موجیی

لە مامۆستایانی هێژای شاری سنە بـووە کـە نێزیـک بـە ۸۰ سـاڵ ژیـاوە و ژیـانی یەکـسەر بـە خۆێندنـەوە و دەرس‌گوتنەوە و بەرنوێژی و ئامۆژگاری تێپەڕ کردووە و دەوری ساڵەکانی ۱۳٦٤ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشتووە.

ئەو خوا لێ خۆشبووە، پیاوێکی دوورەپەرێز و بێ‌نیاز بووە و بێجگە کتێب، وازی لە هیچ شتێکی تر نەبووە. سەرف و نەحو و مەعانی و بەیانی یەکجار باش زانیـوە و قوتـابی زۆرحـەولیان‌داوە خزمـەتی بگـەن و لـەم زانستانەدا بەهرەی لێ بەرن.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

سەیفولقوزلاتی موکری

میرزا حەسەن، ناسراو بە «سَیف‌القُضاة»، کوڕی میرزا قاسمی قازی، کـوڕی مـیرزا مـەحموود و بـرای مـیرزا عەلی قازی، لە بنەماڵەی بەناوبانگی قازییانی ساوجبولاغی موکرییە کە باب و کاڵ، پشت بە پشت، سەرۆکی ناوچەکە بوون و لە نێوان خەڵکدا دادوەرییان کردووە.

سەیفولقوزات زانایەکی هێژا، شاعیرێکی توانا و مرۆیەکی بووده و دەهندە بووە؛ چەنـد کتـێبی کـوردی و فارسی و عەرەبی، بە خەتی جوانی خۆی، لـێ بـەجێ‌مـاوە. خوێنـدنی ئـایینی و وێـژەوانی، لـە خزمـەتی مامۆستایانی وەک: مەلا شەفیعی بۆکانی و مەلا حەسەنی قزڵجی و مەلا ساڵەحی سەدراباتی تەواو کردووە و پاشان لە گوندی «گوێگجەلی» لای میاندواو گیرساوەتەوە و تا دواکاتی ژیان، لەوێ پێڕای خزمەتی ئایینی،

قۆڵی بۆ کشت و کاڵ و باخەوانی هەڵماڵیوە و بەوە ژیاوە.

میرزا حەسەنی سەیفولقوزات سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و مریدی شێخی بورهان بووە. هەمووساڵێ مانگێکی لە خانەقای شەرەفکەند، لە پەنای زیارەتی مورشیدەکەی، سەیر و سولووکی کردووە و لەگەڵ زانایان و مامۆستایان ڕایبواردووە. ٦٧ ساڵ ژیاوە و لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٣ ک. هـ.)١٩٤٥ ز.)، بەرامبەر بە ساڵی ١٣٦٤ ک. م. ئەمری خوای بەجێ هێناوە و لە خانەقادا نێژراوە.

لە بەرهەمە فارسییەکانی شتێکم دەس نەکەوت؛ ئەوا چەند شیعری کوردی ئەو مامۆستایە:

تفلی دڵم بە ناڵە و زاری و فوغان ئەڵێ خوەش بەو شەوە کە ڕۆژی ڕوخی دڵبەرم هەڵێ
زولفت وە لادە ڕووت بنوێنە بە دەفعەیێ شەو ڕابرێ، ستارە نەمێنێ، قەمەر هەڵێ
بەو زولفی میروەحەت مەکە مەنعم لە شەهدی لێو تەیرێکە دڵ زەعیفە، دەترسێ لە داوەڵێ
تفڵی دڵم گرۆی شەکەری لێوی گرتووە بەو دوو هەنارە ژێری کەوە بیخە باغەڵێ
ئەو قافییەت بە سانی دڵی موددەعی «حەسەن»! تەنگە، درەنگە، مەیلی بە جەنگە، هەڵێ! مەڵێ

* * *

بۆچی زمانی دایکی لە ئێمە مەنع کرا؟ ئەو هێندە زوڵم و فەرق و جودایی و جەفا چییە؟
دەکرانە دیل و بوونە ئەسیری لە نێو عەجەم هەورامی، سابڵاخی و عێلی جەلالییە
هێندێکی بۆ ئەراک و بۆ سمنان و داموغان دەستەیکی بۆ ئەوێنە کە جێ شێخی سەعدییە
یا دەرکراوی مەوتنە یا حەبسی بێ گوناه کوردێکی مەزن و عاقڵ و مێردی حیسابییە
هەر ماڵە کوردێکی کە دەچوی دەتدی شیوەنە ئەورۆکە هەر دێیەکی دەچی سەیر و شادییە

* * *

عەنبەری زوڵفت بە دەم سەبا دە لەسەر مانگی ڕووت، هەوری مووت لادە
تا ڕۆژ وەکوو شێت ڕوو لە کێوان کا تۆزێ غوسسە و غەم، هەستە بە بادە
لە عەشقت مردم وەسیەت بێ لە تۆ بۆ خۆت بمنێژە، تەڵقینم دادە
تا بڵێن زوححاک مار لەسەر شانی، تایەک لە زوڵفی چینچینت بادە
بە جامی دیدەی جەمشیدی جەمە بە تەختی سینەی وەک کەیقوبادە
گوتم: کوشتمت بە غەمزە، فەرمووی: شێوەم شیرینە، پیشەت فەرهادە
تاکوو پاماڵ بێ خوێنی مەزڵوومان پەنجەی شمشاڵت، ڕەنگ وە خەنادە
بە هومێدی وەم بی بۆ سەر قەبرم بۆیە وا «حەسەن» بە مردن شادە

داخ و مخابن لەبەر دووبەرەکی و ناتەبایی:

چون دژمنین دەگەڵ یەک و نیمانە ئیتتحاد ڕامان دەدەن بە جارێ لە هەورازێ بۆ نشێو

فکرێ بە حاڵی خۆ کەن و بگرین بە حاڵی خۆ هی بێسەری و عەداوەتی خۆتانـە دێتـە ڕێـو
ڕەشماڵە ماڵ و کەشک و پەنیرە مەتاعی مـە قەسر و سەرایی خەڵکی دییە پڕ لە زێڕ و زێـو

دیوان سَیف‌القُضاة، چاپی تاران، ١٣٦١ ک.

ه. *دەنگی گیتی تازە*، ژ ١٦، س٣، ل٣٤٢.

ناهیدی سەقزی

عەبدوڵلای ناهید، مەشهوور بە «افتخارالسُلطان»، کوڕی مستەفا بەگ، کوڕی ئاغا فەیزوڵا بەگ، لە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی، کە بە پشت دەگەنەوە بە باباعومەر، ناسـراو بـە «بابـامیر»، ساڵـی ١٢٦٨ ک. ه.)١٨٨٩ ز.) لـە گوندی «سلێمانکەندی» لای سەقز ـ کە هـی خۆیـان بـووە ـ هاتۆتـە دنیـا و کـە پێگەیـشتووە، هـەر لـەوێ خوێندوویە و پاشان بۆ مەهاباد چووە.

لە مەهاباد، ماوەیەک لە مەدرەسەی ڕەحمەتی قازی عەلی ـ لە مامۆستایانی ڕێزداری ئـەوێ ـ عـەرەبی خوێند و بەشوێنیدا گەڕاوە زێدی خۆی و لەگەڵ کشت و کاڵ و گەیشتن بە کاروباری گوندەکـە، بـە هـۆی وازی سرشتی و لێهاتووی، هێندێک لە کاتیشی بۆ نیگارکێشی و ژەندنی تار، تەرخان کرد. لە پاش ئەوە کە مامۆستایەکی زمانی فەڕانسەی ناسی، لێبڕا فێری ببێ و چەند کتێبیشی لێ خوێند و هێنـدێکیش زمـانی ڕووسی فێر بوو. لە سەرینەی ئەوانە، لە هەیئەت و جوگرافی و مێژووشدا زانیارییـەکی تـا ڕادەیـەک باشـی دەسکەوت.

ناهید پیاوێکی زانا، میهرەبان، میوانخۆشەویست و بێ دەمار بووە و دانیشتن لەگەڵ زانایـان و وتوویـێژی زانستی یەکجار حەز پێ‌کردووە. لە بەرهەمە هونەرییەکانی، چەند تابلۆی وێنەکێشی بە ڕەنگی چـەورە کـە بە قسەی سەردەرچوان، لەوپەڕی جوانی و قەوەتدایە.

لە کتێبەکانی:

١. *پهلوانان گمنام*، لە سێ بەرگدا، کە دووی چاپ بووە
٢. *چگونه به مریخ رفتم*
٣. *مصاحبه با شیطان*
۴. *خاطرات من*، چاپ تهران، ۱۳۶۲، به کوشش احمد قاضی

ئەم مامۆستایە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەهۆی وردبینی و دوورنـواڕی و تێگەیـشتوویەوە، بەشـێکی بەرچاوی لە هێورکردنەوەی بار و دۆخی ناوچەکەدا بووە و ساڵی ١٣١٦ ک. ه.)١٩٣٧ ز.) وەکوو نوێنەر، بـۆ پارلەمانی تاران چووە و تا ساڵی ١٣٢١ (١٩٤٢ ز.) لـەوێ ماوەتـەوە و سـەرەنجام ساڵـی ١٣٦٤ ک. م. لـە گوندی «سلێمانکەندی»، کۆچی دوایی کردووە.

بلاڤۆکی وەرزی *فرهنگ*، شاری سەقز، س١٣٣٨ ک. ه، ژ٣.

ئازادیی کەلهوڕی[١]

عەباس‌خانی ئازادی، کوڕی ئاغەخان، لە عەشیرەتی کەلهوڕ، مرۆیەکی ڕێزدار و خۆشناو و شاعیرێکی هێژا و خاوەن زەوق بووە کە ساڵی ١٣٦٤ ک. م. لە تەمەنی ٧٥ ساڵاندا، دنیای بەجێ‌هێشتووە.

نموونەیەک لە شیعرەکانی:

هامـــسەران! فـــانی، هامـــسەران! فـــانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی
پـــیر مـــەوی دڵڕێـــش وە پەشـــیمانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی
عەقڵ و هـۆش و فـام لـە لات ڕەم مـەبۆ
زەڕەی جوانیـــت یـــەکجار کـــەم مـــەبۆ
داناییـــت حیـــساب کـــەر وە نـــادانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی
دوو سەف دەندان نەسـب جـای دەهـەن
یەکایـــەک وە گـــاز مـــەبۆ ڕیـــشەکەن
ئـەو ڕیـز و ڕازان شـەکەرین چێـو قـەن
کـــەس نمـــەواچۆ کـــەلامت وەچـــەن
قـــەدر جـــوانی وێـــت نمـــەزانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی
زەڕڕەی زەریفـــی پێـــت نمـــەمانۆ
ئەسـلەن وە قـــەدرت کـــەس نمـــەزانۆ
عـــەیب بەشـــەریت ئاشـــکار مـــەبۆ
عـــەیاڵ و ئـــەولاد لێـــت بێـــزار مـــەبۆ
مـەردەن خاسـتەرەن جـەی زینـدەگانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی
ئەگـەر وە جاگـەی جەمـشید شـا بیـت
خـاوەن سەڵـتەنەت، تیـپ و سـپا بیـت
چـون دارا و خەسـرەو غـەنی و دارا بیـت
جـە گـشت عاڵـەمێ فەرمانـڕەوا بیـت
بنیـــشی لـــە بـــان تـــەخت کـــەیانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی
ئەر چون فریدوون زەحاک لـە بـن کـەی
ئـاوێزان لـە نـاو چـای دەمـاون کـەی
درەفـش کـاوەی ئیمـداد بوڵـەن‌کـەی
هەفت‌ئەقلیم قسمەت وە سێ فـەرزەن کـەی
وێـــت وە شاهەنـــشای عاڵـــەم بـــزانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی
ئەر چون مەنووچەر عاڵەم یەکسەر کـەی
سـام وە سـپەدار سـپا و لـەشکەر کـەی
دنیـا لـە ناڵـەی شـەیپوورت کـەڕ کـەی
سپای سەلم و تـوور زێـر و زەبـەر کـەی
ئەوان سەرگوم کـەی هـەر وێـت بمـانی
بـــەقا نـــەدارۆ ئـــەی دونیـــای فـــانی

لە یاداشتەکانی نووسەر.

---

١. برای عەلی‌نەقی‌خانی ئازادی، نازناو «واڵە»یە، کە باسی ئەویشمان لە لاپەڕەی ٦٤٨ کردووە.

مەلا موحەممەد سادقی ئیمامەت

دەوری ساڵی ١٣٠٠ ک. م. لە گوندی «ئەویهەنگ»ی سەر بە ناوچەی «ژاوەرۆ»، هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی دەسپێکرد. پاشان چوو بۆ سنە و سەردەمێک لە قوتابخانەکانی ئەو شارەدا، بە هەموو توانەوە خوێندی و لە خزمەتی عەللامە مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشی، خوێندنی تەواو کرد و ئیجازەی وەرگرت. ئینجا گەڕاوە زێدی خۆی و تا دوا دەمی ژیان، خەریکی دەرس‌گوتنەوە و خزمەت بە خەڵکەکەی بوو. شیعریشی دەگوت و هۆنراوەیەک لە فەرائیزدا لێوە بەجێماوە.

مەلا موحەممەد سادق سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و لە مریدانی شێخی پایەبەرز، حوسامەدین ئەهاتە ئەژمار. باخەوانی و کشت‌وکاڵی دەکرد و لە بەرهەمی کاری خۆی بەڕێوەدەچوو. لە باری ئاکاری پەسند و پارێزگارییەوە، شوێنی زانایانی پێشینی گرتبوو؛ «وەلی شەرعی»یان پێ دەگوت؛ کە بەڕاستی وابوو.

کۆچی یەکجاری ئەو مامۆستایایە، ساڵی ١٣٦٥ ک. م. لە ئەویهەنگ ڕوویداوە.

عُلَماونا فی خدمةالعلم والدّین، ل٢٤٦.

مەلا حەسەنی دزڵی

مامۆستای زانا و شەرعزانی ئاگا و شاعیری توانا، مەلا حەسەنی مەردۆخی، نازناو «هیجری»، لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانی هەورامانە کە ساڵی ١٢٧٥ ک. م. لە گوندی «وەیسا»ی ئەو مەڵبەندە هاتە دنیا. شەش‌ساڵان لای باوکی خوێندنی سەرەتایی دەسپێکرد و کە گەیشتە ڕادەی تازەلاوی، خۆی گەیاندە خزمەتی حاجی شێخ یۆسف لە «دگاشێخان» و سەرف و نەحوی بەلاوە خوێند. بە جحێڵی ڕووی لە موکوریان نا و هەرکوێ مامۆستایەکی زانای ناسی، لە خزمەتیدا ماوەیەک فەقێتی کرد؛ تا سەرەنجام لە دەستی مامۆستا «هەولێری» ئیجازەی وەرگرت.

وەک لە شیعر و پەخشانی مەلا حەسەندا دێتە بەرچاو، هێندێک لێکدانەوە و بۆچوونی فیقهی ئەم مامۆستایە، لەگەڵ بڕوای باوی مەلایانی ئەو سەردەمە و تەنانەت ئێستاش، یەک ناگرێتەوە و بگرە پێچەوانەیان دێتەوە. بۆ وێنە لەمەڕ تەڵاقەوە، زانایانی فیقهی شافیعی دەڵێن، بە سەر زاری پیاودا هاتنی وشەی سێ‌تەڵاقە ـ بە هەر بۆنەیەکەوە و لە هەر بارودۆخێکی ڕۆحیدا بێ ـ دەبێتە هۆی کەوتنی تەڵاق و ژن و مێرد لێک حەرام دەکا!

ئەم فتوایە، بە درێژایی مێژوویەکی هەزار و ئەوەندە ساڵان، لە ناو بەشێکی بەرچاو لە موسوڵماناندا، زۆر بنەماڵەی بێ‌تاوانی لێک هەڵوەشاندۆتەوە و مەگەر خوا بۆخۆی بزانێ چەندها ئاڵۆزی و نەخۆشی کۆمەڵگایی بارهێناوە.

وەرزێرێکی نەخوێندەوار کە لە مەلابانگدانەوە لە مەزرا ڕەنجیداوە و ئارەقی ڕشتووە، ئێواران برسی و ماندوو کۆسپێکی دێتە ڕێ، شێت و دەهری دەکا، تەڵاقی لێ دەخا، چ دەکەم و چ دەکەم؛ دیارە

هیچیشیان له دەستی نایه. هەر هێندێک دێتەوه سەر خۆی و هێـور دەبێتـەوه، دەزانـێ ئـەوی ڕسـتوویه، بایەخێکی نەبووە و ڕەنگه به عەقڵی ئەوکاتەشی پێبکەنێ. بەڵام پێکەنینی چی؟ به پێـی فتـوای مـەلایان و لەبەر ئەو وشه سیحراوییه سەرانسەر نەگبەتی و مەینەته هاتۆته سەر زاری، قوڕی عالەم چۆته سەری خـۆی و بنەماڵەکەیدا. ژنی بێخەبەر و بێتاوانی پێویسته دەست له ماڵ و منداڵ و مێردی بەردا و بچتەوه بۆ باوان و ئەگەر ئەوەشی نەبوو، با وێڵی کۆلانان ببێ و چی بەسەر دێ، حەقی بەسەر شەرعەوه چییه؟!

مەلا حەسەن بوێرانه و به ڕاشکاوی، هەموو ئەو فتوایانەی به هەڵه زانیوه. یەکەم تـەلاق خـستنی بـەجێ سوێندخواردن، ڕەت کردۆتەوه و زیاد لەوەش ڕایگەیاندووه تەنیا ئەو کاته تەلاق دەکەوێ که پیاو بیهەوێ له ژنەکەی جوێ بێتەوه؛ ئەویش بەو مەرجه که کاتی تەلاق خستن، تەواو لەسەرەخۆ بووبێ و بـه تووڕەییـەوه ئەو لەبزەی له دەم دانەکەوتبێ. تازه له سـەرینەی ئەوانـه هـەموو، هـۆی دانـانی سـێ تـەلاقی لـه لایـەن شەرعەوه، سێ جار دەرفەتی پەژیوان بوونەوه زانیوه؛ بەشکوو ئەو کارەسـاته نەقـەومێ و بنەماڵـەیەک لێـک هەڵنەشێوێتەوه. کەوابوو چۆن دەبێ سێ تەلاق پێکەوه بکەوێ؟

دەگێڕنەوه جارێ یەکێک دەچێ بۆ لای و نەقلی خۆی دەگێڕێتەوه که چۆن له شـتێک قوشـقی بـووه و بەبێ هێچ پێوەندییەک بەسەر ژنەکەیەوه، بەجێ سوێند، تەلاقی خستووه و ئێستا بـه ڕای هـەموو مـەلایان، ژنەکەی لێ حەرام بووه و سەری دنیای لێ هاتۆته یەک.

مامۆستا به بێ تێڕامان پێ دەڵێ نه تەلاقت کەوتووه و نه هیچ. بچۆوه ماڵی خۆت و لەوه بەولاوه ژیرانـەتر بژی!

خەبەری ئەم باسه ـکه له لای هەڵەبجه ڕووی داوه ـ دەگاته حاکمشەرعی کەرکووک و لەویشەوه موفتی بەغدای تێدەگا و هەموو له مەلا حەسەن تووڕە دەکا. والی بەغدا که مرۆیەکی لەسەرخۆ بووه و بـه ناسـکی کارەکه دەزانێ، چار لەوەدا دەبینێ کۆڕێکی گەوره له شەرعزانان پێکبێنێ و مەلای تێدا له ئـەزموون بـدا. کۆڕ دادەمەزرێ و مەلا حەسەن هەموان بێدەنگ دەکا. والی پلەی داوەری دادوەرانی پـێ پێـشنیار دەکـا؛ بەڵام ئەمی تینووی خوێندن و زانین، داوا دەکا بۆ مەدینه یان قاهیرەی بنێرێ. بەم جۆره مەلا حەسەن بـۆ میسر دەڕوا و له زانستگای ئەزهەردا دادەمەزرێ.

وەک له کتێبی شیعر و بەسەرهاتەکەیدا نووسراوه، مامۆستا پاش یازده ساڵان خوێندن و دەرس گوتنـەوه له ئەزهەر، بیری نیشتمان دەکەوێته سەری و وا دڵ و دەروونی دادەگرێ، بەجارێک دەست له مامۆسـتایی ئەزهەر بەردەدا و دەگەڕێتەوه بۆ هەورامان و دەڵێ:

شـــەرته هـــەورامان بـــەجێنەهێـــڵم مەگـــەر ئـــەو ســـاته کـــه بـــەجێـیدێـڵم

بارێکی تر له کەسایەتی مەلا حەسەنی مەردۆخی، بەرهەڵـست بوونـەوەی لـه بەرامبـەر شـێوەیەک لـه عیرفان و سۆفیگەری له کوردستانه که تا ئەم دواییانه، وەکوو نەخۆشییەکی گـەورەی کۆمەڵـگاکەمانی لـێ

هاتبوو. مامۆستا هاوچەرخی قوتبی تەریقەت شێخ حوسامەدینی نەقشبەندییە کە پێشتر باسیمان کرد.

لەبەر بڕشت و دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری شێخ لە نێوان هەموو چینێکدا، بڕێک لە مریدانی پێشمەرگەی، جاروبار تا لای خودایان دەگەیاند. کوا کەس دەیوێرا ڕەخنەیەک لەو بارودۆخە بگرێ یان بۆچەیەک بێژێ.

مەلا حەسەن لەم بارەشەوە باری خۆی نەگۆڕاوە و لە هەر دەرفەتێکدا کە دەستی داوە، بە بێ کۆکردنەوە و مەرایی، ڕەخنەی زانایانەی خۆی ڕاگەیاندووە و دیارە لە پێناویدا زۆرێکی لە خۆی لالووت کردووە و زۆر جار بەر هەڕەشە و گوڕەشە و جنێو و نافاتیش کەوتووە و لە ئاکامدا دەستەنگی و لاکەوتەیی بۆ بارهێناوە.

جارێک شێخ بانگی دەکاتە لای خۆی و کە دەبینێ چەند پیاوێکی زانا و پارێزگارە، زۆری ڕێز لێ دەگرێ و تێدەکۆشێ بەشکوو بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ؛ تا ئەو ڕادە لێی داوا دەکا بەو قەڵەمە جوان و بەتوانەی خۆیە، نامەیەک بە زبانی شێخەوە بۆ خەلیفەیەکی بنووسێ و هێندێک ئامۆژگاری بکا. هەر بە کاکڵی ئەم نامەدا، خوێنەر ڕادەی تاکەپەرستی خاوێن و هزر و بیری پاک و بێ خڵتی نووسەرەکەی بۆ دەر دەکەوێ.

ئەوا کورتەیەکی ئەو نامە:

«بسم‌الله‌الرحمن الرحیم. الحمدُ لله الَّذی خلق الإنسانَ مِنْ ذکرٍ وَ أنثی... و الصّلوة و السّلام عَلی عَبْدِه و رسولِهِ وَ مَن اتّبعه بِإِحْسانٍ إلی یَومَ لا یَنفَعُ مالٌ و...»

سپاس خداوندی را سزاست که دستور داد برابرش سجده کنند و کسی را به مشارکت در خلق و امر و تـأثیر دعوت نکرد. و پیغمبری را ستود که بزرگترین افتخارش عبودیت بود. خدایی که خود را «وَحْدَه»، «لاشریک»، «لَمْ یَلِد»، «رحمان» و «رحیم» خواند؛ و اجازت نداد «نَعْبُدُ» و «نَستَعین» را دیگران ـ که مخلوقند ـ تصاحب نمایند. خدایی که خود را خالق و همه‌ی موجودات را مخلوق خواند؛ بی‌تأثیر در الوهیت و غفاریت و قهاریت. چه کسی را یارای ادعای شراکت در نظم و خلق؟... عباد صالح خدا آنانند که در راه رضای او گام بردارند و خود را برتر و موثر در شفا و روزی و بهشت و جهنم ندانند...

... مگر می‌توان مدعی قطبیت بود و خورد و خوراک را از خلق خدا جدا کرد؟ مگر می‌شود ادعای عبدیت خدا را داشت؛ اما عبد شکم و زمین و اسب و باغ و... بود؟ مگر می‌توان مُرشد شد وخود هدایت نشده باقی ماند؟...

...آگاه باش! مرگ در کمین است. جواب او را چه خواهید داد که: من در بستر نرم، زمستان، گرم و تابستان، خنک با «ما تَشتَهی الأنْفُس» زیستم و مَردم را وعده‌ی بهشت دادم و مدعی شفا بودم... پس بدان در چنین روزی من هم نمی‌توانم برایت کاری کنم. آیا جواب خدا را توانی داد؟...

... از خاک هستی و به خاک باز خواهی گشت؛ زیادی فاصله با فقرا زیادی فاصله با خداست. به خدا قسم نمی‌شود آنچنان زیست و با خدا بود. تلخی نچشیده، رنج ندیده، غصه نخورده و شبها را با ناله و راز و نیاز با خدا به روز نرسانیده، چگونه چنین و چنان شده؟

این کُلاه و این عبای خرقه‌پوش 	 می‌تواند راهزن گیرد به دوش

نصیحتم گوش کن، لذت عشق نوش کن؛ دنیا را آغوش مکن؛ خدا را فراموش مکن!...»

واتا: وەناوخودا کە دەهندە و دلۆڤانە. سپاس بۆ ئەو کەسە مرۆی لە نێر و مێوینەیەک وەدی هێنا ... دروود و سەلام بو بەندە و ڕاسپاردەی و ئەوی شوێنگریە بە چاکە، تا ئەو ڕۆژە کە ماڵ و ... بەهرەیەک نادا و ...

دیسان سپاس هێژای خودایەکە فەرمانی دا کڕنووشی بۆ بەرن و کەسی بە هاوبەش و هەواڵ هەڵنەبژارد و پەسنی ئەو پێغەمبەرەی دا کە گەورەترین شانازی، بەندەواری بوو. خودایەک کە خۆی بە «تاک» و «بێ‌شەریک» و «نەزاو» و «دەهندە» و «دلۆڤان» ناو برد و ڕێی نەدا کەسانی تر ـ کە داهێنراون ـ بیانپەرستن و پشتیان پێ ببەستن. خودایەک کە خۆی بەدیهێنەر و هەموو بوونەوەری بەدیهێنراو ناو نا؛ بێ دەسەڵات لە خوایەتی و بەخشندەگی و لێهاتوویی. کێهەیە دەسەڵاتی هاوبەشی لە وەدیهێنان و دامەزرانیدا هەبێ؟ ...

بەندەی گونجاوی خوا ئەوانەن وا لە ڕێگای ڕەزای ئەودا هەنگاو دەنێن و خۆ بە سەرتر و دەسدار لە خۆش‌کردنەوە و بەش و بەهەشت و جەهەننەمدا نازانن ...

... چۆن دەبێ خۆ بە قوتب بزانی و بەش و بژیوی خەڵک بخۆی؟! کوا دەگونجێ بێژی بەندەی خودای و کۆیلەی زگ و زەوی و باخ و ئەسپ و ... بی؟ کەی دەکرێ مورشید بیت و ڕێ لێ شێواو داکەویت؟...

... وریا بە! مەرگ وا لە بۆسەدایە و خۆی لێت ماتە داوە. چۆنی جواب دەدەیتەوە ئەگەر لە سەر دۆشەکی نەرم، بە زستاندا گەرم و هاوینان فێنک، وا کە دڵت دەیخوازێ بژیت و خەڵکی وادەی بەهەشت بدەی و بێژی خۆشیان‌دەکەیەوە ... بزانە! لە ڕۆژی وادا منیش کارێکم پێ ناکرێ بۆتی بکەم. بۆخۆت جوابی خودات بۆ دەدرێتەوە؟ ...

... لە خاکی و دەگەڕێتەوە بۆ خاک. دووربوونەوە لە داماوان، دووركەوتنەوە لە خودایە. سوێند بەو خوایە ناتوانی وا بژیت و لەگەڵ خودا بیت. تاڵی و سوێری نەچەشتوو، دەرد و مەینەت نەدیتوو، خەم و خەفەت نەخواردوو، شەوان بە ناڵین و کڕووزانەوە و سکاڵا لە دەرگانەی خوادا ڕۆژ لێ هەڵنەهاتوو، چۆناوچۆن وات لێ هاتووە؟

ئەم خەرقە و عابا و مێزەری سەرتە 	 ڕێگریش دەکرێ بیکاتەبەری

گوێ بگرە لەم مۆچیارییە! ئەویندارى ڕزگارییە. ئامێز بۆ دنیا مەکەوە! خودای خۆت لەبیر مەبەوە!

* * *

بەو حاڵەش دەبینین کە لە شینی کۆچی یەکجاری شێخ حوسامەدیندا، لەسەر داخوازی دۆستێکی و بە ناوی ئەوەوە، مەسنەوییەکی ئاورینی هۆنیوەتەوە. تۆ بڵەی خۆی پەسند و ئاکاری بەرزی شێخ تا ئەو ڕادە کاری کردبێتە سەر هەستی مامۆستا کە لە دنیا چوونی هێندەی خەمبار کردبێ؟ ئەگەر وایە، بۆچی وەکوو زۆربەی مامۆستیانی ئەو سەردەمە، نەچووە ژێر ئاڵایەوە، تا هێندێک پێی بحەسێتەوە؟ کەچی بە پێچەوانە،

ئەو هەمووە خۆی تووشی دەردیسەر و سەخڵەتی کرد!

بەڵام ناوبانگی مەلا حەسەنی دزڵی زیاتر بە بۆنەی شیعرەکانیەوەیە کە زۆرتر گاڵتەی تێکەڵ بە تیز و تانەن. مامۆستا زیاد لە هەورامی، بە سۆرانیش شیعری گوتووە و هەروەها بە فارسی و عەرەبیش، بۆ گەپ و گەمە، هێندێک شیعری جوان و دڵبزوێنی داناوە.

چەند نموونە لە شیعرەکانی:

بـــرا هەتاکـــەی ئـــەم دەردیـــسەرە؟ ئێـــژی ئـــەو ســـەگە و ئـــەویتر کـــەرە!
ئـــەوە نافامـــێ، بەچکـــە عەوامـــە ئـــەویان نۆکـــەری بـــاوک و باوامـــە
ســـەییدگیان! توخـــوا چـــاوێ کـــەرەوە خـــۆت بـــۆ لای زەمـــان بـــاوات بـــەرەوە
ئـــەولادی حوســـەین! مەبـــە بـــە یەزیـــد بـــۆچی گیـــانی دا ســـەرداری شـــەهید؟
بـــۆ دەس‌مـــاچ‌کـــردن؟ یـــا بـــۆ نـــان و ئـــاو؟ یـــا هـــەرچی بێـــژێ، بێـــژن بەســـەرچاو؟
مامۆســـتای گـــەورەم! لـــە جـــێ ڕافیعـــی نـــەوەوی مەســـلەک، مـــوفتی شـــافیعی
عەمـــەڵ بـــە گفتـــە و عیلمـــت واجیبـــە مـــن بمـــرم تـــرس و فلـــس حاجیبـــە!
یـــا شـــێخ بـــە گیـــانی غەوســـی گـــەیلانی شـــای نەقـــشبەند و پـــیری ڕەببـــانی
خـــۆت بـــە پەیـــڕەوی ڕەفـــاعی زانی بۆچی خـــۆت ناونـــا بـــە غەوســـی سانی؟!
شێخی مـار و تـیخ، زەرگ و بـەرد و دار؟ دیـــن و مـــار و زەرگ؟! هـــەزاران هـــاوار
بـــۆخـــاتر پـــیری هینـــد و غەجـــدەوان پـــیری ســـەمەرقەنـــد، پـــیری هەمـــەدان
تەپـــڵەکەت لێـــدە بـــەرەو هیندوســـتان ئیتـــر بەســـیانە خەڵـــکی کوردســـتان
وتیـــان شـــارەزوور خوشـــە بـــۆ میـــوان میوان دوسەدساڵ؟! ئامـان سـەد ئامـان
ئەگـــەر نۆبـــەیش بـــێ، ئێمـــە بەسمانـــە بـــەش کوڕاوکـــوڕ و هـــەرچی کەسمانـــە
ئاغـــا بۆخـــاتر هـــەلاکوو و تـــەیموور عـــــەناز و...، زەڵـــــم و شـــــارەزوور
چـــۆن بووگـــە ئێـــوە ســـاحیبی دنیـــان؟! ســـەروەر و ســـالار دنیـــا و مافیهـــان؟!
چـــۆن ئێـــوە ســـاحێو موقـــەددەراتن؟ ســـاحیب جەریمـــە و خـــاوەن خـــەلاتن؟
هەرچـــەن ئـــەزانم تـــۆ بـــێ‌تـــاوانی فێرکـــراوی، خـــۆت بـــە هـــەق ئـــەزانی
خـــودا مـــن بگـــرێ، لەســـەر هـــەتا پـــام حەلالـــم کـــرد بـــۆت بـــە فتـــوای حـــەرام
بـــە خـــاتر کـــراس یـــا تـــەغارێ جـــۆ ئـــەم هەژارانـــەم خـــستە باوکـــەڕۆ
فتوامـــان بـــۆ دان، بووبـــە قەواڵـــە کـــێ ئێـــژێ حـــەرام زوانی لاڵـــە؟
نـــە خـــۆت، نـــە بـــاوات، نـــە باواگـــەورە نـــە ئـــەم زەمانـــە و نـــە هـــی ئـــەو دەورە
نـــە ڕۆژێ جـــووت و نـــە ڕۆژێ گێـــرە خـــاتوونیش نـــە دەشـــت نـــە ڕانـــەبێرە

کێ دیویە مالیک بۆ ئیحیای مەوات   پاچێ هەڵگرێ و بۆ کێوێک بڕوات؟
ساڵەها هات و ساڵەها چیوە   کێ ڕۆژێ کاری مالکی دیوە؟
گیرام خاوەنی زەوین و باخی   خاوەنی موڵک و مووچە و ئوجاخی
بێئیجازەی تۆ مازوو ناکرێ!   بە بێ دەستوورت بە ڕوو ناخورێ!
کچ بە بێئیزنت نادرێ بە شوو   خاوەن ئیرادەی لە بووک و خەسوو
ئا توخوا کاکە ناوەکەت بێژە!   لە دەستەڵاتت سەرم زۆر گێژە
ئەر تۆ خالیقی یا فەردی ئەعزەم   خودایش وا ناکا، هەر بە خوا قەسەم
خۆ خوا جوزئێ ئیختیاری دا   تۆ لێت ساندمەو، موفت و مەرحەبا
هاوار ئەم خەڵکە چی لێ قەوماوە   ئیختیار ماڵ و خەیزان نەماوە!
ڕەش و ڕووتەکان! بە خودا قەسەم   بە گیانی ئێوەی بێنەوا قەسەم!
گوریسی زوڵم هەتا مەحکەم بێ   زووتر ئەبڕیەت، خاترت جەم بێ
ڕۆژێ ئەبینن لەم شارەزوورە   لەم دێ نزیکە و لەو دێیە دوورە
نە دەنگی تەپڵ و هەرا و هوریایە   تاپۆی ڕەش و مۆر ڕووبە فەنایە
ناوی مالیک و ئاغا نەماوە   ئەبێتە عەیبە، ئەم بەزم و باوە
ئەبیتەو خاوەن ژن و منداڵت   خاوەنی ڕەنج و وەزع و ئەحواڵت
ڕیش و مێزەرە، بە قەتع و یەقین   جێگەیان ئەدەن بە عیلم و بە دین
ئەو ڕۆژە «حەسەن» ئەگا بە ئاوات   ئێژێ بە دیدار موحەممەد سەڵوات

ئەم شیعرەی بە پەیکێکدا بۆ دۆستێکی بە ناوی موحەممەد ئەمینی هەمەوەندی کە لە سابلاغ (مەهاباد) بووە، ناردووە:

ای عازم ساوجبلاغ! عرض سلام این حزین   بر خوان برای آن که نامش در دهانم انگبین
چابک همەوندی که او در وقت غارت بارها   بر کنده بُزها پوست را، درویشها را پوستین
....   اول محمد آمده، آخر نقیض للأمین
باری اگر مرسولەای ننوشت سوی این طرف   منعش نباشد زان مکان، گر غافل است از ما چنین
شهر سیەچشمان وی همچون غزالان خُتن   تعطیر ناف دلبرش، چون نافەی آهوی چین
پیکان مژگان سیه بر سینەی هر کس زند   فوّاراش بالا رود تا آسمان هفتمین
بەرخۆلةٌ، ذوشحمةٌ، تاقانةٌ فی بلدة   قتّالةٌ بالغمزة، با آن دو چشم نرگسین
لَو عانَق الانسانُ بالبِنْت التی من قربکم   صادر شود بی‌اختیار از وی ریاح فا و سین
درویشهای کولکنین، ڕیش نێری و زوڕناکەپۆ   سەر چۆلەکەی گون‌کوولەکە، مانند جاموس بطین

بیننـد چـون آن لُعبتـان، چـون دیوشـان در بـر کـشند		با بۆڵەبۆڵ و فیشەفیش، بـا لرفـەلـرف و ئـاخنین

ئەمەش قەتعەیەکی مولەممەع، گازندە لە نابەرامبەری:

...چ هاوار و هەرا و هوریایە بو الأخباز و برسـیـسـک

بە سـێحەی انّـنا جُعْنـا، بـە برسـیمە دەبـێ بچـڕی

فەڵەک ئاوێکی بۆ ڕشتین ئەبێ برسی و کز و کـوێر بـین

احامیر و اکالب، شَحم و لَحم و تـویش ئـەبێ بقـڕی

وەکوو من زیکری گێتە و وێردی چایی، سەرفی عیلمی کـە

وەگەرنە ریحـی اَمعـاءِ و اَوارِگ زیـاد ئـەکا و ئەتـڕی

بە کام دەستوور و کام یاسا، اَعالِم ڕووت و برسی بن؟

لە هـەر بـوالعلم و بـولزانین دەپرسـم، قـالَ: لا اَدْری

حەسەن! ڕۆژێ ئەبێ عـالیم ببێتـە سـاحیبی عالـەم

اولـوالأزوار! اولولـسەروار! اولوالـدینار! ئـەبێ بمـری

ئەگەر ڕۆژێ عیلم جێگای «اولول» بگرێتـەوە کاکـە!

کەر و بل باوی نامێنـێ، وەکـوو کـۆلارە هەڵـدەفڕی

لە جوابی پایەبەرزێکدا کە داوای هاوکاری لێ کردووە:

قـودرەت و سـەروەت، جـاە و جـەلالت		پێـشکەش بەوانـەی پێیـان شـیرینە

سەد تف و لەعنـەت لـە قوربـان، قوربـان		لـە «ئاغـا فـەرمووی» یـەکجارم قینـە

خـۆم زەلیـل ناکـەم بـۆ فلـس و دینـار		ئـەویـش لـە سـایەی عیـززەتی دینـە

پـێم خۆشـە نـانی جـۆی ڕەشـی عـەباڵ		دوینـەی خەجیجـە و فاتـە و جەمینـە

کاڵــە و کلاشـــی کـــاری هـــەورامان		نایـدەم بـە قـونرەی چـەرمی سـەکینە

ئیـسلام و عیـززەت، عـیلم و کەرامـەت		کـــورد و شـــەرافەت، ڕەسمـــی دیرینـە

هەی هوو، چەن دوورین مـن و نۆکـەری!		ئەمـەش هـەر جـۆرێ کاسـەلێـسینە

«سـەلام سـەییدی»، «ویرمەنـە دینـار»،		خۆیـەکـی پـیس و زۆر ناشـیرینە

ناکەومـــە پینـــەی درۆی ئاغایـــان		کـەوش و کراسـی خـۆم ئەکـەم پینـە

ئـاخر مـن قورئـان وا لەسـەر سـینەم		«الـطیّبــــاتُ لـلـطیـبینـــــــە»

مـن هەڵـوی بـەرزی لووتکـەی دالانـیم		هـەرگیز وەک قـالاو ناکەومـە چینـە

«حەسـەن» بـۆ مـەقام نۆکـەری ناکـا		سـەدجار ڕیامـە ئـەو جـۆرە ژینـە

ئەم دوو بەیتەشی بە گاڵتە و بە زبانی دۆستێکی کەوشدووریەوە گوتووە:

وه فیـدای بـاڵات بـام وه‌گـر که‌سمـه‌وه ئینـه لنگـوو تـۆن ئینـا ده‌سمـه‌وه
هه‌ر دوو لنگ ساف و چه‌رمـه‌ی بلـووره‌ن وه‌سه‌ت په‌ی زینه‌ت، خاڵێوه‌ش سـووره‌ن

مه‌لا حه‌سه‌ن ده‌وری ٩٠ ساڵی عومرکردووه و ئه‌گه‌رچی یه‌کجار نه‌وس‌کوژ بووه، ده ساڵی دوایـی ژیـانی زۆر به ده‌سکورتی و هه‌ژارییه‌وه تێپه‌ڕ کردووه. له‌به‌ر پیری و لاوازی وای لێ هاتووه دژوار ڕێگه‌ی بڕیوه؛ بـه‌و حاڵه‌ش ناعیلاج به لێره‌واردا گه‌ڕاوه و چڵ و چێوی کۆ کردۆته‌وه و به کۆڵ کێشاویه. مامۆستایه‌ک که تا ئه‌و ته‌مه‌نه قه‌ت گوێی بۆ دنیا شل نه‌کردووه و خـۆی لـه قـه‌ره‌ی دنیادۆسـتان نـه‌داوه و ته‌نانـه‌ت دیاریـشیانی وه‌رنه‌گرتووه، ئێستا به پیری و زورهانی، به‌و هه‌موو زانست و که‌سایه‌تییه به‌رزه‌وه، ناچاره فه‌رمانی شه‌رع بـۆ «سدّجوع» به‌ڕێوه ببا و هه‌موو ئێوارانێـک کاسـه‌یه‌ک هه‌ڵـگری و ده‌رکـی ماڵـی ئاغـای دێ لێـدا، به‌شـکوو چێشتێک بۆ خۆی و ژنه له خۆی داماوتره‌که‌ی بێنێ!

بێ‌گومان ڕۆژێک منداڵانمان به خوێندنـه‌وه‌ی به‌سـه‌رهاتی پیـاوان و ژنـانی وا، تێده‌گـه‌ن کـه سـووچی گه‌وره‌یان ئه‌وه بووه زۆر که‌وتوونه‌ته پێش ڕۆژگاری خۆیانه‌وه.

مه‌لا حه‌سه‌ن سه‌ره‌نجام ساڵی ١٣٦٥ ک. م. له دزڵی سه‌ری یه‌کجاری نایه‌وه و هه‌ر له‌وێیان ناشت.

دیوانی *مه‌لا حه‌سه‌نی دزڵی مه‌ردۆخی*، به کوشش احمد نذیری، چاپ ١٣٨٠. *چێشتی مجێور*، چاپ ١٩٩٧، پاریس، هـه‌ژار، ل ١٢٣ و ١٢٤.

شه‌مسی قوره‌یشی

سه‌ید به‌هائه‌دینی شه‌مس، که‌سناو «شمسُ‌الاشـراف»، کوڕی سه‌ید موحه‌مه‌د، کوڕی سه‌ید «عبـدالمطّلب» پاوه‌یی، پیاوێکی هێژا و شاعیرێکی توانا بوو که به کوردی و فارسی شیعری ده‌گوت و له مزگه‌وتێکی شـاری سنه به ناوی «مزگته‌هه‌ژاره» به‌رنوێژی ده‌کـرد و لـه حوجره‌یه‌کیـشیدا قوتابخانه‌یـه‌کی دانـابوو، منـداڵان و تازه‌لاوانی به نووسین و قورئان خوێندنه‌وه ڕاده‌هێنا.

شه‌مس شوێنگرتووی ته‌ریقه‌تی نه‌قشبه‌ندی و مریدی قوتبی عارفان، شێخ عومه‌ر زیائـه‌دین و مرۆیـه‌کی پارسا، به عیباده‌ت و یه‌کجار نه‌وس‌کوژ بوو.

چه‌ند هۆنراوه‌ی لێوه به‌جێ‌ماوه؛ هێندێکیان بریتین له: «*شمسُ‌العقاید*»، «*معـراج‌نامـه*» و «*مه‌لودنامـه*»بـه کوردی؛ که هه‌رسێکیان چاپ کراون. هه‌روه‌ها «*عقایـد*»، به شیعری فارسی و دیوانی شیعر، به کـوردی و فارسی.

خوا لێ خۆشبوو شه‌مس، بالایه‌کی کورت، ڕیشێکی ناونجی و سه‌روسیمایه‌کی نوورانی هه‌بوو. ده‌وری ساڵی ١٣٦٥ ک. م. له دنیا ده‌رچوو. به‌م به‌یته‌دا وادیاره ته‌مه‌نی له حه‌فتا تێپه‌ڕی کردبێ:

دوای حـه‌فتـا سـاڵ عـومـر ویـه‌رده دڵ ژه‌نگ قه‌سوه‌ت عیسیان ئاوه‌رده

لەم شیعرەیدا باسی گۆشەگیری و نەوسکوژی خۆی دەکا:

عیلمی بێبەھرە و درەختی بێسـەمەر مـن نامـەوێ
چاوی بێئەشک و فوغـانی بـێئەسـەر مـن نامـەوێ
عاشقێ کوڵمی لە ڕەنگی ئەشکی چاوی سوور نـەبێ
ڕۆژ نەناڵێ، شەو نەسووتێ تـا سـەحەر مـن نامـەوێ
ئـەو دڵــە دایم نــەڕێژێ خــوێنی پــەیکانی مــوژە
بێمەزەی تیری نگای گۆشەی نـەزەر مـن نامـەوێ
ھەر دڵێ فارغ لە عەشقە و ھەر سەرێ سەودای نییە
ئەو لە جوملەی خەڵقی ئینسان و بەشەر من نامەوێ
گەر لەسەر سینەی نیشانی داغـی ھیجـران سـوور نـەبێ
یا لە دەردی دڵ نەبێ کون‌کون جگەر مـن نامـەوێ
دڵبەرێ گەر خوڵقی چاک و لەفزی شـیرینی نـەبێ
گەر ببێ حوسنی وەکوو شەمس و قەمەر من نامەوێ
خەرقەپۆشی و گوشـەگیری، بـۆ ڕەزای خـالق نـەبێ
بـۆ مـەعاش و جـەلبی دونیـا الحـذر مـن نامـەوێ
ماڵی دونیا غەیری حەسرەت عاقیبەت سوودی نییـە
زادی ئیمـان توشـەیە، بـاقی ھـەدەر، مـن نامـەوێ
چاو لە موڵکی جەم بکە، تا موڵکی دونیا جەم نەکەی
تـاجی شـاھی داکـەوێ ئـاخر لەسـەر مـن نامـەوێ
بۆچ لەبەر کەم ئەتڵەس و دیبـای حـەریر و پـەڕنیان
غەیری کفنێ تۆ نەکـەی ئـاخر لەبـەر مـن نامـەوێ
فەقری خوەم چاکە بە ئاسان تەی دەکـەم ڕێگـەی ڕویـن
کۆڵی سەنگین و سەفەر، ڕێگەی خەتەر من نامـەوێ
دەوڵــەتی دونیـا حیـسابی سـەختە ڕۆژی ئـاخرەت
ئیقتداری موڵک و باغ و دەشـت و دەر مـن نامـەوێ
بـەم ھەژاریمـە لـە «مزگەوتـە ھـەژارە»، گۆشـەگیر
گەر بدەن «شەمسا» جیھانم سەربەسەر من نامـەوێ

تەخمیسی غەزەلێکی حافیز:

جلوەی نور جمال و کشف ظلمت امشب است نشئەی جام وصال ذات وحدت امشب است
وعدەی دیدار یار و بزم قُربت امشب است «آن شب قدری که گویند اهل خلوت امشب است»
«یارب این تأثیر دولت از کدامین کوکب است»

مُشت خاك اندر کفت شد کوری چشم حسد گردن خصم تو آمد رشتەی حبل المَسَد
دست بد آید بە سویت قطع باشد از جسد «تا بە گیسوی تو دست ناسزایان کم رسد
«هر دلی در حلقەای از ذکر یارب‌یارب است»

تیر مژگان تو را هر کس نکردە جان هدف یا ندارد شور عشقت کی بود اهل شرف
بستەی زلفم، نباشم رشتەی عقلم بە کف «کُشتەی چاە زنخدان‌توام کز هرطرف»
«صدهزارش گردن جان زیر طوق غبغب است»

دانەی خالش گرفتە خرمن عمرم گرو کردە داس ابروانش سبزەی جانم درو
تیر مژگان بر کمانش بین، چە خوش آید بە دو «تاب خوی بر عارضش بین کافتاب گرم‌رو»
«در هوای آن عرق تا هست هر روزش تب است»

من گدای کوچە و او شاە بر تخت برین کی رسد دست گدایان دامن شاە چنین
می‌کشد از لاغری نعش تنم موری حزین «اندر آن موکب کە بر پشت صبا بندند زین»
«با سلیمان چون برانم من کە مورم مرکب است»

حاتم طی، از عطای وی شدش آوازە طی ریزەخوار خوان او کیخسرو و شاهان کی
فاش گوید «شمس» همراە نوای ساز نی «من نخواهم کرد ترک لعل یار و جام می»
«زاهدا معذور داریدم کە اینم مذهب است»

شیعرە عارفانەکانی شەمس، جێگایەکی تایبەتی لە نێو تەکیە و خانەقا و دڵی خەڵکی ، بەتایبەت لە شاری سنەدا کردۆتەوە و لە هەموو کۆڕی مەلوودییەکدا، دەنگ‌خۆشان بە هەوای جۆراوجۆر و لەگەڵ دەفدا دەیخوێننەوە دڵ و گیانی خەڵکی پێ دەگەشێننەوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ موحەممەد سادقی نەقشبەندی

جێگری شێخ موحەممەد بەهائەدین و برای بچووکی شێخ عەلی حوسامەدینی نەقشبەندی، ساڵی ١٢٩٠ ک. م. لە گوندی «تەوێڵێ» هاتۆتە دنیا. سەرەتا لە قوتابخانە خوێندوویە و پاشان لای مەلا جاسمی سلێمانیوە دەرسی مەلایەتی تەواو کردووە و ئەوجار لە ژێر چاوەدێری برای پایەبەرزی (حیسامەدین)دا،

فێربوونی داب و دەستووری تەریقەت و سەیر وسولووکی دەسپێکردووە. پاش ئەمانە لە گوندی «گوڵپ» دامەزراوە و خەریکی خزمەت بە خەڵک و نیشاندانی تەریقەت بووە.

ڕەحمەتی شێخ موحەممەد سادق لە زبان و وێژەی فارسدا سەری دەرچووە و خوازیارانی زانینی ئەو زمانە لە کوردستانی باشوور، بەتایبەت دیوانی حافیز و مەسنەوی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، گرفت و پرسیان بۆ لای ئەم هێناوە.

کۆچی دوایی شێخ موحەممەد سادق، دەوری ساڵی ١٣٦٥ ک. م. ڕووی داوە.

تاریخ المشاهیر الالویةُ العراقیّة، بەشی یەکەم، ل١٦٢.

مەلا موحەممەد سەعیدی دیلێژەیی

کوڕی حاجی مەلا ئەحمەدی دیلێژەیی، لە زانایان و ناسراوانی کوردستانە کە ساڵی ١٣٠٤ ک. م. لە سلێمانی هاتۆتە دنیا و دوای تەواکردنی دەرس و دەور، لە قوتابخانەیەکی ئەوێدا بە ناوی «خومخانە» دەرسی گوتۆتەوە و ساڵی ١٣٦٥ ک. م. سەری یەکجاری ناوەتەوە.

مەلا موحەممەد هێندێک بەرهەمی نووسراوەشی هەبووە؛ یەکییان کتێبێکە لە «فرایض» و «مواریث»دا، بە کوردی.

تاریخ المشاهیر الالویةُ العراقیّة، ج١، ل١٥٧. *عُلَماونا فی خدمةالعلمِ والدّین*، ل٥٣٩.

شێخ عەبدوڵلای شەهبازی

حاجی شێخ عەبدوڵلای شەهبازی، جێگری هێژای عارفی پارسا، حاجی شێخ شوکوروڵای سنەیی[1]، لە خەلیفە بەوەجەکانی شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی بووە کە دوای کۆچی دوایی بابی، لە شاری سنەدا ڕێنوێنی و ئیرشادی خەڵکی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و ژیانی بە پارێزکاری و دوورەپەرێزی و سەربەرزی تێپەڕ کردووە. خەڵکیش لە بەرامبەرەوە زۆریان ڕێز لێ گرتووە و جێی بڕوا و متمانەیان بووە. بەتایبەت بازاڕییان لە کاروباریاندا چاو لە دەمی ئەو بوون و بێ بەرایی شێخ، دەسیان بە ئاودا نەکردووە.

حاجی شێخ عەبدوڵلا ساڵی ١٣٦٥ ک. م. پاش ٧٠ ساڵ، دنیای بەجێ‌هێشتووە و لە پەنا گڵکۆی بابی، لە مزگەوتی «هاجەرەخاتوون»یان ناشتووە.

دوای ئەویش کوڕی ڕێزداری (حاجی شێخ عوبەیدیللای شەهبازی) ئیرشادی کردووە؛ کە ئەویش دەوری ساڵی ١٣٨٥ ک. م. لە دنیا چووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

---

١. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٦١٠.

سەید ئەحمەدی شێخ ئەحمەدی

کوڕی سەید حامید، لە پشتی باوەشێخ ئەحمەدی باینچۆیە کە ساڵی ١٢٧٩ ک. م. لە گوندی «کوچکچەرمگ» لەدایک بووە و هەر لە قوتابخانەی ئەوێ و لە ژێر چاوەدێری بابیدا، خوێندنی سەرەتایی ئاییی، تەواوکردووە. پاشان بە شێوەی فەقێیانی ئەو سەردەمە، بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی، بۆ سەفەر چووە و ماوەیەک لە قوتابخانەکانی سنە و سەقز و مەریوان، هێندێک لە سلێمانی و قەرەداغ و هەڵەبجە، خزمەتی مامۆستایان گەیشتووە و لە کۆڕی دەرسیاندا دانیشتووە و تا بۆی دەستی دابێ، لێیان فێر بووە و سەرەنجام لە بیارە لای ڕەوانشاد مەلا قادری کانیکەوەییەوە ئیجازەی وەرگرتووە.

سەید ئەحمەد ئەمجار چۆتە ڕیزی مریدانی شێخ عومەر زیائەدینەوە و ماوەیەکی بە ڕیازەت و پاکژکردنەوەی نەفس تێپەڕ کردووە و پاشان لەسەر ئیزنی مورشیدەکەی، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و لە گوندی «هەمرۆڵە»، لە پەنای پیری تەریقەت، شێخ نەجمەدیندا ـکە ئەودەم گەورەی سەیدەکانی باینچۆ بووەـ گیرساوەتەوە و ساڵانێکی زۆر لەوێ دەرسیگوتۆتەوە و ڕێنوێنی خەڵک و لە نێوانیاندا دادوەری کردووە.

سەید ئەحمەد پیاوێکی پارێزکار وخێرخواز و خەڵکدۆست بوو، بەم بۆنەوە خەڵک زۆریان خۆشدەویست و گەورە و پچووک ڕێزیان لێدەگرت.

دوای کۆچی دوایی سەید نەجمەدین لە ساڵی ١٣٣٨ ک. م. سەید ئەحمەد گۆزایەوە ئاوایی «کێلەچەرمگ»ی لای «حوسەینئاباد» لە باکووری سنە و لە داهاتی موڵکێ کە لەوێی ساندبوو، ژیانی بەڕێوە دەبرد و خەریکی نووسین و وەرگێڕان دەبوو تا سەرەنجام ساڵی ١٣٦٥ ک. م. وادەی تەمەنی دوایی هات و مەلی گیانی لە هێلانەی دنیا هەڵفڕی.

لە سەید ئەحمەد ئەم کتێبە دەسنووسانە بەجێماوە، کە تا ئێستا هیچیان لێ چاپ نەکراوە:

١. وەرگێڕاوەی «*احیاءالعلوم*»ی ئیمام غەزالی تا ڕوکنی عیبادات

٢. «*کلام حضرت علی*»، بە ڕیزی ئەبجەدی

٣. وەرگێڕاوەی «*عینُ‌الفرائض*»، بە فارسی

٤. وەرگێڕاوی بەشێک لە «*فتاواءُالحدیثّیه*»ی شێخ ئیبنوحەجەر

٥. پەراوێز لەسەر کتێبی «*اعانةُالطّالبین*»، بە عەربی

٦. پەراوێز بۆ کتێبی «*عَقیدَةُالمَرضیّة*» لە کەلامدا، بە عەرەبی

٧. «*واجبات دینی*»، لەمەڕ عیبادەت و مامەڵەوە، بە فارسی

٨. «*ایمان و اسلام*»، لەمەڕ برواوە، بە کوردی.

وەرگیراو لە یاداشتی کاک سەید مەحموودی شێخئەحمەدی.

مەلا عیسامەدینی ماجیدی

زانای پایەبەرز و بەناوبانگ، مەلا عیسامەدین، کوڕی عەللامە قازی عەبدولکەریمی ماجیدی، ساڵی ١٢٨٢ ک. ه. لە گوندی «درگا سلێمان»ی سەر بە شاری سەقز هاتە دنیا و لە ژێر چاوەدێری بابیدا گەورە بوو.

عیسامەدین خوێندنی قورئان و وانە سەرەتاییەکانی لە خزمەت باوکیدا و لە پەنا فەقێیانی تر دەسپێکرد و دوای ئەوە ماوەیەک لە سەقز بوو بە فەقێی حاجی مەلا قادری خەلیفەزادە و هێندێک لە «هێجانان»ی باشووری سەقز، لای خەلیفە مەلا ڕەحیمی هەوشاری خوێندی و سەرەتێک لە خزمەتی مەلا سادقی سەردەرابادی لە «ئاڵەکۆ» بەهرەی برد و لەم کاتەدا ـکە ببووە موستەعیدێکی زیرەک و زانا و زیاتر لە جاران وازی لە خوێندن و فێربوون بوو ـ ڕووی نا لە شارەزوور و چووە کۆڕی دەرسی مەلا عەزیزی مودەڕڕیس لە گوندی «پریس» و زۆرێک مایەوە و سەرەنجام ئیجازەی وەرگرت.

مەلا عیسام ئەگەرچی ئیجازەشی هەبوو، بەڵام لە هەرکوێ ناوی مامۆستایەکی شارەزای ببیستایە، خۆی دەگەیاندێ و سەرەتێک لە خزمەتیدا هەدای دەدا و بە حەز و وازێکی زۆرەوە لای دەیخوێند و لێی فێر دەبوو. بۆ وێنە لە «ڕەشەوێ» سەر بە مەریوان، خزمەتی مەلا موحەممەد ئەمینی مودەڕڕیسی گەیشت و پاش گەیشتن لە وەرامی زۆرێک لە پرسیارەکانی، لای ئەویشەوە موجاز بوو؛ لە موکوریان، لای مامۆستایان حاجی بابەشێخی سەیادەت لە «جەمیان»، مەلا سەید حوسەین لە «کانیە ڕەش»، حاجی مەلا کەریم لە «باغچە» و هەروەها مەلا عەلی حەفیدی ولزی لە «تورجان»، هەرکام سەردەمێک خوێندی و لە زانستیان بەهرەی برد و سەرەنجام لە دارولعیلمی «تورجان»یش ئیجازەی ئیفتا و تەدریسی ساند.

مەلا عیسامەدین، کە ئەمجار بە شایەتی مامۆستایانی ناوبراو، یەک زانا هەمەزانەکانی ڕۆژگاری خۆی بوو، دەرس‌گوتنەوە و ڕێنونی خەڵک و دادوەری نێوانیانی دەسپێکرد و بە بۆنەی وردبینی و ئاکاری بەرزیەوە، یەکجار زوو لە نێوان خەڵکدا ڕێز و خۆشەویستی دەسکەوت.

مامۆستا لە دەورانی دەرس‌گوتنەوەیدا کەسانی زانای وای بارهێنا کە ئەوانیش بۆخۆیان سەرچاوەی خێروبێر بۆ دەوروبەریان بوون. بۆ وێنە خوا لێ خۆشبوان: مەلا موحەممەد ئەمینی شەریعەتی، مەلا حوسەینی عەلایی و حاجی مەلا ساڵەحی ڕەحیمی.

بەداخەوە خۆری ژیانی ئەم مامۆستا زانایە، ساڵی ١٣٢٥ ک. ه.)١٩٤٦ ز.)، کاتێ کە هێشتا ٤٣ ساڵی تەمەن بوو، ڕۆنیشت و دنیایەک زانستی لەگەڵ خۆی بردە ناخی خاکەوە.

وەرگیراو لە یاداشتی بنەماڵەی ماجیدی. ڕۆژنامەی *شهادە*، س٤، ژ١٦٥، ل٣.

مەلا فەیزوڵای غەریب

زانایەکی خەڵکی «خانەگا»ی لای پاوە کە پاش خوێندن لە باشووری کوردستان، لە گوندێکی سەر بە

خانەقین، ماوەی دەساڵ بەرنوێژی کرد و دەرسی گوتەوە. ئەوجار گەڕاوە ڕۆژهەڵات و سێ ساڵیش لە زێدی خۆی خزمەتی کرد. دواجار لەسەر داوای عەلیخانی بەهرامی کەمانگەر «شجاع‌الممالک»، چووە گوندی «وەلیئاوای کۆرەدەرە» و لەوێ ساڵی ١٣٦٥ ک. م. ماڵاوایی یەکجاری لە دنیا کرد.

ئەو خوا لێ خۆشبووە لە مامۆستایان و شەرعزانانی هەڵکەوتەی زەمانی خۆی هاتۆتە ئەژمار و جاروبارەش شیعری گوتووە و ناوی بنەماڵەیی و نازناوی «غەریب»ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

مستەفا مەزهەری سلێمانی

لە زانایانی باشووری کوردستان و سەیدەکانی بەرزنجە، بنەماڵەی قازانقایە کە ساڵی ١٣٠٧ ک. م. لە سلێمانی لەدایک بووە و ١٣٦٥ لە دنیا چووە.

مستەفا سەرەتا لە زێدی خۆی خوێندوویە و پاشان بۆ بەغدا چووە و ساڵی ١٣٢٢، دەورەی یانەی زانستی مامۆستایانی تەواو کردووە و بە شوێن ئەوەدا لە قوتابخانەیەکی شاری نەجەف بۆتە مامۆستا و لە چەند شاری تریش مامۆستایی کردووە. ماوەیەکیش بازرەسی قوتابخانەگەلی کەرکووک بووە و هەر بەم ئیشەوە، بۆ هەولێر و مووسڵیش چووە. سەرەنجام بۆتە جێگر و ئەوجار سەرۆکی مەعاریفی کەرکووک و هەر لەوێ لە دنیا چووە.

مستەفا مەزهەر فارسی و عەرەبی و ترکی باش زانیوە و مرۆیەکی هێژا، بەئاکار، جوامێر و خێرخوازی خەڵک بووە. ئەم شێعرە بەشێ لە قەسیدەیەکە مامۆستا بێخودی سلێمانی لە شینیدا گوتوویە:

دیسان هەوری بەڵا هات، سایقەی وەسڵی گوڵان ڕۆیی
شەوی ماتەم پەیا بوو، ڕۆژی خۆشی بولبولان ڕۆیی
تەمی غەم تا قیامەت بۆچی دانەگرێ وڵاتی کورد؟
کە زاتێکی وەفادار و نەجیب و خانەدان ڕۆیی
بچووک بۆ قوڕ نەپێوێ، گەورە تۆخوا بۆ بەکوڵ نەگری
کە عاسای دەستی پیر و هێزی ئەژنۆی گەنجەکان ڕۆیی
سەدای باوک و برا ڕۆی خەلق و گرمەی سینە، ناڵەی دڵ
وەکوو ڕەعدی بەهار ئەمڕۆ زەمین تا ئاسمان ڕۆیی
مشۆرخۆری گەلی میللەت جەنابی «موستەفا مەزهەر»
کە بانگی حوسنی خولقی بۆ هەموو کوردوستان ڕۆیی
لە غایب بوونی ئەو باوکی فەقیر و خادمی قەومە
لەسەر هوش و لە دڵ سەبر و لە تەن تاب و تەوان ڕۆیی

ئەگەرچی میللەتی کوردی دوچاری دۆزەخـی غـەم کـرد
بەڵام شوکری خوا، خوەی بۆ بەهەشتی جاودان ڕۆیـی
موحاسیب موهمەلی ئەم شعرە گەر جەمع و جبایەت کـا
ئـەزانێ کـەی ڕەوانی پـاکی بـۆ بـاغی جنـان ڕۆیـی
وەتەن! «بێخود» وەکوو منداڵـەکانی بـۆچ نەناڵـێنێ
«مودیری دایـرەی بـەرزی مـەعارف زێنـشان ڕۆیـی»

دیوانی بێخود. چەند گۆڤاری کوردی.

زیوەری سلێمانی

مەلا عەبدوڵڵا، نازناو «زیوەر»، کوڕی مەلا موحەممـەد، کـوڕی مـەلا ڕەسـوول، ساڵـی ١٢٩٢ ک. م. لـە سلێمانی هاتۆتە دنیا و هەر لەو شارە خوێندنی دەسپێکردووە. بەشوێن ئەوەدا لە شارانی تری کوردستان، وەکوو مەریوان، مەهاباد، بانە، ڕواندز، هەولێر و کەرکووک، شوێنی گرتووە و سەرەنجام ئیجازەی ساندووە. پاشان ماوەیەک دەرسی دینی گوتۆتەوە و ساڵی ١٣٤١ ک. م. لە مەدرەسـەی روشـدییەی چەکداریـدا دامەزراوە و بووە بە مامۆستای وێژەی کوردی و فارسی و عەرەبی و ترکی. ساڵی ١٣٦٠ وەنیـشتە بـووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٦ ک. م. لە تەمەنی ٧٣ ساڵاندا کۆچی یەکجاری کردووە.

زیور لە زمان و وێژەی کوردیدا شارەزاییەکی تەواوی هـەبووە و ترکـی و فارسیـشی بـاش زانیـوە بـەو زمانانەش شیعری گوتووە.

شیعر و پەخشانی زیوەر تەنیا لەمەڕ بابەتێک و دوانەوە نییە؛ بەڵکوو هەموو جۆرە باسی ئایینی، وێژەیی، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی و ئەویندار‌ی لێ بەجێماوە.

چەند نموونە لە شیعرەکانی:

جـەژنی ڕەمـەزان هاتــەوە، ئـەییامی سـورووره
هەر جێگە کە من سەیری ئەکەم مەجمەعی نووره

لایێ بە نەوای عود و نـەی و چـەنگ و چەغانـە
بــازاڕ و دەر و کووچــە و کــۆ وادیــی تــووره

واعیــز دەمــی بەسـراوە، وەکـوو فنـدق و بـادام
یار پـستە دەهــەن مـوحییی ئـەمواتی قوبـووره

زاهیـد سـەری کـز کـردووە، بـازاڕی کەساسـە
شاهید غەمی دەر کردووە، خوەی شەمعی حوزووره

بەم شارە بڵێم جەننەتـە تەسـدیقی ئەکـەن زوو
لایـێ هـەموو غیلمانـە، لـە لایـێ هـەموو حـووره

ئەم جەژنە کەوا مەنبەعی سەد ڕەحمەت و لوتفە
ئـەو شـۆخە لەگـەڵ ئێمـە بـە عینـوان و غـورووە

بۆ کوشتنی من کیسوەتی جەللادی لەبەر کـرد
بــاڵای ســەراپا کــە ئەڵــێی ئــاگری ســووره

جەمعییەتی خەڵکی هەموو وەک جەمعی سـەحیحە
شادی لە دڵـی ئێمـە وەکـوو جـەزری کوسـووره

«زیـوەر» چییـە؟ تـۆبیخەیـە بـەرتیری مەلامـەت   تۆ شاهی سـولەیمانی و ئـەو هـەر وەکـوو مـوورە

* * *

عەرەق ناخوەم کە تووشی دەردیسەر بم   گرفتـاری هـەزار ئـێش و خەتـەر بم
هەچی خوا حەز بکا ئەیکەم بە سیرڕی   ئیتـر بـۆ شەرمەسـاری نـاو بەشـەر بم
عەرەق ناخوەم کە عومرم کورت و کەم بێ   بـە گـەنجی بـۆ گرفتـاری زەرەر بم
عـەرەق نـاخوەم کـە دوچـاری وەرەم بم   هیلاکـی خەسـتەگی قـەلب و جگـەر بم
لـە بـۆن و بۆگـەنی بێـزارە تـەبعم   فیـدای ئـەمری خـودا و پەیغەمـەر بم
ئەگـەر فـەزڵ و هونـەر لـەم کارەدایـە   لە خـوا خواسـتەم وەهایـە بێهونـەر بم

* * *

تکـانی ئابـڕووی چەمـەن بـە ڕووی ئابـدارەوە   شکانی نرخی نەستەرەن بە زولفی موشـکبارەوە
چمە لەمەی، لە نەی، لە جام، ئەگەر بە لەنجە بێتە لام   بـە ڕووی تابـدارەوە، بـە چـاوی پـڕخومارەوە
عـەرەق نییـە لـە عالـەما کـە لابـەرێ لـە دڵ خـەما   جگە لە قەترە عارەقێ لە ڕووت کە دێتە خـوارەوە
نیـشاتی مـن جەماڵـی تـۆ، بـەراتی مـن وساڵـی تـۆ   خەیاڵی من لە خاڵی تۆ بە عیشوە لێم مەشـارەوە
عەزیزەکەی حـەبیبی مـن، نگارەکـەی تـەبیبی مـن   کە شەقبەرێ ڕەقیبی من وەرە بە سەد وقـارەوە
فدای خەدد و قەددی تۆ، چەمەن بە فەوجی گوڵـیەوە   بە بولبول و بـە چڵـیەوە، بـە قـومری و چنـارەوە
فەرەنگڕوو و زەنگموو، عەجـەمسیاق و ڕووسخـوو   ئەناسرێ کە کوردە زوو بە پێچـی لار و خـوارەوە
نیـساری زولفـی عەنبـەری هـەموو ولاتی گوڵـعەمەر   بە عەرد و بەرد و دارەوە، بـە ئـاوی سـەرچنارەوە
ئەمن گەیاندمە «ئـەنوەری»، فنـوونی شـعر و شـاعری   ئەتۆی گەیانتە سامیری، بە چـاوی سـیحرکارەوە

* * *

باعسی دووریتـە گـەر دڵ ناڵـە و ئـەفغان ئـەکا   دەردی هیجرانە سەبەب گەر دیدە خوونئەفشان ئـەکا
هەر زەمان ناری فیراقـت دێتـە نـاو کـوورەی دەروون   میروەحەی ناڵەم لە هەر لا ئاگرێ پەخشان ئـەکا
تۆ کە جەللادی بە ئەڵماسی موژەت دڵ کون مەکـە   زەخمی ئەبرۆت کارییە چارەی لە هـەر دەرمـان ئـەکا
شەمعی ڕووت کەوتۆتە ناو زوڵمانی زولفـی وەک شـەوەت   دڵ وەکوو پەروانـە هـەردەم مـەیلی خۆسـووتان ئـەکا
نەوغەزاڵـێکی تیایـە دڵـڕفێن و دڵـبەرە   سا بە خۆڕایی نییـە دڵ مـەیلی «کـانیئاسکان» ئـەکا
قەت بە مەقسوود و مەرامم ئاسمان دەوری نـەدا   بـاغی خەڵـکی دڵگوشـاد و بـاغی مـن وێـران ئـەکا
گەر هیلالی ئەبروانت بێتـە عەرسـەی زاهـیری   سەد وەکوو «زیوەر» بە جارێ دێـت و خـوەی قوربـان ئـەکا

سۆزی نیشتمان، گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٣٤. گۆڤاری *هیوا*، ساڵی یەکەم، ژ٩، ل٤١.

مەلا عەبدولعەزیزی فەوزی

کوڕی حاجی مەلا موحەممەد ئەمین، کوڕی حاجی مەلا ئەحمەدی چاومار، ساڵی ١٢٩٢ک. م.[١] لە سلێمانی هاتە دنیا. خوێندنی لە کوردستانی باشوور لای مەلا ڕەحمانی پێنجوێنیوە تەواو کرد و ئیجازەی لێ وەرگرت. پاشان گەڕاوە سلێمانی و لە جێی بابی دەرسی گوتەوە و بەرنوێژی کرد. دوای هێندێک بە شێوەی فەرمی بوو بە موفتی و هاوکات کرایە ئەندامی کۆڕی زانیاری عوسمانی. ساڵی ١٣١٨ ک. م. کرایە موفتی شاری «بروسە» لە وڵاتی ترکان؛ بەڵام نەیکرد. ساڵی ١٣٢٠ بۆ شاری «ئورفە»ش ناوی دەرچوو؛ ئەویشی نەکرد و سلێمانی بەجێ نەهێشت. دوای دامەزرانی حوکمەتی عیراق، لەگەڵ ئەوە هەر موفتی سلێمانی مایەوە، سەرۆکی «مجمعُ الهدایةُ الاسلامیّة»شی پێ سپێردرا.

مەلا عەبدولعەزیز جێ ڕێزی هەموو چینێکی خەڵک بووە. تەنانەت خاوەن دەسەڵاتانی دەوڵەتیش، پلەی زانست و کەسایەتی بەرزیان لەبەرچاو گرتووە. ئەم زانایە پاش عومرێک ژیان بە سەربەرزی و خزمەتی زانستی و ئایینی، ساڵی ١٣٦٦ ک. م. لە دنیا چووە.

مامۆستا شیعریشی گوتووە و نازناوی «فەوزی » هەڵبژاردووە. ئەم چەند بەیتە هی ئەوە:

پڕ زمان و دڵمە یارب! قُلْ هُو اللّه احَد	زیکر و فیکری زاهیر و باتینمە اللّه الصّمد
گێژەڵوولەی مەعسییەت ڕێگەی هیدایەت ون ئەکا	لَمْ یَلِدْ! ڕەوشەن کە بەرچاوم و لَمْ یولَدْ! مەدەد
نەفی و ئیسباتە کە زیکری ڕێ بە حەق پیشان ئەدا	وامنیش ڕێبواری ئەو ڕێیەم خودا بمکەی بەڵەد
مەشریق و مەغریب لە دەرکی زاتی تۆ کوێر و کەڕن	لَمْ یَلِدْ و اللّه ئەزەل چەشتت وَلَمْ یُولَدْ ئەبەد
عاقیبەت مەحموودی کردی چونکە ئیخلاس ئاخری	لَمْ یَکُنْ لە کاری پێکهێنای لەگەڵ کُفواً احَد

پێشەکی و ل ٣١ی دیوانی بێخود. *عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین*، ل ٢٩٥.

مەولانا عەبدولعەزیمی موجتەهید

کوڕی مەلا عەبدولمەجید، کوڕی مەلا حەمزەی حەکاک، کوڕی مەلا عەباس، مەشهوور بە «ئەیاز»، لە پشتی زاهیدی بەناوبانگ، سلێمان بەگی بانە ـ کە لە مەدینەی پیرۆزدا نێژراوە ـ لە زنجیرەی شێخانی کاکۆزەکەریایین.

عەبدولعەزیم سەرەتا خوێندنی لای بابیەوە، کە پیاوێکی هێژا و مامۆستایەکی زانا بووە، دەسپێکردووە و دوای ئەوەش ماوەیەک لە قوتابخانەی «نەسیردیوان»، لای سەید عەبدوڵڵای چۆڕی چۆکی شاگردی داوە. پاش لە دنیا چوونی ئەو مامۆستایە، ساڵی ١٣٠٧ ک. م. ڕووی لە کوردستانی باشوور ناوە و سەردەمێک لە بیارە لە خزمەتی عەللامە مەلا قادری کانیکەوەیی خوێندوویە و سەرەنجام ئیجازەی وەرگرتووە. بە شوێن

---

[١] لە کتێبی *«عُلَماونا فی خدمةالعلم و الدّین»*دا ساڵی ١٢٨٨ نووسراوە.

ئەوەدا ماوەی حەوت ساڵان لە پێشگای پیرۆزی شێخ زیائەدین عومەری نەقشبەندیدا تەریقەتی وەرگرتووە و بە لانشینی خانەقا، خەریکی سەیر و سولووک بووە و دوای پێ خەلات بوونی کەڵپۆسی خاکەساری و وەرگرتنی ئیجازەی خەلافەت، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی (شاری سنە) و تا دواکاتی ژیان لە چەند قوتابخانەدا، یەکیان مەدرەسە و مزگەوتی «تووبا خانم»، خەریکی تۆژینەوە و دەرس گوتنەوە و نووسین بووە.

موجتەهیدی ڕەوانشاد، زانایەکی بێ‌نیاز و هێژایەکی سەرفەراز بوو کە هەموو ژیانی بە خۆشناوی و نەوس‌کوژی و خزمەتی زانستی تێپەڕ کرد. یەکجار خواناس و پارێزکار و بێ تەما لە دنیا بوو. لە کتێب بەولاوە، دڵی سەر هێچ شتێ نەدەچوو. لەماڵێکی فەقیرانەدا، بەو پەڕی سادەگییەوە دەژیا. لەگەڵ هەژار و دەوڵەمەند، مەزرینگەیی و بازاڕی و چەکدار و دەسەلاتداردا ئاموشۆی دەکرد و هەموو زۆریان ڕێز لێ دەگرت. ئەگەر دەرسی دەگوتەوە، بۆ کەس پەکی نەدەخست و هەرکەس میوانی بووبایە، فەقێیەکان و دەرسەکەیان کاکەبەشانەیان هەبوو. قوتابییانیش یەکجار بە ئاواتی دانیشتن لە کۆڕی دەرسی مامۆستا و بەهرە بردن لە خەرمانی پڕپیت و پیرۆزی زانستی ئەو بوون.

مەولانا عەبدولعەزیم، کە خەڵکی سنە «مەلاولەزیم»یان پێ دەگوت، کتێب و نووسراوەیەکی زۆری لێ بەجێ ماوە؛ هێندێکیان بریتین لە:

١. پەراوێز بۆ «*جمع الجوامع*»، لە ئوسوولدا

٢. پەیوەست بۆ «*تقریب المرام*»، لە حیکمەتدا

٣. پەراوێز بۆ «*تحفه*»ی شێخ ئیبنوحەجەری هەیتەمی مەککی، لە فیقهدا

٤.پەراوێز لەسەر «*خلاصة الحساب و تشریح الافلاک*»ی شێخ بەهائەدینی عاملی

٥. نامیلکەیەک لە سەلماندنی هەبوونی خوادا

٦. نامیلکەیەک لەمەڕ سۆفیگەرییەوە

٧. نامیلکەیەکی بەبەڵگە، لە بارەی پێویست بوونی شۆردنی پا لە دەسنوێژدا

٨. نامیلکەیەک لەمەڕ حەرام بوونی موتعەوە

٩. نامیلکەیەک لە بارەی ئیجتیهادەوە

١٠. نامیلکەیەک بۆ ڕەت کردنەوەی مەزهەبی وەهابی

١١. نامیلکەیەک باسی ئیمان‌هێنانی ئەبووتالیب، بابی حەزرەتی عەلی (د).

زا و مەرگی مەلاولەزیم ٤ی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٨٥ و بەیانی ڕۆژی هەینی ٢٣ی ڕەمەزانی ١٣٦٧ ک. م. هەردوو لە شاری سنە ڕوویداوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

حوسەین حوزنی موکوریانی

سەید حوسەینی حوزنی، نازناو «داماو»، کوڕی سەید لەتیفی موکوریانی، ساڵی ١٢٩٦ ک. م. لە مەهاباد هاتە دنیا[١] و هەر لە سەرەتای تازەلاویدا، پاش هێندێک خوێندن، هەوای لێکۆڵینەوە لە کورد و کوردستان و هەروەها ڕۆژنامەوانی کەوتە سەری. دوازدە ساڵان بوو، بۆ خوێندن لە مەهاباد دەرکەوت و لە ناوچەکانی باشووری کوردستان کەوتە گەڕان. ماوەیەک مۆرسازی و حەکاکی و وێنەگری کرد. پاشان لێبڕا ماشینێکی چاپ دەست بخا و ڕۆژنامە و کتێبانی پێ چاپ بکا. سەرەنجام ساڵی ١٩١٥ ز. توانی دەزگایەک لە ئاڵمان بسێنێ و بۆ یەکەم جار، بە ناوی «چاپخانەی کوردستان»، لە شاری حەلەب بیخاتە ڕێ. دوای ئەوەش، ساڵی ١٩٢٥ ز. چوو بۆ ڕواندز و لەوێ چاپخانەیەکی بە ناوی «زاری کرمانجی» دامەزراند.

لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کورددا، حوزنی یەکەم کەسە و هەروەها یەکەم کەسێکە لەگەڵ توژینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان، کتێب و نووسراوەی کوردی لەچاپ داوە.

مینورسکی ڕۆژهەلاتناسی ڕووسی، لەبارەیەوە دەڵێ: « ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حوزنی بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی کورد و ناساندنی میللەتەکەی، ئەوی لە دەستی هاتووە، کردوویە.»

هەروەها پرۆفسۆر واسیلی نیکیتینی کوردناسیش بە ئەمەگناسییەوە ئێژێ: «حوزنی بەسەر من و هەموو ڕۆژهەلاتناسی ترەوە، زۆری منت هەیە.»

مامۆستا حوزنی لە مانگی ئاپریلی ساڵی ١٩٤٧ ز. (١٣٦٦ ک. م.)، لە شاری بەغدا ـ وەک دەڵێن ـ لە لایەن دەستە و دایرەی بریتانییەکانەوە، دەرمانخوارد کرا و کوژرا.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١. *خونچەی بەهارستان*، چاپی حەلەب، ١٩٢٥ ز.

٢. *خۆشی و ترشی*، چاپی ڕواندز، ١٩٢٥ ز.

٣. *بارهێنانی کرمی ئاوریشم*، وەرگێڕاوە

٤. *ئاورێکی پاشەوە*، لە ٣ بەرگدا

٥. *پێشەوای ئایینی*، ١٩٢٦ ز.

٦. *وێنەگەری و کۆڵین*

٧. *مێژووی کورد و نادرشا لە خاکی ئێراندا*، ڕواندز ١٩٣٤

٨. *مێژووی زەند*، ڕواندز ١٩٣٤ ز.

٩. مێژووی ناودارانی کورد، ڕواندز ١٩٣٤ ز.

---

١. مامۆستا هەژار لە چێشتی مجێوردا، شوێنی لەدایکبوونی، گوندی «نیچکە»ی لای بۆکان ناو دەبا؛ کە ئێستا نەماوە.

١٠. مێژووی میرانی سۆران، ڕواندز ١٩٣٥ ز.

١١. *کوردی زەند*

١٢. *کوردستانی موکوریان*، ڕواندز ١٩٣٨ ز. و دەیان کتێبی تر کە چاپ نەکراون.

گۆڤار و ڕۆژنامەکانی:

١. گۆڤاری *ڕووناکی*، لە هەولێر، س١٩٣٦ ز.

٢. *زاری کرمانجی*، ڕواندز، س١٣٣٤ ک. م.

٣. *دەنگی گیتی تازە*، بەغدا.

روزنامەنگاری در کردستان، چاپ مهابـاد، ل٦٢-٦٤.

چێشتی مجێور، چاپی دووەم، ٢٠٠٧، ل١٠٨-١١٢.

مەلا حوسەینی پسکەندی

زانای پارسا، مەلا حوسەین، کوڕی حاجی‌خەلیفەی پـیرۆتی پـسکەندی، ساڵـی ١٢٨٢ ک. م. لـە گوندی «پسکەند» هاتۆتە دنیا و دوای خوێندنێکی سەرەتایی لە زێـدی خـۆی، چۆتـە سـلێمانی و لەوێ پاش ئەوەی بۆتە موستەعید، لای مەلا ڕەحمانی پێنجوێنی ـکە ئەو سەردەمە لە سـلێمانی دەرسی گوتۆتەوە ـ خوێندوویە و دواجاریش کە مامۆستا گەڕاوەتەوە پنجوێن، ئەمیش لە خزمەتیدا چۆتـە ئەوێ و تا کۆتایی هاتنی دەرس و دەور، لەو زاتە بەهرەی بردووە و دوایـی ئیجازەکەشـی لـە دەسـتی ئـەو وەرگرتووە. ئەمجار گەڕاوەتەوە سلێمانی و لە مزگـەوت و قوتابخانەیـەکی ئەوێـدا، مامۆسـتایی و بـەرنوێژی کردووە. لەو دواییانەش، ماوەیەک لە «جامع کبیر»ی ئەوشارەدا دەرسی داوە و سـەرەنجام لـە ٢٨ی مـانگی زیقەعدەی ساڵی ١٣٦٧ ک. م. ڕووی لە شاری خامۆشان ناوە.

مەلا حوسەین مرۆیەکی بەڕێز و دیندار، زانایەکی هەڵکەوتەی دەورانی خۆی و شوێنکەوتووی تەریقـەتی قادری و مریدی کاک ئەحمەدی شێخ بووە و زۆرێک لە مامۆستایانی هێژای دوای خـۆی، وەکـوو عەللامـە شێخ عومەری قەرەداغی، لە خزمەتیدا دەرسیان خوێندووە.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل ١٧٦.

موحەممەد ئەمین زەکی‌بەگ

مێژووزانی ناودار و ڕامیاری زانا، کوڕی حاجی ڕەحمان، کـوڕی موحەممـەد ئاغـا، ساڵـی ١٢٩٧ ک. م. لـە سلێمانی هاتە دنیا. سەرەتا لە قوتابخانەدا وانە سەرەتاییەکانی کـوردی و فارسـی و عـەرەبی فێـر بـوو. بـە شوێنیدا، ساڵی ١٣١٢، چووە نێو مەدرەسەی فەرمییەوە و ماوەیەک لە سلێمانی و پاشان لە بەغدا خوێندی.

ئەوجار گەییشتە ئەستەمبووڵ و لە زانکۆی ئەفسەری، ئەندازیاری خوێند و بە باشترین دەرەجەوە تەواوی کرد. ساڵی ١٣٢٢ ک. م. بوو بە سەرپەلی لەشکری شەشەمی بەغدا و ساڵێک لەودوا، وەکوو ئەندازیاری لەشکری دووەم ناردرایە شاری ئورفە.

ساڵی ١٣٣٣، هاوڕێ لەگەڵ چەند ئەفسەری تری عیراقیدا، بۆ دەورەیەکی پسپۆڕی چوو بۆ فەڕانسە و ساڵێک مایەوە و پاشان گەڕاوە ئەستەمبووڵ. ساڵی ١٣٣٤ بۆ لەشکری یەکەمی ستادی ئەرتەشیان نارد و ساڵی دواتر بوو بە سەرۆک و بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندنی بەغدا.

پاش ڕووخانی حوکمەتی بەغدا، بە هێزە چەکدارەکانییەوە ڕۆی بۆ ئەستەمبووڵ و ساڵی ١٣٣٦ جێگری سەرلەشکری، لە لەشکری حەوتەمی ئاتاتورک (مستەفا کەمال)ی پێ سپێردرا. ساڵێ بە شوێن ئەوەدا، ناردیانە شەڕی فەلەستین و لەوێش ساڵێک مایەوە و ساڵی ١٣٣٨ ک. م. بۆ قەفقازیان هەنارد.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٤٤دا گەڕاوە عیراق و بە پلەی سەرتیپی (جنڕاڵی)، بوو بە سەرۆکی زانکۆی ئەفسەری. ساڵی ١٣٤٥ وەکوو نوێنەری سلێمانی، چووە پارلەمانی بەغدا و بەدووی ئەوەدا چەند جار بوو بە وەزیری کار و ڕێوبان و مەعاریف (١٣٤٧) و بەرگری (١٣٤٩ تا ١٣٥١ ک. م.) و سەرەنجام بۆ جاری دووهەم بوو بە نوێنەری پارلەمان.

ساڵی ١٣٦٣ بە بۆنەی نەخۆشی ڕۆماتیسم و ماندوویی زۆرەوە، دەستی لە کاری فەرمی بەردا و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٧ ک. م. دنیای بەجێهێشت.

ئەمین زەکیبەگ میرێکی کارزان، زانایەکی هێژا و ڕامیارێکی خزمەتگوزاری نیشتمان و زمان و میللەتی خۆی بوو. بێژگە کوردی، عەرەبی، فارسی، ترکی، ئنگلیسی و فەڕانسەی باش دەزانی. جار- جار بە کوردی شیعری دەگوت. لە مێژوو، بەتایبەت مێژووی ڕۆژهەڵاتدا، بۆخۆی سەرچاوەیەکی جێبڕوا بۆ توێژەران بوو.

هێندێک لە کتێب و نووسراوەکانی:

١. *عثمانلی اردوسی*، بغداد، ١٣٢۴ هـ. ق.

٢. *عثمانلی اسفاری حقنده تدقیقات*، اسلامبول، ١٣٢۶ هـ.ق.

٣. *عراق نصل غایب ایتدک*، اسلامبول، ١٣٢۶ هـ. ق.

۴. *حرب عمو میده عثمانلی جبهه لری وقایعی*، اسلامبول ١٣٢٧ هـ.ق.

۵. *سلمان پاک، میدان محاربه سی وذیلی*، اسلامبول ١٣٣٨ هـ. ق.

۶. *عراق سفری الرّمز*، اسلامبول ١٣٣٧ هـ. ق.

٧. *بغداد وصول حادثه ضیاعی*، اسلامبول ١٣٣٨ هـ.ق.

٨ *عراق تاریخ حرب مختصری*، اسلامبول ١٣٣٩ هـ. ق.

٩. کورد و کوردستان لە سێ بەرگدا، بە کوردی، چاپی بەغدا

١٠. کوردانی بەناوبانگ، بە زبانی کوردی، چاپی بەغدا
١١. تاریخی سولیمانی، بە کوردی، چاپی بەغدا
بێژگە ئەم کتێبانە، نامیلکەی زۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەستەمبووڵ و بەغدادا چاپ کراوە

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، عەلی کەمال باپیرئاغا، ل ١٠. *الاعلام*، زرکلی، ب٦، ل ٣٧٠. *گۆڤاری گەلاوێژ*.

سالار موئەیید

میرزا ئەبولبەها مەلەکولکەلامی، ناسراو بە سالار موئەیید، کوڕی زانا و شاعیری بەناوبانگ، میرزا عەبدولمەجیدی مەلەکولکەلام (مەجدی)، پیاوێکی هێژا بووە و زۆرتر لەگەڵ شیعر و زبان و وێژەدا ژیاوە. لە شاری تاران دانیشتووە و لە مەزرینگەیەکی دەوڵەتیدا کاری کردووە و ساڵی ١٣٦٧ ک. م. لە تەمەنی ٦٣ ساڵاندا دنیای بەجێ‌هێشتووە.

ئەم شیعرە بە ناوی «فداکاری در راه وطن»، واتا: خۆ بەخت کردن لە ڕێی نیشتماندا، شیعری ئەوە:

شنیدم کە در جنگ ژاپن و روس — چو بر شد ز هر دو سپە بانگ کوس
زن و مرد ژاپن بە راه وطن — گذشتند از هستی خویشتن
زنی بود زان قوم بشکستە بال — بدیدە بسی گردش ماه و سال
یکی نوجوان داشت هشیار و گُرد — بە هر کار و هر پیشە با دستبرد
پسر روز رفتی پی کسب مال — کە شب مادرش خسبد آسودەحال
قضا را شبی مادر و آن پسر — بە دریای فکرت شدە غوطەور
بە مادر چنین گفت پور دلیر — کە ای مادر نیک‌رأی و هژیر
شنیدم من امروز کز دشت جنگ — بە گردون شدە بانگ توپ و تفنگ
ز غُریدن توپ خارا شکاف — شدە قتلگاه جوانان مصاف
ز روسی سپاهی گران و گشن — نمودە است حملە بە سوی وطن
جوانان رزم‌آور این دیار — همە گشتە تازان سوی کارزار
مرا نیز باید شدن سوی جنگ — نزیبد در این کار لختی درنگ
مبادا ز دشمن زیانی رسد — وطن را غم ناگهانی رسد
چە گویی کنون، رأی و فکر تو چیست؟ — پس از من نگهدار و یار تو کیست؟
بدو گفت مادر کە ای بچەشیر — روان شو بە میدان چو شیر دلیر
بە میدان کین تاز با تیغ تیز — مکن همچو نامرد فکر گریز

اگـر خـواهی ای نورسـیده جـوان
که گـردد روانـم ز تـو شـادمان
سـر و جـان بـه راه وطـن کـن نثـار
کـه ایـن اسـت آیـین مـردان کـار
یقـین دارم ای پـور بـا هنـگ و فـر
چـو گیـری پـی جنـگ راه سـفر
دلت سـوی ایـن مـادر خسته است
که دل بر چو تو نوجوان بسته است
پـی آنکـه نبـود خیالـت پـریش
شـتابان شـوی در پـی کـار خـویش
هم‌اکنون کـنم خویـشتن را هـلاک
مکـان سـازم انـدر دل تیـره خـاک
بگفت این و نوشید یـک جام زهـر
خبر منتشر گشت در کـوی و شـهر
کـه اینگونـه جـان‌داد یـک پیـرزن
بـه صـد شـادمانی بـه راه وطـن
وطـن را چنـین حفـظ بایـد نمـود
کـه گـوی سـعادت ز میـدان ربـود
کـسی کـو نـدارد وطـن را عزیـز
تـو دیوانـه خـوانش، نـه اهـل تمیـز
وطن همچو جسم است و ما جـان او
بـه جـان بـود بایـد نگهبـان او

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

ئەسەدوڵڵاخانی کوردستانی

یەک لە ئازادیخوازانی گەورەی دەورانی سەرەتای مەشرووتەی ئێران و کوردێکی خەڵکی سنەیە کـە هـەر بە منداڵی زانستە سەرەتاییەکانی خوێند و ئەوجار لەگەڵ بابی چوو بـۆ ئەسـتەمبووڵ و لـە قوتابخانـەکانی ئەوێـدا، شـوێنی خوێندنەکـەی گـرت. دوای ئـەوەش دیـسان بـاوکی بردیـە تـاران و لـە مەدرەسـەی «دارولفونوون»دا کردیە قوتابی.

ئەسەدوڵڵاخان یەکجار زیرەک و لێهاتوو بوو؛ زبانی فارسی و فەڕانسەی وا قسە دەکرد، کەس نەیـدەزانی ئەو دوو زبانە، زبانی دایکی خۆی نین! ترکی و ئینگلیسیشی دەزانی.

لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا، لە کوردستان لەگەڵ دەوڵەت بەشەڕ هات و یەکجار دلێرانە خۆی ڕاگـرت و ئەگەرچی لە تۆپی شەڕ سەری دەرنەدەچوو، بە تاقە تۆپێکی کـۆن ـکـە دەسـتی ئـازادیخوازان کـەوتبوو ـ هێزی چەکداری دەوڵەتی بەزاند و تێک شکاند. هەر لەو شەڕەدا، گوللەیەک لێـی دا و باڵـی برینـدار کـرد؛ بەڵام ئەو گوێی نەدا و چەند ساعەت بەو حاڵەوە، پاڵەوانانە شەڕی کرد.

لە دەورەی دووهەمی دانانی دەستووری ئێراندا، وەکوو نوێنەری کوردستان، چوو بۆ پارلـەمانی «شـوورای میللی» و یەک لە ڕێبەرانی فیرقەی «اجتماعیّون و انقلابیّـون» بوو. عەللامـەی دیهخـودا، لـە *لغتنامـە*دا، تێـر و تەسەل باسی کارەکانی ئەسەدوڵڵاخان دەکا. لە بەشێکیدا دەڵێ:

«در آن وقت کـه مجاهـدین دمکـرات دست بـه یـک سلسله تـرور و آدمکـشی زده بودنـد، اسـدالله‌خـان

کردستانی، در دو نطق معروف خویش ـکه در صورت‌جلسات مجلس شورای ملی مظبوط است ـبا بیانی سخت شیوا و دلنشین، هر دو فرقه را به جلوگیری از هرج‌ومرج دعوت کرد. آن بیانات در مجلس به طوری موثر واقع شد، که غالب وکلای هر دو حزب گریستند ...»

واتا: «لەو کاتەدا کە شورِشگێرانی دموکرات زنجیرە ڕەشکوژییەکیان دەس‌پێوە دابوو، ئەسەدوڵلاخانی کوردستانی، لە دوو وتاری شۆرەتی خۆیدا ـکە لە سوورەت‌جەلەسەکانی مەجلیسی شوورای میللیدا نووسراوە ـ بە زبانێکی یەکجار پاراو و دڵبزوێن، لە هەر دوو دەستەی داوا کرد پێش بە ئاژاوە بگرن. ئەو قسانە لە مەجلیسدا ئەوەندە کاریگەر بوو کە زۆربەی نوێنەرانی هەردووک حیزب، گریان...»

کۆچی دوایی ئەسەدوڵلاخان، ساڵی ١٣٦٨ ک. م. (١٩٤٨ ز.) لە تاران ڕووی‌داوە و لە زیارەتانی «ظهیرالدّوله»ی شمێراندا نێژراوە.

دائرةُالمعارف یا فرهنگ دانش و هُنر، ب١، چاپ ١٣٥٢ ک. ه.
٧٩٥. *اطلاعات عمومی ریاحی*، ل ١٢١. *لغتنامەی دهخدا*، ل ٢٢٦٤.

شەرقی «مَلکُ‌الکلامی»

حاجی میرزا عەبدولحەمیدی «ملکُ‌الکلامی»، ناسراو بە «امیرُالکتاب»، ناودراو بە «ابوسعید» و نازناو «شەرقی»، یەک لە خۆشنووسانی ناوداری ئەم دواییانەیە کە هێندێک نووسراوەی نایابی لێ بەجێ‌ماوە. ئەڵبەت ئەم مامۆستایە، بێجگە خەتاتی لە نیگارکێشی و شاعیری و نووسەریشدا، وا لە ڕیزی هونەرمەندان و ویژەوانانی خاوەن ناوی ئێرانەوە.

بابی شەرقی، پیتۆڵی پایەبەرز، میرزا عەبدولمەجید (مەجدی)یە، کە جیاواز باسیمان کرد. ئەمیش زەوقی یەکجار و لێهاتوویی سرشتی، لە باوکییەوە پێ گەیشتبوو؛ لە هەموو شێوە هونەر و زانستێکی جوانکاریدا، دەستێکی باڵای هەبوو. لە تەواوی شێوازەکانی خەتدا، وەکوو: نەسخ و نەستەعلیق و سوڵس و شکەستە و ڕوقاع، مامۆستای هەڵکەوتەی ئەم دواییانە دێتە ئەژمار. هەروەها بۆ وێنەکێشی، حەکاکی، ڕەسامی و گراویرسازی دەستنەخشینێکی تەواو بوو.

لە کار دیارەکانی ئەم مامۆستایە، کەتیبەی سەردەرگانەی کتێبخانەی میللی و موزەی ئێرانی باستانە. تەنانەت بەسەر دەرکی هێندێک لە قوتابخانە تازەکانیشەوە، شوێنی دەستی هونەرمەندی شەرقی هەیە؛ بەڵام لە کارە یەکجار بایەخدارەکانی، کەتیبەی سەر گڵکۆی خواجە حافیزی شیرازە کە بە خەتی سوڵس نووسیویە و بێ‌شک شاکارێکی گەورەی هونەری خۆشنووسییە.

«ملکُ‌الکلامی» سەرەتا لە سنەدا ئینشابەندی تایبەتی میری بوو. پاش سەرەتێک چوو بۆ تاران و ساڵانێکی زۆر لە نووسینگەی وەزارەتی داراییدا کاری دەکرد. ساڵی ١٣٠٧ ک. ه.)١٩٢٨ ز.) لەوێوە چووە

نووسینگەی سەرەکوەزیری و سەرەنجام ساڵی ١٣٢٨ (١٩٤٩)، لە سەر داخوازی خۆی وەنیشتە بوو.

«امیرُالکتاب» ماوەی خزمەتی، لەوپەری پاکی و بێگەردیدا بردەسەر. بۆخۆشی پیاوێکی ڕاست و دروست و جوامێر و خێرومەند بوو؛ بەڵام کەیفی بە ڕۆژگارەکە و بارودۆخی کۆمەڵگاکەی نەدەهات. لە زۆر شتان بە ڕەشبینییەوە دەیڕوانی و لەم دواییانەشدا تووشی تووڕەیی و تونەمەزاجی ببوو.

زۆربەی زۆری شیعرەکانی ڕەخنەیە و بەم بۆنەوە لە دیوانەکەیدا نەینووسیون؛ بەڵان بۆخۆی هەمووی لەبەر بوون و بۆ کەسێکی لێ دڵنیا بوایە، دەیخوێندنەوە. بیرێکی بێداد تیژی هەبوو؛ بە شێوەیەک کە زۆرتر شیعری ڕابردوانی لەبەر بوو؛ ئەگەر لە قسەیدا، بۆ بەڵگە هێنانەوە، پێویستی بزانیبا، یەک لە دووی یەک هەڵیدەدان. جارێک قەسیدەیەکی دوور و درێژی بخوێندایەتەوە، تەواوی دەچووە مێشکیەوە و تازە وەک لەسەر بەرد هەڵقەنرابێ، لێی نەدەسڕایەوە. لە زانستە وێژەییەکان و حیکمەت و بژیشکی کۆن و نوێ و مێژووی گەلان و ئایین و دەستە و بەستەیان و هەروەها گیاناسی و بارهێنانی گوڵدا، زانیارییەکی قووڵی دەسکەوتبوو.

چەند پارچە شیعری مامۆستا شەرقی:

بە خواب اندرون دید صاحبدلی — چو وامانده بُد سخت در مشکلی
کە بر وی عیان گشت ذات خدا — چو اهل جهان با کلاه و ردا
پس آنگە بە دامانش زد هر دو دست — کە ای از تو گشته همە نیست، هست
کُنم دامنت آنگە از کف رها — کە سازی مرا عقده از کار وا
چو ابرام از حد طاقت گذشت — از آن خواب آشفته بیدار گشت
بە دست اندرون دید دامان خویش — از این ماجرا گشت حالش پریش
بر عارفی رفت و خوابش بگفت — بە تعبیر از این گونە از وی شنفت
کە ای گشته از حال خود بی‌خبر — توی در جهان مصدر خیر و شر
بە خوابت نمودند کاگە شوی — بە راه خرد پویی ار رهروی
کە از خود بخواه آنچە خواهی ز حق — کە ما و توی نیست در این ورق
تو را همچو خویش آفریدیم ما — تو را از جهان برگزیدیم ما
توانائیت دادەایم آنچنان — کە گر چُست بندی بە کاری میان،
همە مشکلی بر تو آسان شود — خسک‌زار از تو گلستان شود

* * *

«شرقی» تو اگر دیدەور و راهروی — هان تا پی وسواس شیاطین نروی
موجود ز معدوم نیاید بیرون، — از نیست نیامدی کە معدوم شوی

ای آنکه دلت به عشق و مستی است گرو | جز بر پی آنچه عقل گفته است مرو
در نزد خرد مستی و عشق است جنون | ای عاشق بیچاره برو نادان شو

زا و مەرگی شەرقی، سالانی ١٣٠٢ک. م. (١٨٨٣ ز.) لە شاری سنە و سێهەمی مانگی زیحەجەی ١٣٦٨ (١٩٨٩) لە تاران ڕوویداوە.

ئەم شیعرەش هی شادڕەوان عەلینەقی هووشیارە؛ بۆشینی شەرقی و مێژووی کۆچی دوایی ئەو دایناوە:

ای دریغا که اوستاد هنر | رخت بر بست از این سرا ناگاه
«حاج عبدالحمید شرقی» رفت | زین جهان خراب، وا أسَفاه
«میر کُتّاب بوسعید» که بود | خود به ملک سُخنسرایی، شاه
خَلَّدَ الله روحهُ فی الخلد | جَعَل الله جَنَّةً مثْواه
به وی الهام شد چو دعوت حق | بانگ زد: لا اله الّا الله
ارجعی ار به جان و دل لبیک | گفت و زد در جوار حق خرگاه
گفت: «هشیار» در چهارم مهر | که به ذی‌حجه بود سوم ماه
نیمەی شب به سال خورشیدی | «مات عبدالحمید، طابَ ثراه»[1]

گۆڤاری *اطلاعات ماهیانه*، س ١٣٢٨ ک. ه
. ل٢٤ و ٢٥ و ٣٦. گۆڤاری *ماد*، چ تاران.

یۆنس دڵدار

کوڕی مەلا ڕەئووف، کوڕی مەلا مەحموود، کوڕی مەلا سەعدی «خادمُ‌السَّجاده»، ساڵی ١٣٣٧ ک. م. لە شاری کۆیە هاتە دنیا. هەر لەو سەروبەندانەدا باوکی بوو بە سەرۆکی ژمێرکۆی شاری ڕانیە و بە خاوخێزانەوە، چوون بۆ ئەو شارە و ماوەیەک لەوی ژیان. یۆنس لە تەمەنی دەساڵاندا لە ڕانیە خوێندنی دەسپێکرد و پاشان کە بە ماڵەوە گەڕانەوە کۆیە، خوێندنی سەرەتایی لەوێ دوایی هێنا. ساڵی ١٣٥٤ بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی چووە هەولێر و لە ساڵی ١٣٥٩دا پۆلی ناوەندی تەواو کرد و توانی بچێتە زانستگای بەغدا. ساڵی ١٣٦٥ لە ڕشتەی حوقوقی ئەو زانستگایە دەرچوو؛ کەچی سێ ساڵ لەودوا، لە تافی لاویدا ئەجەلی بێوادە سەری لێدا و بە نامرادی سەری‌نایەوە.

دڵدار لاوێکی هێژا، خاوەن زەوق، وریا، ئازا و نیشتمان‌دۆست بوو. هەر بە منداڵی حەزی لە شیعری کوردی دەکرد و هەرکوێ شیعرێکی شاعیرانی کوردی دەسکەوتایە، دەنووسییەوە و لەبەری دەکرد.

---

١. بە حیسابی ئەبجەد بەرامبەرە بە ١٣٢٨.

بەتایبەت وازێکی زۆری لە شیعری وەفایی، پیرەمێرد، مستەفابەگ، حاجی قادر، بێکەس و زیوەر بوو. هەروەها مێژووی کوردی زۆر دەخوێندەوە و نووسراوەکانی ئەمین‌زەکی بەگ و حوزنی موکوریانی و جەلال نووری، لە دەستی دانەدەکەوت. بە داخەوە مەرگی بێ‌وادە نەیهێشت بەو شێوە ئاواتی بوو، بە گەل و نیشتمانەکەی خزمەت بکا. ئەگەرچی هەر لەو مەودا کورتەی تەمەنیدا، چەند بەرهەمی بایەخداری داناوە کە هێندێکیان بریتین لە:

١. *فی طریقی الی معرفةُالحقایق*

٢. وتارێک لەمەڕ عومەر خەییامەوە

٣. *زمانی کوردی و ئەدەبیات*

٤. *اقتصادنا الوطنی*

٥. وتوویژەکانی یۆنس ڕەئووف دڵدار

شیعری دڵدار بەشێکی ئەوینداری، بەشێکی نیشتمانی و پاژێکیشی ستران و گۆرانییە. ئەوا چەند نموونەی:

ئەی بادی شەماڵ! ئەی بادی شەماڵ! پۆستەی هەوایی، دڵەی پڕ زوخاڵ
دەستم دامێنت، پەیک موژدەبەر ئەگەر هات و ڕێت کەوتە کۆی دڵبەر
وەک عارەب دەخیل کە چوویتە ئەولا مەوەستە تاکوو خیوەتی لەیلا
مەوەستە تاکوو لای شۆخێ کەوا تیری نیم‌نیگای لە دڵدا ڕوا
پێ‌بڵێ گیانە لەم ڕێگە و بانە لەم چەم و بێشە و هەرد و کێوانە
شێتێکی شەیدا و ڕووت و قووتم دی فرمێسکی ئاڵی وەک یاقووتم دی
ڕووی لە خوێن خاڵی، زەعفەرانم دی چاوی لێڵ و وێڵ پڕگریانم دی
بڵێ هەیکەلی وەک ئیسقانم دی قەدی چەماوی وەک کەوانم دی
بڵێ خەیاڵی بەژن و بالاکەت تیشکی ڕووناکی شەوقی لالاکەت
نێرگسی شەهلای چاوی خومارت خەرمانەی زولفی ماهی ڕوخسارت
فریشتەئاسا ساتێ هەزار جار خۆ نیشان ئەدا، خۆی ئەدا حەشار
بڵێ ئێستەکەش ئەو ماڵویرانە ئەو کەژ مەسکەنەی وێڵی شارانە
هەر بە ئومێدی جەژنی ویساڵە نازانێ تۆ نیت وێنەی خەیاڵە
جار ـ جاریش لە دوای نالەی دڵەی زار فرمێسک ئەڕژێنێ وەک هەوری بەهار

* * *

ئەی ڕەقیب! هەر ماوە قەومی کورد زوبان نایڕمێنی ڕانەیی تۆیی زەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیری کە خوێناوییە ڕابوردومان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئالاکەمان
چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕڕەشێر
بوون بە قوربانی هەموویان، نێژران
لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە
جانفیدانە، جانفیدانە، جانفیدان
لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئالاکەمان

قەل و ڕێوی

وەرگیراو لە شیعرێکی لافونتینی فەڕانسی

ڕۆژێ لە ڕۆژانا قەلێ
ڕاوەستابوو لەسەر چڵێ
سەلکێ پەنیری لە دەنووک
ویستی کە بیخوا و لێ هەڵێ
ڕێوی بە لایدا تێپەڕی
چاوی بە قەل کەوت و مەڵێ
ویستی بە فێڵێ لێ سەنێ
دەسپێکرد پێ هەڵبڵێ
وتی ئەی بولبولی زەمان
ئەی نەغمەخوانی سەر تەڵێ
بیستوومە من ناوبانگی تۆ
تۆ خوا گۆرانیم بۆ بڵێ
قەل وەختی زاری داچڕان
پەنیری کەوتە بن تەڵێ
ڕێوی پەنیری قۆزتەوە
بەڵام لە پێش ئەوەی هەڵێ،
وتی ئەوجا بەسە نەفام
گوێت لێ بێ ڕێوی بۆت بڵێ
وەختێ شتێکت گرتە دەم
کەر مەبە، گۆرانی مەڵێ
ئەمەیش کەرانە بێ کەوا
تەفرە دراوی تۆ چەڵێ

کوردستان

کوردستانی خۆش! نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان
چاوم پشکۆتووی شاخەکانتە
فێری ژیانی باخەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت
زریق و باقی جوانەکانت
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت
ئەمانە هەموو گوێیان کردمەوە
هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە
نەونەمامێ بووم لەم خاکە ڕوام
بە خۆشەویستی ولات ئاودرام
بەڵێ کوردستان! تۆ منت خولقان
تۆ منت خولقان، پێت بەخشیم ژیان
خۆشی ژیانم خۆشی ژینتە
ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە

چونکە کوردستان، نیشتمانی جوان! تـۆ قیبلـەگاهی دڵـی بـێ‌گومـان

* * *

زەدەی تـــیری نیگـــاهی فیتنەپـــەردازی نیگـــارێکم
گـــراوی داوی زوڵـــفی موشـــکباری گوڵـــعوزارێکم
ئەوەی نەیدیبێ ئێـشی دڵ وە یـا ئـازاری دڵـداری
چوزانێ مـن لـە ئێـشانی چ سـووتاو و فیگـارێکم؟
لە دەشتی نائومێدیدا بە دەم بایی قەدەر هـەروەک
پەلاشێ وام کە هەر ساتە لـە گۆشـە یـا کـەنارێکم
بە ڕۆژ ترساو و تاساوی زڕەی کاسـەی شـەوی پێـشووم
بە شەو سەرخۆش و مەستی جامی قەهری ڕۆژگـارێکم
سەر و مایەی جوانی خۆم لە ڕێگەی ڕازی ئەو دانـا
لە دەرگانەی وەفـای هێـشتا هـەژار و لێوبـەبارێکم
ئەبێ چۆن پشت بە دڵداریم ببەستم تاکوو ئێستێکە
گەلێ دوورین لە یەکتر ئەو لە بارێ مـن لـەبارێکم

نیشتمان ئیشی دەوێ

دڵ بە دووی ئەفسانە کەوت و وای ئەزانی وا ئـەبێ
ئیشی دونیا ڕەنجی پێ ناوێ بە خۆی کۆتـا ئـەبێ
نەیـدەزانی ئـەو بـە ئـارەق داری ئومێـد ئـاو بـدا
گەر بە خوێن پەینی بکا ئەوجا ئەسەر پەیدا ئـەبێ
لەفزی «نابێ» نابێ بیـزانی کـە لاوی کـوردی تـۆ
هەر بە کۆشش دێتە بەر، باغی ئەمەل ئیحیا ئـەبێ
تـالیع و ئیقبالـە وەهمـی پایەبەنـدی بـێ‌هونـەر
عەزمی مەردانت هەبێ هەرچیت نیاز بـێ وا ئـەبێ
ئەی‌برا! لادە لـە فیکـری کـۆن و زوو سـا ڕاپـەڕە
کارەکەت جارێک بخە، ڕەنجت هەبێ خۆی چـا ئـەبێ
مردنــە ژینــت بــە بێکـاری لــە ســستی لابــدە
هەر بە ڕەنجی لاوی وەک تۆ نیشتمان ئـاوا ئـەبێ

دیوانی دڵدار، چ هەولێر، ١٩٧١ز.

میرزا قادری تەوێڵێ

کـوڕی موحەممـەد، کـوڕی یۆسـف، کـوڕی وەسـتا موحەممـەد، خەڵـکی گونـدی تەوێـڵێ، مرۆیـەکی تێگەیشتووی خاوەن زەوقی شیعر بووە کە بە کوردی هەورامی و فارسی شیعری گوتووە.

لە کتێبی «*پیرشالیار*»دا باسـی کـراوە و تاقـە شـیعرێکی دانـدراوە کـە ساڵـی ١٣١٩ داینـاوە و خەڵـکی ڕاسپاردووە لە بیری تفاقی زستان بۆ خۆیان و ئاڵف بۆ مەڕ و ماڵاتیاندا بن، زستانێکی تووش لە پێشە؛ نەکا لە

تۆفی سەرما و سۆڵەدا بکەونە فەرتەنەوە. ئەوا چەند بەیت لەو شیعرە:

تاریخ جە هەزار، سێسەد، بیستونۆ ئەوزاع ئەمساڵ جە لات مەعلووم بۆ
هەرکەس ماڵدارەن با ڕزقش جەم بۆ نەکای جە وەهار، ئەوزاعش کەم بۆ
ڕەوغەن و گەنم، برنجی شاران ئامادە کەردێ بێ حەد و پایان
بێدەوڵەت! دوو دەس بدە وە سەردا پەلاس وە قایم بکە وەبەردا
بە بێ تۆز و گەرد بە ڕووی هەواوە شیپەرێ «شاهۆ» جە پشت «پاوە»

زا و مەرگی میرزا سالانی ١٢٩١ ک. م. و ١٣٦٩ ڕوویداوە.

پیرشالیار، ل ٦١.

مەولانا سادقی نیەری

مەولانا موحەممەد سادقی مینبەری نیەری، کە ساڵی ١٢٨٨ ک. م. لە گوندی «نیەر»ی ناوچەی ژاوەرۆ هاتۆتە دنیا، شەرعزانێکی پایەبەرزی شارەزای زانستە ئایینییەکان، بەتایبەت لە ئوسوولی فیقهـ و هەیئەتی کۆندا، مامۆستایەکی تەواو بوو؛ ژیانی لەگەڵ دەرس‌گوتنەوە و فتوادان و پارساییدا بردەسەر و لەوپەڕی پاکی و پاکداوێنی و دوورەپەرێزیدا ژیا. تێکەڵی دەسەلاتداران نەدەبوو؛ بەلام لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا ئامۆشۆی دەکرد و بۆ ڕێنوێنی و ڕاسپاردنیان بە چاکە و پرینگاندنەوەیان لە خراپە، هەموو جۆرێک تێدەکۆشا و تا ئەو ڕۆژەش بەسەر ئەو دنیایەوە بوو، خەڵک، لە هەموو چینێ، ڕێز و حورمەتێکی تایبەتیان بۆ دادەنا.

مامۆستا ساڵی ١٣٦٩ ک. م. لە شاری سنە گیانی پاکی بە خودای تاک ئەسپارد و لە زیارەتانی «پیرغەریب»دا ئەسپەردەیان کرد.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ موحەممەد تاهیری هەولێری

کوڕی شێخ عەبدولقادر، زانایەکی سۆفیمەشرەب و دینداری خەڵکی هەولێر بووە کە خوێندنی لە «رواق‌ُالاکرادی» زانستگای ئەزهەری میسردا تەواو کردووە.

لە کتێبەکانی: نامیلکەیەکە بە ناوی «*تحفةُالعباد فی حقوق الزّوجین و الوالدین و الاولاد*» کە ساڵی ١٣٤٧ ک. م. هەر لە ژیانی خۆیدا، چاپ کراوە.

شێخ قادری بابیشی پیاوێکی هێژا بووە.

پێشەکی *تحفةُالعباد*.

پیرەمێرد

حاجی تەوفیق‌بەگ، ناسراو بە «پیرەمێرد»، کوڕی موحه ممەد ئاغا، کوڕی هەمزاغای مەسرەف، ساڵی ١٢٨٥ ک. م. لە سلێمانی هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی دەسپێکرد. پاش ماوەیەک لە شاری بانە و چەند شوێنێکی‌تر، شوێنی دەرس‌ودەورەکەی گرت و دوایی گەڕاوە سلێمانی. ساڵی ١٣٠١ لە سەرژمێری ئەو شارەدا بەشداری کرد و چوار ساڵ لەودوا، کرا بە سەرۆکی دادگای شارباژێڕ. لە ساڵی ١٣١٤دا بوو بە جێگری دادستانی شاری کەربەلا و ١٣١٧، هاوڕێ لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید ـ بابی شێخ مەحمووی نەمرـ چوو بۆ ئەستەمبووڵ و ساڵی دوایی، هەر لەوێوە و پێکەوە چوون بۆ حەج. لە گەڕانەوەدا، پیرەمێرد گەڕاوە ئەستەمبووڵ و دوای ساڵێک چووە مەدرەسەی حوقوق و لەو زانکۆیە لیسانسی وەرگرت. ساڵی ١٣٢٤ ک. م. بوو بە بریکاری داد و هەر لەو سەروبەندانەدا، بۆ چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەستەمبووڵ، بە ترکی و فارسی، وتاری دەنووسی. زیاد لەوە بۆ دوو ڕۆژنامە لە تارانیش، بە ناوی «*شفق سُرخ*» و «*فرهنگ*» دەینووسی و بە ناسراوێکی هەمەدانیدا کە لە ئەستەمبوول دوکانی قەڵەم و کاغەز فرۆشی و بلاڤۆکە ئێرانییەکانی هەبوو، بە واژۆی «سلیمانیّه توفیق»، یان «س. ت.»وە، بۆیانی بەڕێ دەکرد.

پیرەمێرد ساڵی ١٣٢٨ ک. م. کرا بە جێگری حاکمی «جۆڵەمێرگ» و ١٣٣٧ بوو بە فەرمانداری «ئاماسییە» و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٤ گەڕاوە زێدی خۆی و دوای ساڵێک سەرپەرشتی ڕۆژنامەی «*ژیان*»ی گرتە ئەستۆ؛ کە حوسەین نازم، شارەداری سلێمانی خاوەنی بوو. ساڵی ١٣٥١ حوسەین نازم عەمری خوای کرد و لەو کاتەوە تا ساڵی ١٣٥٦، پیرەمێرد بە تاقی تەنیا ئەو ڕۆژنامەیەی گەڕاند. لەو ساڵەدا بۆخۆی ڕۆژنامەی «*ژین*»ی دانا و ماشینێکی چاپیشی بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکەی ساند. ژین تا دوا کاتی ژیانی پیرەمێرد، بە بێ هێچ گت و وەستانێک دەردەچوو.

پیرەمێرد لەگەڵ زانیاری و ڕۆژنامەوانی و هەموو لێهاتووییەکیدا، شاعیرێکی بەرزیش بووە کە خەڵکی خۆش‌ویستووە و سەری لەڕێی نیشتمانەکەیدا داناوە. دیوانەکەی سەرانسەر شیعری وەتەنی، کۆمەڵگایی، ڕامیاری و جاروبار ئەویندارانە و گاڵتەیە. ئەو بێجگە سۆرانی، کوردی گۆرانیشی زانیوە و شارەزای فارسی و عەرەبی و ترکیش بووە و جارـ جار بە فارسی و ترکیش شیعری گوتووە.

کۆچی یەکجاری پیرەمێرد، ساڵی ١٣٦٩ ک. م. لە شاری سلێمانیدا ڕووی‌داوە و لە زیارەتانی «گردی مامە یارە»دا نێژراوە.

دیوانی پیرەمێرد ساڵی ١٣٨٧، بە پێداچوونەوەی موحەممەد ڕەسووڵ هاوار، لە بەغدا چاپ کراوە.

چەند شیعری پیرەمێرد :

دیاری

گیانە وەنەوشە و چنوور لەگەڵ گوڵ   سەودای دیدەنی تۆیان کەوتە دڵ

چنوور لە کێوان، وەنەوشە لە چەم   گوڵ لە گوڵستان یەکیان گرت سەرجەم
هاتنە لام وتیان: تۆ ڕابەرمان بە   ئەمەمان بۆ بکە و تاجی سەرمان بە
ئەوا هەرسێکم بەستن بە دەستە   هاتنە خزمەتت بە دەستی بەستە
هەر یەک بە ڕەنگێ مەرامی پێتە   بۆ نیازی خۆی خاکی بەرپێتە
چنوور بۆ زوڵفت لوول و پەشێوە   وەنەوشە ملکەچ خاڵی لای لێوە
گوڵ کە نازکی گۆنای تۆی دیوە   چەقڵی خۆی لە ژێر پێی هەڵچەقیوە
تۆ پایەبەرزی شای شیرینئەندام   با لە سایەتا بگەن بە مەرام

من و ئەستێرەکان

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو   وەک من بە داخەوەن، نە سرەوتیان هەیە و نە خەو
چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین   وەک سەر سەرین، شەوێ سەرناکەینە سەر سەرین
من خوار و ژوور لەدەسچووەکەی بێوڵەتم ئەوان   وەک خێڵی خوار و ژوور کەری کورد، وێڵی ئاسمان
شەو شەونمی ئەوانە چەمەن ئاو ئەخواتەوە   ڕۆژ هەڵمی ئاوی چاوی منە سەریەخاتەوە
دوێشەو بەری‌بەیان بوو ئەگریان بەسەر منا   منیان کەساس ئەبینی لە ناو دۆست و دوژمنا
دڵسۆزی وام نەدیبوو، کە بۆم بگری وەک خەشیم   فرمێسکەکەی ئەوان بوو بە ئاونگی تیگەییم
بام ڕاسپارد بڵێ کە خەفەت بۆچ ئەخۆن ئەوان؟   وەک ئێمە نین نزیکتری لای بارەگای خوان
ڕاسپێری هاتەوە کە بڵێ خەڵکی سەرزەمین   نابێ لە دەستی کردەوەتان بێ‌خەفەت بژین
ئاهـ و نزای کوردی شمال گەییە ئاسمان   بەو دووکەڵی هەناسەیە ئاو دێ لە دیدەمان

* * *

بۆ خزمەتی یار، بۆ خزمەتی یار   ئەمشەو ڕێکەوت بۆ خزمەتی یار
نە ڕێی حەسەس بوو نە بەد نە ئەغیار   تەنها سەعاتێک تەنها من و یار
شەو خەرقەی نیلی قەترانی پۆشا   کەلەشێر بێدەنگ نەدەخرۆشا
مورغی عەرش لە جێی خۆی هەڵنیشتبوو   دیاربوو ماندوێتی ڕۆژی چێشتبوو
کاکێشان باری کەری کەوتبوو   کای ڕەشکەی لەسەر ڕێ هەڵڕشتبوو
گای حەوتەوانە کای زۆر خواردبوو   هەوساری بەدەست قوتب سپاردبوو
ئەو شەوە لەیلا و مەجنوون یەک‌کەوتن   بەڵام لە خۆشیا هیچ نەئەسرەوتن
ئاواتەخوازی خەڵک هاتبووە دی   لە ڕێی ئەفلاکا جووڵەت نەئەدی
هەستام خۆم گورج کرد، ئازا، شێرانە   نەمئەوت هیچکەس لە لام ئینسانە

خەرقەی شەوگەردیم کێشا بەسەردا   چاکی داوێنم کرد بە کەمەردا
ڕۆیم تا گەییمە بەر دەرگاکەی لەیل   لەوێ بوبوومە قەیسەکەی دوجەیل
چوومە ژوور سەری لە نیوەشەودا   ئێشکچی کچان هەموو لە خەودا
لەسەر خۆ پێمنا، چوومە سەرینی   ماچم کرد خاڵی لێوی شیرینی
چاوی هەڵبڕی سەوڵی خەرامان   یاخەی کردەوە سەر تا بە دامان
وتی: کام بێشەرم لە نیوەشەودا؟   ڕاستی کردمەوە لە شیرین خەودا
بەرقی ڕوخسارم بدات لە جەستەی   هەڵیقرچێنێ ئەندامی خەستەی
وتم: ئەی شەمعی ڕووی نازەنینی   پەروانەکەت هات تا بیسووتینی
بە ئومیدی سەر نەهاتمە ئێرە   من قوربانی تۆم بمکوژە لێرە
من شۆری عەشقت بێترسی کردووم   هەرچەند کە زیندوم لە ڕێزی مردووم
بەڵام چاوی تۆ کەوا بیمارە   باش نییە لە لای ئەو ئەم کوشتارە

* * *

ڕۆژی تازە، ساڵی تازەی ئێمە هات   ڕۆژهەڵات ڕۆژی هەڵات، سەرما هەڵات
بای بەهار هات خاکی زیندوو کردەوە   بۆیە نێرگس چاوی مەستی کردەوە
نەوجوانی هات و پیری بردەوە   تیشکی ڕۆژ دەرکەوت تەمی لابردەوە
هەردە سەوز و مۆرە وێنەی بەرگی بووک   شایی دەنوێنێ چراخانی گڵووک
شەونمی ناو لالە بادەی بولبولە   بەو مەیە سەرخۆشە وا شەیدای گوڵە
چونکە خوش‌ئاوازە هەم ئاواتەخواز   زۆر بە سۆزە ناڵەکەی وەک سۆز و ساز
هاتە جونبوش ئاو و سەوزە، باخ و دەشت   دەوری کانی بوو بە گوڵزاری بەهەشت
ئەو بەهەشتە خۆشە جێی بەزمی جەمە   دەم بە دەم جێی یەکدەگیری هەمدەمە
بورجی بەرخە ڕۆژ سەرئەفرازی ئەکا   بەرخی ئێمەش بۆیە وا بازی ئەکا

* * *

دڵ بریندار بێ نەوەک ناسۆری تیری تانە بێ
سینە چاکی چاکە بۆ تیری موژەی نیشانە بێ
عەشق کە کەوتە کەللەوە، هەر ڕێیە بگرێ ڕێی ئەوە
یەکسیاقە حەق‌پەرەستی، کەعبە یا بوتخانە بێ
خواپەرەستی باتنێکی پاک و بێگەردی ئەوێ
سوبحە تەوقی زاهیدە، سەدجار ئەگەر سەددانە بێ

پێکەنینی دولبەران میقداری عسمەت کەم ئەکا
لێوی غونچە هەر ئەوندە نازکە تا وا نەیێ
خاڵەکانت دانەدانەن، چاوەکەم چاوی منیش
تا بڵێن چاو لەو ئەکا فرمێسکەکەی با دانە بێ
خوا ڕەقیب ئاوارەکا ساتێک لە پێش چاوم نەبێ
خۆشە لام ئەو تا نەبێ، تاکەی لە چاوما تانە بێ

سکاڵا

خوایە! ئەم دڵەم هێزێکی بەرێ
کە غەم لە ناو خۆی بکاتە دەرێ
من خۆم نازانم چی بۆ من چاکە؟
تۆ بە مەیلی خۆت دڵم ئاواکە
پایەی تۆ ناسین ئەگەر دەرکەوێ
ئیتر کێ دونیا و دیناری ئەوێ؟
من کە دێوانەی تۆ بم بە تەنیا
شەقێک هەڵئەدەم لە هەردوو دونیا
دڵم هەمیشە یادی تۆ ئەکا
گیان لە ڕێی تۆدا جست و جۆ دەکا
بەهەشت مەدح ئەکەن بە ناو و داوێ
من لیقای تۆم بێ بەهەشتم ناوێ
عاشق کە بە ڕاست دەستی لە گیان شت
پەکی سەیران و گەڕانی خۆی خست
دیارە کە یاری ئەو وەفایە دی
کامی ویسالی بۆ دێنیتە دی
خوایە! ئەیزانی کە من تۆم ئەوێ
مەعشووق چەرایەی بە تۆ دەکەوێ
خوایە! نامەوێ تاعەتم زۆر بێ
نەوەکا نەفسم بەوە غللۆر بێ
خۆم بە گوناکار ئەدەمە قەڵەم
تۆ خۆت فەرمووتە حەز لە عەفو ئەکەم

نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خوشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو تاکوو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بوڵەندی کورد
موژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
وا ڕۆژهەلات لە بەندەنی بەرزی ولاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەلغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بو شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

بەرهەمە چاپکراوەکانی پیرەمێرد:

١. شانۆنامەی *مەم و زین*
٢. *دوازدەسوارەی مەریوان*
٣. دیوانی شیعر
٤. *کەمانچەژەن*، وەرگێڕاوە لە دوو بەرگدا
٥. *گاڵتە و گەپ*
٦. پەیوەست و پەراوێز بۆ *دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی*
٧. *پەندی پێشینان*
٨. *شەریف هەمەوەند*
٩. مەحموود *ئاغای شێوەکەل*

دیوانی پیرەمێرد، چ بەغدا، س ١٩٧٠ ز.
مێژووی ئەدەبی کوردی، چ بەغدا، ل٤١٨.

مەلا موحەممەدی مودەڕڕیس گورجی

حاجی مەلا موحەممەدی مودەڕیس گورجی، کوڕی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، مامۆستایەکی بێنیاز و بەرزەمژ و پارسا بوو، بە سەر و سیمایەکی ڕۆشن و ڕووی خۆش و دڵی گەورە و دوور لە ڕەشبینی و ڕق و قینەوە. وەکوو خەڵکی هەژار دەژیا و بێزی لە زەرق و بەرقی دنیا دەهاتەوە. جل و بەرگێکی هەرزانبایی لەبەر دەکرد و خواردنی هەمیشە فەقیرانە بوو. لەگەڵ کەمدەست و کەمدەسەلاتاندا، زۆر تێکەڵ بوو؛ ماڵیان دەچوو؛ سەر سفرەیان دادەنیشت. بەلام خۆی لە دەوڵەمەندان و دەسچوان دەپاراست و ئاموشۆی نەدەکردن.

مەلا موحەممەد هەر لە جێگاکەی باوکی لە مزگەوتی «مەلا جەلال»ی سنەدا دەرسی دەگوت و کاتێ دەرس‌گوتنەوەی دەسپێدەکرد و فەقێیان بە دەوریدا ئالقەیان دەبەست، پێی خۆش بوو ئەوی دەیزانێ لە دانیشتنێکدا، هەموو فێری ببن. زۆر دۆستانە لەگەڵ شاگردەکانیدا دەجوولایەوە و لووتبەرزی و خۆ بەزلزانینی بەلادا نەچووبوو. ئەگەرچی لە مەنتیق و حیکمەت و فیقهـ و ئوسوولدا مامۆستایەکی هەڵکەوتە بوو، هەموو کاتێک لە نەزانینی خۆی گلەی دەکرد.

ئەمن دەوری دوو ساڵێک لە خزمەتی ئەو زاتە خوێندم و لە پارێزکاری و دوورەپەرێزی و نەوس‌کوژیدا، کەموێنە هاتە پێش چاوم.

مامۆستا سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و لە مریدانی شێخ عومەری زیائەدین بوو. خوێندنیشی لە «بیارە»، لای مامۆستای ناوداری ئەوێ، مەلا قادری کانی‌کەوەییەوە تەواو کردبوو.

مەلا موحەممەدی گورجی سەرەنجام ساڵی ١٣٦٩ ک. م. لە تەمەنی حەفتا و چەند ساڵاندا دنیای بەجێهێشت.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

زەبیحی جەواهیری

میرزا ئیسماعیل، کەسناو «افتخار دفتر» و نازناو «ذبیح»، کوڕی ئاغە موحەممەد سەلیمی جەواهیر شناس، کوڕی ئاغە مەولان، کوڕی ئەوڕەحمان‌بەگ، لە بنەماڵەی کەیها ساڵەحی عوسمانییە کە پیاوێکی زانا و شاعیر و شیعرناس بووە و بەتایبەت مێژووی باش زانیوە. ساڵانێکی زۆر لە دەزگای حاکمانی کوردستاندا کاری کردووە و ساڵانی دوایی ژیانی، لەبەر پیری و زورهانی وەنیشتە بووە.

زەبیح شوێنکەوتووی تەریقەتی نەقشبەندی و لە مریدانی شێخ حوسامەدین عەلی بووە کە لەم قەسیدەدا بەم شێوە باسی مورشیدەکەی و مەشرەبی سۆفیگەری دەکا:

ای دل اندر هوای درویشان — سر و جان کن فدای درویشان
صد شرف بر شهنشهی دارد — خادمی در سرای درویشان
خنک آن شاه کو کمر بسته، — چاکرانه برای درویشان
محرمان حریم لاهوتند — ساکنان سرای درویشان
منزلی نیست در جهان حق را — جز دل با صفای درویشان[1]
هر دم از خوان غیب مائده‌ای — می‌رسد از برای درویشان
هست پاک از غبار کبر و ریا — دامن کبریای درویشان
نیک‌بخت آن که کرد در گردن — طوق مهر و وفای درویشان
سر و جانم فدای آن که بود — سر و جانش فدای درویشان
نظر لطفم از «حسام‌الدین» — شد نصیب از خدای درویشان
آن وجود منزه از هر نقص — هادی و رهنمای درویشان
ذات پاکش بود به روز جزا — رهبر و پیشوای درویشان
در دو عالم به کس نیم محتاج — غنیم از غنای درویشان
جز به ذاتی که عارف است به حق — جز به فضل خدای درویشان
بلکه روزی رسد «ذبیح» شود — رستگار از دعای درویشان

---

[1] ئاماژەیە بە ئایەتی «قلبُ المومنِ عَرشُ الرَّحمن».

زا و مەرگی زەبیح سالانی١٢٥٢ ک. ھ.)١٨٧٣ ز.) و چوارەمی مانگی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩٤٧) لە شاری سنە ڕووی‌داوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

ئەسیری کەرکووکی

شێخ عەبدولخالیقی «اثیری»، کوڕی شێخ حوسەین، مرۆیەکی دیندار و دەروێش‌ئاسا و زانا و وێژەوان بووە کە بە کوردی و عەرەبی و فارسی شیعری گوتووە و زیاتری شیعرەکانی باسی خۆشەویستی نیشتمان و بەخۆدا هاتنی کوردانە و زۆرێک گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی ـ وەک هاوار ـ هۆنراوەکانیان چاپ کردووە.

ئەسیری ساڵی ١٣٠٨ ک. م. هاتۆتە دنیا و ١٣٧٠ لە دنیا چووە.

ئەوا شیعرێکی:

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت ئەوێ — بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت ئەوێ
بتبەمە پای بیستوون و تاقی سەرپێڵ و زەهاو — پێت نشان دەم سەد هەزار ئاساری ساسانت ئەوێ
ئاوی ساف و ڕۆشەنی داوێنی چەشمانی چیا — لێ بنوشە دەم‌بەدەم گەر ئاوی حەیوانت ئەوێ
لاوی کوردی من! لە بەرکە شاڵی زاخۆ و ئامیدی — گەر تۆ سەد چاتر لە ڕەنگی شاڵی کرمانت ئەوێ
هەڵسە گەشتی چیمەن و گوڵزاری کوردستان بکە — گەر لەبۆ دەردی دەروونت داو و دەرمانت ئەوێ
ڕۆح و ماڵت سەرفی ڕێگەی میللەتت کە، ڕۆحەکەم! — گەر لە خوا لوتفی عەمیم و جوود و ئیحسانت ئەوێ
ئەی «ئەسیری» هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە — بیشمری لام وایە قەبری «گردی سەیوانت» ئەوێ

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٨. *یادی مەردان*، ل٥٥.

عارفی عەرشی

کوڕی حاجی شێخ عەبدولحەمیدی مودەڕڕیس (عیرفان)، مرۆیەکی هێژا، قەڵەم جوان و خاوەن زەوق بووە کە سالانێکی زۆر خزمەتی فەرهەنگی کردووە و سەرەتای پایزی ساڵی ١٣٣٠ ک. ھ. (١٩٥١ ز.)، لە شاری «هەمەدان»، دنیای بەجێ‌هێشتووە. لە شیعرەکانی:

زمانە یافت جمال و جمال یافت کمال — زهی جمال زمانە، خَهی کمال جمال
مزیّن است زمین و منوّر است فضا — معطّر است صبا و مُعنبر است شمال
ز شادی آمده در وجد خشک زاهد شهر — ز خرمی بە نشاط آمده دل ابدال
گرفتە جای هیاهوی مردمان اینک — نوای چنگ و صدای رباب و نالەی نال
بیا بە طرف گلستان ببین چە غوغایی است — کە باغ و راغ بە وجد آمد و سهول و جبال

به بوستان بنگر نیکوان سیمین تن — به لاله‌زار نگر دلبران مشکین‌خال
نوای مرغ و صدای سرود و نغمه‌ی چنگ — خروش بربط و بانگ جلاجل و خلخال
ز بس که با هم آمیخته‌ست نیست عجب — اگر سپهر به رقص آید و زمانه به حال
که شد بهار نو و نوبت امید آمد — گذشت شام فراق و رسید صبح وصال
برفت صولت سرمای بهمن و اسفند — فرا رسید ز ره فرودین خوش‌اقبال

ڕۆژنامەی خۆرنشین، ژ ١١ و ١٢، ڕێبەندانی ساڵی ١٣٣٠ ک. ه.

ڕەشید یاسەمی

غوڵامڕەزاخانی ڕەشید سوڵتان، ناسراو بە ڕەشید یاسەمی، شاعیر و مێژووزان و مامۆستای زانستگای تاران، ساڵی ١٣١٤ ک. م. (١٨٩٥ ز.) لە کرماشان هاتە دنیا. بنەماڵەیان لە خێڵی گۆرانی کرماشانن کە ناوەندیان شارۆچکەی «گەهوارە»یە.

باوکی غوڵامڕەزا خان، موحەممەد وەلی خانی میرپەنجە کە لەگەڵ ئەوەدا شۆڕەسوار و تیرەناز بووە، شیعری گوتووە، نیگارڤانی کردووە، خەتی جوان نووسیوە و تەنانەت لە زبان و وێژەیشدا سەری دەرچووە. میرپەنج لە وەباکەی ساڵی ١٣٢٢ ک. م. تێداچووە.

باپیری دایکیشی، موحەممەد باقر میرزای خوسرەوی، نووسەری داستانی بەناوبانگی «شمس و طغرا»، شاعیرێکی توانا بووە و ڕەشید سوڵتان، زەوقی شاعیری لە دوو سەرەوە پێ گەیشتووە.

غوڵامڕەزا دەورانی منداڵی و تازەلاوی، بە بەرگی کوردییەوە، لە پاڵداوێنی داڵاهۆدا، خەریکی سەیران و سوارکاری و ڕاو و تیرهاوێژی بووە و لە سروشتی جوان و هەوای خاوێنی ئەو ناوچەیە، دەرسی پاکی و یەکڕەنگی وەرگرتووە.

ڕەشید یاسەمی خوێندنی سەرەتایی لە کرماشان دەسپێکردووە و پاشان چۆتە تاران و دوای تەواو کردنی پۆلی ناوەندی، لە مەدرەسەی «سەن‌لوویی»دا ناوی نووسیوە و لەوێ زبان و وێژەی فەڕانسی خوێندووە.

مامۆستای ئەدەبیاتی فارسی ئەو قوتابخانەیە، شاعیری ناودار نیزام وەفا بووە. ئەو شیعرەکانی خۆی بۆ قوتابییان خوێندۆتەوە و لێیانی داوا کردووە کامەیان زەوقی شعری هەیە، با شەرم نەکا، شیعری بێنێ بیخوێنێتەوە و خۆی تاقی بکاتەوە. ئەوە بۆتە هۆی پشکووتنی هەستی شاعیرانەی ڕەشید یاسەمی و وردە-وردە شیعری داناوە و شاعیر و نووسەرە لاوەکانی ناسیوە و لە کۆڕی ئەدەبیی زانکۆدا، کەسانی وەک بەهار «ملکُ‌الشُّعرا»، ئیقباڵی ئاشتیانی و سەعیدی نەفیسی چاوپێکەوتووە و لە نووسینی گۆڤاری زانکۆدا بەشداری کردووە.

دوای کوودەتای پەهلەوی لە ڕەشەمەی ١٢٩٩ ک. ھ.)١٩٢١ ز.)، کاتێ کە دەشتی ڕۆژنامەی «شفق

سُرخ»ی دانا، ڕەشید یاسەمی ـکە لە کرماشاندا ببووە ئاشنای ـ زنجیرە نامیلکەیەکی ڕەخنەگرانەی بە ناوی «انتقادات ادبی» تێدا نووسی، کە بوو بە هۆی ناودەرکردنی. دوای ئەوە، لە زۆرێک ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەوسەردەمە وەک: «نوبهار»، «آینده»، «ارمغان»، «تعلیم و تربیت» و «مهر»دا، شیعر و گوتاری وێژەیی، مێژوویی، فەلسەفی و ڕەخنەیی نووسی.

ژیانی ئەدەبی ڕەشید یاسەمی لە ماوەی پازدەساڵی نێوان ١٣٠٥ تا ١٣٢٠ ک. ه.)١٩٢٦-١٩٤١ ز.)، یەکجار پڕبایەخ و بە بەرهەم بوو. لەو ماوەدا زۆرێکیش کتێبی نووسی کە هێندێکیان بریتین لە:

١. *تتبع در آثار و احوال سلمان ساوجی*

٢. *تتبع در احوال ابن یمین*

٣. *تاریخ ملل و نحل*

٤. *تاریخ مختصر ایران*

٥. *تاریخ ادبیات معاصر*

٦. *کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او*

٧. *وەرگێڕانی مێژووی «ایران در زمان ساسانیان»*، نووسینی کریستن سن دانمارکی

٨. *وەرگێڕانی بەرگی چوارەمی «تاریخ ادبیات ایران»*، نووسینی ئیدوارد براون

٩. *وەرگێڕانی «آیین دوست یابی»*، نووسینی کارنگی

١٠. *وەرگێڕانی «تاریخ چنگیز»*

١١. *وەرگێڕانی «تاریخ نادرشاه»*، مینورسکی

١٢. *پێداچوونەوە و لەچاپدانی «دیوان محمد باقر خسروی»*

مامۆستا ڕەشید یاسەمی شارەزای زبانی فەڕانسە بوو؛ عەرەبی و ئینگلیسیشی دەزانی. زمانی باستانی پەهلەوی لە هرتسفیلدی ئاڵمانیوە فێر ببوو؛ چەند نامیلکەی لەو زمانەوە کردبووە فارسی. فەلسەفەشی باش دەزانی و ماوەیەکی درێژخایەن لای میرزا تاهیری تونکابونیوە خوێندبووی. ساڵی ١٣١٣ (١٩٣٤) بوو بە مامۆستای زانستگای تاران و مێژووی ئێرانی پاش ئیسلامی دەرس‌گوتەوە.

ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥ ز.) بۆ تۆژینەوەیەکی زۆرتری وێژەیی، چوو بۆ فەڕانسە و دوو ساڵ مایەوە. لەو ماوەدا تووشی نەخۆشی گوشاری خوێن هاتبوو، دەرمانی دەخوارد. لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٧ (١٩٤٩ ز.)دا، وەک بڕیار بوو، لە تەلاری زانکۆی ئەدەبیاتی زانستگای تاران، لە بابەت کارتێکردنی بیر و بڕوای حافیز بەسەر مێشکی گوتەی ئاڵمانیدا گوتاری دەدا. خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون و ئەمیش زۆر بە هەست و تینەوە قسەی دەکرد. لەپڕ زبانی گرتی و هاتە لادا. لەبەر هەیەجان و گوشاری زۆر، شەپلە لێی‌دابوو، لایەکی لەشی لەمس کردبوو. گەیاندیانە نەخۆشخانە و زۆرێک لەگەڵی حەولیان دا، سوودێکی نەبوو. پاش مانگێک

بردیان بۆ فەڕانسە و دوو ساڵان لە شاری نیس لە نەخۆشخانەیەکیان ڕاگرت، دیسان فەرقێکی نەکرد و هێنایانەوە تاران و سەرەنجام لە بەیانی چوارشەممەی ١٨ گوڵانی ساڵی ١٣٣٠ ک. هـ. (١٩٥١ ز.)، بە یەکجاری چاوی لێک نا و دنیای بەجێهێشت.

ڕەشید یاسەمی مرۆیەکی میهرەبان، بەئەدەب، وردبین، دەمپاراو، قەڵەم سوار و زۆر وریا بوو. وەکوو ئەندامێکی سەرەکی کۆڕی زانیاری ئێران، لە مامۆستایانی بێقسەی زبان و وێژەی فارسی و هەروەها مێژوو ئەهاتە ئەژمار. لە شیعریشدا پایەبەرز بوو. نەخوازە قەسیدەی، شێوازێکی تایبەتی هەبوو؛ تێکەڵێک لە دوو سەبکی خوراسانی و عیراقی.

چەند شیعری مامۆستا ڕەشید یاسەمی:

آوخ که دوست رشته‌ی الفت گُسست و رفت	زنجیر عمر را به امیدی ببست و رفت
چون طایر شباب هراسان و زود سیر	بر شاخسار عمر زمانی نشست و رفت
آن شیشه‌ی امید که دل بود نام او	سنگین دلی ربود و فکندش ز دست و رفت
او جان عشق بود و چو دریافت فرصتی	از تنگنای صحبت یاران بجست و رفت
تابی به زلف داد و دل از من گرفت و برد	دوری به چشم داد، مرا مست کرد و رفت
صیاد بود لیک ندانست رسم صید	دشتی شکار دید، یکایک بخست و رفت
رسمی عجب گذاشت در آیین صفدری	آن صف‌شکن که خاطر یاران شکست و رفت
مرغی حقیر یافت دریغ آمدش به دام	صیدی ضعیف دید، بینداخت شست و رفت
گفتم: روا مدار که نالد ز غم «رشید»	گفتا: بنال، ناله تو را بهتر است و رفت

* * *

پرواز کرد عمر و از او آشیانه ماند	مشت پری ز نعمت هستی نشانه ماند
از سوز و ساز دل اثری آشکار نیست	جز دود آه ما که به دیوار خانه ماند
عمری فسانه‌ها دل ما در فسون گرفت	افسانه جو به خواب شد و زو فسانه ماند
از دام و دانه بیم و امیدی نصیب بود	بیم و امید طی شد و زو دام و دانه ماند
گر شعر سوزناک سرایم عجب مدار	شمع نشاط مُرد و از او این زبانه ماند
در ملک عشق لایق تاج نوازش است	این سر که جاودانه بر آن آستانه ماند
گر نیست باورت که به مستی چه دیده‌ام	زان باده نوش کن که به جام شبانه ماند
دانی که چیست شرح سفرنامه‌های عمر	این با کرانه طی شد و آن با کرانه ماند
آن را که عشق پیشه بود عمر باقی است	رفتیم و مهر هستی ما بر زمانه ماند
چون عشق جاودانه بماند مرا چه غم	گر این تن «رشید» دمی ماند یا نماند

هـر روز کافتـاب سـر از کـوه بـر زنـد — اوّل شعاع خویش بـر این چشم تـر زنـد
در انتظـــار دیـــدن رویـــش نشـــسته‌ام — زآن پیشتر کـه مـرغ سـحر بـال و پـر زنـد
فــراش خــواب را، ز شــب دوش گفتــه‌ام — تـا خیمـه‌ی نـزول بـه جـای دگـر زنـد
هـر انـدهی کـه شـب بـه سـرم لـشکر آورد — چـون نـور مهـر بینـد کـوس سـفر زنـد
بـــسیار جُـــسته‌ام بـــه جهـــان و ندیـــده‌ام — خوشـتر ز سـاعتی کـه در او مهـر سـرزند
ای خـرم آن دمـی کـه در او جیـش آفتـاب — بـــر بازمانـــدگان ســـپاه ســـحر زنـــد
کُحـل سـیاه شـب بزدایـد بـه آب نـور — و آنگاه در دو چشم جهـان کحـل زرّ زنـد
ناگـــاه تیـــغ مهـــر درخـــشان و بـــی‌قـــرار — از خـــاوران برآیـــد و بـــر بـــاختر زنـــد
کـــوه پـــلاس‌پـــوش ز تـــشریف آفتـــاب — چنـــدین هـــزار دامـــن زرّ بـــر کمـــر زنـــد
هـر سـنگ را کـه بینـی از کیمیـای شـمس — صـد طعنـه بـر فـروغ و جمـال قمـر زنـد
در ابــر نــور او چــو فتــد گوئیــا کــسی — در تـــوده‌هـــای پنبـــه بـــه عَمْـــدا اثـــر زنـــد
خـونین شـود سـحاب کـه فـصّاد آفتـاب — از صـــدهزار جـــای بـــر او نیـــشتر زنـــد
گوید فلـک بـه مـاه کـه دیگـر مـزن تـو تیـغ — بگـــذار تـــا کـــه او زنـــد، او خـــوبتر زنـــد
دانـی چکـاوک از چـه خروشـد بـه بامـداد — این بانگ عبرتی است که بر بی‌بصر زنـد
کاین مهر چرخ، آیـت مهـر اسـت و مردمـی — کاینسان شعاع خویش به هر بـوم و بـر زنـد
نزدیـک او تفـاوت پـست و بلنـد نیـست — هـم در مغـاک تابـد و هـم در کمـر زنـد
گـر غـار تیـره‌دل بپـذیرد شـعاع مهـر — خـود را زیـان نـدارد و او را نـه ضـرّ زنـد
آن کو چو مهر، مهـر جهـانی بـه دل گرفـت — هرچنـد ذرّه باشـد، پهلـو بـه خـور زنـد
زیـن کیمیـای مهـر هـر آن کـو زنـد بـه دل — خـاکی دلـش چـو زر شـود امـا اگـر زنـد
گـر ایـن هنـر نـدارد بیچـاره جـاهلی اسـت — بیچـاره‌ای کـه لاف ز فـضل و هنـر زنـد

* * *

سالی دگر گذشت وامیـدی دگـر گذشـت — آوخ که تـا شـدیم خبـر بـی‌خبـر گذشـت
تقـویم مانـد چـون قفـسی خـالی از هـزار — عمر از میانه همچو هـزاری بـه پـر گذشـت
لفظی به جای مانـد و ز معنـی نـشانه نیـست — دودی به چشم رفت و فروغ شرر گذشـت
هـــر روز بـــی‌قرارتـــر از روز پـــیش بـــود — هــر مــاه از مــه دگــر آشــفته‌تــر گذشــت
نادیـــده فـــرودین مـــه اردیبهـــشت شـــد — خـرداد و تیـر، تیرصـفت از نظـر گذشـت
مـرداد رفـت و دولـت شـهریوری و مهـر — آبان به یک دو موج چو آبی ز سر گذشت
آذر چـو بـرق آذر و دی همچـو بـاد دی — بهمن سپندوار بـرون جسـت و در گذشـت

گویند عید می‌رسد و نوبهار عیش / فصل شتا و لشکر بیدادگر گذشت
شادم که آن بیاید و این شد ولی چه سود / کان بی‌نتیجه بگذرد، این بی‌ثمر گذشت
بار دگر زمین شتابان و بی‌قرار / دوری به گرد چشمه‌ی خورشید برگذشت
آنی دگر ز مدت عمر جهان برفت / روزی دگر ز دور حیات بشر گذشت
ما و تو نیستیم ولی روشنان چرخ / یک روز بنگرند که دور قمر گذشت
از خاندان شمس پراکنده شد بساط / عزت ز مه گذشت و جلالت ز خور گذشت
خاموش گشت زهره و بشکست پشت تیر / ایام مشتری چو نسیم سحر گذشت
مریخ سرخ‌روی ز غم گشت زرد رخ / کیوان ز حلقه‌ی زر و طوق کمر گذشت
نپتون یتیم‌وار اورانوس را ببرد / از خاندان شمس و ز ارث پدر گذشت
خورشید را حرارت کانون فرو نشست / زان جذب و دفع و کشمش و کرّ و فرّ گذشت
گر دیده‌ی گشاده بود اندر این زمان / مر خاک را ببیند فرجام و سرگذشت
بیند که کوهسار به دریا دراوفتاد / دریا ز جا برآمد و بر بوم و بر گذشت
دریای باختر به سوی خاوران کشید / کهسار خاوران به در باختر گذشت
جان زمین به قهقه خندد به عمر خویش / گوید: که دور فتنه چه خوش مختصر گذشت
هر فتنه‌ای که بود در این کهنه دلق بود / منت خدای را که زمان بی‌خطر گذشت
بگسست قید صورت و شکل و طلسم جسم / ایام سود آمد و وقت ضرر گذشت
اکنون زمان راحت و آزادی است و ناز / بر رغم آن زمان که به رنج سفر گذشت
ناگه ز غیب بانگ زند هاتفی بر او: / کای جان گمان مبر که همه خیر و شر گذشت
باقی است کار، گرچه نمانده است جای کار / برجاست معنی ارچه به ظاهر صور گذشت
چون تو مهندسی، چه غم ار خانه شد خراب / چون تو مؤثری چه زیان گر اثر گذشت
برخیز و زین مواد یکی کاخ نو برآر / فرمان چنین ز ملک قضا و قدر گذشت
این کارخانه هیچ نیاساید از عمل / باقی است کار، گرچه بسی کارگر گذشت
هر ذره‌ای که بینی از اجزای کاینات / هم رنجبر بیامد و هم رنجبر گذشت
ای دل دژم مباش که تقویم گویدت: / سال دگر ز عمر چو لمح بصر گذشت
فرصت شمار باقی ایام و کار کن / فرصت دگر به دست نیاید اگر گذشت
روزی اگر به خیر گذاری هزار بار / بهتر ز سالهاست که در خواب و خور گذشت

گۆڤاری *اطلاعات ماهانه*، ژ ٣٩، جۆزەردانی ١٣٣٠ ک. ه. ل ١. *شعرای مُعاصر*، ل ١٣٤.

فیکری سەلمانی

میرزا عەبدوڵڵای فیکری ـکە بە بۆنەی پیشەیەوە نازنـاوی «سَـلمانی» هەڵـبژاردبوو ـ شـاعیرێکی خـاوەن زەوق، کتێبخوێن و خەتخۆش بوو کە زۆرتر کاتی وچانی خۆی لەگەڵ زانایان و وێژەواناندا دادەنیشت. ئەم غەزەلە هی ئەوە:

بـە قتـل عاشـق مـسکین شـتاب بایـد کـرد — اسـاس هـستی مـا را خـراب بایـد کـرد
به قول ساغر و فتـوای چنـگ و نالـەی نـی — عـلاج غـصه بـه جـام شـراب بایـد کـرد
بـه عاشـقان مکنیـد ایـن قـدر جفـا، یـاران — حـذر ز پرسـش روز حـساب بایـد کـرد
به رأی قاضـی مـا مـی بـود حـرام، و لیـک — به خون خلق دو دست خضاب بایـد کـرد
ببند لـب تـو از ایـن قیـل و قـال ای واعـظ! — حیـا ز صـاحب ام‌الکتـاب بایـد کـرد
رسـید توبـت تجدیـد و رای و حیـرانم — از ایـن گـروه کـه را انتخـاب بایـد کـرد؟
برای چارەی این هرج و حق‌کشی و ستم — عـلاج نیـست جـز ایـن انقـلاب بایـد کـرد
مشو تو غافـل از احـوال خـویش «سـلمانی» — پـی وصـول مقاصـد شـتاب بایـد کـرد

یاداشتەکانی نووسەر.

جەلادەت بەدرخان

کوڕی ئەمین‌عالی پاشا، لە بنەماڵەی بەدرخانیان[1]، ساڵی ١٨٩٧ ز. لە شـاری ئەسـتەمبووڵ هاتـە دنیـا و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارەدا تەواو کرد.

پاش زۆرگرتنی مستەفا کەمال (ئاتاتورک) ـ وەک باقی کەسانی نیشتمان‌دۆستی بەدرخانیان ـ چوو بۆ میسر و لەوێشەوە گەیشتە ئاڵمان و پاش فێربوونی زبانی ئاڵمانی، چووە زانستگا و لیسانسی حوقۆقی وەرگرت.

لەگەڵ ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیای عوسمانیدا، جـەلادەت هـاوڕێی دوکتـور کـامرانی برای، لە ئورووپاوە گەڕانەوە بۆ کوردستانی باکوور و کەوتنە ڕێکخستنی هێزە کوردەکان بـۆ بەرهەڵـستی دەوڵەتی زۆربێژی ترک. بەڵام ساڵی ١٩٣٠ ز. کە ئەم خەباتەش سەرکوت کرا، جارێکی‌تر هـەڵاتن و بـە کێواندا لە سنووری سووریا پەڕینەوە و بوونە پەنابەری ئەو دەوڵەتە.

جەلادەت بەدرخان لە سووریەدا مایەوە و لەگەڵ دەسکورتی و هەژاریـدا سـاچاندی و هـەموو کـات و ژیانی خۆی بۆ خزمەت بـە میللـەتی کـورد و زبـانی کـوردی بـەخت کـرد. لـە کـارە بایەخـدارەکانی، بڵاوکردنەوەی دوو گۆڤاری«*هاوار*» و «*ڕووناهی*» و هەروەها چەند فەرهەنگی کوردی و کوردی ـــ فەڕانسی

---

١. بۆ ناسینی ئەو بنەماڵە، بڕوانە بۆ بەشی دووهەمی ئەم کتێبە.

بوون که هێندێکیان چاپ کراون. کتێبی‌تری «*القضیّة‌الکُردیّه*»، به زمانی عەرەبی و فەڕانسییە کـە ساڵـی ١٩٣٠ ز. له ژێر ناوی «دوکتور بلەچ شێرکۆ»وە، له قاهیره چاپ کرا.

جەلادەت بەدرخان ساڵی ١٣٧١ ک. م. له دمشق کۆچی یەکجاری کرد و له خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی ئەو شاره ناشتیان.

میژوو، دوکتور کەمال مەزهەر. *روزنامه‌نگاری در کردستان*، ل٦٤-٦٦.

مەلا عەبدوڵڵای موفتی تووتنچی

کوڕی مەلا کەریمی پێنجوێنی، نازناو «موفتی»، شاعیرێکی ئاگا و خاوەن زەوق بووە کە تووتنی فرۆشتووە و بە کار کردن و ئارەق ڕشتن ژیانی بەڕێوە بردووە. ئەم پێنجخشتەکییە شیعری ئەوە:

مەردانە لە دەس وەحشەت و نـادانی هـەلاتم حاشا لە هەموو نیعمەت و خۆرشـت و بـەراتم
هەستان لە خەوی غەفڵەتە ئەسبابی نـەجاتم نایدەم بـە فەلـەک زەمزەمـە و شـۆری وڵاتم
قوربـانی ئەکـەم ڕۆح و سـەر و مـاڵ و حـەیاتم

ڕێ ڕاستییە بێ‌شک لە هەموو عـەقڵ ڕەها بـوون گەر تێکی نەدا هوش و خەیاڵم دەسـی گـەردوون
چـیم داوە لـە فـێڵ و تەڵـەکەی واعیـز و ئـاخون شێخ نیم کە بە تەزویر و ڕیـا و بـازی و ئەفـسوون
وەک ئاش بـە دانـەی ئـەم و ئـەو لا بـێ نـشاتم

پێم خۆشە سەپانێک دەر و دەشت و ئـەرەز کـێڵ نەک بم بە دوعانووس و بڕۆم ڕوو کەمە نـاو خـێڵ
یا خۆ بە خەلیفەیکی مل‌ئەسـتووری ڕەدیـن بـێڵ یـا کۆلکەمـەلایێ بـە عـەبا و مێـزەری پـڕفێڵ
دەریۆزەیی ئیحسان کەم و سـەر فیتـر و زەکـاتم

تێ هەڵدە لە ژیـنی تەمەڵـی و حیـزی و سـستی یـا نـانی کەسـیفی بەتـەمای خزمـەتی پەسـتی
وریـام بـە دڵ و دوژمـنی بێهۆشـی و مەسـتی دوورم لـە مـەعاش خـۆری و بێگانـە پەرسـتی
ئیـسباتی ئـەکا ژیـنم و عـاداتی حـەیاتم

لەعنەت لە کەسێ بێ بـە وەتـەن خـاین و ناپـاک ڕۆحێکی نەیێ بـەرز و دڵـێکی گـەش و ڕوونـاک
حقبێـژم و حـەقنووسـم و بـێترسـم و چـالاک کـوردێکی دلێـرم لـە هـەموو مەعرەکـە بـێباک
ڕۆڵـەیکی وەفـادارم و پڕعـەزم و سـەباتم

بێدەنگ و سەدا دڵ لە کولا نایێ بە سـەدجـۆش وا حاڵـیە دوژمـەن کـە وڕ و گێـژم و بـێهـۆش
با پێبکـەنێ پـێم، بـژی ئێـستە بـە دڵـی خـۆش وەک شێری ژیان، جارێ کە من ماتم و خـامۆش
سەیـادی کـەمین چـاوەڕێیی ڕۆیـشتن و هـاتم

«موفتی» وەکوو خەڵقی مەبە تالب بـە زەر و زیـو بێهـوودە مـەسـووڕێ لـە بیابـان و چـەم و شـیو

ناحــەز وەکــوو دابەســتەزکی پــڕ لــە بــەز و پیــو مــن نیمــە تەمــەع، نیمــە ڕیـا و مەغـڵەتە و ڕیـو

ئـــازادی و سەربەســـتییە دڵـــخواز و ئـــاواتم

زا و مەرگی مەلا عەولا سالانی ١٣١٢ و ١٣٧٢ ک. م. ڕووی‌داوە.

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٣٩.

عەونی سیورکی

موحەممەد عەلی عەونی، کوڕی حاجی عەبدولقادر[1]، ساڵی ١٣١٦ ک. م. لە شاری «سیورک»ی سەر بە دیاربەکر هاتە دنیا و کە پێگەییشت لە قوتابخانەکانی باکووری کوردستاندا خوێندی و پاشان چوو بۆ میسر و لە زانستگای ئەزهەری قاهیرەدا خوێندنی تەواو کرد و هەر لەوێ نیشتەجێ بوو.

عەونی زیاد لە کوردی و عەرەبی، فارسی و ترکی و فەڕانسیشی چاک دەزانی و نووسەرێکی باشیش بوو. دوای ماوەیەک لە وەزارەتی دەرباری میسردا بە ناوی وەرگێڕ دامەزرا و هاوکات، بۆ هێندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وتاری دەنووسی.

موحەممەد عەلی عەونی بۆ یەکەم جار هێندێ پەراوێز و هەروەها پێشەکی بۆ شەرەفنامەی بدلیسی دانا و ساڵی ١٣٥٠ ک. م. لە چاپخانەی کوردستانی فەرەجوڵا زەکی لە قاهیرەدا چاپی کرد. دواجاریش هەموو شەرەفنامەی لە فارسییەوە کردە عەرەبی؛ بەڵام پاش مەرگی خۆی، لە ساڵی ١٩٥٨ ز. چاپ کرا.

دیسان لە کارەکانی، وەرگێڕانی سێ کتێبی ڕەحمەتی ئەمین زەکی‌بەگ، لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی و لەچاپدانیانە، بە ناوی: «*خلاصةالکرد و الکردستان*»، «*تاریخ الدول و الامارات الکُردیّە*» و «*مشاهیر الکُرد*». بێجگە ئەمانە بەرهەمی تریشی لەمەڕ کورد و کوردستانەوە هەن کە هێشتا چاپ نەکراون.

عەونی ساڵی ١٣٧٢ ک. م. لە قاهیرەدا کۆچی یەکجاری کرد و لـە پـەنا گـڵکۆی عـارف و شـاعیری بەناوبانگی میسری، «عُمر ابنُالفارض»دا ناشتیان.

الاعلام، ب٧، ل١٩٨، *لغتنامە*، ل٤٣٦. پێشەکی هەژار بۆ *شەرەفنامە*، ل ٥٢ و ٥٣.

سەید ئەحمەدی خانەقا

کوڕی سەید حەسەن، کوڕی سەید ئەحمەدی سەرداری کەرکووکی[2]، ساڵی ١٢٩٠ ک. م. هاتۆتە دنیا و لە پیاوە ناسراوەکانی بنەماڵەی بەرزنجییە کە وەک باپیری، لە شـاری کـەرکووک سەرپەرشـتی خانـەقا

---

١. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٦١١.

٢. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٣٦٢.

بووە، تەکیەداری و ئیرشادی کردووە و دەستی هەژارانی گرتووە و کەمدەستانی یاریداوە؛ بۆ خزمەت بە خوێندەواران و زانایان، مەشهوور بووە و دەرکی ماڵ و خانەقای قـەت دانـەخراوە و میوانـان و ڕێبـواران و داماوان، ڕوویان تێکردووە و لە پەنایدا حەساونەتەوە.

ئەم پیاوە خێرومەندە، عومری بە پـاکی و ئاکارچـاکی تێپـەڕ کـرد و سـەرەنجام ساڵـی ١٣٧٢ ک. م. (١٩٥٢ ز.)، دەستی لە ژیان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٥٤٤.

فایق زیوەر

کوڕی موحەممەد ئەفەندی، شاعیرێکی خەڵکی سلێمانییە کە ساڵی ١٣٣١ ک. م. لەدایکبـووە و ١٣٧٢ لە دنیا چووە. ئەم غەزەلە هی ئەوە:

داغی حەسرەت نەقشی گرت ئەمساڵ لە تەختی سـینەما — بۆ ئەوانە ڕائەکەن سەربەست ئەچن بۆ سینەما
کێ ئەڵێ حەربە و گـرانی، زۆر پەریـشانە جیهـان — تۆ بچـۆرە سـینما وا تـێئەگـەن برسـی نـەما
کوڕ لە باوک، کچ لە دایک شـەرمیان لا خـستووە — سینما کارێکی وای کرد هیچ مناڵ ترسی نەما
بۆ تەماشا زۆر کـوڕ و کـچ بوونـە هـاوڕێ بـاوک و — هیچ غەمی باوکیان نییە وا دیرهـەم و فلـسی
یەکبـەیـەک کوشـتن ئەکـەن تـا زوو بچـن بـۆ — با هەزار جار بانگ بکەن خۆ لۆجـە و کورسـی
عیلم و فەننی ئورووپا فێر بوون کە سەیری وێنەیێ — ئاگری حەسـرەت ئـەمێنێ هـەر لـە لـەوحی
پێم بڵێن تا ئێستە چی فێربوون منیش دێم جار بە جار — تا نەڵێن پێم پاشملە «زیوەر» ئەوا شانسی نەما

یادی ئەدیبان و یەک ـ دوو شوێنیتر.

موحەممەد کوردعەلی

موحەممەد بەگ، کوڕی عەبدوڕڕەززاق، کوڕی موحەممەد، مەشهوور بە «کوردعەلی»، دانـەر و سـەرۆکی کۆڕی زانیاری عەرەبی لە دمشق و خاوەن گۆڤاری بەناوبانگی «*المُقتَبس*» و یەکێ لە زانایان و نووسـەرانی گەورەی دنیای عەرەب لە چەرخی بیستەمدایە کە ساڵی ١٨٧٦ ز. لە شام هاتە دنیا.

بابی موحەممەد، کوردی سلێمانی بووە و سەرەتا خـەیاتی کـردووە. دواجـار ڕووی کردۆتـە بازرگـانی و دەسمایەیەکی باشی دەستخستووە و بۆ شام چووە. هێندێک لەودوا لە گوندێک بە ناوی «جسرین»، سەربە ناوچەی «غووتە»ی دمشق، مەزرایەکی کڕیوە و کشتوکاڵی دەسپێکردووە. موحەممەد لـەو گونـدە هاتۆتـە دنیا و بە منداڵی «فەرید»یان پێ گوتووە؛ بەڵام دوایی بە ناوی موحەممەد کوردعەلی ناوی دەرکرد.

شەش ساڵان ناردیانە قوتابخانە و هەر بە منداڵی سواری و مەلە فێر بوو. دە ساڵان (ساڵـی ١٣٠٤ ک.

م.) چووە پۆلی دواناوەندی و لەو کاتەوە وازێکی زۆری لە خوێندنەوە پەیدا کرد و هەرکوێ کتێبێکی چاو پێ دەکەوت، دەبوو بیخوێنێتەوە. سێزدە ساڵان هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێک بە دەستیەوە دەرنەدەچوو. لەو ساڵانەوە خوێندنی ترکی و فەڕانسیشی لە بەرنامەی خۆی زیاد کرد. شازدەساڵان بۆ چەند ڕۆژنامە وتاری دەنووسی و بەو نیازە کە زانیارییەکی زۆرتری دەسکەوێ، لە کۆڕی دەرسی مامۆستایانی وەک: شێخ سەلیمی بوخاری، شێخ موحەممەدی موبارەک و شێخ تاهیری جەزایری، بەهرەی دەبرد. هەروەها کۆڵینەوە لە فەرهەنگی کۆن و نوێی عەرەبی درێژە پێدا؛ وا کە هێشتا هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو، لە عەرەبییەتدا زانایەکی تەواو بوو. هاوکات فەڕانسەکەشی لە مەدرەسەی عازارییەدا گەیاندە ڕادەیەکی باش. ساڵی ١٣١٠ ک. م. کە دەبیرستانی تەواو کرد، کەوتە خۆی بۆ چالاکییەکی زیاتر لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە سێ زمانی عەرەبی و فەڕانسی و ترکی، نووسین و وەرگێڕانی دەسپێکرد. ٢٢ ساڵی بوو، بۆ یەکەم بلاڤۆکی دمشق بە ناوی «*شام*» دەینووسی و ئەو هاوکارییە، سێ ساڵ بەردەوام بوو. لەو ماوەدا دەستی لە دەرس و خوێندن بەرنەدا و زۆرێک لە شیعرەکانی موتەنەببی و مەقاماتی حەریری لەبەرکرد. هەروەها وتاری بۆ چەند ڕۆژنامەی بەناوبانگی میسر، وەکوو «*المُقتَطَف*» دەنووسی.

ساڵی ١٣٢٠ ک. م. لێبڕا بڕوا بۆ فەڕانسە. پێشەکی چووە میسر و هێندێک لە قاهیرەدا مایەوە. لەوێ کۆمەڵێک لە دۆستانی، یەکیان سەید موحەممەد ڕەشید، بەرپرسی گۆڤاری «*المَنار*»، داوایان لێ کرد بمێنێتەوە. ئەویش بە قسەیانی کرد و لە بلاڤۆکی«*الرّائدالمصری*»دا، کە سەرپەرشتی «نوقوولاشەححادە» بوو، چەند نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە و بەم بۆنەوە بەختی ئاشنا بوون لەگەڵ کەڵەپیاوانی میسری، ڕووی‌تێکرد. لە حەوتوودا دوو جاران گوێی لە تەفسیری عەللامەی پایەبەرز و چاکەخوازی بەناوبانگ، شێخ موحەممەدی عەبدوهـ دەبوو؛ کە لە ڕەواقی عەبباسی ئەزهەردا دەرسی دەگوتەوە. هەر لەوێ نووسەران و زانایانی ناوداری وەک: قاسم ئەمین، فەتحی زوغلوول، ئیبراهیم یازیجی، یەعقووب سەڕڕووف، حافیز ئیبراهیم، ئەحمەد زەکی، ئەحمەد تەیموور، خەلیل موتران، جورجی زەیدان و عەبدولعەزیز فەهمی ناسی و لە خزمەتی شێخ موحەممەدی عەبدوهدا ئەوپەڕی بەهرەی برد.

پاش دوو مانگ، لەبەر داکەوتنی وەبا لە میسردا، گەڕاوە دمشق؛ بەڵام لەوێ هێندێک بەرهەڵستی بوونەوە و حاکمیان لێ دڕدۆنگ کرد؛ تا ئەو ڕادە ناچار ماوەیەک خۆی شاردەوە و لە دەرفەتێکدا، (ساڵی ١٣٢٤ ک. م.) دیسان گەڕاوە بۆ میسر.

لە میسر، لەگەڵ ڕۆژنامەیەک بە ناوی «*الظاهر*»دا، کاری دەسپێکرد و دوای چەندێک بوو بە سەرپەرشتی نووسەرانی ڕۆژنامەکە. هەر لەو سەروبەندانەشدا گۆڤاری بەناوبانگی «*المُقْتَبس*»ی بڵاو کردەوە و هەموو شێوە نوێکاری، لە باری کاڵ و توێکڵەوە، کە ڕۆژاواییان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیاندا بەکاریان دێنا، هێنایە نێو گۆڤارەکەیەوە. تێیدا باسی شارستانییەت و فەرهەنگ (کولتوور) و دەسکەوتە زانستییەکان و

داهینان و هەروەها گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد؛ بە تێکۆشانێکی زانایانە، دەقی کتێبە کۆنەکانی دەدۆزییەوە و لەو گۆڤارەدا دەیناساندن. زنجیرە ژمارەکانی «المُقْتَبس»، ئەوڕۆش لە بایەخدارترین گەنجینەکانی زبان و وشە و وێژە و شیعر و زانست و مێژوی عەرەبە کە لە ٩ بەرگ و سەرجەم ٦٥٠٠ لاپەڕەدا، چەند جاران لە چاپ دراوەتەوە.

موحەممەد کوردعەلی تا ساڵی ١٣٢٧ ک. م. لە میسردا مایەوە. ئەوجار گەڕاوە شام و لە دمەشقدا، بە یارمەتی برای زانای (مامۆستا ئەحمەد کوردعەلی)، «المُقْتبس»ی بڵاو کردەوە؛ ئەمجار بە شێوەی ڕۆژنامە و تێدا شیعر و بەرهەمی شاعیران و وێژەوانانی ناوداری شام و لوبنان و عیراقیشی، وەکوو: ڕەسسافی و زەهاوی، لە پاڵ میسرییەکاندا هێنا. بەڵام ڕاستبێژی و ڕەخنەگرتنی بە ڕاشکاوی کوردعەلی، بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانلی قووت نەدەچوو؛ کەوتنە هەڕەشە لێ کردنی و ئەویش چاری لە هەڵاتندا دیتەوە؛ خۆی گەیاندە لوبنان و لەوێشەوە بە بەحردا، تا فەڕانسە نەوەستا. ئەو کاتە (ساڵی ١٣٢٨ ک. م.) کوردعەلی ٣٤ ساڵی بوو. سەردەمێک لە پاریس مایەوە و ئەوجار چووە ئەستەمبووڵ و لەوێشەوە گەڕاوە دمشق؛ بە ئاوات و بەرنامەی زۆرەوە بۆ ئازادی و ئابادی ئەو وڵاتە. بەڵام هەر گەیشتە بەرەوە، دیسان هەڕەشە و گوڕەشە دەستیپێکردەوە. کوردعەلی کە زانی ئەو بارودۆخەی ئاوا بۆ هەڵناسووڕێ، وای بە باش زانی دەست لە سیاسەت هەڵگرێ و خەریکی کاری زانستی و ئەدەبی بێ؛ بەتایبەت لێبڕا بە شێوەی ڕۆژاواییان، کتێبێک لەمەڕ شام و شارستانییەتی کۆن و نوێیوە بنووسێ. بۆ ئەو کارە و بەنیازی کڕوکاشێکی زانستی، بە کتێبخانە گەورەکانی ڕۆژاوادا گەڕا و دوای جارێک و دوان چوونە ئەستەمبووڵ، کتێبخانەی سەڵتەنەتی ئەوێ و تەنانەت کتێبە دەسنووسەکانیشی چاوپێکەوت.

ساڵی ١٣٣٧ ک. م. کە دمشق کەوتە دەستی هێزە یەکگرتووەکان، گەڕاوە بۆ ئەوێ و بەنیاز بوو جارێکیتر «المُقتبس» بڵاو بکاتەوە؛ بەڵام حاکمی چەکداریی دمشق، ئەوەی پەسند نەکرد و سەرپەرشتی دیوانی مەعارفی پێ ئەسپارد. کوردعەلی بەو ئاواتەوە کە بتوانێ خزمەتێک بکا و بۆ فەرهەنگ و شارستانییەتی کۆمەڵگاکە هەنگاوێ هەڵگرێ، چاکی داوێنی لێ کرد بە کەمەردا و بنیاتی کۆڕی زانستی دمشقی دانا. ئەو کۆڕە ـکە کوردعەلی بۆخۆی سەرۆکی بوو ـ تۆژینەوە لە وشە و زبان و هەموو میراتێکی کولتووری عەرەبی گرتە ئەستۆ.

موحەممەد کوردعەلی دووجار، ساڵانی ١٣٣٩ و ١٣٤٧ ک. م. بوو بە وەزیر؛ لەو ماوەدا بۆ زۆربەی وڵاتە ئورووپاییەکان ڕۆی و لە کۆبۆنەوە و وتوویژ و وتاردانی جۆراوجۆردا ـکە بۆیان دادەنا ـ بەشداری دەکرد. ساڵی ١٣٤٣، کاتێ کە وەزیری زانستی باڵا بوو، زانکۆی ئایینی دامەزراند. لە تەمەنی ٥٠ ساڵاندا، لە زانستگای دمشقیش دەرسی دەگوتەوە و هاوکات «مجمع لُغوی» میسر وەکوو ئەندام هەڵیبژارد و هەموو پاییزێک لە دانیشتنەکانیاندا بەشداری دەکرد. ساڵی ١٩٢٨ ز. بوو بە نوێنەر و ئەندامی ڕۆژهەڵاتناسانی

زانستگای ئەکسفوردی بریتانیا.

ئەم مامۆستا گەورەیە، لە سەرینەی ئەو هەموو کارانە، ئەگەر دەرفەتێکی دەسکەوتایە، ئەوجار قەڵـەمی نەدەوەستا و خەریکی نووسین دەبوو. بەڵام کە تەمەنی چووە سەر، کاری زۆر، ماندووی دەکرد و سۆمای چاویشی هاتبووە کزی. سەرەنجام لە ڕۆژی دووهەمی نیسانی ساڵی ١٩٥٣ ز. (١٣٧٢ ک. م.)، ئەو دڵـە گەورەیەی لە جووڵە کەوت و دنیای زانست و زانایانی داخدار کرد.

نوسراوەکانی مامۆستا کوردعەلی:

١. *خطط الشّام*، ٦ بەرگ، چاپی دمشق، ١٩٢٥، ١٩٢٨ز.

٢. *تاریخ الحضارة*، ٢ بەرگ، (وەرگێڕاو لە فەڕانسیوە) چاپی میسر، ١٩٠٨، ١٩٤٦ز.

٣. *غرائب الغرب*، ٢ بەرگ، چاپی میسر، ١٩٢٠ ز.

٤. *الاسلام و الحضارة العربیّة*، ٢ بەرگ، چاپی میسر، ١٩٣٤ ز.

٥. *امَراءُ البیان*، ٢ بەرگ، چاپی میسر، ١٩٣٧ ز.

٦. *دمشق مدینة السّحر و الشّعر*، چاپی میسر، ١٩٤٤ ز.

٧. *أقوالنا و أفعالنا*، چاپی میسر، ١٩٤٦ ز.

٨ *غُوطَةُ دَمشق*، چاپی دمشق، ١٩٤٩ ز.

٩. *المذکرات*، ٤ بەرگ، چاپی دمشق، ١٩٤٨، ١٩٥٠ ز.

١٠. *کُنوزُ الاجْداد*، چاپی دمشق، ١٩٥٠ ز.

١١. *القدیم و الحدیث*، چاپی میسر، ١٩٣٥ ز.

١٢. *سیرةُ احمد بن طولون*، چاپی دمشق، ١٩٣٩ ز.

١٣. *رسائل البلغاء*، چاپی میسر، ١٩٠٧ ز.

١٤. *الفضیلة و الرَّذیلة*، چاپی میسر، ١٩٠٧ ز.

١٥. *المُجْرم البریء*، ٤ بەرگ، چاپی میسر، ١٩٠٧ ز.

١٦. *الأشربَة*، چاپی دمشق، ١٩٤٧ ز.

١٧. *تاریخ حُکماء الاسلام*، چاپی دمشق، ١٩٤٦ ز.

١٨. *المُستجادُ من فَعَلات ألأجواد*، چاپی دمشق، ١٩٤٦ ز.

١٩. *البیزرة*، چاپی دمشق، ١٩٣٥ ز.

٢٠. *البعثةُ العلمیة الی دارالخلافة*، چاپی بەیرووت، ١٩١٦ ز.

٢١. *غابرُ الأندُلسِ و حاضرها*

موحەممەد کُردعلی *(حیاته و آثاره)*، دمشق، ١٩٥٥ ز. *الاعلام*،

ب٧، ل٧٣. *الاداب العربّیه فی القرن التاسع العشر*، بەشی ١ و٢.

شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی

دوا ئاڵقەی زنجیرە پیرانی نەقشبەندی لە بنەماڵەی عوسمانی، شێخ عەلائەدینی کوڕی شێخ عومەر زیائەدینە کە ساڵی ١٢٨١ ک. م. لە گوندی «تەوێڵێ» کوردستان هاتە دنیا و خوێندنی لای شێخ موحەممەدی قەرەداغییەوە دەسپێکرد و هاوکات چووە ناو کۆڕی مریدانی بابی پایەبەرزیەوە و خۆی لەگەڵ ڕیازەت کێشان و شەونخوونیدا ڕاهێنا و ئیجازەی ئیرشادی وەرگرت.

کە شێخ عومەر لە ساڵی ١٣١٨دا کۆچی دوایی کرد و شێخ نەجمەدینی برای لە «بیارێ»دا جێی گرتەوە، شێخ عەلادین چیتر لەوێ دانەنیشت و ڕووی لە ڕۆژهەلات کرد و لە گوندی «دووڕۆ»ی لای مەریواندا، تەکیە و خانەقایەکی کردەوە و لە پەنایدا مەدرەسەیەکی دینی دامەزراند و لە داهاتی خانەقا، قوتابخانەکەشی دەگەڕاند.

ساڵی ١٣٣٧ ک. م. شێخ نەجمەدین عەمری خوای کرد و شێخ عەلادین گەڕاوە بیارە و لە خانەقای باب و باپیرانیدا، ئیرشادی دەسپێکردەوە و قوتابخانەکەشی لە نۆ ئاوەدان کردەوە.

شێخ عەلائەدین، پێڕای ئیرشاد و سەیر و سولووک، کتێبانی بژیشکی و گیاناسی و دەرمانسازی و ڕەوانناسیشی دەخوێندەوە و لەم بارەوە زانیارییەکی باشی پەیدا کردبوو؛ بە شێوەیەک هەموو جۆرە نەخۆشانی لەش و ڕەوان ڕوویان لێ دەنا.

شێخ سەرەنجام ساڵی ١٣٧٧ ک. م. بەرامبەر بە نەورۆزی ١٣٣٣ هەتاوی (١٩٥٥ ز.)، چاوی لە دنیا پۆشی و بادەی مەرگی نۆشی.

یاداشتەکانی نووسەر.

حەیدەریی مەهابادی

میرزا عەلی بەگی حەیدەری، کەسناو «سالار سەعید»، کوڕی ئەحمەدبەگی «وکیلُ‌الرُّعایا»[١]، ساڵی ١٢٩٠ ک. م. لە گوندی «ڕەحیمئاباد»ی لای مەهاباد هاتە دنیا.

باب و کاڵی میرزا عەلی لە ساوجبولاغی موکریدا حوکوومەتیان کردووە. بابی لە سەردەمی ناسەردینشای قاجاڕدا، لە سەردارانی لەشکری شەڕی هەرات و بووشیهر بووە و کاتێ کە لە شیرازەوە گەڕاوەتەوە زێدی خۆی، یەک لە شاعیران و وێژەوانانی ناسراوی، بە ناوی بەهاری شیروانی، لە تارانەوە

---

١. ئەحمەد بەگ؛ کوڕی ئیبراهیم بەگ، کوڕی ڕۆسەم بەگ، کوڕی سەیفەدین، لە بنەماڵەی بابامیرین.

لەگەڵ خۆی هێناوە و بڕیاری داوە لە سەرینەی جل و بەرگ و خواردن و ماڵ و هەموو پێداویستییەک، ساڵی ٣٦٠ توومانی بداتێ، بەو مەرجە دەرس بە منداڵەکانی[١] بێژێتەوە.

حەیدەری لە لای شیروانییەوە زبان و وێژەی فارس و عەرەبی خوێند و شیعری ناسی. بیست ساڵان چووە نێو کاری حوکمەتییەوە و ماوەیەکیش لە سابڵاغ (مەهاباد) جێگری حاکم بوو. پاشان چەند دەورە وەکوو نوێنەری ئەوێ، چووە پارلەمان (مەجلیسی شوورای میللی) و سەرەنجام ساڵی ١٣٧٣ک. م. بەرگی حوکمەتی و شان و شکۆی نوێنەرایەتی دانا و کەوتە بەر ڕوحم و بەزەیی خودا.

چەند غەزەلی کوردی و فارسی حەیدەری:

خەستە و بیماری تۆم ئەی ڕۆحی شیرینم وەرە
چاوەڕێ دیداری تۆم، ئەی یاری دیرینم وەرە

ڕۆحەکەم پەرژینە بۆ حیفزی گوڵی باغی ڕوخت
ئەی گوڵی گوڵزارەکەی نەوباغ و پەرژینم وەرە

دەردی عیشقی تۆ نەخۆشی خستوم هاتوومە مەرگ
نەک ئەجەڵ موهڵەت نەدا با تاوێ بتبینم وەرە

دڵ برینـدارم بە تیری نازی چاوی بازی تۆ
بۆ تەماشای زەخمی دڵ، بۆ سەیری ناڵینم وەرە

بەڵکە ئەمجارەیش شەفام بێ من لە دەردی سەختی هیجر
بۆ موداوا ئەی تەبیبم! تاکوو باڵینم وەرە

من لە دونیادا بە تەنها تاڵبی ماچێکی تۆم
تاڵبی ماچین، نگاری چین و ماچینم وەرە

من نەهاتیم بوو، نەهاتی تا ژیام بۆ دیتنم
بارێ وەختی مەرگ و وەختی دەفن و تەقلینم

غەیری «شمس‌الدین» نەماوە ئارەزووی دینی کەسم
«حەیدەری» بۆیێ دەڵێ: ئەی شەمسەکەی دینم وەرە

* * *

غم دوری خورم و غُصەی هجران تا کی؟
جور گردون کشم و محنت دوران تا کی؟

غیر سرگشتگیم نیست نصیبی از عشق
در ره عشق سراسیمه و حیران تا کی؟

خانەی صبر دل از دست فراق است خراب
دل بی‌صبر در این خانەی ویران تا کی؟

حال عشاق پریشان ز غم دوری توست
حال این جمع چو زلف تو پریشان تا کی؟

درد عشقت همه دانند ندارد درمان
پس امید من پردرد به درمان تا کی؟

عاشق روی تو از کعبه و بتخانه گریخت
چند از کفر سخن، قصه ز ایمان تا کی؟

ما اسیریم و جهان محبس و نعمت زنجیر
یارب این سلسله در پای اسیران تا کی؟

«حیدری» آن بت سنگین‌دل بی‌مهر و وفا
تا کی از جور و جفا نیست پشیمان، تا کی؟

* * *

جان به کف تا ننهد دوست به جانان نرسد
کس به جانان نرسد تا به لبش جان نرسد

١. ئەو کوڕەکەی، عەبدوڵڵا بەگی میسباحدیوان (ئەدەب)ە کە پێشتر باسیمان کرد.

تا که در مصر محبت نشود خوار و اسیر — به عزیزی و شهی، یوسف کنعان نرسد
یک شبی نیست به کوی تو که از جور — تا سحر نالەی عشاق به کیوان نرسد
دل که در عشق چو پروانه پر و بالش — باز ترسم که به آن شمع شبستان نرسد
هر شبی را و غمی را به جهان پایانی است — جز شب هجر و غم ما که به پایان نرسد
نیست در وعدەی خوبان چو وفا هیچ، دلا — جهد کن کار تو با یار به پایان نرسد
ساقی ساده و این باده چو باشد بگذار — قسمت «حیدری» از کوثر و غلمان نرسد

* * *

نگار تا ز سر زلف رو به ما آورد — به سجده رفت دل و شکر حق به جا آورد
بتی که از دهنش بوی شیر می‌آید — ندانم این همه ناز آخر از کجا آورد
ز بهر صید سر زلف حلقه کرد و بسی — به دام خویش دل رند و پارسا آورد
چو هست موی تو مشکین و بوی مشک‌افشان — خطاست باد اگر بویی از ختا آورد
سپید شد سرم از دست هجر زلف سیاه — بتا به موی تو هجرم به سر بلا آورد
مریض درد فراقیم وصل چارەی ماست — طبیب بهر علاجم چرا دوا آورد؟
چو غنچه پیرهن از شوق «حیدری» زده چاک — نسیم صبح مگر بوی آشنا آورد

سخنوران نامی معاصر، ل٩١، گۆڤاری *ئەرمەغان*. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، ل٤٠١، لە باسی میسباحدیوان (ئەدەب)دا.

شێخ ئەحمەدی موختار

شێخ ئەحمەدی موختار ئەفەندی هەولێری، کوڕی شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی شێخ ئەحمەد، ساڵی ١٣٠٤ ک. م. لە سلێمانی هاتە دنیا و لە ژێر چاوەدێری بابیدا ـکە پیاوێکی هێژا بووـ ڕاهات و خوێندنی سەرەتایی دەسپێکرد. پاشان کەوتە گەڕان و تا وەرگرتنی ئیجازە، زۆرێک قوتابخانەی بینی و لە خزمەتی مامۆستایانێکی ناودار بەهرەی برد.

شێخ ئەحمەد ئەوجار ماوەیەک لە ناوچەی قەرەداغ و کەمێکیش لە «قەتیف»ی لای بەسرە، بوو بە حاکمی شەرع. دوو ساڵ پاش ئەوە چووە بەغدا و لە مەدرەسەی دادوەری شەرعیدا خوێندی و بڕوانامەی فەرمی وەرگرت. ئەوجار سەرەتا لە شاربازێڕ و پاشان لە شوێنانی‌تر وەکوو: نوسەیبین و وان و دهۆک و هەولێر و سلێمانی دادوەری کرد. دوایین شوێنێ کە ئەو مامۆستایە کاری لێ کردووە، مەحکەمەی لێکدانەوەی شەرعی لە بەغدا بووە.

شێخ ئەحمەد زانایەکی ئاگا و لە دادوەریدا زۆر وریا و هەروەها درووستکار و دیندار و داوێن‌پاک بووە

کەساڵی ١٣٧٣ ک. م. کۆچی دوایی کردووە.

تاریخ المشاهیر الالویة العراقیّه، بەشی ١، ل ١٥٠.

شەفیعی بۆکانی

مەلا عیسامەدین، کوڕی مەلا موحەممەدی شەفیع، لە زانایان و مامۆستایانی ناوداره کە ساڵی ١٣٠٠ ک. م. لە گوندی «ئەنبار»ی سەر بە بۆکان لەدایک بووە و ١٣٧٤، لە شاری بۆکان لە دنیا چووە.

ئەو مامۆستایە پاش تەواو کردنی دەرس و دەور، جەختی لەسەر بارهێنانی فەقێیان کردووە و لە هەموو بارێکەوە مامۆستایەکی هێژا بووە. یەکجار بەلاغە و ئەدەبیاتی حەزپێکردووە و لەم بابەتانەوە نووسراوەشی هەیە و جاروبار شیعریشی داناوە.

چەند نموونە لە شیعری کوردی و فارسی شەفیع:

لە عیقدی ئەو برۆیەم لێ یەقین بوو نەقزی پەیمانت
بە غەمزە کەوتە غەممازی ئیشارەی چاوی فەتتانت
بە سوغرای ئەو دەمە و کوبرایی چاوت مەتڵەبێکم بوو
بە سەد دەور و تەسەلسول هاتە پێش زوڵفی پەرێشانت
لە وەسڵ و فەسڵی من ئیجاز و ئیتنابت مورەتتەب کرد
لەفونەشرت موشەووەش بێ ئەدی کوا مەیلی جارانت
بە دەوری قوتبی دەم، خەتتی عیزارت دایرەی کێشا
ئوفوق بۆتە موعەددل، پێم غەریبە هەیئەتی جوانت
لە شەرحی ڕەوزەیی ڕووت دیومە بۆ توحفەی مەلا چاکە
لەسەر ئەنواری ڕوخسارت کومەسرایی زەنەخدانت
شەهیدی عەشقم و جایز نییە نوێژم لەسەر بکرێ
لە میحرابی برۆتدا بۆ بە سەف وێستاوە موژگانت؟

* * *

ڕۆح وا لەسەری لێومە بۆ ماچی دەمی تۆ — ناڵێم ئەوە سەودایە، کەمی من، کەرەمی تۆ
باڵات وەکوو ئاڵایە لە ژێر پەرچەمی زولفت — کێ بێ کە بە پێ خوەی نەیەتە ژێر عەلەمی

* * *

من کە شەیدایی عشقی تۆم مەستم — چی دەڵێ دوژمنم، چ دەربەستم
لێوی لەعلت جنێوی دابوو بە من — قینی بەنیادەمە، منیش گەستم

هــر تــازه ورق کــه ســبز گــشته بــر وی خــط قــدرتش نوشــته
کـین نقـش ببـین و نقـشگر جـوی «سـبحانهُ لا شـریک لـه» گـوی
حیــران شــده عقــل در صــفاتش تـا خـود چـه رسـد بـه کُنـه ذاتـش
جنـــت ثمـــری ز بـــاغ مهـــرش دوزخ شـــرری ز داغ قهـــرش

* * *

خطـا کـرد آن مـرد شـیرین‌بیـان سخن گفت در وصف شیرین لبان
کـه لیلـی قـد و قـامتش راست بـود زلیخـا مـه بـی‌کـم و کاسـت بـود
خــدایا ســتایش ســزاوار توســت کـه ایـن نقـش زیبـا ز کـردار توست
تــو رخــسار آنهــا برافروختـی بدیــشان چنــان شــیوه آمــوختی
ز پرگـار صُـنعت فلـک جـدولی ز انـــوار قدســـت قمـــر مــشعلی
چـو خـواهی بـه افتـاده عـزّت دهـی بـه فـرق خسی تـاج گـل مـی‌نهـی
بــه چوگــان تأدیــب، ای لایــزال! ســر سرکــشان را دهــی گوشـمال
وگر دست قهرت فروهـشت چنـگ شهنشه ز چوپان خورد چوب و سنگ
ز تختـی کـه بـر چـرخ مـی‌داد بـوس ســـرازیر شـــد امپراتـــور روس

* * *

دوش در بــاغ بــزم و غلغلــه بــود چمـن آشـوب و پـر ز ولولـه بـود
مــــاهرویی نشـــسته در ســـنبل آفتـــابی میـــان ســـنبله بـــود
شـــکن زلـــف و پرتـــو رویـــش شـب تاریـک پـر ز مـشعله بـود
گرد چشمش کشیده حلقه‌ی زلـف مــست بــود و سـزاش سلـسله بـود
برقــع افکنـــده در برابـــر خـــور قمـــر آنگـــاه در مقابلـــه بـــود
خنده می‌زد زمین کـه مـاه مـن است فلـک از مـاه خـویش در گلـه بـود
کاروانهـــای دل بـــه دنبـــالش دل مـــن پیـــشوای قافلـــه بـــود

چەند جونگی دەسنووس و یاداشتی نووسەر.

دەهشەتی سەقزی

شێخ جەلالی نەقشبەندی، نازناو «دەهشەت»،کوڕی حاجی شێخ موحەممەد عارفی سەقزی، ساڵی ١٢٦٥ ک. م. هاتۆتە دنیا و دوای تەواوکردنی دەرس و دەوری ئایینی، لای باوکییـەوە تەریقـەتی وەرگرتـووە و سەیر و سولووکی کردووە و دوای ئەو، لە جێگەیدا دانیشتووە.

شێخ جەلال زەوقی شیعریشی هەبووە و بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە کە هێندێک لەو شیعرانە، لەملا و لەولا ماونەتەوە. هەروەها چەند نامیلکەی نووسیوە کە زۆربەیان ئامۆژگاری و باسی داب و دەستووری تەریقەتە.

شێخ جەلال زیاتر لە ١٠٠ ساڵ ژیاوە و سەرەنجام ساڵی ١٣٧٤ ک. م. (١٩٥٤ ز.) لە سەقز بەشی لە دنیا براوە.

ئەم چەند بەیتە بەشێکی هۆنراوەیەکە دەهشەت لە ساڵی ١٣٤٧ ک. م. لە مەڕ بڕوای ئیسلامیوە هۆنیویەتەوە:

بە «بِسْمِ‌اللهِ الرَّحمنِ الرَّحیم» ئەمەوێ تەوفیق لە خوای کەریم
سەڵوات و سەلام بێ‌حەدد و حیساب لەسەر موحەممەد هەم ئال و ئەسحاب
«اَلْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ العالمین» هدایەتی داین بۆ دینی موبین
بۆ نەزم کردن ئەم عەقیدەیە ئەم موختەسەری زۆر موفیەدیە
لە پاشان لازم لە سەرگشت کەسە ئەمە بزانێ بۆ دینی بەسە

لە کۆتاییشدا دەڵێ:

نەزمم کرد، نووسیم ئەم موختەسەرە لە حەوت ساعەتا من لە سەردەرە
ڕۆژی پەنجشەنبە پانزدەی سەفەر وەخت ساعیقە و مەجیئی مەتەر
ساڵی تاریخی هەزار و سێسەد چل و حەوت لە پاش هیجرەتی
بۆ ئەرجومەندی سەعادەت‌مەزید ڕۆح شیرینم کاک احمد سعید
بەڵکوو جارجارێ لە جەزای چاکی دوعایەکی خەیر بکا بۆ کاکی
غەریقی بەحری پڕ خەوف و مەلال ئومێدەواری ڕەحمی حەق، «جەلال»

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ عەبدوڵای نێزڵ

حاجی شێخ عەبدوڵڵا، کوڕی حاجی شێخ ئەحمەد شەمسەدین، کوڕی قوتبی عارفان، شێخ عوسمان سیراجەدین (د)، عارفێکی ئاگا و زانایەکی هێژا بوو کە لە گوندی «نێزڵ» لە ناوچەی «کەلاتەرزان»ی لای شاری سنە، ساڵانێکی زۆر، لەسەر دابی باب و باپیری، ئیرشادی خوازیارانی تەریقەتی کرد و ساڵی ١٣٧٥ ک. م. (١٩٥٥ ز.) دنیای بەجێ‌هێشت.

ئەو ڕەوانشادە زەوقی شیعریشی هەبووە و نازناوی «عەبدی» بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ئەم چەند بەیتە، بەشێکی شینێکە بۆ مەرگی کوڕێکی کە زاهیدی ناو بووە، گوتوویە:

یاران! زاریمەن، یاران! زاریمەن — یاوەران! وادەی دڵئەفگاریمەن
بانگ و واوەیلای هیجرانباریمەن — هەسارەی ئیقباڵ ڕوو نە تاریمەن
تالع نافەرجام مەینەتباریمەن — جە حەیات تەڵخ ویٚم بێزاریمەن
هەورەکەی دەروون پەردەدا جە خەم — قەزا ڕاحەتیم کەرد وە تار و تەم
باران حەسرەت نە سەرچەمەی چەم — گوڵ بەستەن نە دڵ، سەیلاو کەرد نە چەم
جەردەی بەدبەختیم سەرەڕێی شادیم — غارەت کەرد شیرین مەتای فەرهادیم
گێجەلوول تۆز چەرخ کەجڕەفتار — شەهد شەوق دڵ کەرد وە زەهرمار
فەوت بێ‌وادەی فەرزەندم: «زاهید» — یاونان ئاە و ناڵەم وە ناهید
حەداد حەسرەت دەس وە باڵا بەرد — شیشەی سەبووریم چەکوشکاری کەرد
کۆچ خێرت بۆ های پەی چێش کەردی — جەسەی نەفتینم وە نار ئەسپەردی
غەمخواران! هانا تەن بی وە قەقنەس — زام نەسرفتەم، «زاهید» شی نە دەس
قەزا درەو کەرد کشت جوانیش — بای ئەجەڵ ڕێزا وەڵگ خەزانیش
قابز دەس‌ئاوەرد، خونچەش کەندەوە — بار خەم پەرێ بابۆش مەندەوە
«عەبدی» مەندەی گیج دەریای مەهجووری — مەر هەر خوداوەند بدۆ سەبووری

* * *

فەلەک پەیکانێ شانا وە جەرگم — جە دوود دەروون سیا بی بەرگم
خاپوور کەرد بینای قەڵای ئومیدم — هیچ نەبی و تەنگ سککەی سفیدم

یاداشتەکانی نووسەر. *ڕۆژمێری چیا*، س ١٣٦٥ و ١٣٦٦ ک. هـ.

ئەمینی بەتحایی

میرزا موحەممەد ئەمینی بەتحایی، کوڕی خەلیفە عەبدولقادر، نازناو «امین»، پیاوێکی دیندار، هێژا، سەروزمان خوش و خاوەن زەوق بوو کە بە کوردی و فارسی شیعری دەگوت و شیعرەکانی جێکەوتوو وجوان بوون.

ئەمین لە گوندەکانی سەر بە سنە و لە دواییشدا لە شاری سنە، دەرسی بە مندالانی قوتابخانە دەگوتەوە و لە مامۆستایانی هەرەباش و دڵسۆز ئەهاتە ئەژمار. تێدەکۆشا شاگردەکانی بیروبڕوایان پتەو بێ و تەنانەت بەرماڵی پێ دێنانە مەدرەسە و بۆخۆی بەرنوێژی دەکردن.

زا و مەرگی ئەمین لە ساڵانی ١٢٩٢ ک. م. (١٩١٣ ز.) و ١٣٧٥ (١٩٥٥) لە شاری سنە بووە.

ئەمەش دوو نموونە لە شیعرەکانی:

شەماڵ! چەندێوەن نامان بۆی شنۆت لە دەس چوو قووەی شامە پەری بۆت
زایقەم تاڵەن پەی دڵنەوازیت تەوان دڵ بڕیان پەی پێشوازیت
حەکیم ئامانەن! حیکمەت بنمانە عالەم ئینتزار دەوای لوقمانە
جەمەن جە چەمەن گوڵان پەی ئامات چنوور چون دەرویش وێسان پەی خەڵات
سەفکێشان چنار چمان سەربازەن بێ‌سەردار سپا هەموو بێ‌نازەن
شکۆفە حازر پەرێ قوربانیت گوڵزەرد نازر پەی زەڕئەفشانیت
شەوبۆ قەراوڵ شەو بێداریتەن گوڵ‌گوڵاو ڕەفیق ڕۆژگوزاریتەن
بەڕەزا ڕازی بە ڕەزای دەروون پەی پابۆسی پات خەم بییەن چون نوون
زەنبەق یاساوڵ خیابان تۆن سۆسەن جاڕووکەش دەر و بان تۆن
تەمام ئینتزار تەشریف فەرماتەن پەرێ ئامانت دۆسانت ماتەن
تاقەی کشمیری فەرش زەمینەن فەرش سەر چەمەن جە دیبای چینەن
شەماڵ! ئامانەن وە تەعجیل وە جەخت بارکەرە وە نەخت، فەرماوە وە تەخت
دەوا بنمانە پەرێ دەردەدار وێنەی مانگ نەو بنمانە ڕوخسار
بەڵکەم غونچەی گوڵ بشکۆفێتەوە «ئەمین»! بێ‌سەدا، شەماڵ تێتەوە

* * *

برای غارت بوسه اگر زنم شبخون طلایه‌دار دو زلف تو کی گذارد و چون؟
برای دیدن رویت عجب نباشد اگر دلم ز روزنه‌ی دیده سر کشد بیرون
چه دیده، دیده که سیل سرشک در دیده چنان بگردد گویی که موجی از جیحون
کسی نپرسد حالم ز فرقت خالت کسی چه داند حال طپیدن اندر خون؟
تو تازه کردی بازار عشق را ور نه هزار سال گذشت از حکایت مجنون
کمین گرفت «امین» تا ز غم امین گردد ولی ز عشق تو افتاده است سخت زبون

یاداشتەکانی نووسەر.

غیرەتی کرماشانی

سەید عەبدولکەریم ی غیرەت، کوڕی سەید عەباس، کوڕی سەید ڕەزا، لە سەیدە حەسەنییەکانە کە وەک دەڵێن، بنچینەیان دەگاتەوە بە عەبدوڵلای «محض»، کوڕی حەسەنی «مُثنی»، کوڕی ئیمام حەسەنی موجتەبا (د).

عەبدولکەریم لە ١١ی سەرماوەزیساڵی ١٢٥٧ ک. ھ . (١٨٧٨ ز.) هاتۆتە دنیا و خوێندنی سەرەتایی

له شاری هەمدان دەسپێکردووه و که بابی گەڕاوەتەوه بۆ کرماشان، لەوێ چۆته قوتابخانەی مەلا عەلی کەززازی و دواییش هەر له قوتابخانه ئایینییەکاندا خوێندوویه و ماوەیەکیش لای حاجی میرزا بابای خەتات، مەشقی کردووه زبان و وێژەی خوێندووه.

غیرەت سەردەمی خوێندن، لاوێکی وریا، زیرەک و یەکجار تینووی زانین بوو، له بواری هونەریشەوه، لێهاتوویەکی باشی له خۆیەوه دەنواند؛ شیعری چاکی دەگوت، جوانی دەنووسی، له مووسیقا سەری دەردەکرد و دەنگیشی خۆش بوو. حەڤدەسالان له کۆڕه وێژەییەکانی ئەو چاخەدا بەشداری دەکرد و شیعری خۆی دەخوێندەوه. هەروەها وەرزشکارێکی ناسراوی کرماشان بوو.

ئەم لاوه هەڵکەوته بیست سالان چووه ناو جەرگەی مریدانی قەلەندەری بەناوبانگ، سەید موحەممەد ساڵەحی حەیرانعەلی شانیعمەتوڵلاییەوه و هاوکات لەگەڵ مەشرووتەخوازاندا هاوکاری کرد و له چەند ڕۆژنامەی ئەو کاتەی کرماشان، وەکوو: «*بیستوون*» و «*غرب ایران*»دا وتاری نووسی و لەو خەباته کۆمەڵایەتییەی میللەتی ئێراندا، بەشداری کرد.

دوای کوودەتای ١٢٩٩ ک. ه. (١٩٢٠ ز.)، زۆرێک گۆڤار و ڕۆژنامەی شاری کرماشان بریتی له: «اُخوَّت»، «بیستون»، «رهبَر»، «کرمانشاه» و «کوکب غرب»، شیعری غیرەتیان چاپ دەکرد و ناوی غیرەت، ناسراوی هەموان بوو. ساڵی ١٣٣٨ (١٩٥٩)، کوڕی هێژای، سەید موحەممەد سەعیدی غیرەت، دیوانەکەی، هاوڕێ لەگەڵ ئەوی لەبارەیەوه نووسیویانه، به ناوی «کُلیّات غیرت»، له تاران، لەچاپیدا.

سەید عەبدولکەریمی غیرەت که پیشەی بازرگانی پارچه بوو، ساڵی ١٣٢٨ ک. ه. (١٩٤٩ ز.) به ماڵەوه گواستیەوه بۆ تاران و تا کۆتایی ژیانی (١٣ی جۆزەردانی ١٣٣٥، بەرامبەر به ٢٣ شەوالی ١٣٧٥) لەوێ بوو.

چەند شیعری غیرەت:

من دوست به جز این دل درویش ندارم دشمن اگرم هست به جز خویش ندارم
خود هیچم و با هیچ کسم کار نباشد اندیشه‌ای از سعی کم و بیش ندارم
هرچند طلب می‌نکنم نوشی ازاین دهر یک دم به جهان بی‌اَلم نیش ندارم
بگذشته جهان از من و من هم گذرانم زین پس خطر حادثه در پیش ندارم
در دل بوَدم کیش، نیم اهل تظاهر بدخواه کسی نیستم، این کیش ندارم
معشوق من آن بود که عمری گذراندم اکنون دگر اندوه کم و بیش ندارم
چون نیست مرا آنچه که دزدش به کمین است از رهزن این قافله تشویش ندارم
گفتی که نپرسد دگرم «غیرت» از احوال قربان سرت! عادت تفتیش ندارم

* * *

هر که اندر لوح خاطر مهر جانانی ندارد
زنده نتوان گفتنش زیرا به تن جانی ندارد
عشق بر هر درد بی‌درمان بود درمان و لیکن
خویشتن دردی است بی‌درمان که درمانی ندارد
عشق از اول در گل آدم مخمر بود، ورنه
غیر آدم زان امانت عهد و پیمانی ندارد
روز چون روشن شود، پروانه را شوقی نماند
جز بهاران بلبل از عشق گل افغانی ندارد
شاهد گلچهر من از دیده چون غیبت نماید
این دل شوریده دیگر فکر سامانی ندارد
عقل دوراندیش، منعم می کند از عشق خوبان
جز نظر در عافیت در دست بُرهانی ندارد
ره به کوی دوست نزدیک است، می گویند اما
آنکه پیموده است می‌داند که پایانی ندارد
شیخ را گفتم که تا کی بی‌خبر از عشق مانی
گفت بگذر زین سخن کز بهر من نانی ندارد
آرزوی وصل را در دل نهفتم گرچه چندی
دیگر این دل بیش از اینها تاب چندانی ندارد
نزد ارباب سخن شایسته آمد نام «غیرت»
گرچه نزد مردم بازار عنوانی ندارد

* * *

گر علم لَدُنّی همه در بر داری
با این چه کنی که نفس کافر داری
سر را به زمین چو می‌نهی بهر نماز
آن را به زمین بنه که در سر داری

* * *

حاجی! حرم کعبه تمنا کردی
رفتی و هزار عیب پیدا کردی
مانند زر قلب زدندت به محک
خود را به حجر زدی و رسوا کردی

* * *

با علم اگر عمل برابر گردد
نام دو جهان هر دو میسر گردد
مغرور به خود مشو که خواندی ورقی
زآن روز حذر کن که ورق برگردد

کُلیّات غیرت، چ تاران، ١٣٣٨ ک. ھ.

بێخود

مەلا مەحموود، نازناو «بێخود»، کوڕی حاجی مەلا موحەممەد ئەمینی موفتی، کوڕی حاجی مەلا ئەحمەدی موفتی، مەشهوور بە «چاومار»، کوڕی مەلا مەحموودی پیرحەسەنی، کوڕی مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی، ساڵی ١٢٩٦ ک. م.[١] لە شاری سلێمانی هاتە دنیا و لای مامۆستایانی ناسراوی ئەو سەردەمە،

١. ئەم ئایەتە پیرۆزە، بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ساڵی لەدایکبوونی؛ بەو مەرجە دوو «اً»ی تێدا لە بەرچاو نەگیرێ: «عسی أن یبْعَثَکَ ربُّکَ مَقاماً مَحْمُوداً».

خوێندنی تەواو کرد و ساڵی ١٣٢٠، کرایە حاکمی هەڵەبجە. لەوێ، بە خێری خۆی و پیرای کارەکەی، لەگەڵ زانایانی وەک: ڕەفیق حیلمی و زیوەر، ماوەیەکی درێژخایەن، منداڵانیان ڕاهێناوە.

مەلا مەحموود تا کاکی (مەلا عەبدولعەزیزی موفتی سلێمانی) لەسەر دنیا بوو، لە هەڵەبجە ژیا و کە ئەو کۆچی یەکجاری کرد، گەڕاوە سلێمانی و تا کۆتایی ژیان (ساڵی ١٣٧٦ ک. م.) موفتی ئەو شارە بوو.

بێخود مرۆیەکی دیندار، پاک، دەهندە و بەرزەمژ، خاوەن زانیارییەکی باشی ئایینی و ئەدەبی و شوێنگرتووی تەریقەتی نەقشبەندی و مریدی پارسای گۆشەگیر، شێخ نەجمەدین کەوکەبی عوسمانی بووە. پێغەمبەری مەزنی (د) یەکجار خۆش‌ویستووە و زۆربەی شیعرەکانی بە باڵای ئەودا گوتووە.

دیوانی بێخود، ساڵی ١٩٧٠ ز. لە چاپخانەی «سلمان‌الاعظمی» لە شاری بەغدا، چاپ کراوە.

چەند شیعری بێخود:

دڵم مەفتوونی چاوی دڵبەرێکی نوکتەپەردازە
کە مەحزی حوسنی، عەینی شۆخییە، سەرچاوەیی نازە
لە باغی نازکێدا موعتەدل سەروێکی عەنبەر بۆ
لە دیوانی چەمەنزاری دڵا، فەردێکی مومتازە
بە زۆری حوسنی خوەی ئیقلیمی ئەرز و ئاسمانی گرت
لەسەر تەختی زەمین، شاهی زەمان، ماهی فەلەک‌تازە
سوەیدای پەرچەمی وەک فەجری کازب زولمەت ئەفشانە
بەیازی گەردەنی وەک سوبحی سادق پەرتەوئەندازە
حەریمی چاو و بەیتی ڕوومەت و تاقی خەمی ئەبرووی
مەتافی نازە، کەعبەی ئیمتیازە، قیبلەیی ڕازە
لە بازاڕی مەحەببەتدا هەزار و لەومەم بکەن خەڵکی
ئەڵێم: ئەم یووسوفە، پێغەمبەرێکی ساحیب ئیعجازە
دەخیلت بم بڵێ دوورڕاجی دڵ خۆی دەرنەخا «بێخود»
کە ئەم کەرکووکە جێ‌ڕاوی شەهین و واشە و بازە

دڵی من

لەو ڕۆژەوە ڕۆویشتووە، تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ‌سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من؟
یاخو بە چداخێکەوە سووتاوە دڵی من؟
ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یارەب
کەوتووتە چە بەحرێکەوە خنکاوە دڵی من؟
مەجنوونی دو گیسوویی چ لەیلایەکە ئاخۆ؟
یا وامیقی جادویی چ عەزرایە کە ئاخۆ؟

دێوانەیی ئاهویی چ سەحرایەکە ئاخۆ؟ / کام چیهرەپەری دیوە کە ترساوە دڵی من؟
ئەتلێتەوە گاهێ بە خەیاڵی خەت و خاڵی / ئەخولێتەوە گاهێ بە چرای شەوقی جەماڵی
نازانی ئەگەر چۆنە بە دەس دەردەوە حاڵی / وەک پووش و پڵاشێکە بە دەم باوە دڵی من
لەو چۆڵ و بیابانە ئەبێ یاوەری کێ بێ؟ / یا بەو کەژ و کێوانەوە سەوداسەری کێ بێ
یا لەتلەت وئەفگاری موژەی خەنجەری کێ بێ؟ / چون ماوە کە کوژراوە لە سەدلاوە دڵی من
بۆچی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکوو باران / بۆچی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران
لەو یۆسفە پرسیومە لە بێگانە و یاران / هەرگیز نیە سۆراخی لە هیچ لاوە دڵی من
چی بکەم چی بڵێم بۆ دڵەکەم؟ کارییە دەردم / شاهیدی منن مووی سپی و چیهرەیی زەردم
خۆڕایی نییە ناڵەیی گەرم و دەمی سەردم / هەڵبەت بە بەلایێکەوە ئالاوە دڵی من
بۆ خوەی بگریم یا نەفەسی پەردە دڕاوی؟ / یا بۆ جگەری کون‌کون و سەدپارە کراوی؟
چی کردووە یا ڕەب کە خەو و خواردن و ئاوی؟ / دائیم خەم و بێداری و خوێناوە دڵی من
ئەو سینە لە غەش خاڵییە ئەو بێ‌ڕق و کینە / ئەو خادمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە
مەعلوومە چوو بۆ خزمەتی سالاری مەدینە / وامزانی کە فەوتاوە، نەفەوتاوە دڵی من
قوربانی کەسێ بم کە بە قوربانی نەبی بێ / وەک بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ
شاهی عەرەبی یەعنی قورەیشی نەسەبی بێ / جەرگی بە دو ئەبرووی ئەوە جنراوە دڵی من
زاتێکی وەهای گرتووە ڕۆحم بە فدای ئەو / شاهان شەو و ڕۆژ دێنە قەدەمبۆسی گەدای ئەو
«بیخود»! مەبە ئیتر بە ئومێد و بە تەمای ئەو / نایێتەوە لات وا سەری داناوە دڵی من

نەشئەی چەمەن

دیسان نەشەی چەمەن لە بەهەشتی بەرین ئەکا / گوڵغونچە هەم لە لێوی دەمی حۆری عین ئەکا
ئاخۆ چ مەوسمێکە کە سەحرا و شاخ و داخ / زەنگار و زەرد و سوور و سپی و سەوز و شین ئەکا
بەربووکی نەوبەهارە بە ئەنواعی ڕەنگ و بۆ / ئارایشی کچانی گڵۆکی زەمین ئەکا
ناگاتە سەروی قامەتی ئەو شۆخە ئاهی من / ئەو جیلوەیی سەبا بە قەدی یاسەمین ئەکا
بۆ دەفعی ژانەسەر ڕەشەڕێحانە یەک چڵی / کاری هەزار سەندەڵ و سەد موشکی چین ئەکا
ڕۆح بۆ نەکا فیدای سەفا بولبوڵی فگار / هەر تاقە سروەییێکی دەوای سەد برین دەکا
بولبوڵ خەریکە تەوقی سەری هەڵکەنێ بە چنگ / گوڵچین کە دێتە باغ و تەمای گوڵچنین ئەکا
زاهد کە سەیری پەرچەمی سونبول ئەکا ئەڵێ / ئەم ڕشتە بادراوە لە «حَبْلُ الْمَتین» ئەکا
هەر فەجری کازیبە کە ئەشوبهێ بە زولفی یار / هەر سوبحی سادیقە لە بەیازی جەبین ئەکا
هەر لالەیە بە ڕەنگی شەفەق سوور ئەچێتەوە / هەر ژاڵەیە لە ئەنجومەنی چەرخی بەرین ئەکا

هەر بەردی جۆبارە سپی و سافە وەک سەدەف — هەر شەونمە لە دانەیی دوڕڕی سەمین ئەکا
هەر یاکەریمی قومرییە تەئسیر ئەکا لە دڵ — هەر زیکری عەندەلیبە لە ناڵەی حەزین ئەکا
هەر تەیر و تورە وەک من ئەخوێنن لە خۆشیا — هەر باخەوانە ئارەزووی هەڵپەڕین ئەکا
ئەی باخەوان! مەزانە کە زستان گەڕایەوە — موژدەم بەرێ کە بۆ چلە ئەم بەفرە شین ئەکا
ئەم شادی و سورووره لە شەوقی بەهارە یا — عەشقی گوڵێ کە عەفوی هەموو موزنبین ئەکا
زاتێکی وا بە ڕەحمە لە ڕۆژی شەفاعەتا — هەرچی جەهەننەمی هەیە جەننەتنشین ئەکا
ڕۆح فەرشی ڕێ کەسێکە کە مەجمۆعی کاینات — بۆ پێ موبارەکی لە پەڕەی دڵ سەرین ئەکا
پەیغەمبەرێ کە لەیرەوە تا عەرشی ئیزەدی — تەییی ئەوەندە ڕێگە بە یەکدەم یەقین ئەکا
خورشیدی مەحز ئەگەر نییە یاران لە ئایەتا — ناوی شەریفی بۆچی خودا «ی» و «س» ئەکا
قوربانی ئەو خودایە کە تفلێکی بێپەدەر — ساحیب سپا و ڕایەت و تەخت و نگین ئەکا
ئیحیای مەسیح ئەگەر نەفەسێ بۆ جەنابی ئەم — تا ڕۆژی «یوم ینفخُ» ئیحیای دین ئەکا
چون خەتمی نەعتی ئەو بە من ئەکرێ کەوا خوا — هەر بەو ڕەسووڵە خەتمی هەموو مورسەلین ئەکا
«بێخود» لە فەیزی نەعتی «علیه‌السّلام»ەوە — هەرکەس کەلامی تۆ ببیێ ئافەرین ئەکا

* * *

ای مهر چهرەات سحرآرای کاینات — زلف تو آب دادە بە یلدای کاینات
از چشم نیم مست تو ای گلشن مراد — شد باز چشم نرگس شهلای کاینات
وز انعکاس لعل تو ای گوهر یتیم — مرجان شدە است لالەی حمرای کاینات
خال تو حسرت حجرالاسود وجود — روی تو رشک کعبەی عُلیای کاینات
ای سینەی تو مخزن اسرار ایزدی — وی گفتەی تو گوهر یکتای کاینات
کوی تو معبد همە کرّوبیان قدس — محراب درگە تو مصلای کاینات
گرد رە تو صیقل آیینەی دو کون — خاک در تو ناصیە پیرای کاینات
یک ذرە از ضیای تو خورشید آسمان — یک قطرە از سخای تو دریای کاینات
ای نرگس تو ساغر صهبای کاینات — وی گردن تو مایەی مینای کاینات
در عرصەی سمند تو ای شهسوار دین — آمد بە تنگ فُسحت پیدای کاینات
آن یوسفی، کە دید تو را چون بە خواب ناز — جان باخت در رە تو زلیخای کاینات
آن موسیی، کە در شب معراج بوسە زد — پای تو را رخ و ید بیضای کاینات
آنی کە نە سپهر بە چوگان رفعتت — افتادە همچو گوی بە صحرای کاینات
من کیستم؟ چەام؟ کە بە نعت تو دم زنم — لال است در نعوت تو گویای کاینات

از چـار یـار پـاک تـو ای زبـدەی قـریش
شـد پایـدار چـار زوایـای کاینـات
یـارب بـه حـق احمـد مختـار و آل او
یـارب بـه امّهـات و بـه آبـای کاینـات
یـارب بـه حـق عـزت سـبطین مـصطفی
یـارب به اشـک دیـدەی زهـرای کاینـات
«بیخـود» ز کیـد اهـرمن وغـول آرزو
گـم کـرده ره بـه دشـت تماشـای کاینـات
امـروز اگـر مـدد نکنـد خـضر رحمتـت
فَردا نه من، نه انس، نـه جـن، وای کاینـات

دیوانی بێخود، چاپی بەغدا، ۱۹۷۰ ز.

مەعرووفی سلێمانی

ناسراو بە «میرزا مارف»، کوڕی مەلا ئەحمەد، ساڵی ۱۳۱۳ ک. م. هاتۆتە دنیا و خوێنـدنی لـە سـلێمانی تەواو کردووە و پاشان لە مەزرینگەی داراییدا دامەزراوە.

میرزا مارف پیاوێکی هێژا، ویژەوان، فەلسەفەزان و شاعیر بووە و ساڵی ۱۳۷٦ ک. م. لە دنیا دەرچووە. ئەم غەزەلە هی ئەوە:

وەکوو تاوس چییە ئەمڕۆ بە نازەو خـوەت ئەنەخـشێنی
پەنا بەخوا بە چاوتـا دیـارە دیـسان دڵ ئەلـەرزێنی
نەکەی بەرد هەڵگری بۆ شیشەیی دڵشێتەکە! خـۆ دڵ
لە تۆ زیاتر کەسێکی تیا نییە بـۆ تێکـی ئەشـکێنی
لە لای خۆتە وەکوو ئاوێنـە بـێ گـەردە تەماشـاکە!
بە دایم خۆتی تیا بنوێنـە ئەیکـە بـۆچی ئەشـکێنی
لە تووڕە بوونی دوێنێ تۆ نەترسـا دڵ کـە ئـەیزانی
ئەمانـە گاڵـتەیە بـینی کـە لێـوی لـێ ئـەقرچێنی
هەزار جەور و جەفام دەر حەق بکەی من هەر ئەڵێم خوایا
مناڵە، دڵڕەقە، خوەی چا ئەبێ تۆ لێمـی نەسـتێنی
دەزانی من بە سەودای تۆوە عومرم بردە سەر، تـازە
بە دەر کردن لە ئەم قاپی موورادەم چۆن ئەترسـێنی
گەیشتمە بەردەمی دەرگانەکەت، کەعبەی تـەوافی دڵ
لە لام یەکسانە ڕووت داپۆشی یا خۆ بۆمی بنـوێنی
ئەوا کەوتوومە بەندی پەرچەمی ئەو شۆخە من «مـارف»
خەیاڵی خاوە تۆ بتوانی لـەم بەنـدەم کـە دەربـێنی

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٤١. *یادی ئەدیبان*، ل٤٢.

ئاغا عینایەت

کوڕی ئاغا هیدایەت، کوڕی مەلا نیشاتە کە لە خانانی جوانڕۆ نزیک بووە و گەورەی خێڵ ڕاوێژی دەگەڵ کردووە. لە سەردەمی دەسەڵاتداری و بڕۆ ـ بڕۆی ڕەزاشای پەهلەویدا، ئەویشیان لەگەڵ سەرۆکهۆزان گرتووە و دەساڵیان لە گرتووخانەی ئەسفەهان خستووە و ساڵی ١٣٢٠ ک . هـ.)١٩٤١ ز.) بەریان‌داوە.

ئاغا عینایەت مرۆیەکی ژیر، بەوەج و هەروەها شاعیر و وێژەوان بووە و ساڵی ١٣٧٦ ک. م. (١٩٥٦ ز.)، لە تەمەنی حەفتا ساڵان، لە گوندی «کەڵێ» لای جوانڕۆدا لە دنیا چووە.

ئەوا پارچەهەڵبەستێکی ئەو خوا لێ خۆشبووە کە لە وەرامی موحەممەد بەگی ڕۆسەمیی جوانڕۆییدا نووسیویە:

دۆسەکەی گیانی، ڕوستەمی‌نەژاد! نامەی شەریفت خەمان داد وە باد
ئەشعار مەربووت مەعدەن شوعوور سەیقەلی شەففاف بە وێنە بلوور
موناجات خاس دڵ پەسەندیدە وانام و ساوام وە هەر دو دیدە
ئەشعار وەش‌ئاهەنگ شیرینت وەندم جە دوڕئەفشانیت من حەیران مەندم
ئەشعارت جە لام وێنەی شەکەرەن من جە واتەی وێم قەلبم پەکەرەن
حەیفەن قاتی بۆ ئەو شیرین وەی تەڵخ ئەو ئاو سافەن ئێد لەجەن هەم بەڵخ
ئەو دانەی گەوهەر، ئێد سەنگ خاران ئەو پارچەی حەریر، ئێد کۆنەی شاران
ئیسە ئەساسەی تەحریرم نییەن پەی سەبتش ئایر نە قەلبم شیەن
نگاش مەدارۆ تا دەرجش کەرۆن هەروەخت وەسیلەش وەدەس باوەرۆن
قاتی‌ ـ پاتی بۆ خاس چەنی خراو تا بۆ وە شەربەت شەکەر چەنی ئاو
یادگارییەن پەی کەسێ مانۆ شایەد دوعایێ پەیمان بکیانۆ

شیعرێکی فارسی ئاغا عینایەت:

خداوندا! چه باید کرد، شد عمری گرفتارم به زندان بلا محکوم مأمورین غدارم
نه انصافی ز مأمورین، نه رحمی از توام شامل گناهم چیست، تا کی روز و ماه و سال بشمارم؟
رجال ملک، نابینا ز تشخیص کس و ناکس من بیچاره پندارند گرگ آدمی خوارم
بسی بگذشت سال و ماه و من محبوس و مأیوسم کسی ننمود رحمی بر تن رنجور و بیمارم
در رحمت گشایش کُن خدا، آگاه هر حالی که آنان کور و نابینا، توی بینا و ستّارم
ز هجران کسان خود به سان دیگ می‌جوشم ز تنهایی سر شب تا سحر نالان و بیدارم

به جان مـشتاق مـرگـم تـا رهـم زیـن رنـج بـی‌پایـان ز بس ماندم تـه زنـدان، ز جـان خـویش بیـزارم
شـکایتها بـه دل دارم از ایـن حکـام خـون‌آشـام کـه پندارنـد چـون آنـانم و فـردی تبـه‌کـارم
«عنایـت» را جگرخـون اسـت زیـن اوضـاع آشـفته مگر با لطـف خـود کـاری کنـد خـلاق دادارم

حدیقەی سُلطانی، ل ٢١. یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ سەعیدی نۆرسی

عەللامەی پایەبەرز، سەعیدی نۆرسی، مەشـهوور بـە «بـدیعُ الزّمـان»، ساڵـی ١٢٩٣ ک. م. لـە گونـدێکی ناوچەی «هێرات»ی سەر بە بدلیس هاتە دنیا و بە هـۆی بـیری تیـژ و زیرەکـی و لێهـاتوویی زۆرەوە، لـە ماوەیەکی کەمدا خوێندنی زانستی و ئایینی دوایی‌هێنا و لە زۆرێک زانستی ئـەو سـەردەمە، بـەتایبـەت مێژوو، جوگرافی، بیرکاری و فەلسەفەدا شارەزایی پەیدا کرد و وردە‌ـوردە چەند زمان فێر بوو.

سەعید هەر لە هەرەتی لاوەتی و کاتی هەرزەکارییەوە، تێکۆشان بـۆ ئاگـادار کردنـەوە و تێگەیانـدنی هاوزمانانی دەسپێکردبوو. کە پێگەییشت، دەیان کتێب و نامیلکەی، بە عەرەبی و ترکی و کـوردی، لـەم بارەوە نووسیبوو؛ کە گوتاری «نوور»، یەک لەوانەیە.

شێخ سەعید سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوو. بەم بۆنەوە، خەڵکێکی زۆر ببوونە مریدی و سەریان نـابووە رێی داخوازە خێرخوازانەکانی. ئەم مامۆستا ئازادیخوازە خـەریک بـوو لـە شـاری «وان»دا، زانکۆیـەکی گـەورە دامەزرێنێ کە زبانی کوردی تێیدا بگوترێتەوە. تەنانەت دەوڵەتی عوسمانیشی بۆ ئەو کارە ساز کردبـوو؛ بـەڵام قەومانی شەڕی جیهانی، بارودۆخەکەی گۆڕا وکارەکەی لێ تێکدا. ئەمجار پارچە‌ـپارچە بوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی و زۆرگرتنی دژمنی قەسایقەسی کورد، مستەفا کەمال (ئاتاتورک)، لـە کوردسـتانی ژێردەسـەڵاتی ترکدا، تەواو بڕستی لێ بڕی. جار لە دووی جار و هەر جارێ بە شێوەیەک، بانگیان دەکردە بێدادگای خۆیانەوە و شەڕیان پێ دەفرۆشت. جارێک بە بیانووی جیایی‌خوازی و بشێوە نانەوە و کەڕەتێ لەسەر بانگەواز کردن بـۆ دین ، تەرەیان دەکرد و لە بەندیان دەخست و سەرەنجام لە ٢٧ی ڕەمـەزانی ١٣٧٩ ک. م. لـە تەمـەنی ٨٦ ساڵان، لە زیندانی شاری ئورفەدا، دەستی لە ژیان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

چەند گۆڤاری کوردی.

میهری

مەلا موحەممەد، ناسراو بە «مهری» و کەسناو «برهان‌الاسلام»، کوڕی عەللامـە مـەلا عەبدوڵـڵای مـوفتی، ساڵی ١٣٠٦ ک. م. لە گوندی «دشە»ی لای پـاوە هاتـە دنیـا و هێنـدێک پـاش لـەدایکبـوونی، بـابی پایەبەرزی بەماڵەوە چوو بۆ سنە و موحەممەد لەو شارە خوێندنی دەسپێکرد و ١٩ ساڵان بوو، بە بۆنـەی

لێهاتوویی لە ڕادەبەدەر و بیری تیژ و تێکۆشانی زۆرەوە، توانی ئیجازە وەرگرێ و بە شوێنینیدا لە قوتابخانەیەکی شاری سنە، بوو بە مامۆستا. بەڵام ئەو دڵی بەوە دانەدەمەزرا و زۆر بەئاوات بوو دنیا باشتر بناسێ، وڵاتانی تر ببینێ و ئەگەر دەست بدا، لە قوتابخانە گەورەکاندا بخوێنێ. چەند جار ئەم مرازەی خۆی دەگەڵ بابی باس‌کرد و هەموو جارێ بەرپەرچی داخوازەکەی درایەوە. سەرەنجام شەوەناوێک، بێ پرسی باوکی، لە شار دەرکەوت و ڕووی لە ڕۆژاوا نا و چوو بۆ عیراق.

میهری ماوەیەک بە شارەکانی عیراقدا گەڕا و قوتابخانەیەکی زۆری بینی و خزمەتی چەند مامۆستای گەورە گەییشت. پاشان گەیشتە ئەستەمبووڵ و لە مەدرەسەی پسپۆڕی تەفسیر و حەدیسدا، بە ناوی «*مدرسة‌المتخصصین*»، پاش تاقی‌کردنەوە، وەرگیرا و بە یەکەم دەرچوو و بڕوانامەی پسپۆڕی ئەوێ وەرگرت. کورتەیەک لەودوا هەر لەو مەدرەسە وەکوو مامۆستا وەرگیرا و تا هەڵوەشانی عوسمانی، تێیدا دەرسی‌گوتەوە. بەشوێن ئەوەدا و لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی تورکیا، بوو بە بریکاری وەزارەتی داد و هاوکات لە ئەزموونی زانکۆی حوقوقدا بەشداری کرد و وەرگیرا و بە سێ ساڵ ئەوەشی تەواو کرد.

میهری هاوکات لەگەڵ بریکاری فەرمی لە وەزارەتی داد، لە زانستگایەکی ئەستەمبووڵدا دەرسی زبان و وێژەی عەرەبی گوتۆتەوە و هەروەها چەند کتێبی بە عەرەبی و ترکی و فارسی نووسیوە.

میهری لە شیعر و پەخشانی کوردی و عەرەبیدا زۆر بەدەستەڵات بووە و پەخشانی فارسی و ترکیشی باش نووسیوە؛ جاروبارەش بە فارسی شیعری گوتووە. بەڵام بەداخەوە کە هەر ئەوەندە لە وڵاتی ترکان دامەزرا، چیدی ئاوڕی لە زێدی خۆی نەدایەوە و قەت بەرەو کوردستان نەگەڕایەوە. تا لە دنیا مابوو، جار ـ جار نامەی بۆ خزم و کەسانی دەنووسی؛ بەڵام کە لە دنیا دەرچوو، کەس خەبەرێکی لە منداڵانی نەزانی و شوێنی ئەو مامۆستا بلیمەتە لە کوردەواریدا کوژایەوە و کەس نەیزانی ئەو نووسراوە بایەخدارانەی چی بەسەر هات.

کۆچی یەکجاری میهری، ساڵی ١٣٧٦ ک. م. (بەهاری ١٩٥٧ ز.)، لە وڵاتی غەریبدا ڕووی‌داوە.

ئەم قەسیدەیە میهری بە بۆنەی میللی بوونەوەی نەوتی ئێران لە ساڵی ١٣٣١ ک. ھ.)١٩٥٢ ز)دا، بۆ ئایەتوڵڵا کاشانی ناردووە.

قائد العَنقاء! فی أنْحاء حَی — عَنّ عَنّی «آیةُالله» وَ حَیّ
آیةَ الله الّذی قَدْ أشْرَقَتْ — مِنْ سَنا أفکاره آراءُ «ری»
عالمُ قَدْ نالَ إرْثَ الأنبیا — «آبدان» بَدْرُهُ وَ النَّفْتُ فَیّ
سَیْفُهُ التَّسْبیحُ فی حَلّ الأُمُور — لا یُبالی بلَعلّ أوْ بَکیْ
وَ إذا ألقی عَصا تدبیره — فَهو ثُعْبان للَقف کلّ حَیّ
وَ مَتی قال بـ«کاشان» وَ «قُمْ»: — قُمْ بإذْن الله فَالْمَیْتُ کَحَیّ
ذوفُقار عَزمُهُ، و خَصْمُهُ — مَرْحَبٌ، عَمْروٌ و کعْبٌ وَ حُیَیْ

فکْـــرُهُ ذکْـــر و تَـــذْکارٌ لَنـــا　　میــرُ جوعـــان و للعطـــشان ریّ
رأسُـهُ عنْـدَ الـسُّجُود فـی الثّـری　　وَ لَـــهُ فَـــوْقَ رُؤوس النـــاس فـــی
فألیّـــــه بفتْیـــــان انتمـــــوا　　لـــ «علـــیٍّ» و «معـــاذ» و «لُـــؤی»
و نَمَـوا فـی رَوْضَـة القُـرْآن و الْـ　　ـعلم مـنْ فَـضْل ابـی و مـنْ «أبَـیّ»
إنْ نـأتْ عَنّـی بـلادی اَوْ أنـتْ　　فَأنـا «ذُوالـرُّمّـة» وَ الْـ«إیـرانُ»، «مَـیّ»
انَّ «مهـــری» شَـــیخ ســـیّاراته　　وَ مَـدارُ سَـیْرهمْ فـی ملـك «کَـی»

وەک دەگێڕنەوە، میهری، کاتێ کە لاو بووە و فەقێ موحەممەدیان پێ گوتووە، لە وەرزشی باوی فەقێیان (سێباز)دا، گرۆی لە هەموو بردۆتەوە و کەس تۆزی نەشکاندووە. لەم بارەوە حیکایەتی وام بیستووە کە چەند کەسیش شایەتییان لەسەرداوە، بەڕاستی سەرسووڕێنەرە و زۆرتر لە فڕین دەکا و وا بازیداوە، پاڵەوانانی جیهانیی ئەوڕۆشی پێ نەگا.

یاداشتەکانی نووسەر.

جەوهەری

میرزا موحەممەد، ناسراو بە «سەعید دیوان» و نازناو «جەوهەری»[1]، کوڕی میرزا حەسەنی سندووقدار، کوڕی ئاغا ئیبراهیم، کوڕی ئاغا موحەممەد سەلیمی جەواهیری، کوڕی ئاغا مەولان، کوڕی ئەوڕەحمان بەگ، کوڕی غەفار بەگ، کوڕی عەبدوڵڵا سوڵتان، کوڕی حاجی یەعقووب بەگ، کوڕی کەیها ساڵەح، ساڵی ١٢٥٩ ک. هـ. (١٨٨٠ ز.) لە سنە هاتە دنیا. بەو بۆنەوە بابی گەوهەرناس و جەواهیرفرۆش بوو، «جەوهەری»یان پێ گوت و ئێستاش ئەو بنەماڵە، هەر بەو ناوەوە ناویان لێ دەبەن.

جەوهەری خوێندنی ئایینی و ئەدەبی لە سنەدا دەسپێکرد و کۆتایی پێ هێنا و مرۆیەکی ئاگا لە فیقهـ و تەفسیر و مێژوودا بوو؛ بەڵام زبان و وێژەی فارسی باشتر دەزانی. لە شیعریش سەری دەردەچوو و قەسیدەی چاکی دەگوت. ساڵانێکی زۆر لە مەزرینگەی ئامار و سەبتدا کاری دەکرد و دوایی وەنیشە کرا و پاش ئەوە زۆربەی کات و ساتی، بە هاونشینی زانایان و هێژایان ڕابوارد. ئەهلی تەریقەتی نەقشبەندی و لە مریدانی شێخی پایەبەرز، حوسامەدین عەلی ئەهاتە ئەژمار. سەرەنجام ١١ی پووشپەڕی ١٣٣٦ (١٩٥٧ ز.)، بەرامبەر بە ١٣٧٦ک. م. ڕووی کردە بارەگای خودا و لە زیارەتانی بنەماڵەییان لە «شێخان»دا نێژرا.

چەند شیعری کوردی و فارسی جەوهەری:

سەیلی ئەشکم وا کە دەیبینی دەمادەم جارییە　　لەتلەتی جەرگە بە چاوما دێ کەوا گوڵنارییە

---

١. ماوەیەک نازناوی «حەسرەت» بووە.

عاقڵم ئەمما لە بۆ عەشقی وەتەن مەجنوون‌سیفەت
ڕۆژ دەناڵم، شەو پەشێوم، کار و بارم زارییە

وا مەزانن ئاهـ و ناڵەی من درۆیە و بێ‌جیهەت
ئەی موسڵمانان مەکەن مەنعم کە دەردم کارییە

گا بە دەستی پاسەوانان سەر لە خوار و پێ لە بەند
گاه دەسبەندم بە دەستی ئەفسەری ژاندارییە

شێویا ڕەفتم لە ڕەفتاری کەچی ئێرانیان
ئێستە ڕەفتارم ئەسیری دەستی بەدڕەفتارییە

ئەم خەرابی وەزعە لای من خۆ قوسووری میللەتە
عاریە میللەت لە فیکر و کاری هەر بێ‌عارییە

کورد بێچارە و زەبوونە وا لە نێوی میللەتان
چونکە ڕەویەی دەوڵەتان تەبعیز و کوردئازارییە

«جەوهەری» بیستوومە دیکتاتۆر گۆڕی گومبووە
گەر درۆ بێ چارەمان ئەم جارە هەر ناچارییە

زاراوەکانی شەترەنج بە کوردی:

نە هەرکە پیادە بێتە مەیدان لاتە
نەک شایچ کە وەزیر و فیڵی بڕیا ماتە

گەر ئەسپی نەما حەریف و لێتی کش کرد
خۆت لادە بە ڕوخ بگرە، جلەو ئەو شاتە

لە قەسیدەیەکی فارسی:

این چه شور است و فغان در گوشه‌ی صحرای دل
می‌رسد هر دم به گردون ناله و غوغای دل

گشته بی‌دلبر دلم سرگشته چون زلف نگار
زان نباشد جز به چین پرچمش مأوای دل

آن غزال شیرگیر از بهر آهوی دلم
می‌نهد هر لحظه دام عشق اندر پای دل

دل نداند غیر کوی دوست مأوای دگر
ورنه جُستی راهی اندر صحنه‌ی پهنای دل

با همه بیچارگی نارد به عالم سر فرود
ای بسا داد و فغان از عزّ و استغنای دل

تا کی ای غافل ز نادانی به مأوای کسان
ناکسان را ره دهی در منزل والای دل

دل به صاحبدل ده ای غافل اگر صاحبدلی
ورنه سرگردان شوی یکباره در بیدای دل

گوهر مقصود ار خواهی اگر آری به کف
غوطه‌زن مردانه در ژرفای این دریای دل

گر شوی با ناخدا همداستان در این بحار
از خدا یابی اَمان از موج محنت‌زای دل

دست زن در دامن صدر جهان، کهف امان
«شه حسام‌الدین» یگانه مرشد والای دل

آن که چون در بحر فکرت در شود آرد به کف
بی‌تعب یکدم هزاران لؤلؤ لالای دل

آن که از کثرت به وحدت چون نماید یک نظر
وحدت اندر کثرتش گردد عیان از رای دل

خاك کویش را که باشد سُرمه‌ی چشم قلوب
گاهی اندر دیده‌کش تا بشکفد گلهای دل

«شکر لله ذوجناحین است و سالار اجل
بر قدش بادا مبارك خلعت زیبای دل

ای جوان بختی که پیر دهر دیگر ناورد
چون تو پوری مقتدر در عرصه‌ی احیای دل،

چون منی را گر تو بپذیری نباشد نقص تو
در کمالت می‌فزاید خالق یکتای دل

«جوهری» را گر زر و دولت نباشد، گو مباد
گوهر معنی است او را نقد روح‌افزای دل

چوارینە:

ای خفتـه بـه عـیش و نـوش سـر بـر بـستر | وز نــوع تــو صــدهزار بــر خــشتش سـر
از حالــت زیـــر دســـت خـــود یــاد آور | زان پــیش کــه بــسترت شــود زیــر و زَبَــر

* * *

گـر تلـخ و اگـر خـوش گـذارنی، گـذرد | هرچنـد کنـی تـو سـختجـانی گـذرد
جـان مـی‌کنـی وزکنــدن جـان نرهـی | بگـــذر ز جهـــان، جهـــان فـــانی گـــذرد

* * *

ای خواجه اگر دمـی تـو را فرصـت هـست | بـا عجـز و نیـاز سـوی حـق بگـشا دسـت
کــامروز دو دســـت ار بـــه دعـــا بـــرداری | فـردا نـشود بـه نـزد حـق دسـت تـو پـست

یاداشتەکانی نووسەر.

ئاغە ڕەشە

سەید موحەممەد ڕەشیدی قورەیشی، ناسراو بە «ئاغە ڕەشە»، کوڕی سەید فەتحوڵلا و لە پشتی باوەشـێخ ئەحمەدی باینچۆ، ساڵی ١٢٥٩ ک. هـ. (١٨٨٠ ز.)، لە گوندی «کەوڵە»ی سەر بە دیواندەرە، لە بـاکووری شاری سنە هاتە دنیا و کە پێگەییشت، بـۆ خوێنـدن لـە زێـدی خـۆی دەرکـەوت و لـە قوتابخانـەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، خزمەتی زۆرێـک لـە مامۆسـتایانی ئـەو کاتـە گەییـشت و ئیجـازەی وەرگرت و گەڕاوە کەوڵە.

سەید موحەممەد ڕەشید پیاوێکی دیندار، ئاگا، ئازا، ڕاسـتبێـژ و بـێ ڕووبـینی بـوو. نـانی مەلایـەتی نەدەخوارد و بە کشتوکاڵ لەسەر پارچە زەمینێک کە هەیبوو، دەژیا. ئەگەر بـۆ داوەری ئەکەوتـە نێـوان دوو کەس یان دوو لایەنەوە، دۆست و دژمنی نەدەناسی و ئەوی بە ڕاست دەزانی، ڕادەگەیاند. هـەر بـەم بۆنەوە، هەموو بڕوایان پێ دەکرد و ماڵی وردە-وردە ببووە شوێنی هانای ناحەقیلێکراوان و جێـی چـاری کێشە و داوەری نێوان خەڵک و پەنای لێقەوماوان.

لە سەردەمی خانخانی و بشێوەی کوردستاندا، دەرکی ماڵی دانەدەخست و زۆر هەڵـکەوتووە پـەنایان پێ بردووە و بەڵایان لەسەر کەوتووە. بە هۆی ڕێز و وەجێک لە نێوان هەموو چینێکـدا پەیـدای کردبـوو، زۆر جاران نـاوبژی کـردنی لـە نێـوان عەشـایری ناوچەکـەدا، ئـاوری دامرکانـدووە و پێـشی بـە شـەر و خوێنڕشتن گرتووە. هەروەها چەکدار و خاوەن دەستەڵاتی دەوڵەتیش لەبەر ئەو، کەمتر دەستدرێـژی و بەدفەڕییان کردووە و ئامۆژگارییان لە گوێ گرتووە.

ئاغەڕەشە سەرەنجام زستانی ساڵی ١٣٤٢ ک. هـ. (١٩٦٤ ز.)، پاش عومرێک خزمەتی بێ چـاوەڕوانی،

دەستی لە ژیان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

یاداشتەکانی نووسەر.

گۆران

گەورەترین بنیاتنەری شیعری نوێی کوردی، عەبدوڵڵا بەگی گۆران، کوڕی سلێمان بەگ، کوڕی عەبدوڵڵا بەگ[1]، ساڵی ١٩٠٤ ز. بەرامبەر بە ١٣٢٢ ک. م. لە شاری هەڵەبجە هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی دەسپێکرد. شەش‌ساڵان بوو (ساڵی ١٣٣٨ک. م.)، باوکی سەری یەکجاری نایەوە و بە شوێن ئەوەدا بە کەس و کارەوە، چوون بۆ هەورامان. ساڵی ١٣٤٠ چووە کەرکووک و لە مەدرەسەی «علمیّە»دا ناوی نووسی؛ بەڵام پاش چەند مانگ ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی. ساڵی ١٣٥٧ لە مەزرینگەیەکی دەوڵەتیدا دامەزرا و پێڕای ئەوە سەری نایە سەر زمان خوێندن و شیعر گوتن و لەو سەردەمەدا کە عەرەبی و ئینگلیسی و فارسی فێر دەبوو، بە شیعرە کوردییەکانیەوە، بەرگێکی گرینگ و بایەخداری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نەخشاند.

ساڵی ١٩٥٨ پاش چەند ساڵ لە زیندان پرتووکان و جەزرەبەی جۆراوجۆر کێشان، بە ڕووخانی ڕژیمی پاتشایی و سەرهەڵدانی جومهووری، بوو بە مامۆستای زمان و وێژەی کوردی لە زانستگای بەغدا؛ بەڵام ئەو ماوە زۆری نەخایاند و ئەجەلی بێ وادە، یەکجار زوو ئاوڕی لێ دایەوە و لەشی ئازریوی، نەخۆشی شێرپەنجەشی لێ بوو بە میوان و ئەو گەنجینە بێ‌وێنەی شیعر و وێژەی کوردییەی لە ٢١ی دوایین مانگی ساڵی ١٩٦٢ ز. (١٣٨٢ ک. م.) لێ ساندین.

گۆران سەرەتا ـوەک باقی شاعیرەکان ـ خۆی بەستبووە کێش و سەروای عەرووزیەوە و لەم مەیدانەدا قەڵەمی جوان دەگەڕا و بێ شک ئەو شیعرانەی بۆ دڵی خۆی گوتوونی و هی ئەم سەردەمەن، لە بەرزترین شیعرەکانی ئەو دەورانە دێنە ئەژمار:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە ‌ ‌ ‌ لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە
شەونمی درەخت لە ڕووم پڕژاوە ‌ ‌ ‌ لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە
پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر ‌ ‌ ‌ چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر
هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆ درەو ‌ ‌ ‌ زۆر هاتوون و چوون، بە ڕۆژ و بە شەو
خوڕەی قەڵبەزی کەفزێوینی چەم ‌ ‌ ‌ لە هەزار چەشنە پرشنگی ناوتەم
میوەی گەیشتی زەرد و سووری باخ ‌ ‌ ‌ جریوە و جووکەی دارستانی شاخ

---

١. باب و باپیری گۆران، نووسەر و شاعیر بووگن و زمانی فارسییان باش زانیوە.

لە گەڵووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان،
ئەمانە هەموو جوانن، شیرینن
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێڕووناکییە بێ بزەی ئازیز
بێئاوازەیە، دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم، تێر نەڵێم ئۆخەی!
کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی،
ئاڵە وەک کوڵمی، گۆی مەمکی، لێوی؟
کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشی چاوی؟
برژانگی، بڕۆی، ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرزی جوانە وەک بەرزی باڵای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نێونگای؟
کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی؟
تەلیسمایەوە وەک هی دڵداری

بەڵام گۆران، گۆڕانکارییەکی لە کاکڵ و بەتایبەت توێکڵی شیعری کوردیدا بەدەستەوە بوو. ئەڵبەت پێشەنگی ئەم ڕێگایە ـ وەک مامۆستا بۆخۆی دەڵێ ـ لە ڕاستیدا شاعیری هاوچەرخی، شێخ نووری شێخ ساڵەح بوو؛ کە ئەویش چێژ و شێوازەکەی لە شاعیرانی نوێخوازی ترکەوە وەرگرت و چەند شیعریشی لەسەر ئەو بیچمە دانا؛ بەڵام پاشان درێژەی بە کارەکەی نەدا. ئەو ئاڵایە ئەمجار مامۆستا گۆران هەڵیگرد و بە شێوەیەکی تایبەتی، هەستی شاعیرانەی خۆی، لەگەڵ سروشتی شیعری کوردی و زمانێکی پاراودا و تێکەڵ کرد و زبان و وێژەی کوردی پێ ڕازاندەوە:

ئاواتی دووری

ئەی چاو! چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟
کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟
کوانێ برۆی پەیوەست؟ کوانێ؟
کوانێ زوڵفی ڕەش؟
کوڵمی ئاڵ و گەش؟
کوا هەیکەلی جەمال؟
کوا حوسنی بێ میسال؟
□
ئەی گوێ! زەلیلی چاوم و بەر تۆ پەنا ئەبەم
دەنگێ لە یاری دوورەوە، چی بکەم لە زیڵ و بەم؟
با بێ
خەندەی پڕ ئاهەنگ بێ

نەغمەی نازی شۆخ و شەنگ بێ
زڕەی بازن بێ
بەرەولای من بێ
هاڕەی هەیاسەکەی
ورشەی کراسەکەی ...

□

ئەی خاتیراتی عومری گوزەشتەم! دەخیلی تۆم!
خنکاوی بەحری دووری نەکەی عومری ڕەنجەڕۆم!
جیلوەت لە چاوم ون نەبێ!
هەرگیز لای تۆ نووستن نەبێ!
چەشنی ئاوێنە، دائیم بنوێنە!
عەشقی قەدیمی یار، تا وەختی ئیحتیزار

سەرجەمی شیعرەکانی مامۆستا زۆر جاران لە چاپ دراوەتەوە؛ تا خۆی مابوو، بێجگە ئەوەی زۆرێک شیعری بە درێژایی ٣٠ ساڵ ژیانی ئەدەبی، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چاپ دەکران، دوو دەفتەری «*بەهەشت و یادگار*» و «*فرمێسک و هونەر*»، ١٩٥٠ ز. لە بەغدا و قەسیدەیەکی درێژی بە ناوی «*پەیامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجان و قوتابییان لە بوخاریست*»، ١٩٥٤ ز. لە سلێمانی لە چاپ دران. پاش خۆیشی، بەتایبەت مامۆستا موحەممەدی مەلا کەریم، ئەوپەڕی دڵسۆزی و تێکۆشانی نواند بۆ پاراستن و چاپ کردنیان و ئێستا کتێبخانەی کورد خاوەنی «*سەرجەمی بەرهەمی گۆران*»ە.

چەند شیعری کلاسیک و نوێی گۆران:

هەڵبەستی دەروون

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێ مەستم،   بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم   بۆچی وەها دوورن لەیەک، نازانم؟!
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار   دەرکەوتایە دونیای جوانتر لە بەهار
دەرکەوتایە ئاوات، هیوا، خەو بینین   پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی ژین
دەرکەوتایە مانای مەنگی دەریایی   کە نەرمەبا لە ڕووی ئەدا ئەسپایی
دەرکەوتایە ئەو دونیایە کە شیعری   بێفرمێسکە و زۆرتر لە فرمێسک ئەگری
زەردەخەنەی بێئاوێنەی دەم و چاو   تیشکێک ئەدا ڕووناکترە لە هەتاو
بەلام ئەفسووس! کە ئەو شیعرە جوانانە   باڵداریکن جێناهێڵن هێلانە

لــــە نــــاوەوە ئــــەجریوێنن، ئــــەخوێنن هــــەرگیز قەڵــــەم بــــە کاغــــەزا نــــاهێنن!

لە زیندانا، ١٤ی تەمووز

دەنگێکی دوور،
دوور ... ئێجگار دوور ...
بە ئاستەمێک ئەگاتە ژوور!
ئەی دەنگی دوور! بە ئاستەمێک ئەگەیتە ژوور!
ئاخۆ سپیت؟ یان ڕەش؟ یان سوور؟
وەرە پێشتر!
چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر،
لە ڕێی گوێوە بڕژێرە گیان!
زیندانم پڕ کە لە کۆڵدان!
زنجیری پێ!
کپ بە تاوێ! وەک لۆکەی گوێ.
هەوای شڵەقاوی زیندان!
بنوو! وەک بەرمەمکان ئەنوێ.
با دەستڕێژی ئەم دەنگەی دەر، کێلکی[1] مانای گوێم بپێکێ.
بەڵکوو گڕەی تینووتی سەر، وەک تۆپ ناڵەی بێ و بتەقێ.

□

لە لێشاوی غەڵبەغەڵبا
بانگێکی دا لە گوێچکەم با:
«... ڕژیمی جمهووری بژی...»!
خەو ئەبینم؟ جمهووری چی؟!
ـ نە، خەو نییە؛ شایلۆغانی جمهوورییە، ئەم دەنگ و مژدەی دوورییە!
سا لەشی زیندانی! مردوو! بێرە سەما!
ئەی لە بستێ گۆڕا زیندوو! مردن نەما.

---

١. لە دیوانەکەیدا، «گوللەی مانای گوێم بپێکی» نووسراوە!

جوانی لادێ

ئێوارەیە وا هەڵگەرسا گۆزەیی تازە
ڕێی کانی‌قوبان مونتەزیری جلوەیی نازە
بەر دەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە
ئێوارەیە وا هەڵگەرسا گۆزەیی تازە
سەرجادە موعەتتەر کە بە بۆی خونچە و مێخەک
بەو لەنجەیەوە بەستە بلێت ورشەیی خامەک
هاڕەی کەمەرە و پلپلە و گوارەو و کرمەک
ئێوارەیە وا هەڵگەرسا گۆزەیی تازە
چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت؟
پرشنگی خشڵ ئەبلەق ئەکا دەور و بەری ڕێت
ڕۆژی دەمی کەل حازرە بۆ پێشکەشی بەرپێت
ئێوارەیە وا هەڵگەرسا گۆزەیی تازە
ئێوارەیە وا دەرکەوە سا جوانە کچی دێ!
ئەی‌ویردی قسە و بەستەیی گشت کوڕگەلی سەر ڕێ
سووتاوی جوانیتن هەموو کێ کوڕی کێ بێ؟
ئێوارەیە وا هەڵگەرسا گۆزایی تازە
وەختێ کە ئەکەی چەشنی نەسیم لەنجە بەرەو ماڵ
ئەگریجەیی تەڕ پەخشە لەسەر کوڵم و خەت‌وخاڵ
شەڕیانە شەماڵ پەنجە لەسەر ڕەنگی ڕەش و ئاڵ
ئێوارەیە وا هەڵگەرسا گۆزەیی تازە

ئەڕۆی ئۆغر

کلاولار، گورجی کەوڕەفتار، نەزەرناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
لە تیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا
تەماشای لالەزاری ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
لە لای خەڵقی گەدایە گەردی ژێر پێ مولکی دڵداری
بە سایەت وەک هوما تاجم لەسەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
بەلەرزە و زەلزەلەی ئەو پلپلانەی دەوری پۆشینت
بینای هەستم هەموو زیر و زەبەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
ئەوا واعیز ئەڵێ لادە لە قیبلەی عەشق و جوانی ڕوو
سەماعی وەعزی سەرتاپا زەرەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
فریشتەی یا پەری یا حۆری ئەی شۆخی مەلەک‌شێوە
بە عیشوە و خۆ لە هاوجنسی بەشەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر؟
بە تای دووری غەزەڵ ئەچنم لە حەسرەت ڕشتەیی گیسووت
مەتای عومری درێژ کردووم لەبەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
ئەڕۆی ئۆغر؟ ئەرۆی ئۆغر؟ نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟
حەیام، عەقڵم، دڵ و دینم هەدەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر؟

دەروێش عەبدوڵڵا

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەستوشمشاڵی کزا دەروێش!
حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و مانەم بێ
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ

□

بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە، لە ناو حەوزێکی لیخندا
بەڵام تەختی ڕوفاهـ و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بە ئوستادی ئەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کون ـ کوندا

□

سەحەر بێنێتە گریان و قسە سیحری پەری نەغمە
برای دەروێش! ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی
بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی

□

بەڵام چی بکەین لەگەڵ بەختی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە
وەکوو تۆوی گوڵی دەم با، لە سەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن
ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە
نەکردایە، خوا عالم لە کام عەرشت ئەسوو داوێن

□

نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی
سیرف بەرزی زەکا ئەم سنعەتەی فێر کرد بە شمشاڵت
هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە تووڵانی هەتا کورتی
بە سەرپەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت

□

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقای خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا!

دەخیلت بم! دەسا بەو لاوک و ئایئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی، پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای وەڵڵا
دە ئەی دەروێش! سکالایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە!

سەرجەمی بەرهەمی گۆران، چاپی سلێمانی، ڕۆژنامەی *کوردستان*، چاپی تاران.

شێخ نووری سلێمانی

شێخ نووری کوڕی شێخ ساڵەح، کوڕی شێخ غەنی، شاعیرێکی خۆش زەوق و نوێخوازی کوردە کە وەک لە باسی مامۆستا گۆراندا گوتمان، یەکەم جار ئەم شێوازی شیعری نوێی هاوردە نێو زمانی کوردییەوە.

زا و مەرگی شێخ نووری سالانی ١٣١٥ لە سلێمانی و ١٣٧٨ ک. م. ڕوویداوە.

غەزەلێکی نووری:

پەشێوی پەرچەمی شۆخێکی بێ پەروا و بێ باکم
موحەققەقمە کە مردم بێ گونەهــ «لا یُسأل» و پاکم
بزانم ڕۆحی شیرینم بە قوربانت ئەکەم، گیانا!
لە ساڵێکدا ئەگەر بۆ فاتحایێک بێتە سەر خاکم
سەرم وەک توپی فوتباڵ وا لە مەیدانی شەقا ئەمڕۆ
ئەسیری دەست و بردی قەڵعەداری چوست و چالاکم
کە میحرابی برۆی تۆم دی ئیتر لەو وەختەوە دائیم
خەریکی ئاموشۆی مزگەوت و ونوێژ و ویرد و میسواکم
قسە و تەعنەی ڕەقیبی سەگسیفەت قەت مەگرە گوێ خۆت
بە لێدان و جنێویشت ڕەزام عەبدێکی وا چاکم
لە ئامشۆ و ڕەفتی کۆی تۆ من ئەگەر دەس هەڵگرم،کوێر بم
لەبەر پێتا ئەمین بە تا قیامەت خاک و خاشاکم
دڵ و دینم نساری خاکی بەر پێ تۆ ئەکەم بیللا
تەنەززوڵ گەر بفەرمووی بێتە لام و بمکەیە حاکم

لەمەڕ شەهادەتی شێخ مەحموودی مەلیکەوە گوتوویە:

چە نووکی خەنجەرێ بوو وا بڕی ڕیشەی دڵ و گیانم
چە تینی ئاگرێ بو وا بە جارێ جەرگی سووتانم

له سەرچاوەی تەقیوی دڵمەوە خوێناوی ئاڵ و گەش
بــە نــاو شــەریانەکانا دێتــە ســەرچاوەی دوچــاوانم
لەگەڵ دوودی هەناسەم تێکەڵاوی یەک ئەبێ ئەوسـا
ئەبێتــە دانــەیی فرمێــسکی خــوێن، ئەڕژێتــە دامــانم
تومەز شیری خەفەت بەنــدی جگــەرمی وا کونــاودەرکرد
گەیاندوویــە بــە یــەکتر تانجــەڕۆ و زەڵــمی دواوانم
ئەپاڵێوێ پەڕەی دڵ نمنمەی خوێناوی لــێڵ و وێــڵ
ئەڕێژێنی موژەی چاو قەترەـ قەترە ئەشـکی گریـانم
وەرن سەیری تەبێعەت کەن له هەوری ئاهـ و خوێنی دڵ
کە چۆن تاوێکی هێنا باریە سـەر مەزرەعـەی ژیـانم
پەژاری غــەم ســەری هێنایــە دەر بــەم تــاو و بارانــە
وەری پۆپکەی هەموو عەیش و نیشاتی ســەرچنارانم
ئەمەڵ نێژرا له ناو خاکدا، ئەلەم گۆپکە و چــرۆی دەرکــرد
بــە جــارێ هەڵــکڕووزا ســەبزەزاری نــاو بــەهارانم
بە کۆچی تۆوە بۆ مەحبووبی حەق «محمود»ی ڕەببــانی!
وەکــوو غەزنــە بــە چۆڵــی مایــەوە شــاری سـلێمانم

بە داخەوە لە شیعری بە شێوازی نوێی شێخ نووری، هیچم دەس نەکەوت لێرەدا بینووسم.

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسـرم، ل ٤٢ و ٤٣.

دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ل١٠٥ و ١٠٦.

مەهدی فەرەهپوور

کوڕی موحەممەد ئاغای قەنادی سنەیی، ناسراو بە «صدیق دفتر»، لە هەشتەمی زیقەعدەی ساڵــی ١٢٩٧ ک. م. (١٨٧٩ ز.) هاتە دنیا. بابی دووکانی شیرینیپێژی هەبوو؛ مەهدیش کە کوڕی گەورە بوو، هەر بــە منداڵی، خواناخوا بەردەستی باوکی پێ بڕا؛ بەڵام ئەو چاوی لە دووی ئەو هاومالانــەی بــوو کــە کتێــب و دەفتەریان لە ژێر باخەڵدا، بۆ قوتابخانە دەچن. ئاواتی دەخوازی ئەویش خوێندن و نووسینەوە فێــر بــێ. سەرەنجام بابی ڕەزای دا بخوێنێ و بەم جۆرە هێندێک لە مەکتەبخانە و پاشان لە مەدرەسەی ئالیانــسی شاری سنەدا خوێندنی دەسپێکرد و بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی لە ڕادە بەدەر و تێکۆشانی زۆرەوە، لــە ماوەیەکی کەمدا پێشڕەوتێکی باشی کرد؛ زمانی فەڕانسە چاک فێر بــوو، عــەرەبی و فارسییەکەشــی لــە

هاتوچۆی قوتابخانەکاندا پێگەیاند و تەنانەت هێندێک لە ترکیش سەری دەرکرد.

مەهدی فەرەهپوور ئەمجار لە مەزرینگەی کارگێڕی کوردستاندا دامەزرا و دوای ماوەیەک چووە هەمەدان و لە ئیدارەی ماڵی ئەوێدا کرایە چاوەدێر. لەم سەروبەندانەدا ئاوری یەکەم شەڕی جیهانی بڵێسەی ساند و گڕی گەیشتە ئێران و ئەمیش چووە جەرگەی ئازادیخوازانەوە.

کاتێ کە «نظام‌السلطنەی مافی» هاوڕێ لەگەڵ ٦٠ کەس لە نوێنەرانی ئازادیخوازی تاراندا، بەرەو شاری قوم بۆوە و ڕووسەکان ـکە دژمنی قەسایقەسیان بوون- کەوتنە شوێنیان و ئەوانیش کە بەمەیان زانی، بوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان چوون بۆ ئەسفەهان و تاقمێک لە ڕێی گوڵپایگانەوە گەیشتنە برووجرد و گەورەی عەشایری لوڕیان ڕەگەڵ کەوتن و چوون بۆ کرماشان، فەرەهپووریش لەیەل ئازادیخوازانی «کُمیتەی مُقاومت ملّی»دا ڕۆی بۆ ئەو شارە و حوکمەتی کۆچەرانیان دامەزراند. لەوێ میرزا موحەممەد عەلی خانی فەرزین بوو بە وەزیری دارایی و فەرەهپووریش کرایە جێگری.

هەر لەو ڕۆژانەدا، سەرۆکی ئوردووی عوسمانی، لە ماژۆر حەبیبولاخانی شەیبانی (سەرۆکی ژاندارمیری) دەخوازێ وەرگێڕێکی جێ متمانەی زمانی ترکی بۆ پەیدا بکا. ئەویش فەرەهپووری پێ دەناسێنێ. فەرەهپوور لە ماوەیەکی کەمدا، لە لای عوسمانییەکانەوە وەج و ڕێزێکی زۆری پەیدا کرد و کەسناوی «صدیق دفتر افندی» پێ درا.

فەرەهپوور لە شەڕی دژی ڕووسان لە کرماشان و هەمەداندا، زۆر دلێرانە چووە مەیدان و مەداڵی ئازایەتی وەرگرت. ئەو لەو کاتەدا مامۆستای قوتابخانە بوو؛ دوو وانەی جوگرافی و مێژووی دەرس دەگوتەوە و تا ئەو ڕادە تێدا سەرکەوتوو بوو کە نووسراوەکانی لەم دوو زانستەدا، بوو بە کتێبی دەرسی قوتابییان و بەو بۆنەوە نیشانەی پلەکی ٣ی زانستی پێ درا.

ماوەیەکیش لە ژاندارمیری خزمەتی کرد و باشی تێدا سەرکەوت؛ بەڵام دیسان گەڕاوە سەر کاری مامۆستاییەکەی. سەفەرێکیش هاوڕێ لەگەڵ ئازادیخوازان چووە بەغدا و دوای هێندێک گەڕاوە. ئەو هاوکات، ڕۆژنامەی «*رستخیز*»ی لە کرماشان دامەزراند و لەو شارە نیشتەجێ بوو.

دوای شۆڕشی ئوکتوبری ڕووسیا و داکوژانی شەڕی جیهانی، لەگەڵ میرزا کازمی مەلیکزادەدا، ٢٠ ژمارە لە ڕۆژنامەی «*غرب ایران*»ی دەرخست و پاشان بە هاوقۆڵی ئەبولقاسمی لاهووتی، ڕۆژنامەی «*بیستون*»ی بڵاو کردەوە و زۆری پێ نەچوو هەموو ئەرکی کەوتە سەر شانی خۆی و دەوری ٣٠ ساڵ ئەو ڕۆژنامە بێ وچان دەرهات.

بەناوبانگترین بەرهەمی مێژوویی و جوگرافیایی فەرەهپوور، ئەو زنجیرە نامیلکانەیە ناوی «*از الوند تا مدائن*»ی لێ ناوە و لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی «*بیستون*»دا چاپ کراوە. بەرهەمەکانی تری، «*جُغرافیا برای ارتش*»، » «*تاریخ پرچم ایران*» و «*عناصر اربعه*»یە.

لە پێشەکی *«تاریخ پرچم ایران»* دا دەڵێ:

هـر ملتـی بـه پـرچم خـود دارد افتخـار — هـر پرچمـی بـه ملـت خـود هسـت پایـدار
نقـش و نگـار پـرچم و الـوان پـردەاش — باشـد گـواه قـدرت میـدان کـارزار
هـر ملـت غیـور نگهبـان پـرچم اسـت — هر قوم زنده پـرچم خـود راسـت جان‌نثـار

فەرەهپوور ساڵی ١٣١٧ ک. هـ. (١٩٣٨ ز.)، پاش ئەو هەموو خزمەتە، لە لایەن دادگای چەکدارییەوە، بە تۆمەتی سیاسی، لە کار وەلا نرا و ماوەیەکی زۆر لە زیندان خرا[1] و سەرەنجام ساڵی ١٣٧٨ ک. م. (١٩٥٩ ز.)، پاش ٨٠ ساڵ، سەری یەکجاری نایەوە.

لە شیعرەکانی:

جهـان اسـت شـادان ز پنـدار نیـک — ز پنـدار نیـک اسـت گفتـار نیـک
چـو پنـدار و گفتـار تـو نیـک شـد — نیایـد ز تـو غیـر کـردار نیـک

پەراوێزی *کلّیات غیرت کرمانشاهی*، ل ٢٣٨ و ٢٣٩. *تذکرەی شُعرای کرمانشاه*، ل٩٣. ڕۆژنامەی *کوردستان*، چاپی تاران.

شێخ سەلام

کوڕی شێخ ئەحمەد، لە شێخانی «عازبان»ی لای هەڵەبجەیە کە ساڵی ١٣١٠ ک. م. لەدایک بووە و دواجار لە شاری سلێمانی دانیشتووە.

شێخ سەلام شاعیرێکی خۆش زمان و هێژایە کە چەند زمانی زانیوە، زۆری سەفەر کردووە و ئەزموونێکی باشی لە ژیان دەسکەوتووە و سەرەنجام ساڵی ١٣٧٩ ک. م. لە دنیا دەرچووە. ئەم مامۆستایە بێجگە لە دیوانی شیعر، چەند داستانی بە پەخشانی کوردی نووسیوە کە هێندێکیان بریتین لە: *«شاری و لادێیی»*، *«قەسابخانە»*، *«جوولەکەی کۆڵگیر»* و ...

چەند شیعری شێخ سەلام:

مەجنوون! بە یادت، مەجنوون! بـە یـادت — بـە یـاد دڵـەی شـەیدای ناشـادت
ڕووم نیـا وەڕووی بیابانـەوە — بـە ئاهـ و ناڵـەی بـێ‌سـامانەوە
وێڵـ ـ وێـڵ خـول ئـەخۆم بـە دیارانـدا — بـە دەشـت و چـۆڵ و کووچـەی شـاراندا
سـەرم شـێواوە، گرانـە دەردم — وەک «مەعدووم» شێوا قافیەکـەی فـەردم
لـە جیـاتی شـنۆ و سـروەکەی شـەماڵ — ئەیـدا بـە ڕوومـا لم و خـاک و خـۆڵ[!]

---

١. عەجایب! و

ماوای تۆم بینی هەردەکەی دوجەیل   گوزەرگای خێڵی باوانەکەی لەیل
زۆر قەد و باڵای عەرعەر تەرزم دی   خاوەن لەنجەولار، گەردەنبەرزم دی
زۆر لێوی ئاڵ و چاوی کاڵم دی   ڕوومەتی ناسک، خەت و خاڵم دی
نەمدی وەک لەیلێ عاشق شەیداکون   منیش وەکوو تۆ شێت و ڕسواکون
من زوو بەتیری گۆنا گوڵڕەنگێ   شۆخێ، نازارێ، شەنگێ، قەشەنگێ
حۆری لەقاپێ، بە لەنجە و لاری   ئاسکۆڵەی خەتا، لە ڕێی کۆساری
سەرو کلاوەزەڕ بە پشتە سەرە   لوولەی مێخەکبەند، هاڕەی کەمەرە
کوردێ، خاڵوردێ، باڵاشمشاڵێ   مشکی، سرکەیێ، سەر و دەسماڵێ
ڕۆژەکەی ئەلەست دڵمی پێکاوە   عەشقی ئەم و ئەو خەیاڵی خاوە
خۆزگە ئاواتی من ئەهاتە دی   مەجنوون! تۆ لەیلای کوردانت ئەدی

* * *

دڵە کوورەی غەم، کۆمەڵی زووخاو   سادەی خرۆشێ
موشەدمەکەی هەناسەی پڕتاو   دەخیلە جۆشێ
گۆمی خوێنینێ چەمی گریانم   هانا خوێناوێ
بناوانەکەی جۆگەی چاوانم   ئاوێ، لافاوێ
سادەی با بڕوا بزیسکەت بە تاو   شەماڵەی ئاگر
بۆ جەرگ و دڵ و ناوزک و هەناو   یەک گڵپە، یەک گڕ
سەربکا پێچ‌پێچ دووکەڵ لە دەروون   وەکوو هەوری تار
تاریک و نووتەک ڕووی سەما و گەردوون   چەرخی کردگار
بدا بە یەکدا هەورەکەی بەهار   سەرشاخ وە سەر شاخ
ڕووبەڕووی چیا و هەردە و کۆهسار   ئێلاخ وە ئێلاخ
پیرەمەگروون و گوێژە و زمناکۆ   بیزڵە و بەمو
پەیکۆڵی زەردە، کاژاو، داڵەهۆ   شەندنە ڕووی شاهۆ
گشتی دابگرە، سەراسەر بەتەم   وەکوو دڵ بە غەم
باران بڕێژە بە تاو و خوڕڕەم   فرمێسکەکەی چەم
تەپونم داکە بە شارەزووردا   نەک بە ڕەهێڵە
هەواری «شەم» بوو لە خوار و ژووردا   ڕێبازی خێڵە
کەی ڕژا باران بە کورستاندا؟   گوڵگوڵی خوێنین

هەناســـەی منـــە لـــە بەربەیانـــدا دەمــی گریــە و شــین

ئەم شیعرەشی لە شینی شاعیری بەناوبانگ، ئەحمەد بەگ (حەمدی ساحیبقەران)دا گوتووە:

بلێـــسەی گـــڕی دەروونی پـــڕکوڵ بــۆچ ناســووتێنێ پــەڕەی ڕەشــی دڵ؟
هــەر هەڵــئەقرچێ، بــۆچ نــەبوو بــە ئـاو؟ بۆ نەتکا تــکــ تــک، بــۆ گلێنــەی چـاو؟
دوو گۆمی خوێنە هەر دوو جێگــەی چـاو ســووتا و هەڵــقرچا، دڵ نابــێ بــە ئــاو
بــۆ شــیوەن دڵــم کانگــە و ئەساســە کۆســتی کــەوتووە، بــازاڕ کەساســە
بــۆ شــیوەن بــەرزە نەوئاوازەکــەت شــادی دەس‌نــادا لــە دەروازەکــەت
بــە کــوڵ گــەرمی تــۆ هەناســە ســەردم منــیش کۆمەڵــی زووخــاو و دەردم
زایــڵەم بــەرزە وەک بولــبوڵ بــۆ گــوڵ دامــاوی کــزە و قرچــەی جــەرگ و دڵ
لـــە زایـــڵەی دڵ دەم وا دریـــاوە وەجــاغی «کــوردی» و «ســالم» بــڕیاوە
خــاوەنی دیــوان، شــعری جــوانم ڕۆ! شــاعری بـــەرزی کوردســـتانم ڕۆ!
مــیرم! تــۆ دیلــی ژێــر خــاک و ســەنگی وێڵ‌وێڵ خول ئــەخۆم، مــن بــە دڵــتەنگی
مــیرم! هاودەمــت لــوتفی ڕەحمــانی مــام بـــە کەساســی لـــە ســلێمانی
دڵ بــۆ تــاریخی، پــەردەی خــۆی دڕی: «ڕۆحــی شــیرینی شــاعر» هەڵــفڕی

ئەگەر شیعرەکە بە ڕێنووسی پێشوو بنووسین، لە بـەیتی دواییـندا، ڕسـتەی «ڕۆح شـرین شـاعر» بـە حیسابی ئەبجەد ئەبێتە ١٣٥٥، ساڵی کۆچی دوایی ئەحمەد بەگ.

یەکێکی‌تر لە کارەکانی شێخ سەلام، وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییامە بـە کـوردی، لـە سـەر کێـشی بیست بڕگەییەوە. ئەوا دوو نموونەی:

ئــەم گــۆزە وەک مــن عاشــقێ بــوو زار بـــە تاڵــی زولفــی یــارێ گروفتــار
ئــەو دەســتە ئێــستە تــەوقی ملیــەتی دەستێ بوو کام دەســت؟ دەســتی ملی یـار

* * *

دەسمایەی عـومرم لـە دەسـتم دەرچـوو بە پەنجەی ئەجەل جگەر کــونــکــون بــوو
ناگەڕێتـــەوە کەســـێ لـــەو دنیـــا تــا لێــی بپرســین ئەحواڵــی مــردوو

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل ٤٥٠. ڕۆژنامەی *کوردستان*، چاپی تـاران و یـەکــدوو شـوێنی‌تـر.

شێخ عومەر وەجدی

کوڕی شێخ عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی سەبری ماردینی، لە زانایان و مامۆستایانی ناودارە کە ساڵـی ١٣٥١

ک. م. سەرپەرشتی«رواق الاکراد»ی زانستگای ئەزهەری کردووە و تا کوتایی ژیانی، واتا هەشتاکانی چەرخی چاردەی کۆچی ـ مانگی، ئەو کورسییەی هەبووە.

عومەر وەجدی بۆ چاپی «*شَرفنامەی بدلیسی*»، یارمەتی موحەممەد عەلی عەونی داوە و هەروەها بەشی کوردی ڕادیۆ قاهیرەی بەڕێوەبردووە.

لەم مامۆستایە هێندێک کتێب و نامیلکەش ماوەتەوە.

پێشەکی *شەرەفنامە*، وەرگێڕانی هەژار.

ڕەفیق حیلمی

کوڕی ساڵح ئەفەندی، خەڵکی سلێمانی، لە وێژەوانان و شاعیرانی ناودارە کە بە کوردی و عەرەبی و فارسی، شیعر و پەخشانی داناوە؛ وەکوو زنجیرە یاداشتێک دەوری ٦٥٠ لاپەڕە و کتێبێ لەمەڕ شیعر و ئەدەبی کوردییەوە؛ کە هەکیان لە بەغدا چاپ کراون.

ڕەفیق حیلمی لە مەزرینگەی مەعاریفی شاری بەغدادا چاوەدێر بووە و ساڵی ١٣٨٠ ک. م. لە دنیا چووە.

ئەم شیعرە هی ئەوە:

هیممەتی ئەربابی عیرفان بیستوون ئیحیا ئەکا ... ئەو کەسەی دڵسۆزی میللەت بێ وەتەن ئاوا ئەکا
نووری عیلم و مەعریفەت وا شەرق و غەربی گرتووە ... قەومی ئێمە تازە تەعلیمی خەت و ئیملا ئەکا
بەسیە فیکری بێ سەمەر ئەمڕۆکە عەسری غیرەتە ... خاکی کوردستان لە ئێمە هیممەتێ داوا ئەکا
ئێستە بێ عیلم و هونەر، ژینی بەشەر مومکن نییە ... چون لە فەننی عەسری حازر کوردی ئێستسنا ئەکا؟
ئوورووپا کەشفی زبانی چۆلەکە و مەیموونی کرد ... تازە کوردستانی ئێمە باسی ئەلف و با ئەکا

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٥٥. *یادی شەهیدان و ئەدەبیاتی کوردستان*، ب١، ل٣٢.

عەلی سەیدۆ

باب و کاڵی خەڵکی دەشتی گۆرانی لای دیاربەکرن. ساڵی ١٢٩٨ ک. م. (١٨٨٠ ز.)، باوکی هاوڕێ چەکدارانی عوسمانی، ئەڕواتە ئوردون و عەلی ساڵی ١٣٢٧، لە شاری «عەممان»ی پاتەخت، لەدایکدەبێ و هەر لەوێ، لە نێوان ساڵانی ١٣٣٤ تا ١٣٤٣، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دوایی دێنێ و ئەوجار ئەگاتە «بەیرووت» و لە فێرگەی ئەمریکاییاندا ئەبێتە قوتابی و ساڵی ١٣٤٧ ک. م. بڕوانامەکەی وەردەگرێ. ئەوجار دەگەڕێتەوە بۆ عەممان و لە مەدرەسەیەکی ناوەندیدا ئەبێتە مامۆستای زمانی ئینگلیسی و پاشان ماوەی ٥ ساڵ چاودێری قوتابخانە ناوەندییەکانی شارانی عەممان و «کرک» و «سلط»

و «اربد» دەکا. چەند ساڵیش لە وەزارەتی کار و چەند شوێنیتر، ئەبێتە ئینشابەند. سەردەمێکیش لە باڵوێزخانەکانی ئوردون لە وڵاتانی سوعوودی و یەمەن و سووریادا کار دەکا و دوایین کاری، وەزیرموختاری بووە.

سەیدۆ لە تەمەنی ٢٧ ساڵاندا وازی ئەچێتە سەر فێر بوونی زمانی دایکی خۆی و بۆ ئەم مەبەستە لە چەند پیرەپیاوی دیاربەکری یارمەتی دەگرێ و وردە ـ وردە ئەکەوێتە خوێندنەوەی دوو گۆڤاری «*هاوار*» و «*ڕووناهی*».

ساڵی ١٣٥١ ک. م. بۆ دیدارێکی کوردستانی باشوور، لە عەممان دەردەکەوێ و مووسڵ و ئامێدی و هەولێر و شەقلاوا و ڕواندز و کۆیە و سلێمانی و کەرکووک دەبینێ و پای قسە و گفتوگۆی خەڵکی ئەو شارانە دادەنیشێ. ساڵی ١٣٥٩ ک. م. بەرهەمی ئەو سەفەرەی خۆی لە کتێبێکدا بە ناوی : «*مِن عَمّان الی العمادیّة او جولة فی کُردستان الجنوبیّة*» بڵاو دەکاتەوە. بەرهەمیتر: فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردی و زۆرێک نامیلکەیە کە لە گۆڤارەکانی ئەو کاتەدا چاپ کراون؛ وەکوو: «*لور و لورستان*»، «*زەردەشت و ئایینی زەردەشتی*»، «*زبان و ئەدەبی کوردی*»، «*کورد پێش ئیسلام*» و ...

عەلی سەیدۆ هەروەها کتێبێکی لەمەڕ بالوێزخانە و قانوونی تایبەت بە ئەو شوێنانەوە، بە زمانی عەرەبی نووسیوە.

مێژوو، کەمال مەزهەر، ل١٩٢-١٩٨.

شەکیبی کوردستانی

میرزا فەزلوڵا، نازناو «شەکیبی»، شاعیرێکی خۆش‌زەوق و هێژای شاری سنەیە کە هەر لە زێدی خۆیدا خوێندن و خۆشنووسی دەسپێکرد و پاشان چوو بۆ هەمەدان و لەوێ چووە شوێن فێر بوونی زانستە نوێیەکان، بەتایبەت ئینگلیسی و ئەوجار کە لە خۆیەوە لێهاتوویی نیشان‌دا و خەتی جوان و نووسینی باش بوو، «بهاءُالمُلک» قەرەگوزلووی هەمەدانی لە دەزگای خۆیدا جێی کردەوە و پاش کورتە ماوەیەک، بێجگە ئینشابەندی و کار وباری نووسینگە، کردیە پێشکاری خۆی و ٣٠ ساڵانی لەگەڵ ڕابوارد و ڕاوێژکاری بوو.

شەکیبی لە کۆتایی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٤٠ ک. هـ.)١٣٨٠ ک. م. ١٩٦١ ز.) کۆچی یەکجاری کردووە.

شیعری ئەوە:

گرچه دورم ز بَر یار، رخش در نظر است   وین عجب یار هم از سوز دلم باخبر است
گرچه گفتند مرو پای منه در ره عشق   که به هر گام در این بادیه چندین خطر است

پنـد ناصـح نـشنیدیم و بـرفتیم، کنـون
در شب و روز مرا خون جگر ماحضر است

سرگذشـت مـن و دلـدار جفاپیـشەی مـن
داستانی است که از قصەی مجنون بتر است

حالیـا فرقـت او جـان و تـنم مـی‌کاهـد
سرّ این نکته مجویید که رمزی دگـر اسـت

لە چەند جونگی دەسنووس.

مەولانا مەحموودی موفتی

کوڕی عەللامە مەلا عەبدوڵڵای موفتی، کوڕی مەلا مەحموودی دشەیی، کە ساڵی ١٣١٦ ک. م. هاتۆتـە دنیا، یەک لە مەلایانی ناودار و مامۆستایانی شارەزا و پایەبەرزی کوردستانە کە هەموو زانستە دینییەکانی چاک دەزانی و بەتایبەت لە فیقهـ و ئوسوول و فەلسەفەدا شارەزای تـەواو بـوو؛ زانایـەک خـاوەن بـیری یەکجار تیژ، هزری زۆر ورد و زمانی پاراو، کە قسەی هەموو بە بەڵگە و سەلماو بوون.

دوای کۆچی دوایی بابی پایەبەرزی، بوو بە موفتی و داوەری شەرعی کوردستان و هاوکات زۆر سـاڵان لە مەدرەسەی «دارُالاحسان»ی سـنەدا دەرسـی گوتـەوە و هەمیـشە چینێـک فـەقێ و موسـتەعیدی هەڵکەوتوو لە کۆڕی دەرسیدا بەهرەیان دەبرد.

خوا لێ خۆشبوو موفتی هەموو چینێکی خەڵک زۆر خۆشیان‌دەویست و قەدریان دەگرت و قسەی بـۆ هەموو کەس لەسەر سەران بوو. هۆی ئەوەش لە بوێری و پاکی و ڕاستبێژییەکەیدا دەردەکـەوت. قـەت قسەی زۆری لە کەس وەرنەگرت و قەڵەمی لە ڕێی چەوتدا نەگەڕا. ئەگەر قسە یان کارێکی بـە ڕاسـت و دروست بزانیبا، لە شایش کۆی نەدەکردەوە. دەسەڵاتدارانیش کە ئەوەیان دەزانی، ڕێزێکی تایبەتیان لێ دەنا و ئامۆژگاری و جاروبار فەرمانیشیان بەجێ‌دێنا.

لەم دواییانەدا بەرامبەر بە داخوازی زانستگای تاران، بۆ دەرس‌گوتنـەوە لـە ساڵـی دوایـینی دادوەری، چووە ئەوشارە؛ بەڵام ساڵێ زیاتری نەخایاند و لە وچانی هاوینـانی ئـەو ساڵـە (خـەرمانانی ١٣٣٩ ک. ه. ١٣٨٠ ک. م. ١٩٦٠ ز.) لەپڕ دڵی لە جووڵە کەوت و دنیای بێ‌بەقای بەجێ‌هێشت.

چەند نامیلکە و نووسراوەی لەو مامۆستایەوە بەجێ‌ماوە؛ کە بەداخەوە تا ئێستا هیچیان چاپ نەکراوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

بەدیع‌مودیری

میرزا عەبدولباقی بەدیع‌مودیری، کوڕی حاجی موحەممەد، کوڕی موحەممەد ساڵەحی سـنەیی، ساڵـی ١٢٩٨ ک. م. لە بنەماڵەیەکی بازرگان هاتە دنیا؛ بەڵام ئەم کە پێگەییشت، ڕێی خوێنـدنی گـرت و وانـە سەرەتاییەکانی لـە مەکتـەب و قوتابخانـەکانی سـنەدا خوێنـد و ساڵـی ١٣٢٠، ماوەیـەک لـە عـیراق و

سەرەتێک لە شام خوێندی و دواجار لە میسر، لە «رواق‌الاکراد»ی زانستگای ئەزهەردا، خزمەتی مامۆستایانی وەک شێخ ئەبولوەفای کوردی گەیشت. پاشان لە ڕێ بەغداوە گەڕاوە بۆ سنە و سەرەتێک سەودای کرد؛ بەڵام پێی نەکرا و دەستی لێ کێشا و چوو بۆ ئەستەمبووڵ و ترکییەکی باش فێر بوو. ئەوجار گەڕاوە بەغدا و لە «دارالمُعَلّمین»دا ناوی نووسی. کە خوێندنی ئەوێی تەواو کرد و بڕوانامەکەیانی وەرگرت، ناردیانە شاری بەسرە و لە قوتابخانەی «تَحسین‌سیرَت»ی ئەوێدا، بوو بە مامۆستای جوگرافی و مێژوو.

لە سەرەتای یەکەم شەڕی جیهانی (ساڵی ١٣٣٢ ک. م.)دا، گەڕاوە ئێران و ماوەیەک لە کرماشان و پاشان لە سنە و سەقز و هەمدان، لە ئیدارەی مەعاریف وەکوو مامۆستا خزمەتی کرد و سەرەنجام ساڵی ١٣٨٠ ک. م. (١٩٦٠ ز.) لە شاری سنەدا، سەری یەکجاری نایەوە.

ئەو خوا لێ خۆشبووە مرۆیەکی هێژا، میهرەبان، خۆش سەروزمان، دیندار، سەربە تەریقەتی نەقشبەندی و مریدی شێخ شوکروڵای سنەیی بوو. لە جوگرافی و مێژوودا زانیارییەکی بەربڵاوی دەسکەوتبوو؛ زبانی عەرەبی و ترکی باش دەزانی؛ زۆری دەخوێندەوە و هەروەها لە باری هونەرییەوە، شیعری چاکی دەگوت و نەققاشی جوانی دەکێشا.

لە کتێبەکانی:

١. هۆنراوەی «*بدایع بدیع*»، کە بە شێوەی مەسنەوییە و بەشێکی تایبەت بە پێشەوایانی دینەکانە

٢. «*سرگذشت، مولودنامه و معراج‌نامه‌ی حضرت رسول اکرم*» (د)، کە چاپ کراوە

٣. «*تاریخ شهریاران*»

٤. «*تاریخ مفصل رجال عالم باستانی*»، کە بە پەخشانی فارسییە و چاپ نەکراوە

شیعرێک لە ژینامەکەی پێغەمبەر (د):

شکل حضرت را شمایل گفته‌اند	خوی نیکش را خصایل گفته‌اند
بود او را بهترین حُسن جمال	خُلق و خویش بود در حد کمال
شیوه‌اش دلکش رخش سرخ و سفید	هوش و ادراک و ذکا در آن پدید
چهره‌اش چون بدر و موهایش سیاه	دیدگان جذاب و رخشان در نگاه
هر دو ابرویش کمی پیوسته بود	گونه‌هایش اندکی برجسته بود
بینیش نازک، جبین پهن و لطیف	دیدگان نرگس‌آسایش ظریف
همچو لؤلؤ بود دندانهای او	جلوه‌ای خوش داشت وقت گفتگو
موی ریش و شاربش را می گرفت	آن‌قدر کز مو نگردد لب نهفت
قامتش زیبا، نه بالا و نه پست	هم به بالایش مناسب پا و دست

بـود حُسن از پـای تـا سـر پیکـرش — خـالی از هـر غیـب ذات انـورش
بـا وقـار و بـا ادب مـی‌رفـت راه — داشـت دایـم پـیش پـای خـود نگـاه
بـود خوشـرو بـا انـاث و بـا ذکـور — صـاحب اندیـشه، بـا رأی و فکـور
نعـت آن حـضرت نیایـد در قلـم — هـر چـه بنویـسم ز وصـفش هـست کـم
پـس سـخن را بـا درود و بـا سـلام — بـر خـود و آلـش نمـایم اختتـام

بدایع بدیع.

حیرەت سەجادی

سەید موحەممـەد بـاقری حـیرەتسـەجادی، ناسـراو بـە «رُکنُ‌الاسـلام» و نازنـاو «حـیرەت»، کـوڕی سـەید موحەممەدی کەلجینی، کوڕی سەید سەعدەدین، کوڕی سەید مەجید، کوڕی سـەید ئەحمـەد، ساڵـی ١٢٩٧ ک. م. لە شاری سنە هاتە دنیـا و دوای پێگەیـشتن و خوێنـدنێکی سـەرەتایی، لـە قوتابخانـە دینییەکانـدا بـە تێکۆشانێکی بەردەوام، سەرف و نەحو و مەنتیق و بەلاغە و حیکمەت، تا فیقهـ و ئوسوول و تەفسیر و حـەدیس و سیرەی بەباشی خوێند. ئەوجار لێبڕا بۆ شارەزاییەکی زیاتر لە دنیای پان و بەرینی ئەدەبیاتدا حەولێکی زیاتر بدا و بۆ ئەم مەبەستە، خزمەتی زۆرێک لە مامۆستایانی زمان و وێژە و شیعر گەییشت و زۆر دیوانی شاعیرانی عەرەب و فارسی شی کردەوە و لە بەرهەمی ئەو ماندوو بوونە و زەوق و لێهاتوویی خۆیەوە، بە ئاواتەکەی گەیـشت و لـەم بارەوە لە هەموان سەرکەوت. هەروەها بۆخۆشی شیعری هۆنییەوە و لەم بوارەشدا باش سەرکەوت.

حیرەت، دوای خوێندن، لە ساڵی ١٣٢٨ ک. م. بەم‌لاوە، خزمەت بـە کۆمەڵـگاکەی دەسـپێکرد و بـۆ پەرەگرتنی زانست و زانیاری، حەولێکی یەکجاری دا و هەنگاوی باشی هەڵگرت. لە سەرەتای دامەزرانی سازمانی مەعاریف لە شاری سنەدا، بۆخۆی سەرپەرشتی کرد و پاشانیش تا کاتی وەنیشتە بوون، لە پۆلی دواناوەندیدا دەرسی گوتەوە.

شادڕەوان حیرەت سەجادی مرۆیەکی ئاکار بەرز و لەسەرخۆ و خاوەن ڕێز و زانایەکی وێژەوان و شاعیر و نووسەرێکی قەڵەم جوان و ڕەوان بوو؛ بە بیرێکی تیژ و زانیارییەکی بـەربلاوەوە لـە ئـەدەب و مێـژوودا. پاش وەنیشتە بوونیش بەشێک لە کاتی خـۆی خـەریکی خوێندنـەوەی فیقهــ و حـەدیس و تەفـسیر و ئەدەبیات و مێژوو دەبوو؛ بەشێکیشی دانابوو بۆ وەرامـی قوتابیـان و خوێنـدەواران، لـە هـەموو چینێـک. ئەگەرچی ژیانی بە دوورەپەرێزی و گۆشەنشینی گرتبوە پێش، بەو حاڵەش ماڵی هەمیشە کۆڕی زانایـان و وێژەوانان و کەلاسی دەرس و فێربوون بوو.

ئەم مامۆستا پایەبـەرزە سـەرەنجام ساڵـی ١٣٨٢ ک. م. گیـانی پـاکی بـە خـودای تـاک ئەسـپارد و تەرمەکەیان لە زیارەتانی «شێخان»ی سنەدا ئەسپەردە کرد.

غەزەلێکی حیرەت:

چـو عاشـقان بـه سـر زلـف یـار پیوسـتند / ز هـر چـه در همـه آفـاق بـود بگسـستند
مگر که شاخەی طوباست قامت تـو کـه خلق / بـه منتهـای امیـد از تـو طرفـه بربـستند
مگـر چـو سـرو بـه پـا خاستی و افکنـدی / ز رخ نقـاب کـه خورشـید و مـاه بنشـستند
هــزار مــردم هــشیار را دهــد مــستی / نـسیم کـوی کـسانی کـه از رُخـت مـستند
ز غیر چشم و دل پر ز اشک و شعله چو شمع / ز هـر چـه یـاد کنـی عاشـقان تهـی دسـتند
خــدای را مــشنو آنچــه حاســدان گفتنــد / که تهمتی است کـه بـر جـان نـاتوان بـستند
جـز از جمـال تـو بایـد کـه دیـده بردوزنـد / کــسان کــه در طلــب دیــدن بهشتــستند
بــه بوســهای ننوازنــدم از کــرم، گــویی / طریــق خــواجگی و بنــدگی ندانــستند
بـه هـر چـه یـار کنـد عاشـقند، آنـان کـو / بــه ســان «حیــرت» درس وفــا نبشتَــستَند

چوارینە

گـر بـسته ره لطـف تـو را معـصیتم / ور نیـست شـفیع معـصیت معـذرتم
تـا در غـم مـن شـاد نخنـدد ابلیس / یـارب بـه کـرم قبـول کـن مـسألتم

له کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

ناسری ئازادپوور

جـوامێرێکی جوانەمـەرگ بـوو کـە هـەموو تەمـەنی کـەم و کـورت، بـەڵام پڕبایـەخی، بـە خزمـەت و سەربەرزییەوە تێپەڕ کرد و لە ناکاو ڕەشەبای مەرگ، داری پیرۆزی ژیانی لە بن هێنا و برد.

شادڕەوان ناسری ئازادپوور بیرمەندێکی پارسا و دڵپاک و ئاکارچاک و هەروەها خەت جوان و قەڵەم ڕەوان و وێنەکێشێکی دەس‌نەخشین و لە شیعر و وێژەوانیدا خاوەن زەوق و لێهاتوو بوو. کاتی خوێنـدن، قوتابییـەکی هەڵکەوتوو ئەهاتە ئەژمار و خوێندنی زانستگای لە باشترین ڕادەدا و بە بانترین نمرەوە تەواو کرد.

ناسـر دوای خوێنـدن، لەسـەرینەی کـار لـە وەزارەتی داد و دادوەری کـردن، خزمـەتی فەرهـەنگیی (کولتـووری) هەڵـبژارد و پێـڕای سەرپەرشـتی ئیـدارەی پـەروەردە و بـە شـوێنیدا ئـەوقافی سـنە، دەرسیشی‌گوتەوە. خزمەت بە خەڵک و بێ‌مبالاتی بە دنیا و وەستانەوە لە بەرامبەر سەرزلان و زۆربێژان، لە تایبەتمەندییەکانی ئەو لاوە بوو؛ هەر ئەوەش ببووە هۆی خۆشەویستییەکی یەکجاری لە ناو خەڵکدا.

لە ئاکامی حەول و تێکۆشـانی ئـەودا، زۆرێـک مزگـەوت و مەدرەسـە و حـەمام، لـە سـنە و دێهـاتی دەوروبەریدا کرایەوە؛ وەکوو مزگەوتی سەید مـستەفا، فـاروقی، مـەلا لوتفـوڵا، شێخولیـسلام، مزگـەوتی ئەوێهەنگ، حەمامی هـانیس، مەدرەسـەی مەولـەوی کـورد و... هـەروەها لـە دامـەزرانی مەدرەسـەی

عولوومی دینی کوردستاندا دەورێکی بەرچاوی هەبوو.

ساڵی ١٣٣٨ ک. هـ.)١٩٥٩ ز.) لە لایەن مەردمی شاری سنەوە کرایە شارەدار؛ بەڵام نەیکرد.

لە بەرهەمەکانی:

١. ڕۆژنامەی *زاگرۆس*

٢. پەراوێز و چاپی «*تاریخ اردلان*»، نووسراوەی مەستوورەی اردلان

٣. کۆ کردنەوەی سەرجەمێک فولکلۆر و قسەی نەستەقی کوردی و چەند کاریتر کە بە داخەوە مەرگی بێ وادە، چیتر مۆڵەتی نەدا و لە شەوی پێنجشەمبە، سێهەمی گەلاڕێزانی ساڵی ١٣٤١ ک. هـ . (١٩٦٣ ز.)، دوای حەوتوویەک نەخۆشی، لە تەمەنی ٤٢ ساڵاندا، لێی ساندین.

ساڵی لەدایک بوونی ناسر، ١٢٩٩ ک. هـ . بووە.

یاداشتەکانی نووسەر. *یادنامەی ناصر آزادپور*، نووسراوی عەباس ئازادپوور.

مەلا موحەممەدی چڕستانی

کوڕی مەلا ڕەحیم، ساڵی ١٣١٢ ک. م. لە گوندی «ئابلاخ»ی لای سلێمانی هاتە دنیا و پاش پێگەیشتن، لای بابییەوە خوێندنێکی سەرەتایی دەسپێکرد و ئەوجار لە قوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە، شوێنی خوێندنەکەی گرت. سەردەمی یەکەم شەڕی دنیاگر، لە پشدەر و ئەوجار ڕانیە دەژیا و بومباردمانی فرۆکە بریتانییەکان، ماڵەکەی لە ڕانیە کاول کرد و ناعیلاج چووە سلێمانی و تا دواکاتی ژیانی (١٣٨٢ ک. م.) لەو شارە مایەوە و خزمەتی کرد.

مەلا موحەممەد مرۆیەکی هێژا و زیرەک و خۆشزەوق بووە و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبی باش زانیوە.

پەراوێزی پێشەکی *دیوانی نالی*، چاپی تاران، ١٣٦٤ ک. هـ. ل٧ و ٨.

مەلا سەعیدی کابان

مامۆستایەکی زانا بووە کە ساڵانێکی زۆر لە قوتابخانەی مەحموودییەی شاری سلێمانیدا دەرسیگوتووە و ساڵی ١٣٤٧ ک. م. لە سەر ڕێزمانی کوردی، کتێبێکی نووسیوە و چەند کتێبی تریشی داناوە.

زا ومەرگی مەلا سەعید ساڵانی ١٢٨٦ و ١٣٨٣ ک. م. ڕوویداوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

ناسرنیزامی موستەوفی

میرزا نیعمەتوڵلا، کەسناو «ناصرنظام»، کوڕی میرزا عینایەتوڵلای موستەوفی کوردستانی، پیاوێکی

خاوەن ڕێز و ئاکار باش بوو، لە بنەماڵەیەکی بە وەج و ناوازە، خاوەن هێژاییەکی تەواو و لە وێژەی فارسی و ئایین و مێژوودا زانا و خەتخۆش، کە هەم نەسخ و هەم نەستەعلیقی جوان دەنووسی و جاروبارەش بە بۆنەی ڕووداوێکەوە شیعری دەگوت. ئەم شیعرەی بەشێکی شینnامەیەکە:

باز از جفای آسمان، افتاد شوری در جهان	رفت از زمین تا آسمان فریاد هر خُرد و
دردا ز دور دهر دون، کز جور آن خلقی زبون	وز دیده جاری سیل خون، همراه با آه و
گویی قیامت شد عیان، وز هول رستاخیز آن	مرد و زن و پیر و جوان گشتند حیران
افسوس کان کان هنر، وان زاهد نیکو سیر	وان عالم با هنگ و فر از دیدەی ما شد نهان
با یاد حق زین رهگذر، بر بست بار این نو سفر	ناخورده از دنیا ثمر، پوشیده چشم از خان و مان
آن مقتدای اهل دل، چون بود با حق متصل	شد از علایق منفصل، فردوس را کرد آشیان
او رفت و شد از ما جدا، واسود در دار بقا	ما راست صدرنج و عنا از دوری وی جاودان

کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو ناسرنیزام، دەوری ساڵی ١٣٨٢ ک. م. ڕوویداوە.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

مەلا موحەممەدی قزڵجی

مەلا موحەممەدی تورجانی زادە، کوڕی مەلا حوسەین، کوڕی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، ساڵی ١٣١٣ ک. م. لە شارەدێی «تورجان» هاتە دنیا و دوای پێگەیشتن، خوێندنی دەسپێکرد و زۆرێ قوتابخانەی کوردەواری بینی و پاشان چوو بۆ میسر و لەوێش ماوەیەک لە خزمەتی مامۆستایانی قاهیرە بەهرەی برد و ئەوجار گەڕاوە عیراق و ساڵی ١٣٣١ ک. م. لە بەغدا گیرساوە و هیندەی پێ نەچوو ناو و ناوبانگی داکەوت و لە مەدرەسەی «اعظمیّه»دا، بۆ دەرس‌گوتنەوە و وتاردان، دامەزرا.

مەلا موحەممەد لە مامۆستایانی گەورەی زانستە دینییەکان و فەلسەفەی ئیسلامی بووە. زۆرێک کتێبی نووسیوە کە هێندێکیان بریتین لە: «*مساجد السُّلیمانیّه*»، شەرحێک بۆ «*ربع مجیَّب*» و ڕشتە پەراوێزێک بەسەر «*لباب الاشارات*»ی ئیمام فەخری ڕازیدا. بێجگە ئەوە لە گۆڤارە ناسراوەکانی عیراقدا، زنجیرەیەک وتاری بایەخداری دەنووسی.

مامۆستا بە کوردی و عەرەبی شیعریشی دەگوت. ئەم چەند بەیتە بەشێکی پارچە هەڵبەستێکە؛ بە داخەوە هەمووی دەس نەکەوت:

قەستەم بە سوورەی والتینێ	لە ئەلف و بێ تا چەغمینێ	ئەیدەم بە های پێکەنینێ
قەستەم بە سوورەی والفجرێ	چاو دەیبینێ و دڵ بۆی دەگرێ	....
بەسەر قەبرمدا هات ڕابوارد	وە بیرم کەوت یاری قەدیم	«یَحْیَی العظامَ وَ هی رمیم»

ئەم مامۆستایە ساڵی ١٣٨٣ ک. م.[١] لە بەغدا دنیای بەجیٚهیٚشتووە و لە زیارەتانی ئەعزەمییەی ئەوشارەیان ناشتووە.

یاداشتەکانی نووسەر. *عُلَماونا فی خدمة‌العلم و الدّین*، ل٥٢٢.

ئەنوەری مائی

کوڕی شێخ موحەممەد، کوڕی مەلا ڕەحمانی ئاڵەکی مائی، لە بنەماڵەیەکی ناسراو، ساڵی ١٣٣٢ ک. م. لە گوندی «مائی»، لای دیاربەکر هاتە دنیا و خوێندنی لە مزگەوتانی بامەڕنی و دهۆک و زاخۆ و دیاربەکر و هەولێردا تەواو کرد و ساڵی ١٣٥٥ لە مەدرەسەی «قوبان»ی ناوچەی بادینان، چووە خزمەتی عەللامە شوکری ئەفەندی، موفتی و مامۆستای ئامێدی و دوای ماوەیەک خوێندن، ئیجازەی لیٚ وەرگرت.

ئەنوەری مائی لە سەرەتای لاوی و بەشداری لە زەوقی ئەو سەردەمەیدا، شیعری گوتووە و نازناوی «لاوی چیا» بووە. گرنگ‌ترین بەرهەمی، کتێبێکی عەرەبییە بە ناوی «*الاکراد فی بهدینان*» کە ساڵی ١٣٨١ لە چاپی داوە.

ئەنوەر ساڵی ١٣٨٣ ک. م. ڕووی لە شاری خامۆشان ناوە.

میٚژوو، د. کەمال مەزهەر، ل١٧٩-١٨٢. *الاکراد فی بهدینان*، انور مائی.

گوویای کرماشانی

غولامعەلی گوویا، کوڕی غولامحوسەین، ساڵی ١٣٢١ ک. م. بەرامبەر بە ١٢٨٢ ک. هـ.)١٩٠٣ ز.) لە کرماشان هاتە دنیا و خوێندنی دواناوەندی لەویٚ تەواو کرد و پاشان چوو بۆ تاران و لە یانەی زانستی بالادا، لیسانسی وەرگرت. ساڵی ١٣٠٤ (١٩٢٥ ز.) چووە نێو وەزارەتی پەروەردە و ساڵانێکی زۆر لە کرماشان و سنە دەرسی گوتەوە و لە چەند شاری‌تر، وەکوو چاوەدێر و سەرپەرشت، کاری کرد و سەرەنجام ساڵی١٣٨٣ ک. م. سەری یەکجاری نایەوە و لە شاری قوم ناشتیان.

شادڕەوان گوویا مرۆیەکی دیندار، دەروێش، ئەهلی تەریقەت و بەڕاستی خزمەتگوزاری فەرهەنگ (کولتوور) بووە و ئەدەبیاتی باش زانیوە و شیعریشی گوتووە. لە سەرەتادا نازناوی «زوجاجی» و پاشان «گویا»ی بۆ خۆی داناوە.

غەزەلێکی گوویا:

به بزم، چون بت من جام می به دست بگیرد اساس توبه عجب نیست گر شکست بگیرد

---

[١] لە کتێبی «*عُلَماونا فی خدمة‌العلم و الدّین*» دا، زا و مەرگی مامۆستا، ١٣١٠ و ١٣٨٠ ک. م. نووسراوە.

به دست عشق اثر نیست باده را مگـر آن دم
که جامی از صنمی شوخ و مـی‌پرسـت بگیـرد

چنان به تیر نگه کشت چابکم که دو صد جـان
اگر کـه بـود، سزا بـود نـاز شـست بگیـرد

گرفت تاب و توانم به نیم غمزه و ای کاش
ز من بـه نـیم دگـر جانی ار کـه هـست بگیـرد

بلای جان تو شد هـوش ناتمـام تـو «گویـا»
بهل بـه غمـزه‌اش آن چـشم نیمـه‌مـست بگیـرد

تذکره‌ی شعرای کرمانشاه، ل١٠٦.

حافیدی قزڵجی

موحەممەد سەعیدی حافیدی، کوڕی مەلا ڕەحیم، کوڕی مەلا موحەممەد حەسەن، کوڕی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، ڕۆژی ١٠ی مانگی ڕەبیعول ئەوەڵی ساڵی ١٣٢٢ ک. م. لـە بۆکـان هاتـە دنیـا. سەرەتا خوێندنی لای بابیەوە دەسپێکرد و ئەوجار چوو بۆ سەقز و ماوەیەکیش لەوێ خەریکی خوێنـدن بوو. ساڵی ١٣١١ ک. هـ.)١٩٣٢ ز.) گەیشتە سلێمانی و دەوری دوو سالیش لەو شارە خوێندی. بەشوێن ئەوەدا گەڕاوە بۆ مەهاباد و تا ساڵی ١٣١٦، لە خزمەتی مەلا ئەحمەدی تورجانی‌زادەدا ـکە ئامۆزای بـابی بوو ـ درێژەی بە خوێندن دا. سەرەتاکانی ساڵی ١٣١٧ ک. هـ.)١٩٣٨ ز.) بوو بە کارگێـڕی وەزارەتی داد و پاش کاری جۆراوجۆر لە چەند شاری وڵاتدا، سەرەنجام بوو بـە جێگـری دادسـتان لـە کرماشـان و تـا کۆتایی ژیان (١٣٤٢ ک. هـ. ١٩٦٣ ز.) لەو شارەدا مایەوە و لەوێش عەمری خوای کرد.

ڕەوانشاد حافیدی دۆستێکی ڕاست و بەوەفا بوو. بێجگە شارەزایی لە زانستە دینییەکاندا، تا ڕادەیـەک لەگەڵ زانیاری نوێشدا ڕاهاتبوو؛ زبانی ئینگلیسی و ترکی دەزانی و پێـڕای کـار، لیسانـسی خواناسیـشی وەرگرت. زەینێکی تیژ و زانینێکی بەربڵاوی هەبوو. بە کوردی و عـەرەبی و فارسـی شـیعری گوتـووە و شیعرە کوردییـەکانی جـوانن. مووسـیقای دەزانی و دەنگیـشی خـۆش بـوو. ئەمـەش نموونەیـەک لـە شیعرەکانی:

چییـــە دونیـــا؟ هـــەموو دەرد و بەڵایـــە
لـــە هـــەر لاوە شـــەڕ و هەڵـــلا و هەرایـــە

وە بـــیری نایـــێ ئاغـــا حاڵـــی نۆکـــەر
ڕفێقـــیش بـــۆ ڕەفیقـــی بـــێ‌وەفایـــە

نییـــە خزمایـــەتی، دۆســـتی نـــەماوە
جەفا و زەحمەت لـە دۆسـت بـۆ ئاشـنایە

بە قین باوک لە کوڕ، کچ دوژمـنی دایـک
بـــرا تینـــوو بـــە خوێنخـــۆری برایـــە

لە عەیش و کەیفی شەو تـا ڕۆژە ئەشـراف
گـــەدا برســـی و بـــە ئـــاواتی کەوایـــە

لـــە ڕایـــەت مالیـــک و ئاغـــا بەقینـــە
بـــە کارگـــەر، کـــاردەر بـــێ‌ئیعتینایـــە

بەدەس جەور و جـەفای ئـەرباب، دهـاتی
بـە شـارا خـول ئـەخوا، ئێـژی گەدایـە

دوکانـداریش لـە دەسـتی کاربەدەسـتان
لـــە شـــاران دەرکـــراو و هەڵـــوەدایە

شەڕی دەروێش و سۆفیش قورسە ئەمما
هەموو شەڕیان لەسەر لێفەی مەلایە
ژن و شووش لەم قڕە بێبەش نەماون
بەرەڵڵایی ژنان عەینی حەیایە
لە هەر لا زەلزەلە و سەیل و خەسارەت
کولە و ئافاتی ئەرزی یا سەمایە
ئەمانە پاک لەبەر بێدینی و جەهل
نەتیجەی ئیشی زشت و ناڕەوایە
عەلاجمان یەکیەتی و ڕاستی و دروستی
ڕەوشتی چاکی «فَخْرُ الانبیایە»

یاداشتەکانی نووسەر.

موحەممەد ڕەشیدی خالیدی

مەلا موحەممەد ڕەشیدی خالیدی، کوڕی عەللامە مەلا عەبدوڵلای موفتی دشی[1] و برای حەقودای مەلا مەحموودی موفتی کوردستان[2]، ساڵی ١٣٢٣ ک. م. لە شاری سنە هاتە دنیا و هەر لەو شارەش خوێندنی تەواو کرد.

ساڵی ١٣٥١ ک. م. بە نیازی خزمەت گەیشتنی قوتبی عارفان، شێخ عەلی حوسامەدینی گڵکۆ پیرۆز، لە سنە دەرکەوت و ڕووی لە کوردستانی باشوور نا. لەوێ پاش دیداری شێخ و چوونە ناو تەریقەتی نەقشبەندیوە، ماوەیەک لە خانەقای تەوێڵێ خەریکی سەیر و سولووک دەبێ و پاشان بۆ دیتنی ولاتانی عەرەب و زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان، لە ڕێی سلێمانی و کەرکووکەوە، ئەگاتە بەغدا و کەربەلا و نەجەف و لە هەرکام لەم شارانە، چەند ڕۆژ لائەدا و لەگەڵ زیارەتدا، زانایان و مامۆستایانیان دەبینێ. ئەوجار بەرەو شام و ئوردون دەچێ و سەرەتێک بە حەلەب و دمشق و قودس و عەممان و چەند شاری تردا دەگەڕێ. ئەنجا کە کاتی حەج دەگا، ئەچێتە حیجاز و دوای بەجێهێنانی حەج و زیارەتی مەدینەی پیرۆز و باقی شوێنە ممبارەکەکان، دەگەڕێتەوە بۆ لوبنان. لەوێ دوای ئاشنا بوون لەگەڵ چەند کەس لە مەلایانی بەیرووت، لە مزگەوتێکی ئەو شارە بەناوی «جامع الخضر»دا دەبێتە بەرنوێژ و تازە لەوێ دەمێنێتەوە. بەڵام ساڵێ چەند جار بۆ سووریاش دەچێ و لەگەڵ عارفان و زانایانی ئەوێشدا ئاشنایەتی و دۆستایەتی دادەمەزرێنێ.

بۆخۆی زۆر جاران بە ڕێزەوە باسی کەڵەپیاوانی ئەو سەردەمەی سووریای دەکرد و تەنانەت ناوی چەند کەسێکیانی کە دەبرد، فرمێسک بە چاویدا ئەهاتە خوار. شیاوی باسە یەک لەو مامۆستایانە، بە ناوی شێخ شەریف یەعقووبی، دوای ناسینی مەلا موحەممەد ڕەشید و زانینی ڕادەی پارسایی و بەرزی ئاکاری،

---

١. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٦١٣.

٢. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٨٠٦.

کچەکەی خۆی لێ مارە دەکا.

موحەممەد ڕەشید دوای ژن خواستن و نیشتەجێ بوون لە لوبنان، هەموو ساڵێک بۆ کاکی (مەلا مەحموودی موفتی) و کەس و کاری تری لە شاری سنە، نامەی دەنووسی. نامەکانی ئەم دواییانەی، ڕەنگ و ڕوویەکی جیاوازی پەیدا کردبوو؛ دەری‌دەخست کە دڵ و دەروونی نووسەرەکەی تا چ ئاستێکی بەرزی عیرفانی گەیشتووە و زانست و زانیاری خاوەن ئەو قەڵەمە تا چ ڕادەیەک بەرز بۆتەوە.

مەلا موحەممەد ڕەشید چەند جار بۆ میسر و مەراکیش ڕۆی و دوو جاری‌تر سەفەری حەجی کرد. ساڵی ١٣٧٠ ک. م. بۆ دیداری کاکی (مەلا موحەممەدی بورهان)[١] چووە ئەستەمبووڵ. زستانی ١٣٧٥ یەکەم جار گەڕاوە بۆ سنە و ماوەیەک مایەوە و چاوی بە خزم و کەسانی کەوت. ساڵی ١٣٨٣، جارێکی‌تر بە ژن و منداڵەوە، هاتەوە بۆ سنە و ئەمجار لەبەر ئەوە کاکی کۆچی دوایی کردبوو، بوو بە میوانی ئێمە و ئەمن توانیم جوانتر کەسایەتی بەرز و پاکی و پارێزکاری ئەو کەڵەپیاوە ببینم. عارفێک بوو دڵ‌ئاگا و خۆش سەروزمان و گفت جوان. کاتێ قسەی دەسپێدەکرد، گڕ و تینێکی تایبەت دایدەگرت و زۆربەی قسەکانی تەفسیری قورئان و زانیاری ئایینی بوو. ئەگەرچی بە بەرنامە قورئانی لەبەر نەکردبوو، بەڵام بەو بیرە تیژەوە هەیبوو، هێندەی خوێندبۆووە، هەمووی لە سینەیدا بوو. شەوان زوو دەنووست و بێ شەوبگار، نیوەشەوان بۆ شەونوێژ هەڵدەستاوە و تا درنگێک نوێژ و قورئانی دەخوێند. پێش تاوهەڵاتیش دیسان بۆ نوێژی بەیانی لە خەو ڕادەبوو. ئەمجار تا خۆر دەکەوت، لە سەر بەرماڵەکەی نوێژ و ڕازونیازی دەکرد و بە دەنگێکی نەرم و خۆش قورئانی دەخوێند و فرمێسکی دادەخست. بەڕاستی پیاوێکی پیرۆز بوو. لە بەخشیندا، ڕادەی ڕانەدەگرت و زۆر جار ئەگەر هەژارێکی ئەبینی، تەنانەت بەرگ و پێڵاوەکەشی پێ دەبەخشی و بە پێخواسی ئەهاتەوە ماڵ.

بنەماڵەی پێغەمبەری یەکجار خۆش دەویست. لەگەڵ شیعری حافیزدا سەیر ببووە دۆست و هەمووی لەبەر کردبوو. تەنانەت دەیگوت لە دیوانەکەی دەکرێ سەبارەت بە داهاتووش زانیاریمان دەسکەوێ و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بەڕاستی زمانی غەیبە.

مەلا موحەممەد ڕەشید بەهۆی زانینی عیلمی حرووف و ئەعداد و بە یارمەتی دڵی ئاگا و چاوی بینای، جاروبار لە ڕووداوانی داهاتوو خەبەری دەدا. زۆری لوتف لەگەڵ من هەبوو؛ پێی خۆش بوو دانیشم و لێی فێر ببم؛ بەڵام من ئەو کاتە سەرقاڵی دەرس‌گوتنەوە و مەدرەسە بووم و لە لایەکی تریشەوە وازێکی وام لەو جۆرە زانستانە نەبوو.

سەید موحەممەدی عەرەبی ئیدریسی حەسەنی، حەدیس زان و مەرجەعی فتوای لوبنان، لە لاپەڕەی

١. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٧٨٧.

٨٧ی کتێبی «*اتحاف ذوی‌العنایه*»دا ـکە سەبارەت بـە زانایـان و عارفـانی شـام و لوبنانـە ــ لەمـەڕ مـەلا موحەممەد ڕەشیدەوە وای نووسیوە:

«و منهمُ أُستاذُ البركَةِ الصّالحُ الصُّوفی الشَّيخُ محمد رشيد مُفتی‌زاده خطيب و إمام و مدرّس بِمسجد الخـضر عَليه‌السّلام، تعرَّفْتُ به فی بيروتَ عندَ نُزوله و سُكْناهُ بها، فَأَلْفَيْتُـهُ صـاحِبَ أحـوال معَ كـرمٍ و افـضال؛ يـتكلّم بإشارات صوفيَّة و يفَسّر كثيراً من الايات القُرآنيّة مِن طَريق الإشارات الصُّوفية، و يَستنبِطُ مِنْها أخباراً كَـونيَّة، أَدامَهُ‌الله وَ نفعَ بِه».

نامیلکەیەکی بە زمانی عەرەبی لە بەیرووتەوە بۆم ناردبوو، بریتی لە ڕاڤەیەکی دوور و درێژ سەبارەت بـە دنیا و سەرەتای وەدیهاتنی بوونەوەران و هاتنـە سـەر زەوی بابـەدەم تـا وەدیهـاتنی خاتـەم (د) و وەک نووسیبووی بەشێک لە کتێبێکی گەورەیـە لـە بـارەی ڕاز و ڕەمـزی ئافرانـدنی جیهانـەوە کـە بۆخـۆی نووسیویە.

ئەم عارفە زانا و مامۆستا گەورەیە سەرەنجام لـە نێـوانی سالـی ١٣٨٤ ک. م. لـە بـەیرووت جیهـانی بەرچاوتەنگی بەرەڵدا کرد و خێوەتی سەربەرزی خۆی لە بارەگای خودای دڵاوادا بەرپا کرد. بەرامبەر بـە ڕاسپێری خۆی، تەرمەکەیان لە بەیرووتەوە بردە دمشق و لە زیارەتـانی «بـابُ‌الـصّغیر»، لـە پـەنای شـێخ شەریفی خەزووری ناشتیان.

ئەمن بەو بۆنەوە ئیرادەتم پێ هەبوو، لە شینیدا، قەسیدەیەکی عەرەبیم دانا و بۆ کوڕی بـەڕێزی، کـاک عەبدوڵڵای خالیدی، بۆ بەیرووتم نارد؛ کە ئەوا بەشێکی:

ماهــذه الــدُّنیا بــدار قــرار — لا فـی هُنـاکَ مـآربُ و أمـانی
لَـیْس الزَّمـان مُواخیـاً و مـوازراً — شـیم الزَّمـان خُـصُومَـةُ الإنـسان
مــنْ بـات فیهـا ظـافراً او خائبـاً — أردتـهُ یومـاً حَـرْبَـة الحـدثان
طُـوبی لمَـن لـمْ یبغ فیهـا غَیْـرَ مـا — أوْحـی بـه الـرَّحمن فـی الْفرقـان
طُــوبی لحُـرّ طَلَّـق الـدُّنیا و لـمْ — یهْــتَمَّ بالمــال وَ لا الْعُنـــوان
طُــوبی لــصُوفیٍّ تقــیٍّ زاهــد — لَــمْ تُلْهــه أنْعــمُ دار فــان
إنَّ «الرَّشـید مُحمَّـداً» أودی وَ أصـــ — ـبحَ ضَـیْف کـوثر سـیِّد العـدنان
مـولیً لـهُ فـی النّاس ذکـر سـائر — بــصفاء آراء و حُــسن بیــان
یعـزی لقـوم سـادة «کـردیّـة» — بیــت العلــوم و مَعْـدن الْعرفــان
الحـائزین ذری الـشّرافـة و العُلـی — و الفــائزین بنعْمَــة الرِّضْــوان
نـالُوا الـسّیادةَ و الرّیـاسـةَ و الإمـا — مَـةَ فـی اتّبـاع شـریعَـة الـرَّحمن
نَسَب لَهُمْ کالشَّمس معْ حَسَب هُمـا — مُــتلأ لئــان کلاهُمــا ســیّان

مِـنْ مَعْـشَرِ الإفتـاء قَـدْ ورثـوا الكَـرا   مَـــةَ كــابراً عَـــنْ كــابر ذیشـــان

* * *

یا عـالیَ الخُطُـوات فی سُبُل الهـدی   یـــا ذاكـــراً فـــی الـــسّرّ و الإعـــلان

یـا محـسناً قَـدْ فـاقَ مَعْـنَ الزّایـدَه   فـــی عَـــصْرنا بـــالجود و الإحْـــسان

یا كعبـةَ المعـروف، یـا مُحیـی النَّدی   یـــا منبـــعَ الإیقـــان و الإیمـــان

یـا مَـنْ لَـهُ خُلُـقٌ جَمیـلٌ عَرْفُـهُ   فـــی طیبـــه كَـــشقایق النُّعمـــان

فـی عـصْرنا إنْ كـان ركـنٌ ثابـتٌ   لمُهَـــذَّب الأخْـــلاق، أنْـــتَ الْبـــانی

قَـدْ كُنْـت مُنْقطـع الْقـرین عَدیمَـهُ   ذارقَّـــة مـــنْ خَـــشْیة الـــرَّحمن

قَـدْ كُنْـتَ قوّامـاً خَـشُوعاً خاضـعاً   بَكّـــاءَ حـــینَ تـــلاوَة القُـــرْآن

كانَـتْ عُیُونُـكَ دائمـاً مُبْلـولَـةً   مـــنْ خـــوف نیـــران و شَـــوْق جنـــان

طـوبی لقـوم مـوتهم كَحَیـاتهمْ   ولـــك الممـــاتُ الآن عُمْرٌثـــان

قَدْ غبْت عَنْ وطـن سنینَ وَ قَـدْ ثوَیـ   ـــتَ بـــأرض شـــام أوثَـــری لُبنـــان

والله كُنْـتَ مُقـیم مُهْجَتنـا، كمـا   شـــاهَدْت حـــینَ زیـــارة الأوطـــان

واهـاً لفَقْـدكَ یـا عزیـزُ فَمـصْرُنا   مـــنْ نَعـــی یُوسُـــفَ بَلْـــدةُ الأحـــزان

حَمَلُوك منْ بیروت نَحْود مَشْقَ والـ   ـــأحبابُ حَوْلَكَ فی بُكیً وَ حنـان

مُتأسّـفین، مُـشَیّعین، تفـیضُ اَعْـ   ـــیُنُهم جَـــویً وَنَـــوی بـــدَمع قـــان

* * *

منّـی الـسَّلامُ لمـن ثَـوی دارَالـسّلا   م قریـــرَ عـــین مُـــسْتَنیرَ جَنـــان

منّـی إلیـه تَحیَّـةٌ مـشفُوعَةٌ   بزفیـــر وَجْـــد الْقَلْـــب ذی الْهَیَمـــان

وَ سَـحائبُ الرّضـوان تَـسقی رمْـسَهُ   مـــنْ كـــلّ مُـــزْن هاطـــل هَتّـــان

أدعـو و أسـألُ مـن إلهـی اَنْ یَحُـ   ـــفَّ ذویـــه بالتَّـــسلیم و الـــسّلْوان

* * *

أرَّخْـت رحْلَتَـهُ ببیـت ملهـم   هجْـــریـــة یُغنیـــك عَـــنْ تبیـــان

«أمسی الرَّشیدُ بجهد دیـن المُـصطفی   مَلَكـاً یحـومُ الیَـوْم حَـوْل جنـان»

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من. اتحاف ذوی‌العنایە*، چاپی بەیرووت، ل٨٧.

حەبیبوڵڵای نەعلەینی

سەید حەبیبوڵڵا مرۆیەکی ڕێزدار، دڵپاک، خەڵکخۆشەویست و دیندار بوو کە ساڵی ١٣٠٢ ک. م.

هاتبووە دنیا و لە گوندێکی لای ڕوانسەر، بە ناوی «خەراجیان»دا دەژیا و ژیـانی بـە کـشتوکـاڵ بـەڕێوە دەچوو. ڕێبەندانی ساڵی ١٣١٠ ک. هـ.)١٩٣٢ ز.) کە ڕەزا شای پەهلەوی، زۆرێک لە گـەورە عەشـایر و خەڵکی ناوداری کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا گرت، ئەمیش گیرا و ماوەی ١٠ ساڵان (تا خەرمانانی ١٣٢٠) لـە زیندانی ئەسفەهان توندکرا. دوای ئازاد بوون، گەڕاوە زێدی خـۆی و تـا کۆتـایی ژیـانی (١٣٨٤ ک. م.)، خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری گوند و خەڵکەکەی بوو.

خوا لێ خۆشبوو نەعلەینی، بێجگە دەسـت و تفـەنگ و سـواری، کتێـبخـوێن شیعردۆسـتیش بـوو. بەتایبەت خەمسەی نیزامی هەر لە دەستی دانەدەکەوت. جارـ جاریش خۆی شیعری دەگوت.

ئەوا شیعرێکی، کە باسی تاڵی ژیان و کۆسپی زیندان دەکا:

یـــاران، عـــەزیزان! دەردم کارییـــەن	زوخـاو دەروون چـون سـەیل جارییـەن
مەحبووس و زەلیـل، بـێتەقـسیر وێمـان	ڕای نـەجات تاریـک، بـێتـەدبیر وێمـان
دوور کەفتـەی وەتـەن غـەریب، بێچـارە	سـەرعی خـاتر تـەنگ سیاسـتارە
تۆخـودا یـاران، ڕەفێقـان چـۆڵ!	یاد کەن غەریبان خەستەی خەم وە کۆڵ
هەرسـاتێ هـەوای ئـازادی هـەردان	گەشت و سـەییادی و گوزەرگـای زەردان
چـەنی ڕەفێقـان جوویـا پـەی نـەچیر	بێخەم مەسـت شـەوق وە سـۆز دڵـگیر
جەرگـەی کـەڵڕمـان، ناڵـەی ماردمـان	سەدای هەی دەسوەش دەروون بێخـەمان
نەسـیم بـۆی عـەتر چنـوور و شـەوبۆ	گـشت بی وە خـەیاڵ، وەی وە یانـەم ڕۆ
مـەیۆ وە یـادم چـون خـاو شـەوان	نەفـەس قـەتع مـەبۆ، لاڵ مـەبۆ زوان
دیـسان گرفتـار چـەرخ گـەردوونیم	وەگیـان یـاران تـەمام زەبـوونیم
جەی قەفەس تەنگ حەبس ئەسفەهـان	ڕیـشەی شـادیمان جـە بـیخ هۆرکنیـان
ئەگـەر بـەیان کـەم هەزاریـەک دەردم	مـەبۆ وە سـەربار هەناسـەی سـەردم
بـاز هـەم پـەنامان وە زات حـەقـەن	وە لوتـف بێچـوون فـەرد موتـڵەقەن
کەرەم بـێشـومار، مـەر وە لوتـف وێـش	وە فەزڵ و ڕەحمـەت، وەرنـە چـارەیێش
یە «حبیب» واتـەن وەی گـشت دەردەوە	دڵ وە هەناسـەی سـیای سـەردەوە

حدیقەی سُلطانی، ل٨٨. یاداشتەکانی نووسەر.

نەجمەدین مەلا

کوڕی مەلا غەفوور، کوڕی مەلا ئیبرایم، ساڵی ١٣١١ ک. م. لە سلێمانی هاتە دنیا و لای بابی و حـاجی شێخ مستەفای قازی خوێندی و بەشوێنیدا، ماوەیەکی کەم لە کارێکی دەوڵەتیدا دامەزرا.

نەجمەدین مەلا پیاوێکی ئاگا و سەر لە ناو کتێبان بوو. ماوەی چل ساڵان کتێبخانەیەکی کە خۆی داینابوو و «کەشتی نۆح»ی پێ دەگوت، بەڕێوە برد. ساڵی ١٣٤٧ بە هاوقۆڵی مامۆستای هێژای کورد، حوسەین حوزنی موکوریانی، گۆڤاری«*زاری کرمانجی*» بڵاو کردەوە.

مامۆستا بابەتی زۆری سەبارەت بە کورد و کوردستان کۆ کردبۆوە و هێندێکیانی لە ڕۆژنامەی «ژین»دا چاپ دەکرد. هەر لەو ڕۆژنامەیەدا لە شوێنێکی تایبەتی بۆ منداڵانی دەنووسی.

لەم مامۆستایە زۆر کتێب و نامیلکە بەجێ ماوە کە تا ئێستا هیچیان چاپ نەکراوە.

کۆچی یەکجاری نەجمەدین مەلا، ساڵی ١٣٨٤ ک. م. ڕووی‌داوە.

روزنامه‌نگاری در کردستان، ترجمه احمد شریفی، چاپ ١٣٥٧ ک. ه. ل ٦١ و ٦٢.

نافیع یونس

ساڵی ١٣٤٧ ک. م. لە هەولێر هاتە دنیا و ساڵی ١٣٦٩ خوێندنی لە ڕشتەی حوقوقی زانستگای بەغدا، تەواو کرد و لە ڕاستیدا لەوە بەولاوە، هەموو ژیانی لەڕێی خەبات بۆ گەلەکەی دانا.

نافیع کاتی خوێندنی لە زانستگادا (ساڵانی ١٣٦٥ و ١٣٦٦)، چووە نێو کۆڕی خەباتکارانەوە و یەکێ لە ئەندامانی کارای ئەو کۆڕە بوو، کە ڕێکخراوەی «شۆڕش»یان پێ دەگوت. ساڵی ١٣٦٩ ک. م. گیرا و ماوەی دەساڵان لە زیندانی ناوەندی بەغدا، توند کرا.

لە ڕاپەڕینی تەمووزی ١٣٧٩دا، لەگەڵ تاقمێک لە هاوبیرانیدا، ڕۆژنامەی «*ئازادی*» دانا؛ کە بە کوردی و سەرەتا لە کەرکووک دەردەچوو. پاش ماوەیەک بردیانە بەغدا؛ بەڵام نافیع دیسان گیرا و ئەم جارە لە زیندان، ساڵی ١٣٨٤ ک. م. سەری یەکجاری ناوە.

روزنامه‌نگاری در کردستان، ترجمه احمد شریفی، چاپ ١٣٥٧ ک. ه. ل ٧٠.

قانیع

شێخ موحەممەد، کوڕی شێخ قادری کەلووس، کوڕی شێخ سەعید، کوڕی شێخ موحەممەدی دۆڵاش، لە سەیدەکانی کابولی ـکە لقێکی کۆنەپۆشین ـ ساڵی ١٣١٨ ک. م. لە گوندی «ڕێشین»ی شارەزوور هاتە دنیا. لە چلەیدا بابی عەمری خوای کرد و چوارساڵان دایکی بەجێی هێشت و لەوە بەولا، خوا لێ خۆشبوو سەید حوسەینی چۆڕی، گەورەی کرد و پێی خوێند.

موحەممەد لە تەمەنی ١٢ ساڵاندا چوو بۆ خوێندن و دوای ماوەیەک گەڕان بە شارانی سلێمانی و سنە و سەقز و کۆی و کەرکووکدا، سەرەنجام گەڕاوە بۆ سلێمانی و سەردەمێک لە خزمەتی عەللامە ئیبنوقەرەداغی بەهرەی برد؛ ئەگەرچی کەم و کووڕی و گیر و گرفتی ژیان، چیدی نەیهێشت بخوێنێ و

دەرسەکەی تەواو بکا ؛ بەڵام هەر لەو کاتەوە کە لە سنە دەیخوێند، بە هۆی زەوق و لێهاتوویی سرشتیوە، شیعر گوتنی دەسپێکرد. ئەڵبەت باب و باپیر و تەنانەت دایکیشی لە بواری شیعردا سەریان دەرچووە و کوڕەکانیشی («خنجەر» و «کوتەک» و «وریا»)، لەم بارەوە بێ دەسەڵات نین.

قانیع بۆخۆی بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە و زۆربەی شیعرەکانی گلە و گازندەیە لە بارو دۆخی کۆمەڵگا و ژیانی بێ سەروبەری خۆی. پیاوێکی خاوەن زەوق، وێژەوان، زانا، ئاگا و تێگەیشتوو، کەچی سەرانسەری ژیانی بە هەژاری و نەداری و دەربەدەری ڕابواردووە؛ لەبەر ئەوە ویستوویە سەری بەرز بگرێ و دەستی خوازەڵووکی بۆ کەس دانەکێشێ، هەموو کارێ، لە نووسەری و مەکتەبداری و مامۆستاییەوە تا باخەوانی و کشت و کاڵ و چەرچیگەری و ئاشەوانی و هێزم فرۆشی و تەنانەت کرێکاری کردووە؛ بەڵام بەو بۆنەوە قەت زمانی بەلادا نەخستووە و سەری بۆ قسەی زۆر و ناحیساب دانەنەواندووە و هێندێکیش قسەی تاڵ و ڕەق بووە، لە هیچ کارێکدا ئاخری نەهاوردۆتەوە و هەر کارێکی دەسپێکردووە، پاش ماوەیەک بەجێیهێشتووە.

ئەوانەی لە نزیکەوە قانیعیان دیوە و لەگەڵیدا ژیاون، زۆر لە قسەخۆشی و گاڵتەکردنی بە هەموو شتێک و تیز تێگرتن و تەشەر دانی، بەتایبەت لە دەسەڵاتداران، دەگێڕنەوە. ئەگەر قسەیەکی بۆ هاتبێ کە لووتبەرزێکی پێ سووک بکا، گوێی نەداوە ئەو قسە چەندە ئاو هەڵدەگرێ و چەندی خراپ لێ هەڵدەستێ. دیارە ئەم تایبەتمەندییەش هۆیەکی سەرەکییە بۆ ئەو هەموو چەرمەسەرەی بە سەریدا هاتووە.

لە شیعرەکانی مامۆستا قانیع، تا ئێستا پێنج دەفتەری چاپ کراون؛ کە بریتین لە:

١. *گوڵاڵەی مەریوان*

٢. *باخچەی کوردستان*

٣. *چوارباخی پێنجوێن*

٤. *شاخی هەورامان*

٥. *دەشتی گەرمیان*

شیاوی باسە هەموو ئەم شیعرانە کوردین و شیعرە فارسییەکانی هێشتا چاپ نەکراون.

قانیع ساڵی ١٣٨٥ ک. م. لە گوندی «لەنگەدێ»، لای پێنجوێن، سەری یەکجاری ناوە و لە ئەرک و مەینەتی دنیا حەساوە.

چەند نموونە لە شیعرەکانی:

کە دولبەر بادەنۆشی کا، ئەبێ من خزمەتی مێو کەم
به شەو ئاودێری باخات و بە ڕۆژ دەفعی چڵوچێو کەم

ئەوندە یاس و بێزارم لە چەرخ و ئەهلی ئـەم چەرخـە
ئەبێ تەقلیدی مەجنوون و خەیاڵـی ژیـنی سـەرکێو کـەم
چ ڕۆژێکــە خــوا! ئەمــڕۆ کــە هــاواری برینــداریم
نەوێرم بانگی بۆ هەڵدەم بە بۆڵەبۆڵـی ژێـر لێـو کـەم
موقەددەر باڵی توند بەستم دەری کردم لە نـاو یـاران
مەگەر ئەمجا بە ناچاری ڕەفیقی جـننی و دێـو کـەم
کە باخی ئارەزووم ئەمڕۆ نەبێ، زاهید! لـە مەحـشەردا
ئیتر بۆچ ئارەزووی باخی هەنار و قەیسی و سێو کەم؟
خەیاڵم وابـوو گۆچـانی نەسـیحەت هەڵـگرم بـۆ ڕان
وەکوو مووسا لە دەشتی ئەقدەسا شـوانانە هـەر عێـو کـەم
شوعەیبێکم نەدی شـەرتی شـوانیم بـۆ بـەجێبێنـێ
ئیتر بۆچ خزمەتی ڕانی بە بێ سوود و بە بـێ خێـو کـەم؟
چ خۆشە «قانع»ی ئەمڕۆ لە دەشتی وەحدەتا وەک تۆ
بە هیوای جەژنی سەربەستی لە خـوێنی جـەرگ پارشـێو کـەم

* * *

ئەی لە کونهی زاتی پاکت کوێر و نابینا منم
وەی لە بازاڕی سیفاتت بێسەر و سەودا منم
گەر خوداناسی وەها بێ پێشەواکان کردیـان
قوڕ بەسەر خۆم لەم زەمانە هەرزەو و ڕسوا مـنم
هەرکەسێ بۆخۆی تەریقی حەقشناسی گرتە پـێش
کەس نەناس و بەشبڕاو و سەرکز و شەیدا مـنم
«لـێس للانـسان الّـا مـا سـعی» نەمگرتــە گــوێ
بۆیە ئیستە موستـەحەققی ئـاگری عوقبـا مـنم
ئاگری هەوڵم بە جۆش و هەڵمەتی حرسم گران
دائیما غەرقی خەیاڵـی پـووچ و بـێمـەعنا مـنم
واعیزێ گەر خەیری خۆی وەعزم بدا من پێی دەڵێم
ژاوەژاوت لابە واعیـز، مـوفتی و مـەللا مـنم
موژدە بـێ «قـانع» کـەوا ڕەحمـی خـوا بـۆ عاسـییە
جا کەوابوو موستەحەققی ڕەحمەتی عولیا مـنم

قانیع دەوری ساڵی ١٣٤٢، لەگـەڵ «وریـا»ی کوڕیـدا گـیرا و بردنیانـە زینـدانی قەسـر لـە تـاران و هەرکامیان لە قەورەقووڵەیەکدا جیا لە یەک. ئەم شیعرەی لە کاتێکدا نەخۆش کەوتووە و لە کوڕەکەشی هیچ خەبەرێکی نەزانیوە، داناوە:

ئـاخرین ماڵـی ژیـانم کـونجی بەندیخانـەیـە
ئەم کەلەبچە، مەرهەمی زامی دڵـی دێوانەیـە
زۆر دەمێکە چاوڕوانی، زرزڕی زەنجیر ئەکـەم
سەیری ئەم زنجیرەکەن! وەک زیوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ و خوێنم خەنەس بۆ دەست و پـێ
حەڵقەحەڵقەی پێـوەنم وەک پلپـڵە و لەرزانەیـە

گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ، کونجی زیندانم قوتابیخانەیە

بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنە هیوای بە بەندیخانەیە

گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادیە
تۆپ و شەستیر و کەلەبچە، لام وەکوو ئەفسانەیە

چاوڕوانی شۆڕشێکم، عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە، کردەوەی شێرانەیە

گەر بە ئازادی نەژیم، مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن، کاری نامەردانەیە

«قانع»م ئەمڕۆ لە زیندانا، بە ئازادی ئەژیم
سەد هەزار لەعنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە

تێهەڵکێشی دوو غەزەلی فارسی و عەرەبی حافیز، بە تێزەوە:

ئەگەر شەو بێتە سەر جێگەم کەوا تاقەی کراس خارا
«بە خال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را»

وتم پێ: کوێ بە دڵ تۆیە؟ بە عیشوە پێ کەنی و فەرمووی
«کنار آب رکن‌آباد و گل گشت مصلی را»

سەر و زولف و برۆ، چاو و خەت و خاڵ و لەبی لەعلت
«چنان بردند صبر از دل، کە ترکان خوان یغما را»

نە تەنها من لە ڕەمزی تاقی میحرابی بڕۆت ناگەم
«کە کس نگشود و نگشاید بە حکمت این معما را»

سڵامم کرد لە یاری خۆم، وتی: هەی ناعَلَیْک، ئەبلهھـ!
«جواب تلخ می‌زیبد لب لعل شکرخا را»

کە حوسنی یۆسفم بینی، سەعاتەن بۆم موحەققەق بوو
«کە عشق از پردەی عصمت برون آرد زلیخا را»

بە میسلی شەکر و چا بێ‌یەک سەفایان لێ نەبینراوە
«جوانان سعادتمند (و) پند پیر دانا را»

ڕەواجی دەفتەرت «قانع» ئەبێ مونکیر چلۆن بیبا
«کە بر نظم تو افشاند فلک عقد ثریا را»

* * *

تۆخوا زولف خەناوی زەمانی وەسڵت کامە
«إنّی رأیت دهْراً مِن هجرِكَ القیامە»

ئیزهاری عیشقبازی تاکەی بکەم بە بێ‌سوود؟
«لَیسَت دُمُوعُ عَیْنی هذی لَنا العلامە»؟

من ئیمتحانی بەختم ئەکەم وەلێ ئەزانم
«مَنْ جَرَّبَ المُجرَّب حَلَّتْ بە النَّدامە»

ئەی دڵ! لە یاری بێ‌مەیل، بێ‌مەیل بە، چونکە ڕاسە
«في بعدها عَذابٌ، فی قُرْبها السَّلامە»

سۆفی ئەڵێ بە بێ‌ڕەنج وساڵی دولبەرم هەس
«واللهِ ما رأیْنا حبّاً بلا مَلامَە»

دوێنێ لە بەختی من یار چارشێوی شەرمی لادا
«کالشمس فی ضُحیها تبدو منَ الغمامە»

«قانع» لە شەوقی چاوی عاشق بە جامی مەی بوو
«حَتی یذوق منهُ کأساً منَ الکرامە»

دیوانەکانی قانیع. چێشتی مجێور، چاپی دووەم، ل٩٦-١٠٠ و ١٦٥-١٦٦. *زایەڵەی زرێوار*، ئامادەکردنی ئەحمەدی نەزیری.

خوەرشی نما داواشی

کچی داواشی موحەممەد و خوشکی میرزا ئەحمەد موحەممەدی داواشی، خاتوونێکی ئاگا و پارسا، سەر

بە تەریقەتی قادرییە کە ئەمیش وەکوو براکەی، بۆ شیعر گوتن و لەسەربیر بوون دەستێکی باڵای هەبووە و ساڵی ١٣٨٥ ک. م. دوای ٦٥ ساڵ، ماڵاوایی دنیای کردووە.

خوەرشی نما ئەم شیعرەی بە باڵای مورشیدەکەیدا (سەید سەفائەدینی بەرزنجی هاشمی) گوتووە:

یــە خوەرشــید واتــەن، دایم غەمینــەن | غـــەمین دووری«صـــفاءالدین»ــــــەن
یـــا خـــودا مـــەرگی نـــەوێنم وە چـــاو | نەیژنـــەفم وە گـــۆش نـــەیوێنم وە خـــاو
جـــادار عـــەزیز پـــیر ئیرشـــاد بـــۆ | وەکـــێڵ زینـــدەی غـــەوس بەغـــداد بـــۆ
ناڵەی مەستانەی تەکیەش هـەر بـەرز بـۆ | پـــەناگای دەروێـــش ئەبـــداڵ مـــەرز بـــۆ
مەیخانــەی مــەعنیش هــەر بەرقــەرار بــۆ | بـا خەبـەر جـە ئـەمر لـەیل و نـەهار بـۆ
جــە لای ســینەی ســەرد گونابــاران بــۆ | ئوســـتاد ســـەرمەســـت ڕۆزگـــاران بـــۆ
زەنجـــیر لـــوتفش نیـــان وە گـــەردەن | ئەهلی و ڕامم کـەرد تـا وە ڕۆی مـەردەن
بەڵکەم جـە ئـەلتاف وێنـەی ئـەو شـایێ | ڕابیعـــەی دەوران، گـــوم کـــەردە ڕایـــێ
بگنـــــۆ وەســـــەر ڕای تاعەتکاریـــــدا | بـــەر بـــەیۆ جـــە حـــوکم سەنگەســـاریدا
بواچـــۆ سەرمەســـت بـــادەی شـــاکریم | کـــــەلب ئاســـــانەی عەبـــــدولقادریم

حدیقەی سُلطانی، ل٢٤٧. یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا سادقی نگڵی

مەلا موحەممەد سادقی ئەحمەدزادە، کوڕی ئەحمەد، کوڕی حوسەین، سەرەتای پـاییزی ساڵـی ١٢٨٠ ک. هـ.)١٩٠١ ز.) لە گوندی «نگڵ» هاتە دنیا و وەک باوکی ـکە جووتیار بوو ـ ئەمیش بە کشت و کاڵ و باخەوانییەوە بارهات؛ بەڵام دوایی بە هۆی لێهاتوویی سرشتی و وازی لە خوێندن و زانین، ئەم شـوێنەی گرت و بووە فەقێ و ماوەیەک لە زێدەکەی خۆی، لای مەلا قوتبەدیـن و هێنـدێک لـە «ئەوێهـەنگ» لـە خزمەتی مەلا موحەممەد سادقی مودەڕڕیس و سەرەتێکیش لە مەریوان خوێندی و ساڵی ١٣١٩ ک. هـ. ئیجازەی وەرگرت و چەند ساڵێک لە «نێزڵ» و «کەلاتێ» و چەنـد گونـدیتـری ناوچـەی «کەلاتـەرزان»، مەلایەتی و بەرنوێژی کرد. پاشان گەڕاوە نگڵ و تا دوا کاتی ژیانی (١٣٤٥ ک. هـ. ١٣٨٥ ک. م.)، لـەوێ پیرای کشت و کاڵ و باخەوانی، خزمەتی ئایینیشی درێژە پێ دا.

مەلا سادق مرۆیەکی چاکەخواز، میهرەبان و بێنیاز بوو. بـەڕەنجی شـانی خـۆی دەژیـا و چـاوەڕوانی کەرەمی کەس نەبوو. زیاتر لە دە ساڵی دوایی ژیانی، لەبەر نەخۆشی و دەسـتەنگی، بەوپـەڕی دژواری و سەخڵەتەوە تێپەڕ کرد.

بە زاری کرمانجی باشوور (سۆرانی)، شیعری دەگوت و نازناوی «سادق» و ماوەیەکیش «بێدەس» بـوو.

نیشتمانەکەی یەکجار خۆشدەویست و لە دەستی ڕژیمی شایی زاڵەی دەهات و زۆر جاران لە شیعریدا، لە باری نالەباری کۆمەڵگاکەی نالاندوویە.

چەن نموونە لە شیعرەکانی:

زارعی زەحمەتکەشم بۆ نەفعی عامە کار ئەکەم
گیانی خۆم سەرفی فەلاحەت بۆ گوڵی بێخار ئەکەم

گەر فەلەک بیلێ بە دڵ خدمەتگوزاری مەردمم
ماڵ و هەستیم سەربەسەر بۆ قەومی خۆم ئیسار ئەکەم

گەر خودام یار بێ بە زۆری قۆڵ و بازوو زووبەزوو
باغچەی خۆم وەک جینانی «تحتهاالأنهار» ئەکەم

نان بێمەینەت حەرامە و نەنگە، ناخۆم نانی وا
خۆم بە تێکۆشین و زەحمەت دوور لە نەنگ و عار ئەکەم

ڕەنج ئەدەم، گەنجم زەمین و زارە، یاری خۆشەویست!
تا کە بتوانم ئەکوشم، خاکی خۆم گوڵزار ئەکەم

شیری مەردیم دەرئەهێنم من لە کێلان عاقیبەت
قەتعی دەستی غارەتی غارەتگەری غەددار ئەکەم

بادی عەزم و هیممەتی بازووم کە بجمێ و بێتە جۆش
دوژمنی ئەم خاکە وەک خاشاک تار و مار ئەکەم

عاشقێکم «سادق» ئەی خاکی وەتەن! بۆیێ وەها
ڕەنج ئەکێشم خۆم بە قوربانی ڕەزای دڵدارئەکەم

* * *

هەرچی تێکۆشیم لە ئەوجی عیززەتا بگرم قەرار
بەند بەدبەختی دەس و پێی بەستم وهانیمیە خوار

شەو بە بێ ناڵە نەخەوتم، ڕۆژێ بێڕۆڕۆ نەبووم
ناسلامەت تەن یەکێ بوو میحنەت و دەردم هەزار

ئیختیارێکم نەبوو لەم عومرەدا، «یا لَلأسَف»
خۆ بە دەستی خومە نەبوو تاکوو بکەم خۆم بەختیار

کوشتمی بێچارەگی داماوەکانی قەومەکەم
تۆ خودا تاکەی ببێ ئەم زوڵم و زۆرە پایدار

بەس هەراسانەم لە ئەم ژینە، چییە چارەم ڕەفیق!؟
خوشە مردن نەک ژیانی ڕەنجەڕۆیی و ناگەوار

من پەژارەم دەردی بێدەرمانی تەنها خۆم نییە
لەیرەدا زۆرن وەکوو «سادق» گرفتار و هەژار

ڕەعنا بۆ ناوڕان ئەچێ

ئەم دێ ئێمە هەمانە لە باغی جینان ئەچێ
ئەو ڕێ لێی جوێ ئەبێتەو بۆ ڕەوزەی ڕیزوان ئەچێ

ئەمڕۆ ڕۆژی ڕووناکە لە جەژنی قوربان ئەچێ
ئەو سۆنە ڕەوتە ڕابورد لە مانگی تابان ئەچێ

مژدە بە عاشقانە ڕەعنا بۆ ناو ڕان ئەچێ

بەهارە بێمەدارا بلبل بە سۆز ئەخوێنێ
گوڵبەرگی باشی پۆشی هاتووە کە خۆی بنوێنێ

نەرگس نیگای نیگارین خونچە بە پێکەنینێ
زەوی بە ئینتیزارە ئاسمان ڕەحمەت ئەڕژێنێ

مژدە بە عاشقانە ڕەعنا بۆ ناو ڕان ئەچێ

عیشق ئیدیعای سەڵتەنەت ئەرز و سەماوات ئەکا
مەجنوون کە عاقڵی خۆی بە شاهید ئیسبات ئەکا

سانی سپای موشتاقان هەمووی بەخێرهات ئەکا
خوورشید خوەی ئەشارێتەو وەک ئەستێرە مات ئەکا

عەتر و عەبیر هەرزانە ڕەعنا بۆ ناو ڕان ئەچێ

بڕوانــە ســەروی بــاڵای بــەرزی چنــاری چــەمی موشکی تاتاری زولف و توڕڕەی سیای پەرچــەمی
ڕوخــساری تابــداری چــاوی چــرای عاڵــەمی ئوغری بەخێر بــێ یــاخوا ئــەمجا بــە خاترجــەمی
چەن جوانە ئەم عینوانە ڕەعنا بــۆ نــاو ڕان ئــەچێ
تەماشــا تــەرزی تــەیران شــیرینی وەک شــابازی لارە و لەنجە و نەزاکەت نازاری و خــەمزە و نــازی
گیان کەن بە گیان‌نیساری دڵ بــەن بــە ڕێــزەی ڕازی «سادق» سەر ببڕن لە جێی گا و گــەردوون و ئیعــزازی
سەیرانی هەشت‌بەهەشتە ڕەعنا بۆ ناو ڕان ئــەچێ

گوڵزاری نەوگوڵ، دیوانی مەلا موحەممەد سادقی نگڵی. یاداشتەکانی نووسەر.

وەجدی جەواهیری

موحەممەد عەلی جەواهیری، نازناو «وەجدی»، شاعیرێکی خەڵکی شاری سنەیە کە دەوری ساڵی ١٣٨٧ ک. م. کۆچی یــەکجاری کــردووە. ئــەم بــرای شــاعیرێکی تــری کوردســتان، بــە نــاوی موحەممــەدی جەوهەری، ناسراو بە «سەعید دیوان»ە کە پێشتر، لە شوێنی خۆیدا باسیمان کرد.

وەجدی ساڵی ١٣٤٣ ک. هـ.)١٩٦٤ ز.)، سەرجەمێک لە شیعرەکانی چاپ کرد کە ئەوا غەزەلێکی:

خــواهم از ایــن دیــار بــه ناگــه ســفر کــنم بــاری محبــت وطــن از دل بــه در کـــنم
جز شرّ ندیـدەام مـن از ایـن بـوم و مـی‌روم جـایی کـه خیـر بیـنم و هـم دفـع شـر کـنم
عمری است رنج می کشم اندر وطن چـه سـود تـا چنـد کـار بـی‌هـدف و بـی‌ثمـر کـنم؟
کنجــی گــزینم و نکـــنم اختیـــار رنـــج گر گنج نیـز هـست مـن از آن حـذر کـنم
تــا کی کــنم تملـق بـی‌جـا بـه ایـن و آن؟ خود را حقیر و پست چو خاك گذر کـنم
بهــر تــلاش رزق بـه هـر نــاکس و کـسی بـــا چـــشم انتظـــار معونـــت نظـــر کـــنم
تا کی کـشم ملامـت و منّـت بـرم ز خلـق؟ بهتر که کـسب قـوت ز خـون جگـر کـنم
دیگر بس است ضعف و زبـونی در ایـن دیـار ز اینجا روم به جـای دگـر کـسب فـرّ کـنم
چــون کارهـــا بـــه حکـــم قـــضا و قـــدر بـــود مــن خــویش را مطیــع قــضا و قــدر کــنم
«وجـدی» امیـد هــست بــه توفیــق کردگــار ایـن شـام را بـه صـبح سـعادت سـحر کـنم

یاداشتەکانی نووسەر.

حاجی ڕەحمان‌ئاغا موهتەدی

کوڕی حاجی بایزاغا، لە بنەماڵەی بەناوبانگی ئێلخانی و کەڵەپیاوانی دین و زانست و خاوەن ڕێز و جێگــە و پێگەی بەرزی بنەماڵەییە کە لە گوندێکی لای بۆکان هاتە دنیــا و ســاڵــی ١٣٤٦ ک. هـ.)١٣٨٧ ک. م.

١٩٦٧ز.)، لە تەمەنی ٦٥ ساڵان، بە نەخۆشی شێرپەنجە، لە بۆکان، دنیای بەجێ‌هێشت.

بابیشی پیاوێکی هێژا بووە؛ بەتایبەت لە سیرە و مێژوو باش سەری دەرچووە. سەری بە قوتبی عارفان شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی سپاردووە و بۆ ڕێزنان لە زانایان و فەقێیان و یارمەتی‌دانی هەژاران، ئەوی لە دەستی هاتبێ نوکوولی نەکردووە.

حاجی ڕەحمان‌ئاغاش هەر لەسەر ئەو ڕێ‌وشوێنە ڕۆی و ماڵی هەمیشە کۆڕی زانایان و وێژەوانان بوو. بۆخۆی لە تەفسیر و سیرە و مێژووی ئیسلامی و وێژەدا شارەزاییەکی باشی هەبوو؛ لە باقی زانستە ئیسلامییەکانیش سەری دەردەچوو. پیاوێکی پیاوانە بوو؛ هەموو ژیانی بە جوامێری و سەربەرزی ژیا. ئەوی بە ڕاستی بزانیبا، بە بێ مەرایی دەریدەبڕی و هەرگیز بۆ کەس، زمانی بەلادا نەدەخست.

شیاوی باسە حاجی ڕەحمان ئاغا ئەگەرچی ئاغا و خاوەن زەوی و ماڵ و سامانێکی بێ حەساو بوو، بە هۆی ئاکار و کەسایەتی بەرزی، خەڵک زۆریان خۆش دەویست و هەروەها لە دۆستان و یارانی پێشەوا قازی موحەممەد ئەهاتە ئەژمار و کە کۆماری مەهاباد دامەزرا، قازی کردیە وەزیری فەرهەنگ و مەعاریف.

لەم دواییانەدا چوو بۆ تاران و لە زانکۆی خواناسیدا بوو بە مامۆستای فیقهـ و ئوسوولی شافیعی. بە نووسین و وەرگێڕان، چەند کتێبی هەبوو کە بەنیاز بوو چاپیان بکا؛ بەڵام ئەجەلی ناوەخت دەرفەتی نەدا.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

شێخ نیزامی غیاسی

کوڕی شێخ حوسەین، کوڕی عارفی بەناوبانگ حاجی شێخ حەمە باقری غیاسی، پارسایەک بوو دوورەپەرێز و عارفێکی خاوەن ڕێز کە هەموو عومری بە عیبادەت و خوێندن و دەرس‌گوتنەوە تێپەڕ کرد. لە سەرەتای لاوی و تەمەنی هەرزەکاریدا، پشتی لە دنیا کرد و کەوتە شوێن زانست و خواپەرستی و پاش خوێندنێکی سەرف و نەحو و مەنتیق و فیقهـ و کەلام و ئوسوول، هەموو توانی خۆی بۆ لەبەرکردنی حەدیسە پیرۆزەکان تەرخان کرد و ساڵانێکی زۆر، شەو و ڕۆژی بۆ ئەو کارە گرنگە دانا و تا ڕادەیەک تێیدا سەرکەوت کە دەقی «*صحیح بُخاری*» هاتە سینەی و بەشێکیشی بە بەڵگەوە، لە کێوە بۆ کێ هاتووە، لەبەر کرد. ئەڵبەت لەگەڵ ئەوەدا، کتێبانی‌تری حەدیسی هەر بە دەستەوە بوو. هەروەها شەرحی «*قسطلانی*» و شەرحەکانی دیکە و تەفسیر و فیقهـ و سیرە و ژینامەی عارفانیشی دەخوێند و هەرکوێ گرفتێکی تووش بهاتایە، لەوپەڕی خاکەساریدا دەیپرسی و هەرگیز پرسینی پێ عەیب و عار نەبوو. لە ڕاستیدا ئەو پیاوە بە هیچ شێوەیەک نەخۆشینی دەعیە و دەمار و لووتبەرزی زۆرێک لە زانایانی بە لادا نەچووبوو. تا کاتێ شێخ حەبیبوڵڵای کاشتەری ـکە بەڕاستی لە حەدیسدا تاقانەی ڕۆژگاری خۆی بوو ـ مابوو، بەهرەی لێ دەبرد.

حاجی شێخ نیزامەدینی غیاسی لە حوجرەیەکی مزگەوتەکەی باپیریدا دەژیا. شوێنێکی تەسک و تەنگ بوو؛ بە دژوار چەند کەسی تێیدا دادەنیشتن. لە پەنایدا حوجرەیەکی تر هەبوو، جاروبار دوو فەقێ لێی ڕادەگرت و دەرسی پێ دەدان. ماڵ و سامانی هەر ئەوەندە بوو؛ قەت ژنی نەخواستبوو. بۆ خواردن جار_جار دەچووە ماڵی شێخ عەلای برای و پێکەوە نانێکیان دەخوارد؛ بەڵام زۆرتر بۆیان دێنا حوجرەوە. چای، بۆخۆی دەمی دەکرد. خەڵک لە هەموو چینێک دەچوونە خزمەتی. هێندێک بۆ قسە و باسی ئایینی و زانستی و تاقمێکیش بە نیازی زیارەت و دەسکەوتێک لە پیت و بەرەکەتی دەچوون. لەوپەڕی خاکەساری و میهرەبانیدا میوانانی وەردەگرت و بۆخۆی چای بۆ تێدەکردن. حوجرەکەی زۆر پاک و خاوێن و بە بەرماڵ پۆشرابوو.

شێخ نیزام سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوو. لە شەو و ڕۆژدا بەشێکی بە خەتم و زیکر و فیکرەوە تێپەڕ دەکرد. بەیانیان تا لای نیوەڕۆ، دەرکی حوجرەکەی داخرابوو؛ بەڵام دوای نیوەڕۆ هەموو کەسێک بۆی هەبوو بگاتە خزمەتی. لەم دەساڵی دواییەدا هیچکوێ نەدەچوو. زۆرتر خەریکی کاری خۆی بوو.

ئەم پیرە پارێزکارە، پاش ماوەیەک نەخۆشی، ساڵی ١٣٨٧ ک. م. دەستی لە ژیان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا. خەڵکێکی زۆر لەوپەڕی ڕێزدا، لەسەر شانیان تا زیارەتانی «تەپ شێخ حەمە باقر» بەڕێیان کرد و لەوێ ناشتیان.

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

عاشقی حوسامی

حاجی شێخ موحەممەدی حوسامی، نازناو «عاشق»، کوڕی شێخ سەعدولا، لە شێخانی بنەماڵەی مەردۆخی، دانیشتووی گوندی «دادانە»ی لای شاری سنەیە کە ساڵی ١٣١٢ ک. م. هاتۆتە دنیا.

عاشق، مرید و خەلیفەی قوتبی عارفان، شێخ عەلی حوسامەدین و پیاوێکی زانا و سۆفی ئەحواڵ و خاوەن زەوقی شیعری بووە کە ساڵی ١٣٨٧ لە دنیا چووە. قەسیدەیەکی لێوە بەجێ ماوە، پەسنی پێغەمبەری ئیسلامە (د)، لەسەر کێشی «موستەفعیلون فەعوولون» کە دوا ساڵی ژیانی هۆنیویەتەوە و هەر ئەو ساڵە زانای هێژا، مامۆستا ئەحمەدی حەواری نەسەب (ئەبووسەعید)، بە خەتێکی خۆش نووسیویەتەوە و چاپ کراوە. وەک خۆی لە بەیتێکیدا دەڵێ:

چرایێ حەق هەڵیکا بۆ عالەم ئەشێ وابێ ئەلف و هەشتاد و سێسەد حەفتە هەر ڕوشنتر بێ

ئەمەش چەند بەیت لەو قەسیدە:

سەڵوات و سلامی حەق لەسەر فەخری بەشەر بێ بە قەد عیلم و حلمی ئەو، کوللوو ئانێ با هەر بێ

«مُحَّمد»ە لە زەمین، «مَحمود»ە لە ئاسمان موختار ئیبن موختارە و موستەفای نێو موزەربێ

لە کۆتاییشدا دەڵێ:

بــێیــار و زۆر غــەمبارم ڕوو زەرد و شەرمەســارم
کەس بێکەس تۆی سەردارم! فەرموو با غەم ئاخر بـێ

عاشق تـۆم و دەناڵـم حەیفـە بـۆ فـەخری عالـەم
بە زوڵمی نـەفس و شـەیتان هاونـاوی دەربـەدەر بـێ

ڕەحمەت مەقروون بە تـەعزیم «سـلامالله‌الکـریم»
لەسەر شافیع مـوزنیبین، سـەوزەی بـاڵا عەرعـەر بـێ

یاداشتەکانی نووسەر.

عیرفانی

سەرهەنگ غوڵامحوسەینی عیرفانی، کوڕی «نـصیرُالکُتّاب»، ساڵـی ١٢٧٠ ک. هـ.)١٨٩١ ز.) لـە شـاری سنە هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندی و سەرف و نەحو و مەنتیق و بەیان و بەدیع و وێـژەی فارسـی بـاش فێر بوو؛ ئەدەبی عەرەبیشی هێندێک خوێند. ماوەیەکیش لەگەڵ دوو زبانی فەڕانسە و ڕووسیدا حەولیدا و لە هەرجووتیاندا شارەزاییەکی باشی پەیدا کرد.

عیرفانی لە باری هونەریشەوە دەسـتێکی بـاڵای پەیـدا کـرد؛ لـە کەنـەکـاری و نیگارکێـشی سـەری دەردەچوو، خەتی فارسی و عەرەبی یەکجار باش دەنووسی و جارو باریش شیعری دەگوت. شیعرەکانی لەوپەڕی جوانی و ڕەوانی و بێگەردیدان.

غوڵامحوسەینی عیرفانی ماوەیەک لە وەزارەتی داد و سەردەمێک لە کابینەی حوکمەتی کوردسـتاندا کاری کرد و ساڵی ١٢٩٩ ک. هـ. (١٩٢٠ ز.) چووە نێـو خزمـەتی ئەرتەشـەوە و ساڵـی ١٣١٧ تـا پلـەی سەرهەنگی گەیشت. ئەو پێڕای کاری چەکداری، ساڵی ١٣١٥ بوو بە فەرمانداری گورگان و ١٣١٨ کرایـە فەرمانداری برووجرد. ساڵی ١٣٢٠ بە هۆی پاراستنی نیشتمان لە بەرامبەر هێزی هێرشبەری ڕووسـەوە، گیرا و چوار مانگ لە عیشقئاباد زیندانی بوو. پاش ئازادی و گەڕانەوە بۆ ئێـران، بـە هـۆی بـێمبـالاتی و پێنەزانی میرانی ئەرتەش، لە ساڵی ١٣٢٤دا داوای کارکناری کرد و لەوەبەدواوە تا کۆتایی ژیانی (دەوری ساڵی ١٣٨٧ ک. م.)، بە کشتوکاڵەوە خەریک بوو.

چەند شیعری عیرفانی:

ابراز وفـا بیشـمع، کـس دیـده ز پروانـه؟
پروانـه مـنم بـی تـو مـیسـوزم و پـروا، نـه

دیوانـه گـر آن باشـد کـز عقـل بـود نومیـد
نومیــد ز تــو بــدتر صــدبار ز دیوانــه

بیگانـه شـدم از خـویش بـا یـاد تـو پیوسـته
نومیـد ز تـو بیـزار از خـویش و ز بیگانـه

تجدیـد نظـر در گـل هـر سـال کنـد بلبـل
تجدیـد لقـای تـو افسوس کـه مـا را، نـه

جانـا نتـوان دیگـر در هجـر بـه سـر بـردن
جانانه مرا دریـاب ایـن عرصـه مـرا جـا، نـه

دیوانه شده این دل زان لحظه کـه تـو رفتـی
مـر خانـهی بـی صـاحب آبـادی آن را، نـه

پیمـان تـو «عرفـانی» هرچنـد بـود ثابـت ترسـم شـکند روزی پیمـان تـو پیمانـه

بۆ شینی «ناهید»ی هاوسەرەی:

یـــــار برتافــــت رخ ز یـــــارانش بهــر تـــسلیم جــان بـــه جانـــانش
زخـــم دل را بـــه مـــرگ تـــو ای دل نبـــود غیـــر مـــرگ درمـــانش
پـــیش هـــرکس کـــه راز دل گفـــتم بـــار غـــم شـــد هـــزار چنـــدانش
آن کـــه بایـــد بمیـــرد انـــدر هجـــر چـــه تفـــاوت کنـــد ز زنـــدانش
دل چـــو پابنـــد روی و مـــوی تـــو شـــد نیـــست در بنـــد کفـــر و ایمـــانش
مـــن و دل را فـــدا کنـــد آخـــر ســـیل اشـــکی کـــه نیـــست پایـــانش
ســـر بـــه «ناهیـــد» مـــی‌رســـد از فخـــر گـــر رســـد دســـت مـــن بـــه دامـــانش
در غمـــت جـــان ســـپرد «عرفـــانی» چـــه کنـــد نیـــست بیـــشتر زانـــش

چوارینە :

مـن عکـس تـو را همیـشه در بـر گیـرم وز تنگـــدلی بـــه دیـــده‌ی تـــر گیـــرم
ور دیـده شـود سـراب بـر سـر بـنهم تـا عُمـر بـه سـر رسـیده، از سـر گیـرم

* * *

اندر دو جهان به جز تو کس نیست مـرا برتـر ز رضـای تـو هـوس نیـست مـرا
خـواهم نفـسی سـپاس فـضلت گـویم افـسوس در ایـن نفـس، نفـس نیـست مـرا

یاداشتەکانی نووسەر.

ڕەزا ناسرموستەوفی

کوڕی نیعمەتوڵڵای ناسرنیزامی سنەیی، ساڵی ١٢٩٠ ک. هـ.)١٩١١ ز.) لە شاری سنە هاتە دنیا و پـاش تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی، لە وەزارەتی پەروەردە دامەزرا و تا ساڵی ١٣٤٢، کە وەنیشتە بوو ، لـە سنە و تاران خزمەتی کرد و سەرەنجام ساڵی ١٣٨٧ ک. م. دنیای بەجێ‌هێشت.

ڕەزا موستەوفی مرۆیەکی زیرەک، خۆش‌خەت، ویژەوان و خـاوەن زەوقـی شـیعر بـوو. ئـەم غەزەلـە فارسییە هی ئەوە:

دل آســوده نــداری، ز تــن آرام مجــوی بخــت واقبــال در آینــه‌ی اوهــام مجــوی
گردش گنبد خضرا چو بـه کـام مـا نیـست تکیه بر وی مکن و هـیچ از او کـام مجوی
بـه ازل هـر چـه مقـدر شـده مقـدور شـود بـی‌محابـا مـدد از نقطـه‌ی ابهـام مجـوی
روح را شـــاد نگهـــدار، بـــه پنـــدار نکـــو شادی از غم مطلب، پختگی از خام مجوی

عــشق در مکتــب عطــار بایــد آموخــت / بـر حـذر بـاش ز پیمانـه و از جـام مجـوی
روی در هم مکش از تلخی دەروزەی عُمر / کار خود کن، دگر آسایش از ایام مجـوی
مشکلی در همـه احـوال گـرت پـیش آیـد / غیـر اسـتاد خـرد از کـسی الهـام مجـوی
کمك از کس مَطَلب، تکیه به نفس خـود کُن / اسـتعانت بــه جــز از ایــزد دادار مجــوی
عــزّت نفــس نگهــدار «رضـــا» تاهــستی / وز ره روی و ریا نـان مخـور و نـام مجـوی

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ موحەممەد غەریبی بەرزنجی

شێخ موحەممەد غـەریبی حوسـەینی، کـوڕی شـێخ حوسـەین، کـوڕی شـێخ سـەمەد، کـوڕی سـەید موحەممەد، کوڕی سەید عومەر، کوڕی سەید نیزامی چنارەیی، لە بنەماڵەی ناسراوی زانست و عیرفـانی بەرزنجی، ساڵی ١٢٨٥ ک. هـ.)١٩٠٦ ز.) لە گوندی «چنارە»ی لای سلێمانی هاتە دنیا و خوێندنی هـەر لەوی دەسپێکرد و پاشان چووە سلێمانی و لە مەدرەسەی شێخ موحەممەدی خاڵدا بوو بە فـەقێ. دوای ئەو سەردەمە، گەیشتە خزمەتی شێخ مەحموودی نەمر و شێخ زۆری خۆش لێ هات و حاواندیەوە. هـەر لەو سەروبەندانەدا چووە نێو تەریقەتی نەقشبەندیوە و ماوەیەک بە سەیر و سولووکەوە خەریک بوو. دوایی لەسەر پەسندی شێخ مەحموود، ڕووی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نا و سەرەتا لە دێـی «کـلاش باغـان»ی جوانرۆدا دانیشت و دوای دوو مانگ، چووە گوندی «نیالاورە» لە ناوچەی سنجاوی و سالـی ١٣٠٥ ک. هـ. لەوێ مزگەوت و تەکیەیەکی کردەوە و پێڕای درێژەدان بە سەیر و سولووک و خەریک بـوون بـە داب و دەستووری تەریقەتەوە، خەڵکیشی بەرەو ڕاستی و پاکی و دینداری و دروستکاری بانگێشت کـرد و بـەو بۆنەوە خۆی مرۆیەکی عارف و بێ‌نیاز بوو، خەڵکەکە بە دڵ گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی بوون و تـاقمێکی زۆر چوونە ناو ڕیزی مریدان و مەنسووبانیەوە.

شێخ پاش چوار ساڵ مانەوە لەو گوندە، ڕووی کردە ئاوایی «ڕێژاو» و تا کۆتایی ژیـانی، لـەوێ مایـەوە و ئەرکی سەرشانی خۆی بە باشترین شێوە بەڕێوە برد و بە شێوازێکی بەرچاو، کاری کردە سەر حاڵوبـاڵ و ئاکاری ژن و پیاوی ئەو ناوچەیە.

شادڕەوان شێخ موحەممەد غەریب پیاوێکی بیرمەند و مورشیدێکی هێژا و پیرێکی پارسا و خاکەسـار و مەردمدۆست بوو. هەموو کەسێک ڕێزی لێ دەگرت و خۆشیدەویست. ئەو سەرەنجام پاش ٦٣ سـاڵ ژیان، ساڵی ١٣٨٨ ک. م. (١٣٤٨ ک. هـ.) کۆچی یەکجاری کرد و خوای گەورە، گیانی پاکی بـەرەولای خۆی برد. زیارەتی لە زیارەتانی «اصحابُ‌النّبی» لە ڕێژاودایە. ئێستاش خانەقاکەی لە ڕێـژاودا بەرقـەرارە و جێگری هێژای، شێخ موحەممەد فەرەحی حوسەینی، بۆ درێژەدان بەو ڕێوشوێنە تێدەکۆشێ.

ئەم چەند بەیتە بەشێ لە شینێکە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی لە مەرگیدا دایناوە:

نسل پاکان زبدەی ولد رسول — نجل نیکان، نخبەی آل بتول
پور حیدر، فخر اولاد حسین — پیر کامل، رأس اشیاخ عدول
عارف عامل، بهای شرع و دین — مرشد برحق، سراهل وصول
در حسب محسوب ز اصحاب کمال — در نسب معدود ز ارباب قبول
راسخ اندر شرع شاه فاستقم — متّبع اندر فروع و در اصول
ای دریغ آن قدوەی نیکوخصال — ای دریغ آن رهبر رحمت‌حصول
آن محمد کش غریب آمد لقب — شیخ دانا مرشد صاحب عقول
روح پاکش رفت زی مأوای صدق — بدر رویش یافت از دنیا اُفول
او ز روی یار باقی گشت شاد — ما ز جور دهر فانی بس ملول
«طاهرا» شرح غمش پایان‌پذیر — نیست گرخود بازگویی در فصول
باد اولاد کرامش در بقا — نیکنام و شادمان دور از خمول

یاداشتەکانی نووسەر.

ساڵەح قەفتان

لە نووسەرانی هێژای ئەم دواییانەی باشووری کوردستانە کە زۆر نامیلکەی لە گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا چاپ کراوە. دوایین بەرهەمی کتێبێکە بە ناوی «*مێژووی نەتەوەی کورد*» لە ٤٠٠ لاپەڕەدا، کە ساڵی ١٩٦٨ ز. لە بەغدا لە چاپ دراوە.

ساڵەح قەفتان خوێندنی لە زانکۆی ئەفسەری عوسمانیدا دوایی هێنا و ساڵی ١٩٦٨ ز. (١٣٨٩ ک. م.)، بەشی لە دنیا بڕا و لە زیارەتانی «گردی سەیوان»ی سلێمانیدا نێژرا.

مێژوو، دوکتور کەمال مەزهەر، ل١٧٥-١٧٨.

مەلا ئاوارە

مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا موحەممەد ئەمینی هەمەوەند، خەڵکی گوندی «شەڵماش»ی لای سەردەشت، ساڵی ١٣٥٣ ک. م. هاتە دنیا و لای بابییەوە خوێندنی دەسپێکرد و پاشان چووە نێو جەرگەی فەقێیان و لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی‌تر و لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی‌تر، زۆر شوێن و ناوچەی کوردستان گەڕا و بە شێلگیرییەوە خوێندی و بوو بە مەلا.

ئاوارە مرۆیەکی هێژا، ئاگا، دیندار، خاوەن هەستی نەتەوایەتی و خەڵکدۆست بووە کە هەر لە کاتی

خوێندنەوە، بینینی نابەرامبەری و حاڵ و باڵی دڵتەزێنی بێدەستان و زۆربێژی و خەڵک ڕووتاندنەوەی دەسەڵاتداران، ئازاری دەدا و سەرەنجام لێبڕا بە هەموو گیانیەوە، بۆ نەهێشتنی ئەم کارەساتە تێکۆشێ. بەم جۆرە چووە نێو حیزبی دموکراتی کوردستانەوە و ساڵی ١٣٨٧ ک. م. لەگەڵ چەند ئەندامی کارای‌تری حیزبدا، گەڕاوە ڕۆژهەڵات و لە ناوچەی موکوریان، بەتایبەت دێهاتی دەوروبەری سەردەشت و بانە و ئالان و چەند شوێنی‌تر، کەوتە گەڕان و دانیشتن لەگەڵ خەڵکی چەوساوە و تێگەیاندنیان لە هۆی دواکەوتنیان و ئاشنا کردنیان لەگەڵ بەرنامەی حیزبدا.

خەڵکی ئاسایی کوردستان، ئاوارەیان زۆر خۆش‌دەویست. شیعرەکانی قسەی دڵیان بوو؛ لە زوڵم و زۆری شا و دەربار و چەکدارانی خوێنمژ و کاربەدەستانی گەندەڵ‌کار و ئاغایانی بێبەزە، دەیناڵاند. ئەم شیعرانە لە سەر زاری خەڵکەوە، دەم بە دەم دەگەڕا و هەموو لەبەریان دەکرد.

ئاوارە ـکە بۆخۆی مەلا بوو ـ بە مامۆستایانی تری ڕادەگەیاند کە ئەرکی سەر شانی ئێوە بەتەنیا دەرس‌گوتنەوە نییە. ئێمە میللەتێکی دواخراو و چەوسێنراوین. بەشی ئێمە لە وڵاتی شاهەنشاییدا، بێجگە ڕۆژڕەشی و ماڵوێرانی چیتر نییە. کێ دەبێ خەڵک وریا بکاتەوە و دژمنانی پێ بناسێنێ؟ ...

بزووتنەوەی ڕەنجبەرانی کورد ـکە سەرهەڵدانی مەلا ئاوارە و هاوڕێیانی یەک لەوانە بوو ـ خەریک بوو پەرەی دەساند و لادێ و شارانی دەگرتە بەر. ڕژیم کە بەمەی زانی و لە زمانی زوّر، زیاتریشی بە مێشکدا نەچووبوو، یەک لە دژخێمانی خۆی بە ناوی جنراڵ ئوەیسی نارده کوردستان کە بە یارمەتی ساواک، لە سێ مانگدا ئەو قاڵە ببڕێتەوە. زۆرێک گیران و لە زیندان توند کران. زۆرێکیش بێتاوان کوژران. مەلا ئاوارەشیان بە فڕوفێڵ، لە گوندی «دیوالان»، لەگەڵ دوو لاوی هاوکاریدا گرت و بردنیانە جەڵدیان. لەوێ لە دادگای سەحراییدا فەرمانی کوژرانیان دان و هەرسێکیان تیرباران کردن (ساڵی ١٣٨٨ ک. م.).

چەند شیعری ئەو شەهیدە:

هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت

تووتنەوانێکی هەژارم بێخانوو و زەوی و زارم
بێپووڵ و باغ و بزن و مەڕ دوورم لە خێر، نزیک لە شەڕ
مناڵم ڕووت و برسییە ژیانم پڕ مەترسییە
قەرزارم و دەردەدارم شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
ڕووم نییە بچمە نێو خەڵک بێبەرگ و پێڵاو، بێ کەڵک
خەڵکی پێ وایە تەمبەڵم بێکەسب و کار و چەپەڵم
بەڵام چبکەم، چارەڕەشم خەرمانم زۆرە و بێبەشم
هەرکات گوتیان سەری ساڵە وادەی جووت و کشت و کاڵە،

خۆم و خێزان، گەورە و بچووک — ڕادەپەڕین وەکوو هەلووک
هەڵدەبەزین لێرە و لەوێ — بەڵکوو کارێکمان دەس کەوێ
یا قوڕەکاری و خشت بڕین — یا جووتە و زەوی هەڵدڕین

* * *

وا بەهارە، دەرکەوت گوڵ — جێگە خۆش دەکرێ بۆ شەتڵ
بە گاسن، پێمەڕە، بە پاچ — بە چنگ و نینۆک و بە قاچ
ئەوجا توو شەتڵ پێ دەکرێ — بە چیلکە و چاڵ سەری دەگرێ
دوو ڕۆژ جارێک ئاوی دەوێ — تا شین دەبێ و دەردەکەوێ
بژاری چەند ناخۆش و وردە — پێشەی کوڕ و کیژی کوردە
شەو و ڕۆژ خەو ناچێتە چاو — کەنگێ بەرم دەکەوێ ئاو
زەویەکەم بۆرە، دێر بکەم — نەوەک سیس ببن شەتڵەکەم
بە شۆ بڕین و وەرد و خەت — کێلان دەگاتە پێنج کەڕەت
دێراو هەڵدان، خاکاو کردن — کوڕە کچ وەکۆوە کردن
ناخۆشە تووتن چەقاندن — هەڵتروشکان، پشت چەماندن
لە ئاو داشتن سستی نەکەی! — تا دەگۆڕێ وشکی نەکەی
نۆرەی پشک و بژاربڕە — جەرگبڕە، بژار پڕە
وا نێوکول کرا، ئاودرا — لە دوورەوە بەرچاو کرا

* * *

کڵاو کەرگەری، دەرکەوت — ئەژنۆم شکا نێوکم کەوت
ڕەببی کوێر بێ و چاوی نووسێ — بە زیادم لەسەر نەنووسێ
دەردی پێرارم نەگاتێ — نە کەسریم بێ و نە چیم داتێ
تووتننووس! بۆ خاتری خودا — ڕۆحمێ بکە بە منی گەدا
مەیسووتێنە ڕەنجی ساڵم — خاوەنی کوشێک منداڵم
ئەو زەویە ئی چڵپووت نییە — مەینووسە ڕەوای حەق نییە
ئاغا! تۆ بی و پەروەردگار — ڕوحمێ بکە بە منی هەژار
بڕوانە ڕوخساری زەردم — کزەی دەروون ئاهی سەردم
بێدەنگ بە ئەی گێژی نەفام! — من کاری خۆم کردووە تەمام
تازە هەڵیوەشێنمەوە؟ — بشمری نایکوژێنمەوە

من کاربەدەستی دەوڵەتم — دوژمنی خاک و میللەتم
زۆری لەبەر پاڕامەوە — بێپووڵ جوابی نەدامەوە
نووسی بە چل پووتی تەواو — تەپڵە بەسری دوابڕاو
بە فیزەوە سوار بوو ڕۆیی — بۆ من چی ما، ڕەنجەڕۆیی
ئەوجا بارین دەرد و بەلا — بۆ تووتنەوانی بێسەلا
بەلەرزوتا، بە دەردی چاو — سیس بووم وەک تووتنی بەر هەتاو
بێپووڵ و پارە، بێخەرمان — بێدوکتور و دەوا و دەرمان
کرم و مڵەش، کولە و گەزۆ — لە تووتن تایین بوون وەکو
ئەویش وەک من سیس و داماو — چورچ و بێشفاف و ژاکاو
نەخۆش و هەژاریم بڕان — کارم زۆرە، دەردم گران
جوچکە، وەچە و سەرپساندن — بنپەل تەڕە، داشکاندن
چارداخ و بەند پێوە کردن — وەبەر تاودان و وشک کردن
تیلیس و شریت، حەمباڵی — خەسارنەکەی نیو مسقاڵێ
ئەوا داگیراو دانرا — پەتەی بارکردنی درا
خۆشی خوشی دڵم شادە — خاوەنی قەرز بەس خۆ بادە
تووتنەکەم زۆر جوان و ڕەندە — بۆنخۆش و باش و پەسەندە
ئەورۆ سبەی باری دەکەم — واریدە بە ناوشاری دەکەم
«دوخانیە» چاکم لێ دەکڕێ — پووڵێکی باشم پێ دەبڕێ
هەر قەرزێکی بەسەرمەوە — دەیدەمەوە بە گەرمەوە
جلک و پیلاو دەسرە و کڵاو — برنج و ڕۆن بۆ چلاو پلاو
هەرچی پێویستە بۆ ماڵم — بۆ خۆم و ژن، بۆ منداڵم
هەمووی دەکڕم بە هەرزانی — لە چاو سالان بە مەجانی
قەرزدار نیم، نەختکرم — چیدی ناڵێم، بەرگشڕم

* * *

حاجی قادر! عەلی قەساب! — چایی بێنن لەگەڵ کەباب
شەو لە ئوتێل، لەسەر فەنەر — دەخۆم و دەنووم بێخەتەر
بە ڕۆژ تا شەو بازاڕ پێوان — بە فیزەوە قەدەم لێدان
دەگەڕێم دووکان بە دووکان — سەودا دەکەم جلی بووکان

لە دەرزی تاکوو پەشمینە   هەرشتێ جوان و ڕەنگینە
نرخ و قیمەتی دەپرسم   تووتنم هەیە چاو نەترسم
مناڵیش تلیتلیانە   لە ماڵێ خۆشی خۆشیانە
باب لە شار دەگەڕێتەوە   هەموو شتێکمان بۆ دێتەوە
دە ڕۆژ بەم جۆرە ڕامبوارد   بە قەرز نان و چاییم خوارد
دڵ پڕ لە ئاهەنگ و خۆشم   ئەمڕۆ تووتنەکەم دەفرۆشم
ئاغای ڕەئیس وەدەر کەوت   ئوخەی نۆرەم وەبەر کەوت
دەفەردە تووتن ڕێزکراو   لەبەر شەوقی هەڵنایێ چاو
بۆ دیتن و چاولێکردن   هەمووی پەرت و بەڵاو کردن
سەر و بنی هەڵتەکاندن   نیوەییکی لێ وەراندن
منیش لە جێی خۆ هەستاوم   بە بێزمان ڕاوەستاوم
لە ناکاو هاتەگوێم دەنگێ   دای لە جەرگم وەک خەدەنگی
گوتی: لێدەن بە واگوزار   ئەم ساڵ خراپترە لە پار
بە ڕوویکی ترش و تاڵەوە   گوتی: زوو بگەڕە ماڵەوە
دەپوتت کەسری لەسەرە   بیهێنە، بێ بێنەوبەرە
کە گوێم گرت لەم دەنگ و سەدا   ڕەق بووم لەوێ وەک موقەبا
پاش تاوێ تاسان، حەپەسان   بە دەنگێکی پڕ لە ترسان
هاتمە زمان، هاوارم کرد   لێم کۆوە بوون درشت و ورد
گوتم: هەی داد و هەی هاوار   هەی لە ڕێگەی پەروەردگار
ئاغای ڕەئیس! قەرزدارم   نەخۆشم، برسیم، هەژارم
هیچ نەبێ قەرزی ئەم ساڵم   قووتی خێزان و منداڵم
بمدەنێ با ئەربابەکەم   هەقی چای و کەبابەکەم
ڕازی بکەم بیدەمەوە   ڕێم ببێ بۆ شار بێمەوە
یا بمگرن یا بمکوژن   یا کەسریم لەسەر هەڵگرن
بمبەخشن لە ڕێگەی خودا   خەرجیم نییە بۆ دادگا
هەڵدەلەرزیم، هەڵدەچۆقام   نەڕاندنی بەسەرما، تۆقام
ئەی بێشەرمی پەردەدڕاو!   ئەی چڵمنی پیس و گلاو!
بێدەنگ نەبی بێئابڕوو   تێت هەڵدەدەم بە ئارەزوو

دا کورپنـــه لێـــرەی دەرکـــەن نــەک لێـرە، شـاربەدەری کـەن

* * *

بــەم چەشـــنە دەریانپەڕانـــدم بەرهـــەمی ساڵـــیان فڕانـــدم
بـە دزی خـاوەن قـەرز و ئـەرباب بـێپوولـی و قـاوەچی و کـەباب
ملـــم بـــۆ نـــا بـــە لارەوە دەرکـــەوتم لـــە نـــاو شـــارەوە
بـــە چـــاوی پــڕ گریانـــەوە بـــە دڵـــێکی زۆر بریانـــەوە
هاتمـــەوە نـــاو خـــاو و خێـــزان وەک بـــــارانی گـــــەڵارێزان
فرمێـــسکی ڕووتی و هـــەژاری لـــە چـاوی گـشتمان دەبـاری

* * *

دوژمـــن تاکــەی بــدەم باجْــت؟ دەک وەگـەڕێ تـەخت و تاجْـت!
ئـەی وەرزێـڕان! ئـەی جـووتێران! ئــەی تووتنــەوانی مــاڵوێــران!
بـا بـە یـەک دڵ و یـەک زبـان بـــا بـــە خـــەباتی شـــێلگیرمان
تـــا دوا پـــشوو هـــەوڵ بـــدەین شـــەق دەو ڕژیمـــە هەڵـــبدەین
یــەک گــرتن هــۆی ســەرکەوتنە خــەبات ڕێگــەی دەس کەوتنــە
ئەگـەر یـەکبـین و یـەکبگـرین لەگـــەڵ یەکـــدا بـــژین، بمـــرین
زاڵ دەبـــــین و ســـــەردەکەوین بـــــەرز دەبـــــین و نانـــــەوین
هـــەوڵ و تـــەقالای بـــێوچـــان بـــێمانـــدویی و بـــێپـــشوودان
تاقەڕێگـــــــەی ئازادایيـــــــە هێنـــــــەری ڕۆژی شـــــــادییە

لایەلایەی دایکێکی دڵسۆز بۆ کۆرپە ساواکەی

ڕۆڵــە کۆرپەکــەم ئـارامی گیـانم خونچەی گوڵزاری باخچەی ژیـانم
جگەرگۆشــەکەم بەرهــەمی ژیــنم سـەرووەت و ماڵـم، ئـایین و دیـنم
هێــز و تــەوژمم، بینـایی چـاوانم هـاودەنگی بـەزمی ڕۆژ و شـەوانم
ڕۆڵە گیان مەگری، مـەگرە بەهانـە بنـــوو درەنگـــە، بـــەری بەیانـــە

هەی لایـە لایـە کۆرپـەی سـاوایە
کوێر بێ ئەو چاوەی بە تۆ هەڵـنایە

هەرچەن تۆ دەگری جەرگم کەبابە من بۆ تۆ چۆنم تۆش بۆ مـن وا بـە
تۆ شاگوڵـی جـوان، مـن پاسـەوانم نـازت دەکێـشم هـەتا دەتـوانم

دایک ئەو کاتەی دڵــی دەسـرەوێ   کە کۆرپەی ساوای بێخەم وەرکـەوێ
یان بە بزەی لێو، بە خەندەی زاری   ئـاڵوگۆڕیـان کـا گریـان و زاری

هەی لایـە لایـە کۆرپـەی سـاوایە
قـەزات لـە گیـانم تاقانـەی دایـە

هــەتا ئێــستاکە منداڵــی و وردی   خەڵف و نەمامی بێستانی کـوردی
شلکی، ناسـکی، نەتـداوە بـای بـاڵ   دەرت نەکردووە پەڕ و خەت و خاڵ
بێ زمان، بێبیر، بێ هۆش و تاقەت   خەمبارم ئەکەی بە گریە و زاقـەت
بەڵام بـە هێـوای دواڕۆژم سـا دەی   نەکەی ڕۆڵە گیان ڕەنجم بە بادەی

هەی لایـە لایـە کۆرپـەی سـاوایە
دایەت ماندووە بـۆچ خـەوت نایـە؟

هیوام زۆر پێتە وەک باب و کاکـت   ببیــە ســەربازی نەتــەوە و خاکـت
بەخێوت ئەکەم بە گیـان و بـە دڵ   نەکەی بترسی و لە هیچ بکەی سڵ
زانا و خوێندەوار، چاو و دڵتێـر بی   ڕۆژی تەنگانــە پــڵنگ و شــێر بی
لاوێکی گورج و خاوەن هۆش و بیر   نەترسی لە بەند، لە کۆت و زەنجیر

هەی لایـە لایـە کۆرپـەی سـاوایە
کۆرپـــــەم دواڕۆژ لاوی ئازایـــــە

کوڕم! تۆ کوردی، تۆ بێچووە شێری   نەتــەوەی کــاوەی ئـازا و دلێــری
باب و باپیرت، خزم و کـەس و کـار   زۆریـان کێـشاوە مەینـەت و ئـازار
بـۆ پارێزگـاری نـامووس وماڵــیان   قەت ڕانەوەسـتا دەس و گۆپاڵـیان
تۆش وەک ئەوان بە، نـەترس و نەبـەز   بازی کێوی بە، نەک کەوی قەفـەز

هەی لایـە لایـە کۆرپـەی سـاوایە
هیـوای دواڕۆژم لـە دەس تۆدایـە

دیوانی مەلا ئاوارە.

شێخ ئەحمەدی زیائەدینی

عارفی سەرفەراز و بێنیاز، حاجی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ موحەممەد سەلیم، کوڕی شـێخ ئەحمـەد، کوڕی شێخ عەبدولکەریم، کوڕی شێخ غەفار، کوڕی شێخ موحەممەد کـەریم، کـوڕی شـێخ مـەحموود، کوڕی عەللامە شێخ ئەحمەد، کوڕی حاجی شێخ مستەفا تەختەیی مەردۆخی، ساڵـی ١٣٢٠ ک. م. لـە

سنه هاته دنیا و خوێندنی بالای له قوتابخانەی بابی پایەبەرزیدا تەواو کرد و هەر لەوێش دەرس‌گوتنەوەی گرتە ئەستۆ. لەم چەند ساڵی دواییەشدا لە مەدرەسەی زانستە دینییەکانی سنەش دەرسی دەگوتەوە.

شادڕەوان شێخ ئەحمەد مرۆیەکی پارسا و زانا، لەسەرخۆ، بێ دەمار و خاکەسار و هەمیشە لە یادی خودا بوو. لە دەسەڵاتداران خۆی دەپاراست و کاری بەسەر دنیا و دنیادارانەوە نەبوو. ئەگەر لە کۆڕێکدا دادەنیشت، تا پرسیاریان لێ نەکردایە، قسەی نەدەکرد.

شێخ ئەحمەد سەرەنجام لە ٢٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠ ز.)، بەرامبەر بە ١٣٩٠ ک. م. دەستی لە ژیان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

یاداشتەکانی نووسەر.

ڕەمزی سلێمانی

موحەممەد ڕەمزی ئەفەندی، کوڕی مەلا مەعرووف ئەفەندی قازی، لە سەیدەکانی پیرخدران، ساڵی ١٣٢١ ک. م. لە شاری سلێمانی هاتە دنیا و پاش کۆتاییهاتنی دەرس‌ودەور، لە مەزرینگەیەکی دەوڵەتیدا دامەزرا.

ڕەمزی ویژەوان بووە و بە کوردی سۆرانی شیعری گوتووە و شیعرەکانی زۆرتر باسی دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمانەکەیە. ئەوا نموونەیەکی:

خەڵکی گەییشتە مەنزڵ و گشت ئێستە سەربەخۆن
هەر کوردە مایەوە لە هەوارێکی چاڵ و کۆن

ئەسبابی یەک‌نەکەوتنە، پێش ناکەون لە کەس
باعیس بە یەک‌نەگرتنە، دواکەوتوو ڕەنجەڕۆن

کوردینە ئەم نیفاقە لە بەینا هەتاکوو کەی؟
هەروا دەوام ئەکات و لەگەڵ یەکتری دەهۆن

تاکەی ئەوندە هۆگری چەوتی و خراپە بوون؟
تاکەی ئەوندە تاڵیبی ناڕاستی و درۆن؟

تاکەی وەکوو گەزندە قول و قاچی یەک گەزین؟
تاکەی وەکوو دڕندە دڵ و جەرگی یەک ئەخۆن؟

تاکەی لە بەحری وشکی هەوادا پەلەی مەلە؟
تاکەی بە دەشتی ئارەزوا بێ‌دەلیل ئەڕۆن؟

تاکەی خەریکی کوشتن و فەوتانی یەکترین؟
تاکەی بە واتەیێکی درۆی غەیرە دەسخەڕۆن؟

خەڵکی سورای فەن‌بوە وا گەییە ئاسمان
ئێوەیش خەریکی یاری هەلووکێن و هەڵمەقۆن

گاهێ لە ڕووی جەهالەتەوە دەبنە ئەجنەبی
گاهێ لە ڕووی نەزانییەوە ئەبنە فەرمەسۆن

وا تێدەگەن بە بایەکی زک ئەبنە فەیلسووف
یاخۆ بە شەپقە کردنە سەر، ئەبنە ئادیسۆن

بۆ فتنەیی و بەدی نەبێ کەی ئامشۆی بەڕاست؟
بۆ باسی یەکتری نەبێ کەی فێری گفتوگۆن؟

هەر غەیبەتی ئەم و ئەوە هەر مەجلسێ ئەچی
هەر کردنی شەن و کەوە هەر کۆمەڵێ کە کۆن

بۆ غەیرە بەستنی کەمەری نۆکـەری بـە گـەرم — بۆ دەوڵەمەند لەبەر چییە وا خوار و سـەرفرۆن؟
ڕیوی و مـەڕن لـە بـەردەمی بێگانـەدا کـەچی — وەک گورگی هار و شێری دڕی جەنگی خۆبـەخۆن
وەک پۆری باڵشکاو و کەوی دەستەمۆی مناڵ — هەرچەند ئەوەی شەهێن و بە هەڵمەت وەکـوو هەڵـۆن

ئەم شاعیرە، دەوری ساڵی ١٣٩٠ ک. م. لە دنیا چووە.

گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، ل٤٧. *یادی ئەدیبان*، ل٤٢.

سەحرایی

عەباسی سەحرایی، کوڕی حەبیبـوڵا، ساڵـی ١٣١٤ ک. م. لـە هەرسـینی کرماشـان هاتـە دنیـا و دوای ماوەیەک خوێندن، سەرتا چووە خزمەتی چەکداری و پاشان لە وەزارەتی ناوخۆدا دامەزرا و هێندێک لـە نەهاوەند و دواجار لە شاری کرماشان و باقی شارەکانی ئەو پارێزگایەدا، وەکوو بەخشدار، تا ساڵـی ١٣٧٩ ک. م. کاری کرد و سەرەنجام ساڵی ١٣٩٠ لە شاری خامۆشان جێی گرتەوە.

سەحرایی شاعیریش بووە و ئەم غەزەلە هی ئەوە:

آزمودم هر فـرح را، هـست در پی مـاتمی — وز پـی هـر شـادمانی عاقبـت آیـد غمـی
پـای تـا سـر سـوختم از آتـش هجـران تـو — گر نمی‌دادی برون سرچشمه‌ی چشمم نمی
یـا مکـن مجـروح دلهـای پریـشان از جفـا — یا بنه بر ریـش درویـشان ز رأفـت مرهمـی
درد بـی‌درمـان هجرانـت مـرا از پـا فکنـد — جان ز تنهایی به لب آمـد خـدا را همـدمی
حالــت افــسرده‌ام یابــد حیــات جــاودان — گر گذارد بر سرم پا، چون تو فرّخ مقـدمی
درد دل را از تـو پنهـان کـی تـوانم داشـتن — زانکه دل را نیست غیر از تو به عالم محرمی
جز خیال روی تو، کو کـرده دلهـا را اسیر — کی شنیده روبهـی را صـید سـازد ضـیغمی
آن که می‌گوید نباشد عالمی دیگر، کجاست؟ — من به هر آنی کنم طی بی‌حضورت عالمی
کرده جا عشقت به دل «صحرایی» اندر حیـرتم — چون محیطی جـا کنـد انـدر درون شـبنمی

تذکره‌ی شُعرای کرمانشاه، ل٧٨.

موخلیس

ئەحمەدی ئامێدی (عیمادی)، نازناو «مُخلِص»، کوڕی ئەمین، لە گوندی «بامەڕنی»، ناوچەی بادینان هاتـە دنیا. بابی ناڵبەند بوو؛ بەڵان ئەو هیچ دڵـی نـەدەچووە سـەر ئـەو کـارە و ڕووی کـردە خوێنـدن و پـاش وەرگرتنی وانە سەرەتاییەکان، چووە گوندی «مایی» و لەوێ ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی دو وێژەوانی زانـا، شێخ تاهیر و شێخ تاها بەهرەی برد و وردەکارییەکانی شیعر و شاعیریش فێر بوو.

ئەحمەد موخلیس بۆ شیعر دانان، زەوق و لێهاتوویيەكی بێدادی هەبوو. شـیعرەكانی جـوان و ڕەوان و بێ گیر و گرفتن. دیوانی شیعری ـكە زۆرتر كـوردی كرمـانجی (بـاكوور) و هێنـدێكیش بـە فارسـی و عەرەبییەـ لە چوار بەرگدایە؛ بریتی لە غەزەل، قەسیدە، سكالا، پەسن، ئامۆژگاری و شینگێڕی.

موخلیس لە ساڵی ١٣٧٧ ک. م. لە ئامێدیدا بووە و دەوری ٧٠ ساڵ ژیاوە و تا ساڵی ١٣٩٠ ماوە.

ئەوا نموونەیەک لە شیعری ئەو شاعیرە کە تێدا باسی کارەساتی ژیانی خۆی دەکا و ئەوەی کـە بـۆی نەلواوە ژنێک بە دڵخوازی خۆی بخوازێ:

طُفْـتُ شـرقاً ثُـمَّ غَربـاً، بـل جنوبـاً و شـمال — ئەز بخۆ ژنكا دگەر هام دالمە هل‌بیت ئیک شـەمال
چوومە زاخۆ، زاخ مەداخۆ بیلە یـا خـۆ پیرەمـیر — ئەو چیایێ بەفری لێ‌كەت چوو، لـوی وەخـت و مـەجال
چووم دهۆكی، كەتمە شۆكی، ئاف لە جۆكا من نەهات — بێ‌ژن و تۆلاز و كەچ، ئەز بووم لە كن وان ترش وتال
چوومە مووسڵ، ئێ چل و زل، «كلُ بالكُل» جێ نـەبـوو — گوت تۆ كوردی، ئەم عەرب، نفرەت ژ من كر بـێ فەسـال
«قلـت: إنـی شـاعر الأكـراد أبطـال العـراق — مـن یکـن مـنكُنَّ زوجـی، نالـت العیش الـزّلال»
وەختی وان ژێ گۆتیە من، من كر هەوار و دەستقوتـان — كوردی كوردی، مـا نُریـدُک، لا تُطِـل هـذا المَقـال

الأكراد فی بهدینان، ل٢١٤ و ٢١٥.

شێخ مستەفای قەرەداغی

کوڕی شێخ موحەممەد نەجیب، کوڕی شێخ لەتیف، کوڕی شێخ عەبدوڵڵا، لە پشتی شێخ لەتیفی کەبیر، ساڵی ١٣٠٣ ک. م. هاتە دنیا و لە قوتابخانەکەی باوبیدا خوێندنی دوایی پێ هێنا و ئیجازەی وەرگرت.

شێخ مستەفا تا باوکی مابوو، لای ئەوی چۆڵ نەکرد و لە بەردەستیدا، بەڕێوەبردنی قوتابخانە و فەقێیان و کاروباری شەرعی خەڵکی بەڕێوە دەبرد. پاش ئەویش بە تەنیا و لەوپەڕی تەکووزیدا ئـەرکی زانـستی و ئایینی خۆی دەسووڕاند.

قــەرەداغی مامۆســتایەکی شــارەزا لــە زانــستە عەقــڵی و نەقــڵییەکاندا و مرۆیــەکی جــوامێر، خەڵک‌خۆشەویست، قسەزان، ئازا و پشتیوانی ڕاستی و دروستی بوو. قەت لەبەر زۆربێژان و ناحەقیکاران دانەدەهات و هەمیشە بە زمانێکی پاراو و بەبڕشت، لای هەژاران و زۆرلێکراوانی دەگرت.

مامۆستا هێندێک نووسراوەشی لێ بەجێ‌ماوە؛ کە تا ئێستا هیچی لە چاپ نەدراوە.

شێخ مستەفای قەرەداغی لە ساڵانی دواییدا کۆچی کرد بۆ سلێمانی و لە مزگـەوتی شـێخ ڕەحمـانی عازبانیدا دەرس‌گوتنەوەی درێژە پێدا و سەرەنجام لە ساڵی ١٣٩٠ ک. م. دەستی لە ژیان بەردا.

عُلَماونا فی خدمةالعلمِ و الدّین، ل٥٦٨ و ٥٦٩.

ئەبولوەفا موعتەمەدی

تاها ئەبولوەفا موعتەمەدی کوردستانی، کوڕی عەللامە حاجی شێخ موحەممەدی موعتەمەد، زانایەکی شاری سنەیە لە بنەماڵەی قوسەیرانی کانیمشکانییە، کە پشت بە پشت بۆ زانایی و پارسایی ناوبانگیان بووە.

تاها ساڵی ١٢٦٥ ک. هـ.)١٣٠٥ ک. م.) هاتە دنیا و خوێندنی سەرەتایی لای ئامۆزایەکی خۆیەوە، بە ناوی شێخ لوتفوڵا ـکە پیاوێکی چاک و پاک بووە ـ دەسپێکرد و پاشان ماوەیەک لە لای بابیەوە و هێندێک لە خزمەتی مامی زانای، حاجی شێخ عەبدولحەمیدی عیرفانی خوێندی و سەرەنجام لە کۆڕی دەرسی عەللامە مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشی بەهرەی برد و ئیجازەی وەرگرت. دوای خوێندن دامەزرا و ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵان لە وەزارەتی دارایی، لە کوردستان و خوراسان و تاران خزمەتی کرد و ساڵی ١٣٢٨ ک. هـ. وەنیشتە بوو.

ئەبولوەفا زۆربەی زانستە دینییەکانی دەزانی و سەری لە زانستی نوێش دەردەچوو. هەم عەرەبی و هەم فارسی جوان و ڕەوان دەنووسی. نەخۆشی خۆڕانانی بە لادا نەچووبوو. خاکەسار و بێنیاز بوو.

دوای کارکناری ـکە دەرفەتێکی زیاتری دەسکەوت ـ چەند کتێبی نووسی؛ هێندێکیان بریتین لە:

١. «*اصول فقه شافعی*»، بە فارسی، چاپی تاران، ١٣٣٢ ک. هـ.

٢. «*ارث در اسلام و طریقەی حل مسائل آن*»، بە فارسی، چاپی تاران، ١٣٣٤ ک. هـ.

٣. «*کلمة فی الجمعة و تعطیلها*»، عەرەبی، چاپی تاران، ١٣٤٣ ک. هـ.

٤. نامیلکەیەکی عەرەبی لەمەر ئیجتیهاد لە ڕێبازی سوننەدا، چاپی تاران، ١٣٣٦

٥. «*خلق اعمال*»، باسێکی کەلامییە، بە فارسی

ئەو خوا لێ خۆشبووە سەرەنجام ساڵی ١٣٥٠ ک. هـ.)١٣٩١ ک. م.) لە تاران کۆچی یەکجاری کرد.

یاداشتەکانی نووسەر.

شاهۆ بیارەیی

مەلا حەسەنی قازی، نازناو «شاهۆ»، کوڕی مەلا قادری کانیکەوەیی، ساڵی ١٣٠٣ ک. م. لە بیارە هاتە دنیا و هەر لەوێش خوێندنی تەواو کرد. پێش قەومانی یەکەم شەڕی جیهانی، چووە بەغدا و لەوێوە گەیشتە ئەستەمبووڵ و دوای ماوەیەک مانەوە لەوێ و فێر بوونی زمان و وێژەی ترکی، هاتەوە سلێمانی. ساڵی ١٣٤٧ ک. م. بوو بە قازی هەڵەبجە و بەدوویدا لە چوارتا و بەغدا و کەرکووک و هەولێر و چەمچەماڵدا، هەرکام چەند ساڵێک داوەری کرد و ساڵی ١٣٧٤ وەنیشتە بوو. ئەوجار گەڕاوە هەڵەبجە و تا کۆتایی ژیان (١٣٩٢) لەوێ مایەوە.

مەلا حەسەن پیاوێکی هێژاو شاعیرکی وریا و خاوەن زەوق بووە. زیاد لە کوردی، عەرەبی و فارسی و

ترکیشی زانیوە. سەرەتا نازناوی «شایق»ی هەڵبژاردووە و دواجار کردوویەتە «شاهۆ». بەشێ لە شیعرەکانی بۆخۆی ساڵی ١٣٤٥ لەچاپیداوە و دیوانەکەی لە ساڵی ١٣٩٧، بە تێکۆشانی مامۆستا موحەممەد ئەمینی کاردۆخی چاپ کراوە.

چەند شیعری شاهۆ:

نەورۆزە، جەژنە، شاخ و چیا، کێو و دەشت و دەر
تارایی سەوزی دا بە سەرا، سەوزی کردە بەر

ڕازایەوە بە ڕەنگی گوڵان نیشتمانی کورد
بووژایەوە درەخت و چرۆی جوانی کەوتەدەر

خونچە بە بای نەسیمی بەیان کەوتە پێکەنین
سۆسەن گەشاوە، یاسەمەنیش تاجی نایە سەر

لالە و بەنەوشە، نەرگس و نەسرین و گوڵ زەمەق
هەر یەک بە نەشئەیێکەوە وا دێتە بەر نەزەر

شەوبۆ، چنوور و سوورەهەراڵە و کەما و لۆ
تازە لە ژێری بەفرەوە سەریان دەهێننە دەر

نەغمەی حەزینی بولبولی شەیدا لە عیشقی گوڵ
تەئسیر ئەکاتە ناو دڵی غەمبار و ناو جگەر

قاسپەی کەو و چریکەیی تەیر و تویووری کێو
خوشی ئەدەن هەموو بە دڵی ماتی پڕ کەسەر

* * *

ئەی یاری خۆشەویستی وەفاداری ڕاسترەو
وەی جێ ئومێدی موخلیسی خەمباری تیرەشەو

وەختێ کە کارتی جەژنەکەتم دیت و خوێندمەوە
وەک نووستوێ کە ڕاشڵەژێ و ڕاچەنێ لە خەو

تیمسالی حاڵی قەومەکەمی میسلی سینما
هێنایە بەر نەزەرم و لەپڕ ڕاپەریم بە دەو

تۆزێ کە سەیری ئەو شریتەم کرد و تێگەییم
دەستم گەیاندە خامە وەکوو بەرقی تێژڕەو

نووسیم بە خوێنی دیدە لە سەفحەی سیاهی دڵ
ئەحواڵی کوردی قوڕبەسەر و بەختی شوومی ئەو

کورد ڕەنجەڕۆیە، گوڵبونی عەیشی خەزانی کرد
شانی لە ژێری باری خەما گشتی بوو جەدەو

* * *

باری گونام گرانە بە سەرشانی ڕێشەوە
ئەتلێمەوە هەمیشە لە تاوا بە ئێشەوە

نەفسم ئەوندە سەرکەشە سەرشێتی کردووم
تووشم بووە بە تووشی شەڕی گورگەمێشەوە

شەیتانە کوێرە نەگبەتەکەیش خۆ بە بێوچان
چیم بۆ خەرابە، ئەومە ئەکات هەر بە ڕیشەوە

بێجگە لەمانە کۆمەڵی خێڵی «یُوَسوِسُ»یش
چەک ئاودەرە، بە ژاری پڕ ئازار و ئێشەوە

هەڵمەت ئەهێننە سەر دڵی ڕێشم بە ڕۆژ و شەو
ئەویان بە تیر و شیر و ئەمیتر بە نێشەوە

دوژمن ئەوندە زۆر و منیش پیر و ناتەوان
بۆ جەنگی ئەم گورۆهە بە چی بچمە پێشەوە؟

* * *

تاتایی سەری زوڵفی ڕەشی پەرچەمی یارم
وەک تەوقی غەزەب چۆتە ملی قەلبی هەژارم

تابووری موژە دەس بەسەنان بۆ منی بێکەس
ئامادەیە وەک عەسکەری خوێنڕێژی تەتارم

شمـشێری بـرۆی حـازرە بـۆ گـەردەنی عاشـق
وەک شێری عەلی چۆن بووە بۆ جەیشی کوفـارم
ئەو خاڵە بەسەر ڕوویـەوە وا دیارییـە «شـایق»
بـۆ مــورغی دڵان دانەیــە داینــاوە نیگــارم

دیوانی شاهۆ، سلێمانی، ١٩٧٦ ز.

عەلی کەمال باپیرئاغا

عەلی کەمال کوڕی باپیرئاغا یوزباشی، لـە خێـڵی ئیـسمایل عـەزیزی، ساڵـی ١٣٠٥ ک. م. لـە شـاری سلێمانی هاتۆتە دنیا و کە پێگەیشتووە خوێندوویە و پاشان لە مەزرینگەیەکی دەوڵـەتیدا دامـەزراوە. لـە سەردەمی خوێندندا، ماوەیەک لە ئێران ژیاوە و تا تاران چووە و زبان و وێژەی فارسی فێر بووە.

عەلی کەمال خاوەن زەوق و لێهاتوویەکی باش بووە و شیعرەکانی زۆرتر ئەویندارانە و ڕەوان و بێ گرێن. لە بەرهەمەکانی، دەفتەرێکە بە ناوی «*گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم*»، باسی چەند کەسـێک لـە شـاعیرانی کوردستانی باشوور لە ٥٦ لاپەڕەدا کە ساڵی ١٣٥٨ ک. م. لە چاپخانەی ژیان لە سلێمانی چاپ کراوە.

مەرگی ئەم شاعیرە ساڵی ١٣٩٢ ک. م. ڕوویداوە.

غەزەلێکی عەلی کەمال:

پەلکەزێڕینــــــە، پەلکـــــەزێڕینـــــــە!
تــــۆ بی تـــۆ خـــدا پەلکـــەزێڕینـــــە!
هەرچــەن دیمــەنت جــوان و شــیرینە
شــێوەت بەڕاســـتی گـــەلێ ڕەنگینـــە
ئــەمما پــێم بـڵێ: ئـەو ڕەنگــە زەردەت
وەک ئاڵتوون جوان و پاک و بێ‌گەردەت،
جـــوان و لەتیفـــە یـــا ڕەنگـــی زەردم
یا پەلکـەی زەردی گـەردەن بـێ‌گـەردم
گاهــێ کــرژ و لــوول، گاهگاهــێ خــاوە
ڕەگـــی ڕۆحمـــە زەرکفـــت کـــراوە
ڕەنگــە ســوورەکەت کــە وەک گوڵــنارە
ئەڵـــێی شـــەوقی ڕووی یـــاری نـــازارە
توخــوا ئــەو جوانــە یــا لێــوی نیگــار؟
ئـــەو لێـــوە ئاڵـــەی ســـونعی کردگـــار
مردووی سەدساڵە حـەی ئـەکا دەرحـاڵ
خەنــدەی شــرینی ئــازیزی چاوکــاڵ
قامـــەتت کـــەوا خەمـــە و چەمیـــدە
وەک تــاقی خــەمی بــرۆی ســەردیدە،
جوانـــە یـــا تـــاقی بـــرۆی دڵـــدارم
میحـــــرابی دڵـــــەی پەشـــــێو و زارم
دەخـــیلم تۆخـــوا پەلکـــەزێڕینـــە
لەمـــەولا ئیتـــر تـــۆ خـــۆت مەنوێنـــە

پێشەکی *گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم*، ل٤. چەند گۆڤاری کوردی.

سەیفوڵا ئەلایارخانی

کوڕی یەعقووب، خەڵکی گوندی «دوچقا»ی سەر بە ناوچەی «ئەلایارخانی» کرماشان، شـاعیرێکی ئاگـا و

خاوەن زەوق بووە کە لە ئەستێرەناسیش سەری دەرچووە و ساڵی ١٣٩٢ ک. م. (١٣٦٧ ک. هـ. ١٩٨٨ ز.) کۆچی یەکجاری کردووە.

ئەم شیعرەی بۆ حاڵ و باڵی پیری خۆی گوتووە:

دۆسان! حاڵ ویم بواچم پێتان   هەرکامتان مەنیەن یەسە هاوڕێتان
وە مەرگتان قەسەم دەروون پڕداخم   کەم‌کەم پیری هات گرتەن سەرشاخم
ڕاسە وە گوفتار خەیلێ جوانم   وە کردار پیر و هەم ناتەوانم
سەرتاپا مەعیووب زامم قەهارەن   عەیبیەل پیریم کول ئاشکارەن
قامەتم چون قەوس چەم و خەم وەردەن   مەجرۆح و بیمار هەزاران دەردەن
مەغزم لە کاسەی کەللەم نەمەنەن   پیری عەقڵ و فام وەدەسم سەنەن
چەم بیەن دوربین هەوای تەم و تار   گاگا مەوینێ دوان وە چوار
سەدای تەبڵەکەی گۆشم خەفتیە   چو ئاسیاو بێ‌دان ئاوی کەفتیە
لویت چون ئاوەزای کەڵوەزان سەخت   مەتکیێ تک‌ـتک لە وەخت و بێ‌وەخت
دەم بیەن وە نای ئاسیاو خراوە   پەلە مەشینێ وە هەردک لاوە
ئەو گوفتار خاس، شیرین شەکەردار   تەڵخ بیەن وێنەی ژار حەڵق مار
مامەڵەی پیری وەی تەور پێم کەردەن   قافڵەی جوانیم وە تاراج بەردەن

حدیقەی سُلطانی، ل٢٨٢-٢٨٤. یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا باقری بالک

زانای وریا، مەلا موحەممەد باقر، کوڕی حوسەین‌ئاغا، ساڵی ١٣١٦ ک. م. لە گوندی «نزار»، لە نیوان سنە و مەریوان و کامیاران هاتە دنیا[1] و پاش خوێندنی سەرەتایی لە زێدی خۆیدا، بۆ فێربوونی عەرەبی و زانستە ئایینییەکان، چووە غوربەت و ماوەیەک لە ناوچەی «ژاوەرۆ» لای مەلا ئەسعەدی بۆڕیەری و چەند مامۆستای تر و سەرەنجام لە سنە لە خزمەتی مەلا موحەممەدی مەولانای نۆدشی خوێندی و ئیجازەی وەرگرت. ئەوجار گەیشتە گوندی «چۆڕ»ی مەریوان و تا ساڵی ١٣١٤ ک. م. لەوێ مەلایی و بەرنوێژی کرد. دوای ئەوە چووە گوندێکی تر بەناوی «بالک» و تا کۆتایی ژیان (سەرەتای زستانی ١٣٥٠ ک. هـ. ١٣٩٢ ک. م.)، لەوێ ماوە.

١. مامۆستای پایەبەرز مەلا کەریمی مودەڕڕیس، زێدی مەلا باقری گوندی «هەنیمن» و ساڵی لەدایکبوونی ١٣٢٠ ک. م. نووسیوە؛ کە بەرامبەر بە گوتەی کەس‌وکاری، هێچیان لە ڕاست ناچن.

مەلا باقر بە بیری تیژ و لێهاتوویی تایبەتەوە، یەکجار مامۆستایەکی بەرز لەزەبر بوو؛ چاکی دەرس دەگوتەوە و لە کۆڕی پڕپیتی دەرسیدا، زۆرێک بەهرەیان برد. لە زانستە ئیسلامییەکان، بەتایبەت فیقهـ و کەلامدا هێندێک نووسراوەی هەیە و چەند هۆنراوەش بە نازناوی «غەریق»ەوە لێ بەجێ ماوە. ئەو خوا لێ خۆشبووە سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و مریدی شێخ عەلادینی بیارە بوو.

یاداشتەکانی نووسەر.

قەدری‌جان

شاعیرێکی ناوداری کوردستانی باکوورە کە لە سەرەتاکانی چەرخی بیستەمی زایینیدا هاتۆتە دنیا و کوردێکی زۆر نیشتمانپەروەر بووە. دوای شکانی بزوتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٦ ز.)، بۆ شام کۆچی کردووە و ساڵی ١٩٧٢ ز. (١٣٩٣ ک. م.) لە شاری دمشقدا، ڕووی لە شاری خامۆشان ناوە و هەر لەو شارەدا نێژراوە.

شیعری قەدری‌جان بە کوردی کرمانجی باکوورە و زۆرێکی لە گۆڤاری «*هاوار*» و «*ڕووناهی*»دا چاپ کراوە. ئەمەش یەکیان:

دۆستێ من، دژمنێ پوستێ من، بەگی ئاخرزەمان!
ئەو زەنبیلا توپێ هاتی، نەماداتێ ژ ئەزمان
بەنێ وێ ڕزیایە لناڤارێ قەتیایە، ئوکەت
کەت ناقا دەریا سۆر. دەریاسۆر ژێرا بوگۆڕ.
دەریا سۆر، ژتیر خاوەن و خودایێ بچووکڕا. بوکەفەن.
مووسا و موریدێن وی هەمی. بێ‌پر و بێ‌گەمی.
ژووری دەرباس بون.
ژ جەور جەفایێ لوەرخەلاس بوون.
نەمروودێ بچووک. مەبە ئاگر دترسینە.
پڤ مەشکلاڤالا... ئەی کەڤنارێ ئێسالا!
باوریا دلێ مە، تاقەتا ملێ‌مە، ژ ئیمانێ ئیبراهیم، بێترە. نە کێمترە.
ڤێ یانبران. ئەی پیخەمبەرێ دزان!
دوستێ من دژمنێ پۆستێ من. بەگی ئاخرزەمان!
ئەو زەنبیلا توپێ هاتی. نەما داتێ ژ ئەزمان
مەزناتی نە بپارە ئو مالە. نە ژی بگەرما کالە.

مەزناتی بجەوهەرێ ئینسانە، بعیلم و عیرفانە.
بەلێ ئەم خزانێ مالن. لێ زەنگینێ کەمالن. زەنگینێ ئیدئالن
ڕیاراستە، ڕیامە. ئەوە پیخەمبەریامە: زنجیر شکاندن، ئارمانج گهاندن.
بابیلوسکان بستان. دیرۆکاراستان. دبێژە، بێژە:
گۆوە مەدە ئەفسانەیێ دێوان. بشوندا نەمینە ژکارڤان.
کارڤانێ مەدەنییەت. گرووهێ بەشەرییەت.
خولاسە، پیشی و پاشیا فیلۆسۆفە. فیلۆسۆفیامە، ئەڤە.
دین، مەزهەب، ئیمان.... ببە ئینسان! ببە ئینسان!
دۆستێ من، دژمنێ پۆستێ من. بەگی ئاخرزەمان!
ئەو زەمبیلا توپێ هاتی. نەماداتێ ژ ئەزمان.

مێژووی وێژەی کوردی، پرۆفسۆر قەنات کوردۆ، چاپی ستوکهولم.

مەلا ساڵەحی کۆزەپانکەیی[1]

مامۆستایەکی زانا، دیندار، پشتگری ڕاستی و دروستی و ڕەواجدەری شەریعەت بووە کە پاش تەواوکردنی دەرسوەدەور و وەرگرتنی ئیجازە لە مەلا فەتاحی خەتێ، دەرسیگوتۆتەوە و تاقمێکی زۆر لە قوتابخانەیدا پێگەیشتوون.

مەلا ساڵەح هەر کاتێ دەستیداوە، خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووە و لە شیعر و ئەدەبیاتیشدا سەریدەرچووە و جاروبارە شیعریشی گوتووە و ساڵی ١٣٩٣ ک. م. لە شاری هەولێر لە دنیا دەرچووە.

عُلَماونا فی خدمة العلمِ و الدّین، ل٢٤٤.

دانشوەری سنەیی

میرزا ئیبراهیمی دانشوەر، پیاوێکی ئاگا، هێژا، پارسا و هەروەها خەتخۆشی خەڵکی شاری سنە بووە، کە دوای ٧٢ ساڵ ژیان، لە ڕۆژی شەمبە، ١١ی زیحەجەی ساڵی ١٣٩٣ ک. م. دوای بەجێ هێنانی حەج، لە مەککەی پیرۆزدا ئەمری خوای بەجێهێناوە و هەر لەوێ لە زیارەتانی «جنةُالماوی»دا نێژراوە.

حاجی ئیبرایم کارگێڕی دەوڵەت بوو؛ لە شارەوانی کاری مەزرینگەیی دەکرد و لەوپەڕی پاکی و دروستیدا لەگەڵ خەڵک دەجووڵایەوە. ئەگەر کاتێکی بۆ دەماوە، خەریکی خوێندنی کتێبان دەبوو.

---

١. **کۆزەپانکە** گوندێکی سەر بە هەولێر بووە.

کتێبێکی بەو خەتە جوانەی نووسیوە، بە ناوی «*ایمان و اسلام*» کە لە کۆتایی هەر بەشێکیدا، پاژێک لە بڕوانامەکەی مەولانای جامی هێناوە. ئەم کتێبە بە هیممەتی پیاوچاکێک بە ناوی کاک سدیقی وەزیری، ساڵی ١٣٩٢ ک. م. چاپ کرا.

یاداشتەکانی نووسەر.

فەقێ ڕەشید

موحەممەدڕەشید هەمەوەندی، مەشهوور بە «فەقێ ڕەشید»، کوڕی ئەحمەد، کوڕی عەزیز، لە تایفەی هەمەوەند، مرۆیەکی ئاگا، زانا و ئەدەبدۆست بووە کە لە کاتی خۆیدا بۆ هێندێک لە بلاڤۆکە کوردییەکان، وەکوو «*ژین*» گوتاری نووسیوە. بۆ نموونە لە ژمارەی ١٢٨٣، ساڵی ٣١ی ئەو گۆڤارەدا، نامیلکەیەکی لەمەڕ شاعیری هاوتایفەی (عەبدولقادیری هەمەوەندی)وە نووسیوە.

کۆچی دوایی فەقێ ڕەشید، ساڵی ١٣٩٤ ک. م. لە سلێمانی ڕووی‌داوە.

کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادر، ل٤، چاپی ١٩٨٠ ز.

کامبوزیا

ناوی ئەم بلیمەتەم لە ڕۆژنامەی «*اطلاعات*»ی ژمارە ١٤٥٣٦، هی ڕۆژی ٢٧ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٣ ک. هـ.)١٩٧٤ ز.) چاوپێ‌کەوت؛ کە بە بۆنەی کۆچی دواییەوە، وتارێکی دوور و درێژی لە بارەوە نووسیبوو. ئەوا کورتەیەک لەو وتارە:

«ئەمیر تەوەکولی کوردی زەعفەرانلوو، ناسراو بە کامبوزیا، وەرزێرێکی ئاسایی کە لە قەراخ بیاوانی «لووت»ەوە، لەگەڵ تاقمێک لە گەورەترین زانایانی جیهاندا پێوەندی هەبوو، دنیای بەجێ‌هێشت (١٣٩٤ ک. م. ١٩٧٤ ز.) ئەو بە ڕۆژ، ئارەقی دەڕشت و دەشتی وشکاڕۆی دەکردە مەزرا و شەوان دوامین نووسراوانی لەمەڕ زەوی‌ناسی و جوگرافیای ئابووری ، کە بە فەڕانسی و ڕووسی نووسرابوون، دەخوێندەوە.

کامبوزیا ساڵی ١٢٨٣ ک. هـ.)١٩٠٤ ز.) لە تاران هاتە دنیا و دوای خوێندن دامەزرا و سێ ساڵ (١٣٠٤-١٣٠٧)، بەرپرسی دارایی پارێزگای بەلووچستان بوو. ساڵی ١٣١٤ چووە شوێنێک لە چوار کیلۆمیتری شاری زاهیدان (ناوەندی ئەو پارێزگایە) بە ناوی «کەلاتەرەزاق»، کە دەشتێکی قاقڕ بوو. بە زەحمەتێکی زۆر، ئەو شوێنەی کردە زەوی‌وزارێکی خۆش و گەش. هەروەها لەوێ وردە-وردە کتێبی کۆ کردەوە و کتێبخانەیەکی پێک‌هێنا، دەوری ٢٣هەزار بەرگ، لە هەموو جۆرە بابەتی زانستی، کتێبی نایابی دەسنووس، زانستنامە و...

زانایانی گەورەی زەوی‌ناسی و جوگرافیای ئابووری، کامبوزیایان دەناسی و لەگەڵیدا پێوەندییان هەبوو.

زۆرێکیان جار لە دووی جار، بۆ بینینی و بەهرە بردن لە گەنجینەی زانست و بۆچوونەکانی، ئەو ڕێگا دوور و سەخڵەتەیان بڕیوە و چوونەتە کلاتەرزاق.

کامبوزیا چەند زمانی زیندوو، وەکوو: عەرەبی، فەڕانسی و ڕووسی باش دەزانی و لە سەردەمی لاویدا، بە کاری وەرگێڕییەوە ڕایدەبوارد. ژیانێکی زۆر ئاسایی هەبوو. بە لای زەرق و بەرقدا نەدەچوو. بەرگێکی ساکاری دەبەر دەکرد و هەر بەو شێوە سادەوە دەچووە پێشوازی میوانانی، لە هەر چینێک بوایە. پیاوێکی میهرەبان، خۆش سەر و زمان، دژمنی تەمبەڵی و تەوەزەلی. بۆخۆی، ئەگەرچی پیر ببوو، لە کازێوەی بەیانەوە تا درنگانێک کاری دەکرد. هەموو ژیانی بۆ لاوان دەرس بوو. تێی دەگەیاندن کە زانست و تێگەییشتن، بە زانستگا چوونەوە نەبەسراوە. بە ویست و کۆشش، دەشتی کاکی بە کاکیش دەکرێتە باخ و بێستان.

ئەمیر تەوەکولی کورد، گەورەترین مایەی شانازی خۆی لە دانانی مەزرایەکدا دەزانی کە بژیوی چەند لادێیی هەژار دابین دەکا؛ نەک ئەو هەموو سەرکەوتنە زانستییە. ئەگەرچی لە زانایان و بیرمەندان زۆر ڕێزی دەنا.»

ئایەتوڵڵا مەردۆخ

جەمالەدین موحەممەدی مەردۆخ، مەشهوور بە «آیت‌الله»، کوڕی شێخ عەبدولموئمین، کوڕی شێخ جەمالەدین، کوڕی شێخ عەبدولموئمین، کوڕی شێخ جەمالەدین، کوڕی شێخ عەبدولموئمینی یەکەم، کوڕی شێخ جەمالەدینی یەکەم، ساڵی ١٢٩٨ ک. م. هاتە دنیا.

وەک خۆی لە پێشەکی کتێبی «*جان‌نما*»دا دەڵی، تا تەمەنی ١٦ ساڵان ـ کە بابی مابوو ـ سەری بە ئەسپ و تفنگ و ڕاو و کەژ و کێوەوە گەرم بووە و ئاوڕێکی لە خوێندن و فێربوون نەداوەتەوە. بەڵام مەرگی باوکی ڕایچڵەکاندووە و تێیگەیاندووە ئەگەر زوو بە زوو لەخۆی نەنەوێ، چیتر قەرەبووی ڕابوردووی بۆ ناکرێتەوە و ئەوی ڕۆیوە تازە ناگەڕێتەوە. لە ئاکامدا بڕیار دەدا بێجگە کتێب، هەموو شتێک وەلانێ و شەو و ڕۆژ بخوێنێتەوە و ساتێکیش نەسێتەوە. بەم جۆرە و بە هۆی زیرەکی لە ڕادەبەدەر و بیری یەکجار تیژ و لێهاتوویی سرشتیوە، لە ماوەیەکی کەمدا بەوپەڕی ئاواتی دەگا.

مەردۆخ پیاوێکی باڵابەرز، بەسەروسیما، گفت ڕەوان، قەڵەم جوان، قسەخۆش و دەم پاراو بوو. پەخشانی، بە فارسی و عەرەبی، بێ گرێ و ڕازاوە دەنووسی. لەبار و دڵبزوێن قسەی دەکرد و کەس لەگەڵی کیشەی پێ نەدەکرا.

ئایەتوڵڵا شارەزای زۆربەی زانستە ئیسلامییەکان بوو. لە هێندێکیشیاندا گەیشتبووە ڕادەی پسپۆڕی. چەند زانستی نائاسایی، وەکوو جەفر و عیلمی عەدەدیشی دەزانی. بە بێ ئەوی مامۆستای بووبێ، نیگارکێشێکی دەس‌نەخشین بوو. زەوقی شیعریشی هەبوو؛ بەڵام کەمتر شیعری دەگوت و هۆنراوەی کەمن.

عومری بە کێشەی ئایینی و زانستی، بەشداری لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵگایی، خوێندن و نووسین تێپەڕ کرد. زۆرێک کتێب و نووسراوەی دانا کە زۆربەیانی بۆخۆی لە چاپ دا. هەر لە باسی دینی و مەزهەبییەوە تا کێشەی فەلسەفی و مەنتیقی و ئەمجار تا زبان و فەرهەنگ و مێژوو، لە هەموو بابەتێکەوە، کتێبی هەیە!

ناوی بەشێک لە کتێبە چاپکراوەکانی:

١ـ *فقه محمدی*، بە فارسی، بەرامبەر بە مەزهەبی ئمام شافیعی

٢ـ *رموز آفرینش*، بە فارسی

٣ـ *نداءُ الاتحاد فی مبحث الاجتهاد*، بە عەرەبی

۴ـ *منطق مردوخ*، بە فارسی

۵ـ *سرمایەی هدایت*، بە فارسی

۶ـ *ندای اتحاد*، بە فارسی

٧ـ *نسیم رستگاری*، بە فارسی

٨ـ *در جواب معترضین*، بە فارسی

٩ـ *جان‌نما*، بە فارسی

١٠ـ *جام جان و جین*، بە فارسی

١١ـ *خلاصةالاحکام*، شەرحی هۆنراوەی «کفایة الاسلام»

١٢ـ *چارەی بدبختی*، بە فارسی

١٣ـ *اصول مردوخ*، بە فارسی

١۴ـ *نحو مردوخ*، بە فارسی

١۵ـ *صرف مردوخ*، بە فارسی

١۶ـ *حساب مردوخ*، بە فارسی

١٧ـ *هدف‌نما*، بە فارسی

١٨ـ *نالەی «الاسلام»*، بە فارسی

١٩ـ *تاریخ مردوخ دربارەی کرد و کردستان* (لە دوو بەرگدا)، بە فارسی

٢٠ـ *فرهنگ مردوخ* (لە دوو بەرگدا)، بە فارسی

٢١ـ *شطرنج‌نامە*، بە فارسی

٢٢ـ *شەترەنج‌نامە*، بە کوردی

٢٣ـ *طب مردوخ*، بە فارسی

ئایەتوڵا مەردۆخ لە ڕەمەزانی ساڵی ١٣٩٥ ک. م. (هاوینی ١٣٥٤ ک. هـ. ١٩٧٥ ز)، پاش دەورانێک

نەخۆشی، لە شاری سنەدا سەری یەکجاری ناوە و بەیانی ئەو ڕۆژە، خەڵکێکی زۆر بۆ بەڕێکردنی خرۆشابوون و بەرامبەر بە ڕاسپێری خۆی، تەرمەکەیان لە سەر دەست و شان، بردەوە گوندی «نەوەڕە» لە ڕۆژاوای شار و لە شوێنێ کە پێشتر دیاری کردبوو، ناشتیان.

دوکتور سەعید خانی کوردستانی (پیرۆز)[١] ـکە بێژگە بژیشکی لە زمان وێژەشدا دەستی هەبوو ـ کتێبێکی بە ناوی «نەزانی» بە شیعری گۆرانی هۆنیبووەوە. لە هەمەدانەوە بەرگێکی بۆ ئایەتوڵا دەنێرێ. ئەمیش لە جوابدا ئەم شیعرەی بۆ دەنێرێتەوە:

ئارام دڵەی پڕ جە خارەکەم — دەرمان دەروون پڕئازارەکەم
نامەی «نزانی»ت وە لای من یاوا — بۆسام و نەڕووی دوو دیدەم ساوا
یاوا وە سەردەم کوشتەکەی تیرت — مەڵهەم دا نە زام خەستەی زەنجیرت
یاسای دڵداریت وە جێ ئاوەردەن — بووچکنەوازیت پاوەجێ کەردەن
ویرەگەل شیرین شەکەر ڕێژەکەت — واژەگەل زەریف عەنبەر بێژەکەت
نە دڵێ سەددڵ فریفتەش مەبۆ — هەزارێ چون من وە شیفتەش مەبۆ
کوڵەی دڵەکەت جۆش‌ئاوەردە بۆ — کزەی دوورییەکەت قسە کەردە بۆ
من خۆ کەم زووخاو چەپگەردم وەردەن؟ — ئەم جار ئەم کزە سامانساش کەردەن
دێوناتەو دوودی کوورەی دەروونم — کولناتەو زامان دڵەی پڕهوونم
من جە دووری تۆ دڵم پڕ دەردەن — ویر و وەژارەم جە هەرد و بەردەن
هەرسا دیم وە چەم نەوهاڵ باڵات — کاڕوبام یاوا وە لاڵ ئاڵات
دیسان دیمەوە گۆنا زەردەکەت — بۆسام دوڕدانەی قەتران وەردەکەت
ئانە ڕۆژ جەژن شادمانیمەن — ئانە نەو وەهار زندەگانیمەن
وەرنە ئیسە من هوون دڵ وەردە — گیانم سەنگین‌بار تەن خەزان‌کەردە
جەرگم وە مەودای دووریت بیەن ڕێش — بێ‌درۆ ئازیز «نزانی»م پەی چێش
من وە یاد تۆ هەمیشە شادم — سارا و سەرزەوی نمەیۆ یادم

یاداشتەکانی نووسەر.

سوارە

بلیمەتی مەیدانی بەرفراوانی شیعر و پەخشانی کوردی، سوارەی ئێلخانی‌زادە، کوڕی ئەبووبەکرئاغا، کوڕی

---

١. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٦٩٧.

حاجی بایزاغا، لە بنەماڵەی ئاغاکانی بۆکان، ساڵی ١٣١٦ ک. هـ. (١٩٣٧ ز.)، هاتە دنیا و ساڵی ١٣٥٤ (١٩٧٥) لە تافی لاوی و سەرەتای ژیانی هونەریدا، گیانی نەسرەوتووی لەشی نەخۆشی بەجێ‌هێشت.

سوارە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، لە بۆکان و سەقز و تەورێزدا تەواو کرد و بۆ خوێندنی باڵا، چووە تاران و لە زانستگای تاراندا ڕشتەی حوقوقی خوێند. هەر لەو سەروبەندانەش، لە بەشی کوردی ڕادیۆدا دامەزرا و بەرنامەی ئەدەبیی بۆ نووسین. زنجیرە گوتاری «*تاپۆ و بوومەلێڵ*» کە ئێستا وەکوو کتێبێک چاپ کراوە، بەرهەمی ئەو سەردەمەیە.

سوارە زیاد لە کوردی، زمانی فارسی و ئینگلیسی و عەرەبیشی دەزانی؛ تەنانەت بە فارسی شیعری جوانیشی داناوە؛ بەڵان ناوی سوارە بۆ زمان و وێژەی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا، هاوتای نوێخوازی و نوێکارییە. ڕاستە مامۆستا گۆران پێش سوارە لەم بوارەدا هەنگاوی ناوە و قەڵەمی سواوە، بەڵام وەک گوتمان، ئەو و شێخ نووری، هەستی نوێخوازییان، لە ژێر کارتێکەری ئەدەبی تورکدا گووراوە؛ کەچی سوارە چاوی لە شاعیرە نوێخوازەکانی فارس، بەتایبەت نیمایووشیج بووە و بەم بۆنەوە دەتوانین وەک دوو ڕێبازی تا ڕادەیەکی بەرچاو جیاواز، ئەو دوو شاعیرە نوێخوازە و شیعرەکانیان چاو لێ بکەین. لە سەرینەی ئەو خاڵە گرنگە، دەبێ ئاماژە بە تام و بەرامەی تایبەتی شیعری سوارە بکەین کە بەرهەمی هەستی بەڕاستی ناسک و دەسەڵاتی کەموێنەی بەسەر وشەی کوردی و زەینی زۆر بەبڕشتی ئەوە، کە لە شیعری کلاسیک و نوێیدا خۆ دەنوێنن.

تا ئێستا هەموو هەر باسی شیعری سوارە بوو؛ ئەو بلیمەتە پەخشانیشی یەکجار جوان و ڕەوان و دڵبزوێنە. زۆر بەداخەوە تەمەنی یەکجار کورتی سوارە، مەودای نەدا کە ئێستا کتێبخانەی کورد، خاوەنی زۆر نموونە لە پەخشان و شیعری کلاسیک و نوێ ئەو شاعیر و نووسەرە هەڵکەوتە بێ؛ ئەگەرچی ئەو کەمەش بۆخۆی دنیایەکە:

کچی بەیان

من ئەڵێم: پەپوولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە.
من ئەڵێم: گوڵێ بە دەم شنەی شەماڵەوە، بزەی بزووت.
تۆ ئەڵێی: چبوو؟ پەپوولەیەک فڕی!
یا نە، سوورەگوڵ، زەردە کەوتە لێوی ناسکی!
من ئەڵێم: هەتا هەتایە دەوری جوانییە.
ئەمرۆ گەر هەتاو کەسیرەیە و نەماوە ئاگر و گڕی،
مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک،
پڕ لە خاڵ و قۆپەنە،

جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلە پۆڕی بارەیە،
جێگە مۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێوییە،
شوورەیی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە،
زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆشەنە،
خۆشەویستەکەم!
لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە،
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە.
لە حەنجەرەی زەمانەوە،
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خێزە وردەکانی کانییە.
باسی شەو مەکە! نە شایەری شەوم.
باسی خەو مەکە لە لای هومێدی فێرە سەرڕەوم!
بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ،
بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای
بە دەستی با، بە گوڵ چناوی لێوە دێ،
بۆنی سەر سەکۆی بە کاگڵی بە ئاو پژاوی لێوە دێ،
پێم مەڵێ کە داکەوم!
پێم مەڵێ کە ئاڵی شەو،
چاوی بێخەوی چڕە.
پێم مەڵێ شەو کڕە؛ چیا چڕە.
پێم مەڵێ: کوا گەڕانەوەی ئەوەی کە چوون؟
مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە!
ڕێگەمان، دوور و سەخت و قاقڕە.
خۆشەویستەکەم!
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات،
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین؛
فێر نەبووین بەزین و دابەزین.
ڕانەهاتووە،
چاوی قارەمانی کورد، بە شەونمی گرین.

خۆشەویستەکەم!

لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە،

چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە.

لە حەنجەرەی زەمانەوە،

گوێم لە زەمزەمەی زولاڵی خیزە وردەکانی کانییە.

هەڵۆ

(وەرگێراو لە هەڵۆی پووشکین و خانلەری و هەژار)

پـــاییزە، دار و دەوەن بـــێ بەرگـــە — دڵپەشـــۆکاوی خەیاڵـــی مەرگـــە

هـــەر گـــەڵایێ کـــە لـــە داری دەوەرێ — نووســـراویکە بـــە نـــاخۆشخـــەوەرێ

تـــاو هـــەناوی نییـــە، وا مـــات و پەشـــێو — لەشـــی زامـــاری ئەکێـــشێتە نـــشێو

ڕۆژپـــەڕە، ساردە، کـــزەی بـــای زریـــان — کاتـــە بـــۆ ژیـــنی لـــەدەسچـــوو گریـــان

دڵـــی پـــڕ بـــوو لـــە پـــەژارە و لـــە دڵـــۆ — ژیـــنی خـــۆی هاتـــەوە بـــیر پیرەهەڵـــۆ

بـــە قـــسە خۆشـــە مەترســـی مـــردن — تاڵـــە ئـــەو هەســـتی بـــە مـــردن کـــردن

کـــاتی کـــۆچکردنـــە، وەخـــتی ســـەفەرە — داخەکـــەم ســـەختی نـــەمانم لـــەبـــەرە

تـــۆ بـــڵێی ئـــەو خـــەوە هەســـتانی بـــێ؟! — یانـــە ئـــەو قافـــڵە وەســـتانی بـــێ؟!

تـــۆ بـــڵێی پاشـــی نـــەمان ژینـــێ بـــێ — بـــۆ لەشـــی ســـاردەوە بـــوو، تینـــێ بـــێ

شـــارەزای ڕێگـــەیی مـــردن کێیـــە؟ — چییـــە ئـــەو مەنزڵـــە، کوێنـــەی جێیـــە؟

پاشـــەڕۆکێکی بکـــەم لـــەو باخـــە — تـــاکوو بـــاڵ و پـــەڕی مـــن پـــەرداخـــە

نابمـــە ڕێبـــواری کـــەلی هـــات و نـــەهات — چارەکـــەم بەشـــکوو ئـــەوا هـــات و نـــەهات

خۆی بە خۆی گوت کە: دەچم بـۆ لای قـەل — کەیخودای پیری بـەبـیری گـەل و مـەل

* *

هەڵـــفڕی ڕاوکـــەری زاڵـــی کـــەژ و کێـــو — لـــە چیـــای بـــەرزەوە، ڕووی کـــردە نـــشێو

کەوتە ئـەو دەشـتە لـە ترسـا تـەق و ڕەو — دەرپەڕی «کوڕکوڕ» و کـڕ مایـەوە «کـەو»

هاتـــە لای قـــەل بـــە کـــزی و بێـــوازی! — قـــەل وتی: «مامـــە هەڵـــۆ ناســـازی»!

وتی: قـــاڵاوە ڕەشـــــەی پـــسپۆڕم — پـــیرم و پـــێ لـــە لچـــانی گـــۆڕم

بـــاخی ژیـــنم بـــە خـــەزان ژاکـــاوە — کـــاتی مەرگـــە و ئەجـــەلیش ناکـــاوە

تـــۆ بـــڵێ چۆنـــە کـــە تـــۆ هـــەر لاوی — زۆر بـــە ســـاڵ پـــیری بـــەلام چـــا مـــاوی

قــەل وتی: باشــە کــە گــوێ ڕادێــری
پەنــدی مــن پــاکی بــە دڵ بــسپێری
ئەو دەمــەی بــابی بەهەشــتی مــن مــرد،
دوور لە تــۆ، دەرد و بــەڵای ئێــوەی بــرد،
پێـــیوتم: ڕۆڵـــە! هـــەوای زار و نـــزار،
هەیــەتی دەرد و نەخۆشـــی بـــە هـــەزار
دیـــق و زەردۆیـــی و ئـــاهۆ و وەرهـــەم
بە گژەی بــای بــە قــەوەت دێــن بەرهــەم
گۆشتی کەو چەنــدە کــە تامــدارە بــە نــاو
هـــەنگ و هـــاڵاوێ، دەهەنوێتـــە هـــەناو
کـــەرە تۆپێـــو و کـــەلالی گوێلـــک،
هەڵمی دڵ ڕوون کــەرەوەی ســەرگوێلک
پێکـــەوە چینـــە بکـــەین لـــەو پەینـــە
بـــۆی ســـەنێر مەڵـــهەمی بـــیر و زەینـــە
پـــەین و پاڵـــێ کـــە لـــە پاڵـــی دێیـــە،
مەنزڵـــی نۆکـــەری خـــۆتی لێیـــە
وردبـــەوە چەنـــدە بـــە مانـــا قووڵـــە!
مەســـەلە و گفـــتی قـــەلی ماقووڵـــە
بیکــە سەرمەشــقی ژیــان ئــەو ئیــشە
هـــەر لـــەســـەر داری نـــەوی هەڵنیـــشە

* *

هاتـــەوە بـــیری هەڵـــۆ ڕابـــردووی
پـــاکی بووژانـــەوە یـــادی مـــردووی
گـــوڵ کـــرا ڕاخـــەر و پایەنـــدازم
چەنـــدە ئـــاژوا لەشـــی کێـــو و ئـــاوازم
چەنـــد ڕوانیمـــە زەوی لـــەو بانـــە
کێو و دەشت، لەو سـەرەوە چەنـد جوانـە
چـــەن چکۆلـــەن پەلـــەوەر لـــەو بـــەرزە
ئـاخ کـە چـەن خوێـڕیگرە ئـەم عـەرزە!
چەنـــدە ڕاوی کـــەو و کـــەوبارم کـــرد
دوژمـــــنی تـــاقمی شمقـــارم کـــرد
حەوتـــەوانان بـــۆ مـــەدالێ شـــەڕی مـــن
چەندە شۆراوە، بـە خـوێن، شـاپەڕی مـن
کۆلکەزێڕینـــە وەکـــوو تـــاقی زەفـــەر
ئاسمـان بـۆ مـنی بەسـت کـاتی سـەفەر
ئیـــستە وا مـــن ڕەبـــەن و دامـــاوم
مـــن هەڵـــۆ چـــاو لـــە دەمـــی قـــاڵاوم!
ســـاکە ئـــەو کـــارە وەهـــا ســـاکارە،
مەرگـــە میـــوانی گـــەدا و خونکـــارە،
وتی: وا ژیـــنی درێـــژ پێـــشکەشی خـــۆت!
گۆشتی مردارەوە بوو هەر بەشـی خـۆت!
ژیـــنی کـــورت و بـــە هەڵـــۆیی مـــردن
نـــەک پـــەنا بـــۆ قـــەلی ڕووڕەش بـــردن
لای هەڵـــۆی بەرزەفـــڕی بـــەرزەمـــژی
«چۆن بژی شەرتە، نەوەک چەندە بـژی»[١]

غەزەلێکی فارسی، بۆ پیرۆزبایی ساڵەهاتی هاتنە دنیای دۆستێک:

این باد خوش که میوزد از سوی جویبار
آرد پیـــام مقـــدم آن ســـرو گلعـــذار
شـاید کـه فخـر بـر همـه روز خداکنـد
ایـن روز بیسـت و شـش ز مـه دوم بهـار

١. ئەم لەتەبەیتە هی کاک ئەحمەدی موفتیزادەیە.

روزی خجسته، مطلع خورشید روی تـو — فرخنـــده ســاعتی ز وجــود تــو یادگـــار
دامـان مـادرت چـو بهـار اسـت گـل‌نـشان — آری بهـــار معجـــزه‌گـــر دارد ایـــن نگـــار
درمانــده‌ام چــه هدیــه کــنم بــر تولــدت — گل چون فرستمت که توی نفس لالـه‌زار
درویـش تنگدسـت بـه شـاه دیـار حـسن — جـز جـان بـی‌بهـا چـه توانـد کنـد نثـار
اردیبهـشت همچـو بهـشت اسـت دلفریـب — میلاد حـور مـن چـو در او گـشت برقـرار
گـر قامـت کـشیده‌ی تـو جلـوه‌ای کنـد — سر خم کند به سجده سهی سرو جویبار
در موســم بهــار نــه از عــشق روی گــل — از یمـــن مقـــدم تـــو فتـــد شـــور در هـــزار
بـــاد صـــبا کـــه از دم عیـــسی ســـبق بـــرد — یکـدم گذشـت از بـر آن زلـف مـشکبار
ای لالـــه‌روی، غالیـــه‌مـــوی بهـــاربوی — صـدها بهـــار شـــاد بـــزی، بـــاش پایـــدار

غەریبی

(نموونەیەک لە پەخشانی سوارە. داستانێکی *تاپۆ و بوومەلێڵ*)

«شەویان شوورەیی کردبوو، بە قسەی پڕوپووچ. هەندێ کوتبوویـان کـە بـەیانی ڕاوی قـەل و مـراوی خۆشە و هەندێک لایەنگری ڕاوەکەروێشک بوون.

سەری شەو، هەندێ لە ڕەشاییەکان، یا لە سەرمای ماڵەکەیان ڕایان‌کردبوو، یا لە بۆڵەی خێزانیان لەبەر نەکڕینی کەل‌وپەل و لێنەکردنی زمهەری زستان و کەوتوویی منالەکەیان، لە ماڵ تاراندبوونی و ڕوویـان کردبووە دیوەخانی ئاغا، یا گزیر دەنگی‌دابـوون بـەیانی بـەفری سـەربانی ئاغـا بماڵـن و هـاتبوون بـڵێن وەروەرەیان نییە، یا بپاڕێنەوە کە بەیانی ئەچن بۆ شار و منداڵەکەیان ئەبـەن بـۆ دەرمانگـا. بـەڵام پـاش ماوەیەک، دێ دامرکابوو. دەنگی لوورەی گورگ و وەڕەی سەگ، تێکەڵ بە هووشەی بای ساردی زستان ببوو، کە بەفری لە کۆڵانەکان ڕائەپێچا و ئەیکرد بە گەردەلوول و چاڵ و قووڵی تێک‌ئەکردەوە.

سەرما وەک گیانی مردووی سەرگەردان، خشکەی ئەکرد بۆ کەلێن و قـوژبنی نـاو ماڵـەکانی ئـاوایی؛ بەڵام لە دیوەخانی ئاغا، کڵپەی سۆپە بە قەڵاشکاوی وشـک، لەشـی پیـاوی خـاو ئـەکردەوە و مـزگێنی خەوێکی خۆشی پێوە بوو. بەڵام شەو درێژ و عەوداڵ و بەتاڵ.

ئاغا لە پەنا سۆپەی گەرم و گوڕ، دانیشتووە. دەست و پێوەندی هەندێ بەپێوە و هەندێ لەسـەر ئـەژنۆ دانیشتوون. شەویلکەش گاهێ بە شەوچەلە و گاهێ بـە قـسەی پـڕوپووچ ئـەبزوێ. بێـدەنگی هـی ئـەو کەسانەیە کە خەمیان هەیە.

سەری‌شەو دیتم کابرایەک وەک سێبەری هەورێک کە بۆ ماوەیەکی کورت پەڵەیەکی بۆر بخاتە سـەر زەوی و تیژ تێپەڕێ، هاتە ناو دیوەخان؛ بەڵام کەس نە ڕووی‌تێکرد و نە تەنانەت زانی کـە کـەی هـات و

چەندە وێستا و چۆن چووە دەرەوە.

من لە کۆڕی دیوەخانا وەک پینەیەکی ناحەز لەسەر بەرگێکی تازە، وەها بووم. نە قەت تفەنگێکم لە کەوێک تەقاندبوو، نە هەرگیز ڕاوی کەروێشکم دیتبوو، نە قسەی خۆشی وەهام ئەزانی ئاغای پێ بهێنمە گەشە. تەنیا ئەوەندەم لە دەس ئەهات لە گۆشەیەکا دانیشم و گوێ بدەمە ئەو قسانە کە هەموویان بە لامەوە بێبایەخ بوون.

لە دیوەخان هاتمە دەر و لە پێشخانە نیوە تاریکەکەیدا بە شوێن جێگایەکا چاوم گێڕا، چاوێکی لێ گەرم بکەم؛ کەچی چاوم بە هەیکەلێکی پەڕپووت کەوت کە هەر دوو ئەژنۆی لە باوەش گرتووە و سەری بە سەر باسکیا شۆڕ بۆتەوە. چرای گڕسۆزی پێشخانە ئەوەندە ڕووناکی نەبوو کە بیناسمەوە. بەڵام کاتێ کە منیش وەک ئەو لە تەنیشت سۆبەی دامرکاوی پێشخانەکەدا دانیشتم و باش سەرنجم دا، زانیم ئەو کەسەیە وا سەریشەو هاتە دیوەخان و زوو گەڕاوە. لام سەیر بوو کە بۆچ نەچۆتەوە ناو خێزانەکەی خۆی. هەر لەو بیرانەدا بووم کە لێی پرسیم: وادیارە خەڵکی ئێرە نیت؟

لەو ماوەیەدا سەبیلەیەکی تێکردبوو؛ مژی یەکەمی لێ دابوو. لە ژێر نووری ئاوری سەبیلەکەیا، ڕواڵەتیم هاتە بەرچاو. لە پەیکەری خودایانی یۆنانی کۆن ئەچوو. دەموچاوێکی زبری بەچین و گنجی ورد و درشت داپۆشراو، سەرگۆنای کەمێک قوت، گوپی تێکقوپاو، چەنەی پان و هەندێک هەڵتۆقیو.

کوتم: نا، من ئێرەیی نیم. بەڵام تۆ چی؟ تۆش غەریبەی؟

مژێکی تری لە سەبیلەکەی دا و دووکەڵ وەک ئەژدیها ـ بە جینگڵ دان ـ بەرەو تاریکایی میچی هۆدەکە کشا.

ـ نە، من خەڵکی هیچ شوێنێک نیم. لە هەموو لایەک غەریبەم. تەنانەت لە ناو خێزانەکەی خۆشما غەریبەم. پیرۆز پێم ئەڵێ: تۆ دەستەوەستان و بێکارەی! هێشتا تێنەگەیشتووە چارەنووس یانی چی!

بیرم کردەوە ئەم چارەنووسە، ئەم ئاسمان تاوانبار کردنە، گاهێ چەندە سوکنایی ئەدا بە دڵی خەمبار.

پرسیم: پیرۆز خێزانتە؟

کوتی: بەڵێ، پیاو بێ ژن ناحەوێتەوە؛ ئەگەر هاوسەرێکیش پەیدا ئەکا، ئەمەیە ئاکامی. لای وایە من خوام! نەخۆشی و ساغی منداڵەکەمان بە دەس منە! خوا ئەزانێ کاتێ ئەو کۆرپە ساوایە، بەدەم تاوتێوە ئەناڵێنێ، من ئەبم بە برێشکەی سەر سێڵ. ئاخر ئەو بەستەزمانە تەمەنی دوو ساڵە و بەرگەی نەخۆشی ناگرێ.

پرسیم: دەی جا بۆ هەڵناسی و بچیەوە بۆ لای؟!

بە تاڵێکەوە کوتی: چیم لە دەس دێ؟ ئاغا کردوویەتە سەرم بەیانی باراشی بۆ بەرمە ئاش. زمهەری زستانی ئاغا تا لێئەکرێ و تەواو ئەبێ، دە ڕۆژی پێ دەچێ و من ئەبێ ئەو ماوەیە لە لای باراشەکان بمێنمەوە. هاتم بە ئاغا بڵێم کەسێکیتر بنێرێ، بەڵام دیتم لە هۆدەی گەرما کە باسی ڕاو و ڕابواردنە،

چۆن ئەتوانم باسی سەرما و نەخۆشی بکەم؟ بەڵێ، من غەریبم. لە هەموو لایەک. تەنانەت لە ئاواییەکەی خۆشما؛ لە ناو خێزانەکەما و لە ناو بەرگە شڕەکانیشما!

قاقای کۆڕی دیواخان و لۆرەی گورگی بیابان و گژەی بای زستان بە یەکەوە بەرز بوونەوە و تێکەڵ بوون. سەرم سووڕا. ڕق و توانج و تووک، بە قووڵترین ناخی دڵما گەڕا. بەڵام ... بەڵام چیم لە دەس ئەهات؟ هەر وەک ئەو پیاوە چی لە دەس نەدەهات بۆ تیماری کۆرپەکەی.

هەستم کرد ئەوەندە بێهێزم، ئەوەندە هیوا بڕاوم کە هاکا بڕوا بە چارەنووس بە سەرما زاڵ بێ.

هەردوو ئەژنۆم گرتە باوەش. خەو لە چاوم تارا و خەم خۆی خزاندە ناو ناخی دڵمەوە. سەرم بەسەر ئەژنۆما شۆڕ کردەوە و چاوم نایە سەر یەک و وامزانی لە ماڵی سارد و سڕی کابرا دانیشتووم.

کۆرپەیەکی نەخۆش لەشی شلک و بێهێزی لە ئاوری یاوا ئەسووتا. تەنانەت هێزی گریانیشی نەمابوو؛ بەڵام ئەیناڵاند و هەر ناڵەیەکی ئایەتێکی خوایی بوو کە نوێژی ترسی هەڵئەگرت. دایکی وەک ئاسکێ کە لە دەس ڕاوچی ڕای کردبێ، نیگای پڕ بوو لە ترس و دوودڵی. چاوێکی لە چەپەری شڕی ناو ماڵەکە بوو کە مێردەکەی لە دیوەخان بگەڕێتەوە و چاوەکەی تری، پاسەوانیی نەخۆشە بچووکە بێتاوانەکەی ئەکرد. هەر نیگایەکی توانجێک بوو بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد.

سەرم بەرز کردەوە؛ کابرا نەمابوو. هەر وەک بێخشپە هاتبوو، بێچرپەش ڕۆیشتبوو. ڕاستی ئەکرد، ئەو لە هەموو شوێنێک غەریب بوو. بەڵام بەو چەن قسەیە، منیشی کردبوو بە هاوسەفەری خۆی. سەفەری هەرێمی غەریبی.

هەستم کرد کۆڕی دیواخان بێدەنگە. خەوی بەربەیان لە هۆدەی گەرما کاری خۆی کردبوو. بەڵام من غەریب بووم. تەنانەت لە ناو بەرگەکانی خۆشما. ئەوبەیانەش کە خەریک بوو لە سنووری ئەو ڕۆژەوە دەرئەکەوت، غەریبی لێ ئەباری.

خەوەبەردینە. تاپۆ و بوومەلێڵ. یاداشتەکانی نووسەر.

تەوفیق وەردی

موحەممەد تەوفیق وەردی، لە نووسەرانی ئاگا و هێژای کوردە کە گوتار و نووسراوەی زۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا، بە کوردی و عەرەبی بڵاو کردۆتەوە و چەند کتێبی بایەخداری لەمەڕ زبان و وێژە و مێژووی کوردەوە لێ چاپ کراوە؛ کە هێندێکیان بریتین لە:

١. *چوونی بارزانیانی قارەمان بۆ یەکیەتی سۆفیەت*
٢. *خانزاد و لەشکەری*
٣. *دەرسێک لە جوغرافیای کوردستان*

٤. *سەرەتایێک لە مێژووی کورد*

٥. *شۆڕشێ چواردەی تەمووز*

٦. *فولکلۆری کوردی*

٧. *مامەیارەی قارەمان*

تەوفێق وەردی ساڵی ١٣٩٦ ک. م. کۆچی دوایی کردووە

نموونەیەک لە شیعری:

زڕەی زەنجیری ناو بەندیخانە
بۆ ئێمە لە جێی عوود و کەمانە

هەر حەڵقەیێکی لەیەکخراوی
لە جێی مەداڵە و نیشانی شانە

خشتی بناغەی کۆشکی ئازادی
لە لەشی سووری فیداکارنە

نەقش و نیگاری دیوارەکانی
کفکفەی خوێنی گەشی ئەوانە

ئەگەر دوسەدجار مـن بدەن لە دار
ڕێگام هەر ڕێگەی تێکۆشەرانە

ئەگەر بمرم و زیندوو ببمەوە
ڕێگەی گرتوومە هەر ئەیگرمەوە

مێژوو، د.کەمال مەزهەر، ل ٢٣٠، دەق و پراوێز.

سلێمان‌خانی کەمانگەر

کوڕی میرزا عەلی‌خان «شُجاعُ‌الممالک»، کوڕی حاجی‌ئاغا مەحموودخان «نظامُ‌الممالک»، کوڕی بارامبەگ، لە بنەماڵەی ناسراوی کەمانگەرە کە ساڵی ١٣٢٦ ک. م. لە گوندی «ماراو»، لە باشووری کامیاران هاتە دنیا. هێشتا سێ‌ساڵان بوو بابی گواستیەوە «کۆرەدەرە» لە سێ فرسەقی باکووری ماراواو و پێش هەموو شتێ مزگەوت و مەدرەسەیەکی تێدا کردەوە و مامۆستایەکی بۆ دەرس‌گوتنەوە و بەرنوێژی، بۆ بانگ کرد و دوو حوجرەشی بۆ فەقێیان جوێ کردەوە.

زۆری پێ ناچێ چەند فەقێی هێژا بۆ خوێندن ڕووئەکەنە ئەوێ و سلێمانیش لەگەڵیان خوێندن دەسپێدەکا و بە هۆی هۆش و زیرەکی خۆی و چاوەدێری بابی ڕێزدارییەوە، زۆر زوو سەوادی دەکرێتەوە و بە وازێکی زۆرەوە، شان لە خوێندنەوە و فێر بوون شل‌ئەکا.

بەو بۆنەوە کە «شجاع الممالک» لە بنەماڵەیەکی ناودار و بۆخۆشی مرۆیەکی جوامێر و میوان‌دۆست بووە، لە هەموو چینێک بۆ کۆرەدەرە ڕۆیشتوون و میوانخانەیان هەمیشە میوانی زۆری لێ‌کەوتووە و کەسانی زانا و وێژەوان و شیعرزانیشیان تێدا هەڵکەوتووە. سلێمان ڕۆژانی بە ڕاو و سواری و تیرهاوێژییەوە ڕابواردووە و شەوان لە خزمەتی میوانانی خوێندەواریاندا بەهرەی بردووە؛ وا کە لە تەمەنی بیست‌ساڵاندا، لاوێکی لە هەموو بابەتێکەوە شیاو بارهاتووە.

سلێمان‌خان خاوەن بیرێکی تیژ بوو. کاتی تەنهایی، زۆرتر کتێبانی دەخوێندەوە. زۆر کەم‌قسە بوو؛ بەڵام ئەگەر ئەهاتە ئاخافتن، ڕەوان و گونجاو قسەی دەکرد. شیعر و پەخشانی فارسی جوان دەنووسی؛ ئەگەرچی کەمتر بە لای شیعردا دەچوو.

ساڵی ١٣١٧ ک. هـ. (١٩٣٨ ز.)، بە بۆنەی شێوانی بارودۆخی دێهات و زۆربێژی جەندرمە و ... دەستی لە گوندنشینی بەردا و چووە کرماشان و لە مەزرینگەی داراییدا دامەزرا و ماوەیەک لە کرند و پاوە و قەسری‌شیرین، بەرپرسی ئەو ئیدارە بوو.

سلێمانی بەهرامی کەمانگەر ئەگەرچی ماڵ و سامانێکی کۆ نەکردەوە و کاتێ کە لە دنیا چوو، کرانشینی دەکرد ـ وەک دابی بنەماڵەیانە ـ لە کرماشانیش ماڵی میوانی لێ نەدەبڕا. خوای لێ خۆش بێ، مرۆیەکی لەسەرخۆ، بەمشوور و دیندار بوو؛ نوێژ و ڕۆژووی نەدەفەوتا. دەسنوێژ گرتنی یەکجار بۆ خۆی دژوار دەکردەوە و دەگەیشتە ڕادەی وەسواس. جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٦ ک. هـ. (١٣٩٧ ک. م. ١٩٧٧ ز.) لە کرماشان بە نەخۆشی شێرپەنجە، لە دنیا دەرچوو. تەرمەکەیان بە ڕێزێکی زۆرە بردەوە ماراو و لە زیارەتانی بنەماڵەیاندا ناشتیان.

چەند شیعری«سلێمان»:

لە شێواوی دەروون یەکسەر پەشێوە تەرزی گوفتارم
لەبەر ئەندووهی بێ‌سامان لە سامان ماوە ڕەفتارم
من و فیکری ویساڵی تۆ، ئەتۆ قەسدی فیراقی من
دەسا لەم جەمع و تەفریقە چ حاسڵ بێتە ڕێوارم؟
ئەگەرچی بولبولی گولزاری حوسنی تۆ هەزارانە
وەلێ گیانا لە نێواندا هەزار ئەر بێ منی زارم
لە بەزمی وەسڵدا دایم ڕەقیب مەدهۆشی دیدارە
لە کونجی میحنەت و غەمدا منیش مەنقووشی دیوارم
«معاذالله» لە نێشی خنجەری موژگان بناڵێنم
بە شەفقەت گەر بکا ئەو نەرگسەی بیمارە تیمارم
لە ئیقلیمی مەحەببەتدا کە تۆی سولتانی مەحبووبان
لە جەوری غەم خیلافی عەدڵە وا من بەرزە هاوارم
نگینی عیشقی تۆم ئەمڕۆ لە دەس دا وەک «سلێمان» من
ڕەقیبی دێو سفەت ئاخر لە پەی دابوو بە ئازارم

ئەم شیعرانەی سلێمان‌خان لەسەر داوای یەک لە خزمانی بە ناوی «فارس‌بەگ»، کە ماشۆقەکەی

«زەریفە»، لە گوندی «تەختەزەنگی»، جوانەمەرگ بووە، بە گۆرانی دایناوە:

هامــسەران! فریــاد، هامــسەران! فریـــاد   فریـــادەن جـــە دەس چـــەرخ بـــێ‌بنیـــاد
کــێ جــە جــەور ئــەو فارغــەن وە شــاد   کـــێ بـــۆ جـــە زولـــمش بمـــانۆ ئـــازاد
کــێ چــەنی دڵــەی پــڕ دەرد و غــەمناک   وە تـــیر قـــەهرش نـــەڕێزا وە خـــاک
کێ بـۆ خەرقـەی دەرد ئـەوش نەپۆشـان   کێ بـۆ بـادەی مـەرگ ئـەوش نەنۆشـان
عالـــەم جـــە دەســـتش نـــاڵان و زارەن   مەئیوس جە حەیات، جە گیـان بێـزارەن
تیپـــێ زەنجـــیرەن وە قەیـــد خـــەمان   تیپـــێ غەریقـــەن نـــە بـــەحر حرمـــان
تیپـــێ ســـەرگەردان خودعـــەبازیـــشەن   تیپـــێ پەرێـــشان شـــێوەسازیـــشەن
تیپـــێ نـــە ماتـــەم هیجـــران یـــارەن   تیپـــێ نـــە شـــیوەن کـــۆچ دڵـــدارەن
تیپـــێ جـــە فـــیراق ئـــایر وە جـــەرگن   جـــە نـــامورادی ڕازی و مـــەرگن
فەڵەک! چێش کەرۆن جـە بـێ‌وەفاییـت   کام گـڵ وەسـەر کـەم جـە بەدئـەداییت
مـن کـە سـەرگەردان سـارا و دوجـەیلم   ســـیاپۆش بـــەرگ فـــیراق لـــەیلم
دڵ وە قرچـــەی ئـــێش زام ســـەختەوە   تەن گیرۆدەی دەس شـوومی بـەختـەوە
مـــەرگ نـــازاران وە ڕێم ئـــاوەردی   گـــڕەی نـــایرەی دڵ تازەکـــەردی
یـــەکێ جـــە ئـــەوان یـــاران هامـــدەم   «زەریف»ەن دیتان مەرگش دیم وە چـەم
زەخـم نەسـرفتەی دڵـەی پـڕ جـە دەرد   کۆچ بـێ‌وادەی «زەریـف» تـازەش کـەرد
دریـغ ئـەو بـاڵا، ئـەو شـێوە، ئـەو ڕەنـگ   ئەو زوڵفان، ئەو خاڵ، شی وەژێـر سـەنگ
دریـــغ ئـــەو بـــەدەن ســـیم زەڕعـــەیار   توعمـــەی مـــۆران بـــۆ یـــا خـــوراک مـــار
ســەد حــەیفم پــەری نەرگــسان مەســت   ئەفسوس پەی ئەو قۆڵ، ئەو بازوو، ئەو دەست
ئــەو خــدین ئــاڵ، شــەمع شــوعلە بێــز   ئــەو لــە بــان لــەعل، شــەد شــەکەرڕێز
ئــەو عیقــد عــەقیق مــورواری ئــاگین   ئـەو سـاق ئـەو گـەردەن سـاف بلـۆرین
ئــەو تــەرز قامــەت ســەرو و ســنەوبەر   ناگـا بـێ‌خەبـەر گـۆڕ گرتـەش نەبـەر
نمــەز کــێ ســەرخێل نەونــەهاڵان بــۆ   کــێ وە پێــشاهەنگ چــەم غــەزاڵان بــۆ
کــێ جیلــوە بــدۆ نــە حەڵــقەی ســەما   چو ئەو تەور، ئەو تەرح، ئەو قەد، ئـەو بـاڵا
کێ جـە دمـای ئـەو، ئـەو تـەرلان تـەڕاڕ   نـــە کۆســـار تـــەن دڵ کـــەرۆ شـــکار
گـــوڵان وەهـــار جـــە وەفـــاداری   پەی مەرگش یەک‌یەک مەکـەرەن زاری
نەسرین پەی دیـدەش ئەسـرین مـەڕێزۆ   نــە جــەرگ خونچــە هونــاو مــەخێزۆ
جە دمای ئـەو خـۆش شـیرین شـەمایل   مەســلحەت ئێـــدەن بنیـــشم وە گـــڵ

فەڵەک جە «ماراو» زەخمی نـە دڵ بـەرد / نە «تەختـەزەنگی» نمـەک ڕێـزش کـەرد
هیچ‌کەس وە پەیمان فەڵـەک شـاد نـەبۆ / کەس پشتگەرم وە چەرخ بـێ‌بنیـاد نـەبۆ
دەک فەڵەک چون من بەختت وە قیر بۆ / تــیر ئـاهـ مــن نــە جــەرگت گــیر بــۆ

غەزەلێکی فارسی:

این چه دردی است حریفان که دل از وی خون شد / دامن عیش ز سیلاب غمش جیحون شد
کــاخ امیــد فروریخــت ز بیــداد جفــا / خیمـەی صبر ز بـاد ستمش وارون شـد
تیر آه است که از بخت سیه شب انگیخت / به درون خسته جگر مشعلەی کانون شد
یــا ســواد رقــم ناســخ پیمــان نگــار / مـر مـرا خـط سیەروزی روزافـزون شـد
بوی حرمان مگر از نوفل کوشش بشنید / شیفته قیس خردباز سوی هامون شد
بـاز زال فلـك افسانەی یـأس آمـد، کـز / خون فرهاد دلم جامه بـه تـن گلگـون شـد
به دل چرخ کهن کین من از نو جا کرد / یـا جـوان یـار مـرا مهـر ز سر بیـرون شـد
طـالع شـوم نگـر کـز اثـراتش یـك دم / این سه احوال پدید از حیل گـردون شـد
بیخ شادی من و عهد صنم، قلب رقیب / بگسست و بشکست و ز شعف مشحون شد
مرد از این غصه «سلیمان» و دریغا نشنید / پاسخی زان بت کان خو زچه دیگرگون شـد؟

چوارینە:

دل آینـــه از بهـــر تماشـــای تـــو باشـــد / زان رو همــه دم مظهـر سیمای تـو باشـد
و ان خـال سیه نیـز کـه خوانند سویداش / داغی است کـه بنهاده ز سودای تـو باشد

* * *

سـاقی! هـوس بـاده بـه سـر شـور افکنـد / وز رخ صــنم ســاده بــه دل نــور افکنــد
برخیـز و بـط جـام بـه کـف نـه زان پـیش / کـاین زاغ شـب آن بیضەی کـافور افکنـد

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

میهی «بَدیعُ‌الزمانی»

هەڵکەوتەی گۆڕەپـانی عیرفـانی ڕاسـتەقانی، مامۆسـتای هێـژای زبـان و وێـژەوانی، عەبدولحەمیـدی «بدیع‌الزّمانی»، کەسناو «ئەبووعەبدوڵڵا» و سەرناو «مەجدەدین»، ناوی «عەبدولحەمید»، یەک لە کەڵەپیاوانی هەڵکەوتەیە کە ساڵانی ساڵ خزمەتی فەرهەنگی و ئایینی کرد؛ بە تێکۆشـانی بـێ‌وچـان، زۆر کتێبـانی بایەخداری نووسی و زانایانی گەورەی بارهێنا.

لە سەرەتای خوێندنیـدا ـکـە زیـرەکـی و لێهاتوویـیـەکی یـەکجاری لـە خۆیـەوە نیشان داــ نـاوی

«بدیع‌الکُتّاب»یان لێ نا و پاشان «بدیع‌الزّمان»، یان بە کورتی «بدیع»یان پێ گوت. لە ساڵی ١٣٠٥ تا ١٣٢٤ ک. هـ. ناوی بنەماڵەیی، «مِهی فَرَّهی» بوو؛ لە شیعریشدا نازناوی «مِهی» دەنووسی. لەو ساڵە بەدواوە، نـاوی خۆی کردە «بدیع الزّمانی».

بابی عەبدولمەجید، «مجدالممالک فرهی»، نازناو «مجدت»، کوڕی میرزا شوکروڵا «فَخرُالکُتّاب»، کـوڕی میرزا عەبدوڵڵا خەتات، نازناو «عیرفان»، کوڕی میرزا جەعفەری خەتاتی سنەییە.

بەدیع لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی زیقەعدەی ساڵی ١٣٢٢ ک. م. (١٩٠٤ ز.) لە شاری سنە هاتە دنیـا. منداڵ بوو باوک و دایکی لێک جیا بوونەوە. باب چوو بۆ تاران و دایکیش مێـردی کـرد. بـەم شـێوە ئـەو منداڵە مەزبووتە، زۆر زوو تاڵ و سوێری ژیانی چێشت. بەکورتی، کە پێدەگا دەچێتە مەکتەب و سـەرەتا لە مەکتەبخانەی مەلا کەریمی جەناب (دەبیر) و پـاش ئـەوە لـە مەکتـەبی حـاجی بـاقر و ئـەوجار لـە مەدرەسەی «ئیتیحاد» و جا لە قوتابخانەی «ئەحمەدییە» خوێندوویە. ماوەیەکیش بۆ مەدرەسەی کلدانی «ئالیانس»ی سنە یان ناردووە و لەم دووی ئاخرەدا تا ڕادەیەک زبانی فەڕانسەش فێر بـووە. ئـەوجار ڕووی کردۆتە خوێندنی ئایینی و پاش فێربوونی وانە سەرەتاییەکان و گەشانەوەی هزری ورد و بیری تیژی، لە خزمەتی عارف و زانای پارسا، مەلا موحەممەدی مودەڕڕیس، کوڕی مەلا عارف، کوڕی عەللامـە مـەولانا ئەحمەدی نۆدشیدا، چەند کتێبی سەرف و نـەحو و مـەنتیق و فیقهــ و مـەعانی و بـەیان و تەفـسیری بەیزاوی خوێندووە. بە هاتنی شێخ حەبیبوڵڵای کاشتەری بۆ سنە، چۆتە خزمەتی و خوێنـدنی کتێبـانی وێژە و زاراوەی حەدیس و تەفسیر و فەرائیز و «*شرح منهج*» و چەند بەش لە «*تُحفە*»ی شێخ ئیبنوحەجـەر و پاژگەلێکی «*اَغانی*» ئەبولفەرەجی ئەسفەهانی و «*وَفیاتُ‌الاعیان*»ی ئیبنوخەلیکان و «*مقامات*»ی حـەریری و «*مقامات*»ی هەمەدانی خوێندووە و لەبەرکردووە. بە شوێنیدا ماوەیەکیش لای فـەقیهی شـارەزا، مـەلا عەبدولعـەزیمی موجتەهیـد چـووە و چەنـد بـەش لـە «*تُحفـە*» و تەفـسیری «*روحُ‌المعانی*» ئالووسـی و «*تَهذیبُ‌الکلام*» و «*جمعُ‌الجوامع*»ی خوێندووە.

بەدیع پاش دەرس‌ودەور، سەرەتێک لە دیوانی حوکمـەتی کوردسـتان کـار دەکـا و دوو ساڵـیش لـە ڕوانسەر دەبێتە مامۆستای منداڵانی عەباس‌خانی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵانی. ساڵـی ١٣٠٨ (١٩٢٩ ز.) ئەچێتە وەزارەتی پەروەردە و ساڵی ١٣١٢ (١٩٣٣ ز.) ئەینێرنە کرماشان و لەو شـارە ئەبێتـە مامۆسـتای دواناوەندی مەدرەسەی چەکداری. ساڵی ١٣١٩ (١٩٤٠ ز.) ئەخرێتـە ناوەنـدی کارگێـڕی ئەرتـەش لـە تاران. ساڵێک لەودوا لە ئەرتەش ئەچێتە دەر و چەند ساڵـێک لـە بلاڤـۆکان دەنووسـێ و هـەروەها لـە باڵوێزخانەی دەوڵەتی سوعوودی لە تاران، کاری وەرگێڕان دەکا. سەرەتای ساڵی ١٣٢١ ک. هـ.)١٩٤٢) دیسان ئەگەڕێتەوە پەروەردە و لە چەنـد قوتابخانـەی وەک دارولفونـوون و ئەمیرکـەبیر و گەوهەرشـاد، ئەبێتە مامۆستا و سەرەنجام ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣ ز.)، لەسەر داخوازی خۆی، کارکنار دەبێ. ئەڵـبەت لـە

ساڵی ١٣٣٥ بەولاوە، ئەبێتە مامۆستا لە زانستگای تاران و دوایی لە دەورەی دوکتوری ئەو زانستگایە دەرس ئەیڵێتەوە.

دێتە بیرم ئەو کاتەی منداڵێکی شەش-حەوت ساڵان بووم، بەدیع هەموو ڕۆژێک بۆ خوێندن و وتوویژ، ئەهاتە لای بابم. ساڵێ-دوان لەودوا کە خوێندنم دەسپێکرد، ئەو لە حوجرەی مزگەوتێکی نزیک بە ماڵی ئێمە، قوتابخانەیەکی دانابوو؛ شەش-حەوت منداڵ لەسەر داوای باوکانیان، بەیانیان ئەچوونە خزمەتی و ئەو دەرسی پێ دەگوتن. یەک لەوانە من بووم. هەرچەند ئەو دەرس و کەلاسە، ساڵێک زیاتری نەکێشا و مامۆستا شوێنی کارێکی‌تری گرت؛ بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا، ئەگەرچی منداڵیش بووم، تا ڕادەیەک بە پلەی بەرزی کەسایەتیم زانی. دواجار کە لە کرماشان و پاشان تاران بوو، هەموو جارێک -کە بۆ ئەو شارانە دەچووم- خزمەتی دەگەیشتم و بەشی خۆم، لە کەسایەتی و زانستی بەرز و پڕپیتی بەهرەم دەبرد. بەڕاستی بلیمەتی دەورانی خۆی بوو؛ لە هەموو بارێکەوە پاک و خاوێن؛ ئیمانێکی پتەو، پارسا و دوورەپەرێز، خێرخواز و میهرەبان، بەو هەموو هێژاییەوە، بێ‌مبالات بە دنیا و ناو و ناوبانگ، بەدوور لە خۆبینی و خۆنوێنی، بێزار لە مەقام و دەسەڵات، یەکجار بەئەمەگ.

مامۆستا کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو. هەر کتێبێکی تازەی دەسەند، سەرلەبەر دەیخوێندەوە و زۆرتر بەو خەتە جوانەی، پەراوێزی لێ دەنووسی. چەند نووسراوەی بایەخداریشی هەیە کە تا بۆخۆی هەبوو، بۆ چاپیان حەولێکی نەدا. هێندێکیان بریتین لە:

١. «*تصحیح مجمل التواریخ و القصص*»، کە لە گۆڤاری «*گوهَر*»دا چاپ کرا

٢.پەراوێز لە کتێبی «*التَّوسُّل الی التَّرسُّل*»

٣. حاشیە بۆ «*قاموس فیروزآبادی*»

٤. پاشکۆیەک بۆ مێژووی «*وَفَیاتُ‌الأعیان*»، قازی ئیبنوخەلیکان

٥. «*مخزنُ‌الادب*»

٦. «*نُخبُ‌الادب*»

٧. «*معیارالقریض*»، لە عەرووزدا، بە فارسی

٨. شەرحی قەسیدەی «*بانت سُعاد*»

٩. «*بدائع‌الفوائد*»

١٠. «*موائدالفوائد*»

١١. دیوانی شیعر، فارسی و عەرەبی

ئەو ڕەوانشادە سەرەتای ساڵی ١٣٥٦ ک. هـ. (١٩٧٧ ز.) نەخۆش‌کەوت و پاش چەند مانگ، شەوی هەینی، پێنجەمی خەزەڵوەر، گیانی پاکی بە خودای تاک ئەسپارد. تاقمێکی زۆر لە شاگردەکانی،

تەرمەکەیان بەوپەڕی ڕێزەوە بەڕێ کرد و لە زیارەتانی «بهشت زهرا»ی تاراندا ناشتیان.

شادەمێژووی کۆچی دوایی میهی، لە شادڕەوان جەلالی هومایی:

چـون بـدیع ایـن زمـان عبدالحمیـد اوسـتاد / آن که در فن ادب بُد «صاحب» و «ابـن‌العمیـد»

در زبـان و شـعر تـازی پایـه‌دار و مایـه‌ور / با ذکای طبـع و حفـظ سـالم و قـول سـدید

زین جهان فـانی انـدر جنَّـت بـاقی شـتافت / با ضمیر پاک و قلب روشـن و روی سـپید،

سال فوت او «سنا» بر هجری شمسی نوشت / «خیمه بر ملک بقا زد زیـن جهـان عبدالحمیـد»

مامۆستا ئەحمەدی مەهدەوی دامغانی ـ کـە وەک خـۆی دەڵـێ، مـاوەی ٣٠ ساڵـی بـەردەوام لـە خزمەتی بەهرەمەند بووە ـ لە یادنامەکەیدا وای نووسیوە:

«بدیع‌الزمانی از حسنات دهر و برکات عصر بود؛ در حد اعـلای شـرف و دینـداری و تقـوی و نجابـت و سلامت نفس و سماحَت ذات و ظرافت طبع و لطافت ذوق و عُلُوّ روح و سعه‌ی صـدر و صـفا و سـادگی و فروتنی و بردباری. بسیار دین‌باور و با اخلاص کامل به مبـانی و معتقـدات مـذهبی دل بـسته و پـای‌بنـد و بـه آداب و اخلاق اسلامی متأدّب و متخلق. از رفتار و گفتارش خشوع ایمان و خضوع بـه مـذهب و تعـشق بـه حضرت ختمی مرتبت صلی‌الله‌علیه‌وآله‌وسلم مشهود بود. در عمل مستحباتش ترک نمی‌شد؛ تا چه رسد بـه فرائض. از لحاظ اصول اعتقـادی تـابع امـام ابوالحسن اشـعری و از لحـاظ فـروع پیـرو امـام محمـد شـافعی رضوان‌الله علیهما بود و خدا را به شهادت می‌گیرم که در محبـت اهـل بیـت صـلوات‌الله‌علـیهم‌اجمعـین نیـز صادق بود. آن چنان عواطف رقیق و احساسات لطیفی در قلب صافی و سینه‌ی بی‌کینه‌ی او جایداشت و بـه اصطلاح اشکش در آستین بود که هر وقت ـ خواه در حین افاده و تدریس و یا در هنگام مذاکره و محاضره ـ بـه آیـه‌ای از آیـات مبارکـات وعـده و وعیـد یـا روایتـی کـه حـاکی از سیره‌ی مرضـیه‌ی رسـول اکـرم صلی‌الله‌علیه‌وسلم یا بزرگان دین و مشایخ متصوفه بود و یا حتی به شـعر لطیفـی مـی‌رسـید، اشـکش جـاری می‌شد. مرحوم بدیع‌الزمانی از آن رو که به طوری مرتب و درسـت و منطبـق بـا سـنت متّبـع و معهـود درس خوانده بود، در کلیه‌ی علوم اسلامی از فقه و تفسیر و حدیث و رجال و اصول فقه و کلام و فلسفه و عرفـان وارد و متفنن و در حدیث و خصوصاً «غریب‌الحدیث» متبحر بـود و در ادب عـرب و مباحـث آن عمومـاً از صرف و نحو و معانی و بیان و عروض استاد مسلم و در لغت و نقدالشعر و معرفـت غریـب‌الآثـار (از شـعر و حدیث) بی‌هیچ مبالغه وحید عصر و فرید زمان و از ائمه‌ی بلامنازع و بی‌همتای آن بـود. نـه فقـط در ایـران، بلکه در سرتاسر عالم وسیع اسلام کم‌نظیر و شاید بی‌بدیل بود. او از نظراء و اقران ادبا و استادانی چـون شـیخ محمد امین و شیخ محمود شنقیطی و سید بن علی مرصفی و شیخ احمـد محمـد شـاکر و عبـدالعزیز میمنـی راجکوتی و شیخ محمد رضا شبیبی و شیخ عبدالقادر مغربی و حسن حسنی عبدالوهاب و عبدالسلام هـارون و ادیب نیشابوری بزرگ (شیخ عبدالجواد متوفی به سال۱۳۰۴ش) رحمه‌الله علیهم اجمعین به شمار می‌رفت.

علاوه بر این فضایل، آن مرحوم خطی خوش داشت که نستعلیقش به پر طاووس و نسخش بر عارض عروس طعنه می‌زد.

این بنده قریب سی‌سال مستمراً ریزه‌خوار خوان علم و فضل آن بزرگوار بودم و وقتی که به سعادت درک محضر پربرکت ایشان نایل شدم، یک دوره سطح و ادبیات عرب را خوانده و مُغنی ابن‌هشام و مطوّل تفتازانی را در خدمت استادی مانند مرحوم شیخ محمد تقی ادیب نیشابوری کوچک (متوفی به سال ۱۳۹۶ق) تلمذ کرده بودم و از خرمن بزرگانی چون مرحوم مبرور علامه‌ی قزوینی قدس‌سره و مرحومان فاضل تونی و بهمنیار و تدین و فروزانفر رحمهم‌الله تعالی به قدر استعداد خود خوشه‌چینی کرده بودم؛ اما همین که به حضور استاد بدیع‌الزمانی رحمه‌الله علیه رسیدم، دیدم که گویا شاعر وصف‌الحال مرا سروده که:

آفاق را گر دیده‌ام مهر بُتان ورزیده‌ام　　　بسیار خوبان دیده‌ام، اما تو چیز دیگری

قطع‌نظر از مقام معلوم و مکان محمود او در علم و «ملائی»، از لحاظ انسانی مرحوم بدیع‌الزمانی در حد اعلای کمال نفسانی و فضیلت روحانی و ورع و وارستگی بود. با آنکه همواره گردآلود فقر بوود، هیچ‌گاه آبروی فقر و قناعت را نبرد؛ زیرا که همت والایش او را از اینکه به آب چشمه خورشید دامن تر کند، مستغنی و مترفع می‌داشت و با استغنا و قدرت، دردهای نهان را تحمل می‌فرمود و آهی نمی‌کشید. همه‌ی اهل نظر و اطلاع بر عربیت می‌دانند چه حق معنوی عظیمی از او ضایع شد با این حال ابداً نشنیدم که از کسی غیبت و عیبجویی و تنقیصی کند و یا بر مقام و منصب زودگذر و عناوین اداری و یا مال و منال کسی العیاذبالله حسد برد؛ بلکه همواره با آرامش و طمأنینه می‌فرمود: اللهمّ رضنی بما قسَمْت لی یا ارحَمَ الرّاحمین. اگر بگویم مرحوم بدیع‌الزمانی کاملاً به مقام رضا که به قولی نهایت مقامات و به قولی از مقامات نهایی سلوک است واصل شده بود، گزافه نباشد. همواره دل و زبانی شاکر و ذاکر داشت...»

دوکتور مەحموودی ئەنوار، مامۆستای زانستگای تاران و یەکێ‌تر لە شاگردەکانی، هەر لەو یادنامەدا دەڵێ:

نور شمع آفرینش اوستاد عبدالحمید　　　آن که وصف دانشش را پیر و برنا کرده‌اند
درّ یکتای زمان بودی و چون او کس ندید　　　تا که غواصان دانش، غوص دریا کرده‌اند
بد جهانی را حمید و عالمان را افتخار　　　در عزای مرگ او بنگر چه غوغا کرده‌اند
بد زمانی را بدیع و داشت جانی حق‌پرست　　　حق‌پرستان را بهشت عدن مأوی کرده‌اند
بر پرید از خاک تیره تا پر افلاکیان　　　زانکه او را جایگه بر عرش اعلی کرده‌اند

کاتی لە دنیا چوونی مامۆستا، ئەمن ماڵم لە سنە بوو؛ داخم نەگەیشتمە ئەسپەردەکردنەکەی. بەڵام بۆ بیرئانینی لە حەوتەیدا کە زانستگای تاران و کەسان و شاگردانی دایاننابوو، خۆم گەیاند و بۆ بەیانییەکەی کە بڕیار بوو لە سەر گڵکۆی کۆ ببینەوە، ئەم شیعرەم دانا:

به ناگه خزان تاخت بر بوستان　　　نه از گل نشان ماند و نز باغبان

بپوشـــید رخـــت عـــزا شاخـــسار فتـــاد از نـــوا بلبـــل نغمـــه‌خـــوان
بـــه تـــاراج کـــالای رنگـــین بـــاغ وزان شـــد دژم بـــاد ســـرد خـــزان
بدانـــسان کـــه یغمـــاگر مـــرگ کنـــد درخـــت ادب را ز بـــن ناگهـــان
نشـــستند در ســـوگ اربـــاب فـــضل مهـــان ســـخن‌ســـنج شـــیوابیان
کـــه «اســـتاد عبدالحمیـــد مهـــی» همـی رخـت بـر بـست زیـن خاکـدان
ادیبـــی محقـــق کـــهماننـــد وی دگـــر نـــاورد کهنـــه مـــام زمـــان
هنرمنـــد دانـــا، لبیـــب اریـــب گـــزین معرفـــت‌پـــرور نکتـــه‌دان
بـه شـعر دری شـاعری چیـره‌دسـت بـــه ســـرواد تـــازی «بـــدیع‌الزمـــان»
گـــزین پارســـا عابـــد حـــق‌پرســـت مهـــــین دانـــــشومند والا روان
گریـــزان ز شـــهرت ولـــیکن گرفـــت مـــر آوازه‌ی وی کـــران تـــا کـــران
نبـــودش انیـــسی جـــز از اهـــل فـــضل نبـــودش بـــه غیـــر از کتـــب همزبـــان
دریغـــا کـــه بربـــود دســـت قـــضا چنـــان نغـــز گنجینـــه‌ی شـــایگان
دریغـــا کـــه او مُـــرد و بـــا او برفـــت فـــــراورده ســـــرمایه‌ی ســـــالیان
دریغـــا جهـــانی ز علـــم و ادب دفـــین گـــشت زیـــر لحـــد جـــاودان
دریغـــا کـــه آن چهـــره‌ی تابنـــاک بـــه یکبـــاره شـــد از نظرهـــا نهـــان
مـــرا بـــود اســـتاد و شایـــسته اســـت بپـــالایم از دیـــده خـــون روان
خـــدایش بـــه رحمـــت بیـــامرزدا قـــرین ســـازدش نعمـــت بـــی‌کـــران
بـــه اولاد و اخـــوان و یـــاران او دهـــد ذات حـــق اَجـــر و صـــبر شـــیان
چنـــین اســـت ســـال وفـــات «مهـــی»: «بهـــشت اســـت جـــای بـــدیع‌الزمـــان»[1]

وەک گوتمان ناوی بنەماڵەیی مامۆستا عەبدولحەمید، سەرەتا «مِهی فَرَّهی» بوو. لە شیعری فارسیدا نازناوی «مهی» دادەنا. پاشان ناوی کردە «بدیع‌الزَّمانی» و نازناوی شیعری عەرەبیشی «بدیع» بوو. لەم چوارینەدا بەم چوار خاڵە ئاماژەی کردووە:

ایـــن بنـــده کـــه اربـــاب ادب را رهـــیم خـــالص بـــه عیـــار چـــون زر دهـــدهیم
رخـــشنده، دُر تـــاج ادب فـــرّهیم کُـــردم، ز ســـنندجم، بـــدیعم، مهـــیم

ئەم قەسیدە عارەبییەی ساڵی ١٣١٧ ک. ھ. کە لە کرماشان بوو، لە سەردانی سنەدا، وەکوو دیارییەک هێنابووی بۆ شێخ حەبیبوڵڵای کاشتەری:

---

١. بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٣٩٧، ساڵی (کۆچی ـ مانگی) لە دنیا چوونی مامۆستا.

نَفْسی تَتوقُ إلی دیار «سنندج» | حَیْثُ المطافُ بها و لَمّا یُحْجِج
حَیْثُ الظّباءُ العینُ فی عَرَصاتها | تَسبی العُقول بکلّ طَرْف أدْعج
حَیْثُ المها تَبْدو حواسر بالضُّحی | تُصْمی النُّهی بتَبَرُّج وَ تَغَنج
مَرَّت عَلَیَّ سُنُونَ ستٌّ لَمْ اَزَلْ | أرْجُو إلیْها الْعوْدَ بَعْدَ المَخْرَج
لازلْتُ أبْغی عَوْدَةً لمُدیدة | ولسوء حظّی لَمْ أنَلْ ما أرْتجی
فَدَعوت ربّی ضارعاً مستصرخاً | فَأغاث ربِّی وَ هُوَ أکْرَمُ مَنْ رجی
یا قَلْبیَ العانی المعانی کُربَةً | منْ عُظْم هَمٍّ هائل لَمْ یُفْرج
أبْشرْ فَقَدْ حانَ التَّدانی و انْجلی | لَیْلی بصُبح واضح مُتَبَلِّج
أزف التَّرحُلُ نَحْوها فَتَقَشَّعی | یا لَیْلَتی عن وجْه فَجْر أبْلج
شَمّرْ و أزْمعْ رحْلَةً منْ غیرما | وَهْن و أوّب فی المسیر و أدلج
ارْکب علی اسم الله فی سیّارة | أجری و أسری منْ حصاف و أعوج
طرْف کریم لیس یدری ما الوَنی | مُتَدَحْرج مُتَرَجْرج متزَلّج
علْق کَمْثل سکاب الّا أنَّهُ | باعتهُ أیدی الصّانعین ببهْرج
لَمْ تُمْنَ یوْماً بالنَّوی بل بالْهوی | و بقلبها النیرانُ ذات تأجُّج
لا تدرک النُّجبُ العتاق غبارها | وَلَوَ انَّها فَوق الحرون و دعْلج
فاحملْ بها أهْلیکَ حَتّی تَنْتَهی | لسنَنْدج فعلی ذراها عَرّج
وجُب الفیافی و الظِّراب و لا تعجْ | إلا علی ربع لرهطک مبهج
فانزل بها مُترنّماً متعزّلاً | و تَغَنَّ فی تلک المعاهد و اهزج
فاذا وصلت الی سنندجَ فالْتثم | تُربَ الهُدی و بشکْرُ ربِّک فَالْهج
أرْضٌ بهاالعُلماءُ یهدون الوری | لسُلوک دین الحقّ أقوم منهج
لاسیَّما سندی و أستاذی الَّذی | فضل الأفاضل عنْده کَنُموذَج
شَیْخی «حبیبالله» من بتلَمُّذی | لجانبه متیَقّنٌ أنّی نجی
نَسْل الکرام الصّالحین ذَوی التُّقی | و سُلالة الجحجاح زید الأبلج
أعزز بمُنقطع القرین عدیمه | یُمْلی رفیع المتن غَیْر مُدبَّج
سَنَد الثِّقات وَ مَنْ یَظَلُّ مُمسّکاً | بصحیح مایرْویه کلُّ مُخَرّج
رُکْن المکارم کعبة الفُقهاء وَ الْ | فُضَلا و منْ بذُراهُ کُلُّ یَلْتجی
تُلْفی الیراعَةَ حینَ تَلْمسُ کَفَّهُ | أنْدی منَ الْمزْن الْهتُون المُرهج
تَبْغی عُفاةُ الْعلْم نادیَ فَضْله | فَتَراهُ فی الإفْضال کابْن الحَشْرج

جَمـعَ الفکـاهَــةَ و النَّبـاهَــةَ و التُّقـی / أکْـرمْ بـه مـنْ مـازح مُتَحـرّج
یـا سـیّدی اعْـذرنی لـئنْ قَـصَرْتُ فـی / مَـدْحیکُمُ و غَـدَوْتُ کـالْمُتَلَجْلج
أنّـی یتـیحُ لـیَ المـدیحُ لحَـضْرة / قُـسّ لَـدَیْها ذُو لـسان مُـرْتج
قَـسَماً بمَـنْ أمَّ الطّوائـفُ بَیْتَـهُ / فَـوْقَ الـضّوامر أوْ بـبطْن الهَـوْدَج
إنَّ الفُـؤاد بحُـبکُمْ متمَـسّکٌ / وَ بغَیْـر ذلـک مُهْجتـی لَـمْ تَـثْلج
یـا حَبّـذا زَمَـنٌ نَعُـبُّ لَـدَیْکُمْ / جُرَعـاً مـنَ الآداب کالْفـالوذَج
یـا طیـب یَـوْم فـی ذراکَ مُقَـصَّر / خـضل کَیَـوْم جنـان عَـدْن سَجْـسج
عنْـدی مجاجـاةُ الیـراعـة مـنْکُمُ / أغْلَـی وَ أثْمَـنُ مـنْ سـبیکة زبْـرج
یـا أیُّهـا المفْـضالُ دونَـکَ حُلَّـةً / أحَـدٌ عَلـی منْوالهـا لَـمْ یَنْـسج
باتَـتْ تُحبّرُهـا صَـناعُ قَریحتـی / فَغَـدَتْ کَمَوْشـیٍّ یَـروقُ مُـدَبَّج
خَلَبَـتْ عُقُـول اُولـی النُّهـی فَکَأنَّهـا / فـی فعْلهـا ابْنَـةُ کَـرْمَـة لَـمْ تُمْـزَج
زُفَّـتْ الیـکَ کعـادَة لَمّـا تجـد / کُفُـواً سـواکَ لَهـا فَلَـمْ تَتَـزَوَّج
جُعلَـتْ مَعانیهـا قـلادَة جیـدها / وَ فَرائـدُ الألفـاظ مثـل الـدُّمُلج
مـا للْمـدیح ولـی وَ لَـوْلا أنْـتُمُ / وَ حیـاتکُمْ أبَـداً بـه لَـمْ ألْهـج
فاقبَـلْ هُـدیتَ هَـدیَّـةً بَعَثَـتْ بهـا / أیْـدی «البـدیع» النّـازح الـدّار الـشَّجی
مَـنْ لَـمْ یَـزَلْ یَهْـواکُمُ وَ لـأجلْکُمْ / یَفْـدی بمُهْجَتـه دیـارَ سَـنَنْدَج

هذه القصیدهُ هدیَةٌ من العبد المسکین المستکین المرتجی، بدیع الزمان مهی السّنندجی، الی سیّده و سنده، و أستاذه و ملاذه، الحبر البَحْر، و عَلّامة الدّهر، أبی مُسْلمٍ الشّیخ حبیب الله المدرّس الرّوحانیّ الکاشتری، لَا زالتْ زُهر الأیام بوجوده مزهرة، و مسانِدُ التّدریس بجانبه مفتخرة، و المرجوٌّ منْ مکارم حضرتِه، و المامولُ من معالی سدّته، أن یَتقَبّلها بقبول حسن، و یجدّدَ به عَلَیَّ الأفْضالَ و المنن، و یَدْعُو لی بحُسْنِ الختام، و حُلُول دارالسَّلام، و صَلّیالله عَلی خیرٍ خَلقه سیّدنا و مولَانَا أبی القاسمِ محمّد المصطفی، و عَلَی آلِه و أصحابِه و اَزواجه و ذرّیاته و اَهْل بَیْته و حَمَلَة علمه و مُحبّیه أجمعین، إلی یَومِ الدین و الحمد لله ربّ العالمین، و افقَ إنشاءُها یوم ١٣١٧/٤/١٤=٦ ج ١٣٥٧/١ بکرمانشاه.

غەزەلێکی فارسی لە بەدیع:

نهـادم تـاج عـزت بـر سـر امـروز / کـه خـود دیـدم جمـال دلبـر امـروز
بـه کـوی کـامرانی پـا نهـادم / کـه غـم بیـرون شـد از دل یکسر امروز
شـبیخونی زدم بـر شـام هجـران / چـو بـر مـن تافـت مهـر خـاور امـروز
گـرفتم خطّـهی شـادی سراسـر / کـه یـارم گـشت یـار و یـاور امـروز

مــــرا بُـــــد دفتــــر اقبـــال فرتــــوت
شـــدم شـــیرازه بهــر دفتـــر امـــروز

گمــــانم نیــــست مــــرگم رو نمایـــد
کــه دیــدم عــارض جــان‌پــرور امــروز

مــرا شــد از وصـــال دوســـت حاصـــل
حیـــاتی تـــازه، عمـــری دیگـــر امـــروز

مـــرا ایـــن فُرصـــت نیکـــو ســـرانجام
فـــراهم شـــد ز لُطـــف داور امـــروز

«مهـــی» از پرتـــو لعـــل لـــب اوســـت
کــه نظمــش گــشته رشــک شــکّر امــروز

گۆڤاری زانکۆی زمان و وێژەی زانستگای تاران، س١٣٥٦ ک. ه. *یادنامەی اُستاد بدیع‌الزّمانی*. یاداشتەکانی نووسەر.

وەجیەی هاشمی

سەید وەجیەدین سەیدزادەی هاشمی، کوڕی سەید قیدار «سیّدالدّوله»، ساڵی ١٣٢٢ ک. م. لـە گونـدی «دەوڵەتاوا»ی ڕوانسەردا هاتە دنیا و مانگی ڕەبیعول‌ئەوەڵی ساڵی ١٣٩٩، بەرامبەر بە ڕێبەندانی ١٣٥٧ ک. ه.)١٩٧٩ ز.) لە دنیا دەرچوو.

سەید وەجیە مرۆیەکی هێژا و خاوەن زەوقی شیعر بووە و تا ڕادەیەک عەرەبی و فەڕانسیشی زانیوە.

ئەم شیعرە هی ئەوە:

فراق سرو بالایی دلم را همچو خون کـرده
روان گردیده از دیده، کنـارم لالـه‌گـون کـرده

چو بار دوش گردیـده اسـت جـان مـن ز رنجـوری
غم هجـران یـارش آنچنـان زار و زبـون کـرده

ز شیرین دلبری، لیلی‌وش مجنون و شیدایم
که چون فرهاد صد خسرو شهید بیستون کـرده

به صحرای تجنّن هـر دلـی آواره مـی‌بینـی
دو چشم مست او، وی را گرفتار جنـون کـرده

یقینم سامری تمرین درس سحر و جـادو را
از آن چـشمان شـوخ دلفریـب پرفـسون کـرده

به دلبر گو: «وجیها» راستی درد و غـم هجـرش
مرا سیر از حیات خـویش و ایـن دنیـای دون کـرده

یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ حەبیبوڵڵای خواشت

سۆفیی بەوەفا و عارفی ئاشنا، شێخ حەبیبوڵڵا (حیسامی)، کوڕی موحەممەد بەگ، کوڕی عەبدوڵڵا بەگ، لە بەگزادەکانی گوندی «خواشت»ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆیە، کـە لەگـەڵ دوو تایفـەی بابـان و بووبـان دەبنەوە یەک ڕەچەڵەک. جا بەو بۆنەوە، ئەم بنەماڵە پێشتر خـان و بـەگ بوونـە؛ بـەڵام کـە ئیرشـادی شێخی پایەبەرز، عوسمان سیراجەدینی گڵکۆپیرۆزیان پێ گەیشتووە، بەگشتی چوونەتە نێـو تەریقـەتی نەقشبەندی و ڕیـزی مریـدانی ئـەو زاتـەوە و هێنـدێکیان بـە هـۆی شـێلگیری لـە سـەیر سـولووک و

ڕیازەتکێشانی زۆرەوە، دەرکی دەرگانەی عیرفانیان بەڕوودا کراوەتەوە.

یەک لەو کەسانە شێخ حەبیبوڵڵایە کە هەر لە سەرەتای لاویوە گەیشتە خزمەتی قوتبی تەریقەت شێخ حوسامەدین عەلی و چووە ریزی ڕێڕەوانی خانەقایەوە و بە هۆی هێژایی و لێهاتوویی، لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە هاودەم و ڕاوێژکاری جێ متمانەی و زۆری پێ نەچوو، سەرخەتمی و سەرپەرشتی کاروباری خانەقاشی پێ ئەسپارد و ئەگەر چاوپێکەوتنی دەسەڵاتدارێکی ئێران یان عیراق پێویست بوایە، نوێنەری شێخ بۆ وتوویژ، شێخ حەیبەلا بوو. ئەویش هەمیشە لە ڕاسپێرییەکانیدا ـکە زۆرتر بۆ لابردنی گیر و گرفت لەسەر ڕێی مریدان بووـ سەرکەوتوو دەگەڕاوە. هەروەها لە لایەن شێخەوە ئیجازەی ئیرشادی وەرگرتبوو؛ بەم جۆرە، ڕاهێنانی ئەو کەسانە کە جاری یەکەمیان بوو دەچوونە خانەقا، لە ئۆدەی شێخ حەیبەلا بوو. ماوەی سی ساڵی تەواو، مانگێک و دوانی لێ دەر، کە لەسەر ئیجازەی شێخ دەگەڕاوە خواشت و سەرێکی لە ژن و منداڵ و کەس و کاری دەدا، باقی سات و کاتی یان لە خزمەتی شێخ بوو یان شێخ بۆ شوێنێک و بەشوێن کارێکیدا ناردبوو.

ئەمن لە سەفەرێکدا کە هاوڕێ بابم لە هاوینەهەواری «کراویەدۆڵ»، شێخ حوسامەدینم زیارەت کرد، کاری بێوچان و ماندوویی نەناسانەی شێخ حەیبەلام چاو لێ بوو. دەمبینی کە تا چ ڕادەیەک تێدەکۆشێ خانەقا کەم و کورتییەکی نەبێ و ئەو خەڵکە زۆرە کە بە هیوایەکی زۆرەوە دێن، ڕازی بڕۆن. تەنانەت چاوەدێری ئاشپەزخانەی خانەقایشی دەکرد و نەیدەهێشت خواردنی کەسێک بفەوتێ. شیاوی باسە ئەرکی خانەقا لە شەو و ڕۆژێکدا، دەوری هەزار کەس بوو.

شێخ حەیبەلا پاش کۆچی دوایی شێخ، ساڵی ١٣١٨ ک. هـ.)١٩٣٩ ز.)، گەڕاوە زێدی خۆی و لە نێو خزم و تایفەیدا، تا کۆتایی ژیان، بە ڕێز و حورمەتەوە ژیا. کاتی تەنیایی قورئانی دەخوێند و موراقیبەی دەکرد. بە شەونخوونی ڕاهاتبوو؛ پێش بانگی بەیانی دەچووە مزگەوت و زۆرتر بۆخۆی بانگی دەدا و بەرنوێژی دەکرد. لەگەڵ ئەوەش پیاوێکی خۆش سەروزمان و تێکەڵی خەڵک بوو. لەگەڵ گەورە و پچووک و دارا و هەژار و زانا و نەزاندا، دادەنیشت، گوێی لە قسەیان دەگرت و قسەی بۆیان دەکرد. دەچووە هەرکۆڕێ، سەری باسێکی دادەمەزراند؛ ئەگەر مامۆستایەک، زانایەک بوایە، لێی دەپرسی کە خۆی و باقی دانیشتوان بەهرەیەک ببەن؛ دەنا خۆی بە گەڕاندنەوەی داستانی ژیانی پێغەمبەران و گەورەپیاوان، کۆڕی گەرم دەکرد و تەنانەت جاروبار جەزبەیشی لە برێ گوێگران ئەهاورد و دوایش بە ئامۆژگارییەک، ڕێنوێنییەک کۆتایی بە قسەکانی دێنا.

شێخ حەبیبولا تا دوا ساڵەکانی ژیانی، ئەگەرچی لە نەوەدیشی تێپەڕاندبوو، باش مابوو. هەموو ڕۆژێ ساعەتێک و دوان پیاسەی دەکرد. هەموو ساڵێ دوو ـ سێ مانگ لە سنە دادەنیشت، خزم و دۆست و ئاشنا و هەروەها مریدانی بەسەردەکردەوە. لە دوایین سەفەریدا نەخۆش کەوت و پاش ماوەیەک، لە

٢٠ی نەورۆزی ١٣٥٨ ک. هـ. بەرامبەر بە ١١ی جیمادی ئەوەڵی ١٣٩٩ ک. م. (١٩٧٩ ز.)، ئەمری خوای بەجێهێنا و لە زیارەتانی «تەپ شێخ سەلام»دا نێژرا.

یاداشتەکانی نووسەر.

بیداری کرماشانی

موحەممەد حوسەینی جەلیلی، نازناو «بیدار»، کوڕی ئایەتوڵا شێخ موحەممەد هادی کرماشانی، لە پشتی نادری زەنگەنە، ساڵی ١٢٩٨ ک. هـ.)١٩١٩ ز.)، لە کرماشان هاتە دنیا و کە پێگەییشت، وەک باقی هاوساڵانی لە ١٨ ساڵاندا، دیپلومی وەرگرت و پێڕای ئەوە، لە خزمەت باوکی و عەللامە سەرداری کابولیدا، دەرسی ئایینی و عەرەبی خوێند. ساڵی ١٣١٨ ک. هـ. چوو بۆ تاران و لە زانکۆی دین‌ناسیدا ناوی نووسی و کە لیسانسی وەرگرت (ساڵی ١٣٢٢)، گەڕاوە کرماشان. سەرەتا لە بانکێکدا دامەزرا و پاشان کە دیتی بۆی قووت ناچێ، بەجێی‌هێشت و چووە وەزارەتی پەروەرد و بوو بە مامۆستای دواناوەندی لە کرماشاندا و تا وەنیشتە بوو ئەو کارەی هەبوو.

بیدار هەر لە سەردەمی تازەلاوییەوە، زەوقی خواداوی شیعر، لە ناخیدا خۆی نواند و شیعرگوتنی دەسپێکرد. لە ڕاستیشدا غەزەلەکانی دڵگر و ڕەوان و جوانن و نیشاندەری هێز و دەسەڵاتی شاعیرە بۆ دەربڕینی هەست و بیری خۆی، بە زبانی شیعر.

بیدار بێجگە دیوانی شیعر، هێندێک نووسراوەشی هەیە؛ یەکیان کتێبێکە لە سەرف و نەحوی عەرەبیدا و یەکی‌تر، بە ناوی «اَبکارُالأَفکار».

چەند غەزەلی ئەو شاعیرە:

شب است و باز به خاطر هوای اوست مرا — چو جام خنده به لب گریه در گلوست مرا
دمید موی سپیدم به سر، جوانی رفت — هنوز مونس جان یاد موی اوست مرا
کنار چشمەی چشمم دمی به ناز خرام — هوای دیدن سرو کنار جوست مرا
تو خواه مهر به من ورز و خواه کین بنما — که مهر و کین تو اندر نظر نکوست مرا
مرا براند به خواری ولی عیان بینم — کز آن نگاه نهانی به جستجوست مرا
فغان و درد که با غیر، نرم چون موم است — گلی که سنگدل و تند و فتنه‌خوست مرا
ز دشمنم نبود شکوه بر زبان «بیدار» — ز دست دوست بنالم که سوخت دوست مرا

* * *

ز تُرکتاز حوادث نه ذوق ماند و نه حالی — حدیث عشق تو گویی که خواب بود و خیالی
حساب سال و مه از من مپرس بی‌خبرم من — چو در دیار محبت نه ماه ماند و نه سالی

سـلام مـا بـه رفیقـان مگـر صـبا برسـاند — که سنگ حادثه نگذاشت بهر ما پر و بالی
نه فرصتی که بگویم ز وصل دوست حدیثی — نه حالتی که بگویم غزل بـه وصـف غزالـی
صباح وصل نکویان دهد پس از شب هجران — شب فراق تـو تنهـا نداشـت صبح وصـالی
خـدنگ قـدّ مـن از بـار دوریـت بشکـسته — فدای چشم تـو، حسن تـو را مباد زوالـی
به شعر دلکش «بیـدار» زهـره دسـت فـشاند — بهوش باش که آویز گـوش سـحر حلالـی

* * *

هر که همچون صبحدم دارد هوای نیمشب — گـرد غـم از دل زدایـد بـا صـفای نیمـشب
گر وصال دوست خواهی یـک زمـان از کـف منـه — نالـههـای نیمـروز و گریـههـای نیمـشب
الفتـی دارم خـدایا بـا دل شـب واگـذار — نیمـهشـب را بهـر مـا، مـا را بـرای نیمـشب
طلعت دلدار در شب جلوه زانـرو مـی کنـد — تـا شـود بیگانـه از خـود، آشـنای نیمـشب
صد چو ملک نیمروزش هـست در زیـر نگین — آری آری پادشـه باشـد گـدای نیمـشب
مرغ حق از کاروان رفته همی گویـد سـخن — بیخبر در خواب غافل زیـن درای نیمـشب
محنت گفت و شنود مردمم «بیدار» کُـشت — آفـرین بـر خلـوت راحـتفـزای نیمـشب

تـذکرەی شُـعرای کرمانـشاه، چـاپ١٣٣٧ ک. ھ. ل١٧.
تذکرەی شُعرای معاصر ایران، چاپ١٣٣٧ ک. ھ. ج٢، ل٥٦.

تەمکین

کەریمی کووهساری، نازناو «تەمکین»، کوڕی مـەحموود، ساڵـی ١٢٩٩ ک. ھ.)١٩٢٠ ز.) لـە کرماشـان هاتە دنیا. بابی پیاوێکی کەمدەست بـوو؛ بـە ئـەسـتەم ژیانیـانی دەسـووڕاند. لـە سـەرینەی هـەژاری، شەش‌ساڵان بوو، دایکیشی سەری یەکجاری ناوە. بـەو بۆنـەوە کـەریمیان نـاردە شـاگردی و کرێکـاری، بەشکوو لای خەرجێک بگرێ و دیارە نەیتوانی وەکوو منداڵانیتر بچێتە قوتابخانە و بخوێنێ.

چاردەساڵان بوو بۆ یەکەم جار ڕووی‌کردە خوێندن. ساڵیک چوو بۆ مەکتبخانە و لەوێ فێری نووسـین و خوێندنەوە و خوێندنی قورئان بوو؛ چەند کتێبی وەکوو «*تَرَسُّل*» و «*نصاب الصبیان*»یشی خوێند. ئەوجار بە وازێکی زۆرەوە لە مەدرەسە ناوی نووسی و لە کەلاسی سێهەمدا وەریانگرت. دوو ساڵیش لە مەدرەسە خوێندی؛ بەڵام دیسانەکە نەداری پێشی پێ گرت و دەرس و خوێندنی پێ تەفرە دا. هەر لەو ساڵانە بوو کە لە خۆیـدا زەوقـی شـیعردانانی بـەدی کـرد؛ نازنـاوی «غـەمگین»ی بۆخـۆی هەڵـبژارد و دەفتـەری شیعرەکانی، بە زۆر شیعری ڕازاوە، ڕازاندەوە. بەداخەوە لە دەورانی سـەربازیدا، هـەموو شـیعری تـا ئـەو سەردەمەی لێ ون بوون و دواییش هیچیانی دەس‌نەکەوتەوە.

غەمگین دوای خزمەتی سەربازی، لەسەر پێشنیاری غیرەتی کرماشانی، نازناوی خۆی کردە «تەمکین».

تەمکین ئەگەرچی سێ ساڵ زیاتر مەودای کەلاس چوونی دەس نەکەوت و قەت بۆی نەلوا بە ئارخەیانی دانیشێ و بخوێنێ، بەڵام وازی زۆری لە زمان و وێژە، بەتایبەت شیعر، هانی دەدا کە لە هەر دەرفەتێکدا شتێک لەمەڕ ئەدەبیات و شیعر و جوانکاری شاعیرانەوە فێر ببێ و بەم جۆرە وردە وردە زانیارییەکی باشی لەو بوارەدا دەسکەوت و توانی بە هۆی لێهاتوویی سرشتی و ئەو ماندوو بوونەوە، بە کوردی و فارسی، شیعری جوان بهۆنێتەوە و کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەی کرماشانی پێ برازێنێتەوە.

ساڵی ١٣٤٠ ک. هـ. تەمکین و چەند شاعیر و وێژەوانیتری کرماشانی، کۆڕی وێژەیی «سُخن»یان دانا و بە شوێن ئەوەدا لە دوو کۆڕی «*دانشوران*» و «کرماشان»یشدا بوو بە ئەندام. ئەڵبەت ـ وەک دەگێڕنەوە ـ لە زۆر ساڵی پێش ئەوەدا، یانی ساڵی ١٣٢٨ ک. هـ. تەمکین ئەندامی کۆڕی نووسەرانی شاری کرماشان بووە. بەپێی ئەوە دەبێ پەخشانیشی نووسیبێ؛ کە ئێمە لێ بێخەبەرین.

تەمکین ئەگەرچی شیعرەکانی زۆر جوان و دڵبزوێن بوون، بەڵام قەت بە شیعر نانی نەخوارد و تەنیا بۆ دڵی خۆی شیعری گوت. ساڵی ١٣٢٧ ک. هـ. لە ئیدارەی پۆست دامەزرا و پاش سی ساڵان کار لەو مەزرینگە، وەنیشتە بوو.

تەمکین لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا وازی چووە سەر گیاناسی و بژیشکی شیناوەرد و تێشیدا زۆر سەرکەوت؛ بەڵام بەداخەوە ئەجەل مۆڵەتی نەدا و ساڵی ١٣٥٧ ک. هـ.)١٩٧٨ ز.) ڕووی لە شاری خامۆشان نا.

زۆربەی شیعری تەمکین پەسنی ئیمامان (د) و ئەویندارى و باسی ناکۆکی و گیروگرفتی کۆمەڵگا و هەروەها هێندێک ئامۆژگاری تازەلاوانە.

ئەوا چەند نموونە لە شیعرەکانی:

بولبول گولزار عیشقم، باڵ پەروازم نییە — تا وە سۆز دڵ بناڵم، کەس هەماوازم نییە
ڕەنجە لە خار فراقم، ڕاحەتیبەخشم کووە — ئارەزوودار وساڵم، یار تەننازم نییە
دەردەدارم ڕوو وەکوو بەم تا کە دەردم چارە کەن — ڕاز دڵ ئیفشا وە کی کەم چونکە هەمڕازم نییە
بردیە تا دڵ وەدەستم، عەقڵ و هووشم چی وەسەر — لەو چەوە مەخمووره مەستم، مەیل بەگمازم نییە
دەرد عیشقێ ها لە گیانم، تاقەت و سەبرم چییە — سووز دڵ دیری بەیانم، حاجەت سازم نییە
لەو ڕوخ گوڵگوونە دیری حەسرەت ماچێ دڵم — بەسک ڕوونەرمم خودایا، تاو ئیبرازم نییە
یا وە وەسڵی زندگی کەم، یا لە هجرانی مرم — غەیر یە چشت ترەک ئەنجام و ئاغازم نییە
شیعر کوردی هەر یەسە، ئەر خاسە «تەمکین» یا خراو — دی لەیە بیتر چە بووشم، سیحر و ئیعجازم نییە

بوی شیر از لب آن غنچه‌دهان می‌آید
شیر یعنی چه؟ کز و نکهت جان می‌آید
جلوه‌ی عارض او نطق مرا گویا کرد
در بر آینه طوطی به زبان می‌آید
پری از شرم جمال تو نهان گشته، بلی
ماه از دیدن خورشید نهان می‌آید
گرچه خط، گلشن رخسار تو را داد صفا
این بهاریست کز آن بوی خزان می‌آید
در خم طُرّه‌ی شبرنگ تو نالد دل من
زانکه شب، درد به بیمار گران می‌آید
شدم از غصه دوتا، از چه نیایی به برم
غالباً تیر در آغوش کمان می‌آید
مگر از زلف تو شد باد صبا نافه‌گشا
که چنین با نفس مُشک‌فشان می‌آید
دل به همدستی مژگان بَرَد آن چشم سیاه
زور شاهین همه از پنجه عیان می‌آید
تا گرفت از لب او کام، جوان شد «تمکین»
زانکه از آب بقا پیر جوان می‌آید

* * *

به بویت عاشق از خواب عدم چالاك برخیزد
ز شوق عارضت چون گل، گریبان‌چاك برخیزد
ز تیر غمزه‌ات صیدی که بر خاك هلاك افتد
ز جا هر دم به ذوق حلقه‌ی فتراك برخیزد
جنون کآمد، ز اسباب تعلق خانه پردازد
بلی آنجا که سیل آید خس و خاشاك برخیزد
خوش آن افتاده کز فیض سبك‌روحی در این گلشن
به جذب مهر همچون ذره بر افلاك برخیزد
کند روشن فروغ روی جانان خانه‌ی دل را
اگر زنگ خودی ز آیینه‌ی ادراك برخیزد
به بزم دختر بی‌عصمت رَز آن که بنشیند
اگر چه پاك باشد، عاقبت ناپاك برخیزد
میامیز ای پسر با ساده‌رویان، تا شوی ایمن
کز آنان فتنه همچون دختران تاك برخیزد
به داغ و درد عشقت چون که بگذشت از جهان «تمکین»
بدان کز تُربتش گلهای آتشناك برخیزد

* * *

از تاب غمت مرا جگر می‌سوزد
پا تا به سرم از این شرر می‌سوزد
ز آه دلم، اشك دیده سوزد، آری
آتش چو گرفت، خشك و تر می‌سوزد

دیوان تمکین کرمانشاهی، به کوشش فرشید یوسفی، انتشارات غرب، پاییز ١٣٦٩. یاداشت کاک ڕەئووفی موحەممەدی موقەددەم.

هوشیاری سنه‌یی

عەلی‌نەقی دەبیرمەخسووس، نازناو «هُشیار»، کوڕی میرزا کازم، کوڕی ئاغا موحەممەد ڕەحیمی میعمارباشی کوردستانی، ساڵی ١٢٦٦ ک. ھ.)١٨٨٧ ز.) لە شاری سنە هاتە دنیا و لە مەکتەبخانەکانی ئەوێدا خوێندنی سەرەتایی دەسپێکرد. پاشان چووە قوتابخانە ئایینییەکانەوە و زبانی عەرەبی و سەرف و

نەحو فێر بوو. ماوەیەکیش لە خوێندنگەی «ئالیانس»ی سنە زبانی فەڕانسەی خوێند و پیـڕای ئەمانـە، لای هونەرمەندانی خەتاتەوە، شێوە نووسینی نەسخ و نەستەعلیقی مەشق کرد. کە پێگەییشت، ماوەیەک لە دەزگای یەکێ لە خانەکانی سنەدا سەرقەڵەم بوو. ساڵی ١٣٣٣ ک. م. چوو بۆ تاران و سەرەتا لە نووسینگەی سەرەک وەزیردا، وەک ئینشابەندی تایبەت و دەستەبەر دامەزرا و ١٨ ساڵ لەو دەفتەرە کاری کرد. چەند ساڵیش لە وەزارەتی داد ئەو ئیشەی هەبوو. ساڵی ١٣١٤ ک.هـ. چووە وەزارەتی ناوخۆ و لەوێش سەردەمێک لە شارانی یەزد، مەراغە، خۆی، سمنان و دامغان فەرمانداری کرد و پاشان گەڕاوە تاران و دوای هێندێک وەنیشتە بوو. سەرەنجامیش ساڵی ١٣٥٨ ک. هـ. (١٩٧٩ ز.) ڕووی لە دیاری ئاخر نا.

هوشیار پیاوێکی هێژا بوو؛ و یەکجار زمان و وێژەی فارسی حەزپێدەکرد. بۆخۆشی شیعری دەگوت و شیعرەکانی جوانن؛ لە شیعرێکدا ئاوا خۆی ناساندووە:

این دفتری است رشحەی طبع روان من — وین خط بود تراوش کلك و بنان من

«هشیار» شهرت من و نامم «علینقی» — «کُرد» است اصلم و «سنەدژ» شارسان من

پیدایشم ز عالم هستی ز عشق بود — زان یافت روشنی دل و افروخت جان من

خود عمر جاودانم اگر نیست، باك نیست — هست این سرودەها اثر جاودان من

* * *

هەر سەر کە شەیدای دڵبەی و سەرگەرمی عیشقی یار نەبێ
سەرباره ئازیز! ئەوسەرە، خواکا سەرێ سەربار نەبێ

لامپێ کە سوتیاوێ لە بەرق چۆن پووچ و پووک و بێفەڕە
هەروا بزانە هەر سەرێک، سەرگەرمی سەودای یار نەبێ

بێعشق بوونم موشکڵە، هەم زندەگیم بێحاسڵە
عەمری نەمێنێ ئەو دڵە بەستە بە مووی دڵدار نەبێ

وەک مەنقەڵی ئاتەشکەدەم هەڵگرسیابوو دڵ مودام
تاوێ لە تاو عیشقا نەبوو ئەم کوورە ئاگربار نەبێ

ئیسەیچ کە چەرمگ بووگە مووم مەستم بە عیشقی مەرز و بووم
بێفەهمییە لەم نەشئە گەر هەرکەس سەری سەرشار نەبێ

ئیستەم گرفتاری وەتەن، عاشق بە دیداری وەتەن
کۆشام کە گوڵزاری وەتەن، جێدڕک و داڵ و خار نەبێ

مەفتوونی ئەو دەشت و دەرەم سەودازەدەی بووم و بەرەم
یانێ ئەکۆشم سەرزەویم ژێر قودرەتی ئەغیار نەبێ

ئەفسووس کە تەنیام و هەژار، تەنیا گوڵێ، نایرێ بـەهار
بۆچ وا ئەشێ بۆ خاکی کورد کەس یاوەر و غـەمخوار نـەبێ؟
هۆش ئافەتی گیان و تەنە، تەک یاری خوەیدا دوژمەنـە
خەسمی منیش هۆشی منە، یا خوا کەسێ «هوشیار» نـەبێ

* * *

در انتظـار بمانـدم کـه کـامم از تـو برآیـد روا مـدار کـه عُمـرم در انتظـار سـرآید
بیا و باز کن از زلف خویش پیچ و شکن را ز کار بستەی من تا کـه پـیچ و تـاب برآیـد
در انتظار تـو جـانم بـه لـب رسید، خـدا را درای از در من پیش از آنکه جان به در آید
مـرا بـه تیـر نگـاهی ز پـا فکنـدی و رفتـی فدای تیر نگاهـت کـه خـوب کـارگر آیـد
حلاوت دهنت را چگونه وصف کـنم مـن سخن به وصف دهان تو خوشتر از شکر آیـد
تو را چە حاجت آرایش است و زیور و زینـت عزیز من! که تو را سادگی قـشنگ‌تـر آیـد
چه رنجها که کشیدم به راه خدمت دولـت بـدان امیـد کـه پـاداش نیـک در نظـر آیـد
دریغ و درد که بر باد داد زحمـت و رنجـم همان که از ستم وی فغان بـه چـرخ برآیـد
امید هست به فرخنده سـال و عیـد همـایون نهـال کوشـش «هـشیار» نیـز بـارور آیـد

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

گیوی موکوریانی

عەبدوڕڕەحمانی موکوریانی، ناسراو بە «گیو»، ساڵی ١٣٢١ ک. م. لە مەهاباد هاتە دنیا. تەمەنی دە ساڵ بوو، لەگەڵ کاکی (حوسەین حوزنی)دا بۆ شاری حەلەب چووە و لەوێ تا ساڵی ١٣٤٥ خوێندوویـە و بـە شوێن ئەوەدا بۆ فێر بوونی زبانی فەڕانسە، چۆتە بەیرووت و پاش ساڵێک گەڕاوەتـەوە حەلـەب و لەگـەڵ کاکیدا ڕوویان لە کوردستانی باشوور ناوە.

ئەو دوو برایە لە ساڵانی ١٣٤٥ تـا ١٣٥٢ ک. م. لـە شـاری «ڕوانـدز»دا، گۆڤـاری «*زاری کرمـانجی*» و «*ڕووناکی*»یان دەرهێنا و پاش ئەوەش کە حوسەین حوزنی چاپخانەیەکی کوردی دانا، تا ئەو زیندوو بـووە (ساڵی ١٣٦٧)، بۆ کاری چاپ و بەرهەمهێنانی بلاڤۆکان، هاوقۆڵی کردووە و کە ئەویش لـە دنیـا چـووە، بەتەنیا چاپخانەکەی بەڕێوە بردووە.

دیسان لە کارەکانی مامۆستا گیو، دەرهێنانی گۆڤاری «*هەولێر*» لە شاری هەولێر و هەروەها نووسـینی پێشەکی بۆ دیوانی چەند شاعیری بەناوبانگی کورد، وەک: مەلای جزیـری، نـالی، سـالم، حـاجی قـادر، ئەدەب، ئەدیب و تاهیر بەگ و لەچاپدانەوەی دیوانەکانیانە.

بەڵام ئـەوی بـۆ مامۆسـتا وەکـوو تایبەتمەندییـەک دێتـە ئـەژمار، تێکۆشـانی بـێوچـانی لـە بـواری فەرهەنگنووسیدایە. ئەو لە مێژووی وێژەی کورددا، یەکەم کەسێکە ئەو کارەی وەکوو کـارێکی گرینـگ ڕەچاو کردووە و بەشێکی بەرچاو لە ژیانی بۆ داناوە و بە بێ هاوکار و یاریدەرێک و بێبەش لە کەرسـتە و ئامێری پێویست، توانیویە چەند فەرهەنگی کوردی و جووتزمانی بۆ ئەو کاتە یەکجار بایەخدار، ئاراستەی کتێبخانەی کورد بکا.

ناسنامەی فەرهەنگەکانی مامۆستا گیو:

١. «*ڕابەر*» (*المُرشد*)، عەرەبی ـ کوردی، دەوری ١٥٠٠٠ وشە، ساڵی ١٩٥٠ ز. لە هەولێر چاپ کراوە.

٢. «*کۆلکەزێڕینە*»، کوردی-فارسی-عەرەبی-فەڕانسی-ئینگلیسی. چاپی یەکەم، ١٩٥٥ ز. چاپی دووەم بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی، چاپی هەولێر، ١٩٦٦ ز.

٣. «*مەهاباد*»، کوردی ـ فارسی، دەوری ٣٠٠٠٠ وشە، کـە بـە شـێوەیەکی زانسـتیتـر کـار کـراوە. ئـەم فەرهەنگە ساڵی ١٩٦١ ز. لە هەولێر چاپ بووە.

٤. «*کوردستان*»، یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ کوردی، دەوری ٣٠٠٠٠ وشە، کە بیست و چەند ساڵ دوای خۆی، کچی مامۆستا، دوکتور کوردستان موکوریانی، ساڵی ١٩٩٩ ز. لە هەولێر چاپی کرد.

لە کتێبەکانیتری مامۆستا گیو، «*گیونامە*» و «*ڕێنووسی کوردی*»، چاپ کراون.

ئەم مامۆستایە سەرەنجام ساڵی ١٣٧٩ ک. م. پاش زیاتر لە ٦٠ ساڵ خزمەتی بـێ وچـان بـە زبـان و وێژە و وشەی کورد، لە تەمەنی ٧٤ ساڵاندا، لە هەولێر کۆچی یەکجاری کرد.

گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان.

کامران بەدرخان

دوکتور کامران بەدرخان، کوڕی ئەمین عالی بەدرخان، لە پیاوانی هەڵکەوتووی وێـژە و وشـەی کـورد و بنیاتنەرانی ڕۆژنامەوانی کوردە.

کامران لەگەڵ جەلادەتی برایدا، بەشێکی بەرچاویان لە دەرهێنانی گۆڤـاری «*هـاوار*» و «*ڕووناهی*»، لـە نێوان ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٤ ز. لە دمشقدا هەبوو. لە بەیرووتیش گۆڤاری «*ڕۆژا نۆ*» و «ستیر»ی بە کوردی و فەڕانسی بڵاو کردەوە. ساڵانێکی زۆریش لە مەدرەسـەی ڕۆژهـەڵاتی، سـەر بـە «سـووربون»دا، زبـان و وشەی کوردی دەرسگوتەوە و هەروەها دامـەزرانی دەورەیـەک دەرسـی زبـان و وێـژەی کـوردی لـەو زانستگایەش، بەرهەمی تێکۆشانی بێوچانی ئەو بوو.

کامران بەدرخان تا پێش هەڵگرسانی ئاوری یەکەم شەڕی جیهـانی، لـە ئاڵـمان دەژیـا و دوکتـوری حوقۆقیشی هەر لەوێ وەرگرت. پاشان ماوەیەکی لە سووریا و لوبنان، لەگەڵ جەلادەت بەدرخانی تێپەڕ

کرد و دوای ئەوە چوو بۆ فەڕانسە و ساڵی ١٣٩٩ ک. م. دوای ٨٣ ساڵ ژیان، لە شاری پاریس، ماڵاوایی یەکجاری دنیای کرد.

بەشێک لە بەرهەمەکانی:

١. *ڕێزمانی کوردی*، دمشق، ١٩٥٦ ز.

٢. *ئەلف و بێ بە وێنەوە بۆ منداڵان*، دمشق، ١٩٣٨ ز.

٣. *ڕێزمانی کوردی بە فەڕانسی*، پاریس، ١٩٥٣ ز.

٤. *فێرکاری زمانی دایکی بۆ منداڵان*، پاریس، ١٩٥٣.

٥. *فێرکاری زبانی کوردی بە ترکی*، ١٩٧٦ ز.

٦. *وەرگێڕانی چوارینەکانی عومەر خەیام بە کوردی*، دمشق، ١٩٣٢ ز.

٧. *فەرهەنگی کوردی ـ فەڕانسی و فەڕانسی*، ٩٥٠٠٠ وشە، کە بەداخەوە تا ئێستا چاپ نەکراوە

٨. *قسەی نەستەقی کوردی و وەرگێڕاوەیان بە فەڕانسی*، بە هاوکاری لوسی پول مارگریت، پاریس ١٩٣٨

٩. *وەرگێڕاوەی دەسچنێکی شیعری کوردی بە ئاڵمانی*، بە هاوکاری فون کورت و ندرلینج، برلین، ١٩٣٥ ز.

١٠. *کۆمەڵە وتار لەمەڕ دینی ئیسلام و حەدیسەوە*، بە کوردی، دمشق، ١٩٣٨ ز.

١١. *تەفسیری قورئان بە کوردی*

١٢. شیعری *ئەویندارانەی کوردی و وەرگێڕاوەیان بە فەڕانسی*، پاریس، ١٩٧٣ ز.

گۆڤاری *ڕۆژی کوردستان*، ژمارەی ٥٥، ساڵی ١٩٧٩ ز. ل١٩-٢١.

سەید مەزهەری عەلەوی

سەید موحەممەد مەزهەر، کوڕی سەید عەبدولکەریم، لە سەیدە حوسەینییەکان و لە پشتی پیرخدری شاهۆیی، ساڵی ١٣٢١ ک. م. لە گوندی«چاولکان حاجی»، سەربە مەریوان هاتە دنیا و فیقهـ و ئوسوول و وێژەی فارسی و عەرەبی، لای مامۆستایانی زانای ئەو زانستانە خوێند و پاش ماوەیەک چووە ئیرشادگەی بیارێ و پاش وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ عەلادین، هەر لەوێ دانیشت و سات و کاتی خۆی بۆ سەیر و سولووک و خوێندنەوەی کتێبانی ئایینی و ئەدەبی تەرخان کرد و دوای چەندێک، بەرنوێژی و خوتبەی ڕۆژانی جومعەی ئەوێی پێ سپێرا. بە شوێن ئەوەدا، بە هۆی فێر بوونی زبان و وێژەی فارسی، دەرسی گوتەوە و هەروەها شێوەی جوان نووسین و ئینشابەندی مورشیدەکەشی گرتە ئەستۆ.

سەید مەزهەر لەبەر برێ ڕووداو، ساڵی ١٣٢٥ ک. م. چوو بۆ سنە و لە مزگەوتێکی ئەوشارە، بە ناوی «میرزا فەرەجولا»دا بوو بە ئیمام. دواجار کە مەدرەسەی عولوومی دینی لە سنە دامەزرا، لەویشیان داوا

کرد لەوێ دەرس بێژێتەوە و تا کۆتایی ژیان ئەم دوو خزمەتەی درێژە پێ دا.

سەید مەزهەری عەلەوی پیاوێکی پاک، دیندار، زانا و هێژا بوو. کاتی خۆی زۆرتر بە خوێندنەوە تێپەڕ دەکرد و جێ ڕێزی هەموو چینێکی خەڵک بوو.

لە کتێبەکانی، ئەوی من دیتوومن:

١. *رد مسلک بهایی*

٢. *احتجاج بر اهل بدعت*

٣. *رد کسانی که زایرین قبور صلحاء را تکفیر می کنند*

٤. *اثبات مسائل ضروری دین اسلام با ادلّه و بُرهان عقلی و نقلی*

شادرِوان عەلەوی سەرەنجام لە شەوی هەینی، ٢٠ی سەفەرە مانگی ساڵی ١٣٩٩ ک. م. بەرامبەر بە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٥٧ ک. هـ.)١٩٦٩ ز.)، دنیای بەحێهێشت و لە گۆشەیەکی حەوشەی مزگەوتەکەیەوە، تەرمەکەیان ناشت.

شیعرێک بە بۆنەی دەرهاتنی گۆڤاری «*دەنگی گیتی تازە*»وە:

دەنگی گیتی تازە دێت، گوێ بگرە کوردە! نەوبەتە
دەنگی تازەت وەرگرە ئەمڕۆ کە ڕۆژی فرسەتە

ئەرزەکەت ئەرزێکی حاسڵخێز و پڕخەیرە وەلێ
بۆ تۆ قازانجی چییە ئەمڕۆ کە مایەت غەفڵەتە؟

کردەوە و زانینە ئەمڕۆ گیانەکەم، مایەی ژیان
قەومی بێعلم و عەمەڵ دایم بەشی هەر زیللەتە

خولقی پاک، ئایینی چاک، بۆت تەخت ئەکەن ڕێگەی مەرام
میللەتی بێدین سەرئەنجامی زیان و نەگبەتە

خدمەتی هاوتیرەتە سەرمایە بۆ سەرکەوتنت
گەر لە بۆ خۆت هەر خەریک بی ئاخرت هەر وەحشەتە

وا ئەزانم تێدەگەی، مەستی و قومار و سەرسەری
خوەرنشینانی گەیاندە ئەو بوڵەندی عیززەتە

هەوڵ و تێکۆشین و عەزم و یەکیەتی و عیلم و هونەر
دیت چلۆن ڕووناکیێکی خستە نێو ئەو میللەتە

ڕۆژ دەرێژی ئارەق و ئەیدەی بە ئارەق بۆ شەوت
پارەکەت چیت بۆ دەمێنێ بۆ قومارت حاجەتە

دۆست لە دۆست بێگانە و بێزار ئەکا گیانە قومار
بەسیە بۆ شوومی و خەراپی ئەو کە مایەی نیفرەتە
هەر دوو میکرۆبن لەبۆ ئەندامی کۆمەڵ بێ‌گومان
جا نەخوازەڵڵا عەرەق میکرۆبی عەقڵ و سەروەتە
ڕەهزەنی ئایین و حورمەت، دوژمنی ماڵ و کەماڵ
بۆ حەیا و بۆ حەیاتی ئیقتیسادیت ئافەتە
مایەیی فیتنە و فەسادە، هەڵکەنی ڕیشەی شەرەف
کاری شەیتانی لەعینە، ڕاستە نەسسی ئایەتە
نووستنت بێ‌سوودە، مایەت پووچە گەر بیدار نەبی
ڕۆژی هەوڵ و یەکیەتی و زانین و بیر و غیرەتە

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

مەلا نیزامەدینی جەلالی

زانای ئاگا و پارسا، مەلا نیزامەدینی جەلالی نۆدشی، کوڕی مەلا عیسامەدین، کوڕی مەلا جەلالەدین، کوڕی مەلا عەبدوڕڕەحمان، کوڕی مەلا ئەحمەدی یەکەم، لە بنەماڵەی زانست و هێژایی، ساڵی ١٣١٣ ک. م. لە «نۆدشە»ی هەورامان هاتە دنیا و کە پێگەیشت، چووە خوێندن و بە تێکۆشانێکی زۆر، خزمەتی هێندێک لە مامۆستایانی ئەو سەردەمە گەیشت و پاش وەرگرتنی ئیجازە، گەڕاوە زێدی خۆی و ژنی خواست و باقی ژیانی بە خزمەت‌کردنی زانستی و ئایینی خەڵکەکە تێپەڕ کرد و سەرەنجام ساڵی ١٣٥٨ ک. هـ. (١٩٧٩ ز.)، بەرامبەر بە ١٣٩٩ ک. م. ئەمری خوای بەجێ‌هێنا و تەرمی پاکی هەر لە نۆدشەدا نێژرا.

ڕەوانشاد مەلا نیزام بۆخۆی لە نۆدشە هێندێکی کەم دار و باخی هەبوو. زۆرتر بە باخەوانی و بەرهەمی کاری خۆی دەژیا.

زاروزێچی مامۆستا ئێستاش شوێنی خۆیان ون نەکردووە و کەسانی زانا و هێژای زۆریان لێ هەڵکەوتووە.

ئەم شیعرەی کاتی هاتنەوەی بەهار، بۆ شینی کچە جوانەمەرگەکەی داناوە:

ئاح و داخ دیسان فەسڵ وەهارەن — وادەی تەماشای گوڵ و گوڵزارەن
دڵەی غەمبارم زویر و زارەن — نۆبەی حەسرەتان فەسڵ وەهارەن
پەخشەن بە ڕەزای بەرزی مەغاران — جاسووسەن پەری ئەووەڵ وەهاران
وەنەوشەی وەشبۆ بەرگش خومینەن — پەی یار پارین خاتر خەمینەن
چنوور نە کاوان قامەت چەم وەردەن — ئینتزار پەری ئازیزان کەردەن

غــەوغای بولــبولان نەســەر چلانــەن
فەسڵ شکوفتەی خونچەی گوڵانــەن
خێـــڵی نـــازاران، دیـــدەســـیاوان
جەموەردەن بە ناز نــە پـای بـەفراوان
هەرکەس پەری ویش نە سارای چەمـەن
چـەنی یـار ویـش خـاترش جەمـەن
دڵـــەی مـــن تـــەمام زویـــر و زارەن
فەســـڵ وەهـــارم چـــون ژار مـــارەن
چونکــە ئــازیزم نــە تــۆی مەغاکــەن
گـــوڵان وەهـــار جـــە لام خاشــاکەن
دیدەکــەم! عــومرم وە ئــاخر بــەردەن
ها وادەی وەسڵت وە پێش ئـاوەردەن
چەنی تۆ نە خاک تـەن مـەبۆ بـە گـەرد
خاکمان یەکسان مەبۆ چـەنی هـەرد
بەر مـەیۆ نـە خـاک سـەوزەی وەهـاران
یـاران جـە لامـان مـەیان، مـەویاران
مـــەواچان داخـــۆ ئینـــە قـــەبر کـــین؟
جە سەوزەی وەهار بیەن وە ڕەنگـین
دمـای چەنـد ساڵــێ کــەس نمــەزانۆ
خاکمـــان کامـــەن، فـــاتحێو وانـــۆ
ئاخم پەی مەردەن، داخم پەی مـەردەن
ئینە گشت خەتای چـەرخ چەپگـەردەن

لە کتێبی *خاطرات و یادداشت‌های من*.

مەلا عەلی سەببار

مرۆیەکی خێرخواز و زانایەکی بێنیاز، بەدوور لە ئازوبازی نەوس و خاوەن هۆش و زیرەکـی و لێهـاتوویی زۆر، خەڵکی گوندی «بێساران»ی ناوچەی «ژاوەڕۆ»یە، کە پاش تەواوکردنی دەرس و دەور، ماوەیەک لـە سلێمانی و کەرکووک، پێڕای کار، عەرەبی خوێندووە و ئینگلیسی فێر بووە و هەر لەوێ ژنی خواستووە و سەرەنجام دەوری ساڵی ١٣٣٠ ک. م. گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵات و لە پەروەردەی سنە دامەزراوە و فـیقهـ و عەرەبی و ئینگلیسی دەرس‌داوە.

مەلا عەلی وازێکی یەکجاری لە کتێب بوو؛ کتێبی زۆری دەساند و لە ماوەی خزمەتیدا، کتێبخانەیەکی باشی پێکهێنابوو. کاتی تـەنیایی کتـێبی دەخوێنـدەوە. لـە تەفـسیر و سـیرە و ئـەدەبیات و فیقهـدا، شارەزاییەکی باشی دەسکەوتبوو. لە ماڵیش دەرس‌گوتنەوەی بەردەوام بوو. لە قوتابی و فەقێ تا چـینی ئیداری و بازاڕی، لە خزمەتیدا بەهرەیان دەبرد.

خوا لێ خۆشبوو سەببار بە لەش زۆر لاواز بوو؛ لەم دواییانەدا تووشی گژم (تەنگەنەفەسـی) ببـوو؛ زۆری ئازار دەدا و سەرەنجام لە بەهاری ١٣٥٨ ک. هـ.)١٩٧٩ ز.)، بەرامبەر بە ١٣٩٩ ک. م. دەستی لـە ژیـان بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

لەو مامۆستایە چەند نووسراوەیەک بەجێماوە کە هێندێکیان لەچاپدراوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

چەرخی بازدەهەم

مەلا خالیدی موفتی

حاجی مەلا خالید، کوڕی عەللامە مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشی، ساڵی ١٣٢٣ ک. م. لە گونـدی «دشـە»ی هەورامان هاتە دنیا و سەردەمی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی، لە شاری سنە تێپەڕ کرد. دوای ئەوە چوو بۆ کوردستانی باشوور و لە قوتابخانەی چەند شوێندا، سەرف و نەحو و مەنتیقی خوێند و سەرەنجام لە ڕوانـدز، زیاد لەو دەرسانە، «اصول‌الفقهـ»ی لە خزمەت عەللامە ئەسعەد ئەفەندیدا وەرگرت. پاشان گەیشتە هەولێر و هەیئەت و ڕیازی و سیرەی لە لا مەا ئەفەندی هەولێریوە خوێند و بەشێ لە تەفسیری بەیزاوی و سەحیحی بوخاریشی هەر لەو شارە، لە زانایانی‌تر وەرگرت و ئیجازەی ساند. پاش ئەوە گەڕاوە بۆ «تەویڵێ»؛ کە ئەو کاتە نیشتنگەی قوتبی تەریقەت، شێخ عەلی حوسامەدین بـوو؛ شـێخیش بـۆ دەرس‌گوتنـەوە، ناردیـە گونـدی «زەڵم». دەوری ساڵی ١٣١٩ ک. هـ. (١٩٤٠ ز.)، لە لایەن ئەوقافی عیراقەوە بوو بە مامۆستا لـە پێنجـوێن و ماوەی پێنج ساڵ بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک ئەم ئیشەی بەڕێوە برد. ساڵـی ١٣٢٤ ک. هـ. بوومەلەرزەیـەکی بەتەوژم، پێنجوێنی تێک‌ڕماند. مەلا خالید لەو کارەساتەدا زۆری زیان وەبەر کەوت؛ کوڕێکی تێداچوو. ناچار پێنجوێنی بەجێ‌هێشت و گەڕاوە بۆ سنە. ماوەیـەک لـە مزگـەوتی ئـەمین و سـەرەتێک لـە قوتابخانـەی نەسیردیوان، بەرنوێژی و مامۆستایی کرد. دواجار بە شێوەیەکی فەرمی بوو بە مامۆستا و ئیمـامی مزگـەوتی وەزیر.

ساڵی ١٣٨٠ ک. م. کە کاکی (مەولانا مەحموودی موفتی) لە دنیا دەرچوو، جێی ئەوی گرتەوە و بوو بـە موفتی و حاکمی شەرعی کوردستان. هەروەها تا ئەم دواییانەش مامۆسـتای مەدرەسـەی عولـوومی دیـنی شاری سنە بوو.

حاجی مەلا خالید سەرەنجام لە ٢٦ی ڕەمەزانی ساڵی ١٤٠٠ ک. م. بەرامبەر بە ١٧ی گـەلاوێژی ١٣٥٩ ک. هـ. (١٩٨٠ ز.)، لە تاراندا ئەمری خوای بەجێ‌هێنا و وەک ڕایسپاردبوو، تەرمەکـەیان بـردە سـەر کێـوی «بێشکۆ»ی لای ڕوانسەر و لە مەرقەدی وەیسدا ناشتیان.

خوا لێ خۆشبوو مەلا خالید مرۆیەکی خاکەسار، میهرەبان، مەردمدار و زانایەکی وریـا و گفـتڕەوان بـوو. شیعری جوان و دلگرە؛ بەڵام کەمتر شیعری دەگوت. بەڕاستی مەولەوی‌ناسێکی لەزەبر بوو. ئەو شـێوە ئـەو شیعری مەولەوی تاوەگۆزی شی دەکـردەوە و مانـای لـێ‌دەداوە، دژوارە تـازە کـەس جێـی بگرێتـەوە. زۆر بەداخەوە، ئەو شرۆڤە یەکجار بەرزانە نەچوونە سەر کاغەزان و فەوتان.

بەرهەمێکی مامۆستا، وەرگێڕانی قەسیدەی بوردییەی ئیمام بووسیرییە، هەر لەسەر ئەو کێش و سەروایە؛ بەڵام بە هەورامییەکی پوخت و پاراو. ئەم کتێبە سالـی ١٣٧٨ ک. هـ. (١٩٩٩ ز.)، بـە تێکۆشـانی مامۆسـتا هادی مورادی، کە هێنایە سەر ڕێنووسی ئەوڕۆکە و پێشەکی و پەراوێزی بـۆ نووسـی، چـاپ کـرا و چـاوی وێژەوانان و کوردی‌دۆستانی پێ ڕوون بووەوە. ئەوا چەند بەیتی سەرەتاکەی:

جە کەردەیـە و یـادۆ هامـساکانوو «ذی‌سَلَم»ی — هەرسی ونینێ مەرێزنی تۆ جە گۆشەو چەمێ؟
یا هۆرش کـەردەن شـنەو شەماڵـو لاو «کاظمـە»ی — یا شۆڵەش داوە بەرقی جە تـاریکیو «اضَـم»ی؟
چەمێت چی تا واچی وەس! بەتاو هەرسی مـەڕێژنا — چی دلوەشی پەی دڵیت مەدەمنۆ دەمـەو غـەمی؟
چەنی خەیاڵش مەلۆ ئاشق دڵـش مەخفییـەن — گۆشێو دلـی جۆش مەدۆ قوڵش مەجنۆ جە چەمی؟
ئیشق ئەر نەبۆ نەمجێنی هەرسی هەوارگانـەرە — وەرموو شەوێت نەبڕڕی فکـرو «بـان» و «عَلَـم»ی
ئینکار چەنی مەکەری ئیـشقت کـە شاهیدشـەن؟ — وارانوو هەرس و چـەمی، زایفـی و زەردی و غـەمی
جۆی هەرسی سووری سەروو ڕوخساری زەردیتەرە — چمان گولو «بهـار»ین تێکـەڵ چـەنیو «عَـنَم»ی
فکـرو حـەبیبم بەلـێ ئـارام و وەرمـش بـڕی — حوببی لەزەت مەفەوتنۆ بە دەرد و دا و ئەلەمی
جە ئیشقی «عُذری» ڕەقیب! عوزرم قـەبووڵ بکـەرە — مەگێرە عەیبم وەروو ئینساف و ڕەحمی کەمی
حلو من جە تۆ ویەرد، فاشەن جـە لاو گـر کەسـێ — دەردم گرانەن، سڕم کەوتـەن دەمـو مـەردمی
نەسێحەتو تـۆ بـە گۆشـم ئاشـنا کـەی مـەبۆ؟ — ئاشقی گۆشش کەڕەن جە عەیب و لۆمـە و غـەمی
پیری کە نەسێحەتش جە توهمەتی خاڵییەن — نەسـێحەتش لامـەوە پێـسەنە موتتەهـەمی

مامۆستا ئەم شیعرەی بۆ کاکی (مەلا موحەممەدی بورهان)، کە لە ئەستەمبووڵ بووە، هۆنیوەتەوە و بۆی ناردووە:

های شەماڵ! پـەیکی گـشت دەردەداران — مـەحرەم ئەسـرار جـە خزمـەت یـاران
پێـشڕەوی ئامـای سـپای وەهـاران — ئـارایش‌دەری هـەردوو کۆسـاران
شـادکەری دیـدە و دڵـی بوڵـبوڵان — وەلادەر پـەردەی ڕوخـساری گـوڵان
فـەڕڕاش فـەرش زمـڕووتی چەمـەن — مەششاتەی ڕوومـەت لـەعل و یاسـەمەن
نـەرگس بێدارکـەر جـە لانـساران — بەخـشندەی تـاجی شـکۆفەی داران
خولاسـە هـەرچی مـەوینۆ وە چـەم — جـەتۆ دڵـشادەن، ئاسوودەن جـە غـەم

بەو بەشق شنۆی سوب سەحەرانت	وە لادان زوڵف مەهـ پەیکەرانت
وە عەتر ئامێزیت جە یەخەی یاران	پەی شەفای داغ گشت دەردەداران
ڕەحمێ کەر وە حاڵ دڵەی زەلیلم	بۆ چەند سەباحێ بۆ وە دەلیلم
هۆرگێرە گەردێ جە سفتەکەم، بووڵ	پەی ڕانماییت هەتا ئەستەمووڵ
ئانا سەیل چەم جاگە جەم وەردەن	دوو دەریا وە هەم ئامێتە کەردەن
یەکێ وێنەی بەخت سیاهـ و شوومەن	ئەو یەک نیشانەی سفیدی موومەن
پەی شاهدی حاڵ زار و غەمینم	مەوج وەردەن جە دەور قیبلەکەی دینم
جا، وێت جیای من قوربان باڵاش کەر	پەی دیدەم داوای گەرد پاڵاش کەر
ئەر پرساش چەنەت حاڵم ئەو سەروەر	جە ڕووی لوتفەوە پێش ئەو جواو دەر
واچە ئەو حاڵە و ئەو دەردە و ئەو غەم	من دیم یاخوا تۆ نەوینیش وە چەم
ئەسرین مەڕێزنا جە دیدەی تاردا	چوون واران جە شەو تاری وەهاردا
وەختێ هۆشم دا وە دەرد کاریش	ئینەم حاڵێ بێ جە سۆز زاریش
های شەماڵ! ئامان جە گوڵ پەیکەرێ	نامان ڕیشەی غەم جە دڵ پەی کەرێ
ناکیاستەن ئومێد دونیا و دینەکەم	نامە پەی مەرهەم ڕووی برینەکەم
دووی کوورەی دەروون ئایر بەردەوە	سەیلاو ئەسرین لافاو کەردەوە
باخچەکەی شادی توێ دڵەی ئەوگار	بەرباد دا یەکجار کەرد وە شۆرەزار
پەیک خەیاڵش پەی تەسکین دەرد	گاهێ بێ ڕەحمەت وە دڵا مەویەرد
ئیسە تەنخوای گوڵ خێزیان پەیکوڵ	جە لاش ئەزیەتەن پا بنیو وە دڵ
گیانیچ وە تەنیا بێ قەرار بییەن	قەفەس بەدەن لێش بێزار بییەن
واچە ئەر گوناش نەدارۆ حەساو	چینە زیاتەر مەوازۆ عەزاو
بەڵام تۆ پەی وێت کەردەنت یاسا	مەفهوومی «أحْسنْ إلی مَنْ أسا»
هۆرکەر جۆی حەیات وە نووک قەڵەم	با ماڵۆ جە دڵ خەس و خار غەم
بەڵ ڕیشەی شادی ئاوێ وەردەوە	خونچەی باخچەکەش تاوێ کەردەوە
خەیاڵش جارجار پا بنیۆ پێشدا	گیانیش ساکت بۆ جە یانەی وێشدا

وەرگێڕاوەی سێ بەیتی سەعدی، بە کوردی سۆرانی:

قسە کاتێ دەکا پیاوی ژیر	یاکوو پەنجە دەکا لە پاروو گیر
گەر نەڵێ بۆ گەلی زیانی بێ	وەر نەخوا ئافەتی ژیانی بێ
بۆیە دایم وتەی لە سوودایە	خواردنی لەشخۆشی لە دوودایە

ئەمەش قەتعە فارسییەکەی سەعدی:

سـخن آنگـه کنـد حکـیم آغـاز	یـا سرانگـشت سـوی لقمـه دراز
کـه ز نـاگفتنش خلـل زایـد	یـا ز نـاخوردنش بـه جـان آیـد
لاجـرم حکمـتش بـود گفتـار	خـوردنش تندرسـتی آرد بـار

یاداشتەکانی نووسەر. *قەسیدەی پیرۆزی بوردییە بە هەورامی*، وەرگێڕاوەی حاجی مەلا خالیدی موفتی، پێشەکی و پەراوێزی هادی مورادی، پەخشانگای ئیحسان، تاران، ١٣٧٨ ک. ھ.

میرزا ئەحمەدی داواشی

میرزا ئەحمەدی موحەممەدیی، کوڕی داواشی موحەممەد، کوڕی مراد، ساڵی ١٣١٨ ک. م. لە ڕوانسەر هاتۆتە دنیا. کە پێگەیشتووە، لای مەلا موحەممەد حەسەنی جوانڕۆیی، لە گوندی «تەمتەم»ی سەر بە ڕوانسەر، خوێندنی دەسپێکردووە. دواجاریش تا تەمەنی ١٩ ساڵان لێرە و لەوێ و وردە ـوردە خوێندوویە و لەو کاتەوە بەردەستیی بابی کردووە. کە باوکی لە دنیا چووە، تا ماوەیەک چۆتە ڕیزی پیاوانی عەباس‌خانی ئەردەڵان (سەردار ڕەشید) و لە نزیکانی بووە.

میرزا ئەحمەد مرۆیەکی خۆش سەر و زمان، خاوەن زەوقی شیعر، بیر تیژ و گفتڕەوان و لە باری عیرفانیشەوە سەر بە تەریقەتی قادری بووە. شیعری کوردی، لە غەزەل و قەسیدە و داستان و شینگێڕی، زۆری گوتووە.

کۆچی دوایی میرزا، لە١٢ی زیقەعدەی ساڵی ١٤٠١ ک. م. بەرامبەر بە ١٣٥٩ ک. ھ. (١٩٨٠ ز.) ڕووی داوە و بەپێی وەسیەتی خۆی، لە مەرقەدی وەیسدا نێژراوە.

دوو نموونە لە شیعرەکانی:

ئـازیزم! مـەیلم، ئـازیزم! مـەیلم	جـە نـۆ تـازە بی جـە لای تـۆ مـەیلم
جۆش ئاوەرد دڵـەی جـە خـەمان کـەیلم	جارییەن هەر شـەو جـۆی ئەسـر سـەیلم
سا تۆیچ بەو چون لەیل سـەوزەی سەوسـەن خـاڵ	تاڵـێ زوڵـفەکەت بـدەر وە شـەماڵ
پـەی سـاکنی دەرد، شـەفای ئـێش زام	چـەنی نەسـیمش بـاوەرۆش وەلام
وەشـەن ئـەر شـەماڵ بـەیۆ ژ ڕاوە	چەن تایێ جە زوڵـف تـۆش هـان وەلاوە
وە مەرگت قەسەم شـەکەر ڕێـزەی ڕاز	جـەو دەم ئـەرواحم مەشـۆ وە پێـشواز
ڕازیمن جە ڕای تای گیـسووی دڵـبەر	نـە جـای مزگـانی بـدەم گیـان و سـەر
ئەحیانـەن ئـازیز! ئەگـەر مـن مـەردم	گیان جـە ڕای تـوغرای زوڵـفت سـپەردم
ئیمجـا جـەو دمـا شـۆخ نـازدارم!	تەشریف بـار وە پـای سـەنگ مـەزارم

وە حەســـــرەتەوە نەونـــــەمام نـــــۆم   پەنجــەت بمالّــە وە خـــاک گـــلّکۆم
ئامانـــت فـــەرزەن، دۆس شـــیرینم   میقراز گازەکەت شی‌کەر پـەی شـینم
زولّفت چون ڕێحان پەخش‌کەر نـەدەورم   دەر ساعەت مەبۆ بە بەهەشـت قـەورم
نە یاگەی تەلّـقین، سوورەی یاسـینم   بملاوێنـــــەرەو ئیمــــان و دیـــــنم!
دەم بنیــە وە بــان گــلّکۆی تازەکــەم   واچــە هــەی شــەهید تـیر نازەکــەم
مەست بادەی عەشق لەب‌تەڕ نەکەردە   فــراوان حەســرەت وە گــلّکۆ بــەردە
سەر هۆردار لـەیلم خـاتر ئـەوگار تـۆم   زام بە سـۆ کەفتـەی پـای مـەزار تـۆم
بدیە من پەی تۆ جـەرگم پـڕ نێـشەن   وە تیــغ نــاخون ڕوخـسارم ڕێــشەن
ئەوســا نەپرســام چێــشەن ئــازارت   ئیـــستە مەنالّــم نـــە پـــای مـــەزارت
ئەرچی بێ‌سوودەن لـەو سـەروەختەدا   زاری‌کــەن وەبــان خــارای ســەختەدا
وەلـێ بـەو وە یـاد ویـەردەی وەریـن   لــە چــەمان مەســت بــڕێزە ئەســرین
بەڵ قەترەی ئەسرت بگنۆ وە ڕووی خـاک   وە حەســرەتەوە خــاک‌کــەرۆ نمنــاک
جەو دەم پەی مەڵهەم زامان خەستەم   نـــە گـــلّکۆمەوە بگنـــۆ وە جەســـتەم
بە وێنەی ئەنفاس مەسـیحای مەریـەم   ئیحیام مەکـەرۆ قـەترەی ئەسـر چـەم
وەرنە خۆ «ئەحمەد» بە دڵ مەردەی تـۆن   تا ئەبەد، سەوزەم! ئیمان هەردەی تۆن

* * *

قیبلـەم! ئیعـدامم، قیبلـەم! ئیعـدامم   حەققــەن ســادرکەی حــوکم ئیعــدام
ئیعـدام وەشـتەرەن هـەی نەونـەمامم   نەک هەر ئان نمـەک بـدەی وە زامـم
با ڕەحمـەت نـەیۆ، ئـەرچی بێچـارەم   بەو بەی سزای سەخت بـدەر قـەنارەم
ئـــەمر بفـــەرموو فەڕڕاشــــان چــــاو   پــەتم لــە زولّــفت هەڵــخەران وە تــاو
لە حەڵقەی زولّفت حەڵق‌ئاوێزم کـەن   دوچــار عــەزاب ڕەســـتاخێزم کــەن
وە نـێش مـوژەت بزمـارڕێزم کـەن   لـــە دار بـــالات ســـەرئاوێزم کـــەن
ڕازییـەن «ئـەحمـەد» وا بـە فـدات بـۆ   وە شـەرتێ قـەبرش بـە سـەرەڕات بـۆ
پـا بنیـە پێـشدا وە نـاز بـۆ یـاری   نـەقش پـات وەسـەن پـەی یادگـاری

حدیقەی سُلطانی، ل٢٦. یاداشتەکانی نووسەر.

ئاغە بابا

سەید بابا ئەحمەدی شەهیدی، مەشهوور بە «ئاغە بابا»، کوڕی سەید ڕەحمەت، لە پشتی سەید موحەممـەد

زاهید، ناسراو بە «پیرخدری شاهۆ»، ساڵی ١٢٨٠ ک. م. لە ئاوایی «عەباساوا» (حەسار چەرمگ)، لە ناوچەی گەڕووس هاتە دنیا و لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا گەورە بوو.

ئاغە بابا پیاوێکی دیندار، خاکەسار، یەکجار بەخشندە و میوانخۆشەویست بوو. دوای هێندێک ماڵی گواستەوە گوندی «زاخەی خوارگ»، لە نزیک دیواندەرە، کە لەسەر ڕێگای سنە و سەقزە. ناوی ئەو گوندە بە ئاغە باباوە دەناسرا و میوانخانەی ئاغە بابا لەوێ ـکە دەرگا و حەوشەی بۆ دانەنابوو ــ هەموو کات پڕ لە میوانی لە هەموو چینێک بوو. تەنانەت ئەگەر کەسێکی نەناسیش ڕێی لە ماڵی بکەوتایە، وا بە گەرم و گوڕ پێشوازی لێ دەکرد، دەتگوت دۆستی چەنایچەنساڵەیە.

ئەگەرچی خاوەنی نیوەی دێیەکە بوو، بەڵام هێندەی بۆ نەدەماوە و بڕێ جار قەرزداریش دەبوو.

ئاغە بابا لەم دواییانەدا، بە هۆی پیری و نەخۆشی، ماڵی هاتە شار و لە سنە دانیشت و سەرەنجام لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٩ ک. هـ. (١٩٨٠ ز.)، ڕووی لە دنیا چەرخاند و بوو بە میوانی خوای بەخشندە و میهرەبان.

یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا ئەحمەدی تورجانیزادە

کوڕی مەلا حوسەین، کوڕی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، ساڵی ١٣١٩ ک. م. لە شاری مەهاباد هاتە دنیا. هەر لە پێنج ساڵانەوە، بە زیرەکی و لێهاتوویی، ئەلف و بێتکە و جزمی عەم فێر بوو. هەشت ساڵان قورئانی خەتم کرد و فارسی دەخوێندەوە و مەشقی نووسینی دەکرد. لەوەو پاش لە ژێر چاوەدێری بابی و لە خزمەت کاکی زانای (مەلا موحەممەدی قزڵجی)دا، خوێندنی سەرەتایی عەرەبی دەسپێکرد و هەموو کتێبانی ئەو سەردەمەی فەقێیانی خوێند و دەورکردەوە و خزمەتی مامۆستایانیتریش گەیشت و بە کورتی لە ٢١ ساڵاندا دەرس و دەوری مەلایەتی تەواو کرد. دوای ئەوە سەردەمێکیش خەریکی خوێندنی زانستە نوێیەکان، وەک حیساب و هیندسەی تازە و بەشێکی جەبر و موقابیلە و کیمیا و زمانی ئینگلیسی و فەڕانسە بوو. پاش ئەوە دە ــ دوازدە ساڵی بە دەرسگوتنەوەی فەقێیان و خوێندنی کتێبە ئایینی و ئەدەبییەکانی دوو زمانی عەرەبی و فارسی تێپەڕاند. ساڵی ١٣١٥ ک. هـ. (١٩٣٦ ز.)، لە وەزارەتی مەعاریفدا دامەزرا و ماوەی شەش ساڵ لەوێ کاری کرد و پاشان چووە وەزارەتی پەروەردە و لە شاری ورمێ و مەشهەد و تاران، لە پۆلی دواناوەندی بوو بە مامۆستا. دوای ئەوە لە زانستگای تەورێز پلەی ئوستادی درایە و تا دوا ساڵی ژیان (١٣٥٩، ١٩٨٠ ز)، مامۆستای زانکۆی زمان و وێژەی ئەوێ بوو.

کتێبەکانی مامۆستا:

١. *تاریخ ادبیات عرب، از دورەی جاهلیّت تا عصر حاضر*، بە فارسی، تەورێز، ١٣٤٨ ک. هـ.

٢.*شرحی بر سبعەی معلّقه*، بە فارسی

٣. *الأستاذ الاجل سعدی الشیرازی*، بە عەرەبی، کە ساڵی ١٣٢٩ (١٩٥٠ ز.) لە «معهد اللغات الشرقیه»ی زانستگای فوئادی قاهیرەدا بۆ قوتابیان و فەقێیانی میسری خوێندۆتەوە، چاپی زانکۆی ئەدەبیاتی تەورێز

٤. *داستان منظوم مکتبدار بصره*، بە فارسی

٥. *علوم معانی و بیان*، بە فارسی

٦.*مسائل و احکام فقهی*، بە فارسی

٧. *رد معتقدین اقانیم ثلاثه*، نامیلکەیەکە بە فارسی

٨. *آداب المناظره*، بە عەرەبی

٩. *دیوان اشعار*

١٠. *رسالةُ الحذف*، بە عەرەبی

تورجانیزادە زەوقی شیعریشی هەبووە و بە فارسی و عەرەبی شیعری گوتووە. ئەوا دوو نموونەی:

یەکەم، چەند بەیتی کۆتایی هۆنراوەی داستانی «*مکتبدار بصره*»:

نظم کردم داستانی بس دقیق | نقل از دیوان آثار عتیق
تا بود از من به دوران یادگار | من نماندم، او بماند پایدار
این حکایت را کز ایام قدیم | در صدف مانده است چون درّ یتیم
من برون آوردم از قعر بحور | شاهدان را تا شود عقد نحور
ور نباشد در برونش زیوری | میدرخشد در درون چون گوهری
در دل دریا شدن با صبر و جد | کار غواصان بود ای مجتهد
تا برون آرند از بحر عظیم | درّ و گوهرهای رخشان و کریم
لعل کان و گوهر بحر اجاج | زینت این سینههای همچو عاج
لیک مروارید دریای زمان | زیور دل آمد و زیب روان
الحق این پیشینیان نکتهیاب | با بیان روشن و فکر صواب
عبرتآور داستانها گفتهاند | لُؤلُؤ لالای معنی سفتهاند
آفرین بر طبع گوهربارشان | بر صریر خامهی سرشارشان
ای خوشا آن دل که غواصی بود | نخل معنی را چو خواصی بود
مرحبا بر آن زبان خوشبیان | کو بود اسرار جان را ترجمان
مرحبا بر کلك و بر ما یسطرون | روشنیبخشان اسرار درون
لَوْحش الله از اشارات لطیف | وز نکات طرفه و نغز و ظریف
حَبَّذا نقش نگارین نامهها | و آن گُهرافشان و مُشکینخامهها

خرّمـــا صـــورتگران پاکبـــاز / چهـره‌پـردازان بـت‌هـای طـراز
آفـــرین بـــر نقـــشبندان گـُــزین / و آن هُنرکـــاران معنـــی‌آفـــرین
شـــاد بـــادا روح آن روشـــندلان / کـــز بـــرای انتبـــاه مُقـــبلان
در دل کـوه و کتـاب و بـر حَجَـر / نقـش‌هـا بـستند از پنـد و عبـر
لَـوْحِ‌اَبْجَـد بهـر مـا بنگاشـتند / علـم و حکمـت را عَلَـم افراشـتند
آفـرین بـر روشـنان پـاک‌دیـن / رحمـــه‌الله عَلَـــیْهم اَجْمَعـــین

ساڵی ١٣١٦ ک. ه. لە ماڵی شازادە ئەفسەرمیرزای قاجاردا کۆڕێکی ئەدەبی بووە. جارێک ئەم دوو بەیتـە مەشهوورە بۆتە سەرباسی کۆڕ و هەرکەسێک بە زەوقی خۆی، پێشوازی لێ کردووە:

این خط جاده‌ها کـه بـه صـحرا نوشـته‌انـد / یـــاران رفتـــه بـــا قلـــم پـــا نوشـــته‌انـــد
سنگ مزارهـا همـه سربسته نامـه‌ای است / کـــز آخـــرت بـــه مـــردم دنیـــا نوشـــته‌انـــد

ئەمەش غەزەڵەکەی تورجانی‌زادە:

ایـن کارنامـه‌هـا کـه بـه دنیـا نوشـته‌انـد / از بهـــر عبـــرت دل دانـــا نوشـــته‌انـــد
اَسـرار حکمـت اسـت در اوراق کاینـات / در کوه و دشت و وادی و صحرا نوشته‌انـد
تقـــدیس کبریـــا و جـــلال و جمـــال او / در مـسجد و کُنـشت و کلیـسا نوشـته‌انـد
از خط سیر مـور کـه بینی بـه راه خـویش / درســی بــرای مــردم بینــا نوشــته‌انــد
بهـر صـلاح حـال، بـه ابنـای روزگـار / آبـــای دهـــر لـــوح اَلفبـــا نوشـــته‌انـــد
در چـشم عارفـان خـدابین حـق‌شـناس / توحیـد ذات در همـه اشـیا نوشـته‌انـد
هرچ آن نوشته‌اند ز نعـت صـفات دوسـت / یـک از هـزار و قطـره ز دریـا نوشـته‌انـد
یـک لمعـه از تجلی عـشق جمـال اوسـت / هـر قـصه‌ای ز وامـق و عـذرا نوشـته‌انـد
آنـــان کـــه غافلنـــد ز انعـــام و فـــضل او / در نامـه‌هـای خـویش خطاهـا نوشـته‌انـد
منـــشور شـــوربختی و ادبـــار خویـــشتن / بـر صـورت و قیافـه و سـیما نوشـته‌انـد
در خـود چـو بنگرنـد نهـان‌ها شـود پدیـد / کانجـــا رمـــوز حـــل معمـــا نوشـــته‌انـــد
بنگر چـه رمزهاسـت کـه از حسن دلبـران / بر روی خـوب و نـرگس شـهلا نوشـته‌انـد
ایـن نقطـه‌هـای خـال چـه نیکـو نهـاده‌انـد / ویـن خـط‌هـای سبز چـه زیبـا نوشـته‌انـد
پیوســـــته ابـــــروان دلارای مهرُخــــان / تفـسیر قـاب قـوس أو أدنـی نوشـته‌انـد
بـا خامـه‌هـای مـشک‌فـشان زلـف دلبـران / بـر روی مـاه سـوره‌ی أسـری نوشـته‌انـد
بـــر خـــاک آســـتان خداونـــد، عارفـــان / بـا کلـک فـرق حـرف تمنـا نوشـته‌انـد
«ترجانی» ایـن صـحائف و اوراق در نـورد / کـاین بحـث را رجـال توانـا نوشـته‌انـد

یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا موحەممەدی عوبەیدی

کوڕی مەلا عەبدوڵلا، کوڕی شێخ عەبدولقادر، خەڵکی گوندی «عەبابەیلێ» لای هەڵەبجە، ساڵی ١٣٢٥ ک. م. هاتە دنیا و هەر لە زێدی خۆی، لای بابییەوە تا پلەی ئاخر خوێندی و لە دەستی باوکی و باباڕەسوولی عەبابەیلێ ئیجازەی وەرگرت.

مەلا موحەممەد سەرەتا ماوەیەک لە گوندی «سۆڵە» دانیشت و دەرسی گوتەوە؛ دوای ئەوە چوو بۆ هەڵەبجە و بە یارمەتی خەڵکەکە، مزگەوت و مەدرەسەیەکی کردەوە و تا کۆتایی ژیانی (١٤٠١ ک. م.) لەوێ ماوە و خزمەتی ئایینی و زانستی کرد.

ئەم مامۆستایە پیاوێکی هێژا، لەسەرخۆ، بەئەدەب و ڕێزدار بووە؛ زۆری کتێب خوێندووە و هێندێک نووسراوەشی هەیە، یەکیان نامیلکەیەکە، سەبارەت بە «سێتەلاقە».

عُلَماونا فی خدمةالعلم والدّین، ل ٥٤٠.

زاری سەقزی

مەلا عەبدولکەریم، کوڕی عەبدوڵلا، نازناو «زاری»، ساڵی ١٣٢٧ یان ١٣٢٨ ک. م. لە گوندی «ئاڵکەلوو»ی سەر بە شاری سەقز هاتە دنیا و پاش خوێندنێکی سەرەتایی، چووە فەقێتی و کە دەرس‌ودەوری تەواو کرد، لە دێی«عەرەب ئوغلی سەروو»ی لای سەقز دانیشت و پیڕای کشت‌وکاڵ، ئەرکی بەرنوێژی و ڕێنوێنی خەڵکەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و سەرەنجام لە ٢٧ی گوڵانی ساڵی ١٣٦٠ ک. هـ.)١٩٨١ ز.)، بەرامبەر بە ١٤٠١ ک. م. ماڵاوایی لە دنیا کرد.

زاری وێژەوان و خاوەن زەوقی شیعری بووە و بە کوردی و فارسی شیعری گوتووە؛ ئەوا دوو نموونەی:

لە تاریکی شەوی هیجرام و موحتاجی چرای ڕووتم
لە گەنجی ئارەزوو دوور و لەگەڵ ماری خەمت جووتم
هەموو کەس با بزانێ چاکە وا من گیری داوی تۆم
غولامی خاڵی موشکین و قەدی باریکی وەک مووتم
لە سایەی ئاوری عشقی جەماڵی دڵڕفێنی تۆ
هەماری نەفت و گۆگرد و خەزینەی بەرق و باڕووتم
ئەگەرچی ئاگری عەشقت بڵێسەی بەرزە، سووزانە
منم ئەمڕۆ سەمەندەر ئاورم هێلانە ناسووتم

له ئەو ڕۆژەو موژەت تـەدبیری قەتـڵی عاشـقانی کـرد
مـنی بێـدڵ خــەریکی تەوســیەی تاشـینی تـابووتم
ئەگــەر داوود تــەوفیقی خــودا بێــت و نــەکا یــاری
ئەمن کـەی پاڵـەوانی مەعرەکـەی مەیـدانی جـالووتم
گەدایی بێپەناه و بـێکـەس و گـەردەنکەچـە «زاری»
بە ڕەحمەت دەستی بگرە، ئـەز غـولامی دەسـت و بـازووتم

* * *

دلـی دارم بـه سـان بوتـه در تـاب
وزو خون می‌چکد، وز دیده خوناب
خلیـده خـار هجـران در رگ جـان
نشـــسته زاغ نومیـــدی بـــه بُـــستان
لگــدکوب ســتم باشــد وجــودم
نمـی‌دانـم از ایـن سـودا چـه سـودم
گــل عمــرم شــده پژمــرده از غــم
تـنم بی‌حس بـه سـان مـرده از غـم
چنـان گـشتم زبـون و عاقبـت شـوم
در ایـن ویرانـه شـد هـم لانـه‌ام بـوم
چنـــان آشـــفته و زار و نـــزارم
که بـر خـود نـام «زاری» مـی گـذارم

یاداشتەکانی نووسەر.

موحەممەد ساڵەحی وەکیل

کوڕی موحەممەدخانی وەکیل «وکیل‌ُالمُلک»، نازناو «سالح»، ساڵی ١٣٠٧ ک. ه. (١٩٢٨ ز.) له سـنه هاتـه دنیا و لەو شاره دیپلومی وەرگرت. ئەوجار (ساڵی ١٣٢٨) چوو بۆ تاران و له دوو زانکۆی ئەدەبیات و حوقوقدا خوێندی و ساڵی ١٣٣١ لیسانسی ساند. ساڵی دوایی له وەزارەتی پەروەردە دامەزرا. سـەرەتا لـه کرماشـان بوو بە مامۆستای دواناوەندی و پاشان (١٣٢٥) گەڕاوە سـنه و بـاقی ژیـانی لـه دەبیرسـتانەکانی ئەوشـارەدا خزمەتی کرد. ساڵی ١٣٤٣ بۆ حەج ڕۆی و سـەرەنجام سـەرەتای مـانگی ڕەزبـەری ساڵـی ١٣٦١ ک. ه. (١٩٨٢ ز)، بەرامبەر بە ڕەمەزانی ساڵی ١٤٠٢ ک. م. له دنیا چوو.

وەکیل هەر له سەرەتای لاویوە، بە هۆی لێهاتوویی سرشتی و ڕاهاتوویی هزر و بیری، سەریکردە زمان و وێژەی فارسی و شیعرگوتنی دەسپێکرد. یەکەمین هۆنراوەکانی، وەرگێڕاوەیەک بوو له زبانی فەڕانسەوە بـۆ فارسی، که له گۆڤاری «*گل‌های رنگارنگ*»دا چاپ کرا. ئەم مامۆستایە زبان و وێژەی فارسـی بـاش دەزانی و شیعری جوان بوون. دیوانی شیعرەکانی ـکه خۆی «شکوفەهای جاودان»ی ناو ناوە ـ هێشتا چاپ نـەکراوە.

باقی کتێبەکانی بریتین له:

١. «*از رودکی تا بهار*»، کتێبێکه لەمەڕ مێژووی وێژەی فارسییەوە

٢.«*تاریخ هندوستان از قرن هجدهم تا آغاز استقلال*»، چاپی ١٣٥٢ ک. ه.
٣. «*سیری در تاریخ فلسفه و فرهنگ*»، چاپی ١٣٥٣ ک. ه.
٤. نامیلکەیەک لەمەڕ ڕێزمانی فارسیوە

دوو شیعری وەکیل:

مهری که در وجودی و شوقی که در سری — مـــاه بلندپایـــه و بـــدر منـــوّری
ظـاهر چـو آدمـی و بـه سیرت فرشتەای — در پـاکی و خلـوص درخـشنده گـوهری
فرزانـەای و گـوهر تـو فـرّ و زیـب تـو — در عـالم کمـال خـرد، زیـب و زیـوری
روشـن ز توسـت روز مـن ای سـرو مـاهرو — در شـام تـار مـن چـو فروزنـده اختـری
پروانـەوار شـمع رخـت شـد مطـاف مـن — شــمع دلــی و لیــک روان را چــو آذری
رود نـشاطبخـش چـو شـهرود رودکـی — یـا بـادەای و صـبحگهان مـستی‌آوری
تابنـده همچـو نـور بـه صـبح امیـد مـن — درگـاه هجـر بـر دل زارم چـو اخگـری
والاتـــر از مثـــالی و بـــالاتر از قیـــاس — در بارگـــاه عقـــل ز حجـــت فراتـــری
محبـــوبتر ز چنگـــی و زیبـــاتری ز شـــعر — مطبـــوع‌تـــر ز زادەی کلـــک هنـــروری
الهـــامی از گلـــی و نـــشانی ز نـــسترین — در لالـــەزار حـــسن ز گـــل دلرُبـــاتری
هـــستی‌ده حیـــات و همـــای ســـعادتی — بـر بـام مـا ز لطـف و صـفا سـایه‌گـستری

* * *

کتـــابی ورق مـــی‌زدم صـــبحگاه — به جـوفش یکـی چامـه زان تـو بـود
بدیـــدم خـــط دلفریـــب تـــو را — کـه در رمـز هـستی نـشان تـو بـود
بـه دل پرتـو افکنـد نـوری چـو مـاه
ز دود از دلـــم خـــاطرات ســـیاه
بـــه یـــاد آمـــدم خـــاطراتی بـــدیع — از آن خـاطرات خـوش رفتـه هـا
ســـرودی ز پـــرواز مـــرغ و بـــشر — بـه تقلیـد سـعدی گهـر گفتـەهـا
چنـین شـعر نغـز از کـلام تـو بـود
لغتهـــا و معنـــی غـــلام تـــو بـــود
غـــلام تـــوام دوســـتدار عزیـــز — تـو ای مـاه مـن، مـشعل زنـدگی
فـــروغ مـــن و عـــشق و امیـــد مـــن — تـو را چـون معـانی کـنم بنـدگی
دو جسمیم و یـک روح، جـان منـی
حبیـــب عیـــان و نهـــان منـــی

تـوی آفتـاب کمـالات و حـسن   بـه دفتـر خـط تـو مـرا یادگـار
نیـازم بـه دیگـر اثرهـای توسـت   اثرهـــای زیینـــده و شـــاهکار
دهـم دیـده‌ی تـار از آن روشـنی
کـه در زنـدگی خـود تـو نـور منـی

یاداشته‌کانی نووسەر.

کاردۆخی[1]

شێخ موحەممەد ئەمین، کوڕی کاکشێخ، کوڕی شێخ موحەممەد بەهائەدینی نەقشبەندی تەوێڵەیی، لـە ٢٥ی مانگی سێهەمی ساڵی ١٩١٦ ز. لە گوندی «تەوێڵێ» هاتە دنیا و خوێنـدنی سـەرەتایی، بـە منداڵـی و هەر لەوێ دەسپێکرد. پاشان چووە قوتابخانە (١٩٢٩) و بە شوێن ئەوەدا بۆ خوێندنی دواناوەنـدی گەیـشتە بەغدا و ساڵی ١٩٣٩ لە پەروەردەی زانستی مامۆستایانی لادێییدا دیپلومی وەرگرت و ئـەوجار لـە وەزارەتی پەروەردەی عیراقدا دامەزرا و ماوەی ٣١ ساڵ لە تەوێڵێ، بیارە، عەبابـەیلێ، هەڵـەبجە، سـلێمانی و بەغـدا خزمەتی کرد و ساڵی ١٩٧٠ ز. وەنیشتە بوو.

کاردۆخی هەر لە سەرەتای دامەزرانیـەوە، خوێندنـەوەی کتێبـە ویژەییـەکانی کـورد و فـارس و تـرک، بەتایبەت کرۆکاش لە مێژووی ویژەی کورد و کۆکردنەوە و هەڵەگـری هێنـدێک لـە دیوانـە کوردییـەکانی دەسپێکرد. هاوکات بۆخۆشی ـ کە خاوەن زەوقییێکی تەواو بووـ شیعری دادەنا.

مامۆستا کاردۆخی کتێبخانەیەکی بایەخداری پێکهێنابوو کە بەداخەوە داگیرکەران لە هێرشیان بۆ سەر سلێمانی، ماڵ و کتێبخانەکەیان سووتاند و هەموو ئەو کتێبانە لە ناو چـوون؛ کتـێبی وەک: دیـوانی مـیرزا عەبدولقادری پاوەیی، دیوانی سەیدی هەورامی، چەند شانۆنامەی کوردی و …

بەشێک لە کارەکانی کاردۆخی:

١. وەرگێڕانی *دیوانی میرزادەی عیشقی*، بە کوردی
٢. وەرگێڕانی *حەدیقەی خوسرەوی*، لە فارسییەوە بە کوردی
٣. کۆکردنەوە، پێداچوونەوە و چاپی *دیوانی سەیدی هەورامی*
٤. چاپی *دیوانی شاهۆ*
٥. چاپی *دیوانی شایق*
٦. *فەرهەنگی هەورامی بە سۆرانی*

---

١. **کاردۆخ**: ناوی یەکەم هۆزێکە لە مێژووی کەوناراداا، کە لە کوردستان نیشتەجێ بوون.

مامۆستا کاردۆخی سەرەنجام ساڵی١٣٦١ ک. هـ. (١٩٨٢ ز.)، بەرامبەر بە ١٤٠٢ ک. م. پاش ماوەیەک نەخۆشی، ڕووی لە شاری خامۆشان نا و لە زیارەتانی «گردی سەیوان» نێژرا.

چەند شیعری کاردۆخی:

هەر تۆنی وەشیم، وەتەن! هەرووەش بی   جە دەرد و بەڵا و دیلی بێبەش بی
یاگێ و تەر دلگیر پێسە و تۆ نیا   بەهەشت وێنەی تۆ ئەر نەبۆ نیا
دل گەر سەعات بۆ بێڕیا و درۆ   پەی ئازادی تو دەنگێ بەرز چڕۆ
دەخیل هەی کوردا! گیانم فداتا   چەمێو گێلەندێ وەر وە دماتا
وەتەن! «کاردۆخی» فامش لاشییەن   پەی تۆ عاشقیش جەحەد بەرشییەن

* * *

بە ناو شێخم کەچی ڕقمە لە شێخی لاری کەچڕەفتار
بە خوێن کوردم کەچی دوژمن بە کوردی زاڵمی زۆردار
سەرم ڕووت کرد لە داخی مێزەر و چەتفەی مەلایانە
ئەوانەی ڕۆژ لە مزگەوتان، شەویش مەیخانە جێیانە
بە وردی کاتێ سەیری کردەوەی ئینسانی لارم کرد
بە دڵ پەست بووم و زوو هەستام، لە لایان کۆچ و بارم کرد
زبان و کردەوەی ئینسان ئەبێ دوور بێ هەتا مردن
لە ناپاکی و درۆ و دەعیەی ڕیایی و فتنەیی کردن

* * *

بۆ یادی خۆشی جەژنەکەی نەورۆز   بۆ یادی «کاوە»ی نەبەردی دڵسۆز
کۆ بینەوە با بە خۆشی و شادی   بۆ بیرەوەری ڕۆژی ئازادی

* * *

مەهێڵن دوژمن گڕەو باتەوە   شەیتان ئاگری شەڕ خۆش کاتەوە
ئاشتیپەروەر بن، نەک شەڕفرۆش بن   ئیش‌کەن بۆ گەل و دایم ڕووخۆش بن

دەنگی گیتی تازە، ژ٨، ل١٥٤. گۆڤاری *گەلاوێژ*.
یاداشتی کاک موحەممەدی سیراجەدینی.

مەلا بەهائەدینی شادمان

مەلا بەهای شادمان، کوڕی مەلا عەلی‌نەقی «سُلطان‌العُلما» و نەوەی مەلا موحەممەد مەهدی دووەمی

شێخولیسلامی سنەیە کە دەوری ساڵی ١٣٢٦ ک. م. لە سنە هاتۆتە دنیا.

بنەماڵەی مەلا بەها لە شاری سنە بەناوبانگ بووگن و زیاتر لە چەرخێک لەو شارەدا پلەی شێخولیسلامییان هەبووە و زۆر کەسانی هەڵکەوتووی ئایینی و کۆمەڵگاییان لێ هەڵکەوتووە و خزمەتی باشیان کردووە؛ کە پێشتر، ناوی هێندێکیانمان هێناوە.

مەلا بەها ـکە سەرەتا ناوی بنەماڵەیی «غەمی» بوو؛ دوایی کردیە «شادمان»ـ خوێندنی لە زێدی خۆی دەسپێکرد و پاشان چوو بۆ کوردستانی باشوور و لە چەند شاری ئەوێ، بۆ وێنە کەرکووک خوێندی و ساڵی ١٣٠٧ ک. هـ. (١٩٢٨ ز.) گەڕاوە سنە و لە مزگەوت و مەدرەسەی «عەبدوڵلابەگ»دا گەیشتە خزمەتی شێخ حەبیبوڵلای کاشتەری و سێ ساڵێک بەهرەی برد و ساڵی ١٣١٠ ئیجازەی لە دەستی ئەو مامۆستایە وەرگرت. بەشوێن ئەوەدا ژنی خواست و دوو ساڵ لە مزگەوتی «سارم نیزام» ـکە ئێستا شوێنیشی نەماوە ـ دەرسی‌گوتەوە. ساڵی ١٣١٦، دەستی لەو کارە بەردا و لە وەزارەتی پەروەردە، دامەزرا و پاش سەرەتێک، بوو بە مامۆستای عەرەبی و فیقهـ و وێژەی فارسی لە پۆلی دواناوەندیدا.

ڕەوانشاد شادمان پیاوێکی هێژا بوو. لەو سێ ساڵەی بۆ خوێندن ئەهاتە لای بابم، دەرسیشی بە من دەگوت و چەند کتێبم لە سەرف و نەحو و مەعانی و بەیاندا، لە خزمەتی خوێند. بەڕاستی مامۆستایەکی تەواو بوو. ئەمن ئەگەر شتێک فێر بووبێتم، لە سێبەری سەری ئەو زاتەیە. ڕەببی خوای لێ خۆش بێ.

بەداخەوە لە ژیانیدا چەوت و چەڵەمەی زۆری هاتە ڕێ؛ بەڵام ئیمانێکی بەقەوەتی هەبوو؛ بەو هەموو سەخڵەت و ناخۆشییەوە، هەر شوکرانەبژێر بوو. لە کۆڕ و دانیشتنە فەرمییەکاندا بەشداری نەدەکرد و بایەخێکی بە ناو ناوبانگ و پلە و پایە نەدەدا. ژیانی بە سەربەرزی بردەسەر و لەم دواییانەدا حەجیشی کرد و سەرەنجام لە ٢٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦١ ک. هـ. (١٩٨٢ ز.)، بەرامبەر بە ٢٥ی ڕەبیعولئاخری ساڵی ١٤٠٣ ک. م. گیانی پاکی بەرەو لای خودای تاک گەڕاوە.

یاداشتەکانی نووسەر.

عارفی یۆسفزەمانی

کوڕی میرزا عەلینەقی خەڕڕاز، ساڵی ١٢٩٩ ک. هـ. (١٩٢٠ ز.)، لە شاری سنە هاتە دنیا و هەر لەوێ خوێندنی تەواو کرد و پاشان دامەزرا.

یۆسفزەمانی مرۆیەکی خواناس، بەئیمان و خێرخواز بوو. کاتی بێکاری زۆرتر بە خوێندنەوە ڕایدەبوارد. جاروبارە شیعری دەگوت و نازناوی «عارف»ی بۆ خۆی دانابوو. لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ ک. هـ. (١٩٨٣ ز.)، بەرامبەر بە ١٤٠٤ ک. م. دەستی لە دنیا بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

شیعرێکی ئەو خوا لێ خۆشبووە:

به مادر گفتم آخر این خدا کیست؟ / که هم در خانه‌ی ما هست و هم نیست
تو گفتی مهربانتر از خدا نیست / دمی از بندگان خود جدا نیست
چرا هرگز نمی‌آید به خوابم؟ / چرا آخر نمی گوید جوابم؟
نماز صبحگاهت را شنیدم / تو را دیدم، خدایت را ندیدم
به من آهسته مادر گفت: فرزند! / خدا را در دل خود جوی یک‌چند
خدا در رنگ و بوی گل نهان است / بهار و باغ و راغ از وی نشان است
خدا در نیکی و پاکی است، فرزند / بود در روشناییها خداوند
خدا بنهفته اندر جسم و جان است / نه جسم است و نه جان، نور جهان
خدا در عالم امکان نگنجد / خدا در وهم ما انسان، نگنجد
خدا هرجا که می‌بینی در آنجاست / ولی هر جای دیگر نیز پیداست
به دریا و به کوه و دشت و هامون / به ناز لیلی و سودای مجنون
به سوز سینه‌ی خلوت‌گزینان / به حسن خط و خال نازنینان
به هر جا هست و فرمانش روان است / که او فرمانروای این جهان است
به هر کاری دل خود با خدا دار / دل کس را ز بی‌مهری میازار

یاداشته‌کانی نووسەر.

مەلا حەیدەری فەهیم

کوڕی مەلا نیزام، ساڵی ١٢٨٥ ک. هـ. (١٩٠٦ ز.) لە گوندی «ئەوێهەنگ»ی ناوچەی ژاوەرۆ هاتە دنیا و پاش ساڵانێکی زۆر خوێندن، ساڵی ١٣٥٢ ک. م. لە کۆڕی دەرسی شێخ حەبیبوڵڵای کاشتەری ئیجازەی وەرگرت و پاشان گەڕاوە زێدی خۆی و تا دوا کاتی ژین، خەریکی دەرس‌گوتنەوە و بەرنوێژی و خزمەت بە خەڵکەکە بوو.

ڕەوانشاد فەهیم مرۆیەکی هێژا، دیندار، پاک، بەشەرەف، سەر لە ناو کتێبان و خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی بوو. بە ڕەنجی شانی خۆی و لە ڕێی کشت‌وکاڵ و باخەوانییەوە دەژیا و چاوی لە دەستی کەس نەبوو. ئەم مامۆستایە لە نیوەکانی ساڵی ١٣٦٢ ک. م.دا، کەوتە بەر ڕق و قینی هێندێک شەڕاشۆی بێ‌ئاوەزەوە و شەهید کرا و لە سنە نێژرا.

یاداشته‌کانی نووسەر.

شامی

شامرادی موشتاق، نازناو و ناسراو بە «شامی»، دەوری ساڵی ١٣٠٠ ک. هـ. (١٩٢١ ز.)، لە شاری کرماشان

هاتۆتە دنیا. سێ ساڵان نەخۆشی ئاوڵەی گرتووە و هەردوو چاوی کوێر بووە. پاش ماوەیەکی کەم، دایکی سەری یەکجاری ناوەتەوە و سێزدەساڵان بابیشی بەجێیهێشتووە. بۆخۆی دەڵێ:

رووژی کە مـن بـیم وە مـادەر پەیـدا قەومان وەشادی وەخت بوو بین شەیدا

شـوکر خوداوەنـد وەجـا ئـاوردن جەشـنی وەشـادی مـن بـەرپا کـردن

شـەو یـازدەهوم سـاعەت کـردن خـوەش نـاو بەنـدە نـان «شـامی» سـتەمکەش

تـا مـن وارد بـیم وەی میهنـەتسـەرا وەی دونیـای پـوڕ جـەور پـوڕ وە ماجـەرا

هەنووز نەشناسووم چـەپ و ڕاس دەست دەسـت جەهانـدار جـەهانبینم بەسـت

سـێ سـاڵونیمـە تفـڵ خـاروزار مـادەرم وە دەرد سـەختی بی دوچـار

شـەش ماهـ تـەمام وەبـان جـا بی ئاقبـەت دەوای دەردش فـەنا بی

لـە بەعـدەز دەسـاڵ فـەوت مـادەرم خـاک یـەتیمیش ڕشـیادە سـەرم

مـن مـەنم ئـەڕای جـەفای زەمانـە پـەی تـیر تەعنـەی خـیش و بیگانـە

لەو کاتەدا مامۆژنی فریای دەکەوێ و دەیباتە ماڵی یەک لە پیاوچاکانی خێرومەندی شاری کرماشان، بە ناوی حاجی ئامانوڵاخانی موعتەزیدی و لەوە بەولاوە شامی، تازەلاوێکی کوێر و بێکەس، لە ژێر چاوەدێری ئەوپیاوەدا ژیا.

ماڵی ئامانوڵا خان گەورەماڵێک بووە و هەموو چینێک هاتوچۆی کردووە. خان حەزی لە شیعر و شاعیری بووە و لە حەوتوودا شەوێک لە دیوەخانیدا شاعیران کۆڕیان گرتووە و شیعری خۆیان و شاعیرانی گەورەیان خوێندۆتەوە. شامی لەو شەوانەدا لە سووچێک دانیشتووە و گوێی گرتووە و ئەوی پێ خۆش بووە، لەبەری کردووە. وردە ـ وردە هەستی شاعیرانەی ڕاهاتووە و وەک خۆی دەیگێڕاوە، وای لێ هاتووە زۆر جاران ئەگەر باڵی هەوەڵی شیعرێکی بیستووە، باڵەکەیتری پێ زانیوە. لە قۆناغێکی تردا دەبینێ بۆخۆی دەتوانێ شیعر دانێ و ئەوی هەستی پێ دەکا بە زبانی شیعر بیڕازێنێتەوە.

دوایی کە پێدەگا، لە ماڵی ڕەوانشاد موعتەزیدی دەڕوا و دەبێتە چەرچی و جاروبار چای و سابوون و وردەواڵەی تر لە قەسرەوە بە قاچاخ دەباتە کرماشان و دەیفرۆشێ.

شامی ساڵانێکی زۆر هەروا بە دەستەنگی و هەژاری دەژیا. لەم دواییانەدا ـ کە پیریش ببوو ـ لە گەڕەکی چەنانی، چاوە خانوویەکی سەندبوو، دوو ژووری بە کرێ دابوو؛ بەوە دەژیا.

خۆی دەیگوت: شیعری زۆرم گوتووە؛ بەڵام کەس نەبووە بۆمی بنووسێتەوە و لەبیرم چوونەتەوە. چەند جاریش کەسانێک ئەهاتن، شیعرمیان دەبرد گوایە چاپی بکەن؛ دەچوون و چیتر نەدەهاتنەوە!

پاییزی ساڵی ١٣٦٢ ک. هـ. (١٩٨٣ ز.)، دەفتەرێک لە شیعرەکانی بە ناوی «*چەپکەگوڵ*»، لە تاران چاپ کرا؛ بەڵام زۆر بەداخەوە، چەند ڕۆژ پێشتری بۆخۆی دنیای بەجێهێشت و ژیانی سەرانسەر مەینەتی، نەکرا بەو خۆشییە کۆتایی بێ!

شیعری شامی هەموو جوان و ڕەوان و دڵبزوێنن. ئەگەرچی کتێبێکی نەخوێندۆتەوە و بۆ شیعر گوتن، لای هێچ مامۆستایەک نەچووە، بەڵام لێهاتووییە سروشتییەکەی لە ڕادەیەکدایە کە لە شیعریدا هەموو جۆرە جوانکارییەکی توێکڵی و کاکڵی بەدی دەکرێ. بەتایبەت کاتێ بە تانەوە قسەی کردووە یان تیز و تەشەری گرتۆتە بارودۆخی نالەباری کۆمەڵگاکەی، شیعری تا ئەو ڕادە بەرز و ڕازاوە و سەرکەوتووە، کەسێک شامی نەناسێ، بڕوا ناکا ئەو شاکارە بێوێنە، کاری مرۆیەکی کوێری نەخوێندەوارە.

چەند شیعری ئەو بلیمەتە:

کرانشینی

(١)

کام دەرد عەلاجکەم؟ کام پارە پینە؟
سەنگ کام ستەم بدەم وەسینە؟
نیمی لە میللەت کرانشینە
بەس کە کرا داس بیچارە بینە
بەعزی دە پلاک کرایە سینی

چەبکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢)

بەندە یەینەفەر کرانشینم
چو عەزیز مردی دایم غەمینم
نە خارجمەزەب نە جوداس دینم
ئەر دوعات گیراس بکەر نفرینم
شایەد لەی دونیا دیتر نەمینم
ڕاحەت بووم لە دەس کرانشینی

چەبکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٣)

توای بزانی، سەگ وە حاڵم نەو

ئاسایش نـەیرم، نـە ڕۆژ و نـە شـەو
سوب تا ئیوارە هـام لـە تـەق و دەو
تا سەر مانگ بای دو تیکە ئەسـپەو
یـا بـەم فرۆشـم، یـا نەمـە گـرەو
ئوشـم کراکـەم بەڵـکە نـەمینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٤)

ژنەم جاڕووکەش خـوەم قـاپچی دەرم
وە فەسڵ زمسان وەفـر پاکەوکـەرم
لە عەیش و عـەزا چـو سـەمـاوەرم
خوەیان چو ئاغـا و بەنـدە نەوکـەرم
ئەر مەنیان نەکەی، دەنە ناو سـەرم
ئووشن: گووشت گەن ئەڕامان سـینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٥)

یەی هەفتە مینیت مانگ بچوودەسـەر
ژن ساحیوماڵ دەس نیەتە کەمـەر
وە ژست تـەمام تیـەتـە پـشت دەر
لە وەرپای هەڵسم چو ئاغا و نەوکەر
وە ژنەم ئووشـم دەمکـەر سـەماوەر
خوەم دەوم ئەڕای میوە و شـیرینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٦)

یەی کوڕی دیرن چو وەچکـەی شـەیتان
سوب لە خاو هەڵسی تیەتە ناو ئـەیوان
وە جیب پـڕ ڕیـخ دەس وە تیرکـەوان
خەیت ئەڕای قووری، خـەیت ئـەڕای ئیـسکان
ســـیوڵ جـــافر گریتـــە نیـــشان
کەس جورئەت نەیری سەدای بایدەبان
بووشی جوانەمەرگ سـەرم نەشـکینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٧)

داراییم بیەسە چوار دوێت و یەی کـوڕ
دو پەتوی نیمدار، یەی جوفت لافەشـڕ
یەی جوفت متەکای وەدەم قەیچی پڕ
سەر نیەیدە بـانی چـو پـارەئـاجور
سەری گەن کەفی تیەدە خوڕەخوڕ
چوارجام ڕووحی، یەیدانـە سـینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٨)

زانی چەننەفەر هایمـە یـەیحەسـار؟
من ئووشم پەنجا، تو بـووش: پـەنجاوچوار
دریـــژ و کووتـــا، کـــاردار و بی‌کـــار
سوب لە خەو هەڵسیت لە گووشەیحەسار
بیس‌نەفەر وساس، تەک‌داسە دیوار
بایەد پەی نەوبـەت بلیـت بـسینی

چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٩)

سەرشەو تا سوب هەر جیرەی دەر تیـەد
مەشەی غولام چوود، ئوسا سـەفەر تیـەد
کەلای فەرۆخخان لە دینەوەر تیەد
ئوسا ئەمیرخان گەرد چوارخـەر تیـەد
مەرافـــە دیـــرن، ئـــەردەر وازمـــینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٠)

بازووم وە غوسـە بیـەسـە بـاڵ سـەگ
ئیقباڵم پەستتر وە ئیقبـاڵ سـەگ
هاتم وەی دونیا من وە ساڵ سـەگ
هەر شەو نیەخەفم من وە قـاڵ سـەگ
نسم شەو ئووشم: خوەش وە حاڵ سـەگ
نە کرامالْ دەید، نـە پالـْتاو سـینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١١)

جەرگم سووراخە چـو لانـەی زەنبـوور
بەسکە شنەفتم قسەی جووراوجوور
ڕووحم دی خەستەس وە فەرمان زوور
وە کوڕەم ئووشم: خــەر بیشــعوور
سوب لە خەو هەڵسی، سـوورتت نەشـوور

لــەی ئــاو لوولــە فــرە ڕشــینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٢)

ئووشن هــەر ڕووژی دیـزە نیەیتـە دار
خوا ئەڕای شام بوو، خوا ئـەڕای نـەهار
خوا گووشت گاپیر، خوا شک پەروار
گووشت کوتانەکەی بوەیتە دەر حەسار
یــواش بکــوتی، نــەڕمنی دیــوار
لە ناو حەساریش ئـاجور نەشـکینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٣)

وە هــەوڵ گیــانم نەونــە دوشمـــنم
شایەد نەشیویت لانـە و مەسـکەنم
عەزیزم مردویت، وە دەمیان خـەنم
ئیمریکی ڕەقسم، ئینگلیـسی ژەنم
چو ئاغای ویگن، پەنجا جـوور خـوەنم
ئــەر بکــەن نفــرین ژن و فــەرزەنم
خوەمیش کومەک کەم ئوشم: ئامینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٤)

بەس کە کرادام لەی تەویلە چـو خـەر
عومر وە بەدبەختی هــاورم وە سـەر

بیمەسە موونس چەن گروو بەشــەر
لوڕ لە لوڕستان، کورد لــە دینــەوەر
جاف و هەورامی، لەک و کەمانگــەر
فــارس تــارانی، تــورک قــەزوینی
چەبکــــــەم وە دەس کرانــــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٥)

نە پەســت و ناکــەس، نــە نادەرویــشم
شەرمەندە لە ڕووی بیگانە و خیشم
نە کەس تێەنەلام، نە لای کەس نیشم
خوەیان هەر شەو چن، من کیشک کیشم
ئەر دیــر دەر واکــەم، نەمنــە ڕیــشم
منیش ڕەگ نەیرم چو سیفـزمینی
چەبکــــــەم وە دەس کرانــــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٦)

یــەی شــەو دو نەفــەر بینــە میمــانم
نیم‌ساعەت بیشتر لە بەرق ســوزانم
ســوب بینــە ئــاگر ڕشــیانە گیــانم
ئاغــای ســاحێومالْ وە گــەرد خــانم
ئــاو پاشــینە بــان تــەپڵ ئامــانم
هــەم لا فەشــڕە دریــا وەشــانم
وتــن: تــا غــروب لــەیردا نــەمینی
چەبکــــــەم وە دەس کرانــــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٧)

ئەڕای بەدبەختی و نیامـەی و نـەهات
یەی قەومی دیریم، هاتوو لە دهـات
گاهەس بناسـی کـەیخودا بەسـات
یەی کەڵەشیری هاوردووە سەوقات
شەفەق سـاحیوماڵ، هـەم دەنگـی دەرات
پووپەکـەو بگـری بەسـکە قـولینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٨)

دوێکە چیم بگرم، ئوتاقیـک لـە جـای
وتم بکیـــشم، بـــیلا دەنگـــم نـــای
کەم-کەم چیم لە دەرماڵ مەشـەیمـورای
یەی عفریتی دیم، وەڕیـوارت نـای
دەمامەی جادوو نیەڕەسید وە پـای
مـــەر فـــوولادزرە بووتـــە قـــەرینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(١٩)

چو کاوڕ وە گـورگ، لـەلی ڕەم کـردم
یەیی پا هاتە وەر، سێ پا دوور گردم
وە هـــەوڵ گیـــانم سـڵامی کـردم
وت: کاری داشتی؟ ناو ئوتاق بـردم
وت: تویسرکانیت؟ وتم: نە کـوردم
وت: کورد کووڕەیت؟ وتم: هەرسـینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟

داد وه هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٠)

وت: چەن نەفەرین؟ وتم: دە نەفەر
غەیر لە ڕوبابە و عەمە ماپەروەر
زوبەیدە و ملووک، نوسرەت و کیشوەر
نیمتاج و تاجی، عیشرت و خاوەر
کوڕە بیچکەلە و خوەمم و ژنی
چەبکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢١)

چو پشی لە شوون بووی پیازداخ
یەیهەفتە کردم ماڵ وە ماڵ سووراخ
لە «سەنگ مەعدەن»، تا «چوارڕای ئوجاخ»
«تیمچە» و «چەنانی»، تا «بەرزەدەماخ»
کەس وە پیم نەیات، یەی دانە ئوتاخ
وە دینت یەسە، ڕەسم هاودینی
چەبکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٢)

یەی فەرشی داشتم، مینستە جلشاڵ
باب پالان بی ئەڕای یابوو ئاڵ
چوار قیمەت خوەی هەرداومە حوماڵ
هەفتەی یەی کووچە، چوار ڕووژ وە یەیماڵ
شانزدە ماڵ گەردیم وە عەرز یەیساڵ
دویکە دامەشان عەلیئاغای دەلاڵ

وتم: بفـــرووش، نیـــەتوام بمـــینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٣)

سیٚمانگم پەس‌کەفت کرایـەی خـانی
یەسە مانگی‌تـر هـات نیـشتە بـانی
باوڕو پیم نیـەوت، خـودا خـوەی زانی
چشتی کە شک‌بەم مەجمـە و قـازانی
ئـــەوەیش دی نیـــەیلم ژنم بـــزانی
سوب هەڕاجی کەم نیەتوام بمـینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٤)

کـەس خــەوەر نییــە وە حــاڵ دەردم
گوش کەس نییـە وە ئـاه سـەردم
چل‌ساڵ وە ئـیران زنـدگی کـەردم
کرای زەمین دەم وە بـانی گـەردم
ڕۆزگـار موحتـاج کـرد وە نامــەردم
نە ڕومی ڕومیم، نــە چـینی چـینی
چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٥)

قەلبم چو کوورەی حەداد مەدەی جووش
لە دەس دونیا و خەڵک خاک‌فـرووش
دونیا زندانە پەی شەخس بـاهووش

ئایەم نەبایەد کەمتر بوود لە مــووش
ئەوەیش جیٚ‌دیری لە ناو پڕوپووش
موش نە کرا دەید، نــە کــرا ســینی
چەبکــــــەم وە دەس کرانــــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٦)

ئوتـــاقی گـــردم بیٚ‌بـــەرق و بیٚ‌ئـــەو
دەر و پەیکر خویرد، چواردیـوار خـرەو
داغــی پــیرم کــرد کردمــە قولــەو
ڕووژ نیمــەڕوو وەلــیم کــردە شــەو
دی چە توای وەلیم؟ ئاسمان کـەو!
حەق من تا حەشر لە لات بمـینی
چەبکــــــەم وە دەس کرانــــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٧)

لە ڕووژی ترسم ئەجەڵ بـدەی زەنـگ
عومرم تەواو بووت لە دونیای دوڕەنـگ
پنهان بووم لە ژیر خشت و خاک و سەنگ
ژن ســاحیوماڵ وە بــیڵ و قوڵــەنگ
قوڕەقوڕکونان، وە قسە و جەفـەنگ
بای کرایەی قەور لــە لــیم بـسینی
چەبکــــــەم وە دەس کرانــــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٨)

ســـەرمانگ وە مانــگ بایتــە دیــارم

وە بیڵ هەڵـکەنی سـەنگ مـەزارم
بکـەی شـکەنجە و زەجـر و ئـازارم
بووشی کرا دەیت یا پاسـبان بـارم؟
منـیش لـە ئەلحـەد سـەرم دەرارم
داد بکەم هاوار، کەفەن کی سینی؟

چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

(٢٩)

چو سەگ وڵگەرد، دەروەدەر وە خوەم
شەو تا سوب نەخـەف، ڕەنج بیـوەر وە خـوەم
دڵگیر وە دونیـای دوونپـەروەر وە خـوەم
لە دەس ساحیوماڵ خونجگەر وە خـوەم
لە زیندەی ئایەم بێخـەوەر وە خـوەم
نیەزانم «شامی» دی تاکەی مـینی؟

چەبکـــــەم وە دەس کرانـــــشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

* * *

پەریـــشانم، پەریـــشانم، وڵـــم کـــە!
دوچـــار دەرد پنـــهانم، وڵـــم کـــە!
وە دەردم ئاشـــنا کـــردی، نـــەکردی
ســتەمگەر فکـر دەرمـانم، وڵـم کـە!
وڵم کە تانەوەیت کەس پـەی وە دەردم
دوسـێ ڕۆژی کـە مهمـانم، وڵـم کـە!
نەکرد کەس دەعوەتم خوەم بیمە مهمان
وە کـار خـوەم پەشـیمانم، وڵـم کـە!
تـــەنم زانم نەســـیب مـــوور و مـــارە
نـە مـوورم، نـە سـولەیمانم وڵـم کـە!
وە کـام کـەس نیەگـەردد چـەخ تاسـەر
نـە دەرویـشم نـە سوڵـتانم، وڵـم کـە!
وە واوەیـلای دڵ هــەر شــەو ڕەوانــە
سرشـک غــەم وە دامـانم، وڵـم کـە!
خــەرابم کــرد خــەرابات خەیاڵــت
وە دەست چوود عەقڵ و ئیمانم، وڵمکە!
وە بــادەی تەڵــخ جــام زنــدەگانی
دەمی مەست و غەزەڵخـوانم، وڵـم کـە!
و سەحرای خەیاڵ چـون قـەیس سـانی
تـو کـردی ویـل و وەیـلانم، وڵـم کـە!

لەوە ترسم بکیشد کار وە هاوار نەکەی کەس گوش وە ئەفغانم، وڵم کە!
وڵم کەید یا نەکەید ڕەحمی وە حاڵم؟ تەنم کردی وە زندانم وڵم کە!
وە ئەرواح شەرەف سەوگەند کە دائم مەلوول مەرگ وجدانم، وڵم کە!
شەرەف کوشیاد و وجدان جوانەمەرگ بی وە بێ‌وجدانی حەیرانم، وڵم کە!
وە کام دوشمەن بوەم ئەی دوس! شکایەت؟ کە دوس بی قاتڵ گیانم، وڵم کە!
وڵم کە! وڵکەرت نیم سوب لە مەحشەر تو کردی خار دەورانم، وڵم کە!
تو کردی بی‌سەر و سامان «شامی» وە مەولا خوەم قەشەنگ زانم، وڵم کە!

* * *

دڵ وە زەنجیر فەراقت راهـ ئازادیش بەنە کار دڵ هەر دەم وە دووریت، داد و ئاهـ و شیوەنە
داد وە بەدعەهدی خووبان هەرکەسی دیرد وەلی گوش گەردوون ستەمگەر کەڕ وە فەریاد مەنە
دڵ وە فەریاد و فوغان کرد خیش و بیگانە مەلوول بی‌وەفا! ئایا دڵ تۆ سەنگ‌سەخت، یا ئاهەنە
سەنگ ئومید وساڵت شیشەیی سەبرم شکاند بەرق شەمشیر فەراقت قاتڵ گیان و تەنە
خوەم عەجەب دیرم وە تاڵەی شوم کەچبنیاد خوەم میهرەبانی گەرد هەرکەس کەم، وە گەردم دوشمەنە
بی‌سەبەب سەرگەشتە مەجنوون چی وە سەحرای جنوون مەر نەزانست ڕەسم خووبان بی‌وەفایی کەردنە؟
تا دەم مردن دەمادەم، دەم وە دیدار تۆ دەم تا بزانی دڵ ئەسیر چاهـ غەم، چون بیژەنە
گیان وە چەنگاڵ فەراقی دەر نیەکەی «شامی» نەکە! داد وە بەعەهدی خووبان، مایەیی خوون خوەردەنە

* * *

یەی شەو دڵگیر بیم لە دونیای دوڕەنگ وە گەرد تاڵەی ویم مەکەردم جەنگ
واتم: ئەی تاڵەی شووم کەچبونیاد! بەربادبای! عومرم تو دای وە بەرباد
نیەزام ئەی تاڵەی تیرەی واژگوون! تاکەی سەرگەشتەم کەید وە دونیای دوون!
تاکەی تەقالا تاکەی بەردەڵبەرد؟ تاکەی بکشیم وە دڵ ئاهـ سەرد؟
دڵ تاکەی بیزار لە زندەگی بوو؟ ڕووح تاکەی خەستەی دەوەندەگی بوو؟
تاکەی وە ئەفسووس بسام دەس‌وەدەس؟ تاکەی بشنەوم ناخاس وە ناکەس؟
بەدیم چەس گەردوون بەد کرد وەگەردم؟ تاکەی خوین دڵ مەدەی وە خوەردم؟
داد بکەم تا چەند، خوین بخوەم، تا کەی؟ تاکەی بکشیم ئاهـ پەی دەرپەی؟
تاکەی بار جەور مەنەی وەشانم؟ ئەیووب نیم وەی تەور کرد ئیمتحانم
ڕەنجم بی‌سەمەر، سەودام بی‌سوودە کەردەم نەکەردە و بوودم نابوودە
لەسەر دوراهەی زندەگی گیرم بەربادە و بی‌سوود نەقشە و تەدبیرم

نە مەرگم پەیداس، نە زندەگانی   بلاتەکلیفم لەی دونیای فانی
وە دەرد چەم خوەی؟ زندەگی وە زەجر   نە دین، نە دونیا، نە عوقبا، نە ئەجر
چە بووشم چە کرد گەردوون وە گەردم   یەی تەن موبتەلای هزاران دەردم
مەرمن وە جوملەی نەوع بەشەر نیم؟   یەی دەم بی‌غوسە و بی‌دەردسەر نیم
بیەیدە بان‌سەر وە هەر دوودەسی   داد بکەی وە دەس جەور بی‌کەسی
قەوم قبلەس، وەلی قبلەی من چەفتەن   هەرچی قەوم دیرم دوور وەلیم کەفتەن
قورئان لەعنەت‌کەی وە قەوم زاڵم   کەس وە دڵسۆزی نیەپرسی حاڵم
یارەب! وە حورمەت شاهەنشای شاهان   نگەداری کەر وە بی‌پەناهان
پەنام هەر خوەدی هەر وە خوەد قەسەم   وە زات بی‌عەیب موحەممەد قەسەم
وئال ئەبا و پەنج تەن قەسەم   وە دەر وە قەلعەی خەیبەرکەن قەسەم
وە شاە مەزڵووم، تشنەلەب قەسەم   و سەقای شوجای بائەدەب قەسەم
وە سووز سینە و ئاە سەرد قەسەم   وە شام تیرە و ڕەنج و دەرد قەسەم
وە دەرد پنهان دەردەدار قەسەم   وە شەرمەندەگی کوڵفەت‌بار قەسەم
وە قەلب شیرین دڵناشاد قەسەم   وە زوور فەرهاد ڕەنج‌وەباد قەسەم
وە ئەشک دیدەی نائومید قەسەم   وە ئاە پیران مووسفید قەسەم
وە نەسیم سوب پیش ئەز خوەر قەسەم   و سەوت قورئان ڕوحپەروەر قەسەم
وە چەندین هەزار پەیغەمبەر قەسەم   هەر خوەت داوەری وە داوەر قەسەم
وەر نە، کی دڵسۆز کی غەمخوارمەن؟   کی وە بیماری پەرەسدارمەن؟
مەریز بووم کام قەوم تیەدە دیارم؟   کام دڵ مەسووزد وە حاڵ زارم؟
دڵ وە زەمزەمەی زندگی سیرە   ئەجەڵ ئیمشەو باو، فەرداشەو دیرە
وای لە بەدبەختی داد وە ناکامی   دەرد دڵ فرەس، کووتاکە «شامی»!

* * *

خیش و بیگانە بزانن قاتڵ گیانم تونی   باعس ئاە و فغان شام هجرانم تونی
بی‌سەبەب باران دیدە دامەن کەس تەڕ نەکرد   مایەیی ئەشک عەیان و ئاە پنهانم تونی

* * *

من اگر اهل وفا یا بی‌وفا بودم، گذشت   مدتی مهمان این محنت‌سرا بودم، گذشت
زاغ بودم در چمن، یا بلبل افسردەحال   در گلستان جهان، گل یا گیا بودم، گذشت

* * *

گــر بــر ســر مــن ســنگ بکــوبی ای ســنگ! از طـــالع خویـــشتن نگـــردم دلتنـــگ
ســنگم، بــه ســرم ســنگ جفــا مــی کــوبی ای ســـنگدل ســـستوفـــای همـــهرنـــگ

لەم شیعرەدا، شامی پێڕای چوونە پێشوازی غەزەلێکی «سەعدی»، گلە و گازندەی لە بارودۆخی نالـەباری ئێران، لە سەردەمی پاش کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ک. هـ.) ١٩٥٣ ز.) کردووە:

جمعی از ملت مـا شیره کـش و اهـل حـشیش عـــدهای اهـــل قمارنـــد بـــه دور از تـــشویش
برخـی آسـوده از ایـن حادثـه، برخـی دلـریش خائنان گـرگ‌صفت، ملـت ایـران چـون مـیش

«هرکسی را هوسـی در سـر و کـاری در پـیش
مـــن بیچـــاره گرفتـــار هـــوای دل خـــویش»

گفــتم ای پیــر وطــن! حــامی مــیهن باشــی در شــب تــار چــو نــورافکن روشــن باشــی
مــا نگفتــیم کــه کــتبستەی دشــمن باشــی تـــو زر نـــاب چـــرا در دل آهـــن باشـــی!؟

»هرگـز اندیـشه نکـردم کـه تـو بـا مـن باشـی
چون به دست آمدی ای لقمەی از حوصله بـیش؟»

جایــت اول بــه دل ملــت و اکنــون محــبس جانـــشین تـــو و یـــاران تـــو جمعـــی نـــاکس
برخـی از دشـمن بیـرون شـده بـاز آمـده پـس ای همای شـرف آخـر ز چـه هـستی بـه قفس؟

«زخـم شمـشیر غمـت را نـنهم مـرهم کـس
تـشت زریـنم و پیونـد نگیـرم بـه سـریش»

تـو کـه هـمکیش مـن و هـموطـن از آن منی مایـــەی فخـــر مـــن و ملـــت ایـــران منـــی
صـد اسـف بـیخبـر از حـال پریـشان منـی بیـنم ار خـواب کـه در کلبـەی ویـران منـی

«بـاور از بخـت نـدارم کـه تـو مهمـان منـی
خیمـەی سـلطنت آنگـاه فـضای درویـش!»

تا که خون در رگ و پی دارم و در سینه نفس دم ز عـشق تـو زنـم، بـاک نـدارم از کـس
بـیهـوای تـو چـه سـان برکـشیم از نـای نفـس دل غـمدیـدەی مـن مهـر تـو را دارد و بـس

«ایـن تـویی بـا مـن و غوغـای رقیبـان از پـس؟
ویـن مـنم بـیتـو گرفتـه ره صـحرا در پـیش؟»

مهربـانی تـو از ایـن خلـق چـه دیـدی سـعدی؟ این همه رنـج و محـن از چـه کـشیدی سـعدی؟
چـون مـصدق تـو مگـر پـرده دریـدی سـعدی؟ یـا چـو «شـامی» سـخن زور شـنیدی سـعدی؟

«تـو بـه آرام دل خـویش رسـیدی «سـعدی»!
می خور و غم مخور از شنعت بیگانه و خویش»

چەپکەگوڵ (دەفتەرێک لە دیوانی شامی)، سروش، ١٣٦٢.

شێخ جەمیلی زیائەدینی

شێخ موحەممەد جەمیل، کوڕی شێخ موحەممەد شەریف، کوڕی شێخ موحەممەد سەلیم «سالم»، کوڕی شێخ ئەحمەدی مەردۆخی، ساڵی ١٣٠٤ ک. ھ. (١٩٢٥ ز.)، بەرامبەر بە ١٣٤٤ ک. م. لە سنە هاتە دنیا و دوو ساڵان بوو بابی ئەمری خوای بەجێ‌هێنا و جەمیل لە ژێر چاوەدێری مامی پایەبەرزی، شێخ ئەحمەدی زیائەدینیدا پێگەیشت و لە قوتابخانە ئایینییەکاندا، تا ڕادەیەک خوێندی و پاشان لە وەزارەتی پەروەردە دامەزرا و لەوپەڕی پاکی و ڕاستی و دروستیدا، تا ئەو ڕۆژە وەنیشتە بوو، کاری خۆی بە باشترین شێوە بەڕێوە برد.

شادڕەوان زیائەدینی، مرۆیەکی دیندار، ئاکاربەرز و دوور لە چەوتی و خراپی بوو. کەمتر قسەی دەکرد و زۆرتر گوێی دەگرت. یەکجار ئەدەبیاتی حەز لێ دەکرد و بۆخۆشی خاوەن زەوقی شیعر و نازناوی «جەمیل» بوو.

کۆچی دوایی ئەو خوا لێ خۆشبووە، ڕۆژی ١٣ ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٢ ک. ھ. (١٩٨٤ ز.)، بەرامبەر بە ١٤٠٤ ک. م. پاش سەرەتێک نەخۆشی، لە شاری سنەدا ڕووی دا.

چەن شیعری ئەو شاعیرە:

بۆ نیشتمان

وەتەن! قوربانی شیرین‌جیلوەکەی وەختی بەهارت بم
فدای ڕوخساری ئاڕایش‌کراوی خۆش‌نگارت بم

سەراسەر ڕەحمەت و لوتفی خودایە، خاکی زەڕخێزت
ئەڵێی موشکی تەتاری وا لە دەمدا بادی گوڵبێزت

مەسەڕڕەت‌بەخشی قەلبی خەستەیە سەیرانی کۆسارت
چ دڵگیر و قەشەنگە دەشت و کوێ و باغ و گوڵزارت

لە تەئسیری خەیانەت‌کردنی حوککامی ناپاکت
هەموو بێ‌دەس کراوە لاوەکانی چوست و چالاکت

وەتەن وا چاکە بۆ حیفزت لە دوشمن سینە ئەسپەر کەم
بە خوێنی دوشمنت پەنجەم وەکوو یاقووتی ئەحمەر کەم

ئیلاهی دایما ئاو و هەواکەت ڕۆح‌پەروەر بێ
چراغی ئیفتخار و شەوکەت و فەڕڕت مونەووەر بێ

وەتەن! حەیرانی سونعی دڵڕفێنی کردگارت بم
بەلاگەردانی مەرز و بوومەکەی پڕئیفتخارت بم

فەرەح‌ئەنگیزە هاوێن و بەهار و فەسڵی پاییزت
بە قوربانی نەسیمی سافی بێ‌گەرد و غوبارت بم

وەکوو تووبا و کەوسەر دڵبەرە ئەشجار و ئەنهارت
گرفتار و ئەسیری حوسنەکانی بێ‌شومارت بم

لە فیتنە و نابەکاری پڕ بووە خاکی فەرەحناکت
بلا با هەر خەریکی شیوەنی لەیل و نەهارت بم

بە جارێ خەوف و جوبن و ترس و نامەردی لە دڵ دەرکەم
ئیتر غەفڵەت بەسە، حەیفە هەتاکەی شەرمەسارت بم

دەم و لێوی «جەمیل»ت پڕ گوڵاو و شەهد و شەککەر بێ
ئەتۆ دایم گوڵاڵەی نەوبەهار و من عوزارت بم

قەسیدەیەکی فارسی بۆ شینی شێخ نیزامی غیاسی:

ز جـورت فغـان ای سـپهر سـتمگر
که با هـم بسوزانی از خشك و از تـر

گهی لاله رویانی از خون دلها
گهی کاسه‌پردازی از کاسه‌ی سر

کنی بوم را منبر از طاق کسری
دهی گرگ را جای در کاخ قیصر

نه از فضل پرسی نه از جاه و منصب
نه از روز ترسی نه از جیش و لشکر

تو آنی که رحمی نکردی به زهرا
تو آنی که شرمی نکردی ز حیدر

چه جای شکایت که از ما گرفتی
«نظام» سعید آن چراغ منوّر

عزیزی که می‌گشت در محضر او
مشام از شمیم حقیقت معطر

ز بس کرد آیات قرآن تلاوت
ز بس کرد اقوال پیغمبر از بر،

کلامش کلام خدا بود اغلب
حدیثش احادیث پیغمبر اکثر

از آن گل کنون گشته گلزار خالی
نمانده است در گلشن آن رونق و فر

دریغا که بگذشت ایام فرصت
دریغا که بستند آن حجره را در

دریغا که دیگر برای محبان
فیوض حضورش نگردد میسر

اَیا گشته در جنگ بر نفس غالب
ولی گشته تسلیم حکم مقدّر

تو را ارجعی گفت امروز باری
به خلوتگه قدس خوانده است داور

بزن بر بساط جهان پشت‌پا را
به سوی سماوات بگشای شهپر

در آن حجره‌ی تنگ تا کی ریاضت؟
تفرجگهت باغ فردوس بهتر

غذایی تو را باید از شاخ طوبا
شرابی تو را باید از حوض کوثر

تعجب مکن گر «جمیل» از فراقت
کند مویه بر خاك یا خاك بر سر

غەزەلێک:

به یك نگاه ربودی ز دل شکیب و قرارم
به جلوه‌ای بنمودی به چند درد دچارم

اگر به جانب گورم گذر کنی به وفایت
پس از وفات صد آه از شکاف سینه برارم

قسم به مصحف رویت، قسم به کعبه‌ی کویت
که روزهای جدایی ز عمر خود نشمارم

قسم به ماه جمالت، قسم به دانه‌ی خالت
که بیش از این ز فراق رُخت شکیب ندارم

در آرزوی وصال تو ای صفای دل من
چو سیل گشته روان اشك از دو دیده‌ی تارم

هر آن عذاب که خواهی بده ولی به وفایت
«جمیل»وار به دست جدائیت مسپارم

یاداشته‌کانی نووسەر.

یولماز گونەی

کوردێکی خەڵکی گوندی «یەنیجە»ی لای شاری «ئەدنە» لە باکووری کوردستانە کە ساڵی ١٩٣٧ ز. هاتە

دنیا. بابی لەبەر دەستەنگی، بە ماڵەوە لە دێ باری‌کرد و چووە ئەدنە و دووکانی پەمووفرۆشی دانا. یولماز تا ١٤ ساڵان ئەگەرچی پاکاری باوکی بوو؛ هەر بە فەرمانی ئەو، لەگەڵ کاردا، دەچووە قوتابخانە تا لە داهاتوودا بتوانێ حیسابی دووکان بگرێتە دەست. خوێندن لەگەڵ کار، بۆ یولماز زۆر دژوار بوو؛ ئەگەرچی بە هۆی زیرەکی و لێهاتووییەوە، تێیدا باش سەرکەوت و بۆی دەرکەوت زەوقی نووسینی هەیە و دەتوانێ داستان بنووسێ.

ساڵی ١٩٥٢ ز. یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری «*بیرگوین*»ی ترکیەدا چاپ بوو. ساڵی ١٩٥٥ داستانێکی نووسی کە تێدا ژنە وەرزێرێک بە ئاغای دەڵێ: «زۆرتان پێوە نەماوە و ئاخرتانە!». بە بڵاو بوونەوەی ئەم داستانە، دەنگی حوکمەت دەرهات؛ گرتیان و حەوت ساڵ و نیو زیندان و دوو ساڵ و نیو تاراندنیان بۆ بڕی؛ بەڵام پاش ساڵ و نیوێک زیندان و شەش مانگ تەرەبوون، بەریان‌دا.

ساڵی ١٩٥٨ ز. لە سەردەمێکدا کە لە زانستگای ئەستەمبووڵ، دەرسی ئابووری دەخوێند، شانۆنامەی فیلمی «ئالاگەیک»، واتا «ئاسک»ی نووسی و بۆخۆی نیارڤانی یەکەمی بوو. ئەمجارەش حوکمی زیندانیان بۆ دەرکرد؛ بەڵام پێش ئەوەی بیگرن، هەڵات و بە پەنامەکی دەژیا تا لە ساڵی ١٩٦١ ز. پولیس حەشارگەکەی دۆزییەوە و گرتیان و ئەم جارە ١٨ مانگ لە زیندان بوو. لەو ماوەدا، داستانی «هەژاران مردن»ی نووسی.

ساڵی ١٩٦٣ ز. لە شەریکەیەکی سینەماییدا دامەزرا، لەسەر ئەو بڕیارە کە بە وڵاتی تورکیادا بگەڕێ و ئەوی دەیبینێ، بیکاتە شانۆنامە. یولماز لە ماوەی پێنج ساڵدا، زیاتر لە شێست فیلمی بەرهەم هێنا کە لە هەموویدا نیارڤانی یەکەمی خۆی بوو. هێندێک لەو فیلمانە، وەک: «ئاکاد» و «بە ناوی قانوون»، بوو بە هۆی ناودەرکردنی و وای لێ هات خەڵک نازناوی «سوڵتانی چەوساوەی سینەما»یان پێ دا.

سەرەنجام خاوەنی ئەو شەریکە یولماز کاری بۆ دەکرد، لە ترسی خۆیدا، جواوی کرد و ئەمیش ناچار، بە خەرجی خۆی فیلمی «بووکی خان»ی دەرهێنا. ئەم فیلمە سەرانسەر باسی کوردستان دەکا و جل و بەرگ و داب و دەستووری کوردان نیشان دەدا.

ساڵی ١٩٧٢ ز. بەو تۆمەتەوە کە نەیارانی دەوڵەتی پەنا داوە، گرتیان و خستیانە زیندانی«سەلیمییە»، کە هی ئەرتەش بوو. لەوێ چەند چیرۆکی وەکوو: «سەلیمییە ئوچلە مەسی» و «سەلیمییە مەکتووبلاری» نووسی و ناردیە دەرەوە.

ساڵی ١٩٧٤، کە تازە بەردرابوو، تۆمەتی کوشتنی دادستانێکی تورکیان لێ دا و ١٨ ساڵ زیندانیان بۆ بڕی. لەو زیندانەش دیسان چەند فیلمنامەی نووسی، وەک: «یول» و «سورو». بە تاوانی نووسینی یەک لەوانە، ١٨ ساڵی تر زیندان و ٥ ساڵ تاراندنیان بۆ خستە سەر. لە زیندان نامەیەکی سەرکراوەی بۆ سینیۆر فرناندیز هریرا، سەرپەرشتی فستیواڵی سینەمایی «فالادید»، لە سپانیا نارد و ئابڕووی بە حوکمەتی تورکیاوە نەهێشت. بەم بۆنەشەوە، ٥ ساڵی تر چووە سەر حوکمەکەی. هێندێک لەودوا، دادگا حەوت تاوانی‌تری بۆ

دۆزییەوە و سەرجەمی ساڵەکانی زیندانی، دای لە ١٠٠ ساڵ! یولماز دیسانیش هەدای نەدا و لە زیندان، داستان و شانۆنامەی دەنووسی و بۆ دۆستانی لە دەرەوە دەنارد و دەبووە فیلم. یەک لەوانە، فیلمی «سورو (ڕان)»ە کە لە ئورووپا دەنگیداوە.

ساڵی ١٩٨٠ ـ پاش شەش ساڵان زیندانی لەسەریەک ـ داوای چەند ڕۆژ بەردایی کرد و چۆن بوو، پێیان دا. ئەویش ئەو هەلەی بە دەرفەت زانی؛ هەڵات و تا پاریس نەوەستا. دەوڵەتی ترک بە هەڵاتنی یولماز، شڵەژا و فیلم و داستان و تەنانەت ناویشیان قەدەغە کرد.

ساڵی ١٩٨٢ فیلمی «یول» لە فستیواڵی «کەن»دا، خەڵاتی یەکەمی بەرکەوت و بەم جۆرە، هەموو دنیا یولمازی ناسی و ڕێزی لێنا. ساڵی دواتر (١٩٨٣)، لە فەڕانسە فیلمی «دیوار»ی دروست کرد و ئەمیش دیسان دەنگیداوە.

لەو ماوەدا کە یولماز لە فەڕانسە بوو، «ئەنستیتۆی کورد لە پاریس»ی دانا و بۆ ئەوکارە، لە ناو و ناوبانگ و پارە و هەرچیک هەیبوو، بەهرەی گرت؛ بەو نیازە کە لە ناودڵی ئورووپادا شوێنێک هەبێ، هی کوردان و بۆ گەیاندنی هاواری ئەو گەلە بە گوێی جیهان.

یولماز لەگەڵ هونەرە بەرزەکەیدا، مرۆیەکی یەکجار بەشەرەف، نەترس، ڕاست و پاک و دڵسۆزی ڕاستەقینەی خەڵکی چەوساوە و هەژار بوو. جا کە دەیدیت گەلەکەی خۆی چۆن کەوتۆتە بەر لێشاوی ناحەقیکاری و مافی ئەو میللەتە تا چ ڕادەیەک پێشێل کراوە و کەس نییە هاوارێکیان بۆ بکا، تەواو پێوە سووتابوو. کە گەیشتە ئورووپا و دنیای سینەما ـ وەک شیاوە ـ ناسی و دەستەڵاتێکی یەکجار باشی هونەری و کۆمەڵایەتی دەسکەوت، زۆر خەیاڵی بۆ خزمەت بە کورد و کوردستان لە سەردا بوو؛ بەڵام داخ و مخابن، زیندان و ئازاری ترکان، جەستەی زۆر خەستە کردبوو. نەخۆشی مەودای نەدا و سەرەنجام لە ڕۆژی ٩ی سیپتامبری ساڵی ١٩٨٤ ز. (١٣ی زیحەجەی ١٤٠٤ ک. م.)، لە نەخۆشخانەیەکی شاری پاریسدا، گیانی پاکی، لەشی شکەستەی بەجێهێشت. لەسەر ڕاسپێری خۆی، تەرمەکەیان بردە ئەنستیتۆی کورد و تا ڕۆژی ١٤ی مانگ، لەوێ ڕایانگرت. لەو ڕۆژەدا هەزاران کەس لە کوردان و هونەرمەندان و هونەردۆستان، لەو شوێنەدا دوایین دیداریان لەگەڵ خۆی و سەرخۆشییان لە خاتوو فاتووشی هاوسەری و تاکە کچەکەی کرد.

فڕانسوا میتران، سەرۆک کۆماری ئەو سەردەمەی فەڕانسە ـ کە ئەو دەم لە پاریس نەبوو ـ بە مادام میتراندا، تاجەگوڵێکی ناردبوو. موسیو ژاک لانگ، وەزیری پەروەردەی فەڕانسە و هەروەها چەند کەسایەتی ڕامیاریتری ئەو وڵاتە، لە ڕیزی ئامادەبواندا بوون. سەرباڵوێزی یۆنان لە فەڕانسە، لە لایەن سەرۆککۆمارەوە هاتبوو. هەروەها زۆرێک لە ناودارانی سینەمای جەهان، وەک پاتریک ژاسپین، سەرۆکی حیزبی سوسیالیست و سەرۆکی یەکیەتی کرێکارانی حیزبی کومونیستی فەڕانسە، نوێنەری حیزبە کوردەکان لە ئورووپا و دەوری ٢٠ کەس لە نوێنەرانی ڕێخراوە تورکییەکان لە ئورووپا، لەو پرسەدا بەشدارییان کرد و بە

هەزاران، نامە و برووسکە گەیشتە دەفتەری ئەنستیتۆ.

تەرمی یولمازیان سەرەتا بردە مەیدانی «ڕیپۆبلیکۆ»، لەوێوە بەرەو قەورسانی «پییر لاشیز» ـ زیارەتانی ناودارانی پاریس ـ بەڕییان کرد و هەر لەوێ ناشتیان. لەو کاتەدا هەزاران کەس لە خەڵکی کورد و ترک، سروودی ماڵاواییان خوێند.

گۆڤاری *هیوا*، س ١٩٨٥، ژ ٣، پاریس، ل٧-١٣ و ١٩٨-٢٠١. گۆڤاری *پێشەنگ*، ژ١٥، دسامبری ١٩٨٣.

سدیق موفتیزادە

کوڕی عەللامە مەلا عەبدوڵڵای موفتی دشەیی، ساڵی ١٣٣٤ ک. م. لە گوندی «دشە»ی هەورامان هاتە دنیا. هەشتساڵی پڕنەکردبۆوە، بابی کۆچی یەکجاری کرد و لەو کاتەوە دایکی، کە ژنێکی پارسا و تێگەیشتوو بوو، سەرپەرشتی کرد و نەیهێشت ڕەنگی هەتیوی لێ بنیشێ؛ سەرەتا زمانی فارسی و سەرف و نەحوی پێ خوێند و پاش ماوەیەک بەو بۆنەوە کە کاکی (مەلا خالید) لە باشووری کوردستان بوو، ئەمیشی نارد بۆ لای و لەوێ خوێندی و لە زانستە ئایینییەکان و وێژەی عەرەبدا شارەزایی پەیدا کرد؛ ئەوجار چوو بۆ شاری سنە و ماوەیەکیش لە خزمەتی زانای پایەبەرز، مەلا مەحموودی موفتی (کاکی گەورەی) بەهرەی برد و ئیجازەی وەرگرت.

یەکەم جار چاوم پێ کەوت، کۆتایی ساڵی ١٣٢٢ ک. هـ. (١٩٤٣ ز.) بوو. هەر لەو کاتەوە، بە شێوەیەک یەکمان خۆشویست، تۆ دەڵێی زۆر ساڵە یەکتر دەناسین و پێکەوە دۆستین. ڕۆژ لە دووی ڕۆژ، ئامۆشۆ و پێکەوەبوونمان زۆرتر دەبۆوە و زیاتر دڵمان بە یەک دەکراوە. زۆر ڕۆژان تا درنگانی شەو، خەریکی قسە و باس و کتێب خوێندنەوە دەبووین.

سەرەتای زستانی ١٣٢٣ ک. هـ. لێبڕاین بچین چاوێکمان بە تاران بکەوێ و کارێک بدۆزینەوە. لەو سەفەرەدا برای پچووکتری (عەبدوڕڕەحمان)یشمان لەگەڵ بوو. سەفەرەکەمان دوو مانگێکی خایاند و لەو ماوەدا دۆستانێکی تازەمان پەیدا کرد و چەند کەسێک لە زانایان و مامۆستایانی بەناوبانگمان چاوپێکەوت. سەرەنجام هەرسێکمان لە وەزارەتی پەروەردە دامەزراین؛ من بوومە مامۆستای دواناوەندی لە شاری سنە، کاک ڕەحمان لە تاران مایەوە و کاک موحەممەد سدیقیشیان ناردە مەهاباد.

دواجار کاک سدیق بۆ دوو ـ سێ شوێنیتر ڕۆی و سەرەنجام ساڵی ١٣٣١ ک. هـ. گەڕاوە تاران و تا وەنیشتە بوو، لە قوتابخانە دواناوەندییەکانی ئەو شارەدا دەرسیگوتەوە و پیڕای ئەوەش لیسانس و دوکتوری دیننامی وەرگرت.

دوکتور موفتیزادە زۆر ساڵان بۆ بەشی کوردی ڕادیۆ تاران بەرنامەی دەنووسی و چەند ساڵێکیش لەم

دواییانەدا، لە زانستگای تاران، مامۆستای زمانی کوردی بوو.

کاک موحەممەد سدیق دوو زاراوەی سۆرانی و هەورامی باش دەزانی و بەتایبەت بەو بۆنەوە کە هەورامی زمانی دایکی بوو، لە وێژە و ڕێزمانیدا، هەڵکەوتە و بەڵکوو کەموێنە بوو. ماوەیەکیش شانی لە ئینگلیسی فێربوون شل کرد و تا ڕادەیەکی زۆر تێیدا سەرکەوت. پەخشانی فارسی باش دەنووسی؛ بە تایبەت کە عەرەبییەکی چاکی دەزانی، نووسراوەکانی شیوەیەکی تایبەتیان دەگرتە خۆ. وازێکی زۆری لە زبان و وێژەی کوردی بوو؛ لەم دواییانەدا، زیاتر هەر لەو بارەوە دەیخوێندەوە و دەینووسی. زەوقی شیعریشی هەبوو؛ ماوەیەک نازناوی «مەحزوونی» بۆ خۆی دەنووسی. بە هەورامی و سۆرانی شیعری دەگوت و کەمتر بە لای فارسیدا دەڕۆی.

لە کارە گرینگەکانی، ڕاستکردنەوە و شەرحی دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی، شاعیری ناوداری کوردە. بۆ ئەو کارە، بەڕاستی زۆری زەحمەت کێشا و کارێکی گەورەی کرد. بە داخەوە تا مابوو چاپ نەکرا و وەک دەڵێن، یەکێک لێی دزی و بە پرژ و بڵاوی و شێواوی، بە ناوی خۆیەوە لەچاپیدا!

کاری تری دوکتور سدیق، نووسینی ڕێزمانێکی کوردییە؛ کە ئەویش چاپ نەکراوە. بەڕاستی ئەو پیاوە لە وێژەوانە گەورەکانی کورد بوو کە بەداخەوە ئەجەلی ناوەخت نەیهێشت خزمەتە بایەخدارەکانی تەواو بکا و ڕۆژی سێشەمبە، ٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٣ ک. هـ.)١٩٨٤ ز.)، بەرامبەر بە ١٤٠٥ ک. م. پاش چەند مانگێک نەخۆشی، دەستی لە دنیا بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

چەند شیعری ئەو خوا لێ خوشبووە:

ژیان هاتنە پای کێوێکی سەختە — بڕینی ڕێگای پرپێچی بەختە
لە هەر پێچێکا چەن‌هەزار پلە — لە ڕێگاتدایە هەتا سەر ملە
کاتێ لە پلەی دوایی کەوتیە سەر — ئەبێ لە دەرگای ژیان بچیە دەر

یاد دۆس

کەفتە بیم نە گێج دەریای مەهجووری — مەناڵام جە دەرد وەیشوومەی دووری
دیم نامەی شیرین وەش مەزموونەکەت — یاوا پەی تەسکین دڵ پڕهوونەکەت
دل وە ڕووی زامان کۆنە و نۆش ساوا — ئەحیام کەردەوە، یانەت بۆ ئاوا
ئازیز! یاد تۆ چون ڕایحەی گوڵ — یا چون شۆر عیشق نە ئەعزای بولبوڵ
پەخشەن نە زەڕڕات گۆشت و پێشە و هوون — چوون مەبۆ ساتێ دڵ بێ‌یادت، چوون؟
هەرساتێ تاوام ژیو وە بێ ویم — ئانە، نەمەندەن یەقین یادت پێم

شەماڵ

شەماڵ شەوگەرد! سەردیار ماوا — دڵەی غەریبان وە شنۆت ئاوا
نە هەر سەربەرزێ سەرتەرزێ وەردە — ڕاز دەردەدار وە دڵدار بەردە

وە بۆی هەر گوڵێ دەماخ چاخ کەردە
وە شنۆی کاوان دڵ پەرداخ کەردە

سێراو جە سافی تافەی شەتاوان
سەرووەش جە نەشئەی شاخەی وەفراوان

نە تۆی چین زولف یاران ویەردە
پەردەی شەو نە ڕووی سەحەر لابەردە

ئاشنا وە سیر مابەین یاران
حەریف هامڕاز جەرگەی دڵداران

وە سەرگەردت بم های شەماڵ دەخیل!
چینە زیاتەر مازەم وە زەلیل

خەیلێوەن قیبلەم نەچەم پێوارەن
دڵ جە زیندەگی تەمام بێزارن

چۆن نەدیەنەش چەم باڵای نەمامش
نەشنەفتەنش گۆش شەکەرکەلامش

چەم ئارەزوومەند سورمەی پالاشەن
دڵم حەسرەتمەند خاڵ ئالاشەن

پەی ئەو ئەراگیل سەر دیارانم
پەی ئەو سەرگەردان شار تارانم

پەی ئەو خوەراکم زوخاو و دەردەن
پەی ئەو هەمڕازم هەناسەی سەردەن

فەڵەک وە بەختم مەگرەوۆ زارزار
مەڕێزنۆ ئەسرین چون هەور وەهار

فدات بام شەماڵ! فەریادڕەسیم کەر
ئی عەرزە هۆرگێر وە لای ئازیزبەر

واچە: ئەر سەد جار مەینەتش کێشان
خاترش وە نێش موژگانت ئێشان

هانە «تاران»دا وێڵ و سەرگەردان
مەحرووم جە مەجلس جەرگەی هامفەردان

ویردش هەر ئێدەن جە سوب تا ئێوار
ئەرێ هەی نازار مەحبووب دڵدار!

پەی چێش وە جارێ جە ویرم بەردی
وە تۆز پالات یادم ناوەردی

ئەر پەرساش ئازیز نازەنین دڵبەر
بەو گشت دەردەوە چێشم کەردەن سەر

واچە تا «مەحزوون» گیانیش باقییەن
خاکساری تۆ جە لاش تاقییەن

قیبلەم با وەس بۆ

زووخاو دەروون ئیمشەو جۆش وەردەن
بنچینەی شادیم جە بێخ هۆر کەندەن

تاقم جە یاران، جفتم چەنی دەرد
چون وەلگ نەمام ڕەنگم بیەن زەرد

ئومێد حەیات جە لام نەمەندەن
سەبر و قەرارم نە دڵ هۆر کەندەن

جە ئمێد وەسڵ یاران دڵسەردم
ها وەختەن شاد بۆ شەماڵ وە گەردم

خەیلێوەن پالات نە چەم پێوارەن
سۆمای بیناییم تاریک و تارەن

پەردەی دڵ وە خار دووریت بیەن ڕێش
مەیاونۆ وە گیان هەر ساتێ سەد ئێش

سەروەلگ نەمام حەیاتم زەردەن
چونکە زووخاوی دەردی تۆی وەردەن

یە چێش بی ئازیز بێوەفایی تۆ
تاکەی بێڕەحمی و بێپەروایی تۆ

نەکیانای پەرێم نامەی شیرینت
وە یاد ناوەردی تۆ دڵخەمینت

من بەی گشت مەینەت، بەی گشت دەردەوە
بـەی جـۆش دەروون، ئـاه سـەردەوە

تـۆ بـەو ئیـستیغنای ڕەویـەی مـەحبووبی
مـەن بـەی ئـیرادەت خوسـووس قـەلبی

ئـەر جـاریٚ چـون مـن وە یـاد بـاوەری
شـیوەی بزورگـی وێـت ئیزهـار کـەری،

پەیـرەوی عـادەت یارانـت کـەردەن
بەندەنـەوازیت وەجـا ئـاوەردەن

هەرچـەن ئیـستیغنا پـەی تـۆ عادەتـەن
ڕەویـەی چـون منـیچ هـەر ئیرادەتـەن

ئەگـەر تـەوازوع تـۆ ئیزهـار کـەری
شـێوەی گـەورەیی وێـت جـا بـاوەری

قیبلـەم! بـا وەس بـۆ بـیٚپـەروایی تـۆ
بـا وەس بنالـم پـەی جیـایی تـۆ

جـاریٚ ڕەحمـیٚ خـەیر وە دڵ بـاوەرە
پـەردەی بـیٚمـەیلی جـە بـەین لابـەرە

بنویـسە پـەرێم نامـەی شـیرین فـەرد
بەڵ «مەحزوون» ساتیٚ خەلاس بۆ جـە دەرد

لە کتێبی خاطرات و یادداشتهای من.

جگەرخوێن

شاعیری دڵسۆز و سووتاو «جگـەرخۆێن»، نـاوی شـێخ مووسـا، کـوڕی حەسـەن، لـە کـوردانی ناوچـەی «دکشووریان»ی باکووری کوردستانە کە ساڵی ١٩٠٣ ز. لە گوندی «هەسار» و لە بنەماڵـەیەکی هـەژار هاتـە دنیا. مووسا منداڵ بوو باوکی کۆچی یەکجاری کرد و خوشکی گەورەی (ئاسیە)، سەرپەرشتی گرتە ئەستۆ. کەچی ئەویش نەیدەتوانی بیباتە ڕێوە و بە شوانی و کرێکاری گەورە بوو؛ بەڵام دوایی خوێندنی دەسـپێکرد و چەند ساڵان لە مزگەوت و قوتابخانەکانی کوردستاندا فەقێتی کرد و سەرەنجام لای یـەکیٚ لـە مامۆسـتا ناودارەکانەوە، بە ناوی مەلا عوبەیدیللا، ئیجازەی وەرگرت.

مووسا لە سەردەمی خوێندندا، ماوەیەک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هێندێک لە باشوور بوو. بـەو بۆنـەوە بێجگە زاراوەی خۆی، تا ڕادەیەک سۆرانیشی دەزانی.

دوای شکانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران و دیتنی خەیانـەتی بـڕێک لـە کـوردان و هاوکارییـان لەگەڵ دەوڵەتی ترکان، بۆ هێور کردنەوەی هاوزمانانی خۆی و نیشاندانی زڵـم و زۆری کارگێـڕانی تـرک و پۆخڵی دام و دەزگای داوەری دەوڵەتی ترک، بە زمانی شیعر کەوتە ئاخافتن و هێرشی بردە سەر دژمنـانی گەلەکەی و نموونەی زۆری لەو بابەتانـە کـردە شـیعر و بـڵاوی کـردەوە. دیـارە بەرهـەمی شـیعری وا بـۆ شاعیرەکەی، دەبیٚ چ بیٚ! زینـدان و ئەشـکەنجە و مـاڵوێـرانی و دەربـەدەری؛ سـەردەمێک لـە دمـشق، سەرەتێک لە بەغدا و هەمیشە ڕووت و برسی.

جگەرخوێن ساڵی ١٩٧٨ ز. ڕووی لە ڕۆژاوا نا و گەیشتە وڵاتی سوێد. لەویٚ ڕێزێکی زۆریـان لـیٚ گـرت و هەموو جۆرە پێداویستییەکی ژیان و کاریان بۆ دابین کـرد؛ بـەڵام زۆری نەخایانـد و ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتـوبری

ساڵی ١٩٨٤ ز. بەرامبەر بە ١٤٠٥ ک. م. گیانی پاکی، لەشی ماندووی بەجێهێشت. دۆستان و یارانی، تەرمەکەیان بردەوە قامیشلی لە ڕۆژاوای کوردستان و لەگەڵ ڕێزێکی شیاودا ناشتیان.

شیعر و پەخشانی جگەرخوێن:

١. *پریسکی و پێتی*، دیوانی شیعر، دمشق، ١٩٤٥ ز.
٢. *جیم و گولپەری*، داستان (پەخشان)، دمشق، ١٩٤٨ ز.
٣. *سەورا ئازادی*، دیوانی شیعر، دمشق، ١٩٥٤ ز.
٤. *ڕشوێ داری*، داستان (پەخشان)، دمشق، ١٩٥٦ ز.
٥. *گوتنا پێشینیان*، قسەی نەستەقی کوردی، دمشق، ١٩٥٧ ز.
٦. *دەستوورا زمانی کوردی*، بەغدا، ١٩٦١ ز.
٧. *فەرهەنگی کوردی ـ کوردی*، ٢ بەرگ،بەغدا، ١٩٦٢ ز.
٨. *کیم ئەز؟* دیوانی شیعر، ١٩٧٣ ز.
٩. *میدیا و سالار*، داستان (پەخشان)، ١٩٦٣ ز.
١٠. *ڕووناک*، دیوانی شیعر، سوێد، ١٩٨٠.
١١. *زەند ئاوێستا*، دیوانی شیعر، سوێد ١٩٨١.
١٢ *شەفەق*، دیوانی شیعر، سوێد، ١٩٨٢.
١٣. *هێڤی*، دیوانی شیعر، سوێد، ١٩٨٣ ز.

وەرگیراو لە یاداشتی مامۆستا هەژار. گۆڤاری پێشەنگی *کوردی*، ژ ١١، سووریا. ڕۆژنامەی *گەل*، ژ ١٣، سووریا ١٩٨٥ ز.

عەلائەدین سەجادی

سەید عەلائەدین، کوڕی سەید نەجمەدین، لە سەیدەکانی کەلجی، سەر بە شاری سنەیە. ساڵی ١٣٢٥ ک. م. لە سنە هاتە دنیا و پاش خوێندنێکی سەرەتایی، ڕووی لە غوربەت نا و لە بەرگی فەقێتیدا، زۆرێک لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان گەڕا و سەرەنجام گەیشتە بەغدا و لەوێش خزمەتی تاقمێک لە مامۆستایان گەییشت.

مامۆستا عەلائەدین پاش تەواوکردنی دەرس و دەور، هەر لە بەغدا مایەوە و تا دواکاتی ژیانی (١٤٠٥ ک. م.)، بە تۆژینەوە و کۆکردنەوە و نووسینی کوردییەوە تەمەنی تێپەر کرد و چەند بەرهەمی بایەخداری بۆ کتێبخانەی کورد بەجێهێشت؛ هێندێک لەوانە بریتین لە:

١. *ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی*

٢. *ڕشتەی مرواری*، ٨ بەرگ

٣. *مێژووی ئەدەبی کوردی*

٤. *گەشتێک لە کوردستانا*

٥. *گۆڤاری گەلاوێژ*

٦. *گۆڤاری نزار*

٧. *دەقەکانی ئەدەبی کوردی*

خوا لێ خۆشبوو عەلائەدینی سەجادی لە مامۆستایانی وێژەی کورد و ئەندامی کارای «کۆڕی زانیاری کورد» لە بەغدا بوو.

یادی سەجادی، دلێر سەجادی، بەغدا، ١٩٨٧ ز. پێشەکی *شەرەفنامەی کوردی هەژار*، یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا عەبدوڵای مودەڕڕیس گورجی

کوڕی مەلا عەبدولکەریم، کوڕی مەلا عارف، کوڕی مەلا شەریف، لەدایکبووی ساڵی ١٣١٣ ک. م. زانایەکی هێژا و مامۆستایەکی پارسا بوو کە پاک هات و پاک ڕۆیشت و لە سەرەتای لاوی و سەردەمی هەرزەکارییەوە تا تەمەنی پیری و زورهانی، لەوپەڕی دوورەپەرێزی و نەوس‌کوژیدا ژیا و بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی شەرع، یەکجار پێداگر بوو. بە بێ چاوەڕوانی، ژیانی لە ڕێی ڕێنوێنی خەڵک و پەرەدان بە ئایین و بارهێنانی فەقێیان و نووسینی کتێباندا تێپەڕ کرد.

مامۆستا هەم دەرسی‌دەگوتەوە هەمیش ئیمام و بەرنوێژی مزگەوتی «مەلاوەیسی» شاری سنە بوو. تا ئاخریش ئەم دوو ئەرکەی بە باشترین شێوە بەڕێوە برد و سەرنجام لە ڕۆژی پێنجەمی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ ک. ه.)١٩٨٤ ز.)، بەرامبەر بە سێهەمی مانگی جیمادی‌ئەوەڵی ساڵی ١٤٠٥ ک. م. لە شاری سنە، گیانی پاکی بە خودای تاک ئەسپارد.

بەرهەمەکانی مامۆستا:

١. نامیلکەیەک لە مەنتیقدا، بە فارسی

٢. «پیام به برادران دینی»

٣. «کشف‌الغوایە»، بۆ لابردنی دوودڵی

٤. نامیلکەیەکی فارسی لە حیساب و جەبردا

٥. نامیلکەیەک بە فارسی لە بارەی حیجابەوە

٦. «مناسک حج»

٧. «*مەلوود نامە*» بە کوردی

٨. «تحقيق النُسخ»، ڕەد کردنەوەی خاچپەرستی و چەند کتێبی تر

یاداشتەکانی نووسەر.

مەلا فەیزوڵای مورادی

کوڕی ئەبوومحەممەد، ساڵی ١٢٩٠ ک. هـ. (١٩١١ ز.)، لە گوندی «بێساران»ی ناوچەی ژاوەرۆ هاتە دنیا و هەر لە تەمەنی تازەلاوییەوە، بە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا گەڕا و لە خزمەتی مامۆستایانی گەورەی ئەو سەردەمە بەهرەی برد. هێندێک لەو زانایانە بریتین لە: مەلا شەریفی بێسارانی، سەید عینایەتی هۆیەیی، مەلا موحەممەد سادقی ئیمامەت (ئەوێهەنگی)، مەلا موحەممەد باقری بالک، مەلا موحەممەد سەعیدی ڕەشەدێ، مەلا سلێمانی کانی میرانی، مەلا عارفی چنگینانی، مەلا عەبدوڵلای عەرەب (سووڕداش) و مەلا عەبدوڵلای مودەڕڕیسی سلێمانی.

مەلا فەیزوڵا ئەوجار گەڕاوە بۆ سنە و سەردەمێکیش لە مزگەوتی مەلا جەلال، لە خزمەتی مامۆستای پایەبەرز، مەولانا موحەممەدی مودەڕڕیس‌گورجیدا خوێندی و ئیجازەی وەرگرت. ئەوجار گەڕاوە زێدی خۆی و پاش ساڵێک دەرس‌گوتنەوە و بەرنوێژی، لەوێوە چووە ئاوایی «کێلانە»ی لای سنە و ٩ ساڵیش لەوێ خزمەتی کرد. بە شوێن ئەوەدا، چوو بۆ گوندی «سارەوقامیش» لە باکووری شاری سنە و ماوەی ٢٠ ساڵان لەو شوێنە، مامۆستا و ڕێنما و گەورەی خۆشەویستی خەڵکەکە بوو.

مامۆستا ١٤ ساڵی دوایی ژیانی گەڕاوە بۆ سنە و لە زانایان و ئیمامانی ناوداری شارەکە ئەهاتە ئەژمار و سەرەنجام شەوی هەینی ٢٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ ک. هـ. (١٩٨٥ ز.)، بەرامبەر بە دوا ڕۆژی شەوالی ١٤٠٥ ک. م. دەستی لە دنیا بەردا و ڕووی کردە بارەگای خودا. خەڵکێکی زۆر تەرمەکەیان تا سارەوقامیش بەڕێ کرد و لەوێ ناشتیان.

مەلا فەیزوڵای مورادی زانایەکی هێژا و مامۆستایەکی ئاکار بەرز بوو کە هەموو ژیانی بە خوێندن و فێر بوون و دەرس گوتنەوە و فێرکردن تێپەڕ کرد. ژیانێکی ئاسایی و بێ زەرق و بەرقی هەڵبژاردبوو. زیاتر لەگەڵ هەژاران و چینی ڕەنجبەردا دادەنیشت و بەوپەڕی خاکەساری و بێنیازییەوە دەجووڵایەوە و لە ناو ناوبانگ و پلە و پایەی دنیا بێزار بوو.

یاداشتەکانی نووسەر.

قەناتی کوردۆ

ساڵی ١٩٠٩ ز. لە گوندی «سوزرێ» ناوچەی «فارس»، لە باشووری کوردستان هاتە دنیا. هێشتا منداڵ بوو،

هەموو خەڵکی دێیەکە، لە ناعیلاجی و ترسی دەسدرێژی و زۆبێژی جەندرمەی ترک، نیشتمانیان بەجێهێشت و دوای چەندێک وەیلانی و سەرگەردانی، گەیشتنە ئەرمەنستان. بابی قەنات ماوەیەک لەودوا بەماڵەوە چووە گورجستان و لە شاری تفلیس دامەزرا و قەناتی لەوێ ناردە مەدرەسە.

ساڵی ١٩٢٨ ز. قەنات هاوڕێ لەگەڵ ٢٨ کوردی قوتابیتردا، بۆ خوێندنی باڵا گەیشتنە شاری لینینگراد (سەنپترزبورگ) و لە زانستگای ئەو شارەدا ناویان نووسی. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە بە هاوقۆڵی تاقمێک لە لاوانی کورد، گۆڤارێکی کوردی دەرهێنا.

قەنات پاش وەرگرتنی لیسانس، دوکتوری خوێند و ساڵی ١٩٤١ ز. بە باشترین دەرەجە، نامیلکەی دوکتوراکەی پێشکەش کرد.

پروفیسۆر قەنات کوردۆ (کوردیۆڤ) ساڵی ١٩٥٥ ز. لە زانکۆی زمانە ڕۆژاواییەکانی زانستگای لینینگرادا، وەکوو مامۆستا وەرگیرا و کرا بە سەرپەرشتی بەشی زمان و وێژەی کوردی و ماوەی ٣٠ ساڵ دەرفەتێکی باش بۆ ئەم مامۆستایە ڕەخسا کە بە لێکۆڵینەوە و نووسین و دەرس گوتنەوە، خزمەت بکا.

ئەو مامۆستایە سەرەنجام لە ١٨ی نوامبری ساڵی ١٩٨٥ ز. بەرامبەر بە ١٤٠٦ ک. م. سەری یەکجاری نایەوە و بە شێوەیەکی شایان، لە زیارەتانی شاری لینینگراد تەرمەکەیان ناشت.

کتێبەکانی:

١. «*ڕێزمانی کوردی*»، ئیروان، ١٩٥٦ ز.

٢. «فەرهەنگی زمانی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی سەرەتایی»، موسکۆ، ١٩٥٧.

٣. «*فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسی*»، موسکۆ، ١٩٧٨ ز.

٤. «*ڕێزمانی زاراوەی باشوور و باکوور*»، موسکۆ، ١٩٧٨.

٥. وەرگێڕانی داستانی «*سیقاحاجی*» بە ڕووسی، موسکۆ، ١٩٦٢ز.

٦. «*ڕۆسەمی زاڵ لە ناو کوردان*»، بە ڕووسی، موسکۆ، ١٩٧٨ ز.

٧. «*زمانی کوردی*»، فرانکفورت، ١٩٨١ ز.

٨. «*مێژووی وێژەی کورد*»، دوو بەرگ، ستوکهۆڵم، ١٩٨٣ ز.

٩. وەرگێڕانی داستانی «*دمدم قەڵا*» بە ڕووسی.

١٠. «*فەرهەنگی کوردی سۆرانی ـ ڕووسی*»، موسکۆ، ١٩٨٣.

١١. «*زنجیرە چیرۆکی فولکلۆری کوردی*»، بەغدا، ١٩٧٨ ز.

زیاد لەم کتێبانە، زۆرێک نامیلکە و وتوویژی لەمەڕ وێژە و مێژووی کوردەوە، لە هێندێک بلاڤۆکی ڕووس و باقی وڵاتە ئورووپییەکاندا، چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

گۆڤاری پێشەنگ، سوێد، س٤، ژ١١.

چێشتی مجێور، چ٢، ل ٢٨٢، ٤٨٨، ٤٩٠.

هێمن

شاعیری هەستناسک و زمانپاراوی کورد، سەید موحەممەد ئەمینی شێخولیسلامی، کوڕی سەید حەسەنی شێخولیسلامی موکری، نازناو «هێمن»، لە پشتی عارف و زانای بەناوبانگ، مەلا جامی چۆڕی و لە سەری دایکیشەوە، نەوەی شێخی بورهان، بەهاری ساڵی ١٣٠٠ک. هـ. (١٩٢١ ز.)، بەرامبەر بە ١٣٤٠ ک. م. لە گوندێکی لای مەهاباد بە ناوی «لاچین» هاتۆتە دنیا. هەر بە منداڵی خوێندنەوەی قورئان و وانە سەرەتاییەکانی فارسی و عەرەبی دەسپێکردووە و پاشان بۆ خانەقای شێخی بورهان چووە و ماوەی چوارساڵ لەوێ ڕابواردووە و هەر لەو سەردەمە، لەگەڵ هەژاردا یەکیان ناسیوە و بوونەتە دۆست. دوای ئەوە، بە فەرمانی بابی چووە بۆ گوندی «کولیجە» و چەند ساڵێک لە خزمەتی مەلا ئەحمەدی فەوزیدا خوێندوویە.

وەک خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ، ئەگەر شتێک فێر بووە و سەوادێکی دەسکەوتووە، لە خزمەتی مامۆستا فەوزیدا بووە و ئەگەر هەستی نەتەوایەتی ونیشتماندۆستی لە دڵ و مێشکیدا ڕیشەی داکوتاوە، ئەو تۆمەکەی داناوە و ئەگەر شیعری بەرزبۆتەوە و لە شاعیریدا سەرکەوتووە، لەو بوارەشدا، مامۆستا ڕایهێناوە.

ساڵی ١٣١٧ گەڕاوەتەوە ماڵی خۆیان، کە ئەودەم لە «شیلاناوێ» بووە. ڕۆژان سەرقاڵی کشتوکاڵ و شەوان تا دێرێک سەر لە ناوی کتێبە ئەدەبییەکان، لە کوردی و فارسی، خەریکی خوێندن بووە و ساڵێک چەند جار هاتوچۆی شاری مەهابادی کردووە و لە کۆڕە ئەدەبی و ئێوارەشیعرەکانی ئەو شارەدا بەشداری کردووە و شیعری خۆی خۆێندووتەوە و وردە ـوردە پیاوە ناسراوەکانی شار ناسیویانە و بەتایبەت پێشەوای شەهید، قازی موحەممەد لەو سەردەمە بۆتە ئاشنای.

هێمن لەم کاتەدا لاوێکی شیاوی پێگەیشتوو، ژێهاتی، خوێندەوار و ئاگا بووە کە شیعرەکانی لە لای خەڵک و نەخوازە لاوان دەستاودەستی کردووە. بابی ـکە بۆخۆشی لە شیعر و شاعیری سەریدەرچووە ــ نەیویستووە کوڕەکەی خەریکی شیعرهۆنینەوە و ژیان خەسار کردن بێ! بەڵام لێهاتوویی سرشتی و زەوقی خوداداددی هێمن و بارودۆخی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگا، ئەوی بە پێچەوانەی ویستی بابی، بەرەو سەرچاوکەی ڕوونی داهێنان لە هونەری شاعیریدا بردووە و زۆری پێ نەچووە کە پێشەوا، سەرناوی «شاعیری میللی» پێ بەخشیوە.

ساڵی ١٣٢١ (١٩٤٢)، بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژـک (ژیانەوەی کورد) و ئەو ئەندامەتییە، ئاڵوگۆڕێکی یەکجاری لە ژیان و بیر و بۆچوون و تەنانەت چارەنووسیدا بەدیهێناوە. ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤) وەک نووسەری گۆڤاری «*نیشتمان*» وەرگیراوە؛ کە ئەودەم بە شێوەی پەنامەکی، تاقمێک لە وێژەوانان و شاعیرانی

کورد، دژی ڕژیمی شا دەریان‌دەکرد.

ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٨)، چیدی لەبەر زەبر و زۆری دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران خۆی پێ نەگیراوە، داویەتە کەژ و بۆتە پێشمەرگە و دەوری دە ساڵان تفەنگ بە شان و قەڵەم لە دەست، بۆ ڕزگاری میللەتەکەی خەباتی کردووە.

هێمن پاش ڕاپەڕینی ١٣٥٧ (١٩٧٩)ی ئێران، گەڕاوە ڕۆژهەڵات و دەستی دایە خزمەتی فەرهەنگی و بۆ وێنە سەرپەرشتی گۆڤاری مانگانەی سروەی گرتە ئەستۆ؛ کە لە ورمێ دەردەچوو.

مامۆستا هێمن سەرەنجام شەوی هەینی ٢٩ی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٥ ک. هـ.)١٩٨٦ ز.)، بەرامبەر بە ١٤٠٦ ک. م. پاش ٦٥ ساڵ ژیانی پڕ ئاڵوگۆڕ، بە یەکجاری سەری نایەوە و لە مەینەتی دنیا حەسایەوە.

بەرهەمە چاپ کراوەکانی هێمن:

١. «*تاریک و ڕوون*»، دیوانی شیعر

٢. «*ناڵەی جودایی*»، شیعر

٣. «*پاشەرۆک*»، زنجیرەیەک لە وتار و شیعرەکانی

٤. پێداچوونەوە، نووسینەوە بە ڕێنووسی کوردی و دانانی پێشەکی بۆ کتێبی «*تحفەی مُظفریّە*»

٥.پێشەکی بۆ ڕۆمانی «*قەڵای دمدم*»، عەرەب شەمۆ

٦. «*شازادە و گەدا*»، وەرگێڕاوە

٧. «*هەواری خاڵی*»، دوو بەرگ

شینی هەژار بۆ هێمن

«خەبەری مەرگی مام هێمن، وەها گێژ و سڕی کردم؛ کە هۆش و بیری شێواندم؛ دەماری هەستی تەزاندم؛ جەرگ و هەناوی سووتاندم؛ گیانی سیسی هەڵکزاندم؛ ژانێکی ئەوەندە گران تزاوەتە ناخی گیانم، کە زمانم لە دەربڕینی گۆ ناکا و لەنگ و کۆڵە. هیچ وشەیەک و ڕستەیەک لەم مەیدانەدا شک نابەم کە ئەم هەستە دڵتەزێنە ئاشکرا کات.

هێمن بەر لەوە شاعیر بێ و ناوبانگ و ناوێک پەیدا کا، ئاواڵی گیانی ــ گیانیم بوو. لای مامۆستایەکمان دەخوێند؛ سوێندمان بە سەری یەکتر بوو؛ لە ناو حوجرەیەکدا دەژیاین. بە درێژی شەو هەتا خەو گێژ و کەلالەی دەکردین، ڕاز و نیازی ساویلکە و منداڵانەمان لە لای یەکتری دەدرکاند. لە درێژایی ڕۆژگاردا دەرس و دەور و گەمە و گاڵتەمان وێکڕا بوو. بە تیتوش لێک هەڵنەدەبڕاین. هەرچەند هێمن کچەزای شێخی بورهان و بابیشی شێخولیسلام و لە بنەماڵەی سەیدی چۆڕ و مەلا جامی و بە تایفە بەناوبانگ و جێ‌بەرز بوو، منیش کوڕی مەلایەکی خۆماڵی و حەسەنخاڵی بووم و لە بابەت ماڵ و حاڵەوەش چەندین پلە لەو کەمتر و نەوی‌تر بووم، بە داب و نەریتی ئەوسا، دەبوایە دەعیەی نەهێنی من بدوێنێ و هەر

هاودەمی نەجیم و نەجیمزادان بێ؛ بەڵام گڕی مەحەببەتی دوو تازە لاو بۆ یەکتری، هەموو لەمپەر و بەرگری پەڕاندبوو؛ سوتاندبوو.

هێمن منی لە گش ئامۆزا و خاڵۆزا و کەس‌وکاری خۆشتر دەویست؛ کە دیارە منی هەژاریش بە یاری ئەو خۆم بە بەختەوەر دەزانی و هەموو دڵخۆشیم هەر بەو بوو.

لەو دەمەش‌ڕا کە لە بستووی تازەلاوی بەو دیودا چوین، منداڵی نەما و گەورە بوین، بوینە هاوبیر لە بیری ئازادیخوازی و ڕێبازی بەربەرەکانێ داگیرکەرانی زاڵم و کورد چەوسێنەرمان دایە پێش؛ ئەو ناوی حەمەدەمینی کردە هێمن، منیش لە ئاوڕەحمانییەوە، ناوی هەژاریم لە خۆ نا، هەر شان‌بەشان و پێ‌بەپێ ڕێوە دەچوین؛ پێکەوە بوین. شەوگار لەبەر چرای نەوت، لە ژوورێکدا دەمان‌نویسی؛ کوردیمان دەکردە شیعر؛ شیعرمان بە کوردی دەگوت؛ هەر دووکمان بەرەو ڕووگەیەک نوێژمان دەکرد: بەرەو پەیکەری ئازادی گەلی دیل و چارەڕەشمان ـکە هەمیشە لە پێش چاوی خەیاڵمان بوو ـ بە جووتە کڕنوشمان دەبرد. شیعری خۆمان نیشانی یەکتری دەدا؛ بۆ یەکتریمان چاک دەکرد. شیعری من بوایە یان ئەو، دەبوو هەر دووک بە دڵ پەسەندی بکەین و ئەوسا ڕووناکی ببینێ و نیشانی هەواڵانی دەین. ئێرەیی کەونە شاعیران لێرەدا باوی نەمابوو؛ لای من و هێمن فەوتابوو. یەکدڵیمان، تێکەڵیمان گەیشتە پلە و پایەیەک، وەک دوو جمک خۆمان و ناوەکانیشمان لە زۆربەی خەڵگ دەگۆڕا. تووشی هەرکامێکمان دەبوون، بانگیان دەکرد:

هەژار هێمن! هێمن هەژار!

سەردەمایەک لە ڕۆژگاری ئازادیدا، مامۆستا حەسەن قزڵجی و هێمن و من، هاومەنزڵی سێ‌براله بوین، شەوێکیان قزڵجی گوتی: کوڕینە! ئێستا زەمانە لەم یەکتر گرتنەوەی ئێمە، کە هێندە بە یەکتر شادین، وا لە عەزرەتان شەق دەبا؛ زۆر دەترسم لێکمان بکا و ئاگامان لە یەکتر ببڕێ. بە ناشوکری خودا نەبێ، قسەی قزڵجی وەدیهات. دوو کەوتینە دەربەدەری و هێمن کەوتە کوێرەوەری. وەک تۆوی هەرزن بڵاو بوین. لە مەودای دەربەدەریمدا، تەنیا بە یادی مام هێمن فرمێسکم هەڵوەراندووە. بەڵێ خەمی کەس و کار و دۆست و یارانم زۆر بوە، بەڵام گریانم هەر تەنیا بۆ دووری هێمن هاتووە.

پاش چەند ساڵێک لە کوردستانی بەردەستی عەرەبیشدا گەینەوە یەک. برینی دەردی دووریمان سارێژ کرا و سەبووریمان بە دیتنی یەکدی دەهات.

لەم ماوەی گەڕانەوەشدا، مانی هێمن هێزی گیان و هەناوم بوو.

هێندێک پتر لە نیو قەڕن، بە ژینی هێمن دڵخوش بووم؛ دۆستایەتیمان قایم بوو. قەد جارێکی بە قەد مسقاڵە زەڕڕەیەک دڵمان لە یەکتر نەئێشا. لە زەمانی منداڵی و لاویدا چۆن بووین، بە سەری پیریش هەروا بووین. بەڵام ئێستا بۆ یەکەمجار، بەغیلی بە هێمن دەبەم: چۆن بەرلە من خۆی لە دەرد و داخ ڕزگار کرد و منی هەژاری بەجێ‌هێشت! داخی گەورە و گرانی من هەر ئەوەیە کە تازە هومێدم نەما لەسەر دنیا

بیبینمەوە. بە فەرمایشی مەولەوی: «دیدەنی دیدار کەفتە قیامەت».

لە خودا ئاوتەخوازم بە زوویێکی زوو ئەم دنیایە بێ هێمنە بەجێبێڵم. لەو دنیا ـ کە ڕۆح ئازادە ـ بە مام هێمن بگەمەوە و دوور لە چاوی چاونەزێر و ستەمکاران، گیانمان بە دیتنی یەکتر شاد و شوکر ببێتەوە. دنیا بۆ من لە پاش هێمن چڵەکایەکیش ناهێنێ.

کاک هێمن گیان! هێندە بزانە هەژار بێتۆ، باڵشکاوە؛ مایەی دڵخۆشی نەماوە. چاوەنۆڕ بە، بە هومێدم هەر بەو زوانە ژوانی پێکگەیشتنەوەمان لە بارەگای خوداوەندی دادگەر بێ».

کاک هێمن، برای شیرینم!   چاوان دەگێڕم، ناتبینم
زلکوێران دەڵێن مردووە   کۆچی یەکجاری کردووە
دڵەی پڕکوڵی هەژارم   گیانی بێئۆقرە و قەرارم
بە مەرگی تۆ باوەڕ ناکا   چۆن بێمنی لە تۆیی خاکا؟
تۆیەک هۆگری منداڵیم   هاوشلکی و هاو کرچوکاڵیم
هەمدەمی دەمانی لاویم   تەواوکاری ناتەواویم
هاوهەنگاو لە ڕێی خەباتا   هاوبەش لە هات و نەهاتا
هەواڵ دڵداری کوردستان   هاوپێشمەرگەی زێدپەرستان
هاو سروودخوێن بۆ ئازادی   بۆ ڕزگار بوون لە بێدادی
هاوسەنگەر دژی داگیرکەر   نامۆی خوێنمژی سەرەخەر
هاوقەتار لە دەربەدەری   بە هەژاری و خاکەسەری
هاوقەڵەم، هاوبیر و هاوهەست   هاوزمان، هاودڵ و هامدەست
هەر یەکێ بوو هەژار هێمن   منیش هەر تۆ بووم، تۆش هەر من
ڕۆحێک بووین دابەش لە دوو لەش   دوو لەشی ماندووی بەختڕەش
پەیمان بوو، بەجێم نەهێڵی   وێڵم نەکەی لە شوێن خێڵی
باری خەم وێکڕا هەڵبگرین   دواجاریش پێکەوە بمرین
تۆی کوردی وا خاوەنبەڵێن   چی تۆی کردە پەیمانشکێن؟
گەوی بەین و بە قات هەڵبوارد   خۆت بە ئاسوودەیی ئەسپارد
لاباری خەمخواریت لادا   ئەویشت بە مل مندا دا
جاڕز بووی لە دنیای بێفەڕ   دنیای پڕ لە دەزبڕی و گەڕ
دنیای وڕ و گێژ و کاسان   گەوهەر و ئەمەگنەناسان
دنیای بازاڕی نامەردان   دنیای خەم و کوڵ و دەردان

خەلەستی لە دەم هار و مار   تەکیەوە لەو ژینی گەمار
ژیانی پڕ ژانی بێدەرمان   گەییشتیە هەواری هەرمان
بۆ ئەو کۆچەی بێمن کردت   ئەو بەشە خۆشییەی تۆ بردت
زامی گیان و دڵ پڕسۆیە   شین بۆ خۆمە، نەک بۆ تۆیە
خۆزگە بەر لە تۆ دەمردم   تۆ شیوەنت بۆ دەکردم
دوور لە تۆ دڵ گۆمی خوێنم   بە گازندەوە دەتدوێنم
منیش وەک تۆ قەڵسم لە ژیان   «بۆچت جێهێشتم؟هێمن گیان!»[1]

چەند شیعری هێمن:

کوردم ئەمن

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن   قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم   ئاشقی کێو و تەلاّن و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لە برسان و لەبەر بێبەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم   نۆکەری بێگانە ناکەم، تا لەسەر هەردم ئەمن
من لە زەنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە   لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

فرمێسکی گەش

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم   مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و ماوەیێکیش دەس‌بەسەر   نەمدی ڕووی ئاسوودەیی، هەر تووشی گێرە و قەڕقەشم
دابی کوردی وایە کەس لاگیری لێقەوماو نییە   بۆچی سەرکۆنەی بکەم، لێم زیزە یاری مەهوەشم
تیغی بێمەیلی و جەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە   جەرگی لەتکردم بە جارێک ئەنجنیویە سینەشم
کوشتمی و شەش‌خانی ئومێدی لە من گرتن حەریف   مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە هیوای دووشەشم
نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا   گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بەسەردا دابەشم
خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە   بۆیە ڕۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم
نایەڵێ دوژمن بە ڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ   تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم
شاعیرێکی ڕاست و یەکڕووم و فیداکار و نەبەز   کوردە موحتاجی محەک نیم زێڕێ بێغەل و غەشم

ترۆپکی ڕزگاری

ڕێبوارێکم ئازا و بەزیبک و زاکوون   دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون

١. سەرجەمی پیتەکانی ئەم باڵە، بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ١٣٦٥، ساڵی کۆچی دوایی هێمن.

بەرهەڵستم دەکەم هەپروون بە هەپروون دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون
کەند و کۆسپ هەنگاوم پێ ناکا شل بێتە سەر ڕێم هەزاران گابەردی زل
بەهێزی شان و باهۆ پێ دەدەم تل دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون
پێم گرتووە دەرچووم لە دارەدارە ڕێم گرتووە، ڕێگای «قازی» و «ئاوارە»
نامترسێنێ گوللە، پەتک، سێدارە دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون
بەو خوێناوەی لەو ڕێبازە ڕژاوە گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد ڕواوە
منیش بە دڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون
نارەومەوە لە داوەڵ و تارمایی زۆرم دیوە بووڵێڵ و تاریکایی
دێنم بەو شەوگارە ڕەشە، دوایی دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون
من پەروەردەی بن‌سێبەری ئەشکەوتم گەلێک جاران لە چالاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

پەیامی ڕانەگەیێندراو

پەیامی من بە گوێی ئەم دڵبەرە نازدارە ڕاناگا نەسیم بێ‌سیم دەبینێ، شل‌دەبێ، بەم کارە ڕاناگا
گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە دیتنت ئەمما لە کورتیدا تەمەن، وا دیارە بەو دیدارە ڕاناگا
وەکوو پەروانە دەوری لێ دەدەن لاوانی خۆولاتی گوڵی ئێرە بە ژوانی بولبولی ئاوارە ڕاناگا
نەخۆش و دەردەدار و دڵبریندارم، پەرستارێک بە حاڵی ئەم دڵە پڕ ژان و پڕ ئازارە ڕاناگا
دەکەی ماچی دەم و لێوان ئەگەر هێز و گوڕێکت بێ دەنا جوانێک بە دەردی ئاشقی بێچارە ڕاناگا
هەتا کۆمتر دەبێ پشتم، پتر هەڵدەکشێ مینی‌ژۆپ ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا
دەبێ بولبول لە من فێر بێ غەزەڵخوێنی، بەلام چبکەم گرفتارم، چریکەم بەو گوڵ و گوڵزارە ڕاناگا

ئارەق و تین

پێش ئەوەی گزنگی هەتاو ترۆپکی چیا بنگێوێ
پێش ئەوەی شنەی بەیانی بسکی بەرەزا بزێوێ

پێش ئەوەی قاسپەی خاسەکەو
لە زەرد و مـا دەنـگ‌داتـەوە
پێش ئەوەی بلبـل بخوێنـێ
خونچـــە دەمـــی بکاتـــەوە

* *

پێش ئەوەی سیرەی هەڵـۆیان
پـــەردەی بێـــدەنگی دادڕێ
پــێش ئــەوەی چورەپۆپنــەکی
بـــەرەو ڕوونـــاکی هەڵـــفڕێ

* *

پێش ئەوەی شەمی ســەرچاکی
ئــاخر فرمێــسکی هەڵـــوەرێ
پــێش ئــەوەی گژەبــای تـــووڕە
ژیلــەمــۆی پەپوولــە بــەرێ

* *

پــێش ئــەوەی لاوی بەختــەوەر
دەم ڕاگوێزێ لەســەر خــاڵان
پێش ئەوەی شەوگەڕی دڵـتەڕ
وەڕەز بــێ لـــە ماڵـــەوماڵان

* *

پێش ئــەوەی بێـری شـڵـومـل
چاوی خەواڵـووی هەڵـبێنێ
پێش ئەوەی شوان مەڕی شـەوێن
وەگێڕێ، بــەردا، دەس بێنــێ

* *

پێش ئەوەی پۆلی نــەشمـیلان
شل‌ـشل داگەڕێن بـۆ کـانی
پێش ئەوەی سـەرکانی و دەراو
ژاوەی بێ لـە پـەری جـوانی

* *

پێش ئەوەی حاجی سەلەمخۆر
هەزارێک هەڵنێ بـە تـەماڵ
پێش ئــەوەی ڕێچکــە ببەستــن
بۆ مزگەوتێ شان بـە بـەرماڵ

* *

پێش ئەوەی دەروێشی چـڵکن
پەنجەی خەلیفەی کوشیبێ
پێش ئەوەی شـێخ وەک تارمـایی
بـــەرەو خانـــەقــا خوشـــیبێ

* *

پــێش ئــەوەی گزیــری بەدفــەڕ
لــە دیوەخـــان پـــاروو بـــادا
پێش ئــەوەی خاتوونێـک بــەناز
پــەردەی کۆشــکی ئاغا لادا

* *

من کـاری خـۆم لـە کـار دیوە
مــن جــەرگی زەویم دڕیــوە

من شیلەگەم هەڵبڕیوە   من یەکسەریم ئاخنیوە
من ڕێزەسواڵەم داناوە   شەغرەو و وێنجەم پێوەداوە
من گاگێرەم تێر کراوە   یا خۆیانم وەرگێڕاوە
هاوین و پاییز و بەهار   هەتاو لێی نەداوم بێکار

* *

من جووتیارم، من جووتیارم   من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بە تین   دامانڕشتووە بناخەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی   بژیو دەستێنین لە زەوی
گەر جوتیار ئارەق نەڕێژێ   گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەلا   دەخۆن نانی گەلاگەلا؟

* *

بەڵام حەیف ئێستاش لێرە   من برسیم و کەسێک تێرە
نە قەت ئارەقی ئەسڕیوە   نە قەت گەوزی هەڵبڕیوە
نە مەچەکی جەمام بووە   نە چۆڵەمەی لەجێ‌چووە
نە ئەنگوستی ڕاگیراوە   نە داسۆ لە چاوی داوە
نە دڵی پێی دڕدڕ بووە   نە بن‌هەنگڵی خڕ بووە
نە کەفی دەردا بەکڵۆ   نە پەنجەی دەری‌کرد دڵۆ
نە دەستی پاشبارەی ناسی   نە ساوێکی دا لە داسی
نە بە گەرما داهێزاوە   نە خەوی لە چاوی زاوە
نە بە سەرمایە تەزیوە   نە لە کای پاییز خزیوە
نە نووسەکەی پێوە نووسا   نە لەبەر بارانێ خووسا
نە زوقمی بەسەردا باری   نە لە قوڕدا کەوت باری
نە دی شەو و شەونخوونی   نە چێشتی دەردی نەبوونی

* *

تاکەی وابم؟ تاکەی وابم؟   دەس‌بەتاڵ و ڕەنجبەبا بم
تاکەی ڕەنجی شان و پیلم   بۆ دوژمن بێ، بۆ من دیلم؟
نا نا، تازە ڕاپەڕیوم   ناتوانن بدەن فریوم
ڕێبازی شۆڕش بەرنادەم   مەودا بە داگیرکەر نادەم

لـە شـان و بـاهۆی خـۆم ڕادی   هەڵـــگرم ئـــاڵای ئـــازادی

پێشەکی *تاریک و ڕوون*. دیوانەکانی هێمن. یاداشتی نووسەر.

حاجی مامۆستا

مامۆستای پارسا و مەلای خۆشەویست، حاجی مەلا ڕەحمانی تـاهیری، مەشـهوور بـە «حـاجی مامۆسـتا»، کوڕی مەلا غەفوور، ساڵی ١٣٠٤ ک. ھ.)١٩٢٥ ز.)، لە گوندی «باغڵووجە»ی سەر بە شاری سەقز هاتە دنیـا و لە ژێر چاوەدێری بابیدا ڕاهات و وانە سەرەتایەکانی سەرف و نەحوی خوێند. ئەوجار (ساڵی ١٣٢٠)، چووە دارولعیلمی «تورجان» و لە خزمەتی مەلا حەمیدی قودسیدا ماوەی سێ ساڵ و شتێک بەهرەی بـرد. دوای ئەوە (١٣٢٤)، ڕۆیشتە گوندی «گردیگلان» و لە کۆڕی دەرسی مەلا عەوڵای سوتوویيدا دانیشت.

لەوێ بوو کە مەلا کەریمی شاریکەندی چاوپێکەوت و بوونە ئاشنا و دۆسـتی یـەکتر و پێکـەوە خزمـەتی مامۆستایانی وەک: مەلا موحەممەد ئەمینی قاجری، لە «قاراوای خواروو» و حاجی مەلا عەلی ڕەببـانی، لـە «بوغدەکەندی» گەیشتن. پاش ئەوە فەقێ ڕەحمان، لای مەلا عەلی ولژی لە «حەمامیان» و مەلا حەسـەنی شێخی لە «شێخلەر»، تەفسیر و حەدیس و فیقهی خوێند و ئەوجار ـ وەک دابی فەقێیانی ئەو ناوچە بـوو ــ گەڕاوە تورجان و لەوێ ئیجازەی وەرگرت (١٣٢٨).

مەلا ڕەحمان سەرەتا چۆوە زێدی خۆی (باغلووجە) و چەند ساڵ لەوێ بەرنوێژی کرد و دەرسی گوتـەوە و دوایی ساڵی ١٣٢٣ کۆچی کردە شارەدێی «مەرخوز» و سـاڵانی سـاڵ لـەو شـوێنە، وەک سـەرچاوەیەکی خێروبێر بـۆ خەڵـکەکە، ڕێنـوێن و داوەری جـێ بـڕوای هـەموان بـوو. هـەروەها بـە دانـانی بەرنامەیـەکی ڕێکوپێک، کاری خوێندن و بەڕێوەچوونی فەقێیانی سامان پێدا.

حاجی مامۆستا تاهیری لەم دواییانەدا ـکە یەکجار جێ ڕێزی هەموو چینێکی خەڵک بـوو ــ بـە ماڵـەوە چووە شاری بۆکان و لەوێ و لە مەیدانێکی هەراوتردا خزمەتی دەسپێکرد.

هۆی جیاواز بوونی حاجی مامۆستا لە چاو زۆرێک لە هاوقەتارانی، زیاد لە باری زانستی، بواری کەسـایەتی و ئاکاری بەرزی ئەو بوو. قەت پێچەوانەی بڕوای خۆی نەدەجووڵاوە؛ ئەگەر ڕاستی و دروستی بابـەتێکی بـۆ دەرکەوتایە، بۆ سەلماندنی، مانای مەترسی و مەرایی نەدەزانی. لـە دۆسـتیدا بەئەمـەگ بـوو. بـۆ دۆسـتی ڕاسـتی، گیانیـشی دادەنـا. سەروسـیمایەکی یـەکجار گـەش و نـوورانی هـەبوو؛ تـژی لـە میهرەبـانی و خۆشەویستی. زۆر قسەی نەدەکرد و لە کاتی ئاخافتندا، دەنگی نەرم و دڵبزوێن و زۆر لەسـەرخۆ بـوو. ئـەو هەمووە ڕێزیان دەگرت، لووتبەرزی و فەخرفرۆشتنی بەلایدا نەچووبوو. لەگەڵ گەورەو پچووک و تەنانـەت منداڵیشدا، وەکوو ڕەفیقێک وابوو.

حاجی مامۆستا سەرەنجام لە دواڕۆژی مانگی نـەورۆزی سالـی ١٣٦٦ ک. ھ.)١٩٨٧ ز.)، لـە کارەسـاتی

پێکدادانی ماشێندا، گیانی پاکی، لەشی ئازراوی بەجێ‌هێشت. تەرمەکەیان خەڵکێکی زۆر ــکە لە شار و لادێیەکانی کوردستانەوە هاتبوون ـ پێڕای خەم و کەسەر و داخ و مخابن، بەڕێ کرد و لە زیارەتانی بۆکانیان ناشت.

یاداشتەکانی نووسەر.

حەمدی

عارفی ئاشنا و زانای پارسا، ئوستاد بورهانەدینی حەمدی، کوڕی ناوازەی عەللامە عەبدولحەمیدی عیرفانی سنەیی[١]، ساڵی ١٢٨٢ ک. هـ. (١٩٠٣ ز.)، بەرامبەر بە ١٣٢٢ ک. م. لە شاری سنە هاتە دنیا و تازەلاوێکی ١٢ ساڵان بوو، بابی کۆچی دوایی کرد و لە ڕۆژگارێکی نالەباردا، بەجێی‌هێشت. بەڵام بورهان کە لە خزمەتیدا وانە سەرەتایەکانی خوێندبوو، تازە چێژی زانینی چێشتبوو؛ لێبڕا ئەو ڕێگایە پێی لێی ناوە، تا ئاخری بڕوا. بەم جۆرە و بە هۆی بیری یەکجار تیژ و زیرەکی لە ڕادەبەدەر و پێداگری خۆی و هەبوونی مامۆستایانی هەڵکەوتوو لەو سەردەمە، کەسانی وەک: مەلا موحەممەد سادقی نیەری، شێخ حەبیبولای کاشتەری و مەلا عەبدولعەزیمی موجتەهید، توانی لە ماوەیەکی کەمدا، زۆر کتێبان بخوێنێ و لەبەریان بکا. بە شێوەیەک کە کاتێ تەمەنی گەیشتە سی ساڵ، لە زۆربەی زانستەکاندا شارەزاییەکی تەواوی دەسکەوێ.

مامۆستا حەمدی ساڵی ١٣١٢ ک. هـ. (١٩٣٣ ز.)، لای ڕەوانشاد، مەلا سادقی نیەرییەوە ئیجازەی وەرگرت و مامۆستاکانی تر، ئیجازەنامەکەیان مۆر کرد. ئەم چەند بەیتە، شادڕەوان شێخ حەبیبولای کاشتەری، لەسەر بڕوانامەکەی نووسیویە و دەردەخا تا چ ڕادەیەک بڕوای پێ بووە و لە ڕاستیدا مامۆستاکانی وەک ئوستادێکی پایەبەرز ناویان لێ بدووە و چاویان لێ کردووە:

إجازةٌ لا بباطل   بورِكَ فيها لقابل
كَحَبَّة في قرار   أصابَها صوبُ وابل
فَأصْبَحَتْ ذاتَ شطإ   تُنْبتُ سَبْعَ سَنابل
لبارع في المعاني   و جامع للفضائل
فتىً، أديب اريب   أزْكى سليل الأفاضل
شارح كُنه الخَفايا   بُرهان دَعوى الفواضل
وَنحنُ أيضاً أجَزنا   لهُ بما هو آهل
من نشر طيب العلوم   مقاصد أو وسائل

---

١. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٥٨٥.

يجـــری لـــسانُ الحبيـــب	و هـــو مـــن الله ســـائل
بـــأن يُفـــيضَ عليـــه	مـن سُحب جـود هواطـل
مَناهـــل البركـــات	و الفـضل أو فـی مناهـل
وَ أنْ يَمُـــنَّ عليـــه	بحفظـــه مـــنْ غَوائـــل
يـــاربِّ فـــاغفرْ ذنوبـــاً	أتيـــتُهنَّ ثَواقـــل

مامۆستا بورهانی حەمدی پاش وەرگرتنی ئیجازە، ماوەیەک لە مزگەوتێکی سنەدا بەرنوێژی دەکرد، تا ساڵی ١٣١٥ لە وەزارەتی پەروەردە دامەزرا و ماوەی سی و چەند ساڵ لە دەبیرستانەکانی سنەدا دەرسی‌گوتەوە. چەند ساڵێکیش سەپەرشتی ئەوقافی گرتە ئەستۆی خۆی و لە ماوەدا زۆر خزمەتی کرد و بۆ نویێ کردنەوەی مزگەوتان و دانانی مەدرەسەی تازە، حەولێکی زۆری دا. هەروەها لەسەر داخوازی بەرپرسانی زانستگای ڕازی، سەرەتێک لە زانکۆی سنەدا، مامۆستای زمان و ویژەی فارسی بوو.

باس لە پلە و پایەی زانستی مامۆستا حەمدی، باسێکی دوور و درێژە و وەک ئاماژەی پێ کرا، زانای وا شارەزا لە هەموو زانستە ئایینییەکان و مەلەوانی دەریای بێ بنی زمان و ویژەی عەرەب و فارس، کەم هەڵکەوتووە. بەڵام کە دێینە سەر باسی کەسایەتی ئەو بلیمەتە، زۆرتر قسەمان لەمەڕ ئەم دە ـ دوازدە ساڵەی کۆتایی ژیانی مامۆستاوە خۆش دەبێ. وردە ـ وردە دەستی لە هەرچی بۆنی دنیا و ناو و ناوبانگ و دەسەڵاتی دەدا، بەردا و چاوی هیوای بڕییە خودای بێ هاوتا. جا کە وای کرد، وەک چۆن ئاوێکی زەڵاڵ مەزرایەکی تینوو دەگەشێنێتەوە ، مامۆستا بە یەکجاری بوو بە کۆگای میهرەبانی و خاکەساری و بوێری.

کۆڕی دەرس و کەلاسی مامۆستا لەم ئاخرەوەوە، هەمووی خۆشەویستی و ئیمان و یەکڕەنگی بوو. ئەگەرچی منداڵێکی نەبوو، بەڵام هەموو شاگردەکانی وەکوو منداڵی خۆی خۆش‌دەویست. بە نەخۆشی و لاقێشەوە، هەستان لەبەر پای میوانی قەت نەفەوتاند. لە حەوتوودا جارێک مەسنەوی مەولانای ڕۆمی دەرس دەگوتەوە و وەک مامۆستایانی مەولەوی ناس کە لەو کەلاسەدا دادەنیشتن، دەڵێن، مامۆستا حەمدی یەکێ لە گەورەترین مەولەوی‌ناسان و مەسنەوی‌زانان بوو. زۆربەی بەیتەکانی لەبەر دەخوێندەوە و زۆرێک لە گرێ‌کوێرەکانی ـکە باقی کەمتر خۆیان لێ داوە ـ بەوردی شی دەکردەوە. ئیمامی غەززالی زۆر خۆش دەویست و کتێبەکانی هەمیشە لە ژوور سەری بوون و قسەی خۆی بە وتە بەنرخەکانی دەڕازاندەوە. زۆرتر چاوی لە ئیمامی شافیعی دەبڕی؛ بەڵام تۆژینەوە لە ڕێبازەکانی تریشی لا پەسند بوو. بۆخۆی لە باسی زەکاتدا، بەرامبەر بە مەزهەبی شافیعی فتوای نەدەدا. هەروەها لەمەڕ بابەتی پەیوەندیدار بە دنیای ئەوڕۆکەوە، تێبینی تایبەت و شایانی ئەم ڕۆژگارەی هەبوو.

ئەم زاتە پیرۆزە سەرەنجام ڕۆژی دووشەمبە ٩ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٦ ک. ه. (١٩٨٧ ز.)، گیانی پاکی بە خودای تاک ئەسپارد.

بەرهەمەکانی مامۆستا حەمدی:

١. وەرگێڕانی «*مشکوة الانوار*»ی ئیمام غەززالی

٢. وەرگێڕانی «*الاربعین فی اصول الدّین*»ی ئیمام موحەممەدی غەزالی

٣. وەرگێڕانی نامیلکەکانی «*حیّ بن یقطان*»ی ئیبنوسینا و شێخ شەهابی سوورەبەردی و ئیبنوتوفەیل لە یەک بەرگدا

٤. «*فلاسفه و خداشناسی*»، بریتی لە وەرگێڕاوەی «*رسالةُ الطّیر*» و «*رسالەی فلسفەی نماز*»ی ئیبنوسینا و کتێبی «*مراةُ الفلسفه*»ی تەنتاوی، لە بەرگێکدا

٥. وەرگێڕانی «*عقاید نسفی*»، سەعدی تەفتازانی

٦. وەرگێڕانی سێ قەسیدەی «*لامیةُ العرب*»ی شەنفەرا و «*لامیةُ العجم*»ی توغرایی و «*لامیةُ الکُرد*»ی عیرفانی سنەیی

٧. وەرگێڕانی قەسیدەی «*بانت سُعاد*»ی کەعب بنی زوهەیر

مامۆستا زەوقی شیعریشی هەبوو. نازناوی «حەمدی» دەنووسی. ئەم دوو غەزەلەی لە سەردەمی لاویدا گوتووە:

بُتا خون شد دلم در آرزوی دیدن رویت ‌ ‌ ‌ بەسر شد عُمر من یکباره در سودای گیسویت
گدای درگه تو گشته‌ام ای خسرو خوبان ‌ ‌ ‌ بە لطف خویش بنواز و مرانم از سر کویت
اگرچه در مصاف شیر مردان شیردل باشم ‌ ‌ ‌ ولی گشتم بە یک لحظە شکار چشم آهویت
سرآمد عُمر من در کسب دین و دانش و فرهنگ ‌ ‌ ‌ ولیکن جملە را تاراج بُرده چشم جادویت
سنندج بی‌نصیب از برق اگر باشد غمی نبود ‌ ‌ ‌ چو تابد در خیابانها فروغ روی نیکویت
بدینسان گر سوی بُستان خرامان بگذری یک‌دم ‌ ‌ ‌ سهی سرو چمن گردد غلام قد دلجویت
از آن روزی که «حمدی» شد گرفتار غم عشقت ‌ ‌ ‌ سیە شد روزگارش همچوزلف غالیە بویت

* * *

ندارد کس چنین یار جفاکاری که من دارم ‌ ‌ ‌ زند هر لحظه تیری بر دل غمدیدەی زارم
نخوانده در دبیرستان بجز درس ستمکاری ‌ ‌ ‌ نیاموزد دبیرش غیر کسر قلب افگارم
نباشد در فلک ماهی بدین خوبی و زیبایی ‌ ‌ ‌ نروید در چمن سروی چو رعنا قامت یارم
نگاه چشم مستش آفت جان و دل و دین است ‌ ‌ ‌ به دام چین زلفش دل پریشان و گرفتارم
بهای بوسەای از آن لب لعل شکرریزش ‌ ‌ ‌ اگر جانی ستاند، من بە صد جانش خریدارم
نماند در دل شیدایم آثار پریشانی ‌ ‌ ‌ شبی گر با سر زلفش بە دمسازی بە روز آرم
فقیه شهر نبود از اصول عاشقی آگاه ‌ ‌ ‌ ملامتها اگر گوید، ورا معذور می‌دارم

چو بینم روی آن مه، فارغ از خورشید گـردونم وَ گـر زلفـش ببـویم، بی‌نیـاز از مُـشک تاتـارم
غزلخوانی کنم «حمدی» چو بلبل بـر گـل رویـش ولی از گلشن حسنش نصیبی نیست جُز خـارم

لە شینی ئەوماموستایەدا ـ کە دۆست و هاوکاری لەمێژینم بوو ـ قەسیدەیەکم دانا؛ ئەوا چەند بەیتی:

شـد از دار فنـا افـسوس راحـل ســوی دار بقـا آن مـرد مقبـل
گُـزین حبـر ادب «برهـان حمـدی» مهــین دانــای دانــشمند فاضــل
فــروزان اختــر شــهر ســنندج چــراغ انجمــن، شــمع محافــل
کلیــد رمــز ابیــات نظــامی کــلام مولــوی را حــل مــشکل
سـخن‌سنجی چـو استادان پیشین سـخندانی چـو سـحبان ابـن وائـل
پــی درس مقامــات حریــری کجـا دیگـر شـود راهـی مُحـصل
منـت بـودم یکـی همکـار چنـدی ندیـدم در تـو جـز حُسن خـصایل
تنـی وارسته مـشحون از محاسـن بـه دور از وصـمت ننـگ رذایـل
از آن گلــزار رنگــین معــانی فــراوان بهــره‌ام گردیــد حاصــل
دریغــا رفتــی و دیگــر نباشــد نظیــرت بــین اقــران و اماثــل
یقین دارم کـه اکنـون کـرده باشـی بـه گلـزار بهـشت خُلـد منـزل
روانــت شــاد از دیــدار پاکــان قــرین رحمــت خــلاق عــادل

یادنامەی اُستاد حمدی، بەفرانباری ١٣٦٦. یاداشتەکانی نووسەر.

عەبدوڵای موفتی

کوڕی گەورەی مەولانا مەحموودی موفتی، مەشهوور بە «ئاغە» و نازناو «رستە»، ساڵـی ١٣١٣ ک. ﻫ.)١٩٣٤ ز.) لە شاری سنە هاتە دنیا و هەر لە منداڵییەوە زۆر خۆشەویستی بنەماڵەی بوو. بـەو بۆنـەوە بـۆ خوێنـدن نەیانهێشت لە سنە دەرکەوێ و لای بابی و فەقێیەکانی خوێنـدی و کـە پێگەیـشت، چـوو بـۆ تـاران و لـە زانستگای تاران بوو بە قوتابی و لیسانسی ئـایینی وەرگـرت. ئـەوجار گـەڕاوە زێـدی خـۆی و لـە وەزارەتی پەروەردە دامەزرا و ماوەی ٣٠ ساڵ، لە پۆلی دواناوەندیدا دەرسی گوتـەوە و مامۆسـتایەکی زۆر سـەرکەوتوو بوو.

ئاغە لەم دواییانەدا بە ماڵەوە چوو بۆ کـەرەج و پـاییزی ساڵـی ١٣٦٧ ک. ﻫ. (١٩٨٨ ز.)، لـە تەمـەنی ٥٤ ساڵاندا، شەپڵەی مێشک لێی‌دا و چەند ڕۆژ لەودوا، لەگەڵ داخ و دەردی دۆستان و کـەس‌وکاریـدا، سـەری یەکجاری نایەوە.

شادڕەوان عەبدوڵڵای موفتی پیاوێکی دینـدار، بـەغیرەت، بـوێر، میواندۆسـت، ڕووگـەش، قـسەخۆش و

خۆشەویست و هەروەها ویژەوانێکی خاوەن زەوق و وردبین بوو. کەلاسی دەرسی لەگەڵ خۆشی و دڵکێشیدا، یەکجار پڕپیت و بایەخدار کۆتایی دەهات. سەر و سیمایەکی زۆر پێکەوتوو، قەد و باڵایەکی بەرز و کەڵەگەت و لەگەڵ ئەوەدا بۆ داوێنپاکی ناوازە بوو. جاروبار شیعری دەگوت و شیعرەکانی جوان و دڵبزوێنن. ئەوا دوو نموونەی:

آن که راه جنون گزیده منم — روی لیلی دَمی ندیده منم
وان که از باغ زندگی هرگز — گُلی از آرزو نچیده منم
از نگاه گلی به گلزاری — خارها بر جگر خلیده منم
مرغ بشکسته بالی از لانه — پیش صیاد اگر پریده منم
آن که با یاد غنچەی دهنی — تن ز حسرت چو گل دریده منم
باخته شادمانی و لذت — بار محنت به جان خریده منم
کام کس از شکر نگردد تلخ — تلخی از کام او چشیده منم
در شب تار، واله، سرگردان — مانده، از کاروان بُریده منم
سخن عاقلان ز «رسته» شنو — پند مجنون به جان شنیده منم

* * *

باشد بنای منزلت و افتخار کار — شاخ درخت زندگیت راست بار کار
تاریخ یادگار جهان و جهانیان — باشد نتیجەی عمل و یادگار کار
هر صفحەاش عیان کند از بهر عالمی — کاقبال نیست جز به بر و در کنار کار
کاهل بود غریب به ملك و دیار خویش — مهجور نیست شخص در اقصی دیار کار
بدنامی و کسالت و خواری ز تنبلی است — بخشندەی بزرگی و روح وقار، کار
بیکار سُست و خسته و خمیازەکش بود — بیمار نیست آن که مَر اوراست یار کار
اُمید محض کی به کسی داده اعتلا — باشد امید و ناجی امیدوار، کار
پیشانی گشاده و عزم متین ببین — پیش رجال فتح و ظفر در حصار کار

بەشێ لە قەسیدەیەک لە شینیدا گوتوومە:

در خزان برگریزان گلستان ناگهان — تندباد مرگ کند از بیخ سرو راستان
پور پاکان یادگار مفتی والامقام — دیدەی بینای فامیل و چراغ خاندان
«ئاغه» عبدالله مفتی، بندەی طاعتگزار — خاطرش مملو ز ایمان، نام حق ورد زبان
در نجابت، در سخا، در رادمری، بی‌قرین — در صفا و خلق و خو همپایەی بگذشتگان
نکتەسنج و نکتەدان و نکتەبین و نکتەگوی — خوش‌بیان، نیکومنش، شیرین‌زبان، شیوا بیان

دشـمن بـی‌دینـی و دنیاپرسـتان و نفـاق / لیـک بـا اربـاب معنـی همـره و همداسـتان
مجلس آرا بـود و شـمع جمع اربـاب ادب / رهنمـای نوجوانـان بـود تـا بـودش تـوان
حیف از آن رُخسار زیبا و آن قـد عرعـر مثال / کاینچنین پژمرده گـشت و شـد اسیر خاکـدان
ای دریـغ آن چهـرەی بـشاش و گفتـار نکـو / ای دریـغ آن شـیوەی مرضـیّه و خـوی شـیان
بهـر تـاریخ وفـاتش خامـەی «شـیوا» نوشـت / «کـرد عبـدالله مفتـی جـای در صـحن جنـان»[1]

یاداشتەکانی نووسەر.

بابەشێخ «شیوا»[2]

زانای بێنیاز، بابەشێخی مەردۆخ ڕۆحانی، نازناو «شیوا»، نووسـەری ئـەم کتێبـە، کـوڕی شـێخ حـەبیبوڵای مودەڕڕیسی ڕۆحانی کاشتەری، ساڵی ١٢٩٩ ک. هـ. (١٩٢٠ ز.)، لە گوندی کاشتەر، لە ناوچـەی «بێـڵەوار»، هاتە دنیا و بە ناوی باپیریەوە، ناویان نا «ئیسماعیل» و بانگیان لێ کرد «بابەشێخ».

بابەشێخ منداڵ بوو، ماڵیان گواستەوە شاری سنە و ئەو لەو شارە و لە ژێر چاوەدێری بابیـدا، بارهـات و بـە لایەوە ئەلفوبێتکەی خوێند و لە ودمی هەناسەیەوە، زۆر زوو، قورئانی خەتم کرد.

هەر لەو سەردەمانەدا، یەک لە شاگردانی تازە ئیجازە وەرگرتـووی بـاوکی (عەبدولحەمیـدی میهـی)[3] لـە حوجرەی مزگەوتێکدا قوتابخانەیەکی دانابوو، چەند منداڵی تازەباوی وەکوو قوتابی وەرگرتبوو. بابەشێخیش چووە ڕیزی ئەو منداڵانەوە و دەوری ساڵێک زمانی فارسـی خوێنـد و قەسـیدەی «بُردیّـە» و «بانَـت سُعاد» و یەکێ ـ دوو قەسیدەی‌تـری لەبـەر کـرد. بـە دووی ئـەوەدا، لای یـەکێکی‌تـر لـە فـەقێیانی هێـژای بـابی (بەهائەدینی شادمان)[4]، «شمسُ‌التّصاریف» لە سەرف و «اظهار» و «کافیە»ی لـە نـەحو و چەنـد کتـێبی‌تـری خوێند. چەند مانگیش بە لای مەلا موحەممەد سەعیدی دەربەندیوە «بوستان سعدی» خوێند. ماوەیـەکیش بە خوێندنی حیساب و هیندیسەوە خـەریک بـوو. ئـەوجار کەلاسـی پێـنج و شەشـی سـەرەتایی، چـووە مەدرەسەوە و بڕوانامەی شەشی وەرگرت و ئەگەرچی بۆخۆی دڵی پێوە بـوو دەرسـی مەدرەسـە بخوێنـێ، بەڵام ڕای بابی لەسەر خوێندنی ئایینی بوو.

بەم جۆرە ماوەیەک «*شرح الفیّە*»ی سیوتی لە نەحو و «*فتح‌المعین*» لە فیقهـ و «*رسالةُ‌الکُبرا*» و «*شرح شمسیّە*»

---

١. ئەم باڵی ئاخرە، بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٣٦٧، ساڵی کۆچی دوایی ئاغە؛ بە ساڵی کۆچی ـ هەتاوی.

٢. وەک لە پێشەکیدا ئاماژەی پێ کراوە، ژینامەی نووسەری ئەم کتێبە (ڕەوانشاد بابەشێخ) و چەنـد کەسـی‌تـر، پـاش کۆچی دوایی خۆی نووسراوە و وەرگێڕی ئەم کتێبە ـ بە کوردی و فارسی ـ نووسیویە.

٣. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٨٦١.

٤. بڕوانە بۆ لاپەڕەی ٨٩٥.

لە مەنتیقی لای بابیەوە خوێند و ئیمجا چووە ڕیزی فەقێیانی مامۆستای پایەبەرز، مەلا موحەممەدی مودەڕڕیس گورجی و «*فناری*» و «*گلنبوی برهان*» و «*گلنبوی آداب*» و بەشێک لە «*تهذیبُ الکلام*»، لە خزمەتیدا فێر بوو. پێڕای ئەوەش چەند بابەت لە «*تشریح الافلاک*»ی لای مەلا مەجیدی ئوسوولیوە خوێند. لەو ماوەدا شەوان بابی «*شروح تلخیص*»ی عەللامەی تەفتازانی و هۆنراوەی «*نخبة الادب*»ی لە بەدیعدا ـ کە خۆی داینابوو ـ پێی دەگوت. دەرەنگانی شەویش، کە باقی دەنووستن، «*تحفةُ المُحتاج*» و «*جمع الجوامع*»ی دەخوێندەوە.

زستانی ساڵی ١٣٢٠ ک. هـ. باوکی کۆچی دوایی کرد و ناچار دەرسە ناتەواوەکانی بردە لای مامۆستایانی‌تر و چەند جاریش وەکوو گوێگر، لە کۆڕی دەرسی مەلا عەبدولعەزیمی موجتەهیددا دانیشت؛ کە «*تفسیر بیضاوی*» و «*جمع الجوامع*»ی دەرس دەگوتەوە. ساڵی دواتر (زستانی ١٣٢١) لە لایەن مامۆستاکانیەوە ئیجازەی وەرگرت.

شیاوی باسە ئیجازەنامەکەی، زانایانی وەک: مەولانا موحەممەد سادقی مینبەری نیەری، مەولانا مەحموودی موفتی، مەلا موحەممەدی مودەڕڕیسی گورجی، مەلا عەبدولعەزیمی موجتەهید و ئایەتوڵا مەردۆخ، شادەیان لەسەر نووسیوە و بۆیان مۆر کردووە.

هەر لەم سەروبەندانەدا ژنی خواست و بۆ دۆزینەوەی کارێکی شیاو، چوو بۆ تاران و دوای ئاشنا بوون لەگەڵ دوکتور مەحموودی ئەفشار، جێگری وەزیری فەرهەنگ (پەروەردە) و خۆشەویستی نواندنێکی زۆر لە لایەن ئەو زانا بەناوبانگەوە، ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٥ز.) بە ناوی مامۆستای دواناوەندی شاری سنە، لەو مەزرینگەیەدا دامەزرا.

لە کتێبی «*خاطرات و یادداشت‌های من*»دا، باسی مووچەی لە سەرەتای دامەزرانییەوە دەکا و لەو بارەوە بیرەوەرییەک دەگێڕێتەوە؛ دەڵێ:

«بە بۆنەی دەسکورتی وەزارەتی پەروەردە لەو سەردەمانەدا، مانگێ ٥٥ تمەنیان بۆ بڕیار دام! کە بۆ ئەو کاتەش پارەیەکی زۆر کەم بوو و بەشی هیچی نەدەکرد. شیعرێکم گوت و بۆ دوکتور ئەفشارم نارد، کە دوو بەیتی سەرەتاکەی ئەمەیە:

کسی کو چو من بار محنت کشد — بە ناحق ز فرهنگ منت کشد؟
پی مبلغ نحس پنجاه و پنج — شب و روز رنج و مشقت کشد؟

واتا: کوا کەسێکی وەک من مەینەتکێش، بە ناڕەوا منەتی پەروەردە بکێشی؟ بۆ پارەی قۆشەی ٥٥ تمەن، شەو و ڕۆژ سەخڵەت و ئازار ببینێ؟

دوکتور ئەفشاریش بە شیعرێکی حافیزی شیرازی جوابی دامەوە:

صبا جوابی از من ببر ز روی کرم — بدان چکامه کە آوردی از خجسته دبیر

نمودنم آنچه توانستمی و لی افسوس	اگـر موافـق تـدبیر مـن نـشد تقـدیر
نـصیحتی کُنمـت از زبـان حـافظ مـن	«هرآنچه ناصح مشفق بگو یدت بپذیر»
«چو قسمت از لی بی حضور ما کرد ند	گر اندکی نه به وفق رضاست خُرده مگیـر»

واتا: ئەی بای شەماڵ! وەرە و کەرەمکە و جوابێک لە لایەن منەوە ببە بۆ ئەو مامۆستا ڕێزدارە و پێ بێـژە: ئەوی توانیم، کردم؛ بەڵام چ دەکـرێ ئەگـەر چـارەنووس وەکـوو ڕاوێـژ نایەتـەوە؟ بـا لـە زبـانی حـافیزەوە مۆچیارییەکت بکەم؛ بەڵام ئەوی مۆچیاریکاری دڵسۆز دەیڵێ، بیبیسە! سا کە لە بەشبەشـێنی ئەزەلـدا، ڕا و ڕەزای ئێمەیان نەپرسی و بۆخۆیان کردیان هەرچی کردیان، ئێستا ئەگەر هێندێک بەدڵمان نەبوو، نەبوو!

هەرچۆنێک بێ، ماوەی ٨ ساڵ بەم جـۆرە کـاری کـرد؛ تـا سـەرەنجام ساڵـی ١٣٣١، پـاش وەرگـرتنی لیسانس، بە شێوەی فەرمی دایانمەزراند و تا ساڵی ١٣٥٧، واتا ٣٤ ساڵ، بە دڵ و گیان بۆ پەرەدان بە زانست و زانیاری، بەتایبەت لە نێو لاواندا، حەولیدا. زۆر جاران کـاری هاسـانتـر و نـانوئاودارتریـان پـێ پێـشنیار دەکرد، بەڵام ئەو هەرگیز دەرس و کەلاسەکەی بە هیچێک نەگۆڕاوە.

لەو هەموو ساڵانەدا، نموونەی نیشاندەری ئەوپەڕی خـۆ بـەخت کـردن، بـە بـێ چـاوەڕوانی و هـەروەها خاکەساری و نەوسکوژی کەموێنە، زۆرە. بۆ وێنە ئەو کاتە کە ئامێری کۆپیکردن نەبوو، شەوانی ئـەزموون، تا کازێوەی بەیان نەدەنووست؛ دوو پەڕە کاربونی دادەنا و بۆ یەکـەیەکـەی قوتابییـان، لاپـەڕەی ئـەزموونی دەنووسینەوە؛ تا هەموو قوتابییەک بەرگێکی پرسیارەکانی لەبەردەسـتدا هـەبی و پێویـست نـەکا مامۆسـتا چاودێرەکان بە نۆرە بیخوێننەوە و ئەگەر یەکیان بە هەڵـە خوێندیـەوە، بـەخۆدا بـشکێتەوە و قوتابییـانیش تووشی هەڵە ببن.

ئەڵبەت مامۆستایی بەشێک لە کار و ئـەرکی سەرشـانی ئـەو بـوو. نووسـینی پـەراوێز لەسـەر بەرهەمـە بایەخدارەکانی زانایانی پێشوو، وەرگێڕانی کتێـب و نووسـراوەی جـێنیـازی فـەقێیان، نووسـینی کتـێبی شەرعییات بۆ قوتابییان، لە پۆلی سەرەتاییەوە تا دواناوەندی و لـە هـەموو گرنگتـر، کۆکردنـەوە و نووسـینی ژینامـە و بەسـەرهاتی عارفـان، زانایـان، وێژەوانـان و شـاعیرانی کـورد و هـەروەها مێـژووی حاکمـان و ماڵەمیرانیان، لە سەرەتای مێژووی ئیسلامییەوە تا ئەم دواییانە بوو.

دیارە لە سەردەمی دوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری مەهاباد و کارەساتی لە سێدارەدانی پێـشەوا قـازی، دەست بۆ کاری وا بردن، جگە لە ئەرگ و زەحمەتی لەڕادە بەدەر، لە ئێراندا ـ کە نـاوی کـورد و کوردسـتان بردن تاوانێکی گەورە بوو ـ چەند بوێری و لەخۆ بردوویی دەوێ.

مێژووی ناودارانی کورد، لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی جێ متمانە و سەلماو بۆ ناسنامەی کوردە و دەردەخا کـە زۆربەیەک لەو عارف و زانا و وێژەوان و شاعیر و میرانە وا هەموو وڵات و میللەتـە ئیـسلامییەکان شـانازییان پێوە دەکەن، لە ڕاستیدا کورد بوون.

با باسی مێژووی ناودارانی کورد و کەسایەتی نووسەرەکەی، بێڵین بۆ کەسێکی‌تر؛ کە نووسەری ئەم وتارە، خۆی کوڕی ئەو ڕەوانشادەیە و بۆی نابێ زۆری لێ بکۆڵێتەوە.

بەکورتی، مامۆستا بابەشێخ دوای کارکەناری، بە ماڵەوە چوو بۆ تاران و لێ‌بڕا مێژووەکەی چاپ بکا و بە پشتیوانی سەروماڵی مامۆستا هەژاری هێژا، دوو بەرگیشی لێ چاپ کرد؛ بەڵام ئەگەرچی تەمەنێکی زۆریشی نەبوو، نەخۆش‌کەوت، دوای ماوەیەک لە بەرەبەیانی پێنج‌شەممە ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٧ ک.ﻫ.)١٩٨٩ ز.) کتێبی ژیانی بەسرا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

بەرهەمەکانی مامۆستا بابەشێخ:

١. *چهارصد مسألەی حساب و هندسه*

٢. *کتاب‌الصُّغری*، لە مەنتیقدا

٣. *فرهنگ نوزاد*، سێ بەرگ

٤. *قارورةالصّحو*، شەرحێکی عەرەبییە لەسەر هۆنراوەی «باکورةُالنحو»ی بابی

٥. *فرهنگ روحانی*، وەرگێڕاوەی «المُنجد»، (ناتەواو)

٦. *دانش سرایش*، لەمەڕ عەرووز و قافیەوە

٧. *مرآةُالاسامی*، شەرحێکی عەرەبییە لە کتێبی «وضع»ی مەلا ئەبووبەکری پیرڕوستەمی

٨. *الیمّ الغیث لحدایق التوریث*، دەق و شەرحی بە شیعر و پەخشان لەمەڕ «فرایض فقهی» بە عەرەبی

٩. *ارمغان گرامی*، شەریعەتی ئیسلام (ناتەواو)

١٠. *مَآدبُ القوم بِمَآرِبِ الصّوم*، دەق و شەرحی بە شیعر و پەخشانی عەرەبی

١١. *اَحْسَنُ الاتحاف لِکِتابِ الاعتِکاف*، دەق و شەرحی بە شیعر و پەخشانی عەرەبی

١٢. *فَتاوی الاکراد*

١٣. *ابهی المصباح لِبَیت النّکاح*، (ناتەواو)

١٤. *بدیع روحانی*، لە بەدیعدا

١٥. *اَسْهَلُ الوصول الی نظمِ لُبّ الاصول*، دەق و شەرحی بە شیعر و پەخشان لە «اصول‌الفقه»دا بە عەرەبی

١٦. *دریای گوهر*، ٣ بەرگ

١٧. *شرح سبعەی معلّقه*

١٨. *شرح لامیة العرب و لامیة العجم و لامیة الکرد و قصاید بَانَتْ سُعاد و بُرده و قصیدەی جیمیەی بدیع‌الزمانی و قصیدەی طنطرانّیه*، لە بەرگێکدا

١٩. *شاهراه رهایی*، بە فارسی

٢٠. *شیوەی مسلمانی*، بە فارسی

٢١. *دورەی تعلیمات دینی*، بۆ قوتابییانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی

٢٢. *آ ینەی درستکاری، در برابر آ یین زشتکاری*

٢٣. *مناظره با آثار و تألیفات آ یت‌الله مردوخ*

٢٤. *صفوت روحانی در مناقب شیخ عبدالقادر گیلانی*، وەرگێڕاو لە عەرەبییەوە بۆ فارسی

٢٥. *بدیع و قافیەی شیوا*، بۆ قوتابییانی دواناوەندی

٢٦. *تاریخ مشاهیر کرد*، ٣ بەرگ (ناتەواو)

٢٧. *مناسک حج*، بە فارسی

٢٨. *خاطرات و یادداشتهای من*

٢٩. *دیوان اشعار*

خوا لێ خۆشبوو شیوا لە نووسینی پەخشانی فارسیدا، شێوازێکی تایبەتی هەبوو. ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ دەینووسی و بە وشەیەکی کەم، مەبەستەکەی پوخت و پاراو، ڕادەگەیاند. لە شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبوو؛ بەتایبەت غەزەلی جوان و ڕازاوەی زۆری هەن. ئەوا چەند نموونە لە شیعر و پەخشانی شیوا:

«... زمستان سال ٢٣ شمسی فرا رسید؛ هوا به شدت سرد و برفی بود و من مُدام به فکر کار و مشغلتی بودم. روزی دو نفر از دوستانم ـ که اتفاقاً آنها هم جویای کار بودند ـ به دیدنم آمدند. از هر دری سخنی گفتیم و در آخر تصمیم گرفتیم که به تهران برویم. البته قبل از هر چیز لازم بود هرکدام لباس مناسبی برای این سفر تهیه کنیم و گذشته از آن خرج سفر لازم داشتیم. آنها رفتند که برای خود پول و لباس دست‌وپا کنند و من هم به یکی‌ـ‌دو جا مراجعت کردم. متأسفانه این هیأت سه‌نفره بعد از یک‌هفته، روی هم سیصد تومان پول داشتیم... نزدیک غروب در حوالی طاق بستان پیاده‌مان کردند. آن شب در یک بیغوله‌ای که به نام مسافرخانه بود بیتوته کردیم و فردا صبح به کرماشان رفتیم. پس از یک‌ـ‌دو روزی توقف و دیدار دوستان و خویشانی که آنجا داشتیم و تهیه‌ی مبلغی دیگر وجه، شبانه به طرف تهران راه افتادیم؛ طلوع صبح به مقصد رسیدیم. نه جایی بلد بودیم و نه کسی را می‌شناختیم. هوا بسیار سرد بود و ما سرپناهی می‌خواستیم که از رنج سرما و خستگی سفر بیاساییم. یکی از همسفران، ما را به مسافرخانه‌ای راهنمایی کرد. آنجا منزل گرفتیم و یکی ـ‌دو ساعت استراحت کردیم تا خود را برای گشت و گذار در شهری که به هوای آن تحمل مشقت کرده بودیم، آماده سازیم...».

لە وەرامی داوەتی دۆستێکیدا بۆ حەج:

دوست دارم چو تو من نیز به آنجا آیم	قدم از سر کنم و جانب بطحا آیم
بعد یک عُمر گُنهکاری و نافرمانی	به امید کرم ایزد یکتا آیم
اندر آن بادیه‌ی عشق به شوق در دوست	قدم سعی ز سر ساخته، پویا آیم

همچو مجنون پی لیلای مُراد ار آیم — من سودازده، دیوانه و شیدا آیم
دعوت عام «و لله علی‌الناس الحج» — اندر آن ساحت فرخنده پذیرا آیم
مَهْبَط وحی به مژگان ارادت روبم — بر در خانه‌ی حق رفتگرآسا آیم
سُرمه‌ی دیده کنم گرد ره یثرت را — تا بدان صومعه با دیده‌ی بینا آیم
با رُخ زرد و کتاب سیه و موی سپید — جانب صاحب آن قُبه‌ی خضرا آیم
لیک من یک عمل خیر ندارم کانجا — به امید کَرَم و نُزل مُهنّا آیم
من تبهکارم و وامانده‌ی درگاه خدا — شرم دارم که بدانجا به تمنا آیم
یار من! صاحب آن خانه تو را یاور باد — تو برو، من نتوانم که بدانجا آیم
شاید ار عمر وفا کرد و خدا یارم بود — اگر امروز نشد نوبت فردا آیم
آیم آنجا که کنم شعر روان هدیه‌ی دوست — تا در این شیوه به حق شاعر «شیوا» آیم
شاید از جانب ایزد به جوابی زین‌سان: — «بنده‌ام توبه قبول است» منادای آیم

* * *

دیشب به یاد عهد جوانی گریستم — پیری به خواب کرده نهانی گریستم
با اشک خون ز حسرت این باغ زندگی — بر برگهای زرد خزانی گریستم
بر موی نو سپید شده اشک ریختم — بر قامت نژند کمانی گریستم
نادیده نقش خنده به لبهای زندگی — جانا چنان که افتد و دانی گریستم
خواندم یک‌دو برگ ز طومار سرگذشت — بر عُمر خویش و هستی فانی گریستم
دیدم که نیست توشه و نبود ذخیره‌ای — بر حال زار موطن ثانی گریستم
بر این حیات فانی بی‌بهره کان گذشت — ناگاه همچو برق یمانی گریستم
عکسی ز روزگار جوانیم یافتم — با خون بر آن یگانه نشانی گریستم
کردم نظاره عهد شباب و زمان شَیب — بر این حیات تلخ جهانی گریستم
دی همچو خود خزان زده «شیوا» کبوتری — دیدم شکسته خاطر و آنی گریستم

له پرسەی مامۆستا بابەشێخیدا، کە ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٦٧ ک. ھ . (١٩٨٩ ز.) لە تاراندا بەڕێوە چوو، مامۆستا هەژار ئەم وتارەی خوێندەوە:

«وەک دەبینم ئێمە ئەمڕۆ لەم شوێنەدا کۆ بووینەوە، داخ‌لەدڵین؛ ئازیەتبارین؛ کە عەزیزێکی زۆر بەڕێز، لە دنیایە، بەڕواڵەت، کۆچی کردووە. خۆ ئەگەر تۆزێک بەوردی سەرنج بدەین، کەمێ ژیرانە و پیرانەی تێگەییشتوو بیر لە حاڵی خۆمان وەکەین، تێدەگەین کە بەشی زۆرمان، بە ناشکوری خودا نەبێ، هەرچەندە بە ڕواڵەت زیندووین، بەڵام سەدهەزار خۆزگەمان بە مردوان کا!

بەڵێ ئێمە لەم کۆڕ و کۆبوونەوەدا، شین و گریانێکمان دەوێ؛ بەڵام بۆ کێ؟ هەر بۆ خۆمان؛ بۆ کولۆڵی و نەگبەتیمان. نەک شیوەنمان بۆ کەسێک بێ وەک «بابەشێخ»، کە هەرگیز مردن و نەمان سەری نادا و تا هەتایە ناوی لە سەر پەڕی مێژوو، وێڕای هەموو ناودارانی بەرزی تەئریخ، بە شانازی خۆ دەنوێنێ.

ئێمەی کورد بەر لە ئیسلامەتی، هەرچێکمان بووبێ دیار نییە. بەڵام ئەگەر ئاوڕێکی، تەنانەت نیوە ئاوڕیش وەسەر خۆمان بدەینەوە، شتی یەکجار سەیر دەبینین. لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە، بە هەزاران زانای لەزەبر و بلیمەت، لە شەریعەت، لە تەریقەت، لە شیعر و ئەدەبیات و مێژوو، لە هەرجۆرە هونەرێکی بابەتی زانیاری زەمان، لەم گەلی کوردە هەڵکەوتوون، کە زوربەیان مایەی شانازی گەلانی هاوسامان بوون؛ کە ئێمەی نەگبەت تا ئێستا، وەک لە گوێی گادا نووستبین، هەر ئاگا و خەبەرمان نەبووە!

گوناهی ئەم بێ خەبەرییە لە سەر کێیە؟ دیارە هەر لەسەر خۆمانە. ئێمە بەپێی توانای خۆمان، بۆ فەرهەنگی نەتەوەمان ماندوو نەبووین. بەڵام لە بیریشمان نەچێ، ماڵم حەقە، ئۆباڵی ئەم بێ ئاگاییە، تا ئەندازەیەکی بەرچاو، لە ئەستۆی ئەم گش زانایانەی بەچکە کوردە.

مەسەل دەڵێ: «تا ماڵ پێویستی پێ هەبێ، نابێ بدرێ بە مزگەوت»؛ کەچی هونەرمەندانی کورد، زانا و مێژوونووسانی کورد، لە درێژی و پانی مێژوودا و بگرە ئێستاش، ئەم پەندەیان بەراوەژوو کردۆتەوە و چی لەم مەسەلەدا هەیە، لە بیر خۆیان بردۆتەوە.

لە درێژایی تاریخی ئیسلامەتیدا، لە ڕابوردوودا تا ئێستاش، هەر کوردێکی هێژا و بەرکەتی هەڵکەوت، بە بێ ئەوە خۆی لەبیر بێ، هەرچی بوویە، داویە بە مزگەوت و تەکیە و ئەگەر پاشەکەوتێکی دیکەشی بووبێ لە سامانی هونەرییەوە و لە سەرمایەی بەختەوەری فەرهەنگیمان، گشتی دراوە بە گەلەکانی هاوسامان. خۆمان دەملەپووش و قەتیس ماوینەوە، لە دەرگای دەر و دەراوسێ، سواڵی ماڵی خۆمان دەکەین!

تۆ بڕوانە ئەم هەموو مێژوو نووسانەی تۆرەمەی کورد، لە ڕۆژگاری کەونارادا و لە دەورانی نیوەکەون و ئاماڵ تازە و نیمداشتیدا، شوێنەواری پڕ لە پیتیان، کتێبخانەی هەندەرانیان پێ نەخشاوە و بوونەتە مایەی شانازی گەلانیتر، لەو هەموانە ـجگە لە تاک و تەرایان ـ دەربارەی وڵاتی خۆیان، گەلی خۆیان، لە فەنای بێدەنگا ژیاون؛ هەر متەقیشیان نەکردووە.

لەم هەزار و ئەوەندە سەتسالانەدا، چەند جار قەتڵوعام کراوین، لە زێدی کەونارای خۆمان ڕاونراوین، دەرکراوین، چەند سەتجار تاڵان کراوین؛ نووسەر و هونەرمەندانمان، کەسیان نووکی قەڵەمەکەی بەرەو نووسینی دەردی گەل نەچەرخاوە. ڕەنگە هەر بە دەم گوتبێتیان «ماڵ سووتاو و ماڵ بریاو بە کۆی زوخاڵ بن»! تەنانەت بەڵای عاسمانیش وەکوو لافاو، بەفر و تەرزە، کولله و پەتا و بوومەلەرزەش لە کوردستاندا ڕوویدابێ و ماڵی کوردی پێ خرا بێ، بە هیچ ئاوا نەنووسراوە!

بە ڕەحمەت بێ شەریعەتی، لە نامیلکەی عیرفان و بەرانبەریدا، دەربارەی مەولانای ڕۆمی فەرموویەتی:

«پەسنی مەولەوی چەند بێژی، هێشتا کەمە. بەڵام ئافەرین لە چی بکەم؟ مەولانایەک لە بەلخ ، لە قوونییە، یان لە وڵاتێکی‌تر ژیاوە؛ خۆی وا لە ناو لێفەی ئەستووری عیرفان پێچاوە، بە کوشت و کوشتاری مەغول، بە شاڵاوی خاچپەرستان نەحەسیاوە. دەی‌سا من ناڵێم، تۆ بڵێ! بوون و نەبوونی ئەو پیاوە، بە بێچارە و هەژاران چی؟ بە بریندار و دەردەداری ئیمانداری موسوڵمان چی؟»

جا کە ئوستاد شەریعەتی تەوس و توانج دە مەولانای ڕۆمی بگرێ، ئێمە دەگەڵ ئەو هەموو زانایانەی کورد، کە هیچ هەستیان بە تاوتوێی تیراویی، بە ئێش و ژانی خزمان و هاوماڵانی خۆیان نەکرد و خۆیان لێ بوارد، دەبێ چۆن بین؟ دەبێ چ بڵەین؟

جا ئەمانە وا هاتن و وا ڕۆیشتن؛ خوایان لەگەڵ. بەڵام ئێستاش زۆری وامان لە ناودایە کە دەستی قەڵەمێ دەگرێ و نووسراوی دەخوێندرێتەوە. هەزارانە ڕوو دەکەمە ئەو دەستەیە و لەبەریان دەپاڕێمەوە: خوشکی کوردم! برای کوردم! تۆی کورد لە زێدی کورد ژیاوی. نان و ئاوی ئەم گەلە بۆتە بژیوت. لە فێرگەدا هەر بە یارمەتی ئەو ماوی. تۆ لە سایەی کوردەواریدا بوویتە کەس. دەیسا تۆش لە نووسینتدا ئاوڕێکی وەسەر بدەوە. لە خۆشیان هیچ؛ کە هەرگیز خۆشی نەدیوە. هیچ نەبێ بە نووکی قەڵەم، لە دەردەکانی بەشدار بە! هەرچی بەڵا و دەردیسەری بە سەری دێ، تۆ بیخە سەرڕووی کاغەزێک؛ با وەچە و بەرەی دواڕۆژی ئەم میللەتە نەگبەتبارە، ڕابردووی باب و کاڵی خۆی لەبیر نەکا و جار-جار پەندی لێ وەرگرێ.

خوشک و برای هونەرمەندم! هەر وەک گەرەکتە فەرهەنگی دراوسێکان دەوڵەمەند کەی، لە هەشت مشتێکی لێ لادە و بیدە بە هاوماڵانی خۆت؛ با بە بێ‌ئەمەگ دەرنەچی.

خوزگە بە خوزگەی خودا با، زانا و هونەرمەندانی کورد، لە ڕابردووش و ئێستاشا، بزگوڕێکیان لە مامۆستای بەرز و نەمر، بابەشێخی ڕۆحانی خۆمان داوڕێبا. ئەم کارەی بابەشێخ کردی، دەربارەی مێژووی ناوداران، دەکرێ بڵێم بەو نەبا بە کەس نەدەکرا. هەر ئەو توانی پەڵەی هەڵەی سەر شانی زانایانی کوردی لە کورد خۆ بوێر، بسڕێتەوە و ئابڕووی ئێمەی دەڵەمە و نەبەگەی ئەمڕۆش بکڕێتەوە.

بەداخەوە منی هەژار بەختم نەیهێنا زۆر ساڵان لە فەیزی مامۆستای نەمر بەهرەوەر بم. تەنیا لەم دوایی دواییانە، بەهەڵکەوت ڕێگەم کەوتە لای ئینتیشاراتی سرووش. لە سرووشەوە دەگەڵ ماجیدی ڕۆحانی بوومە ئاشنا. لە سایەی کاک ماجیدەوە توانیم مامۆستا زیارەت‌کەم و بە دیتنی بەهرەوەر بم.

هەر لە هەوەڵ دیدارم بۆ ماڵی ئوستاد، فیکرم سەرمەقولاتێکی دا! ئاخر منێکی هەژاری لە هەموو دنیا دەربەدەر، لە ناو هەموو چین و بەرەیەک لە کورد و عەرەب و تورک و فارسدا ژیاوم. بیرم وابوو کە ئاکاری خواپەسند و ڕەوشی جوان و پاک و ڕند، لە ناو مەردمدا نەماوە و لە حەو کێوان ئاوا بووە؛ دەمگوت پێشووش هەر وا بووە. بەڵام نەخێر، حیسابی من گشتی بەراوەژوو دەرچوو. ئەم خانەوادە نەجیبە، ژن و پیاوی، پیر و لاوی، گشت لە گشتی، خاوەنی ئەخلاقی بەرزی بێ نموونەن. لەو کەسانەی کە من هەتا ئێستا دیومن،

ئەمانە زۆر جیاوازن. هەیاران! ئەم ئاکارانە لەم خێزانە دیارە سەرچاوەی لەو باوە و لەو دایکەوە هەڵگیراوە. زانیم کە کەوتوومە شوێنێک فیز و خۆ بە زل زانین و گاڵتە و گەپ بە هەژار کردن، شوێنی نییە. هەر بۆیە بە ڕاشکاوی پرسیارم کرد: مامۆستا تۆ مەشغوولی چیت؟ لە مێژووی ناودارانی کورد، چەند ڕووپەڕێکی نیشاندام. سەیرم کرد؛ ئەم کابرایە لە فارسیدا نەهەنگە؛ لە زمانی عارەبیدا دەریایەکە؛ لە زوانی کوردی خۆماندا بێ هاوتایە ... هەر ئەوەندەم بۆ کرا بڵێم: کارەکەت یەکجار بەنرخە؛ خۆزگا بڵاو کراباوە. بە بێ ئەوە هەست بکەم کە پێی خۆش بووە، یان غوروورێکی تووش بووە، بەوپەڕی خۆبەکەمزانی فەرمووی: نەخێر شتێ نییە؛ بەڵام چ بکەین هەر ئەونەم لە دەس هاتگە، کردوومە. قسەی ئەو شاعیرە ڕووسەم بیر کەوتەوە کە وتوویە: «بۆشکەی پڕ دەنگی لێ نایە. بۆشکەی واڵا دەنگی لە دنیا بڵاوە».

خوا شوکور بڕیار درا کە ئەم ئەسەرە چاپ بکرێ.[1] بۆ یەکەم جار لە ژیانی پڕ کڵۆڵیمدا بەختی کەچم ڕاستی هێنا کە ئیدارەی پەژووهیشی ئیرانزەمین، بە خێری خۆی، منی هەژاری نێونووس کرد بەر لە چاپ بیخوێنمەوە. مەسەل دەڵێ: «ئەگەر خوا دای، پاڵەوەدە!» ئای لەو مزگێنییە!

کتێبم هاتە بەردەستان. تازەبەتازە تێگەییم کە مامۆستای نووسەری ئەو ڕووپەڕانە چەی کردووە و پایەی زانستی چەند بەرزە! تازەبەتازە تێگەییم کە ئەم پیاوە چەند حەول و تەقالای داوە و چەند لە ڕێیدا ماندوو بووە! پیاوێکی بێبونیە و لاواز، چل و چەند ساڵ خزابێتە ماڵێکەوە، سەر لە سەر کتێب هەڵنەگرێ، هەر لێرە متاڵا بکا و هەر لەوێوە قەڵەم بەرێتە سەر کاغەز و تۆمار بکا. بۆ نموونە ئەمڕۆ کێ هەیە بتوانێ هەزاران پەڕ وەک: لوغەتنامەی دیهخودا، الکاملی ئیبنوئەسیر، ئەعلامەکەی زرکلی، مێژووی مەسعوودی و بولفیدا، موعجەمولبولدانی یاقووت و سەتان کتێب وناملکەی گەورەو پچووک، لە عەرەبی و فارسی و کوردیدا وەخوێنێ و هەرکامێکیان بپشکنێ، لە سووچی هەر ڕووپەڕێکدا تووشی ناوی کوردێک ببێ، دەسبەجێ بیقۆزێتەوە و بێ هەڵە بیگوێزێتەوە و ئەم چەند جڵدەی لێ پێکبێنێ؟ سەرەڕای ئەمەش کلیلی بەڵگە و سەرچاوە دینەوە، بداتە دەستی لاوانی دواڕۆژی کورد، کە هەرکەس ویستی دەربارەی کوردێکی ناوداری مێژوو، بتۆژێتەوە و بنووسێ، ناچار نەبێ کون و کاژێری کتێبان لە کتێبخانان پەیدا بکا و بە خۆڕایی ماندوو ببێ.

من لەم پێداچوونەوەمدا بیرم لەوە دەکردەوە کە خوایە ئەم پیرەمێردە ممبارەکە، لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی ڕابردووەکانی گەلەکەی، دەبێ چەند ڕەنجی کێشابێ؟ خوایە دەبێ چەند دڵۆپی خوێنی گەشی دڵی تەنگی، تێکەڵ بە مەرەکەف بووبێ و ڕژابێتە سەر ئەم کتێبە بەنرخە؟ چۆن توانیویە و چۆن

---

١. ئەوی ڕاست بێ، پێشتر، لە سەرەتای دامەزرانی جمهووری ئیسلامیدا، کە باسی بەرامبەری گەلان گەرم بوو، بۆ وەرگرتنی ئیجازەی چاپی ئەم کتێبە زۆرم حەول دا؛ هەر وەرامیشیان نەدەدامەوە. بەڵام کە مامۆستا هەژار پێی زانی و زانی چ باسە، بە هەموو هێز و توانییەوە پشتی گرت و بڕیاری لەچاپدانی ساند و بۆخۆشی نیشتە سەری، تا لە چاپ دەرنەهات، دەستی لێ بەرنەدا. ماجد

دەتوانێ ئەم هەموو ئەرکە دەربەرێ؟! دیسان لە دڵی خۆما دەمگوت: ئەم پیاوە ئەویندارێکە، گراویەکەی ژینەوەی فەرهەنگی کوردە. ئەویندارانی بەڕاستیش، لە ڕای گەیشتن بە ئاوات، لە هیچ خەتەرێ کۆ ناکەن.

من بە بیری هەژارانەم لە مردوو زیندوو کردنەوە، مامۆستای نەمر (بابەشێخ)، لە مەسیحیشی تێپەڕاند. ئەگەر مەسیح لازارێکی خستەوە ژین، ئەو میللەتێکی لە مردنی بێ فەرهەنگی ڕزگار کرد.

دروودی خوا لە گیانی پاک و پیرۆززی.

* * *

پاش لە دنیا چوونی مامۆستا، زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی دۆست و ناسیاوی، شیعر و پەخشانی بەرز و ڕازاوەیان لە شینیدا نووسی و بە ناردنی ڕوونووسێکی بۆ من، منەتباریان کردم. دیارە هەموو ئەوانە تەنیا لە یادنامەیەکدا جێیان دەبێتەوە و لێرەدا ـبە داوای لێبووردنەوەـ دوو شیعری کوردی و فارسی خوا لێ خۆشبوان، مامۆستا حەسەنی سەلاح «سۆران» و مامۆستا ئیبراهیمی ستوودە دێنین:

مگر ز جام غم و رنج و جامه‌ی آلام   سپهر سفله‌نوازم نداد جامه و جام
بهار عمر به سر شد، ولیک بی‌حاصل   خزان عُمر درآمد، ولیک با آلام
گذشت شور شباب و رسید رخوت شَیب   نه زین گرفتم عبرت، نه زان بد یدم کام
دمی فراز شباب و گهی نشیب مشیب   از این فراز و نشیبم چه بهره جز اوهام
دریغ و درد لگدمال شد نهال شباب   به سُمّ اشهب بام از قفای ادهم شام
رسید بر لب بام آفتاب عمر عزیز   هلا وفا نکند آفتاب بر لب بام
گرفتم آنکه دهندم چو خضر آب بقا   جز آتش غم هجران چه یابم از ایام
ز خضر پرس که جز مرگ دوستان عزیز   چه حاصل آمدت از طول عمر بی‌فرجام
به زهر مرگ عزیزان در این سپنج سرای   هزار بار مرا کشت دهر خون‌آشام
بسا غما که ز اعصاب دل گُسست توان   بسا غما که ز اعصاب جان شکست قوام
ولیک این غم آخر، که آخرین غم باد   چنان ز پای فکندم که طفل را سرسام
ز ما گرفت فلک اوستاد «شیوا» را   که شیوه‌ای دگر افکند در مَقال و مقام
مهینه شاعر آزاده کز بلندی طبع   در آستان کمالش عطارد است غلام
اگر چه دور زمان گوشمال می‌دادش   به سان سنبله زیر خراس ازرق‌فام
ولی ز همت والا به نیم جو نگرفت   حصید کاهکشان را به مزرع بهرام
مدام خون جگر خورد و رخ گشاد چو گل   دمی چو خار نزد چنگ بر ردای لئام
نه دام نام بپردش ز ره، نه دانه‌ی نان   که نیست طایر قدسی اسیر دانه و دام
ز چاه جاه مصون داشت پای یوسف نفس   چنین کنند عزیزان مصر عزت و نام

آیـا فرشـته سـیر، قبلـه‌گـاه روحـانی! که آسمان سر پر خاش داشت با تو مدام
شـدی کـه گـنج کمـال تـو را بیابـد بـاب؟ شـدی کـه بـدر جمـال تـو را ببینـد مـام؟
تو بدر بودی و بود ند دیگران چو هلال خـسوف روی نیـارد مگـر بـه بـدر تمـام
دمـی رکـاب مـرادت نـداد ابلـق دهـر بدان گُنه که زدی بر کمیت نفس لگام
هر آن که تیر صفت راست‌قامتی آموخت هماره خون جگر می‌خورد به سان حُسام
بـه جـرم جـوهر ذاتـی ز کجـرویّ فلـك کتـاره زجـر کـشد در سـیاهچال نیـام
رثـای پختـه‌گـری چـون تـو بـالالی چـشم چه سان به رشته‌ی نظم آورد «ستوده‌ی» خام
مگـر فـرزدق و حـسّان و بوبـصیر و زُهیـر مگـر سـنائی و خاقـانی و ظهیـر و هُمـام
سـر از ثـری بـه درآرنـد و خامـه برگیرنـد سـزای تـو بـه رثـایی رسـا کننـد اقـدام
بـدین بـضاعت مُجـات بـا امیـد قبـول صـلا دهیم دعـایی بـه قـصد حُسن ختـام
اگرچـه دهـر سـیه‌کاسـه‌ی تُهـی کیـسه سـرای سرسـریت تیـره کـرد از اسـقام
تـو را سـرای ابـد دلپـذیر و روشـن بـاد بـه نـور پـاك پیمبـر علیـه الـفُ سـلام
هـزار چارصـد و نُـه زهجـرت نبـوی هـزار نغمـه‌ی شیوا بـه خلـد کـرد مقـام

* * *

که مەردۆخی زەمانم چوو، دڵم غەرقی غەمـە ئەمـشەو
که خۆری خاوەر ئاوابوو، سەما یەکـسەر تەمـە ئەمـشەو
کەل و ئاسۆ بە کوڵ دەگـرین، دەڕێـژن شـەونمی ئەسـرین
شەپۆلی ئەشکی «ئاویدەر» وەکـوو جۆگـە و چەمـە ئەمـشەو
سەرم وەک کێوی شاهۆیە لە دەوری هەوری غەم کۆیـە
تەواوی مەینەتی دنیا لە سـینەی مـن جەمـە ئەمـشەو
تەمی شەو چەشنی دیجوورە، سـنە بـێ‌نـوورە، خـاپوورە
شەوستانی هونەر چۆڵـە، پەپوولـە بـێ‌شـەمە ئەمـشەو
نەسیبی خەڵکی ئەم هەردە، هەموو داخ و خـەم و دەردە
غەمین و مات و ڕەشپۆشن، پەژارەی ئەعزەمە ئەمـشەو
بە مەرگی ئەو دڵم خوێنـە، دەڵـێم ئەشـعاری بـێ‌وێنـە
لە شـینی شـیوەنی شـیوا، شـەپۆڕ و ماتەمـە ئەمـشەو
مەشـاهیری گـەلی کـوردی، بەنێوبانگـە بـە جێـوردی
ئەوەی خەڵکە زل و وردی، چەمەرگێڕی ئەمە ئەمـشەو

کتـێبی کـەنزی دەورانـە، وەکـوو لاڕوو سـی سـۆرانە
جیەی شانازی هەموانە، هـەچی بێـژم کەمـە ئەمـشەو

شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی

شێخ ئەحمەد،کەسناو «نوورەدین»، کوڕی شێخ موحەممەد بەهائەدین و نەوەی قوتبی تەریقەت، شێخ عـەلی حوسامەدین، ساڵی ١٣٠٠ ک. هـ. (١٩٢١ ز.) لە گوندی «گوڵپ»، لە سەر سنووری ئێران و عیراق، هاتە دنیا و لە ژێر چاوەدێری باپیریدا ڕاهات و کاتێ کە پێگەییشت، لاوێکی پارێزکار، میهرەبان و تێگەیشتوو بوو.

شێخ ئەحمەد دوای کۆچی دوایی شێخ حوسامەدین و لە جێ دانیشتنی شێخ موحەممەد بەهائـەدین، بـە فەرمانی ئەو، چووە گوندی «باغەکۆن» و بەڕێوەبردنی خانەقا و پێڕاگەییشتن بە کاروباری مریدانی گرتە ئەستۆ.

لە بارودۆخی نالەباری ئەم دواییانەی عیراقدا، شێخ ئەحمەد دوو جار، بـە ژن و منداڵـەوە، بـاری کـرد بـۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکەم جار، ساڵی ١٣٥٣ ک. هـ. (١٩٧٥ ز.) کە شەڕفرۆشتنی بەعس لە کوردستاندا دەستیپێکرد و جاری دووهەم، دوای کیمیابارانی هەڵـەبجە بـوو. لـەم دوایـین کـۆچ و بارەیـدا، نەخۆشـی شێرپەنجەی تووش هات و سەرەنجام ساڵی ١٣٦٨ ک. هـ. (١٩٨٩ ز.) لە دنیا دەرچوو.

وەک دەگێڕنەوە، شێخ ئەحمەد لە نێو هاوماڵانیدا ئەو جیاوازییەی هەبووە کە جیاوازییەکی نێـوان گـەدا و دارا دانەناوە و لە خانەقایدا ـ پێچەوانەی ئەوەی باو بووە ـ چێشتێکیان لێناوە و مریدان و پیاوماقووڵان، یەک شتیان خواردووە.

یاداشتەکانی نووسەر.

ئاوات

سەید موحەممەد کامیلی ئیمامی، نازناو «ئاوات»،کوڕی سەید حەکیم، کوڕی سـەید کـەریم، کـوڕی سـەید ڕەحمان، لە بنەماڵەی بەناوبانگی زەمبیلە کە ساڵی ١٢٨٢ ک. هـ. (١٩٠٣ ز.)، لـە زەمبیـل هاتـە دنیـا. نـۆ ساڵان لە خزمەت مەلا مەحموودی مەشهوور بە «مەلا ڕەشە»دا خوێندنی عـەرەبی و فارسـی دەسـپێکرد. پاش دوو ساڵ لەگەڵ کاکیدا (سەید موحەممەدی نوورانی) چوونە خزمەتی مامیان (حـاجی بابەشـێخ) لـە گوندی «جیمان» و دوو ساڵیش لەوێ و ساڵو نیوێکیش لە «تورجان» لای مەلا سـادقی «واثـق بـالله» بـوون. کاتێ کە مەلا عەوڵای فەهیمی چوو بۆ زەمبیل، ئەمانیش گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان و تا ئەو مامۆستایە لەوێ بوو، لە خزمەتیدا بوون و خوێندیان. پاش ئەوە، ساڵێک خوێندنیان پەکی‌کەوت. سـەرەنجام سـەید کامیـل لەگەڵ عەباسی حەقیقی، شاعیری ناوداردا، گەیشتنە خزمەتی مەلا سەید کەریمی مودەڕڕیسی لە گونـدی «باخچە»ی لای مەهاباد.

سەید کامیل لە بیرەوەرییەکانیدا، بە خۆشی یادی ئەو سەردەمە دەکا و هەڵدانی هەستی شاعیرانەی خۆی، زۆرتر لە ودمی هاونشینی و هاودەنگیی مامۆستا حەقێقی دەزانی.

ساڵی ١٣٠٩ بابی نەخۆش کەوت؛ سەید کامیل ناچار دەستی لە خوێندن بەردا و گەڕاوە زەمبیل و سەری کردە کاری کشتوکاڵ. دوای هێدێک ژنیشی خواست و لەسەر ژیانی جووتیاری دامەزرا.

سەید کامیل لە سەردەمی فەقێتی و پاش ئەوەش، لەگەڵ خەڵکی لادێیی ، بەتایبەت لە ناوچەی موکوریاندا، تێکەڵ بووە و بەو بۆنەوە داب و دەستووری ژیان و زمان و فەرهەنگ (کولتوور)ی خەڵکەکەی باش زانیوە و ئەم تایبەتمەندییە لە شیعرەکانیدا جوان بەرچاوە و هۆی دەوڵەمەندی شیعری ئاوات لە باری وشەی ڕەسەن و قسەی نەستەق و زاراوەی ڕازاوەی ناوچەکەوە، هەر ئەمەیە.

زۆربەی شیعری ئاوات، باسی سروشت و جوانی و ژیانی کوردەواری و ئەوین و دڵدارییە؛ بەڵام جار جاریش بە زمانی شیعر، لە گەندەڵی دەسەڵاتداران و زۆربێژی کارگێڕانیان ناڵاندوویە و هۆی هەموو چارەڕەشییەکیشی، لە بێخەبەری و سڕی و سستی خەڵکەکەدا زانیوە. هەر ئەمەش جاروبار تووشی زەحمەتی کردووە و تەنانەت جارێکیش لە ساڵی ١٣٢٥دا، گرتوویانە و دەوری دوو ساڵ بە زیندانی بۆکان و سەقز و مەهاباد و ورمێدا گەڕاندوویانە.

سەید کامیل سەرەنجام لە ڕۆژی ٥ی خەرمانانی ١٣٦٨ ک. هـ. (١٩٨٩ ز.)، لە زێدەکەی خۆیدا، کۆچ و باری بەرەو بارەگای هەتایی پێچاوە و بە ڕەحمەتی خودا چوو.

ئاوات پیاوێکی دیندار، خاکەسار، میهرەبان، میواندۆست و بەئاکار بوو. ئەگەرچی بە هۆی ناو و ناوبانگی بنەماڵەییەوە بۆی دەلوا بەهەشت بە خەڵکی بفرۆشێ و بەخۆشی ڕایبوێری، بەڵام سەید کامیل پیاوی ئەو فڕوفێڵانە نەبوو؛ وەکوو جووتیارێکی ئاسایی، بە جووتوگا و شەلەگە هەڵبڕین و دروێنەوانی و کەماکێشانەوە ژیاوە و سەری بەرز ڕاگرتووە.

بە کوردی و فارسی شیعری داناوە و بۆ نازناوی، «ئاوات» و «ئیمامی» هێناوە.

چەند نموونە لە شیعرەکانی:

دەخولێمەوە لەم ژیانەدا بێئامانج	دیتم کە نەمان خاوەنی سەد تەخت و تانج
ئێستا بە ژیانی خۆم گەشەم دێ پاشان	دەگریم کە ئەوەندە بۆ ژیام بێ قازانج

خەزانی گوڵ

(لە شینی حاجی بابای مامیدا گوتوویە)

دەڵێن ڕۆیی لە نێو مە گیانە ئەو زیبی گوڵستانە	بەڵام پێش چاوی دڵ هەر باقییە، ئەو سەروی بوستانە
هەموو سەروی سەهی سەریان نەوی کرد باغەوان ڕۆیین	گوڵیش وا خۆی ڕنی، لایێ خەزان لایێ لە خۆدانە
خەزانی گوڵ بوو، ئەی دڵ بۆچی کەوتە هەڵبەزە و لەرزە	بە تەشریف چوونی ئەو بۆ جەننەتولمەئوایی جانانە

شەوی جومعە لە نیوەی ئاخری شەو ئەو دەمەی خالیق
دەکا ئاواڵە دەرکی ڕەحمەتی بۆ هەرچی ئینسانە

نزوولە ڕەحمەتی بۆ توربەتی ئەو ساحێب‌ئیحسانە
وەکوو ڕۆژ ئاشکرا بوو بەو شەوە، ئەو ڕێژنە بارانە

سەبا قوربانی سرووت بم، بڕۆ خێرا بە تەڕدەستی
سەلامی ئاگرینی من بەرە بۆ ئەو سولەیمانە

بڵێ سەر بێنە دەر لەو مەنزڵە پڕ فەیز و ئەنوارە
بزانە چۆن برازای بێ‌وجوودت ماڵی وێرانە

هەچی تۆی دیبوو قوربان خاوەنی عەقڵ و فەراسەت بوو
ئەوا بێ‌هۆش و گۆش و بەخت و بەدبەخت و پەرێشانە

عەجایب مەحشەرت هێناوە بۆ ئەم باقی ماوانەت
هەرایە، شین و قوڕپێوانە، واوەیلایە، گریانە

هەموو ڕەشپۆشە عەرز و ئاسمان، کێو و کەژ و سەحرا
سەدای ناڵین و هاوارە لە ماڵی خوێش و بێگانە

«ئیمامی» ماڵی کاول بوو نەما هێزی شکا باڵی
لە تاو مامی وەکوو بابی لە ژینی خۆی هەراسانە

بەهاری تازە

وا هات بەهاری تازە شنەی بای شەماڵە دێ
ناقووسی ژینی پڕ لە هیوای کیژ و کاڵە دێ

قاسپەی کەوی بنار و کەژ و کێو و یاڵە دێ
کۆتر لە سەر ڕەوەز بەگمە و ناڵەناڵە دێ

جیکەی مەلە، هەرایە، وشەی باڵی داڵە دێ

* *

شین بوو زەوین و مێگەلە مەڕ ڕۆیی بۆ لەوەڕ
پڕ بوو لە کارەکاڕی مەڕی شیو و دەشت و دەر

شوانان کە پەنکی تازەیی خۆیان دەکەن لەبەر
هەڵدێنە نێو هەوارەوە کیژان بە جلکی تەڕ

بارانە، بایە، گوڕڕەگوڕی هەوری تاڵە دێ

* *

ڕێک چیغ و چادرن دەدرەوشن لەسەر چیا
وەک خاڵی ڕەش دەچن کە لەسەر ڕوومەتی درا

ڕندوو لە هەر کوێ ما کوڵی فرمێسکی هەڵڕژا
بەو بۆنی چابوو خۆ کوڵی دڵ تۆزێ دامرا

کاتی هەوارە، قیژەیی کابانی ماڵە دێ

* *

دونیا وەکوو بەهەشتە سەراسەر بووە گوڵووک
خونچە کە دەست نەخوردەیە وا بۆتە تازە بووک

هەرکەس گوڵێک بە ڕۆح نەکڕێ پێی دەڵێن چرووک
کاتی نەماوە کاکە خەم و ئاه و نووکە نووک

کیژان لە گوڵ‌چنین و بزەی چاوی کاڵە دێ

* *

تیپی گوڵان گەیشت و وڵات بوو بە زێو و زەڕ
بولبول بە جوش و کوڵ لە نێوان شەو دەباتە سەر

شەونم لە سەر چڵۆیی گوڵان کەوتبوو بە بەر
نەرگس بە بەرگی زەردەوە هێناویە خەبەر

یانی گوڵاڵەسوورە لە خوێندا شەلاڵە دێ

ئـەمنیش هــەژار و دڵبــەخــەم و چـاوەڕێ پــەیام کێهــە پــەیام؟ پــەیامی ڕەفێقــانی وەک بــرام
پاڕامــەوە لــە خــالیقی بــوون و نــەبوون، بــەڵام هــەروا بــەداخــەوە گلەمــە، هــەر نــەبوو وەڵام
وێرانە ماڵ و حـاڵ و سـەدای کونـدەلاڵـە دێ

* *

خوێندی لە کوێ سـووانەیی تـالاری سـەوز و سـوور وێـرانی کـرد و تێکچـوو نـەما کۆشـکی پـڕ سـروور
دەگـرێ دڵــی هــەژاری «ئیمـامی» وەکـوو تــەنوور دەگری دەڕێژێ خوێنی گەشـی دڵ لـە خـوار و ژوور
هەرکوێ دەچێ لە دووی ئەوان زاڵـەزاڵـە دێ

غەزەلێکی فارسی:

چه شود اگر بـه رحمـت، مـن بینـوا نـوازی مـن اگـر نیازمنـدم، تـو کـریم و بـی‌نیـازی
به چه رو روم به درگه که بـسی گناهکـارم من مبتلا و نـادم، تـو و عفـو و چـاره‌سـازی
بجــز از در تــو یــارب! در سـرفراز نبـود بـه هـزار تـرس آیـم بـه امیـد سـرفرازی
به درت برم «امامی» سر خود بـه شرمـساری مگر آرد و گـذارد سـر و رو بـه خاکبـازی

دیوانی ئاوات. یاداشتی مامۆستا نافیع مەزهەر.

شێخ موحەممەدی خاڵ

کوڕی شێخ عەلی، لە بنەماڵەی ناسراوی «خاڵ»، ساڵی ١٢٨٣ ک. هـ. (١٩٠٤ ز.) هاتـە دنیـا. بـاب و کاڵـی، زۆربەیان لە زانایانی گەورە و بەناوبانگی کوردستان بوون کە ساڵانی ساڵ زانیـاری و زانـستە ئایینییـەکانیان پەرە پێ داوە. ئەم بنەماڵە سەرەتا لە چەرخی دەیـەمی کـۆچی ــمانگیـدا، چەنـد کتێبخانـەی گـەورەیان گەڕاندووە. یەکەم قوتابخانەشیان لە گوندی «چۆڕ»، لـە باشـووری شـاری مەریوانـە کـە مـەلا ئەبووبـەکری موسەننیف بنیاتی ناوە. یەکی‌تر لە «قەڵاچوالان»، ناوەندی حوکمەتی بابانەکان بووە کە لەگـەڵ گوێزرانـەوەی ئەو ناوەندە بۆ سلێمانی، ئەویش گوێزراوەتەوە.

موحەممەد نۆ ساڵان بووە بابی لە دنیا چووە و باپیری (حاجی شێخ ئەمینی خاڵ) سەپەرشتیی کردووە و لە مزگەوتێکدا کە خۆی مامۆستای بووە، پێی خوێندووە و ڕەشخوێنی قورئـانی پـیرۆز و هێنـدێک کتـێبی سەرەتایی عەرەبی و فارسیی فێر کردووە. پاشـان بۆخـۆی خوێنـدنی کتێبـانی وەک: «*عوامل جُرجانی*»، «*تصریف زنجانی*» و «*اظهار*»ی دەسپێکردووە. ئەوجار چۆتە خزمەتی زانای پارێزکار، شێخ جەلالی قەرەداغی و «*شرح کافیه*» لە نەحو و «*شرح شافیه*» لە سەرف و هـۆنراوەی «*کفایه*»ی مـەلا عەبدوڵـلای بەیتووشـی، لـە مـەعانی حـورووفی بـەلاوە خوێنـدووە. هـەروەها نامیلکـەی «*ادب*»ی ئیـسماعیل گەلەنبـەوی، «*فناری*» عەبدوڵڵای یەزدی و «*گَلَنبَوی بُرهان*»ی بـە پـەراوێزەکانی ئیبنوقـەرەداغی و مـەلا ڕەحمـانی پێنجـوێنی

بەسەریاندا، «*شرح عَقاید نَسَفی*» و«*حاشیەی خیالی*» و «*جمع‌الجوامع*»ی لە کۆڕی دەرسی مامۆستای گەورە، شێخ عومەری قەرەداغی و بەشێکی گرنگ لە کتێبی «*مُغنی المُحتاج فی شرح المنهاج*» و «*تقریب المرام فی شرح تهذیب الکلام*»ی شێخ عەبدولقادری موهاجیری لە خزمەت مەلا حوسەینی بسکەندیدا خوێندووە.

ساڵی ١٣٠٠ ک. هـ. (١٩٢١ ز.)، حاجی شێخ ئەمینی خاڵ لە دنیا چووە و شێخ موحەممەد ـ کە ئەو دەم ١٨ ساڵی بووە ـ لە لایەن ئەحمەد تەفیق‌بەگ، فەرمانداری سلێمانیوە، لە جێی دانیشتووە. هەر لەو ساڵەشدا، ساختمانی قوتابخانەکەی بە شێوەیەکی شیاو، نوێ کردۆتەوە؛ وا کە ئێستاش ئەو شوێنە، ناوەندێکی ئاوەدانی دینی لە شاری سلێمانی دێتە ئەژمار.

شێخ موحەممەد لەو سەردەمانەدا، تەفسیری «*المَنار*»ی سەید ڕەشید ڕەزا و کتێب و نووسراوەکانی شێخ موحەممەد عەبدوهـ و بلاڤۆکی «*عُروة الوثقی*» و هێندێکی‌تری ـ کە توێکڵی پتر لە هەزار ساڵەیان لەسەر ئایین فڕێ‌داوە و بە شێوەیەکی نوێخوازانە باسی دینیان کردووە ـ خوێندەوە و وەک خۆی دەڵێ: ون کراوەی لەمێژینەی دۆزیەوە و دڵی پێ ئەسپارد و لەدووی کەوت. بە شوێن ئەوەدا، بە وتاردان و نووسین، لەگەڵ خەڵکی هاوزمانیدا پێوەندی گرت و بەرهەمی بایەخداری ـ لە کتێب و نامیلکە ـ بڵاو کردنەوە.

مامۆستا خاڵ ساڵی ١٣٠٨ ک. هـ. (١٩٢٩ ز.) بوو بە قازی و پێڕای تۆژینەوە و نووسین، ماوەی ٣٨ ساڵ، لە نێوانی خەڵکدا، دادوەری کرد.

ساڵی ١٣٣٣ (١٩٥٤)، بە هۆی نووسینی کتێبێک لەمەڕ ژیان و خزمەتەکانی شێخ موحەممەد فەیزی موفتی زەهاوییەوە، وەکوو ئەندامی جێنشین، لە «مجمع العلمی العراقی»دا وەرگیرا و ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠)، بوو بە جێگرسەرۆکی «کۆڕی زانیاری کورد» لە بەغدا و کە ئەو کۆڕە هەڵشێواوە، کرایە ئەندامی سەرەکی لە «مجمع»دا.

شێخ موحەممەدی خاڵ سەرەنجام پاش ٨٥ ساڵ ژیانی پڕپیت، لە ساڵی ١٣٦٨ ک. هـ. (١٩٨٩ ز.)، ژیانی سەر دنیای بەجێ‌هێشت. ئەو مامۆستا زانایە، لەگەڵ باری ئایینی و ئیسلامەتیدا، خزمەتی زۆر بایەخداری بە زمان و وێژەی میللەتەکەی کرد.

بەرهەمەکانی مامۆستا خاڵ:

١. «*تەفسیری خاڵ*»، بە کوردی، چوار بەرگ.
بەرگی یەکەم، ٢١٨ لاپەڕە، بەغدا، ١٩٦٩ز.
بەرگی دووهەم، ١٩٨ لاپەڕە، سلێمانی، ١٩٧٢ز.
بەرگی سێهەم، ٢٢٤ لاپەڕە، سلێمانی ١٩٧٩ز.
بەرگی چوارەم، ١٣٦ لاپەڕە، سلێمانی ، ١٩٨١ز.

٢. «*فەرهەنگی خاڵ*»، کوردی ـ کوردی، سێ بەرگ،

بەرگی یەکەم ٣٣٨ لاپەڕە، سلێمانی، ١٩٦٠ز.

بەرگی دووهەم، ٣٣٨ لاپەڕە، سلێمانی ١٩٦٤ز.

بەرگی سێهەم، ٥١١ لاپەڕە، ١٩٧٦ز.

٣. «*پەندی پێشینان*»، بەغدا، ١٩٧٥ز.

٤. «*موفتی زەهاوی*»، کوردی، بەغدا، ١٩٥٣ز.

٥. «*البیتووشی*»، عەرەبی، بەغدا، ١٩٥٧ز.

٦. «*الشّیخ معروف النودهی*»، عەرەبی، بەغدا، ١٩٦١ ز.

٧. «بابا *تاهیری هەمەدانی*»، کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧ز.

٨. «*ناڵەی دەروون*»، بەغدا، ١٩٨٤ز.

٩. «*مەولوودنامەی نَواثر*» یان «*مێژووی پێغەمبەر*»، سلێمانی، ١٩٣٧ز.

١٠. «*فەلسەفەی ئایینی ئیسلام*»، کوردی، سلێمانی، ١٩٣٨ز.

١١. «*شەرحی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی*»، کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩ز.

١٢. «*پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا*»، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٤ز.

١٣. «*سەید جەمالەدین ئەفغانی*»، کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦ز.

١٤. «*مەلا موحەممەدی خاکی*»، کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨ز.

لەم مامۆستایە چەند نووسراوەی تریش بەجی‌ماون کە تا ئێستا چاپ نەکراون.

خوا لێ خۆشبوو شێخ موحەممەدی خاڵ، پەخشانی کوردی، جوان و ڕەوان دەنووسی؛ نموونەیەک کە لە گۆڤاری «گەلاوێژ»دا چاپ بووە:

من و چەمچەماڵ

ئەگێڕنەوە ئەڵێن: ساحیبی کوردی عەببادی وەزیر، ڕۆژێ لە دیوانی خۆی بە تەنیا دائەنیشێ؛ لەبەر بێهاودەمی نازانێ چی بکا و چۆن ڕابوێرێ. ئەمجار دەست ئەداتە قەڵەم بۆ ئەوەی کە هەروا هەرزەنووسی بکا و خۆی بخلافێنێ؛ ئیتر بە بێ ئەمە کە بیەوێ شتێکی تایبەتی بنووسێ، یا مەبەستێک بخاتە سەر کاغەز. وەزیر هەر لە خۆیەوە بە ڕێکەوت ئەم عیبارەتە بە نووکی قەڵەمەکەیا دێ و ئەنووسێ: «أَیُّها القاضی بِقُمْ! قَدْ عَزَلْناکَ فَقُمْ». یانێ ئەی قازی شاری «قُم» وا دەرمان کردی؛ ئیتر هەستە بڕۆ. وەزیر کە تەماشای عیبارەتەکەی خۆی ئەکا، وا دوو قافیەی زۆر جوانی بۆ هاتووە، مرخی لێ خۆش ئەکا و ئەڵێ: بە خوا حەیفە ئەم عیبارەتە جوانە فڕێ بدەم، وا چاکە بینێرم بۆ قازی شاری قُم و ئەوی پێ عەزڵ بکەم. کوتووپڕ وەزیر فەرمان ئەدا بە نووسین و مۆر کردن و ناردنی بۆ قازی قُم. بەڵام قازی پیاوێکی زۆر زیت و زرنگ و زیرەک و دانا ئەبێ. لەگەڵ کاغەزەکەی پێ ئەگا و ئەیخوێنێتەوە، کوتووپڕ تێئەگا و ئەڵێ: «واللّٰه ما عَزَلَتْنی الّا هذه السجعَةُ» یانێ بە خوا هیچ شتێک منی بەدەر کردن نەدا، ئەم قافیەیە نەبێ.

منیش کە بە قازیەتی لە هەڵەبجەوە نێردراوم بۆ چەمچەماڵ و قافیەی «شێخ موحەممەدی خاڵ» و «چەمچەماڵ»م خوێندەوە، وتم یا حافیز! قافیەی پێشوو بوو بە بەهانە بۆ دەرکردنی قازییەک؛ ئەم قافیەیەش نەبێ بە بەهانەی دیلی من لە چەمچەماڵ! بەڵێ ئەم قافیەیەش منی ٥٢ مانگ و ٨ ڕۆژ دیل و پابەندی چەمچەماڵ کرد. هەروەک پیرەمێرد لە «ژین»ی ژمارە ٧٤٨دا نووسیویەتی. ئەڵێ:

دوو قافیـــەمان، لـــێ بـــوو بـــە دوو بـــاڵ　　　خـــاڵ و چەمچـــەماڵ، بـــە درێـــژی ســـاڵ

بەڵێ لەو ماوەدا چەن جارێ ویستم کە خۆم ڕزگار کەم و گشتەکی هیوام دوولانە با بدەم وکرژی بکەمەوە؛ بەڵام هەرچەند خۆم بە دەست و بازوویەکی بەهێز خەریکی بادانی ئەبووم بەلای ڕاستا، قافییەکەی پێشوو، بە دەست و بازوویێکی بەهێزتر و شان و ملێکی ئەستوورتر، بە لای چەپا خاوی ئەکردەوە و هەموو جارێ چاوی ڕەشی کاڵ ئەکردەوە و ڕیسەکەمی ئەکردەوە بە خوری. تا ئاخرەکەی خوا ڕزگاری کردم لە چەمچەماڵ و لە قافیەکەی؛ بەڵام لە پاش چی؟ لە پاش ئەوەی کە کەتنی خۆی هەر کرد و دەستی خۆی وەشاند. یاخوا هیچ کەسێ نە تووشی قافیەی پێشوو ببێ و نە دوچاری قافیەی پاشوو. بەڵام لە هەمووی خۆشتر ئەمە بوو و کە لە ڕۆژی نەورۆز و لە یەکەم ڕۆژی بەهارا، گەیشتمە شاری سلێمانی و چاوم ڕوون بوەوە بە چاو پێ‌کەوتنی دۆستان و بینینی گوڵ و گوڵزار و لالەزار و چەم و چیمەن و چڵ و چنوور و چیا و چنار و کانی و کارێز و تاڤگە و ڕەز و سەوزەر و باخ و دەشت و شاخ و گردی مامەیارەیەوە.

وەلێ بە ڕاستی ژینی چەمچەماڵم هەرچەند درێژ و ناخۆش بوو؛ بەڵام پانیش بوو؛ گەلێ شتی جوانم تیا نووسی و گەلێ شتی ناتەواوم تیا تەواو کرد. هەروەک گەلێ شتی نووسراویشم تیا پوختە کرد. کەوابوو من لە قافیەی خۆم بێ‌بەهرە نەبووم؛ بەڵام قوڕ بەسەر قازی «قُم» بۆ خۆی و قافییەکەی.

ژیانی من، شێخ موحەممەدی خاڵ. *فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد*، مستەفا نەریمان، ١٩٨٤ز. گۆڤاری *گەلاوێژ*.

موحەممەد ڕەسوولی شیرازی

کوڕی عەبدوڵڵا، لە مامۆستایانی پەروەردەی شاری سەقز بوو کە ساڵی ١٣١٤ ک. ھ. (١٩٣٥ ز.) لەو شارەدا هاتە دنیا و لەوێ و تا دواناوەندی خوێند. ئەوجار بۆ خوێندنی باڵا چوو بۆ غوربەت و لیسانسی زمان و وێژەی ئینگلیسی وەرگرت. پاشان گەڕاوە زێدی خۆی و تا وەنیشتە بوو، دەرسی زمانی ئینگلیسی گوتەوە و سەرەنجام لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ ک. ھ. (١٩٨٩ ز.)، سەری یەکجاری نایەوە.

شادڕەوان شیرازی پیاوێکی ئاکاربەرز و خێرخوازی خەڵک بوو؛ ئەوی دەیناسی خۆشی‌دەویست و بە چاکە ناوی لێ دەبرد. خاوەن هۆش و بیرێکی تیژ و زەوقی شیعر بوو. جاروبارە بە کوردی و فارسی شیعری دەگوت. بێجگە ئینگلیسی، کوردی و فارسیی باش دەزانی و لە عەرەبیشدا خراپ نەبوو. یەک لە

بەرهەمەکانی، وەرگێڕاوەیەک بەناوی «*بنیاد جهان*»، بە زمانی فارسییە، نووسراوەی مەک میلان.

مامۆستا نافیع مەزهەر لە شینیدا شیعرێکی داناوە؛ کە ئەوا بەشێکی:

سڵاو لە ڕۆحت سەدجار شیرازی — خوا بە لوتفی خۆی لێت ببێ ڕازی
ئەتۆ پسپۆڕ و خاوەن قەڵەم بووی — بۆ هەموو کەسێ شەریکی غەم بووی
وێنە و مانەندی ئەتۆ زۆر کەم بوو — تەواوی باشی لە تۆدا جەم بوو
ئەدیب و زانا و شاعێر و پیاوچاک — موسوڵمانێکی ڕۆشنبیر و پاک
عەلاقەی زۆرت بە شارەکەت بوو — دڵخۆشیت تەواو بە کارەکەت بوو

داخی گرانم بۆ وا زوو مردی؟
بۆ بە جێتهێشتین بۆ دنیا و دەردی؟

با کۆڕێ بگرین، بگرین زۆر بە کوڵ — وەک شینی بولبوڵ لەسەر پەڕەی گوڵ
بڵێین مامۆسای مێهرەبانم ڕۆ — پیاوی بێهەوا و خوەشبەیانم ڕۆ
خۆشەویستەکەی شاری سەقز ڕۆ — غەمخۆری گەلی ڕووت و عاجز ڕۆ
زانای زۆربەرزی نیشتمانم ڕۆ — ڕۆڵەی دڵسۆزی کوردسانم ڕۆ

ڕەفیقی ڕاز و دڵنەوازیم ڕۆ
وەی شیرازیم ڕۆ، وەی شیرازیم ڕۆ

ئێمە بۆ خواین و بۆ لای ئەو ئەچین — ئەگەر ڕاسڕەو بین یا ئەگەر کەچین
گڵکۆت جێی کەیف و شادمانی بیت — جێگات بەهەشتی جاویدانی بێت
وەک هەژار ئەڵێ بۆ مەرگی هێمن: — ڕۆیشتی و غەمت بەجێهێشت بۆ من
پیرم، «شپرزە»م بەسمە گفتوگۆ — منیش بە تەمام زوو بێم بۆلای تۆ

وەرگیراو لە یاداشتی مامۆستا نافیع مەزهەر.

مەلا غەفوور

شاعیری وردبین و خۆشکەلام، مەلا غەفووری دەباغی، مەشهوور بە حافیزی مەهابادی، کوڕی دەروێش عەبدوڵڵا، ساڵی ١٣٠٦ ک. هـ. لە شاری سەقز هاتە دنیا. بابی دەواخچی بوو؛ بە بۆنەی کارەوە، ناچار چوو بۆ بانە و غەفوور ـکە ئەودەم منداڵێکی کرچ و کاڵ بوو ـ لەو شارەدا هاوڵەی تووش هات و ئەو نەخۆشییە پاش ماوەیەک کوێری کرد.

حەوت ساڵان بوو بابی بردیە لای میرزا موحەممەد کەریم ناوێک، قورئانی پێ فێر بکا. بەم جۆرە تا ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١)، دەوری نیوەی قورئانی لەبەر کرد. لەو ساڵەدا ئاوری دووهەم شەڕی جیهانی، گەیشتە

کوردستان و هاوکات، دەوڵەت، هێز و دەسەڵاتێکی وای نەما. لە بانەدا حەمە ڕەشیدخان سەری هەڵدا و ناوچەکە تووشی بشێوە و ئاژاوە بوو. دەروێش عەبدوڵلا باری کرد بۆ مەهاباد و لەوێش کوڕەکەی ئەسپاردە مەلا ئەحمەدی حاجی بایەزید، بەشکوو ئەو کارەی دەستیپێکردووە، تەواوی بکا. بە کورتی، هەشت ساڵی خایاند تا غەفوور، هەموو سی جزمی قورئانی لەبەر کرد. پاشان بە فەرمانی باوکی چووە خزمەتی مامۆستایان: مەلا حوسەینی مەجدی، بۆ خوێندنی عەرووز و قافیە، حاجی مەلا خالیدی وەحیدی، بۆ شەرع و هەروەها قازی موحەممەدی خدری لە شنۆ، بۆ شەرحی عەقاید.

مەلا غەفوور ساڵی ١٣٣٠ ک. ھ. (١٩٥١ ز.)، پێڕای دەرسی مەلایەتی، وازی چووە سەر شیعر و شاعیری و لە هەموو شتێک زیاتر، کەوتە لەبەرکردنی شیعری شاعیرانی کورد و فارس. لەو سەردەمەدا، زۆربەی کاتی لەگەڵ فەقێیان ڕادەبرد و بە یارمەتی ئەوان، شیعرێکی زۆری لەبەرکرد. شیعری زۆر بیستن و لەبەرکردنیان، هەستی شاعیری خۆشی بزواند و وردە وردە توانی شیعری جوان و ڕەوانیش بێژێ و بەتایبەت لە تێهەڵکێشی شیعری شاعیرانیتردا، دەستێکی باڵای پەیدا کرد.

شیعری مەلا غەفوور ـ کە یەکجار بێگرێ و ڕەوان و جوانە و بە دڵەوە دەنیشێ ـ ناوی خاوەنەکەی خستە سەرزاران؛ بەڵام ئەو ناو و ناوبانگە، بۆ مەلا غەفوور، نانی لێ شین نەدەبوو. یەکجار بە هەژاری دەژیا و ئەگەرچی دەرۆزەیی لە هەموو شتێک پێ ناخۆشتر بوو، لە ناعیلاجی ڕەگەڵ چەند حافیزی تر دەکەوت و زەکاتی کۆ دەکردەوە؛ یان شیعری بۆ ئاغایەک دەگوت و شتێکی لێ دەساند.

کودەتای قاسم لە عیراق و گۆڕانی بارودۆخی ئەو وڵاتە لە هاوینی ١٣٣٧ ک. ھ. (١٩٥٨ ز.)، زۆری کار کردە سەر هەستی مەلا و لەو سەردەمەوە، شیعری زیاتر باری کۆمەڵایەتی گرتە خۆی و بە هەموو زمانێک، لە گەپ و گاڵتەوە تا تیز وتانە، تا بە شێوەی ڕاستەقینە، شیعری بەقەوەتی بۆ تڕۆکردنی ناحەقیکاران و گەلخۆران و دەسەڵاتدارانی بێئاکار دانا و بوو بە زمانی مەردمی بەشخوراو و داماو.

مەلا غەفوور ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١)، لێبڕا خەتی کوێران (بریل) فێر ببێ و تا تەواو پێی ڕانەهات، لێی نەبۆوە. پێڕای ئەوەش لێکەوت، قسەی نەستەق و مەتەڵۆک و دەستەواژەی کوردی کۆ کردەوە و کردنیە شیعر و کتێبێکی یەکجار بایەخداری لێ بەرهەم هێنا؛ کە لەبەر هێندێک مەتەڵۆکی بۆندار، ساواکی شا بردی و تازە نەیداوە. مەلا بە بیرکردنەوە ، هێندێکیانی وەبیرهێنانەوە؛ کە لێرەدا چەند نموونەی دەخوێنینەوە:

وایان فەرمووە پیاوانی زانا　　کۆسە چوو بۆ ڕیش، سمێڵی دانا

*

بەو کەسە دەڵێن عاقڵ و وشیار　　دووجار لە جێیەک پێوەی نەدا مار

*

لە نێو خاس و عام ئەم قسە زۆرە　　ماڵی خۆ نەخۆر، بۆ چەکمە بۆرە

چـرای مەزڵـوومان دایم بـێ‌نـووره ئــاوی زاڵــمان ســەربەرەو ژووره

*

کــێ بەرزەفــڕە و خۆبــەزڵ‌زانــە ڕۆژێ ئــەیهاڕێ ئاشــی زەمانــە

*

لــە شــار و لادێ ئـەم نەقـڵە بـاوە گیای شین بە جێگای سەختەوە ماوە

*

قەل ئەڵێن لاسای کـەوی کـردەوە ڕۆینەکەی خۆشی لـە بـیر بـردەوە

*

جارێکت خواردم بـە سـندانت بـێ دوو جارت خواردم، نۆشی گیانـت بـێ

*

بە کـەم قایـل بـە تـا زۆرت دەبـێ هەشت بێ لە مشت بێ، نەک نۆ بێ و نەبێ

*

کەسێ نەگبەتی بێتـە سـەر شـانی پەڵۆلــە بخــوا دەشــکێ ددانی

*

تەماع سوێراوە، وەک ئـاو دەنوێنـێ تـا بیخۆیتــەوە توونیــەتی دێنــێ

مەلا، لەم دواییانەدا لە نێو خەڵـکی شـاری مـەهاباد، وەج و ڕێزێکـی پەیـدا کردبـوو. زۆرێـک خۆشـیان دەویست و لایان چۆڵ نەدەکرد و بەم بۆنەوە تا ڕادەیەکی باش بەڕێوە دەچوو. بۆخۆی، بە پێزانییەوە، دەڵێ:

کانگـەی شـەرەف و غـیرەت و ویژدانـە مـەهاباد
چاوگـەی کـەرەم و هیممـەتی مەردانـە مـەهاباد
جێـی حورمـەت و ڕێـز گـرتنی میوانـە مـەهاباد
بووژێنــەرەوەی ڕووت و هەژارانــە مــــەهاباد
ئامــادەیی خزمــەت بــە غەریبانــە مــەهاباد

سابلاغی سەتی دەی لە خـەمی بـوون و نەبوونـە
بــاقی دی شــەریکی خــەمی دامـاو و زەبوونـە
خەڵـکێکی نیـەت‌پـاکن و بیریـان هـەموو ڕوونـە
ئـەم شـارە لـە بـۆ کـاری بـەجێ بۆتـە نموونـە
تــاریفی لــە نـاو خەڵـکی ولاتانـە مـەهاباد

لـێ بـووردن و ڕەحـم و بـەزەیی لێـرە کـە بـاوە
میراتــە لــە پێــشینەوە بــەو خەڵــکە بــڕاوە
ئازایــەتی و غــیرەت و هیممــەت لــە خــوداوە
هەسـتێکە لـە پـاڵ میللـەتی ئـەم شـارە نـراوە
دڵپاکی و بێبـاکی لـە خـۆی جوانـە مـەهاباد

دڵـیان پـڕە سـابلاغی لـە ئـیخلاس و ئـیرادەت
ڕووخوش و گەشن بێغەرەزن دوور لە حەسادەت
لایــەنگری مزگــەوت و ئەوینــداری عیبــادەت
دینــداری و تاعــەت چووەتــە ئەوپــەڕی عــادەت
ســەرچاوەیی خواناســی و ئیمانــە مــەهاباد

لەم شارە بـڕێک کاربـەدەس و خێـوی مەعاشـن
بیـستی لـە سـەتا خـاوەنی سـامان و قوماشـن
داخم کە بەشی زۆرتری دەسـکورت و لـە پاشـن
بۆ دەستودڵ و خزمەتی خەڵـکی هـەموو باشـن
ئەرکێکی گەلێ قورسی لە سەر شانە مـەهاباد

دڵــسۆزی بــەرەی لارەمــل و بــێدەســەڵاتن
یاریــدەدەری خەڵــکی ڕەشوڕووتی وڵاتــن
ئەهلێکی بەشەردۆست و بە بەخـشین و خـەڵاتن
لای گشتی لە مەیدانی کـەرەم، شـەرمە هـەڵاتن
چون مەرکەزی دەس‌گـرتن و ئیحـسانە مـەهاباد

کەمیان لە خەمی سـەروەت و زۆر کـردنی ماڵـن
زۆربەی تەشەنی مەعریفـەت و کەسـبی کەماڵـن
لاگــیری حــەقن، دژ بــە خورافــات و بەتاڵــن
لێــزان و بــەبیرن لــە قەڵــەمدا هــەموو قاڵــن
لانــەی گــەلی بـیر ڕوون و بزۆزانـە مـەهاباد

شارێکی چ خۆش‌دیمەن و جوان و بەحەشـیمەت
لاوانی چ خــوێن‌شــیرن و پیتــۆڵ و بلیمــەت
گەنجی هـەموو گەنجینـەیی هێـژا و بـەقیمـەت

پــیرانی پتــەوبــیرن و بــۆ ئێمــە غەنیمــەت

زانــستگەیی پــسپۆڕ و ئەدیبانــە مــەهاباد

مــن لێــرە کەســێکم کــە دەزانــن هــەموو نــاوم

ســی‌ساڵــە لــە نــاو میللــەتی ئــەم شــارە ژیــاوم

پــیرم لــە ڕواڵــەت چــل و نــۆ ساڵــی تــەواوم

پــێم‌وایــە لــە ســایەی ســەری دۆســتانەوە لاوم

خۆشی بە گــەلی هــاوڵ و دۆســتانە مــەهاباد

مەلا غەفووری دەباغی سەرەنجام لە بەیانی یەک‌شەممبە ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٩ ک. م. (١٩٩٠ ز.) لە مەهاباد، دنیای تاریکی بەرهەڵدا کرد و ڕووی کردە بارەگای نوورانی خودا. خەڵکێکی زۆر تەرمەکەیان تـا سەرقەبرانی «بوداق سوڵتان» لەسەر شان بەڕێ کرد و لەوێ، لە پـەنای شـاعیری نـاوداری کـورد (مامۆسـتا هێمن) ناشتیان.

چەند شیعری مەلا غەفوور:

پەری گیان

ئەی تەختی هەنیت، تەختی سزادانە پەری گیـان!
وەی چاڵی چەنەت قوژبنی زیندانـە پـەری گیـان!

شمــشیری بــرۆت پــارە دەکــا جــەرگی ئەویـندار
خنجێـری مـوژەت قاتـڵی لاوانـە پـەری گیـان!

بــسکت شــەوەیە، ئاڵــی دڵــە ڕوومــەتی ئاڵــت
ئەم خاڵ و خەتەت قابیزی سەد گیانە پەری گیان!

بەرگێکــە بــڕاوە بــە قــەد و قامــەتی شــۆخت
ئەم جەور و جەفا و خەڵکی بەکوشتدانە پـەری گیـان!

چاوەمەسـتی و تەڕدەسـتی و عاشـق‌کـوژی و نـاز
تەننازی و عـەییاری لـە تـۆ جوانـە پـەری گیـان!

چــاوم نییــە زۆر موســتەحەقی خێــر و زەکــاتم
ماچێ بدە بـەم کـوێرە بـەسـەزمانە پـەری گیـان!

گازندە لە هەژاری

لالووتــە لــە ئێمــە چــەرخی گــەردوون
پــێ‌حەیفــە بــژین بــە بــەختیاری

بەرگێکـــە بـــە بـــەژنی مـــن بـــڕاوە
قــــەرزای و ســــەرکزی و هــــەژاری

دەســـتم بـــە دوعایـــە خەڵـــکی بمـــرێ
تـــا نانـــێ بخـــۆین لـــە تازیـــەداری

تـــف لـــەم بەشـــە، لـــەم ژیانـــە حـــافز
ئـــەو نانـــە بکـــەی بـــە ژەهـــری مـــاری

بــێ‌چاوییــە هــۆی کــزی و کەساســیت
ســــەرباری خەڵـــک بی، نالـــەباری

هـــەروا بـــووە ژیـــنی ئێمـــەمانـــان
تایبـــەت لـــە ولاتی کـــوردەواری

شـــاعیر کـــە ژیـــانی پـــڕ لـــە ژانـــە
فـــەرقی چییـــە پـــاییز و بـــەهاری

کـــێ ژیـــر و بـــە بـــیر و هەســـتیارە
بـــەختی ڕەشـــە، تاڵـــە ڕۆژگـــاری

ئــەو خەڵــکە تکایــە لــێم ببــووورن   حــەق نابێ لــە هــیچ کەسێ وەشــاری

شێوەیەک تێهەڵکێشی شیعری شاعیرانی گەورە، بە تیزەوە:

دل مــی‌رود ز دســتم، صــاحبدلان خــدا را
گازمان نەماوە چی‌بکەم؟ دەس ناکــەوێ لــە شــارا
دردا کــە راز پنهــان خواهــد شــد آشــکارا
پارووی چــەوْر مەحاڵــە، دەســتت نــەبێ لــە کــارا
ای صــاحب کرامــت شــکرانەی ســلامت
سەرمامە وەختە قڕ بم، گەرمی‌کە ئەو حەمامــەت
روزی تفقــدی کــن درویــش بینــوا را
تــا دەمــدەنێ قــڕەدێ، چوانــانی نــانوا را
ده روز مهــر گــردون افسانه اســت و افسون
زەمانە وای کوتاوم خۆم نــاگرم لەســەر قــوون
نیکــی بــە جــای یــاران فرصــت شــمار یــارا
پێم خۆشە یارمەتیم دەن دۆستان لــە کــار و بــارا
در حلقەی گل و مُل، خــوش خوانــد دوش بلبــل
گوێ کپ کەن و مەبیسن وەعدەی بەتاڵ و زلْزل
هــــاتالــــصبوحُ هبــــوا یــــا ایهالــــسُکارا
چی‌دی مەکەن کوڕوکاش لــە نێو پــەریز و جــاڕا
آئینــەی ســکندر جــام مــی اســت بنگــر
تا ئەسپی شێ لەوێ بێ، پیاو چۆن دەچێتــە ســەرکەر
تــا بــر تــو عرضــە دارد احــوال ملــک دارا
تەپڵی کەساسی دەکــوتن دارا لەگــەڵ نــەدارا
هنگام تنگدستی در عــیش کــوش و مــستی
چەک بێ‌مەحەل بکێشە تا پووڵت دێتــە دەســتی
کــاین کیمیــای هــستی قــارون کنــد گــدا را
شیرینە ماڵی مفتــێ، خۆشــتر ئــەچێ بــە زارا
حافظ به خود نپوشید این خرقــەی مــی‌آلــود
بینێرە بەڵکوو بیشۆن لە ماڵی سۆفی مەولوود
ای شــیخ پاکــدامن معــذور دار مــا را
نەیبەیتــە چــەم قــڕی دێ ماســی لــە ڕوودبــارا

* * *

پادشــاهی پــسر بــە مکتــب داد
وتی تۆش کەر نــەبی وەکــوو فــەرهاد
لــوح ســیمینش در کنــار نهــاد
نــەکوو قــۆڕی بکــا بــە شــەق ئوســتاد
بــر ســر لــوح او نوشــته بــە زر
ژنی چــی نێرەکــەر نەکــەی زەڕە زەڕ
جــور اســتاد بــە ز مهــر پــدر
خوێندنت ناوێ چش بە توونی تەتــەر

دیاری مەهاباد، چاپی یەکەم، نەورۆزی ١٣٦٣ ک. هـ. یاداشتەکانی نووسەر.

شێخ عیمادی مەردۆخی

کوڕی شێخ ئەحمەد، لە بنەماڵەی مەردۆخی، ساڵی ١٢٩٧ ک. هـ. (١٩١٨) لــە گونــدی «دەژن»، لــە نێــوان بێلوار و هەورامان، هاتە دنیا.

تا ئەم دواییانە، دەژن یەک لە ناوەندە زانستییەکان بووە و کەڵەپیاوانی وەک شێخ موحەممەد «فخرالعُلمـا» (حەیران)، شێخ نیزامەدین «نظام‌العُلما» و شێخ ئیمامەدینی مەردۆخی، لەوێوە سەریان‌هەڵداوە.

عیمادەدین هەر بە منداڵی و لە زێدی خۆیدا، لە خزمەتی بابی ڕەشخوێنی قورئـان و لای مـامی (شـێخ مەسعوودی خەتات)، زبانی فارسی و «*گلستان*» و «*بوستان*»ی خوێند و هەروەها خۆشنووسـی مەشـق کـرد. پاشان ـ وەک زۆربەی فەقێیان ـ لەگەڵ غەریبی و نەداری و بێ‌کەس‌وکاری، ماوەی چەنـد سـاڵان، کەوتـە گەڕان بە قوتابخانەکانی کوردستاندا و خزمەتی زۆر مامۆستای زانا گەییشت و دوایـی گەییـشتە سـنە و لـە کۆڕی دەرسی زانایانی وەک: مەلا موحەممەدی مودەڕڕیس گـورجی، مـەلا مـەحموودی مـوفتی و مـەلا عەبدولعەزیمی موجتەهید، خوێندنی تەواو کرد و ئیجازەی لێیان وەرگرت. ئەوجار چووە گوندی «کاشـتەر» و پاشان «سیویە» و هەر لەوێ ژنی خواست و بۆ بەڕێوەچوونی ژیان، کاریشی دەسپێکرد.

شێخ عیماد بە نازناوی «سەبری»، شیعریشی دەگـوت. زۆربـەی شـیعرەکانی، باسـی جـوانی سروشـت و دیمەنی بەهارە. ئەگەرچی دڵی لە لای سروشت و یەکڕەنگی لادێ بوو؛ بەڵام ناعیلاجی ژیـان و پێویـستی منداڵان بە خوێندن، ساڵی ١٣٣٩ بردیە شار و لە سنە بوو بە دەفتـەردار. ساڵـی ١٣٤٩، سـەفەری حـەجی کرد و بۆ بیرەوەری ئەو سەفەرەی، شیعرێکی گوت کە دو بەیتی سەرەتای ئەمەیە:

دولـت واقبـال مـن جانـا ز سـال پـار بـود　　　مقـصدم بیت‌الحرام و کعبـەی دلـدار بـود
ظاهراً منظـور مـا حـج و طـواف کعبـە بـود　　　لیک در باطن هدف، جلب رضای یار بـود

مـانگی سـەرماوەزی ساڵـی ١٣٦٩ ک. هـ. (١٩٩٠ ز.)، شـێخ عیمـاد لـە شـاری سنە، بـە شـەقامێکدا تێدەپەڕی، ماشێنێک بە توندی لێی‌دا و برینداری کرد و چەند مانگ لەودوا گیانی پاکی، لەشی شکەستەی بەجێ‌هێشت.

خوا لێ خۆشبوو شێخ عیمادی مەردۆخی پیاوێکی میهرەبان، ئاکارباش، دڵپاک و یەکڕەنگ بـوو. مانـای خۆ بە زل زانینی نەدەزانی و هەموو، لە گەورە و پچووک، خۆشیان دەویست. دڵـێکی گـەورە و دامـەزراوی هەبوو. کاتێ کە لە نەخۆشخانە کەوتبوو، هـەموو گیـانی دێـشا، نـەک نەیدەناڵانـد، ئـەو ژن و منداڵـەکەی دڵدەداوە و قسەی خۆشی بۆ دەکردن.

نموونەیەک لە شیعری سەبری:

ئـازیز جـە وەشـی شـکیای سـپای دەی　　　دەی بۆ وەشـی‌کـەین فرسـەتن سـادەی
جاسـووس وەهـار جـە هـەر دیـاردا　　　پـەرێ مـوژدەی فـەتح ئامـا و دیـار دا
پـەیک وەش‌قـودووم ئـەوەڵ وەهـاران　　　هۆرکەنـد جـە ڕیـشە وە ڕووی کۆساران
کـەرد گـەردەلوول زمـستان سـەرد　　　سروەی وای شەماڵ تـار و مـارش کـەرد
هـەور نـەو وەهـار مـەگرەوو بـە زار　　　خەنـدە مەکـەران باغـات و گوڵـزار
بـە دەسـت قـودرەت «ربّ‌العـالمین»　　　فـەرش زومـوڕڕود وزیـا ڕووی زەمـین
نـەرگس بـە وێنـەی نـیم‌نگـار دڵـبەر　　　جـە گۆشـەی سـەحرا سـەراوەرد وە بـەر

وەنەوشــە و سۆســەن شــەوبۆ و شــەقایق
شەرح مەدان یەک ـ یەک ڕەمـز حـەقایق

شەماڵ بـە عـەتری وەردی ڕووی دڵـبەر
گوڵاوپاشــی کــەرد تــەمام دەشــت و دەر

چارشــێو سـفیدان چــون قــورس قەمــەر
پەخشان بین جە سەر سەوزەی دەشت و دەر

جـــە دەور کناچـــان چـــوارده ساڵـــە
کـــوڕان چـــون ئـــەنجوم بەستـــشان هاڵـــە

شــەوق گــوڵان و دیبــای زەرد و ســوور
سەرزەمین کەردەن یەکسەر شۆڵـەی نـوور

وادەی شــادی و شــۆر جــوان و پــیرەن
چــون گۆشــەی ســەحرا وەش و دڵــگیرەن

بۆڵبولان جە وەسڵ گـولان مەسـروورەن
جوانـــان ســـەرمەس دڵان مـــەخموورەن

«عیمــاد» پــەرێ تــۆ حاڵــش پەرێــشەن
بێ‌تۆ تـەماشـای وەهـار پـەی چێـشەن؟

وەرگیراو لە یاداشتی کاک سەعدی مەردۆخی و یاداشتەکانی نووسەر.

هەژار[١]

شاعیری وشیار، نووسەری هەستیار، وەرگێڕی نوێ‌واز و پێشمەرگەی ئازادیخواز، مامۆستا عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندی، نازناو و ناسراو بە «هـەژار»، ساڵـی ١٣٣٩ ک. م. بەرامبـەر بـە ١٣٠٠ ک. هـ. (١٩٢١ ز.)، لـە شاری مەهاباد هاتە دنیا. بابی (مەلا موحەممەدی بۆر) پیاوێکی دیندار بوو؛ سەودای دەکرد و لـە کاسـبیدا باش سەری دەردەچوو؛ بەڵام دوو جار بوو بە ماڵ و دیسان چۆوە سەر سیفر ؛ جارێک لە سەردەمی شـەڕی یەکەمی دنیاگر، لە هێرشی ڕووساندا، کە تەنیا توانی گیانی دەرکا و هەرچێکی هـەبوو، کەوتـە بـەر تـاڵانی سوپای داگیرکەرەوە. جاریتر کە شکاک ڕژانە ناو شاری مەهاباد و ئەمجارە ڕەحمانی کوڕی، منداڵی سـەر بێشکە بوو، تەنانەت دەسرازە و پەڕۆپاڵی ئەویشان برد و تەواو کەوتەوە سەر ساجی عەلی.

دایکی (فاتم)، کچی حاجی سەید حەمەدەمینی سارەوانان بوو؛ شازدە ساڵان بابی خواسـتی و ڕەحمـان دوو ساڵی تەواو نەکردبوو، تووشی سیل هات و بە تازەلاوی، دنیا و کوڕە ساواکەی بەجێ‌هێشت.

ڕەحمان کە گەیشتە تەمەنی پێنج ساڵان، لای بابیەوە ئەلف و بـێ و ڕەشـخوێنی قورئـانی دەسـپێکرد. بەشوێنیدا چوو بۆ قوتابخانە و لەوێوە گەیشتە خانەقای شێخی بورهان و لە خانەقا «هێمن»ی ناسی و پێکەوە وانە سەرەتاییەکانیان خوێند و وردە ـ وردە شیعریان ناسـی و ئـۆگری بـوون. دوای ئـەوەش ـــوەک بـاقی

---

١. داستانی ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا هەژار، بە قەڵەمی خۆی، کتێبێکی گەورەیە، پتر لـە ٥٠٠ لاپـەڕە؛ بـە نـاوی «چێشتی مجێور». ئەو کتێبە بێ‌شک یەک لە پڕخوێنەرترین کتێبانی زمـانی کوردییـە؛ کـە زیـاد لـە بـاری زمـانی و ویژەیی، زۆرێک ڕووداوی، جێی تێڕامان و هەستبزوێنی لە خۆدا جێ کردۆتەوە. دیارە کتـێبی وا، لـە چەنـد لاپـەڕەدا ناگونجێ و خوێنەری هێژا، بۆ باش ناسینی ئەو کەڵەپیاوە و زانینی بارودۆخی دەورانێکی یـەکجار گرنـگ لـە مێـژووی کورد و کوردستان، پێویستە چێشتی مجێور بخوێنێتەوە.

خوێندکارانی ئایینی- بووە فەقێ و لە قوتابخانەی هێندێک دێهاتی ئەو ناوچەدا، لای چەند مامۆستا خوێندی و تازە پێنابووە ١٧ ساڵانەوە و خەریک بوو لە زانین و تێگەیشتن چێژەی وەردەگرت، بابی کۆچی یەکجاری کرد؛ نەختێک زەوی و زار و زۆرێ قەرز و قۆڵەی بۆ مایەوە و بە جارێک دەورانی بێخەمی و هەرزەکاری لێ بەسەر هات و ئەرکی بەڕێوەبردن و بەخێوکردنی خوشک و برایانی وردساڵی کەوتە سەر شان. ناعیلاج دەستی لە خوێندن بەردا و بوو بە جووتیارێکی لادێیی. ژنی خواست و وەک خۆی دەڵێ، فریشتەیەکی بردەوە ماڵ و لە سێبەریدا حەسایەوە. بەڵام ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی بەختی، یەکجار زوو ئاوا بوو؛ پاش دوو ساڵ، لە تۆفی لاویدا، سەری یەکجاری ناوە و بەجێی هێشت.

ئەگەرچی لە هەموو بارێکەوە بۆی دژوار بوو، لەبەر نیازی دەرس و مەدرەسەی منداڵان، ماڵی گواستەوە مەهاباد. لەوێ هەموو جۆرە کەسب و کاری دەکرد. لە لادێییان گەنم و تووتن و مەڕ و ماڵاتی دەساند و دەیبرد بۆ تەورێز و دەیفرۆشت. لەوێش شتومەک و وردەواڵەی دێناوە و بەم جۆرە تەواو بووژاوە. ماڵی کڕی و دیسان ژنی خواست و ئەمجاریش ژنێکی فیداکار و میهرەبانی بە نسیب بوو.

ڕەحمان پێڕای کەسب و کار، وازێکی زۆری لە ئەدەبیات، بەتایبەت شیعر و وێژەی کوردی هەبوو. هەرچی شیعری شاعیرانی کوردی دەس‌دەکەوت، دەیخوێند و ئەوی پێ خۆش بوایە، لەبەری دەکرد. هەروەها لەمێژ ساڵ بوو هەستی بە زەوقی شیعر لە خۆدا کردبوو؛ بەڵام لە ترسی بابی، زۆر ئاوڕی لێ نەدابۆوە. ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١)، هاوکات لەگەڵ ٢٠ ساڵانیدا، بارودۆخی ئێران، نەخوازە کوردستان تەواو گۆڕا و بە بۆنەی کز بوون و پاشان نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە وڵاتەکەدا، هەلێکی باش بۆ ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەران دەسکەوت کە سەرهەڵدەن و بە دانانی حیزب و کۆڕ و یەکیەتی، داوای مافی پێشێل‌کراوی گەلەکەیان بکەن. لەو نێوانەدا، سەرەتا لە هەموو ناسراوتر، کۆمەڵەی ژ. کاف. (ژیانەوەی کوردستان) بوو؛ کە عەبدوڕڕەحمانی شەرەفکەندی لە ڕیزی یەکەمین ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ئەهاتە ئەژمار. ڕەحمان لەو سەردەمەوە شیعری بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی خۆی و ڕاگەیاندنی هاواری دادخوازی خەڵکەکەی گوت. نازناوی «هەژار»ی هەڵبژارد و بڕیاری دا قەت بۆ نان و ئاسایشی خۆی شیعر نەیژێ و بە هەموو قەوەتی قەڵەمییەوە، بەرهەڵستیی دەسەڵاتدارانی ناحەقیکار بێ.

شیعرە جوانەکانی هەژار -کە بە زمانی خەڵکی لادێیی و قسەی دڵی پڕایی گەلەکەی بوو- لە ماوەیەکی کەمدا، کەوتە سەر زمانی گەورە و پچووک و دەستاودەست دەگەڕا. پێشەوا قازی موحەممەد، نازناوی «شاعیری میللی» پێ بەخشی و یەکەم دیوانی شیعرەکانی بە ناوی «*ئاڵەکۆک*»، لە چاپدرا و وەرگێڕایە سەر زمانی ترکی و بە ئازربایجانیشدا بڵاو کرایەوە. قازی زۆری خۆش‌دەویست و یەک لە نزیکان و ڕاوێژکارانی بوو.

پاییزی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)، لە سەفەرێکیدا بۆ شاری سەقز -کە وەکوو ڕاسپێراوی پێشەوا، لەگەڵ ئەفسەرانی ئەرتەشدا وتوویژی دەکرد- بە جارێ بار گۆڕا و فەرمانی گرتنی دەرچوو. لە زیندان،

سەرهەنگ غەففاری پێی ڕاگەیاند کە ڕووس فرۆشتوونی و بڕیاری دەسەڵات گرتنەوەی دەوڵەت لە وڵاتدا دراوە و قازانجی لەوەدایە پاشگەز بێتەوە و داوای لێبووردن بکا. ئەمیش وەرامی داوە بە هەموو گیانیەوە، لە سەر بڕوای خۆی سوورە و مردنی لە خۆ فرۆتن پێ خۆشترە.

پاش دوو مانگ مانەوە لە زیندانی سەقز، ویستیان بیبەنەوە بۆ مەهاباد. بە ڕێگادا دەرفەتێکی هێنا و هەڵات. لەو سۆڵەی زستان و بە ناو بەفر و بۆرانی بێئامانی ئەوساڵەدا، بەرەو عیراق تێی‌تەقاند و پاش چەند ڕۆژان، خۆی کرد بەودیوی سنووردا.

داستانی ژیانی هەژار لە عیراق ـ کوردستان و عەرەبسانی ـ سەرانسەر باسی بەسەرهاتی پیاوێکی ئەویندارە کە لە پێناوی دڵدارییەکەیدا، دەستی لە هەموو شتێ شتووە و هەڵوەدای وڵاتی غەریب بووە؛ بە کرێکاری، حەمباڵی، نۆکەری ماڵان، دەسفرۆشی و تەنانەت شاگردی مەیخانە، ڕازییە و تۆران و دڵئێشان و ساردبوونەوەی بە دڵدا نایە. سەردەمێ لە بەغدا، عەزیز قادری وێنەگرە؛ سەرەتێک لە کوردستانی سووریا، عەبدوڕڕەحمان حەسەنە؛ لە شوێنێک مەلا ڕەحمانی پێ ئێژن؛ جارێ مەلا موحەممەدە و چاخێک بە ناوی حاجی دەیناسن. بەڵام لە هەموو شوێنێک و بە گش ناوێکەوە، بۆ کورد و کوردستان حەولی‌داوە، شیعری داناوە، نووسیویە و هاوکاریی یەکگرتنە کوردییەکانی کردووە.

کاری دژوار و بێ حەسانەوە، خواردنی کەم و بێ بایەخ و جێ‌خەوی شێدار و خەوی ناخۆش، سەرەنجام تووشی نەخۆشینی سیللی کرد و زۆری لێ گرت و کەوتە حاڵێک خوێن دەرشاوە. بە یارمەتی و ئاسانکاری چەند دۆستێکی کوردی، گەیشتە نەخۆشخانەی «بەحنەس» لە جەبەلی لوبنان و ماوەی دوو ساڵ لەوێیان ڕاگرت، تا هێندێک چا بۆوە؛ ئەگەرچی پاش ئەو نەخۆشییە، یەک لە سییەکانی پووچاوە و شانێکی خوار بوو و چیتر ڕەنگی ساغییەکی تەواوی بە خۆوە نەدی.

وەک خۆی دەگێڕێتەوە، بەحنەس کتێبخانەیەکی گەورەی خاوەن هەموو جۆرە کتێبی کۆن و نوێیی عەرەبی بووە. هەژار لەو دوو ساڵەدا، زۆربەی کات و ساتی، هەر لە سەرەتای بەیانییەوە تا درنگانی شەو، خەریکی خوێندنەوەی کتێبان دەبوو.

بەحنەس لەم بارەوە، زانستگایەک بوو بۆ هەژار؛ بە هۆی خوێندنەوەی زۆرێک کتێبی عەرەبی؛ کۆن و نوێ، لە نووسراوە و وەرگێڕاو و کردنەوەی چاوی بەڕووی دنیادا و دەسکەوتنی زانیارییەکی باش، بەتایبەت لە زمان و وێژەی عەرەب، قوتابخانە وێژەیی و هۆنەرییەکانی ڕۆژاوا و هەروەها ناسینی نووسەرانی گەورەی دنیا. کە گەڕاشەوە بۆ بەغدا، بە نەخۆشی و دەستەنگی و سەرقاڵیش، تازە خوێندنەوەی کتێب و بلاڤۆکان ببووە خۆی و تا ژیا، لەگەڵیدا بوو.

مامۆستا هەژار کە گەیشتەوە بەغدا، دیسان ژیانی هەژارانەی خۆی دەسپێکردەوە و وەک جاران، بە نهێنی لەگەڵ کۆمەڵە کوردەکان، بەتایبەت حیزبی پارتی دیمۆکراتدا هاوکاری دەکرد و ئەوانیش ـ بە پێی

توانا و دەسەڵات ـ جاروبار بە دەنگییەوە دەهاتن و لە کاتی بگرە و بەردەدا، دەیانشاردەوە.

ببووە نۆ ساڵ لە ئێران هەڵاتبوو. پاش ئەو ماوە درێژخایەنە، ئێستا تازە بە هاودڵی هەوالانی، دەرووێکی لێ کرابۆوە بتوانێ ژن و منداڵەکەی بانگ‌کاتە لای خۆی. ئەودەم کە هەڵات و بەجێیانیهێشت، شێرکۆ (موحەممەد)ی کوڕی شەش‌مانگان بوو؛ ئەوا ئێستا نۆساڵانە و بابی خۆی ناناسێ[1]؛ نە خوێندنێک و نە هیچێک. جا وەرە بە نەداری و لەش‌بەباری، ژن و منداڵیش بەڕێوە بەرە! بەو حاڵەش دیسان باشە یەکیان گرتۆتەوە و بوونەتەوە ماڵێک.

لەو ساڵانە، نووری سەعید ـ سەرەک‌وەزیری مەلیک فاروق لە عیراقدا ـ ملهوڕی و زۆربێژی گەیاندبووە ئەوپەڕی خۆی و ڕەخنەگران و نەیارانی دەگرت و لە زیندان توندی دەکردن. مامۆستا هەژاریش یەک لەوانە بوو لەدووی دەگەڕان. ناچار دوای ماوەیەک ژیانی بە نهێنی و ماڵەوماڵ کردن، پێش ئەوە تووش بێ، ژن و منداڵی سپاردە دۆستێکی و بەرەو کوردستانی بەردەستی سووریا هەڵات. لەوێ دوای ساڵێک خێزانەکەشی بانگ کردە لای خۆی و بەم جۆرە دیسانەکە و لە غوربەتێکی‌تر، یەکیان گرتەوە.

مامۆستا سێ ساڵ لە قامیشلی لای جزیر و بۆتان، میوانی ماڵەکوردێکی عەشایەری خێرومەند بە ناوی حاجۆئاغا بوو؛ تا لە هاوینی ١٩٥٨ ز. عەبدولکەریم قاسم لە عیراق کوودەتای کرد و دەسەڵاتی وڵاتی گرتە دەست. هێندەی نەخایاند نەمر، مەلا مستەفا بارزانی لە شۆرەوی (سۆڤیەت)ەوە گەڕاوە عیراق و داوای بەرامبەری مافی کورد و عەرەبی کرد. مامۆستا هەژاریش، وەک زۆرێکی‌تر، خۆی گەیاندێ و چووە ڕیزی یارانی و لەو کاتەوە، ماوەی ١٧ ساڵ، لە نزیکترین دۆستان و ڕاوێژکارانی ئەهاتە ئەژمار.

مامۆستا لەم سەردەمەوە، ژیانی بارێکی‌تری گرتە خۆی و لە غەریبی و بیکەسی دەرهات. بەڵام ئەمجاریش بە شێوەیەکی‌تر تووشی ناخۆشی و دڵدامان دەبوو. لە لایەکەوە هەرتاوێک بیانوویەک تاشین و شەڕ فرۆشتنی حوکمەتەکانی بەغدا و لەسەریەک شەڕ هەڵگرسان، ئاسایشێکی نەهێشتبوو؛ لە لایەکی ترەوە، پشت لە دژمن کردن و خۆفرۆشتن و خەیانەتی هێندێک لە هاوڕێیان، دەردی سەرباری هەموو دەردان بوو. هەرچۆنێک هات و بە هەر شێوەیەک چوو، لە هەموو ئەو ساڵانەدا، وەکوو پێشمەرگەیەکی بەئەمەگ، قەت دەستی لە خەباتی ئازادیخوازی بەر نەدا و لە هەر بارودۆخێکدا بە شێوەیەک شوێنی ئارمانی خۆی گرت. کاتی ئاشتی، بە شیعر و نووسراوەکانی، وەکوو زمانی گەلەکەی لە ناحەقیکاران ئەهاتە دەنگ و هەروەها ڕوون‌کەرەوەی بیر و بەرچاوی خەڵک بوو؛ کە ئاوری شەریش هەڵدەبوو، بە ڕۆژان وەکوو پێشمەرگە تفەنگ لە شان و شەوان لە ڕادیۆ و بلاڤۆکانی بزوتنەوەدا، بە نووسین و خوێندنەوەی شیعر و وتار، خزمەتی دەکرد و دەنگ و داخوازی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی، بە دنیا ڕادەگەیاند. جاروباریش بۆ

---

١. لە ڕاستیدا ئێستاش نەیناسی!

شۆرش، باربووی کۆ دەکردەوە.

لە سەردەمی حەفتاکاندا، کە بارزانی لەگەڵ دەوڵەتدا پەیمانی ئاشتی بەست، مامۆستا بوو بە ئەندامی کارای «کۆڕی زانیاری کورد» لە بەغدا و لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی چالاکی کۆڕدا، بەچەند کتێب و وەرگێڕاوە و گوتاری بایەخدار، خزمەتێکی گەلێک باشی بە زمان و وێژەی کوردی کرد.

پاش پەیمان‌شکێنی دەوڵەتی بەعسی و قەومانی دوایین شەڕ، کە ساڵی١٩٧٤ز. دەستیپێکرد و ١٩٧٥ بە خەیانەتی شای ئێران و لە ئامێز گرتن و ڕامووسانی سەدام لە جەزایردا کۆتایی هات، ئەگەرچی دەوڵەتی بەعسی فەرمانی عەفووی گشتی دابوو، بەڵام سەرەتا هەر پێشمەرگەیەک خۆی تەسلیم دەکرد، دەسبەجێ دەیانکوشت. ناچار زۆرێک پێشمەرگە، بە ژن و منداڵەوە، ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات و پەنایان بردە بەر ئێران. لەو هەڵات ـ هەڵاتەدا، مامۆستا هەژار ویستی سەری خۆی هەڵگرێ و ئەگەر ڕێگای دەرکرد، بچێتەوە جزیرێ؛ بەڵام بارزانی نەیهێشت لێی جیا ببێتەوە و لەگەڵ خۆی بردیە ئێران و لە «ساواک» بڕیاری چاوپۆشی بۆ وەرگرت و لە عەزیمییەی کەرەجی لای تاران، لە پەنای خۆی، نیشتەجێی کرد. بەم شێوە بۆ جاری چەندەم و ئەمجار لە سەری پیریدا، دیسان چۆوە سەر خانی یەکەم و بۆ دەستخستنی کار و نان و پێخۆرێک، کەوتە گەڕان بە خیابان و ئیدارەکانی تاراندا.

لە زانستگای تاران، وەرگێڕانی «*القانون فی الطّب*»ی ئیبنوسینایان بە فارسی، پێ پێشنیار کرد و بڕیاریان دا ئەگەر تێیدا سەرکەوت، کاریان بۆی هەبێ. پاش تەرجەمەی کتێبی یەکەم، کۆڕە زانستی و وێژەییەکان ناسیان و بوو بە ئەندامی «فَرهنگستانِ زَبانِ فارسی» لە تاران.

بە لاچوونی ڕژیمی شا لە ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ک. هـ. (١٩٧٩ ز.)، مامۆستا دەرفەتێکی باشی دەسکەوت کە بە ئاواتی دڵی خۆی، بنووسێ و وەرگێڕێ و دڵنیا بێ کە کارەکانی ڕووناکی دەبینن و لە چاپ دەدرێن. بەم شێوە لە دە ـ دوازدە ساڵی کۆتایی ژیانیدا، توانی سەرجەمێک لە بایەخدارترین کتێبان بەرهەم بێنێ و ئاراستەی کتێبخانەی کوردی بکا.

بە داخەوە لەشی نەخۆشی زۆری لەگەڵ نەهات و لە کاتێکدا کە هەزر و هەستی گەیشتبووە ئەوپەڕی توانایی و قەڵەمی ـ وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ ـ گەوهەری دادەباراند، لە دووهەمی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٩ ک. هـ. (١٩٩١ ز.)دا، دڵی لە جووڵە کەوت و دنیایەک زانست و زەوق و توان، بەجارێک لە دەس چوو.

تەرمی مامۆستایان بردەوە مەهاباد و خەڵکێکی زۆر ـ کە لە هەموو لایەکەوە هاتبوون ـ بەوپەڕی ڕێزەوە بردیانە زیارەتانی بوداغ‌سوڵتان و لە پەنا مامۆستا هێمن و مەلا غەفور ناشتیان.

* * *

بێ‌شک مامۆستا هەژار، لە گەورەترین ئوستادانی وێژە و مێژووی کوردە کە چ لە باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و چ لە بواری زمان و فەرهەنگمانەوە، بۆ کورد و کوردستان، ڕەمزی هەرمان و نەفەوتانە.

وەک گوتمان هەژاری ٢٤ ساڵان، لە لایەن پێشەوا قازی موحەممەدەوە، نازناوی «شاعیری میللی» پێ درا و ئەمە دەردەخا مامۆستا هەر بە جحێڵی چەند شاعیری چاک بووە. دیارە شیعری هەژار، جیا لە باری واتا و پەیامێکەوە کە بۆ میللەتەکەی دایناوە، لـە چـاو هونـەر و دەسـەڵاتی شیعرییـشەوە، لـە ڕیـزی باشـترین و بەرزترین شیعرەکانی ئەم دواییانەیە. بەڵام پەخشانی مامۆسـتا باسـێکی جیـاوازە. قەڵـەمی ئـەو نووسـەرە بلیمەتە، توان و بڕشتی زمانی کوردی، بۆ بەرهەمهێنان و وەرگێڕان، یەکجار بردە سەر و بـە تێکـەڵ کـردنی ئاهەنگ و هەوایەکی تایبەت لەگەڵ پەخشاندا، شێوازێکی تازەی بەدیهێنا و لێهاتووییەکی بـێ وێنـەی بـۆ زمانی کوردی وەدەرخست.

ناوی هەژار لە دوو زمانی فارسی و عەرەبیشدا، نامۆ نییە. مامۆستا پـاش هـەزار سـاڵ قـانوونی بووعـەلی سینای لە عەرەبییەکی ڕەق و یەکجار دژواری لیچارئاساوە، کردە فارسییەکی ڕەوان و بێ گرێ و بەو بۆنەوە، زۆرێک لە وێژەوانانی فارس ستایشیان کرد.

بارێکیتر لە کەسایەتی ئەو کەڵەپیاوە، لە ڕوانگەی ڕامیـاری و کۆمەڵایەتییەوەیـە. لـەو ڕۆژەوە چـووە نـاو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژـک) و سوێندی خوارد کە بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان تەنانـەت لـە گیانیشی دریغ نەکا، تا ئاخر، لەسەر پەیمانەکەی ڕاوەستا و لە پێناویـدا، زیـاتر بـە دەسـتەنگی و ئـاوارەیی و مەترسی گیران و هەڵاتن لە شار و ولاتێکەوە بۆ شار و ولاتێکیتـر، ژیـانی تێپـەڕ کـرد و جگـە لـە خـۆی، بنەماڵەکەشی تاڵ و سوێری زۆریان چێشت و گەرم و ساردی فرەیان بینی و بە تایبەت کـوڕە گەورەکـەی ئێستاش هۆی ئەم ژیانە سەرانسەر کارەساتەی بۆ قووت نەچوو.

سەردەمێک بە هۆی شیعر و نووسراوەکانییەوە، لە چوار ولاتان قاچاخ بوو. بـەو حاڵـەش قـەت لـە هـیچ دەسەڵاتێک کۆی نەکردەوە و سەری بۆ کەس دانەنواند. هـەر ئـەم تایبەتمەندییـەش هـۆی ئـەو هـەموو ناوبانگ و خۆشەویستییەی لە ناو خەڵکدا بوو.

بە کورتی، داستانی ژیانی مامۆستا هەژار، بە ڕاسـتی یـەک لـە باشـترین وێنـەکانی مێـژووی چـەرخی ڕابوردووی میللەتێکە، بە هەموو بەرز و نزم و تاریک و ڕوونییەوە.

لە باری ئاکاریشەوە، خۆ و خدەی مامۆستا جێی سەرنجە. بەو هەموو دەسەڵاتی ئەدەبی و پلـەی بـەرزی زانستی و ناسراوییەوە، لووتبەرزی و فیس و خۆبەزلزانی، هەر بەلادا نەچووبوو. ئەگەر کـارێکی گـەورەتری دەست بۆ دەبرد، خاکیتر ئەبۆوە و تا ڕێز و حورمەتی لە نـاو کۆمەڵـگادا زێـدە دەبـوو، لەگـەڵ خەڵـک بـە خاکەسارییەکی زیاترەوە ئەجووڵایەوە.

هەموو جارێ دەیگوت کوردییەکەی من جێ متمانە نییە؛ کوردیی ڕەسەنتان دەوێ، وا بە لای ئـەو مامـە شوانە و دایە پیرە لادێییەوە. ئـەمن دەبـێ لـە پێـشیاندا چـۆک دادەم و کوردییـان لـێ فێـر بم. جارێـک شاعیرێکی لاو هاتە لای و شیعرێک و دوانی خۆی بۆ خوێندەوە. باش ـ باش گـوێی لـێ گـرت و داوای لـێ

کرد چەند شیعری تریشی بۆ بخوێنێتەوە. لە ئاخردا پێی گوت: کاک ... بەڕاستی شاعیری چاکی؛ لە منیش چاتر. بەڵام خوا بتگرێ ئەگەر بیفرۆشی!

یەکجار لە درۆ بێزار بوو. زمانبازی و خوڵتەشی بە منداڵانی حەق‌ودای درۆ دەزانی. لە ئەمەگ و وەفاداریدا، سنوورێکی دانەدەنا و بۆ دۆست هەموو شتێکی دەدا؛ بەڵام ئەگەر بیری سەبارەت بە کەسێک دەگۆڕا، تازە هەیهات بوو لێی خۆش ببێ.

بەرهەمەکانی مامۆستا:

١. «*ئاڵەکۆک*»، دیوانی شیعر، چاپی تەورێز، ١٣٢٥ ک. هـ.

٢. هۆنراوەی «*بەیتی سەرەمەڕ و لاسایی سەگ و مانگەشەو*»، چاپی سووریا، ١٩٥٧ ز.

٣. «*مەم و زین*»، هۆنراوەی ئەحمەدی خانی، بە زاری باکوور، وەرگێڕان بە موکوریانی، چاپی بەغدا، ١٩٦٠ ز. لەچاپدانەوەی بە زیاد کردنی شیعرەکەی خانی و واتای وشەکانی، چاپی ئیتالیا، ١٩٨٩ ز.

٤. «*بۆ کوردستان*»، دیوانی شیعر، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٦٦ ز. چاپی چوارەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨ ز. چاپی شەشەم، سنە، ١٣٨٥ ک. هـ.

٥. «*چوارینەکانی خەییام بە کوردی*»، وەرگێڕاوەی ٢٥٠ ڕوباعی خەییام، هەر لەسەر کێشی خۆی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٦٨، چاپی سێهەم، تاران، ١٣٧٠ ک. هـ.

٦. «*شەرەفنامەی بدلیسی*» مێژووی ماڵەمیرانی کورد، نووسینی میرشەرەفخانی بدلیسی بە فارسی، وەرگێڕان بە کوردی، بە زیاد کردنی پێشەکی و پەراوێز و ... چاپی یەکەم، نەجەف، ١٩٧٣ ز. چاپی دووهەم، تاران ١٣٦٠ ک. هـ. چاپی سێهەم، هەولێر، ٢٠٠٥ ز.

٧. «*هۆزی لەبیرکراوی گاوان*»، وەرگێڕاو لە عەرەبییەوە، نووسراوەی دوکتور مستەفا جەواد، چاپی بەغدا، ١٩٧٣ ز.

٨. «*قانون در طب*»، نووسراوەی بووعەلی سینا، وەرگێڕان بە فارسی لە ٧ بەرگدا، چاپی یەکەم، تاران، لە ١٣٦٢ تا ١٣٦٧ ک. هـ. (تا چاپی هەشتەم چووە).

٩. «*چوار نامیلکەی دوکتور عەلی شەریعەتی*»، وەرگێڕان بە کوردی، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٥٨ و ١٣٥٩ ک. هـ. چاپی دووهەم، هەولێر، ٢٠٠٦ ز.

١٠. «*شەرحی دیوانی مەلای جزیری*» بە کوردی سۆرانی، چاپی تاران، ١٣٦١ ک. هـ.

١١. وەرگێڕانی «*آثارُالبِلاد اخبارُالعِباد*» بە فارسی، نووسراوی زەکەریا، کوڕی موحەممەد، کوڕی مەحموودی قەزوینی، چاپی تاران، ١٣٦٦ ک. هـ.

١٢. «*هەنبانە بۆرینە*»، فەرهەنگی کوردی ـ کوردی و فارسی، چاپی یەکەم ، تاران، ١٣٦٩ ک. هـ. (تا چاپی شەشەم چووە. چەند کوردێکی نیشتمانپەروەر«!» بە دزییەوە چاپی کردۆتەوە).

١٣. «*پێنج ئەنگوست دەبنە یەک مست*»، وەرگێڕاوە لە فارسییەوە، نووسراوی بریژیت وینگور بورسکی. چاپی یەکەم، تاران، ١٣٦٢، چاپی دووهەم، سنە، ١٣٨٠ ک. ه.

١٤. «*چێشتی مجێور*»، ژینامەی خۆنووسی هەژار. چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧ ز. چاپی دووهەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ ز. (بە دزییەوە زۆر جار چاپ کراوەتەوە).

١٥. «قورئانی پیرۆز»، وەرگێڕاوەی قورئان بە کوردی، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٧٩ ک. ه. چاپی دووهەم، ١٣٨٩. (چەند خواناسی ... بە دزییەوە زۆرێکیان لێ چاپ کردووە!).

١٦. «*مێژووی ئەردەڵان*»، بەرامبەر کردنەوە و وەرگێڕانی چوار مێژووی سەبارەت بە بنەماڵەی میرانی ئەردەڵان، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٧٦ ک. ه. چاپی دووهەم، هەولێر، ٢٠٠٢ ز. چاپی سێهەم، هەولێر، ٢٠٠٥ ز.

چاپ نەکراوان:

١. «*تاریخ سُلیمانیّه*»، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ فارسی

٢. «*روابط فرهنگی ایران و مصر*»، لە عەرەبی بۆ فارسی

چەند نموونە لە پەخشانی مامۆستا

هەستبزوێن

... زۆر بە سەرسامییەوە دەمڕوانی کە چۆن بە برووسکەی شیران و بارانی تیران، سۆڵاوی خوێنی گەشمان لە لەشمان هەڵنیشت و بە سێڵاوی زۆرداری و گزیکاری، بزیسک و ترووسکەی مان و ژیانی ئەم کوردە بێزیانە، وەک پەنگر و پێتی کوانووەکەی، هەتاهەتایە کوژایەوە و تازە ببڕای‌ببڕای نەگەشایەوە... بە بارستایی چیا بەرزەکانمان جەندەکی لاوانی کوردی خوێنگەرمی سەربەرز و ئازا بوو کە بە تاوانی ئەوینی سەربەستی و لەسەر هەستی نیشتمانپەرستی، پەل‌پەل کرابوون و وە سەریەک نرابوون و لە گیشە درابوون... چەند سوڵتان و شاهەنشای ئێران و تووران بە فیزەوە خۆیان لەبەر چاوم ڕانا کە لە خۆڵی لەش و خوێنی گەشی کوڕە کوردان، خشتیان پێژاوە و دام و دەزگای زۆرداری و بەدکاری خۆیان پێ داناوە. کوردیان بە کورد بە کوشت داوە و ئەوی لەبەر مردن بە بەرماو ماوە، بە بێ سڵ کردن، دەمیان تێناوە و توونیایەتییان بە خوێنمان شکاوە و ورگیان بە گۆشت و پێشەمان هەڵمساوە.

نوقمی بیری ئەو بیرە پڕ لە ناسۆرانە بووم و ژیانی پڕ ژانی ڕابردووم و لێکدانەوە و بەراوەردی بەرپێوار و نادیاری ڕۆژگاری داهاتووم لێ ببوونە تارمایی و وەک شریتێکی سینەمایی بە بەر لێلایی چاوی تەڕ و سوورمدا ڕادەبرد و هەنیسک و هەناسەی بە تەوژم پڕ لە تاسە، ملیان بە ملی یەکەوە نابوو؛ بەربینگیان لێ گرتبووم و پەڵپیان پێ گرتبووم و بۆ سەرکەوتن دەرکەوتن ملەیان دەکرد و لەز و پەلەیان بوو.

هرووژێن

...لە ناکاو لەشکرێکی گەورە و گران و لە ژمارە بە دەری خاچپەرستان، وەک لێشاو بەو ناوە بەربوون و لەشکری سەلاحەددینیان دەناو خۆ گرت و دەرەتانیان بۆ نەهێشت و بوو بە کوشت و کوشتارێک لەو ڕۆژەدا، باب ئاوڕی وەسەر کوڕی خۆی نەدەداوە. لەبەر تۆزی سواران، ڕۆژی ڕووناک و تاووساو، ببووە شەوەزەنگێکی ئەنگوستلەچاو. دەم و دۆخی شێران وەک ڕاخوشینی ئەستێران دەبریسکانەوە. لیزمەی بارانی تیران وەک تەرزەی خاکەلێوە لەو نێوە، کەی‌کەم ئیسەی کەم، دایدابوو. لە هەر چوارکەنارانەوە، لە سونگەی خوێن‌بارانەوە، جۆی خوێن، جۆخینی جەندەکی کوژراوانی گرتبووە بەر خۆی و ڕایدابوو. هەر گۆشتی تەڕ بوو، بەدەم دەبابانەوە زوێڵ دەبوون و هەروا گیان بوون و بەدەم هەنیسکانەوە دەردەچوون. هەتا ڕمبی حەیزەرانی هەژدەقەفی بە گەل دەلەرین، سەری سواران لە دەشتی شەڕگەی بەریندا، وەک سێوی باوەرێن دادەوەرین.

هەرچەندە سوارچاکانی فەڕەنگ یەکجار زۆر و زۆر ئازا و لەشەڕدا نەهەنگ و خاوەن زۆریش بوون؛ بەڵام لەشکری پەروەردەی دەستی سەلاحەددین ـکە ترسان و هەڵاتنیان بەوپەڕی شوورەیی و نەنگ دەزانی ـ کۆی کەمی خۆیان وەبەر چاو نەدا و لە هەموو لایەکەوە هەر گوڕڕە و هەرا بوو؛ ڕۆژ ڕۆژی کوڕانە و شەڕ شەڕی فەڕەنگ و کوردانە؛ پیاو لاشەی لە ناو گوڕ بێ، نەک بمێنێ و سەرشۆڕ بێ. کەس لەو هەنگامەیەدا خۆی نەوەشارد و لە جەنگ خۆی نەبوارد.

تیز و تانە

... سا لە ناو کۆمەڵگای وادا بیر و بڕوای تێکڕای ئاپۆرە وەک یەکە. لاوان، پیران، هاوسا و جیران، ئاوماڵ لە گوند لە هەواران، لە هەموو ئاوایی و شاران، خوێش و غەوارە و ڕەمەکی، دووکاندار، جووتکار، دەشتەکی؛ کەس کاری کەس دەربارەی باری دینداری بە کەم ناگرێ. کەس پلار و تەوس و توانج لەسەر ئەم شوێن و ئاکارە هەموانییە، دەکەس ناگرێ. لایان وایە ئەم دنیایە گشتی هەر ئەوەی تێدایە کە ئەوان پێوەی خەریکن. واتا لە ئاوەز و فیکرا، هەموو پێکەوە شەریکن. لە دنیای بەدەر لە خۆیان، لە بیر و بڕوای نامۆیان، دوور و بێ‌ئاگا و تەریکن. هەزار ساڵە و بگرە پتریش بەو بێ‌خەبەریە دەژین و کەشکەک سەڵەواتیان دەوێ! هەزار و ئەوەندە ساڵە ئەم حەشامات و ئاپۆرە زۆر و بۆرە، وان لەم حاڵە و وان لەو چاڵە و لەو سەرپەت و سنگە ماون و بەم گوڵمێخە داکوتراون؛ تا مردوون و لە ناو چوون و لە ژێر پەردەی خاکا ون بوون، هەروا ژیاون و بە موو چییە نەگۆڕاون. بە تەماشن هەر وەهاش بن؛ گۆڕانیان بەسەردا نەیە.

جا ئەم پێگە کە لە پێشدا کوێرەڕێ بوو، هێندەی پێدا هاتوون و چوون، بۆتە کاروانەڕێ هەراو. نە کۆسپێکە، نە کەندێکە، نە گیرێکە، نە بەندێکە. هەر زیپکیشیان وەبەر نایە. هیچ سڵ مەکە، بڕۆ دەشتە، دوامین قۆناغت بەهەشتە!

ئەگەر لە پرسەی حوسێندا چەند فرمێسکێک هەڵوەرێنی، ئاخووند لە خۆت نەڕەنجێنی، لە پیتاکدان

نەبۆڵێنی، ئەوا چەند کۆشکێک دەستێنی گشتی یاقووت و زمڕووتە. ئەگەر شێخ و خەلیفە و دێوانە تێر کەی، ئەگەر نەوسی چنۆکی مفتەخۆر کوێر کەی، هەر لەم دیوەی بستووی ژیان چووی بەو دیوا، ڕووباری هەنگوین و شیرە و باغی هەنار و هەنجیرە و حۆری زۆرە و کەیف و ڕابواردن مشەیە. ئەگەر لە شەقام کلا بی و لە فەرمایشتی شێخ لابی، لە دنیا بەختەوەر نابی و لەو لاش جێگات جەهەندەمە.

ڕاستت دەوێ هەرکەس، هەر تیرە، هەر کۆمەڵ، ئاوەها بێ چەقە و گێچەڵ وەکوو کیسەڵ لە ناو قاپێکی قەپاتدا بێخەم بژی و بیر و مژی بە گاڵە و هەرا تاڵ نەکا و سەری بە پرس و پەرسڤی لاپرسەن و دژە بڕوایان قاڵ نەکا، هێند ڕەحەت و ئاسوودەیە دەبێ ئێرەیی پێ بەری و بێژی: ئای خۆزگە بە خۆی کات! ...

شیعر و پەخشان بۆ منداڵان:

وەک ئەیزانن، هەموو دەسێ پێنج قامکی هەس: تووتە، براتووتە، بالابەرزە، قامکی شادە، قامکە گەورە.

هەبوو نەبوو، دوو دەست هەبوو یەکێ شین بوو، یەکێ سوور.

قامکەکانی پەنجەی شین، دایم و دەرهەم لێک دوو بوون؛ خۆپەسند و ناجۆر بوون

قامکە گەورەی ورگ‌زل،	تەوەزەل و تەپ و فل،	ئەیوت ئاشنا ناخوازم،	لە لاوازان جیاوازم
خەنینی ئەهات شادە،	ئەیوت بەسیە ئیفادە	تۆ ناوت ئەسپێ‌کوژە،	من ناوم دۆشاومژە
ناز دەکا بالابەرزە،	کێ وەک من جوان و تەرزە؟	خشڵ و خەمڵ و لەرزانە،	شیاوی بالابەرزانە
براتووتە وە بۆڵە	ئەنگوستیلەی لە کۆڵە	ئێژێ: من دەوڵەمەندم	ئیتر وەچی دەربەندم
تووتەی پۆخەکەی پووتە	کورتەبالایە ڕووتە	سەری دەبەری خۆی ناوە	لەم ناوە بێ‌کەس ماوە
پێنج قامکی سوور لەولاوە	پاڵیان پێکەوە داوە	لە پەنای یەک وەک برا	گشتی قیت ڕاوەستاوە
بە هەرەوەز کار دەکەن	پێکەوە دار باردەکەن	بە هەر قامکێ شین دەگەن	شەپەلاغەی لێ دەدەن
زلەی شینیان هاتە بەر	چت خوارگە ترش و چۆنەر؟	دایانە بەر پێ‌لەقە	تا لێیان بڕی نەقە
بالابەرزیان لەم لاوە	لەبەر یەک ئەکێشاوە	دوو لە خوار، دوو لە سەرێ	وەختا بوو جیقی دەرێ
براتووتە ڕووت کریا	ئەنگوستیلەکەی بریا	قیلیان دەڕووی هەڵساوی	هەر مابوو کونی چاوی
تووتەکەشیان دۆزیەوە	وەک تۆپ دەیانقۆزیەوە	ئەگریا: داڵکە مردم	وڵم‌کەن، من چە کردم؟
تووتە کەفتە سەر زەوین	ئەمجار سوورەکان ڕەوین	شینەکانی هاومالّی	دڵیان سووزیا وە حالی
وتیان: ئێمەی خۆپەسەن	خۆمان خۆمان کردە پەن	هەتا وا لێک بلاو بین	ئەشێ سەر بێ‌کلاو بین
لەمەولا یەکتر دەگرین	ئازا دەژین تا نەمرین	کۆڕێکیان بەست وەک برا	پەیمانی یەک‌بوون درا
سوورە ڕەچاویان کردن	زوو شالاویان بۆ بردن	شینەکان وەقینەوە	پێشیان لێ برینەوە
	دەسکرا بە گەف‌کردن	دەگەڵ خۆ بەسەف کردن	
شین خۆیان خڕ کردەوە	ناو لەپیان پڕ کردەوە	سازیان کرد مستەکۆڵە	بۆ ئەستاندنی تۆڵە

هەروا سوورەو ڕا دەکا   تۆز و خۆڵ بە با دەکا
نەیانزانی پێنج‌ئەنگوست   یەکتر بگرن دەبنە مست   دەمی زۆردار دەشکێنن   تۆڵەی خۆیان دەستێنن

چەند شیعری مامۆستا:

بەرەو موکریان

شەوە، تاریکە، کش و ماتە زەوی   کەوتە خەو کێوی، کەوی، دار و دەوی
تووتەک و گۆین و کوند وشیارن   ڕۆژ وچانیانە بە شەو پڕکارن
لەو هەموو جانەوەرەی وەردەکەوێ   نازنینیش هەیە لای لایی دەوێ
شنەبای وەردەگولاو ئەپژێنێ   پێی سپێراوە گەلا ڕاژێنێ
خورخوڕی ئاوە لە بەفری سەرکەل   خۆش هەوای تێکەڵە زەنگی سەر گەل
سەگ بە دەم پرخەوە دەم‌دەم دەمرێ   لە خەوا دیویە گورگ بەرخ ئەدڕێ
بۆق لەسەر نوێنی قوڕین قیڕەی دێ   سیسرە ژێتاری شڕە و سیڕەی دێ
جاروبارەش کەڵەشێر ئەخوێنێ   بانگ لە ئەستێرە ئەکا بیدوێنێ
ئاگری شوان ئەگڕێ لەو دوورە   بووکی خێوی شەوی تارای سوورە
گەشن ئەستێرە چ بەرزن، چ نەوین   گشتی پێتوایە ئەویندارى زەوین
زۆر بە پارێزەوە هەست ڕادەگرن   بە هومێدێکەوە چاو دادەگرن
مانگ ئەوا تازە لە ئاسۆ دەردێ   کۆمەڵێ هەورەسپیلکەی بەردێ
وەک منداڵی کزی بابئاوارە   چاوەڕێ بوون وەگەڕێ دووبارە
وا ڕەوی مژ لەبەر ئەو پێوارە   گەش و ڕوون بوونەوە بەو دیدارە
بەلەز و هەڵپە هەموو زۆر بەدەون   هێندێ پێش‌ڕەون و برێ دوا ئەکەون
گش بەرەوپیری ئەچن زوو بگەنێ   مانگ لە خۆشیان دەگری و پێش‌دەکەنێ
دیمەنی ڕوون و جگەرسووتاوە   ئاگری دووری بە تین و تاوە
یەک یەکی گرتنە ئامێز ڕووخۆش   هەوریە هەور و لە ڕوویا ڕووپۆش
پاش گەلێ ماچ و لە باوەش کردن   تیشکی زێوینی لەسەر بەش کردن
چاک و خۆشی لەگەڵ ئەستێران کرد   کەوتە خۆ، بووکی زەمینی جوان کرد
ئاوی کانیاوێ کە وێنەنوێنە   دڵی خۆی داوەتێ، دڵبزوێنە
شەوەکی و بولبولە ئەچریکێنێ   تا بە لاوک دڵی گوڵ بستێنێ
دە ئەتۆش هەستە خەیاڵی خاوم   من ئەگەرتۆم نەبێ زۆر داماوم

لـــەم هەژارخانەیـــە بمهێنـــە دەرێ — بمبە دەشت و دەرێ بمگێـڕە سـەرێ
دەست و بـردێ شـنەبام بـۆ زیـن کـە — جێم دەگەڵ خۆت لە هەیف دابـین‌کـە
سـەیری خـاکی موکـوریم دێ بـە دڵا — تا نەچوین خۆم و دڵ و تـۆش بـە گـڵا
سـەرێ هەڵــبێنمەوە لــەو مەڵــبەندە — گـەرچی لـەش دوورە لـەوێ دڵ‌بەنـدە

کوردم

بـرا زۆر سـەیرە زوو نەمناسـی، مـن هـەر زۆر لـە زوو کـوردم
کە تۆ پێنج‌ـشەش‌کەڕەت گۆڕاوی، مـن بـێ سـێ‌ودوو کـوردم
لـە تەکیـە بوویـە جێگـر، ڕێگـر و مێگـر لـە بـن بـەرماڵ
ئـەمن لـەو ساوە جـێ‌وبـانم لـە بـانی بێـشکە بـوو کـوردم
عەجەم بووی، بوویە تورک و بوویە عارەب، ئێستە سەرشـێواو
ئەمن بێ «گێـڵمەگێلم» و «کەشمەکـەش»، بـێ «چاشـنو» کـوردم
سپی بووی، بوویە شین و بوویـە سـوور و ئێـستە ڕووزەردی
ئەمن یەک‌ڕەنـگ و ڕوو وەک پیـاوی خـاوەن‌ئابـڕوو کـوردم
کە تۆ بـۆ مـز لـە نـاو مزگـەوتی، کوردسـتانە ڕووگـەی مـن
کە تۆ دەرویشی زەرگ و مەرگی، من بێ های‌وهـوو کـوردم
کە تۆ پەل بۆ هەموو جێیـەک ئەکێـشی، بـێ‌ڕەگ و پنجـی
ئەمن گەر پەل‌ـپەلیشم کەن، لەسەر یەک ڕێگـەم و کـوردم
دڵت بـۆ پـارە پـارە، بـیر لـە لـیرە گـیرە، دەم بـۆ دەم
سەراپا ڕەگ‌بەڕەگ ئێسقان بە ئێسقان، مووبەموو کـوردم
کە تۆ دەرپێت فڕێدا و چاکەتی چاکت دەبەر خـۆ کـرد
ئەمن شەرمم بە خۆو، شاییم بە خۆمە، جل‌شڕ و کوردم
کە تۆ گیرفان‌پڕی، گیرفان‌بڕی، من هـەر هـەژار مـاوم
کە تۆ خۆت دا بە خواردن من لەگەڵ گاڵ و بەڕوو کوردم

چەند چوارینەی خەییام و وەرگێڕاوەکەی، هەر لەسەر کێشی ڕوباعی:

خەییام

آن قـصر کـە جمـشید در او جـام گرفـت — آهـو بچـە کـرد و روبـە آرام گرفـت
بهـرام کـە گـور مـی گرفتـی همـە عمـر — دیـدی کـە چگونـە گـور بهـرام گرفـت

هەژار

لـەو کۆشـک و سـەرایەدا کـە جـەم جـامی گـرت
ڕێـــوی ترەکیـــوە، مـــامز ئـــارامی گـــرت
بـارام کـە هـەموو زەمـانی خـۆی گـۆڕی دەگـرت
دیتـــت بـــە چ جـــۆریْ گـــۆڕیْ بـــارامی گـــرت

* * *

خەییام

دی کـــوزەگـــری بدیـــدم انـــدر بـــازار / بـــر پـــارەگلـــی لگـــد همـــیزد بـــسیار
و آن گـل بـە زبـان حـال بـا او مـی گفـت / مـــن همچـــو تـــو بـــودەام، مـــرا نیکـــو دار

هەژار

دیم گۆزەکـــەرێک قـــوڕی ئەشـــێلا دوێنـــیْ
دەنگـــێکم ئەبیـــست، باوکـــە کـــوڕی ئـــەدوێنیْ
ڕۆڵـــەم بـــەزەییت بـــە بـــابی خۆتـــدا نایـــە
مەمـــشێلە بـــە قـــەو، بـــە هـــێمنی پـــام لـــیْ نـــیْ

* * *

خەییام

در کارگـــە کـــوزەگـــری رفـــتم دوش / دیـــدم دو هـــزار کـــوزە، گویـــا و خمـــوش
هـــر یـــک بـــە زبـــان حـــال بـــا مـــن گفتنـــد / کـــو کـــوزەگـــر و کـــوزەخـــر و کـــوزەفـــروش

هەژار

بـــۆ گۆزەکـــڕین دەچوومـــە لای گۆزەکـــەرێک
سەد گۆزە بـە مـن پێکـەنی، هـەر یـەک لەبـەرێک
ئێمـەی وەکـوو خـۆت دەبـەی! سـبەینیْ خۆشـت
وەک ئێمـــە دەبی بـــە گـــۆزە لای بـــیْخەبـــەرێک

* * *

خەییام

شـــیخی بـــە زنـــی فاحـــشە گفتـــا: پـــستی / هـــر دم تـــو بـــە دام دگـــری پابـــستی

گفتـا: شـیخا! هـر آنچـه گفتـی هـستم　　　امـا تـو چنانکـه مـی‌نمـایی هـستی؟

هەژار

شـێخێ بـە ژنـێ خراپـی گـوت: بـێشـەرمی
بـۆ هـەرچی دەسـت بـۆ بـەرێ، سـاز و نـەرمی
پـێ گـوت: بەڵـێ مـن وەکـوو دیـارم، هـەروام
تـۆش داخـۆ وەکـوو نیـشان‌دەدەی دڵـگەرمی؟

* * *

خەییام

این کوزه چو من عاشق زاری بودەست　　　در بنـد سـر زلـف نگـاری بـودەسـت
ایـن دسـته کـه بـر گـردن او مـی‌بینـی　　　دستی است که بر گردن یاری بودەست

هەژار

ئـەم گـۆزە وەکـوو مـن بـووە، دڵـدار و هـەژار
جـارێکی دڵـی خـۆش بـووە، سـەدجار خـەمبار
ئـەو هـەنگڵ و دەسـگرەی لـە ملیـا دیوتـە
دەسـتێ بـووە، زۆر خراوەتـە سـەر ملـی یـار

چێشتی *مجێـور*، ژینامـەی خۆنووسـی هـەژار. *بـۆ کوردسـتان*، دیـوانی شیعری هەژار. پێشەکی و دەقی *شەرەفنامەی کوردی*، وەرگێڕانی هەژار. *پێـنج ئەنگوسـت*، *چوارینـەکانی خـەییام*. یاداشـتەکانی نووسـەر.

سەرچاوەکان[1]

کوردی

«***ئایین ئەوین***»، سەید موحەممەد سەعیدی حوسەینی کوچک‌چەرمگی، کۆکردنەوەی سەید ئیبراهیمی ستوودە، تاران؛ ١٣٦١ ک. هـ.
«***العقیدةُالمرضیة***»، مەلا عەبدوڕڕەحیمی تاوەگۆزی (مەولەوی)، پەراوێز و پاشەرۆکی مەحیەدینی سەبری نەعیمی، میسر، ١٣٥٢ ک.م.
«***بۆ کوردستان***»، سەرجەمی شیعرەکانی هەژار، ١٩٨٨ ز. چاپی چوارەم، سوئێد.
«***پاشەرۆکی مامۆستا هێمن***»، بەشێک لە پەخشان و شیعرەکانی مامۆستا هێمن، ١٣٦١ ک. هـ. سەیدیان، مەهاباد.
«***پاشمەرگە***»، دیوانی قانیع، ١٩٧٠ ز. بەغدا.
«***پێنج ئەنگوست دەبنە یەک مست***»، وەرگێڕاوەی دەقی «پنج انگشت یک مشت است»ی بریژیت ونگوربورسکی، هەژار، تاران، ١٣٦٢ ک.هـ.
«***پیرشالیار***»، موحەممەد بەهائەدینی ساحیب، ١٩٦٨، بەغدا.
«***تاریک و ڕوون***»، سەرجەمی شیعرەکانی هێمن مووکریانی، بەغدا، ١٩٧٤ز.
«***تاریک و ڕوون***»، گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی هێمن، ١٣٦٠ ک.هـ. سەیدیان، مەهاباد.
«***چێشتی مجێور***»، ژینامەی خۆنووسی هەژار. چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧ ز. چاپی دووهەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ ز.

---

١. ئەم پێڕستە دوکتور نەویدی نەقشبەندی، لە پەڕە-پەڕەی ئەم کتێبەی دەرهێناوە. خوێنەری بەڕێز جار و بار دەبینێ بۆ هێندێ کتێب، تەنیا ناوی نووسەرەکەی نووسراوە و یەک‌دوو جێگاش، هەر ناوی سەرچاوەکەیەوە و قوتار! دیارە کاک نەوید بۆ ئەو کتێبانە، لەوە زیاتری دەس نەکەوتووە و بە دەسپاکی هەر ئەوەندەی داناوە.

«***چوار باخی پێنجوێن***»، دیوانی قانیع، ١٩٥٣ ز. بەغدا.

«***چوارینەکانی خەییام بە کوردی***»، وەرگێڕاوەی ٢٥٠ ڕوباعی خەییام، هەر لەسەر کێشی خۆی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٦٨، چاپی سێهەم، تاران، ١٣٧٠ ک. ھ.

«***خوسرەو و شیرین***»، خانای قوبادی، بە نقیسیاری مورادی ئەورەنگ، ١٣٤٨ ک.ھ)١٩٦٨ز.)، تاران.

«***دایە! باوە! کێ‌خراوە؟!***»، وەرگێڕانی «پدر، مادر، ما مُتهمیم» نووسراوی د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی هەژار، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٥٩ ک.ھ.

«***دەشتی گەرمیان***»، دیوانی قانیع، ١٩٥٦ ز.، بەغدا.

«***دەقەکانی ئەدەبی کوردی***»، عەلائەدین سەجادی، ١٩٧٨ ز. بەغدا.

«***دیاری مەهاباد***»، مەلا غەفووری دەباغی، چاپی یەکەم، مەهاباد،١٣٦٣ ک.ھ.

«***دیوانی مەلا ئاوارە***»، سەیدیان، مەهاباد،١٣٥٨ ک.ھ.

«***دیوانەکانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی***»، ١٣٤٦ ک.م، بەغدا، د. موکەڕڕەم تاڵەبانی، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠١ ز. شوکور مستەفا، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٢ ز. شێخ موحەممەدی خاڵ، ئومید ئاشنا، هەولێر، ئاراس ٢٠٠٣ ز.

«***دیوانی تاهیر فوئاد***»، هەولێر. ١٩٦٩ ز.

«***دیوانی تاهیربەگ***»، سلێمانی، ١٣٥٥ ک.ھ.

«***دیوانی دڵدار***»، یوونس دڵدار کوڕی مەلا ڕەئووف، هەولێر، ١٩٧١ ز.

«***دیوانی سالم ساحیبقەران***»، عەبدوڕڕەحمان‌بەگ، بەغدا، ١٣٥٢ ک.م.

«***دیوانی سەیدی***»، کۆکردنەوەی موحەممەد ئەمین کاردۆخی، سلێمانی،١٩٧١ز.

«***دیوانی سیف‌القضاة موکری***»، بە کۆششی ئەحمەدی قازی، تاران، ١٣٦١ک. ھ

«***دیوانی عارفی ڕەببانی شێخ ئەحمەدی جزیری، مەشهوور بە مەلای جزیری***»، هەژار شەرحی لێ کردووە، تاران، سرووش، ١٣٦١ ک.ھ.

«***دیوانی عەبدولقادر هەمەوەند***».

«***دیوانی گۆران***»، هۆنراوەی عەبدوڵلا بەگ، نازناو «گۆران»، کۆکردنەوەی حەمەی مەلاکەریم، کۆڕی زانیاری، بەغدا،١٩٨٤ز.

«***دیوانی مەحوی***»، هۆنراوەی موحەممەد، کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی، سلێمانی، ١٩٢٢ز.

«***دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی مەردۆخی***»، بە کۆششی ئەحمەدی نەزیری، ١٣٨٠ ک.ھ

«***دیوانی مەلا حەسەنی شاهۆ***»، بەغدا.

«***دیوانی مەلا حەسەنی قازی شاهۆ بیارەیی***»، کۆ کردنەوەی موحەممەد ئەمین کاردۆخی، سلێمانی، ١٣٩٧

ک.م.

«***دیوانی مەلا مارف کۆکەیی***»، مەهاباد، سەیدیان، ١٣٤١ ک. ه.

«***دیوانی مەلا مەحموودی بێخۆدی دڵێژەیی***»، کۆکردنەوەی حەمەی مەلاکەریم، بەغدا، ١٩٧٠ز.

«***دیوانی مەولەوی***»، بەغدا، ١٣٨٠ ک. م.

«***دیوانی مستەفا سافی***»، هۆنراوەی مستەفای سافی هێرانی، بەغدا، ١٩٥٣.

«***دیوانی موستەفا بەگی کوردی***»، ١٩٣١ز. بەغدا.

«دیوانی مەهجووری کوردستانی»، سەید عەبدولحەکیمی گەونتوو، ئامادەکردنی جەمیل نەقشبەندی، چاپی یەکەم، پەخشانگای مەسعوود (ئەحمەدی)، ١٣٧١ ک. ه.

«***دیوانی نالی***»، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا کەریمی مودەڕڕیس، فاتیح و حەمەی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٤ ز.

«***دیوانی وەفایی***»، سەیدیان، مەهاباد، ١٣٤٢ ک. ه.

«***ژیان و بەسەرهاتی شێخ موحەممەدی خاڵ بە قەڵەمی خۆی***»، بەغدا، ١٩٧٥ ز.

«***سۆزی نیشتمان***»، دیوانی شیعر، موفتی پێنجوێنی، ١٩٩٠ز.

«***سەرجەمی شیعرەکانی ئاوات، سەید کامیلی زەنبیل***»، کۆ کردنەوەی سەید کامیل کوڕی سەید عەبدولکەرمی زەنبیلی.

«***سەرجەمی شیعرەکانی ئەدەبی موکریانی***»، بەغدا، ١٩٣٩ ز.

«***سەرجەمی شیعرەکانی ئەدیبی زەندی***»، هەولێر، ١٩٦٠ز.

«***سەرجەمی شیعرەکانی بێخودی سلێمانیەیی***»، مەلا مەحمود کوڕی مەلا موحەممەد ئەمینی موفتی، کۆکردنەوەی حەمەی مەلا کەریم، ١٩٧٠ز. بەغدا.

«***سەرجەمی شیعرەکانی پیرەمێرد***»، حاجی تەوفێق، کوڕی موحەممەد، بەغدا، ١٩٧٠ ز.

«شاخی هەورامان»، دیوانی قانیع، بەغدا، ١٩٧٦ ز.

«***شەرەفنامەی بدلیسی***» مێژووی ماڵەمیرانی کورد، نووسینی میرشەرەفخانی بدلیسی بە فارسی، وەرگێڕان بە کوردی، بە زیاد کردنی پێشەکی و پەراوێز و... چاپی یەکەم، نەجەف، ١٩٧٣ ز.

«***شیعر و ئەدەبیاتی کوردی***»، ڕەفیق حلمی، بەغدا، ١٩٤١ ز.

«***کۆمەڵە شیعری فەقێ قادر***»، ١٩٨٠ ز.

«***کولە و ئاینەمەل***»، هۆنراوەی میرزا عەبدولقادری پاوەیی، پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستان، ١٣٤٠ ک.ه.

«***گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد***»، بەغدا، ١٩٧٣ز.

«***گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم***»، عەلی کەماڵ باپیرئاغا، سلێمانی، ١٩٣٩ز.

«***گوڵاڵەی مەریوان***»، دیوانی قانیع، بەغدا، ١٩٧٠ ز.

«***مەم و زین***»، خانی، موسکۆ، ١٩٦٤ز.

«***مەم و زین***»ی خانی، هەژار کردوویە بە موکریانی، بەغدا، ١٩٦٠ز.

«***مێژوو***»، دوکتور کەماڵ مەزهەر، بەغدا، ١٩٨٣ز.

«***مێژووی ئەدەبی کورد***»، پرۆفیسۆر قەنات کوردۆ، ستۆکهۆڵم، ب١، ساڵی ١٩٨٣ز. ب٢، ساڵی ١٩٨٥ز.

«***مێژووی ئەدەبی کوردی***»، عەلائەدین سەجادی، بەغدا، ١٣٧١ ک. هـ.

«***میرانی سۆران***»، حوسەین حوزنی موکریانی، مەهاباد، سەیدان، ١٣٦١ ک.هـ.

«***ناڵەی جودایی***»، بەشێک لە شیعرەکانی هێمن، چاپی دووهەم، سەیدیان، مەهاباد، ١٣٦٢ک. هـ.

«***یادی ئەدیبان***»، کۆمەڵێک لە شیعر و نووسراوەکانی وێژەوانانی کورد.

«***یادی سەجادی***»، دلێر سەجادی، بەغدا، ١٩٨٧ز.

«***یادی شەهیدان و ئەدیبانی کوردستان***»، ب١.

«***یادی مەردان***»، مەلا کەریم مودەڕڕیس، بەغدا، ب١، ١٩٧٩ز.، ب٢، ١٩٨٣ز.

بلاڤۆک

«***ڕۆژنامەی خۆرنشین***»، تاران، ژمارەگەلی ١١و ١٢، ١٣٣٠ ک.هـ .

«***ڕۆژنامەی شەهادە***»، ساڵی چوارەم، ژمارەی ١٦٥.

«***ڕۆژنامەی کوردستان***»، ساڵی یەکەم، ژمارەی ٧، مەهاباد.

«***ڕۆژنامەی کوردستان***»، تاران، ١٣٣٥ و ١٣٣٦ ک.هـ.

«***ڕۆژنامەی گەل***»، ژمارەی ١٣، سووریە، ١٩٨٥ز.

«***ڕۆژمێری چیا***»، ١٣٦٤ و١٣٦٥ ک.هـ.

«***گۆڤاری پێشەنگ***»، ساڵی چوارەم، ژمارەی ١١، چاپی سوئێد.

«***گۆڤاری پێشەنگی کردی***»، ژمارەی ١١ و ١٥، مانگی دیسامبر، سوریە، ١٩٨٣ز.

«***گۆڤاری دەنگ گیتی تازە***»، ژمارەی ١، ١٩٤٥ ز. و ساڵی ٣ ژمارەی ١و ٥ و ٨ و ١١ و ١٣ و ١٤ و ١٦ و ١٩.

«***گۆڤاری ڕۆژی کوردستان***»، ژمارەی ٥٥، ١٩٧٩ز.

«***گۆڤاری ژین***»، ژمارەی ٣، ساڵی ١٣٨١ ک. م.

«***گۆڤاری گەلاوێژ***»، ژمارەی ٤و٥، بەغدا، ١٩٤٤ ز.

«***گۆڤاری هەتاو***»، ساڵی ٢، ژمارەی ٤، ١٩٥٥ز.

«***گۆڤاری هیوا***»، سالّی یەکەم، ژمارەی ٩، بەغدا، ژمارەی ٣، چاپی پاریس، ١٩٨٥ز.

دەستنووس

«***دیوانی خالیسی تالّەبانی***».

«***دیوانی ئەبولوەفا***».

«***دیوانی بێسارانی***»، نووسینەوەی سەیدزادەی هاشمی.

«***دیوانی خەتی حامید ئالّیجانی***».

«***دیوانی عارف کوردستانی***».

«***دیوانی مەولەوی مەعدوومی***».

«***مەکتووبات کاک احمدی سلێمانی برزنجی***»، مەشهوور بە کاک ئەحمەدی شێخ.

فارسی

کتابها

«***تاریخ ادبیات ایران***»، ادوارد براون، ترجمه‌ی رشید یاسمی، تهران، ۱۳۱۶ه ش.

«***تاریخ ادبیات ایران***»، جلال الدین همایی، تبریز، ۱۳۰۹ه ش.

«***تاریخ ادبیات ایران***»، دکتر رضا زاده شفق، تهران، ۱۳۱۳ ه ش.

«***تاریخ ادبیات عرب***»، ترجانی زاده، تبریز، دانشگاه تبریز.

«***تاریخ اردلان***»، مستوره کردستانی، با مقدمه و تصحیح و تحشیه، به اهتمام ناصر آزادپور، سنندج، چاپخانه‌ی بهرامی، ۱۳۲۵ه ش.

«***تاریخ سیستان***»، به تصحیح محمد تقی بهار، تهران ، چاپ زوار .

«***تاریخ کردستان (مردوخ)***»، آیت الله مردوخ، سنندج، ۱۳۳۲ ه ش.

«***تاریخچه‌ی ادبیات ایران***»، سعید نفیسی، ضمیمه‌ی سالنامه‌ی پارس، ۱۳۱۷ه ش.

«***تحفه‌ی ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان***»، میرزا شکرالله سنندجی، مقابله و تصحیح دکتر حشمت الله طبیبی، تهران، امیرکبیر، ۱۳۶۶ ه ش.

«***تذکره‌ی دولتشاه***»، دولتشاه سمرقندی، تهران، ۱۳۳۸ ه ش.

«***تذکره‌ی شعرای کرمانشاه***»، باقر شاکری، کرمانشاه ؛ چاپخانه سعادت، ۱۳۳۷ ه ش.

«***تذکره‌ی شعرای معاصر ایران***»، عبدالحمید خلخالی، تهران، جلد دوم، انجمن ادبی فرهنگستان ایران، ۱۳۳۷ه ش.

«***تذکره‌ی نصر آبادی***»، میرزا محمد طاهر نصرآبادی، به تصحیح وحید دستگردی، تهران، چاپخانه ارمغان، ۱۳۱۷ه ش.

«***جغرافیای تاریخی و تاریخ لرستان***»، علی محمد ساکی، خرم آباد، ۱۳۴۳ه ش.

«***چریکه‌ی مشم و زین***»، احمد خانی، ترجمه‌ی عبیدالله ایوبیان، تبریز، ۱۳۴۴ه ش.

«***حبیب السیر***»، غیاث الدین بن همام الدین الحسینی، معروف به خواندمیر، به همت محمد دبیر سیاقی، تهران، چاپ خیام، ۱۳۳۳ هش.

«***حدیقه‌ی امان اللهی***»، میرزا عبدالله رونق، به تصحیح و تحشیه دکتر ع. خیام پور ؛ نشر تاریخ و فرهنگ ایران؛ تبریز،

۱۳۴۴ ه.ش

«***حدیقه‌ی سلطانی***»، محمد علی سلطانی، با مقدمه‌ی استاد سید طاهر هاشمی، ج ۱، نشر کلهر، ۱۳۶۴، ج ۲ نشر صلاح الدین ایوبی، ۱۳۶۹، ج ۳، موسسه‌ی فرهنگی نشر سها، ۱۳۷۹هـ ش.

«***دانشمندان آذربایجان***»، محمد علی تربیت، تهران، چاپ سیروس قمری، ۱۳۱۴هـ ش.

«***دایره المعارف یا فرهنگ دانش و هنر***»، ج ۱، ۱۳۵۲هـ ش.

«***دیوان ادیب الممالک فراهانی***»، به اهتمام وحید دستگردی، تهران، ۱۳۵۵هـ ش.

«***دیوان باباطاهر عُریان***»، با مقدمه‌ی رشید یاسمی، ارمغان، تهران، ۱۳۱۱هـ ش.

«***دیوان تمکین کرمانشاهی***»، به کوشش فرشید یوسفی، انتشارات غرب، کرمانشاه، ۱۳۶۹هـ ش.

«***دیوان سنایی***»، تحقیق مظاهر مصفا، تهران، امیرکبیر، ۱۳۳۶هـ ش.

«***دیوان کلیات آثار سید عبدالکریم غیرت کرمانشاهی***»، مقدمه و حواشی محمد سعید غیرت، ۱۳۳۸هـ ش.

«***ریاض العارفین***»، رضا قلیخان هدایت، چاپ سنگی، تهران ۱۳۰۵هـ ش.

«***سبک شناسی***»، محمد تقی بهار، تهران، انتشارات پرستو و امیرکبیر، ۱۳۲۱-۱۳۲۶هـ ش.

«***سخنوران نامی معاصر***»، سید محمد باقر برقعی، قم، نشر خرم.

«***سرسپردگان***»، تاریخ و شرح عقاید دینی و آداب و رسوم اهل حق (یارسان))، سید محمد علی خواجه الدین، تبریز، ۱۳۴۹هـ ش.

«***شعرای معاصر***».

«***طبیب محبوب***»، ترجمه از انگلیسی ج. رسولی و دکتر کیدی آلن، تهران.

«***عرفان در کردستان***»، به قلم د. عابد سراج‌الدینی، ۱۳۵۶ هـ ش.

«***فرهنگ سخنوران***»، د. ع. خیام پور، تبریز، انتشارات آذربایجان، ۱۳۴۰هـ ش.

«***فضلای قرن سیزدهم***».

«***کارنامه‌ی بزرگان ایران***»، نشریه‌ی اداره‌ی کل انتشارات و رادیو، تهران، ۱۳۴۰هـ ش.

«***کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او***»، رشید یاسمی؛ تهران ؛ امیرکبیر، ۱۳۶۳هـ ش.

«***کلیات مصور عشقی***» و مقدمه‌ی آن، علی اکبر مشیرسلیمی، تهرانّ امیر کبیر،۱۳۵۷هـ ش.

«***گلزار ادب***»، حسین مکی؛ تهران ؛ امیرکبیر، ۱۳۶۹هـ ش.

«***لباب الالباب***»، عوفی، با تصحیحات سعید نفیسی، کتابفروشی ابن سینا، ۱۳۳۵هـ ش.

«***لباب الالباب***»، محمد صالح سهروردی.

«***لغتنامه‌ی دهخدا***»، گردآوری و تدوین علامه علی‌اکبر دهخدا، چاپ اول، تهران، ۱۳۲۵هـ ش.

«***مناجاتهای جاویدان ادب کردی***»، محمد علی سلطانی؛ تهران ؛ ۱۳۶۲هـ ش.

«***مناقب احمدیه و مقامات سعیدیه***»، سنندج، ۱۳۲۳هـ ش.

«***منتخب دیوان مجدی***»، تهران.

«***نفحات الانس من حضرات القدس***»، مولانا عبدالرحمن بن احمد جامی، تصحیح مهدی توحیدی پور، انتشارات محمدی، تهران، ۱۳۳۷هـ ش.

«***نگرشی کوتاه بر خوشنویسی در کردستان***»، فاتح عزت پور، سنندج، اداره‌ی کل ارشاد استان کردستان، ۱۳۶۲هـ ش.

«***نور الانوار***»، سید عبدالصمد توداری، ناشر سید حسین عبداللهی، سنندج، ۱۳۵۳هـ ش.

«***یادنامه‌ی استاد برهاندین حمدی***»، ۱۳۶۶ هـ ش.

«***یادنامه‌ی ناصر آزادپور***»، به قلم برادرش سرهنگ عباس آزادپور.

اطلاعات عمومی ریاحی.

بهترین اشعار، تهران

نشریات

«***روزنامه‌ی اطلاعات***»، مورخه ۵۳/۷/۲۷

«***روزنامه‌ی شگرف***» تهران، ۱۳۳۱ هـ ش.

«***روزنامه نگاری در کردستان***»، ترجمه احمد شریفی، مهاباد، ۱۳۵۷هـ ش.

«***سالنامه‌ی اخگر***»، ۱۳۲۸هـ ش.

«***سالنامه‌ی فرهنگ مهاباد***»، مهاباد، ۱۳۳۴ و ۱۳۳۵هـ ش.

«***سالنامه‌ی نادر***»، ۱۳۳۸هـ ش.

«***گاهنامه‌ی سید جلال الدین تهرانی***»، ۱۳۰۷ و ۱۳۱۰هـ ش.

«***مجله‌ی ارمغان***».

«***مجله اطلاعات ماهیانه***»، شماره ۵، سال ۱۳۲۸ و شماره ۳۹ سال ۱۳۳۰ هـ ش.

«***مجله‌ی دانشکده‌ی ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران***»، ۱۳۵۶هـ ش. یادنامه استاد عبدالحمید بدیع الزمانی.

«***مجله‌ی ماد***»،شماره ۲، تهران، ۱۳۲۴هـ ش.

«***مجله‌ی یادگار***»، سال ۴، شماره ۴ و سال ۵ شماره های۱ و ۲ و ۶ و ۷ چاپ ۱۳۲۷- سال سوم، شماره ۹ اردیبهشت ۱۳۲۶ - سال اول شماره ۷، آذر ۱۳۲۳هـ ش.

«***نشریه‌ی فصلی فرهنگ سقز***»، ش شماره ۳، ۱۳۳۸هـ ش.

خطی

«***تاریخ سلسله سادات لون***».

«***تاریخچه‌ی خاندان نقشبندیه***».

«***تاریخچه‌ی خاندان مردوخ***» .

«***تاریخچه‌ی فضلای خاندان مردوخی***».

«***تاریخچه‌ی مشایخ خاندان تخته***».

«***جنگ و بیاضهای خطی***».

«***خاطرات و یادداشتهای من***»، بابا مردوخ روحانی.

«***دیوان حبیب سنندجی***».

«***ریاض المشتاقین***»، ملا حامد بیسارانی.

«***شجره‌نامه‌ی خاندان مردوخ***».

«***شرح مثنوی مولوی***»، ملا حامد بیسارانی.

«***کشکول***»، ملا لطف الله شیخ الاسلام سنندجی.

«***گلشن معرفت***»، تدوین شیخ یحیا معرفت.

«***گلشن معرفت***»، تالیف شیخ محمد سنندجی آیه النبی.

«***گنجینه***»، شیخ محمد سنندجی آیه النبی.

«***گولزار اسدالله خان قادرمرزی***»، به کوشش محمد سعید مجیدی.

«***مصادر اجازات و فتاوا***».

«***نسب نامه خاندان مردوخی***».

«***نسب نامه خاندانهای کردستان***».

«***یادداشت آقای علی رخزادی***».

«***یادداشتهای آقای رؤوف محمدی مقدم***».

«***یادداشت آقای سعدی مردوخی***».

«***یادداشت آقای سید جعفر الیاسی***».

«***یادداشت آقای سید محمد شیخ احمدی***».

«***یادداشت آقای محمد سراج الدینی درباره محمد امین کاردوخی***».

«***یادداشتهای استاد شرفکندی (هه‌ژار)***».

«***یادداشت استاد نافع مظهر***».

«***یادداشت خانواده‌ی ماجدی***».

«***یادداشتهای نویسنده***».

«***یادداشتهایی از تاریخ خطی اورامان***».

«***اظهارنامه‌ی جمعیِ علما و رجال سنندج***»، به تاریخ ۱۳۱۰ شمسی، در مورد سید محمد حکیم.

عربی

«*آثار الشیعه الامامیه*»،عبدالعزیز بن شیخ عبدالحسین بن عبدعلی بن شیخ محمد حسن نجفی (صاحب جواهر)، ۱۳۰۷هـ ش.

«*ألآداب العربیة فی القرن التاسع عشر و الربع الاول من القرن العشرین*»، لویس شیخو یسوعی، بیروت، ۱۹۲۴م. ۲ مجلد.

«*اتحاف ذوی العنایه ببعض ما لی من المشیخة والروای*» العربی بن المهدی العزوزی نزیل بغداد؛ ۱۳۰۸هـ ق. بیروت، مطبعة الإِنصاف، ۱۸۹۰م.

«*ألاصابه فی تمییز الصحابه*»، الحافظ احمد بن علی ابن حجر العسقلانی ؛ تحقیق ابراهیم ابن حسن الفیومی ؛ القاهره ؛ المطبعه الشرقیه، ۱۳۲۷هـ ق. ۵ مجلد.

«*ألاعلام زرکلی*» وهامشها (قاموس الاعلام)، استانبول، ۱۳۰۶– ۱۳۱۶هـ ق،۲۲ مجلد.

«*ألاکراد فی بهدینان*»، انور الماى. مطبعة الحصان. الموصل ۱۹۶۰م.

»*ألاغانی*»، ابوالفرج اصفهانی؛ بیروت، ۱۳۸۳هـ ق./۱۹۶۳م،

«*ألانوار القدسیه فی مناقب النقشبندیه*»، جمع و تصحیح: محمد بن ماضی الرخاوی، القاهره، مطبعه السعاده، ۱۳۴۴هـ ق.

«*ایضاح المکنون فی الذیل علی کشف الظنون عن اسامی الکتب والفنون*»، اسماعیل باشا بن محمد امین بن میر سلیم البابانی،اسلامبول، ۱۳۶۴هـ ق. ۲ مجلد.

«*بارقات السرور لأهل العبور فی لیلة الدیجور*»، شیخ محمد سمرانی.

«*بغیةُ الواجد فی مکتوبات مولانا خالد*»، محمد اسعد صاحب زاده خالدی، دمشق، ۱۳۴۴ هـق.

«*البیتوشی*»، شیخ محمد خال سلیمانیه ای، مطبعه المعارف، بغداد، ۱۳۷۷هـ ق،

«*تاریخ آداب اللغه العربیه*»، جرجی زیدان، بیروت، ۱۹۷۸م. ۴ مجلّد.

«*تاریخ السلیمانیة و انحائها*»، محمد امین زکی، ترجمة: جمیل احمد روزبیانی، بغداد، ۱۳۷۰هـ ق.

«*تاریخ بغداد*»، احمد بن علی ابوبکر خطیب البغدادی، قاهره ؛ ۱۹۳۱م. ۲۰ مجلد.

«*تاریخ مصر*»، علی جواهر کلام (تاریخ مختصر مصر و خاندان محمدعلی پاشا، علی جواهرکلام، طهران، شرکت

مطبوعات).

«*تاریخ منتظم ناصری*»، صنیع الدوله، محمد حسن خان، طهران ؛ مطبعه دنیای کتاب ۱۳۶۴ه ش.

«تالیفات عبدالله ماورانی»،ج ۱، ص ۲۲۶.

«*تحفة العباد فی حقوق الزوجین و الوالدین و الاولاد*»، شیخ محمد طاهر اربلی، ۱۹۳۴م، قاهره، مطبعه الحلبی، ۱۳۴۷ ه ش.

«*تحفة سامی*»، سام میرزا؛ چاپ رکن الدین همایونفرخ، طهران، ۱۳۴۵ هـ ش.

«*تراجم مشاهیر الشرق فی القرن التاسع عشر*»، جرجی زیدان، قاهره، ۱۹۲۲م.

«*تنبیه الاصدقاء*»، شیخ عبدالرحمن قره داغی، ۱۳۳۰ ه.ق(طبع ببغداد سنة ۱۳۳۱هـ)

«*جنة العاشقین*»، عیشی

«*خلاصة (تاریخ) الکرد و الکردستان*»؛ محمد امین زکی بگ ؛ ترجمه محمد علی عونی، ۱۹۳۶ م، قاهره، (محمد أمین زکی بک، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان من أقدم العصور التاریخیة حتی الآن،، ترجمة محمد علی عونی،)

«*خلاصه الاثر فی اعیان القرن الحادی عشر*»، تقی الدین داود المحبی ؛ ۱۸۶۸م ؛ مصر ؛

«*خیرات حسان*»؛ محمدحسن خان اعتمادالسلطنه ؛ چاپ سنگی ؛ ۱۳۰۴ ق

«*دائره المعارف*»، *فرید وجدی*، ۱۰ *جلد*

«*دیوان زهاوی*»، ۱۳۴۳ ه.ق مصر (جمیل صدقی زهاوی، دیوان، مصر ۱۹۲۴/۱۳۴۳؛)

«*روح المعانی*»، محمود آلوسی, بیروت, داراحیاء التراث العربی،۳۰ مجلد.

«*روض البشر فی اعیان دمشق فی القرن الثالث عشر*»، الشیخ محمد جمیل الشطی، دمشق، دار الیقضة العربیة؛ ۱۹۴۶ م.

«*الزهاوی*»، (دراسات و نصوص) ؛ جمع: عبد الحمید الرشودی، بیروت، ۱۹۶۶م.

«*السادات البرزنجیّة*»، عراق ۱۳۷۵ه ق.

«*سراج الطالبین*»، ملا علی افندی، کرکوک، ۱۳۳۲ه ق.

«*سراج القلوب*»، ملاابوبکر مصنف.

«*سل الحسام الهندی فی نصره مولانا خالد النقشبندی*»، عالم الکتب، بیروت.

«*شعب المقال فی احوال الرجال*»، حاج میرزا ابوالقاسم نراقی، یزد، ۱۳۶۷ه ق.

«*الشقایق النعمانیه فی علماء الدوله العثمانیه*»، أحمد بن مصطفی طاش کبری زاده.

«*شیخ معروف النودهی البرزنجی*»، محمد خال، بغداد،؛ دار مطبعه التمدن.

«*طبقات الشافعیه الکبری*»، تاج الدین سبکی، عبدالفتاح محمد حلو و محمود محمد طناحی، قاهره، ۱۳۸۵ه ق./۱۹۶۶ م. ۱۰ مجلد.

«*طبقات الکبری*» (لواقح الانوار فی طبقات الساده الاخیار)، شیخ عبدالوهاب بن احمد شعرانی، قاهره، ۱۳۱۵ ه ق.

«*طبقات*»، ابواسحق شیرازی، بغداد. ۲ مجلد.

«*طبقات*»،ملاابوبکر مصنف، بغداد ؛۱۳۶۵ هـ ق. ۲ مجلد.

«*عجائب الآثار فی التراجم و الاخبار*»، عبدالرحمن بن حسن الجبرتی؛ دارالکتب المصریه، ۱۹۹۸ م. ۴ مجلد.

«*عصور الادب العربی*، کاظمی.

«*عقد الجوهری*»، ۱۳۷۹هـ ق.

«*العقد الجوهری، فی شرح دیوان الشیخ الجزری*»، تألیف احمد بن الملا محمد الزفنگی، الطبعة الثانیة، ۱۴۰۷ هـ ق.

«*العقد المنظوم فی ذکر افاضل الروم*» (طبعة غیر محققة بذیل الشقائق النعمانیة)، علی بن بالی بن محمد، مصر، المکتبه الازهریه.

«*العقیده المرضیه*»، ملاعبدالرحیم مولوی، محی الدین صبری النعیمی، قاهره، ۱۳۵۲هـ ق.

«*عقیده مرضیه*» ؛ سید عبدالرحیم مولوی ؛ شرح و تفسیر عبدالکریم محمد المدرس ، فاتح عبدالکریم، بغداد، مطبعه الجلود ۱۴۰۷هـ ق. — ۱۹۸۸م.

«*علماؤنا فی خدمة العلم و الدین*» ؛ عبدالکریم محمد المدرس؛ عنی بنشره، محمد علی القرداغی؛ بغداددارالحریه للطباعه، ۱۴۰۳ هـ ق.

«*غایة المرام فی علم الکلام*»، سیف الدین آمدی.

«*غرائب الاغتراب و نزهه الالباب* »، الشهاب محمود الآلوسی، بغداد، ۱۳۲۷هـ ق.

«*الوسیلة فی شرح الفضیلة*» للعلامه السید عبدالرحیم الکردی الملقب بالمولوی، الشیخ عبدالکریم محمد المدرس، بغداد؛ مطبعه الارشاد، ۱۳۹۲هـ ق.

«*فهرس مخطوطات دارالکتب الظاهریه*»، دکتر عزت حسن، دمشق، ۱۳۸۴هـ ق.

«*الفیض الوارد علی روضه مولانا خالد*»، الشهاب محمود الآلوسی، المطبعة الکتلیه؛ ۱۲۷۸هـ ق.

«*الکامل فی التاریخ*»، ابن اثیر، مصر، ۱۳۰۱هـ ق.

«*کشف الظنون*»، عن اسامی الکتب و الفنون، حاجی خلیفه، افست طهران، ۱۳۸۷هـ ق.

«*مجمع الفصحاء*»، رضا قلی هدایت؛ طهران.

«*محمد کرد علی، حیاته و عصره*»، دمشق، ۱۹۵۵م.

«*مرآت البلدان، ناصری*»، محمد حسن خان اعتماد السلطنه، طهران، ۱۳۶۷هـ ق.

«*مشاهیر الالویة العراقیة*»، السید عبد المجید فهمی، بغداد، ۱۹۴۶ م.

«*مشاهیر الکرد*»، امین زکی بیگ، (محمد أمین زکی، *مشاهیر الکرد وکردستان*، نقلته إلی العربیة الآنسة کریمته، راجعه ونقحه وأضاف إلیه الأستاذ محمد علی عونی. مطبعة السعادة، مصر، ۱۹۴۷م.).

«*معجم اعلام الشرق و الغرب*»، ۲ مجلد، (*معجم لاعلام الشرق و الغرب*) فردینان توتل المسیحی؛ (*المنجد فی الأدب*

والعلوم : معجم لأعلام الشرق والغرب / فردينان توتل)، بيروت، المطبعه الكاتوليكيه، ۱۹۵۶م.

«*معجم الادباء*»، (*معجم الادباء ارشاد الاريب الى معرفه الاديب*)، ياقوت حموى؛ محقق: احسان عباس؛ دارالغرب الاسلامى؛ بيروت؛ ۱۹۹۳م. ۷ جزء.

«*معجم المولفين*»، عمر رضا كحاله، بيروت، ۱۳۷۶ هـ ق./ ۱۹۵۷ م.

«*معدن النور*»، شيخ محمد سمرانى.

«*مفتى زهاوى*»، شيخ محمد خال،بغداد ۱۳۷۳ هـ ق.

«*مقدمه المنحه الوهبيه شرح رساله الاراده الجزئيه مولانا خالد شهرزورى*»، ملا عبدالله بيتوانى اربلى، ۱۳۴۷ هـ ق.

«*مقدمه تخميس برده*»، شيخ معروف النودهى، بغداد.

«*مقدمه تقريب المرام*»، شيخ عبدالقادر مهاجر، قاهره، ۱۳۰۳هـ ق. (*تقريب المرام فى شرح تهذيب الكلام*؛ المؤلف: عبدالقادر السنندجى الكردستانى، حاشيه:محمد وسيم الكردستانى، طبعه المطبعه الاميريه، مصر، سنه ۱۹۰۱م./ ۱۳۱۸هـ ق.).

«*وفيات الاعيان*»، ابن خلكان، مصر، مع هامشه، طبعه المطبعه الميمنيه، مصر، ۱۳۱۰هـ ق. ۸ مجلد.

«*هديةُ العارفين*»، بغدادى، اسماعيل باشا، بيروت، دارالكتب العلميه، ۱۴۱۳هـ ق.

«*هديةُ العارفين اسماء المؤلفين و اثار المصنفين*»، اسماعيل باشا البغدادى، طبعه استانبول، ۱۹۵۵م. ۲ مجلد.

«*مقدمه و حاشيه قزلجى بر گلنبوى برهان*»، مصر.